ئێرانی سەردەمی ساسانییەکان

پرۆفسۆر ئارتوور کریستێنسێن

وەرگێڕ: سەلاحەددین ئاشتی

بنکەی ژین

سلێمانی ٢٠٠٦

سەرپەرشتی لەچاپدراوەکانی بنکە: سدیق سالّح

زنجیرە: ٣١

کتێب: ئێرانی سەردەمی ساسانییەکان

نووسەر: ئارتوور کریستێنسێن

وەرگێڕی لە فارسییەوە: سەلاحەدین ئاشتی

تایپ و مۆنتاج: مرکز هنرهای تجسمی کلبەی گرافیك (عەلی سەمیعی)، مەهاباد

بەرگسازی: قادر میرخان

خەتی بەرگ: ئەحمەد سەعید

تیراژ: ١٠٠٠

شوێنی چاپ: سلێمانی، چاپخانەی شڤان

ژمارەی سپاردن: ٢٢٨ی سالّی ٢٠٠٦

ئەم کتێبە لەم سەرچاوەیەوە وەرگێڕدراوە:
ارتور کریستنسن، ایران در زمان ساسانیان، ترجمەی رشید یاسمی، ویراستار: دکتر حسن رضایی باغبیدی، صدای معاصر- تهران، ١٣٧٨.

لە بلاّوکراوەکانی

بنکەی ژین

بۆ بووژاندنەوەی کەلەپووری بەلگەنامەیی و پۆژنامەوانیی کوردی

هەرێمی کوردستانی عیراق- سلێمانی، گەڕەکی ١٠٤ ئاشتی ، کۆلانی٣٩، خانووی ژمارە ١٠،

(بەرامبەر بە قوتابخانەی سەرەتایی ئەردەلان)

تەلەفۆن: ٣١٣٣١٠٥ مۆبایل: ٠٧٧٠١٤٨٤٦٣٣ یان ٠٧٧٠١٥٦٥٨٦٤ ژمارەی سنووقی پۆست: ١٤

E.mail: bnkaizhin@ yahoo.com

پێرست

سەرەتای چاپی یەکەم ۱

سەرەتای چاپی دووەم ۷

کورتەنیشانەکان ۹

بەرایی (۱) :

کورتەباسێک سەبارەت بە شارستانییەتی ئێرانی... ..... ۱۹

۱- پێکهاتەی کۆمەڵایەتی و **سیاسی** دەوڵەتی ئەشکانی ۱۹

۲- هۆزەکانی باکووری ڕۆژهەڵات ۳۱

۳- بیر و باوەڕی ئایینی ۳٤

٤- زمانەکانی ڕەمەکی و زمانەکانی ئەدەبی ٤۹

بەرایی (۲) :

سەرچاوەکانی مێژووی سیاسی و مەدەنی ساسانییەکان ٦۷

۱- سەرچاوە ئێرانییەکانی هاوچەرخی ساسانی... ..... ٦۷

۲- کۆمەڵێک دەق و سەرچاوەی ساسانی... ..... ۷٦

۳- سەرچاوەکانی یۆنانی و لاتینی ۹۰

٤- سەرچاوەکانی ئەرمەنی ۹۳

٥- سەرچاوەکانی سۆریانی ۹٥

٦- سەرچاوەکانی چینی ۹۸

بەشی (۱) :

دامەزرانی زنجیرەی فەرمانڕەوایانی ساسانی ۱۱۱

بەشی (۲) :

پێکهاتە و دامودەزگای دەوڵەتی شاهەنشاهی ۱۲۹

بەشی (۳) :

ئایینی زەردەشتی وەک دینی باوی نیشتمان ۱۸۳

بەشی (٤) :

مانی و ئایینی مانی ۲۳۹

بەشی (٥) :

دەوڵەتی پادشایەتی ڕۆژهەڵات و ۲۷۱

بەشی (٦) :
مەسیحییەکانی ئێران ٣٣١
بەشی (٧) :
ڕاپەڕینی مەزدەکییەکان ٤٠١
بەشی (٨) :
خوسرەو ئەنووشەڕەوان ٤٦١
بەشی (٩) :
ئاخرین مەزنەپادشایەتی ٥٥١
بەشی (١٠) :
ڕووخان و نەمانی دەوڵەتی ساسانی ٦١٧
کۆتایی ٦٣٣
پاشکۆی یەکەم ٦٤١
پاشکۆی دووەم ٦٤٥
لیزگەی ناوی کەسان، ئیزەدان، هۆزان و خانەدانان ٦٥٩
لیزگەی ناوی شوێنەکان ٦٨١
لیزگەی سەرچاوەکان بە گوێرەی دەقی فارسی ٦٨٩

پێرستی وێنەکان

١ – سکەکانی ئەردەشێری یەکەم ١١٥
٢ – نەخشی ڕۆستەم: ئۆهرمەزد پلەی پادشایەتی دەبەخشێتە ئەردەشێر ١١٨
٣ – کۆشکی فیرووزئاباد ١٢٠
٤ - کابەی زەردەشت کە لەسەر سکەی پادشایانی پارس شەقڵ کراوە ٢٠٢
٥ - ئاگردان لەسەر پشتی یەکێک لە سکەکانی ئەردەشێری یەکەم ٢٠٢
٦- چەند جۆر ئاگردانێک کە لە پشتی سکەی شاپووری یەکەم و... ..... ٢٠٥
٧ - ئاورگای شاری شاپوور ٢١١
٨ - دەفری کلیموا ٢١٨
٩ - نموونەیەک لە وێنەگەری مانەوییەکان لە خۆچۆ ٢٥٥
١٠ - مینیاتۆری مانەوی ٢٥٦
١١ - شەقڵەبەردی چاخی ساسانی لە نەخشی ڕۆستەم ٢٧٢
١٢ - قەڵایەکی گەمارۆدراو کە لەسەر سینییەکی زێو شەقڵ کراوە ٢٧٨
١٣ - سکەی شاپووری یەکەم ٢٨٤
١٤ - دیمەنی سەرکەوتنی شاپووری یەکەم بە سەر والریانووسدا ٢٨٦
١٥ - دیمەنی سەرکەوتنی شاپووری یەکەم لە فارس ٢٨٩
١٦ - سکەی وەهرامی یەکەم ٢٩٠
١٧ - ئۆهرمەزد، پلەی پادشایەتی دەبەخشێتە وەهرامی یەکەم ٢٩٠
١٨ - سکەی وەهرامی دووەم ٢٩٢
١٩ - دیمەنی سەرکەوتنی وەهرامی دووەم لە شاپووری فارس ٢٩٣
٢٠ - تێکهەڵچوونی دوو سوار ٢٩٥
٢١ - سکەی نەرسە ٢٩٥
٢٢ - تاج لە سەرنانی نەرسە لە نەخشی ڕۆستەم ٢٩٦
٢٣ - سکەی هۆرمزدی دووەم ٢٩٨
٢٤ - سکەی شاپووری دووەم ٢٩٩
٢٥ - شاپووری دووەم لە کاتی ڕاوەشێردا، کەشەفی زێو ٣١٥
٢٦ - سکەی وەهرامی چوارەم ٣١٧

٢٧ - تاق وستان ٣١٧
٢٨ - ڕێوڕەسمی تاج لە سەرنانی ئەردەشێری دووەم لە تاقوستان ٣١٨
٢٩ - شاپووری دووەم و شاپووری سێیەم لە تاقوستان ٣١٨
٣٠ - سکەی یەزدگردی یەکەم ٣٤٣
٣١ - سکەی وەهرامی پێنجەم ٣٥٠
٣٢ - کۆشکی سەروستان ٣٥٢
٣٣ - سکەی یەزدگردی دووەم ٣٥٣
٣٤ - ویەدین شاپوور، ئێران ئەنبارەگبەد ٣٦١
٣٥ - سکەی پیرووز ٣٦٣
٣٦ - سکەی کوادی یەکەم ٤٢٣
٣٧ - نەخشەی شاری سلووکیە و تیسفوون و دەوروبەریان ٤٨٠
٣٨ - کوتولەتی نەخش و نیگارەکانی تیسفوون ٤٨٥
٣٩ - تاقی کیسرا، لە سالّی ١٨٨٨ی زایینیدا ٤٨٧
٤٠ - وێنەی خوسرەوی یەکەم لەسەر دەفرێک ٤٩٥
٤١ - سکەی خوسرەوی یەکەم ٤٩٥
٤٢ - سکەی خوسرەوی دووەم ٥٥٧
٤٣ - سکەی وێستەهم ٥٥٨
٤٤ - ئەشکەوتی خوسرەوی دووەم لە تاقوستان ٥٦١
٤٥ - دوو وێنەی خوسرەوی دووەم لە تاقوستان ٥٧٠
٤٦ - ڕاوی بزنەکێوی خوسرەوی دووەم لە تاقوستان ٥٧٩
٤٧ - ڕاوەبەرازی خوسرەوی دووەم لە تاقوەستان ٥٨١
٤٨ - خوسرەوی دووەم لە ڕاو (جامی زێو) ٥٨٩
٤٩ - جامی زێوین ٥٩٠
٥٠ - تونگەی زێوین ٥٩٢
٥١ - بلوێرژەن (جامی زێوین) ٥٩٣
٥٢ - سکەی یەزدگردی سێیەم ٦٢١

سپاس بۆ :

- ✓ مامۆستایان ڕەفیق سالّح و سدیق سالّح لە بنکەی ژین کە ڕایانسپاردم بۆ وەرگێڕانی ئەم بەرهەمە.
- ✓ بەڕێز مامۆستا سەید ئەحمەد سەعدەیی کە دەقە فارسییەکەی باربوو کردم و هانی دام بۆ وەرگێڕانی ئەم کتێبە.
- ✓ ڕێزدار دوکتور حەسەن ڕەزایی‌باغ‌بیدی کە زۆر بەوردی بە دەقە فارسییەکەدا چۆتەوە و هەڵەوپەڵەی وەک خیزوخۆڵی حەوتهەشت جار چاپ کرانەوەی لە ڕووی سڕیوەتەوە. ئەم وەرگێڕانە بەپێی دەقی چاپکراوی ساڵی ١٣٧٨ی هەتاوی ئەنجام دراوە.
- ✓ مامۆستای هێژا کاک عەلی مەیمەندی کە زەحمەتی خوێندنەوە و شێوە نووسینەوەی بەشێک لە ناوە غەوارەکانی خستە سەر شانی و شارەزایانە ڕێنموونی کردم.
- ✓ شاعیری تەڕدەست کاک سەعید نەججاری «ئاسۆ» کە تێکڕای شێعرەکانی ئەم بەرهەمەی بە کری خۆمالّی تەنییەوە.
- ✓ بەڕێز کاک یۆسف یۆسفنەژاد، نووسەری فەرهەنگی بەنرخ و بەداخەوە چاپنەکراوی «شیلان»، کە ناوی زۆربەی گوڵ و گیا و دار و دەوەنەکانی بۆ دۆزیمەوە و سەری پێوەئێشاندم.
- ✓ ڕێزدار کاک سولەیمان خوسرەوی کە کتێبی «بررسیهای تاریخی» نایە بەردەستمان و بۆ جێگۆڕکەی چەندێک لە وێنەکان کەلکمان لێوەرگرت.
- ✓ بەڕێز کاک خالید محەممەدئەمینی، کە وێنەکەی «دەروازەی تەختی سلێمان» ئەو هەڵیگرتۆتەوە و لەبری وێنەیەکی تێکچووی بێژمارە دامانناوە.
- ✓ کارمەندانی بەڕێزی «مرکز هنرهای تجسمی کلبەی گرافیک» کە ئەرکی پیتچنین و ڕازاندنەوەی ئەم بەرهەمەیان کەوتە ئەستۆ.

سەرەتای چاپی یەکەم

نیزیکەی سی ساڵ بە سەر بڵاوبوونەوەی کتێبێکم بە ناوی «پاشایەتی‌ساسانییەکان»دا تێپەڕ دەبێ. لەم ماوەیەدا گەلێک بەڵگە و کەرەسەی نوێ وەدەس کەوتوون کە نە تەنیا بۆ توێژینەوە و وردەکاری زیاتر سەبارەت بە باس‌وخواسی تایبەت بە مێژووی شارستانییەت و ڕوون بوونەوەی چۆنیەتی حاڵوباڵی خەڵک و دەوڵەت و دەرباری ساسانی بەکەلکن، بەڵکوو لە بوارەکانی دیکەش‌دا وەک سنعات و دینداری ئەوان سەردەمان، کۆمەڵێک بابەتی گرانبایی دەخەنە بەردەس. بۆیە لێبڕام لەبری چاپی دووبارەی ئەو کتێبە کە بەناچار دەبووایە تەواو پێداچوونەوەی لەسەر کرابا، خۆم دایە خوێندنەوەی هەمەلایەنەی مێژووی شارستانییەتی ساسانی تا ئەوەندەی بووز دەخوا و لەگەڵ ڕیزبەندی قۆناخەکانی دیرۆکی یەکتر دەخوێنێتەوە، بیخەمەڕوو. ئاخرییەکەی ئەم گەڵاڵەیە بوو بە هۆی نووسینی مێژووی گشتیی ئێرانی سەردەمی ساسانی کە سەربوردەی سیاسی ئەو سەردەمە لێی بۆتە چوارچێوەیەک و بواری بژیوی ژیان و بەستێنی هەستی دەروون، بارودۆخ و هەڵومەرجی کۆمەڵایەتی، بیروڕای ئایینی و بۆچوونی فەلسەفی، ئاستی دەسکرد و سنعات و گەلێک لایەنی دیکەی تێدا خراونە بەرچاو.

بێگومان چۆنیەتی ڕێکخستنی دامودەزگای بەڕێوەبەرایەتی میری وێڕای بەسەرهاتی دامەزرانی ئەم فەرمانڕەوایەتییە باسی کراوە و گێڕانەوەی ئەو

ئاڵوگۆڕانەی کە لەم بەشەدا و لە ماوەی سەردەمی ساسانیدا ڕوویان داوە، بە ڕیز کەوتوونە شوێنی مێژوویی خۆیان. لە لایەکی ترەوە بۆ وەی کتێبەکەم پتر گیانی وەبەربێ و ڕوونتر بێتەڕوو، تەواوی مەبەست و زانیارییەکانی سەبارەت بە بوار و باسی شارستانی و کۆمەڵایەتیم لە بەشێکدا هێناوە هەتا بۆ لێکدانەوە و خستنەڕووی ڕووداوەکانی سیاسی لەگەڵ بارودۆخی گشتیی بابەتی ئەو بەشە خێڕی پێوەبێ. بەم شێوەیە داروپەردووی ڕێکخستنی سپا و قۆشەنی قۆناخی یەکەمی سەردەمی ساسانی لە بەشی پێنجەمدا و بەر لە گێڕانەوەی شەڕەکانی ئێران و ڕۆم باسی کراوە و زانیارییەکانی سەبارەت بە دادگاکان و سزای تاوانەکان لە بەشی شەشەمدا وێڕای گێڕانەوەی سەربوردەی ئازار و ئێشاندن و پەیکەردەی عیسایییەکان خراوەتە ڕوو. چەند لێکۆڵینەوەیەک سەبارەت بە پرسی بنەماڵە و مافی خاوەنێتی دەکەوێتە سەرەتای بەشی حەوتەم کە کاکڵی مەبەستەکەی باسی «ئاژاوەنانەوەی کۆمۆنیستی مەزدەک»ە. کورتەباسێکم سەبارەت بە پایتەختی ئێرانی ئەو سەردەمە خستۆتە بەشی هەشت، کە تایبەتە بە پاشایەتی خوسرەوی یەکەم؛ چونکە لە دەورانی فەرمانڕەوایەتی ئەم پادشایەدا کە بەردی بناغەی «ئەنتاکیە»ی تازەی شانبەشانی «تیسفوون» و «سلووکیە» دانا، پایتەختی ئێران پەرەی سەند و گەیشتە چڵەپۆپەی درەوشانەوەی خۆی. هەر لەم بەشەدا کۆمەڵێکمان زانیاری سەبارەت بە ڕێوڕەسمی تایبەتی بارگای پاشایەتی خستۆتە بەر دەس، چونکە زۆربەی ئەوەی مێژوونووسانی ئێرانی و عەرەب سەبارەت بەم بابەتە هێناویانە، دەربارەی بنەبانی دەسەڵاتی چاخی ساسانییە کە بە چوونە سەر تەختی حوکم و پاشایەتی خوسرەوی یەکەم پاش سەرکوتی جووڵانەوەی مەزدەک دەس پێدەکا. بەڵام هەرچی سەبارەتە بە شان و شکۆی بارگا، لە بەشێکا هاتووە کە تایبەتە بە خوسرەوی دووەم ناسراو بە پەرۆیز؛ چونکە هیچکام لە فەرمانڕەوایانی ساسانی لە تازەگەری و ڕازاندنەوە و شکۆ و جوانکاری دیمەنی کۆشکاندا شانیان لە شانی ئەم پادشایە نەداوە.

سەبارەت بە سیاسەتی دەرەوەی ئێران لە کورتیم بڕیوەتەوە و گێڕانەوەی ڕووداوی شەڕەکانم بۆ ئاستی پێویست دابەزاندووە. بەڵام چیرۆکی شەڕی شاپووری دووەمم لەگەڵ ڕۆمییەکان لەم ڕێسایە هەڵواردووە،

چونکە ئێمە لە بەرهەمەکانی «ئامیانووس مارسێلینووس» (Ammianus Marcelinus [Ammien Marcellin])دا گێڕانەوەی بێوێنەی پیاوێکمان بە دەستەوەیە کە خۆی ڕووداوەکانی دیتووە و مامۆستایانە و شارەزایانە، شای مەزن و لەشکرەکانی و دیمەنی جموجۆڵ و وروژانی شەڕگە و شەڕەکانیمان لەبەر چاوان زیندوو دەکاتەوە.

لە پێچ و گەوی ئەم کتێبەدا خوێنەران جاری وایە تووشی برگە و بابەتێک دەبن کە ئی کتێبەکەی پێشوومە بە ناوی «پادشایەتی ساسانییەکان» و کەڕەتی وایە دەقاودەق هاتووە یان ئەگەر پێویست بووبێ شتێکی خراوەتە سەر و هەڵەکان ڕاست کراونەوە. لەو شوێنانەدا کە بیر و بڕوای مێژوونووسێکی بەرچاوی بە خۆوە بینیوە، لە دەق یان پەڕاوێزدا ڕوون کردنەوەم بە دەستەوە داوە. لێرەدا بەتایبەت سەرنجتان ڕادەکێشمە سەر ئەو گۆڕانەی کە لە بیر و بۆچوونمدا سەبارەت بە پەیوەندی نێوان مەرزبانان (سنووروانان) و پادگووسبانان و ئەسپەهبەدان پاش بڵاوبوونەوەی وتاری ئاغای «ئێشتاین»(E. Stein) ڕووی داوە و لە پاشکۆی دووەمی ئەم کتێبەدا باسی لێوەدەکرێ. بەڵام دەبێ دانیپێدابێنم کە ئەم پرسانە هێشتاش لە ئاستی پێویستا ڕوون نەکراونەوە. ئەو بابەتەی کە سەبارەت بە فەرمانڕەوایەتی کواد (قوباد)ی یەکەم و مەزدەکییان نووسیومە، سەرلەنوێ نووسینەوەی بەشی دووەمی نامیلکەیەکە کە پێشتر بە ناوی «فەرمانڕەوایەتی کوادی یەکەم و کۆمۆنیزمی مەزدەکی» بەجیا بڵاوم کردۆتەوە. هەڵبەت گەلێک خاڵی پێویستی بەشی یەکەمی ئەو نامیلکەیەم خستۆتە سەر.

لێرەدا بە پێویستی دەزانم ئەو مەبەستە ڕوون بکەمەوە کە دەسخەتی ئەم نووسراوەیە سێ ساڵ لێرەوبەر ئامادەی چاپ بوو، بەڵام بڵاوبوونەوەی بە چەند هۆیەک وەدوا کەوت کە وەبااڵی بە ئەستۆی منەوە نەبوو. لە درێژەی ئەم بار و هەوایەدا ناچار بووم چەند جارێک بە بەشی چوارەمدا بچمەوە کە سەبارەتە بە «مانەوی»یە و دەستی تێوەردەم؛ چونکە لەو ماوەیەدا چەند بەرهەمی گرینگ و جێباوەڕی سەبارەت بەم بابەتە بڵاوبوونەوە و جگە لەمەش ئەو دەقە «مانەوی»یانەی بەم دواییانە بە زمانی قیبتی وەدەس هاتوون و هێشتا کوتێکی نەبێ، ئەوی دی نەکەوتوونە بەردەستی خەڵک بەگشتیی،

مزگێنی دەرکەوتنی ئاسۆیەکی ڕوونمان دەخاتە بەرچاو کە لە داهاتوودا زانیاری بەربڵاوتر سەبارەت بەم بزووتنەوە ئایینییە وەچنگ بێنین.

بۆ ئەوەی ئەم کتێبە زۆر لەبەرچاوی ئەو مێژوونووسانە نەکەوێ کە ڕۆژهەڵاتناس نین، خۆم لە بەکار هێنانی ئەلفوبێی فۆنێتیک پاراستووە و بۆ دەربڕینی دەنگی پیتە تێکەڵەکان ئەوانەم نووسیوە کە باوترن، وەکو: bh, dh, gh, th, kh, zh, sh, dj, tch.

لەم کتێبەدا پیتی دەنگدار تەنیا لە چەند وشە و ناوی ئەڤێستاییدا دێن کە لەم بابەتەوە شێوازی کۆنی شارەزایانم پەیڕەو کردووە. ڕێنووسی وشە و ناوە پەهلەوییەکانم بە پیتی لاتین هێندێک ساکارتر کردۆتەوە و هەتا ئەو جێیەی کراوە شێوازی دەربڕینی باوی کلکەی دەسەڵاتی سەردەمی ساسانییانم بە سەرچاوە داناوە. بەڵام سەبارەت بە ناوە پەهلەوییەکەی خوای مەزنی زەردەشتییەکان، پتر بە دابی زۆربەی مێژوونووسان «ئۆهرمەزد»م (Ohrmazd) نووسیوە، کە نیوەزانایانە و نیوەڕەمەکییانە و گۆیا لەبزی دەربڕینی لەسەر زار و زمانی خەڵک بەگشتیی «هۆرمیزد» (Hormizd) بووە و هەر ئاواش بۆ ناوی تایبەتی کەسان دەکار کراوە. لەبەروەی کە فۆنێتیکی زمانەکانی ئێرانیی نێوەڕاست لە دەورانی چوارسەد ساڵەی فەرمانڕەوایەتی ساسانییان‌دا تووشی ئاڵوگۆڕ و سوان و پوانی زۆر بووە، بێگومان نووسینەوەیان بە ڕێنووسی لاتین لانیکەم لە هەڵە و کەموکووری ڕوالەتیی بە دوور نابێ. [هەڵبەت بۆ خۆ پاراستن لەو گرفتانەی باسی کردوون، پتر ڕێنووسی کوردیم هێناوەتە بەر کار. وەرگێڕ].

بۆ نووسینەوە و هێنانی ناوی فارسی و عەرەبی لە ڕێنووسی عەرەبی‌ڕا بۆ ڕێنووسی لاتین پیتی نوقتەدارم دەکار کردووە، بەڵام خوێنەر دەتوانێ بێ وەبەرچاو گرتنی ئەو نیشانانە بیانخوێنێتەوە.

ناوە جوغرافیاییەکانم هەر بە شێوەی باوی فەرانسەوی نووسیوە.

سەبارەت بە هێنان و ڕاگواستن و گێڕانەوەی بابەتی نووسەرانی ڕۆژهەڵاتی، هەرکات وەرگێڕاوێکی باشم بە زمانی فەرانسە لێ وەدەس کەوتوون، پەیڕەویم لێکردوون، مەگین جارناجارێک کە بۆ هێندێک دەستەواژە وەرگێڕدراوێکی دروستترم بە پێویست زانیبێ. پاش ڕاگواستنی هێندێک بابەتی نامەی «تەنسەر»

بە قەڵەمی «دارمێستێتێر» (Darmesteter) جاری وایە دەستم تێوەرداون و ئەوەش دەگەڕێتەوە سەر پێکگرتنی وەرگێڕدراوەکەی دارمێستێتێر لەگەڵ دەقی چاپی نوێ کە «مینەوی» بڵاوی کردۆتەوە.

دەربارەی شوێنەوارەکانی سەبارەت بە پیشەسازی، خۆم لە هێنانی ناوی تێکڕای ئەو سەرچاوانە پاراستووە کە دەکرێ سەرانسوێیان بکرێ. کتێبی هەرزانبایی و خشپیلانەی ئاغای «زارە» (Sarre) بە ناوی «سنعاتەکانی ئێرانی کۆن» (Die Kunst des alten persien) کە پڕە لە وێنەی جوانی گرینگترین شوێنەوارەکانی ئێرانی کەونارا، هەموو زانیارییەکی پێویستی تێدا وەچنگ دەکەوێ.

سپاسی ڕێزدار «ژی. ئوستروپ» (J. Østrup) دەکەم کە لە خوێندنەوەی هێندێک دەقی عەرەبی‌دا گەلێک یارمەتی بەنرخی دام و هەروەها سپاسمەندی «ئەکینیان» نوێژکەری دەیری باوکانی «مێکیتاریست»ی (Méchitariste) «ڤییەن» و کتێبداری کتێبخانەی مێکیتاریستانم کە چەند یادداشتێکیان سەبارەت بە کتێب و مێژوونووسانی ئەرمەنی بۆ ناردووم.

هەروەها سپاسی بەڕێز «ف. زارە» دەکەم کە ئیزنی دا هێندێک لە وێنەکانی کتێبەکەی ڕاگوێزمە نێو بەرهەمەکەی خۆم. لە کۆتایی‌دا پێویستە سپاس و پێزانینم سەبارەت بە ئەوقافی «ڕاسک - ئورستێد» (Rask - Ørsted) کە دامەزراوەیەکی حکوومیی دانمارکییە دەربڕم چونکە دەستی گرتووم و ڕێی بۆ چاپی ئەم کتێبە خۆش کردووە.

ئارتوور کریستێنسێن

سەرەتای چاپی دووەم

لەبەرەی کە چاپی یەکەمی کتێبی «ئێرانی سەردەمی ساسانییەکان» چەند ساڵێکە وەدەس ناکەوێ، چاپ کردنەوەییم بەو جۆرەی کە ئێستا دەکەوێتە بەرچاوی خوێنەران ئامادە کرد.

لەم چاپە نوێیەدا دۆزینەوەی ئاسەواری تازەی سەر بە سەردەمی ساسانی کە گرینگترینیان بریتین لە: بەردەنووسی کابەی زەردەشت و هەرەسەکانی شاری شاپوور و بەردەنووسی شاپووری یەکەم لەوێ و هەروەها ئەو کتێبانەی کە لە ساڵی ١٩٣٦ڕا تا ئێستا سەبارەت بە باس و بابەتی هەمەچەشنی شارستانییەتی ساسانییەکان بڵاو بوونەوە، وەبەرچاو گیراون.

هەروەها کەلکی شایانم وەرگرت لەو ڕەخنانەی کە لەسەر کتێبەکەم نووسران، بەتایبەت وتارەکانی ڕێزداران بێیلی (Baily) لە «بڵاڤۆکی قوتابخانەی زمانەکانی ڕۆژهەڵاتی»دا و مینۆرسکی (Minorsky) لە «گۆڤاری ئەنجومەنی پادشایەتی ئاسیایی» ساڵی ١٩٣٩دا لاپەڕە ١٠٥ - ١٠٨ و ئێشتاین (E. Stein) لە بەرگی ٥٣ی «موزیۆن»ی (Muséon) ساڵی ١٩٤٠ کە لە وەختی خوێندنەوەی نموونەکانی چاپخانە لە دێسامبری ١٩٣٤دا گەیوەتە دەستم.

ماوەیەکی کەم پاش چاپی یەکەمی « ئێرانی سەردەمی ساسانییەکان» کتێبی ڕێزدار نیبێرگ (Nyberg) سەبارەت بە دینەکانی ئێرانی کۆن بە زمانی سۆئێدی بڵاو بۆوە و هێندێک دواتر بەڕێز شئایدێر (H. H. Schaeder) وەریگێڕایە سەر زمانی ئاڵمانی و چاپ و بڵاوی کردەوە. ئەگەرچی لە سەر هێندێک خاڵ و بابەتی ئەم بەرهەمە گەلێک باسوخواس هاتۆتە ئاراوە، بەڵام ئەم کتێبە هەڵگری بیر و بۆچوونی تازە و کەمویێنەیە و چەند ڕەوگە و ڕێبازی نوێ بۆ لێکۆڵینەوە و ورد بوونەوە دەربارەی ئایینە لەمێژینەکان دەخاتە بەردەم.

من بەگوێرەی بیرۆڕای ئاغای نیبێرگ لە بابەت بنەماکانی ئایینی زەردەشتی بە کورتەبۆچوونەکانی خۆمدا چوومەوە و دەستم تێبردوون و ڕاستم کردوونەوە کە دەکەوێتە بەندی سێیەمی یەکەم بەرایی ئەم کتێبە.

ئەو یادداشت و بابەتانەی کە خراونە سەر چاپی یەکەم و زیاد کراون، کەوتوونە جێی خۆیان. بەم جۆرە ئێستا کتێبەکەم بە هێندێک ئاڵوگۆڕ و لێزیاد کردنێکی زۆرەوە سەرلەنوێ بڵاو دەبێتەوە.

لە کۆتاییدا بە دڵ سپاسی ئەوقافی کارلسبێرگ (Carlsberg) دەکەم کە بە یارمەتی و باربووی خۆی هەلی بۆ ئەم چاپە ڕەخساند.

ئارتوور کریستێنسێن

کورتەنیشانەکان

بەگشتی بڕوانە بەرایی (٢)ی ئەم بەرهەمە کە باسی سەرچاوە گرینکەکانی تێدا کراوە. لە بابەت ژێدەرەکانی سەبارەت بە ئایینی مانەوی چاو بە بەشی چوارەمدا بگێڕن.

١ - ئەکینیان = نێرسێس ئەکینیان، ئێلیزئۆس و مێژووەکەی بە ناوی شەڕی ئەرمەنستان (بە زمانی ئەرمەنی و کورتەی وەرگێڕدراوی بە ئاڵمانی)، ٢ ب.

P. Nerses Akinian, Elisäus Vardapet und seine Geschichte des armenischen krieges, I - II, Wien 1932 - 1936.

٢ - ئاسمانی = ئاسمانی، کتێبخانەی ڕۆژهەڵاتیی «کلێمێنتینۆ»ی ڤاتیکان، ٤ ب.

Assemani, Bibliotheca Orientalis Clementino - Vaticana, 1 - 4, Rome 1719 - 1728.

٣ - ئێردمان، ئاورگە = ئێردمان، ئاورگەی ئێرانی.

K. Erdmann, Das iranische Feuerheiligtum, Leipzig 1941.

٤ - ئاورگە، بڕوانە ئێردمان.

٥ - ئینۆسترانتزێف = خوێندنەوەکانی سەبارەت بە ساسانی، بە زمانی ڕووسی، سەنپێترزبوورگ، ١٩٠٩.

Inostrantzev, Études sassanides.

٦- بارتۆلۆمە، یاسای ساسانی = بارتۆلۆمە، سەبارەت بە یاسا لە چاخی ساسانیدا، بەشی ١ - ٤، ڕاپۆرتی ئاکادیمیای هیدڵبێرگ.

Bartholomae, Zum sasanidischen Recht I - IV, Sitzungsberichte der Heidelberger Akademie, 1918, 1920, 1922, 1923.

٧ - بارتۆلۆمە، دادێستان = بارتۆلۆمە، وتارێک سەبارەت بە کتێبێکی یاسایی سەردەمی ساسانییەکان، ڕاپۆرتی ئاکادیمیای هیدڵبێرگ.

Bartholomae, Über ein sasanidisches Rechtsbuch, Sitzungsberichte der Heidelberger Akademie, 1910.

٨ - بارتۆلۆمە، ژن = بارتۆلۆمە، ژن لە یاسای ساسانیدا.

Bartholomae, Die Frau im sasanidischen Recht, Heidelberg, 1924.

۹ - بارتۆلۆمه، کەلتوور = بارتۆلۆمه، کەلتووری ئێرانی کۆن.

Bartholomae, Altiranisches Wörterbuch, Strassb, 1904.

۱۰ - بڵاڤۆکی پاریس = بڵاڤۆکی ئەنجومەنی زمانناسی پاریس.

Bulletin de la Société de Linguistique de Paris.

۱۱ - بڵاڤۆکی ڕۆژهەڵاتی = بڵاوڤۆکی خوێندنگەی خوێندنەوەکانی ڕۆژهەڵاتی.

Bulletin of the school of Oriental Studies.

۱۲ - بووزەڕجمێهر (بووزوورجمیهر) = چیرۆک و بەسەرهاتی بووزەڕجمێهری زانا.

La légende du sage Buzurjmihr, ibid, VIII, P. 81 sqq.

۱۳ - بیل = بیل، سەرچاوەکانی بوودایی سەبارەت بە جیهانی ڕۆژاوا، ۲ بەرگ، چاپی لەندەن.

S. Beal, Buddhist Records of the Western World. I - II, London, 1906.

۱۴ - پادشایان = کردە و گوتەی پادشایان لە سەرچاوەکانی ئێرانی کۆنا.

Les Cestes des rois dans les traditions de I'Iran antique, Université de Paris, Conférences Ratanbai Katrak, Paris, 1936.

۱۵- پادشایەتی = پادشایەتی ساسانییەکان.

L'empire des Sassanides, Det Kongelige Danske Videnskabernes Selskabs Skrifter, 7, Række, historisk og filosofisk Afdeling, I, I (Copenhague 1907).

۱۶ - پایکۆلی، بڕوانە هێرتسفێڵد.

۱۷ - پرۆکۆپ = پرۆکۆپیۆس، شەڕی ئێران. De bello Persico.

۱۸ - پۆپ، بڕوانە مێژووی دەسکرد و سنعاتەکان.

۱۹ - تاج، بڕوانە جاحێز (جاحظ).

۲۰ - تاوادیا، سوورسەخوەن = تاوادیا، سوورسەخوەن، گوتاری سەر سفرە بە زمانی فارسیی نێوەڕاست، گۆڤاری ئەنستیتۆی ڕۆژهەڵاتیی کاما، ۲۹ی دێسامبری ۱۹۳۵.

J. C. Tavadia, Sûr sakhvan, a Dinner Speech in Middle Persian, J. Cama Or. Inst. 29, Dec, 1935.

۲۱ - توێژینەوەکانی زەردەشتی = کۆمەڵە توێژینەوەیەک سەبارەت بە ئاایینی زەردەشتی لە ئێرانی دێرینەدا.

Études sur le zoroastrisme de la Perse antique, Det Kongelige Danske Videnskabernes Selskabs historisk - filologiske Meddelelser, XV, 2 (1928).

۲۲ - تەنبییە، بڕوانە مەسعوودی.

۲۳ - تەبەری = تاریخی تەبەری (طبری)، چاپی دخوویە، ۱.

۲۴ - تەبەری = نۆلدکێ = نۆلدکێ، مێژووی ئێرانییان و عەرەبان لە ڕۆژگاری ساسانییەکاندا بەگوێرەی تاریخی تەبەری.

Th. Nöldeke, Geschichte der perser und Araber zur Zeit der Sasaniden. Aus der arabischen Chronik des Tabarî, Leyden, 1879.

۲۵ - جاحێز، تاج = جاحێز (جاحظ) کتێبی ئەلتاج، چاپی قاهیرە، ۱۹۱۴.

۲۶ - جوغرافیزانان = کۆمەڵی جوغرافیزانانی عەرەب، چاپی دخوویە.

Bibliotheca Geographorum Arabicorum, éd. de Goeje.

۲۷ - خوێندنەوەکانی ساسانی، بڕوانە ئینۆسترانتزێف.

۲۸ - دارمێستێتێر، زەندی ئەڤێستا = زەندی ئەڤێستا، سالنامەی مووزەی گیمە، ۲۱ - ۲۲ و ۲۴.

Darmesteter, Le Zend Avesta, Annales du Musée Guimet, t. 21, 22 et 24.

۲۹ - دەروازە، بڕوانە هێرتسفێڵد.

۳۰ - دەقەکانی پەهلەوی، بڕوانە وێست.

۳۱ - دییوولافوا = دییوولافوا، دەسکرد و سنعاتەکانی ئێرانی کۆن.

Dieulafoy, L'art antique de la perse, Paris, 1884.

۳۲ - دێمۆنۆلۆژی = دەربارەی دێمۆنۆلۆژی ئێرانی.

Essai sur la démonologie iranienne, D. Vid. Selsk. hist - fil. Medd. XXVII, I.

۳۳ - ڕاپۆرتی ئاکادیمیای دانمارک = کۆمەڵە ڕاپۆرتی مێژوویی و زمانناسیی ئاکادیمیای پادشایەتی زانست و ئەدەبیاتی دانمارک.

Det Kongelige Danske Videnskabernes Selskabs historisk - filologiske Meddelelser.

۳۴ - ڕاپۆرتی ئاکادیمیای پرووس = ڕاپۆرتی کۆبوونەوەکانی ئاکادیمیای زانستیی پرووس.

Sitzungsberichte der Preussischen Akademie der Wissenschaften.

۳۵ - ڕاپۆرتی لەمێژین، بڕوانە هێرتسفێڵد.

۳۶ - ڕۆتشتەین = ڕۆتشتەین، زنجیرەی فەرمانڕەوایانی «لەحمیان»ی ئەلحیرە.

G. Rothstein, Dis Dynastis der Lahmiden in al - Hîra, Berlin, 1899.

تێکەی ژین
www.Tkg.org

۳۷ - ڕۆستۆفتزێف = ڕۆستۆڤتزێف، شارەکاروانگرەکان، تاڵبۆت ڕایس کردەوویەتە ئینگلیسی.

M. Rostovtzeff, Caravan Cities, transl. by D. and T. Talbot Rice, Oxford, 1932.

۳۸ - زارە، سنعاتەکان = زارە، سنعاتەکانی ئێرانی کۆن.

Fr. Sarre, Die Kunst des alten Persien, Berlin, 1922.

۳۹ - زارە - هێرتسفێڵد، نەخش و نیگارە هەڵکەندراوەکان = زارە - هێرتسفێڵد، سەنگتراشی و نەخش و نیگارە هەڵکەندراوە ناوبەدەرەوەکانی ئێران.

Fr. Sarre und E. Herzfeld, lranische Felsreliefs, Berlin, 1910.

۴۰ - زارە - هێرتسفێڵد، گەشت و گەڕان = زارە - هێرتسفێڵد، گەشت و گەڕانی شوێنەوارناسیی لە مەڵبەندەکانی دیجلە و فورات، ب ۲.

Fr. Sarre und E. Herzfeld, Archäologische Reise im Euphrat - und Tigrisgebiet, II, Berlin, 1920.

۴۱ - «زەند»ی ئەڤێستا، بڕوانە دارمێستێتێر.

۴۲ - سوورسەخوەن، بڕوانە تاوادیا.

۴۳ - سەعالبی = سەعالبی (ثعالبی) هەڵێژاردەی بەسەرهاتی فەرمانڕەوایانی فارس، لە ڕووی وەرگێڕدراوی زۆتنبێرگ بۆ سەر زمانی فەرانسەوە کراوەتە سەرچاوە.

Histoire des rois des perses par Al - Tha'âlibî. publ. et trad. par H. Zotenberg, paris, 1900.

۴۴ - شاری شاپوور = بەردەنووسی شاپووری یەکەم لە شاری شاپوور.

۴۵ - شوێنەوارەکان = شوێنەوارەکانی ئێران، بڵاڤۆکی ساڵانەی دەزگای شوێنەوارناسیی ئێران، ب ۱ - ۳.

Athâré - ìrân, I - III, paris - 1936 - 1938.

۴۶ - شەڕی ئێران، بڕوانە پرۆکۆپیۆس.

۴۷ - فلاندێن و کۆست = فلاندێن و کۆست، گەشت بۆ ئێران، وێنەکانی بەرگی ۱، ۲.

E. Flandin et p. Coste,Voyage en Perse, planches I - II, paris, 1843.

۴۸ - فێقهوللۆغه = بنەمای «فقه‌اللغه»ی ئێرانی، بڵاو کردنەوەی گیگێر و کووهن.

Grundriss der Iranischen Philologie, herausgegeben von W. Geiger und E. Kuhn, Strassb, 1895 - 1901.

www.sbn.org

٤٩ - فێهرست = کتێبی ئەلفێهرست (پێرست) چاپی فلووگێل، بەرگی ١و٢، لەیپزیگ ١٧١٨ - ١٧٧٢.

٥٠ - کارنامگ = کارنامەی ئەردەشێری پابەکان (بابەک)، چاپی داراب دەستوور پشووتێن سنجانا، بەمبەئی ١٨٩٥ - ١٨٩٦، کارنامەی ئەردەشێری پاپەکان، وەرگێڕدراوی نۆلدکێ.

Geschichte des Artachshîr i pâpakân, übersetzt von Th.

Nöldeke, Beiträge zur Kunde der Indogermanischen Sprachen, IV.

٥١ - کابەی زەردەشت = بەردەنووسی شاپووری یەکەم لەسەر دیواری کابەی زەردەشت لە نەخشی ڕۆستەم.

٥٢ - کریستێنسێن، ئەبێرسام = کریستێنسێن، ئەبێرسام و تەنسەر.

Christensen, Abarsâm et Tansar, Acta OrientaIia, X, P. 43 sqq.

٥٣ - کواد (قوباد) = فەرمانڕەوایەتی کودای یەکەم و کۆمۆنیزمی مەزدەکی.

Le règne du roi Kawâdh I et le communisme mazdakite, Det Kongelige Danske Videnskabernes Selskabs historisk - filologiske Meddelelser, IX, 6 (1925).

٥٤ - کەیانییەکان.

Christensen, Les Kayanides, ibid, XIX, 2 (1931).

٥٥ - گۆڤاری ئەنجومەنی ئەمریکایی = گۆڤاری ئەنجومەنی ڕۆژهەلاتیی ئەمریکا.

Journal of the American Oriental Society.

٥٦ - گۆڤاری ئەنجومەنی بەنگالە = گۆڤاری ئەنجومەنی پادشایەتی ئاسیایی بەنگالە.

Journal of the Royal Asiatic Society of Bengal.

٥٧ - گۆڤاری ئەنجومەنی پادشایەتی = گۆڤاری ئەنجومەنی پادشایەتی ئاسیایی.

Journal of the Royal Asiatic Society.

٥٨ - گۆڤاری ئاسیایی.

Journal asiatique.

٥٩ - گۆڤاری ڕۆژهەلاتیی ئاڵمان = گۆڤاری ئەنجومەنی ڕۆژهەلاتیی ئاڵمان.

Zeitschrift der Deustschen Morgenländischen Gesellschaft.

٦٠ - گۆڤاری ڕۆژهەلاتیی ڤییەن = گۆڤاری ڕۆژهەلاتناسیی ڤییەن.

Wiener Zeitschritft für die kunde des Morgenlandes.

٦١ - گۆڤاری کاما = گۆڤاری ئەنستیتۆی ڕۆژهەلاتیی کاما.

JournaI of the K. R. Cama Oriental Institute.

٦٢ - گۆڤاری هیند و ئێران = گۆڤاری هیندناسیی و ئێرانناسیی.

Zeitschrift für Indologie und Iranistik.

٦٣ - گۆڤاری مێژووی ئایینەکان.

Revue de l'histoire des religions.

٦٤ - لابوور - مەسیحایەتی لە ئێرانی ڕۆژگاری فەرمانڕەوایەتی ساسانییەکاندا.

J. Labourt, Le christianisme dans l'empire perse sous la dynastie sassanide, Paris, 1904.

٦٥ - لانگلوا = تێکڕای مێژوونووسانی کۆن و نوێی ئەرمەنستان کە لانگلوا بڵاوی کردۆتەوە، ٢ بەرگ.

Collection des historiens anciens et modernes de l'Arménie, publiée par V. Langlois, I - IIp, Paris, 1867 - 1869.

٦٦ - مارکوارت، ئێرانشار بەگوێرەی گێڕانەوەی جوغرافیای مووسا خۆرنی.

J. Marquart. Erânshahr nach der Geographie des Ps. Moses Xorenac'i. Berlin, 1901. (Abhandlungen der Kön. Gesellschaft der Wissenschaften zu Cöttingen, phi. - hist. Klasse, Neue Folge, III, no. 2).

٦٧ - مەردان، بڕوانە ویکاندر.

٦٨ - موڕەوویج (مروج‌الذهب)، بڕوانە مەسعوودی.

٦٩ - مەسعوودی، تەنبیەه = کۆمەڵی جوغرافیزانانی عەرەب، بەشی ٨ (کتێبی التنبیه و هەروەها وەرگێڕدراوەکەی بۆ سەر زمانی فەرانسە بە قەڵەمی «کارا دو ڤۆ».

Bibliotheca Geographorum Arabicorum, VIII (Kitâbu't - tanbîh) , Lugd. Bat. 1894. Maçoudi, Le livre de l'avertissement et de la revision, trad. par Carra de Vaux, Paris, 1896.

٧٠ - مەسعوودی موڕەوویج = مەسعوودی «مروج‌الذهب»، دەقی عەرەبی و بە فەرانسە کراوی لە لایەن باربیە دو مینار و پاڤە دو کورتی.

Maçoudi, Les prairies d'or (Murûdju'd - dahab) , texte et traduction par C. Barbier de Meynard et Pavet de Courteille, I - IX, Paris, 1861 - 1877.

www.zheen.org

٧١ - مۆرگان = دومۆرگان، گەشتی زانستیی بۆ ئێران، لێکۆڵینەوەی شوێنەوارناسیی.

J. de Morgan, Mission scientifique en Perse, Recherches archéologiques, Paris, 1900 - 1911.

٧٢ - مینەوی خێرەد (بەهەشتی فام) دادێستانئی مینووگئی خێرەد، کتێبی پەهلەوی، بڕوانینە بەشی دووەمی بەرایی ئەم بەرهەمە.

٧٣ - مێژووی لەمێژین، بڕوانینە هێرتسفێلد.

٧۴ - مێژووی سنعاتەکان = چاوخشاندنێک بەسەر دەسکرد و سنعاتەکانی ئێراندا، بڵاوکردنەوەی ئارتوور پۆپ.

A Survey of Persian Art, ed. by Arthur Upham Pope, I - II. London, New York, 1938 - 1939.

٧۵ - نامیلکەکانی ئاکادیمیای پرووس = نامیلکەکانی ئاکادیمیای زانستەکانی پرووس.

Abhandlungen der preusischen Akademie der Wissenschaften.

٧۶ - نامیلکەکانی ڕۆژهەڵاتی = چەند نامیلکەیەک سەبارەت بە ناسیاری و زانیاری دەربارەی هەرێمەکانی ڕۆژهەڵاتی.

Abhandlungen für die Kunde des Morgenlandes.

٧٧ - نۆڵدکێ، برزوویە = پێشەکی برزوویە لە کتێبی کەلیلە و دەمنە، وەرگێڕدراوی ئەلمانی و شیکردنەوەی نۆڵدکێ.

Burzôês Einleitung zu dem Buche Kalila wa Dimna, übersetzt und erläutert von Th. Nöldeke, Strassb. 1912 (Schriften der Wissenschaftlichen Gesellschaft in Strassburg, 12. Heft).

٧٨ - نۆڵدکێ، تەبەری = نۆڵدکێ، مێژووی ئێرانییان و عەرەبان لە ڕۆژگاری ساسانییەکاندا بەگوێرەی تاریخی تەبەری، چاپی لیدێن، ١٨٧٩. لە هەر جێیەک ئاماژە بە پەڕاوێز و پاشکۆکانی ئەم کتێبە کراوە و وەک بەڵگە خراوەتەڕوو «نۆڵدکێ، تەبەری» نووسراوە و لە هەر شوێنێک مەبەست دەقی تەبەری بووبێ، بە «تەبەری، نۆڵدکێ» دیاری کراوە.

Th. Nöldeke, Geschichte der Preset und Araber zur Zeit der Sassaniden, Aus der arabischen Chronik des Tabarî, Leyden, 1879.

٧٩ - نیبێرگ، ئایین = نیبێرگ، ئایینەکانی ئێرانی کۆن بە زمانی سۆئێدی و وەرگێڕدراوی بۆ سەر ئەلمانی بە قەڵەمی شئایدێر.

H. S. Nyberg, Die Religionen des alten Iran, Deutsch von H. H. Schaeder, Leipzig, 1938.

٨٠ - نەریمان = نەریمان، شۆڕشەنجەی ئێران لە سەر ئەدەبیاتی عەرەب، چاپی بەمبەئی.

G. K. Nariman, Iranian Influence on Moslem Literature, Bombay, 1918.

٨١ - نیهایەت = نهایةالارب فی اخبار الفرس و العرب (**بڕاون: گۆڤاری ئەنجومەنی پاشایەتی، ساڵی ١٩٠٠، لاپەڕە ١٩٥ بەرەودوا**).

٨٢ - وتارەکانی بێتسێن بێرگێر = وتارەکانی بێتسێن بێرگێر سەبارەت بە زمانناسیی هیندوژێرمەنی.

Bezzenbergers Beiträge zur Kunde der Indogermanischen Sprachen.

٨٣ - وێست = دەقەکانی پەهلەوی، وێست کردوویەتە ئینگلیسی، ١ - ٥، کتێبی پیرۆزی هەرێمی ڕۆژهەڵات، بەرگی ٥، ١٨، ٢٤، ٣٧، ٤٧.

Pahlavi Texts translated by E. W. West, I - V, Sacred Books of the East, tt. 5, 18, 24, 37, 47.

٨٤ - ویکاندر = ئێشتیگ ویکاندر، کۆمەڵی پیاوانی ئاریایی.

Stig Wikander, Der arische Männerbund, Lund, 1938.

٨٥ - هۆفمەن = هۆفمەن، گوڵبژێرێک لە کتێبی سۆریانی سەبارەت بە کردەوەکانی شەهیدانی ئێران.

G. Hoffmann, Auszüge aus syrischen Akten persischer Märtyrer, Leipzig, 1880 (Abhandlungen für die Kunde des Morgenlandes, VII, 3).

٨٦ - هێرتسفێڵد، پایکۆلی، بینای یادگاری و چەند بەردەنووسێکی سەر بە سەرەتای ڕۆژگاری فەرمانڕەوایەتی ساسانی، ٢ بەرگ.

Herzfeld, Paikuli, Monument and Inscriptions of the Early History of Sasanian Empire, I - II, Berlin, 1924.

٨٧ - هێرتسفێڵد، مێژووی لەمێژین = هێرتسفێڵد، مێژووی شۆڕشەوارناسیی ئێران.

Herzfeld, Archaeological History of lran, London, 1935.

٨٨ - هێرتسفێڵد، ڕاپۆرتی شۆڕشەوارناسیی = هێرتسفێڵد، کۆمەڵێک ڕاپۆرتی شۆڕشەوارناسیی سەبارەت بە ئێران، بەرگی ١ تا ١٠.

Herzfeld, Archäologische Mitteilungen aus Iran, I - IX, Berlin, 1929 - 1938.

٨٩ - هێرتسفێڵد، دەروازە = هێرتسفێڵد، دەروازەی ئاسیا، چاپی بێرلین، ١٩٢٠.

Herzfeld, Am Tor von Asien, Berlin, 1920.

٩٠ - هیوون تسیانگ، بڕوانە بیل.

٩١ - یادداشت = تۆژینەوەکان دەربارەی کۆنترین چاخی ئایینی زەردەشتی.

Quelques notices sur les plus anciennes périodes du zoroastrisme, ibid, p. 81 sqq.

٩٢ - یادداشتەکانی بەنگالە = یادداشتەکانی ئەنجومەنی ئاسیایی بەنگالە.

Memoirs of the Asiatic Society of Bengal.

٩٣ - یادداشتەکانی زمانناسی = یادداشتەکانی ئەنجومەنی زمانناسیی پاریس.

Mémoires de la Société de Linguistique de Paris.

٩٤ - یادنامە = یادنامەی مۆدی.

Dr. Modi Memorial Volume, Bombay, 1930.

٩٥ - یووستی = یووستی، ناونامەی ئێرانی.

Justi, Iranisches Namenbuch, Marburg, 1895.

بنکەی ژین
www.zheen.org

بنکەی ژین
www.zheen.org

بەرایی
١

کورتەباسێک سەبارەت بە شارستانییەتی ئێرانی بەر لە پەیدا بوونی دەسەلاتی ساسانییەکان

١ - پێکهاتەی کۆمەلایەتی و سیاسی دەوڵەتی ئەشکانی

ئێرانییەکان هەر لە ڕۆژگارێکی زۆر کۆنەوە کۆمەڵی خۆیان لەسەر بنچینەی زنجیرەی خانەدانیی ڕێکخستبوو کە بە باری دابەشینی خاک و زەوی‌دا لەسەر چوار کۆڵەکە ڕاوەستابوو، بەم شێوەیە: ماڵ (خانە = نمانە = مان)، دێ (ڤیس)، تایفە (زەنتوو = زەند)، وڵات (دەهیوو)[1]. نەتەوەی ئێرانی بە خۆی دەگوت ئاریا و زاراوەی ڕەگەزی و جوغرافیایی «ئێران» بە «ێ» (یای بزر)ەوە، ئێرانی ئێستای لێکەوتۆتەوە. [لە زمانی کوردی‌دا ئەم تایبەتمەندییە پارێزراوە و (یای بزر) هەم دەنووسرێ و هەم دەخوێندرێتەوە. وەرگێڕ].

لە شانی ئێرانی ڕۆژاوا ڕێسا و بنەمای قەوارەی خانەدانتەوەرەی کۆمەڵ تا ڕادەیەک لە ژێر توێژێکی خوازراوەی شارستانییەتی بابلی‌دا شاردرابۆوە. فەرمانڕەوایەتی هەخامەنشییان بە درێژەی لیزگەی دەسەلات و حوکمدارێتی ئاشۆر و بابل و عیلام (ئیلام) دادەندرا و شێوازی بەڕێوەبردنی دامودەزگای سیاسی ئەم خانەدانە هەر لەسەر باوی پادشایانی بابل و ماد بوو کە پاشان لەبەر کارزانی و لێوەشاوەیی و مشووری سیاسی کۆرش (کووروش) و داریۆش (داریووش) گەیشتە چڵەپۆ. بەڵام سەرەڕای ئەمەش سیستمی خانەدانتەوەرە تۆماری تێکەوەنەپێچرا و لە خاکی مادەکان و پارسەکانیش‌دا ڕایەڵوپۆی لە جێی خۆی بوو. بڕە پاشماوە و شوێنەوارێکی دەقی بەردەنووسی سەر گۆڕی داریووش

لە نەخشی ڕۆستەم دەریدەخا کە ئەم شاهەنشایە بە ڕەگەز خۆی بە کوڕی ویشتاسپ و بە خانەدان هەخامەنشی و بە تایفە پارسی و بە باری نەتەوایەتیدا بە ئاریایی دەزانێ.[٢]

ئێرانی هەخامەنشی خاوەنی حەوت خانەدانی بەرزەجێ بوو کە یەکیان ڕەچەڵاکی پاشایەتی دەگرتەوە. هێرۆدۆت بە هەڵە چووە کە وەرگرتنی مەزنایەتی ئەم خانەدانانە دەباتەوە سەر دەسخۆشانەی بەشداربوونیان لە کوشتنی گێئۆمات (بەردیای بەدرۆ)[٣].

بەدەر لە جەغزی تیرەی ئەم وەجاخزادانە، لە فەرمانەڕەوایەتی هەخامەنشیدا زنجیرەیەک تیوولدار (پاوانخۆر) - کە حکوومەت زەوی‌وزاری خۆی بە مشە وێدابوون و پشتاوپشت لێیان دەخوارد و پێی بەڕێدەچوون و مااڵیان پێ وەسەریەک دەنا - پووریان دابوو. بۆ وێنە لە ئاسیای بچووکدا کۆمەڵێک کۆنە مەزنەمااڵی حاکمان و میران لە ژێر فەرمان و سەرۆکایەتی پادشادا حکوومەتیان دەکرد، بەاڵم «شارەوانان» بە وردی و دەسەاڵتەوە چاوەدێری کارەکانیان دەکردن. جگە لەمە جاری وابوو پادشا دەستی ڕێزی لە کەسانێک دەنا و پلەی تیوولدارێتی (پاوانخۆرێتی) پێدەبەخشین و چەند پارچە زەوییەکی خۆی بۆ پشتاوپشت بە ملکایەتی دەدانێیە.

دەسەاڵتی مەزنەخانەدانان لەم چاخەدا ئیتر هەر لە بازنەی ئەو گوندە بچووکانەی پارسەوە کە لێوەی جمیبوون، خولی نەدەخوارد، بەڵکوو دەگەڕایەوە سەر ئەو چەند پارچە ملکوماشە پانوبەرینانەی کە لە هەرێمەکانی دیکەی وااڵتا وەسەر سامان و ملکی خۆیان گێڕابوو. ئەو کەسانەش کە سەر بە هیچ مەزنەوەجاخێک نەبوون لە پارسی و مادیڕا بگرە هەتا یۆنانییە دوورخراوەکان لە مەوتەنی خۆیان، ڕەنگبوو لە سایەی چاکە و خەاڵتی پادشا ببنە خاوەن ملک و پلەی «تیوولدارێتی» وەربگرن. نێوان و پەیوەندی ئەم پیاوماقوواڵە پاوانخۆرانە لەگەڵ شارەوانان ڕوون نیە. هەر ئەوەندە ئاشکرایە کە زۆروکەم بە قان و پشکان هەڵیانکێشاون و دیارە جاروبارە لە جەغزی خۆیاندا پەلوپۆیان کوتاوە و دەستیان وەبەر نەهاتووە و پارێزراو بوون؛ بۆ وێنە توانیویانە پیتاکی وەرزێڕان و کۆمەڵی ژێر دەستیان پاش وەرگرتن و کۆکردنەوە، گل بدنەوە بۆ خۆیان.[٤]

ئەمە بوو ماک و سەرچاوەی ڕایەڵوپۆی خانخانی لە ئێرانا، بەڵام ئەم شێوە و شـێوازە هێشـتا لـە زەمـانی هەخامەنشـییانـدا پەرەیـەکی وای نـەگرتبوو. ئەسکەندەر و سلووکییەکان کە بە میراتگری هەڵوێست و سیاسەتی هەخامەنشی دادەندرێن، ئاڵوگۆڕێکیان لە بنچینە و بنەمای تانوپۆی دامودەزگای داریووشـی گەورەدا بەدی نەهێناوە. وەختایەکیش کە ئەشکانییەکان بە پشتیوانی و یارمەتی ئەو گەورەپیاوانەی وەک خۆیان لە هـۆزی «داهـە»ی ئێرانـی بـاکووری بـوون دەستیان دایە سەربازگرتن و لەشکرکێشان، سەرەتا بە سەر هەرێمی پارتـا زاڵ بوون و پاشان جووڵان و سەرانسـەری ئێرانیـان خسـتە ژێـر ڕکێفـی خۆیـان و دەوڵەتێکی نوێی ئێرانییان پێکهێنا، بەڵام دیسـانیش داب و نـەریتی سـەردەمی هەخامەنشییان پاراست و ڕێباز و شـێوازی ئـەوانیان لـە حوکمـدارێتیدا کـوێر نەکردەوە. لەگەڵ ئەمەشدا ئەم دەوڵەتەی «پارت»ە خاوەنی تایبەتمەندی سـەر بە خۆیەتی. لە ڕێی ئەشکانییەکانەوە دەسەڵاتی پادشایەتی لە ڕۆژاوای ئێرانەوە گوێزرایەوە بۆ باکووری ئەم وڵاتە کە دانیشتووانەکەی داب و نـەریتی ئێرانییـان پاکتر پاراستبوو. بەم پێیە دەوڵەتی ئەشـکانی لەگـەڵ ئەمـەشدا کـە خـاوەنی ڕەنگوبۆی یونانی بوو، بە باری کەلتووری ئێرانیدا بێخەوشتر لـە دەوڵـەتی هەخامەنشـی خـۆی دەنوانـد. نیزیکـەی دوو سـەدەیەک شـاری سـەتدەروازە (Hécatompydos) لە هەرێمی پارت پایتەختی پاشایانی ئەشکانی بـوو، هـەتا وای لێهات کە شەپۆل و گوژمی ئاڵوگۆڕەکان ناچاری کـردن پایتـەختی خۆیـان بگوێزنەوە بۆ تیسفوون لەسەر لێواری ڕووباری دیجلـە. لەگـەڵ پـەرە گرتنـی دەسەڵاتی ئێرانییەکانی باکووری لە سەرتاسەری وڵاتا، پێکهاتـە و ڕێکخسـتنی دامودەزگای خانخانی کۆنیش بووژایەوە و ڕووحێکـی تـازەی وەبـەر هاتـەوە. «بیرۆکەی درێژەی ژیان و مـانی سیسـتمی خانـەدانێتی کۆمـەڵ» هـەتا چەنـد سـەدەیەکی دوورودرێـژ لـە کۆمەڵـی زەردەشـتیدا، تەنانـەت پـاش نـەمانی ساسانییەکان، پارێزرا. لە کتێبەکانی پەهلەویدا گەلێ جار باسی «سەرۆکانی» چوارقۆڵی کراوە کە بریتی بوون لـە: سـەرۆکی مـاڵ، سـەرۆکی دێ، سـەروکی تایفە، سەرۆکی وڵات. لە چەند پارچەیەکی دەقەکانی مانەویدا کە لە «تۆرفان» وەدەس کەوتوون، هەر ئەم ڕیزبەندییە کۆنە وەبەرچاو دێ بەڵام ئەوەندەیە کـە لەو دەقانەدا ئەم دابەشـینانەیان بـۆ بوونـەوەرانی جیهـانی ئەوپەڕسروشـتی

داناوە.[5] کەچی لە ڕاستیدا ماوەیەک بوو کە ئەم چوار سەرکردەیەی باسیان کرا بۆ دوو دابەزیبوون و سەرۆکی تایفە و وڵات نەمابوون و دەوڵەت جێی گرتبوونەوە و ئەرک و کارەکانی ڕادەپەڕاندن. هەر لە سەردەمی زۆر کۆنەوە، سەرۆکی تایفە و سەرۆکی وڵات وەک بەشێکی پێویستی دەزگای سیستەمی خانەدانتەوەرە هەبوون، بەڵام ئەرک و دەسەڵاتەکانیان تەواو دیاری نەدەدا و ئاڵۆگۆڕی بە سەردا دەهات. هەر چۆنێک بێ ئەم دوو سەرۆکە لە ئاست دەسەڵاتی خۆماڵی کە لە دەس سەرۆکی خانەدانان‌دا کۆببۆوە، خاوەنی پلەیەکی ئەوتۆ نەبوون ئاوڕیان لێ بدرێتەوە، مەگین بەهەڵکەوت. لە پێکهێنانی قەڵەمڕەودا خودی شا پلەی سەرۆکی وڵاتی وە ئەستۆ دەگرت، هەر وەک فەرمانڕەوایانی هەخامەنشی لە بەردەنووسەکانیان‌دا خۆیان بە «خشایەسیە دەهیوونام» واتە «شای وڵاتان» ناودێر کردووە و شارەوانان کە نوێنەرانی پادشا بوون، جێی سەرۆکی تایفانیان گرتەوە. ئەم شێوازە لە دەورانی ئەشکانییەکان‌دا گۆڕانی بە سەردا نەهات و وەک خۆی مایەوە، چونکە دامودەزگای بەڕێوەبەرایەتی هەخامەنشییەکان لەم بەشەدا وەها پتەو بوو کە ئاڵۆگۆڕەکانی ڕۆژگار نەیتوانی کەلێن و قەڵشت بخاتە پایەکانی. بەڵام دوو پلەی خواروووتری دەزگای سیستەمی خانەدانیی کە خۆڕاگرتر بوون لە دووانەکەی سەرووی خۆیان، واتە سەرۆکی بنەماڵە (مانبود) و سەرۆکی گوند (ڤیس‌بود) لە شوێنی خۆیان مانەوە. ئەشکانییەکان و ئەو گەورەپیاوانەی کە لە سەرەتاوە بوونە یار و یاریدەریان و پاشان بە چاوی‌سەری دەوڵەتی پارت دەرچوون، ڕاست وەک داریووش و هەوالانی تێکڕا لە سەرۆک و سەردارانی خانەدانە مەزنەکان بوون. دیسانەوە دووپاتی دەکەینەوە کە سەرۆکی خانەدانان چینێکی باڵای کۆمەڵی وەجاخزادانیان پێکدێنا کە هێز و دەسەڵاتی دەگەڕایەوە بۆ ملکایەتی زەوی‌وزاری بە میرات بەجێماو. لە ڕووی ئەم سەرەتایەڕا دەردەکەوێ هەر کە دەوڵەتی پارت بەدیهات، بنەمای حکوومەتی خان‌خانی لەسەر ئەم پێوشوێنە تەواو پەرەی گرت و گەشەی سەند.

ژمارەی خانەدانە گەورەکانی دەورەی ئەشکانی کە دەکەوتنە ڕیزی هەرە پێشەوە وادیارە حەوت بوون[6] و لە نێویان‌دا دوو خانەدان پاش بنەماڵەی پادشایەتی بەدەسەڵات دادەندران: یەکیان خانەدانی «سووریێن» و ئەویتر

«کارێن» یا قارێن.[7] کار و ئەرکی پشتاوپشتی سوورێنەکان بەڕێوەبردنی ڕێوڕەسمی تاج لە سەرنانی فەرمانڕەوایان بوو. ئەم ژمارەی حەوتە گۆیا یادگارێکی کۆنی سەردەمانی هەخامەنشییە.

کۆڵەکەی سەرەکی ڕاگرتنی دەوڵەت، ئەم چینە واتە «قیسبودان» دەیانپاراست کە بە پاوانخۆرانی گەورە و ماقوولّی پادشا دادەندران و جەماوەری ژێر دەسەڵاتیان بۆ شەڕ دژی دوژمنانی فەرمانڕەوا و جارجارێکیش دژی خودی خۆی چەکدار دەکرد و گاڵیان دەدان. بۆ وێنە سوورێن ئەو دەهەزار سوارەی کە «هەموویان غولامی خۆی بوون، ناردنی بۆ شەڕی کراسووس.[8] لەم مەبەستەڕا وا دەردەکەوێ کە لەو کاتیدا جووتیارانی قوڵەپێچکراو بۆ ڕیز و جەرگەی لەشکر و شەڕ و شوور، لە ژێر ڕکێفی دەرەبەگانی پاوانخۆری بەدەسەڵاتدا گرفتاری چەشنێک عەبدایەتی بوون. بەڵام لە نێوان ئەم چینەی گەورەگەورە و وەرزێڕاندا، تۆێژێکی تر لە نەجیمزادان و «ئەسواران»[9] خۆیان دەنواند، کە دەبێ پێیانبگوترێ پیاوماقوولانی پلەدوو. ئەم پیاوماقوولانە چەند پەڵە موچەیەکان بە دەستەوە بووە و دەبێ مەبەست لە مانبودان هەر ئەم چینە مامناوەندییە بووبێ. ئەو وێکچوونەی کە لە نێوان ئەم بارودۆخە و چۆنیەتی حکوومەتی خانخانی ئوروپا لە سەدەکانی نێوەڕاستا وەبەرچاو دێ، زۆربەی جاران مێژوونووسانی سەرسوڕماو کردووە. چ لە کۆمەڵی خانخانی ئێرانا و چ لە ئوروپادا ئەم خاڵە ڕوون و ئاشکرایە کە پەیوەندی دەرەبەگان (تیوولداران)ی گەورە لەگەڵ ڕەنجبەرانی خۆیان زۆر پتەوتر بووە لە پەیوەندی و نێوانی پادشا لەگەڵ مشەخۆرانی دەرەبەگ کە خۆی لە سەرووی هەموشیانەوە ڕاوەستاوە. لەم چاخەدا قەت پلەی فەرمانڕەوایەتی تەواو ملکەچی شێوازی خانخانی نەبوو و بە پاوانی خانەدانی ئەشکانی دادەندرا، بەڵام مەرج و پێویست نەبوو کە هەمیشە دەسەڵات لە باوکەوە بگوێزرێتەوە بۆ کوڕ. پاش مردنی پادشا مەزنەپیاوان جێنشینیان بە دڵخوازی خۆیان دیاری دەکرد و ئەگەر دووبەرەکایەتییەک کەوتبا نێوان، زەبری شمشێر چارەسەری دەکرد. هەر تایفەیەک یەکێک لە شازادەکانی ئەشکانی دێنایە ڕوو و بۆ ئەوەی بیگەیەنێتە پلەی فەرمانڕەوایەتی خەباتی دەکرد.

تەواو ڕوون نیە کە حاکمانی هەرێمەکان چۆن بە سەر ملکوماشی تایبەت و پاوان ڕاگەیشتوون. ڕەنگە پتر تیوولدارانی گەورە کرابن بە حوکمداری ئەو هەرێمەی کە خۆیان خاوەنی ئاو و زەوی‌وزار بوون.[10] هەر چۆنێک بێ مەزنایەتی هەرێمەکان دەدرایە دەس پیاوانی شەش گەورەخانەدانەکە و بنەماڵەی پادشایەتی. بۆ بەراورد کردنی ئەم حاکمانەی سەردەمی ئەشکانی لەگەڵ شارەوانانی ڕۆژگاری هەخامەنشی دەڵێین کە قەڵەمڕەوی حاکمانی ئەشکانی زۆر کەمتر بووە لە شارەوانانی هەخامەنشی، بەڵام دەسەڵات و سەربەخۆیی حوکمداران لە چاو شارەوانان پتر بووە. وا وێدەچێ کە نە تەنیا ئەو میرانەی لە تۆرمەی پاشایەتی هەڵدەبژێردران خاوەنی نازناوی پادشایەتی بوون - هەر وەک لە ئێرانا باو بوو - بەڵکوو قەڵەمڕەوە هەژدە پارچەکەی ئەشکانی هەرکامیان بە «پادشایەتی»یەک ناودێر دەکرا.[11] جا بۆیە سەیر نیە کە مێژوونووسانی عەرەب سەردەمی مابەینی ئەسکەندەر و ساسانییەکانیان بە چاخی «خان‌خانی» ناودێر کردووە و ئەم ناوە لە وشەی «کەدگ خودای»[12] پەهلەوی‌ڕا هاتووە بە مانای خاوەن‌مڵ یان حوکمدار (ئوستانداری ئەم سەردەمە).

دەسەڵاتی سیاسی پاوانخۆرانی گەورە لە شووڕای نەجیم‌زادەکان‌دا ڕەنگی دەدایەوە کە سنووریکی بۆ دەسەڵاتەکانی فەرمانڕەوا دیاری دەکرد. یووستینووس ئەم کۆمەڵەی ناوناوە ئەنجومەنی «پیران»[13] و ئێمە دەزانین کە سەرداران و حاکمان لە نێو ئەندامانی ئەم ئەنجومەنانە هەڵبژێردراون.[14] کەوایە پلەی حوکمدارێتی و سەرکردایەتی بە میرات نەگەڕاوە. ئەندامانی ئەنجومەنی پیران خۆیان بە کەسوکاری فەرمانڕەوا داناوە و هەموویان لە بنەماڵەی پادشایەتی یان لە پیاوانی شەش خانەدانە مەزنەکەی دیکە بوون، چونکە لە نێو سەرکردەکانی پارتی‌دا گەلێک ناوی سوورێن و قارێن وەبەرچاو دێ و وا دەردەکەوێ کە ئەم دوو وەجاخە بە باری ماقوولی بنچەکەدا خۆیان بە هاوشانی بنەماڵەی پاشایەتی داناوە.[15] هەروەها کۆمەڵێک نیشانە بە دەستەوەن کە ئەنجومەنێکی دیکەش بە ناوی کۆڕی «زانایان و موغان» لە گۆڕێدا بووە. میرانی ئەشکانی لە کاروباران‌دا لایان لە ڕا و بۆچوونەکانیان دەکردەوە و وادیارە لە ڕووداوە گرینگەکان‌دا بە فتوای ئایینی هەڵوێستیان نواندووە[16] و سنگیان داوەتە

پێش. بەڵام وا وێدەچی کە ئەم ئەنجومەنە بڕشتێکی وای نەبووبێ و هەرگیز نەبیستراوە کە کۆڕی «زانایان و موغان» توانیبێتی لە چارەنووسی پادشایەتی ئەشکانیدا شوێنی دیار بێ. تەنیا لە چوارچێوەی پرس پێکران و ڕاوێژدا دەوری گێڕاوە، بەپێچەوانەی «ئەنجومەنی پیران» کە لە وڵاتا بە دەسەڵاتی ڕاستەقینە هاتۆتە ژمار.

تاقمێکی کەم لە نەجیمزادەکانی پلەیەک کە ئەندامی ئەنجومەنی پیران بوون، مافی وەرگرتنی هەموو ئەرکە گرینگەکانی بارگای فەرمانڕەوا و کارە قورسەکانیان وە سەر خۆیان گێڕابوو. لێرەوە دەردەکەوێ کە پیاوماقوولان و مەزنی تایفەکان هاوکات توانیویانە پلەوپایەی بارگا و دادوەریش وەربگرن. ئەم بڕە زانیارییەی کە سەبارەت بە دامودەزگا و دامەزراوەکانی دەوڵەتی پارت لە سەرچاوەکانی یۆنانی و ڕۆمیدا وەدەس دێ، لەگەڵ ئەو باس و مەبەستانەی کە مێژوونووسانی ئەرمەنی سەبارەت بە سیستمی وڵاتی خۆیان گێڕاویانەتەوە، یەکتر تەواو دەکەن. چونکە ئەرمەنستان لە ساڵی ٤٤ی زایینیڕا کەوتە ژێر ڕکێفی تۆرەمەیەک لە پادشایانی ئەشکانی و ڕایەڵوپۆی حکوومەتی ئەم خانەدانە بنەی لێ دانا. مووسا خۆرنی ئەم ئاڵوگۆڕانەی کە بە فەرمانی یەکەمین فەرمانڕەوای ئەشکانی ئەرمەنستان بە ناوی «وەلەرشەک»[17] ڕوویان داوە، بە شێوەیەکی سەرنجڕاکێش گێڕاونییەوە.

ئەم فەرمانڕەوایە سەرەتا خۆی دایە ڕێکوپێک کردنی خانەدانی پادشایەتی. سەرۆکی بنەماڵەی «باگراتۆنی» کە مێژوونووسان لە ڕەگەزی جوولەکانیان داناوە، بەڕەسمیی کرایە سەرۆکی خانەدان و پلەی تاج لە سەرنانی پادشا[18] و سەرکردایەتی لەشکری سواڕەی وەرگرت و ئەم دوو پلەیە لە بنەماڵەی ئەودا بوو بە میرات و نەپسایەوە. هەروەها بۆی هەبوو وەختایەک دەچێتە بارگا یا ژووری پادشایەتی تانجێک بە سێ لیزگەی مرواری بێ زێڕ و گەوهەر لەسەر بنێ.

وەلەرشەک هەڵاوەسینی زێڕ و گەواهێراتی پادشایەتی بە جلوبەرگی فەرمانڕەواوە خستە ئەستۆی سەرۆکی مەزنەوەجاخێکی تر. گەورەخانەدانێکی دیکەش هەبوون کە پارێزەرانی تایبەتی پادشایان لە نێو هەڵدەبژێردرا.

پلەوپایەی وەک میرشکارێتی پادشا و سەرکارێتی دەغڵودان و سەرۆکایەتی تەشریفاتی بارگا و چاوەدێری خەڵوەتخانە و سەرگەلەیی ساقییەکان و

ڕاپەڕاندنی کاروباری قوربانی و «بازەوانیی»و پاراستنی هاوینەهەوار و هەڵگرتنی ئاڵای بەر ڕکێف و کەژاوەی پادشا لە ڕۆژی شەڕا کەوتە ئەستۆی بنەماڵەکانی تر. وا وێدەچێ کە تەواوی ئەو هۆز و بنەماڵانە لەو زەمانیدا لە ڕەچەڵاکی خانەدانانی پلەیەک نەبووبن بەڵکوو وەلەرشەک ئەوانی گەیاندۆتە ئەو پلانە. چونکە «خۆرنی» دەقودۆغر دەڵێ کە سەرگەلەی ساقییەکان گەیشتە پلەیەکی حوکمداریێتی بە ناوی «نەخەڕەر»[19] و لێپرسراوی پاراستنی هاوینەهەوار «وەک ئەندامانی بنەماڵەی پادشایەتی» ماقوول بوو.

وەلەرشەک پاش ئەوەی ئاوا بارگای خۆی ڕێکوپێک کرد، حکوومەتان و زەوی‌وزارە پاوان و تایبەتە بەرفرەوانەکانی لەسەر گەورەگەورەکانی دەوڵەت داروپەخش کرد. خۆرنی و مێژوونووسانی دیکەی ئەرمەنی بە هەڵە جێگوڕکەیان بە وشەی «تیوول» و «حکوومەت» کردووە و بە لینگاولینگ تێکیانبەزاندوون. بۆ وێنە مووسا خۆرنی دەڵێ وەلەرشەک چەند گوندێکی بەخشی بە «گەبەل» (سەرکاری دەغڵودان) و «ئەبەل» (سەرۆکی تەشریفات و خەڵوەتخانە) کە لەسەر ناویان تۆمار کرا و پاشان دەڵێ ئەمە هەمان حکوومەتی «گەبەلئان» و «ئەبەلئان»ە[20]. گومانی تێدا نیە کە لێرەدا وشەی «حکوومەت» (نەخەڕەروتیوون) لە جێی «ئەمارەت» (تیوول) دەکار کراوە. «مووسا» وێڕای ئەژماردنی ئەو ملکوماش (نەهەپێتووتیوون)انەی[21] کە وەلەرشەک دانی بە پیاوماقوولانی ئەرمەنی، دەڵێ کە خانەدانی «گووچێهر» بوونە حوکمداری (بدیشخ)ی باکوور، بەڵام وا نیە و لێی‌شێواوە. بەکورتی نموونەی ئەم سەرلێتێکچوون و هەڵانەی مێژوونووسان گەلێک زۆرن و بە هیچ چەشنێک پاساو نادرێنەوە، مەگین ئەوەی کە ئەو گریمانەیە بخەینەڕوو کە هێندێک لە حکوومەتەکانی ئەرمەنستان بە میرات هاتوون و وردەوردە بوونە پاوانەرەبەگی (اقطاع) و بەم بارەدا ئەرمەنستان پێشاوبڕکەی ئێرانی داوەتەوە.[22] وادیارە کە بدیشخ نازناوی ئەو چوار سنووروانە بووە کە حوکمداریێتی هەرێمە چوارقوڵییەکانی کەوشەنی هەر چوار باڵی وڵاتیان کردووە.[23] وا باو بوو هەر کەس گەیشتبایە ئەم پلەیە زەوی‌وزارێکی فرتوفراوانی باربوو دەکرا. بەگوێرەی نووسراوەکانی «مووسا»، پلەی گەورە حوکمڕانێتی باشووری ڕۆژاوای ئەرمەنستان درایە «شەرەشەن» لە بنەماڵەی «سەنەسەر» و ئەم کابرایە

سەرەڕای وەرگرتنی ئەم دەسەڵاتە بوو بە خاوەنی شارستانی «ئەرزەن» و مەڵبەندەکانی و کۆیستانەکانی «تۆروس» و سەرانسەری «کۆئێلەسیری». لە ڕووی ئەمەڕا کە لە مێژووی ساسانییەکاندا وشەی «بدیشخ» بە شێوەی «بدەخش» وەبەرچاو دێ، وای بۆ دەچین کە سەرچاوەی ئەم ناوە ئێرانی بووە و ئەرمەنستان ئەوەی لە دامودەزگای حکوومەتی ئەشکانی وەرگرتووە. هەروابێتەوە لە ئێرانا دابەشینی خاکی هەرێمەکانی سەرسنوور بۆ چوار سنووروانی باو بووە. [۲۴]

چەند کارێکی دیکەی سەر بە بەڕێوەبەرایەتی دەزگای دەوڵەت و بارگاش دەدەنە پاڵ وەلەرشەک. ئەو قۆشەنی کردە چەندین چین و تۆێژ و کاتوساتی چوونە خزمەت پادشا و پێکهاتنی شووڕاکان و دەم و ژەمی خۆشڕابواردنی بارگای دیاری کرد. دوو ڕاسپێراوی دانا، یەکیان لە ئەستۆی بوو کە بەنووسراو شا لەو کارە باشانەی دەبێ ڕایانپەڕێنێ ئاگادار بکاتەوە و ئەوی دیکەیان سزا و تۆڵەئەستاندنەوەی وەبیر بێنێتەوە. هەروەها کەسی یەکەم لە سەر شانی بوو کە وریا بێ نەکا فەرمانڕەوا لە وەختی غەزرێندا فەرمانێکی بەدەر لە بازنەی دادپەروەری دەربکا و هەمیشە دەبوو شای بەرەو دادەوانی و مرۆڤدۆستی هان دابا. [۲۵] وەلەرشەک کۆمەڵێک دادوەری لە شار و گوندان دانا و «ئیزنی دا بە شارنشینان کە پلەیەکی سەرووی جەماوەری گوندەکی وەرگرن و فەرمانی کردە سەر گوندییان هەتا ڕێزی شارنشینان ڕابگرن و بە شارنشینانیشی فەرموو کە پۆز و ئیفادە بە سەر خەڵکی گوندان‌دا لێنەدەن.» بەکورتی تەواوی ئەم دامودەزگا و ڕێوشوێنانەی ئەرمەنستان بێگومان لاسا کردنەوەی داب و نەریتی حوکمدارێتی ئێران بووە. [۲۶]

فۆستووس[۲۷] ئەو ڕەوت و ڕێبازەی کە «ئەرشەک» لە نێوەڕاستەکانی سەدەی چوارەمی زایینی‌دا بە مەبەستی ڕێکخستنەوەی دامودەزگای فەرمانڕەوایەتی پاش سەردەمێکی پر ئاژاوە گرتییە بەر، شێدەکاتەوە و دەڵێ کە ئەم پادشایە بۆ هەرێمەکانی سەرسنوور چەند سەرکردەیەکی دیاری کرد و سەرۆکایەتی باڵای کاروبارانی ئەسپاردەی بنەماڵەی «گنوونی» - ئەو بنەماڵەیەی کە لە چاخی وەلەرشەک‌دا تا پلەی حکومدارێتی پێهەڵچوو و ئەرکی ساقیگەری پاشای

پێسپێرابوو - کـرد و هەڵسـووڕاندنی کاروبـاری قۆشـەنی سـەرلەبەر خسـتە ئەستۆی بنەماڵەی مەمیکۆن.

ئەندامانی ئەم دوو خانەدانە و سایری چـین و تویژاڵـی نـەجیمزادەکـانی بەرەژێرتریان، کە ناوی حکوومەتیان لەسەر تۆمـار کرابـوو، مـافی ئـەوەیان هەبوو لە خزمەت پادشادا دانیشە سەر دۆشەگەڵە و پاڵ بدەنە باڵگان و سڵسڵە و پلپلەی شانازی بە کلاویانەوە هەڵواسن. بـە شـێوەیەکی شـایانتر سـەرۆکانی خانەدانە مەزنەکان، کە خاوەنی ناو و پلەی حوکمڕانی بوون دەیـانتوانی بچنـە کۆشکی پادشایەتی و لە وەختی خواردنی تەعامدا لە نێو میوانان پاڵ دەنە سـەر نۆسـەد پاڵەوپشـتان.» ئێسـتا ئەگـەر بـە دروسـتی ئـەم چەشـنە زانیـاری و باسوخواسانە هەڵسەنگێنین[28]، ڕوون دەبێتەوە کـە پلـە و پایەبـەرزەکان وەک دەرەبەگایـەتی، بـە نـاوی خانەدانانـەوە نەبەسـتراونەوە. فەرمانـڕەوایانی بەزاکوون دەیانتوانی لە ڕێی دەس بردنە نێو تاوپۆی کـار و پیشـە، بـە سـەر نەجیمزادە و پیاوماقوولانی ولاتی خۆیان‌دا زاڵ بن. لە لایەکی دیکەوە دەبینین کە هێندێک لە مەزنەپیاوان لە وەختی ئاویلکەدا هەموو ماف و دەسـەڵاتەکانیان لـە لایەن سەرۆکانی خۆیان‌ڕا دەدایە کوڕیان و دەیانکردە میراتگری شوغڵەکەیان.[29] زۆر هەڵدەکەوت کە میران و حاکمان یاغی دەبوون، بەڵام ئەگـەر لـە خانـەدانی پادشایەتی نەبووبان، تەنانەت ئەگەر تەواوێک سەربەستییان وەچنگ هێنابا، نەیاندەتوانی پلە و ناوی پادشایەتی وەربگـرن.[30] هـەر وەختایـەک کـە پادشـا بەدەسەڵات بووایە، ئەو بنەماڵە وەجاخزادانەی قەڵتوبڕ دەکرد کە دڵـی لێیـان دەترسا[31] و ملکوماش و مەزرا و پاوانەکانی وەسەرخۆی دەگێڕانەوە.[32] زۆر جار لە مابەینی میران و نەجیمزادەکان‌دا دەبوو بە شەڕ و کێشە. هەڵی وابوو سەرۆکی خواجەکان (خزمەتکارانی خەسیو)ی بارگا ئەوەندەی دەسەڵات وەبەردەهات کـە سەبارەت بە بنەماڵەی شارەوانیش دەستی نەدەپاراست و زوڵمی دەکرد.[33]

لە کتێبی فۆستووسـی بیزانسـی‌دا[34] ڕسـتە و مەبەسـتێک هـاتووە کـە ئـەم باروهەوایە ڕوون دەکاتەوە و باسی بارودۆخ و چۆنیەتی دەسەڵاتی مەزنـەپیاوان دەکا کە بە لایەک‌دا کاربەدەستی دەوڵەت و لە لایەکی دیکەوە میری سـەربەخۆی ناوچە و مەڵبەندەکان بوون. هەروەها لە ڕووی دەقی ئەم کتێبەڕا وا دەردەکـەوێ کە بنچینەی هێزی بزاوتنی قۆشەن لەسەر بنەمای پێکهاتەی خانخـانی کۆمـەڵ دامەزراوە. خوسرەوی دووم پادشای ئەرمەنسـتان لـە نێوەڕاسـتەکانی سـەدەی

چوارەمی زایینی‌دا[۳۵] پەنجەی لە پەنجەی ئێرانییەکان دا و لەبەروەی کە دەترسا لە جەنگەی شەڕا پیاوماقوولانی ولاتەکەی وەک ڕۆژگارانی پێشوو خەیانەتی پێبکەن، فەرمانێکی ئەوتۆی دەرکرد: «لەمڕۆ بە دواوە دەبێ تەواوی ئەو گەورەپیاو و میر و حاکمانەی کە لەشکریان لە هەزارەوە دەگاتە دەهەزار کەس، خودی خۆیان لە خزمەت ڕکێفی پادشادا ئامادە بن و هیچکامیان حەقیان نیە لە نێو لەشکری پاشایەتی‌دا بنە دابکوتن.» بەم تەگبیر و ڕایە خوسرەوی دووەم تەواوی سەرۆکانی خانەدانە مێژینەکانی ناچار کرد کە قۆشەنی خۆیان بخەنە ڕیزی سپای پادشایەتی. خوسرەو سەرکردایەتی تەواوی ئەم سپایەی دایە دەس دوو کەس لە سەردارانی باوەڕپێکراوی خۆی. خوسرەو دەیهەویست کە ڕیشەی ڕایەڵەی خانخانی لە ئەرمەنستان بنەبڕ بکا، بەڵام ئەم کار و هەڵوێستە ئاکامێکی لێنەکەوتەوە و بێ سەرەنجام مایەوە. لە سەردەمی ژیانی ئەوا یەکێک لەو دوو سەرکردە باوەڕپێکراوەی بە ناوی «واچە» هەموو حاکمان و چەکدارەکانیانی کۆ کردنەوە و دەگڵ ئیرانییەکانی ڕۆکردن.[۳۶]

ئەگەر ئێستا ئاوڕێک لە پێکهاتە و ڕێکخستنی دەوڵەتی پارت بدەینەوە لە ئێران، بۆمان دەردەکەوێ ئەوەی کەوا مێژوونووسانی یۆنان و ڕۆمی کۆن لێی‌دەگێڕنەوە، لەگەڵ تانوپۆ و ڕێکخستنی دەوڵەتی ئەرمەنستان هێندێک وێکدەچن. یەکێک لە نیشانە و تایبەتمەندییە جیاوازەکانی نێوانیان ئەو دووبەرەکایەتییەیە کە لە مابەینی دەسەڵاتی فەرمانڕەوا و گەورەنەجیمزادەی تایفەکان‌دا وەبەرچاودێ، ئەگەرچی تێکڕایان بە پیاوانی سەر بە دەوڵەت دادەندران. نموونەی تەواو و بێ کەموکووڕی سەرکردەکانی دەوڵەتی ئەشکانی «سوورێن»ە کە بە خەنیمی «کراسووس»ی ڕۆمی دادەندرا و «پلۆتارخێس» ئاوای دەربارەدا دەنووسێ: «سوورێن بە باری سامان و مەزنایەتی و شانازی‌دا بە یەکەم کەسی دوای فەرمانڕەوای ئێران دادەندرا. بە لای تێگەیشتن و لێوەشاوەیی‌دا بە سەرتۆپی پارتییەکان لە قەڵەم دەدرا. لە بارەی بەژن و بااڵ و ڕێکی ئەندامەوە کەس تای نەدەکرد. لە کاتی هەرووژم و لەشکرکێشی‌دا هەزار وشتر بارگە و بنەی دەکێشا و دووسەت عارەبانە تایبەت درابوو بە ڕاگواستنی ژنان و هاوخەوانی. هەزار سوارەی زرێپۆش و تاقمێکی زیاتریش دەسکەرەوەی سووکەڵەچەک لە خزمەت ڕکیفی‌دا بوون، چونکە لە سەریەک خاوەنی دەهەزار سوار بوو، کە بەشێکیان غولام و تاقمێک بەندەی بوون.» لە ڕۆژی شەڕا بە

خۆیدا دەهات و دەڕازایەوە و دەکەوتە بەرایی لەشکرەکەی. «لە ئازایەتیدا ئەوەندە بەناوبانگ بوو کە لەگەڵ ئاکاری ژنانەی یەکتری نەدەخوێندەوە، چونکە سوورێن بە دابی مادەکان سووراوسپیاوی دەکرد و خۆی تاس و لووس دەدا و پرچی بە دوو لیزگە دەهۆندەوە، بەڵام سایری پارتییەکان بە دابی سەگان قژیان بە قرژ و هاڵۆزی دەهێشتەوە هەتا سام و خۆفێکی زراوبەریان لە ڕوخساری ببارێ!»[۳۷] سوورێن حەرەمخانەی لەگەڵ خۆی دەگێڕا و لە گەرمەی شەڕا شەوانە خۆی دەدایە بەزم و ڕەزم و خواردنەوە و ڕابواردن و گوێ شل کردن بۆ گۆرانی.[۳۸]

سەرەنجام شا ئێرەیی بە دەسەڵاتی سوورێن برد و سەرەڕای هێز و دەسەڵاتی دەرۆستی هات، چونکە شا لەگەڵ هەرکام لە گەورەپیاوان تێکەوتبا - ئەگەر گەورەکان یەکانگیرنەبووبان - بە سەریدا زاڵ دەبوو. بەڵام چما سەرۆک و سەرکردەکان هاوپشت بووبان، زۆر جاران لەسەر دەسەڵاتیان لادەبرد و یەکی دیکەیان لە جێی دادەنا.

ئەگەرچی فەرمانڕەوایەتی ئەشکانییەکان قەت تای دەسەڵات و پتەوی و پتوونی پادشایەتی هەخامەنشییەکانی نەکرد، بەڵام حکوومەتەکەیان بە قەڵافەت و نێوەرۆک لەسەر باری سەرەڕۆیی و زۆرەملی هەڵخرابوو. دەسەڵاتەکانی پادشا هیچ پەردە و یاسایەکیان لە بەر نەبوو و ئەگەر بەخت و ڕۆژگاری یار بووبا و کۆسپ و گرفتەکانی بۆ لاچووبا، بەوپەڕی سەرەڕۆیی و خودبەسەری فەرمانڕەوایەتی دەکرد. پادشا زیاتر لە کەسوکاری خۆی توقیبوو، چونکە ئێرانییەکان بەگوێرەی ڕێزێکی جەوهەری و مەیلەو ئایینی فەرمانڕەوایەتییان بە مافی بنەماڵەی پادشایەتی دادەنا و کەوایە مەزنەپیاوان نەیاندەوێرا بەر لە پەیدا بوونی داخوازەرێکی تەختی پاشایەتی لە تۆرەمەی ئەشکانی، ئالای دژایەتی لەگەڵ شا هەڵکەن. هەر بۆیە سوڵتانەکانی ئەشکانی بە بێڕوحمی کەسانی خانەدانی خۆیان دەکوشت. بەڵام زۆر جاران ئەم هەڵوێست و کرداره نەیدەگرت، چونکە خەڵکی ناڕەزامەند سەرەنجام کەسێکیان دەدۆزییەوە کە لە قەڵاچۆکران خەلەستبوو و یاریدەیان دەدا بۆ تۆڵە کردنەوە.

زیاتر وا باو بوو که کەس دەستی نەدەگەیشتە فەرمانڕەوا. [39] شاهەنشا تانجێکی قووچی[40] گەوهەربەندی دەنایە سەر و لەسەر تەختێکی زێڕین دەخەوت و ئەمەی بۆ بە شانەبەرزە دادەندرا.

ئەردەوانی سێهەمی پادشای ئەشکانی بە مەبەستی ڕێز گرتنی یەکێک لە میرانی ژێر دەسەڵاتی خۆی بە ناوی «ئیزات ئەدیابێنی» بە شێوەیەکی دەگمەن شانازی ئەم زێدەپشکەی پێ بەخشی. لە کۆشکی پادشایەتی تیسفوون تەختێکی زێڕی لێ بوو کە لە سالّی ١١٥ی زایینیدا کەوتە دەستی «تراژان»ی قەیسەری ڕۆم. پادشایانی ئەشکانی، وەک هەخامەنشییەکان چەند شوێنێکیان بە ناوی «فیردەوس» دیاری کردبوو کە شێر و ورچ و پڵینگیان بۆ ڕاو تێدا ڕادەگرت.[41] لەبەر ئەو هەمێتەی کە بارگاکانی ڕۆژهەڵاتی بۆ حەرەمخانەیان دادەنا، زۆر جاران خواجەکان لە کاروباری وڵاتا دەستیان باش دەڕۆیی.[42] وەختایەک کە فەرمانڕەوا سەفەری دەکرد، ئاپۆرایەکی بەرچاو لە نێزەداران ئێشکیان دەکێشا.[43] بە دابی هەخامەنشییەکان، پادشایانی ئەشکانیش وایان دانابوو کە هەر کەس دەگاتە خزمەت پادشا پێویستە دیاری بدا.[44] خەزێنەی تایبەتی شا لەگەڵ خەزێنەی وڵات یەک بوو. لە خەزێنەی پادشادا باجی وڵاتان کۆ دەکرایەوە و سامانێکی زۆروزەوەند لەم خەزانەدا دەکەوتە سەر یەک. [45]

www.zheen.org

٢ - هۆزەکانی باکوور و ڕۆژهەڵات

ئەو کۆمەڵە کۆچەرانەی کە ئەسکەندەری گەورە و جێنشینەکانی لە ڕۆژهەڵاتی ئێران بنەیان بۆ دانابوون، هەتا چەند سەدەیەکی دوورودرێژ لەم ناوچە دوورەدەستانە بە پەنا و پەسیوی شارستانییەتی یۆنانی دادەندران. لە نێوەڕاستەکانی سەدەی سێهەمی بەر لە زایینەوە «دیۆدۆتۆس» فەرمانڕەوایەتییەکی سەربەخۆی دامەزراند، کە بریتی بوو لە بەلخ و سوغد و مەرو. لە نیوەی یەکەمی سەدەی دووەمی بەر لە زایین «دیمێتریووس» کوڕی «ئووتیدێموس» کە دەستی بە سەر تاج و تەختی پاشایەتیدا گرتبوو، بە مەبەستی گرتنی «پەنجاب» قۆشەنی دەنگ دا و لە هیندووستان و ئەفغانستان حوکمدارێتی کرد، بەڵام بەلخ و ناوچەکانی دراوسێی کەوتنە دەس کابرایەک بە ناوی «ئووقراتیدێس» و ئەم دوو پادشایە دەگڵ یەک ڕاچوون و هەرکامیان بە

مەبەستی هێنانی کۆمەڵە کۆچەری تازەی یۆنانی هەوڵێکی پتەویان دا، کەچی دەبینین دیسانیش لەم کاتەدا شارستانییەتە خۆمالّییەکان سەرلەنۆی دەبووژێنەوە و دەتەنێنەوە و ئاسەواریان لەم قۆناخەدا هەست پێدەکرێ. بۆ وێنە ئەو سکانەی یۆنانی و بەلخی کە دێمێتریووس لێیداون، ڕوویەکیان بە خەتی هیندی ناودێر بە ئەلفوبێی «ئاریانی» لەسەریان نووسراوە کە لە «ئارامی» وەرگیراوە و «ئووقراتیدێس»یش سکەیەکی بەرەو پێدا کە هاوڕێکی سکەی ڕۆژهەڵاتی ئێرانە. لەم کاتەدا دەوڵەتانی بچووکی یۆنانی لە دەرە و دۆلی کابول و پیشاوەر و شوێنەکانی تر دامەزرابوون. هەر ماوەیەک دواتر دەوڵەتانی دەرەی کابول و هیندووستان یەکیان گرت و دەوڵەتێکی گەورەیان پێکهێنا و لە کلکەی سەدەی دووەم و سەرەتای سەدەی یەکەمی بەر لە زایین «مێناندر»ی مەشهوور کە هیندییەکان پێی‌دەڵێن «میلیندا» حوکماتی بە سەردا دەکرد. ئەم فەرمانڕەوایە چونکە توانی لە هیندووستان هێندێک ناوچە و هەرێم بخاتە ژێر ڕکێفی خۆی، ئایینی «بوودا» گرتی و گەشەی سەند و لە نێو پەیڕەوانی ئایینەکەدا ناوبانگێکی گەورەی دەرکرد.

لەم ڕۆژگارەدا کۆچ و کۆڕەوی بە لێشاوی هۆزەکانی ئاسیای ناوەندی دەستی پێکردبوو.[۴۶] لە ئاکامی بازوبرد و پەلاماری خێڵەکانی «هوون»ی تیرەی ترکان کە خوێنیان لەگەڵ خوێنی مەغوولی و چینی تێکەڵ ببوو، سەرەتا لە نیوەی یەکەمی سەدەی دووەمی بەر لە زایین، لە هەرێمەکانی «کانسۆ»ی چین چەند هۆزێک کە پێیان دەگوتن «یووەچی» و «ووسوون»، جوولانەوە و هاروژان و پاشان تەواوی خێڵ و تایفەکان لە جێی خۆیان بزووتن. پاش چەند ساڵێک کۆمەڵێکی زۆروزەوەندی هۆزی یووەچی کە بە «یووەچی مەزن» ناسراون، لە ناوچەکانی جەیحوون بنەگر بوون و ئەو کاتی لەم ناوچەیە ڕەگەزێک بە ناوی «تۆخار» ژیاوە. خاڵی جێی گومان ئەمەیە کە داخوا یووەچی و تۆخار هەر تۆرەمەیەک بوون یان یووەچییەکان پاش سەرکەوتن بە سەر تایفەی تۆخارا بە ناوی ئەوانەوە ناودێر کراون، یا یووەچی نازناوی چینی میرانی تۆخارەکان بووە. بەشێک لەم هۆزە کە بە زمانی تۆخاری (لەهجەی A) دەدوا، بە خۆی دەگوت «ئارشی».[۴۷] خێڵ و تایفەکانی «سەکا»یان پاش ئەوەی لە دۆڵی «فەرعانە» دەرکران و بازرە بوون، هرووژمیان کردە هەرێمەکانی باختەر و

ڕەخج. «زەرەنگ» لەوکاتیڕا بە «سەکێستان» ناودێرکرا و «سیستان»ی ئێستا بەشێکە لەوی. «سەکا»کان یان هیندوسەکاییان لەوێ حکوومەتیان دامەزراند و لە زەمانی پادشایەتی مێهردادی دووەمڕا (١٢٣ - ٨٨ی پێش زایین) باج و خەڕاجیان دا بە دەوڵەتی ئەشکانی. «موئەس» میری ئەم تایفەیە کە لە سەدەی یەکەمی بەر لە زایین حکوومەتی دەکرد لەگەڵ «ئازێس»ی کوڕی دەسەلاتی خۆیان لە هەرێمی پەنجاب برەو پێدا.

لە درێژەی سەدەی یەکەمی بەر لە زایین لقێکی ئەشکانییەکان بوونە جێنشینی خانەدانی سەکەکانی سەکێستان[٤٨] و «گوندۆفارێس» یان «گوندۆفەڕ» کە لە دەوروبەری ساڵی بیستەمی زاینی بەرەودواوەڕا حکوومەتی بە دەستەوە گرت؛ یەکێک لە پادشایانی بەدەسەلاتی ئەم زنجیرەیە بوو کە وادیارە سەری وەبەر ئەشکانییەکان نەهێناوە و لێیان‌کشاوەتەوە. کۆمەڵێک سکە بە ناوی ئەم پادشایە لە سیستان و هیرات و قەندەهار و تەنانەت لە پەنجابیش دۆزراونەوە. بەگوێرەی نێوەرۆکی کتێبی «کردارەکانی سەن تۆماس» گۆیا ئەم بەرەوپێدەرەی ئایینی مەسیحی لە سەردەمی فەرمانڕەوایەتی «گوندۆفارێس»دا سەفەری کردووە بۆ هیندووستان.

سەرەڕای ئەو ئاڵۆزی و بشێوییەی لەبەر شەپۆلی هرووژمی هۆزکان بەدی هاتبوو، خاک و هەرێمەکانی ڕۆژهەلاتی ئێران و دراوسییەکانیان زۆر خۆش و ئاوەدان بوون. شەڕکەرانی دەوارنشین وەختایەک کە دەهاتنە ئەو مەڵبەندە، ژیانی دانیشتووانەکەی ئاڵوگۆڕێکی ئەوتۆی بە سەر نەدەهات. حکوومەتی خۆجێیی دەکەوتە دەس تاقمێک لە سەردارانی تایفەکانی غەواڕە، بەڵام شارستانییەتی خۆماڵی کاری دەکردە سەر ئەو دەستەیە. هەر بۆیە شوێنەوارەکانی ژیاریی یۆنانی لە مەودای چەند سەدەیەکی نەپساوەدا لەگەڵ ئاسەواری شارستانییەتی ئێرانی و هیندی بە تێکەڵاوی مایەوە و هۆزە هێدی و هێمنەکانی ئەم خاکە ئەگەرچی دەکەوتنە ژێر دەسەلاتی حکوومەتە یەک لە دوای یەکەکانی دەرەکی، بەڵام دیسانیش هەر خەریکی توجارەت بوون و قازانجێکی زۆریان کۆ کردەوە. زۆر بەهەڵکەوت پەیوەندی بازرگانێتی هەڵدەپسا. ئیمپراتۆرانی چین بە مەبەستی کارئاسانی توجارەت لەگەڵ وڵاتانی ڕۆژاوای ئاسیا، زۆر جاران کۆمەڵە شاندێکیان دەنارد وڵاتانی ئاسیای ناوەندی.

لە خارەزم لە سەدەی دووەمی بەر لە زایینڕا هۆزەکانی «ئائۆرسس» بەدی دەکەین کە نووسەرانی چینی بە «یانتسێ» ناویان بردوون. لە ماوەی سەدەی دواترا هۆزەکانی «ئاتۆری» لە شوێنی خۆیان بزووتن و ڕوویان کردە لای ڕۆژاوا، یانی هەر ئەو ڕێچکەیان گرتەبەر کە پێشتر «سەکا»کان و «سەرمەت»ەکان کوتابوویان. پاش نیوەی هەوەڵی سەدەی یەکەمی بەر لە زایین ناوی ئائۆرس پاک بۆوە و وردەوردە بە «ئەلان» (ئالان) ناودێر کران و ئەم وشەیە هەمان ناوی «ئاریا»یە کە لە ڕاوێژی باکووری ئێرانا وای بە سەر هاتووە. پاش ئەوەی کە خێڵەکانی کێویلە پەلاماری ئووروپایان دا، بەشێک لە هۆزی ئالان بەرەو ڕۆژاوا کۆچباری لێنا و لەو بەشەی کەوا لە باشووری ڕووسیا مایەوە، بێجگە لە هۆزی «ئۆسێت» کە ئەمڕۆ دانیشتووی قەفقازە، هیچ شوێنەوارێکی تر بەجێنەماوە.

ماوەیەکی کەم پاش مردنی گوندۆفارێس، قەندەهار و پەنجاب کەوتە دەس خانەدانێکی تایفەی یووەچی، کە بە تۆرەمەی سەکاکانیشیان دادەنێن و بە «کووشانییان» بەناوبانگن. پاشاکانی کووشان واتە «کووجوولە کادفیزێس» و «ویمە کادفیزێس»ی جێنشینی تەواوی قەڵەمڕەوی یووەچییەکان و تۆخارییەکانیان لەگەڵ بەشێکی هەراوی خاک و ملکی سەکایانیان داگیر کرد. سەرەنجام پاش سالی ١٢٥ی زایینی ئەم وڵاتە کەوتە دەس پادشایەک بە ناوی «کانیشکا» کە لە ئەدەبیاتی بووداییدا تەواو بەناوبانگە و بە یەکێک لە پەرەپێدەرانی گەورە و ئیمانداراني ئایینی بووda ناسراوە.[٤٩]

٣ - بیر و باوەڕەکانی ئایینی[٥٠]

ئایینی کۆنی ئاریاکان لەسەر تەوەرەی پەرستنی هێزەکانی سروشت و کۆمەڵێک ماکە و ئەستێرەی ئاسمانی هەڵدەسووڕا. لەگەڵ ئەمەشدا هەر لە کۆنزەمانەوە خودایانی گەورەی سروشت دەبنە خاوەنی تایبەتمەندی ئەخلاقی و کۆمەڵایەتی. وا دێتە بەرچاو کە بەر لە لێکترازانی دوو ڕەگەزی هیندی و ئێرانی، جیاوازییەک لە نێوان دوو دەستەی خودا مەزنەکانیاندا بووە. بە تاقمێکیان دەگوتن «دیو»ان (دێوان) کە خودایەکی شەڕخواز بە ناوی «ئیندرە» سەرجەلەیی دەکردن و دەستەکەی دیکە بە «ئاسووراً»کان (بە ڕاوێژی ئێرانی ئەهووڕەکان) ناودێر کرابوون و «وەروونە» و «میترە»جڵەویان دەکێشان. زۆربەی

شارەزایان لەسەر ئەم باوەڕەن «مەزداھ»ی ئێرانییەکان کە بە مانای «زانا» و گەورەترین ئەهووراییە، هەمان «وەروونە»ی کۆنە، کە ناوە ڕەسەنەکەی لای تیرە و تۆرەمە ئێرانییەکان لە بیران چۆتەوە.

لە یەکەم ساتی داوەرینی ئێرانییان بۆ نێو بەستێنی مێژوو، ئێمە چاومان بە دوو شێوازی جیاوازی ئایینی سەرەتایی ئەوان دەکەوێ. دەستەیەکیان خەریکی پەرستنی «میترە - میثرە»ن کە لەم قۆناخەدا کەوتۆتە سەرووی دێوان و دەستەکەی تر «مەزداھ» خوای گەورەیانە.

پەرەستەرانی میترە = میترا[51] (مێهر = خۆر) بە مەبەستی تاریفات و نزا لە دەرگای وی و ئەو خودایانەی کە ئالقەیان لە دەوری داوە، خەریکی هۆنینەوەی «یەشت»ەکان بوون و هێندێکیان هەر ئەو سروودانەن چەند دانەیەکیان کە لەگەڵ بنەماکانی ئایینی زەردەشتی یەکتریان گرتۆتەوە لە بەشێکدا بە ناوی ئەڤێستای «نوێ» هەتا ئەمڕۆ بۆ ئێمە پارێزراون. دوو لەم خودایانە بریتین لە «ڕەشنوو» (واتە ڕاستی) و «سرووشە» (یانی فەرمانبەرداری). ئەم ناوانە وەک زۆربەی ناوەکانی خودایانی ئەڤێستایی چەشنی «کۆمەڵێک ڕوحانەتی قەڵافەت بە سەردا کراو» دێنە بەرچاو. بە بۆچوونی «نیبێرگ»[52] ئەم خودایانە لە ڕاستیدا نوێنەر و نیشاندەری تاقم و هەیکەلگەلێکی کۆمەڵایەتین. بە بڕوای ئەو «ڕەشنوو» خوای «ئەزموونی ئایینی» و سرووش (سرووشە) خوای «جەماوەری دیندار و ئامادەی بەربەرەکانی خۆرپەرست» بووە. «ئەشی» خواوەندی زگوزا و ژن و مێردایەتی، لە زەماوەندا بەرەکەتی دەخستە نێو بڕواداران و هەر چەشنە بەختەوەرییەکی بە سەرا دەباراندن. دووی تر لە خواکان بریتین لە «ڤێرسرێغنە» (بەهرام - بارام - وەهرام - ڤەهرام) خوای پەلامار و سەرکەوتن و شەڕ» و «خوەرێنە» یاوەرێکی کە شان و شکۆی پادشایان بەڕاستی لەوێڕایە. مێهرپەرستان (خۆرپەرستان) لە وەختی قوربانی کردنی گیانلەبەراندا بۆ خودایان، خۆیان بە هۆم (گەسکەپێغمبەرە = ئارمالێک یا هووچووە) سەرمەست دەکرد کە لە شیرەی شەرابی گیایەک هەر بەم ناوە دەگیرا و هیندی پێیاندەگوت «سۆمە». ئاوی «ئارمالێک» وەک خودایەک کە ئیمانداراني لە کۆڕی زکری ئایینیدا لە دەوری یەک کۆ دەکردەوە، دەپەرسترا.

بەڵام ئەمەی کە نیبێرگ[53] دەیهەوێ «ئۆردووی سووراناهیتا» (هۆردووی بەهێزی پاک)، خێوی ئاوەکان و بەڕێژەوی، بە خواوەندی مەزنی

تاقمێکی ئایینی تر دابنێ و لەگەڵ ڕووباری سەیحوون بەراوردی بکا، لام وایە جێی گومان و ڕامانە.

وا وێدەچێ کە پەرستنی «مەزدا»ش وەک پەرستنی مێهر (خۆر) لە سەرانسەری نیشتمانی ئێرانییەکان‌دا باو بووبێ. «زەردەشتە» (زەردەشت) لە نێو ئەم کۆمەڵە و لە ناوچەیەکی ئێرانی ڕۆژهەڵاتی‌دا سەری هەڵدا. هەر چۆنێک بێ پەیدا بوونی زەردەشت دەگەڕێتەوە ڕۆژگارانی بەر لە هاتنە سەر دەسەڵاتی هەخامەنشییەکان. زەردەشت بە گاثا (گاتا)کانی خۆی کە چەشنێک پەند و ئامۆژگاری پێغمەمبەرانەی هۆندراوەیە، دەستی دایە چاکسازیی ئایینی پەرستنی مەزدا و بناغەیەکی پتەوی بۆ دارشت کە ئەمڕۆ بە ناوی شەریعەتی زەردەشتی ناسراوە. ئەم پێغەمبەرە لە گاساکانی‌دا وەک پیاوێکی توانا و پارێزگار خۆ دەنوێنێ کە ئاواتەخوازی دۆزینەوە و تێگەیشتنی حەقیقەت و خەباتە لە پێناوی‌دا. زەردەشت بە ڕێنوێنی ئەوەی لە کەشوهەوای جەزمە و لە بیران ڕاچوون و پەردە لەبەر نەمان‌دا پێی‌گەیشت، بە تۆندی کەوتە بەربەرەکانی لەگەڵ پەرستنی دێوان کە لە ڕێورەسمێکی پڕ لە شۆر و مەستی بە خواردنەوەی ئاوی «ئارمالک» ئەنجام دەدرا. دێو لێرە بەم لاوە زاراوەیەکە کە بۆ پەروەردەکانی «جەماوەری نامەزداهی» (دێویەسنان) دەکار دەکرێ. زەردەشت لە بەرامبەر ئەم تاقمەی دێوان‌دا، خوای مەزن واتە «مەزدا» یان «مەزدا ئەهوورا» یا «ئەهوورا مەزدا»ی ڕاست کردەوە کە لای ئەو یەزدانی هۆزگەلێکی تایبەت نەبوو، بەڵکوو بە ئافەرێنندەی تۆرەمەی ئادەمیزاد دادەندرا.

بە بڕوای ئەو، دێوان خواوەندانی درۆ و چەپەڵکارین کە «نەیاری ئەهوورامەزدا»ن و دژایەتی و دوژمنایەتی ئەو دوو تاقمە لای ئەو بیرۆکەی شەڕ و تێکهەڵچوونی نێوان دوو «گەوهەر = سرشت» یان دوو «عەقڵ»ی بەدی هێنا کە لە سەرەتای خوڵقانی جیهانەوە هەبوون. ئەم دوو گەوهەرە یەکیان «سپێنتە مینیوو»[۵۴] واتە گەوهەر یان عەقڵی توانایە کە چەشنێکە لە ڕەنگدانەوەی خودی مەزدا و ئەویتر «ئەکە مینیوو» یان وەک لە بەشە تازەکانی ئەڤێستادا هاتووە «ئەنگرەمینیوو»یە یانی عەقڵی بەدئاکار.

لە نێو هەڵبژاردە و باڵاترین یارانی مەزدادا تووشی شەش یەزدان دەبین کە پاش زەردەشت ناوی هاوبەشی «ئەمێشەسپێنتە» (ئەمشاسپەندان = نەمرانی توانا)یان لێناون و بریتین لە:

«وەهوومەنە» (بەهمەن = بیری چاک)، ئەشە (ڕتە = نەزمی چاک یان حەقیقەت)، «خشەسرە» (سەرکەوتن، زاڵبوون)، «ئارمیتی» (نیزیکە لە مانای پاکیی ڕووح)، «هەورتات» (خورداد = کەماڵ یان ساغی) و «ئەمێرتات» (ئەمورداد = نەمریی).

دیارە لە سەرەوەی ئەم شەش «ئەمشاسپەند»ە سپێنتە مینیوو ڕادەوەستێ و بەم جۆرە ژمارەیان دەبێتە حەوت. لە گاساکاندا هێشتاش ئەم شەش یان حەوت ئەمشاسپەندە تاقمێکی تایبەتی نین و هەروەها لەوێ دوو یەزدانی «سرووش» و «ئەشی» سەرلەنۆی دەبینینەوە کە پێشتر لە دەوری مێهر بوون. لە گاسا (گاتا)کاندا هێشتاش تا ڕادەیەک ڕاپەڵوپۆی پەیوەندی نێوان یەزدانەکان و هێزەکانی سروشت و توخمەکان بەدی دەکرێ. بۆ وێنە ئارمیتی خواوەندی زەوییە. نیبێرگ، بە درکاندن و پێلێنانی ئەو مەبەستە کە یەزدانەکان خاوەنی لایەنی سروشتی بوون، ناوە بەڕواڵەت تاقانەکانی ئەمانە لە گاساکاندا و هەروەها ناوی خواوەندکانی میترایی وەک سرووش و ڕەشن و ئەوانی تر بە نیشانەی ئەرک و کار و کرداری ماددێ و سروشتی هێندێک لە تاقم و دەستەکانی ئایینی و کۆمەڵایەتی دەزانێ[55]، بەڵام وەختایەک قسە دێتە سەر ڕوون کردنەوە و دەرخستن و گێڕانەوەی ئەو ئەرکانە، جاری وایە زۆر بنێشتی لێ پووچەڵ دەبێ.

ئەو نایسەلمێنێ کە پەیڕەوانی گاساکان لە ڕۆژگاری زەردەشتا ڕێگەیان درابێ کە بە ناخی مەعنەویاتا ڕۆبچن و بەم شێوەیە لێرەدا نیبێرگ تەواو بەپێچەوانەی بڕوای «لۆممێل»[56] بیر دەکاتەوە کە لای وایە ئایینی زەردەشت لە زنجیرەیەک بیری فەلسەفی پێکهاتووە. بێگومان بیر و بۆچوونی نیبێرگ[57] تا ڕادەیەک ڕاستەقینەی تێدایە. زەردەشت فەیلەسووف نەبوو، بەڵکوو عارفێک بوو لە تۆوی جەماوەر و کۆمەڵێکی مەزداپەرست و ملکەچی داب و نەریتی ژیانی ئەوان کە لە سووڕانەوەی جیهانی ڕووحانی و لە فکران ڕۆچوونەوەڕا پەیوەندییەکی قوولّی لە مابەینی چارەنووس و نسیبی تۆرەمەی ئادەمیزاد و ویستی خودایی‌دا بەدی دەکرد. زەردەشت لا و لایەن و دیمەنە فرەچەشنەکانی کە ئەمڕۆ شی‌کردنەوە

و لێکدانەوەی بۆ ئێمە دژوارە، بە شێوەی کۆمەڵێک وتاری ئایینی پڕهەست و سۆز کە لە بیری‌ڕا هەڵدەقوڵی و ڕەنگی دەدایەوە و بە سەر زمانی‌دا لووزەوی دەبەست، دەیخستنەڕوو، بەڵام دەبێ هەمیشە ئەوەمان لەبەرچاو بێ کە ئێرانییەکانی زەمانی زەردەشت کۆمەڵێک خەڵکی کێویلە و ناشارستانی نەبوون، بەڵکوو بەپێچەوانە پاش هەنگاونان بۆ نێو ئەم خاک و ئاوە، بوونە میراتگری شارستانییەتێکی کۆن، کە دۆزرانەوەی ئاسەوارەکانی بەر لە مێژوو وەبالّی بۆ دەکێشن و من لام وایە کە وتەی مەعنەوی و ڕووحانی لای ئێرانییەکانی ئەو سەردەم وێڕای بەرفرەوانی بەستێنی کۆمەڵایەتی خۆی، خاوەنی بایەخی ئەخلاقی و مەعنەوی و تاکەکەسی بووە.

لە ڕاستی‌دا وێنە و ڕوخساری یەزدانەکان لە گاسا(گاتا)کانا تەنیا گەڵاڵەیەکی کورت و گشتییە، بەڵام بۆ ئێرانییەکانی ئەوان سەردەمان ئەم شکڵ و بیچمانە ئەوەندەی بۆ ئەمڕۆ بێڕەنگ و تارمایی‌نوێنن، وا نەبوون. لەو چیرۆک و بەسەرهات و ئەفسانە کۆنانەدا، کە ڕووح وەبەر ئەم ڕەنگ و ڕوخسارانە دێنن، ئەمڕۆ جگە لە گێڕانەوەی دەرد و مەینەت و شکۆی ڕووحی «گا» (گوشوروون، لە یەسنای ۲۹دا) کە ئەفسانەیەکی لەمێژینی ئێرانییە و لە جەغزی ئایینی زەردەشتی‌دا لە قالب دراوە، هیچ شتێک بەجێنەماوە.

دەئینا (دین) زاراوەیەکی مەزهەبی زۆر گرنگ و بنەڕەتییە و بە بۆچوونی من نیبێرگ مەتەڵۆکەی ئەم وشە بەڕوالّەت لێڵ و دژوازەی هەڵێناوە و گرێپووچکەی کردۆتەوە.[۵۸] دەئینا سەرەتا بە مانای ڕووحی تامەزرۆ و کەمەندکێشکراوی ئیماندارە و پاشان تێکڕای ڕووحە کەمەندکێشکراوەکان ئاوا ناودێر بوون. یانی ئەو جەماوەرەی کە خاوەنی یەک شێوازی پەرستن و پارانەوە یان بە واتایەکی دی «پەیڕەوان»ی ئایینی زەردەشتی و سەرچاوەی واتای سەرەکی و گشتیی وشەی دین لە دەقەکانی ئێرانی نێوەڕاستیش‌دا هەر لێرەوە پەیدا بووە. لە گاساکان‌دا جیهانی چاکە و جیهانی خراپە لە بەرامبەر یەکترا چەقیون و بەم پێیە هەرچی لە دنیای چاکە (خێر) دایە لە واتای گشتیی «ئەشە»دا و بە سیفەتی «ئەشوون» دیاری و هاوێرکراون. دنیای خراپە (شەڕ)یش بە زاراوەی مێینەی «درەوەج» (درۆ) باسی دەکرێ کە ماناکەی دەبێتە «وێرانی و تێکدانی نەزم و ڕێبازی چاکە بە فێڵ و تەڵەکە». درۆ جاری وایە لەسەر قەڵافەتی عیفریتەیەک

خۆی دەنوێنێ و بە «درەغوەنت» (درۆوەند = درۆزن) ناودێر دەکرێ. بۆ وێنە هێزی «ئائێشمە» (خەشم، تووڕەیی) لە هەموان چالاکترە، بەڵام ئەم دێوە کە خەڵک و گیانلەبەران ئازار دەدا و دەیانکوژێ، لە گاساکانداوەک بەشی نوێی «ئەڤێستا» دوژمنی تایبەتی سرووش نیە. لەگەڵ ئەمەشا حاڵاتی هاوتەریبی و لێکدابڕانی ورد و باریکی نێوان دوو جیهانی خێر و شەڕ کە یەکێکە لە تایبەتمەندییەکانی ئەڤێستای تازە، لە گاساکانیشدا وردەورده خۆی دەنوێنێ. بۆ وێنە هەر وەک «درەوەج» لە بەرامبەر «ئەشە»دا ڕاوەستاوە، «ئەکەمەنە» (بیری چەوت) کەوتۆتە بەرەوڕووی «وەهوومەنە» و «ئەکە مینیوو» (ئەهریمەن، بیری شەڕەنگێز) دوژمنی «سپێنتە مینیوو» (عەقڵی توانا)یە. بە هۆی تێکۆشانی ئەم دوو گەوهەر یان ئەم دوو عەقڵە سەرەکییە کە دوو برالەی تێکەڵاون، ناکۆکی و ململانی و ڕکەبەری لە جیهانا دەستی پێکردووە.

دینی زەردەشت تاقانەپەرستییەکی ناتەواوە: لەم ئایینەدا گەلێ یەزدان (ئیزەدان) وەبەرچاو دێن، بەڵام دەکرێ وا لێکبدرێتەوە کە هەموویان نیشانەیەک لە ماکەی گەوهەری مەزدا و بە مەبەستی ڕاپەڕاندنی ویستەکانی هەڵدەسووڕێن کە تەنیا «ویستی خواوەندی»یە. دووخوایەتی و دووتۆوی ئەم ئایینە تەنیا مەبەستێکی ڕواڵەتییە، چونکە شەڕ و تێکهەڵچوونی نێوان چاکە و خراپە (دوو ماکی جیهان) بە لای گەوهەری چاکەدا دەشکێتەوە و کۆتایی پێدێ. لەم شەڕ و لێکدانە سەختەدا مرۆڤیش ئەرکی تایبەتی لەسەر شانە، چونکە بە باوەڕی پاک و تێکۆشان لە پێناو پێشکەوتی ئایینی و ئەخلاقی و سەرەنجام هەوڵی خزمەت کردنی هێزەکانی ژیان و زاڵ بوون بە سەر هێزەکانی مەرگا، واتە گەشە پێدانی شارستانییەت بەتایبەت کشتوکاڵ، دەچێتە ڕیزی یارانی «عەقڵی باش». دیارە لە نێو جەغزی سێکوچکەی «بیری باش»، «وتاری باش» و «ئاکاری باش»دا بێگومان ئەرک و ڕاسپاردەکانی ئایینی وەبەرچاو گیراوە، بەڵام بە هەر باریکدا لێی بڕوانی ئەم سێ خاڵە سەرەکییە هەڵگر و خاوەنی کۆمەڵێک ڕیشەی «بیروڕای» ئەخلاقین، کە گەلێ دواتر وردەورده پێگەیشتوون. چاکە و پاداشی چاکەکاران بەهەشت و لەشساغی و نەمریی و چوونە ڕیزی بەهەشتییەکان و سزای خراپەکاران جەزرەبەدرانی دووروودرێژە لە شوێن و کۆڕی درۆزنان. بێجگە لەو لێپرسینەوە سەرەتاییەی کە هەر لەڕێوە پاش مردن بەرەو

ڕووی ئـادەمیزاد دەبێتـەوە، لـە گاسـاکانـدا ئاماژەیـەک دەبیـنین دەربـارەی لێپرسینەوە و داوەری لەسـەر کرانـی تێکـڕایی و کۆتـایی لـە لایـەن «ڕووح و ئاگر»ەوە. یانی ڕووحی مەزدا و ئەزموونی ئاگر (ئەموزنی کانزای سوورەوەبوو) لە ڕۆژی چوونە پای حیسابدا، ئەو کاتە کـە دوا شـەڕی نێـوان لەشکرەکانی توخم و ماکەی چاکە و خراپە بە سەرکەوتنی مەزدا کۆتایی پێ بێ.

چ بە باری بیر و باوەڕی ئایینیدا و چ بە لایەنی ئاستی پلـەی خـواوەنـدان و یەزدانەکانـدا جیاوازی ئاشکرا هەیە لە مابەینی ئەڤێستای ناسراو بە «کۆن» کـە گاساکان نێرک و نێوکی پێکدێنن و ئەڤێستای «نوێ». چونکە پـاش زەردەشـت، ڕێبەرانی ئایینی نەیانتوانیوە ئەو خودا و ئیزەدانەی بە دڵی کۆمـەڵانـی خەڵـک نەبوون، تـەواو تێدابـەرن و بـەناچار ئـەو خواوەندانـەیان خسـتۆتە ڕێـزەی یەزدانەکانی تایبەتی نێو گاساکان. «یەشت»ەکانی کۆن کە بۆ مەبەستی پەسن و پێداهەڵدانی خوداکانی وەک «میترا» و «ئۆردووی سوورا ئاناهیتا» و ئەسـتێرەی «تیشتریە» و «ڤێرسرێغنە» (بـارام) و «خـوەنـە» و «فرەوەشـی» (فریشـتەکانی پارێزەری ئیمانداران) و چەندەی تر لەگەڵ بیر و باوەڕەکانی زەردەشتی ڕێـک و هاوکێش کران، ئەو جار یەشتی نوێ بەگوێرەی ئایینی زەردەشت هۆندرانەوە.

ئەم کارە وەختایەک بەڕێوچوو کە ئایینی زەردەشتی هێشتا هەر لە جـەغزی ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی ئێرانا پنجی داکوتابوو. پاش ماوەیەک ئـەم بزووتنـەوە دینییە تێکڕای خاکی مادی گرتەوە و چینی ڕێبـەرانی ئـایینی ئەوێنـدەرێ واتـە «موغان» بوونە هەڵگران و پەرەپێدەرانی بوێر و شێلگیر و دمارگری ئەم ئایینـە. مێژووی وە زەردەشتیگەڕانی خاکی مـاد بـە باشـی ڕوون نیـە، هـەر ئەوەنـدە دەزانین کە لە سـەردەمی داریـووش و خەشایارشـادا کۆمەڵـی تۆرەمـەی مـاد زەردەشتی بوون، کەچی پارسـەکان پەیـڕەوییان لـە چەشـنێک مەزداپەرسـتی نازەردەشتی دەکرد. [59] لێـرە بـە دواوە سـەرزەوی مـاد وەک ناوەنـدی ئـایینی زەردەشت لە قەڵەم درا و ئەم دینە لە ئاڵوگۆڕەکـانی داهـاتووی‌دا کەوتـە ژێـر کارتێکردنی بیروڕای چینی موغانی ماد و لە ئاکامدا تەڕی و تـازەیی خـۆی لـە دەس دا و ژاکا و گلـۆر بـۆوە نێـو قـالبی تەنگەبـەری شـەریعەتێکی وێشـک و تاقەتپرووکێن. کۆمەڵێک یاسا و فەرمانی ئـایینی ورد و باریـک بـە مەبەسـتی ڕێکوپێک کردنی وردەکاری ژیانی ئیمانداران داڕژا و ئەمانە بـەناچار دەبووایـە

خۆیان لە شەڕی پەلاماری هەزارەزیلەی شەیتانەکان و عیفریتە هەمەچەشنەکان کە بە دێو[٦٠] ناودێر کـران، بپـارێزن. گـەلێکیان لـکـوپـۆ وە چیرۆکـی «ڕۆژی ڕابوونەوە» و «ڕۆژی ژمار» خست و لێیانزیاد کرد کە بەگوێرەی ئەوان لە تـۆوی شـاراوەی زەردەشـت هـەتا سـێ هـەزار سـاڵان هـەر هـەزار ساڵـەی جارێـک ڕزگاریـدەرێک پەیـدا دەبـێ و بـە سەرهەڵـدانی ئـاخرین زڕگاریـدەر واتـە «ئاستوەتئێرتە» کە «سۆشیانت» یان ڕزگاریـدەری سـەرەکی و تایبەتـە، ئـەم دنیایە کۆتایی پێدێ. لەو کاتیدا پاش شەڕی نێوان دوو جیهانی چاکە و خراپە و ئەزموونی کـانزای سـوورەوە بـوو، بـەختـەوەری هەتاهـەتایی و «نـەگۆڕ»ی «فرەشۆکێرێتی» سەقامگیردەبێ.

کتێبی ناودێر بە وەندیداد (وێدەیوەداتە = یاسای دژی دێو) لـە بـارودۆخێکی ئەوتۆدا نووسراوە. ئەم کتێبە بە زمانی ئەڤێستاییـیە و ئەگەرچی زمانی مادەکان نەبوو، بەڵام لەوێش هەروا بۆ نووسینەکانی ئـایینی دەکـار دەکـرا. وەندیـداد بریتییە لە کۆمەڵێک یاسا و ڕێسای ئایینی، بەتایبـەت سـەبارەت بـە هـەموو چەشـنە ناپـاکی و گونـاهـ و ئـامراز و ڕێبازەکـانی پـاک بوونـەوە و تۆبـە و پەشـیمانی. لـەم کتێبـەدا باسـی زوڵـم و دەسـدرێژی بـۆ سـەر بوونـەوەرانی ئەهووراییی (ئادەمیزاد و سەگ و سەگاو) و شـێوازی جوولانـەوە لەگـەڵ تـەرمی مردووەکان و چیوچی کراوە.

بـەگوێرەی ڕاسـپاردەی ئـەم نووسـراوەیە دەبـێ تـەرمی مردووەکـان لـە ساردەموغاران دابندرێن هـەتا بننـە خـۆراکی بالـندان[٦١]، چونکـە ناشـتن یـا سووتاندنی تەرمان توخمەکانی جیهان تێوەدەدا و پیسیان دەکا، بۆیە حەرامـە. هەروەها دەس لێدانی مردووەکان و ژنانی لـە «حـەیز» کـەوتوو دەبێتـە هـۆی ناپاکی و چەپەڵی. لە کتێبی «وەندیداد»دا ناوی ژمارەیـەکی زۆر لـە دێوەکـان و درۆزنەکان و «پیریکا»کان (پەرییەکان) وەبەرچاو دێن کە دەکەونە ڕیزی قۆشەنی عەقڵی شەڕوەن.[٦٢]

وا وێدەچێ کە لە ئایینی زەردەشتی بەشی ئێرانی ڕۆژاوادا، لە ئاخرییـەکانی چاخی هەخامەنشیڕا ئەم باوەڕە تەواو بڕەوی پەیدا کردبـوو کـە ئەهوورامـەزدا (ئۆهرمەزد) و ئـەنگرە مینیـوو (ئەهریمـەن) دوو بـڕای ئـاوەڵدوانـە و کـۆڕانی «زۆروان» (زەروان = زوروان) واتە زەمانی بێکۆتایین.[٦٣] یەکێک لە لقوپۆپەکانی

ئایینی مەزدەیەسنی کە ئەستێرەناسیی کلدانی تەواو کاری تێکردبوو و لای «مەجووس»ەکانی ئاسیای بچووک[٦٤] کامڵ ببوو، سەرچاوەی ئایینی«خۆرپەرستی»یە کە لە ئیمپراتۆریەتی ڕۆمدا زۆری پەرەگرت.[٦٥] لەم ئایینەدا میترایان بە خودای هەتاو دەزانی.

میتراپەرستان (خۆرپەرستان) و هەروەها سایری ئەو ڕەوت و ڕێبازانەی کە گۆڕانێکی تەواویان لە بنەماکانی ئایینی زەردەشتیدا بەدی هێنا و نەریتی تازەیان خستەڕوو، بڕوایان بە بیروڕا و باوەڕی «زۆروانییە» بوو. تاقمێک لەم ڕێبازدارانە ئەهریمەنپەرست بوون، واتە خۆیان دەدایە پەرستنی ئەنگرە مینیوو.

ئەم خواوەندانە کە لەسەر سکەکانی هیندوسەکایی وەبەرچاو دێن، نیشاندەری چەشنێکی دیکەی ئایینی مەزدایین کە لە سایەی کارتێکردنی بیر و بڕوا و شەریعەتەکانی هیندی، لە ئێرانی ڕۆژهەڵاتیدا بەدی هاتوون و دواتر کەوتوونە ژێر کاریگەریی باوەڕەکانی ئایینی بوودایی.[٦٦]

لە ئێرانی ڕۆژاوا و بەگشتی لە سەرانسەری ئاسیای بەرایی‌دا، هزر و بیر و شارستانییەتی یۆنانی بوو بە هۆی لێکدرانی ئایینە فرەچەشنەکان. لە کاول و هەرەسەکانی پەرستگەیەکی زەردەشتی‌دا لە نیزیک شاری «پارسە» کە هەر ماوەیەک دوای خاپوورکرانی ئەم شارە بە دەس ئەسکەندەر ساز کراوە، چەند تاتەڵە و بەردەنووسێکیان بە زمانی یۆنانی دۆزیوەتەوە کە ئەهوورامەزدا و میترا و ئاناهیتا بە ڕیز کراون بە یۆنانی و گۆڕاون بۆ «زێئووس ماگیستۆس» و «ئاپۆلۆن» و «ئاتێنە».[٦٧] واتە خودایانی بابلی و یۆنانییان لەگەڵ خوداوەندانی ئێرانی هاوسەنگ و بەرامبەر کردووە. بۆ وێنە ئەهوورامەزدایان لەگەڵ «بەعل»، میترایان لەگەڵ «شەمەش» و ئاناهیتایان لەتەک «ئیشتەر» بە یەک زانیوە.

«ئانتیووخۆس»ی یەکەم پادشای کۆماژان (لە ٩٦ تا ٣٤ی بەر لە زایین» گەلێک پەیکەری ساز کرد لە «زێئووس - ئۆرماستدێس» (ئەهوورامەزدا، ئوورمەزد، هۆرمەزد، هۆرمز)، «ئاپۆلۆن»، «میتراس» (میهر)، «هێلیۆس»، «هێرمس»، «ئارتاگنێس» (بارام - وەهرام)، «هێراکلیس»، «ئاریس» و خواوەندێک کە پێیدەگوت «نیشتمانی من کۆماژان زۆر بەڕێژەوە»؛ پاشان فەرمانی ڕێوڕەسمێکی هەمیشەیی بۆ پەرستنی ئەم خواوەندانەی یۆنانی و

ئێرانی دەرکرد. فەرمانڕەوایانی ئەشکانی نازناوی «فیل هێلێن» (یۆناندۆست)یان هەڵدەبژارد و خۆیان بە پەیڕەوی داب و نەریت و فەرهەنگی یۆنان نیشان دەدا. [٦٨] بەڵام ئەم یۆنانچێتییەی ئەوان پتر ڕووکەشانە بووە و وادیارە زۆربەی پادشایانی ئەم ڕەگەز و تۆرەمەیە لە ژێر پەردەیەکی تەنک و ناسکی بیروڕای دەرەکیدا، بڕوایان بە خواپەرستێتی زەردەشتی بووە. بەپێی نەریتێکی پارسی، کۆکردنەوە و نووسینەوەی کتێبە پیرۆزەکانی زەردەشتی جارێک بە فەرمانی یەکێک لە پادشایانی ئەشکانی بە ناوی «ڤۆلاگاز» کە ڕوون نیە ڤۆلاگازی یەکەم (لە ٥٢/٥١ تا ٨٠/٧٩ زایینی) یان ڤۆلاگازی سێهەمە (لە ١٤٨ تا ١٩١ی زایینی) ئەنجام درا.

✧✧✧

لەو ڕۆژگارەوە کە «بۆختۆننەسر» جوولەکەی بە دیل گرتن، ئەم تۆرەمەیە لە بابل و دووچۆمان (بین‌النهرین)دا تەنەوەیان کرد و بار و بواری توجارەت و کشتوکاڵ و سنعاتیان بە دەستەوە گرت. لە زەمانی ئەشکانییەکاندا موسایی زۆر بوون، بەتایبەت لە «نەهردا» (باکووری بابل) و لە «سووراء» و «پووم بادیسا» و «ماحۆزە» (سلووکیە). لە پارس و مادیش جەماوەرێک جوولەکە نیشتەجێ بوون.

ئەم کۆمەڵە لە سەدەکانی سەرەتای زایینەوە بە سەرۆکایەتی «ڕێش گالووتا» (رأس‌الجالوت) ببوونە خاوەنی دامودەزگا و ڕێکخستنێک و پادشا ئەوانی لە ڕێزەی نەتەوەکانی دیکەدا ناسیبوو و تا ڕادەیەکیش سەربەستی پێبەخشیبوون. ڕێش گالووتا پیتاکی کۆدەکردەوە و دادوەرانی لادەبرد و دادەنا و هەموو کاروبارەکانی بەڕێوەدەبرد و قانوونی موسا و وتارە ئایینییەکان و مێژوو و سەربوردەی جوولەکەی برەو پێدەدا و خەڵکی لەسەر ئەو ڕێبازە ڕادێنا. قوتابخانەی سەربەدەرەوەی «سوورا» لە سەرەتای سەدەی سێهەمی زایینیدا بناغەی داندرا و لەو دەمیڕا کۆمەڵی «ئامۆرائیم» (زانایانی جوولەکە) خۆیان‌دایە خوێندنەوە و لێکدانەوە و توێژینەوەی زانستەکان و ئەو دیرۆک و بەسەرهات و وانە و ڕاهێنانە فرەچەشنانەی ئەمڕۆ بە ناوی «تلموود» مەشهوورن، کۆیان کردنەوە و خستیانە سەریەک. [٦٩]

✧✧✧

زانیاری ئێمە سەبارەت بە دەور و زەمانێکی کە ئایینی «نەسارا» ڕووی کردۆتە وڵاتی پارت زۆر کەمە. [٧٠] لە سەدەی یەکەمی زایینیدا ئایینی مەسیح لە سووریا و ئاسیای بچووک بڵاو ببۆوە. لە نیزیک ساڵی ١٠٠ی زایینیدا کۆمەڵانێکی مەسیحی لە ڕۆژهەڵاتی دیجلە واتە لە مەڵبەندی «ئەربێل»[٧١] (ئەربیل = هەولێر) نیشتەجێ بوون، بەڵام سەبارەت بە تەشەنەی ئەم دینە لە هەرێمەکانی ڕۆژهەڵاتی زانیارییەکی ڕاست و دروستمان بە دەستەوە نیە.

بەگوێرەی سەرچاوەکانی مەسیحی «تۆماسی پیرۆز» لە وڵاتی پارتا خەڵکی بۆ وەرگرتن و قبووڵی ئەم دینە بانگهێشتن کردووە و بەپێی نێوەرۆکی کتێبی ساختەی «کردەوەکانی تۆماس»، هەتا خاکی هیندووستانیش پەلی کوتاوە، بەڵام ئەم کتێبە وەک بەڵگەنامەیەکی باوەڕپێکراوی مێژوویی پشتی پێنابەسترێ.

پاش ئەربێل (هەولێر) شاری «کەرکووک» کە پێیاندەگوت «کەرخای بیت سلۆخ = کرخای بیث سلوخ» وادیارە ناوەند و پەناگەی عیسایییەکانی ڕۆژهەڵات بووە. لە نامەی شەهیدانی عیسایی ئێرانا نووسراوە کە: «لە سەردەمی فەرمانڕەوایەتی بەلاشەوە هەتا ساڵی بیستەمی پادشایەتی شاپووری کوڕی ئەردەشێر یانی بۆ ماوەی ٩٠ ساڵان «کەرخا» شوێنێکی پیرۆز بووە و هیچ گیایەکی ناپاکی لێ نەدەڕوا.»[٧٢] لەبەروەی کە شاپووری یەکەمی ساسانی کوڕی ئەردەشێر لە ساڵی ٢٤١دا چۆتە سەر تەختی پاشایەتی، کەوایە مەبەست لە بەلاش هەمان ڤۆلاگازی سێهەمی ئەشکانییە کە لە مابەینی ساڵی ١٤٨ تا ١٩١ی زایینیدا حکوومەتی کردووە. بەڵام بەگشتی مەسیحییەکانی سەردەمی فەرمانڕەوایانی ئەشکانی هیچ دەست و دەورێکیان لە کاروباری سیاسیدا نەبوو. لە سەدەکانی دواترا نامەیەکیان بە فرتوفێڵ ساز کرد و بە ناوی «قوتابخانەی باوکانی ڕۆژاوایی» بردیانەوە سەر سەدەی دووەمی زایینی. بەگوێرەی ئەم بەڵگەنامەیە «جاسیلق» (سەرۆک و مەزنی مەسیحییەکان)ی شاری سلووکیە تەواو خودموختار بووە و توانیویەتی سەربەستانە خەریکی بەڕێوەبردنی ڕێوڕەسمی ئایینی بێ و بگاتە پیرۆز کردنی تایبەتیی پلەوپایەی خۆی، بێئەوەی کە ناچار بێ بچێتە باژێری ئەنتاکیە. بەڵام ڕاستییەکەی ئەمەیە کە پلەی کاتۆلیکووس (جاسلیقایەتی) لە چاخی ئەشکانییەکاندا هەر نەبووە.

✧✧✧

تێکەڵایەتی تیرە و تۆرەمەکانی ئاسیای بەرایی، بوار و بەستێنێکی لەبـاری بۆ ئاوێتە بوونی شارستانییەت و ئایینە هەمەچەشنەکان ئامـادە دەکـرد و هـەر وەک دیتمان فەلسەفەی یۆنـان لەگـەڵ شـەریعەتەکانی ڕۆژهـەڵاتیی لێکـدرا و ئاکامی چەشناوچەشنی لێکەوتەوە.[٧٣] لە دێرزەمانەوە بڕوا و بـاوەڕی ئێرانـی و سامی لە مەڵبەند و ناوچەی ئارامییەکانی دووچۆمـان (بـین النـهرین) تێکـەڵاو ببوو. توخمێکی تازەی کە لێرەدا ڕەنگی دایەوە، پەرستنە ڕازمەندەکانی خەڵـکی ئاسیای بچووک بـوو. بـیروڕای فەلسـەفی یۆنـان و تێـڕوانینی کیمیاگـەران و سێحربازانیش تێکەڵی ئەم حەوتریگەیە بوو. هەست و بۆچوونەکانی نەبـەدی و دەروونیی و هۆکارەکانی سروشتی کە ئەم هۆز و تۆرەمانە دەیانپەرستن، نـاوی یۆنانییان بە سەردا بڕا. ئوستوورەکانی یۆنانی و بابلی و ئێرانی تێکەڵاو بوون و قارەمانانی ئەفسانەکانی ڕۆژهەڵاتی لە جڵوبەرگی خودایانی یۆنـانیدا خۆیـان حەشار دا. باوەڕ بە دوو دنیای لێکجیاواز، یەکیان دنیای چاکە و ئەویتر خراپە یان جیهـانی تیشـک و تـاریکی و بـڕوا بـە بەهەشـت و دۆزەخ و ڕۆژی ژمـار و نوێبوونەوەی جیهان و باوەڕ بە پێکەوەبەسترانەوە و پەیوەندیی گشتیی لە نێو ڕیزەکانی مرۆڤ و هێزەکانی ئاسمانی و تەواوی ئـەم باوەڕانـەدا کـە تایبـەتی ئایینی مەزدایی ئێران بوون، خزایە نێو بیروڕای ئایینی ئاسـیای بـەرایی. ئـەم وردەکارییانەمان لەو ڕێوڕەسمە ڕازمەندانـەوە بـۆ دەردەکـەوێ کـە مریـدانی ئاگادار ئەنجامیان داوە و لەسەر ئەو بۆچوونە سوور بوون کـە بـەگوێرەی ئـەو کۆمەڵە ڕێنوێنییانەی خودا ناردوونی و نەهێنییـەکـەی لـە کتێبـە پـڕ ڕەمـز و ڕازەکاندا نووسراوە، مرۆڤ دەتوانێ لە ڕێی ڕاز و نیـاز و پەرسـتنی تایبـەت و وەرگرتنی نەهێنییە دیاریکراوەکان بگاتە لای خوای خۆی. کاکڵ و نێوەرۆکی ئەم کتێبانە کە هیچ کەس جگە لـە زانایـانی ئـایینی نەیـدەتوانی ڕەمـز و ڕازیـان هەڵـێنێتەوە، تێکـەڵاوێکن لـە بـیر و بـاوەڕی میسـری و ئێرانـی و کلـدانی و یەهوودی.[٧٤] چەند کتێبێکی سـاختە بـە نـاوی «زەردەشـتی ئاگرپەرسـت» بـەڵاو کرایەوە و بڕەوی پێدرا[٧٥] و لە هێندێک شوێن کە «ئایینی زەردەشت» لەگەڵ بیر و باوەڕەکانی تر تێکەڵاو ببوو، بە زەردەشـتیان دەگـوت «ڕزگایـدەری تۆرەمـەی مرۆڤ». ئایینە «دەروونی»یەکانی ئەم قۆناخـە تایبـەت نـەبوون بـە هـەرێم و نەتەوەیەکی دیاریکراو و وایاندەنواند و دەیانگوت کە دینی سەرەکی ئـادەمیزاد

لای ئەوانە و تێکڕای ئایین و مەزهەبەکانی نێو جەماوەر بە شێوەیەکی ناتەواو هەڵگری هێندێک لەو ڕاستییانەن. [٧٦]

لە سەدەی دووەمی زایینیدا ئایینی «گنۆستیکی» لە وڵاتی ڕۆم گەشە و پەرەی سەند. [٧٧] بێگومان بەر لەم زەمانەش بیر و باوەڕی گنۆستیکی لە ئارادا بووە، چونکە لە نێو جووەکانی ئەسکەندەرییەش ئەم بڕوایە پنجی داکوتاوە. بەڵام سەرچاوەی ئەم ڕێبازە کەوتۆتە نێو تاریکایی ڕۆژگارانی هەمەڕەنگ. لە سەدەی دووەمڕا بەرەودوا «گنۆستیکەکان» بە مەبەستی سەلماندنی وتە و بۆچوونەکانی خۆیان پشتیان بە کتێبە پیرۆزەکانی عیسایی دەبەست. ڕێبازی «بازیلید» و «والانتین»و «مەرقییوون» و ئەو سۆفیگەرییەی کە «ئۆفیت»ەکان و «ناسێن»ەکان و «ئێلکزائیت»ەکان هێناویانن، چەند نموونەیەکی ئەم ڕەوت و ڕێبازانەی گنۆستیکین کە لە داب و نەریتی ئایینی و بیر و باوەڕدا پێکەوە جیاوازن[٧٨]، بەڵام دیسانیش سەرەڕای ئەم ناکۆکییانە ڕەوتێکی فکریی هاوبەش لە نێو هەموویاندا خۆی حەشار داوە.

سەرەتا دەبێ «دووانەپەرستی» بخرێتە بەرباس. بەڵام جیاوازی هەیە لە نێوان دووانەپەرستی مەزدایی و دووانەپەرستی گنۆستیکیدا. بەپێی باوەڕی مەزدەیەسناکان هەرکام لەم دوو سەرچاوەیە زۆر جاران هەم ماددین و هەم مەعنەوی. بەڵام بەپێچەوانە گنۆستیکەکان جیهانی ڕووحیان ڕێک بە جیهانی ڕووناکی (تیشک) و جیهانی ماددەیان تەواو بە جیهانی تاریکی زانیوە. لە ئاکامی ئەم جۆرە باوەڕانەوە سەبارەت بە جیهان، ڕەشبینی بۆ سەر ماکەی سەرەکی ئافراندن بڕەوی پەیدا کرد و پەیڕەوانی ئەم بیروڕایە ڕوویان کردە ڕەوتی دەس لە دنیا بەردان و دووڕەپەڕێزی.

بەپێی گوتەی ئەم تیرەیە، خودا کەوتۆتە ئەوپەڕی جیهانی بەرهەست و تەنانەت لەوڵای جیهانی ئەقڵیشەوەیە. پەروەردگار باوکێکە سەرتر لە ناو و نیشان و گومان و بیری ئادەمیزاد ناگاتە داوێنی گەورەیەتی. دنیا بە هۆی ئەو تیشکە نەبڕاوانەی کە لە گەوهەری بوونی ئەم خوا سەرەکییەڕا هەڵدەستن و دەپڕژێن بەدی دێ و پلەی ئەم تیشک و درەوشانەوانە بەرەو خوار و نەزمی دەچێ، یانی هەرکام لە تیشکەکان لە چاو ئەوی پێش خۆیان تروسکەیان کەمترە، هەتا سەرەنجام دەگاتە سەر جیهانی ماددی، کە ئاخرین ڕووناکی و

ناپاکترینی هەمووانە. بەڵام لەم جیهانە ماددییەدا دنەی ئەوینێک هەیە کە دەیکێشێتەوە بۆ لای ماک و سەرچاوەی خودایی. ماددە واتە جیهانی جەستە بنە و بنکەی خراپەیە. بەڵام ئەو بروسکەی خوداوەندی کە لە سرشتی مرۆڤا بە ئەمانەت داندراوە، ڕێگەی ڕزگاری پێ نیشان دەدا و دەستی دەگرێ و بە نێو ئەستێرە و ئاسمانان‌دا دەیگێڕێ و دەیگەیەنێتە جیهانی نوور. ئەمە بوو بنەمای بیر و باوەڕی گنۆستیکەکانی دوایی سەبارەت بە ڕایەڵوپۆی جیهان. «مرۆڤ» یان «یەکەمین مرۆڤ»یان بە نیوەخودایەک دەزانی و وادیارە ئەم چەمکەیان لە ئوستووڕەکانی یۆنانی وەرگرتبوو.[٧٩] هێندێک لە گنۆستیکەکان یەکەمین مرۆڤیان بە «باوکەئادەم» داناوە و دەستەیەکیش بە مەسیحی نەمریان زانیوە و تاقمێکیش لایان وابوو کە توخم و جەوهەری مرۆڤ پەڕیوەتە ناخی «ئادەم» و پاشان لە سەر قەڵافەتی مەسیح گەڕاوەتەوە. ئەوە یەکەم بە وەلەدبووی خوای مەزن کە دابەزیوەتە سەر ماکە و پێیا ڕۆچووە و بۆتە گیانی جیهان. ئەویان بە نیوەخودا و عەقڵ و وشەش ناودێر کردووە. بە سازبوونی ئەم ئادەمیزادە ڕێچکەی شۆڕبوونەوە بۆ سەر مادە دیاری داوە و لە ڕێی وێڕا ململانی و تێکۆشان بە مەبەستی ڕزگاری ئەنجام دەدرێ، بەڵام ڕزگاری مسۆگەر نابێ مەگین بە خواست و ویستی خودایی.

هەر لێرەوەیە کە لە تەواوی کتێبەکانی گنۆستیکی‌دا بەڵێنی پەیدابوونی ڕزگاریدەرێک دراوە و هەر ئەم باوەڕە بوو کە گنۆستیکەکانی کردە پەیڕەوی دینی مەسیح، چونکە عیسایان بە ڕزگاریدەری بەڵێندراو داناوە.

دەستەیەک لە لکوپۆپەکانی گنۆستیک پێیان وایە کە عیسا ڕزگاریدەری «سۆفیا»یە لە بەند و داوی ماددە. مەبەست لە سۆفیا «ئاوەزی ئاسمانی»یە کە کەوتۆتە ماددەوە. ڕێڕەوانی مەزەبی «والانتینی» لە سەر ئەو بڕوایە بوون کە لە نێوان خودای ڕزگاری ناودێر بە «سۆتێر» و سۆفیادا زەماوەند کراوە و بە یاد و بیرەوەری ئەم ڕووداوە دەیانکردە «جێژنی پەردووی بووکان». ئەو ئوستووڕە و چیرۆکانەی کە سەبارەت بە ئافراندنی جیهان سازکراون، هەموویان بە مەبەستی لێکدانەوە و شیکردنەوەی ڕێوڕەسمەکانی ئایینی بوون. بەڕێوەبەرانی ئەم ڕێوڕەسمانە لە مەودای ڕاپەڕاندنی ئەرکەکانیان‌دا تەواوی ئەو کێشمەکێشمە بەربڵاوەیان بە چاوی خۆیان دەدی کە تێکڕای ئافەریدەکان بۆ

قوتار بوونیان شانیان تێوەداوە؛ دەیانبینی کە لە ڕێی ماریفەتەوە چلۆن ڕزگاری مسۆگەر دەبێ و زنجیرەکانی ماددە هەڵدەپسێن. عیرفان زانستی حەقیقەیە نەک زانستی فکری؛ زانستێکە کە لە ڕێی دڵەوە و بە ڕێچکەی پێگەیشتن و قوڵبوونەوە و دۆزینەوەدا دەس دەکەوێ و ڕێگاکەی سەرنجدانە ناخ و دروون و دیتنی حەقیقەتە بە چاوی دڵ و مرۆڤ دەگەیەنێتە پلەی بااڵی زانیاری و لە سەرینچاوەیەکی تازەدا بە وەلەدی دێنێتەوە. بە گوتەی شئایدێر ماریفەت (گنۆسیس) [80] زانستی حەقیقییە و لەبەروەی ڕەوایە مرۆڤ ڕزگار دەکا.

زۆربەی گنۆستیکەکان کە زۆروکەم ئاگاداری ڕێبازیانین، خەڵکی هەرێمەکانی ڕۆژهەاڵتیی وااڵتانی ڕۆم بوون. یەکێک لە لقوپۆپەکانی گنۆستیکی دووچۆمان و بابل تاقمی «ماندایی»ن[81] کە لە کتێبەکانی عەرەبان‌دا ناویان ناون «موغتەسێلە» و بە یەکێک لە سەرچاوەکانی ئایینی مانەوی حیسابن. [82] عەرەب تەواوی دەستە و تاقمەکانی گنۆستیکی ڕۆژهەاڵتیان کە بیر و بڕوایان لە ڕۆژگاری ئیسالمیش‌دا[83] بەروی بووە، بە «حەنیف» یان «سائیبی»[84] ناوبردوون.

لە دەورانی زاڵ بوونی یۆنانییەکان‌دا ئایینی «بووداییی» لە ناوچە و هەرێمەکانی ڕۆژهەاڵتی ئێران بەروی پەیدا کرد. «ئاشۆکا»ی پادشای هیند کە لە نیزیک ساڵی ۲۶۰ی بەر لە زایین دینی بووداییی قبووڵ کردبوو، چەند پیاوێکی ئایینی نارد مەڵبەندی گەندارە (دەڕەی کابوڵ= قەندەهار) و باختەر. پادشایەک بە ناوی «ئەگاتۆکل» لە نیزیک ساڵانی ۱۸۰ تا ۱۶۵ پ.ز لە ڕەخج و زەرەنگ فەرمانڕەوایەتی کردووە و چەند سکەیەکی لێداوە کە وێنەی بووداییان لە سەرە. لە نێوەڕاستەکانی سەدەی دووەمی بەر لە زایین، ناکۆکی و جیاوازی بیر و باوەڕی بووداییەکانی باکوور و باشوور بوو بە هۆی دووبەرەکی و لاواز بوونیان. بووداییەکانی باشوور کە بە خۆیان دەڵێن «هینەیانە» (کەشتی بچووک = لۆتکە) زیاتر لەسەر پێوشوێنی بوودا دەڕۆیشتن، بەاڵم بووداییەکانی باکوور کە خۆیان بە «مەهایانە» (کەشتی گەورە = پاپۆڕ) ناودێر دەکەن، تێکەڵەیەکی دینەکانی هیندییانیان وەرگرت و بە پیر بیر و باوەڕی هەموانیی جەماوەرەوە چوون. شەریعەتی بوودا لەسەر شێوازی مەهایانە ڕووی کردە خاک و هەرێمەکانی ئاسیای ناوەندی. فەرمانڕەوایەک بە ناوی «کانیشکا» ئەنجومەنێکی لە زانایان کۆکردەوە و کۆڵەکە و بنەما سەرەکییەکانی

مـەزەبی مەهایانـەی سـەقامگیرکرد و بـە یاسـاکانیدا چـۆوە و بـە زمـانی «سەنسکریت» نووسییەوە.

بـووداییـەکان لـە چەرخـەکانی سـەرەتای زایـینیدا لـە هەرێمـەکانی گەندارە(قەندەهار) دێر و پەرستگەیەکی زۆریان سازکرد. ئەمڕۆ لە نێـو کـاول و هەرەسـەکانی ئـەو پەرسـگایانەدا نەخشـی هەڵـکەندراویان لەسـەر شـێوازی تێکەڵاوی یۆنانی و هیندی دۆزیوەتـەوە کـە چەنـد دیمـەنێکی ژیـانی بـوودا و ڕوخساری «بۆدیسەتوە» ، واتە بووداکانی داهاتوو خـۆ دەنوێنـێ. پیشەسـازی گەندارە لە سەدەی چوارەمدا گەیشتە چڵەپۆپەی گەشە و نەشەی خۆی. [۸۵] وادیارە کۆنترین وێنەگەری و شێوەکاری بووداییە کە لەسەر شێوازی تێکەڵەی یۆنـانی و هیندی کێشراونەوە و بەم دواییانە لە ترکستانی چین دۆزراونـەوە ، سـەر بـە سەدەی سێهەمن.[۸۶] لە «بامیان»ی ڕۆژاوای کابول چەنـد پەیکەرەیـەکی گـەورەی بووداهەیە کە لە کێویان دابڕیون. لەو ڕەفانەدا کە ئەم پەیکەرانـەیان تێدایـە ، چەند وێنەیەک وەبەرچاو دێن کە زۆر وەک شێوازی ئەو نەخش و نیگارانە دەچن لە ئاسیای ناوەندی دۆزراونەوە و لە هێندێک بارانیشەوە وەک نەخش و شەقڵی بەردەنووسەکانی ساسانی سەردەمی شاپووری یەکەم وان. [۸۷]

لە گەشتنامەکەی «هیوون تسیانگ»ڕا دەردەکەوێ کە هەتا سەدەی حەوتـەمی زایینی دێرەکانی بـووداییلـە ئێـران تێکنـەدراون و هـەروەها کۆمـەڵانێک لـە پەیڕەوانی دینەکانی دیکەی هیندیش نیشتەجێی هەرێمەکانی ڕۆژهـەڵاتی ئێـران بوون. [۸۸]

۴ - زمانەکانی ڕەمەکی و زمانەکانی ئەدەبی

زانین و زانیارییەکانی ئێمە سەبارەت بە زمانی ئەشکانی و ساسـانی کـە بـە «زمانە ئێرانییەکانی نێوەڕاست» ناودێر کراون ، لە ئاکامی ئەو ئاسەوارانەی کە لەو ۲۵ ساڵەی دواییدا لە ترکستانی چین دۆزراونەوە گەلێک تەنەوەی کـردووە. چەند شاندێکی زانستی کە چوونە ئەو ناوچانە ، گەلێک شـوێنەواری ئـاییننی و فەرهەنگییان وەچنگ هێناوە کە بە زمان و وشەی چەشناوچەشـن نووسـراون و هەتا زەمانی دۆزرانەوەیان زانایان کەمتاکورتێکیان لێ زانیون و سـەبارەت بـە هێندێکیان هەر ئاگا و خەبەرداریش نەبوون. [۸۹]

ئەو ئاسەوارانەی کە ئەم شانداندە دۆزیویانننەوە، بەشێکن لە شوێنەوارە ئەدەبییەکانی بووداییەکان و مانەوییەکان و مەسیحییەکان و بە واژەی سەنسکریت و چینی تەبەتی و ئوویغووری و پەهلەوی و سوغدی و سەکایی و تۆخاری نووسراون و هەرکامەیان لە لایەن پسپۆرانەوە کەوتوونە بەر لێکۆڵینەوە و تاوتوێ کردن، بەڵام هێشتا بەشی هەرە زۆریان چاپ و بڵاو نەکراونەوە.

بەر لە دۆزرانەوەی ئاسەوارەکانی ترکستانی چین، لە بنەماڵەی زمانە ئێرانییەکانی نێوەڕاست تەنیا دوو زمان ناسرابوون: یەکیان «پەهلەوی ساسانی»یە کە لە باشووری ڕۆژاوای ئێران (پارس)دا بڕەوی بووە و بە زمانی ڕەسمیی ساسانییەکان داندراوە؛ ئەویتریان ئەو زمانەیە کە لە هێندێک بەردەنووسی پاشایانی سەردەمی ساسانیدا، شانبەشانی ئەو زمان و ڕێنووسە پەهلەوییەی باسی کرا هەڵکەندراوە و لە پێشدا زانایان پێیاندەگوت زمانی کلدانی پەهلەوی کە ناوێکی ئەوتۆ مناسب نەبوو. «ئاندرەئاس» ئەم زمانە تازەی بە «پەهلەوی ئەشکانی»، کە زمانی ڕەسمیی بارگای پارت بووە ناساندووە. ئەم دوو زمانەیان بە ڕێنووسێکی وەرگیراو لە ئەلفوبێی ئارامی نووسیوە بە هێندێک جیاوازی لە شکڵی پیتەکاندا. ئاسەوار و بەرهەمە ئایینییەکانی چەرخی ساسانییەکانیان بە زمانی پەهلەوی ساسانی دەنووسییەوە، بەڵام ئەوەی ئەمڕۆ وەک پاشەوار بەجێماون، ڕوونووسی دەقەکانی پاش سەرهنخوون بوونی دەوڵەتی ساسانین کە هەڵە و پەڵەیەکی زۆریان تێکەوتووە. زۆرینەی پیتەکانی پەهلەوی بە چەند جۆر دەخوێندرێنەوە. بۆیە توێژەران لە خوێندنەوەی ئاسەوارە کۆنەکاندا تووشی هەڵە و دووڵی بوون. هەروابێتەوە زۆرێک لە وشەکانیان تەنانەت لە مانای باو و بڕەوداری خۆیاندا بە «ئایدیۆلۆژیم» (نەخشیئەندیشە) و نیشانەگەلی ئارامی دەنووسین، واتە لەبری هێندێک وشە لە نووسیندا واژەی ئارامییان دادەنا، بەڵام لە خوێندنەوەدا بە زمانی پارسی دەیانخوێندنەوە. تەنیا دوا بە دوای چەند «ئایدیۆلۆژیمێک»دا، بەتایبەت لە فێعلەکانا، نیشانەگەلی ئێرانییان زیاد دەکرد.

لە ترکستانی چین لە ناوچەی تۆرفان گەلێک شوێنەواری دینی مانەوییەکان وەدەس هاتن کە بە خەتی سۆریانی ناسراو بە «ئێسترانژێلۆ» بەبێ ئایدیۆلۆژیم

و لێکدانەوە، نووسراون و هەموو وشەکانیان پاک و پاڵاوتەی ئێرانین. ئاندرەئاس خێرا تێگەیشت کە هەردک زمانە پەهلەوییەکەی پێشتر باسیان کرا لەم دەقانەدا وەبەرچاو دێن. بەڵام «موولێر» کە یەکەم کەسە ئێرانی بوونی ئەم دەقانەی ڕوون و سوور کردۆتەوە و بۆ هەوەڵ جار پوختەیەکی لێ بڵاو کردووەتەوە[۹۰]، هەروەها پاشان «زالمان» کە سەرلەنوێ کورتە و پوختەکەی موولێری بە پیتی عیبری لە چاپ دایەوە و فەرهەنگۆکی لێ زیاد کرد، [۹۱] هیچکامیان دروست بۆ دوو زمانەکەی پێشوو نەچوون. جیاوازی سەرەکی ئەم دوو زمانە پەهلەوییە سەرەتا لە لایەن ئاندرەئاسەوە خرایەڕوو[۹۲] و پاشان «تێدێسکۆ»[۹۳] بە لێکدانەوە و شیکردنەوەیەکی زیاترەوە سەلماندی و ئۆبالّی بۆ کێشا. زمانی ئەشکانی لە بنەماڵەی زمانەکانی ناوەندیی ئێرانە، کە ئێستا بنلەهجەی پارێزگاکانی لێواری دەریای «خەزەر» و سمنان و بنلەهجەکانی مەڵبەندەکانی کاشان و ئیسفەهان و زاراوەی «گۆرانی» و چەندێکی تر دەگرێتەوە.

ئەم دوو زمانە کە پتر بە ناوی شێوەزارەکانی باکووری یا باکووری ڕۆژاوایی و ڕاوێژی باشووری ڕۆژاوایی ناسراون، ئەمڕۆکە زۆر بە وردی پێداچوونەوەیان لەسەر کراوە و کەلێن و قوژبنی ڕێزمان و ڕێنووسیان خراوەتەڕوو. ئەم زانیارییە وردانە زانایانی زمانناسی یاریدە داوە و سەری خستوون کە ڕادەی کارتێکردنی زمانی ئەشکانی لە ساسانیدا ڕوون بکەنەوە و دیارە کە شوێندانانی زمان نیشانەی کارتێکردنی شارستانییەتی ئەشکانییە لەسەر ژیارمەندێتی ساسانی. گەلێک وشەی بواری چەمکەکانی ئایینی و سیاسی و کۆمەڵایەتی، یان ناوی چەکوچۆڵ و ئامرازەکانی پەیوەندی و زاراوەکانی پزیشکی و گوتەی ئاسایی و تەنانەت هێندێک فێعلی باو کە لە زمانی ساسانی و فارسی ئەمڕۆشدا برەویان هەیە، شکڵ و شێوازی ئەشکانی خۆیان پاراستووە. [۹۴] زۆرێک لەو بابەتە دەگمەن و ناوازانەی کە لە دەنگناسیی فارسیدا هەن و بەپێچەوانەی ڕێسا دادەندرێن، لە ئاکامی کاریگەریی و کارتێکردنی وشەکانی زاراوەی باکووریی لەسەر واژەکانی زمانی باشووری ڕۆژاوایی کە پاش ئەنگووتنی ئەستێرەی ساسانییەکان بوو بە زمانی ڕەسمیی وڵات. [۹۵]

خەڵکی هەرێم و ناوچەکانی ڕۆژهەڵات بە زمانەکانی دیکەی ئێرانی دواون. لە نێو ئەو دەقە مانەوییانەدا کە باسیان کرا و بە دوو زمانی پەهلەوی نووسراون،

لە تۆرفان چەند ئاسەوارێکیان دیتەوە کە ئاندەرئاس بە زمانی سوغدی پێناسەی کرد. وەختایەک کە چەند بەشێکی ئینجیل بە زمانی سوغدی دۆزرایەوە، خوێندنەوە و تێگەیشتنی ئەو ئاسەوارانە هاسانتر بۆوە. پاش ماوەیەک دەقی بوودایی وەچنگ هاتن کە بە سوغدی کۆن نووسرابوون و زانایان تێگەیشتن کە زمانی سوغدییەکان چەندەی گرینگایەتی بووە. جارێ لە ناوچەی «یەغنۆب»ی پامیر لەهجەیەک برەوی هەیە کە بە پاشماوەی سوغدی کۆن دادەندرێ. بەپێی بۆچوونی «گۆتیۆ» لە سەرەتای مێژووی مەسیحیدا «زمانی سوغدی شانبەشان و بە درێژایی هێڵێک لە باو بوو کە لە دیواری چینەوە هەتا سەمەرقەند و تا ڕۆژاوا ڕادەکشا.» زمانی سوغدی لە ماوەی چەند سەدەیەکدا لە ئاسیای ناوەندی بە زمانی نێونەتەوەیی دادەندرا و هەر لە ڕێی ئەم زمانەوە بوو کە کتێبەکانی مانەوی و بوودایی تەنانەت لە نێو هۆزە ترکەکانیشدا بڵاو بوونەوە و برەویان پەیدا کرد. [۹۶]

بێجگە لەمانەش لە کۆلێنەوە و توێژینەوەکانی ترکستانی چیندا چەند دەقێکی بوودایی وەدەس هاتن کە بە دوو زمانی سەکایی و تۆخاری نووسرابوون و هەتا ئەو دەمی کەس بە سۆراغیشی نەزانیبوون.

سەکایی[۹۷] زمانی ڕەگەزی هیندوسەکایی و لە بنەماڵەی زمانەکانی ڕۆژهەڵاتی ئێرانە کە ئەمڕۆ ڕاوێژی ئەفغانی (پەشتوو) و چەند لەهجەی پامیری وەک «سریکۆلی شوغنی» و «وەخی» و بەشێکی تر دەگرێتەوە. بەڵام بە بڕوای «موولێر» و «زیگ» و «زیگلینگ» و «میە» زمانی تۆخاری لە بنەچەکەی زمانەکانی هیند و ئوروپایی‌یە، بەڵام ئاریایی نیە. سەیر ئەمەیە کە تۆخاری لە تاقم و تۆرەمەی ئەو زمانە هیند و ئوروپاییانەیە کە پێیاندەڵێن «چینی کێنتۆم» و لە زمانی «ئیتالی» و «کێلتی» (سێلتیک) نیزیکە. [۹۸]

لە نێو واژە و ڕاوێژی سامیدا هەر لە کۆنەوە زمانی ئارامی لە سەرانسەری ئاسیای بەرایی‌دا تەواو پەرەی سەند و لە دەرک و دیوانی پادشایانی هەخامەنشی‌دا قسەی پێدەکرا و چونکە خەتی بزماری جگە لە بۆ نووسینی بەردەنووسەکان، لە نووسینەکانی دیکەدا بە سانایی دەکار نەدەکرا، هەخامەنشییەکان خەتی ئارامییان وەرگرت و تەنانەت ئەو بەڵگەنامانەش کە بە واژەی پارسین، بەو خەتەیان نووسیون. سەرچاوەی خەتی پەهلەوی و ئەم دابە

که وشەکانیان بە ئارامی دەنووسی و مانا فارسییەکەیان بە زمانەوە دێنا، دەگەڕێتەوە ئێرە. [99]

لە سەردەمی ساسانییەکانەوە زمانی ئەدەبی ئەو مەسیحییانەی کە لە ڕەگەزی سامی و دانیشتووی ووڵاتی ئێران بوون، سۆریانی بوو کە سەرچاوەکەی شاری «ئۆدێسا»یە.

کۆچەرانی یۆنانی کە بە حوکمی ئەسکەندەر و جێنشینانی لە خاک و قەڵەمڕەوەکانی ئێرانا نیشتەجێ بوون، هەتا ماوەیەکی درێژ بە پارێزەری زمانی یۆنانی دادەندران. پادشایانی ئەشکانی سەبارەت بە زمان و ئەدەبیاتی یۆنانی سۆزێکیان دەنواند، کە بڕێکی بەئانقەست و بەڕواڵەت و بە مەبەستی وەبەرچاو گرتنی «باو»ی ڕۆژگار بوو.

نازناوی فیل هێلێن (یۆناندۆست) کە میتریداتی یەکەم (مێهرداد) هەڵیبژارد، تەواوی ئەوانەی کە بە دوای‌دا بوونە پادشا ئەو دابەیان کوێر نەکردەوە و چەند ناو و نیشانی یۆنانی دیکەشان لەسەر سکەکانیان دەنووسی، وەک: «ئووئرگێتێس» (چاکەکار) و «دیکایۆس» (دادپەروەر). شکڵ و شێوەی سکەکانی ئەشکانی لە چاخی یەکەمی دەسەڵاتیان‌دا تەواو یۆنانی بوو. «ئەرد»ی یەکەم پاش ئەوەی بە سەر «کراسووس»دا سەرکەوت، فەرمانی دا «باکشیدێس ئێراوێرییپید» بە زمانی یۆنانی بخەنە سەر شانۆ. چەند بەردەنووسێکی پادشایانی ئەشکانی کە بە زمانی یۆنانی نووسراون، هێشتاش ماون. وردەوردە یۆنانچێتی باوی نەما و کوێر بۆوە. بەتایبەت پاش سەدەی یەکەمی زایینی کە دەڵێی چەرخی ژیانەوە و بووژانەوەی شارستانییەتی ئێرانە. شکڵ و شێوازی سکەکان لەسەر بیچمی یۆنانی نەمان و خەتی پەهلەوی شانبەشانی یۆنانی کە ڕۆژ بە ڕۆژ پڕ هەڵەتر و خراپتر دەبوو، نووسرا. بەڵام دیسانیش دەکار کردنی زمانی یۆنانی لە چەند ناوچە و هەرێمێکی ووڵاتی ئێران بنەی نەبڕا و مایەوە و یەکەمین فەرمانڕەوایانی خانەدانی ساسانی شانبەشانی ئەو دوو زمانە پەهلەوییەی پێشتر باسیان کرا، هەتا ماوەیەک لە هێندێک بەردەنووسیان‌دا زمان و خەتی یۆنانییان دەکار دەکرد.

پەڕاوێزەکان

١ ـ لە گاساکانـدا ئەم چوار یەکەیان ئاوا نووسـیوە: دێمانـە، (dəmâna)، ڤـیس (Vis) شوسیرە (Šōiθra) و دەهیوو (dahyu) بە قەڵەمی (A. Mellet)، سێ کـۆنفراس سـەبارەت بـە گاسـەکانی ئەڤێسـتا، پـاریس، ١٩٢٥، ل٢٣). هـەروەها بـەگوێرەی بێنوێنیسـت (E. Benveniste) ئەندامەکانیان ئاوا ناوبراون: خوەئیتوو (Xvaêtu) ڤەزێرنا (Vərəzənâ) ئائیریمەن (airyaman) و دەهیوو؛ چونکە وادیارە ئەم دوو دەستە ناوە سەر بـە بنـەمای دابەشینی زەوی‌وزار و کۆمەڵایەتی بوون. بێنوێنیست، چینەکانی کۆمەڵایەتی بەگوێرەی گێڕانەوەکانی ئەڤێستایی، گۆڤاری ئاسیایی، ١٩٣٢ ل ١٢٤ بەرەودوا.

٢ - بڕوانە: ڕاپۆرتێـک کـە ئانـدرەئاس (F. C. Andreas) داویـەتی بـە سـێزدەهەمین کۆنگرەی ڕۆژهەڵاتناسان، ل ٩٦.

3. Pseudo - smerdes.

٤ - بڕوانە: میر، مێژووی چاخی کۆن، ب٣، ٦١ - ٦٢ و کریستێنسێن، ئێرانییـەکـان (کۆمەڵە بەرهەمی زانستی دێرینەناسیی).

Arth. Christensen, Die Iranier (Handbuch der Altertum swissen schaft. III,I,3).

٥ - کۆپلەی M .472 - M .473.

٦ - بـەگوێرەی گێڕانـەوەی ئوونـاپیووس، چـاپی دینـدۆرف، ل ٢٢٢، حـەوت پیـاو «ئەرشەک»یان بردە سەر تەختی دەسەڵات.

٧ - سوورێنێ کە کراسووسی بەزاند، بەناوبانگە. تاسیتووس لە ڕووداوەکـانی سالّـی ٣٢ی زایینی‌دا، باسی کەسێکی تر دەکا هەر بەم ناوە؛ سالّـنامەکان، کتێبـی٦، بەنـدی ٤٢، بەراورد بکرێ لەگەڵ هێرتسفێڵد، ڕاپۆرتی لەمێژین، ب٤، ل٧٠ و دواتر. کەسـێک بە ناوی قارێن لە سالّی ٥٠ی زایینی‌دا لە شەڕەکانی گۆدەرز و مێهرداوە گـلاوە و بـەرز نرخێندراوە؛تاسیتووس، کتێبی١٢، بەندی١٢؛ هێرتسفێڵد، ڕاپۆرتی...، ل ٦٤ بەرەدوا.

٨ - پلۆتارخێس، کتێبـی کراسـووس، بەنـدی٢١ و هـەروەها بـەراورد بکـرێ لەگـەڵ یووستینووس، کتێبی ٤١، بەندی ٢.

٩ - پارتەکان قۆشەنێکی پازدەهەزار کەسییان بردە شەڕی ئانتوان کە چوارسەد کەسیان پیاوانی سەربەست بوون، یووستینووس، کتێبی ٤١، بەندی٢.

نگەی ژین
www.zheen.org

١٠ - ڕەنگە ئەمە هەر تەواو بەهەڵکەوت نەبووبێ کە هەرێمی پارت کە بە یەکەمین ناوەندی دەسەڵاتی خانەدانی ئەشکانی دادەندرا، لەو زەمانێدا پتر لە تەواوی ناوچەکانی دیکەی ئێران پارچەپارچەتر ببوو. بە گوتەی ئێزیدۆر خاراکسی ئەم «ساتراپ» (هەرێم)ە کرابوو بە شەش کوتەوە و شەش حکوومەتی هەبوو. یەکیان لەوان «هیرکانی» بوو کە وادیارە بە پاوانی پشتاوپشتی خانەدانی «گیو» دادەندرا کە یەکێک لە کوڕان یان نەوەکانی بە ناوی گۆدەرز بوو بە فەرمانڕەوا. ئەم گیوە وا دیارە سەر بە یەکێک لە بنەماڵە پلە بەرزەکەکانی ولات بووە. بڕوانە هێرتسفێڵد، ڕاپۆرتی لەمێژین.

١١ - پۆلینیووس، مێژووی سروشتی؛ کتێبی۶، بەشی ٢۶.

١٢ - ئەم زاراوەیە لە «بۆندەهێشنی ئێرانی»، چاپی ئەنکلساریا، ل ٢١۴ و کارنامگدا وەبەرچاو دێ. بڕوانە کتێبی بارتۆلۆمە سەبارەت بە لەهجە ئێرانییەکانی نێوەڕاست، ب ٣، ل ٣۵.

١٣ - کتێبی ۴٢، بەندی ۴، کۆپلەی١.

١۴ - ئێسترابوو، کتێبی ١١، بەشی ٩؛ یووستینووس، کتێبی ۴١، بەندی ٢، کۆپلەی٢.

١۵ - ئێسترابوو، کتێبی ١١، بەشی ٩.

١۶ - ئێسترابوو دەڵێ: هەمیشە ئەم دوو ئەنجومەنە فەرمانڕەوایان هەڵدەبژارد. بە بڕوای من مانای ئەمەیە کە لە پێشدا کۆڕی ڕاوێژکاری خزمان (سەنا = پیران = مەزنان) پادشای دیاری دەکرد و پاشان ئەم هەڵبژاردنە لە ئەنجومەنی زانایان و موغانداپەسند دەکرا.

١٧ - «وەلەرشەک» شکڵی ئەرمەنییانەی «ڤۆلاگاز»ە بە پاشگری «ەک»ەوە. لە ڕاستیدا سەرگەلەی زنجیرەی خانەدانی ئەشکانی ئەرمەنستان «تیریدات»ی بۆ «ڤۆلاگاز»ی یەکەمی پادشای پارت بووە. تیریدات لە ساڵی ۶۶ی زایینیدا «نێرۆن»ی قەیسەری ڕۆمی بەڕەسمیی بە پادشای ئەرمەنستان ناسی. (بڕوانە: مارکوارت، گۆڤاری ئەنجومەنی ڕۆژهەڵاتیی ئاڵمان، ب ۴٩، ل ۶٣٩). مێژووی مووسا خۆرنی لە لایەن «لانگلوا»ڕا کراوەتە فەرانسەوی و لە کۆمەڵە وتاری مێژوونووسانی ئەرمەنستاندا چاپ و بڵاو کراوەتەوە، ب ٢، ل٨٢ بەرەودوا.

١٨ - ئەم شانەبەرزەیە لە ئێرانی ئەشکانیدا تایبەتی خانەدانی سووریێن بووە.

١٩ - «نەخەرەر» شکڵی ئەرمەنییانەی پلەیەکی ئێرانییە کە ئێمە لە ئێرانی ساسانیدا بە شێوەی «نەخوەدار» چاومان پێدەکەوێتەوە. (ئامیانووس مارسێلینووس، کتێبی ١۴، بەندی ٣ بە «نۆهۆداریس» هێناویەتی و بە هەڵە بە ناوی تایبەتی داناوە.)

۲۰ - لانگلوا، ب ۲، ل ۸۳.

۲۱ - هەمان، ل ۸۴ «نەهەپێت» و «نەخەرەر» دوو پلەی جیاوازن. بڕوانە: وتاری بێنوێنیست، ل ۷.

۲۲ - بە بڕوای ماکلێر (چوار کۆنفراس سەبارەت بە ئەرمەنستان، پاریس، ۱۹۳۲، ل ۲۰۱ بەرەودوا) لە ڕاستیدا ئەرمەنستان ڕایەڵوپۆی خانخانی و یاسا و ڕێسای «پاوانداڕەبەگی» لێ نەبوو. ماکلێر لای وایە ئەوەی کە لە مێژووی ئەرمەنستاندا ڕاستە و ڕەنگی داوەتەوە بوونی چەندین مەزنەخانەدان و سەرۆکانی گەورەی هۆزەکانە و کاری دیار و بەرچاوی پادشاکانی ئەرمەنیش بەدی هێنانی یەک دەنگی و ڕێکخستنی بووە لەگەڵیان.

۲۳ - «بدیشخ»ەکانی ئەرمەنستان، مارکوارت، ئێرانشار، ل ۱۶۵ بەرەودوا. مارکوارت لای وایە دانانی هەرێمە چوارقۆڵییەکانی، چواربالّی ولّات کاری «تیگرانی گەورە»یە.

۲۴ - بەردەنووسی پایکۆلی، هێرتسفێلد، ل ۱۵۵ - ۱۵۶.

۲۵ - بڕوانە بەشی دووەمی ئەم وەرگێڕدراوە.

۲۶ - بڕوانە «نهایةالارب» بڕاون، گۆڤاری پادشایەتی، ۱۹۰۰، ل ۲۳۲، دەڵێ: خوسرەوی یەکەم بە وەزیرەکانی خۆی فەرموو ئەگەر هاتوو ویستم حوکمێک بدەم بەپێچەوانەی داد و ویژدان، دەستم وەبەربێنن و مەهێڵن.

۲۷ - لانگلوا، ب ۱، ل ۲۳۶.

۲۸ - پێرستی دیکەش سەبارەت بە دەورانەکانی دواتر دەربارەی چۆنیەتی ڕۆنیشتن و پاڵدانەوە لەسەر خوانی پادشادا نووسراون: « ژیاننامەی نەرسی پاک». لانگلوا، ب ۲، ل ۲۵؛ « بەڵگەنامەی مەسکەو»، لانگلوا، ب ۲، ل ۲۶ - ۲۷، پەراوێز.

۲۹ - مانۆئێل فەرماندەی گشتیی، فۆستووسی بیزانسی، لانگلوا، ب ۱، ل ۳۰۵.

۳۰ - سەنەتروک (sanatruk) کە لە ڕەگەزی ئەشکانییەکان بوو، ناوی پادشایەتی لە خۆی نا، بەڵام بدیشخی مەزن بە ناوی بەکوور (Bakur) کە وەک ئەو ئاڵای ڕاپەڕین و سەربزێوی هەڵدابوو، چونکە لە خانەدانی پاشایەتی نەبوو، نەیتوانی سەری وەبەر بێنێ و پەیڕەوی لێ بکا؛ مووسا خۆرنی؛ لانگلوا، ب ۲، ل ۱۳۵.

۳۱ - مووسا؛ لانگلوا، ب ۲، ل ۱۴۸.

۳۲ - فۆستووسی بیزاسی، لانگلوا، ب ۱، ل ۲۱۷.

۳۳ - هەمان، ب ۱، ل ۲۱۷.

۳۴ - هەمان، ب ۱، ل ۲۱۷.

۳۵ - بەر لە ڕێکخستنەوەی دامودەزگای وڵات لە لایەن ئەرشەکەوە.

۳۶ - لانگلوا، ب ۱، ل ۲۲۰.

۳۷ - پلۆتارخێس، کراسووس، بەندی ۲۱ و ۲۴. مەبەستی پلۆتارخێس لە «سایری پارتییەکان» زۆربەی لەشکری سوورێنە، چونکە بێگومان وردەکاری ماددی لە چینی نەجیمزادەکاندا بڕەوی بوو. لە نەخشی سەر سکەکانا پادشایانی پارت لە مێهردادی یەکەمەوە بەڕەودوا بە سەر و ڕیش و قژی لوولەوە وەبەرچاو دێن.

۳۸ - پلۆتارخێس، کراسووس، بەندی ۳۲.

۳۹ - تاسیتووس، ئانالی ۱، بەندی ۲.

Prompti aditus, obvia comitas, ignotae parthis virtutes.

ئەو گوتە و بابەتەی کە زۆر جێی متمانە و باوەڕ نیە، لای فلاویووس فیلۆستراتووس، کتێبی ۱، بەندی ۲۷ وەبەرچاو دێ: هەر غەوارەیەکی کە پێی نابا یەکێک لە هەڕێمەکان، پەیکەرەیەکی زێڕینی پادشایان دەدایە و بە ئەستۆیان دادەبڕی کە بیپەرستێ. لێرەدا مەبەست شاری بابلە.

۴۰ - ڕازاندنەوەی سەر و کاکۆڵی هەخامەنشییەکانیش هەروا بوو. لە هەڵومەرجی گرینگی ڕەسمییدا پادشای پارت لەبری تانجی گەورەی قۆنگرەداری هەخامەنشی، تاجێکی مرواری بەندی لە سەر دەنا و هێرۆدیان (Hérodien) لە کتێبی ۶، بەندی ۲دا ناوی ناوە «تانجی دووقات».

۴۱ - فلاویووس فیلۆستراتووس، کتێبی ۱، بەندی ۳۸.

۴۲ - بڕوانە: تاسیتووس، کتێبی ۶، بەندی ۳۱.

۴۳ - فلاویووس فیلۆستراتووس کتێبی ۱، بەندی ۳۱.

۴۴ - هەمان، کتێبی ۱، بەندی ۳۸، سێنێکا (Seneca)، وتاری ۱۷.

۴۵ - فلاویووس فیلۆستراتووس، کتێبی ۱، بەندی ۳۹.

۴۶ - بڕوانە: لێکۆڵینەوە تازەکانی هێرتسفێلد، ڕاپۆرتی لەمێژین، ب ۴، ل ۱۳ و دواتر.

۴۷ - شئایدێر لە هەڕێمی ڕۆژهەڵات، ب ۲۸، ل۸۸، یادداشتی ۱ و هەروەها بەراورد بکرێ لەگەڵ بێیلی، بلاڤۆکی ڕۆژهەڵاتی، ب، ۸، ل ۸۸۳ و دواتر؛ هالۆن، گۆڤاری ڕۆژهەڵاتیی ئاڵمان، ۱۹۳۷، ل ۲۴۳ بەڕەودوا و هەروەها هێنینگ، بلاڤۆکی ڕۆژهەڵاتی، ب ۹، ل ۵۴۵.

۴۸ - به بۆچوونی هێرتسفێڵد زنجیرەی بنەماڵەی پارتەکانی سەکێستان لــە خانــەدانی سووریێن بوون. ڕاپۆرتی لەمێژین، ب ۴، ل ۷۰ بەرەودوا.

۴۹ - بە مەبەستی زانیاری زیاتر بڕوانە ئەو ژێدەرانەی خوارەوە.

ڤۆن گووتشمید، مێژووی ئێران و دراوسییەکانی

A. Von Gutschmid, Gesch. Iran undseiner Nachbarländer Tübingen,1888.

ڤۆن سالێت، جێنشینانی ئەسکەندەری گەورە لە باختەر و هیند، بێرلین، ۱۸۷۹.

پێرسی گاردنێر، سکەی سوڵتانەکانی یۆنانی و سەکایی، لەندەن ۱۸۸۵.

وارویک ڕۆس، لیستەی سکەکانی پارت، لەندەن ۱۹۰۳.

دروویێن، سکەی کووشانییانی گەورە.

Drouin. Monnasies des Grands Kouchans, Rev. numism, 1896.

هیرت، چین و ڕۆژهەڵاتیی ڕۆمی.

فرانکە، چەند وتارێک لە سەرچاوەکانی چینیڕا بە مەبەستی ناسینی هۆزەکانی ترک و سەکایی ئاسیای ناوەندی، بێرلین ۱۹۰۴.

هێرمان، ڕێگا کۆنەکانی «ئاوریشم»ی نێوان چین و شام، بێرلین، ۱۹۱۰.

ڕاپسۆن، مێژووی هیندووستان مەشهوور بە کەمبیریج، ب ۱، ۱۹۲۲.

ئێســـتن کۆنـــۆ، (sten Konow) توێژینـــەوە و خوێندوەیـــەک ســـەبارەت بـــە هیندوسەکاییەکان، ڕاپۆرتی ئاکادیمیای پرووس. (sitz. pr. AK. 1916, p. 787sqq)

موولێر، تۆخاری و کووشان، ۱۹۱۸. (stiz. pr. AK. 1918, p. 566 sqq)

ئێســتن کۆنــۆ و وان ویــک: چــاخی بەردەنووســەکانی «خرۆشــتی» هیندووســتان، (AO, III, p. 52 Sqq)

ئێســتن کۆنــۆ، چەنــد یادداشــتێک ســەبارەت بــە مێــژووی «هیندوســەکایی»، (Journal of Indian History, XII, no. I).

مێژووی پادشایانی کووشان کە زۆری باسوخواس و دەمەتەقەی لێکەوتۆتەوە، وادیارە پاش لێکۆڵینەوەی ئەم زانایانە سەرجەم ڕوون و ســوور بۆتــەوە: ئێســتن کۆنــۆ، وان ویک، هێرتسفێڵد، ڕاپۆرتی لەمێژین، ب ۴، بێرلین، ۱۹۳۲، ل ۱ - ۱۱۶، .P.PeIIiot، تۆخاریان و کووشانییان، گۆڤاری ئاسیایی، ۱۹۳۴، ل ۲۳ بەرەودوا.

۵۰ - تازەترین، بەرهەم سەبارەت بیر و باوەڕەکانی ئایینی ئیرانییەکانی کۆن، کتێبــی نیبێرگە بە ناوی «ئایینــەکانی ئێرانــی کــۆن» کــە لــەم دەســپێکەدا زۆر وەک بەڵــگە و

سەرچاوە پشتی پێبەستراوە. ماکەی سەرەکی ئەم کتێبە بە زمانی سۆئێدییە و ڕۆژهەڵاتناسی ناوداری ئاڵمانی شتایدێر کردوویەتە ئاڵمانی. بە مەبەستی زانیاری پتر سەبارەت بە بیر و باوەڕەکانی ئایینی ئێرانییەکانی ڕۆژگارانی لەمێژین بڕواننە ئەم ژێدەرانەی خوارەوە:

لۆممێل، ئاینی زەردەشت.

H. Lommel, Die Religion Zarathustras, Tübingen, 1930.

گیگێر، ئەمشاسپەندان.

B. Geiger. Die Aməša Spentas, Sitzungsberichte der wiener AKademie, 1926 .

میە، سێ وتاردان سەبارەت بە گاساکانی ئەڤێستا.

A. Meillet, Trois Conférences sur les Gâthâ de 1'Avesta, Paris, 1925.

سەبارەت بە یەشتەکان، بڕوانە وەرگێڕدراوەکەی لۆممێل.

Die Yäšt's des Awesta, übersetzt und eingeleitet Von H. Lommel.

لەم بارەوە دوو وتار بە قەڵەمی هێرتێل لە «سەرچاوە و لێکۆڵینەوەکانی هیندی و ئێرانی» و «نامیلکەکانی ئاکادیمیای ساکس»دا شایانی ورد بوونەوەن. لەوێدا نووسەر تەواوی بیر و بۆچوونەکانی خۆی سەبارەت بە «ئاگرپارانەوە» کە لە وتە و ڕستەکانی زەردەشتیدا زۆر وەبەرچاو دێن، لەگەڵ یەشتەکان پێکیگرتوون.

J. Hertel, lodo-Iranische Quellen und Forschungen, Heft 7, et Abhandlungen der sächsischen AKademie, Bd. XLI,no. VI.

بێنوێنیست و ڕێنۆو، ڤێرتێر و ڤێرسرێغنە.

بیرکەند، زەردەشت پێغەمبەری ئێران.

H. Bikeland, Zaratustea,Ieans profet, Oslo,1943.

۵۱ - نیبێرگ، دین، بەشی ۳.

۵۲ - هەمان، دین، ل ۶۵ بەرەودوا و بەتایبەت بەشی ۴.

۵۳ - هەمان، دین، ل، ۲۶ بەرەودوا.

۵۴ - بێیلی لە توێژینەوە و وردبوونەوەیەکی بەڵگەداردا لە بڵاڤۆکی ڕۆژهەڵاتیدا، ساڵی ۱۹۳۴، ل ۲۷۶ بەرەودوا، واژەی «سپێنتە» ئاوا مانا دەکاتەوە: «خاوەن دەسەڵاتێکی ئەوپەڕ سروشتی» سەبارەت بە «مینیوو» (مینوو - بەهەشت) ڕاستە کە وەرگێڕانەکەی بە زمانی فەرانسە، واتە «esprit» تەواو پڕ بە پێست نیە، بەڵام

ئەم وشەیە لە زمانە تازەکانداا هاوتای بۆ نادۆزرێتەوە. «مینیوو» ڕەنگە شتێک بێ وەک: «La pensée en action». بڕوانە: نیبێرگ، دین، ل ۱۲۰، ۱۰۲.

۵۵ - نیبێرگ، دین، ل ۸۷ بەرەودوا.

۵۶ - لۆممێل، ئایینی زەردەشت بەگوێرەی ئەڤێستا.

Die Religion Zarathustas nach dem Awesta dargestellt, Tübingen, 1930.

۵۷ - نیبێرگ، دین، ل ۱۱۴ بەرەودوا.

۵۸ - نیبێرگ، دین، ل ۱۱۴ بەرەودوا.

۵۹ - بڕوانە ئەو توێژینەوە تازانەی کە من لە نامیلکە تازە بڵاوکراوەکەمدا بە ناوی «بەشی یەکەمی وەندیداد و مێژووی یەکەمین تیرەکانی ئێرانی» نووسیومە.

Le premier Ghapitre du Vendidad et I'historie primitive des tribus iraniennes. (D. Vid. Slesk hist - fil. Medd, XXLX. 4).

بە بڕوای نیبێرگ چەشنێک لە تێکەڵ بوون و لێکدرانە کە تەنانەت لە یەکێک لە ئاخرین بەندەکانی مۆعیزەکانی زەردەشتیشدا وەبەرچاو دێ.

۶۰ - نیبێرگ، دین، ل ۳۳۶ بەرەودوا، دێمۆنۆلۆژی، ل ۲۸ و دواتر. سەبارەت بە موغەکان بڕوانە بێنوێنیست، موغەکان لە ئێرانی کۆندا. Les Mages dens I'Ancien Iran. بڵاڤۆکی ئەنجومەنی توێژینەوەکانی ئێرانی، ۱۹۳۸.

۶۱ - ئاگاسیاس لە کتێبی ۲، بەندی ۲۳ بەرەودوادا دەڵێ ئێرانییەکانی چاخی ساسانی دابیان وابوو کە مردووەکانیان لە ساردەموغاران دادەنا. هیوون تسیانگ، زیارەتکاری بوودایی چینی، تەنیا بەکورتی ئەوەمان دەخاتەوە بیر کە ئێرانییەکان پتر مردووەکانی خۆیان دەس لێبەرداوە، (بیل، ۲، ل ۲۷۸).

ئینۆسترانتزێف نامیلکەیەکی سەبارەت بە هەڵوێست و جووڵانەوەی ئێرانییەکانی دەورانی کۆن لەگەڵ مردووەکانیان بە ڕووسی نووسیوە و «بۆگدانۆڤ» کردوویەتی بە ئینگلیسی و لە «گۆڤاری ئەنستیتۆی ڕۆژهەڵاتیی جی کاما»دا بڵاو کراوەتەوە. (ژمارە ۳، ل ۱ - ۲۸).

۶۲ - دێمۆنۆلۆژی، ل ۲۵ بەرەودوا.

۶۳ - بڕوانە بەشی ۳.

۶۴ - کوومۆن، ئاخری زەمان بەپێی بۆچوونی جووەکانی ڕۆژاوایی، گۆڤاری مێژووی ئایینەکان، ۱۹۳۱، ل ۲۹ بەرەودوا.

F. Cumont, La fin du monde selonles mages occidentaux.

٦٥ - کوومۆن، «دەقەکان و بینا نەخشێندراوەکانی چوارچێوە بە ڕەمز و ڕازەکانی ئایینی میترا»، ب١-٢، چاپی بروکسێل، ١٨٩٦ - ١٨٩٩ و هەروەها هەر لەم نووسەرە: «ڕازەکانی میترا (Les Mystéres de Mithra) چاپی سێهەم، بروکسێل، ١٩١٣.

٦٦ - ئێشتاین، خودایانی زەردەشتی لەسەر سکەکانی هیندوسەکایی (کۆمەڵە شوێنەوارەکانی بابل و ڕۆژهەڵات)، لەندەن، ١٨٨٦ - ١٨٨٧.

وێست، خوێندنەوە و توێژینەوە سەبارەت بە نەخش و نیگارەکان.

سکەکانی هیندوسەکایی هەر لەو کۆمەڵەیەدا، ب ٢، چاپی لەندەن، ١٨٨٧؛ کریستێنسێن، خوێندنەوەکانی زەردەشتی، ل ٣٦ بەرەودوا.

٦٧ - هێرتسفێڵد، مێژووی لەمێژین، ل ٤٤.

٦٨ - ئوونوالا (Unvala) چەند تێبینییەک سەبارەت بە ئایینی پارتەکان، چاپی بەمبەئی، ١٩٢٥.

٦٩ - گرەتیس (Gratz)، مێژووی یەهوود، چاپی ٤، ب ٣، ل ٣٠٠ و دواتر؛ هەمان، ب ٤، ل ٢٥١ بەرەودوا و ل ٣٢٩ بەرەوپاش.

٧٠ - لابوور، ل ٩ - ١٧، زاخەو (sachau)، مێژووی هەولێر(Die Cheonik Von Arbela)، نامیلکەی پرووس، ١٩١٥. بوورکیت F. C. Burkitt مێژووی کۆنی کەمبریج The Gambrirdge Ancient History، ب ١٢، ل ٤٩٢ بەرەودوا.

٧١ - زاخەو، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ١٢ بەرەودوا.

٧٢ - هۆفمەن، ل ٤٥ - ٤٦.

٧٣ - بڕوانە: گرێسمان، ئاڵوگۆڕەکانی نێو ئایینەکانی ڕۆژهەڵاتی بە هۆی کارتێکردنی بیر و باوەڕی یۆنانی.

H. Gtessmann, Dis Umwandelung der orientalischen Religionen unter dem Einfluss hellenischen Geistes, Vorträge der Bibliothek Warburg , 1926.

٧٤ - بڕوانە: بیدە (j. Bidez) و کوومۆن (F. Cumont)، ئەو موغانەی کە بوونە یۆنانی، ب ٢، پاریس.

٧٥ - بڕوانە: ئالفاریک (P. Alfaric) خەتەکانی مانەوییان، ب ٢، ل ٢٠٥ و دواتر. هەروەها کتێبی بیدە و کوومۆن، ب ١، ل ٨٥ بەرەودوا.

٧٦ - ڕیتزن ئێشتاین، دینە ڕەمزاوییەکانی یۆنانی، چاپی ٢، ل ١٥.

٧٧ - فرێد لەندر، (Fried Länder)، ئایینی گنۆستیکیی جوولەکان...، ١٨٩٨.

بووسە (W. Bousset) پرسە گرینکەکانی ئایینی گنۆستیکی.

W. Bousset, Hauptpeobleme der Gnosis, Göttingen, 1907.

www.zheen.org

شوولتس، بەڵگەنامەکانی گنۆستیکی.

W. schultz, dokumente der Gnosis, Wien, 1910.

لیگە، پێشڕەوان و ڕکەبەرانی مەسیحایەتی.

درێویز، هەڵقوڵینی دینی عیسایی لە ئایینی گنۆستیکی.

A. Drews, Dis Entstehung des Christeneums aus dem Gnostismus, Jena, 1924.

لیزەگانگ، ئایینی گنۆستیکی.

H. Leisegang, Die Gnosis, Leipzig,1924.

ڤۆن وێزێن دۆنک (O. G. Von Wesendonk)، یەکەم ئادەمیزاد و ڕووح بەپێی باوەڕی ئێرانییەکان، ل ١١١ بەرەودوا.

٧٨ - سەبارەت بە «ئیبنوو دەیسان» (ابن ديصان الرهايی) خاک و هەرێمی ڕۆژهەڵات خاوەنی ناوبانگێکی تایبەتە بڕواننە ئەم سەرچاوانە:

ڤۆن وێزێن دۆنک، ئیبنوو دەیسان و مانی، ب ١٠، ل ٣٣٦ و دواتر.

شنایدێر، ئیبنوو دەیسانی ئەڕەهایی لە باس و بابەت و سەربوردەکانی یۆنانی و سۆریانیدا.

گۆڤاری مێژووی کلیسا، ساڵی ١٩٣٢، ل ٢١ بەرەدوا.

٧٩ - سەبارەت بە «گەیوومەرد» (یەکەمین مرۆڤ)، بڕواننە بەشی ٣ی ئەم بەرهەمە.

٨٠ - پێکهاتە و قەوارەی بەرایی و ڕێکخستنی دواتری سیستمی مانەوی، ل ١٢١.

٨١ - براند، (W. Brandt)، مەزەبی ماندایی، لەیپزیگ، ١٨٨٩.

پالیس (S. A. Pallis) خوێندنەوەیەک سەبارەت بە ماندایی‌یەکان بە زمانی دانمارکی، کۆپێنهاگ، ١٩١٩؛ وەرگێڕدراوی ئینگلیسی ئەم کتێبە، کۆپێنهاگ، ١٩٢٦.

پێترسۆن، (Peterson) مەسیحایەتی و ئایینی ماندایی، گۆڤاری لێکۆڵینەوە لەمەڕ ئینجیلەکان، ب ٢٧، ١٩٢٨، ل ٥٥ بەرەودوا.

براند، پۆنیۆن، لیدسبارسکی و ئێشتاین کاریان لەسەر چەند دەقی مەندایی کردووە و پاش توێژینەوە بڵاویان کردوونەوە. بڕواننە کتێبی پالیس بە ناوی Essay on Mandaean Bibliography, 1560 - 1930، لەندەن و کۆپێنهاگ، ١٩٣٣.

٨٢ - ئەلفێهرست، چاپی فلووگێل، ل ٣٤؛ بەراورد بکرێ لەگەڵ فلووگێل، مانی، ل ١٣٣ بەرەودوا و شنایدێر، دەقی سەرەکی، ل ٦٩.

٨٣ - سۆفییایەتی، بڕواننە شنایدێر، پەروەردەکرانەکانی ئیسلامی سەبارەت بە مەزنەمرۆڤ؛ گۆڤاری ڕۆژهەڵاتیی ئاڵمان، ژمارە ٧٩، ١٩٢٥، ل ١٩٢ بەرەودوا.

۸۴ - پێدرسن (Pedersen)، سائیببیه لـه بـهرگێکی خوێندنـهوهکانی ڕۆژهـهلاتیدا کـه پێشکێشی پرۆفسۆر براون کراوه، کهمبریج، ۱۹۲۲، ل ۳۸۳ بهرهودوا.

۸۵ - فووشه، سنعاتی یۆنانی و بووداییی له «گهندارهه» ب ۱، ۲، پاریس ۱۹۰۵ - ۱۹۱۸.

A. Foucher, L'art gréco - biuddhique du Gondhâra.

۸۶ - ئێشتاین، ههرهسهکانی ژێـر خیزهلانـی «خوتـهن»، لهنـدهن، ۱۹۰۴؛ هـهر لـهم نووسهره، خوتهنی کۆن، ۲ بهرگ، ئاکسفۆرد، ۱۹۰۷؛ ههمان نووسهر، ههرهسـهکانی بیابانی «خهتا»، لهندهن ۱۹۱۲.

گرووون ویدڵ (A. Grunwedel)، شوێنهواره کۆنینهکانی بووداییی لـه ترکسـتانی چـین، بێرلین، ۱۹۱۲. ڤۆن لو کۆک، خۆچۆ، بێرلین، ۱۹۱۳.

۸۷ - گۆدار و هاکێن، شوێنهواره کۆنینهکانی بـووداییـهکان لـه بامیـان، پـاریس - بروکسێل، ۱۹۲۸.

پشکنین و توێژینهوه تازهکانی دێرینهناسیی له بامیان، به قهڵهمی هاکێن به هاوکاری ژی . کارۆل، پـاریس ۱۹۳۳. هـاکێن، کـار و چـالاکی شـاندهکـانی شوێنهوارناسـیی فهرانسهوی له ئهفغانستان، ب ۱، تۆکیۆ، ۱۹۳۳.

۸۸ - بیل، ب ۲، ل ۲۷۸.

۸۹ - ئهم تاقم و شاندانه له ترکسـتانی چـین خۆیـان داوهتـه پشـکنین و کۆڵـینهوه و توێژینهوهی شوێنهوارناسیی: شاندی ئینگلیسی به سهرۆکایهتی ئێشتاین، له سـاڵانی ۱۹۰۰ - ۱۹۰۱ و ۱۹۰۶ - ۱۹۰۸.

شاندی ئاڵمانی به سهرۆکایهتی «گرووون ویدڵ» و «هوت» له ساڵانی ۱۹۰۲ - ۱۹۰۳، لـه ژێر چاوهدێری ڤۆن لو کۆک و بارتووس (Bartus) له ساڵانی ۱۹۱۳ - ۱۹۱۴دا.

شاندی فهرانسهوی به سهرپهرستێتی پێلیۆ (Pelliot) له ساڵانی ۱۹۰۶ - ۱۹۰۹.

شاندی ڕووسیایی دوو جاران به سهرۆکایهتی «د.ئۆلدێنبێرگ» (D.Oldenburg) چوون و چهند دهستهیهکی دیکهش نێوهنێوه کاریان کردووه. ئۆلدێنبێرگ جاری دوایی له ساڵانی ۱۹۱۴ - ۱۹۱۵ لهوێ کاری کردووه.

شاندهکانی ژاپۆنی له ساڵی ۱۹۱۰ڕا زۆر جاران لهوێ خهریکی کار بوون.

۹۰ - پاشمـاوهی چهنـد پـهڕێکی دهسنووسـی تۆرفـان، ب ۱، ڕاپـۆرتی ئاکادیمیـای پـرووس، ۱۹۰۴ و ب ۲، ناملیکـهکانی ئاکادیمیـای پـرووس، ۱۹۰۴، دوو لاپـهڕه لـه کتێبێکی سروودی مانهوی (مێهرنامگ)، ناملیکهکانی ئاکادیمیای پرووس، ۱۹۱۳.

٩١ - لێکۆڵینەوەکانی مانەوی، ب ١، نامیلکەکانی سەنپێترزبوورگ، ١٩٠٨ و کتێبێکی دیکەی ئەم نووسەرە بە ناوی «مانیکائیکا»، دووبارە سەنپێترزبوورگ، ١٩٠٧ - ١٩١٣.

٩٢ - کتێبی «مان»؛ لێکۆڵینەوەی کوردی و فارسی، بەشی١، پێشەکی، ل XIV بەرەودوا.

٩٣ - لەهجەناسیی دەقەکانی ئێرانی ڕۆژاوای تۆرفان.

٩٤ - لێنتس، توخمەکانی زمانی باکووری ئێران لە ڕاوێژی فیردەوسیدا، گۆڤاری هیندناسی و ئێرانناسی، ب٤، ل ٢٥١ بەرەودوا.

W. Lentz, Die nordiranischen Elemente in der neupersischen Literatursprache bei Firdosi.

٩٥ - بە بڕوای شنایدێر (گنۆمۆن، ٩، ل ٣٥٨) «لەهجەی باکووریی» دەقەکانی تۆرفان، هەمان زمانی باوی مانەوییەکانی خوراسانە (ناوچەی باکووری ڕۆژهەڵاتیی شاهەنشایەتی ساسانی). مانەوییەکان پاش کۆتایی پێشەواکەیان پەنایان بردە خوراسان هەتا لە چنگ ئازار و ئەشکەنجە دەرباز بن و لەم ناوچەیەدا زمانی ئەشکانی پتر لە مەڵبەندەکانی ڕۆژاوایی خۆی ڕاگرتووە و ماوەتەوە.

٩٦ - سەبارەت بە زمان و ئەدەبیاتی سوغدی بڕوانێنە ئەم سەرچاوانە:

موولێر (F. W. K. Muller) پاشماوەی شۆێنەوارە دەسنووسەکان، ب ٢، ل ٩٦ - ١٠٣ (بریتییە لە چەند پارچە و کۆپلەی دەقەکانی مانەوی)؛ هەر بە قەڵەمی ئەم نووسەرە: دەقەکانی سوغدی، ب ١، نامیلکەکانی ئاکادیمیای پرووس، ١٩١٣ (چەند پارچە و بەندێکی ئینجیل).

«ڤێسەنترە جاتەکە» (Vessantar Jataka) گۆڤاری ئاسیایی، ١٩١٢. هەر لەم نووسەرە: «سووترای ئۆنگێل لۆنگ» چەند یادداشتێکی زمانناسی، ب ١٧؛ دووبارە لەم نووسەرە: لێکۆڵینەوە سەبارەت ڕێزمانی سوغدی، ب ١، پاریس، ١٩١٤؛ ب ٢ بە قەڵەمی بێنوێنیست، ١٩٢٩.

یادداشتەکانی «ڕۆزنبێرگ» لە «زاپیسکی»دا، ب ٢٦ و لە بڵاڤۆکی ئاکادیمیای زانستەکانی سۆڤییەتا، ١٩١٨، ١٩٢٠، ١٩٣١.

ڕیشێلت (H. Reichelt)، پاشماوەی شوێنەوارە دەسنووسەکانی سوغدی لە مووزەی بریتانیا، ب ١، ٢، هیدڵبێرگ، ١٩٢٨، ١٩١٣.

هانزێن (O. Hansen) سەبارەت بە بەشی سوغدی بەردەنووسی سێ زمانەی کارابال گاسون.

Zur soghdischen Inscheift auf dem driespeachigen Denkmal Von karabalgasun.

مووليّر، دەقەكانى سوغدى، ب ٢، كە پاش مردنى مووليّر.

ليّنتس وێڕاى ڕاپۆرتى ئاكاديميای پرووس لە ساڵى ١٩٣٤دا بڵاوى كردۆتەوە.

تێدێسكۆ، (Tedesco) گۆڤارى هيند و ئێران، ١٩٢٥، ل ٩٤ بەرەودوا.

٩٧ - سەبارەت بە زمان و ئەدەبياتى سەكايى بڕوانىنە ئەم سەرچاوانە:

- لوويمان (Leumann) واژە و ئـەدەبياتى بـووداىى بـە زمـانى ئاريـايى بـاكووڕى و وەرگێڕدراوى ئەلمانى.

Buddhistische Literature, Nordarisch und Deutsch، نامىلكەكانى ڕۆژهـەڵاتى، ١٩٢٠؛ ڕاهێنانەكانى كۆمەڵە هەڵبەستى بووداىى بـە زمـانى ئاريـايى بـاكووڕى (سـەكايى)، نامىلكەكانى ڕۆژهەڵاتى، ب ٢٠، پاژى ١ - ٢.

ڕيشێڵت، سالّنامەى هيند و ژێرمەنى، ١٩١٣، ل ٢٠ و دواتر.

ئێستن كۆنۆ، چەند كوتێك لە كتێبێكى بووداىى بە زمانى ئاريايى كۆن؛ يادداشـتەكانى بەنگالە، ١٩١٤؛ دەستنووسە لەمێژينەكانى خوتەنى لە كتێبى هۆرنلى (R. Hoernle) بـە نـاوى Manuscript Remanins of Buddhist Literature، ب ١، ئاكسـفۆرد، ١٩١٦؛ خوێندنەوەكانى هيندوسەكايى، ڕاپۆرتى ئاكاديميای پرووس، ١٩١٦، ل ٧٨٧ و دواتـر؛ وەرگێڕاوى سەكايى «بەهەد ڕەكـەڵ پيكاسـووترا»، ئۆسـلۆ، ١٩٢٩؛ خوێندنـەوەكانى سەكايى، ئۆسلۆ، ١٩٣٢؛ دەقێكى تازەى سـەكايى، چـاپى خوالێخۆشـبوو پرۆفسـۆر لويان، گۆڤارى نۆرويژى زانستى زمان، ب ٧، ١٩٣٤ و ب ١١، ١٩٣٨؛ دوازدە لاپەڕە لە دەسنووسێكى «سووەرنە بهاسووترە» بە زمانى سەكايى خوتەن، ڕاپۆرتى ئاكاديميـای پرووس؛ لەهجەيەكى نوێى سەكايى، ڕاپـۆرتى ئاكاديميـای پـرووس، ١٩٣٥؛ دەقێكـى پزيشكى بە زمانى خوتەنى، ئۆسـلۆ، ١٩٤١، بڵاوكـراوەى وەشـانخانەى ئاكاديميـای زانستيى نۆرويژ، ژمارە ٤.

لوودرێس H. luderes مووراكانى سەكايى، ڕاپۆرتى ئاكاديميای پرووس، ١٩١٩.

تێدێسكۆ، گۆڤارى هيند و ئێران، ١٩٢٥، ل ٩٤ بەرەودوا.

بێيلى، شوێنەوارەكانى خوتەنى، ب ١ - ٣، بڵاڤۆكى ڕۆژهەڵاتى، ب ٧، ٩.

مەبەست لە زمانى «ئاريايى باكووڕى» و «خوتەنى» هەمان زمانى سەكاييە.

٩٨ - سەبارەت بە زمان و ئەدەبياتى تۆخارى بڕوانىنە ئەم كتێب و نامىلكانـە: مـوولێر، زمانى تۆخارى (Tocharisch)، ڕاپـۆرتى ئاكاديميـای پـرووس، ١٩٠٧. زيـگ (sieg) و زيگلينگ (siegling)، زمانى تۆخارى، ڕاپۆرتى ئاكاديميای پرووس، ١٩٠٨.

میە، زمانی تۆخاری، ساڵنامەی هیند و ژێرمەنی، ۱۹۱۳، ل ۱۲ بەرەودوا.
سیلڤین لێڤی (sylvain Lèvi)، چەند پارچە نووسینێکی کووشانی، کۆمەڵە شوێنەوارێکی دەسنووسی هۆرنلی، ل ۳۵۷ بەرەودوا.
زیگ و زیگلینگ، پاشماوەکانی زمانی تۆخاری، بێرلین، ۱۹۲۰.
هۆڵگر پێدرسن (Holger Pedersen)، قاتبەندی لەهجەکانی هیند و ئوروپایی، ڕاپۆرتی ئاکادیمیای دانمارک، ۱۹۲۵: تۆخاری بە باری بەراورد کردنی زمانەکانی هیند و ئوروپایی‌دا، ڕاپۆرتی ئاکادیمیای دانمارک، ۱۹۱۴.
۹۹ - شئایدێر، خوێندنەوەکانی ئێرانی، ب ۱، هالە (Halle)، ۱۹۳۰، بەرهەمەکانی کۆمەڵی زانایانی کونیگسبێرگ، ساڵی شەشەم، نامیلکەی ۵، مێسینا، ئارامیی کۆن، ڕۆم، ۱۹۳۴.

بنکەی ژین
www.zheen.org

بەرایی
٢

سەرچاوەکانی مێژووی سیاسی و مەدەنی ساسانییەکان

بنگەی ژین
www.zheen.org

١ - سەرچاوە ئێرانییەکانی هاوچەرخی ساسانی: ئەدەبیاتی پەهلەوی

سەرەتا دەبێ بزانین کە ژمارەیەک بەردەنووسی وا هەن کە هێندێکیان بە تەواوی ناخوێندرێنەوە و بە وردی نێوەرۆکیان دەرناکەوێ. یەکێک لە دوورودرێژترین بەردەنووسەکانی سەردەمی ساسانی نەخشە هەڵکەندراوەکانی «پایکۆلی» کوردستانە کە کەوتۆتە باکووری «قەسری‌شیرین» و ئەویتر بەردەنووسێکە لە «نەخشی ڕۆستەم» کە لەسەر دیواری ڕۆژهەڵاتیی «کابەی زەردەشت» شەقڵ کراوە. بەردەنووسی یەکەم بە دوو زمانی ڕەسمیی ئەو چاخی، واتە «پەهلەوی‌ئەشکانی» و «پەهلەوی‌ساسانی» نووسراوە و لەسەر هەر چوار لاجی قەڵاقووچەیەکی چوارگۆشە خۆی نواندووە. پەیکەرەی داتاشراوی «نەرسی»

یا «نەرسە = نورسە»ی پادشای ساسانی لەسەر هەر چوارلای قەڵاقووچەکە ئاسۆگی داوە، بەڵام ئەم شوێنەوارە داڕووخاوە و تەنیا بناغەکەی ماوە. زۆربەی ئەو بەردانەی چەند دێڕێکیان لەسەر شەقڵ کراوە، تێداچوون و پاشماوەکەیان لەوان دەوروبەران بڵاو بوونەوە. وەرگێڕدراوێکی زۆر سەقەت و ناتەواوی سەر هێندێک کوتوڵەتی ئەم بەردەنووسە لە ساڵی ١٨٦٨دا لە لایەن «تۆماس»ەوە لە گۆڤاری ئەنجومەنی پادشایەتی ئاسیایی‌دا بڵاو کرایەوە کە سەرچاوەکەی هەمان ڕوونووسە بوو وا پێشتر «ڕاولینسۆن» کردبووی. پاش ئەوەی کە ئاندرەئاس سەرنجی زانایانی ڕاکێشایە سەر بەردەنووسی «پایکۆلی»، هێرتسفێڵد لە ساڵی ١٩١١دا بە پەلە چوو بۆ دیتنی و لە ساڵی ١٩١٣دا سەرلەنوێ ڕووی کردەوە ئەو ناوچانە و ژمارەیەک وێنە و چەند قالبێکی لە کوتە بەردەکان هەڵگرتەوە. لە ساڵی ١٩١٤دا کورتە شی‌کردنەوەیەکی سەبارەت بە نێوک و نێوەرۆکی ئەم بەردەنووسە لە یادداشتەکانی ئاکادیمیای بێرلین‌دا بڵاو کردەوە. هەروەها لە ساڵی ١٩٢٤دا لیستەی سەرەکی نەخش و شەقڵەکانی پایکۆلی لەگەڵ بەردەنووسەکانی‌ترا لە دوو بەرگی گەورەدا چاپ کرد[1] و وەرگێڕدراوێکی ئینگلیسی و لێدوان و شی‌کردنەوەیەکی تەواوی لەگەڵ پێرستی چڕوپڕی واژە هەڵکەندراوەکان لێ زیاد کرد. بەرگی دووەمی ئەم کتێبە تایبەتە بە وێنەی ئەو بەردانە. نووسەر هەوڵی داوە کە کوتوڵەتی ئەم بەردەنووسە بە جۆرێک بخاتەوە سەر یەک و ئەوەندی دەکرێ دەقە سەرەکییەکەی ساغ بکاتەوە. ئەم بەرهەمە هەڵگری کۆمەڵێک زانیاری بەکەڵک و چاپی ئەم بەردەنووسە، سەرەڕای پرشوبڵاوی و تێکشکاوی، ئاگاداری و زانیاری ئێمەی سەبارەت بە دوو زمانی پەهلەوی باس‌کراو پێهەڵابردووە.

بەردەنووسی «کابەی زەردەشت» کە بە زمانی پەهلەوی ساسانییە، لە ساڵی ١٩٣٦دا لە لایەن لێژنەی زانستی ئەنستیتۆی ڕۆژهەڵاتیی شیکاگۆ بە سەرپەرستێتی «ئێریش شمیت» و بە دەس «ئێسپرێنگلینگ» لە گۆڤاری ئەمریکایی زمان و ئەدەبیاتی سامی، لە ساڵی ١٩٣٧دا بڵاو کراوەتەوە.

وێنەیەکی دیکەشی لە وتارێک‌دا هەر بە قەڵەمی ئەم نووسەرە لە گۆڤاری ئەنجومەنی ڕۆژهەڵاتیی ئاڵمان، بەرگی ٩١، لاپەڕە ٦٥٢ بەرەودوادا، وەبەرچاو دێ. ئێسپرێنگلینگ ئەم بەردەنووسەی بە هی «نەرسە» دانـاوە، بەڵام من بە

پشتبەستن و خستنەڕووی ئەو بەڵگانەی لە ڕاپۆرتی پێشکێشکراوی خۆما بۆ بیستەمین کۆنگرەی ڕۆژهەڵاتناسان لە ساڵی ١٩٣٨دا لە بروکسێل باسم کردوون، لام وابوو کە شاپووری یەکەم ئەم بەردەنووسەی داناوە. قەرار وابوو ئەم ڕاپۆرتە وەک وتارێک لە یادگارنامەی «ویلیامز جەکسۆن»دا لە بەمبەئی چاپ بکرێ، بەڵام بەداخەوە چاپی ئەم بەرهەمە دوا کەوت. پاش ئەوە ڕێزدار «هێنینگ» لە بڵاقۆکی ڕۆژهەڵاتیی، بەرگی ٩، ل ٨٢٣ - ٨٤٩دا، بە پشتبەستن بە کۆمەڵێک بۆنە و بەڵگەی پتەو هەر ئەم مەبەست و بۆچوونەی سوور کردەوە.

لەم بەردەنووسەدا پاش هێنانی ناوی ژمارەیەک لە شارەکانی سووریا، باسی شەڕەکانی شاپووری یەکەم لەگەڵ ڕۆم و بە دیل گیرانی «والریانووس»ی قەیسەری ڕۆم کراوە. مخابن تێپەڕبوونی ساڵ و زەمانان ئەم بەشەی زۆر تووشی خەسار کردووە، بەڵام ئاغای «هێنینگ» گەلێک بە وردی خۆی داوەتە خوێندنەوەی. لە کۆتایی بەردەنووسەکەدا کە باشتر ماوە و هێنیگ لە وتارەکەیدا بەشێکی بە دەستەوە داوە، شاپووری یەکەم باسی ئەو ئاورگایانەی کردووە کە بۆ خۆی و ئەندامانی خانەدانی پادشایەتی و ژمارەیەک لە مەزنەپیاوانی دەوڵەت سازی کردوون.

بنکەی ژین
www.zheen.org

لیستەی بەردەنووسەکانی ساسانی

بەردەنووسی «ئەردەشێری یەکەم» لە نەخشی ڕۆستەم کە بە سێ زمانی پەهلەوی ساسانی و پەهلەوی ئەشکانی و یۆنانی نووسراوە، نیشانی دەدا کە دوو وێنە داتاشراوەکە یەکیان ئەردەشێری فەرمانڕەوا و ئەویتریان «ئەهوورامەزدا»ی خوداوەندە. (هێرتسفێلد، پایکۆلی، ب ١ ل ٨٤ بەرەودوا.) وێنەی ئەم نەخشە هەڵکەندراوە لە نەخشی ڕەجەب کە هەر بەم سێ زمانە باسکراوە نووسراوە دەریدەخا کە پەیکەرە داتاشراوەکە هی شاپووری کوڕی ئەردەشێرە. (هێرتسفێلد، پایکۆلی، ب ١، ل ٨٦؛ ب ٢، وێنەی بەردەنووسی «شاپووری یەکەم» لە «حاجیئاوا» بە دوو زمانی پەهلەوی ساسانی و پەهلەوی ئەشکانی نووسراو و نیشاندەری تیرهاویشتنی پادشایە. دەقی ئەم بەردەنووسە لە ئاخری کتێبی بۆندەهێشن (بەندەهێشن) چاپی «وێسترگارد»دا بڵاو کراوەتەوە، هەروەها خودی بەردەنووسەکە و دواین دەقی تەرجەمەکراوی لە کتێبی پایکۆلی، بەرگی١، ل ٨٧ - ٨٩دا دیارە.

بەردەنووسی قەڵای «شاپووری یەکەم» لە شاری شاپوور کە بە دوو زمانی پەهلەوی ئەشکانی و پەهلەوی ساسانییە؛ بڕواننە «گیرشمەن» گۆڤاری سنعاتەکانی ئاسیایی، خولی ۱۰، ل ۱۲۳ - ۱۲۹ و هەروەها وتاری «ئۆلاف هانزێن»کە لە گۆڤاری ئەنجومەنی ڕۆژهەڵاتیی ئاڵمان، ساڵی ۱۹۳۸، ب ۹۲، ل ۴۴۱ بەرەودوادا چاپ کراوە.

بەردەنووسی پەهلەوی ساسانی سەر بە «شاپووری یەکەم» کە لەسەر کابەی زەردەشت»ی نەخشی ڕۆستەم نووسراوە. بۆ ڕوون بوونەوەی زیاتر بڕواننە وتاری «ئێسپرێنگلینگ» لە گۆڤاری ئەمریکایی زمان و ئەدەبیاتی سامیدا، خولی ۵۳، ژمارە ۲، ل ۱۲۶ - ۱۴۴؛ هەروەها وتارێکی تر هەر لەم نووسەرە، لە گۆڤاری ئەنجومەنی ڕۆژهەڵاتیی ئاڵمان، خولی ۹۱، ل ۶۵۲ - ۶۷۲دا؛ دیسانەوە وتاری هێنینگ لە بڵاقۆکی ڕۆژهەڵاتیدا، خولی ۹، ل ۸۲۳ - ۸۴۹.

بەردەنووسی پەهلەوی ساسانی سەر بە «موبەد کەردیر هۆرمزد» لە نەخشی ڕەجەب. خاوەنی بەردەنووسەکە باسێکی سەبارەت بە پیاوچاکی خۆی و ئەو خزمەتانەی کە لە سەردەمی شاپووری یەکەم و هۆرمزدی یەکەم و وەهرامی یەکەم و وەهرامی دووەمدا بە وڵاتی ئێرانی کردووە، خستوویەتەڕوو. (هێرتسفێڵد، پایکۆلی، ب ۱، ل ۸۹ - ۹۲.)

بەردەنووسێکی تر هەر لەم پیاوە لە سەرووی نەخشی داتاشراوی «شاپووری یەکەم» لە نەخشی ڕۆستەم هەڵکەندراوە، بەڵام زۆری دەس لێکبەرداوە و هەڵوەریوە. (هێرتسفێڵد، پایکۆلی، ل ۹۲ - ۹۳، بەراورد بکرێ لەگەڵ مێژووی لەمێژین، ل ۱۰۰ - ۱۰۱.)

بەردەنووسی «نەرسە» لە پایکۆلی، کە بە دوو زمانی پەهلەوی ئەشکانی و پەهلەوی ساسانی نووسراوە و گێڕانەوەی بەسەرهاتی شەڕی ئەم پادشایەیە لەگەڵ وەهرامی سێهەم و بە درێژی باسی سەردانەواندنی گەورەگەورەکان دەکا بۆ پادشای ئێران. (هێرتسفێڵد، پایکۆلی، ب ۱، ل ۹۴ - ۱۱۹.)

بەردەنووسی پەهلەوی ساسانی، کە لەسەر نەخشی «نەرسە»ی فەرمانڕەوا و باوک و باوەگەورەیەتی. (هێرتسفێڵد، پایکۆلی، ب ۱، ل ۱۲۰، بەراورد بکرێ لەگەڵ لاپەڕە ۱۷۳ی هەر ئەم سەرچاوەیە) لە بەشی ۵ی ئەم کتێبەدا وێنەکەی دەبینن.

بەردەنووسی پەهلەوی ساسانی، کە بە فەرمانی «شاپووری دووەم» لە ئەشکەوتی بچووکی «تاقوستان» لە پەنا نەخشی شاپووری دووەم و شاپووری سێیەەم شەقڵ کراوە و هەڵگری ناو و نازناوەکانی شاپووری دووەم و باوک و باپیریەتی. (هێرتسفێڵد، پایکۆلی، ب ١، ل ١٢٣.) وێنەی ئەم شوێنەوارە لە بەشی ٥دا چاپ کراوە.

بەردەنووسی پەهلەوی ساسانی «شاپووری سێیەەم» کە کەوتۆتە باڵی چەپی ئەو بەردەنووسەی پێشتر باسی کرا و لیزگەی ناو و نازناوەکانی شاپووری سێیەەم و باوک و باوەگەورەیەتی. (هێرتسفێڵد، پایکۆلی، ب ١، ل ١٢٤.) لە بەشی ٥دا وێنەکەی چاپ کراوە.

بەردەنووسی پەهلەوی ساسانی «تەختیجەمشید» کە لە دووەمسالی پادشایەتی «شاپووری دووەم»دا هەڵکەندراوە. (هێرتسفێڵد، پایکۆلی، ب ١، ل ١٢١.)

بەردەنووسێکی تر کە بە خەتی پەهلەوی ساسانی لە تەختی جەمشید هەڵکەندراوە و بە فەرمانی دوو کەس لە گەورەپیاوانی وڵات لەسەر ناوی «شاپووری دووەم» تۆمار کراوە. «هێرتسفێڵد، پایکۆلی، ب ١، ل ١٢٢.)

چەند تاتەڵە و بەردەنووسێکی بچووک لە «دەربەند»ن کە بە فەرمانی میرانی ئەو مەڵبەندە ساز کراون و مێژوویان دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی تازەی حکوومەتی ساسانی. (نیبێرگ، سالنامەی ئەنجومەنی زانستیی ئازەربایجان، باکۆ، ساڵی ١٩٢٩، بە زمانی ڕووسی.)

چەند بەردەنووسێک کە لە کەنیسەی جوولەکان لە شاری «دووورا» هەڵکەندراون. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: پالیارۆ، بەردەنووسەکانی کەنیسەی دووورا (توێژینەوە و کۆڵینەوەکانی دووورا، قۆناخی شەشەم، بڵاڤۆکەکانی زانستگای یەیل، ١٩٣٦.)

A. Pagliaro, The pehlevi Dipinti in the Dura synagogue (Excavations at Dura - Europs, 6th Season,Yale University Press,1936.)

✧✧✧

پاپیروووسەکانی پەهلەوی: پاییروووسەکانی پەهلەوی لە سەرجەمی پاپیروووسەکانی مووزەکانی دەوڵەتیی بێرلیندا، بڵاوکەرەوە ئۆلاف هانزێن (یەکێک لە بڵاڤۆکانی ئاکادیمیای پرووس، ١٩٣٧.)

Papyri: Die mittelpersischen papyri der papyrussamlung der staatlichen Muse zu Berlin herausg. von Olaf Hansen.

نووسراوەی سەر مۆرەکانی ساسانی کۆمەڵێک ناو و نازناوی ژمارەیەکی زۆر دەخاتەڕوو و بریتییە لە چەند دەستەواژەی کورت و نەگۆڕ. [٢]

✧✧✧

سکەکانی پەهلەوی ساسانی بۆ مێژووی ئەم چەرخە زۆر گرینگن. لەبەروەی کە فەرمانڕەوایانی ساسانی هەرکامەیان تانجێکی تایبەتییان بووە، دەتوانین لە ڕووی ئەم سکانەڕا، وێنەی ئەو پادشایانە بناسینەوە کە پەیکەرە نەخشکراوەکانیان هیچ خەت و نووسینێکیان لە دەوری نیە.

وادیارە سکەکانی سەردەمی ساسانی دوو جۆر بوون: یەکیان زێڕ و ئەویتر زێو، بەڵام نرخێکی تەواو نەگۆڕ لە مابەینی زێڕ و زێودا نەبووە. سکەی زێڕ بەدەگمەن وەدەس دەکەوێ. گۆیا پادشایانی بەرەی یەکەمی ئەم خانەدانە سکەیەکی زێڕیان لێداوە کە بە باری قورسایی‌دا هاوتای سکەی ئیمپراتۆرانی ڕۆمی ئەو دەورانی بووە بە ناوی «ئاوێری»، هەروەها جارێ چەند چەشن سکەی زێڕی ئەو سەردەمی بە دەستەوەن کە لە گەورەیی و بچووکی‌دا جیاوازن. «درەم»ی زێویان هەمیشە زۆروکەم لەسەر کێشێک لێداوە و ئەو قورسایی‌یەش لە درەمەکانی «فنیقی» وەرگیراوە کە ئاخرین پادشاکانی ئەشکانی لەسەر شێوازی ئەو، سکەیان خستۆتە ڕوو. کێشی ئەم درەمانە لە نێوان ٣/٦٥ و ٣/٩٤ گرامە. بەگشتی نرخی درەمی ساسانی بەرامبەر بووە لەگەڵ ٧٥٪ فرانکی زێڕ. ئەم درەمانە بەپێچەوانەی درەمەکانی ئەشکانی پان و تەنکن. ستید (ستاتێر) چوار درەمی کردووە. چەند جۆر سکەی زێویشیان لێداوە بەم ناوانە: دیۆبۆل (بەرامبەری نیو درەم ئەوبۆل یان دانگ) (شەش‌یەکی درەمێک) و هەمیۆبۆل (دوازدەیەکی درەمێک). هێندێک سکەی تێکەڵاوی مز و قەڵایی و قورقوشم سەر بە چاخی ئەردەشێری یەکەم و شاپووری دووەم ئێستاش ماون. چەند جۆرە سکەی مز لێدراوە کە نرخی چەشناوچەشنیان بووە و گۆیا بنەمای نرخیان گەڕاوەتە سەر ماکەی زێو. بچووکترین دراوێکی کە ناوەکەی گەیوەتە لای ئێمە، «پەشیز»ە. میران و حاکمانی ڕۆژهەڵات کە خاوەنی نازناوی کووشان بوون، کۆمەڵێکیان سکە بە لاسایی سکەکانی فەرمانڕەوایان لێداوە و ڕوخسار و ناو و نازناوی خۆیان لە سەر شەقڵ کردووە.

لەسەر ڕوویەکی درەمەکانی ساسانی وێنەی فەرمانڕەوا و لەسەر ڕوویەکەی تری نەخشی ئاگردان وەبەرچاودێ. ناو و نازناوی پادشایان بە خەتی پەهلەوی لە لایەکی نووسیوە و لایەکەی دیکەش زۆر جاران ناوی پادشای تێدا دووپات کراوەتەوە. جگە لەمەش هەر سکەیەک خاوەنی هێما و نیشانەیەکی تایبەتە و ئیوایە بە «پیت» و هیوایە بە نەخشی جۆراوجۆر دروشم کراوە و هەشە کە ساڵی حوکمڕانێتی پادشای لە سەرە. [٣]

✧✧✧

سەرچاوەی ئایینە ڕەسمییەکانی وڵاتی ساسانی کتێبە پیرۆزەکان بوون بە زمانی ئەڤێستایی کە تێکڕایان پێیاندەگوترێ «ئەڤێستای ساسانی» و بیستویەک «نەسک» (بەش) بووە. ئەویتر «زەند»ە کە وەرگێڕدراوی دەقەکانی ئەڤێستاییە و کۆبە و پەڕاوێز و شیکردنەوەی وەسەر خراوە بە زمانی پەهلەوی ساسانی. [٤] «ئەڤێستا»ی ئێستا تەنیا کوتێکی بچووکی ئەڤێستای سەردەمی ساسانییە. [٥] بەڵام کورتە و پوختەیەکی ٢١ بەشەکەی ئەڤێستا لە بەرگی ٨ و ٩ی «دینکەرد»دا کە کتێبێکە بە زمانی پەهلەوی پارێزراوە و لە ڕووی وێڕا کورتەی باس و بابەتە زۆر گرینگەکانی سەر بە مێژووی شارستانییەتی ساسانییان دەردەکەوێ. لەم بەرهەمەدا زۆر جاران باسی دینکەرد (دینکەرت) دەکەین. [٦] لێرەدا ناوی چەند کەس لەو شیکارانەی کە لە کتێبی زەند و کتێبە ئایینییەکانی ترا باسیان کراوە دەخەینە بەرچاو: ئەبەرەگ، ماهگوشنەسپ، گوگوشنەسپ، کەی ئادوربووزید، سۆشیانس، ڕۆشن، ئادورهۆرمزد، ئادورفەرەنبەغ نەرسە، میدۆگماهـ، فەڕڕوخ، ئەفرووغ و ئازاد مەرد. وادیارە زۆربەی ئەم شیکارانە لە کلکەی ئاخری چاخی ساسانیدا ژیاون. کەموزۆر تەواوی کتێبەکانی زەردەشتی کە سەرتاپا دینین و بە زمانی پەهلەوی ماونەوە، لە سەدەکانی پاش نەمان و بڕانەوەی دەسەڵاتی فەرمانڕەوایانی ساسانیدا نووسراون و کۆکراونەوە. بەتایبەت لە سەدەی نۆیەمی زایینیدا، زانایانی ئایینی زەردەشتی زۆریان چالاکی لە بابەت نووسینەوەی کتێبەکان نواندووە. «دادێستانئی مینووگئی خیرەد» کە دەکرێ بە «ڕاهێنانەکانی عەقڵی ئاسمانیی» یا «ڕووحی عەقڵ» ڕاڤە بکرێ، گۆیا لە بنەبانی دەسەڵاتی ساسانیدا نووسراوە، بەڵام دەقی ئێستای سەر بە سەردەمانی دوای ئەم خانەدانەیە. [٧] بەڵام ئاشکرایە کە کتێبی «ئێردای ویراز» (ئێردای ویرازنامگ = ئێرداویرافنامە) [٨] بابەت و نێوەرۆکی سەر بە

چەرخی ساسانییە. هێندێک لەو نووسراوانەی کە لە ڕووی کاکڵ و بابەتی ئەڤێستای ساسانی و زەندەوە وەرگیراون، بۆ مێژووی شارستانییەتی ساسانی لە ڕادەبەدەر بەنرخن. گرینگترینیان «دینکەرد»ە[9] کە پێشتر باسمان کرد. ئەویتر «بۆندەهێشن»ە کە کورتە و پوختەی بەشێکی ئەڤێستای زەند و ساسانییە کە باسی ئافراندنی جیهان و کۆمەڵێک چیرۆک و ئوستووورە و سروشتناسی و بابەتی تر دەکا.[10]

ئەڤێستا و زەند سەرچاوەی یاسا و ڕێسای دادوەری سەردەمی ساسانییەکان بوون. بەشێک لە کتێبی مافناسی ئەو سەردەم کە ناوی «مادەیانئی هەزار دادێستان»ە و دەبێتە «ڕاپۆرتی هەزار فتوای دادوەری» ئێستا بە دەستەوەیە. ئەم بەرهەمە شاز و تاقانەیە پیاوێک بە ناوی فەرڕوخ نووسیویەتی و ٧٥ لاپەڕەیە و ئەمڕۆ لە کتێبخانەی «مانۆکجی لیمجی هۆشەنگ هاتریا»یە. «مۆدی»[11] ٥٥لاپەڕەی بە پێشەکییەکەوە چاپ کردووە و «ئەنکلساریا» وێنەی ٢٠ لاپەڕەکەی تری لە ساڵی ١٩١٣دا بڵاو کردۆتەوە. بارتۆلۆمە و پالیارۆ چەند بڕگە و بابەتێکی ئەم کتێبەیان کە لەبەر نەبوونی کەرەسەی پێویست و چۆنیەتی سرشتی دەقەکە زۆر دژوارن، وەریانگێڕاونە سەر زمانی ئاڵمانی و ئیتالیایی و وێڕای دەقی سەرەکی و شیکردنەوەی زمانناسانە و دادوەرییانە چاپیان کردوون.[12] لەم کتێبەدا ناوی ژمارەیەک لە دادوەرانی ڕۆژگاری ساسانی وێڕای بیرو بۆچوونی دادوەرانە و فتوای هەرکامەیان بەم چەشنە نووسراوە:

وەهرام، دادفەڕوخ، سیاووش (سیاوەش)، پوسانێوەئی، ئازادمەردان، پوسانێوەئی بورز ئادورفەرەنبەغان، وێهپەناهکە خاوەنی پلەی بالای «موغانی ئەندەرزبەد» بوو، خودایبود دەبیر، وای یاوەر، ڕادهۆرمز، وەهرام شاد، یۆوانیەم، زۆرواندادکوڕی یۆوانیەم، فەرڕوخ زوروان (زەروان)، وێهھۆرمزد، زاماسپ، ماهانداد و هتد.

«دەستوەران» گۆیا ناوی کتێبێکی دادوەری بووە کە جارێک لەم بەرهەمەدا باسی کراوە. کۆمەڵێک باس و بابەتی دادوەری سەر بە ڕۆژگاری ساسانی، کە لە پێشدا بە زمانی پەهلەوی بووە و لە زۆربەی سەرچاوەکان لەگەڵ «مادیانئی هەزار دادێستان»دا یەکێکە، جارێ بە زمانی سۆریانی لەبەر دەستایە. ئەم دەقە لە سەدەی هەشتەمی زایینیدا بە دەست سەرۆکی نەسارای ئێران بە ناوی «یەشووع بۆخت» یان نووسراوە یا تەرجەمەکراوە. بەڵام ئەم وەرگێڕە مەسیحییە

یاسا و ڕێسای ماف و دادی ئێرانی گۆڕیوە، هەتا لەگەڵ حاڵوباڵی هاودینەکانی خۆی باشتر بێتەوە.[١٣]

لە سەدەی دوایی فەرمانڕەوایەتی ساسانییەکاندا، ژمارەیەکی بەرچاو کتێبی «ئەخلاقی تێئۆری و کرداری» بە ناوی ئامۆژگاری و پەندنامە نووسراون کە ڕێساکانی ئەخلاقی و گوتەی زانایانە و پیتۆلانەیان داوەتە پای مەزنەپیاوانی میژوویی یان ئەفسانەیی ڕابردوو. لەم چەشن کتێبە جارێ چەند نامیلکەیەک بە دەستەوەن کە پاش خاشەکێشرانی ساسانییەکان نووسراون. بۆ وێنە: پەند و ئامۆژگاری « ئوشنەری زانا» کە یەکێکە لە کەسایەتییە ئەفسانەییەکانی کۆن؛ ئامۆژگاری « خوسرەوی کەوادان» (خوسرەوی کوڕی قوباد)؛ ئامۆژگاری «ئادوربادئی میهرسێپەندان»، کە گەورەی پێشەواکانی ئایینی زەردەشتی سەردەمی شاپووری دووەم بووە؛ پەندنامەی «زەردەشت»ی کوڕی ئادوربات و هەروەها ئامۆژگاری‌نامەیەکیش لە پاش وزورگمێهر (بووزەرجمێهر) بەجێماوە. بەگوێرەی گێڕانەوەی نووسەرانی ئێران و عەرەب، وزورگمێهر وەزیری زانای خوسرەوی یەکەم بوو و ئەو چیرۆک و بەسەرهاتانەی کە دراونە پاڵ ئەم کابرایە و گۆیا بە لاسا کردنەوەی ئەفسانەی کەونارای «ئەحیقەر» نووسراون، لە سەدەکانی نێوەڕاستی ئیسلامی‌دا تەواو کەوتوونە بەر سەرنجی بیروڕای گشتی. زۆر وێدەچێ ئەم کەسە سەربەدەرەوە و ڕازمەندە کە ناوی تێکەڵ کراوە بە حیکایەتی هاتنی «شەترەنج» بۆ ئێران [١٤]، هەمان «برزوویە»ی حەکیم بێ[١٥] کە لە بەشی هەشتدا باسی دەکەین. وا وێدەچێ کە ئامۆژگاری‌نامەکەی وزورگمێهر لە سەدەی نۆیەمی زایینی‌دا نووسرابێ،

بەڵام ئەم پەند و ئامۆژگارییانەی کە لە زمانی وزورگمێهرەوە گێڕاویەتییەوە، بەشێکی لە پێشەکی «کەلیلە و دەمەنە» وەگیراوە، کە برزوویە لە ڕووی کتێبی «پەنچەتەنترە» (سەنسکریت) وەریگێڕاوە و بەشێکی دیکەی لە پەند و ئامۆژگاریە کۆنەکانی خستۆتە سەری.[١٦]

باس‌وخواسی دڵگری خۆشڕابواردن و شادی و گەمەی چینە مەزنەکانی سەردەمی ساسانییان لە نامیلکەی پەهلەوی‌دا بە ناوی خوسرەوای کوادان ئەود ڕیدگی (خوسرەوی کوڕی قوباد و غولامەکەی) وەبەرچاو دێ.[١٧] بۆ زانیاری زیاتر سەبارەت بەم مەبەستە بڕوانە بەشی ٩ی ئەم بەرهەمە. لەو چاخی‌دا زۆریان کەیف بە کورتەچیرۆکی میژوویی هاتووە. دەقی هێندێک لەم حیکایەتانە کە

باسی مێژووی ساسانییەکان دەکەن و لە دوایین سەدەی دەسەڵاتی ئەم خانەدانەدا نووسراون، هەر ماون. بەڵام نووسرانەوەیان دەگەڕێتەوە بۆ سەدەکانی پاش بڕانەوەی میرانی ساسانی، وەک «کارنامگئی ئەردەشێرئی پابگان و مادەیانئی چەترەنگ» (چیرۆکی کایەی شەترەنج) [18].

چەند کورتەباسێکیش سەبارەت بە سازکرانی شارەکانی ئێران لە کتێبی «شەهرستانیهائی ئێرانشەهر» (شارستانەکانی ئێران)دا هاتووە.[19]

سەبارەت بە ئەدەبیاتی مانەوییەکان بڕوانە بەشی چوارەمی ئەم کتێبە.

٢ - کۆمەڵێک دەق و سەرچاوەی ساسانی کە لە ئەدەبیاتی عەرەب و ئێرانا ماونەوە

هەر وەک لە زەمانی هەخامەنشییەکان‌دا باو بوو، بارگای ساسانییەکانیش خاوەنی سالنامەی ڕەسمیی بوون.[20] وێدەچێ کە نووسەر یا نووسەرانی «خودای‌نامگ» کەلکیان لە نێوەرۆکی ئەم سالنامانە وەرگرتبێ.[21] نۆلدکێ سووری کردۆتەوە[22] کە ئەم مێژووەی پەهلەوی سەرچاوەی زۆربەی مێژووەکانی عەرەبی و فارسییە کە باسی سەربوردەی ئێرانی بەر لە ئیسلام دەکەن. ناوی ئەم کتێبە پەهلەوییە، بە عەرەبی کراوەتە «سیرالملوک‌العجم» یا «سەیرولملووک» و بە فارسی بە شانامەیان وەرگێڕاوە. یەکێک لە تەرجەمەکانی «خودای‌نامگ» بۆ سەر زمانی عەرەبی ئەو دەقەیە کە «ئیبنوو موقەففەع» کردوویەتی. ئیبنوو موقەففەع یەک لەو ئێرانییە زەردەشتییانەیە کە ئیمانی بە ئیسلام هێناوە و لە دەوروبەری سالی ٧٦٠ی زایینی‌دا کۆچی‌دوایی کردووە. ئەم پیاوە لەو نووسەرە زۆر چالاک و چازانانەیە کە کتێبی دیکەشی لە زمانی پەهلەوی‌ڕا وەرگێڕاوەتە سەر عەرەبی. بەداخەوە هەم خودی «خودای‌نامگ»ی پەهلەوی و هەم وەرگێڕدراوەکەی «ئیبنوو موقەففەع»یش تێداچوون. هەروەها ئەو هەڵگێڕوەرگێڕ و تەرجەمانەی تر کە بە دەس نووسەرانی پاش ئیبنوو موقەففەع لەو کتێبە کراون و «هەمزە ئیسفەهانی» ئاماژەیان پێدەکا، بە یەکجاری سوڕیان ون بووە. (کتێبی هەمزە لە سالی ٩٦١ی زایینی‌دا نووسراوە.)

بە بڕوای نۆلدکێ «سەیرولملووک»ی ئیبنوو موقەففەع یەکەم وەرگێڕدراوی ڕاستەوخۆی «خودای‌نامگ» بووە و وەرگێڕەکانی تر کە هەمزە باسیان دەکا

بابەتەکانیان لەو وەرگرتووە و سەرچاوەی گێڕانەوەی فیردەوسی لە «شانامە»دا کە چیرۆک و سەربوردەی پادشایان و پاڵەوانانی مێژینەیە، وەرگێڕدراوێکی دیکەیە کە سەربەخۆ بە زمانی فارسی بووە و پەیوەندییەکی بە کتێبی ئیبنوو موقەففەعەوە نەبووە. بەڵام پاش ئەوەی کە زانای ڕووسی «بارۆن ڕۆزێن» ئەم بابەتەی سەرلەنوێ لە نامیلکەی ڕووسی خۆیدا بە ناوی تەرجەمەی عەرەبییەکانی «خودای‌نامگ» لە ساڵی ١٨٩٥دا هێنایەوە گۆڕ و خستییەوە بەرباس، بۆچوونی نۆڵدکێ کەوتە بەر گومان. دەکرێ توێژینەوە وردەکانی «ڕۆزێن» بەم شێوەیە کورت بکرێنەوە: ئەو سەرچاوانەی کە هەمزەی ئیسفەهانی و مێژوونووسانی دیکەی عەرەب شانبەشانی کتێبی موقەففەعیان داناون، گەرچی ڕەنگە هەموویان پاش ئیبنوو موقەففەع نووسرابن، بەڵام پێویست نیە کە تێکڕایان بە مسۆگەری بابەتەکانی خۆیان لە کتێبی وی وەرگرتبێ و تەنیا چەند کەسێکیان تا ڕادەیەک کەلکیان لە تەرجەمەکەی وەرگرتووە. لە نێو ئەو سەرچاوە باسکراوانەدا، کتێبی واش هەبوون کە ڕاستەوخۆ لە دەقی سەرەکی پەهلەوی وەگیراون. ئەگەرچی ناو و ئاوازەی ئیبنوو موقەففەع وردەوردە سایەی خستۆتە سەر وەرگێڕەکانی تر، هیچ بەڵگەیەکمان بە دەستەوە نیە کە لە زەمانی هەمزەی ئیسفەهانیدا وەرگێڕدرانەکەی ئەو لەوانی دی باشتر بووبێ. ئەو سەرچاوانەی کە هەمزەی ئیسفەهانی بە دەستییەوە بوون، بەپێی تێگەیشتنی خۆی دەکرێ بکرێنە سێ دەستە: ١ - وەرگێڕەکان واتە «ابن‌المقفع»، «محمد بن الجهم البرمکی» و «زادویه بن شاهویه الاصفهانی» کە دەقی «خودای‌نامگ»یان تا ڕادەیەک بە ڕاست و دروستی وەرگێڕابوو، بەڵام تەرجەمەکەیان لابردن و کورت کردنەوە و سەلیقەی خۆیانی پێوە دیار بووە. ٢ - ئەو وەرگێڕانەی کە نووسەر و سەرگوڵخۆر بوون، وەک: «محمد بن مطیار الاصفهانی» و «هوشامی کوڕی قاسمی ئیسفەهانی» کە ڕووداوەکانی ئەفسانەیی و دیرۆکییان لە کتێبەکانی دیکەی پەهلەویش وەرگرتووە و خستوویانەتە پاڵ نووسراوەکانی خۆیان. ٣- نووسەرانێک وەک: «موسی بن عیسی الکسروی» و «بەهرامی کوڕی مەردانشا» چەند دەقێکی وەرگێڕدراوی «خودای‌نامگ»یان پێکەوە هەڵسەنگاندووە و بەراوردیان کردوون و هێندێک بابەتیان لە بەرهەمەکانیتر وەرگرتووە و کۆمەڵێک نەقڵ و نەزیلەشیان بە مەبەستی سەرخستنی سەرچاوەکان و

سەرینەوەی دژوازی نێوان ژێدەرەکان ساز کردووە. ئەوان مەبەستیان لە گرتنەبەری ئەم ڕێوشوێنە ئەوە بووە هەتا ئەو جێیەی دەکرێ ڕوخساری ڕەسەنی دەقی کۆن بگێڕنەوە و بیرازێننەوە و بە باشی دەکرێ کە بزانین ئاکامی ئەم کارە چۆن دەرچووە. بە گوتەی هەمزە یەکێک لەو نووسەرانە بە ناوی «موبەد بارام» پتر لە ٢٠ دەقی عەرەبی «خودای‌نامگ»ی بەتاقی کردۆتەوە و کەسێکی دیکەش بە ناوی «کەسرەوی»[٢٣] کە ڕۆژێن باسی چەند نموونە لە ڕەخنە سەیرە مێژوویی‌یەکانی کردووە، گوتوویەتی کە پاش توێژینەوەیەکی زۆر تەنانەت دوو دەقی یەک چەشنی «خودای‌نامگ»ی وەبەردەس نەهاتووە.[٢٤] «بیروونی» و «بەلعەمی» و مێژوونووسانی تر ناوی چەند کەس لە وەرگێڕان و نووسەرانی پێشوویان هێناوە کە سەبارەت بە چۆنیەتی هەلگێڕوەرگێڕ و تەرجەمی «خودای‌نامگ»ەوە نالێون. یەکێک لەو ڕەخنانەی ڕۆژێن دەیخاتەڕوو، سەبارەتە بەو پێشەکییە زۆروکەم تازەیەی «شانامە»ی فیردەوسی. وا مەنشوورە کە سەرچاوەی سەرەکی فیردەوسی بۆ هۆنینەوەی شانامە، پەخشانە وەرگێڕدراوی «خودای‌نامگ»ی پەهلەوی بووە و ئەم بەرهەمە پەیوندییەکی بە دەقەکانی سەیرولملووکەوە نەبووە. فرەزانەکان ئەم بۆچوونەیان لە ڕووی خوێندنەوەی پێشەکی شانامەی ناوبراو لا پەیدا بووە. ڕۆژێن بە پارێزەوە دەڵێ کە سەرچاوەی گرینگی شانامەی فیردەوسی ئەو کتێبە فارسییانەن کە لەو ژێدەر عەرەبییانە وەرگیراون، چونکە سایری ئەو مێژوونووسانەی کە جارێ بەرهەمەکانیان بە دەستەوەن، ئەو سەرچاوانەیان دەکار کردووە.[٢٥]

هەروەک نۆڵدکێ لە شی‌کردنەوەکانی‌دا لەسەر وەرگێڕدراوی تاریخی تەبەری، بەشی ساسانییەکانا نووسیویەتی، چەند جارێک سووری کردۆتەوە و سەلماندوویەتی کە لە کتێبی «خودای‌نامگ»دا زۆرتری داوەرییەکان سەبارەت بە خوو وخدە و کار و کردەوەی پادشایانی ساسانی، گەڕاوەتەوە سەر سەلیقە و مەیلی چینی باڵای نەجیمزادەکان و ڕێبەرانی ئایینی زەردەشتی.

بەداخەوە ئەو مێژوونووسە ئێرانی و عەرەبانەی کە کتێبەکانیان بە دەس ئێمەوەن، مەگین بەهەڵکەوت، ئەگینا باسی سەرچاوەی ڕاستەوخۆی خۆیان ناکەن، بۆیە ئێمە ناتوانین بڵێین کە بەرهەمی هەر یەکەیان لە کام وەرگێڕدراو یان نووسینی کۆن وەرگیراوە.

وا وێدەچێ کە پاش مردنی یەزدگردی سێهەم، زانایانی ئایینی زەردەشتی چەند پاشکۆیەکیان سەبارەت بە ڕووداوەکانی ئەم دوایی‌یەی پادشایانی ساسانی، خستبێتە سەر دەقی سەرەکی «خودای‌نامگ»ی پەهلەوی. هەر چۆنێک بێ «خودای‌نامگ»ی ڕەسەن لە خوسرەو پەروێزەوە واوەتر نەهاتووە، بەڵام ئاسەوارەکانی مێژوونوسانی عەرەب و ئێرانی هەڵگری گەلێک بابەت و گێڕانەوەی ئێرانین کە باسی مەودای نێوان مردنی خوسرەو پەروێز و سەرەنجامی دەسەڵاتی یەزدگرد دەکەن، بەم جیاوازییەوە کە ناکۆکی زۆرە لە نێوان گێڕانەوەکانی ئەم دوایی‌یانەدا و هەر ئەم وێکنەچوون و یەکتر نەخوێندەوەیە دەیسەلمێنێ کە هەموویان خاوەنی تەنیا سەرچاوەیەکی هاوبەش نەبوون.

ئێستا با بچینە سەر باسی کتێبێکی دیکەی پەهلەوی کە ئەویش بریتییە لە مێژووی ساسانییەکان و بە قەڵەمی «ئیبنوو موقەففەع» کراوەتە عەرەبی. ئەم کتێبە ناوی «ئایین‌نامگ» بووە. مەسعوودی دەڵێ: [۲۶]

«چەند هەزار لاپەڕەیەک دەبوو کە دەقی مۆر و تەواوی تەنیا لای موبەدان و پیاوانی بەدەسەڵات وەگیر دەکەوت.» ئایین‌نامگ باسی تایبەتمەندی و چۆنیەتی پێکهاتەی دەوڵەت و کۆمەڵی ئێرانی بەر لە سەردەمی ساسانییەکان و چاخی پادشایەتی ئەم خانەدانە و یاسا و ڕێسای شێوازی جیهانداری کردووە. ناوی ئەم کتێبە لە «تاریخی ثعالبی»[۲۷]دا هاتووە و هەروەها لە «عیون الاخبار»ی «ئیبنوو قوتەیبە»[۲۸]دا زۆر جار باسی کراوە. هەروەها ئاسەواری بابەت و نێوەرۆکیان لە «نامەی تەنسەر» و کتێبی «هەمزە»[۲۹] و «جەوامیعولحیکایاتی عەوفی»دا[۳۰] دۆزیوەتەوە. ئایین‌نامگ - ئایین‌نامگەکان، لەبەروەی چەند دانەن - هەڵگری کۆمەڵێک زانیاریی سەبارەت بە وەرزشە پەسندەکانی وەک تیرەندازی و گۆیەن و لێکدانەوە و شی‌کردنەوەی چۆنیەتی فاڵ گرتنەوە بە باری خراپی و باشی‌دا کە لە ڕووی دیتنی فڕینی مەلانەوە هەڵدەنجێندرێ و چەند باسی دیکەشی لە خۆی گرتووە. [۳۱]

«گاهنامگ» یا لیزگەی پیاوماقوولانی ساسانی کە ناو و پلەی تەواوی مەزنانی ئێرانی بەگوێرەی پلەوپایەیان تێدا نووسراوە[۳۲]، بە نامیلکەیەکی «ئایین‌نامگ» هاتۆتەژمار. وادیارە کە ئەو بابەتانەی «یەعقووبی»[۳۳] و «مەسعوودی»[۳۴] و «جاحێز» لە کتێبی «التاج»[۳۵]دا سەبارەت بە چین و تووێژ،

پلەوپایەکانی بارگای ساسانی نووسیویانن و ڕایانگواستوون، لە «گاهنامگ»ەکانی کۆن وەرگیراون.

یەکێک لە گرینگترینی ئەو بەڵگەنامانەی کە سەبارەتە بە پێکهاتەی سەردەمی ساسانی و بۆ ئێمە بەجێماوە «نامەی تەنسەر بۆ پادشای تەبەرستان»ە. تەنسەر مرۆڤێکی مێژوویی بووە. ئەوە کە ئایینی زەردەشتی لە ڕۆژگاری ئەردەشێری یەکەمدا بووژاندەوە و دایڕشتەوە. [۳۶] سەرەتا دارمێستێتێر دەقی ئەم نامەیەی لە گۆڤاری ئاسیایی ساڵی ۱۸۹۴، بەرگی یەکەم، لاپەڕە ۲۰۰ و دواترا و بە وەرگێڕانەوە لە لاپەڕە ۵۰۲ بەرەودوادا، چاپ کرد و لەم ئاخرییانەشدا ئاغای «موجتەبا مینەوی» ساڵی ۱۹۳۲ لە تاران چاپی کردۆتەوە. دارمێستێتێر دوو دەقی «نامەی تەنسەر»ی بە دەستەوە بووە، بەڵام دەقەکەی مینەوی پەنجا ساڵ کۆنتر و لە هێندێک بارانەوە تەواتر بووە. ئەم نامەیە کە لە «مێژووی تەبەرستان»ی «ئیبنوو ئیسفەندیار»دا هاتووە، لە ڕووی دەقی عەرەبیڕا کراوتەوە فارسی کە ئیبنوو موقەففەع لە ماکەی پەهلەوییەوە وەڕێگێڕابوو، کەچی ئێستا هەردک دەق بزرن.

مەسعوودی[۳۷] و بیرووونی[۳۸] هەرکام یەکی بەشێکیان لە دەقی عەرەبی ئیبنوو موقەففەع هێناوە و لە کتێبی «فارسنامە»شدا[۳۹] کوتێک لەم نامەیە نووسراوەتەوە کە وەک پەڕاوێزی نێوەرۆکی «مێژووی تەبەرستان»ی «ئیبنوو ئیسفەندیار» لە قەڵەم دەدرێ. «نامەی تەنسەر» هەڵگری باس و بابەتی مێژوویی و سیاسی و ڕەوشتییە و بە شێوازی نامە گۆڕینەوەیە لە مابەینی هێربودی گەورە «تەنسەر» و پادشای تەبەرستاندا. لەو نامەیەدا هەم پادشای بانگهێشتووە کە چیتر دەربارەی سەر وەبەر هینانی ئەردەشێر دڵاودڵی نەکا و ئاگای لە بارودۆخی فەرمانڕەوایەتی تازە بێ، هەم خەڵکی ئەو ڕۆژگاری سەبارەت بەو بابەتانەی باسیان کرا ڕوون کردۆتەوە و پەروەراندوونی. لە ڕاستیدا لە ڕەگەزی ئەو ئامۆژگارییانەن کە لە سەردەمی خوسرەوانداد دەیاننووسین و ڕێکەوتی نووسینی ئەم نامەیەش ڕۆژگاری خوسرەوی یەکەمە نە چاخی ئەردەشێری بابەکان.

لە نامەی تەنسەردا هاتووە کە ئەردەشێر سزای لە دین وەرگەڕاوانی کەم کردۆتەوە. «چونکە لە ڕۆژگارانی پێشوودا هەر کەس لە دین وەرگەڕابا، لەڕێوە بە پەلە دەیانکوشت و تەمێیان دەکرد. شاهەنشا فەرمووی کە ئادمیزادی وا

بخەنە بەندیخانەوە و زانایان بۆماوەی سالێک بێ نێوبڕ کاری لەسەر بکەن و بە ئامۆژگاری بیلاوێننەوە و بەڵگە و بۆنەی پێ نیشان بدەن و گومانی بڕەوێننەوە، جا ئەگەر هاتوو تۆبەی کرد و پەشیمان بۆوە و گەڕایەوە، ئازادی بکەن و ئەگەریش پێی لەسەر فیز و دەمار و لاساری و قسەی خۆی داگرت، ئەنجا بیکوژن.» بەڵام لە ڕاستیدا ئەو تۆندوتیژییانەی کە سەبارەت بە لە دین وەرگەڕاوان باو بووە، وێناچێ کە بەر لەوەی ئەردەشێر ئایینی زەردەشتی کردە دینی ڕەسمیی دەوڵەت، کاری پێکرابێ. بەپێچەوانە ئەو کەم کرانەوەی سزادانە، پەیوندییان بە ڕۆژگارانی دواترەوە بووە کە ئینساف و مرۆڤایەتی پتریان پەرە گرتووە و بۆ ئەوەی ئەم ئاڵوگۆڕی ڕوانگەیە بخەنە سەر بنەمایەکی مەتین، داویانەتە پاڵ ئەردەشێری سەرزنجیرەی فەرمانڕەوایانی ساسانی. هەر لەم باس و بابەتەدا، ڕاستی کەم کردنەوەی سزای ئەو تاوانانەی دەرهەق بە شا (دەوڵەت) و خەڵکانی تر کراون و لە نامەی تەنسەرا هاتووە، دەردەکەوێ. لە نێو پادشایانی ئەم خانەدانەدا لە چاو هەموان خوسرەوی یەکەم سەبارەت بە بوونی ڕوانگەیەکی ئاوەڵا و نەرمی نواندن لەسەر دەربڕینی بیر و باوەڕی ئایینی و پاراستنی ئیسناف و مافی مرۆڤایەتی خاوەنی ناوبانگێکی شایانە.

ئێستا با بێینە سەر خاڵێکی تر کە پرسی جێنشینیی پادشایە و لێوردبینەوە کە لە نووسراوەکەی دارمێستێتێر، لاپەڕە ۲۲۷، ۲۲۸، ۲۳۹ و هتد و لاپەڕە ۵۳۳، ۵۴۳ و دواتریدا، هاتووە. بەگوێرەی نێوەڕۆکی ئەم نامەیە، ئەردەشێر هیچ مەیلی لە دیاری کردنی جێنشینی خۆی نەبووە، چونکە ترساوە کە بیکوژێ، بۆیە هەڵبژاردنی جێنشینی ئاوا ڕێکخست: پادشا لە چەند نامەیەکی «سەربەمۆر»دا جگە لە نووسینی کۆمەڵێک پەند و ئامۆژگاری بۆ «موبەد»ی گەورە و سەرکردەی گشتیی هێزەکان و سەرۆکی دیوان (سەرۆکی دیواندارانی بارگا) هیچی نەنووسی و داینا کە پاش مردنی، ئەوانەی ناویان هات کەسێک لە نێو خانەدانی پادشایەتیدا بکەنە جێنشینی. ئەگەر هاتوو ناکۆکی کەوتە نێوان ئەم دەستەیە، دەنگی موبەدی گەورە لەسەر دەبێ و دەبێ بە گوێی بکرێ. «بەڵام ئەردەشێر نەیکردە داب و نەریت کە پاش ئەویش کەس نەکەن بە جێنشینیمیری و تەنیا سەبارەت بە دەورانی خۆی فەرمووی وابێ.» هەروەها گوتی: «دەکرێ ڕۆژگارێک دابێ جیاواز لە دەنگی ئێمە و بەرژەوەندی جۆرێکی تر هەڵدەگرێ.» دوودڵی ئێمە سەبارەت بە گێڕانەوەی ئەم بابەتە دەگەڕێتەوە سەر چەند

بنەمایەک، یەکیان ئەوەی کە دانانی ڕێسایەکی ئەوتۆ بە هیچ چەشنێک شایانی پادشایەکی سیاسی و بەمشووری وەک ئەردەشێر نیە، هەروابێتەوە بە گوتەی تەبەری کە پەیڕەوی بەڵگەنامە ڕەسمییەکانی چاخی ساسانییانە، ئەردەشێر و شاپووری یەکەم و شاپووری دووەم جێنشینانی خۆیان دیاری کردووە. بەڵام لە ماوە و مەودای سەردەمی ئەردەشێری دووەم و کواد(قوباد)ی یەکەمدا، پتر مەزن و پیاوماقوولان پادشایان هەڵبژاردووە. کەوایە ئەو ڕێوشوێنەی کە تەنسەر باسی کردووە، لەو سەردەمەدا باو بووە. هەروەها لەو شوێنەدا کە تەنسەر دەڵێ ئەردەشێر فەرمووی قانوونی هەتاهەتایی نیە و کەسانی تر دەتوانن بەگوێرەی بارودۆخ بیگۆڕن، نیشانەی ئەمەیە «نامەی تەنسەر» لە زەمانێکدا نووسراوە کە ئەگەرچی ئەو یاسا و ڕێسایە هەڵوەشاوەتەوە، بەڵام یادی لە بیراندا بڕە شوێنەوارێکی هەر ماوەتەوە. کەوایە «نامەی تەنسەر» هی ڕۆژگارێکە کە پادشایان دووبارە هەقی دانان و هەڵبژاردنی جێنشینیان لە سەردەمی ژیانی خۆیاندا وەدەس هێناوەتەوە، واتە مەودای ئەو دەورەیەی کە دەکەوێتە نێوان پادشایەتی کوادی یەکەم و هۆرمزدی چوارەم.

لە «نامەی تەنسەر»ی چاپی دارمێستێتێر، ل ۲۱۰ و ۵۱۳؛ چاپی مینەوی، ل ۹دا، ئەو قسەیان داوەتە پاڵ ئەردەشێر کە دەڵێ: «هیچ ئافەریدەیەک - بێجگە لە پادشایانی ژێردەست - کە لە بنەماڵەی ئێمە نەبن، نابێ پێیانبگوترێ شا، جگە لەو تاقمەش کە خاوەنی هەرێمن: ئالان و ناوچەی ڕۆژاوا و خارەزم و کابول.» مەبەست لە «خاوەنی هەرێمی ئالان» بێگومان یەکێک لەو چوار سنوورپارێزەیە کە خوسرەوی یەکەم داینا و ماقوولّی کرد و ڕێی دا کە لەسەر تەختی زێڕین دابنیشێ و پلەوپایەی بە شێوەیەکی ناوازە دەگوازرایەوە بۆ کوڕانی و نەدەبڕایەوە. ئەم سنوورپارێزانە پێشیاندەگوتن پادشایانی «خاوەن تەخت».

هەروەها لە ڕووی ئەو بابەتە جوغرافیاییانەی کە لە نامەی تەنسەردا هاتووە، دەشێ سەردەم و کاتی نووسینی باشتر دیاری بکرێ. بۆ وێنە هێنانی ناوی ترکان و ژمارەی ناوچەکانی سنووریی وەک: «شەقەجۆگەی بەلخ هەتا ئەو سەری مەڵبەندەکانی ئازەربایگان و ئەرمەنییە و فارس و فورات و خاکی عەرەب تا عومان و موکران و لەوێوە تا کابول و تۆخارستان.» کەوایە نامەی تەنسەر پاش شەڕ و سەرکەوتنەکانی «نۆشیروان» لە ناوچەکانی ڕۆژهەڵات و

قەڵاچۆکردنی «هێپتالیان» و بەر لە گرتنی یەمەن نووسراوە، یانی مەودای سالانی ٥٥٧ - ٥٧٠ی زایینی. [٤٠]

«مارکوارت»یش بە چەند ڕێگای دیکەدا هەر گەیشتە ئەو ئاکامەی کە ئێمە پێیگەیوین و ئەو دەڵێ کە نامەی تەنسەر نامیلکەیەکی ساختەیە ولە دەورانی خوسرەوی یەکەمدا نووسیویانە.[٤١] یەکێک لە گریمانەکانی مارکوارت ئەمەیە کە لە نامەی بەرباس‌دا لەبری وەی بەگوێرەی مێژووەکانی بەردەس ناوی حاکمی کرمان بە «وەلەخش» بێنێ بە «قابووسی» نووسیوە و ئەمە هەمان کاووس (کیووس)ی برای خوسرەوی یەکەمە کە لە جێی میری کرمان - کە لە چاخی ئەردەشێرا بووە - ناوی هاتووە.[٤٢]

لە «سیاسەتنامە»ی نیزامولمولک‌دا[٤٣] چەند دەستەواژەیەک لە کتێبێک بە ناوی «پێشینەکان‌نامگ»ەوە ڕاگوێزراوە و گێڕدراوەتەوە.

جگە لەمە کتێبێک بە ناوی «تاجنامگ» نووسراوە کە دەقی وتارەکان و فەرمانەکانی میران و لەم چەشنەی تێدا بووە. جارێ دژوارە کە بڵێین ئەم کۆمەڵە نووسینە چەند بەڵگەنامەی مێژوویی لە خۆگرتووە. ناوی کتێبی «تاجنامگ» لە پێرستی «ابن الندیم»دا[٤٤] هاتووە و چەند نەزیلەیەکیشی لە «عیون الاخبار»ی ئیبنوو قوتەیبەدا وەبەرچاو دێ. هێندێک لەو گوتە و دەستەواژانە دراونە پاڵ ئەو پادشایانەی کە ناویان نەهاتووە و بڕێکیان لە ئامۆژگارییەکانی خوسرەوی پەرۆێز دەرهاتوون کە دەڵێن بەرەوڕووی کوڕان و نووسندەکان و خەزنەداران و دەرکەوانانی خۆی کردوونەوە.

ئەو باسەی کە تەبەری سەبارەت بە نامەکانی میران و پادشایان دەیخاتەڕوو، وەک نامەی شاپووری سێهەم بۆ حاکمانی هەرێمەکان و نامەی بارامی چوارەم بۆ سەرکردەکانی سپا و نامەی خوسرەوی یەکەم بۆ پادگووسپانی ئازەربایگان، وادیارە لە «تاجنامگ» وەرگیراوە.

وا دەردەکەوێ کە کۆمەڵە کتێبێکیش بە ناوی «تاجنامگ» هەبوون، چونکە لە ئەلفێهرست‌دا، لاپەڕە ١١٨، دێڕی ٢٨، ناوی «تاجنامگ»یک هاتووە کە هەڵگری کردە و گوتەی (خوسرەوی یەکەم بووە و ئیبنوو موقەففەع) وەریگێڕاوە. بەڵام «گابرییەل» لە سەر ئەم باوەڕەیە کە «تاجنامگ» تەنیا دانەیەک بووە و کردە و گوتەی نۆشیروانی لێ زیاد کراوە. [٤٥]

لە سالّی ٩١٥/٩١٦ی زایینیدا، مەسعوودی[٤٦] لە «ئیستەخر» لە لای یەکێک لە گەورەپیاوانی فارس «کتێبێکی دیکەی دیتووە کە لانی زۆری زانستەکانی ئێرانییانی بە شیکردنەوە و لێدوان لەسەر مێژووەکان و کۆشک و خانووبەرە و ماوەی پادشایەتی فەرمانڕەوایانی تێدا بووە» و هەروەها وێنەی پاشایانی ساسانیشی لە خۆ گرتووە. «وا باو بوو کە لە ڕۆژی مردنی هەر فەرمانڕەوایەکدا - چ پیر، چ لاو - وێنەیان دەکێشایەوە و جلوبەرگی ڕەسمیی و تاج و ڕیش و سمێڵ و نیشانەکانی سەر ڕوخساریان لەو شێوەکارییەدا دەخستەڕوو.» پاشان وێنەکەیان دەسپاردە خەزێنەی پادشایەتی «هەتا ڕوخساری پادشای مردوو لە بیر نەوەکانی داهاتوو نەچێتەوە.» ئەگەر شا لە جلوبەرگی لەشکریدا خۆی نواندبا، وێنەیان بە پێوە دەکێشایەوە و ئەگەر خەریکی ڕاپەڕاندنی کاروباری وڵات بووایە، وێنەکەیان بە دانیشتنەوە دەنەخشاند. لەم نەخش و نیگارانەدا پادشایان لە نێوان مەزنان و ژێردەستانی بارگادا وەها دەکێشایەوە کە ڕووداوە گرینگەکانی ڕۆژگاری حکوومەتەکەی تێدا هەست پێدە کرا.

مەسعوودیش دەڵێ کە ئەم کتێبەیان لە ڕووی دەقێکەوە نووسیوەتەوە کە لە خەزێنەی پادشایانی ئێرانداا لە نیوەی یەکەمی مانگی جیمادی دووەمی، سالّی ١١٣ کۆچی مانگی (٧٣١ی زایینی)دا وەدەس هاتووە. ئەم کتێبەیان بە فەرمانی هوشامی کوڕی عەبدولمەلیک کوڕی مەروان لە پەهلەوی‌ڕا کردبوو بە عەرەبی و نەخش و نیگارەکانیان بە کۆمەڵێک ڕەنگی بیرتاسێن و سەمەرە - کە ئەمڕۆ وەدەس ناکەون ـ تێکەڵ بە ئاوەزێڕ و زێو و مزی قاڵ کێشابوونەوە. هەر ئەو دەڵێ: «پەڕەکانی ئەو کتێبە هێندە جوان و ڕازاوە و نەخشین بوون و وا بە وردی ساز کرابوون کە بەڕاستی نەمزانی کاخەزن یان پێست.» وادیارە ئەو باسوخواسەی کە هەمزەی ئیسفەهانی سەبارەت بە ڕوخسار و قەڵافەتی هەرکام لە پاشایانی ساسانی خستوویەتەڕوو، لە ڕووی ئەم کتیبەڕا بووە. هەڵبەت ئەو وێنانەی کە لە پادشایان وەچنگ هاتوون، هەموویان ڕەسەن و دڵخواز نەبوون[٤٧]، چونکە وادیارە کە ئەم دابە، یانی کێشانەوەی وێنەی پادشایان لە ڕۆژی مەرگا، لە جەرگەی سەردەمی ساسانییەکاندا بۆتە باو و بە مەبەستی کامڵ کردنی لیزگەی وێنەکان، بەناچار ڕوخساری پادشاکانی پێشوویان لە ڕووی بۆچوون و خەیاڵاتەوە کێشاوەتەوە و زیادیان کردوون. کەوایە ئەگەر

بێتوو سەبارەت بە ڕوخساری پادشایانی سەرەتای زنجیرەی خانەدانی ساسانی تووشی گومان بین، هیچ بەڵگەیەکمان بە دەستەوە نیە هەتا ئەو باس و بابەتانەی کە سەبارەت بە قەڵافەت و ڕوخساری فەرمانڕەوایانی دوایی ئەو خانەدانە نووسیویانە، نەسەلمێنین. جلوبەرگ و چەک و قەڵافەتی ئەم پادشایانە بە ڕادەیەک لەگەڵ بەردە تاشراوەکان و هەوڕوهاڵی زێوی سەردەمی ساسانی یەکتر دەگرنەوە، کە ناکرێ بڵێی ئەو نەخش و نیگارانە پاش ڕووخانی حکوومەتی ساسانییەکان کێشراونەوە و ساختەن.

بە بڕوای «گووتشمید»[۴۸] ئەم کتێبە هەمان «تاجنامە» بووە و «ئینۆسترانتزێف»[۴۹] و گەلێ دواتر «شئایدێر»یش[۵۰] ئەم بۆچوونەیان کە زۆر وێدەچێ وابێ، سەلماندووە. ئەو قسانەی کە سەرچاوەکانی عەرەبی و فارسی لە وەختی چوونە سەر دەسەڵاتی پادشایانی ساسانیدا داویانەتە پاڵیان، بە بڕوای ئینۆسترانتزێف لەم کتێبە وەرگیراوە.

«ئیستەخری» دەڵێ[۵۱] کە لە ناوچەی شاپوور نەخش و نیگاری پادشایان و مەزنانی فارس و زانایانی ئایینی زەردەشتی (مووبەدان) و پیاوانی تریان لەسەر تاشەی کیوان دابڕیوە و هەروەها باسی ئەوە دەکا کە وێنەی ئەم کەسانەیان لەگەڵ ژیاننامە و مێژووی دەوڵەتەکەیان لە کۆمەڵە کتێبێکدا کۆ کردبۆوە و دابوویانە دەس خەزنەخانەیەکی تایبەتی کە لە قەڵای «شیز»ی ناوچەی «ئەرجان» بنەی دانابوو. ئینۆسترانتزێف، پێی وایە مەبەست لەم کتێبە «تاجنامە»یە.

ناوی چەند کتێبێکی پەهلەوی کە کراونە عەرەبی، لە ئەلفێهرستدا وەبەرچاو دێن، بەتایبەت لە لاپەڕە ۳۰۵، ۳۱۵، ۳۱۶دا. ناوی هێندێک لەو کتێبانە لە مێژووەکانی دیکەشدا هاتوون. ژمارەیەکیان دەکەونە زنجیرەی ئامۆژگارینامەکان[۵۲] و هێندێکیان بە چیرۆکی مێژوویی دادەندرێن. بەڵام لەبەروەی زۆربەیان تەنیا هەر ناویان ماوە، ناکرێ بڵێی کامەیان کەوتۆتە کێها بەش.

دوو لەو ئەفسانە پەهلەوییانەی کە هەڵگری باس و بابەتەکانی مێژوویی سەردەمی ساسانییەکان بوون و کراویشنە عەرەبی[۵۳] «مەزدەکنامگ» و «وەهرام چووبینامگ»ن.

«مەزدەکنامگ» حیکایەتێکە سەبارەت بە «مەزدەک»ی مەشهوور کە لە ڕۆژگاری کوادا ڕاپەڕی. ئیبنوو موقەففەع کردی بە عەرەبی و «لاحەقی»

شاعیر هۆندییەوە (ئەلفێهرست ۱۱۸/۲۷ و ۱۶۳/۱۰). هەمزەش ناوێکی ئەو کتێبە دێنێ (ل ۴۱). لە «نیهایە»شدا ناوی هاتووە، (براون ل ۲۱۶). بۆ ئەوەی تێکڕای باس و نێوەرۆکی ئەم ئەفسانەیەمان لا ڕوون بێتەوە، دەبێ ئەو ڕستە و دەستەواژانەی کە لە «سیاسەتنامەی نیزامولمولک»[۵۴] و نەزیلەیەکی پارسیدا هاتوون[۵۵]، بیانخەینەوە سەریەک. سەعالبی، بیروونی، خاوەنی «فارسنامە» و نووسەری «موجمەلوتتەواریخ»[۵۶] لەو بابەتانەدا کە نووسیویانن، سیلەچاویان داوەتە ئەم کتێبە.

«وەهرام چووبینەنامگ» بەسەرهاتی سەردارێکی ناوبەدەرەویە کە «جبلة بن سالم» کردوویەتە عەرەبی (ئەلفێهرست ۱۰۵/۱۰). سەرجەمی ئەم حیکایەتە لە کتێبی مێژوونوسانی عەرەب و فیردەوسیدا وەدەس دەکەوێ.[۵۷]

سەرچاوە گرینگەکانی مێژووی ساسانییان کە لە کتێبی بەردەستی مێژوونووسانی عەرەبی و ئێرانیدا وەدەس دێن و بە کۆنترین و هەرە بەرچاوترین دادەندرێن بریتین لە: مێژووی یەعقووبی (نیوەی دووەمی سەدەی نۆیەمی زایینی)[۵۸] و مێژووی ئیبنوو قوتەیبە (کۆچکردووی سالّی ۸۸۹)[۵۹]، لە کتێبی «عیون الاخبار»ی ئیبنوو قوتەیبەشدا چەند باس و بابەتێکی گرینگ سەبارەت بە مێژووی چاخی ساسانییەکان خراوەتەڕوو.[۶۰] ئەو جار کتێبی «اخبار الطوال»ی دینەوەری (کۆچکردووی سالّی ۸۹۵)[۶۱]؛ تاریخی تەبەری (کۆچکردووی سالّی ۹۲۳)[۶۲]؛ مێژووی ئووتیکیووس (سەعیدی کوڕی پاتریک، پێشەوای مەسیحییەکانی ئەسکەندەرییە، کۆچکردووی سالّی ۹۴۰)[۶۳]؛ «مروج الذهب»ی مەسعوودی (کۆچکردووی دەوروبەری سالّی ۹۵۶)[۶۴] و کتێبی «التنبیه» و «الاشراف»ی ئەم نووسەرە[۶۵]؛ مێژووی هەمزەی ئیسفەهانی، کە لە سالّی ۹۶۱دا نووسراوە[۶۶]؛ مێژووی فارسی بەلعەمی[۶۷] کە لە ۹۶۳دا لە تەبەری وەرگێراوە و هەروابێتەوە مێژووی «مطهربن طاهرالمقدسی» کە لە ۹۶۶دا نووسراوە.[۶۸] پاشان «شانامە»ی فیردەوسی[۶۹] (کۆچکردووی دەوروبەری سالّی ۱۰۲۰). کاکڵ و نێوەرۆکی ئەم حیماسە میللییەی ئێران بۆ تێگەیشتنی چۆنیەتی شارستانییەتی ساسانییەکان زۆر گرینگ و بە قازانجە، چونکە سەرچاوە سەرەکییەکانی فیردەوسی لە هۆنینەوەی شانامەدا سەر بەو دەورانییە. هەروەها کتێبی «غرراخبارالملوک»ی سەعالبی (کۆچکردووی سالّی ۱۰۳۸)[۷۰] و «نهایةالارب فی اخبارالفرس و العرب» کە کتێبێکی عەرەبییە و نووسەرەکەی ونە و وادیارە لە

نیوەی یەکەمی سەدەی یازدەی زایینیدا رێکخراوە.[٧١] ئەو جار «فارسنامە»ی فارسی کە لە سەرەتای سەدەی دوازدەدا بە قەڵەمی نووسەرێک بە ناوی ئیبنوو بەلخی نووسراوە[٧٢]؛ «موجمەلوتتەواریخ»؛ «القصص» کە کتێبێکی فارسی دیکەیە و نووسەرەکەی گومناوە و لە ساڵی ١١٢٦ی زایینیدا نووسراوە.[٧٣] ئەو باس و بابەتانەی کە سەبارەتن بە مێژووی ساسانییەکان و لە کتێبی پەهلەوی «بۆندەهێشن»دا دەیبینین، هەر ئەو بابەتانەن کە عەرەب لە دەقی «خودای‌نامگ» هەڵیانهێنجاون و تەرجەمەیان کردوون و گۆڕانیان بەسەر هێناون.[٧٤]

کتێبی «ئیبنوو مۆسکوویە» و «ئیبنوو ئەسیر» و مێژوونووسانی تازەتر وەک «ئەبولفەدا» و «حەمدوڵڵا مستەوفی قەزوێنی» و «میرخوند» و ئەوانی تر بە باری گرینگایەتیدا ناگەنە پلەی ئەو کتێبانەی پێشتر باسمان کردن، چونکە شتێکی تازەی ئەوتۆیان سەبارەت بە مێژووی ساسانییەکان تێدا نیە و هیچ لە سەرچاوەکانی پێشوو زیاد ناکەن.

سەبارەت بە پەیوەندی سەرچاوە باوەڕپێکراوەکانی عەرەبی و فارسی لەگەڵ یەکتر، پێشنیارمان ئەمەیە کە خوێنەران بڕوانن پێشەکی کتێبی «مێژووی ئێرانییان و عەرەبان» نووسراوی نۆڵدکێ، چونکە لەبەر ئەو یادداشت و پەراوێزە زۆرانەی کە بۆی کردووە، خاوەنی نرخ و گرینگایەتییەکی تایبەتە. هەروەها بڕوانن ئەو «سەردەق»ەی کە «زۆتنبێرگ» لەسەر چاپێکی کتێبەکەی سەعالبی نووسیویەتی. هەروابێتەوە دەتوانن چاو بخشێنن بەو لێکۆڵینەوانەدا کە خۆم لە کتێبێکمدا بە ناوی «کوادی یەکەم و مەزدەک»[٧٥] خستوومنەڕوو، یان سەرێک لەو وتارانە هەڵێنن کە سەبارەت بە بووزەرجمێهری زانا و ئەبێرسام و تەنسەر نووسیومە.[٧٦] بەپێی بۆچوونی نۆڵدکێ (لەو کتێبەدا کە پێشتر باسی کرا، پێشەکی، ل (XXI) ئووتیکیووس و ئیبنوو قوتەیبە لە مێژووی خۆیاندا بوونە پەیرەو و سەرگوڵخۆری ئەو وەرگێڕانەی کە ئیبنوو موقەففەع لە «خودای‌نامگ»ی کردووە.[٧٧] تەبەری بەجیا ئەو بابەتانەی کە لەم بوارەدا کەوتوونە دەستی، بێ ئەوەی ناوی سەرچاوەکانیان بێنێ هێناونی و چەند باسێکی لە جێی خۆیدا سەبارەت بە مێژووی دەوڵەتی عەرەبی «حیرە» تێخستووە. بەلعەمی پاش تێکەڵ کردنی بابەتەکانی تەبەری چەند باسێکی لە ژێدەری تر وەرگرتوون و خستوونییەوە سەر یەک. «فارسنامە»ش کە بەگشتی

پەیڕەوی گێڕانەوەکانی تەبەرییە، ئەو باسوخواستانەی کە لە شۆینی دیکە وەریگرتوون، لێی زیاد کردوون. کتێبی هەمزەش کە تەنیا کورتە و پوختەیەکە، گەلێک باس و بابەتی لە تەرجەمە و مەبەستە ئاوەژووکراوە عەرەبییەکانی «خودای‌نامگ» وەرگرتووە. «موجمەلوتتەواریخ» پشتی بە نووسراوەکانی هەمزەی ئیسفەهانی بەستووە و سەرەڕای ئەو نامیلکەیەی هەمزە کە ئێستا بە دەستەوەیە، خاوەنی «موجمەل» هەموو نووسراوەکانی ئەو مێژوونووسانەی کە جارێ سۆراغیان دیار نیە، دیتوونی. دینەوەری کەلکی لە دەقێکی سەربەخۆی «خودای‌نامگ» وەرگرتووە و نێوەرۆکی «نهایةالارب» هەمانە کە دینەوەری هێندێک بە دوورودرێژی هێناویەتی. ئەمەش لە دوو ڕی بەدەر نیە، یان خاوەنی «نیهایە» کتێبەکەی دینەوەری کردۆتە سەرچاوەی سەرەکی خۆی، یان دینەوەری و نووسەری «نیهایە» هەردک چوونەوە سەر سەرچاوەیەکی هاوبەش و نووسینەکانی خۆیان لێ هەڵێنجاوە. چەند نەزیلە و بەسەرهات و بابەتێکی دیکە کە دیسان لە «خودای‌نامگ» وەرگیراون، لە کتێبەکانی یەعقووبی و مەسعوودی و نامیلکەی «موتەهەر» و فیردەوسی و سەعالبی‌دا دێنە بەرچاو. سەرینچاوەی زانیاریەکانی فیردەوسی و سەعالبی یەک بووە. لە زۆربەی ئەو گێڕانەوانەدا کە نووسەرانی ناوبراو بایانداوەتەوە سەر خودای‌نامگ، زۆر باس و بابەتی دیکەشیان لە ژێدەرانی پەهلەوی وەک «ئایین‌نامگ»، «گاهنامگ»، «تاجنامگ»، «ئامۆژگارییەکان» و حیکایەتی زارەکی وەرگرتووە و ڕەگەڵیان خستووە.

ئەو سەرچاوە هاوبەشەی کە فیردەوسی و سەعالبی چوونەوە سەری، خۆی هەڵگری گەلێک پەند و ئامۆژگاری و حیکایەتی زارەکی کۆمەڵانی سەردەمی ساسانی بووە و بەتایبەت فیردەوسی زۆری باداوەتەوە سەر پەند و ئامۆژگاری و نەقڵ و نەزیلەی فۆلکلۆر.

گەلێک زانیاری گرینگ کە لە سەرچاوەکانی چاخی ساسانییەکان وەرگیراوە، لەو کتێبەدا کە دراوەتە پاڵ جاحێز (کۆچکردووی سالی ۸۶۹ی زایینی) بە زۆروزەوەندی وەبەرچاو دێ، بەتایبەت لە کتێبی «التاج»دا[۷۸] کە «ڕێشێر»[۷۹] دووەڵە لەوەی کە ئی جاحێز بێ و بە بڕوای ئێمە ئەم گومانە لە خۆڕایە؛ چونکە «التاج» هەڵگری گەلێک سەربوردەی کۆنە. نووسراوەیەکی دیکەش بە ناوی «المحاسن و المساوی»[۸۰] بەڕاستی گومانی تێدایە کە ئی جاحێزە

یان نا. «مفاتیح العلوم»ی خارەزمی کە دەوروبەری سالّی ۹۷۶ی زایینی نووسراوە[۸۱] و «آثارالباقیە»ی بیروونی (کۆچکردووی سالّی ۱۰۴۸) [۸۲] و «سیاسەتنامە»ی نیزامولمولک کە سالانی ۱۰۹۲ - ۱۰۹۳نوسراوە[۸۳]، تێکڕایان هەڵگری گەلێک باس و بابەتن سەبارەت بە چاخی ساسانییەکان.

لەو زنجیرە کتێبانەدا کە دەربارەی «ئەدەب» نووسراون و وادیارە بە چاولێکەری ئامۆژگارییەکانی ساسانی بڕەویان پەیدا کردووە، دەکرێ گەلێک نەقڵ و نەزیلە و چیرۆک بکرێنە کۆمەڵە و بخرێنەڕوو. هێندێک لەو کتێبانە بێجگە لە «المحاسن...» بریتین لە: «الاذکیاء» کە عەرەبییە و «ئیبنوو جەوزی»، (کۆچکردووی سالّی ۱۲۰۰) نووسیویەتی[۸۴] و «مەرزبان‌نامە» کە فارسییە و بەرهەمی «سەعەددینی وەراوینی»یە و لە مەودای سالانی ۱۲۱۰ - ۱۲۲۵ی زایینیدا خراوەتە سەر یەک. [۸۵] لە کتێبەکانی جوغرافی‌زانانی عەرەبیشدا باس و بابەتی پرشوبڵاو زۆرن، وەکوو کتێبی «ابن خردادبه» کە سەدەی نۆهەم ژیاوە و «ابن الفقیه الهمدانی» (کۆچکردووی سەرەتای سەدەی دەهەمی زایینی) و «ئیستەخری» و «ابن حوقل» (لە سەدەی دەهەمدا) [۸۶] و «یاقوت» (کۆچکردووی سالّی ۱۲۲۹ی زایینی) [۸۷]. هەروەها دەکرێ هێندێک لە ڕووداوەکانی خۆمالّی لە کتێبی «تاریخی تەبەرستان»ی ئیبنوو ئیسفەندیار کە لە سالّی ۱۲۱۶دا نووسراوە[۸۸] و «تاریخی تەبەرستان»ی سەید زەهیرەددینی مەرعەشی[۸۹] کە دەوروبەری سالّی ۱۴۷۶ی زایینی نووسیویەتی، هەڵنجێندرێن. لە بابەت لقوپۆپەکانی ئایینی چاخی ساسانی، کتێبی «ملل و نحل»ی «شارستانی» کە سالّی ۱۱۵۳ی زایینی کۆچی‌دوایی کردووە[۹۰]، سەرچاوەیەکی زۆر گرینگە و باسی دین و ئایینی زەردەشتی و مانەوی و مەزدەکی دەکا. هەروەها چەند کورتەباسێک سەبارەت بە لکوپۆ مەزهەبییەکانی ئەو زەمانی لە «بیان الادیان»ی «ئەبولمەعالی»دا کە فارسییە و لە سالّی ۱۰۹۲دا نووسراوە، وەچنگ دەکەوێ. [۹۱] چەند باسێک سەبارەت بە دینەکانی ئێرانی کۆن لە کتێبی فارسی «تبصره العوام»دا هەیە، کە لە نیوەی یەکەمی سەدەی سێزدەی زایینیدا نووسراوە و گۆیا هی «سەید مورتەزای کوڕی داعی حەسەنی ڕازی»یە. سەبارەت بە هێرشی عەرەب بۆ سەر ولاتی ئێران سەرچاوەیەکی زۆر باشمان بە دەستەوەیە بە ناوی «فتوح البلدان»ی «بەلازوری»[۹۲] (کۆچکردووی ۸۹۲)، بەشی یەکەمی ئەم کتێبە کە «ڕێشێر»[۹۳] کردوویەتە ئالّمانی، باسی چەند بابەت و ڕووداوێکی مێژوویی ئێرانی تێدایە، لە سەدەی پێنجەمڕا هەتا سەدەی حەوتەمی زایینی.

٣ - سەرچاوەکانی یۆنانی و لاتینی

«دیوون کاسیووس» کە دەوروبەری ساڵی ٢٣٥ زایینی کۆچیدوایی کردووە، لە کتێبی «مێژووی ڕۆم»دا کە دەگاتەوە ساڵی ٢٢٩، بابەتێکی سەبارەت بە دەوڵەتی ساسانی نووسیوە.

چۆنیەتی گۆڕان و لا درانی زنجیرەی خانەدانی پادشایەتی ئێران و ڕووداوەکانی پەیوەندیدار پێیەوە لە «مێژووی ڕۆم»ی هێرۆدیانووس» (کۆچکردووی ساڵی ٢٤٠ی زایینی‌دا) بە ڕوونی باسی کراوە.

بەڵام سەبارەت بە دەورەی یەکەمی ساسانییەکان چەند باس و بابەتێکی پاشماوەی «مێژووی دێکزیپۆسی ئاتێنی» (نیوەی دووەمی سەدەی سێهەمی زایینی) و هەروەها لە «مێژووی قەیسەرانی ڕۆم»دا بە قەڵەمی «تریبێلیووس پۆللیۆ» کە لە ڕۆژگاری «دیۆکلێسین»دا ژیاوە، دێتە بەرچاو. «لاکتانتیووس فیرمیانووس» کە هاوچەرخی ئەو مێژوونووسە بووە پێشتر باسی کراوە چووە سەر دینی «نەسارا»، مێژوویەکی شاخ و باڵ وێخراوی سەبارەت بە تۆندوتیژییەکانی شاپووری یەکەم دەرهەق «والریانووس»ی ئیمپراتۆری ڕۆم، کە ئێرانی بە دیلیان گرت، نووسیوە. چەند باس و ئاماژەیەک سەبارەت بە سەردەمی ساسانییەکان لە «مێژووی ئوورلیووس»دا کە «فلاویووس ڤۆپیسکووس» ٣٠٠ ساڵێک پاش زایین نووسیویەتی، وەبەرچاو دێ. هەروەها چەند بابەتێک لە «مێژووی ئووسبیووس»ی قەیسەری (کۆچکردەی ساڵی ٣٤٠ی زایینی) و لە کتێبی «ڕووفینووس»دا کە پاشکۆیەکی تەواوی «مێژووی زانایانی ئایینی ئووسبیووس»ی هەتا ساڵی ٣٥٩ی زایینی نووسیوە و لە «مێژووی قەیسەران»ی «ئوورلیووس ڤیکتۆر»ی سەدەی چوارەمدا بە تاکوتەرایی وەبەچاو دێ و لە ساڵی ٣٦٠دا دەبڕێتەوە. کتێبی «ئوونافیووس»ی فرەزانای «نوێئیفلاتوونی»ش (کۆچکردووی دەوروبەری ساڵی ٤٠٠) جارجارە چەند باسێکی سەر بە ساسانییەکانی لە خۆ گرتووە. تەواوی ئەم نووسەرانە هەرچێکی کە لە مێژووی ئێران‌دا پەیوەندی بە نێوانی ئێران و ڕۆمەوە بووە وەپاشیان نەداوە و نووسیویانەتەوە. سەبارەت بە گێڕانەوە و لێکدانەوەی شەڕەکانی شاپوور لەگەڵ ڕۆمییەکان «مێژووی ئامیانووس مارسێلینووس» سەرچاوەی سەرەکییە و تەنیا بەرگی ١٤ تا ٣١ی ماوە و باسی ڕووداوەکانی

ساڵانی ۳۵۳ و ۳۷۸ دەکا. چونکە خودی ئامیانووس لە هێرشەکانی ڕۆما بۆ سەر ئاسیا لە ساڵی ۳۶۳دا تێدا بووە و ئەم کتێبانەی نووسیوە و گەلێک زانیاری گرینگی سەبارەت بە ئێران و ئێرانییەکان لێ زیاد کردووە. مێژوونووسێکی دیکەی ڕۆمی کە لە پەلامارەکەی ساڵی ۳۶۳ی زایینیدا حازر بووە، «ئووترۆپیووس»ی نووسەری «کورتەمێژووی ڕۆم»ە. ئامۆژگاری و نامەکانی نووسەری لاڕێ لە دین «لیبانیووس» (کۆچکردووی ساڵی ۳۹۳) و «مێژووی قەشە» بە ناوی «سوولپیسیووس سێوێروووس» کە لە مابەینی ساڵانی ۴۲۰ و ۴۲۵دا دەستی لە دنیا بەرداوە، سەبارەت بە پەیوەندییەکانی ئێران و ڕۆم هەڵگری گەلێک بابەتی بەکەلکن.

یەکێک لە زانایانی ئایینی مەسیحییان بە ناوی «تێئۆدۆر مۆپسووستی» (کۆچکردووی ساڵی ۴۲۸) چەند مەبەستێکی سەرنجڕاکێش سەبارەت بە ئایینی زۆروانپەرستی زەردەشتییان دەگێڕێتەوە و «فۆتیووس» پوختەیەکی گێڕاوەتەوە.[۹۴] «تێئۆدۆرە» کە ئوسقۆفی «کیرۆس» بووە و لە مشتومڕ و لێدوانەکانی ئایینی نیوەی یەکەمی سەدەی پێنجەمڕا خۆیەکی نیشان داوە، مێژووی ڕێبەرانی ئایینی ساڵانی ۳۲۵ - ۴۲۸ی نووسیوەتەوە. لێرەدا وا باشە کە ناوی زنجیرە کتێبێکی یۆنانی کە باسی مێژووی پیاوانی ئایینی دەکەن و چەند بابەتێکیان سەبارەت بە دەمەتەقەی نێوخۆی مەزەبەکانی نەسارای ڕۆژهەڵاتی تێدایە و شەڕە سیاسی و ئایینییەکانی دوو وڵاتی گەورەی ئێران و ڕۆم دەگێڕنەوە، بێنە گۆڕ: بۆ وێنە کتێبی «سوقراتی ئوسکۆلاستیکۆس»؛ «سۆزۆمێن» (نیوەی یەکەمی سەدەی پێنجەم) و کتێبی «ئوواگریۆس» کە پاش ساڵی ۶۰۰ی زایینی مردووە؛ هەروەها «مێژووی ئۆرۆسیووس» بە ناوی «ڕێدکێفار» (سەدەی پێنجەم)، کە وەک بەرگرینامە و چالاکی بڵاوکردنەوەی ئایین نووسراوە و هەڵگری مێژووی جیهانە تا ساڵی ۴۱۷ و «مێژووی قەیسەرانی ڕۆم» هەتا ساڵی ۴۱۰، کە «زۆسیمۆس»ی لاڕێ لە دین لە ئاخروئۆخری سەدەی چوارەمدا نووسیویەتی. کۆمەڵە زانیاریەکیش سەبارەت بە مێژووی «پیرووز»ی ساسانی لە کتێبی «پریسکۆس» لە سەدەی پێنجەمدا وەدەس دێ.

«پرۆکۆپیۆس»ی قەیسەری کە لە هێرش و پەلامارەکانی «بلیساریووس»دا وێڕای بووە و بە یەکێک لە نووسەرانی پلە یەکەمی داندراوە، ئەو کتێبەی کە

دەربارەی شەڕ لەگەڵ ئێرانییەکان نووسیویەتی، سەرچاوەکانی بەتایبەت دەگەڕێنەوە سەر مێژووی ئێران لە ڕۆژگاری پادشایەتی کوادی یەکەم و خوسرەوی یەکەم و گەلێک باس و بابەتی گرینگی سەبارەت بە بارودۆخی نێوخۆیی و تاوپۆی دەوڵەتی ئێرانی لە خۆ گرتووە. «پێتروووس پاتریسیووس» کە لە لایەن بارگای «بیزانس»ەوە وەک باڵوێزی سیاسی نێردرایە خزمەت خوسرەوی یەکەم و تەسالّحەی سالّی ٥٦١ی پێکهێنا؛ گەشتنامەیەکی مێژوویی نووسیوە بە ناوی «ڕاپۆرتی باڵوێزایەتییەکان» کە چەند بەشێکی ماوە.

«ئاگاسیاس ئوسکۆلاستیکۆس» کە سالّی ٥٨٢ی زایینی مردووە، درێژەی، «مێژووی پرۆکۆپیۆس»ی داوە. «مێژووی ژیانی یووستینیانووس» کە ئەو نووسیویەتی، لە بابەت ڕوون کردنەوەی بارودۆخی ئێرانا خاوەنی گرینگایەتی تایبەتە، چونکە بە قسەی خۆی یەکێک لەو سەرچاوە چەشناوچەشنانەی کە لەبەر دەستیدا بووە، سەرجەمی سالّنامەکانی ڕەسمیی خەزێنەکانی تیسفوون بووە. لەو زەمانیدا وەرگێڕێک ژیاوە بە ناوی «سێرجیووس» کە خوسرەوی یەکەم پێی لە هەموو وەرگێڕەکانی هەردک وڵات زاناتر و خوێندەوارتر بووە. ئەم «سێرجیووس»ە لەسەر تکای ئاگاسیاس داوای لە پارێزەرانی خەزێنەکانی پادشایەتی کردووە کە سالّنامە ڕەسمییەکانی پێ نیشان بدەن. پاش ئێزن وەرگرتن، ناوی فەرمانڕەوایانی ئێران و ماوەی دەسەلاتداریتی و کارە گرینگەکانی یادداشت کردوون و سێرجیووس بۆی کردۆتە یۆنانی. سەرەڕای ئەمانە ئاگاسیاس لە یادداشتەکانی خۆیدا کە سەبارەت بە مێژووی ساسانییەکان نووسیویەتی، کەلکی لە چەند ژێدەری دیکەش وەرگرتووە. بۆ وێنە ئەو بابەتەی کە سەبارەت بە ڕەچەڵاکی ئەردەشێر و سەربوردەی تافی لاوێنی ئەو نووسیویەتی، بێگومان لە گێڕانەوەی سەرزارەکی خەڵکی وەرگرتووە و ئەو باس و بۆچوونانەی کە لە بابەت دینی زەردەشتەوە نووسیونی، بێهەڵە نین، بەڵام کۆمەڵێک مەبەستی بەکەڵک و باوەڕپێکراویان تێدایە. «مێژووی مەلالاس» (سەدەی شەشەمی زایینی) هەڵگری چەند زانیاریەکی بەسوودە دەربارەی ئایینی مەزدەکی.

«مێناندرۆس پرۆتکتۆر» لە نیوەی یەکەمی سەدەی شەشەمدا دیرۆکی سالّانی ٥٥٨ تا ٥٨٢ی نووسیوەتەوە. سەبارەت بە سەربوردەی سالّانی ٥٨٢ تا ٦٠٢ی

زاینی مێژووی «تێئۆفیلاکتووس»مان بە دەستەوە کە لە سەدەی حەوتەمدا ژیاوە. ئەم مێژووە سەبارەتە بە تانوپۆ و سیستمی حکوومەتی ئێران و بابەتی گرینگی لە خۆ گرتووە. «مێژووی ڕۆژگارانی فەرمانڕەوایەتی پادشایانی ساسانی» کە «سییۆنکلۆس»ی کۆچکردووی پاش ٨١٠ی زاینی نووسیویەتی، لە ڕووی یادداشتەکانی ئاگاسیاسەوە خستوویەتەوە سەر یەک.[٩٥] دەربارەی سەردەمی فەرمانڕەوایەتی خوسرەوی دووەم و جێنشینەکانی «مێژووی تیئۆفانس» (کۆچکردووی دەوروبەری ساڵی ٨١٧) و «کرۆنیکۆن پاسکاڵە»مان لەبەر دەستایە. گەلێک باس و بابەت سەبارەت بە چاخی ساسانییەکان لە کتێبی نووسەرانی پاشینی بیزانسیدا وەدەس دێ، بۆ وێنە بڕواننە کتێبی «نیکەفۆرۆس» کە لە ساڵانی ٨٠٦ هەتا ٨١٥ پاتریکی قوستەنتەنییە بووە و هەروەها ئاسەوارەکانی «کێدرێنۆس»ی سەر بە سەدەی یازدەی زایینی و «زۆناراس» کۆچکردووی پاش ساڵی ١١١٨ی عیسایی.

«ویلیامز جەکسۆن»[٩٦] و «س. کلێمەن»[٩٧] دوو کەس لە نووسەرانی یۆنانی و ڕۆمی چاخی ساسانییەکان، چەند بابەتێکیان سەبارەت بە ئایینەکانی ئێرانی خستۆتەڕوو و «شروود فۆکس» کردوونی بە ئینگلیسی.[٩٨]

بنکەی ژین
www.zheen.org

٤ - سەرچاوەکانی ئەرمەنی

مێژووی ئەرمەنستان لە چاخی ساسانییەکاندا تەواو لەگەڵ دیرۆکی پادشایەتی ئێرانییان تێکەڵاو و لێکگرێدراوە. هەر بۆیە لە ئاسەواری مێژوونووسانی ئەرمەنی ئەوان سەردەمان‌دا، نەک تەنیا باس و بابەتی زۆر گرینگ دەربارەی بەسەرهاتی پادشایانی ئێران وەچنگ دەکەوێ، بەڵکوو چۆنیەتی پەیوەندی ئێران و ئەرمەنستانیان تەواو پێڕوون دەکرێتەوە. هەروەها باسوخواسی دوورودرێژ و بێژمار دەربارەی ڕایەڵوپۆی وڵات و پێکهاتەی دین و شارستانییەتی ئێرانی چاخی ساسانییانیان تێدا نووسراوە.[٩٩]

کتێبێک سەبارەت بە سەربوردەی «تیریدات»ی پادشای ئەرمەنستان و بانگەوازەکانی «گرێگوار»ی پیرۆز کە نازناوی «ڕووناکیدەر و ئیلهامبەخشی» بووە، ئێستا بە دەستەوەیە و گۆیا «ئاگاس ئانجێلۆس» نووسیویەتی. لەم کتێبە دەقێک بە زمانی یۆنانی و یەکێک بە زمانی ئەرمەنی هەیە و بریتییە لە

چەند بەش و لــە ســەرەتادا هــەموو بەشــەکان ســەربەخۆ بــوون، بــەڵام دوای ساڵی ٤٥٦ تێکیانخستوونەوە.[١٠٠] گەلێک حیکایەت و نەقڵ و نەزیلەی ئەفسانەاوی سەبارەت بە پەیدابوونی مەسیحایەتی لە ئەرمەنستان و چەندین خاڵ دەربارەی دەورەی یەکەمی پادشایەتی ساسانییەکان لەم کتێبــەدا وەبــەرچاودێ.[١٠١] کۆنــە کتێبێکی دیکەش کە نووسەرەکەی دیــار نیــە و نــاوی «بەســەرهاتی نێرسێســی پیرۆزە»[١٠٢] بۆ ئەوە دەبێ ئاوڕی وەسەر بدرێ. مێژووی هەرێمێک لە ئەرمەنستان بە ناوی «تەروەن» کە «زێنــۆب»ی ئۆســقۆفی ســۆریانی نووســیویەتی، باســی دەورانــی گرێگــوار[١٠٣] دەکــا کــە پێشــتر قســەی لێکــرا، بــەڵام جێــی گومانــە. «یووحەننای مەمیکۆنی»[١٠٤] درێژەی ئەم مێژووەی داوە و لە سەری ڕۆیشتووە.

«مێــژووی ئەرمەنســتان» بــە قەڵــەمی «فۆستووســی بیزانســی» کــە لــە نیوەی یەکەمی سەدەی پێنجەمدا نووسراوە و بــە لای زۆریدا باســی بــارودۆخی سالانی ٣٢٠ تا ٣٨٥ دەکا[١٠٥]، لە بابەت دیرۆکــی ئێــران لــە ســەدەی چــوارەمی زایینیدا کتێبێکی بڕێک جێی باوەڕە.

«ئێزنیک کۆلبی» لە نێوان سالانی ٤٤٥ و ٤٤٨دا کتێبەکەی خــۆی بــە نــاوی «ڕەتدانەوەی تاقمەکانی ئایینی» نووسیوە و بریتییە لە چەند بــاس و بابــەتێک سەبارەت بە باوەڕ و بۆچوونەکانی زەردەشتییانی ئەو ڕۆژگاری.[١٠٦]

«مێژووی ئەرمەنستانی» لازار فارپ کە لە ساڵی ٥٠٤دا نووسراوە،[١٠٧] باسی ڕووداوەکــانی ســاڵانی ٣٣٨ - ٤٨٥ دەکــا. لازار مێژوونووســێکی پایەبــەرزە و بێلایەنیشــی پاراســتووە.[١٠٨] بەپێچەوانــە کتێبــی «مێــژووی وێــردێن و شــەڕی ئەرمەنییەکان» کە باسی ڕووداوەکانی ســاڵانی ٤٣٩ - ٤٥١ دەکــا و بــە قەڵــەمی «ئێلیزە وارداپێت»ە و دەبێ لە نیوەی یەکەمی سەدەی حەوتا ژیابــێ[١٠٩]، هێنــدە جێی باوەڕ نیە و زۆر بە دەمارگرژی نووسراوە.[١١٠]

«مێژووی لەشکرکردنەکانی هێرقێل بۆ سەر ئیران» بە قەڵــەمی «ســێبێئۆس» بەکورتی باسی ڕووداوەکــانی ئێرانــی لــە زەمــانی «پــیرووز»ەوە کــردووە تــا ساڵی ٥٩١ و دەربارەی ٥٠ ساڵــەی دوایــی چــاخی دەســەڵاتی ساســانییەکان و سەرەتای زاڵبوونی عەرەبان بە دوورودرێژتر دواوە.[١١١]

ئەو «مێژووی ئەرمەنستان»ەی کە گۆیا «مووسا خۆرنی» لە سەدەی نۆیــەمی زایینیدا نووسیویەتی، گەلێک بابەتی درێژ و بەسوودی لەســەر ساســانییەکان تێدایە.[١١٢] یەکێک لە پاشکۆکانی مێــژووی مووســا ئــەو لێدوانــە کورتەیــە کــە

سەبارەتە بە هەریمەکانی قەڵەمڕەوی ساسانییان و لە ڕادەبەدەر گرینگە. ئاخرین چاپی ئەم بابەتە جوغرافیاییەی مووسا خۆرنی هەر ئەوەیە کە مارکوارت کردوویەتە ئالّمانی و وێڕای بەرهەمەکەی خۆی بە ناوی «ئێرانشار بەگوێرەی گێڕانەوەی مووسا خۆرنی» بڵاوی کردۆتەوە. ئەو لێداوان و لێکدانەوە و ڕەخنە زۆر دوورودرێژ و باسە مێژوویی و تۆپۆگرافییانەی کە نووسەری ئالّمانی خستوویەتە سەر ئەم کتێبە، بەگشتی بۆ خوێنەرەوان و توێژەرەوانی مێژووی سەردەمی ساسانی کردوویەتە خەزێنەیەکی زۆر جێی نیاز و سەرچاوەیەکی پێویست.

یەکێک لەو مێژووانەی کە لە بابەت بەسەرهاتی چاخی ساسانییەکانەوە دەکەوێتە پلەی دووەم، کتێبی «لێژۆند»ە بە ناوی «هێرشی عەرەب». ئەم نووسەرە کە بە «گێوژۆند»یش ناوی هاتووە لە سەدەی هەشتەمدا ژیاوە. هەروەها دەکرێ ئەم بەرهەمانەش بێنە گۆڕ: «تاریخی ئەرمەنستان» بە قەڵەمی «تۆماس ئارتسروونی» (سەدەی دەهەم)، «مێژووی ئالّبانەکان» نووسراوی «مووسا کالانک واسی» (سەدەی دەهەم)[113] و «تاریخی ئەرمەنستان»ی «ئاسۆلیک» (سەدەی یازدەهەم) و وەرگێڕاوی «مێژووی میشێل سۆریانی» بۆ سەر زمانی ئەرمەنی (سەدەی دوازدەهەم) و لەم چەشنە. «پاتکانیان» لە کتێبەکەی خۆیدا کەلکی لە نیوەرۆکی تەواوی ئەم بەرهەمانە وەرگرتووە.

www.zheen.org

٥ - سەرچاوەکانی سۆریانی

ئەو کتێبانەی کە مەسیحییەکان بە زمانی سۆریانی نووسیویانن، بە سەرچاوەی گرینگی مێژووی دەوڵەتی ساسانی داندراون. سەرەتا دەبێ باسی چەند مێژوو بکرێ کە لانیکەم چواریان بە دەس هاوچەرخانی ساسانییەکان نووسراون و بریتین لە:

«مێژووی ئێستیلیتسی بەدرۆ»[114] کتێبێکە کە لە دەوروبەری ساڵی ٥٠٧ی زایینیدا نووسراوە و باسی ڕووداوەکانی ٤٩٤ تا ٥٠٦ دەکا و بە هەڵە وایان داناوە کە «یووشەع ئێستیلیتی» نووسیوویەتی.[115] ئەم بەرهەمە یەکێک لە سەرچاوە گەورەکانی مێژووی نیوەی یەکەمی چاخی فەرمانڕەوایەتی کوادی یەکەمە و لە بەشەکانی بەرایی‌دا، کورتە و پوختەی ڕۆژگارانی بەر لە قوباد وەرد دەداتەوە، واتە دەگەڕێتەوە بۆ زەمانی چوونە سەردەسەڵاتی «پیرووز» بەرەودوا.

«مێژووی ئۆدێسا» (الرها) کە ماوەیەک پاش ٥٤٠ نووسراوە و باسی ڕووداوەکانی ڕۆژگارانی ١٣٢ ساڵ بەر لە زایین دێنێتە گۆڕ هەتا دەگاتە ٥٤٠ی عیسایی.[١١٦] یەکێک لە ژێدەرکانی ئەم کتێبە، بەرهەمێکی دیرۆکی بووە سەبارەت بە ئێران کە جارێ بە دەستەوە نیە.

«مێژووی ئەربێل» (هەولێر = ئەربیل) کە لە نیوەی دووەمی سەدەی شەشەمدا نووسراوە و باسی مێژووی مەسیحایەتی ئەم هەرێمە دەکا لە چەرخی دووهەمڕا هەتا نیزیک ساڵی ٥٥٠ی زایینی. بەپێی بۆچوونی «پۆل پیتێرز» کاکڵی ئەم کتێبە زۆر جێی گومانە و بڕوا لە سەری لەرزۆکە، بەڵام بە باوەڕی «مێسینا» ئەم بیروڕایە تەنیا سەبارەت بە بەشی ئاخری بەرهەمەکە ڕاستە کە باسی ئازار و ئێشاندنی مەسیحییەکان دەکا بە دەستی شاپووری دووەم و لەسەر ڕووداوەکانی دواتر دەڕوا.[١١٧]

کورتەمێژوویەک بە ناوی «گومنام گوێدی»[١١٨] کە هەر ماوەیەک دوای ساڵی ٦٧٠ نووسراوە و لە ڕووی سەرچاوەیەکی باوەڕپێکراوی بەردەستی ڕووداوەکانی مێژووی ئێرانی پاش مەرگی هۆرمزدی چوارەمی خستۆتەڕوو کە لە ساڵی ٥٩٠دا ڕوویان داوە. لە درێژەدا هەڵکەوت و کارەساتەکانی پاش ئەو ساڵە کە بە چاوی خۆی دیتوونی هەتا دوای نەمانی دەوڵەتی ساسانی تێکڕای نووسیونەوە.

«مێژووی ئەلیاسی نوسەیبینی» لە ساڵی ١٠٠٨ی زایینیدا نووسراوە و لە پێشەکییەکەیدا خشتەیەکی تێدایە کە ساڵگارانی فەرمانڕەوایەتی پادشایانی ساسانیش نیشان دەدا. «لامی» ئەم کتێبەی چاپ کردووە.[١١٩] دەقی سۆریانی ئەم بەرهەمە لەگەڵ تەرجەمە لاتینەکەی بە کۆششی «بروکس» و «شابۆ» چاپ کراوە.[١٢٠]

یەکێک لە دیرۆکە گرینگەکانی دیکە کتێبی «میشێل سۆریانی» پاتریکی ئەنتاکیەیە (١١٦٦ - ١١٩٩).[١٢١]

«گریگۆریووس بارهبراوس» (ابوالفرج) کە لە ساڵی ١٢٨٦دا کۆچیدوایی کردووە، دوو بەرهەمی دیرۆکی نووسیوە: یەکیان «مێژووی سووریا» و ئەویتر «مێژووی ڕێبەرانی ئایینی» کە بە باوەڕپێکراوترینی شوێنەوارەکان دێتە ژمار.[١٢٢]

مێژووی بەعەرەبی کراوی «بارهبراوس»[۱۲۳] دەقێکی تازەی «مێژووی سووریا»یە کە پێشتر باسی کرا.

سەبارەت بە مێژووی نەسرانییەت لە ئێرانی چاخی ساسانیدا دەبێ ئاوڕ وەسەر ئەم بەرهەمانە بدرێ: «کاروباری ئەنجومەنەکان»[۱۲۴]؛ «کتێبی میران» بە قەڵەمی «تۆماس مارگا» کە لە سالّی ۸۴۰ی زایینیدا نووسراوە[۱۲۵] و دەربارەی پەیوەندییەکانی مەزهبی نەستووری لەگەڵ پادشایانی ئێران دەدوێ و مێژووی سەردەمی «هێرقێل» و خوسرەوی دووەم دەگێڕێتەوە. هەروەها ئەم ئاسەوارانەش خوێندنەوەیان پێویستە: «حاڵوباڵی پاتریکەکانی نەستووری» بە قەڵەمی «مارەبەهای یەکەم» و «سەبریشووع» و «دێنحا» و «یەهابڵاهای سێهەم»[۱۲۶] و «ژیاننامەی ڕەبەن هۆرمزد»[۱۲۷].

کۆمەڵە کتێبی «کردەوەکانی شەهیدانی ئێرانی»[۱۲۸] نەک تەنیا سەبارەت بە زانینی چۆنیەتی ئازار و پەیکەردەی عیسایییەکانی ئێران بۆ سەرچاوە دەشێن، بەڵکوو لە بابەت شارستانییەتی ساسانییەکان بەگشتی بە ژێدەری باوەڕپێکراو دادەندرێن. یەکێک لە کتێبە ئایینییەکانی سۆریانییان کە هەڵومەرجی مەسیحییەکانی ئێران لە دەورەی ساسانیدا ڕوون دەکاتەوە «نامیلکەی تەبیینییەی ئەفرائات»ە[۱۲۹] کە وەرگێڕاو و وەرگیراوی کۆمەڵە یاسا و ڕێسەکانی ساسانییانە بە زمانی سۆریانی (بڕوانە لاپەڕە ۵۷ی ئەو کتێبە).

هەروەها چەندین کتێبی ڕەتدانەوە و چەسپاندن و شەڕەقەڵەمی ئەو دەورانی ماون، کە چۆنیەتی بیر و باوەڕی ئایینی ئەو چاخیمان لە ئێران و ئاسیای ڕۆژاواییدا بۆ ڕوون دەکەنەوە. بۆ نموونە «شەڕەقەڵەمێک لە نێوان ئازەر و هۆرمزد و ئاناهید لەگەڵ موبەدانی موبەد»[۱۳۰] کە بێگومان ئی چەرخی ساسانییەکانە و بەرگی یازدەمی «باس و لێکدانەوەکانی تێئۆدۆر بارکۆنائی»یە کە دەبێ لای سالّی ۸۰۰ی زایینی نووسرابێ. ئەم بەرهەمە بەکورتی باسی بیروڕای گنۆستیکەکان دەکا و باوەڕی زەردەشتی و مانەوییەکان بە دوورودرێژی دەخاتەڕوو.[۱۳۱]

چەند بابەتێکی دیکەش سەبارەت بە مانەوییە لە تەرجەمەی سۆریانی سەد و بیست و سێهەمین «نامیلکەی تەبیینییەی سێوێری ئەنتاکی»دا وەبەرچاو دێ. نووسەری ئەم کتێبە کە دەقە سەرەکییەکەی نەماوە، [۱۳۲] «سێوێر»ە کە لە ۵۱۲ تا ۵۱۸ڕا پاتریکی ئەنتاکیە بووە.

٦ - سەرچاوەکانی چینی

لە سەفەرنامەی یەکێک لە زیارەتکارانی بوودایی چینـدا بـە نـاوی «هیـوون تسـیانگ» (Hiuen Tsiang) کـە لـە سـالانی ٦٢٩ - ٦٣٠دا گـەڕاوە، کورتەیادداشتێک سەبارەت بە ئێرانی ئەو زەمـانی وەبـەرچاو دێ. بـەڵام دەبـێ بزانین کە ئەم گەڕۆکە خۆی ئێرانی نەدیوە و تەنیا ئەوانەی دەربارەی ئەم وڵاتـە و دانیشتووانەکەی بیستوونی، نووسیونی.[١٣٣]

نۆڵدکێ لە پاشکۆ و پەڕاوێزەکانی کتێبەکەیدا بە ناوی «مێژووی ئێرانییان و عـەرەبان» (لـە لاپـەڕە ٤٠٠ بـەرەودوا)دا خشـتەی دەسـپێک و کۆتـایی فەرمانڕەوایەتی پادشایانی ساسـانی بـەگوێرەی سـەرچاوەکانی ڕۆژهـەڵاتی و ڕۆژاوایی و سـکە کۆنەکانـەوە ڕێکخسـتووە و پاشـان ڕەگەزنامـەی ڕەچـەڵاکی ساسانییەکانیشی خستۆتە سـەر و هێرتسفێڵـد دوای وەدەس هێنـانی زانیـاری سەبارەت بە نێوەرۆکی بەردەنووسی پایکۆلی[١٣٤] بە چەند جێیـەکیدا چۆتـەوە و هەڵەکانی ڕاست کردۆتەوە.

بنکەی ژین
www.zheen.org

پەڕاوێزەکان

١ - پایکۆلی، باسی ساز کران و هەڵکەندرانی بەردەنووسەکانی سەرەتای مێژووی فەرمانڕەوایەتی ساسانییەکان، بێرلین، ١٩٢٤ و هەروەها بڕواننە: سنعاتەکانی ئێران، پۆپ، ل ٥٦٨ بەرەودوا.

٢ - هێرن لە گۆڤاری ڕۆژهەڵاتیی ئاڵمانیدا، ب ٤٤، ل ٦٥٠ بەرەودوا؛ «مۆرەکانی ساسانی»، بڵاوکەرەوە هێرن و ئێشتاین دۆرف، بێرلین، ١٨٩١.

هێرتسفێڵد، پایکۆلی، ل ٧٤ بەرەودوا. مێژووی سنعاتەکان، ب ١، ل ٧٨٤ - ٨١٥، ب ٤، ل ٢٥٥ - ٢٥٦.

٣ - ئەو کتێبە تازانەی باسی سکەکانی ساسانی دەکەن بریتین لە: فردۆنجی، سکەکانی ساسانی، بەمبەئی ١٩٢٤. ئێسمێر، سکەکانی ساسانی لە مووزەی ئارمیتاژدا، گۆڤاری سکەلێدراوەکان ١٩٢٨، ل ٢٤٩ بەرەودوا. R. Vasmer, Sassanian Coins in the Ermitage, Numismatic Chronicle, 1928.

وتاری ووندستێل (Wundzettel) بە زمانی ڕووسی لە بەرهەمەکانی زانینگەی ڕۆژهەڵاتیی زانکۆی ئاسیای ناوەندیدا، تاشکەند، ١٩٢٧.

هێرتسفێڵد، سکەلێدراوەکانی کووشان و... بەراورد بکرێ لەگەڵ پایکۆلی، ل ٥ بەرەودوا.

جی. ئالێن (J. Allan) و تروێر (C. Trever) لە مێژووی سنعاتەکانی ئێراندا، پۆپ، ل ٨١٦ - ٨٣٠، IV، ل ٢٥١ - ٢٥٤.

سەبارەت بە ئیستلاحەکانی پەهلەوی بڕواننە فەرهەنگی پەهلەوی، چاپی یوونکێر، هیدلبێرگ، ١٩١٢، بەشی ٣٠.

شایست نی شایست، چاپی تاوادیا، هامبوورگ، ١٩٣٠، پێشەکی، ل ١٤ - ١٦.

٤ - سەبارەت بە زەند، بڕواننە شئایدێر، خوێندنەوەکانی ئێرانی، ل ٧٦ و کریستێنسێن، کەیانییەکان، ل ٣٧ بەرەدوا.

٥ - بڕواننە بەشی سێهەمی ئەم بەرهەمەی ئێستا دەیخوێننەوە.

٦ - ئەوەی کە لە کتێبی هەشتەم و نۆهەمی دینکەرد هێناومانە، لە ڕووی وەگێڕانی ئینگلیسی «وێست»ەوەیە، مەگین لەو شوێنانەی کە ئەم وەرگێڕانەمان بە ناتەواو زانیبێ. لەم کاتانەدا پشتمان بە دەقی پەهلەوی چاپی سنجانا بەستووە. لەم چاپەدا کتێبی هەشتەم و نۆهەمی دینکەرد دەبنە بەرگی ١٥ - ١٩.

۷ - ئاندرەئاس، دەقە پەهلەوییەکەی بە شێوەی فاکسیمیلە (وێنەچاپ) بڵاو کردۆتەوە: The BooK of the Mainyo - i - Khard. Kiel,1882. و پاشان لە بەرگی ۵ی سەرجەمی دەقەکانی ئەڤێستایی و پەهلەوی کتێبخانەی زانکۆی کۆپێنهاگ، لە ساڵی ۱۹۳۵دا چاپ کراوە. لە بەمبەئیش چەند جارێک چاپ کراوە و «وێست» کردوویەتە ئینگلیسی.

۸ - قەدیم وشەی «ویراز»یان بە «ویراف» دەخوێندەوە. هۆشەنگ و هۆگ، ئێرداویرافنامە، لەندەن و بەمبەئی، ۱۸۷۲ (خودی دەقەکە و تەرجەمە ئینگلیسییەکەی)؛ تەرجەمە بۆ فەرانسە بە قەڵەمی بارتۆلۆمە، پاریس، ۱۸۸۷.

دوو بەرگی کۆن لە دەقی «ئێردای ویرازنامگ» لە کتێبخانەی زانکۆی کۆپێنهاگ بە دەستەوەن، کە لە بەرگی ۱ - ۲ کۆمەڵەدەقەکانی ئەڤێستایی و پەهلەوی ئەم کتێبخانەیەدا لە ساڵانی ۱۹۳۱ - ۱۹۳۲دا بە وێنەچاپ بڵاو کراونەتەوە.

۹ - دینکەرد، چاپی پشووتێن سنجانا، بەرگی ۱ - ۱۹، بەمبەئی ۱۸۷۴ - ۱۹۲۷ (دەق و وەرگێڕادراوی ئینگلیسی)، دووبارە چاپی «مەدەن»، ب ۱ و ۲، بەمبەئی ۱۹۱۱ (تەنیا دەق)؛ بە وێنەچاپ چەند کوتێک لە ڕووی نوسخەی «K43» لە بەرگی ۵ و ۶ی کۆمەڵەدەقەکانی ئەڤێستایی و پەهلەوی، کتێبخانەی زانکۆی کۆپێنهاگدا بڵاو کراوەتەوە.

۱۰ - دوو نووسینەوە لە «بۆندەهێشن» (بەندەهێشن) بە دەستەوەن کە بەگوێرەی لەبەرگیرانەوەیان بە یەکیان دەڵێن «بۆندەهێشنی هیندی» و بە وی دی دەڵێن «بۆندەهێشنی ئێرانی». ئەو دەقەی کە بە هیندی ناسراوە و کورتترە، وێسترگارد بە وێنەچاپ لە ساڵی ۱۸۵۱دا لە کۆپێنهاگ بڵاوی کردۆتەوە. لەم ئاخرییانەشدا لە بەرگی یەکەمی سەرجەمی دەقەکانی ئەڤێستایی و پەهلەوی کۆپێنهاگدا بڵاو بۆتەوە. هەروەها لە ساڵی ۱۸۶۸دا لە شاری لەیپزیگ بە تەرجەمەی ئاڵمانی لە لایەن «یووستی»یەوە بڵاو کرایەوە. «وێست»یش کردوویەتە ئینگلیسی و لە کۆمەڵەدەقەکانی پەهلەوی خۆیا لیزگەی کردووە؛ بەڵام «بۆندەهێشنی ئێرانی» لە لایەن «ئەنکلساریا»وە لە ساڵی ۱۹۰۸دا، لە بەمبەئی بە وێنەچاپ بڵاو کراوەتەوە. نووسەری سەرەکی بۆندەهێشن چەند باس و بابەتێکی لە بەرهەمەکانی عەرەبی وەرگرتووە، بڕواننە: کەیانییەکان، کریستێنسێن، ل ۴۴ بەرەودوا.

۱۱ - «مادەیانئی هەزار دادێستان» وێنەچاپ، بەمبەئی، ۱۹۰۱.

۱۲ - بارتۆلۆمە دادێستان؛ مافی ساسانی؛ ژن؛ هەروەها بڕوانە بەشی ۶، ۷ی ئەم کتێبە و وتارەکانی پالیارۆ هەر سەبارەت بەم مەبەستە لە گۆڤاری خوێندنەوەکانی ڕۆژهەڵاتیی ڕۆمدا.

A. pagliaro. L'anticresi nel diritto sâsânidico, Riv. d. studi Orientali, XV, p. 275 sqq.

چاپی دەقی تەواوی دادێستان و تەرجەمەی بە ئینگلیسی لە لایەن «بولسارا»وە، بەمبەئی، ۱۹۳۷.

۱۳ - زاخەو ئەم کتێبەی بە وەرگێڕدراوە ئاڵمانییەکەیەوە چاپ کردووە. زاخەو، کتێبەکانی مافناسی سۆریانی، ب۳، بێرلین، ۱۹۱۴. بەراورد بکرێ لەگەڵ بارتۆلۆمە، ژن لە یاسای ساسانیدا، ل ۵.

۱۴ - مادەیانئی چەترەنگ، بڕوانە دواتر، فیردەوسی و سەعالبی و چەند کەسێکی دیکەش ئەم حیکایەتەیان گێڕاوەتەوە.

۱۵ - کریستێنسێن، وزورگمێهر، ب ۸، ل ۸۱ بەرەودوا.

۱۶ - دەقی پەهلەوی ئامۆژگارییەکان جاماسپ ئاسانا چاپی کردووە، دەقەکانی پەهلەوی، ب ۲، بەمبەئی، ۱۹۱۳. پەندنامگئی وزورگمێهر، ئەندەرزئی ئادوربادئی مێهرسێپەندان و ئەندەرزئی خوسرەوای کوادان بە دەس پشووتێن سنجانا لە گەنجی شایگاندا، سالّی ۱۸۸۵ لە بەمبەئی چاپ کراوە؛ پەندنامگئی زەردەشت لە لایەن «فریمان»ەوە لە گۆڤاری ڕۆژهەڵاتیی ڤییەن، ب ۲۰، سالّی ۱۹۰۵دا بڵاو کراوەتەوە.

۱۷ - دەقی پەهلەوی شاخوسرەو ئەودێدگی، چاپ و تەرجەمەی ئوونوالا، پاریس، ۱۹۲۱.

۱۸ - کارنامگ چەند جاران لە بەمبەئی چاپ کراوە. نۆڵدکێ وەرگێڕاوە ئاڵمانییەکەی خستۆتە پاڵ خوێندنەوەکانی سەبارەت بە زمانەکانی هیندوژێرمەنی، ب ۴. مادەیانئی چەترەنگ لە دەقە پەهلەوییەکانی جاماسپ ئاسانادا چاپ کراوە و هەر ئەم دەقە بە تەرجەمەی ئینگلیسی لە گەنجی شایگاندا بڵاو کراوەتەوە. بەراورد بکرێ لەگەڵ کریستێنسێن، پادشایان، بەشی ۲.

۱۹ - مارکوارت، پێرستی میرنشینەکانی...، چاپی مێسینا، ڕۆم، ۱۹۱۳، بەراورد بکرێ لەگەڵ تاوادیا لە گۆڤاری ئەدەبیاتی ڕۆژهەڵاتیدا، ۱۹۲۶، ل ۸۸۳ بەرەودوا.

۲۰ - ئاگاسیاس، کتێبی ۲، بەندی ۲۷ و کتێبی ۴، بەندی ۲۷ - ۳۰، تێئۆفیلاکتووس، کتێبی ۳، بەندی ۱۸.

۲۱ - بابەتەکانی داهاتووم هێندێک بەرەداونێ و بە ئاڵوگۆڕێکەوە لە کتێبەکەی دیکەمڕا بە ناوی «فەرمانڕەوایەتی کوادی یەکەم»ەوە ڕامگواستوون.

۲۲ - نۆڵدکێ، تەبەری، سەرەتا، ل XIV و بەرەودوا، «فقەاللغە» II، ل ۱۴۱ بەرەودوا.

۲۳ - بەپێی باسێکی کە لە مێژووی هەمزەدا هاتووە، چاپی گۆتوالّد، ل ۲۱، وەرگێڕاوی

لاپەڕە ١٤، کەسرەوی دوو دەقی، «سەیرولملووک»ی بە دەستەوە بووە، یەکیان گەورە و یەکیان بچووک و بە باری زەمانی نووسرانەوەیاندا جیاواز بوون.

٢٤ - سەبارەت بە خودای‌نامگ بەراورد بکرێ لەگەڵ پێشەکی محەممەد نیزامەددین لەسەر «جوامع الحکایات»ی عەوفی، لەندەن، ١٩٢٩، زنجیرەی بڵاوکراوەی ئەوقافی گیپ، ل ٥٨ هتد و هەروەها گابرییەل دەربارەی ئیبنوو موقەففەع، ل ٢٠٨ و دواتری.

٢٥ - لەگەڵ «ئاینگ» پێکی‌بگرن، پێشتر بە ڕاوێژی «ئازوینگ» هاتۆتە سەر زمان، بڕوانە نیبێرگ، نامیلکەی پەهلەوی، ب ٢، ل ٣، ئاندرەئاس و بارٖ، پاشماوەی تەرجەمەیەکی پەهلەوی، ڕاپۆرتی ئاکادیمیای پرووس، ١٩٣٣، ل ١١٧.

٢٦ – ئەتتەنبیەد، جوغرافی‌زانان، ب ٨، ل ١٠٤، وەرگێڕاوی کارا دو ڤۆ، ل ١٤٩.

٢٧ - چاپی زۆتنبێرگ ل ١٤.

٢٨ - نەریمان، کارتێکردنی ئێرانییەکان لەسەر ئەدەبیاتی ئیسلامی، ب ١، بەمبەئی، ١٩١٨، پاشکۆی ٧، ل ١٦٤، ١٦٧؛ ئینۆسترانتزێف، خوێندنەوەکانی ساسانی، ل ٤١ بەرەودوا (نامیلکەیەک سەبارەت بە شەڕ).

٢٩ - مارکوارت، ئێرانشار، ل ٤٨، یادداشتی ١؛ هێرتسفێڵد، پایکۆلی ل ٤٦.

٣٠ - پێشەکی محەممەد نیزامەددین لەسەر «جەوامیعولحیکایات»ی عەوفی، ل ٥٥ هتد.

٣١ - ڕۆزێن، کۆمەڵێک زانیاری فرەچەشن سەبارەت بە... لە گۆڤاری ئاکادیمیای ئیمپراتۆرێتی زانستەکانی سەن‌پێترزبوورگ، ب ١٣، ل ٧٧٥ - ٧٧٧ وەریگرتوون.

V. Rosen, Méianges asiatiques tirés du Bull. de L'Acad. Imp. des Sciences de st. Pétersbourg.

ئەلفێهرست، ل ٣١٥، ئینۆسترانتزێف، خوێندنەوەکانی ساسانی، ل ١٢، گابرییەل گۆڤاری خوێندنەوەکانی ڕۆژهەڵاتیی ئیتالیا، ب ١٣، ل ٢١٣ بەرەودوا.

٣٢ - مەسعوودی، ئەتتەنبیەد، ل ١٠٤؛ تەرجەمەی کارا دو ڤۆ، ل ١٤٩.

٣٣ - چاپی هۆتسما (Houtsma)، ب ١، ل ٢٠٢.

٣٤ - مورەوویج، ب ٢، ل ١٥٣؛ ئەتتەنبیەد، ل ١ - ٣؛ وەرگێڕاوی کارا دو ڤۆ، ل ١٤٧ و دواتر.

٣٥ - ئەتتاج، چاپی قاهیرە، ل ٢٢ بەرەودوا. سەبارەت بەم کتێبەی جاحێز بڕوانە وتاری گابرییەل لە گۆڤاری خوێندنەوەکانی ڕۆژهەڵاتیی ئیتالیادا، ب ١١، ل ٢٩٢ و دواتر.

٣٦ - بڕوانە دواتر لە بەشی سێ دا.

٣٧ - ئەتتەنبیەد، ل ٩٧؛ تەرجەمەی کارا دو ڤۆ، ل ١٤٢.

۳۸ - کتێبی ئەلهیند، چاپی زاخەو، ل ۵۳، هەر خۆشی وەریگێڕاوە، ل ۱۰۹.
۳۹ - کریستێنسێن، ئەبێرسام و تەنسەر، AO، ب ۱۰، ل ۵۰ - ۵۵.
۴۰ - سەعالبی لە لاپەڕە ۶۰۵دا دەڵێ کە خوسرەوەی یەکەم بەتایبەت خۆی دەدایە خوێندنەوەی کار و کردەوەکانی ئەردەشێری یەکەم هەتا بیانکاتە ڕێباز و پەندەیان لێوەر بگرێ. هەر ئەم باسە لە تەبەریدا، ل ۸۹۸؛ نۆلدکێ، ل ۱۶۵ و فارسنامەی ئیبنوو بەلخی، ل ۸۸دا وەبەرچاو دێ.
۴۱ - ئێرانشار، ل ۴۸، یادداشتی ۱.
۴۲ - هەمان، لاپەڕە ۳۰ و یادداشتی ۲۰ سەبارەت بە نامەی تەنسەر، بڕوانە گابرییەل، گۆڤاری خوێندنەوەکانی ڕۆژهەلاتیی، ب ۱۳، ل ۲۱۷ بەرەودوا و کریستێنسێن، پادشایان، ل ۸۳ - ۹۰.
۴۳ - سیاسەتنامە، چاپی شێفر، دەق، ل ۱۰، وەرگێڕاوەکەی، ل ۱۲.
۴۴ - چاپی فلووگێل، ل ۳۰۵، دێڕی ۱۱.
۴۵ - گابرییەل، گۆڤاری خوێندنەوەکانی ڕۆژهەلاتیی، ب ۱۳، ل ۲۱۵ هتد.
۴۶ - ئەتتەنبیەهە، جوغرافیزانان، ب ۸، ل۱۰۶، وەرگێڕاوی کاررا دو ڤۆ، ل ۱۵۰ بەرەودوا.
۴۷ - بەراوردی بکەن لەگەڵ هێرتسفێڵد، ڕاپۆرتی لەمێژین، ب ۹، ۱۰۳.
۴۸ - کورتەنامیلکەکان، ب ۳، ل ۳۵ بەرەودوا و ل ۱۵۰ و دواتر.
۴۹ - خوێندنەوەکانی ساسانی، ل ۲۷ - ۳۱، ل ۶۷ - ۷۲ و هەروەها بڕواننە ئەو مەبەستانەی نەریمان زیادی کردوون، ل ۱۶۴، ۱۶۵، ۱۶۷.
۵۰ - سالنامەی کۆمەڵە بەرهەمەکانی هونەریی پرووس، ب ۵۷، سالی ۱۹۳۶، ل ۲۳۱ بەرەودوا. (Jahrb. d. preuss. kunstsammlungen.)
۵۱ - جوغرافیزانان، ب ۱، ل ۱۵۰.
۵۲ - بۆ شیکردنەوەی ئامۆژگارییەکان بڕواننە چەند لاپەڕە پێشتر.
۵۳ - بڕواننە نامیلکەیەکی من سەبارەت بە کۆمەڵەچیرۆکی مێژوویی ئێرانییانی قەدیم بە زمانی دانمارکی کە زانکۆی کۆپێنهاگ لە ساڵی ۱۹۳۵دا بڵاوی کردۆتەوە. هەروەها بڕواننە «پادشایان»، بەشی۲ و ۳.
۵۴ - بەشی ۴۵ی چاپی شێفر و بەشی ۴۴ی وەرگێڕاوەکەی.
۵۵ - داراب هۆرمزیار، گێڕانەوەکان، ب ۲، ل ۲۱۴ - ۲۳۰.
۵۶ - بڕواننە:نۆلدکێ، تەبەری، ل۴۵۵ و دواتر؛ کریستێنسێن، پادشایەتی کواد (قوباد)، ل۴ بەرەودوا و دوو نەقڵ لە چیرۆکی مەزدەکەوە لە یادنامەی مۆدی‌دا، ل۳۲۱ و دواتری.

۵۷ - نۆلدکێ، تەبەری، ل ۴۷۴ بەرەودوا؛ کریستێنیێن، ڕۆمانی بارامی چووبین.
Romanen om Bahrâm Tschôbin, Studier fra Sprog - go Oltidsforskning, no. 75.
۵۸ - مێژووی یەعقووبی، چاپی هۆتسما، ۱۸۸۳.
۵۹ - ئیبنوو قوتەیبە، چاپی ووستێنفێلد، گۆتینگێن، ۱۸۵۰.
۶۰ - چاپی برۆکلمان، ب ۱ - ۴، بێرلین، ۱۹۰۸ - ۱۹۰۰، چاپی قاهیرە بەرگی ۱ - ۴، ۱۹۲۵ - ۱۹۳۰.
۶۱ - چاپی گیرگاس، لیدێن، ۱۸۸۸ و پێشەکی و جیاوازی دەقەکان و پێرستی ئەم کتێبە بە قەڵەمی «کراچکۆڤێسکی» لیدێن، ۱۹۱۲.
۶۲ - چاپی دخوویە، زنجیرەی یەکەم، ب ۲، نۆلدکێ کردوویەتە ئەلمانی و ناوی ناوە: «مێژووی ئێرانییان و عەرەبان...» و بڵاو کردنەوەی لەیپزیگ، ۱۸۷۹.
۶۳ - چاپی پۆکۆک، ب ۱، ۲، ساڵی ۱۶۵۸ - ۱۶۵۹ تەرجەمەکراو بۆ سەر زمانی لاتین، چاپی تازە بە دەستی شێخۆ، بەیروت، ۱۹۰۶ - ۱۹۰۹.
۶۴ - چاپ و تەرجەمەی باربیە و دو مینار (دو مینارد)، بەتایبەت بڕواننە بەرگی ۲، چاپی دووەم، پاریس، ۱۹۱۴).
۶۵ - چاپی دخوویە، جوغرافیزانان، ب ۸، لیدێن، ۱۸۹۴، کاررا دو ڤۆ وەریگێڕاوەتە سەر زمانی فەرانسەوی، پاریس، ۱۸۹۶.
۶۶ - چاپی گۆتوالد، ب ۱، ۲، سەنپێترزبوورگ و لەیپزیگ، ۱۸۴۴ - ۱۸۴۸ (بە تەرجەمەی لاتینەوە).
۶۷ - دەقی چاپ نەکراو، وەرگێڕاوی زۆتنبێرگ، بەتایبەت: ب ۲، پاریس، ۱۸۶۹.
۶۸ - چاپ و وەرگێڕاوی هوار کلێمان، بەتایبەت بەرگی ۳، پاریس، ۱۹۰۳.
۶۹ - چاپی مول بە تەرجەمەی فەرانسەوە، ب ۵ تا ۷، پاریس، ۱۸۶۶ - ۱۸۷۸. وەرگێڕاوەکە بە جودا بڵاو کراوەتەوە، ب ۵ تا ۷، پاریس، ۱۸۷۷ - ۱۸۷۸. چاپی تاران، ۱۳۱۴ی هەتاوی، ب ۷ تا ۹. وەرگێڕان بۆ سەر زمانی ئینگلیسی لە لایەن «ئی. جی. وارنێر» و «ئی. وارنێر»، ب ۶ تا ۹، لەندەن، ۱۹۱۲ - ۱۹۲۵.
۷۰ - چاپ و تەرجەمەی زۆتنبێرگ، پاریس ۱۹۰۰.
۷۱ - گوڵچنی بڕاون لە گۆڤاری ئەنجومەنی پادشایەتی ئاسیایی‌دا، ساڵی ۱۹۰۰، ل ۱۹۵ و دواتری (بەروارد بکرێ هەر لەگەڵ ئەم گۆڤارە، ساڵی ۱۸۹۹، ل ۵۱ تا ۵۳).
۷۲ - چاپی لێسترنج و نیلکسۆن، لەندەن ۱۹۲۱، زنجیرە بڵاوکراوی ئەوقافی گیب، دەورەی تازە، ب ۱).

۷۳ - تەرجەمە و چاپی «مهەل» لە گۆڤاری ئاسیایی‌دا، زنجیرەی سێیەم، ب ۱۱ - ۱۴ و زنجیرەی چوارەم، ب ۱.

۷۴ - بڕوانە کریستێنسێن، کەیانییەکان، ل ۴۹ تا ۵۱ و ۶۱ بەرەودوا.

۷۵ - ڕاپۆرتی ئاکادیمیای دانمارک.

۷۶ - Acta Orientalia، ب ۱۰، ۸.

۷۷ - بەراورد بکرێ لەگەڵ گابرییەل، گۆڤاری خوێندنەوەکانی...، ب ۱۳، ل ۲۰۹ و هتد.

۷۸ - ئەحمەد زەکی پاشا لە قاهیرە چاپی کردووە، بەراورد بکرێ لەگەڵ گابرییەل لە گۆڤاری خوێندنەوەکانی ڕۆژهەڵاتیی‌دا، دەورەی ۱۱، ڕۆم، ۱۹۲۸، ل ۲۹۲ بەرەودوا.

۷۹ - چەند وەرگێڕاوێکی ئاسەوارەکانی «جاحظ» ئێشتووتگارت، ل ۲۶۳ و هتد، ۱۹۱۳.

Excerpte und ubersetzungen aus den schriften dea Gahiz.

۸۰ - چاپی ڤان ڤلۆتن، لیدێن، ۱۸۹۸، ڕێشێر کردوویەتە ئاڵمانی، ب ۱، ئیسلامبوول، ۱۹۲۶، ب ۲، ئێشتووتگارت، ۱۹۲۲. پێک‌بگیرێ لەگەڵ کتێبی «بەیهەقی» هەر بەم ناوە (لە نیوەی یەکەمی سەدەی دەهەمدا)، چاپی شوالی، گیسێن، ۱۹۰۲، ڕێشێر پێرستی بۆ نووسیوە، ئێشتووتگارت، ۱۹۲۳.

۸۱ - چاپی ڤان ڤلۆتن، لیدێن، ۱۸۹۵، ئوونوالا، تەرجەمەی گوڵبژێرێک لە «مفاتیح العلوم الخوارزمی»، گۆڤاری کاما، ۱۹۲۸.

۸۲ - چاپی زاخەو، لەیپزیگ، ۱۸۷۸، زاخەو کردوویەتە ئینگلیسی، لەندەن، ۱۸۷۹.

۸۳ - شێفر، پاریس، ۱۸۹۱ و هەر ئەم کەسەش کردوویەتە زمانی فەرانسە.

۸۴ - وەرگێڕدراوی ڕێشێر، گالاتە ۱۹۲۵.

۸۵ - چاپی قەزوێنی، لیدێن، ۱۹۰۹، زنجیرە بڵاوکراوەی ئەوقافی گیب، ۸.

۸۶ - جوغرافی‌زانان، چاپی دخوویە، ب ۱، ۲، ۵، ۶.

۸۷ - چاپی ووستێنفێڵد، ب ۱- ۶، لەیپزیگ، ۱۸۶۶؛ کورتە تەرجەمەیەک بۆ سەر زمانی فەرانسەوی لە لایەن باربیە دو مینارەوە، فەرهەنگی جوغرافیایی، پاریس، ۱۸۶۱.

۸۸ - کورتەوەرگێڕاوێک بە قەڵەمی بڕاون بۆ سەر زمانی ئینگلیسی، لیدێن، ۱۹۰۵، زنجیرە بڵاوکراوەی ئەوقافی گیب، ۲.

۸۹ - مێژووی تەبەرستان، ظهیرالدین مرعشی، چاپی دۆرن، سەنپێترزبوورگ ۱۸۰۵.

۹۰ - چاپی کورتۆن، ب ۱، لەندەن، ۱۸۴۶، چاپی دووبارە لە ۱۹۲۳دا. هاربرووکێر کردوویەتە ئەڵمانی، ب ۱، هالە، ۱۸۵۰.

۹۱ - له لاپەڕە ۱۳۲ بەرەودوای بەرگی یەکەمدا، گولّبژێری دەقە فارسییەکانی شێفر چاپ کراون. پیتزی بەشی دووەمی کردۆتە ئیتالیایی. کریستێنسێن تەواوی کتێبەکانی کردۆتە دانمارکی. گابرییەل هەموو بەرهەمەکەی وەرگێڕاوە بۆ سەر زمانی ئیتالیایی.
بڕوانن ڕەخنەکانی کریستێنسێن «دنیای ڕۆژهەلّات»، ۱۹۱۱، ل ۲۰۵ بەرەودوا.

۹۲ - چاپی دخوویە، لیدێن، ۱۸۶۶.

۹۳ - بەشی یەکەم، لەیپزیگ، ۱۹۱۷؛ بەشی دووەم، ئێشتووتگارت، ۱۹۲۳.

۹۴ - بڕوانن خوارتری بەشی سێهەم.

۹۵ - بڕوانن، نۆلّدکێ، تەبەری، ل ۴۰۰.

۹۶ - زەردەشت، پێغەمبەری ئێرانی کۆن، چاپی نوێ، نیۆیۆرک، ۱۹۱۹. ل ۲۴۲ بەرەودوا.

Zororster. The Prophet of Ancient Iran.

۹۷ - مێژووی ئایینەکانی ئێران، ل ۶۹ و هتد.

Fontes historiae religionis persicae, Bonnae, 1920.

۹۸ - باس و بابەتەکانی نێو ئەدەبیاتی یۆنانی و لاتینی سەبارەت بە زەردەشت و دینەکەی لە گۆڤاری کاما، ژمارە ۱۴، ل ۸۱ بەرەودوادا.

۹۹ - پاتکانیان، مێژووی ساسانییەکان بەگوێرەی زانیارییەکانی مێژوونووسانی ئەرمەنی، بە زمانی ڕووسی؛ پروودۆم بردوویەتە سەر زمانی فەرانسە، پاریس ۱۸۶۶، لە گۆڤاری ئاسیایی، ساڵی ۱۸۶۶ دەرهاتووە.

Patkanian. Essai d'une histoire de la dynastie des Sassanides d'après les renseignements fournis par les historiens arméniens.

گرینگترین شوێنەوارەکانی ئەرمەنی لە لایەن مێکیتاریستەکانەوە چاپ و بڵاو کراونەوە.

۱۰۰ - بڕوانن گووتشمید، Kleine Scheiften ب ۳، ل ۳۹۴ و هتد. کتێبی «ئەگاسانک»ی ئەرمەنی لە لایەن «تێر مکرتیچیان» و «کانایانس»ەوە بە کۆمەڵێک ڕەخنەی زانستییەوە چاپ کراوە، ۱۹۰۹.

۱۰۱ - دو لاگارد، گۆتینگێن، ۱۸۸۷، دەقە یۆنانییەکەی چاپ کردووە و دەقە ئەرمەنییەکەشی لە ساڵی ۱۸۶۲دا بڵاو کراوەتەوە و تەرجەمەکەی بۆ سەر زمانی فەرانسە لە کۆمەڵە بەرهەمی مێژوونووسانی ئەرمەنی لانگلوادا چاپ کراوە. بەراورد بکرێ لەگەڵ پیتێرز، Analecta Bollandiana، ب ۱، ل ۲۰.

۱۰۲ - چاپی وێنیز، ۱۸۵۳، تەرجەمەی فەرانسە لە سەرجەمی لانگلوادا، ب۲، ل ۲۱... .

۱۰۳ - چاپی وێنیز، ۱۸۳۲، تەرجەمەی فەرانسە لە سەرجەمی لانگلوادا، ب۱، ل۳۳۷ ... .
۱۰۴ - چاپی وێنیز، ۱۸۳۲، تەرجەمەی فەرانسە لە سەرجەمی لانگلوادا، ب۲، ل۳۶۱ ... .
۱۰۵ - چاپی وێنیز، ۱۸۳۲ - ۱۸۸۹ و سەنپێترزبوورگ، ۱۸۸۳، چاپی پاتکانیان، وەرگێڕدراو بۆ سەر زمانی فەرانسە، لانگلوا، ب ۱، ل ۲۰۹ بەرەودوا. لوئێر کردوویەتە ئاڵمانی و ناوی ناوە: Des Faustus Von Byzanz Geschichte Armeniens، کۆڵن، ۱۸۷۹؛ بەراورد بکرێ لەگەڵ پیتێرز، کورتکراوی نامیلکەی ئەدەبی ئاکادیمیای پادشایەتی بلژیک، زنجیرەی پێنجەم، ب ۱۷، ۱۹۳۱، زنجیرەی ۱۶ و هتد.
۱۰۶ - چاپی وێنیز، ۱۹۱۴، چاپی دووبارە ۱۸۲۶؛ لوقۆلیان دو فلۆریڤاڵ وەرگێڕاوەتە سەر زمانی فەرانسە، پاریس، ۱۸۵۳ و کورتەیەکی لە لانگلوادا چاپ کراوە، ب ۲، ل ۳۵۷ بەرەودوا. شمید تەرجەمەی کردۆتە سەر زمانی ئاڵمانی و ناوی ناوە: Eznik wider die sekten، ڤییەن، ۱۹۰۰، بەراورد بکرێ لەگەڵ کتێبی «ماریە» سەبارەت بە ئێزنیک کۆلبی، پاریس ۱۹۲۴.
۱۰۷ - ئەکینیان، ب ۱، ل ۳۷۴.
۱۰۸ - چاپی وێنیز، ۱۸۷۳، چاپی تفلیس، ۱۹۰۴، تێر مکرتیچیان و مالخاسیان، پێیداچوونەوە و هەڵەکانیان ڕاست کردۆتەوە و پەڕاوێزیان لێناوە؛ لانگلوا، ب ۲، ل ۲۵۹ و هتد.
۱۰۹ - ئەکینیان، ل ۳۷۲.
۱۱۰ - چاپی وێنیز، ۱۸۵۹؛ چاپی میکائیل پرۆتۆگال، ۱۹۰۳، لانگلوا، ب ۲، ل ۱۷۷ و هتد، ئەکینیان، ل ۳۷۱ بەرەودوا.
۱۱۱ - پاتکانیان، سەنپێترزبوورگ، ۱۸۷۹؛ تەرجەمەی ماکلێر، پاریس، ۱۹۰۴.
۱۱۲ - چاپی وێنیز، ۱۸۶۵، چاپێکی ڕەخنەگرانەی «ئەبلیان» و «هارتوونیان»، تفلیس، ۱۹۱۳؛ لانگلوا، ب ۲، ل ۵۳ و هتد. سەبارەت بە سەردەمی ژیانی مووسای بەدرۆ، بڕوانە مارکوارت، تۆێژینەوەی ئێرانی، ب ۲، ل ۲۳۵ و کوکازیکا، سالنی ۱۸۳۰، ل ۱۰ - ۷۷؛ ئەکینیان لە گۆڤاری ڕۆژهەڵاتناسیی ڤییەندا، ۱۹۳۰، ل ۲۰۴ و هتد. ملاکێر، ئەرمێنیکا، ۱۹۲۶، ل۱۲۲، گۆڤاری ڕۆژهەڵاتناسیی ڤییەن، ۱۹۳۵، ل ۲۶۷ - ۲۶۸.
۱۱۳ - تەرجەمەکراو لە کۆمەڵە بەرهەمی مێژوونووسانی ئەرمەنی بڕۆسەدا، سەنپێترزبوورگ، ۱۸۷۴.
۱۱۴ - دەقی مێژووی یووشەع ئێستیلینی کە «ڕایت» تەرجەمەی کردووە، کەمبریج، ۱۸۸۲، بەراورد بکرێ لەگەڵ کریستێنسێن، کواد، بەشی ۱، ل ۵ و هتد.
۱۱۵ - بڕوانە وتاری ئابە فرانسوا نۆ لە suppl. de lorient chretien دا، ۱۸۹۷ و کتێبی دووال بە ناوی ئەدەبیاتی سۆریانی، چاپی دووەم، ل ۱۸۸.

١١٦ - هالیر، لێکۆڵینەوە دەربارەی مێژووی «الرها»، دەقی سۆریانی و تەرجەمەکەی بە ئالمانی بە سەرجەمی «دەق و لێکۆڵینەوەکان»دا گێبهاردت و هارناک، ب ٩، بەشی ١، لەیپزیگ، ١٨٩٢.

L. Hallier, Untersuchungen über die Edessenische Chronik mit dem syrischen Texte und einer Übersetzundg , Texte und Untersuchungen Von Gebhardt und Harnack.

ئەم کتێبە سەرلەنوێ لە لایەن «گوێدی»ڕا چاپ کراوەتەوە.

Syr,ser. III. t. IV, pars1 لە ساڵی ١٩٠٣دا لە پاریس چاپ کراوە.

١١٧ - مینگانا، سەرچاوەکانی سۆریانی، ب ١، ل VII - XI و ١ - ١٥٩؛ زاخەو، مێژووی ئەربێل (Die Chronik Von Arbela)، نامیلکەکانی ئاکادیمیای پرووس، ١٩١٥، ژمارە ٦، هارناک، ڕاسپێراوێتی و بڵاوکردنەوەی مەسیحایەتی، چاپی چوارەم، ب ٢، لەیپزیگ، ١٩٢٤، ل ٦٨٣ و هتد؛ پیتێرز، شەهید ئەدیابێن (Passionnsire d'Adiabene) لە Analecta Bollandiana ب ٤٣، ل ٢٦٣، ٣٠٢ بەرەودوا؛ مێسینا لە Orientalia، ب ٦، ل ٢٣٣ و بەرەودوادا، ڕۆم، ١٩٣٧.

١١٨ - گوێدی (گوئێدی) ئەم دیرۆکەی لە کۆمەڵە بڵاوکراوەکانی هەشتەمین ئەنجومەنی نێونەتەوەیی ڕۆژهەڵاتناسان لە ستۆکهۆڵم، ساڵی ١٨٨٩دا چاپ کردووە و نۆڵدکێ بە وەرگێڕان و ڕەخنە و لێکدانەوە، لە ڕاپۆرتەکانی ئاکادیمیای ئیمپراتۆرێتی ئۆتریش لە ڤییەن، بەشی مێژوو و واژەناسی، ساڵی ١٨٩٣دا، ب ١٢٨، بڵاوی کردۆتەوە؛ چاپی نوێ لە زنجیرەی کۆمەڵە کتێبی پیرۆزی مەسیحەکانی ڕۆژهەڵات، دەقەکانی سۆریانی، زنجیرەی ٣، ب ٤دا بڵاو بۆتەوە.

١١٩ - ئەلیاسی نوسەیبینی و مێژووەکەی، بروکسێل، ١٨٨٨.

١٢٠ - مێژووی ئەلیاس، مەترانی نوسەیبین، دوو بەرگ، کۆمەڵەکتێبی پیرۆزی مەسیحەکانی ڕۆژهەڵاتی، دەقەکانی سۆریانی، زنجیرەی ٣، ب ٧، ٨: Elias Metropolitae Nisibeni Opus chronologicum.

١٢١ - وەرگێڕ و بڵاوکەرەوەی فەرانسەوی، شابۆ، ٤ بەرگ، پاریس ١٨٩٩ - ١٩١٠.

١٢٢ - بێجان مێژووی سووریای بڵاو کردۆتەوە، پاریس، ١٨٩٠؛ مێژووی ڕێبەرانی ئایینی، لە لایەن «ئەبلووس» و «لامی» لە ٣ بەرگاندا، سالانی ١٨٧٢ - ١٨٧٨ لە بلژیک بڵاو کراوەتەوە.

١٢٣ - کورتەمێژووی زنجیرەی فەرمانڕەوایان، چاپی ساڵحیانی، بەیروت، ١٨٩٠.

١٢٤ - لاگارد، شوێنەوارەکانی شەریعەتی سۆریانییانی ڤییەن، ١٨٥٦.

١٢٥ - کتێبی حاکمان (میران)، دەقی سۆریانی و وەرگێڕدراوی ئینگلیسی والیس باج لە ٢ بەرگدا، لەندەن، ١٨٩٣.

١٢٦ - بێجان (Bedjan)؛ مێژووی «مەریەبەلەهە» و سێ پاتریکی تر...، پاریس، ١٨٩٥.
Histoire de Mar Yabalaha, de triois autres patriarches etc.

١٢٧ - مێژووی ڕەبەن هۆرمزی ئێرانی، دەقی سۆریانی و وەرگێڕدراوی ئینگلیسی والیس باج، ب ١، ٢. کتێبە ساماییەکانی لووزاک، ب ٩ - ١١.

١٢٨ - کردەوەکانی شەهیدانی پیرۆز (Acta Sanctoeum Martyrum) چاپی ئاسمانی، ب ١، ڕۆم، ١٧٤٨؛ بێجان، کردەوەکانی شەهیدان و مەزنەپیرۆزان، ب ٤، ٢، پاریس ١٨٩٤، ١٨٩١. هۆفمەن، کردەوەکانی شەهیدانی ئێران، لەیپزیگ، ١٨٨٠.
ئەم کتێبە پاشکۆی زۆر باشی وەسەر خراوە. بڕەون، گولێبژێرێک لە کردەوەکانی شەهیدانی ئێران، موونیخ، ١٩١٥. هەروەها بەراورد بکرێ لەگەڵ پۆل پیتێرز لە: Analecta Bolladianaدا، ب ٤٣، ل ٢٦١ - ٣٠٤ و ب ٤٩، ل ٥ - ٢١.

١٢٩ - چاپی پاریسۆ، کۆمەڵەبەرهەمی سۆریانی، ب ١، پاریس ١٨٩٤؛ بێرت کردوویەتە ئەڵمانی لە «دەق و لێکۆڵینەوەکان»دا، گێبهاردت و هارناک، ب ٣، لەیپزیگ، ١٨٨٨.

١٣٠ - نۆلدکێ، شەڕەدندووکەی سۆریانییەکان دژی ئایینی ئێرانییان لە جێژننامەی «ڕۆت»دا، ل ٣٥ بەرەودوا.
Syrische Polemik gegen die persische Religion.

١٣١ - پۆنیۆن، بەردەنووسەکانی مەندایی «جامهای خوابیر»، پاریس، ١٨٩٨، ل ١٠٥.

١٣٢ - کوومۆن، توێژینەوەکان دەربارەی ئاینی مانەوی، بروکسێل، ١٩٠٨، ل ١ - ٨٠؛ بێنوێنیست، دنیای ڕۆژهەڵات، ١٩٣٢، ل ٨٣ - ١٧٢.

١٣٣ - بیل (Beal)، ل ٢٧٧ - ٢٧٩. بەراورد بکرێ لەگەڵ شنایدێر؛ ئێرانیکا، نامیلکەکانی ئەنجومەنی زانستیی گۆتینگێن، ل ٥٤.

١٣٤ - هێرتسفێڵد، پایکۆلی، ل ٥١، سەبارەت بە ڕۆژمێری دەورەی ساسانی بڕوانە خوارەوەتری بەشی ٣.

بنکەی ژین
www.zheen.org

بەشی
١

دامەزرانی زنجیرەی فەرمانڕەوایانی ساسانی

پارس لە سەردەمی سلووکییان و ئەشکانییان - بازرەنگییان و بنەماڵەی ساسان - ڕاپەڕینی پابەگ و کوڕانی - سەرکەوتنەکانی ئەردەشێر و لێکهەڵوەشانی خانەدانی میرانی ئەشکانی - پارس و بەردەنووسی تاج لە سەرنانی ئەردەشێر - شاری ئیستەخر - کۆشک و ئاورگەی فیروزئاباد - دەوڵەتی حیرە و حکوومەتی غەسسانییان - کەسایەتی ئەردەشێر و ئەردەشێر لە ئەفسانەکاندا[١]

سەبارەت بە مێژووی هەرێمی پارس لە زەمانی سلووکییان و ئەشکانییەکاندا زانیارییەکی زۆر کەم بە دەستەوەیە. ئەو سکانەی کە لە پارس دۆزراونەوە،[٢] ناوی چەند پادشایەک دەخەنەڕوو. بەڵام بە وردی ڕیزبەندی هاتن و چوون و فەرمانڕەوایەتی ئەوان دیاری ناکرێ. ژمارەیەک لەم میرانە هاوناوی پادشایانی

هەخامەنشی بوون، وەک: «ئەرتەخشتەر = ئەردەشێر، داریـوو = داریـووش» و هێنـدێکیان کـە ناویـان لـە ئەفسـانەکانی مێژوویـی وەرگرتـووە، وەکـوو: «مەنووچیتر کـە لـە مـەنووشچیسـرە، پادشـای نێـو چیرۆکـی یەشـتەکانی ئەڤێستایە». ئەو ناو و وێنانەی کە لەسەر ئەم سکانە شەقڵ کراون، نیشاندەری پاشماوەی داب و نەریتی کۆنی هەرێمی پارسن کـە بـە لانکـی فەرمانڕەوایـەتی هەخامەنشییان دادەندرێ.

لە ڕۆژگاری پادشایەتی سلووکییەکان‌دا (سەدەی سێهەمی بەر لە زایین)، لـە هەرێمی پارس چوار میر حوکمڕانییان کردووە، کە پێیان‌گوتـوون «فرەتەرەکـە» واتە ئوستاندار.[3] ئەمانە یەکەم تاقمی پادشایانی پارسن. ئەو سکانەی کـە لـەم حاکمانە بەجێماون، لەسەر ڕوویەکی ڕوخساری خۆیـان و دەسـتەواژەیەک بـە خەتی ئارامی وەبەرچاو دێ و لەسەر ڕوویەکەی تری وێنەی پادشا خۆی دەنوێنێ کە لە بان تەختێک دانیشتووە و ئاڵایەکی بە دەستەوەیە.[4] لەسـەر هێنـدێک لـە سکەکان پادشا بەرەوڕووی ئاورگە یان پەرستگەیەک ڕاوەستاوە و هەمان ئـاڵای لە لایە. لەسەر سکەی «فرەدات»ی یەکەم وێنـەی ئـۆهرمزد بـە باڵـی ئـاوەڵاوە لەسەر ئاگردانێک کێشراوەتەوە. پەکێک لەو ئوسـتاندارانە نـاوی «وەهـۆبرۆز» بووە و گۆیا هەمان «ئۆبۆرزۆس»ە[5] کە مەقدوونییەکانی سەربازگەی پارسـی لـە سەدەی سێهەمی بەر لە زایین قەڵتوبڕ کرد.[6] تاقمی دووەم لە میرانی پـارس کـە لە سەدەی دووەمی بەر لە زایین حکوومەتیان کردووە و چەشـنی سوڵـتانەکانی زنجیرەی حوکمڕانانی دواتر خاوەنی نازناوی پادشایەتی بوون، چەند سـکەیان لە پاش خۆیان بەجێهێشتووە. لەسەر سکەی ئەم میرانە کـە دوو کـەس بـوون، نەخشی پەرستگە و هەمان ئاڵای باسکراو شەقڵ کراوە، بەم جیاوازییەوە کە لـە سەرووی ئاڵاکە وێنەی مەلێک کە گۆیا هەڵۆیە، دەبیندرێ. هەروابێتەوە تـاقمی سێهەمی میرانی پارس کە سێ کەس بوون و لە سەدەی یەکـەمی بـەر لـە زایـین حکوومەتیان کردووە، سکەیان لە پاش بەجێماوە و وێنەی پادشایان لە سەرە کە خەریکی پەرسـتن و پارانەوەیـە بـەرەوڕووی ئاگردانێـک. دەسـتەی چـوارەمی پادشایانی پارسیش[7] (لە نێوان سەدەی یەکەمی بەر لە زایین و سەرەتای سەدەی سێهەمی زایینی) سکەی خۆیان لێداوە و زیـاتر وێنـەی شـا وا نیشـان دەدا کـە دەستی ڕاستی درێژ کردووە و مانگیلە و ئەستێرەیەک بەرەوڕووی کێشراونەوە.

✧✧✧

گێڕەوکێشە و ئاژاوەیەکی کە لە سەرەتای سەدەی سێهەمی زایینیدا لە هەرێمی پارس بالّی ئەنگاوتبوو، نیشانەی پووکانەوەی دەسەلاّتی ئەشکانییەکانن لەو چاخیدا. وادیارە هەر شارێک کە تا ڕادەیەک بەرچاو بووە، قولّەمیرێک لێیبۆتە دەڕاست. گرینگترینی ئەو میرنشینانە شاری گچکەی ئیستەخر بوو کە بە پایتەختی پادشایانی مێژینەی پارس دادەندرا. لەم کاتوساتەدا شاری ئیستەخر کەوتە دەستی «گووچێهر» یەکێک لە میرانی خانەدانی بازرەنگی.[8] گۆیا ئەم کەسە لە تۆرەمەی هەمان «گووچێهر»ە کە لە سەدەی یەکەمی زاییندا «ئەرتەخشتەر»ی برای خۆی کوشت.[9] هەروەها لە گووپانان (ناوچەی دارابگێرد؛ تەبەری: جووبانان) و «کۆنووس»(؟) و «لوروير»(؟) چەند قولّەمیرێکی خۆمالّی لە ڕێزی بنەمالّەی پادشایاندا حکوومەتیان کردووە. خوێندنەوەی ڕاست و دروستی ئەم ناوە جوغرافییایی‌یانەی کە تەبەری هێناونی دەستی نەدا،[10] بەڵام لە قسەکانی تەبەریڕا وا دەردەکەوێ کە ئەم ناوانەی لە سەرچاوەی باوەڕپێکراوەوە هێناون.

ساسان کە پیاوێک بوو لە خانەدانی نەجیمزادەکان، لەگەڵ کچێکی بنەمالّەی بازرەنگی کە دەبێ ناوی «دینەگ» بووبێ زەماوەندی کردووە.[11]

ساسان سەرۆکی پەرستگەی ئاناهید (ئاناهیتا) بووە لە شاری ئیستەخر. دوای خۆی «پابەگ»ی کوڕی بوو بە جێنشینی و دەرفەتی لە خزمەتایەتی خۆی لەگەڵ بازرەنگییەکان هێنا و یەکێک لە کوڕەکانی بە ناوی ئەردەشێر، لە دارابگێرد[12] کردە سەرکردەیەکی پلەبەرزی لەشکریی و پایەی «ئەرگبود»ی بۆ ئەستاند. ئەردەشێر چەند کەس لە میرانی پارسی بەزاند و کوشتنی و پلەوپایەی بۆ خۆی گل دانەوە. لەم وەختەدا پابەگ دژی گووچێهرشای خزمی ڕاپەڕی و بنکەی گووچێهری بە ناوی «کۆشکی سپی»[13] داگیر کرد و پادشای کوشت و خۆی لەسەر تەختی حوکمڕانێتی بۆی دانیشت.

هەڵبەت ئەردەشێر بەدڵ پێیخۆش بوو کە ببێتە پادشای سەرانسەری هەرێمی پارس، بەڵام پابەگ لە ویست و تاسەی کوڕەی خۆپەرستی تۆقی و نامەیەکی نارده خزمەت ئەردەوانشا (ئەرتەبانی پێنجەم) و ئیزنی لێخواست کە تانجی گووچێهر بنێتە سەر شاپووری کوڕە گەورەی خۆی.

پادشا لە ولاّمیدا نووسی کە ئەو پابەگ و ئەردەشێری کوڕی بە یاغی دەزانێ؛ پابەگ هەر پاش ماوەیەک دوای ئەم ڕووداوە مالاّوایی لە ژیان کرد و شاپوور بوو بە جێنشینی و لەگەلّ ئەردەشێری برای کێشەیان کەوتە بەینی. خوداوڕاستان شاپوور لەناکاو مرد و دەلّێن گۆیا وەختایەکی پەلاماری دارابگێردی داوە، لە کاولاشێک دابەزیوە و لەپڕ بەردێک لە میچەوە خزیوە و فزەی لێبڕیوە. براکانی دیکەی تاج و تەختیان پێشکێشی ئەردەشێر کرد و بەمجۆرە لە ساڵی ٢٠٨ی زایینیدا بوو بە شا.[١٤] دوای ماوەیەک ئەردەشێر بە مەبەستی بەرگرتن لە سەرهەلّدان و خەیانەتی براکانی فەرمانی قەلاّچۆکردنی دان. ئەردەشێر پاش ئەوەی کە ڕاپەڕینی دارابگێردی داکووژاند، کەوتە پتەو کردنی بنچینە و بناغەی دەسەلاّتی خۆی و پارێزی ئوستانی «کرمان»ی دراوسێی دا و گرتی و «وەلەخش»ی میری وێندەرێی یەختە کرد. ڕۆخەکانی کەنداوی فارس بوونە قەلەمڕەوی ئەو پادشا جیهانگیرە. دەلّێن لەو ناوچەیە میرێک ژیاوە کە خەلّک وەک خودا پەرستوویانە، کەچی ئەردەشێر پەلاماری داوە و تەخت و بەختی وەرگێڕاوە و کوشتوویەتی. ئەردەشێر پاش پەرەپێدانی دەسەلاّتی خۆی لە خاکی پارس و کرمان کە دەبوو بە پاشکۆی قەلەمڕەوی، فەرمانی دا تا لە «گۆڕ» (فیرووزئابادی ئێستا) کۆشک و ئاورگەیەک ساز بکەن و یەکێک لە کوڕانی خۆی کە ئەویش هەرناوی ئەردەشێر بوو، کردی بە حوکمڕانی کرمان.

ئاخرییەکەی شەڕ لە نێوان ئەردەشێر و پادشای ئەشکانیدا هەلّگیرسا. ئەردەوان دەستووری دا بە میری ئەهواز (شووش) کە بچێتە شەڕی ئەردەشێر و بیگرێ و بیخاتە کۆت و زنجیر و بینێرێتە تیسفوون. ئەردەشێر مەودای نەدا. پاش ئەوەی کە «شاد شاپوور»ی میری ئیسفەهانی بەزاند و کوشتی، ڕووی کردە ئەهواز و میری وێندرێی تەواو تێکشکاند و ولاّتەکەی خستە سەر قەلەمڕەوی خۆی. پاشان پەلاماری ناوچەی بچووکی «میشان»ی دا لە ڕێژاوی ڕووباری دیجلە بۆ سەر کەنداوی فارس و گرتی. ئەم ناوچەیە بە دەس ئەو عەرەبانەوە بوو کە لە عومانەوە هاتبوون و بە پێشڕەوی ئەو خێلاّتە عەرەبانە دادەندرێن کە ڕاست لە دەسپێکی پادشایەتی ساسانییەکاندا ناوچەی حیرەیان لە خۆراوای فورات خستە ژێر دەستی خۆیان. سەرەنجام وای لێهات کە شەڕێکی گەورە لە مابەینی ئەردەشێر و پادشای ئەشکانیدا کە خۆی سەرکردایەتی دەکرد

هەڵگیرسا. تێکهەڵچوونەکە لە دەشتی هۆرمزدگـان ڕووی داوە، بـەڵام شـۆڕشی شەڕەکە بە دروستی دیاری ناکرێ.[15] بەگوێرەی گێڕانەوەکانی چـاخی ساسـانی ئەردەوان بە دەستی ئەردەشـێر کـوژراوە و خـۆی کـاژەلاکی سـەری پێخوسـت کردووە. ڕەنگە ئەم کارە دڕندانەیە ڕاست نەبێ و سەرینچاوەکەی دەگەڕێتەوە بۆ نەخش و نیگارەکانی «نەخشی ڕۆستەم». پاش ئەم شەڕ و لێکدانە کـە لـە ڕۆژی ٢٨ی ئـاوریلی ٢٢٤ی زایینـیدا قـەوما، ئەردەشـێر سـەرکەوتووانە پێـی نایـە تیسفوون و هەرێمی بابلی هێنایـە ژێـر ڕکێفـی خـۆی و جێـی ئەشـکانییەکانی گرتەوە.[16]

وێنەی ١ - سکەکانی ئەردەشێری یەکەم. ئەلف: بە شێوەی ئەشکانی ب: شێوەی نۆی (مووزەی نەتەویی کۆپێنهاگ)

ئەردەشێر لە ساڵی ٢٢٦ی زایینیدا بەڕەسمیی تاجی نایە سـەر و خـۆی بـە میری میرانی ئێران ناودێر کرد. بەپێی بەڵگە و سەرچاوەکان، ئەردەشێر کچ[17] یا کچەمامی ئەردەوان[18] یان برازای «فەڕڕوخان»ی کوڕی ئەردەوانی لە خـۆی مـارە کـرد. ئـەوەی مێژوونووسـانی عـەرەب و ئێرانـی دەربـارەی ئـەم زەماوەنـدە گێڕاویانەتەوە، وەک ئەفسانە دەچێ، کەچی دیسانیش هێرتسفێڵد لای وایە کـە ئەم زەماوەندە بەڕاستی کـراوە، چونکـە ئەردەشـێر دەیویسـت لـە ڕێـی ژن و ژنخوازیڕا لەگەڵ خانەدانی ئەشکانی، بناغەی حکوومەتەکەی خۆی قایم بکا.[19]

بەڵام من بە دوو هۆ سەبارەت بە دروستی ئەم نەزیلەیە دوودڵم. یەکیان ناکۆکی بۆچوونەکانە لەسەر پلە و چۆنیەتی خزمایەتی هاوسەری ئەردەشێر لەگەڵ ئەردەوان؛ دووەم مەبەستی مێژوونووسانی عەرەب و ئێرانی لە هێنانە گۆڕی ئەم زەماوەندە، چەسپاندنی ئەم خاڵەیە کە چونکە دایکی شاپووری کوڕی ئەردەشێر لە ڕەگەزی پادشایانی پێشوو بووە، کە وایە شاپوور بە هەق بە جێنشینی ئەشکانییان دادەندرێ. بەڵام لە ڕاستیدا بەر لەوەی کە ئەردەشێر ببێتە پادشا، شاپوور شەیتانی پێکەنیبوو؛ یەکێک لە بابەتەکانی تەبەری ئەمەی لێهەدەکرێ کە دەڵێ: شاپوور لە شەڕی هۆرمزدگاندا بەشداری کرد، (تەبەری، ل ۸۱۹، نۆلدکێ، ل ۱۴) وادیارە ئەم گێڕانەوەیە گەو بە گەو دەگەڕێتەوە سەر «خودای‌نامگ»، کەچی نەزیلەی زەماوەندی ئەردەشێر لەگەڵ یەکێک لە خاتوونانی ئەشکانی و لێ بە وەلەد بوونی شاپوور کە بۆتە نێوئاخنی نووسراوەکانی تەبەری، [۲۰] لە ئەفسانەیەکی سەرزارەکی نێو ڕیز و پۆلپۆلانی جەماوەری ئاسایی وەرگیراوە. [۲۱]

لە سالانی دواترا، پاش ئەوەی کە ئەردەشێر شاری قایمی «ئەلحەزەر» (هاترا)ی ماوەیەک گەمارۆ دا و چی‌بەچی نەکرد، خۆی دایە داگیرکردنی وڵاتی «ماد» و شاری هەمەدان و هێرشی بردە سەر ئازەربایجان و ئەرمەنستان و ئەگەرچی سەرەتا سەرکەوتنی وەدەس نەهێنا، بەڵام گۆیا دواتر ئەم دوو وڵاتەی گرتووە. خاک و هەرێمەکانی سەکێستان و ئەبەرشار (خوراسانی ئێستا) و مەرو و خارەزم و بەلخی داگیر کرد و بەم شێوەیە دەسەڵاتی خۆی بە سەر ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتا پەرەپێدا. بەگوێرەی قسەیەکی تەبەری کە هێرتسفێڵد ئۆبالی بۆ کێشاوە، [۲۲] پادشای کووشان کە دۆڵ و دەری کابول و پەنجابی بە دەستەوە بووە، هەروەها میرانی تووران و مەکووران (ناوچەی ئێستای قووزدار لە باشووری کووەیتە و موکرانی هەڵکەوتوو لە کەنارەکانی کەنداوی عومان و ئوقیانووسی هیند) چەند باڵوێزێکیان نارد‌وتە خزمەت ئەردەشێر و سەریان وەبەر هێناوە و بە پادشایان ناسیوە. قەڵەمڕەوی وی لەو وەختیدا بریتی بووە لە ئێرانی ئێستا و ئەفغانستان و بلووچستان و بیابانی مەرو و «خیوە» کە لە باکوورەوە دەگەیشتە ڕووباری جەیحوون و لە قۆڵی خۆراوارا سەری ئەو سەری بابل و ئێراقی دەگرتەوە. شازادەکانی بنەماڵەی پادشایەتی کە بە دوای یەکدا

بوونه حوکمڕانی خوراسان، نازناوی «کووشان‌شا»یان وەرگرت. ئەردەشێر لە سالّی ۲۳۸ی زایینی‌دا هێرشی کردە سەر شاری «دووورا».[۲۳]

گوتمان کە ئەردەشێر لە سالّی ۲۲۶دا بەڕەسمیی تانجی پادشایەتی ئێرانی نایە سەری، بەڵام بە دروستی لێمان ڕوون نیە کە ئەم ڕێوڕەسمە لە کوێ بەڕێوەچووە.

بەگوێرەی بیر و بۆچوونی زارە[۲۴]، ڕەنگە دامەزرێنەری خانەدانی ساسانی ئەم تاج لەسەر نانەی لە پارسی زێدی خۆی ئەنجام دابێ، واتە لە پەرستگەی ئاناهیتا (ناهید = ئاناهید) لە شاری ئیستەخر کە ڕۆژگارێک ساسانی باپیرەگەورەی مەزنەموبەدی وێ بووە و هەر لەوێ چوارسەد سالّ دوای ئەردەشێر، ئاخرین پادشای ساسانیش تانجی نایە سەر، یان دەبێ جێژنەکە لە «نەخشی ڕەجب»ی نیزیک ئیستەخر بەڕێوەچووبێ، چونکە ئەردەشێر و شاپوور لەم شوێنە نەخش و نیگاری چوونە سەر دەسەلاتی خۆیان لە کێو دابڕیوە.

کۆڕ و کۆبوونەوەی «سپاردنی پادشایەتی بە دەس ئەردەشێر لە لایەن ئۆهرمەزد»ەوە لە دوو جێیان وەبەرچاو دێ: یەکیان لە نەخشی ڕەجەب و ئەویتر لە نەخشی ڕۆستەم لە پەنا نێژگەی پادشاکانی هەخامەنشی. بەپێی بۆچوونی «زارە» نەخشی ڕەجەب بەر لە نەخشی ڕۆستەم شەقڵ کراوە. کۆبوونەوەی «نەخشی ڕەجەب» بە باشی نەپارێزراوە و زۆرێک لە وردەکاریەکانی ڕزیون و دەستیان لێک بەرداوە و هەڵوەریون و بە دروستی ناناسرێنەوە. ئەهوورامەزدا (ئەهوورەمەزداھ) ئالّقەی فەرمانڕەوایەتی بە دەستی ڕاست و گۆچانی پادشایەتی بە دەستی چەپییەوە گرتووە و هەردک هێمای شایەتی دەبەخشێتە پادشا. شاهەنشا ئالّقەکەی بە دەستی ڕاستی گرتووە و دەستی چەپی هەڵێناوە و ئەنگوستی شادەی بە نیشانەی ڕێز و فەرمانبەرداری بەرەوپێش درێژ کردووە. خودا تاجی زێڕینی قونگرەداری لە سەرە و شا لەم دیدارە شکۆمەندەدا هەر بەو شێوەیە دەبیندرێ کە لەسەر سکەکانی سەرەتای پادشایەتی‌دا وەبەرچاو دێ و خاوەنی ڕیشێکی درێژی خشتەکی و پرچێکی کورتە. خودا و شا و کەسانی تری ئەو نەخشە پیادەن. «زارە» لە مەودای نێوان خودا و شادا ڕوخساری دوو مندالّی دیاری کردووە.

یەکێک لە خواجەکانی بارگا باوەشێنێکی لەسەر سەری شا ڕاگرتووە و خۆی لە پشتەوەی ڕاوەستاوە. پیاوماقوولێکی ڕیشدار دەستی ڕاستی - وەک پێشتر باسی کرا - بە نیشانەی ڕێز بەرز کردۆتەوە. نەخش و نیگاری دوو کەسان لە دوای ئەهوورامەزدا دیارن کە گۆیا هی خاتوونانن. ئەم خاتوونانە کەوتوونە کەنار و ژێر قوبەیەکی وەک چەتر و پشتیان لە ئەهوورمەزدە. بە بڕوای زاررە ئەم دوو خاتوونە سەر بە بنەماڵەی پادشایەتین و بە جۆێ لە کۆشکی پادشایەتی یان لە ئاورگەدا[25] ، ڕێوڕەسمی ڕێزلێنانی شا بەجێدێنن.



وێنەی ۲ - نەخشی ڕۆستەم: ئۆهرمەزد پلەی پادشایەتی دەبەخشێتە ئەردەشێر

(دییوولافوا، دەسکرد و سنعاتەکانی ئێرانی کۆن)

کۆڕ و کۆبوونەوەی شکۆداری نەخشی ڕۆستەم زۆر چاکتر لە نەخشی ڕەجەب پارێزراوە (وێنەی ۲). لەم نەخشە هەڵکەندراوەدا ئۆهرمەزد و شا سواری یەکسمن. قەبارەی قەڵافەتی ئەسپەکان لە چاو سواران لە ڕادەی سروشتی بچووکترن. هەرکام لە ئەسپەکان یەکی دەستێکیان هەڵێناوە و بەرەوپێش هەنگاو دەنێن. ئۆهرمەزد لێرەشدا وەک نەخشی ڕەجەب گۆچانی پادشایەتی بە دەستی چەپی گرتووە و ئاڵقەی فەرمانڕەوایەتی ڕازاوە بە ڕیشووی چینداڕەوەی بە دەستی ڕاستی بەرەو پادشا ڕاداشتووە. شا ئاڵقەکەی بە دەستی ڕاستی گرتووە و بە دەستی چەپ هەر وەک باسی کرا ڕێوڕەسمی ڕێزلێنان بەجێ دێنێ. ئەردەشێر

کلاوێکی خڕی لە سەرە و گەردنپۆشێکی گـورزەکی بـە دەوری ملـیدا هـاتووە و قوماشێکی تەنکی بە سەرا کشـاوە. ئـەم ڕازاندنـەوە سـەیرە لەسـەر نـەخش و سکەکانی ساسانی زۆر جاران وەبـەرچاو دێـن.[۲۶] تـەنیا لەسـەر هێنـدێک لـە سکەکانی سەرەتای فەرمانڕەوایەتی ئەردەشێر ئـەم نیشـانەیە بـەدینـاکرێ و پادشا بە دابی ئەشکانییەکان تاجی قوتی لە سەرە. پرچی درێژ و ڕێکی ئەردەشێر بە قولاپە کەوتوونە سەر شانی و کلکەی ڕیشی باریک بۆتەوە و چۆتە ئالقەکەوە و بەشێک لە ڕێشی لە ژێر ئەم ئالـقەوە دیـارە. پادشـا ملوانکەیـەکی مـرواری هەڵواسیوە و باڵاپۆشێکی قۆڵداری کردۆتە بەری و ڕیشۆڵەی پانکەڵەی چینچین چوونەوە سەر کلاوەکەی و داوێنـی ڕیشۆڵـەکان بـە پشـت سـەریدا پـەخش و پەرێشانن.

ئەهوورامەزدا تانجێکی قۆنگرەداری لەسەر ناوە و پرچـی لـوولی لـە نێـوان تۆقی سەر و تانجەکەڕا دیارە. قـولاپـەی پـرچ و ڕدێنـی درێـژی خشـتەکی زۆر عەنتیکەیە، بەڵام بە باری جلوبەرگدا چی وای جیاوازی لەگەڵ شا نیە. ئەویش ڕیشووی لەرزانەی چینچینلە تانجەکەیـەوە شـۆڕ بوونـەوە. ڕەخـت و زینـی ئەسپەکان وەک یەکن. تەنیا تاتەڵەیەکی کە لەسەر قەڵپووزی زینـی پادشـایان داناوە، سەرە شێری لێ زەق بوونەوە، بەڵام ئەسـپەکەی ئۆهرمـەزد بـە گـوڵ ڕازاوەتەوە. لە ژێر پێی ئەم ئەسپانەدا گۆیەکی سووکەڵە بە شکڵی هەرمێ خـۆی دەنوێنێ کە بە زنجیرێکەوە لە کەلەکەی ئەسپەوە هەڵاوەسراوە و ئەم گۆیـە لـە زۆربەی نەخشە هەڵکەندراوەکانی ساسانیدا لـە کـەنار زینـی ئەسـپان شـەقڵ کراوە. خواجەیەکی بارگا کەوتۆتە پشت سەری فەرمانڕوا کە کلاوێکی لمەدی بـە هێمـای تایبەتـەوەی کردۆتـە سـەری و باوەشـێنێکی هەڵـێناوە. پیـاوێ کـە کلاوزرێیەکی لە سـەرە، کەوتۆتـە بـەرپێی ڕکێفـی پادشـا و وێـدەچێ وێنـەی ئەردەوان بێ کە ئەردەشێر بەزاندی و کوشتی. کەسـێکیش کەوتۆتـە ژێـر پـەلی ئەسپی ئەهوورامەزدا و وادیارە ڕووتە. پرچ و ڕیشی ئالۆزکاون و سـەری چەنـد ماڕێک لە بن قژیڕا قوت بوونەوە.

ئەم وێنەیە گۆیا ئەهریمەن یا یەکێک لە ڕووحە ناپاکـەکان نیشـان دەدا کـە ئۆهرمەزد پێخوستی سمی ئەسپی کردووە. چەنـد دێـرێک بـە زمـانی یۆنـانی و پەهلەوی ساسانی لەسەر ئەسـپی شـا شـەقڵ کـراوە کـە دەڵـێ: «ئـەم سـوارە

پەرستندەی مەزداە، مەزنە ئەردەشێری پادشای ئێران و لە ڕەگـەزی ئیـزەدان و کوڕی پابەگ شایە.» هەروەها بەردەنووسێکی دیکەش هەر بـەو زمانانـە، خـوا وەک ئۆهرمەزد دەناسێنێ. (لە بەشی یۆنانیدا بە زێئووس ناوی هێناوە.)[۲۷]



وێنەی ۳ - کۆشکی فیرووزئاباد

(دییوولافوا، دەسکرد و سنعاتەکانی ئێرانی کۆن)

www.zheen.org

یەکەم پادشاکانی ساسانی بە شێوەی سروشتی ئۆگری زێدی خۆیان بوون کە هەرێمی پارسە، هەر بۆیە نەخش و نیگاری خۆیان لـە کێـو و تاشـەبەردەکانی دەوروبەری ئیستەخر هەڵکەندووە. بەڵام بێجگە لە خۆشەویستی نیشتمان، ئـەم هەڵبژاردنە دەگەڕێتەوە سـەر هۆکـارێکی دیکـەش و ئـەویش وەبیرهێنانـەوەی سەردەمی پرشنگداری دەوڵەتی هەخامەنشییە کە گلکۆی فەرمانڕەواکانی لە زەرد و ماهی نەخشی ڕۆستەمە.[۲۸] ئیستەخر شـارێکی قـایم و خـاوەنی شـووڕەیەکی پتەو بـوو، بـەڵام چونکـە بـە میراتگـری کۆنەشـاری «پارسـە» دادەنـدرا کـە هەرەسەکانی شکۆ و مەزنایەتی ڕابردوویان نیشان دەدا، ساسانییەکان ئەوێیان کردە پایتـەختی پـیرۆز و هێـژای خانـەدانی خۆیـان.[۲۹] وادیـارە دامەزرێنـەری خانەدانی ساسانی جاری وایە لە شاری گـۆڕ کـە لـە ئیسـتەخر پتـر کەوتۆتـە

۲۶ - لە ڕاستیدا ئەم تۆپەڵە (سەرەگورزە) چەشنێک ڕازاندنەوەی سەر و پرچ یان «کڵاوپرچە»ی دەسکردە کە لەسەر تانجەوە دەرکەوتووە و هێرتسفێڵد ناوی ناوە Korymbos و پتر بە قوماشی ئاوریشمی مرواری یان جەواهێرنیشان داپۆشراوە. هێرتسفیڵد ڕاپۆرتی لەمێژین، ب ۹، ل ۱۰۴ هتد.

۲۷ - دییوولافوا، V، وێنەی ژمارە ۱۴؛ زارە - هێرتسفێڵد، نەخش و نیگارە هەڵکەندراوەکان، ل ۶۷ بەرەودوا و وێنەی ۵، مێژووی سنعاتەکانی پۆپ، IV 154 A. هێرتسفێڵد بەردەنووسەکانی لە کتێبی پایکۆلیدا هێناوە. ئەو نەخشە داتاشراوەی کە لە کێوێکی نیزیک سەڵماسی ئازەربایجان خۆی دەنوێنێ، بە بڕوای زۆربەی توێژەران ئی سەردەمی ئەردەشێرە. لەوێ دوو سوار وەبەرچاو دێن کە هەرتکیان جلوبەرگی پادشایانی ساسانییان پۆشیوە، ڕیشۆڵ بە سەر جلەکانیاندا شۆڕ بۆتەوە و تۆپەوانەی سەر سەریان دیارە و دەستیان چۆتە سەر دەسکی شیری. سواری قۆڵی چەپ ڕدێنی هەیە و وادیارە لە سوارەی قۆڵی ڕاست کە بێتووکە، پیرترە. هەرکام لە سوارەکان پیادەیەکیان لە پێشە و سەرنجیان کەوتۆتە سەریان. لێهمان هەوپت لای وایە کە ئاسەواری هەڵوەریوی نووسراوەیەکی پەهلەوی لەسەر جلکی ئەو دوو پیادانە دۆزیوەتەوە. بە بڕوای زارە کە لێهمان هەوپت لێیگێڕاوەتەوە، ڕەنگە بەردەنووسەکە سەبارەت بێ بە ئەردەشێری یەکەم و شاپووری کوڕی کە کەوتوونە بەر پەسن و تاریفاتی ئەرمەنییەکان. بڕواننە: جەکسۆن، ئێران لە ئێستا و ڕابردوودا، ل ۸۰ بەرەودوا؛ لێهمان هەوپت، ئەرمەنستان لە ئێستا و ڕابردوودا، ب ۱، ل ۳۱۶ بەرەودوا و ل ۵۳۵؛ هێرتسفێڵد، پایکۆلی، ل ۳۷.

۲۸ -لەبەروەی کە لە نەقڵ و نەزیلە و حیماسە نەتەوەییەکاندا بابەتێکی زۆر کەم سەبارەت بە زەمانی هەخامەنشییەکان ماوەتەوە، وا دەردەکەوێ کە وردەکاری مێژوویی ئەو دەورەیە تەنانەت لە سەرەتای چاخی ساسانیشدا فەرامۆشکراو بوون. بڕواننە کریستێنسێن، کەیانییەکان، ل ۱۴۶هتد.

۲۹ - سەبارەت بە ئیستەخر بڕواننە شوارتز (P. Schwarz) ئێران لە سەدەکانی نێوەڕاستا، ب ۱، لەیپزیگ، ۱۸۹۶، ل ۱۳ بەرەودوا. بەگوێرەی کتێبی پەهلەوی «شارستانیهائی ئێرانشار» یەکێک لە پادشاکانی ئەشکانی بە ناوی ئەردەوان ئەم شارەی ساز کردووە. نووسەرانی ئێرانی و عەرەب بناغەڕۆنانەکەی دەبەنەوە سەر چەندین پادشایان. بڕوانە مارکوارت، پێرستی میرنشینەکانی هەرێمی ئێرانشار، ل ۹۱هتد.

۳۰ - هێرتسفێڵد له کتێبی زارره - هێرتسفێڵد، نەخش و نیگارە هەڵکەندراوەکان، ل ۱۲۸ بەرەودوا و گۆڤاری ڕۆژهەڵاتیی ئاڵمان، ۱۹۲۶، ل ۲۵۴؛ مێژووی سنعاتەکانی پۆپ، IV، ل ۱۴۶ - ۱۴۷؛ ئێردمان، ئاورگە، ل ۴۶ هتد. دییوولافوا، سنعاتەکانی ئێرانی کۆن، ب ۴، ل ۴ بەرەودوا. ئێردمان بە هەڵە کۆشکی فیرووزئاباد دەباتەوە سەر چاخی هەخامەنشی.

۳۱ - بڕوانە پێشتر، کەرتی سەبارەت بە لەهجەکانی ئێرانی.

۳۲ - ڕۆتشتەین، خانەدانی میرانی لەحمییەکان، بێرلین، ۱۸۹۹.

G. Rothstein, Die Dynastie der Lahmiden in al - Hîra.

ئۆلیندر، میرانی «کیندە»، لوند، ۱۹۲۷. G. Olinder, Tke Kings of Kinda.

۳۳ - نۆلدکێ، غەسسانییان، نامیلکەکانی ئاکادیمیای زانستیی بێرلین، ۱۸۸۷.

Die Ghassâniachen Fürsten aus dem Hause Gafna's.

۳۴ - کریستێنسێن، پادشایان، بەشی۳.

۳۵ - تەبەری، ل ۸۲۰، نۆلدکێ، ل ۱۹ و دواتر؛ شئایدێر و حەسەن بەسری «حسن‌البصری»، ئیسلام، ب ۱۴، ل ۳۱.

۳۶ - بڕوانە پێشتر.

۳۷ - گووتشمید؛ گۆڤاری ڕۆژهەڵاتیی ئاڵمان، ب ۳۴، ل ۵۸۶ هتد.

بنکەی ژین
www.zheen.org

بنکەی ژین
www.zheen.org

بەشی
٢

بنکەی ژین
www.zheen.org

پێکهاتە و دامودەزگای دەوڵەتی شاهەنشاهی

تایبەتمەندییەکانی دەوڵەتی ساسانی - چینە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی گەل - ڕێکخستنەکانی دامودەزگای ناوەندیی - مەزنەوەزیر - ئایینپەروەری- بەشی دارایی - سەنعاتەکان و بازرگانێتی و ڕێگاوبان - لەشکر - وەزیران و کاربەدەستانی تر - بەڕێوەبەرایەتی ئوستانەکان

مێژوونووسانی ڕۆمی بە تەواوی فامیان بەو ئاڵوگۆڕانە نەگەیشتووە کە لە ئاکامی دامەزرانی خانەدانێکی تازەی فەرمانڕەوایی لە ئێران ڕووی داوە. «دیوون» و «هێرۆدیانووس» زۆر بەکورتی باسی سەرکەوتنی ئەردەشێر بە سەر ئەردەوانیاندا گێڕاوەتەوە. ڕۆمییەکان دیتیان و هەستیان پێکرد کە دەوڵەتی تازە لە دەوڵەتی پێشوو بەدەسەڵاتتر و لە ئاکامدا مەترسی بۆ سنوورەکانی

ڕۆژهــەڵاتیی ڕۆم پتــرە، بــەڵام نەیانــدەزانی کــە ئــەم حکوومەتــە لەگــەڵ حکوومەتەکەی ڕابردوو جیاوازی بنەڕەتی هەیە. لە ڕاستیدا دەوڵــەتی ساســانی ئاخرین قۆناخی زنجیرەیــەک گۆڕانکــاری دووردرێــژە بــوو کــە لــە زەمــانی ئەشکانییەکاندا بە ژێــر تۆڕێــک لــە شارســتانییەتی یۆنــانیدا تێپــەڕیبوو و گەیشتبووە ئەم ئاستە. توخمــەکانی شارســتانییەتی یۆنــانی، بەشــێکیان لــە پێکهاتەی ئێرانی دەرهاوێژران و بەشێکیان وەرگیران یــان گۆڕانیــان بــە ســەردا هات. وەختایەک کە ئەردەشێر جڵەوی حکوومەتی بە دەستەوە گرت، وڵاتی ئێران بۆ یەکەم جار بوو بە خاوەنی وێژدانێکی نەتەوەیی و پتر لە جاران شــۆێنەواری تایبەتمەندییەکانی ئەم شێوازە لە گەوگــەوی ژیــانی کۆمەڵایــەتی و مەعنــەوی گەلدا ڕەنگی دایەوە.

کەوایە گۆڕانی پادشایان تەنیا ڕووداوێکــی سیاســی نــەبوو، بەڵــکوو وەک نیشانەی بەدیهاتنی ڕووحێکی نوێ لە پادشایەتی ئێرانا خوێندرایەوە. دوو شــت بوونە هۆی بااڵدەستیی دەوڵەتی ساسانی لــە چــاو دەوڵــەتی پێشــوو. یــەکیان کۆدەسەڵاتی و ئەویتر ئایینی ڕەسمیی. ئەگەر کردەوەی یەکەم بە گەڕانــەوە بــۆ سەر داب و نەریتەکانی ڕۆژگاری داڕێژشی گەورە بێنینە ژمار، بەڕاستی پێویستە کە کردەوەی دووەم وەک بەدیهاتێکی خودی ساسانییەکان لە قەڵەم بدەین. بەڵام ئەم تازەگەرییەش ئاکامی پێگەیشتنێکی شڵەژاوی ڕەوتێک بوو کــە لــەم کاتــەدا پێی نابوویە جەغزی بەدیهاتن؛ هەر وەک هەزار و سێسەد ساڵ دواتــر پێکهــاتنی مەزهەبی ڕەسمیی شیعەش دەگەڕێتەوە سەر ئاکامی کۆمەڵێک ئاڵوگۆڕی زۆر.

لە مــاوەی چوارســەد ســاڵاندا کــە حکوومــەتی ئەردەشــێر خــۆی ڕاگــرت، هەڵومەرجی ژیانی گشتیی و بەڕێوەبەرایەتی وڵات[1] گــەلێکی گــۆڕان بــە ســەردا هات، بەڵام لە نێوەڕۆکی خۆیدا هەر ئەو بنــەما ئیــداری و کۆمەڵایەتییــەی کــە دامەزرێنەری خانەدان بناغەی بۆ داڕشت، بــەڕەو گەشــە و پێگەیشــتن ئــاژاوتی هەتا ڕۆژگاری ساسانییەکان لەسەر باروهەوایەک بمێنێتەوە.

لە ئەڤێستای نوێدا کۆمەڵی ئێرانییان کردۆتە سێ چین:

١ - پیاوانی ئایینی (ئاسرەوەن = ئاترەوەن) ٢ - لەشکرییان (ڕەسەئیشــتەر = ڕەثــەئیشــتەر) ٣ - جووتیــاران (واستریۆفشــوویەنت).[2] ئــەم چــینبەندەییــە دابەشینێکی زۆر کۆنی کۆمەڵایەتییە. تەنیا دەستەواژەیەک هەیە لــە ئەڤێســتادا

(یەسنای ۱۹ ، بەندی ۱۷) کە باسی چینی چوارەم دەکا و بـە نـاوی سـنعاتکاران (هوویتی).

هەر کە سەرەی ساسانییەکان هات ، تانوپۆی تازە لە کۆمەلا سەری هەلـدا ، کە ئەویش بریتی بوو لـە چـوار چـین. جیـاوازی بـەوەدا خـۆی نیشـان دا کـە کارگێڕانی ئیداری (دەبـیران) چوونـە چینـی سـێ و جووتیـاران و سـنعاتکاران کەوتنە چینی چوارەم. کەوایە لەبەروەی چینبەندی کۆمەلایەتی لـە سـەر ئـەم شێوازە و بەگوێرەی بارودۆخی سیاسی ڕۆژگـار دامـەزرا و ڕێکخـرا ، چینـەکان ئاوایـان خـۆ نوانـد: ۱ - پیـاوانی ئـاینی (ئاسـرەوەن) ۲ - لەشـکرییان (ئەرتیشـتاران) ۳ - کارگێـڕانی ئیـداری (دەبـیران) ۴ - جـەماوەری خەلـک (گوندنشینان یان واستریووشان) و سەنعاتکاران و شارنشینان (هووتۆخشان).[۳]

هەرکام لەم چینانە دەبوونە چەند دەستە. چینی ڕێبەرانی ئاینی بریتی بوون لە: دادوەران ، زانایانی ئاینی (نزمترین و زۆرترین پلەی ئـەم زانایانـە سـنفی موغان بوون ، پاش موغان ، مووبەدان و هیربەدان و ئایینداڕانی تر هاتوون کـە هەرکام خاوەنی کار و ئەرکێکی تایبەت بوون) ، یەکێکی تر لـە لـکوپۆپـەکانی چینی ڕێبەرانی ئـاینی «دەسـتوەران» و «ماموستایان» بـوون و بـەم تاقمـەی ئاخریان گوتووە موغانی ئەنـدەرزبود. بـەلام چینـی لەشـکرییان (شـەرکەران) دەبوونە دوو تاقم ، سواڕە و پیادە و هەرکام خـاوەنی ئـەرکی تایبـەتی خۆیـان بوون. ئەو ئەرکدارانەی کە لە چینی کارگێڕانی حکوومیدا وەبـەرچاو هـاتوون ، بریتی بوون لە: نووسـندەکان ، ژمێریـاران ، نووسـەرانی حـوکمی دادگاکـان و ئیجازەنامچە و قەراردادان ، مێژوونووسان ، پزیشکان و ئەستێرەناسان. چینـی جەماوەریش پێکهاتبوو لە خەلکانی خاوەن پیشەی وەک بازرگانان و جووتیاران و سەوداچییان و تێکڕای کرێکاران.

هـەرکام لـەم چینانـە سـەرۆکێکیان هـەبوو ، سـەرۆکی زانایـانی ئـاینی «مووبەدی مووبەدان» ، سەرۆکی لەشکرییان «ئێڕانسپابود» [پاشگری «بود» و «بەد» لە زمانی کۆنی ئێڕانیدا بە واتای «مەزن» ، «سەرۆک» و «سالار» هاتووە ، بەڵام فارسـەکان پتـر «بود»یان کردە باو. وەرگێڕ]. سەرۆکی دەبیران (سەرۆکی دیوان) «ئێڕان دەبیربـود» و سەرۆکی چینی چـوارەم «واستریووشـانسـالار» یـان «واسـتریووشبـود» یـا «هوتۆخشبەد». هـەر سـەرۆکێک «پشـکێنەر»ێکـی لـە بـەر دەسـتا بـوو ، کـە

سەرئەژمێری چینەکەی لە ئەستۆ بوو. پشکێنەرێکی دیکەش هەبوو کە لە داهاتی جەماوەری چین و توێژەکانی[٤] دەکۆلییەوە و مامۆستایەکیشی لە بەر دەستیدا بوو «هەتا هەموو کەسێک لە تافی منالیەوە فێری زانست یان پیشەیەک بکا و بیگەیەنێتە جێیەکی کە بتوانێ خۆی بەڕێوەببەرێ.»[٥]

لە ڕۆژگارانی سەرەتای چاخی ساسانییەکاندا، دابەشبوونێکی دیکەی کۆمەڵایەتیش بووە کە بێگومان لە سەردەمی ئەشکانییەکانەوە بەجێماوە. ناوی ئەم چینە لەسەر بەردەنووسی «حاجیئاباد» دەبینین کە بە دوو زمان نووسراوە. شاپوور لەو بەردەنووسەدا چۆنیەتی سێرەڕاستی و تیرهاوێژی خۆی لە کۆڕی «شارەداران» (سەرکردەکانی حکوومەت) و «واسپۆهران» (نەجیمزادە و پیاوماقوولانی خانەدانەکان) و «وزورگان (گەورەکان) و «ئازادان»دا[٦] شیدەکاتەوە. کەوابێ تەنیا ناوی چینە هەڵبژاردەکان هاتووە و بە دروستی ڕوون ناکرێتەوە کە چ پەیوەندییەک لە نێوان ئەم لیستە و ئەو چینبەندییە کۆمەڵایەتییەدا بووە کە پێشتر باسی کرا. بەڵام سوور و ئاشکرایە کە ئەو ڕیز و ڕیزبەندییە هەرگیز چەقبەستوو نەبووە و تووشی گۆڕان هاتووە. بەکورتی دەبێ بڵێین کە ڕیزبەندی پلەوپایە و چینەکان ڕایەڵوپۆیەکی پێچەڵقڵووچ و تار و بەگرێپووچکەیە.

ناکۆکی و دژایەتی ڕوالەتیی کە لە دابەشبوونەکانی کۆمەڵایەتی و سیاسی گەلدا وەبەرچاو دێ، پەیوەندی ڕاستەوخۆی هەیە بەو میرات و کەلەپوورەی کە لە ئەشکانییەکانەوە گەیشتۆتە دەستی ساسانییەکان و ئەو میراتە بریتی بوو لە تێکەڵ کردن و لێکدانی دوو ڕێبازی تایبەت، یەکیان حکوومەتی خانخانی و ئەوی تر حکوومەتی کۆدەسەڵاتی ناوەندیخواز. ئەگەر کەسێک بیەوێ ڕووی ڕاستەقینەی ئاڵوگۆڕە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانی ئێرانی لە ڕۆژگاری ئەردەشێرەوە هەتا زەمانی کیسراکان بۆ دەرکەوێ، دەبێ تێکەڵ بوونی ئەم دوو ڕەوتە وەبەرچاو بگرێ.

شارەداران

لە دەوڵەتی ساسانیدا کەسانی چینی یەکەم بە نازناوی شایەتی ناودێر دەکران و بەم پێیە بە پادشاکانی ئێرانییان دەگوت شاهەنشا. ئەم چینە بریتی

بوون لەو میر و سەرکردە پاوانخۆرانەی لە گۆشە و کەناری وڵات حکوومەتیان دەکرد. هەروەها ئەو قوڵەمیرانەی کە خۆیان وە پەنای پادشای ئێران دابوو و ئەویش لە بەرامبەردا شایەتی لە بنەماڵەیاندا کردبوو بە میرات بەو مەرجەی کە هەمیشە لەشکر و چەکدارەکانیان بنێنە بەردەستی مەزن و سایەچەوری خۆیان و گۆیا دانی ملکانەش لەسەر مەرجەکان بووە. لە «نامەی تەنسەر»دا ئەم قسەیە لە زمانی ئەردەشێرەوە گێڕدراوەتەوە: «هەر کەس بۆ سەر وەبەرهێنان ڕوومان تێبکا یان لەسەر ڕێبازی فەرمانبەرداری ڕاست بڕوا، ناوی پاشایەتی لێوەرناگرینەوە.»[7] میرانی عەرەبی «حیرە»ش[8] لەو تاقمی شایانە بوون. ئامیانووس وێرای باسی ژمارەیەک لە ڕکێفدارانی شاپووری دووەم ناوی پادشایانی «خیۆنییان» و «ئالبانییان»ی[9] هێناوە و ئەوانیشی خستۆتە ڕیزی هاوڕکێفانی فەرمانڕەوا. لە دووچۆمان پادشایەک بە ناوی «پوولەر» (؟) سەری وەبەر شاپوور هێنابوو، کە منالەکانی ناوی ئێرانییان لەسەر بوو.[10] وشەی ساتراپ (والی - حاکم - ئوستاندار) کە لە بەردەنووسی پایکۆلیدا بەدی دەکرێ، وادیارە ئاماژەیە بە «کشەترەپە»ی سکاکان.[11] سنووروانانی ئەرمەنستان و گورجستان سەرەتا نازناوی بیدەخش (بدیشخ) یان[12] هەر وەک پێشوو بۆخۆیان ڕاگرت، بەڵام لە ساڵی ۴۳۰ی زایینیدا ئەرمەنستان بوو بە یەکێک لە هەرێمەکانی دەوڵەتی پادشایەتی ئێران و حکوومەتی ئەوێندەرێیان دایە دەس سنووورپارێزێک.

ساسانییەکان دەستیان لە دابەشینی پێشووی وڵات وەرنەدا و چوارقوڵەیان لە جێی خۆی نەترازاند. هەر چۆنێک بێ لە سەرەتای سەدەی پێنجەوە دەبینین کە بە حاکمانی ئەو هەرێمانەیان گوتووە «سنووروان». ئەم چوار سنوورانە کەموزۆر شانیان لە شانی ئەو بنەماڵە میرانە دەدا کە باسیان کرا و وەک ئەوان خاوەنی ناو و نازناوی پادشایەتی بوون.[13]

ئەو حوکمڕانانەی کە لە بنەماڵەی ساسانیش بوون، هەر ئەم شانەبەرزەیان درابوویە. لە ڕۆژگارانی کۆنەوە وا باو بوو کە کوڕانی پادشا دەکرانە حوکمڕان؛ بەتایبەت ئەو شازادانەی کە ڕەنگبوو ڕۆژایەک بگەنە سەر تەختی پادشایەتی ناچار بوون ببنە حاکمی هەرێم و ناوچەیەک هەتا خۆیان بۆ ئەرکی پادشایەتی تێر و تەیار بکەن. دوو برای شاپووری یەکەم بە ناوی «ئەردەشێر» و «پیرووز»،

لە شەڕێکا کە لە نێوان نەرسە و ڕۆمییەکاندا قەوما، بەخت باڵی نەرسەی نەگرت.[98] «تیردات»ی پادشای ئەرمەنستان کە لە سایسەری قەیسەری ڕۆمەوە ببوو بە حوکمڕان لێخرا، بەڵام «گالێریووس» سەرکردایەتی سپای ڕۆمی بە ئەستۆوە گرت و نەرسەی بەزاند و لەو شەڕەدا «ئەرسان»ی ژنی نەرسە کەوتە دەستی ڕۆمییەکان. نەرسە ناچار بوو کە پێنج ناوچەی ئەرمەنسانی بچووک بدا بە ڕۆم. تیردات دووبارە بۆوە میری ئەرمەنستان و ناوچەی «ئیبێری» (گورجستان) سەری وەبەر قەیسەر هێنا.[99]

ئەو ئاشتی و ڕێککەوتنەی کە لە ساڵی ٢٩٨دا لە نێوان ئێران و ڕۆما بەدیهات، نیزیکەی چل ساڵی خۆڕاگرت. پاش حوکمداڕێتی هۆرمزدی دووەمی کوڕی نەرسە (٣٠٢ هەتا ٣٠٩ یان ٣١٠) کە ناوی بە دادپەروەری و پیاوچاکی ماوەتەوە (وێنەی ٢٣)، سەرهەڵدان و شەڕی نێوخۆیی هەڵگیرسا. «ئازەرنەرسە» یەکێک لە کۆڕانی هۆرمزدی دووەم کە لە ژنی یەکەمی بوو، گەیشتە پلەی فەرمانڕەوایەتی، بەڵام لەبەروەی نەجیمزادە و پیاوماقوولانی وڵاتانی ناڕازی کرد، پاش چەند مانگێک لەسەر دەسەڵات لادرا. یەکێک لە براکانیان کوێر کرد، براکەی دیکەیان بە ناوی هۆرمزد، خستە بەندیخانەوە، بەڵام دوایە ڕایکرد و پەنای بردە بەر ڕۆمییان. لەم بارودۆخەدا مەزنانی وڵات منداڵێکی کەمتەمەنیان بە ناوی شازادە شاپوور کردە پادشا کە کوڕی هۆرمزدی دووەم و لە ژنەکەی دیکەی بوو.[100]

شاپووری دووەم بۆ ماوەی حەفتاساڵان (لە ٣٠٩ یان ٣١٠ڕا هەتا ٣٧٩) فەرمانڕەوایەتی کرد. لە هەڕەتی منداڵی ئەوا دایکی بە هاوکاری مەزنانی دەوڵەت حکوومەتی دەکرد. لە سەرچاوەکانی ڕۆژهەڵاتیدا چەند حیکایەتێک سەبارەت بە شاپوور نووسراوەتەوە کە چلۆن وریایی و تەگبیر و چاکسازیی لە خۆی نیشان دەدا و ئەگەرچی کەم تەمەن بوو بەڵام کاری گەورەی دەکردن. کاتێک لە کۆشکی تیسفوون خەوتبوو، هەڵلا و گرمەیەک لەبەر دەرکی کۆشک پەیدا بوو. هەستا و پرسیاری کرد چ بووە؟ گوتیان: زەنازەنا و هاواری ئەو خەڵکەیە کە بە شانەچرکە لە دوو لاوە دەیانهەوێ لە پردی دیلجە بپەڕنەوە. پادشای لاو هەر لەڕێوە دەستووری دا کە پردێکی دیکە لە پەنا ئەو پردە هەڵبەستن هەتا ئەوانەی دێن بە پردێک دا و ئەوانەی دڕۆن بە وی دیکەدا تێپەڕن.[101]

وێنەی ٢٣ - سکەی هۆرمزدی دووەم

(مووزەی نەتەوەیی کۆپێنهاگ)

سەبارەت بە ڕووداوەکانی سی ساڵەی یەکەمی فەرمانڕەوایەتی شاپووری دووەم زانیارییەکی وردمان بە دەستەوە نیە، بەڵام لە ڕووی ئەمەڕا کە سی ساڵ تۆڵەکردنەوەی لە ڕۆمییەکان وەدوا دا، دەشێ وا مەزندە بکرێ کە لە نێوخۆی وڵاتا گرفتاری تەنگ و چەڵەمە و تەنگەژە بووبێ و ڕەنگە هەوڵەکانی لە پێشدای بەختی ئەمە کردبێ پەڕ و باڵی شارەداران و واسپۆهرانێک هەڵپاچێ کە لە ماوەی بریکاریی حکوومەتەکەیدا دەسەڵاتیان پەرەی گرتبوو. داب و نەریتی چاخی ئەشکانییەکان هێشتاش لە کەللەی مەزن و ماقوولاندا مابۆوە و هەر کات پادشایەکی بێبڕشت و بێجەوهەر، جڵەوی خۆبەزل زانی بۆ شل دەکردن و دەستی وەبەر نەدێنان، لەڕێوە مەترسی زاڵبوونی گەورەگەوران و تەنینەوەی باروهەوای پاشاگەردانی ڕەنگی دەدایەوە. ئەم پادشا لاوە (وێنەی ٢٤) وادیارە سەرقاڵی پاراستنی سنوورەکانی عەرەبانیش بووە. تەبەری و ژمارەیەک لە نووسەرانی ڕۆژهەڵاتیی باسی سەرکەوتنەکانیان لە بەرامبەر خێڵ و خێڵاتی عەرەبیدا خستۆتەڕوو. گرتنی بەحرەین لەسەر لێواری کەنداوی فارس لە زەمانی شاپووری دووەمدا ڕووی داوە.[١٠٢] شاپوور فەرمانڕەوایەکی گەورە و لێوەشاوەی جێنشینایەتی ئەردەشێری یەکەم و شاپووری یەکەم و وەهرامی دووەم بووە. ئێرانییەکان نازناوی «ذوالاکتاف»یان داوەتێیە، چونکە بەگوێرەی دەقی سەرچاوەکان لەو شەڕە سەختانەدا کە لەگەڵ عەرەبان دەیکردن، شان و شەپیلکی ئەسیرانی بیاباننشینی دەسمی.[١٠٣]

سەرەنجام وەختایەک شاپوور بناغەی دەسەڵاتی پتەو کرد، خۆی ساز دا بۆ شەڕ لەگەڵ ڕۆم. لەو وڵاتەدا ڕووداوی گرینگ قەومابوون. (کۆنستانتین) «قوستەنتینی گەورە» چووبووە سەر دینی عیسا. داوەرینی ئایینی عیسا بۆ

ئەرمەنستان، که ئەو سەردەمی تیردات و جێنشینەکانی ڕێیان بۆ خۆش کرد، بوو بە هۆی پتەوتر بوونی نێوانی ڕۆم و ئەرمەنستان. ئەگەرچی «یوولیانووس»ی قەیسەری ڕۆم کەوتە دژایەتی دینی عیسا و بە «لە دین وەرگەڕاو» ناودێرکرا، بەڵام هەستانەکەی کاتی بوو و هیچ گۆڕانێکی بە سەر بارودۆخەکە نەهێنا. لە نێو گەورە و پیاوماقوولانی ئەرمەنستاندا تاقمێک کە چاویان لەمە بوو بە یارمەتی ئێرانییەکان بگەنە پلەی بالا، خۆیان دەنواند. ئەرمەنستان هەمیشە تووشی گێرە و کێشەی ئەم مەزنانە بوو. پەیتاپەیتا شازادانیان دەکوشتن و پیلانیان دەگێڕا و دەستیان دەبرد بۆ خەیانەت. هەر بۆیە ئێران و ڕۆم نێوەنێوە دەستیان لە کاروباری نێوخۆیان وەردەدان. کەوایە ئەرمەنستان هەر وەک پێشوو مەیدان و چەقی شەڕەکانی ئێران و ڕۆم بوو.

ئەمجارەش کێشەکانی نێوخۆی ئەرمەنستان بیانووی دایە دەستی شاپوور هەتا شەڕ هەڵگیرسێنێتەوە، بەو هیوایەی بەڵکوو ئەوەی نەرسە لە چنگی دابوو وەدەستی بێنێتەوە. شاپوور بە هاسانی ئەرمەنستانی گرت و پاش ئەوە لە دووچۆمان دە گژ ئەرمەنییەکان ڕاچوو. قوستەنتین تازە مردبوو و کۆنستانسی دووەمی جێنشینی خۆی سەرکردایەتی لەشکری ڕۆمی بە ئەستووە بوو.[104] قەڵای نوسەیبین خۆی لە ئاست هێرشی پەیتاپەیتای ئێرانییەکان ڕاگرت و ڕۆمییەکان لە «سەنجار» (شەنگار= ژەنگار) سەرکەوتن، بەڵام دوای ئەوە بێپسانەوە شکستیان بە سەردا هات. ئەو کات چالاکی لەشکریی لە سنووری ڕۆم چەند ساڵێک ڕاگیرا و شاپوور کیسی لەم چەقوەستانە هێنا و خیوونییەکان و ئەو هۆزە کێویانەی دیکە کە لە لای باکووری ڕۆژهەڵاتەوە هروووژمیان دێنایە سەر وڵات، بەزاندنی. سەرەنجام پەیماننامەیەکی یەکێتی لەگەڵ خیوونییەکان و سەکاکانی سەکێستان مۆر کرد.[105]

وێنەی ٢٤ - سکەی شاپووری دووەم

(مووزەی نەتەوەیی کۆپێنهاگ)

لە ساڵی ٣٥٦دا «مووسۆنیانووس»ی سەرداری ڕۆمی، مەزنەشاپووری سنوورپارێزی ئێرانی لە لای قەیسەر کردە کەیخودای ئاشتبوونەوە. شاپوور کە لە ڕۆمرکاندنەوەی کەوشەنەکانی خۆرهەڵاتی ببۆوە، شاندێکی بە نامەی پێچراو لە پارچەیەکی سپی[١٠٦] و گەلێک دیاری و خەڵاتەوە ناردە لای «کۆنستانس»ی قەیسەری ڕۆم. نێوەرۆکی نامەکە ئەمە بوو: شاپووری میری میران، هاوشانی ئەستێران، برای مانگ و خۆر، سڵاو دەنێرێ بۆ قەیسەری کۆنستانسی برای و شادمانە لە وەی کە ئیمپراتۆر بەپێی ئەزموون گەڕاوەتەوە سەر ڕێی ڕاست. ئەژدادی شاپوور دەسەڵاتی خۆیان هەتا ڕووباری «ئێستریمۆن» و سنووورەکانی مەقدوونیە پەرە پێدابوو و خودی ویش کە - بێ مەبەستی خۆهەڵکێشان - بە باری شکۆ و بە لانی مەزنایەتیدا کەوتۆتە سەرووی تێکڕای باوک و باپیرانی، لە سەر شانییەتی تا ئەرمەنستان و دووچۆمان کە بە فێڵ و تەڵەکە لە چنگ دەرکێشراون، بیانئەستێنێتەوە: «ئێمە هەرگیز ئەو بیر و باوەڕەی ئێوە ناسەلمێنین کە ڕووهەڵماڵاوانە گوتووتانە، هەر پێشکەوتێک لە شەڕدا چ ئاکامی ئازایەتی و دەسکەرەوەیی یان فێڵوفرت بێ، شیاوی تاریف و ئافەریمە. هەروەک پزیشکان جاری وایە هێندێک لە ئەندامانی لەش دەسووتێنن و دەیبڕنەوە بۆ ئەوەی ئەندامەکانی دیکە بتوانن بە کاری خۆیان هەستن، هەر بەم شێوەیەش ئیمپراتۆر دەبێ مەڵبەندە بچووکەکان کە تەنیا دەبنە هۆی دووبەرەکایەتی و خوێنڕێژی، ڕادەستیان بکاتەوە تا دەسەڵاتی بە سەر پاشماوەی قەڵەمڕەوی حکوومەتەکەی خۆیدا بشکێتەوە. ئەگەر شاندی ئێران بێوەرگرتنی ئەنجام و ئاکام بگەڕێنەوە، شاهەنشا پاش مەودای پشووی زستانە بە هەموو هێزی لەشکری خۆیەوە بە سەر ئیمپراتۆردا، دەدا.»

لە ولامێکا کە «کۆنستانسی سەرکەوتەی دەریا و ویشکانی و خاوەنی شان و شکۆی «هەتاهەتایی» بۆ «شاپووری برای» نووسی بەئاشکرا داخوازەکەی بردەوە پاش و پادشای لەبەر چاوچنۆکی و تامەزرۆیی دانەمرکاو و بەرەوسەری گەلێک سەرکۆنە کرد. نێوەرۆکی نامەکەی ئاوا بوو: ئەگەر ڕۆمییەکان جاری وایە بەرگری کردنیان لە پەلامار پێ باشترە، لە ترسەنۆکی و بێجەرگیڕا نیە، بەڵکوو دەگەڕێتەوە نێو جەغزی حاوانەوە و ئەگەرچی ڕۆمییەکان جاری وایە لە شەڕا سەرنەکەوتوون، بەڵام ئاکامی یەکجارەکی شەڕ قەت بە زەردی ئەوان

کۆتایی پێنەهاتووە. ئامیانووس کاکڵی ئەم دوو نامەیەی لە کتێبەکەی خۆی‌دا هێناوە، (کتێبی۱۷، بەندی۵، کۆپلەی ۳ - ۱۴). بەڵام شێوازی نووسینی خودی ئامیانووس بە نامەکانەوە دیارە و بەپێی باوی نووسەرانی کۆن ئەو نامانەی بە شێوەی ئازاد گێڕاوەتەوە. بەڵام بەڵگەی ئەمەی کە ئامیانووس دەقی خودی نامەکانی دیتبێ ئەمەیە کە نازناو و سەرناوەکانی شاپووری دەقاودەق ڕاگواستووە: «شاپوور، میری میران، هاوشانی ئەستێران، برای مانگ و خۆر.» ئەگەرچی ڕەنگە تەواوی نازناوەکانی بە وردی و دروستی نەهێنابێ، بەڵام ئەم دەستەواژە باسکراوە لەگەڵ نازناوە ڕەسمییەکانی شاپووری یەکەم کە لە بەردەنووسی «حاجی‌ئاوا»دا بەدی دەکرێ، وێکدەچێ، کە بەم چەشنەیە: «مەزداپەرست، خواوەندگار شاپوور، شاهەنشای ئێران و ئەنێران، لە ڕەگەزی ئیزەدان.» هەروەها لەگەڵ ئەو نازناوە یەکتر دەگرێتەوە کە فەرمانڕەوا لە نامە ڕەسمییەکانی خۆی‌دا بۆ میرانی ئەرمەنستان نووسیونی، بەم جۆرە: «شانازمەندترین - یان ئازاترین - ی مەزداپەرستان، پادشای هاوشانی خۆر.» یان ئەم دەستەواژەیە: «شانازمەندترینی دلێران، شاهەنشای ئێران و ئەنێران.»[۱۰۷]

شاپوور لە دەسپێکی شەڕا هێرشی بردە سەر قەڵای ئامێد (ئامێد) کە دیاربەکری ئەمڕۆ بێ و پاش بەرەنگاری و دەسکردنەوەیەکی ئازایانەی دەوروەدراوان، گرتی و ئەم ڕووداوە دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ۳۵۹ی زایینی. دوو ساڵ دواتر پاش مەرگی کۆنستانس، یوولیانووس بوو بە ئیمپراتۆری تەواوی ڕۆمییەکان و لەشکرەکانی ئەو وڵاتەی بردە شەڕ دژی ئیرانییان. یەکێک لە سەرکردەکانی یوولیانووس، شازادە «هۆرمزد»ی برای پادشا بوو کە بازەر و پەڕەوازە لە ڕۆم دەژیا و ئێستا هیوادار بوو کە بە یارمەتی ڕۆمییەکان لە سەر تەختی پادشایەتی ئێران پاڵ بداتەوە. جگە لەمەش قەیسەری ڕۆم هاوپەیمانێکی دیکەشی هەبوو بە ناوی ئەرشەکی سێهەم، حوکمڕانی ئەرمەنستان. ئەم ئەرشەکە «گنیل»ی خزمی خۆی کوشت و «فەرەندێزم»ی هاوسەریشی کە ژنێکی زۆر جابر و جانانە بوو، لە خۆی مارە کرد. هێزەکانی ڕۆمییان و هاوپەیمانانیان بەرەو تیسفوون کوتایان، بەڵام سەردارێکی ئێرانی لە تۆرەمەی خانەدانی «مێهران» بە لەشکرێکی بەهێزەوە ڕێی لێگرتن و لە مەودای ئەو شەڕانەدا کە قەومان، یوولیانووس لە ساڵی ۳۶۳دا کوژرا. «یوویانووس»ی

(Jovien) جێنشینی، سپای ڕۆمی لە سنووردەوە هەس دایەوە و خێرایەکی ئاشتییەک بۆ ماوەی سی ساڵان لە نێوانیاندا بەدیهات. بەگوێرەی ئەم بەڵێننامەیە ئیرانییەکان نوسەیبین و سەنجار(شەنگار) و ناوچەکانی ئەرمەنستانی بچووکیان وەرگرتەوە کە کێشەی لەسەر بوو. هەروەها ئیمپراتۆری ڕۆم گفتی دا کە پشتیوانی لە ئەرشەک نەکا و لە ئەنجامی دەنگی کۆمەڵی سەرکردەکانی ئەرمەنستان، ئەرشەک لێخرا و ڕادەستی ئێران کرایەوە و لەم وڵاتە خۆی کوشت. «فەرەندێزم»ی خێزانیشی دوای ئەوەی ماوەیەکی زۆر لە قەڵای «ئەرتەگرێس»دا دەستی کردەوە، گرتیان و بردیانە ئێران و کوشتیان. وڵاتانی قەفقاز وەک ئیبێری (گورجستان) و ئاڵبانی، بەپێی مەرجەکانی ئاشتی لە ژێر دەستی ڕۆم دەرکشا و کەوتە ژێر سەرپەرستێتی ئێران. بەڵام ڕۆمییەکان هەتا ئەندازەیەک قبووڵیان کردبوو کە بۆ ساز کردنەوەی «دەروازەکانی خەزەر» لە گەروولەی داریال، کە هەرێمەکانی باشووری قەفقازی لە هرووژمی هۆزە کێوییەکان دەپاراست، یاریدەی ئێرانییەکان بدەن. [۱۰۸]

«ڤالێنس»ی (Valens) ئیمپراتۆری ڕۆم دوو جار هەوڵی دا کە «پەپ»ی شازادەی ئەرمەنی کوڕی ئەرشەک بگەیەنێتە پلەی پادشایەتی و ڕۆم باڵی بە سەر بکێشێ. جاری یەکەم شاپوور کە لە ژوخێتیدا لەگەڵ کووشانییەکان تێکهەڵچووبوو، «پەپ»ی[۱۰۹] لە ئەرمەنستان دەرپەڕاند.

دووەم جار «مووشل»ی سەرکردەی ئەرمەنی، ئیرانییەکانی بەزاند. ئەم سەرداڕە پاش ئەوەی کە ناوچەی «ئەرزەنان» و تێکڕای مەڵبەندە ڕاپەڕیوەکانی پێمل کرد، [۱۱۰] بوو بە هاوەدەستی هێزەکانی ڕۆم و لەگەڵ «نەرسە جاسلیق»ی ئەرمەنی پەیمانی یەکێتی بەست. بەگوێرەی گێڕانەوەی فۆستووسی بیزانسی، دیلانی ئێرانی کەوڵ دەکردن و کای لە پێستی داخنین و دەیناردنە لای «پەپ». سەرەنجام پەپ ئەم نەرسە بەرژەوەندخوازە سۆدرەیەی، ژارکوژ کرد و خۆشی بە هەوڵی پیلانگێڕانی ئەرمەنی، ڤالێنس لێی کەوتە دڕدۆنگی و ئاخرییەکەی بە فیتی ئیمپراتۆر کوژرا. پاشان چەند وتوویژێک لە مابەینی ئێران و ڕۆمدا ئەنجام درا. نوێنەری ئێران یەکێک لە نەجیمزادەکانی خانەدانی سوورێن بوو. ڤالێنس سەرلەنوێ مافی خۆتێوەردانی ئێرانی لە کاروباری حکوومەتی ئەرمەنستانا، دایەوە پادشای ئێران. لەگەڵ ئەمەشدا ڕۆمییەکان «قەرەزدەت»ناوێکیان لە شازادەکانی ئەرمەنستان کردە پادشا، بەڵام لە نێوان

ئەو و ڕۆمیش‌دا ناکۆکی هەڵگیرسا و لە کار لادرا. پاشان دوو شازادەی مێرمنـاڵ کە کوڕی پەپ بوون گەیشتنە سـەر تـەختی دەسـەڵات. جـا چونکـە «مانۆئێـل مەمیکۆنی» جێنشینی میر دۆستی ئێرانییەکان و برای مووشل بوو کە بـە دەسـتی ڤەرەزدەت کوژرابوو، داوای یارمەتی لـە پادشـای ئێـران کـرد هـەتا بـەر بـە دەسـتێوەردانی ڕۆم بگـرێ؛ شـاپوور هەڵەکـەی خوازتـەوە و لەشـکرێکی بـە سەرکردایەتی سووریێن نارد ئەرمەنستان و ئەم سەردارەی کرد حوکمڕانی ئـەو هەرێمە.[111] شاپوور پاش ئەم ڕووداوە لەڕێوە مرد.

✧✧✧

بەکورتی ئەمە بوو ڕووداوە گرینگەکانی شەڕی چـل ساڵـەی شـاپوور و ڕۆم. دەستی هـیچ وەسـتاکارێک لەسـەر تاشـەبەردەکانی ئێـران، دیمـەنێکی لـەم کشێمەکێشەی ئەم دوو دەوڵەتە گەورەی دنیای کۆنی هەڵنەکەندووە،[112] بەڵام لە کتێبی ڕۆمییەکان‌دا، گێڕانەوەیەکی زیندوو و نەخشین بە قەڵـەمی کەسـێکی کـە بەشداری ئەم شەڕانە بووە و بە چاوی خـۆی گـەلێک لـە ڕووداوە گرینگـەکانی دیتووە، بەدی دەکرێ.

لێرەدا مەبەست «ئامیانووس مارسێلینووس»ی ئەفسەری بە ڕەگەز یۆنانییـە کە جەنگاوەرێکی بوێر و مەشق‌پێکراو بوو. ئامیانووسی لە کۆ دەرچوو ئەگەرچی خاوەنی پەخشانێکی خۆکردە، بەڵام دیسانیش بە سەرچاوەیەکی پلە یەک دێتـە ژمار. ئەم نووسەرە سەبارەت بە شەڕەکانی ئێران کە گیرانی قەڵای «ئامێد»ی لە ساڵی ۳۵۹دا لێکەوتەوە، باس و بابەتێکی وای نووسیوە کە بە باری وردبینـی‌دا هیچ گێڕانەوەیەک ناگاتە قولاپەی و دەسکی لە دوو ناکا.

لە ناوچەی «کۆردۆئێن»ی ئەرمەنستان پیاوێکی ئێرانی حکوومەتی دەکرد کـە بە ناوی ڕۆمییانەی «ژۆڤینین» دەناسرا. ئەم مرۆڤە لەبەروەی لە تافی لاوی‌دا لە سووریا وەک بارمتە ژیابوو، ئۆگری شارستانییەتی ڕۆمی ببوو و بێشـک هـەر بۆیە ئەم ناوە ڕۆمییەی هەڵبژاردبوو. هەر چۆنێک بێ لە ناخی‌دا ڕۆمیـی خـۆش دەویستن. ئامیانووس لەگەڵ سەرلقێکی باوەڕپێکراو وەک باڵوێز نێردرایـە لای ژۆڤینین، هەتا کۆمەڵێک زانیاری دەربارەی بزووتن و جووڵانەوەکانی لەشـکری ئێران وەربگرێ. ژۆڤینین کابرایەکی بەڵەدی ڕەگەڵ خست و هەر کە سـەری سـێ ڕۆژەی گەیشتنە تیغەڕەی چیا، لەگەڵ یەکەم گزینگی هەتاو، تەماشـایان کـرد

تەواوی دەر و دەشت و کەژ و کۆ ، وەک خیـز و خـۆڵ قۆشـەنی پـێ وەربـووە و پادشای لاوی ئێران جلوبەرگی بریقەداری پۆشیوە و لە بەرایی لەشکردا ئەسـپی داژوێ. «گرووەمباتێس»ی پادشـای تـازەی خیوونییـەکان کـە پیـاوێکی کاملـی کزەڵۆکە ، بەڵام زیرەک و وریای لەشکربەزێن و لە تۆماری تەمـەنیدا خـاوەنی چەندین سەرکەوتنی دوژمنتەزێن بوو ، لە شانی چەپی ڕکێفی دەکوتا. لە قۆڵـی ڕاستی شاپوور پاتشای ئاڵبانییەکان پێی نابوویە ئاوەزەنگی ، کە هەم بە بـاری پلە و هەم بە لانی ناوبانگدا ، چەپێکی وای دەبەر گرووەمباتێسدا نـەبوو. چەنـد سەرکردەی باوەڕپێکراو لە دواوەیان دەزیوان. پاشـان نـۆرەی تێکـرای لەشـکر دەهات کە لە باشترین جەنگاوەرانی نەتەوە دراوسێیەکان شەڵغەی دابوو.

دوای ئەوەی کە لەشکری ئێران لە ڕێی پردێکی بە لۆتکە چێکـراو لـە چـۆمی «زێ» پەڕییەوە ، ئامیانووس گەڕایەوە لای ژۆڤینین و پاش ماوەیەک حەسانەوە هەر بەو کۆێستانەڕێیەی کە پێیدا هاتبوو ، گەیشتەوە پاڵ سپای ڕۆم. ئەو کـات ڕۆمییەکان خۆیان بۆ شەڕ ئامـادە کـرد و مـەزرای گـەنمانیان ئـاور تێبـەردا. ئێرانییەکان تیژ بە بەر نوسەیبیندا خوشـین و بـە نێـو دۆڵ و دەرەی زەنـوێری بەڕێژەوەدا تێپەڕین و خۆیان لەو شوێنانە بوارد کـە ئـاگر گـەوزی لێـدابوون. هێزەکانی ڕۆمیش بەپرتاو ڕوویان کردەوە «سـامۆزات»ی پایتـەختی کۆمـاژان ، هەتا لەوێ بە ڕووباردا بپەڕنەوە. لەبەر ترسەنۆکی و کەمتەرخـەمی دوو پـۆڵی سپای ڕۆمی ، دوو کەس لە سـەردارانی ئێرانـی بـە نـاوی «تـەهم شـاپوور» و «نەخوەدار» توانیان بە هەزار سەربازەوە لـە ئامیـدا (ئامێـد = ئامێـدا) نیزیـک ببنەوە و لە پشت بەرزاییەکانی ئەو شارە خۆ مەڵاس بدەن. لەم شوێنە شەڕێک قەوما ، کە ئامیانووس بەم شێوەیە کەوتۆتە گێڕانەوەی:

«چون لە ژێر باڵی کازیوەی بەیانیدا بەرەو سامۆزات دەڕۆیشتین ، هەروەک گوتم لە سەر تەپۆڵکەیەکەوە بریقـەی چـەکوچۆڵـی قۆشـەنی ئێرانیمـان لـە دوورەوە وەبەرچاو هات. لەپڕ هاوار هەستا کە دوژمـن لێرەیـە و نیشـانەیەکی تایبەت کە بۆ دەسپێکی شەڕە ، دەرکەوت. ئێمە ڕاوەستاین و کۆمەڵەمان بەست ، بەڵام لەم کاتەشدا هەڵاتنمان بـە بەرژەونـد نـەدەزانی ، چونکـە دوژمنـان کـە دەکەوتنە پەیکەردەمان ، دەیاندیتین. تێکهەڵچوونیشمان بـە دوور لـە پـارێز و وشیاری دەزانی ، چونکە بێگومان لەو شەڕەدا کە دوژمن هەم بە بـاری سـواڕە و

هەم بە لانی پیادە لە ئێمە زیاتر و سەرتر بوو، هەموومان دەکوژراین. سەرەنجام لەبەروەی تێمابووین و نەماندەزانی چ بکەین و تەماشامان کرد بەناچار دەبێ خۆ بدەینە شەڕ، هێندێک لە هاوڕێیانمان لە ڕووی بێ پارێزی ئەوەندە چوونە پێش کە کوژران و پاشان دوو قۆشەنەکە لێک نیزیک بوونەوە. »

«... ئەم بگرەوبەردەیە نیوسەعاتێکی پێچوو. ئەو دەم پاشەنگی سپا کە لە سەر تەپۆلکەیەک دامەزرابوو، هەوالّی دا کە هێزێکی تازەپشووی سوارانی زرێپۆش لە پشت سەرمانەوە ئاسۆگیان داوە و بە پڕتاو نیزیک دەبنەوە. چونکە هەمیشە لە بارودۆخێکی ئاوا ناسکدا کەس نازانێ ڕوو بکاتە کامە لا، تەواوی قۆشەنەکە تێکهاڵان و لێک گردبوونەوە. هەر بۆیە بڵاوەمان لێکرد و هەر کەسە ڕووی کردە لایەک کە لای وابوو لەو ڕێگایەوە هاسانتر بۆی دەرباز دەبێ. بەڵام لەو وەختەدا کە هەموومان هەوڵمان دەدا لە مەترسی شەڕی دەستەویەخە قوتار بین، نەماندەتوانی خۆ لە مەودای شیر و ڕمبی پێشقەڕەوڵەکانی دوژمن بپارێزین. لەم کاتەدا ئیدی چونکە تازە کەس هومێدی بە ڕزگاری نەمابوو، بە هەموو هێز و تواناوە کەوتینە بەربەرەکانی. ئێمەیان هەتا سەر هەڵدێرەکانی کەناری دیجلە ڕەپاڵ نا. لەوێ چەند کەسێک کەوتنە ڕووبارەوە و چەکوچۆڵەکانیان لە دەست و پێیان هاڵا و لە تەنکاوەکانی ڕووبارا تێمان. ژمارەیەکی دیکە کەوتنە گێژاوە قوواڵەکان و خنکان. هێندێک لەگەڵ نەتەوی کەوتنە لێکدان و هەر کەس بە چەشنێک خۆی دایە بەرگری و تاقمێک بە دیتنی شەپۆلی لافاوی قۆشەنی خەنیم زراویان تۆقی و هەوڵیان دا بگەنە نیریکترین ڕەوگەکانی چیای تۆرووس. »

«... من لە ئاوالّەکانی خۆم هەڵبڕابووم، بیرم دەکردەوە چ بکەم چ نەکەم. بەڕێکەوت «قێرنین»ی سەرۆکی پارێزەران هاتە لام کە تیرێکی وەڕانی کەوتبوو. من لەبەر پێداگری قێرنین هەوڵم دا کە لەگەڵ خۆم بیبەم، بەڵام ئێرانییەکان لە هەموو لایەکەوە دەورەیان دابووم. بۆیە ویستم کە بەهەشتاو بەرەو شاری ئامیدا تێیتەقێنم. ئەم شارە کەوتبووە سەر قیتکەبەردێک، واتە ئەو شوێنەی کە لەوێوە پەلاماریان دابووین و تەنیا تووڵەڕێیەکی لێدەبۆوە. بەهەڵکەوت لە نێوەڕاستی ئەم باریکەڕێیەدا و لە پشتێنەی چیا ئاشێکیان ساز کردبوو کە گرێی دێنایە بەر لاڕێیان و پتر تەنگ بوونەوەی ڕەوگەکەی لێدەبۆوە. لەم کاتەدا ئێمە

و ئێرانییەکان وێکڕا گەیشتینە بەرزایی و دەبووا هەتا تاوهـەڵات لـەوێ چورتـە نەکەین. تەوژمەکە هێندە بەهێز بوو کـە تەنانـەت لاشـەی مردووەکـان لەبـەر تێکچڕژانی جـەماوەری بـەپێـوە، نەیانـدەتوانی تخـێڵ بـن؛ چونکـە دروسـت بەرەوڕووی من سەبازێک کە سەری بە زەبری شمشێرێکی گـەورە ببـوو بـە دوو قۆزاخە، لەبەر شەپۆلی بە تـەوژمی جـەماوەر کـە لـە گشـت لایەکـەوە ڕووی تێدەکرد، وەک کۆڵەکەیەک لە جێوە چەقیبوو. لەو مەنجەنیقانەوە کـە لەسـەر دیوارەوە دایانبەستبوون ئاگری بارانی تیر دەباری، بـەڵام ئێمـە ئەوەنـدە لـە دیوارەکە نیزیک ببووینەوە کە ئازارمان پێنەدەگەیی. سەرەنجام بە دەرگایـەکی نـەهێنیدا ڕامکـرد و جـەماوەرێکی زۆرم ژن و پیـاو وەبـەرچاو هـات کـە لـە مەڵبەندەکانی دەوروبەرەوە تێڕژابوون، چونکە ڕاست وەختی کرانەوەی بـازاڕی «مەکارە» بوو کە هەموو سالێک دادەندرا و خەڵـکێکی زۆری گوندنشـین ڕوویـان تێکردبوو. تێکڕا لە قیرە و هاوار و شین و شەپۆرا پێشبڕکەی یەکتریان دەدایەوە. هێندێک لەسەر مردووەکانیان دەگریان و تاقمێکی تر زامدار و لە ئاویلکەدا بوون و دەستەیەک بە شوێن دۆستانی بزربووی خۆیاندا دەگەڕان، بەڵام لە نێـو ئـەو زرمەزلیتان و تێکەولێکەدا کەس نەدەدۆزرایەوە.»[۱۱۳]

لەم بارودۆخەدا خودی شاپوور لەگەڵ بەشـی هـەرە گـەورەی لەشـکرەکەی گەیشتە ئامیدا. ئامیانووس دەڵێ: «هەر کە یەکەم پرشنگی خـۆر پـەڕی هەڵـدا، ئەوەندی چاو هەتەری دەکرد، زەوی لەبەر قۆشەن هەر ڕەش دەچوو. تروسـکە و درەوشانەوەی سپای سوارەی زرێپۆش کە دەشت و کێوی داپۆشیبوو، چاوی بە مۆلەق دەوەستاند. شا لە هەموان قیت و قۆزتر و لە پێشەوەی قۆشـەن ڕکێفـی دەکوتا و لەبری تانج، کڵاوێکی زێڕی لە وێنەی کەللـەی بەرانـەکێوی نابوویـە سەری کە بە جەواهیراتی گرانبایی ڕازابۆوە. شان و شکۆی ئـاپۆرای ڕکێفـدارانی لە ڕووی هەژانی شەپۆلی پیاوماقوولان و نـەجیمزادانـی هـاوڕێی و ئـەو هـۆزە ڕەنگوڕەنگانەی کە لە خزمەتیدا دەبزووتن، دیار بوو. وا وێدەچوو کە دەیهەوێ پارێزەرانی شار قایل بکا هەتا بە دڵی خۆیان دەس بـدەن، چونکـە بـەگوێرەی ئامۆژگاری ئانتۆنیووس[۱۱۴] دەبێ بە پەلە پەلاماری قۆڵێکی دیکـە بـدرێ. بـەڵام خوای ئاسمان تێکـڕای ئـێش و ئازارەکـانی ئیمپراتـۆرێتی دابارنـدبووە سـەر شوێنێکی تەنگەبەر، چونکە شای لـە خـۆی دڵـنیا کردبـوو و وای بـە بـیریدا

هێنابوو هەر کە خۆی نشان بدا، گەمارۆدراوان لە ترسان وڕەیان نامێنێ و دەس بەردەدەنەوە و داوای پەنا و بەخشین دەکەن. هەر بۆیە لە نێو کۆزی پاسدێرانی میریدا بە سواری ڕووی کردە دەروازەکانی قەڵا، بەڵام لەبەروەی بەوپەڕی متمانەوە ئەوەندە نیزیک ببۆوە کە خەت و کووزی ڕوخساریشیان یەکاڵا دەکردەوە، لەپڕ هەرچی تیر و قوڵەنێزەیە بە سەریدا بارین و ئەگەر پەڵە هەورێکی تەپ و تۆز لەبەر چاوی تیراوێژانی ون نەکردبا، هەر دەسبەجێ گۆڕەهوو دەبوو. بەم چەشنە گیانێکی بە سلامت دەرباز کرد. بەڵام جلەکانی بە نووکە تیران شڕ ببوون. شا بە ساغی قوتار بوو هەتا پاشان هەزاران کەس قەڵاچۆ بکرێن. کەوایە هەر وەک ئەوەی تووشی تاوانێکی گەورە بووبین، بە ڕق و قینەوە دەیگوت چونکە ئێمە سووکایەتیمان پێکردووە، لە ڕاستیدا فەرمانفەرمای گەلێک لە میران و هۆزان سووکایەتی پێکراوە و زۆر دەغەزدارانە کەوتە کۆکردنەوەی کەرەسە و ئامرازی خاپوور کردنی شار. بەڵام سەرکردە مەزنەکان سوێندیان دادا کە دەس لە کار و کردەوەی پڕ لە شانازی خۆی هەڵنەگرێ و سایری نەجیمزادەکانیش بە قسەی نەرم و نیان و دۆستانە ڕۆیانمرکاند و هێوریان کردەوە. بۆیە بڕیاری دا کە سبەینێ فەرمانی خۆ بە دەستەوەدان بکاتە سەر پارێزەرانی شار.»

«بەم بۆنەوە، بەری بەیانی، گرووومباتێس، پادشای خیوونییەکان، کە بەوپەڕی متمانەوە ڕاسپاردەی ڕاگەیاندنی فەرمانەکەی لە ئەستۆ گرتبوو، لەگەڵ دەستەیەک لە سوارانی ئازا ڕووی کردە دیوارەکانی قەڵا، بەڵام تیرهاوێژێکی ئەنگێوە، هەر کە زانی گەیوەتە بەر تیرپەڕی، مەنجەنیقی لێ ئاگر دا و تیرێکی تێهەڵکرد و تەختی زرێ و سینەی کوڕی گرووومباتێسی درێ کە لە تەنیشت باوکی بە سواری دەهات. کوڕە لاوێک بوو کە بۆ شۆخ و شەنگی هیچکام لە ئاوالانی تایان نەدەکرد. بە کوژرانی، تێکڕای هاونیشتمانانی لێکبڵاو بوون، بەڵام لەبەرەوی کە هەستیان کرد نابێ لاشەکەی بکەوێتە دەستی دوژمن، هێندەی پێنەچوو گەڕانەوە و بە گرمە و هەرا تاقمێکیان بۆ تێکهەڵچوون تین دا. بە پشتیوانی ئەوان شەڕێکی سەخت قەوما و تیر لە هەموو لاوە وەک تەرزە دابارین. سەرەنجام پاش لێکدانێکی خوێناوی کە تا ڕۆژپەڕێی کێشا، ولات هێندێک هێور بۆوە و هەر کە شەو بە سەر دەستاندا هات، دوژمنان بە

زەحمەتێکی زۆر و لە پشت پەردەی تاریکایی کەلاکی کوڕەیان لە نێو کۆمای لاشەی کوژراوان و شێلاوگەی خوێن دەرکێشا...»

«بە نەمانی ئەم لاوە بنەماڵەی پادشایەتی تازییەی داگرت و تێکڕای پیاوماقوولان بەم مەرگە ناکاوە بوونە هاوخەمی باوکی. هەموو چالاکی و کردەوەیەکی لەشکریی ڕاگیرا و بە دابی نەتەوەی لاوژەی کوژراو ڕێوڕەسمی تازیەداریان بەجێهێنا، چونکە هەم بە باری ڕەگەز و بەربابەوە نەجیم بوو، هەم خۆشی جەماوەر زۆریان خۆش دەویست. مەیتەکەیان لەگەڵ چەکوچۆڵەکانی هەڵگرت و لە سەر چوارپێچکەیەکی بەرزیان دانا و لە تەنیشتی ١٠ دارەمەیتیان ڕیز کرد و هەرکام لاشەیەکی دەسکردیان تێدا ڕاکێشان. ئەم لاشانە وا چاک ساز کرابوون کە دەتگوت مردووی بەڕاستین. پیاوان حەوت ڕۆژان تازییان داگرت و دەستەدەستە و پۆلپۆل بە هەڵسوکەوت و جمووجوولێ تایبەت و چەمەریی ئاگرین بەشداری ئازیەتباریی شازادەی لاو بوون و ژنان بە شێوەیەکی بەزەییبزوێن لە سینگی خۆیان دەدا و بە نالە و سۆزەی باو، بۆ مەرگی ئەو ناکامە کە هومێدی دواڕۆژی وڵاتێک بوو، شینیان گێڕا.»

«هەر کە مەیتی مردووەکەیان سووتاند و پەسقانەکانیان کرده دەفرێکی زێو هەتا بەپێی خواستی باوکی لە خاکی مەوتەنی بنێژرێ،[١١٥] کۆمەڵەی مەزن و سەرکردەکانی شەڕ کۆبۆوە و لەو دانیشتنەدا هاتە سەر ئەو بڕوایە کە وا باشە بۆ ئۆخژنی ڕووحی ئەم لاوە قوربانیی بستێنن، یانی شار بکەنە کۆمایەک خۆڵەمێش، چونکە گرووەمباتێس نەیدەویست هەتا وەختایەکی تۆڵەی تاقانە کوڕەکەی نەستاندۆتەوە، لەوێ ببزوێ. ئیزنیان دا بە سەربازان کە دوو ڕۆژ خەریکی حەسانەوە بن و تەنیا چەند پۆلە سواریکیان بە مەبەستی تێکدانی مووچە و مەزرای خۆش و بەڕێژەو گاڵدا کە وەک سەردەمانی ئاشتی بێ پارێزەر مابوونەوە. پاش ئەو کارە بازنەی مەتاڵداران دەورەی شاریان دا کە بە پێنج ڕیز پاڵیان وێکدابوو. بەیانەی ڕۆژی سێهەم ئەسواران بە چەکی تروسکەدارەوە، ئەوەندەی چاو بڕی دەکرد، بە دەشتەوە وەربوون و ڕیزەکان نەرمنەرم بەرەو ئەو شوێنە بزووتن کە بە «تیروپشک» دیاری کرابوو. ئێرانییەکان گەمارۆی تەواوی شاریان دا. لای ڕۆژهەڵاتی قەڵا، واتە ئەو شوێنەی کە لەبەر بەدبەختی ئێمە ئەو کوڕەی لێ کوژرابوو، بە خیوونییەکان سپێردرا. «قێرت»ەکان لە قۆڵی

باشوور دامەزران. ئالبانییەکان لای باکووریان گرت و سەکێستانییەکان کە بۆ ئازایەتی و جوامێری لەشکریی کەس تایان ناکا، [۱۱۶] بەرەوڕووی دەروازەی ڕۆژاوا چەقین. لەگەڵ ئەم تۆرەمەیە، فیلانی دزێوی کەوڵ چرچوڵۆچ کە چەکداران سواریان ببوون، بە ئارامی دەهاتنە پێش؛ هەر وەک زۆر جاران گوتوومە دیمەنی لەمە خۆفناکتر بە بیری کەسدانایا...»

«دوای ئەوەی ڕیزەکە تەواو پاڵی وێکدا و یەکتری گرتەوە، قۆشەن هەتا دەمەوئێواره چورتەی نەکرد. پاشان هەر بەو جۆرەی کە هاتبوون، کشانەوە. بوولێڵەی بەیانی، بە تووڕەی کەڵەشاخ، سەرلەنوێ شار گەمارۆ درایەوە و شەڕ دەستی پێکردەوە، بەڵام پارێزەرانی شار زۆر بەگەرمە دەستیان کردەوە.»

«ئەو گاشەبەردانەی کە بە مەنجەنیق و قۆچەقانی و قەفانچەلە دەمانهاویشتن، سەروگوێلاکی تاقمێک لە خەنیمانی شکاند و هێندێکیش بە تیران ئەنگوان و تێداچوون و کۆمەڵێکیش بە قوڵەنێزان گۆڕەهوو کران، بە چەشنێکی وا کە دوژمنان لەبەر ئەو هەموو کەلاکەی کە وڵاتی داپۆشیبوو، بە دژواری دەهاتنە پێش. هێندێک بریندار بوون و حەولیان دەدا کە خۆیان بگەیەننە ئاوالێکانیان؛ چارەڕەشی و کوشتاری نێو شاریش لە ئی دەرەوە کەمتر نەبوو. پەڵەهەوری تیران ئاسمانی تار هەلگێڕابوو. ئەو ئامرازانەی کە ئێرانییەکان وێرای تالانی سەنجار (شەنگار) وە چنگیان هێنابوون و لێرە دەکاریان کردبوون، زۆرانی پێکان. هەر جارێک کە شەڕ ڕادەوەستا، گەمارۆدراوان هەموو هێزی خۆیان کۆدەکردەوە و سەرلەنوێ دەکەوتنە بەربەرەکانی، بەڵام ئەگەر لەو تین و گوڕەدا کە بۆ پارێزگاری لە خۆیان نیشانیان دەدا، دەپێکران، بەربوونەوەیان ئێمەی تووشی خەسار دەکرد، چونکە سەرەڕای ئەمەی کە لە خوێنی خۆیان دەگەوزان، ئەو کەسانەش کە لە پەنا دەستیان بوون لەگەڵ خۆیان بەریان دەدانەوە. ئەگەر سەرەڕای ئەنگێوران نەمردبان، پیاوانی زەبەردەستیان بانگدەهێشتە فریایان هەتا تیرەکە دەرکێشنەوە. بەم شێوەیە مادامێکی ڕۆژ بایە ئەم ڕووداوە خوێناوییانە دووپات دەبوونەوە و ئینکەبەری هەردوو لا بە ڕادەیەک بوو کە تاریکایی شەویش تینوتاوی شەڕکەرانی ڕوونەدەمرکاند. لە جەنگەی شەوا هاوار و نەڕەی پارێزەرانی چەکداری هەردوولا، لە کێوەکانا دەنگی دەدایەوە. لایەنگری ئێمە دەکەوتنە تاریفاتی لێوەشاوەیی کۆنستانسی مەزنی

مێرانی جیهان و ئیرانییەکان بە شاخ و باڵی شاپووریان هەڵدەدا و بە پادشای سەرکەوتەی شەڕان (سائانسان پیرۆز) ناودێریان دەکرد.

دووبارە بۆ سبەی بەیانی شەڕ هەڵگیرسایەوە و زۆر بووننی کوژراوان، هەردوو لای ناچار کرد کە بۆ ماوەیەک دەس ڕابگرن. بەڵام لە ژووڕەوەی شاردا چونکە جگە لە بیست هەزار کەسەی دانیشتووی خۆی، حەوت لۆژیۆنی ڕۆمیشی لێ بنەگر ببوو ، ئیتر ناشتنی کوژراوەکان بووزی نەدەخوارد و بۆ چارەڕەشییان تاعوونیش بڵاو بۆوە. لەم کاتوساتەدا ئێرانییەکان بە مەبەستی پاراستنی سەربازەکانیان، گەڕانگەڕی شاریان بە سەوەتەی پڕ لە گڵ کردە مەتەرێز و ساباتیان بۆ پەلامار هەڵدەبەست و قەڵاقووچەی بەرزی وایان ساز دەکرد کە لاجی پێشەوەیان بە پەڕەی ئاسن دادەپۆشی و هەرکامەی مەنجەنیقێکیان لەسەر دادەبەستن هەتا پارێزەرانی شار بتارێنن. دەورەدراوان زۆر ئازایانە چەند جارێک لە شار وەدەرکەوتن. حەفتا کەس لە کەواندارانی ئێرانی سەر بە پۆلی پاسدێرانی پادشایەتی بە ڕێنوێنی کابرایەکی ڕاکردەی ڕۆمی، کلاوقووچەیەکی لای باشووری شووڕەی شاریان گرت و بەیانی لەوێ بالاپۆشێکی ئەرخەوانییان ڕاوەشاند و ئاماژەیان بە ئێرانییەکان دا کە خۆ بدەنە پەلامار. سەربازانی ئێرانی لە پلیکانان وەسەرکەوتن، لەم کاتەدا ڕۆمییان مەنجەنیقەکانی خۆیان بەرەوڕووی کلاوقووچەکە دابەست و چەند تیرێکی گەورەی داریان تێهەڵکردن، کە جاری وابوو دوو خەنیمی لێک دەدروون و پاش ئەمەی کە شوێنە گیراوەکە بەم چەشنە لە دوژمن پاک کرایەوە، پارێزەران هێزەکانی خۆیان لەسەر دیواران کۆ کردەوە و سەرکەوتنێکی وایان وەدەس هێنا کە تۆرەمەی ڤێرتەکان لە قۆڵی باشووری قەڵا پەرانپەران بوون. لەم ماوەیەدا چەند قەڵایەکی قایم لەو مەڵبەندە کەوتنە دەستی دوژمن و سووتان و تاڵان کران. هەزاران کەسیان لەو شوێنانە دەرکێشا و ئەو پیرێژن و پیرەپیاوانەی کە نەیاندەتوانی بڕۆن، ڕەفیچکە و قولاپەیان دەبڕین و بەجێیاندەهێشتن و دەڕۆیشتن. سەربازانی «گەلوا» (gaulois) ڕەقیان هەستا و بەوپەڕی ناهومێدی لە قەڵا دەرپەڕین و لافاوی مەرگ و ترس و تۆقینیان خستە ڕیزەکانی لەشکری ئێران. سەرەنجام ئێرانییەکان پاش ئامادەکردنی کەرەسە و ئامرازی پێویستی گەمارۆ، لەوپەڕی دژواریدا هروووژمیان کردە سەر شار. ڕۆژی یەکەم، شەڕ هیچ ئاکامێکی لێنەکەوتەوە.

ڕۆژی دوایی دیسانەوە ئێرانییەکان بە سواری فیلان هاتنەوە پـێش. ڕۆمییـەکان قەڵاقووچەکانی گەمارۆیان تێکومەکان دا و بە هاویشتنی خرکـە بـەردان دەزگـا «دووپشـکەیان» قوولـەی کـرد و مەنجەنیقـەکانی دوژمنیـان تێکشـکاند و بـە داگیرساندنی مەشخەڵ فیلەکانیان ڕەواندەوە.

لێرەدا دیسان دەقی نووسینەکەی ئامیـانووس دەگێڕینـەوە: «ئاخرییەکـەی چەک و ئامرازەکانی گەمارۆیان ئاور تێبەر دا، بەڵام شەڕ و بەربەرەکانی دابڕانی تێنەکەوت، چونکە پادشای ئێرانییەکان کـە بـەپێی داب و نـەریت ناچـار نیـە بەشداری شەڕ بێ، بە ڕادەیەک لەم ڕووداوانە بە قین داچووبوو، کە خۆی دایـە کارێکی کەس نەکردە و وەک سەربازێکی ساکار لینگـی دایـە جەرگـەی گێـژاوی شەڕ، بەڵام لەبەروەی جەماوەرێکی زۆر بێ پسـانەوە بـە مەبەسـتی پاراسـتنی جەغزیان لە دەورەی دەدا، بە چاکی لە دوورەوە دەناسرایەوە. ڕێژنـەی تـیر و قوڵەنێزان ڕوویان تێکرد. زۆرێک لە پیاوەکانی لە خوێنی خۆیان گەوزین، بەڵام ئەو لەو گێژەنە دەرەپەڕی و بەهەشتاو ڕیزاوڕیزی دەکرد و ئەم باروهەوایـە تـا تاوپەڕینی کێشا، بێئەوەی شا لە دیمەنی ترسێنەری کوژراو و زاماران بتۆقـێ. ئەو کات تەنیا ئیزنی لەشکری دا کە بۆ ماوەیەک پشوو بدا.»

«بەکورتی شەو شەڕی دابڕی، بەڵام هێشتا خـۆر لـە سـەرانی نـەدابوو کـە شاهەنشا لەبەر پاڵەپەستۆی بەتەوژمی ڕق و تووڕەیی چاوی لە ئاست ڕوحـم و بەزەیی قووچاند و سەرلەنوێ لەشکرەکەی بۆ تێکهەڵچوون تین دا، بەڵکوو بـە ئامانج و مرازی خۆی بگا. هەروەک گوتمان تێکڕای چەک و ئامرازی گـەمارۆیان لە گڕی ئاگردا کردە خەڵووز و چونکە لە سەر ساباتەکانی هێرش کە نیریکتـرین خاڵی شووڕەی قەڵابوون، پەلاماریان دەدایـن، یـارانی ئێمـەش لـە نێوخـۆی شاردا، ئەوەندەی بووزی دەخوارد، گەلێک بانیژەی باش و بەجێوڕێیـان سـاز کرد و لەو شوێنە سەختانەوە وایان دەسکردەوە و بە گژدا چوونەوە، کە هێزیان تەواو شانی لە شانی دوژمن دەدا.»

«ئەم شەڕە خوێناوییە ماوەیەک بێ ئاکام مایەوە و هیچکەس نەیدەهێشت کە ترسی مردن تەز و لەرز بخاتە شۆر و شەوقی خۆڕاگرتنی. شەڕ لەوپەڕی گەرمەدا بوو کە ڕووداوێکی چاوەڕوانەکراو، چارەنووسی هەردک لای دیاری کرد، واتـە ئەو بانیژەی کە ئێمە زۆرمان چەرمەسەری پێـوە دیبـوو بـۆ سـازکردنی، وەک

ئەوەی بوومەلەرزەیەک ڕووی دابێ، دارمـا و بـەم شـێوەیە ئـەو نێوانـەی کـە کەوتبووە نێوان حەسار و ساباتی هێرشی دوژمنان لە دەرەوە پڕ بۆوە، چەشنی ئـەوەی ڕێگایـەک لێـدرابێ یـان پردێکـی لـە سـەر هەڵبەسـترابێ. دوژمنـان ڕەوگەیەکیان کەوتـە بـەر پێـی کـە هـیچ کۆسـپێکی لەبـەر نـەبوو. زۆربـەی پێشمەرگەکان هاڕداربوون یان لەبەر تێکقرمانی بانەکە ئەوەندە شـل و شـەکەت ببوون کە هێزی دەسکردنەوەیان دەبەردا نەمابوو، کەچی دیسانیش لـە هـەموو لایەکەوە بە مەبەستی بەرەڕوو بوونەوە لەگەڵ ئەم مەترسییە لەنەکاوە کەوتنـە خۆ. هەر ئەم پەلەوهەلەیە کۆسپی نایەوە و بوو بـە ڕاکەڕاکـە و تێکهاویشـتن و ڕێدەس گرتن. بەپێچەوانە بە هۆی ئەم ڕووداوە خـەنیم دڵـی پشـکووت و وەی بەرز بۆوە. بە فەرمانی شا تەواوی هێزەکانی سپا هرووژمیان بـرد. کـار کەوتـە شەڕی دەستەویەخەی شیران و نێزە لە ڕووی یـەکتر هەژانـدن. لـەم کوشـتارە بەربڵاوەدا خوێنی هەردوو لا شێلاوگەی بەست و خەندەک بە لاشەی مردووان پـڕ بوونەوە. ڕێیـەکی پـانتر لـە بـەرپێی هێزەکـانی نەتـەوی کرایـەوە و دوژمـن سەرانسەر شاری داگرت و بەم شـێوەیە هـەر چەشـنە ئومێـدی دەسـکردنەوە و ڕاکردنمان نەما. جەماوەری چەکدار و بێچەک، بێ وەبەرچاو گرتنی نێـر و مـێ وەک ئاژەڵ قەڵتوبڕ کران. »

نووسەر لە کۆتایی ئەم حیکایەتەدا بە درێژی چۆنیەتی ڕاکردنی خۆی لەگەڵ دوو کەس لە هاونیشتمانانی لە تاریکایی شەوا گێڕاوەتەوە. پاش ئەوەی کە لەو ئێرانییانە دوور دەبنەوە کە کەوتبوونـە شـوێن تاقمێـک سـوارەی ڕۆمـی، بـە کێوان‌دا تێدەپەڕن و سەرەنجام دەگەنە شاری «مێلیتێن» لە ئەرمەنستانی بچووک و لەوێوە لەگەڵ ئەفسەرێکی ڕۆمی دەکەونەڕێ و دەگەڕێنەوە ئەنتاکیە.[۱۱۷]

✧✧✧

لە نێو پاشایانی ساسانی چاخی یەکەم‌دا، شاپووری دووەم تەنیا کەسێکە کە سەرچاوە بەردەستەکان ئیزنی تۆژینەوە لەسەر تایبەتمەندییـەکانی کەسـێتی ئەو دەخەنەڕوو. ئەگەرچی ئامیانووس بە شێوەیەکی سروشتی ڕقی لەم دوژمنـە مەترسیدارەی دەوڵەتی ڕۆم بووە، بەڵام لە گێڕانەوەکانی‌دا نەیتوانیوە خۆی لـە خستنەڕووی شان و شکۆ و ئازایەتی شـاپوور بپـارێزێ. فەرمانـڕەوا پیـاوێکی باڵابەرز و سەر و گەردنێک لـە هاوڕکێفـانی سـەرتر بـوو. هـەم لـە گـەمارۆی

«بێزەبدە» یان (Bêth Zabdeê)، هەم لە دەورەدانی «ئامیدا»دا بەوپەڕی بوێری لە خەندەک نیزیک بۆوە و بێ ئەوەی خۆی لە ڕێژنەی تیران و مەنجەنیقان بپارێزێ، بە وردی دەوروبەری قەڵای پشکنی.[118] ئەوەی کە شاپووری تین دا بۆ ئازار و ئێشاندن و پەیکەردەی عیسایی‌یەکانی ئێران تێبینی سیاسی بوو، نەک دەمارگرژی دینی. کتێبێکی سۆریانی کە تایبەتی سەربورده و ژیاننامەی «سەنت ئووژێن»ە، دەگێڕێتەوە کە شاپوور مەیلی دیتنی ئەم دینداره مەسیحییەی کرد و دەستی ڕێزی لێنا و ئووژێن یەکێک لە کوڕەکانی شای چاک کردەوە کە فێدار بوو. ئەگەرچی کتێبی ژیاننامەی ئووژێن زۆر باوەڕی پێناکرێ، بەڵام دەقە وەرگێڕدراوەکانی سەبارەت بە ژیانی پیاوانی پیرۆزی سۆریانی چەند خاڵ و بابەتی دیکەشیان تێدایە،[119] کە وادیارە هێندێک نەزیلەی کەونارایان گێڕاوەتەوە و دەریدەخەن کە شاپوور هەستێکی دوژمنانەی نەبووە سەبارەت بە مەسیحییەکان. لەگەڵ ئەمەشدا دوژمنایەتییەکی نیهانی کە عیسایی‌یەکانی ئێران سەبارەت بەم وڵاتە بوویانە، بە مەترسییەکی هەمیشەیی دادەندرا، بەتایبەت پاش ئەوەی کە قەیسەرانی ڕۆم خاچیان دەس دایە و کردیانە دروشمی خۆیان. جا ئەو دەم شاپوور دژی دوژمنی خۆمالێ بێ هیچ چاوپۆشینێک دەستی بزاوت و چەرمەسەری مەسیحییەکان هەتا کۆتایی دەسەڵاتی دووروودرێژی ئەو فەرمانڕەوایە بەردەوام بوو.[120]

شاپوور یەگجار بە دەسەڵات و مەزنایەتی خۆی دەنازی. زۆر تووڕە و تۆسن بوو؛ ئەگەر بێڕێزی بە بارگای کرابا یان ڕێگایان لە جێبەجێ بوونی نەخشەکانی گرتبا، زۆر سەیر دەغەزری.[121] وەختایەک «پووسەگ» یان «پووسیگ»ی مەسیحییان ڕەکێشی بەردەمی پادشا کرد و گوتی خەمی شەهیدبوونی هاودینانی خۆیەتی و هیچ نرخێک بۆ گەورەیی شا دانانێ، شاپوور دەرهەڵبوو و گوڕاندی: «ئەم کابرایە وەک خەڵکی دیکە مەکوژن، چونکە سووکایەتی بە شان و شەوکەتی شاهانەی من کردووە و وەک هاوشانێک لەگەڵم دواوە. زمانی لە پشتەسەری بێننەدەر هەتا ئەوانەی هێشتە زیندوون، تێبگەن و لە تووڕەیی من بتۆقن.»[122]

لەگەڵ ئەمەشا لە گێڕانەوەکانی ئامیانووسەوە وا دەردەکەوێ کە شاپوور خاوەنی ڕەگی جوامێرانە و پیاوەتی و وێژدانیش بووە. لە کاتی گرتنی دوو شاری قایمی ڕۆمی‌دا، تاقمێک ژنی بە دیل گیراویان هێنا خزمەت شاپوور. لە

نێویان‌دا ژنێکی زۆر جوانچاک وەبەرچاو دەهات کە خێزانی «کرەوگاسیووس»ی ڕاوێژکاری ڕۆمی بوو و لە ترسی ئەوەی کە نەکا سەرکەوتووان دەسدرێژی بکەنە سەری، دەلەرزی. شا بانگیهێشتە بەردەمی خۆی و بەڵێنی پێدا کە هەر بەو زووانە بە دیداری مێردەکەی شاد دەبێتەوە و کەس ناتوانێ پەڵە بخاتە سەر داوێنی. ئامیانووس دەڵێ شا بۆیە وای گوت چونکە بیستبووی کرەوگاسیووس ژنەکەی زۆر خۆش دەوێ و ئومێدی وابوو کە ئەم پیاوە ناچار بە ڕادەست کردنی شاری نوسەیبین بکا. هەروەها نووسەر دەڵێ کە پادشا کێژانی خزمەتکاری کلیسای دەخستە ژێربالّی و دەستووری دەدا دەستیان وەبەر نەهێنن و لێیان‌گەڕێن بە ڕێوڕەسمی ئایینی خۆیانەوە خەریک بن. ئامیانووس ئەم بەزەیی و سینگ‌فرەوانییە دەباتەوە سەر فێڵەبازی پادشا، بەڵام کە چاوی لێدەکەی وا نیە. وەختایەک ماوەیەک دواتر کرەوگاسیووس کەوتە بەر دڕدۆنگی ڕۆمییەکان و لە ترسی وەی بە خەیانەتکاری تۆمەتبار بکەن، ڕایکرد و لەبەر خۆشەویستی و گڕی ئەوینی ژنەکەی پەنای بردە بەر ئێرانییەکان، شاپوور هاوسەر و تەواوی خزم و کەس و ئەو ماڵ و سامانەی کە ڕاگیری کردبوون دایەوە و پلەیەکی بەرزی پێبەخشی. [۱۲۳]

ئەو شەڕە درێژماوانەی کە لەگەڵ ڕۆم قەوماند، هەلی ئەمەیان بۆ شاپوور ڕەخساند کە لێوەشاوەیی خۆی لە سەرکردایەتیشدا بنوێنێ. نەزمێکی تەواو بە سەر لەشکرەکەی‌دا زاڵبوو. زۆر جاران لە کاتی گرتنی شارەکانی دوژمن‌دا لەخۆوە خەڵکی قەڵاچۆ نەدەکرد. هەر کە لە ساڵی ۳۶۰دا قەڵای سەنجار کەوتە دەستی ئێرانییەکان، لە کاتی چوونە ژوورەوەی قۆشەنیانی ئێران‌دا ژمارەیەک کوژران. لەسەر فەرمانی شاپوور تەواوی دانیشتووان و پاشماوەکانی سەربازگەی ڕۆمیی ئەو شوێنە، بە دیل گیران و دوورخرانەوە بۆ ناوچە دوورەدەستەکان. [۱۲۴] هەر وەک دیتمان ئەمە شێواز و ڕێبازی پادشاکانی ساسانی بوو کە دەیانویست لە کارامەیی ڕۆمییەکان لە بەستێنی کار و دەسکردا کەلک وەرگرن. شاپوور پیاوێکی زۆر وریا و ورد و خورد بوو[۱۲۵] و بەپێی بارودۆخ جاری وابوو غللوورانە و کەڕەتی وابوو بەپێچەوانە دەجووڵایەوە، هەر وەک بە فێڵوفرت و دڵنوایی کردن ئەرشەکی پادشای ئەرمەنستانی بانگهێشتن کرد و گرتی و لە بەندی ئاخنی. پاشان کاتێک کە دوو کەس لە پەنابەرانی ڕۆمی بە ناوی «کولاسێس» و «ئەرتەبان»، کە شاپوور حکوومەتی ئەرمەنستانی دابوویە

دەستیان، چوونە پاڵ ڕۆمییەکان و بە یارمەتی ئەوان هەل و دەرفەتێکیان ڕەخساند کە «پەپ»ی[١٢٦] کوڕی ئەرشەک تانجی پادشایەتی ئەرمەنستانی نایەسەری. شاپوور لەو دەمەدا زەبروزەنگ و کەڵەزەڕی بە بەرژەوەند نەدەزانی، «پەپ»ی بە هیوای بەستنی پەیمانی دۆستایەتی غللوور کرد و بە ڕاوێژیکی دۆستانە بە سەری ڕۆیی کە گەورەیی و مەزنایەتی پلەی خۆی وەبەرچاو نەگرتووە و بۆتە غولامی کولاسێس (Gylacés) و ئەرتەبان (Artaban) و پادشا تەنیا قاپۆڕێکە... بەم چەشنە فەرمانڕەوای بێ وڕەی وا لێکرد کە هەردک ڕاوێژکارەکەی خۆی بکوژێ.[١٢٧]

وێنەی ٢٥ - شاپووری دووەم لە کاتی ڕاوەشێردا، کەشەفی زێو

(مووزەی ئارمیتاژی لێنینگراد)

شاپوور لە ڕێزەی بناغەدانەرانی گەورەی شارانداە نەوێکی بە یادگار جێهێشتووە. پاش ئەوەی کە شاری مێژوویی شووشی خاپوور کرد و لەبەر

سەرهەڵدانی جەماوەرەکەی قەڵتەوبڕی تێخست، [۱۲۸] سەرلەنوێ ئەوێی بە ناوی «ئێران‌خۆرە»ی شاپوور ساز کردەوە. تۆڕەران زۆر جاران ئەم شارەیان لەگەڵ شارێکی تر هەر لەو ناوچەیەدا بە ناوی «ئێران ئاسان کەرد کواد» کە سۆریانییەکان پێیاندەگوت «کەرخای لیدانی» لێتێکچووە. ئەمڕۆ لەوێ وێرانەی قەسرێک بە ناوی «ئەیوانی کەرخ» بەپێوە دیارە. لەم کۆشکەدا لەبری گومبەزی گەورە، چەند تاقێکی بە کەوانەیان لە پەنا یەکتر لێدابوو. سازکردنی ئەم شێوە خانووبەرانە بوو بە سەرمەشقی نژیارڤانان و وەستاکارانی ئێراق. قوبادی یەکەم ئەم شارەی بنیات ناوە. [۱۲۹]

✧✧✧

جێنشینەکانی شاپووری دووەم یانی براکەی (؟) ئەردەشێری دووەم (۳۷۹- ۳۸۳) و دوو کوڕەکەی «شاپووری سێیەەم» (۳۸۳ - ۳۸۸) و «وەهرامی چوارەم» (۳۸۸ - ۳۹۹) [۱۳۰] چەند شازادەیەکی بووەڵەی کەمدەسەڵات بوون کە لە سەردەمی حوکمڕانێتی ئەواندا، پیاوماقوولانی دەوڵەت زۆر بە هاسانی ئەو هێز و دەسەڵاتەی کە لە چاخی شاپووردا لە دەستیان دابوو، وەچنگیان هێنایەوە. مەزنەپیاوان یەکەم پادشایان لێخست و دووەکەی دیکە بە مەرگی لەنەکاو مردن. لە ڕۆژگارانی سەرەتای فەرمانڕەوایەتی وەهرامی چوارەمدا (وێنەی ۲۶) ئێران و ڕۆم، ئەرمەنستانیان وا لە نێو خۆیاندا دابەش کرد کە بەشی ڕۆژهەڵاتی پانوبەرینی لەچاو ڕۆژاوای، کەوتە ژێربالی ئێران و قۆڵی ڕۆژاوای ڕۆمی خستیانە ژێر دەسەڵاتیان. لە بەشی ڕۆژهەڵاتی خوسرەوی کوڕی «قەرەزدەت» کرایە پادشا. ماوەیەک دواتر لە ساڵی ۳۹۲دا خوسرەو بە دەس وەهرامی چوارەم لێخرا و «وەرام شاپووە»ی[۱۳۱] برای بوو بە جێنشینی. پاشان خوسرەو دووبارە بۆوە پادشا و لە ساڵی ۴۱۴ تا ۴۱۶ حکوومەتی کرد. پادشایانی یەکەمینی ساسانی تا دەگاتە نەرسە، نەخش و نیگاری خۆیان لەسەر تاشەبەردەکانی دەوروبەری «تەختی‌جەمشید» هەڵکەندبوو. ئەردەشێری دووەم و جێنشینەکانی شوێنێکی دیکەیان لە وڵاتی مادی کۆن، کە لە نشیمەنگایان نیزیکتر بوو، هەڵبژارد و ئەو جێیە ئەمڕۆ بە «تاقوستان» (تاق بوستان = تاق وەسان) مەشهوورە و کەوتۆتە یەک فرسەخی باکووری ڕۆژهەڵاتیی کرماشان و لە تەنیشت شارێی بەغدا بۆ هەمەدان کە کاروانەڕێیەکی کۆنە شوێنەواری ماوە. لە

پەنا ئەم ڕێگایە کە هێرتسفێڵد بە «دەروازەی ئاسیا»ی ناودێر دەکا، [١٣٢] لە کۆنترین ڕۆژگارانی کۆنەوە، پادشایان نەخش و نیگار و بینای بیرەوەرییان لە خۆیان بەجێهێشتووە.

وێنەی ٢٦ - سکەی وەهرامی چوارەم

(مووزەی نەتەوەیی کۆپێنهاگ)



وێنەی ٢٧ - تاق وستان

(هێرتسفێڵد، دەروازەی ئاسیا)



وێنەی ٢٨ - ڕێورەسمی تاج لە سەرنانی ئەردەشێری دووەم لە تاقوستان

(هێرتسفێلد، دەروازەی ئاسیا)



وێنەی ٢٩ - شاپووری دووەم و شاپووری سێیەەم لە تاقوستان

(هێرتسفێلد، دەروازەی ئاسیا)

لە تاق وستان (تاقبوستان) کە چەند کانییەک لە قەڵشتەبەردی کێو هەڵدەقوڵن و دێنەدەر، بێگومان زیارەتگای کۆنی لێبووە و گۆیا لە چاخی مەزداپەرستیدا تایبەتی پەسن و پەرستنی ئاناهیتا بووە.[۱۳۳] ئەم شوێنە کێوێکی بێ ئاتەگە کە کەوتۆتە سەر ئەستێرێک و خانووبەرەیەکی هاوینەهەوارانەی نوێ لە داوێنی ساز کراوە (وێنەی ۲۷). لە نیزیک ئەم بینایە لە باڵی چەپ شەقڵەبەردێکی تاج لە سەرنانی ئەردەشێری دووەم هەڵکەندراوە. لە قۆڵی ڕاستی ئەو پادشایە، ئۆهرمەزد ڕاوەستاوە و تاجی قۆنگرەداری لە سەرە و ڕووی کردۆتە شا و ئالقەی فەرمانڕەوایەتی ڕیشووڵداری پێشکێش دەکا. پادشا و خودا کەوای درێژی تا سەر ئەژنۆیان کردۆتە بەر. دامێنی کەوای شا بە گەڕ هاتۆتەوە. هەردک جۆرە پانتۆڵێکیان لە پێ دایە کە بە لای ژوورەوەدا چینیان تێکەوتووە و دەلینگیان بە بەنێک لە گوێزینگیان شەتەکدراوە. هەرکامیان کەمەرە و ملوانکە و دەسبەندیان هەیە. لە پشت سەری فەرمانڕەواش گیانلەبەرێکی خودایی ڕاوەستاوە، کە جلوبەرگەکەی کەمتاکورتێک وەک بەرگی ئۆهرمەزد وایە، بەڵام تیشکەی لەسەر هەڵدەستێ و چەپکێکی لقوپۆپی تایبەتی ڕێورەسمی ئایینی بە دەستەوە گرتووە کە پێیدەگوترێ «بەرسوم». پارسییەکانی ئەم دەور و زەمانە لایان وایە ئەو وێنەی کەوا خرمانەی لە دەوری سەرییە، دیمەن و قەڵافەتی «ڕاستەقینە»ی خودی زەردەشتە، بەڵام لە ڕاستیدا ڕوخساری مێهرە و ئێمە ئەم دیمە لە دوو شوێنی دیکەش دەبینین، کە بە نووسراوەیەک بەئاشکرا ناسێندراوە. یەکەم لە موغبەرەی ئانتیووخۆسی کۆماژانی و ئەوی دی لە سکەکانی زەردەشتی پادشایانی «تووروشکا»دا. دوژمنێک کەوتۆتە بەر پێی شا و ئۆهرمەزد و مێهر (خۆر) لەسەر گوڵی «مۆرتک» ڕاوەستاوە[۱۳۴] (وێنەی ۲۸).

دوو ئەشکەوت کەوتوونە لای چەپی ئەم نەخش و نیگارە، یەکیان بچووک و ئەویتر گەورەتر. وادیارە دەبێ ئەشکەوتی یەکەم لە ڕۆژگاری شاپووری سێیەمدا هەڵکەندرابێ، چونکە وێنەی ئەم پادشایە و شاپووری دووەمی باوکی لەسەر نەخشێندراوە. پەیکەری ئەم دوو فەرمانڕەوایە کە لەسەر دیواری بنەبان بێ نێوبڕ لە ژێر تاقا داتاشراون، چەند بەردەنووسێکیان بە زمانی پەهلەوی لە تەنیشتی نووسراوە کە ئێستاش دەخوێندرێنەوە. بێشک هەر دوو ئەشکەوتەکە لە ڕۆژگاری شاپووری سێیەمدا لێدراون. قەڵافەتی ئەم دوو پادشایە لە

بەرەوڕووڕا کێشراونەوە،[135] بەڵام هەرکام لایەکی ڕوخساریان دیارە و لێکتر دەڕوانن. شاپووری دووەم کەوتۆتە لای ڕاست و شاپووری سێهەم لای چەپ. جلوبەرگیان بە دابی پێشینیانە. هەردک پانتۆڵی چین‌دار و ملوانکە و سڵسڵە و پلپلە و پرچی لوول و ڕیشی تەشوێتاشی ئاڵقەبەندیان دیارە. هەردووکیان دەستیان لەسەر شمشێری درێژ و ڕاستیان ڕۆناوە و دەستی ڕاستیان کەوتۆتە سەر دەسکی شیر و دەستی چەپیان سەرووی کالانەکەی گرتووە. شاپووری دووەم تاجێکی قۆنگرەداری لە سەرناوە کە تۆپەوانە چندراوەکەی کەوتۆتە بانی و ڕیشۆڵ و جغجغە شەکاوەکان لێی گرێ دراون. ئەم تانجە لە ڕووی تانجی شاپووری یەکەمەوە وێنەی هەڵگیراوەتەوە و تەنیا جیاوازییەکی کە لەگەڵ ئەو هەیەتی چۆنیەتی باری ئەو زریزانەن کە لەسەر لێواری خواروی تاجەکە بەدی دەکرێن. وردەکاری تانجی شاپووری سێهەم لەبەر هەڵوەرینی بەردەکە بە زەحمەت لێکدەکرێتەوە. قەڵافەتی ئەم دوو کەسە، چەشنی دیمەنی «شمێشرداران» و کۆمەڵێک وێنەی دیکەیە کە لە ئەشکەوتەکانی ترکستانی چین‌دا وەبەرچاو دێن و هەروەها زۆر وەک دیمەنی خاچپەرستان و شوالیەکان و ئۆسقۆفەکانی ئوروپای سەدەکانی نێوەڕاست دەچن[136] (وێنەی ۲۹).

بنکەی زین
www.zheen.org

پەڕاوێزەکان

١ - هێرۆدیانووس، کتێبی ٦، بەندی ٢.

٢ - نۆلدکێ، تەبەری، ل ٤٧٩، یادداشتی ١.

٣ - ئێرانییەکان پتر لە هەموو بەشەکانی قۆشەن بڕوایان بە سواران بوو، چونکە «لەو بەشەدا تێکڕای نەجیمزادان و پیاوماقوولان خەریکی خزمەتی گەلێک قورس و دژوار بوون»؛ بۆیەش لە هەمووان سەرتر دەناسران چونکە هەمیشە سەرقاڵی مەشق و ڕاهاتن و ڕێکوپێکی و کارپێکردنی چەکوچۆڵ بوون. (ئامیانووس، کتێبی ٢٣، بەندی٦، کۆپلەی ٨٣).

٤ - Clibanarii، بە زمانی پەهلەوی «تێنۆریگ»ە، (نۆلدکێ، ل ١٦٤، یادداشتی٥). قەڵافەتی سوارێکی وا زرێپۆش کە سواری ئەسپێکی زرێدارە، لە سەر تابلۆیەکی کە لە «دووورا» دۆزیویانەتەوە، کێشراوەتەوە. بڕوانە: ڕۆستۆفتزێف، شارەکاروانگرەکان، ل ١٩٥.

٥ - ئامیانووس، کتێبی ٢٤، بەندی ٦، کۆپلەی ١٢ - ١٣.

٦ - هەمان، کتێبی ٢٥، بەندی ١، کۆپلەی ١٢ - ١٣.

٧ - هەمان، کتێبی ٢٥، بەندی ١، کۆپلەی ١٨.

٨ - ئێلیزە، لانگلوا، ب ٢، ل ٢٢١؛ پرۆکۆپیۆس، شەڕی ئێران، کتێبی ١، بەندی ١٤؛ بەراورد بکرێ لەگەڵ هۆبشمان، ڕێزمانی ئەرمەنی، ١، ل ١٩٢.

٩ - هێرتسفێڵد، پایکۆلی، وشەی ژمارە ٣١٥؛ بەراورد بکرێ لەگەڵ بێنوێنیست و ڕێنۆو: ڤێرتێر و ڤێرسرێغن (پاریس، ١٩٣٤)، ل ٣٨، یادداشتی ٢.

١٠ - بڕوانە: گیگێر، گۆڤاری ڕۆژهەڵاتیی ڤییەن، ب ٣٧، ل ١٩٧ - ١٩٩. ناوی ئەم تاقمە بە زمانی پەهلەوی ئەشکانی «هەمهێرز» بوو. بڕوانە: بێنوێنیست، گۆڤاری ئاسیایی، ١٩٣٦، ل ١٩٧ - ١٩٨.

١١ - سەبارەت بە مانای هێندێک لەو دروشم و نیشانانە بڕوانە: هێرتسفێڵد، ڕاپۆرتی لەمێژین، ب ٩، ل ١٠٧ بەرەودوا.

١٢ - ئامیانووس، کتێبی ٢٥، بەندی ١، کۆپلەی ١٤ - ١٥.

13. (Mirmillo = Mirmillon).

بنکەی ژین
www.zhin.org

١٤ - ئامیانووس، کتێبی ٢٣، بەندی٦، کۆپلەی ٨٣.

١٥ - هەمان، کتێبی ٢٤، بەندی ٦، کۆپلەی ٨.

١٦ - هەمان، کتێبی ١٩، بەندی٢، کۆپلەی ٣.

١٧ - هەمان، کتێبی ١٩، بەندی ٢، کۆپلەی٣.

١٨ - ئێلیزە، لانگلوا، ب ٢، ل ٢٢١؛ ئامیانووس؛ کتێبی ١٧، بەندی٥، کۆپلەی١.

١٩ - ئاگاسیاس، ١٧/٣ و هتد؛ بڕوانە: نۆلدکێ، تەبەری، ل ٤٧٩، یادداشتی ١. ئاگاسیاس دەڵێ: دەیلەمییەکان چاکتریان لە شەڕی دەستەویەخە دەزانی، لە وەشاندنی خەنجەر و شیر و نێزاندا زەبربەدەست بوون ، نەک لە تیرهاوێژی و کەواندا‌ری‌دا. بەگوێرەی دەستەواژەیەک لە مێژووی هەولێرەوە کە مارکوارت دەیگێڕێتەوە شاپووری یەکەم، گیلەکان و دەیلەمییەکان و گورگانییەکانی پێمل کردووە و سەری پێوەبەر خۆی هێناون. (ئەلفێهرست، چاپی مێسینا، ل ٥٢).

٢٠ - مارکوارت، ئێرانشار، ل ٣٦، لەبری Eusenos ئاوا دەخوێندرێتەوە: Cusenos. ئامیانووس، کتێبی ١٦، بەندی ٩، کۆپلەی ٤.

٢١ - مارکوارت، ئێرانشار، ل ٥٠.

٢٢ -ئێلیزە، لانگلوا، ب ٢، ل ٢٢١.

٢٣ - ئامیانووس، کتێبی ١٩، بەندی ٢، کۆپلەی ٢ - ٣.

٢٤ - پاتکانیان، گۆڤاری ئاسیایی، ١٨٦٦، ب ١، ل ١١٢.

٢٥ - هۆبشمان، ڕێزمانی ئەرمەنی، ب ١، ل ١٣٠ - ١٤٦.

٢٦ - وشەی «درەفش» بە واتای «بەیداخ» و «ئاڵا»یە.

٢٧ - فلاندێن و کێست، گەشت و گەڕان لە ئێرانا، وێنەی ٥٠.

٢٨ - بە بڕوای هێرتسفێڵد، ئەم شەقڵەبەردە دەگەڕێتەوە سەر سەدەی سێهەمی زایینی، ڕاپۆرتی لەمێژین، ب ٩، ل ١٣٥.

٢٩ - زارە - هێرتسفێڵد، نەخش و نیگارە هەڵکەندراوەکان، وێنەی ٦ و لاپەڕە ٧٤ و دواتر؛ زارە، سنعاتەکانی ئێرانی کۆن، وێنەی ٨٣؛ مێژووی سنعاتەکانی پۆپ، ١٥٩A, IV؛ بەراورد بکرێ لەگەڵ زارە لە «کلیۆ»دا، نامیلکەی ٣.

٣٠ - ژیاننامەی ئوورێلین بە قەڵەمی فلاویووس و پیسکووس، بەشی ٢٨.

٣١ - ئامیانووس، کتێبی ٢٠، بەندی ٦، کۆپلەی ٣.

٣٢ - چاپی وولرس، ب ١، ل ٤٧٨٧، بەیتی ٧٣٤.

۳۳ - بەراورد بکرێ لەگەڵ وێنەی شێرێ شمشێر بەدەست و خۆر لە سەرپشت لە دروشم و نیشانەکانی ڕەسمیی ئێرانی سەردەمی پەهلەوی‌دا.

۳۴ - چاپی وولرس، ب ۱، ل ۷۸۵، بەیتی ۵۲۷ بەرەودوا.

۳۵ - هەمان، ب ۲، ل ۸۰۱، بەیتی ۵۲۷ بەرەودوا.

۳۶ - بڕوانە بەشی ۱۰ی ئەم بەرهەمە.

۳۷ - پێشەکی ئیبنوو خەلدوون. ئامیانووس دەنووسێ، تا ئەو زەمانی نەبیسترابوو پادشایەک وەک شاپووری دووەم خۆی باوێتە جەرگە و گێژاوی شەڕەوە.

۳۸ - سیئۆس، بڕوانە پاتکانیان، گۆڤاری ئاسیایی، ۱۸۶۶، ب ۱، ل ۱۱۳.

۳۹ - بە مەبەستی شی‌کردنەوەی ئەو ڕووداوانە بڕوانە ئامیانووس، کتێبی ۱۹، بەندی ۵ و دواتر و هەروەها کتێبی ۲۰، بەندی ۶ - ۷ و ۱۱.

۴۰ - زارە، سنعاتەکانی ئێرانی کۆن، وێنەی ۱۰۵، مێژووی سنعاتەکانی پۆپ، B, IV ۲۳۳.

۴۱ - ئامیانووس، کتێبی ۲۴، بەندی ۷، کۆپلەی ۷.

۴۲ - هەمان، کتێبی ۲۴، بەندی ۳، کۆپلەی ۱۰.

۴۳ - هەمان، کتێبی ۱۹، بەندی ۶، کۆپلەی ۲.

۴۴ - ئامیانووس، کتێبی ۲۰، بەندی ۶، کۆپلەی ۷ و هەروەها بڕوانە: لابوور، ل ۱۲۲، یادداشتی ۳.

۴۵ - فلاندێن و کێست، ب ۱، وێنەی ۵۰.

۴۶ - پرۆکۆپیۆس، کتێبی ۱، بەندی ۱۸، کۆپلەی ۵۲ - ۵۳.

۴۷ - دینکەرد، کتێبی هەشتەم، بەشی ۳۷، کۆپلەی ۵.

۴۸ - هەمان، کتێبی هەشتەم، بەشی ۲۲، کۆپلەی ۶.

۴۹ - هەمان، کتێبی هەشتەم، بەشی ۲۶، کۆپلەی ۲۶.

۵۰ - هەمان، کتێبی هەشتەم، بەشی ۲۶، کۆپلەی ۲۷.

۵۱ - هەمان، کتێبی هەشتەم، بەشی ۲۶، کۆپلەی ۱۱.

۵۲ - هەمان، کتێبی هەشتەم، بەشی ۲۶، کۆپلەی ۱۸.

۵۳ - هەمان، کتێبی هەشتەم، بەشی ۲۶، کۆپلەی ۱۰.

۵۴ - هەمان، کتێبی هەشتەم، بەشی ۲۶، کۆپلەی ۱۲.

۵۵ - هەمان، کتێبی هەشتەم، بەشی ۲۶، کۆپلەی ۱۴ - ۱۶، ۲۲ - ۲۳.

www.zheen.org

۵۶ - ئامیانووس، کتێبی ۱۹، بەندی ۲، کۆپلەی ۵؛ ئێلیزە؛ لانگلوا، ب ۲، ل ۲۲۱.

۵۷ - دینکەرد، کتێبی هەشتەم، بەشی ۲۶، کۆپلەی ۲۴.

۵۸ - هەمان، کتێبی هەشتەم، بە شی ۲۶، کۆپلەی ۲۱.

۵۹ - نیهایە، چاپی بڕاون، ل ۲۵۰؛ پرۆکۆپیۆس، شەڕی ئێران، کتێبی ۱، بەندی ۱۳؛ بەلعەمی؛ زۆتنبێرگ، ب۳، ل ۳۸۹ - ۳۹۰؛ بەراورد بکرێ لەگەڵ زاررە = هێرتسفێلد، نەخش و نیگارە هەڵکەندراوەکان، ل ۷۴، یادداشتی ۱ و بێنوێنیست لە گۆڤاری ئاسیایی ۱۹۳۲دا، ل ۱۳۵ بەرەودوا.

۶۰ - دینکەرد، کتێبی هەشتەم، بەشی ۳۸، کۆپلەی ۳۰.

۶۱ - هەمان، کتێبی هەشتەم، بەشی ۳۸، کۆپلەی ۳۰.

۶۲ - «عیون‌الاخبار» چاپی قاهیرە، ب ۱، ل ۱۱۲هتد.

۶۳ - خوێندنەوەکانی ساسانی، ل ۴۶ بەرەودوا؛ وەرگێڕدراوی ئینگلیسی بە قەڵەمی بۆگدانۆڤ لە گۆڤاری «کاما»دا، ژمارە ۷، بەمبەئی ۱۹۲۶، ل ۷ - ۵۲.

۶۴ - بەگوێرەی ئەفسانەیەک شاری هاترا لەبەر خەیانەتێک گیراوە. دەڵێن کچی پادشای هاترا ئەویندارى شای ئێران دەبێ و دەروازەی شار بۆ شاپوور دەخاتە سەر گازەرایپشت. شاش لە چاکەی ئەم کارە ڕازی دەبێ بیخوازێ. شەو بووک دەنالێ و خەوی لێنەدەکەوت. سبەی بەیانی لە ژێر بالێنجەکانیدا گەلایەکی دار «مۆرتک»یان دیتەوە. دەرکەوت کە ئەمە ئازاری داوە. شاسەری لەم هەستە ناسکە سوڕما و «پرسی باوکت چ خواردنێکی دەدا بە تۆ؟» کچە وڵامی داوە: «مێشک و زەردێنەی هێلکە و سەرشیر و هەنگوین و باشترین شەراب.» شاپوور گوتی: «تۆ سەبارەت بە کەسێکی ئاوای بەخێو کردووی و ئەوەندەی ڕەنج لە دوو داوی و لە ناز و کامەرانیدا پەروەردانددووتی و ئەمەگی بە سەر شانتەوە، سەیر چاکەیەت دایەوە. لەوە دەترسم هەر ئاواش ئەمەگی من بدەیەوە.» بۆیە فەرمانی دا پرچی کچە لە کلکی ئەسپێکی ڕەوەک بەستن و لە دەشتێکی دڕکەڵاندا بیڕەتێنن هەتا فەراقی ڕەشی لێ ببڕێ. (سەعالبی، چاپی زۆتنبێرگ، ل ۴۹۲؛ مەسعوودی؛ مووڕەویج، ب۴، ل ۸۴.) سایری نووسەرانی ئێرانی و عەرەب لەبری شاپووری یەکەم، ئەردەشێری یەکەم یان دووەمیان بە قارەمانی نەزیلەکە داناوە. بڕوانن: «گابرییەل»ی، خوێندنەوەکانی ڕۆژهەلاتیی، ب ۱۳، ل ۲۰۹. ئاندرسێن لە حیکایەتێکی خۆشدا کە بە ناوی «شازادە خاتوونی سەر نۆکان» نووسیویەتی، دوایین ڕووداوی ئەو چیرۆکەی گێڕاوەتەوە، بەڵام خۆی لەو سزادانە ترسناکەی دوایی

پاراستووە. کریستێنسێن، شازادە خاتوونێک لەسەر گەلای دارمۆرتک و شازادە خاتوونی سەر نۆکان، AO، ب ۱۴، ل ۲۴۱ - ۲۵۷.

۶۵ - چاپی مینگایا، سەرچاوەکانی سۆریانی، ب ۱، لەیپزیگ، ۱۹۰۸؛ بڕواننە: مارکوارت، فێهرست، چاپی مێسینا، ل ۵۲.

۶۶ - لە ئازەربایجان، مارکوارت.

۶۷ - مارکوارت، فێهرست، چاپی مێسینا.

۶۸ - «هەمزە»ش سازکرانی نەیشابووری داوەتە پاڵ شاپوور، ل ۴۸، تەرجەمەکە، ل ۳۵. بە گوتەی تەبەری، ل ۸۴۰؛ نۆلدکێ، ل ۵۹ و سەعالبی، ل ۵۲۹، شاپووری دووەم بەردی بناغەی شاری نەیشابووری داناوە.

۶۹ - ئەپەرنەکان تیرەیەک لە هۆزی داهەی دەوارنشینی ئێرانی بوون. سەرزنجیرەی پادشایانی ئەشکانی سەرەتا سەرۆکی ئەم تیرەیە بوو.

۷۰ - بەراورد بکرێ لەگەڵ هێرتسفێڵد، پایکۆلی، ل ۴۱.

۷۱ - بەشی یەکەمی بەردەنووسی کابەی زەردەشت کە بە داخەوە زۆر تووشی خەسار بووە، باسی شەڕەکانی شاپوورە لەگەڵ ڕۆمییان. سەرکەوتنی شاپوور بە سەر والریانووس‌دا بەکورتی لە دێڕی ۱۳ - ۱۴دا نووسراوە. ئەم ڕستەیە دەیسەلمێنێ ئەو شەڕەی کە والریانووسی تێدا بەزیوە، لە «ئەڕەها» ڕووی داوە. بڕواننە هێنینگ لە بلاڤۆکی ڕۆژهەلاتیی، خولی ۹، ل ۸۲۳ بەرەودوا. شەڕی ئەڕەها لەو وێنەیەدا کە لە دوورا دۆزراوەتەوە، خراوەتە بەرچاوان. ڕۆستۆڤتزێف، شارە کاروانگرەکان، ل ۲۱۰ - ۲۱۲.

۷۲ - زارە - هێرتسفێڵد، نەخش و نیگارە هەڵکەندراوەکان، ل ۷۹.

۷۳ - نۆلدکێ، تەبەری، ل ۳۳، یادداشتی ۲.

۷۴ - دییوولافوا، دەسکرد و سنعاتەکانی ئێرانی کۆن، ب ۵، وێنەی ۱۲ و ۱۳.
سەبارەت بە نەقڵ و نەزیلەی سەرزارەکی خەڵک سەبارەت بە بەندەوی شووشتەر، بڕواننە کلێمەن هوار، بلاوکراوەکانی سێزدەهەمین کۆنگرەی ڕۆژهەلاتناسان، هامبووڕگ، ۱۹۰۲، ل ۱۱۵ بەرەودوا.

۷۵ - دییوولافوا، وێنەی ۷، ل ۷۷ - ۸۰؛ دەسکرد و سنعاتەکانی ئێرانی کۆن، وێنەی ۷۴؛ مێژووی سنعاتەکانی پۆپ، IV, 155.

۷۶ - دییوولافوا، وێنەی ۱۸؛ زارە - هێرتسفێڵد؛ وێنەی ۴۴، ل ۲۲۲؛ مێژووی سنعاتەکانی پۆپ، IV, 155B.

77. Nicé

٧٨ - دییوولافوا، وێنەی ٢٠؛ ئاندرەئاس و ئێشتۆلتسە، پێرسپۆلیس، وێنەی ١۴٣؛ زارە - هێرتسفێلد، وێنەی ۴۵، ل ٢٢٣.

٧٩ - فلاندێن و کێست، ب ١، وێنەی ۵٣؛ زارە - هێرتسفێلد، وێنەی ۴٣ و لاپەڕە٢٢ بەرەودوا. دییوولافوا قۆڵی ڕاستی بەردەتاشراوەکەی لە کتێبەکەی خۆیدا هێناوە، ب ۵، وێنەی ١٩؛ مێژووی سنعاتەکانی پۆپ، ١۵٨B, IV.

٨٠ - هێنینگ، بلاڤۆکی ڕۆژهەلاتیی، خولی ٩، ل ٨۴٣.

٨١ - ڕۆستۆفتزێف، شارە کاروانگرەکان، ل ٩١ - ١١٩؛ ئینگهۆلت، خوێندنەوە و توێژینەوە دەربارەی بەردەتاشراوەکانی پالمیردا، چاپی کۆپێنهاگ، ١٩٢٨.

٨٢ - زارە، سنعاتەکانی ئێرانی کۆن، ل ۵۴؛ هێرتسفێلد، پایکۆلی، ل ٧۴.

٨٣ - هێنینگ، بلاڤۆکی ڕۆژهەلاتیی، خولی ٩، ٨۴۶ - ٨۴٧.

٨۴ - هێنینگ، هەمان، ٨۴۶ - ٨۴٨.

٨۵ - بەردەنووسەکە ئی نەرسەیە. زارەش سەرەتا ئەم شەقڵەبەردەی هەر داوەتە پاڵ ئەم پادشایە (نەخش و نیگارە هەڵکەندراوەکان)، بەڵام لە کتێبە تازەکەی خۆیدا بە ناوی سنعاتەکانی ئێرانی کۆن، ل ۴٠، بە هی بارامی یەکەمی داناوە. هێرتسفێلد (پایکۆلی، ل ١٧٣) لە ڕووی شێوازی ڕۆنان و نازناوی پادشاوە سووری کردۆتەوە کە نەرسە ناوی خۆی لەسەر نەخشێکی کە ئی کاکی بووە هەڵقەندووە. لەم کارەدا هیچ شک و گومانێک نیە، چونکە تاجی پادشا وەک ئەو تانجەیە کە لەسەر سکەکانی بارامی یەکەمدا دەبیندرێ و لەگەڵ تانجی نەرسە جیاوازە.

٨۶ - زارە - هێرتسفێلد، نەخش و... وێنەی ۴١ و ل ٢١۵ بەرەودوا؛ زارە، سنعاتەکانی ئێرانی کۆن، وێنەی ٧٨؛ مێژووی سنعاتەکانی پۆپ ١۵۶ A,IV.

٨٧ -هێرتسفێلد، پایکۆلی، ل ۴٢ هتد؛ ڕووناکایی تازە لە مێژووی ئێرانا لە ڕووی بەردەنووسەکانی پەهلەوی‌ڕا، گۆڤاری کاما، ژمارە ٧، ل ١١٠ - ١١١ و سکەکانی کووشانی و ساسانی، نامیلکەکانی شوێنەوارناسیی هیند، ژمارە ٣٨.

٨٨ - بە بڕوای هێرتسفێلد، باڵندەیەک بە ناوی «واریغنە»، سەمبولی خودای سەرکەوتن واتە «ڤێرسرێغن»ە. ڕاپۆرتی لەمێژین، ب ٩، ل ١٠١، یادداشتی ٣؛ بە بڕوای بێنوێنیست ئەم مەلە بازە یان شەهێنە. ڤێرتێر و ڤێرسرێغن، ل ٣۴.

٨٩ - بڕوانە وێنەی ژمارە دووی ئەم کتێبە، لای ڕاست.

۹۰ - دییوولافوا، ب ۹، وێنەی ۱۴؛ زارره - هێرتسفێڵد، نەخش و...، وێنەی ۵ و ل ۷۱ هتد؛ واسمێر؛ نامەی سکەناسیی، زنجیرەی۵، ب ۸، ل ۲۸۶ - ۲۸۸.

۹۱ - دییوولافوا، ب ۵، وێنەی ۲۱؛ زارره - هێرتسفێڵد، نەخش و...، وێنەی ۴۲ و ل ۲۱۷ هتد؛ زارره، سنعاتەکانی ئێرانی کۆن، وێنەی ۷۹؛ مێژووی سنعاتەکانی پۆپ، B,IV ۱۵۶. لە «بەرەم دەلک» لە نیزیکی پاسارگادی کۆن، لە سەر بەردێک دوو دیمەنی هەڵکەندراو وەبەرچاو دێن کە بە تێپەڕینی ڕۆژگار زۆر خوراون و هەڵوەریون. زارره، نەخش و...، وێنەی ۳۲ و ل ۱۸۷ هتد، لای وایە کە ئەم دیمەنە چوونە سەر دەسەڵات و پاڵدانەوە لە پاڵەوپشتی فەرمانڕەوایەتی وەهرامی یەکەم یان وەهرامی دووەم و شاژن نیشان دەدا.

۹۲ - دەروازەی ئاسیا، ل ۴۳ - ۴۴.

۹۳ - زارره - هێرتسفێڵد، نەخش و...، وێنەی ۸، ۵۱؛ بەراورد بکرێ لەگەڵ زارره، سنعاتەکانی ئێرانی کۆن، ل ۴۱.

۹۴ - بابلۆن (Babelon) پێرستی نەقیمەکانی کتێبخانەی نەتەوەیی پاریس، ژمارە ۳۶۰. زارره، سنعاتەکانی ...، وێنەی ۱۴۵؛ هیرتسفێڵد، ڕاپۆرتی لەمێژین، ب ۹، ل ۱۳۷.

۹۵ - شنایدێر، گنۆمۆن، ب ۹، ل ۳۴۴، یادداشتی ۱. بە ورد بوونەوە و خوێندنەوەی بەسەرهاتی پادشایانی دەورەی یەکەمی ساسانی کۆمەڵێک نیشانە و ئاماژەی دۆزینەوە و ڕاوێژ و کاکڵی بەردەنووسی پایکۆلیش ئۆبالی ئەمەی بۆ دەکێشن کە وریابوونەوەی نەتەوەیی ئێرانییەکانی سەردەمی ساسانی لە دەورانی نەرسەدا گەیوەتە قۆناخی ڕەسیدە بوون.

۹۶ - نۆڵدکێ، تەبەری، ل ۴۲۶.

۹۷ - دییوولافوا، ب ۵، وێنەی ۱۶؛ زارره - هێرتسفێڵد، نەخش و نیگارە هەڵکەندراوەکان، وێنەی ۹، ل ۸۴ و دواتر؛ زارره، سنعاتەکانی ئێرانی کۆن، وێنەی ۸۱؛ مێژووی سنعاتەکانی پۆپ، B, IV ۱۵۷.

۹۸ - بەراورد بکرێ لەگەڵ هێرتسفێڵد، پایکۆلی، وشەی ژمارە ۵۳۲.

۹۹ - یووستی، فقەاللغە (وشەدان)، ب ۲، ل ۵۲۰.

۱۰۰ - نۆڵدکێ، تەبەری، ب ۵۱، ژمارە ۳. هێرتسفێڵد لە ڕووی بەردەنووسێکی تەختی جەمشیدەوە کە خوێندنەوەی بێ کەموکووڕی نیە، وای داناوە کە شاپوورێکی تر برا گەورەی شاپووری دووەم مەشهوور بە سەکانشا بووە، پایکۆلی، ل ۱۲۱ و ۵۰ و ڕاپۆرتی لەمێژین، ب ۴، ل۲.

١٠١ - تەبەری، ل ٨٣٧؛ نۆلدکێ، ل ٥٤.

١٠٢ - ڕۆتشتەین، میرانی لەحمی، ل ١٣١ بەرەودوا.

١٠٣ - نووسەرانی عەرەب کە نووسینەکانی خۆیان لە سەرچاوەکانی ساسانی وەرگرتووە، بەگشتی نازناوی شاپووریان بە هەڵە کردۆتە «ذوالاکتاف». نۆلدکێ لەسەر ئەو بڕوایەیە کە حەسڵی ئەم لەبزە نازناوێکە بە مانای «چوارشانە» یانی «کەسێکی کە کاروباری یەکجار قورس و گرانی دەوڵەتی لەسەر شانە.» لەگەڵ ئەمەشدا هەمزەی ئیسفەهانی و چەند نووسەرێکی دیکەش کە پەیڕەوی ئەون، لەبزی فارسی ئەم وشەیان بە «هۆبە سونبا» نووسیوە کە بە واتای «شانکونکەر»ە. نۆلدکێ وای بۆ دەچێ (تەبەری، ل ٥٢، یادداشتی ١) کە ئەم واژەیە ساختە بێ و لە ڕووی وشەی عەرەبی «ذوالاکتاف»ەوە ساز کرابێ، بەڵام ئەمەی کە لەبری وشەی «شان» واژەی کۆنی فارسی واتە «هۆبە»یان کە بە مانای شان بووە، دەکار کردووە، بە بڕوای من بۆچوونی «هەمزە» ڕاستە و هۆبە تەواو پەهلەوییە و ئەو مانایەش کە لێیان داوەتەوە؛ بەگوێرەی سەرچاوە کۆنەکانە، ئەو جاریش خۆ لە مێژووی ساسانییەکاندا ئەمە یەکەم نۆرە نیە کە باسی ئەم چەشن سزادانە کرابێ. خوسرەوی دووەم کە لە ئەستێرەناسان بە قین داچوو، هەڕەشەی لێکردن کە یەسقانی شان و شەپیلکیان دەردێنێ. (تەبەری، ل ١٠٢؛ نۆلدکێ؛ ل ٣٠٧).

١٠٤ - پیترز، دەستێوەردانی سیاسیی کۆنستانسی دووەم لە ئەرمەنستانی گەورەدا لە ساڵی ٣٣٨ی زایینی؛ کورتەی بڵاڤۆکی بەشی ئاکادیمیای پادشایەتی بلژیک، زنجیرەی ٥، ب ١٧، ١٩٣١.

١٠٥ - مارکوارت، ئێرانشار، ل ٣٦ و ٥٠. لەو ڕستەیەدا کە ئامیانووس هێناویەتی (کتێبی ١٧، بەندی ٥؛ کۆپلەی ١) لەبری وشەی گیلانی (گیل)ەکان، سەکێستانی هێناوە، بەڵام کاری خودی مارکوارتە. واوێدەچێ کە لە هەڕەتی منالی شاپووردا، سەکێستان سەربەستی وەدەس هێنابێ.

١٠٦ - تێمیستیاس، بڕواننە بەرهەمەکانی ئامیانووس مارسێلینووس، چاپی ڤالیسیووس (Valesius)، ل ١٣٨.

١٠٧ - پاتکانیان، گۆڤاری ئاسیایی، ١٨٦٦، ژمارە ١، ل ١١٦.

١٠٨ - مارکوارت، ئێرانشار، ل ٩٥و ١٠٣. داریال ڕوخساری کورتکراوەی «دەرالان» (دەرگای ئالانییان)ە. بەراورد بکرێ لەگەڵ وتاری پیترز Analecta Bollandiana ب ٥٢، ١٩٣٤، ل ٣٥.

١٠٩ - گریمانەی ئەمە لە گۆڕێ دایە کە مەبەستی فۆستووسی بیزانسی لێرەدا سەبارەت بە کووشان، خیوونییەکانی ڕۆژاوا بێ، مارکوارت، ئێرانشار، ل ٥٠.

١١٠ - لە چینی دیواری شاری فەرکین (میافارقین، مارتیرۆپۆلیس، تیگرانۆکرێتا) ناوەندی ئەرزەنان (لێهمان - هەوپت، ئەرمەنستان)، ب ١، بەشی ١٣، بەردی چوارگوشەی وا بەرچاو دەکەوێ کە بە یۆنانی لە سەریان نووسراوە. ئەم بەردانەیان جێگۆڕکە پێکردووە و جارێ هێندێکیان ونن، لێهمان هەوپت (هەرئەم کتێبەی پێشوو، ل ٤١. هتد) هەوڵی داوە دەقی بەردەنووسەکە کە بە فەرمانی یەکێک لە پادشایانی ئەرمەنی نووسراوە، ڕاستی بکاتەوە و تەواو بیهێنێ و بڵێ کە ئەم بەردەنووسە باسی گیرانەوەی دووبارەی تیگرانۆکرێتایە پاش ڕاپەڕینەکەی ئەو شارە و دەیسەلمێنێ کە لە پشتپەردەی ئەو مەبەستە هەر ئەم ڕووداوەی ئێمە خۆی حەشارداوە و «بۆشات» بنیاتنەری ئەم بەردەنووسەیە. دوو سەعات و نیو ڕێ لەو لای فەرقینەوە «لێهمان هەوپت» لە سەر تەختەبەردێکی کە قەڵای «بۆشات»ی «کوردان»ی لەسەر ساز کراوە، نەخش و نیگاری پادشایەکی ساسانی، ئەسپسواری دۆزیوەتەوە کە ڕووی کردۆتە لای ڕاست و پیاوێکی پیادە بە دووی ئەسپەکەیدا دەڕوا. ئەم سوارە شاپووری دووەمە و ئەو شەقڵەبەردە باسی سەرکەوتنی شاپوور بە سەر ئەرشەکی باوکی پەپدا دەگێڕێتەوە کە چەند ساڵێک بەر لەو کاتی ڕووی داوە. (هەمان سەرچاوە، ل ٤١٩ - ٤٢٠)

١١١ - لە گێڕانەوەی کورتەیەکی میژووی تاریک و شەمزاوی پەیوەندی ئەرمەنستان لەگەڵ ئێران و ڕۆم بە باری زاراوە وشەکانیدا پەیڕەویمان لە یووستی کردووە (یووستی، وشەدان، ب ٢، ل ٥٢٤ بەرەودوا) کە کەلکی لە تەواوی سەرچاوەکانی ئەرمەنی و ڕۆمی و بیزانسی وەرگرتووە. بەراورد بکرێ لەگەڵ مارکوارت، توێژینەوەکانی سەبارەت بە میژووی ئێران، ب ١، ل ٤٤ هتد.

١١٢ - نەخشی داتاشراوی بۆشات کە پێشتر باسی کرا، کەوتۆتە قەڵەمڕەوی ئەرمەنسانی کۆن.

١١٣ - ئامیانووس، کتێبی ١٨، بەندی ٨.

١١٤ - ئەم کەسە کابرایەکی ڕۆمی و پەنانشینی بارگای ئێران بووە.

١١٥ - لێرەوە دیارە کە هۆزی خیوونی زەردەشتی نەبوون، چونکە سووتاندن و ناشتنی مردووان لەم ئایینەدا قەدەغە بوو.

١١٦ - سکاکان، واتە خەڵکی سەکێستان.

۱۱۷ - ئامیانووس، کتێبی ۱۹، بەندی ۱ - ۸.

۱۱۸ - ئامیانووس، کتێبی ۲۲، بەندی ۷، کۆپلەی ۲.

۱۱۹ - لابوور، ل ۳۰۵، یادداشتی ۱.

۱۲۰ - بڕوانە بەشی ۶.

۱۲۱ - ئامیانووس، کتێبی ۱۹، بەندی۱، کۆپلەی ۶ و کتێبی ۲۷، بەندی ۱۲، کۆپلەی ۱۱ و ۱۸.

۱۲۲ - لابوور، ل ۶۸.

۱۲۳ - ئامیانووس، کتێبی ۱۸، بەندی ۱۰، کتێبی ۱۹، بەندی ۹.

۱۲۴ - هەمان، کتێبی ۲۰، بەندی ۶، کۆپلەی ۷.

۱۲۵ - هەمان، کتێبی ۲۷، بەندی ۱۲، کۆپلەی ۱۴.

۱۲۶ - ئامیانووس نووسیویەتی Para بەڵام PaPa ڕاستە.

۱۲۷ - ئامیانووس، کتێبی ۲۷، بەندی ۱۲، کۆپلەی ۱۲.

۱۲۸ - لابوور، ل ۷۰.

۱۲۹ - هێرتسفێڵد؛ لە زارە - هێرتسفێلددا، نەخش و نیگارە هەڵکەندراوەکان، ل ۱۳. هتد و پایکۆلی وشەی ژمارە ۶۷؛ مارکوارت - مێسینا، فێهرست، ل ۹۶ - ۹۷.

۱۳۰ - خاوەنی نازناوی کرمانشا، چونکە لە زەمانی باوکیڕا حکوومەتی «کرمان»ی بە دەس بوو. بەپێی بۆچوونی نۆلدکێ، شاری کرمانشا لە ئێرانی ڕۆژاوادا، نازناوی ئەم پادشایە دەخاتەوە یاد. (تەبەری، ل ۷۱، یادداشتی ۳).

۱۳۱ - شکڵی ئەرمەنییانەی ناوی پارسی وەهرام شاپوور.

۱۳۲ - دییوولافوا، ب ۵، ل ۹۵ بەرەودوا؛ مۆرگان، ڕاسپێراوێتی زانستیی لە ئێراندا، ب ۴، ل ۳۰۳ هتد؛ هێرتسفێڵد، دەروازەی ئاسیا، ل ۵۷ هتد.

۱۳۳ - هێرتسفێڵد، دەروازەی ئاسیا، ل ۵۸.

۱۳۴ - هەمان، وێنەی ۲۹، ل ۵۹ و هتد؛ مێژووی سنعاتەکانی پۆپ، ۱۶۰A,IV1.

۱۳۵ - هەمان، وێنەی ۳۱ و۳۲ و ل ۶۶ بەرەودوا.

۱۳۶ - هێرتسفڵێد، دەروازەی ئاسیا، ل ۶۸.

بەشی
٦

مەسیحییەکانی ئێران

بنکەی ژین
www.zheen.org

پەرەگرتنی پەساپەسای دەسەلاتی پیاوانی ئایینی و مەزن و ماقوولانی پلە یەک - گەشەی ئایینی زەردەشتی هەتا چلەپۆپە - دۆزی یەهوود ونەسارا لە دەولەتی پادشایەتی ئێرانا - پەیکەردە و ئازاردانی مەسیحییەکان لە سەردەمی شاپووری دووەمدا - فەرمانڕەوایەتی یەزدگردی یەکەم و وەهرامی پێنجەم - وزورگفەرمادار مێهرنەرسە و بنەمالەکەی - هەلبڕینی دووبارەی مەسیحییەکان - یەزدگردی دووەم - کاروباری ئەرمەنستان - شەهیدانی عیسایی سۆریانی و ئێرانی - گێرە و کێشەی یەعقووبییەکان و نەستووریییەکان پێکەوە - پیرووز و وەلاش - هرووژمی هەفتالییان - زالبوونی ڕێبازی نەستووری - دامودەزگای دادوەریی دەولەتی پادشایەتی ئێران - چاوخشاندنێک بە سەر کتێبی کردەوکانی شەهیدانی ئێرانا

دامودەزگای بەرفرەوانی بەڕێوەبەرایەتی دەولەتی ساسانییەکان تازە دانەمەزرابوو. بەگشتی ڕوالەتی ڕێکخستنی دامودەزگا و پلە و ناو و نازناوەکانی پیاوانی دەولەت بە یادگاری چاخی ئەشکانییەکان دادەندرا. لە سەردەمی ئەشکانییانەوە نەجیمزادەکانی مەزنی هۆز و تیران وەک بەشێک لە

گەورەپیاوانی بارگای مـیری لـە قەڵـەم دەدران، بـەڵام پادشـاکانی سـەرەتای حکوومەتی ساسانی دامودەزگای بەڕێوەبەرایەتی وڵاتیان وا تۆکمە و پتەو کرد کە هەتا ئەو زەمانی سەری پێی‌نەگەیبوو. ئەو فەرمانڕەوایانە هەودایەکی قایمیـان لە مابەینی حکوومەتانی ناوچەیی و هەرێمی و دەوڵەتی ناوەندی‌دا ڕائـەنگاوت. لە سەردەمی ئەشـکانییەکان‌دا گـرێ و تەنگـەژەی بـەڕێوەچوونی دامودەزگـای حکوومەتی هێندەی دەسەڵات بەرەو لاوازی پاڵ پێـوە نـابوو کـە دەوڵـەت وەک کۆمەڵە میرنشینێکی بچووک و باجدرە و نیچمە سەربەسـتی لێهـاتبوو کـە لـە دەوری ناوەندێکا کۆ ببوونەوە، بەڵام ئەو ناوەندش تووشی ئاڵۆزی و شـەپۆلی دەسدرێژی مەزنەخانەدانەکانی پارت هاتبوو کە بۆ ڕفاندنی دەسەڵات لـە چنـگ پادشـا ملانـە و پێشـبڕکەیان دەکـرد. ئەردەشـێری یەکـەم دامودەزگـای بەڕێوەبەرایەتی وڵاتی زۆر باش خڕهەڵدا و بەرەو کۆدەسەڵاتییەکی تۆکمەی برد و بوو بە هۆی گەورەیەتی دەوڵەتی ساسانییەکان. تێکڕای حوکمڕانانی ناوچە و سپاسالاری هەرێمەکان لەوی بەو لاوە بەتەواوی کەوتنە ژێر فەرمانی پادشا و بۆ ئەوەی بەگوێرەی داب و نەریتی خانخـانی، قەڵـەمڕەوی حکوومەتەکـەیان بـۆ هەمیشە نەکەنە میراتی پشتاوپشـت و بـە نـاوی خۆیانـەوە تۆمـاری نەکـەن، ئەردەشێری یەکەم وای دانا کە دەزگای بەڕێوەبەرایەتی وڵات بە لانـی ناوچـە و مەڵبەندا، هیچ پەیوەندییەکی ئیداریان لەگەڵ قەڵەمڕەوی حاکمـەکان نـەبێ و ڕاستەوخۆ هەوسـاریان بکەوێتـە دەسـتی فەرمانـڕەوا. کەوایـە بـەڕێوەبردنی کاروباری وڵات لە ناوچەکان درایە دەس نەجیمزادەکانی پلە دوو، واتە دێقانـان (قوڵەئاغاکان) کە هەمیشە سەبارەت بە شا و دەوڵەت وەفادار بـوون. هـەروەها دەزگا و دامەزراوە سیخوڕییەکانی کۆنی پتەوتر و کارامەتر کرد و لە ئاکاما ئـەم ڕێکخستنە بوو بە هۆی هەڵکشانی هێز و توانستی دەوڵەت. نیشانەی ئەم هێـز و توانایە ئەمەیە کە پادشایانی یەکەم و دووەمـی زنجـیرەی خانـەدانی ساسـانی توانیویانە خۆیان جێنشینەکانیان هەڵبژێرن.[1]

لەگەڵ ئەمەشا دامودەزگای خانخانی هەروا لە جێی خۆی بوو. واسـپۆهرانی گەورە کۆمەڵێک چەکداری ڕەمەکی گوندانیان کۆ دەکردەوە و دەیانبردنـە شـەڕ، بەڵام ئەم قۆشەنە گوندەکییانەی کە پێکدەهات لـە سـەربازانی بـێ ئـەزموون، خـاوەنی ڕێکخسـتنێکی ڕێـکوپێـک نـەبوو. هـەر بۆیـە دەسـتە و پۆلـە

بەکرێگیراوەکانیان بە باشتر دادەنا. لووتکە و بژاردەی لەشکری ئێران بریتی بوو لەو سواڕە زرێپۆشانەی نەجیمزادان کە وا دیارە زۆربەیان نەدەکەوتنە ژێر فەرمانی واسپۆهران، بەڵکوو ئەو قوڵەئاغا گوندەکی و خاوەن قەڵایانە، ڕاستەوخۆ دەچوونە ژێر ڕکێفی پادشا. زەوی‌وزاری هەرکام لە واسپۆهرانی ئێرانیش بەپێچەوانەی چاخی ئەشکانییەکان هەموو لە شوێنێک نەدەکەوتە سەریەک، بەڵکوو لە تەواوی گۆشە و کەناری وڵات پەڕاگەندە ببوو. سەرجەمی تەواوی ئەم کارانە وایان کرد کە نەجیمزادەکان نەیاندەتوانی بگەنەوە ئەو هێز و دەسەڵاتەی کە پێشتر بوویان.

بەڵام هەروەک دەورانی ئەشکانییەکان مەزنی هۆز و بنەماڵان بە پیاوماقوولّی بارگای پادشایەتیش دەهاتنە ژمار. هێندێک پلەوپایەی گرینگ لە مابەینی حەوت خانەدانە مەزنەکەدا بە میرات دەسووڕا و لەبەروەی وردەوردە دامودەزگای بەڕیوەبەرایەتی بە سەر بنەماکانی خانخانیدا سواربوو، ملکدارانی نەجیمزادە وایان کردە باو تا ئەو پلەوپایە بەرزانەی دەوڵەت کە بە میرات نەدەگەڕان تایبەت بدەن بە خۆیان. بەم شێوەیە هێز و دەسەڵاتیان پاراست، چونکە ئەگەر وا نەبا لە ئاکامی ڕەوتی پێگەیشتنی دەوڵەتا، بەتەواوەتی لاواز دەکەوتنەوە. جێنشینەکانی شاپوور پتریان کەسانێکی ناشیاو و لێنەوەشاوە بوون، هەر بۆیە پاش مەرگی ئەم پادشایە، خولێکی ۱۲۵ ساڵە گەڕی دا کە شا و گەورەپیاوانی نیشتمان لەسەر دەسەڵات و حوکمڕانێتی دەمیان تێکنابوو. مەزن و ماقوولانی پلە یەک دەستیان دابوویە دەستی ڕێبەرانی ئایینی و سەرلەنوێ مەترسییان بۆ دەسەڵاتی فەرمانڕەوایەتی نابوویەوە.

لە ڕووی سەرچاوەکانی بەردەستی مێژوویی ئێستاڕا، وردەکاری گێرە و کێشەی تووندوتیژی چینی موغان لەگەڵ پادشایانی سەردەم بە مەبەستی ڕاگرتن و پاراستنی هێز و برشتی خۆیان، وەدەس نایا. تەنیا بە هێنان و گێڕانەوە و تێکەڵ کردنی باس‌وخواسی نێو کتێبە جۆراوجۆرەکان تا ڕادەیەک دەتوانین لە ڕەوتی ئەو گۆڕانکارییانە ئاگادار بین و بزانین کە چلۆن بە پشتیوانێتی دەزگای ئیداری خانخانی، ڕێبەرانی ئایینی گەیبوونە پەڕەڕۆچکەی دەسەڵات. لە ڕووی ئەم سەرچاوانەوە بە شێوەیەکی تەماوی دەردەکەوێ کە بگرەوبەرد بووە لە مابەینی دوو شێوە بیر و بۆچوونی سەبارەت بە پەیوەندی نێوان پلەی

پادشایەتی و سەرۆکایەتی بالای ئـایینی، واتـە لایـەنگرانی هـەرکام لـەم دوو تێڕوانینانە پەیوەندی نێوان پادشا و مەزنی ڕێبەرانی ئایینییـان بـە چەشـنێکی جیاواز دەبینی. سوڵتانەکانی ساسانی هەمیشە لە بەردەنووسەکانـدا خۆیان بـە پەرستندەی مەزداھ (مەزدەیەسن) داناوە، کـەچی لـە هـەمان کاتـا خۆیـان بـە خواوەندگار «بەی» یان «بەغ» و لـە ڕەگـەزی خودایـان (یەزدانـەکان)ە نـاودێر کردووە.[٢]

شاپووری دووەم لەو نامەدا کە پێشتر باسی کرا و بۆ کۆنستانسی ئیمپراتۆری نووسیبوو، ئەو نازناوە نەخشینانەی بە بالای خـۆی بـڕیوە: «مـیری مـیران، هاوشانی ئەستێران، برای خۆر و مانگ.» خوسرەوی یەکـەم بـەم نازناوانـەوە دەنازی و خۆی بە «گەوهـەرێکی خـودایی، چاکـەکار، پەرەپێـدەری ئاشـتی و ئارامی لە وڵاتا، خۆشناو، جێگەی ڕێز، میری میران، بـەختیار، پیاوچـاک، خێرووەند، هەڵـبژاردەی ئیـزەدان بـۆ دەسـەڵات و بەختـەوەری، قارەمـانی قارەمانان و ساز کراو لە سەر بیچمی یەزدان»[٣] ناودێر دەکرد. خوسـرەوی دووەم تەنانەت بە خۆی هەڵداوە: «ئادمیزادێکی نەمر لە نێو خودایان، خوایـەکی فـرە مەزن لە نێو خەڵکاندا و خاوەنی ناوبانگی بەربڵاو و کەسێک کە لە دەرکـەوتن و درەوشانەوەیدا شانی لە شانی هـەتاو دەدا و ئـەوە کـە چـاوی بەخشـیوە بـە شەوگار.»[٤]

جا لەبەرەوەی کە تەنیا پادشایەک شایانی ئەم نازناوە شکۆمەندانە بوو کە بە باری سڵامەتیدا هیچ کەمایەسییەکی نەبێ، هێندێک جاران پادشاکان کـەسـانی بنەماڵەی خۆیان کە دەترسان ملانەیان لەگەڵ بکەن، کـوێر یـان نەقوسـتانیان دەکردن، هەتا نەتوانن دانیشنە سەر تەختی دەسەڵات. هەروەها شـیاوی خـودی پادشا نەبوو کە لە ڕێی کشتوکاڵ یان بازرگانێتی ماڵ و سامان وەسەرێەک بنێ. ئەو دەبوو لە سەرەتای فەرمانڕەوایەتیڕا بە دادپەروەری خۆ بداتە حکوومـەت و زەوی‌وزاری کشتوکاڵی نەکاتە ملکی خۆی و توجارەت نەکا[٥] و کار بـە غولامـان نەسپێرێ، چونکە ئەمانە هەرگیز ئامۆژگـاریی بـاش و بەکـەلک ناخەنـەڕوو. دەوڵەمەندی و شکۆمەندی پادشا و گەشە و نەشەی دامودەزگای میری تەنیا دەبێ لە ڕێی داهاتی دەوڵەتەوە بێ.[٦]

لەبەرەوەی کە پادشا بە بەچکەی خودایانی ئاسمانی دادەندرا، هەوڵی دەدا تا سەرۆکایەتی بالای کۆمەڵی دینیشی هەبێ. لە ئەفسانەی ئەردەشێری پابـەگانـدا

هاتووه که پابەگ (بابەک) لە خەونیدا دیتی که سێ ئاگری پیرۆز، یانی ئاگری جەنگاوەران، ئاگری ڕێبەرانی ئایینی و ئاگری وەرزێڕان، لە ماڵی ساسان کۆبوونەوە. بەگوێرەی ئەم ئەفسانەیە ساسان زاوای بابەک و باوکی ئەردەشێرە. لە شانامەی فیردوسیدا ئەو کەسانەی ڕوو دەکەنە پادشا، زۆر جاران بە «موبەد» ناوی دێنن و وادیارە دەبێ فیردەوسی ئەم بابەتەی لە سەرچاوەیەکی پەهلەوی وەرگرتبێ. ئەم ناوە دەریدەخا کە لە چاخی سەردەمی خوسرەوی یەکەمەوە بەرەودوا، ساسانییەکان هەر ئەو بیر و بۆچوونەی سەرجەللەی خانەدانی پادشایەتییان پەیڕەو کردووە کە ئەویش تێکەڵ کردنی دین و دەوڵەتە.

لە لایەکی دیکەوە کتێبی پەهلەوی «دینکەرد» کە پاش ساسانییەکان نووسراوە، ئەرک و مافەکانی فەرمانڕەوایەتی شی دەکاتەوە و دەکرێ بگوترێ کە ئەم بابەتانە پوختەی بۆچوونەکانی ڕێبەرانی ئایینی سەردەمی ساسانییە سەبارەت بە چۆنیەتی هێز و دەسەڵاتی پادشایەتی. ئەگەرچی ئەم بیر و باوەڕە لەبەر ئاڵوگۆڕی سیاسی چاخی خوسرەوان تۆزێک گۆڕاوە، بەڵام تایبەتمەندێتی خۆی بەو بارەدا کە باوەڕی جڵەودارانی ئایینییە، نەیگۆڕیوە. بەپێی کتێبی «دینکەرد»[۷] ئەرک و تایبەتمەندییەکانی پادشا بریتین لە:

۱ - پاراستنی ئەو مەبەستانەی کە سەبارەتن بە ئەرکی پادشاکان لە ئاست دینی بێهی (دینی زردەشتی = بێهدینی - بادینی). ۲ - هەبوونی عەقڵی ساخ و سەلیم. ۳ - ئاکاری چاک. ۴ - هێزی لێبووردن و چاوپۆشی. ۵ - نواندنی خۆشەویستی و گەرم وگوڕی سەبارەت بە جەماوەری ژێردەسەڵات. ۶ - هەبوونی هێز و توانستی دابین کردنی هێمنایەتی بۆ خەڵکی وڵات. ۷ - وروژاندنی شادی. ۸ - وەبیرهێنانەوەی بێپسانەوەی ئەم مەبەستە کە ژیان تیژتێپەڕە. ۹ - دنەدانی خاوەن مرخان و کارزانان. ۱۰ - تەمێی ناشیاوان. ۱۱ - جوان جووڵانەوە لەگەڵ سەرۆکانی وڵات. ۱۲ - دەرکردنی فەرمانی دادپەروەرانە. ۱۳ - هەڵنەگرتنی داب و نەریتی دیداری گشتیی لەگەڵ خەڵک. ۱۴ - دڵاوایی. ۱۵ - تووڕهەڵدانی چاوچنۆکی. ۱۶ - نەترساندن و دڵنیا کردنەوەی خەڵک. ۱۷ - هان دانی چاکەکاران و بەخشینی پلەوپایەی دەزگای میری و دەوڵەتی پێیان. ۱۸ - ورد و وریا بوون بۆ دانانی کاربەدەستانی وڵات. ۱۹ - تەواو ملکەچ بوون بۆ پەروەردگار.

لە ڕووی نێوەرۆکی ئەم کۆمەڵە ئەرک و ڕاسپاردە و ڕێوشوێنانەڕا کە وەک سایری قسە و ئامۆژگارییەکانی زانایانی ئایینی پارسی بێ شێوازێکی ڕێکوپێکن، بە جوانی دەردەکەوێ کە لەو چاخیدا بە باری دینیدا پلەی فەرمانڕەوایان چۆن تاوتوێ کردووە و هەروەها ڕوونیش دەبێتەوە کە هەتا کوێ ویستوویانە دین و حکوومەت تێکەڵ بکەن. ئەم تایبەتمەندییەی ئایینداری لە هەموو شوێنێکی کتێبی «دینکەرد»دا وەبەرچاو دێ، وەک ئەم ڕستەیە: [8] «باشترین پادشای ئەم دنیایە کەسێکە کە بڕوای بە دەستوورەکانی دینی بێهی بێ کە تێکڕایان لە ئاوەزی ئۆهرمەزد کەوتوونەوە.»

خۆشفەڕی خوداوەندی، شاهانی بەدکردار وەلادەنێ و هەر کە مەیل و ئاواتی ناپەسند و لێنەوەشاوەیی فەرمانڕەوایەکی وا دەرکەوێ، تازە مافی حوکمڕانێتی نیە. هەر وەختایەک دەستەنگی و چارەڕەشی باڵی بە سەر وڵات کێشا و پادشا توانایی ئەوەی نەبێ کە بە مشووری خۆی کۆتایی پی بێنێ یان لە خەمی خەڵکەکەیدا نەبێ و بە چارەسەری دەردان و دۆزینەوەی دەرمان نەزانێ، بێگومان ناتوانێ دادپەروەرانە خەریکی فەرمانڕەوایەتی بێ. کەوایە لە ئەستۆی جەماوەرە کە بە مەبەستی دابینی دادپەروەری دە گژی ڕابچن.»[9] لە ڕاستیدا دەوڵەتی ساسانیش حکوومەتێکی خودبەسەری میانەڕەو بوو کە لە ڕێی ڕاپەڕین و لە کارلادانی شاهانی نەشیاو پارسەنگی ڕاست دەکرایەوە. بۆیە تەماشا دەکەین کە هێزی پادشایەتی لە سەردەمی ساسانیدا جەغز و سنووڕێکی بۆ دیاری کراوە، بەڵام ئەم قەراروبڕییانە وەک یاسایەکی بنەڕەتی نووسراو ڕێکنەخراوە، بەڵکوو لەسەر تەوەرەی بنەما و ڕێسا و کۆمەڵێک نەریتی ئایینی و ئەخلاقی و باوەڕداڕێتی هەڵسووڕاوە و بەرەوڕووی پلەی پادشایەتی کراوەتەوە. بەکورتی ڕەنگبوو بە بیانووی جۆراجۆر پادشا بە لێنەوەشاوە تۆمەتبار بکرێ، بۆ وێنە هەرکات پادشایەک بەپێی ڕێنوێنییەکانی مەزنەپێشەنگی ئایین نەجووڵابایەوە، بە نەشیاو دادەندرا. بوونی ڕێسای لابردن و لادرانی پادشا چەکێکی مەترسیدار بوو بە دەس موبەدانەوە. ئەگەر چەند خوازیارێکی تەختی پادشایەتی سەریان بەرز دەکردەوە و هەرکامەیان پشتیان بە دەستە و تاقمێکی نەجیمزادەکانەوە پتەو بوو، دەنگی سەرۆکی ڕێبەرانی ئایینی دوا بڕیاری دەدا، چونکە ئەو بە نوێنەری دەسەڵاتی ئایینی و سەمبولی باوەڕ و بیر و بڕوای مەزەبی گەل دادەندرا.

هەروەک گوتمان، پادشایانی قۆناخی یەکەمی زنجیرەی میرانی ساسانی، خۆیان جێنشینەکانیان دیاری دەکرد. جێنشینایەتیمیری خاوەنی چوارچێوەیەکی دیاریکراو نەبوو، بەگشتی پادشایان یەکێک لە کوڕەکانیان بۆ جێنشینی دەسنیشان دەکرد، بەڵام ئیزنی ئەمەش هەبوو کە کەسانێکی دیکە هەر لە بنەماڵەی خۆیان هەڵبژێرن.

لەو چاخیدا کە دەسەڵاتی پادشایەتی لاواز ببوو، چەند پادشایەکی وەک وەهرامی پێنجەم و یەزدگردی دووەم کە سووربوونی خۆیان لەسەر ئایین بە هەموو چەشنێک دەسەلماند و کاروباری ولاتیان دەخستە ئەستۆی گەورەگەوران، باشتر ئیشەکانیان بۆ دەچوو بەڕێوە. وەهرامی پێنجەم پادشایەک بوو لەسەر سەلیقەی مەزن و ماقوولان دەڕۆیی، چونکە کاتوساتی ژیانی لە عەیش و نۆش و ڕابواردن و غار و ڕەمبازیدا تێپەڕ دەکرد. پیرووز ئەگەرچی لەگەڵ پادشای «هیاطله» پەیمانی شکاندبوو، بەڵام لەبەر دینداری و چاکەکاری لە لایەن کۆمەڵی پیاوانی ئایینییەوە تاریف دەکرا و پەسن دەدرا. ئەم فەرمانڕەوایەش مرۆڤێکی ئازا و دەسکەرەوە بوو، بەڵام شەڕەکانی بە بەدبەختی وڵات دەبڕانەوە. لەم ڕۆژگارەدا ئیدی پادشا خۆی جێنشینی دیاری نەدەکرد و پادشایەتی بە هەڵبژادن بوو، بەڵام دەبووا فەرمانڕەوا لە مابەینی خانەدانی ساسانی هەڵبژێرابا.

دانان و هەڵبژاردنی پادشا تایبەتی بەرزترین نوێنەرانی چینەکانی پێشەوایانی ئایینی و جەنگاوەران و دەبیران بوو. بەڵام ئەگەر تووشی ناکۆکی و دووبەرەکایەتی هاتبان، دەنگی موبەدی موبەدان لە هەمووان سەرتر بوو. بەگوێرەی «نامەی تەنسەر»[10] هەڵبژاردنەکە ئاوا بەڕێوە دەچوو: پادشا بە دەستی خۆی سێ نامەی دەنووسی و هەر یەکەی دەدایە دەس پیاوێکی ئەمین و باوەڕپێکراو؛ یەکیان بۆ گەورەی موبەدان، دووەم بۆ سەرۆکی دەبیران و ئەویتر بۆ ئێرانسپابود. هەروەک دارمێستێتێر وەبیری هێناوەتەوە[11] گوێا ئەم نامانە تەنیا بریتی بوون لە «چەند تێبینییەکی گشتی سەبارەت بە ئاکار و کردار و مرخ و توانستی بەربژارەکانی پلەی پادشایەتی و خستنەڕووی کۆمەڵێک بابەت دەربارەی پێداویستییەکانی وڵات، نەک ڕاسپاردەیەکی ڕوون و ئاشکرا سەبارەت بە هیچکام لە بەربژارەکان، چونکە ئەگەر وا نەبووایە تازە ڕاوێژ و هەڵبژاردن لە لایەن ئەم سێ کەسە پایەبەرزەوە نرخ و بایەخی نەدەبوو.»

نامەی تەنسەر بابەتەکە ئاوا دەکاتەوە: «هەر کە پادشا دەستی لە جیهان بەردا، مووبەدانمووبەد ڕادەسپێرن بێ و دوو کەسەکەی دیکەش کۆ دەبنەوە و بیرورا دەگۆڕنەوە و دەنگ دەدەن و مێوومۆری سەر نووسراوەکان لادەبەن هەتا بزانن کام کوڕیان بۆ پادشا دیاری کردووە. ئەگەر دەنگی سەرۆکی مووبەدان لەگەڵ دەنگە سێ قۆڵییەکە ڕێک بێ، خەڵک ئاگادار دەکەن و ئەگەر مووبەدانمووبەد ڕازی نەبێ، نایدرکێنن و هیچ شتێک دەربارەی نووسراوەکان یان دەنگ و بۆچوونی مووبەد ناخەنە بەرگوێی جەماوەر، هەتا سەرۆکی مووبەدان بەتەنیا لەگەڵ هیربەدان و دینداران و پیاوچاکان تاقەوەبێ و ڕوو بکاتە پەرستن و نزا و پاڕانەوە و دوابەدوای ئەو جەماوەری پاک و چاک بکەونە لاڵانەوە و باری سەردانەواندن و گریان و لۆرانەوە و گوتنەوەی ئامین ئامین. پاش نوێژی خەوتنان کە لەو دۆعا و نزایە بوونەوە، ئەوەی کە خوداوەندی میری مەزن لە دڵی مووبەدی بنێ، تێکڕا باوەڕی پێدەکەن و لەو شەوەدا تاج و تانجەڵە لە بارگا دادەگیرێن و پلەداران و خاوەن پیشەکان هەر کەس لە شوێنی تایبەتی خۆی ڕادەوەستێ. مووبەد لەگەڵ هیربەدان و مەزنان و پیران و سەرکردەکانی دەوڵەت ڕوو دەکاتە کۆڕی پاشازادان و تێکڕا لە پێشەوە ڕێز دەبەستن و دەڵێن: «ڕاوێژی خۆمان بردە لای خودای گەورە، ڕێگای ڕاستی وەبەرناین و چی باشە لێی ئاگادار کردینەوە.» ئەمجار سەرۆکی مووبەدان بەرز دەنگی هەڵدەبڕێ و دەڵێ: «مەلاییکەکان[12] بە پادشایەتی فلانی کوڕی فیسارە کەس ڕازی بوون، کەوایە ئێوەش ئەی خەڵکینە ئۆباڵ بکێشن و مژدەتان لێ بێ.» ئەو پادشازادەیە دێنن و لەسەر تەختی دادەنێن و تاجی دەکەنە سەر و دەستی دەگرن و دەڵێن: «قبوولت کرد لە خوای مەزنی بەرزەناو لەسەر ڕێبازی دینی زەردەشت کە شاهەنشا گوشتاسپی کوڕی لوهراسپ پتەوی کرد و ئەردەشێری کوڕی بابەک بە ڕەوتی ژیانەوەیدا گەشەی پێدا.» پادشا لەسەر ئەم پەیمانە قبوولی دەکا و دەڵێ «خودا پشتیوان بێ کە لەسەر بەرژوەندی خەڵک بڕۆم.» خزمەتکار و پاسەوانەکانی لەگەڵی دەمێننەوە و حەشیمەتەکەی دیکە هەر کەسە ڕوو دەکاتەوە سەر کاروباری خۆی».

کەوایە هەڵبژاردنی پادشا لە قۆناخی دوایدا بۆ دەنگی گەورەی مووبەدان دەگەڕایەوە کە ئەرکی پڕشانازی تاج لە سەرنانیشی[13] بە ئەستۆوە بوو. خودی ئەم بابەتە بە ڕادەی پێویست پلەوپایەی ڕێبەرانی ئایینی زەردەشتی و سەرجەللەکەیان لەو سەردەمیدا ڕوون دەکاتەوە.

لە ڕووی ئەو پێرستەوە کە یەعقووبی و مەسعوودی لە کتێبی «تەنبیە»دا دەیخەنەڕوو و سەبارەتە بە خاوەن پلەکان، دەکرێ لە بابەت ئەو ئاڵوگۆڕەی کە لە نیوەی یەکەمی سەدەی پێنجەمدا ڕووی داوە، زانیاری وەدەس بێ. ئەو جەللەیەی کە یەعقووبی هێناویەتی وادیارە دەبێ سەبارەت بێ بە سەرەتای ئەو سەدەیە و کەمتاکورتێک هاوچەرخی جەنگەی پادشایەتی یەزدگردی یەکەمە. [14] هەر لەڕێوە دوای پادشا[15] ناوی «وزورگ‌فەرمادار»ی بردووە و پاشان بە ڕیز مووبەدان‌مووبەد، هیربەدان‌هیربەد، دەبیربەد و سپابود (سپابەد) کە «پادگووسپان»ێکی لە ژێر فەرمانی‌دا بووە، [16] لیزگەی کردوون. نووسەر لە درێژەی باسەکەی‌دا دەڵێ کە سەرۆکی شارستان (مەڵبەند) پێی‌گوتراوە «مەرزبان» (سنووروان) و حوکمڕانی ناوچە «شەهریگ» و ئەفسەرانی سپا «ئەساوەرە»[17] و دادوەرانی نێوبژیوانی و ئاشتی «شاهریشت» (؟) و سەرۆکی شووڕای دەزگای بەڕێوەبەرایەتی «ئێران ئامارگەر». [18]

بەگوێرەی نێوەرۆکی «کتێبی ئەتتەنبیەھ»ی مەسعوودی، کە لە ڕووی «کارنامگ»ەوە گێڕدراوەتەوە و کەموزۆر باسی بارودۆخی ئێرانی سەردەمی یەزدگردی دووەم دەکا، دیارە ڕێکخستنی پلەوپایە لە نێوەڕاستەکانی سەدەی پێنجەمدا بەم چەشنە بووە: [19] ۱ - مووبەدان‌مووبەد (کە هیربەدان‌هیربەد بریکاری بووە.) ۲ - وزورگ‌فەرمادار ۳ - سپابود[20] ۴ - دەبیربود ۵ - هووتەخشبەد کە «واستریووش‌بەد»یشی پێدەگوترا (واتە پارێزە وسەرۆکی تەواوی ئەو کەسانەی کە کاری دەستی دەکەن وەک سنعاتکاران، وەرزێڕان، بازرگانان و هتد). ئەم پێنج کەسە «سەرۆکان و جڵەودارانی دەوڵەت و کەیخودای نێوان شا و جەماوەر بوون» کە ئێمە پێیان‌دەڵێین جڤاتی وەزیران. ئەمانە نوێنەرانی چینە چوارقۆڵییەکان بوون، لەگەڵ مەزنەوەزیر (وزورگ‌فەرمادار) کە نوێنەری شا بوو. مەسعوودی لە نێوان تێکڕای پلەداران‌دا باسی مەرزبانانی کردووە کە سەرکردەی هەرێمەکانی سەرسنووران بوون و ژمارەیان بەگوێرەی چوارقۆڵەی دیاری‌کراو، چوار بووە.[21] لەم جەللەیەدا کە مەسعوودی نووسیویەتی، گەورەی مووبەدان کەوتۆتە پێش مەزنەوەزیر. کەوایە مەزنی مووبەدان لە نێو سەرۆک و سەرکردەکانی ولاتا کەوتۆتە پلەی یەکەم.

✧✧✧

موغانی زەردەشتی زۆر دەمارگرژ بوون و لە نێوخۆی وڵاتا ڕێیان بە هیچ ئایینێکی دیکە نەدەدا. بەڵام ئەم دەمارگرژییە زیاتر دەگەڕایەوە سەر باری سیاسی، چونکە دینی زەردەشتی دینێکی وا نەبوو کە سەرۆک و پێشەواکانی خەریکی بڵاو کردنەوەی بانگەشەی ڕزگار کردنی تەواوی ئادەمیزاد بووبن، بەڵام لە نێو پەرژینی وڵاتا بانگەشەی دەسەڵاتی تەواو و بێ ئەملا و ئەولایان پەرە پێدەدا. ئەوان متمانەیان بە پەیڕەوانی ئەو دینانەی دیکە نەدەکرد کە بە حەشیمەتی ئێران دادەندران، بەتایبەت ئەگەر لە وڵاتێکی غەوارەدا گەیشتبانە ئاستێکی بەرز. ئەم چینەی ڕێبەرانی ئایینی مەترسی بوونی مانەوییەکانیان لە نێوخۆی دەوڵەتی پادشایەتیدا ڕەواندەوە. لکوپۆپە جووەکانی بابل بۆ ئایینی زەردەشت و دەوڵەتی ئێران بە مەترسی دانەدەندران. ئەگەرچی ئەردەشێری یەکەم ڕوویەکی خۆشی بە جوولەکان نیشان نەدا و پەیڕەوانی ئەم ڕێبازە هەمیشە دەستی خۆیان دەشکاندەوە بۆو ئازداییەی کە لە سەردەمی ئەشکانییەکاندا بوویان و خەمیان بۆ دادەگرت. جووەکان لە خولی یەکەمی چاخی ساسانیدا جارجار دەکەوتنە ژێر تەوژم، بەتایبەت وەختایەکی کە دەیانویست خۆیان لە دانی پیتاک بدزنەوە. کەچی لە سەریەک ئەم ڕێبازدارانە بە شێوەی گشتی لە ژێر سێبەری باڵی پادشای ئێراندا لە ئاشتی و ئارامیدا دەژیان، [۲۲] بەڵام بارودۆخی ژیانی ئەوان لەگەڵ مەسیحییەکان زۆر جیاواز بوو.

لەو جەنگەدا کە فەرمانڕەوایانی ساسانی هاتنە سەر حوکم و جێی ئەشکانییەکانیان گرتەوە، مەسیحییەکان ناوەندێکی گرینگی گەشە و بڕەوپێدانی دینییان لە شاری ئەڕڕەها دامەزراندبوو. هەروەک دیتمان دەوڵەتی ئێران لەو شەڕە گەورانەدا کە لەگەڵ ڕۆم کردی، دیلەکانی لە مەڵبەند و ناوچە دوورەدەستەکانی وڵاتی ئێرانا نیشتەجێ کرد. پادشایان لە هێرشەکانیاندا بۆ سەر سووریا، جاری وابوو تێکڕای دانیشتووانی شارێک یان ناوچەیەکیان کۆچ پێدەدا و لە مەڵبەندێکی نێوخۆی وڵاتا بنەگریان دەکردن. لەبەروەی کە بەشی هەرە زۆری ئەم کۆچەرانە عیسایی بوون، ئایینی مەسیحایەتی لە هەر سووچێکی وڵاتی ئێران تۆزێکی بڕەو پەیدا کرد. [۲۳]

لە سەرەتای سەدەی چوارەمدا «پاپا بەرعەگایی» (pâpâ bar Ággai) ئۆسقۆفی سلووکیە - تیسفوون هەوڵی دا ڕەوت و ڕێچکە مەسیحییەکانی ئێرانی

لە ژێر فەرمانی سەرۆکایەتی ناوەندی ئایینی تیسفوون‌دا کۆ بکاتەوە و ئەمە کێشە و دەمەقڕەیەکی لێ ساز بوو کە بەزەردەی عیسایی‌یەکان بڕایەوە. سەرەنجام کارەکە وای لێهات کە ئەنجومەنێکی مەسیحییان «پاپا»یان لێخست، بەڵام هەڵڵاکە نەبڕایەوە. زۆرێک لە شارەکانی ناوچەکانی ئەرمەنستان و کوردستان لە ڕۆژهەڵاتی دیجلە هەتا «کەرکووک» و لە «حۆلوان» (حەلوان) و «گوندی‌شاپوور» و «شووش» و «هۆرمزد ئەردەشێر»، لە خاکی خووزستان، ئۆسقۆفنشین بوون. «ئەفرەعت» (Afrrat) کە پیاوێکی هەڵکەوتەی عیسایی‌یەکانی سۆریانی بوو لەو سەردەمی‌دا، لە چاردەمین خوتبەی خۆی‌دا باسی بارودۆخی تاڵوتوونی ژیانی مەسیحییەکانی ئێرانی لە سەدەی چوارەم‌دا خستۆتەڕوو و دەڵێ کە پێشەوایانی دینی عیسا لەو کاتی‌دا کەمتر خۆیان لە قازانج و بەرژەوەندی کۆمەڵ و ڕاپەڕاندنی فەرمانەکانی خواوەندی داوە و پتر ڕوویان کردۆتە بازنەی بەرزەدەماخی خۆیان. خۆ بە زل زانی و چاوچنۆکی و ئێرەیی و کڕین و فرۆشتنی کەلوپەلی پیرۆز ئەو کاتی لە نێو سەرجەلەکانی عیسایی هەرێمی ڕۆژهەڵاتا تەواو بڕەوی هەبوو و تەنانەت لە جەنگەی تەوژم و پەیکەردەش‌دا دەستیان لەم کارە[۲۴] هەڵندەگرت و ئەم باروهەوایە بە هیچ چەشنێک لە دەمارگرژی و تووندوتیژی ئەوانی سەبارەت بە مانەوییەکان و والانتینییان و مەرقیوونییان و دەیسانییان و سایری ڕێچکە و ڕێبازە گنۆستیکییەکان کەم نەدەکردەوە.

هەتا ئەو زەمانەی کە دەوڵەتی ئیمپراتۆری ڕۆم خاوەنی دینێکی ڕەسمیی نەبوو، مەسیحییەکانی ئێرانی لە هێمنی و ئارامی‌دا دەژیان، بەڵام وەختایەک قوستەنتینی ئیمپراتۆری ڕۆم بڕوای بە مەسیحایەتی هێنا، بارەکە گۆڕا. عیسایی‌یەکانی ئێران کە بەتایبەت لە ناوچەکانی سەرسنووری دراوسێی ڕۆم بە زۆروزەوەندی دەژیان، گیرۆدە و دڵبەستەی دەوڵەتێکی بەدەسەڵاتی هاودینیان بوون. ئەفرەعت زاڵبوون و سەرکەوتنی یەکجارەکی «تیرەی خودا» واتە ڕۆمییەکانی پێشگۆیی کردبوو و گوتبووی ئەگەر بێتوو ئێرانییەکان سەرکەون، دەگەڕێتەوە سەر تووڕەیی و غەزرینی خوداوەند و تەمێیانەی ئەم نەتەوەیە، بەڵام لە کاتی خۆی‌دا جانەوەری ئاپۆکالیپس (جانەوەرێکی سەیروسەمەرەی ئاخرزەمان) دەکوژرێ.[۲۵] بەگوێرەی نامەی کردەوەکانی شەهیدان، شاپووری

دووەم نامەیەکی ئاوای بۆ شازادەکانی ولاتی ئارامی نووسی: «هەر کە ئەم دەستوورەتان پێگەیی کە لە لایەن ئێمەی خوداوەندگارەوە دەرچووە، شەمعۆن (سیمۆن)ی پێشەوای نەساری بگرن[۲۶] و هەتا وەختایەکی ئەم نووسراوەیە مۆر نەکا و سەرانە و پیتاکی دووقاتی تیرەی نەساری نەداتە خەزێنەی پادشایەتی کە لە ولاتی ئێمەی خوداوەندا دەژین، بەری مەدەن؛ چونکە ئێمە خوداوەندان سەرقالی کاروباری شەڕین و ئەوان لە ناز و تێر و تەسەلیدا ڕایدەبوێرن. ئەوان لە نیشتمانی ئێمەدا نیشتەجێن و لایەنگری قەیسەری دوژمنمانن.»[۲۷] شەمعۆن لە بەندیخانە تووندکرا و خۆی لە بەجێهێنانی فەرمانی «شا» پاراست و هەر کە ئەم هەواڵە گەیشتە شاپوور، بە تووڕەیی نەڕاندی و گوتی: شەمعۆن دەیهەوێ پەیڕەوانی خۆی بۆ ڕاپەڕین دنە بدا و ولات بداتە دەس قەیسەری هاودینی. لابوور کە مێژووی شەهیدانی مەسیحیی ئێرانی نووسیوە و خۆی کاتۆلیک بووە، پێی‌لێناوە کە ئەم درۆنگییە بێ بنەما نەبووە. بەڵام شەمعۆن لە ماوەی لێپرسینەوە و هەڵپێچانیدا، تۆماتی خەیانەتی بردەوە پاش و سەرەنجام کوژرا.[۲۸]

ئەم ڕووداوانە سەرەتای پەیکەردەی عیسایی‌یەکانی ئێرانە کە لە ساڵی ۳۳۹ڕا هەتا کاتی مردنی شاپووری دووەم درێژەی کێشا. بەتایبەت لە مەڵبەندەکانی باکووری ڕۆژاوایی و ناوچەکانی دراوسێی ڕۆم، ئازار و ئێشاندنی مەسیحییەکان زۆر بەگەرمە بڕەوی هەبوو. چەند کوشت و کوشتارێک قەومان و کۆمەڵێکیش دوور خرانەوە. لە ساڵی ۳۶۲ی زایینیدا «هلیۆدۆر»ی ئۆسقۆفیان لەگەڵ نۆهەزار عیسایی دانیشتووی شاری قایمی «فێنێک» (Phenek) لە «بێزبێدە» پاش ئەو سەرهەڵدانەی پێی‌هەستان، دووریان خستنەوە بۆ خووزستان.[۲۹] «سۆزۆمێن» مەسیحییە کوژراوەکانی سەردەمی شاپوور بە شازدە هەزار کەس دەقەبڵێنێ و ئەمە ئەو جەماوەرەن کە ناویان سەربەدەرەوە بووە. بە بڕوای لابوور ئەم ژمارەیە هەتا ڕادەیەک پێوەی زیاد کراوە. لە کتێبەکانی سۆریانی «کردەوەکانی شەهیدانی مەسیحی»دا ئازار و پەیکەردەی عیسایی‌یەکان کە ماوەی دووسەت ساڵان و نێوەنێوە درێژەی کێشاوە، باسی کراوە. ئەگەرچی ئەو کتێبانە بەوپەڕی دەمارگرژی نووسراون و بە کۆمەڵێک ئەفسانە ڕازاونەوە، بەڵام لەبەروەی پشتیان بەستووە بە دەستەیەک بە لگەنامە و سەرچاوەی

باوەڕپێکڕاو- بەتایبەت ئەو بەشەی کە سەبارەتە بە ڕۆژگارانی کۆنتر[30] - بە باری ناساندنی چۆنیەتی شارسانیەتی ئێران لەو سەردەمیدا بە یەکێک لە ژێدەرە باشەکان دەژمێردرێن.

ئەردەشێری دووەمیش کە دوای شاپوور گەیشتە تەختی دەسەڵات، عیسایی خۆش نەدەویستن، بەڵام شاپووری سێهەم و وەهرامی چوارەم کە پاش ئەو بوونە فەرمانڕەوا، ڕەوت و ڕێبازێکی دۆستانەیان سەبارەت بە ئیمپراتۆری ڕۆم گرتەبەر. لە سەردەمی حکوومەتی یەزدگردی یەکەم (٣٩٩ - ٤٢١)دا دەرگایەکی نوێ لە پەیوەندییەکانی نێوان عیسایی‌یەکان و زەردەشتییەکاندا کرایەوە.

وێنەی ٣٠ - سکەی یەزدگردی یەکەم

(ئارشیوی نووسەر)

لە کتێبەکانی مێژوونووسانی مەسیحی و نووسەرانی ئێرانی‌دا، جیاوازییەکی زۆر سەبارەت بە حاڵوباڵی یەزدگردی یەکەم (وێنەی ٣٠) وەبەرچاو دێ. یەکێک لە سەرچاوەکانی سۆریانی کە لە چاخی یەزدگردا نووسراوە، ئاوای باس دەکا: «یەزدگردشای خێرووومەند و عیسایی دلۆڤان و پیرۆزترینی پادشایان، هەموو ڕۆژێ چاکەی لەگەڵ هەژاران و مسکێنان دەکرد.»[31] هەروەها پرۆکۆپیۆسی مێژوونووسی بیزانسی تاریفی دڵاوایی و سرشتی باڵای ئەم پادشایە دەکا. دیرۆک‌نووسانی ئێرانی و عەرەب کە نووسراوەکانیان لە ڕووی مێژووەکانی چاخی ساسانی ڕێکخستووە و بیر و بۆچوونی ڕێبەرانی زەردەشتی و مەزن و ماقوواڵانی ئەو سەردەمەی پێوە دیارە، بە «گوناهبار» (بزەگەر) و «هەڵخەڵەتێن» (دەبەر)[32] ناویان بردووە. بە قەولی وان ئەم فەرمانڕەوایە کابرایەکی بێئەمەگ و درۆزنگ بووە و ئەگەر لە ڕووی وی‌دا بە چاکە باسی کەسێکیان دەکرد، لەڕێوە دەیپرسی: «ئەم کەسەی کە تۆ داکۆکی لێدەکەی، چت دەداتێیە و هەتا ئێستا چەندت لێوەرگرتووە؟» تووڕە و تۆسن و بەدخوازە بوو و

لە دەرفەتێک دەگەڕا هەتا سزای توند داسەپێنێ. تەبەری لەوپەڕی ساکاریدا دەنووسێ کە خەڵک بە مەبەستی پاراستنی خۆیان لە چنگ زوڵم و چەوساندنەوەی ناچار بوون کە پەنا بەرنە بەر یاسا و ڕێسای باش و ئاقلانەی پادشایانی کۆن. لە ترسی تۆندوتیژییەکانی جەماوەری ژێردەستە[٣٣] یەکتریان دەگرت و ڕادەپەڕین.[٣٤] دەستەواژەیەکی دیکە کە لە تەبەریدا وەبەرچاو دێ ڕەنگە هێندێک پارسەنگی ئەم بۆچوونە غەرەزاوییانە ڕاست بکاتەوە. وەهرامی پێنجەم کە کوڕ و جێنشینی یەزدگرد بوو لە وتارێکی دیداری گشتییدا ڕایگەیاند کە باوکی بە نەرمی و دلۆڤانی حکوومەتەکەی دەست پێکرد، بەڵام لەبەروەی تێکڕای جەماوەری بندەس یان هێندێکیان قەدریان نەزانی و بە گوێیان نەکرد، ڕێگای توند و چزدانی گرتەبەر و خوێنێکی زۆری ڕشت.[٣٥] ئەم بابەتانە کەمووزۆر وەک سازکراو دێنە بەرچاو، بەڵام لە سەرجەمی ئەوانڕا دەردەکەوێ کە یەزدگرد پادشایەکی لێبڕاو بووە و بە شێوەیەکی سروشتی مەیلی بۆ کاری چاک بزووتووە، کەچی لەبەروەی بە مەبەستی پاراستنی دەسەڵات لە دەسدرێژی چینی مەزن و ماقوولان تووشی کێشمەکێشم هات، بەناچار زوڵم و زۆر و چەوساندنەوەیەکی بەربڵاوی خستەڕوو.[٣٦]

ئاشتی کەوتە نێوان دوو دەوڵەتی گەورە و کار گەیشتە جێیەک کە تەنانەت یەزدگرد «تێئۆدۆسیۆس»ی دووەمی وەژێربالّی خۆیدا کە منالێکی هەتیو بوو.[٣٧] هەڵبەت ئەم کارە تەنیا بە ڕێز و حورمەتێکی ڕواڵەتیی دادەندرا و هیچ نرخ و بایەخێکی ڕاستەقینەی نەبوو. پادشا لە جەنگەی خۆیدا زانی کە دەبێ شێوە و شێوازێکی دیاریکراو لە نێوان دەوڵەت و جەماوەری عیسایی وڵاتەکەیدا بێتەگۆڕ. هەر بۆیە لە لایەن دەوڵەتی ڕۆمی ڕۆژهەڵاتەوە شاندێک بە سەرۆکایەتی «ماروسا»ی ئۆسقۆفی «مایفرێقت» (Maipherqat = میافارقین) نێردرایە دەرباری یەزدگرد. ماروسا لەبەر ڕوخساری مەند و ماقوول و قەڵافەتی ڕازاوەی، وا کەوتە بەردڵی پادشا کە فەرمانی دا هەر کلیسایەکی تێکیاندابوون، چاکیان بکەنەوە و ئەو کەسانەی کە بە تاوانی مەسیحایەتی کەوتبوونە زیندان، ئازاد بکرێن. ئیزنیش درا بە ڕێبەرانی ئایینی عیسایی کە بتوانن سەفەر بکەن بۆ هەموو شوێنێکی وڵات. جگە لەمەش ماروسا توانی قنیات بە پادشا بێنێ کە کۆڕ و کۆمەڵێکی ئایینی لە سلووکیە دامەزرێنێ، هەتا کاروباری مەسیحییەکان چارەسەر بکا و یەکبوونەوەی ڕێچکە و ڕێبازەکانی دینی عیسایی لە ئێرانیشدا

مسۆگەر بێ. ئەم کۆڕە کە لە ساڵی ٤١٠دا بە سەرۆکایەتی «ئیسحاق»ی ئۆسقۆفی سلووکیە و تیسفوون و خودی ماروسا پێکهات و بە دۆعا و پاڕانەوە بۆ ساغی و سڵامەتی پادشای ئێران دەستی پێکرد، چەند بڕیار و ڕێوشوێنێکی تێدا پەسند کرا کە لکوپۆپی عیسایی ڕۆژهەڵات و بیر و باوەڕە تایبەتەکانیانی لەگەڵ ڕێساکانی جێی ڕێزی مەسیحییەکانی هەرێمی ڕۆژاوا، لێکتر نیزیک کردەوە. ئایینی «نیسە» بەڕەسمیی دانی پێداهات و پلەی پێشەوایانی ئایینی سەرلەنۆی دارولەلەی بۆ داندرایەوە. ئۆسقۆفی سلووکیە - تیسفوون کە بە پێشەوای مەزن یان جاسلیقی تێکڕای عیسایییەکانی ئێران دادەندرا، ئۆسقۆفی «کەشکەر»ی کردە بریکاری ئایینی خۆی و پێنج مەترانی لەم ناوچە و مەڵبەندانە دانا:

١ - بیت لاپط Beth lapat (گوندیشاپوور) لە خووزستان.

٢ - نوسەیبین.

٣ - پراتێ (Peat = میشان).

٤ - ئەربێل (هەولێر = Arbal).

٥ - کەرخای بیس سلۆخ (کەرکووک).

نیزیکەی سی ئۆسقۆف لە ژێر دەستی مەترانەکاندا بوون. چەند کۆمەڵە خەڵکێک کە لەبەر مەودای زۆر لە ناوەند دابڕابوون، نەدەکەوتنە جەغزی ئەم دامودەزگا و ڕێکخستنە. بەکورتی چوار کەس لە سەرۆکانی کلیسا لە خووزستان هەر لە جێی خۆیان مانەوە بەڵام وا دانەدرا کە پاش مەرگی ئەوان دەبێ جێنشینەکانیان لە لایەن جاسلیقەوە هەڵبژێردرێ. یەزدگرد بڕیارەکانی ئەم کۆڕەی پەسندکرد. بە فەرمانی ئەو دوو کەس لە گەورەترین بەرپرسانی وڵات یانی «خوسرەویەزدگرد»ی وزورگفەرمادار و «مێهرشاپوور»ی خاوەن نازناوی ئەرگبەد (ئەرگبود) کە وادیارە دەبێ لە بنەماڵەی پادشایەتی بووبێ، ئۆسقۆفەکانیان بانگهێشتنی بارگای پادشایەتی کرد و لە لایەن پادشاوە قسەیان لەگەڵ کردن و دووبارە مەسیحییەکانیان دڵنیا کردەوە کە لە کاروباری ئایینی خۆیاندا ئازادن و مافی بنیاتنانی کلیسایان هەیە و پێیانگوتن هەر کەس لە ئاست دەستوورانی جاسلیق ئیسحاق و «ماروسا» سەری بابدا، بە توندی سزا دەدرێ.[٣٨]

چەند ساڵ دواتر یەهابڵاها (یەهبەللاها)ی جێنشینی دووەمی ئیسحاق نێردرایە قوستەنتەنییە هەتا پەیوەندی نێوان دەوڵەتەکان پتەوتر بکا. ئەو لەو

سەفەرەوە دیاری و خەڵاتێکی زۆری لەگەڵ خۆی هێنایەوە و ئەو دیارییانەی لە سازکردنەوەی کلیسای سلووکیەی تیسفوون و بنیاتنانی کلیسایەکی دیکە هەر لەو شارەدا خەرج کرد. سەرەڕای ئەو ئاکامە باش و بەرچاوانەی کە لە سایەی پشتیوانێتی یەزدگرد وەدەس هاتن، ئەو کێشە و دووبەرەکییەی کە لە نێوان ڕەوت و ڕێبازەکانی عیسایی ئێراندا هەبوون، نەبڕانەوە و لە کۆبوونەوەیەکدا کە لە ساڵی ٤٢٠ کرا، ئەم دووبەرەکییە زۆر بە توندی سەری هەڵدا. [٣٩]

ئەو پێکەوە ژیانی هێمنانەی کە یەزدگردی یەکەم لە پەیوەندی خۆی لەگەڵ مەسیحییەکان پەیڕەوی دەکرد، بێگومان کاردانەوەی باروهەوای سیاسی بوو، چونکە بە پتەو کردنی بنەمای ئاشتی و ئارامی نێوان ئێران و ڕۆم دەیتوانی هێز و توانستی حکوومەتەکەی خۆی قایم بکا، بەڵام سەرەڕای ئەم پێویستییەی سیاسی دەکرێ بڵێی کە خودی یەزدگردیش مەیلی لە نواندنی نەرمی بووە لە کاروباری ئاییندا.

یەزدگردی یەکەم سەبارەت بە جوولەکانیش کە بە باری سیاسیدا گرینگ نەبوون، ڕووی خۆشی دەنواند. [٤٠] ئەم فەرمانڕەوایە «شۆشیندوخت»ی کچی «ڕێش گالووتا»ی خواست. [٤١]

ئەگەر یەزدگرد لە ئاخری حکوومەتەکەیدا ئاکاری سەبارەت بە مەسیحییەکان گۆڕێ، تاوانی ئەمانە بوو. عیسایییەکان لەبەر ئەوپەڕی شوو لێهەڵکێشان و بێشەرمی، ئێرانییەکانیان دەڕەنجاند بۆیە پادشا چارەیەکی جگە لە توندوتیژی و تەمێ کردن پێشک نەهات. بۆ وێنە لە شاری هۆرمزد ئەردەشێر لە خووزستان پێشەوایەکی ئایینی مەسیحی بە ناوی «حەشوو» وێرای کە بە ڕەزامەندی ڕەسمیی یان سەرزارەکی ئۆسقۆفێک بە ناوی «عەبدا» (Abda)، ئاورگەیەک کە لە نیزیک کلیسای عیسایییەکان بوو، بیرووخێنێ. ئەو قەشە و ئۆسقۆفە و زۆرێک لەو کەسانەی کە دەستیان لەو کارەدا بوو، گیران و نێردرانە تیسفوون. خودی شا کەوتە لێپرسینەوەیان و عەبدا دەس هەبوونی خۆی لەو ڕووداوەدا وەدرۆ خستەوە، بەڵام «حەشوو» پێیلێنا کە خۆی ئاورگەکەی وێران کردووە و وێرای ئەم دانپێداهێنانە چەند قسەیەکی سارد و سووکی سەبارەت بە ئایینی زەردەشتی بە زمانی داهات. بۆیە شا فەرمانی دا کە عەبدا ئاورگەکە سەرلەنوێ ساز بکاتەوە و لەبەروەی ئەو زۆر پێداگرانە سەری لە ئاست ئەم داوایە بادا، مەحکووم و پاشان کوژرا. ئێئۆدۆر،

قەشەی مێژوونوس هەرچەند ڕماندنی ئاورگەکەی بە کارێکی نابەرژەوەندانە داناوە، بەڵام تاریفی هەڵوێست و کرداری ئازایانەی قەشەیەی کردووە. [٤٢]

ڕووداوێکی دیکەی ئاواش قەوما و لەبەروەی کە تەواوی مەسیحییەکان لەم هەڵکەوتەدا خاوەنی ناوی ئێرانین، شایانی سەرنجە. قەشەیەک بە ناوی «شاپوور» یەکێک لە نەجیمزادەکانی بە ناوی «ئازەرفەرەنبەغ»[٤٣] هێنایە سەر دینی عیسایی هەتا ئەو دەردەی هەیبوو چارەسەر بێ. ئازەرفەرەنبەغ ئەو قەشەیەی بانگهێشتن کرد کە بچێتە گوندەکەی و کلیسایەکی لێ سازبکا. شاپوور لە پێشدا قەبالەی ملکایەتی ئەو شوێنەی وەرگرت و کلیسای بنیات نا. ئەو کات موویەدێک بە ناوی «ئادوربووزی»[٤٤] هەوالی ڕووداوی ئەم لە دین دەهری بوونەی کابرای نەجیمزادەی گەیاندە خزمەت پادشا و یەزدگرد ئیزنی دا بەو موویەدە کە بە مەبەستی گێڕانەوەی ئەو وەجاخزادەیە بۆ سەر دینی زەردەشتی هەر تەگبیرێکی پێشک دێ بیکا و تەنیا وریا بێ کە نەیکوژێ، هەرچۆنێک بێ ئازەرفەرەنبەغ بایدایەوە سەر دینی پێشووی خۆی و داوای ملکەکەی کردەوە، بەڵام شاپوور بە فیتی «نەرسە»[٤٥] کە قەشەیەکی عیسایی بوو، زەوییەکەی نەدایەوە و قەبالەکەی هەڵگرت و ڕایکرد. پاشان ئەو کلیسایە کرایە ئاورگا، بەڵام نەرسە ئاگرەکەی کوژاندەوە و ڕێوڕەسمی نزا و پارانەوە و پەرستنی لەسەر بێودانی ئایینی نەسارا تێدا بەڕێوەبرد. موویەدی وێندرێ وەختایەک ئەم تاوانە گەورەی بینی، هەوالی دا بە خەڵکی دێ و دنەی دان و نەرسەی چاک بە کوتان دا و پاشان بە دەسبەستراوی ناردیانە تیسفوون. «ئادوربووزی» دڵنیای کردەوە کە ئەگەر ئاورگاکە چاک بکاتەوە، لێی دەبووردێ و سزای نادا، بەڵام نەرسە ملی نەدا و خرایە زیندان و پاش هەڵپێچران و سووربوونی لە سەر هەڵوێستی خۆی، حوکمی مەرگی بۆ بڕیایەوە و کوژرا. [٤٦]

ئەم شێوە ئاکارە تووندانەی کە عیسایییەکان پێی‌هەڵدەستان، بێگومان بە زەردەیان دەبڕیەوە و ڕەنگە هەڵبژێرانی مێهرنەرسەی دوژمنی گەورەی مەسیحییەکان بۆ پلەی وزورگفەرمادارێتی بکرێ بە نیشانەی گۆڕانی ئاکار و کرداری شا دەرهەق بە عیسایییەکان لە قەڵەم بدرێ. [٤٧]

چلۆنایەتی مردنی یەزدگرد کە لە ساڵی ٤٢١دا ڕووی دا، نادیارە. بەپێی سەرچاوەکانی ئێرانی، وەختایەک شا لە گورگان یا تووس بنەی داکوتابوو،

ئەسپێکی شۆخ و شەنگی بێ هاوتای کەس نەناس، لووشکەیەکی لە سینگیدا، پاشا لەڕێوە گیانی دەرچوو. پاشان ئەو یەکسمە لەبەر چاوان ون بوو یان بەگوێرەی نەزیلەیەکی دیکە، زۆر تیژ بالّی گرت و ڕەوی. وادیارە ئەو بۆچوونەی نۆلّدکێ وایە کە دەڵێ ئەم ئەفسانەیان بۆیە ساز کردووە هەتا کەس نەزانێ مەزن و ماقوولّانی دژبەری چۆن لەو شوێنە دوورەدەستە دەرفەتیان لێیهێناوە و لە کۆڵ خۆیان کردۆتەوە. [۴۸]

یەزدگرد سێ کوڕی لە پاش بەجێما، شاپوور و وەهرام و نەرسە. شاپوور باوکی کردی بە فەرمانڕەوای بەشێک لە ئەرمەنستان کە وەسەر ئێران گەڕابوو. وەهرام لای میری عەرەبی حیرە کە باجدەری پادشای ئێران بوو، بنەی داگرت. بەپێی گێڕانەوەی تەبەری هەر لە تافی منالّیڕا ناردبوویانە وێندرێ هەتا لە هەوای خۆش و سازگاری حیرەدا گەشە و نەشە بکا[۴۹] و وەهرام بە باری هەستان و دانیشتندا زۆر وەک عەرەبان دەچوو؛ [۵۰] بەڵام گۆیا مانەوەی چەندین ساڵەی ئەم شازادەیە لە وڵاتی دراوسێ، دەگەڕێتەوە سەر ناکۆکی نێوان یەزدگرد و ئەو کوڕەی و بە دوورخرانەوە داندراوە. [۵۱] گەلێک ڕوون و ئاشکرایە کە وەهرام لە وڵاتی حیرە لە کۆشکی «خوەرنەق»دا ژیاوە کە گۆیا «نوعمانی لەخمی» سازی کردووە، بەڵام بێگومان سەر بە دەورانێکی کۆنتر بووە. [۵۲] «مونزێر»ی کۆڕی میری حیرە و جێنشینی باوکی سەرپەرستێتی و پەروەردە کردنی وەهرامی لە ئەستۆ بوو. ئەم مونزێرە لە لایەن یەزدگردەوە شانازی نازناوی «ڕامئەبزوودیەزدگرد» (کەسێکی کە شادی یەزدگرد زیاتر بکا) و «مەهێست» (مەزن)ی درابوویە. [۵۳] بەڵام نەرسەی کوڕە بچکۆلەی یەزدگرد کە لە ژنە جووەکەی بوو، ڕەنگە لە تافی مردنی باوکیدا هەتیو بووبێ، چونکە وەهرامیش لەو وەختیدا تەنیا تەمەنی دەگەیشتە بیست ساڵ. [۵۴]

بەکورتی وەختایەک مەزن و ماقوولّان و پیاوانی ئایینی لە چنگ ئەم سوڵتانە لاسارە قوتار بوون، ویستیان کیس لەو دەرفەتە بێنن و دەسەڵاتی خۆیان پتەو بکەن. بۆیە هێندێک لە پلەداران یەکانگیر بوون هەتا هەموو کوڕەکانی یەزدگرد لە پادشایەتی بێبەش بکەن. دینەوەری لە نێو ئەو کەسانەدا ئەم ناوانە ڕیز دەکا: [۵۵] «وێستەهم» سپابودی بابل (سەواد) کە خاوەنی پلە و نازناوی «هەزارەفەت» بوو، «یەزدگوشنەسپ» پادگووسبان، «پیرەگ» لە

تۆرەمەی مێهـران (؟) [56]، گـوودەرز (گـۆدەرز)، بەرپرسـی نووسـینگەی سـپا، «گوشنەسـپ ئـادورویش» چـاوەدێری داهـاتی ملـکانە، «پـەناهـ خوسـرەو» بەڕێوەبەری کاروبـاری خێرووومەنـدی. [57] خاڵـێکی بـەرچاو ئەمەیـە کـە لـەم جەللەیەدا ناوی مێهرنەرسەی وەزیری بەدەسەڵاتی یەزدگردی یەکەم و وەهرامـی پێنجەم نەهاتووە. شاپوور، پادشای ئەرمەنستان، بە مەبەستی وەرگرتنی تـاج و تەخت، خێرا ڕووی کردەوە تیسفوون، بەڵام گەورەگەوران کوشتیان[58] و لەبری وی شازادە «خوسرەو»یان دانایە سەر تەختی دەسەڵات کە بە ڕەگەز دەچۆوە سەر یەکێک لە بەرەبابەکانی خانەدانی ساسانی.

بەڵام شازادە وەهرام نەیدەویست کە بە بێ شەڕ مـافی لـە چنگـی دەربێـنن و میری حیرە کە بە سەرپەرستی دادەندرا، یاریدەیـەکی شـایانی دا. نووسـەرانی عەرەب گووتایەنە کە ئەم مـیرە دوو هێـزی سـوارەی بـووە یـەکیان بـە نـاوی «دووسەر»[59] کە پێکهاتبوو لە عەرەبـەکانی «تـەنووخ»ی دانیشـتووی ناوچـەی حیرە، [60] ئەویتریان بە تاقمی «سفیدڕەخشان» دەناسرا و لە چەکدارانی ئێرانـی تەندرابوو. [61] هەرچۆنێک بێ مونزێر چەند هێزێکی تەیاری بە دەستەوە بوو کـە نوعمانی کوڕی سـەرکردایەتی دەکـردن. نوعمـان بـەرەو تیسـفوون پێـی نایـە ئاوزەنگی و بە پڕتاو ئاژوای و گەورەپیاوانی ئێران تـۆقین و لەگـەڵ مـونزێر و وەهرام کەوتنە گفتوگۆ. سەرەنجام خوسرە لادرا و وەهرام ڕۆنیشتە سەر تـەختی پادشایەتی. سەرچاوەکانی ئێرانی ئەم ڕووداوەیان لەگەڵ ئەفسانە تێکەڵ کردووە و دەڵێن: «وەهرام سەرەتا، بەڵێنی دا کە خراپییەکانی باوکی قەرەبوو بکاتەوە و ساڵێک وەک تاقیکاری حکوومەت بگرێتە دەسـتی، پاشـان هەڵـبژاردنی پادشـا بخەنە بەر ویست و خواستی خوداوەندی، واتە تانج و جلوبەرگی پادشایەتی لە نێوان دوو شێری برسیدا ڕوبنێن. ئەودەم هەرکام لە خوازیارانی فەرمانڕەوایەتی بتوانێ بیانفڕێنێ، شایانی پادشایەتییە. خوسرەو خۆی نەدایە کە بێتە مەیدان. وەهرام چووە پێش و هەردک شێرەی کوشتن و هێما و دروشمـەکانی پادشـایەتی دەس دایە و خوسرەو و تێکڕای حازران ئافەریمیان کرد و پیرۆزباییان پێگـوت. بێگومان ئەم ئەفسانەیان بۆیە داهێناوە هەتـا ئـەم ڕووداوە پـڕ شـەرمەزاریە بشارنەوە کە پۆلە سوارێکی عەرەب توانیویەتی تەمای مەزن و مـاقوولانی وڵات هەڵوەشێنێتەوە و پادشایەک کە بالادەستان ڕەتیان دابـۆوە، بگەیەنێتـە سـەر تەختی فەرمانڕەوایەتی.

هیچکام له پادشایانی ساسانی بێجگه لە ئەردەشێری یەکەم و خوسرەو ئەنووشیروان (نۆشیروان) و خوسرەو ئەبەرویز (پەرویز)، وەک وەهرامی پێنجەم خۆشەویستی جەماوەر نەبوون (وێنەی ۳۱). چاکەی لەگەڵ هەموو کەسێک دەکرد و بەشێک لە ملکانەی بە ملکداران دەبەخشی. گەلێک نەقڵ و نەزیلەیان سەبارەت بە چوست و چالاکی وەهرام لە شەڕی هۆزەکانی باکووری و دەوڵەتی بیزانس و عیشقبازی و ڕاوەکانیدا گێڕاوەتەوە. ئەم ڕووداوانەی دوایی کە زۆرتریان بە شێوەی کۆمەڵەچیرۆکی «موونش هاوزن»ە، نە تەنیا لە ئەدەبیاتا، بەڵکوو لە وێنەگەریی ئێرانیشدا برەو و ناوبانگی دەرکردووە و چەند سەدەیەکی دوورودرێژ تابلۆی شێوەکاری و مافووڕە و هەمە چەشنە قوماشێکی پێڕازاوەتەوە. هێشتاش گەلێک دەفری زێوینی چاخی ساسانییەکان بە دەستەوەن کە دیمەنی ڕاوگەی ئەم پادشایەیان لەسەر شەقڵ کردووە. دەفرێکی مووزەی ئەرمیتاژی لێنینگراد وێنەی وەهرامی پێنجەمی تێدایە کە بە تانجەکەی‌ڕا دەناسرێتەوە و سواری وشترێک بووە و گراویلکەیەکی نەونەمامی لە پاشکۆی خۆی قایم کردووە. جیاوازی کۆمەڵایەتی نێوان شا و ژنەیان لە ڕێی بەرزی و کورتی بەژنیانەوە نیشان داوە. گراوی لە ڕووی عیشوە و نازەوە داوای لە شا کردووە کە بە تیر ئاسکێکی نێر بکاتە مێ و یەکی مێ بکاتە نێر. ئەو کات پادشا دوو تیری لە سەری ئاسکی مێ داوە و تیرەکان وا لە سەری چەقیون کە دەڵێی شاخن و بە تیرێکی دووفلیقانە، [۶۲] شاخەکانی ئاسکەی نێری پەڕاندووە. وەستای ئەم دەفرە ئەو تیرەی بە چەشنێکی تایبەت هەڵکەندووە و نووکەکەی وەک کەوانەیە کێشاوەتەوە.[۶۳]

وێنەی ۳۱ - سکەی وەهرامی پێنجەم

(ئارشیوی نووسەر)

وەهرام فەرمانڕەوایەکی بەهێز و کامڕەوا بوو کە هەموو کەسی بۆ خۆشی و شادی و چێژ وەرگرتن لە ژیان هان دەدا و شێعری بە عەرەبی دەهۆنەوە و بە چەند زمانێک قسەی دەکرد. [۶۴] زۆری مووسیقی پێخۆش بوو و پلەی دەدایە گۆرانیبێژان و چاوەشانی دەربار و تەنانەت ئیشکەڕنان و وای کرد کە دەرکەوانان بکەونە ڕێزەی بەرپرسانی پایەبڵێندی دەوڵەت[۶۵] یا بڕێک لەوان خوارتر. بەگوێرەی یەکێک لە ئەفسانە مەشهوورەکان، ئەم پادشایە بوو کە هۆزی «لووری»یەکانی ئەژدادی قەرەجەکانی ئێستای لە هیندەوە بانگهێشتە ئێران هەتا جەماوەری ئاساییش لە تام و چێژی مووسیقی بێبەهرە نەبن. [۶۶] سرشتی سەرکەش و بێئۆقرەی وای کرد کە نازناوی «گۆڕ»ی بە بااڵی بڕا. پاشان ئەم نازناوەیان بردەوە سەر ڕووداوێکی کە لە جەنگەی ڕاودا قەوما، لەو قەرارەی کە ڕۆژێک بە تیرێک گۆرێک و شێرێکی کە سواری پشتی ببوو، لێکی درووون.

مێژوونووسانی چاخی ساسانی وەهرامی گۆرپان لە سەرکۆنە و لۆمەنەپاراستووە و بۆ وێنە گوتوویانە لە ڕادەبەدەر خەریکی ژن و ڕابواردن بووە و دەستی بە خەرجوبەرجەوە نەگرتووە و سەرنجێکی ئەوتۆی نەداوەتە کاروباری وڵات. [۶۷] بەاڵم هیچ گومانی تێدا نیە وەختایەک کە هەوساری کارانی دایە دەس مەزنەبەرپرسانی دەوڵەت، وەبەر دڵی نەجیمزادە و پیاوانی ئایینی کەوت و بەشێک لەو ناوبانگە بەرزەی دەگەڕێتەوە سەرئەم خۆشەویست بوونەی لە لای گەورەگەوران.

لە نێو مەزنەبەرپرسانی ئەو ڕۆژگاریدا وزورگفەرمادار مێهرنەرسە، کوڕی «وەرازەگ» لە هەموان بە دەسەاڵتتر و باڵاتر بووە و نیشان و نازناوی «هەزار بەندەگ» (خاوەنی هەزار بەندە)ی پێدراوە.[۶۸] نەرسە بە ڕەچەاڵک دەچێتەوە سەر بنەماڵەی «سێپەندیاد» کە یەکێک لە حەوت مەزنەخانەدانەکە بوو. مێژوونوسانی عەرەب و ئێرانی کە وادیارە زانیارییەکانیان لەم بوارەدا لە دیرۆکی گەورەی ساسانی وەرگرتووە، ئەویان بە پیاوێکی وریا و زانا و خاوەنمشوور داناوە. سەیر نیە کە نووسەرانی مەسیحی، لەبەر ئەو سەرنج و خۆشەویستییەی کە ئەم مەزنەوزیرە سەبارەت بە دینی زەردەشتی نواندوویەتی، ڕقیان لێی بێ و «لازار فارپ» بە خائین و لەبنەوەبڕ و بێڕوحمی ناوزڕاندبێ. دەمارگرژی و غیرەتی وی سەبارەت بە دینی زەردەشتی نە تەنیا لە

بەرەوڕوو بوونەوە و دوژمنایەتی لەگەڵ دینەکانی دیکەدا خۆی دەنواند، بەڵکوو لە بواری کشتوکاڵ و ئاوەدانیشدا کە مەبەست و بەستێنی حوکم و بڕیارەکانی زەردەدشتی بوو، هەوڵی تەواوی دەدا. لەو ملکەوماشە زۆروزەوەندەی کە لە ناوچەکانی ئەردەشێرخۆرە و شاپووری فارس بووی، کۆمەڵێک کۆشکی دانا و ئاورگایەکی بنیات نا کە بە «مێهرنارسیان» ناوبانگی دەرکرد و لە نیزیک «ئابرۆوان»ی زێدی خۆی لە ناوچەکانی ئەردەشێرخۆرە، چوار گوندی بە ئاورگاوە سازکرد. [۶۹] یەکیان بۆ خۆی و سێیەکەی دیکەشی تایبەت دا بە سێ کوڕەکانی، «زوروان» و «ماهگوشنەسپ» و «کاردار». یەکەمینی ناونا «فەراز مەرا ئەور خوەدایا» (؟) (خوایە وەرە لای من) [۷۰] و سێ گوندەکەی دیکەی هەرکام بە ناوی خاوەنەکەیەوە کرد، بەم چەشنە: زوروانداران، ماهگوشنەسپان و کارداران. جگە لەمەش بەگوێرەی گێڕانەوەی تەبەری سێ باغی خورما و زەیتوون و سەوڵی لێدا و هەرکامەی دوازدەهەزار نەمامی لێ ناشت. هەروەها تەبەری دەڵێ کە تێکڕای ئەم گوند و باغ و ئاورگایانە «ئەمڕۆش بە دەس جێنشینەکانی نەرسەوەن و وەک دەڵێن ئێستاش خۆش و ئاوەدانن»، بەڵام ئێمە نازانین کە داخوا مەبەستی ڕۆژگاری خودی تەبەری یان سەردەمی ژیانی ئەو نووسەرە نەناسراوەیە کە سەرچاوەی کتێبەکەی، مێژووی تەبەری بووە.



وێنەی ۳۲ - کۆشکی سەروستان (سەوڵستان)

(دییوولافوا، دەسکرد و سنعاتەکانی کۆنی ئێران)

لە پەنا کاروانەڕێیەک کە شیراز بە دارابگێرد و بەندەرعەباسەوە دەبەستێتەوە، هەرەسی کۆشکێک وەبەرچاو دێ کە پێیدەگوتری سەروستان (سەوڵستان). بە بڕوای هێرتسفێڵد[٧١] ئەم کۆشکە لە دەورانی پادشایەتی وەهرامی پێنجەمدا بنیات نراوە و ڕەنگە یەکێک لە سازکراوەکانی مێهرنەرسە بێ. وێدەچێ وشەی «سەروستان»یش بەڵگەیەک بێ بۆ سەلماندنی ئەم بۆچوونە. ئەم کۆشکە (وێنەی ٣٢) بە گومبەز هاتۆتەوە و بە بڕوای هێرتسفێڵد، لەبەر بچووکی، شایانی مانەوەی پادشا نەبووە، بەتایبەت کە هۆڵی نێومالەکەی زۆر چکۆلەیە. درگایەکی زۆر لە دیوارەکاندا جێیان بۆ کراوەتەوە و شێوازی میچەکان نیشانی دەدەن کە لەو دەورانیدا وەستایەتی و نژیارڤانی ساسانی تۆزێک پلەی بەرز پێهەڵاچووە.[٧٢]

سێ کوڕەکەی مێهرنەرسە لە سەردەمی ژیانی باوکیاندا گەیشتنە پلەی بااڵ. زوروانداد بوو بە هیربەدان‌هیربەد، کە پاش مووبەدان‌مووبەد بااڵترین پلەی ئایینییە. ماهگوشنەسپ بوو بە سەرۆکی کاروباری دارایی و نازناوی «واستریووشانسااڵر»ی درایە و «کاردار» کرایە ئەرتێشتارانسااڵر یان سەرکردەی هێزی چەکداری وڵات (سپاسااڵر).

وەهرامی پێنجەم سەرەتا لەگەڵ هۆزە کێویلەکانی باکووری کە دێرۆکنووسانی عەرەب و ئێرانی بێ ئەوەی لێکیان هەڵاوێرن بە ترکیان ناوبردوون، تێکەڵچوو. ڕەنگە ئەم هۆز و تیرانە خیوونییەکان بووبن.[٧٣] ناوی ئەم هۆزانەمان کە لە ڕەگەزی هوون و دانیشتووی بیابانەکانی باکووری مەرو بوون، لە نێو ئەو تاقم و پۆاڵنەدا کە چووبوونە یارێدەی شاپووری دووەم، وەبەرچاو دێ. ئەم تیرەیە لەسەر دۆستایەتی خۆیان لەگەڵ ئێران وەفادار نەمانەوە. پاش مەرگی شاپوور پەیتاپەیتا پەاماری خوراسانیان دا و لەم سنووورانەدا بە گەورەدوژمنی ئێرانییەکان دادەندران. خودی وەهرام ڕاستەوخۆ بەرەنگاری ئەم تۆرەمە کێویلەیە بۆوە و پەاماری دان و بەزاندنی. نەرسەی برای لە کاتی لەشکرکردنیدا دەبوو بە جێنشینی. پاش ئەوەی کە ئارامی باڵی بە سەر ناوچە و هەرێمەکانی ڕۆژهەاڵتیی کێشا، نەرسە کرایە حوکمڕانی خوراسان.[٧٤] لەم ماوەیەدا دیسان دەرگای دوژمنایەتی نێوان ئێرانییەکان و بیزانس کرانەوە.

مەسیحییەکانی ئێران کە بە بێشەرمی نیازپاکی یەزدگردیان گۆڕیبوو بە ڕەشبینی و دڕدۆنگی، ئەو پادشایە پێش مردنی دەستووری تەمی و چزاندنی

دەرکردن و مێهرشاپووری مووبەدانمووبەدی بۆ ڕاپەڕاندنی ئەم فەرمانە ڕاسپارد. پاش چوونە سەر دەسەڵاتی وەهرامی پێنجەم کوشتن و چەوساندنەوە دەستی پێکرد. دانیشتووانی عیسایی هەرێمەکانی سەر کەوشەنانی ڕۆژاوایی پۆڵپۆل ڕایانکردە خاکی بیزانس. مێهرشاپوور خێڵە عەرەبەکانی لێ تین دان و تاقمێکی زۆری مەسیحی قەڵتوبڕ کردن. «ئەسپەبەد» یەکێک لە کاربەدەستە مەزنەکانی ئێرانی، [٧٥] کە پەیکەردە و ئازار و ئەشکەنجەدانی مەسیحییەکانی پێسپێرابوو، بێزی لە ئەرکی خۆی هەستا و سەری لە ئاست جێبەجێ کردنی فەرمانەکانی دەوڵەت بادا و ڕێی بۆ ڕاکردنیان خۆش کرد و لەبەروەی خۆشی بەناچار هەڵات، پەنای بردە بەر «ئاناتۆل»ی سەرداری ڕۆمی و ئەویش سەرکردایەتی خێڵە عەرەبەکانی ژێرفەرمانی حکوومەتی بیزانسی پێسپارد. پادشای ئێران داوای ڕادەس کردنەوەی پەنابەرانی کرد، بەڵام دەوڵەتی بیزانس وڵامی نەدایەوە.

ئەمە بوو ئەو ڕووداوانەی کە لە ساڵی ٤٢١دا بوونە هۆی هەڵگیرسانەوەی شەڕێکی نوێ لە نێوان حکوومەتی بیزانس و دەوڵەتی ئێرانا، بەڵام ماوەیەکی وای نەبرد. مێهرنەرسە سەرکردایەتی هێزی ئێرانی دەکرد. لە سەریەک ڕۆمییەکان لەو شەڕەدا بالادەست بوون. بەپێی ئاشتینامەیەکی کە ساڵی دواتر (٤٢٢) مۆر کرا، ئێرانییەکان لە وڵاتی خۆیاندا ئازادیی ئایینییان دا بە مەسیحییەکان و ڕۆمییەکانیش دەستیان لە کۆڵ زەردەشتییەکانی بیزانس کردەوە کە ئازادانە بە کاروباری دینی خۆیان هەستن. ئەم مەبەستە هەیبەتی ئێرانییەکانی پێهەڵابرد، بەڵام لە کردەوەدا بایەخێکی ئەوتۆی نەبوو. ڕێککەوتننامەی سەبارەت بە دانی بڕە پارەیەک کە دەوڵەتی بیزانسی بە مەبەستی پارێزرانی ڕێ و ڕەوگەکانی قەفقاز لە بەرامبەر هێرش و هروژمی هوونەکاندا قەرار بوو بیدا، نوێ کرایەوە.

ڕاست لەم ڕۆژگارەدا مەسیحییەکانی ئێران بە تووندی دەگژیەک ڕاچووبوون، «دادیشووع» کە لە ٤٢١دا یان سەرەتای ساڵی داهاتوودا هەڵبژێردرا بۆ پلەی «جاسلیق»ی، بە مەبەستی پاراستنی خوراسان لە هێرش و پەلاماری هۆز و خێڵە کێویلەکانی باکووری، خزمەتێکی بەرچاوی بە شاهەنشای ئێران کردبوو. دەستەیەک لە دژبەران کە ئۆسقۆفی شاری «هۆرمزدئەردەشێر» بە ناوی «بەتای» ڕێبەرایەتی دەکردن، دادیشووعیان تۆمەتبار کرد کە کەلوپەلی پیرۆزی

فرۆشتوون و خۆی داوەتە سووت خواردن و موغانی هان داوە کە بکەونە قەڵتوبڕی نەساراکان. ئەم هێرشە خائینانەیە زۆر بە شێوەیەکی وەستایانەی تایبەت بەڕێوەچوو و سەرەنجام دادیشووع بە فەرمانی وەهرام خرایە زیندان. پاش ماوەیەک لە ئاکامی هەوڵی تێئۆدۆسیۆسی دووەمی قەیسەری ڕۆم، دادیشووع ئازاد کرا، بەڵام ئەوەندی بێز لە پلەوپایەی خۆی هەستابوو کە مەیلی دەس لە کار کێشانەوە پاڵی پێوە دەنا، بەڵام پەیڕەوەکانی کەوتنە نێوان و کۆڕێکی کە پێکهاتبوو لە سی ئۆسقۆف، یاریدەیان دا و داوای وەرگرتنەوەی دەس لە کار کێشانەوەکەی خستەڕوو. ئەم کۆڕە کە لە یەکێک لە شارەکانی مەڵبەندی عەرەبنشین پێکهات، لەم بارەوە گرینگ بوو کە سەربەخۆیی ڕێبازی عیسایی ئێرانی لە بەرامبەر کلیسای بیزانسیدا ڕاگەیاند. بێشک ئامانجی دادیشووع لە ناچار کردنی کۆڕەکە بۆ دەربڕینی ئەم مەبەستە ئەوە بوو کە بارودۆخی مەسیحییەکانی ئێران لەبارتر بکا. چونکە تازە لەوی بەولاوە ئەوانیان بە دەسکیسبوونی دەوڵەتێ بیزانس تۆمەتبار نەدەکرد.[۷۶]

پاش مەرگی شاپوور، برای وەهرامی پێنجەم، کە پادشای ئەرمەنستان و ژێر فەرمانی دەوڵەتی ئێران بوو، بۆ ماوەی دە ساڵان حوکمڕانێتی ئەرمەنستانی کرد. «ئەرتەشێس» (ئەردەشێر)ی کوڕی «وەرام شاپووھ»ی میری ئەرمەنستان پاش ئەو ماوەیە بە دەستی وەهرام لە سەر حوکم لادرا و لەو دەمەڕا ولاتی ئەرمەنستان بوو بە یەکێک لە هەرێمەکانی ئێران و یەکێک لە نەجیمزادەکانی گەورەی ئێران بە ناوی «ویەمێهرشاپوور» کرایە سنووروانی وێندەرێ.[۷۷]

بە بڕوای فیردەوسی وەهرامی پێنجەم لە ساڵی ۴۳۸ یان ۴۳۹دا بە مردنی خۆی مرد. بەڵام زۆربەی مێژووەکانی عەرەب مەرگەکەی دەبەنەوە سەر ئەوین و خۆشەویستی بۆ کۆڕی ڕاو. دەڵێن ڕۆژێک بە سواری ئەسپ دەم لەسەر پشت دەکەوێتە دووی «گۆڕ»ێک. نێچیرەکە لەناکاو بە قەڵشت یا موغارێکی قووڵدا ڕۆدەچێ و وەهرامیش ڕووی لێ وەرناگێڕی و بە شوێنیدا دەڕوا و بزر دەبێ. غولامان و هاوڕکێفانی پاشان هەرچی بە دوایدا دەگەڕێن نایدۆزنەوە.[۷۸] ڕەنگە مەرگی «پیرووز» کە هەڵدێرایە کەندەڵانێک، ڕێی بۆ ساز کردنی ئەم ئەفسانەیە خۆش کردبێ. یان وێکچوونی دوو وشەی «گۆڕ» بە مانای گلکۆ و گۆڕی کێوی کە نازناوی وەهرام بوو، ئەم نەزیلەیەی لێکەوتبێتەوە. «عومەر خەییام» ئەم جیناسەی لە چوارینەیەکی خۆیدا ئاوا دەکار کردووە:

لەو کۆشک و سەریەدا کە جــەم جــامی گــرت،
ڕێـــوی تڕەکیـــوە، مـــامز ئـــارامی گـــرت.
بارام کە هەموو ژیانی خـۆی گـۆڕی دەگـرت،
دیتــت بــە چ جــۆرێ گــۆڕێ بــارامی گــرت؟![٧٩]

«یەزدگردی دووەم»ی کوڕی وەهرام، خاوەنی تایبەتمەندییە باشەکانی باوکی نەبوو. بەگوێرەی گێڕانەوەی تەبەری[٨٠] لــە وتــاری دەسـپێکی فەرمانڕەوایــەتی خۆیدا فەرمووی کە وەک باوکی دەرگا ناخاتــە سەرپشـت بــۆ دیــداری گشــتیی دوورودرێژ، بەڵکوو مەیلی وایە ڕوو بکاتە گۆشەیەک و خەریکی بیرکردنەوە بــێ لە چاکە و بەرژەوەندی وڵات. لە سەرچاوەیەکی سۆریانیشدا گۆڕانی ئــەم دابــە باسی کراوە. ئەم ژێدەرە دەنووسێ لە دێرزەمانەوە وا باو بــوو کــە هــەرکام لــە بەرپرسانی دەوڵەت دەیتوانی هەفتەی یەکەمی ســەرەتای هــەر مانگێــک بچێتــە خزمەت پادشا و سەبارەت بە بێدادی یان ئەو نەخشانپەخشانانەی کە کــراون، چەند مەبەستێک ڕابگەیەنێ؛ بەڵام یەزدگردی دووەم ئەم نەریتە کۆنە کەونارایەی بنەبڕ کرد.[٨١]

وێنەی ٣٣ - سکەی یەزدگردی دووەم
(مووزەی نەتەوەیی کۆپێنهاگ)

ئەو شەڕە کورتەی کە لە سەرەتای فەرمانڕەوایەتی یەزدگرد (٤٤٢)دا لەگــەڵ بیزانس قەوما بێ هیچ ڕووداوێکی گرینگ کۆتایی پێهات و پەیماننامــەی ئاشــتی گۆڕانێکی بە سەر بارودۆخی ڕابردوودا نەهێنا.[٨٢]

ئەگەر بکرێ نێوەرۆکی کتێبی کردەوەکــانی شــەهیدان متمانــەی پــێ بکــرێ، یەزدگرد سەرەتا لەگەڵ مەسیحییەکان مێهرەبان بوو، بەڵام لە سالّی هەشــتەمی

حکوومەتیدا پاش ئەوەی کچەکەی خۆی کوشت کە کردبوویە ژنی و چەند کەس لە نەجیمزادەکانی متەقمردوو کرد، [۸۳] لە ئاکار و کرداریدا سەبارەت بە مەسیحییەکان گۆڕانێک بەدی هات. لە «کردەوەکانی شەهیدان»دا ناوی ئەم کەسانە نەهاتووە، بەڵام مەزندە دەکرێ کە مەبەست ئەوانە بووبن کە ببوونە مەسیحی یان ویستوویانە ئەو دینە هەڵبژێرن. وادیارە کە شا سەبارەت بە هێز و دەسەڵاتی گەورەپیاوان بەگشتی هیچ دژایەتییەکی نەنواندووە، چونکە مێژوونووسانی عەرەب و ئێرانی کە نێوەرۆکی کتێبەکانیان ئاوێنەی بیر و بۆچوونی ئایینپەروەرانی چاخی ساسانییە، ئەویان بە پادشایەکی دڵاوا و دڵۆڤان ناساندووە. [۸۴] هێندێکی لە جوولەکانیش تووندکێشا و لە ساڵی ۴۵۴ - ۴۵۵دا فەرمانی دا کە ڕۆژی «سێبت»[۸۵] نەکەنە جێژن. ئەم میرە لە ساڵی دووەمی حوکمڕانێتی خۆیدا[۸۶] مەسیحییەکانی ئەرمەنستانی چۆڵەپێچ کرد. «ئێلیزە» لەم بارەوە مەبەستێکی سەرنجڕاکێشی گێڕاوەتەوە[۸۷] و گوتوویەتی کە یەزدگرد تەواوی دینەکانی ولاتی خۆی خوێندەوە و لەگەڵ ئایینی زەردەشتی پێکیگرتن و لە دینی مەسیحیش ڕاهات و فێری بوو. ئەمە وتەی یەزدگردە کە فەرموویەتی: «بپرسن، ورد بنەوە و ببینن، هەرکامەیان باشتر بوو، ئێمە ئەویان هەڵدەبژێرین.» بە بڕوای ئەم نووسەرە دەمارگرژەی ئەرمەنی، پادشا ئەم گوتەیەی بە مەبەستی خەڵەتاندن و دووڕوویی کردن بە زمانیدا دێنا. بەڵام بە بۆچوونی ئێمە، ئەگەر ئەم گێڕانەوەیە ڕاست بێ، کاری ئەم پادشایە هەنگاوێکی زۆر پەسند و بە ڕێوجێ بووە بۆ دۆزینەوەی گەوهەری ڕاستەقینەی دینەکانی سەردەمی خۆی. ئەم جۆرە کارانە لە مێژووی پادشایانی ساسانیدا خاوەن پێشینەیە. هەروەک دیتمان شاپووری یەکەم و هۆرمزدی یەکەم ئۆگری ئایینی مانی بوون و دواتر دەبینین کە ئایینی مەزدەک هەتا کوێ شوێنی لەسەر کوادی یەکەم دانا. بە هەرحاڵ یەزدگردی دووەم پاش بەراورد کردنی دینەکانی دیکە لەگەڵ ئایینی زەردەشتی، هەر لەسەر ڕێبازی خۆی مایەوە و مێهرنەرسە کە دوژمنی تووندوتیژی مەسیحییەکان بوو، هەوساری کاروباری ولاتی بە دەستەوە گرت. بەڵام ڕووی ڕاستی گێڕانەوەکەی ئێلیزە جێی گومانە. بە بڕوای ئەکینیان کتێبی ئێلیزە بەم چەشنەی کە ئێستا بە دەستی ئێمەوەیە، دەستێوەردراو و ئاوەژووکراوێکی دەقی سەرەکییە، کە بابەتەکەی گێڕانەوەی شەڕی ئەرمەنستان

بووە لە ساڵی ٥٧٢دا و ئەوەی لەو دەقەی ئێستادا دراوەتە پاڵ یەزدگردی دووەم، سەبارەتە بە خوسرەوی یەکەم نۆشیروان.

گەشە و پێشکەوتی دینی مەسیحی لە ئەرمەنستاندا، لە ماوەیەک پێشترەوە ببوو بە هۆی دڵەڕاوکەی دەوڵەتی ئێران و بەرپرسانی ئێرانی تێگەیبوون کە هەتا ناکۆکی ئایینی لە گۆڕا بێ، بە خاوەن کردن و ژێربااڵ خستنی ئەرمەنستان کارێکی لەرزۆک و دەڵەمە و خۆنەگر دەبێ و خودی مێهرنەرسە لایەنگری تەوژم و زۆرەملی بوو. ئاکامی ئەو باس و ڕاوێژانەی کە لە نێوان پادشا و مێهرنەرسە و پلەبەرزانی وڵات و ڕێبەرانی ئاییننی زەردەشتیدا ئەنجام درا، دەرچوونی فەرمانێک بوو کە مێهرنەرسە بە ناوی شاوە ناردنی بۆ نەجیمزادەکانی ئەرمەنستان. لازار فارپ[٨٨] کە وادیارە نیوسەدە پاش ئەم ڕووداوانە ژیاوە، ئەو ڕاگەیاندراوەی ئاوا گێڕاوەتەوە: «... ئێمە خاڵە سەرەکییەکانی دینی خۆمان کە لەسەر بنەمای ڕاستەقینە و ڕێسای پتەو دامەزراوە، نووسیمان و بۆ ئێوەمان نارد. پێمان خۆشە، ئێوە کە بوونتان بۆ وڵات تا ئەم ڕادەیە بە کەلکە و بۆ ئێمە تا ئەم ئەندازەیە گەورە و خۆشەویستە، ئاییننی پیرۆز و ڕاستەقینەمان قبووڵ بکەن و چی دی لەسەر ئەو دینە مەمێنن کە هەموومان دەزانین ناهەق و بێهوودەیە. کەوایە دوای دیتنی ئەو فەرمانە، بێئەوەی کە هیچ خەیاڵاتێکی دیکە بە مێشکتاندا تێپەڕێ، دەبێ دینی ئێمە بە دڵێکی خۆش قبووڵ بکەن. ئێمە لە ڕێی ڕەزامەندیڕا هەتا ئەو جێیە هاتینە پێش کە ئیزنی ئێوەمان دا تا ئاییننی گوماناوی خۆتان کە هەتا ئێستا گرێ و کۆسپی خستۆتە بەر پێی کارەکانتان، بۆ ئێمە بنووسن. ئەگەر ئێوە لەگەڵمان هاو بیر و باوەڕ بن، گورجی و ئاڵبانی ناتوانن، لە حاند فەرمانەکانمان سەر بادەن.»[٨٩]

ڕەنگە وێڕای ئەم فەرمانە پەڕێک کە خاڵە سەرەکییەکانی ئاییننی مەزداپەرستی تێدا بووبێ، هاوپێچ کرابێ. بەکورتی ئۆسقۆفەکانی مەسیحی و ئایینپەروەرانی ئەرمەنی کۆبوونەوە هەتا دەس بکەن بە باس و ڕاوێژ و گۆڕینەوەی بیروڕا. لازار ناوی ئامادەبووانی ئەم کۆبوونەوەی نووسیوە و وادیارە دەبێ سەرچاوەیەکی باوەڕپێکراوی بە دەستەوە بووبێ. وڵامێک کە بەوپەڕی بێ شەرمی و ڕووهەڵماڵاوی داویانەتەوە بەم نامەیە، لە کتێبی لازاردا خراوەتەڕوو و ئێمە لێرەدا چەند بڕگەیەکی دێنین: [٩٠] «ئێمە وەختایەک لە

هەوێڵی پادشادا بووین، گاڵتەمان بە «موغان» دەکرد کە یاسا و ڕێسای ئێوە دیاری دەکەن، ئێستاش ئەگەر بێتوو ناچارمان بکەن کە نووسراوەکانی ئەوان بخوێنینەوە و وتارێکمان گوێ لێبێ کە هەرگیز شیاوی سەرنج و بیری ئێمە نابێ [هەروەک جاران دەس دەکەینەوە بە جەفەنگ لێدان بە موغان.] جا بۆیە تەنیا لەبەر گوڵی ڕووی ئێوە ئەو نامەیەمان نەکردەوە[کە دەبێتە هۆی گاڵتە] و دەسنووسی ئێوەمان نەخوێندەوە. چونکە لێمان سوورە دینێک کە بەڕاستی پووچە و ئاکامی خەیاڵاتی پۆلێک شێت و نەزانە و ئەم گرێ و گومانانە لە لایەن موغانەوە بە دوورودرێژی خراونە تای شێکرانەوە، قەتی پەیڕەوی لێ ناکەین و کاکڵ و بنەماکانی بە شایانی بیستن و خوێندنەوە نازانین. هەر چۆنێک بێ خوێندنەوەی ڕێبازەکانتان دەمانخەنە پێکەنین. هەم قانوون، هەم دانەری قانوون، هەم پەیڕەوانی قانوون لە ڕوانگەی ئێمەوە بۆ قومار پێکردن دەشێن. هەر بۆیە ئێمە بەپێچەوانەی ئەو فەرمانەی دە سەرتان کردووین، خاڵە سەرەکییەکانی ئایینی خۆمان نانووسین و بۆتانی نانێرین. ئێمە ڕێبازی ناپاکی ئێوەمان بە شایانی خوێندنەوە و بیر لێکردنەوە نەزانیوە و بەگوێرەی ئاقڵی کاملی خۆتان، هەق وابوو پێشتر ئەم خاڵەتان وەبەرچاو گرتبا و تیری تانەی ئێمەتان بەڕەوڕووی خۆتان نەکردبا. ئێمە چۆن دەتوانین کە ئایینی هەق و ڕێبازی خودایی خۆمان بنێرینە بەردەم نەزانیی ئێوە و بیخەینە بەر تیری ئامانجی گاڵتەپێکران و جنێوەکانتان. بەڵام سەبارەت بە بنەمای دینەکەمان بەکورتی دەڵێین کە وەک ئێوە ماکەکان و خۆر و مانگ و با و ئاگر ناپەرستین و ئەم گشتە خودایانەی کە ئێوە لە زەوی و ئاسمانەدا هەتانن، پەسنیان نادەین، بەڵکوو تەنیا عەبدایەتی خودایەک دەکەین کە ئاسمان و زەوی و هەر چییەکی کە تێیاندایە، ئەو خوڵقاندوویەتی...»[۹۱]

یەزدگرد پاش وەرگرتنەوەی وڵامەکە، هەرچی ئۆسقۆف و سەرۆکی بنەماڵە گەورەکانی ئەرمەنییە، داوای کردن و تێکڕای ناردنە زیندان. ئەمانە ئەگەرچی لە ناخیاندا پەیمانیان لەگەڵ خودای خۆیان بەستبوو کە ئایینەکەیان ڕابگرن، بەڵام بە ڕوالەت وایان نواند کە «تەمایان گرتووە بیر و باوەڕە کوفراوییەکانی یەزدگرد بسەلمێنن.» یەزدگرد کە لەو کاتیدا سەرقاڵی شەڕی کووشانییەکان، واتە هۆزە کێوییەکانی خاوەنی خاکی کووشان بوو «لە فێڵوفرتی ئەرمەنییەکان

حاڵی نەبوو. » پلەوپایە و ملکەوماشی گەورەکانی ئەرمەنستانی دایەوە، بەڵام چەند کەس لە شازادەکانی وەک بارمتە ڕاگرت و پتر لە حەوسەد کەس موغی بە سەرۆکایەتی «مەزنی موغان» بە مەبەستی بانگهێشتی ئەرمەنییەکان [بۆ سەر دینی زەردەشت] بەرەو ئەرمەنستان گاڵ دا.

هاوکات لەگەڵ ئەم باروهەوایە یەزدگرد میری هۆزەکانی هوونی بە ناوی «چۆل» کە لە «کردەوەکانی شەهیدان»دا[۹۲] ناوی هاتووە و لە باکووری گورگان دانیشتووە، تێکیشکاند. لەم وڵاتەدا کە گرتی، شارێکی بە ناوی یەزدگرد ساز کرد و چەند ساڵێک لەوێ بنەی داکوتا هەتا لەو سنوورانەوە نیزیک بێ کە هەمیشە دەکەوتنە بەر شەپۆلی تاڵان و هرووژمی هۆز کێویلەکان. [۹۳] پاشان پەلاماری خێڵەکانی هوون یا خیوون، ناسراو بە «کیداریان» بۆ سەر ناوچەی «تاڵەقان» لە قۆڵی ڕۆژهەڵات، [۹۴] ناچاری کرد سەرلەنوێ خۆ بداتەوە شەڕ و تێکهەڵچوون.

لەم بەینەدا مەزنەکانی ئەرمەنی ڕاپەڕین و پێشەوایانی مەسیحی جیهادیان ڕاگەیاند، بەڵام وەک هەمیشە ڕقەبەرایەتی بنەماڵە گەورەکانی ئەرمەنستان بوو بە کۆسپ لەسەر ڕێی هەنگاوی هاویەش. «ڤەسەگ سیوونیکی» کە یەکێک لە مەنشوورترین شازادەکانی ئەرمەنی و سنووروانی (حاکمی) ئەرمەنستان بوو، سەبارەت بە ئێرانییەکان وەفادار مایەوە و چووە سەر دینی زەردەشتی. سالگاران شەڕی نێوخۆ بارودۆخی ئەرمەنستانی پەرێشان کردبوو. ڕاپەڕیوان داوای یارمەتییان لە ئیمپراتۆری ڕۆم کرد، بەڵام ئاکامێکی لێنەکەوتەوە، چونکە دەوڵەتی بیزانس سەرقاڵی پاراستنی کەوشەنەکانی خۆی و ڕاونانی هوونەکان بوو. ئەم کردەوەی ئەرمەنییەکان درگای ئاشتی لەگەڵ دەوڵەتی ئێران داخست. هێزەکانی ئێرانی شکستیان هێنا، ڤەسەگ گیرا و بەناچار گەڕایەوە سەر دینی عیسایی. ئەو کات یەزدگرد کە لە پەلامار بۆ سەرناوچەی کیدارییەکان سەرکەوتنێکی ئەوتۆی وەدەس نەهێنابوو، لەشکری کردە سەر ئەرمەنستان و لە ساڵی ۴۵۱دا ڕاپەڕیوانی لە شەڕێکی سەخت بەزاند و سەرکردەکانی لەگەڵ پێشەوایانی ئایینی هێنایە ئێران. ڤەسەگیش کە هەم لەبەر چاوی ئێرانییەکان و هەم لە ڕوانگەی ئەرمەنییەکانەوە بە غەیان دادەندرا، چونکە تاڵانوبڕۆ و کوشتارێکی زۆری کردبوو، لە سەر کاری خۆی لادرا و دەستیان پێ لە تەواوی

ملـکـوماشـەکەی هەڵـگرت. پادشـا دەسـتووری دا بـە «ویـەدین شـاپوور»ی «ئیرانئەنبارەگبەد» (وێنەی ٣٤) کە پێشەوایانی ئایینی مەسیحی زینـدانیکـراو بکـوژێ و لەگـەڵ ئەمەشـا سـنووروانانی ئێرانـی کـە دەکرانـە حوکمـڕانی ئەرمەنستان، زۆریان هەوڵی هێور بوونەوەی بارودۆخی ئەو وڵاتـە دەدا. پـاش مردنی یەزدگرد، دووبارە ئازادی ئایینی لەوێ بەرپا بۆوە.

وێنەی ٣٤، ویەدین شاپوور، ئێران ئەنبارەگبەد
(زارە، سنعاتەکانی ئێرانی کۆن)

مەسیحییەکانی سۆریانیش لەبەر ناکۆکی مەزهەبی تووشی چەرمەسەرییەکی زۆر بوون. بەگشتی ئازار و ئێشاندنی عیسایییەکان نەگەیشتە ئاستی سـەردەمی شاپوور و هێندەی نەتەنییەوە. یەزدگرد لە وەختی شەڕ لەگەڵ مـیری «چـۆل»دا وادیارە سەربازانی مەسیحی وەبەردڵی نەکـەوتبوون، بۆیـە ئـەوانی لـە سـپا دەرکـرد و دوای گەڕانـەوەی لـە تیسـفوونەوە فـەرمانی دا بـە هێنـدێک لـە سەرکردەکان کە چاوناسترین مەسیحییەکانی ناوچەکانی ڕۆژاوا لە بەنـد تونـد بکەن، هەتا لە دینی خۆیان پاشگەز ببنەوە. ئەم مەزن و سەرکردانە بریتی بوون لە: تەهم یەزدگرد «موغان ئەندەرزبود»، ئادورئەفرووزگەرد، کـە لـە ناوچـەی ئەرزەنێن (ئەرزەنان) خـاوەنی پلـەی «سەروشـاوەرزداریگ»بـوو،[٩٥] هـەروەها سوورێن کە لە «ئۆسقۆفنشین»ی «بیس گەرمائی»، لە سەر زێـی بچـووک،[٩٦] پلەی «دەستوەرهەمداد»ی درابوویە. زۆربەی زیندانییەکان لەسەر دینـی خۆیـان سوور بوون و لێی پاشگەز نەبوونەوە و پاش ئەشکەنجەکرانی سەخت لە ساڵـی ٤٤٥دا کوژران. یووحەننانی مەترانیش کەوتە ڕیزی کوژراوەکـان. ساڵـی دواتـر

«پەسیۆن» (Pethion) کە یەکێک لە گرینگترین شەهیدانی مەسیحییە و لە مەڵبەندە شاخستانییەکانی ماد و ناوچەی دیجلە بانگەوازەکەی [بۆ سەر دینی مەسیح] زۆری خەڵک بە پیرەوە چوو بوو، ئەشکەنجە درا و کوژرا. لە نیزیک شارێیەکی کە تیسفوونی لەگەڵ ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتیی وڵات پێکەوە دەبەستەوە، سەری بڕاویان نایە بان ڕەوەزە بەردێک. [٩٧]

یەزدگرد لە ساڵانی کۆتایی حکوومەتەکەیدا زۆر بە توندی گیرۆدەی شەڕی کیدارییەکان ببوو و لە ساڵی ٤٥٧دا بە مردنی خۆی مرد. هۆرمزدی سێهەمی کوڕە گەورەی کە بە نازناوی پادشاوە لە سەکێستان حکوومەتی دەکرد، دانیشتە سەر تەختی دەسەڵات، بەڵام پیرووزی برا بچووکی داوای فەرمانڕەوایەتی دەکرد و بەو قۆشەنەوە کە لە هەرێمەکانی ڕۆژهەڵاتەوە هێنابوونی، لە شاری ڕەی پەلاماری هۆرمزدی دا. [٩٨] لە ماوەی تێکهەڵچوونی ئەم دوو شازادەیەدا، «دینەگ»ی دایکیان لە تیسفوون حوکمڕانێتی دەکرد. ئێستا مۆرێک هەیە کە ڕوخساری ئەم شاژنە بە ناو و نازناوی «بانبێشنان بانبێشێن» (شاژنی شاژنان)ی[٩٩] بە پیتی پەهلەوی لەسەر هەڵکەندراوە. ئەم خاتوونە تانجێکی لە سەرە کە قژی وەک تۆپەوانەیەک بە قەیتانێکی تەسکەڵە بەستراو کەوتۆتە بانی. گوارەیەکی سێگۆ مرواری لە گوێ دایە و بەرموورێکی مرواری کردۆتە ئەستۆی و ئەگریجە و پەرچەمی لوولی بە چەند پرچ هۆندۆتەوە و بەری داوەتەوە. [١٠٠]

لە ژێدەرەکانی ئێرانیدا گەلێک باسی هەست و سۆزی گەرم و زانیاری «پیرووز» دەربارەی ئایینی مەزداپەرستی کراوە، بۆیە وا مەزندە دەکرێ کە موغانی زەردەشتی زۆریان ڕێز بۆ دانابێ. [١٠١] زێدە لەمەش «ڕەهام»ناوێک لە خانەدانی میهران کە سەرپەرستی بوو و بە یەکێک لە هێزدارترین پلەداران دادەندرا، یاریدەیدا. ڕەهام هەڵیکوتایە شەڕی هۆرمزد و شکاندی. هۆرمزد بە دیل گیرا. بەگوێرەی گێڕانەوەی ئێلیزە، ڕەهام هۆرمزدی کوشت و پیرووزی لە جێی دانا. [١٠٢]

فەرمانڕەوایەتی پیرووز (٤٥٩ - ٤٨٤) هێندە بە خۆشی تێپەڕ نەبوو. پاراستنی سنوورەکانی باکوور و ڕۆژهەڵات نیازی بە شەڕ و بەرەنگاری بوو، کەچی قاتیوقڕی درێژخایەن[١٠٣] کە لەبەر ویشکەساڵی باڵی ئەنگاتبوو، ئەوەندەی دیکەی خستە سەر بەڵا و خەسارەتەکانی شەڕ. ئەو کارانەی کە پیرووز

بە مەبەستی بەرگرتن لە قاتی کردوونی، لە سەرچاوەکانـدا نووسـراون. دەڵـێن چاوی لە بەشێکی ملکانە و پیتـاک پۆشـی و بـۆ دابەشـینی پاشـەکەوتی گـەنم دارولەلەیەکی دانا. [١٠٤] لە نامەیەکـدا کە «بەرسووما»ی ئۆسـقۆفی عیسـایی بـۆ «ئاکاس»جاسلیق، لە دەوروبەری سالّی ٤٨٥دا نووسیویەتی، [١٠٥] ئاماژە دەکا کە ماوەی دوو سالّە ناوچەکانی باکووری تووشی قاتیوقڕییەکی دژوار بوونەوە. [١٠٦]

وێنەی ٣٥، سکەی پیرووز

(مووزەی نەتەوەیی کۆپێنهاگ)

لە سەردەمی پادشایەتی پیرووزدا، جووەکان بـەرەوڕووی کوشـتار و دەرد و مەرەد بوونەوە و هۆکارەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ سەر بڵاوبوونەوەی ئـەو هەواڵـە کە جوولەکە دوو کەس لە مووبەدانی زەردەشتییان بە زیندووی کـەوڵ کـردووە. ئەم قەڵتوبڕە وادیارە لـە شـاری ئیسـفەهان کـە ئـەو کـاتیش وەک ئەمـڕۆ، کۆمەڵێک زۆری بەنی ئیسرائیلی[١٠٧] لێ بنەجێ ببوو، لە ڕادەبەدەر ڕەنگی دایەوە.

جیهـانی مەسـیحایەتی لـەو دەمـەدا لەسـەر یـەکێک لـە پـرس و خاڵـە سەرەکییەکانی ئایینی خۆیان تووشی دەمەقڕەی توند هاتبوو. نەسـتوورییەکان لایان وابوو کە مسیح خاوەنی دوو سرشتی جیـاواز بـووە، یـەکیان ئینسـانی و ئەویتریان خودایی. کەچی یەعقووبییەکان پێیان وابوو کە ئـەم دوو سرشـتە لـە گەوهەری بوونی مەسیحدا بوونەوە یەک.

نەستووریان و یەعقووبییان ئەگەرچی دژی ئاریایییەکان کە هـەردک تـیرە ڕقیان لێیاندەبۆوە، یەکانگیر ببوون، بەڵام لـە هـەمان کاتـا زۆریـان یـەکتر ناخۆش دەویست. ئەم دەمەقڕەیە لە قوتابخانـەی ئـەڕڕەها کـە مەسـیحییەکانی ئێران لەوێ خەریکی خوێندنی «زانستی خوداناسیی» بوون زۆر توند بوو، کەچی پاش مردنی «ئیبەس»مامۆستای ناوبـەدەرەوەی ئـەم قوتابخانەیـە لـە سالّـی ٤٥٧دا، کە یەکێک بوو لە نەستووریيە ئازاکـان، ڕێبـازی دژبـەر سـەرکەوت و

زانایانی نەستووری لەو شارە دەرکران. لە نێو ئەمانەدا چەند خوێندکاری لاو هەبوون کە ناوونیتکەیان لە دژبەرانی خۆیان هەڵدەدا. وەکوو «پەشیزخنکێن» واتە مفتەخۆر، «چڵکاوخۆر»، «بەرازۆکە» و چیوچی. یەکیان ناوێکیان بە سەردابڕیبوو کە نووسینەکەی جێی شەرمەزاریبە. لە هەموان ئازاتر «بەرسووما» بوو کە ناویان نابوو «مەلەوەری نێوان هێلانان» و لە کۆڕ و کۆبوونەوەیەکا بە ناوی «ڕاهزەنی ئەفز» (Le brigandage d'Éphése) وا بە شۆر و گەرمە داکۆکی لەڕێبازی نەستووری کرد، کە ئۆسقۆفەکان داوای دەرکردنیان خستەڕوو. زۆرێک لەم خوێندکارانە لە ئێراندا گەیشتنە پلەی ئۆسقۆفی. خەنیمەکانیان ئەوانیان بە چەپەڵکاری و دوایێپیسی و هەر چەشنە خەیانەتێک تۆمەتبار کرد. بەرسووما کە بەڕوالەت کابرایەکی لە خۆڕازی و لە هەمان کاتا کەسایەتییەکی لێوەشاوە بوو، تا ڕادەیەک سەرنجی پیرووزی بۆ یاریدەدانیان ڕاکێشا و بەوپەڕی تێکۆشانەوە گەلێکی خزمەت هەم بە دینی مەسیح و هەم بە پادشا کرد. بێگومان پیرووز نە قەشە ئینکەبەر و ماخولیاکانی مەسیحی خۆشدویست، نە ڕێزی بۆ ئایینەکەیان دادەنا، بەڵام تەماشای دەکرد کە ڕێبازی نەستووری دەکرێ گەلێک کەلکی سیاسی لێوەربگێری، چونکە دەیتوانی مەسیحییەکانی ئێرانی زیاتر لە هاودینانی خۆیان لەوبەری سنووردکانی ڕۆژاوایی، لێکتر بترازێنێ. کاتێک ئیمپراتۆر «زێنۆن» هەڵوێست و سیاسەتێکی گرتەبەر کە ڕێبازی یەعقووبی لە ژێر پەردەیەکی بێلایەنیدا حەشار دەدا، یانی وای دەنواند کە یاریدەی هیچکام لەو دوو ڕێبازە دینییانە نادا، بەرسووما کە لەم کاتەدا ببوو بە مەترانی نوسەیبین و پشکێنەری هێزەکانی سنووریی، لەگەڵ چەند کەس لە مەترانەکانی دیکە ئەنجومەنێکی لە نوسەیبین پێکهێنا. لەم ئەنجوومەنەدا بڕیار درا کە جاسلیق «بابوائی» لابەرن، چونکە چاک و خراپ ددانی بە خێریان پێدا نەدێنا. لە بەرامبەردا بابوائی، بەرسووما و پەیڕەوەکانی بە لە دین وەرگەڕاو دایە قەڵەم. شەڕەندووکەکە تەنییەوە و سەرەنجام بابوائی گیرا و بە ئەنگوست هەڵیانواسی و ئەوەندیان بە قامچییان لێدا هەتا مرد. بەرسووما و ئاکاسی هاوڕێشی کە پاش بابوائی بوو بە جاسلیق، نێوانیان هێندە خۆش نەبوو. بەرسووما بە بیانووی جۆراوجۆر خۆی لە چوون بۆ ئەو کۆڕ و کۆبوونەوەیە دزییەوە کە ئاکاس دەیهەویست لە سلووکیە پێکی‌بێنێ.[١٠٨]

✧✧✧

دەوڵەتی بیزانس لە سەدەی پێنجەمدا گیرۆدی کۆمەڵێک ئاڵۆزی و شێواوی ببوو کە لەبەر هێرشی هۆزە کێویلەکان دەتاسا و مەترسییەکی ئەوتۆی بۆ دەوڵەتی ئێران نەبوو، بەڵام هەروەک دیتمان ساسانییەکانیش بەرەوڕووی هرووژمی کێوییەکان ببوونەوە و لێیان نەخەلەستبوون. [١٠٩]

پیرووز لە سەرەتای فەرمانەڕەوایەتی خۆیدا ویستی کە کیداریییەکان بۆ دانی ملکانە و باج پێمل بکا. کیدارەی میری ئەم هۆزە ملی نەدا و دووبارە شەڕ هەڵگیرسایەوە. لە دیرۆکاندا هاتووە کە پادشای ئێران لەگەڵ «کوونگخاس»ی کوڕ و جێنشینی کیدارە بە ڕێی ئاشتیدا هەنگاوی نا و پێشنیاری کرد کە ئامادەیە خوشکەکەی خۆی بداتێیە. [١١٠] بەڵام شەڕ هەروا نەپسایەوە. پیرووز قەیسەری ڕۆمی بانگهێشتن کرد کە بڕێکی یارمەتی بدا بەڵکوو بتوانێ کیداریییەکان ببەزێنێ و بەر بە پەلامارەکانی هۆزی «ساراگوور» و خێڵە کێویلەکانی دیکە بگرێ، کە بە ڕێ و ڕەوگەکانی قەفقازدا چووبوونە گورجستان و ئەرمەنستان؛ بەڵام وادیارە ئەم داوا پەساپەسایە ولامی نەدرایەوە. سەرەڕای ئەمەش پیرووز بە شێوەی یەکجارەکی کیداریییەکانی تێکشکاند و ئەوان بە جڵەوداریتی «کوونگخاس» کۆچیان کرد و لە قەندەهار نیشتەجێ بوون. بەڵام هۆزێکی دیکە بە ناوی «هەفتالییان»[١١١] کە لە هەرێمی کانسووری چینەوە هاتبوون، پەلاماری ناوچەی تۆخارستانیان دا کە تازە کیداریییەکان لێی ڕەویبوون. هەفتالییەکان کە بە «هوونە سپیەکان»یش ناودێرن، بەڕاستی ناکرێ بە تۆرەمەی هۆزەکانی هوون دابندرێن. [١١٢] بەگوێرەی گێڕانەوەی پرۆکۆپیۆس ئەم تیرەیە بە باری سپی‌پێستی و شێوەی ژیانی ژیارمەندانەدا لەگەڵ خێڵ و هۆزەکانی هوون جیاواز بوون. پیرووز لەگەڵ ئەم دوژمنە تازە کەوتە شەڕ و بەزی و گیرا. بەناچار شاری تاڵەقانی بە دەستەوە دا کە بەر لە شکاندنی کیداریییەکان شوێنێکی قایمی سنووریی بوو و بەڵێنی دا کە ئەو هێڵە نەبەزێنێ و هەروەها ناچار کرا کە بە گفتی دانەوەی خەسارەتی شەڕ، ئازادی خۆی‌بکڕێتەوە. کوادی کوڕی دوو ساڵان وەک بارمتە لە بارگای میری هەفتالییەکان مایەوە، هەتا هەموو دراوی خەسارەتەکە درا.[١١٣] دوایە پیرووز، سەرەڕای دەس وەبەرهێنانی سپاهبود «وەهرام» دووبارە لە هەفتالییەکان دامەزرا و ملی دەبەر ملی نانەوە.[١١٤] ئەم هێرشە لە ساڵی ٤٨٤دا سەرەنجامێکی زۆر تاڵی لێکەوتەوە.[١١٥] سپای ئێران کە بە

بیابانێکدا دەڕۆیی، بەتەواوی لەبەر دوژمن بەزی و تێداچوو. پیرووز کوژرا و هەرگیز مەیتەکەی وەدەس نەکەوتەوە. بەپێی گێڕانەوەی دیرۆکنووسانی عەرەب و ئێرانی ئەم پادشایە لەگەڵ تاقمێکی زۆر لە پیاوەکانی کەوتنە ئەو کەنداڵ و قوڵکانەی کە میری هەفتالییەکان بۆیانی هەڵکەندبوو. ڕاست یان درۆ ئەم نەزیلەیە زۆر کۆنە، چونکە لازار فارپ کە نووسەرێکی هاوچەرخی بووە، ئاماژەی بەو چیرۆکە کردووە. [۱۱۶] یەکێک لە کێژانی پیرووز کەوتە دەس میری هەفتالییەکان کە ناردی بۆ ئەندەروونیی خۆی. هەفتالییەکان بە خاکی ئێران وەربوون و چەند ئوستانێکیان لەگەڵ شارەکانی مەروڕوود و هیرات داگیر کرد و باجێکی ساڵانەیان بە سەر ئێرانییەکاندا سەپاند. [۱۱۷]

بەدەسەڵاتترین نەجیمزادەکانی ئێران دوو کەس بوون، یەکیان «زەڕمێهر» یان «سۆخرا» لە بنەماڵەی گەورەی «کارێن»، [۱۱۸] کە بە بنەچەکە شیرازی و حوکمڕانی هەرێمی سەکێستان و خاوەنی نازناوی «هەزارەفت»بوو؛ [۱۱۹] ئەوی دیکە شاپوور کە خەڵکی ڕەی و لە بنەماڵەی ناوبەدەرەوەی «مێهران» بوو. [۱۲۰] لازار فارپ دەگێڕێتەوە کە ئەم دوو سەرکردەیە بە سپا و قۆشەنێکی زۆروزەوەندوە لە «ئیبێری» و «ئەرمەنستان» سەرقاڵی شەڕ بوون و هەر کە هەواڵی مەرگی پیرووزیان پێگەیشت، خێرا گەڕانەوە تیسفوون، هەتا بڕشت و دەسەڵاتی خۆیان لە هەڵبژاردنی پادشای نوێدا بخەنەگەڕ. «وەلاش» بۆ پیرووز هەڵبژێردرا و لە دەورانی حوکمڕانێتی ئەم پادشایەدا فەرمانڕەوای ڕاستەقینەی ئێران، زەڕمێهر بوو. ئەو لەگەڵ «ڤەهەن مەمیکۆن»، سەرۆکی یاغییەکانی ئەرمەنی پێکهات. ئەرمەنییەکان دەیانتوانی ئەم هەلە بقۆزنەوە و ئەو مەرجانەی ئاشتی کە ڤەهەن وەدەستی هێنان دەریدەخەن کە مەسیحییەکان لە زەردەشتییەکان دەمارگرژتر بوون، چونکە ڤەهەن نە تەنیا خوازیاری ئازادی بێ ئەملا و ئەولای ئایینی مەسیحی بوو، بەڵکوو داواشی کرد کە دینی زەردەشتی لە ئەرمەنستان هەڵوەشێتەوە و ئاورگاکانی وێندرێ وێران بکرێن. دوای گەیشتن بەم ئامانجانە، ڤەهەن یاریدەی زەڕمێهری دا کە «زەریر» (بە زمانی ئەرمەنی زارە)ی برای پیرووز و وەلاش کە داواکاری تەخت و تاجی حکوومەت بوو، بیبەزێنێ و بۆ کۆسارانی بڕەتێنێ. زەریر لەوێ گیرا و کوژرا و ڤەهەن بوو بە سنووروانی ئەرمەنستان. [۱۲۱]

بارودۆخێکی زۆر تاڵ و تفت بوو. ئێران لەبەر تەنینەوەی دەسەڵاتی پادشای هەفتالییەکان گرفتاری سووکایەتی و ملکەچی ببوو. هەر بۆیە «گوشنەسپدادی»ی ناسراوا بە «نەخوارەگ»ی سەرداری ئێرانی کە زەرمێهر کردبوویە پاسپاردەی گفتوگۆ لەگەڵ ئەرمەنییەکان، لە کاتی دووانی لەگەڵ ڤەهەن ئاوای گوت: «ئەو (واتە پیرووز) وڵاتێکی پانوبەرین و ئاوەدانی دایە دەس هەفتالییەکان و هەتا دەسەڵاتی ئەم هۆزە بمێنێ، وڵاتی ئێران نیری عەبدایەتی و زنجیری خۆفناکی دیلایەتی لە ئەستۆی دانارندرێ و رزگاری نابێ.»[۱۲۲] باشترین جەنگاوەرانی قۆشەن تێداچووبوون و دەوڵەت پاشکەوتێکی لە خەزێنەدا نەبوو کە موچە و مانگانەی چەکدارەکانی دابین بکا. مێژوونووسانی ئێران بۆ پاراستنی ئابڕووی نەتەوەی خۆیان حیکایەتێکیان ساز کردووە، کە زەرمێهر تۆڵەی لە میری هەفتالییان کردەوە و سەرەنجام بە شێوەیەکی شەرافەتمەندانە لەگەڵیان پێکهات و سوڵحی کرد. بارەکە وا سووڕا کە میری هەفتالییان ناچار بوو تەواوی ئەو دەسکەوت و خەنیمەتانەی لە ئاخرین شەڕی پیرووز وەدەستی هێنابوون، بیانداتەوە و کچەکەشی بنێرێتەوە، بەڵام لە ڕاستیدا ئەو شازادەیە نەنێردرایەوە و میری هەفتالییەکان کچێکی لێ بوو، کە دواتر بوو بە هاوسەری کوادی یەکەم (قوبادی یەکەم)ی پادشای ساسانی.[۱۲۳]

وادیارە وەلاش پیاوێکی دڵساف و نیازپاک بووە کە دەیەویست گەلەکەی خۆی بەختەوەر بکا. دەگێڕنەوە وەختایەک دەیبیست کە موچە و مەزرایەک وێران و بەڕەڵا کەوتۆتەوە، وەرزێڕەکەی سزا دەدا، چونکە دەیگوت ئەو کابرایە بە چاکی بە زەوی‌وزارەکەی نەچاراوە و دەستی لەگەڵ ئاومااڵەکانی نەداوەتێیە و وای کردووە لەبەر نەبوونی پێویستییەکانی ژیان بەناچار مەوتەنی خۆیان جێهێڵن.[۱۲۴] نووسەرانی[۱۲۵] مەسیحیش تاریفی نیازپاکی و ویست و خواستی چاکیان کردووە. سەرەڕای ئەمەش وەلاش پیاوێک نەبوو کە وڵاتی ئێران لەو وەختەدا زۆری پێویستی پێبووبێ. نارەزامەندی مەزن و ماقوواڵان هەموو لایەکی گرتەوە.[۱۲۶] وەلاش پاش چوار ساڵ فەرمانڕەوایەتی لێخرا و کوێر کرا و کوادی کوڕی پیرووز لە جێی داندرا (۴۸۸).[۱۲۷] بێگومان هاندەری سەرەکی ئەم شۆڕشە زەرمێهرە[۱۲۸] کە بە ڕواڵەت بەرژەوەندی سیاسی لەبەرچاو بووە، چونکە کواد چەند ساڵێک پاش شکانی پیرووز وەک بارمتە لای میری هەفتالییەکان مابۆوە و

پەیوەندییەکی باشی لەگەڵ ئەو هۆزە هەبوو. ئێرانییەکان بە هیوا بوون کە هەڵبژاردنی وی لە تەوژم و زۆرەملی هەفتالییەکان کەم بکاتەوە. وادیارە دوای دانانی کواد، گەرچی هەروەک زەمانی پێشوو هەفتالییەکان باج و سەرانەیان لە ئێران وەردەگرت،[۱۲۹] بەڵام دەرووبەکی ڕوون لە پەیوەندییەکانیاندا پەیدا بوو.

لە سەردەمی فەرمانڕەوایەتی وەلاشدا، بەرسووما لای پادشا زۆر لە پێش بوو و سەفەرێکی کرد بۆ قوستەنتەنییە هەتا پادشایەتی وەلاش بەڕەسمیی ڕابگەیەنێ. پاش گەڕانەوە، پادشا بۆ کارێکی دیکەی ڕاسپارد و بەناچار ماوەیەک لە مەبەستی ڕاپەڕاندنی کاروباری سنووریی لە نوسەیبین مایەوە و ئەم کارەی وەک بیانوویەکی تازە بە ڕووی خۆیەوە گرت هەتا نەچێتە کۆبوونەوەی ئەو ئەنجومەنەی کە ئاکاس بانگهێشتنی کردبوون. هەرچۆنێک بێ ئەم کۆڕە لە سلووکیە کۆ بووە، کەچی تەنیا دوازدە ئۆسقۆف بەشداریان تێدا کرد. چەند کەسێکیان وەک «گابرییەل»ی ئۆسقۆفی هیرات، لە ڕێگای زۆر دوورەوە هاتبوون. سێ یاسای زۆر گرینگ لەوێ پەسند کرا و بنەڕەتەکانی ڕێچکەی نەستووری بوو بە ڕێوشوێنی یەکجارەکی و تایبەتیی مەسیحییەکانی ئێران. ڕەهبانەکان (ڕەبەنەکان) بەرگێڕەوی ڕقەبەرایەتی قەشەکانیان لێکرا و وەک ئەرک خستیانە سەر شانی پیاوانی ئایینی کە نەزری ڕەبەنی نەکەن، چونکە خۆ پاراستن لە زەماوەند تەنیا بۆ دێرنشینان ئیزنی لە سەرە. ئەم بڕیارەی دواییش هەنگاوێک بوو بە باری یەکدەنگی لەگەڵ مەزداپەرستان، کە زۆریان ڕق لە مێرد نەکردن و ژن نەهێنان بوو. بەرسووما لەسەر مەیلی پیرووز «وەک هەموو ئێرانییەکان» ژنی هێنا. بە مەبەستی چەسپاندنی ئەم بڕگەی ئاخری بڕیارەکانی کۆبوونەوەی سلووکیە، چەند بەڵگە و بۆنە و هۆکاری ئەخلاقییانەشیان خستەڕوو و لەسەر حەرام کردنەکەی گوتیان: «دابی کۆنی بە ڕەبەنی ژیان، بۆتە هۆی بڕەوی داوێنپیسی و کاری دزێو و تیر و تانەی گاڵتەی غەوارانی بەرەو نەساراکان کردۆتەوە.» مەبەست لە غەواران، ئێرانییەکانن.

شتێکی دیکەش کە مەسیحایەتی ڕۆژهەڵاتی لە مەسیحایەتی ڕۆژاوا جودا دەکردەوە، دانانی مەکتەبی ئایینی بوو لە نوسەیبین. پاش ئەوەی کە مەکتەبی ئەڕڕەها تەواو بیر و بۆچوونی نەستووری کاری تێکرد و باڵی بە سەردا کێشا و بە فەرمانی «زێنۆن»ی ئیمپراتۆری ڕۆم هەڵوەشایەوە، بەرسووما ئەم

خوێندنگەیەی دامەزراند. «نەرسێس»ی بلیمەت، مەنشوور بە «مەبڕووس» بە سەرۆکی خوێندنگەی نوسەیبین هەڵبژێردرا و ئەم مەکتەبە لەو دەمیڕا بوو بە ناوەندی پەرەپێدانی بنەماکانی ئایینی نەستووری. مردنی بەرسووما و نەمانی خەلیفە جاسلیق ئاکاس، کە لە دەوروبەری ساڵی ٤٩٥دا ڕووی دا نیشانەی کۆتایی یەکێک لە گرینگترین دەورانەکانی مەسیحایەتی ئێرانە. [١٣٠]

بە مەبەستی ڕوون کردنەوەی پەیوەندییەکانی مەسیحایەتی و ئایینی ڕەسمیی ئێران لە سەدەکانی چوارەم و پێنجەمدا چەند بڕگە و دەستەواژەیەک لە زاخەو (Sachau) دەگێڕینەوە. [١٣١] مەسیحایەتی لە چاخی ساسانیدا هەمیشە، تەنانەت لە نالەبارترین قۆناخ و ڕۆژگارانی ئازار و چەوساندنەوەدا، بەری پێنەگیراوە، ئەگەرچی جاروبارێک هێندێک لە کۆمەڵانی عیسایی لە شار و گوندانداء لە لایەن کاربەدەستانی ئێرانیڕا تووشی ئازار و ئێشاندن دەبوونەوە. مەسیحییەکان مەرج و بنەماکانی ئایینی خۆیان لەو ئەنجومەنانەدا کە ساڵانی، ٤١٠ و ٤٢٠ لە پایتەختی وڵاتی ئێران پێکهاتن، لەبەردەم دوو نوێنەری دەوڵەتی ئیمپراتۆریەتی بیزانسدا چەسپاند، کە یەکیان «ماروسا»ی ئۆسقۆفی میافارقین و ئەوی دی «ئاکاس» ئۆسقۆفی ئامیدا[١٣٢] بوو. ئەفرەعت وتار و ئامۆژگارییەکانی ئایینی خۆی لە سەختترین ڕۆژگارانی زوڵم و دەسدرێژی بۆ سەر مەسیحییەکان لە سەردەمی شاپووری دووەمدا، نووسیوە، بەڵام هیچ شوێنەوارێک لەم نامیلکانەدا بەدیناکرێن کە نیشانەی کۆسپ و تەگەرەی سەر ڕێگای بەڕێوەچوونی ڕێورەسمەکانی دینی عیسایی بن لەو زەمانیدا. هەمیشە پێشەوایان و ئایینپەروەرانی مەسیحی کەوتوونە ژێر تەوژم، بەڵام هیچ باسی ئەو مەبەستە نەکراوە کە جەماوەری مەسیحییەکان ئازار درابن یان بەناچار لە دینی خۆیان وەرگێڕدرابن. وادیارە عیسایییەکان چ لە وڵاتی ئێرانا و چ لە دەوڵەتی ئیمپراتۆریەتی ڕۆما، لە پەیوەندیی حقووقیی نێوان خۆیاندا پەیڕەو و ملکەچی ڕێوشوێنی سۆریانی و ڕۆمی بوون بە ناوی: leges Constantini Theodosii Leonis کە وادیارە لەگەڵ داب و نەریتی خۆمالّی ڕێکیان دەکرد.[١٣٣]

✧✧✧

کتێبی «کردەوەکانی شەهیدان» بەتایبەت لەم بارەوە سەرنجڕاکێشە کە چەند بابەتێکی سەبارەت بە یاسای سزادان و بەگشتی دامودەزگای دادوەریی ئەو

سەردەمی تێدایە. پاش ئەوەی کە بە یارمەتی نووسینی زانایانەی دوکتۆر لابوور بەکورتی باسی مشتومڕە ئایینییە بەربڵاوەکانی سەدەی چوار و پێنجمان کرد، زۆر سروشتییە لێرەدا ئەو خاڵ و بابەتانەی کە بە دەستەوەن، بە ئامانجی ڕوون کردنەوەی ئەم باسە کۆبەندیان بکەین و بیاننووسین.

بەگشتی دادپەروەری لە ئێرانی کەونارادا لە پلەیەکی بەرز وێستاوە و لە دەورانی هەخامەنشییەکانەوە نیشانەی تەواو بە دەستەوەن کە پادشایان شێلگیرانە وریای چاک بەڕێوەچوونی دەزگای دادوەری و دەستێوەردانی دادوەرەکان بوون. لە چاخی ساسانییەکانیشدا ناوی دادوەر، ڕێزێکی شایانی لێگیراوە و کەسانێکی چازان و دادپەروەری وایان دادەنانە سەر کورسی دادوەری کە نیازیان بە ڕاوێژ نەبووبا و گاڵتەیان بە ڕێوشوێنی ڕۆمییەکان دەکرد کە کەسانی زانا و ڕەوانبێژیان لە پشت سەری دادوەرانی نەزان دادەنا کە لە پرس و کێشەکانی حقووقیدا، حوکم بدەن.[۱۳۴]

هەروەک دیتمان ئەرکی نێوبژیوانی و داوەری کردن - ڕەنگە تەنیا لەو کاروبارانەدا کە پەیوەندی بە وەجاغزادەکانەوە بێ - بە یەکێک لە حەوت پلەوپایەکانی پاوانی مەزنەخانەدانەکان دانەڕاوە، بەڵام لەبەروەی کە لە دینی زەردەشتیدا، دین و ئەخلاق لەگەڵ ماف بە باری دادوەریدا، یەکانگیرە، هێزی دادوەری بە واتەی تایبەتی خۆی بە دەس ڕێبەرانی دینییەوە بوو. هەروابێتەوە پیاوانی ئایینی هەموو زانستێکیان کردبوو بە پاوان و تایبەتی خۆیان. دادوەرانیان لە ڕێزەی دەستوەران و مووبەدان و هیربەدانا ناودەبرد. سەرۆکی گشتیی دادوەران پێیدەگوترا «قازی نیشتمان» یان «شاردادوەر» یا دادوەری دادوەران.[۱۳۵] کەسێک بە ناوی «ئایینبود» - کە بە سەرۆکی پاراستنی داب و نەریتەکان دادەندرا - وادیارە کاری دادوەریشی ئەنجام داوە.[۱۳۶] دادگاکانی هەر ناوچەیەک لە لایەن دادوەرێکی ڕووحانییەوە سەرپەرستی دەکران و ئەم کەسە وریا بوو کە نەکا حوکم و کرداری سەرۆکانی ناڕووحانی دادگاکان دژی دادپەروەری بێ. یەکێک لە بەرپرسیارانی پایەبەرزی ناوچە و مەڵبەندەکان کە خاوەن دەسەڵاتی دادوەری بوون، «سەروشاوەرزداریگ»یان گوێگری ئایینی و ئەویتر «دەستوەرهەمداد» بوو.[۱۳۷] هەر گوندێک خاوەنی ناوەندێکی نزمتر بوو کە دێهقان (کوێخادێ - قوڵەئاغا بە دابی دەورانی دەربەگی) یان دادوەرێکی کە

لەبۆیان ناردبوو ، بەڕێوەی‌دەبرد. جاری وایە باسی دادوەری سوڵحی شاهریشت (؟) کراوە ، [۱۳۸] بەڵام هیچ زانیارییەکمان سەبارەت بە کار و سنووری دەسەڵاتی ئەم بەرپرسانە نیە. بەگوێرەی نێوەرۆکی کتێبی ئەڤێستایی «سەکادومنەسک»[۱۳۹] جیاوازی بووە لە نێوان ئەو دادوەرانەی کە دە ، یازدە ، دوازدە ، سێزدە ، چاردە یان پازدە ساڵ زانستی شەریعەتیان خوێندووە و وادیارە بڕیار و حوکمەکانیان بەپێی پلەی خوێندیان سەنگ و بایەخی خۆی بووە. دەزگای دادوەریی سپا دەدرایە دەس قازییەکی تایبەتی بە ناوی «سپادادوەر».[۱۴۰] جگە لەمەش وا مەزندە دەکرێ کە زۆرێک لە بەرپرسانی دەزگای دادوەری کە لە پلەیەکی تایبەت وێستاون ، مووبەد یان هیربەد بوون ، هەروەک دەزانین جاری وایە هیربەدان بە ناوی دادەورێتی حوکمیان داوە. [۱۴۱]

سەرۆکایەتی دەزگای هێزی باڵای دادوەرێتی تایبەتی پادشا بوو. هەڵبەت ئەم کارە تەنیا هەر قسە و گریمانە نەبوو ، چونکە نەقڵ و نەزیلە و سەرچاوەیەکی زۆر بە دەستەوەن کە شاهیدن لەسەر دادەوانیی پادشایانی ساسانی. گوتەی پادشا ڕەت بوونەوەی نەبوو ، بە نیشانەی ئەم نەگۆڕی و هەڵنەوەشانەیەوە ، ئەگەر پاتشا پەیمانی لەگەڵ کەسێک دەبەست ، تووڕەکەیەکیان پڕ دەکرد لە خوێ و شا «مۆرنەقیم»ی خۆی لەسەر دەدا. [۱۴۲] ئەگەر کەسێک لە ناوەندەکانی دادی خۆجێیی‌دا مافی زایە بووبا هەمیشە دەیتوانی هانا بەرێتە بەر شا و بە مرادی خۆی بگا. بەڵام شا دوور بوو و زۆر بە دژواری دەستی پێڕادەگەیشت. هەر بۆیە گێڕاویانەتەوە کە زۆربەی پادشاکانی ئێران لە هەل و هەڵکەوتی تایبەتا ، سواری ئەسپ دەبوون و لە سەر بەرزاییەک ڕادەوەستان و لەوێوە دەیانڕوانییە تێکڕای ئەو جەماوەرەی کە لە دەشتا کۆ ببوونەوە و بە سکالاکان ڕادەگەیشتن. دەڵێن بۆیە وایان دەکرد «چونکە ئەگەر بێتوو پادشا لە جێیەکی بە دالان و دەربەند و پەردەدارا دانیشتبا کەسانی غەرەزاوی و زاڵمان نەیاندهێشت مافخوراوان و مەزلوومان بچنە لای فەرمانڕەوا. »[۱۴۳]

جگە لەمەش وادیارە کە پادشایانی یەکەمی ساسانی سالێ دووجار لە جێژنی نەورۆز و مێهرگان‌دا درگایان بۆ دیداری گشتیی دەخستە سەرپشت[۱۴۴] و چوونی هەموو کەسێکیان لە ورد و درشتەوە ئیزن دەفەرموو. چەند ڕۆژ پێشتر لە لایەن شاوە ڕادەگەیەندرا کە دیداری گشتیی ئەنجام دەدرێ و سکالاکار و بەرسکالا

خۆیان بۆ ولاّم دانەوە ئامادە بکەن. جا ئەمجار فەرمانڕەوا بە موویەدانموویەدی دەفەرموو کە چەند کەسێکی ئەمین و باوەڕپێکراوە لە دەروازەی کۆشک دابنێ هەتا کەس بەر بە هاتنی زولاّم لێکراوان نەگرێ و ڕایدەگەیاند کە هەر کەس لەم کاتەدا ببێتە کۆسپ لەبەردەم خرانەڕووی سکالاّی مەزلوومێک، سەبارەت بە خودا و شا تاوانێکی گەورەی ئەنجام داوە و لە سێبەر و پەنای یاسا بێبەش دەبێ. جا ئەودەمی پیاوانیان دێنایە ژوورەوە، لە پێشدا بەو سکالاّیانە ڕادەگەیشتن کە خودی شا دەبوو بە لایەنی بەرسکالاّ. فەرمانڕەوا سەرۆکی موویەدان و دەبیران و زێرەوانی گشتیی ئاورگاکان (هیربەدانهیربەد)ی گاز دەکرد و پاشان لە جێی خۆی هەلاّدەستا و دەهاتە خوار و لەبەردەم موویەدانموویەد بۆ داوەری لەسەر چۆکان دادەنیشت و دەیگوت: «هیچ تاوانێک لە لای خودا گەورەتر نیە لە تاوانی پادشایان و ئەمەگداری پاشایان سەبارەت بە نیعمەتەکانی یەزدانی مەزن، ڕاگرتن و باڵ بە سەرکێشانی جەماوەری ژێردەستە و ئەستاندنی دادی ئەوان و کورت کردنەوەی دەستی زاڵمانە لە سەریان.» کەوایە ئەگەر پادشایەک ڕێگەی زۆرەملی بگرێتەبەر، ژێردەستەکانی ئیزن دەدەن بە خۆیان کە بکەونە خاپوور کردنی ئاورگاکان و هەلاّدانەوەی سەری موغاری مردووان[۱۴۵] و ئەم وشانەی بە زاریدا دەهات: «من کە تەنیا بەندەیەکی کەم و کورتم، کەوتوومە بەرەوڕووی تۆ، هەروەک تۆش سبەینێ دەکەوێە بەرەوڕووی پەروەردگار، ئەگەر تۆ لایەنی خودا بگری، خوداش لایەنی تۆ دەگرێ، بەلاّم ئەگەر پشتیوانی لە شا بکەی، خودا دەتچزێنێ.» سەرۆکی موویەدان لە ولاّمدا دەیگوت: «ئەگەر خواوەندگار بەختەوەریی عەبدانی خۆی بوێ، باشترین پیاوی ولاّتیان بۆ هەلاّدەبژێرێ، بێتوو مەیلی لێبووبێ کە سەنگبایی پادشا بنوێنێ، کۆمەلاّێک وشەی بە زماندا دێنێ وەک ئەوەی کە تۆ ئێستا بە زمانتا هێنا.» پاشان بە سکالاّکە ڕادەگەیشتن، ئەگەر حوکم بە کەمتەرخەمی و کۆتاهی پادشا درابا، دەبوو قەرەبوو و تۆلەی بکاتەوە، ئەگینا سکالاّکاریان دەخستە بەند و سزایەکی تەمێگرتووانەیان بە سەردا دەسەپاند و ڕایاندەگەیاند کە «ئەمەیە سزای کەسێکی وا ویستوویەتی تاوانی زولاّم وەلای شا بدا و زەرەد بە نیشتمان بگەیەنێ.» پاش کۆتایی ئەم کار و کردەوەی دادوەرییە پادشا هەلاّدەستا و بە دوورودرێژی دەکەوتە نزا و پاڕانەوە و شوکرانەبژێری. جا ئەو جار تاجی

دەنایەوە سەر و لە سەر تەخت لێی دادەنیشت و بانگی سکالاکارانی دیکەی دەکرد کە داواکانیان بخەنەڕوو.[۱۴۶]

ئەم گێڕانەوەیە هەتا ڕادەیەک پشتی بە کۆمەڵێک بەڵگەنامەی مێژوویی بەستووە، چونکە بانگەشەی پێشەوایانی زەردەشتی دەردەخا کە لە هەموو مەحکەمەیەکا ویستوویانە خۆیان بە قازی و داوەر بنوێنن، تەنانەت لە کێشەیەکیش‌دا کە لایەنەکە بەدەسەڵاتترین کەسی وڵات بێ. لەگەڵ ئەمەش‌دا سەرچاوەکانی مێژوویی ئێمە ئاشکرای دەکەن کە یەزدگردی یەکەم ئەم دابەی هەڵوەشاندەوە، هەر بۆیە لەبەر چاوی ڕێبەرانی زەردەشتی بۆتە بێزراوترین پادشای ساسانی. لە کتێبی «کردەوەکانی شەهیدان»دا نووسراوە[۱۴۷] لە سەرەتادا دابی ساسانییەکان ئاوا بوو کە هەفتەی بەرایی هەر مانگێک هەموو کەس مافی ئەمەی هەبوو کە بچێتە لای کاربەدەستانی دەوڵەتی و سەبارەت بەو زوڵمەی دەرهەقی کراوە سکالا بکا و ئەو کێشە و داوایانەی کە لایان لێنەکراوەتەوە، بە گوێی پادشای ئاشنا کا. یەزدگردی دووەم ئەم نەریتەی هەڵوەشاندەوە نەک یەزدگردی یەکەم و لە «تاریخی تەبەری»ش‌دا بابەتێک هەیە کە ئەم مەبەستە دەسەلمێنێ.

بنەمای ماف و دادوەرێتی چاخی ساسانی کتێبی ئەڤێستا و لێکدانەوە و شی‌کردنەوەکانی[۱۴۸] و یەکدەنگی «پیاوچاکان» واتە سەرجەمی حوکم و فتواکانی زانایانی ئایینی بووە.[۱۴۹] وادیارە سەرجەمێکی یاسایی بە مانای تایبەت لە گۆڕێدا نەبووە،[۱۵۰] بەڵام لە ڕووی کورتە و پوختەی نەسکەکانی «ئەڤێستا»ی ساسانی‌ڕا کە لە کتێبی «دینکەرد»دا هەیە، وا دەردەکەوێ کە چەند نەسکێک (بەشێک) تایبەتی پرسی ماف و داوەری بووە. ئەو پوختەیەی کە لە دینکەرد دایە، لە ڕووی ئەڤێستای ساسانی و لێکدانەوەکانی‌ڕا کورت کراوەتەوە و وادیارە مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ چاخی خوسرەوان. ئەم لێکدانەوەیە بریتییە لە کۆمەڵێک لێکدانەوەی کۆن کە کۆبە و پەڕاوێزی تازەیان لێ زیاد کردووە. کەوایە ئەم بابەتانەی کە سەبارەت بە ڕێوشوێنی دادوەرێتی لە «دینکەرد»دا خراوەنەڕوو، زۆربەیان بۆچوونی شیکارانی کۆنن و شێوەی کار و جووڵانەوەی دەزگای داد و دادەوانی سەردەمی ساسانییەکان دەردەخەن. ئەو بەند و بابەتانەی کە لە کتێبی شەریعەتی «مادەیانئی هەزار دادێستان»ەوە بە دەستەوەن و

بارتۆلۆمه بەشێکی لێوەرگێڕاوە و شی‌کردۆتەوە، بەگشتی لە بـوار و بەسـتێنی ملکایەتی، زەماوەند و مافـەکانی بنەماڵـەوە دەدوێ، کـە دەیانخەینـە بەشـی داهاتوو. نووسەری ئەو کتێبە گوتوویەتی کـە لـە کێشـەی حقـووقیی‌دا دەنگـی موبەدانموبەد بالاتر بووە لە دەنگی هەموان و لەم دەستەواژەیەڕا وا وێدەچێ کە دەنگی گەورەی موبەدان لە دادوەری کردنی بەشی «تاوانە گـەورەکان»یـش‌دا لەسەر بووە[۱۵۱] و لێرەش‌دا فتوای موبەدانموبەد پتر لە سوێند دەوری گێڕاوە و هەڵوەشانەوەی بۆ نەبووە.

لە نەسکەکانی «نێکادوم»[۱۵۲] و «دوزد سەرنێزەد»دا[۱۵۳] باسی ژمارەیەک دادگا و مەحکەمەی تێکەلاو کراوە کە لە چەندین دادوەری پلە خـوار و ژوور پێکهـاتووە. یاسـا ماوەیـەکی بـۆ هێنـانی شـاهیدەکان دانـاوە و مـاوەی سـکالا لـە ڕووی ڕێسانامەیەکی نەگۆڕ بڕاوەتەوە و سنووری بۆ داندراوە.[۱۵۴] ڕێوشوێنێکیش بـۆ هەس‌دانەوەی کەسانی دەغـەڵ و شـەڕەنگێز دانـدرابوو کـە کێشـەکانیان درێـژ دەکردەوە و کارەکانیان دەشێواند.[۱۵۵] هـەروەها ڕەنگبـوو کەسـێک سـکالا لـەو دادوەرانە بکا کە بە مەبەستێکی تایبەت خاڵە بەرگومانەکانیان بـە بـێگومـان و بابەتە ڕوون و ئاشکراکانیان بە گوماناوی نواندبێ.[۱۵۶]

ئەگەر بێتـوو گومانێـک کەوتبایـە سـەر تـاوان و بـێتـاوانی تۆمـەتبار، مەبەستەکەیان دەخستە بەر تاقیکـاری و ئـەم دابـە زۆر گرینـگ بـوو.[۱۵۷] ئـەم تاقیکارییە بە باری دژواری‌دا لە چەند ئاست و پلەیەک ڕادەوەسـتا[۱۵۸] و لەسـەر ڕێسای باو بە دوو چەشنیان دەزانی: «ئەزموونی سارد» و «ئەزموونی گەرم».[۱۵۹] بۆ وێنە ئەزموونی گەرم (وەرئی گەرم یـان گـەرموک وەریـە) بریتـی بـوو لـە تێپەڕین بە نێو ئاگردا، کە لە چیرۆکی سیاوەشی کوڕی کەیکاووس[۱۶۰] و چیرۆکی «وەیـس و ڕامـین»دا[۱۶۱] بـە شـێوەیەکی شـاعیرانە ڕەنگێنـدراوە. جـۆری ئـەو سووتەمەڕەی کـە لـەم تاقیکارییانـە دەکرانـە دەسـتەچیلە، بـەگوێری چەنـد ڕێوشوێنێکی تایبەت دیاری دەکران و لە کاتی ئەزموون‌دا ڕێوڕەسمی ئـاییـنیش ئـەنجام دەدرا.[۱۶۲] لـە سـەردەمی شـاپووری دووەم‌دا «ئادوربـاد»ی کـوڕی «مێهرسێپەند» بە مەبەستی چەسپاندن و سەلماندنی ڕەوا بوونی گوتاری خۆی، بەپێی سەرچاوە بەردەستەکان، ڕووی کردە ئەزموونی گەرم «وەرگەرم = ئـاوری گەرم» واتە کانزای قاڵەوەبووی بە سەر سینگی خۆیا کرد.[۱۶۳] ئـەزموونی سـارد

ڕەنگبـــوو بـــە شووڵـــی پـــیرۆز ئـــەنجام درابـــا. ئـــەو کـــاتی پێیانـــدەگوت «بێرێسموگـوەریە».[۱۶۴] جۆرە ئەزموونێکی دیکەش هەر لە زۆر کۆنەوە باو بوو، یانی کەسی بەرئەزموون وێڕای سوێند خواردن، ئاوی گۆگردی دەخواردەوە. ئەم دابە تەنانەت لە کتێبی «وەندیداد»یشدا باسی کراوە (۵۴/۴ بـــەرەودوا) و زاراوەی «سوێند خواردن» کە لە زمانی ئەمڕۆی ئێرانیدا بە مانای قەسەم خواردن دەکـــار دەکرێ و مانای لەبزاوبزی دەبێتە «خواردنەوەی گۆگرداو»، یادگارێکی ئەو دابـــە کۆنەیـــە. وادیـــارە دەبـــێ مەبەســـتێکی ڕووڵـــەتی و ڕووکەشـــانە بووبـــێ.[۱۶۵] کاربەدەستێکی تایبەت لە دادگاوە بە ناوی «وەرسەردار» چاوەدێری بە سەر چاک بەڕێوەچوونی «ئەزموون«دا کردووە.[۱۶۶]

چەند زانیارییەک دەربارەی بنـــەماکانی ســـزادان لـــە «نامـــەی تەنســـەر»ەوە وەدەس دێن. چزدانەکان بۆ سێ چەشنە تاوان دەبڕانەوە: دوویـــان بـــۆ لـــە دیـــن هەڵگەڕانەوە و داهێنانی دابی دزێو لە شەریعەتدا، کە تاوانێک بوون دەکەوتنـــە نێوان خودای بەرزەناو و عەبدی خۆی، ئەوی دی لـــە مابـــەینی برایـــانی دنیـــادا گەڕی دەدا «واتە وەختایەک یەکیان یەکیانی دەچەوســـاندەوە.» لـــە ســـەدەکانی بەرایی چاخی ساسانیدا، سزای یەکـــەمین و دووەمـــین تـــاوان، یـــانی کـــوفر و هەڵگەڕانەوە و خەیانەت و ڕەوین، لە سـێدارەدانی دەســـبەجێ بـــوو. هـــەروەها تاوان دەرهەقی «برایانی دنیا» وەک دزی و چەتەیی و ئەتکی ناموس و زوڵـــم و لەم چەشنە، چزدانی جەستەیی یان کوشتنی بە دواوە بوو.[۱۶۷] بەپێی گوتـــەکانی «ئامیانووس مارسێلینووس» سزادانی تـــەمێگرتـــوویی ئـــەو وەختـــی زۆر تونـــد بووە.[۱۶۸] ئـــەو دەڵـــێ: «ئێرانییـــەکان زۆر لـــە یاســـا تۆقیـــون، بەتایبـــەت ئـــەو یاسایانەی کە بۆ جزدانی خەیانەتکاران و ڕاکردووانی شەڕ داندراون زۆر قـــورس و گرانن.» بۆ وێنە کۆمەڵێک یاسای نابەجێ لـــە گـــۆڕێدا هـــەن، یـــانی ئەگـــەر یەکێک کەسێک بکوژێ، دەبێ هەموو کەسوکاری قەڵاچۆ بکـــرێن.» لـــە نەســـکی نێکادوم‌دا[۱۶۹] یاسا و ڕێسایەک بۆ هێندێک تاوان و گوناە وەبـــەرچاو گـــیراون و شێوەی بە دواداچوونیان خراوەتەڕوو، وەکوو: دزی، ڕێگـــری، زەرەد و زیـــانی جۆراجـــۆر، کوشـــتن، داوێـــنپیســـی، هەڕەشـــەی دوایـــنپیســـی، ڕاگیرکردنـــی نایاسایی، بڕینی خوردوخۆراک، دابەزاندنی مووچەی کرێکاران بەپێچەوانـــەی قانوون، خەسارتێک کە جادووبازان تووشـــی کەســـێکی بکـــەن و لـــەم چەشـــنە. گەلێک باس و بابەتی دیکە وەک سنووری بەرپرسیاریـــیەتی منـــاڵ و هـــانـدان بـــۆ

کوشتنی بێگانە و پرسی لەم چەشنە کەوتۆتە بەرباس، بەڵام لە پوختەی دینکەردا تەنیا کورتە ئاماژەیەک وەبەرچاو دێ و بە لای زۆریدا بە درێژی لە سەری نەڕۆیشتوون. لە ڕووی نێوەرۆکی ئەم کورتەیەڕا دەردەکەوێ ئەگەر بێتوو دزێکیان لە وەختی ئەنجامدانی تاوانەکەیدا گرتبا، دەیانکێشایە مەحکەمە و شتە دزراوەکەیان بە ئەستۆیەوە هەڵداوەسی[۱۷۰] و زنجیرپێچیان دەکرد و دەیانخستە بەندەوە. لیزگەی زنجیرەکان بەگوێرەی سووکی و قورسی تاوان گۆڕانی بە سەردا دەهات و ئەو ئەندامانەی لەش کە تاوانەکەیان ڕاپەڕاندبوو، زیاتر چۆڵەپێچ دەکران.[۱۷۱] بێگومان ئەم زنجیرانە تەنیا بۆ ڕێگرتن لە ڕاکردنی گراوەکان نەبوون، بەڵکوو وەک نیشانەی بەڕێوەچوونی دادپەروەری لە قەڵەم دراون. بەپێی پوختەی نێکادومنەسک، باو نەبوو کە لەبەر ئەنجامدانی تاوانی ئایینی، تاوانبارانی دەرەکی یانی کەسانی نازەردەشتی دەسبەند بکرێن[۱۷۲] و ڕەنگە ئەمە فتوای خودی هێندێک لە شیکاران بووبێ نە یاسایەکی گشتگیر. بە هەرحاڵ لە «کردەوەکانی شەهیدانی عیسایی»دا زۆر جار هاتووە کە دەسبەند و کۆت و زنجیریان کردۆتە دەس و پێی زیندانییەکانی مەسیحی.[۱۷۳] دادوەری لێکۆڵینەوە لە وەختی هەڵپێچان و لێپرسینەوەدا بەئانقەست گەرموگوڕی دەنواند و بە لەبزێکی شیرین و فریودەرانە دەدوا هەتا تۆمەتبارەکە وەسەر قسە و پێلێنان بێنێ.[۱۷۴] ئەگەر کەسێک ناوی شەریکانی تاوانی خۆی ئاشکرا کردبا، پاداشی وەردەگرت،[۱۷۵] بەڵام ئەگەر کەسێک شتە دزراوەکەی شاردباوە، بە ئەندازەی کابرای دز سزا دەدرا.[۱۷۶] لەگەڵ دزانی خۆمالێ و بێگانە چ بۆ پۆشەمەنی لە کاتی سەرما و گەرمادا و چ بۆ دابینی دەوا و دەرمان لە وەختی نەخۆشیدا دووچاوەکی نەدەکرا.[۱۷۷] لە سەکادومنەسکدا[۱۷۸] باسی پەیکەردەی دادوەرییانە و «ئەزموون» و لە سێدارەدانی سێحربازان کراوە.

ئاشکرا نیە کە لە یاسای دادی ئێراندا ماوەی زیندانیی دیاریکراو بووە یان نا. بەڵام ڕاگیرکردنی سەرەتایی ڕەنگبوو هەتا ماوەیەکی نادیار درێژە بکێشێ. بەگوێرەی نێکادوم،[۱۷۹] تاوانبارانیان لە شوێنێکی بۆگەندا بەند دەکرد و بەپێی پێویست کۆمەڵێک جۆروجانەوەری زیانەونیان بە سەر وەردەکردن. «تێئۆدۆرە»ی ئۆسقۆفی «سوور» (صور) بۆ پشتڕاست کردنەوەی ئەم مەبەستە دەگێڕێتەوە کە جاری وابوو مەسیحییەکانیان دەخستە سیاچاڵەوە و چەند مشکێکیان دەپاڵ دەخستن و دەسوپێی زیندانییەکانیان دەبەست، بە چەشنێکی وا کە نەتوانن ئەم

بوونەوەرە چنۆکانە بتارێنن و کۆمەڵی مشکی برسی، گیراوەکانیان پاش ئازار و ئێشاندنێکی دوورودرێژ ڕیزاڵڕیزاڵ دەکرد.[۱۸۰] هەروابێتەوە زیندان ئامرازێکی بێ هەستوخوستی تێدا بردنی کەسانی پایەبەرز بووە کە بوونیان بۆ سەر وڵات و شا بە مەترسی دادەندرا. قەڵایەکی قایم لە خووزستان بە ناوی «گیل گەرد» یان «ئەندمێشن»[۱۸۱] بە چەشنێک قەڵای باستیل (Bastille) دادەندرا و «ئەنووشبەرد» یا «قەڵای فەرامۆشی»یشی پێدەگوترا، چونکە نەدەبوو کەس ناوی زیندانییەکان و تەنانەت ناوی ئەو شوێنەش بە زمانەوە بێنێ.[۱۸۲] فۆستووسی بیزانسی[۱۸۳] کارەساتی مردنی ئەرشەکی سێهەمی پادشای ئەرمەنستانی گێڕاوەتەوە کە لە «قەڵای فەرامۆشی»دا گیانی سپارد. خواجەیەکی بارگا بە ناوی «درەستەمەت»[۱۸۴] کە بوو بە میری «ئیشکەن»ی مەڵبەندێکی ئەرمەنستان، لە شەڕێکیدا لەگەڵ کووشانییەکان شاپووری دووەمی لە مەترسی مەرگ دەرباز کرد. شاپوور لە چاکەی ئەو خزمەتەی فەرمووی: «چیت دەوێ لێم بخوازە» و بەڵێنی دا کە داوای هەر شتێک بکا نەڵێ نا. ئەو کات «درەستەمەت» ئیزنی خواست کە تەنیا ڕۆژێک بۆ دیتنی ئەرشەک بچێتە دیداری، هەتا ئەمەگداری بنوێنێ و دەستی ڕێزی لێبنێ و بە مووسیقا دڵی خۆش بکا. شاپوور وڵامی داوە کە قبووڵی ئەم داخوازە زۆر دژوارە و لەبەروەی تۆ ناوی «ئەنووشبەرد»ت بە زاریدا هاتووە، گیانی خۆت خستۆتە مەترسی، بەڵام سەرەڕای ئەمەش، شاپوور لە چاکەی خزمەتی گەورەی، داواکەی لێ قبووڵ کرد. ئەمجار یەکێک لە پاسێدارانی خۆی ڕەگەڵ خست و نامەیەکی دایە کە بە نەخشی نەقیمی ئەنگوستیلەی پادشایەتی مۆر کرابوو، هەتا بتوانێ لە قەڵا وەژوور بکەوێ. بەم چەشنە درەستەمەت لەگەڵ ئەو کابرایە پێی نایە ئەو شوێنە و زنجیری لە مل و دەست و پێی ئەرشەک داماڵی و حەمامنمیشی کرد و جلوبەرگی ڕازاوەی کردە بەری و ڕۆینایە سەر کورسی و بە دابی ڕێوڕەسمی باوی دەرباری ئەرمەنستان خواردن و خۆراکی بۆ هێنا و شەرابی بۆ دانا. بەم شێوەیە درەستەمەت ئەرەشەکی لە تاسان و تەزینی زیندان دەرباز کرد و بە کۆڕی مووسیقا دڵی گەشاندەوە. فۆستووس دەڵی: «لە ئاخریدا، بەریدار و سێو و خەیار و خواردنی بەلەزەتیان لە پێش ئەرشەک دانا و کێردێکیان نایە بەردەستی کە بتوانێ میوەکانی پێ بخوا. درەستەمەت ئەوەی لە توانایدا بوو بۆ شاد بوونی ئەرشەک ئەنجامی دەدا و بە پێوە بەرەووی ڕاوەستابوو و بێبڕانەوە دڵخۆشی دەدایەوە. ئەرشەک کە سەرمەست ببوو، دنیا

لەبەرچاوی تاریکی دەنواند. ڕابردووی خۆی وەبیر هێنایەوە و گوتی، ئای ئەرشەکی چارەڕەش! ئەوە منم کە کەوتوومە ئێرە و ئەو ڕۆژە! ئەمەی گوت و کێردەکەی بەردەمی پڕ دایە و لە سەردڵی خۆی دا و لەڕێوە مرد. درەستەمەت ئەگەر ئەمەی بینی؛ خۆی بە سەر کێشا و کێردەکەی لە سینەی هەڵکێشایەوە و لە قەبرغەی خۆی ڕۆبرد و دەسبەجێ سارد بۆوە. »

یەکێک لە چزدانە زۆر باوەکانی ئەو سەردەمی کە بەتایبەت بەرۆکی شازادە سەربزێوەکانی دەگرتەوە، کوێر کران بوو؛ بەم شێوەیە کە شیشی سوورەوەبوویان بە چاوی مەحکووم‌دا ڕۆدەبرد یان ڕۆنی قاڵی قرچاویان دەکردە دیدەی. [۱۸۵]

زیاتر حوکمی ئیعدامیان بە شمشێر بەڕێوە دەبرد. هێندێک لە تاوانبارانی غەیان بە دین و دەوڵەتیان لە خاچ دەدا. ئامیانووس دەگێڕێتەوە: [۱۸۶] «دابی ئێرانییەکان وابوو کە تەواو یان بەشێک لە پێستی کەسی تاوانباریان کەوڵ دەکرد. » هەروەها پرۆکۆپیۆس[۱۸۷] دەڵێ کە سەردارێکی ئەرمەنییان کەوڵ کرد و کایان تیئاخنی و لە دارێکی زۆر بەرزەوە هەڵیانواسی. لە ڕۆژگاری پەیکەردەی عیسایی‌یەکان‌دا، جاری وابوو پێشەوایانی مەسیحییان سەنگسار دەکرد. [۱۸۸] لە سەردەمی یەزدگردی دووەم‌دا دوو ڕاهیبەی مەسیحییان لە خاچ دا و هەر بە دارەوە سەنگبارانیان کردن. [۱۸۹] چەند مەسیحییەکیان بە زیندوویی لە چینی دیوار نا.[۱۹۰] سزدانێکی لەمێژینە کە بریتی بوو لە پێخوست کرانی تاوانباران لە ژێرپێی فیلان‌دا و لە ڕۆژگارانی ئیسلامیش‌دا وێنەی وەبەرچاو هاتووە، لە چاخی ساسانی‌دا زۆر باو بوو. [۱۹۱] بەگوێرەی کاکڵی نێکادوم‌نەسک، ئەوانەی کە حوکمی کوشتنیان بۆ بڕابوویەوە، ڕەنگبوو لەبەر ئامانجی پزیشکی بە زیندوویی ڕاگیرابان. [۱۹۲]

لە کتێبی «کردەوەکانی شەهیدانی مەسیحی»دا باسی گەلێک ئازار و ئەشکەنجەی خۆفناک کراوە کە دادگاکان دەیانتوانی دەستیان بو بەرن و دەکاریان بکەن. بە مەبەستی تۆقاندنی تۆمەتباران کەلوپەل و ئامرازی چەشناوچەشنی ئەشکەنجەیان لەبەر دەمی بڵاو دەکردنەوە. [۱۹۳] جاری وابوو زیندانییەکانیان بە ئەنگوست هەڵداوەسی و کەڕەتی وابوو سەروابن و هەلی وابوو بە قاچێک سەرەونخوون لە داریان شەتەک دەدان و بە قامچی ساز کراو لە

پرچۆکە گا وەریاندەگەڕانێ. [۱۹۴] سرکە و خوێ و شیلەی کەمایان بە برینیدا دەکردن. [۱۹۵] ئەندامی ئەو بێپەسیوانەیان دەئەنجنی و پێستی سەریان دادەماڵین و جاری وابوو دەست و پشتیان چەرم دەکردن[۱۹۶] و قورقوشمی قاڵیان دەچۆڕاندە گوێ و چاویان و زمانیان لە بنەوەڕەگەوە دەردەکێشان. ئەستۆی یەکێک لە شەهیدانی مەسیحییان کون کرد و زمانیان لەوێوە هێنایەدەر. [۱۹۷] شووژنیان لە چاو و تەواوی جەستەیان ڕۆدەبردن[۱۹۸] و هەمیشە سرکە و ئارەقی ترپۆکەیان لە زار و چاو و کونەلووتیان دەکردن هەتا دەمردن. [۱۹۹] یەکێک لەو کەرستانەی زۆر کاری پێدەکرا، شانەی ئاسن بوو کە گۆشتی لەشی تاوانباریان پێ لێوەدەکرد. بە مەبەستی ئێش و ژانی زیاتر ئەو یەسقانانەی کە داڕووتابوون، نەوتیان بە سەردا دەکردن و ئاگریان دەدان. ئەشکەنجەی چەرخەچۆڵە و کوشتن لەسەر کۆمای ویشکەڵەداران کە نەوتاوی کرابوون و لەسەر گڕێک بەند بوون، لە ڕیزەی ئازاردانەکانی ئێراندا باسیان کراوە و جگە لەمەش زۆربەی ئەم شکەنجانە لە یاسای سزدانی هیندی کەونارادا بەدی دەکرێن. [۲۰۰]

ترسێنەرترینی شکەنجەکان، ئەشکەنجەیەکی مەشهوور بوو بە ناوی «نۆ مەرگ» کە ئاوا باسی ڕێوشوێن و دیمەنەکەی کراوە: «جەللاد بە ڕیز ئەنگوستی دەست و پێ و پاشان جومگە و گوێزینگ و دواتر ئانیشک و ئەژنۆ و ئەمجارەیان لووت و سەرەنجام سەری مەحکوومەی دەبڕی و دەیپەڕاند. [۲۰۱] جەستەی کوژراوانیان داویشتە بەردەم جانەوەرانی کێوی. [۲۰۲] جاری وابوو زیندانییەکانی مەسیحی بە مەرجی ئیعدام کردنی هاودینەکانیان بەڵێنی ئازادی یان درانەوەی ماڵە و سامانی داگیرکراویان دەدانێیە و پاڵیان دەدان بۆ ئەم مەبەستە. [۲۰۳] سزادانی دیکەش لە گۆڕێدا بوون، وەک دەس بە سەر داگرتنی مالّی تاوانبار[۲۰۴] و کاری دژوار پێکردن کە بریتی بوو لە ڕێگالێدان و بەردشکاندن و داربڕین و ویشکەڵ هێنان بۆ ئاگری پیرۆز و هتد. [۲۰۵]

بێشک ئەگەر لامان وابێ ئەوەی کە سەبارەت بە سزادانە تونـدوتیژەکانی دەوڵەتی ساسانی لە «کردەوەکانی شەهیدانی مەسیحی»دا نووسراوە، ئاکار و کرداری ڕۆژانەی عەدالەتخانەی ئێران بووە، زوڵمان لە ئێرانییەکان کردووە. جگە لەو پێوەنان و پرکێشییانەی کە لەم چەشنە نەقڵ و نەزیلانەدا مەزندە دەکرێن، دەبێ ئەمەش بزانین کە ئەم سزادانانە تایبەتی بوار و بەستێنی ئایینی

بووە و کەوایە ئەو بڕوحمی و دڵڕەقییانە ئاکامی تێکەڵاوێتی دەمارگرژی و بەرچاوتەنگی ئایینی بووە لەگەڵ چەپەڵکارییەکانی هەوسبازانە، کە لە هەڵسوکەوتی دادگاکانی ئوروپای چەند سەدە لێرەوەبەریشدا بەدیکراوە.

جگە لەمەش، هەموو چزدانەکانیان ئاوا بە تونددوتیژی بەڕێوە نەدەبرد. ئێستا چەند نەزیلەیەک سەبارەت بەو ئازار و ئەشکەنجانەی کە سەردەمی وەهرامی پێنجەم بەرۆکی مەسیحییەکانی دەگرتەوە، دەگێڕینەوە. مێهرشاپووری سەرۆکی موغان، دوژمنی قەستەسەری مەسیحییان بوو. شازدە کەس کە دەستیان لە دینی خۆیان هەڵنەگرتبوو، ڕووتی کردنەوە و فەرمانی دا کە هەموو شەوێک ئاوا بیانبەنە چیا و دەس و پێ بەستە دایانبنێن و نان و ئاوێکی نەمرنەژییان بدەنێ. پاش ئەوەی ئەم دەرد و مەرەدە حەوتەیەکی درێژەکێشا، مێهرشاپوور سۆراغی حاڵوباڵی لە نیگابان پرسین. ولامی دایەوە کەوتوونە ئاویلکە. مێهرشاپوور گوتی: «برۆ و پێیان بڵێ، پادشا دەفەرموێ کە سەر وەبەر فەرمانی من بێنن و پەسنی خۆر بدەن، ئەگینا کەندرتان لە لاقی دەخەم و لەو شاخوداخە ڕاتاندەکێشم هەتا گۆشت و یەسقانوو دەس لێکدەبەربدا و لەتوکوتی جەستەتان لە نێو بەردانداوەمێنێ و جگە لە ڕەگ و پووک کەندر چی پێوەنەمێنێ.» نیگابان فەرمانەکەی ڕاگەیاند. زۆرێک لە زیندانییەکان لە بەروەی لەسەرخۆ چووبوون، دەنگی کابرایان نەبیست. ئەوانی تر لە تاوی دەردی خۆیان قبوولیان کرد. ئەوکات مێهرشاپوور بێ ئەوەی ناچاریان بکا بۆ پەسن و پەرستنی هەتاو، گاڵی دان بۆ سلووکیە و لەوێ مەسیحییەکان هەر ئەوەندەی برینەکانیان سارێژ بۆوە، بە ڕۆژوو بوون و تۆبەیان کرد و لەو سستییەی لە کاری دینداریدا نواندبوویان، پەشیمان بوونەوە. پاشان مێهرنەرسە پازدە کەسیانی ئەگەرچی لە دینی مەسیح پاشگەز نەبوونەوە، ئازادی کردن و ناردنیەوە مالی خۆیان. تەنیا «ژاک»، ناسراو بە «شەهید» بە فەرمانی شا بەرەوڕووی سزای «نۆ مەرگ» بۆوە، چونکە زۆر ئازایانە لە دادگای میریدا وەبیری هێنابۆوە کە یەزدگردی یەکەمیش هەر کە دەستی لە ئاکاری باشی سەبارەت بە مەسیحییەکان کێشایەوە، لە دەم و ساتێکی وادا مرد کە هەموو لێیتەکیبوونەوە و پاش مەرگیش مەیتەکەیان نەبردە ساردەموغاران (سەیزان).[۲۰۶] وەختایەک کە دەستووری بە دواداچوونی پەیڕەوانی ئایینەکانی

دیکه دەردەچوو ، دادگاکانی ئاسایی نـەدەکەوتنـە پێراگەیشـتن. لێکۆڵـینەوەی سەرەتایی و هەڵپێچان و دەرکردنی حـوکم بـە دەس سـنووروان و بەرپرسـانی دیکەی هەرێمەکانی بوو یان کارەکەیان ڕادەستی لێژنەیەکی تایبەتیی حکوومەتی دەکرد کە مووبەدان بە ئەندامانی خاوەن دەسەڵات و بڕیاربەدەستی دادەندران. [٢٠٧] جاری وابوو مەزنەمووبـەدی وڵات بۆخـۆی مەسـیحییەکانی دادگـایی دەکـرد و حوکمی بۆ دەبڕینەوە. لابوور دەڵێ: «پادشـا و سـەرکردەکان و مووبـەدان بـەم چەشنە هەمیشە ئاپۆرایەک ئەسیریان بە دووی خۆیانـدا دەکێشا و هەر وەختایە دەیانویست هەڵیاندەپێچان و دەیانخستنە ژێر پرسیارەوە. »

لـە سـەردەمی شـاپووری دووەم وا هەڵـکەوت کـە ئۆسـقۆفێک بـە نـاوی «عەبدیشووع» خاوەنی برازایەکی داوێنپیسە بوو ، بۆیە دەبەری گەڕا هەتا لـەو تاوانەی بگێڕێتەوە. ئەو بێناموسە عەبدیشووعی تۆمەتبار کرد کە پەیوەنـدیی بە قەیسەری ڕۆمەوە هەیە و نەهێنییەکانی شای لا درکاندووە. سـەرەتا شـازادە ئەردەشێر کە پاشان بوو بە ئەردەشێری دووەم و لە ناوچەی ئادیـابێن خـاوەنی پلە و ناوی پادشایەتی بوو ، بەم کێشەیە ڕاگەیشت. دواتـر مووبـەدانمووبـەد لەگەڵ دووکەس لە مووبەدان کەوتە لێکۆڵینەوە و سەرەنجام پرسەکە لەبـەردەم سەرۆکی خواجەکانی بارگای پادشایەتی کە «خـاوەنی تـەواوی فیلـەکانی وڵات بـوو»[٢٠٨] هاتـە گـۆڕ. لێژنەیـەکی توێژینـەوە و پشـکنین بـە ئەنـدامێتی «موغانئەندەرزبود» و «سەروشاوەرزداریگ» و «دەسـتوەرهەمداد»[٢٠٩] پێکهـات و لێژنەیـەکی دیکـەش بـە ئەنـدامێتی چـاوەدێری خەزنـەکانی پادشـایەتی و مووبەدانمووبەد داندرا کە سەرۆکی خواجەکانی بارگا و سەرۆکی خەڵوەتخانە[٢١٠] ڕاوێژکاری بوون. دەڵێن یەکێک لە «ڕەدان» یانی پێشەوایانی ئـایینی ، کـە بـە کێشەی «پێسیۆن»ی مەسیحی ڕادەگەیشت ، بێزی لەو گشتە خوێنڕێژییە هەسـتا و وەڕەز بوو و لێبڕا کە بـەڕێوەچوونی سـزای «نـۆ مـەرگ» بـۆ ئـەو شـەهیدە وەبەرچاو نەگرێ و خۆی لێ کلا بکا. مووبەدانمووبەد پێیزانی و ئەنگوسـتیلەی شـانازیی لـێ ئەسـتانەوە و لێـی خسـت و لـەبری وی مەزنـەدادوەری وڵات (شـاردادوەر) کـە تـازە هەڵـبژێرابوو ، لـە بارگـای مـیرێرا نێـردرا هـەتا وێرای سەرۆکی مووبەدان بێ. [٢١١] کەمووزۆر باو بـوو ئەگـەر کەسـێک ویسـتبای بکەوێتە توندوتیژی دژی پەیڕەوانی ئاییندەکانی دیکە ، دەبـوو ئیزنـی تایبـەتی شای پێ بێ.[٢١٢]

کەوایە وەختایەک بوولێڵەی بەرچاوتەنگیی ئایینی بالّی دەنگاوت، بەڕێوەچوونی حوکمەکان بە یاسای ئاسایییەوە نەدەبەسترانەوە و پتر بە چەشنی لە ڕێسابەدەر ئەنجام دەدران، چونکە لە کاتی ئاسایی‌دا ئەو کەسانەی دەبوونە ڕاسپاردەی ڕاپەڕاندنی کاروبار و کێشەکان، زۆربەیان کاربەدەستانی دەوڵەت بوون کە بە شێوەیەکی سروشتی خاوەنی زانست و زانیاری چروپڕی پرسەکانی شەریعەتی و حقوقیی نەبوون. ئەوان بەپێی ڕێنمایی و فەرمانەکانی حکوومەتی دەجووڵانەوە کە بەهەڵکەوت دەردەچوون.[۲۱۳] لەم وەختانەدا خاتری کەسیان نەدەگرت، چ سۆریانی با، چ کەسێکی ئاسایی یان کەڵەپیاو و نەجیمزادە. هەر کەسێکی مەحکووم بە ئەشکەنجە و ئیعدام بووایە، حوکمەکەی لەسەر بەڕێوە دەچوو. ئێمە لە نێو شەهیدانی عیسایی‌دا تووشی زۆر ناوی ئێرانی دەبین. هێندێک لە نەجیمزادەکانی پلە یەک، تەنانەت لە تۆرەمەی خانەدانی پادشایەتی سزا دەدران. بۆ وێنە «پیرگوشنەسپ»ی برازای شاپووری دووەم،[۲۱۴] لەبەروەی چووبووە سەر دینی عیسا، ناوی سۆریانی «مارسابها»ی درابوویە و ئەشکەنجە درا و کوژرا. ئێلیزە بەسەرهاتی یەکێک لە پێشەوایانی ئاگرپەرستانی گێڕاوەتەوە کە چونکە لە دینی خۆی وەرگەڕابوو، کوژرا. ئەو حیکایەتە ئاوایە: لە سەردەمی یەزدگردی دووەمدا مووبەدێکی زۆر زانا هەبوو کە لەبەر پیتۆڵی و مامۆستایەتی لە بواری کاروباری شەریعەتی‌دا بە «هەمەگدین» ناودێر کرابوو. ئەم پیاوە زۆر جاران نەسارای ئەرمەنستانی تووشی ئازار و ئێشاندن کردەوە و سەرەنجام وا کەوتە ژێر کاریگەرێتی خۆڕاگری و شێلگیریی مەسیحییەکان کە ڕووی کردە ڕێبازی نەسارا. بەگوێرەی گێڕانەوەی ئێلیزە، چاوەدێری ئازۆخە کە سەرۆکایەتی لێژنەی لێکۆڵینەوە و پشکنینی ئایینی لە ئەستۆ بوو، کاتێک ئەم ڕووداوەی بیست، ترسا بە وەبالّی خۆی خوێنی یەکێک لە مەزنەپیاوانی ئایینی بڕێژێ، نەقلەکەی گەیاندە خزمەت پادشا. شا فەرمووی تەگبیرێکی وا بکە هەتا خەڵکی ئەو ناوچەیە تۆمەتی خەیانەت سەبارەت بە پادشا بخەنە گەردنی مووبەد. ئەو وای کرد و مووبەدە گیرا و حوکمی لە برسان کوشتنی بۆ بڕایەوە و لە چۆلگەیەکی دوورەدەست و ویشکارۆ مرد.[۲۱۵]

✧✧✧

کاکڵی «کتێبی کردەوەکانی شەهیدانی سۆریانی» وەک ئەو کتێبانەن کە سەبارەت بە شەهیدانی مەسیحی نووسراون. لە هەر زەمان و لە هەر شوێنێکا ڕووحی ئایینی بەرامبەرن. لە کتێبە کۆنەکانی کردەوەی شەهیدانداکورتبڕانەوە وەبەرچاو گیراوە، بەڵام لە نامیلکە تازەکاندا، خۆ تاریف کردن و پێهەڵگوتن و هێرش بۆ سەر خەنیم ئەوەندە زۆرن کە خوێنەرەوە تابشت ناهێنێ. بەڵام ئەگەر کەسێک بیهەوێ پەیوەندیی ڕاستەقینەی ڕێبازی نەسارا لەگەڵ دینی ڕەسمیی ئێران لەم کتێبانە هەڵێنجێ، دەبێ ئەو مەبەستانەی کە سەر بە دەمارگرژی نەساران، لەبەر چاوی بزر نەبێ و لە تونددەماری نووسەران خافڵ نەبێ. زێدە لەمەش مەسیحییەکان نە تەنیا ڕقیان لە زەردەشتییەکان دەبۆوە و پێشەواکانیان بە جادووباز دەزانین، بەڵکوو خۆیان لە تەواوی کافران و بێدینان لا دەگرت و ناخۆشیان دەویستن. هەر تۆمەتێکی بۆیان سازکرابا دەیانخستە پاڵ دوژمنەکانیان، بەتایبەت یاسا و ڕێسای ژن و مێردایەتی خەنیمیان بە ناحەزترین شێوە نیشان دەدا. بە تیرەی گنۆستیکەوە وەڕەز بوون و ناخۆشیان دەویستن. سەبارەت بە یەکێک لە لقوپۆپەکانی گنۆستیک، واتە «سەدووقییان» گوتوویانە کە «کۆمەڵێکی شەڕوەنی وەک لۆکی گەرمداهاتوو وان و سەری بەراز دەپەرستن.»[۲۱۶] هەروەها سەبارەت بە ڕێچکەی ئایینی «بۆربۆری» کە بیر و بۆچوونیان زۆر وەک ئی سەدووقییان چووە، گوتوویانە: «زۆر کاریکی دزێوە کە شەریعەتی ناپاکی ئەم تیرەیە بە گوێی پاکان ئاشنا بکەین.»[۲۱۷] سابها و «ویە شەهریگ» کە دوو کەس لە پیرۆزانی مەسیحی بوون، بە مەبەستی تێکدانی پەرستگاکانی نامەسیحی و گۆڕینیان بۆ دەیری نەسرانی، بە هەموو جێیاندا دەخولانەوە و دەگەڕان.[۲۱۸] «ڕەبیوولا»ی ئۆسقۆفی ئەڕەهایان تاریف کردووە چونکە پەیڕەوانی ئیبنوو دەیسان و جوولەکە و ئاریان و مەرقییوون و مانی و بۆربۆرییەکان و سەدووقییانی بێدینی لە «ئۆسقۆفنشینی» خۆی دەرپەڕاندوون و ڕایمالێون. ئەم دەستە و کۆمەڵانە وایان باوەڕی کوێرانە بە ئەفسانە و خەیاڵاتی خۆیان هەبوو، کە دەتگوت کەوتوونە بەرەوڕووی ڕاستییەکان.» سەبارەت بەو ئۆسقۆفە ناوبراوە نووسیویانە کە «جەماوەری ئەو ڕێچکە و ڕێبازە ئاینییانەی لێکدەدان و لەو پەرستگایانەی کە بەو پەڕی جوانی سازیان کردبوون، دەریدەپەڕاندن و لە جێی ئەوان برایانی هاودینی عیسایی نیشتەجێ

دەکردن و لەو کۆمەڵەیە هەر کەس باوەڕی هێنابا دەیبردە نێو گەلەی پەیڕەوانی خۆی. »[٢١٩]

پێویست بە گوتن ناکا کە مەسیحییەکان پەردە لەسەر لادرانی شتی نەبەدی پێشەوایان و غەیبزانی ئەولیاکانی خۆیان بە ئەفسانە نازانن. تازەترین کتێبانی کردەوەکانی شەهیدان پڕن لە باسی غەیبزانی و پەڕجوو. بۆ وێنە نووسیویانە کە سابها ناسراو بە «ڕێنوێنی کافران» بە دەس ئاماژەی کرد بۆ بەردێک و گوتی: «لە جێی خۆت ببزووا!» هەر لەڕێوە تریشق و هۆڕێکی گەورە هەستا و بەردەکە لە شوێنی خۆی گلۆر بۆوە. [٢٢٠] موعجیزەیەکی دیکە ئەمەیە وەختایەک دەیانویست «پێسیۆن» بگرن، زنجیرەکانی هەڵپساند. پاشان بەو تەنافانەی کە لە پرچۆکەی بەراز هۆندبوویاننەوە، چۆڵەپێچیان کرد، بەڵام تەنافەکە بە بریسکەیەک پسپس بوو. یەکێک لە ڕەدان کە کرابوویە بەرپرسی گرتنی «پێسیۆن» تکای لێکرد کە مل بدا هەتا بە دەسبەستراوی بیباتە بەردەم موویەدی مەزن، پێسیۆن قبوولّی کرد و شانی بۆ نیری یەخسیری دانەواند، بەڵام لە هەوێڵی مەزنەموویەد وڵامی پتەوی دایەوە، بە ڕادەیەک کە موویەد هەڵچوو و زنجیرەکەی بە تونـدی ڕاتڵەکاند و ڕایکێشا، قەفی زنجیرەکە لێکترازان و سەری ئەو لۆیەی کە بە دەس موویەدەوە بوو، وەک مەشخەڵێک داگیرسا. پێسیۆنیان خستە سیاچاڵەوە، بەڵام نیوەشەو لەگەڵ تەواوی بەندکراوەکان هەستا پێ. زنجیرەکانی خودبەخود داوەرین و درگای بەندیخانە کەوتە سەرپشت. پاشان ئەویان خستە ڕووبارێک، بەڵام ئاو وەک دیوار لە هەردک لاوە بەرزبۆوە و تەڕی نەکرد. دوایە موغی گەورە لە ئاوری ئاورگێکی هەڵگڕاوی هاویشت، [٢٢١] بەڵام ئاورەکە باڵی گرت و لەسەر سەری جۆخینی بەست و چەتری ئەنگاوت و چوار سەعاتان ئاوا مایەوە. سەرەنجام پاش ئەوەی کە چەند کافرێکی لەوێ ڕاوەستاوی سووتاند، لەبەر چاوان ون بوو. پێسیۆن بە حاڵێکی وا کە وەک سەگ پەتیان کردبوو، هێنایانەوە زیندان و دەستووریان دا کە نان و ئاوی نەدەنێ و پاش دوو مانگان دیتیان ماوە و زۆر بە نەشەیە و بۆ جوانی وەک خواوەندێکی نەرسائی لێهاتووە. سەرەنجام سزای «نۆمەرگ»ی بۆ بڕیاوە و ئەم چزدانە شەش ڕۆژی دریژەکێشا و لەم ماوەیەدا بێوچان نزای دەکرد و ئامادەبووان دەیانگوت «ئامین». [٢٢٢]

پەڕاوێزەکان

١ - تەبەری، ل ٨٢٥، ٨٣١؛ نۆلدەکێ، ٣٠ ل٤٢ و بەگوێرەی گێڕانەوەی تەبەری، ئەردەشێری یەکەم و شاپووری یەکەم و شاپووری دووەم و کواد و خوسرەوی یەکەم خۆیان ڕاستەوخۆ جێنشینەکانیان دیاری کردووە و زۆر سەختە ئەگەر بێتوو لامان وابێ کە پاوانی دانانی جێنشین بۆ ئەم پادشایانە تەنیا بەهەڵکەوت بوو.

٢ - بوغ ناوێکە کە لە فارسی کۆندا بە گیانلەبەرانی خودایی گوتراوە (بەگە baga)، بەڵام یەزدان زاراوەی تایبەتیی زەردەشتییەکانە. لە نازناوەکانی فەرمانڕەوادا ئەم دوو زاراوەیان لێک جیاواز داناوە و ئەمە خاڵێکی جێی سەرنجە.

٣ - نامەی خوسرەو بۆ یووستینیانووس بەپێی گێڕانەوەی مێناندرێس، مێژووی بیزانس، بەشی یەکەم، ل ٣٥٣.

٤ - تێئۆفیلاکتووس، کتێبی ٤، بەندی ٨.

٥ - ئیبنوو خەلدوون کە ئەم بەشە لە کتێبەکەی ئەوەڕا ڕاگوێزراوە، دەڵێ کە خەریک بوونی پادشا بە کشتوکاڵەوە زەرەد بە قازانج و بەرژەوەندی دراوسییەکان دەگەیەنێ و هەر وەختایەک فەرمانڕەوا خۆی بداتە کاری بازرگانێتی، نرخی کەلوپەل بەرز دەبێتەوە.

٦ - ئیبنوو خەلدوون، ١٧، ل ٢٠، ٨٦، ٩٨.

٧ - چاپی پشووتێن سنجانا، ب ٣، بەندی ١٣٣، دەق، ل ١٥٣ بەرەودوا، وەرگێردراو، ل ١٨٠ بەرەودوا.

٨ - چاپی پشووتێن سنجانا، ب ٦، ٢٧٣، دەق، ل ٣١٩، وەرگێڕدراو، ل ٤٢٢ - ٤٢٣.

٩ - هەمان، ب ٢، ل ٩٢، دەق، ل ١٠١، وەگێڕدراو، ل ١١٥؛ من لێرەدا تەرجەمەکەی «پشووتێن سنجانا»م گێڕاوەتەوە، بەڵام پێی‌لێدەنێم کە هێندێک وردەکاری دەقەکە بە بۆچوونی من تەواو ڕوون نیە.

١٠ - دارمێستێتێر، ل ٢٣٩ - ٢٤١ و ٥٤٤ - ٥٤٥، مینەوی، ل ٣٨ - ٤٠.

١١ - ڕوون کردنەوەی دارمێستێتێر لە پەڕاوێزی ئەم ڕستەیە، لە نامەی تەنسەردا.

١٢ - ڕیشەی پەهلەوی یەزدان یان ئەمێهرسێپەندان بووە.

١٣ - تەبەری، ل ٨٦١؛ نۆلدەکێ، ل ٩٦.

١٤ - بڕوانە پاشکۆی دووەم.

١٥ - چاپی هۆتسما، ب ١، ل ٢٠٢.

١٦ - بڕوانێنە بە شی٢، بابەتی ڕێکخستن و دامودەزگای ئیدارەی ناوەندیی.

١٧ - ئەساوەرە هاوتای پەهلەوی: «ئەسواران» یان «ئەسوارەگان»ە.

١٨- بڕوانێنە لای بنەبانی پاشکۆی دووەم.

١٩ - جوغرافیزانان، ب ٨، ل ١٠٣؛ کاررا دو ڤۆ (التنبیه)، ل ١٤٧ بەرەودوا.

٢٠ - یانی ئێرانسپابود (سپابەد = سەرکردەی گشتیی هێزە چەکدارەکان).

٢١ - بەراورد بکرێ لەگەڵ پاشکۆی ٢.

٢٢ - نۆڵدکێ، تەبەری، ل ٦٨، یادداشتی ١، لابوور، ل ٧ - ٩. سەبارەت بە هەرەسەکانی کەنیسەیەکی جوولەکان لە دوورا، بڕوانێنە ڕۆستۆفتزێف، دوورا ئۆرۆپووس، ل ١١٠ بەرەودوا؛ پالیارۆ بەردەنووسەکانی پەهلەوی کەنیسەی جوولەکانی دوورا، ١٩٣٦.

٢٣ - لابوور، ل ١٨ - ١٩. سەبارەت بە کاول و هەرەسەکانی کلیسایەکی مەسیحی لە دوورا کە نەخش و نیگاری دیواریی سەر بە چواریەکی کۆتایی سەدەی سێهەمی زایینییە، بڕوانێنە ڕۆستۆفتزێف، شارەکاروانگرەکان، ل ١٨٩ هتد و دوورا ئۆرۆپووس، ل ١٣٠ بەرەودوا.

٢٤ - لابوور، ل ٢٤ هتد.

٢٥ - هەمان، ل ٤٨ - ٤٩.

٢٦ - شەمعۆن بەرسەباعی (Barsabbâ'ê) ، جێنشینی پاپا.

٢٧ - لابوور، ل ٤٥ - ٤٦.

٢٨ - هەمان، ل ٤٥ بەرەودوا.

٢٩ - هەمان، ل ٧٨ بەرەودوا.

٣٠ - هەمان، ل ٥٣ بەرەودوا.

٣١ - لەند، حیکایەتەکانی سۆریانی، ٨، ١؛ بڕوانێنە: نۆڵدکێ، تەبەری، ل ٧٥، یادداشت.

٣٢ - مارکوارت - مێسینا، پێرست، ل ٦٧.

٣٣ - واتە مەزنەوەجاخزادەکان.

٣٤ - تەبەری، ل ٨٤٨؛ نۆڵدکێ، ل ٧٤.

٣٥ - تەبەری، ل ٨٦٥؛ نۆڵدکێ، ل ١٠٤.

بنکەی ژین
www.zheen.org

۳۶ - سەبارەت بە ڕۆژمێر لە زەمانی یەزدگردی یەکەمدا کە بیروونی ئاماژەی پێکردووە، بڕوانە: نیبێرگ، ئایین، ل ۴۱ - ۴۴. ڕۆژەژمێر لەبەر وەبەرچاو نەگرتنی ڕۆژە زیادییەکان ئالۆزکابوو و یەزدگرد بە زیاد کردنی دوو مانگ لە ساڵێکا ڕێکی کردەوە، (ساڵی ۴۰۱؟)

۳۷ - پرۆکۆپیۆس، کتێبی ۱، بەندی۲.

۳۸ - لابوور، ل ۸۷ - ۹۹.

۳۹ - لابوور، ل ۱۰۰ - ۱۰۳.

۴۰ - نۆلدکێ، تەبەری، ل ۷۵، یادداشت.

۴۱ - بڕوانە مارکوارت، ئێرانشار، ل ۵۲، یادداشتی ۱؛ لۆیس گرێی، جووەکان لە ئەدەبیاتی پەهلەوی‌دا، لە بڵاوکراوەکانی چاردەهەمین کۆنگرەی نێوەنەتەوەیی...، ۱، پاریس ۱۹۰۶، ل ۱۹۰ هتد. Louis H. Gray,The Jews in Pahlavi Literature.

۴۲ - هۆفمەن، ل ۳۴ هتد؛ لابوور، ل ۱۰۵ هتد.

۴۳ - بە سۆریانی ئازەرفەڕوا.

۴۴ - ڕەنگە موبەدانموبەد بێ لە لاپەڕەکانی دوایی کردەوەکانی شەهیدانا پێیانگوتووە سەرۆکی موغان.

۴۵ - بە سۆریانی نەرسائی.

۴۶ - هۆفمەن، ل ۳۶ - ۳۸؛ لابوور، ل ۱۰۷ - ۱۰۸.

۴۷ - نۆلدکێ (تەبەری، ل ۷۶، یادداشت) لە ڕووی بەڵگەی مێژوویی‌ڕا ڕاست نەبوونی قسەکەی تەبەری دەرخستووە کە دەڵێ یەزدگرد هەر لەڕێوە پاش ئەوەی دانیشتە سەر تەختی پادشایەتی مێهرنەرسەی کردە وەزیری خۆی.

۴۸ - نۆلدکێ، تەبەری، ل ۷۷، یادداشتی ۱.

۴۹ - تەبەری، ل ۸۵۸؛ نۆلدکێ، ل ۹۱.

۵۰ - تەبەری، ل ۸۵۸؛ نۆلدکێ، ل ۹۱.

۵۱ - نۆلدکێ، تەبەری، ل ۹۰، یادداشتی ۲.

۵۲ - ڕۆتشتەین، ل ۱۶ و ۱۴۴.

۵۳ - تەبەری، ل ۸۵۵؛ نۆلدکێ، ل ۸۶ بەرەودوا. بەراورد بکرێ لەگەڵ ڕۆتشتەین، ل ۶۷ هتد.

۵۴ - تەبەری، ل ۸۶۳؛ نۆلدکێ، ل ۹۸.

۵۵ - چاپی گیرگاس، ل ۵۷، بڕوانە پاشکۆی دووەمی ئەم بەرهەمە.

بنکەی ژین
www.zheen.org

۵۶ - به بڕوای دینەوەری «مێهران، ناوی پلەیەک بووە، بڕواننە پاشکۆی دووەم.»

۵۷ - ڕۆوانەگاندەبیر.

۵۸ - مووسا خۆرنی، ۵/۱؛ تەبەری، ل ۹۱، یادداشتی ۴.

۵۹ - ڕەنگە ماناکەی «خاوەنی دوو سەرۆک» بێ (؟).

۶۰ - ڕۆتشتەین، ل ۱۸ هتد.

۶۱ - نووسەرانی عەرەب هەردک تاقم وێکڕا دێنن و گریمانەی ڕۆتشتەین، ل ۱۳۶، ئەمەیە کە لە سەرەتای دەس بە کار بوونداً، هەردوو ناو بۆ سپایەک دەکار کراوە.

۶۲ - بڕواننە: «عیوونولئەخباری» ئیبنوو قوتەیبە، ب ۱، ل ۱۷۶، چاپی قاهیرە؛ فیردەوسی، چاپی مول، ب ۵، ل ۵۰۶ - ۵۰۸.

۶۳ - سەبارەت بە نەزرگەی غەزال - کە حیکایەتێکی دیکەیە سەبارەت بە ڕاو - هەروەها سەبارەت بە کۆشکی بارامی گۆڕ لە نیزیک هەمەدان کە ئیبنوو قوتەیبە باسی کردووە، بڕواننە: شوارتز، ئێران لە سەدەکانی نێوەڕاستا، V، ل ۵۴۷، سەبارەت بە ئەنگێوەیی و سێرەڕاستی وەهرام، بڕواننە ئەو حیکایەتەی کە جاحێز لە کتێبی ئەتتاج دا هێناویەتی، ل ۱۷۷ بەرەودوا.

۶۴ - مەسعوودی، موڕەوویج، ب ۲، ل ۱۹۱؛ سەعالبی، ل ۵۵۵.

۶۵ - جاحێز، ئەتتاج، ل ۲۸؛ مەسعوودی، موڕەوویج، ب ۲، ل ۱۵۷.

۶۶ - فیردەوسی، چاپی مول، ب ۶، ل ۷۶ - ۷۸، سەعالبی، ل ۵۶۶ هتد.

۶۷ - جاحێز، ئەتتاج، ل ۳۰ و ۱۵۹؛ تەبەری، ل ۸۶۳؛ نۆلدکێ، ل ۹۸؛ مەسعوودی، موڕەوویج، ب ۲، ل ۱۶۸ هتد؛ سەعالبی، ل ۵۵۷.

۶۸ - تەبەری، ل ۸۷۲؛ نۆلدکێ، ل ۱۱۶.

۶۹ - تەبەری چەند زانیارییەکی سەبارەت بە مێهرنەرسە و کوڕەکانی هێناوە، ل ۸۶۹؛ نۆلدکێ، ل ۱۰۹ هتد.

۷۰ - تەبەری لە تەرجەمە عەرەبییەکەی ئەو ڕستە فارسییەدا جێناوی مێی دەکار کردووە. بە گوتەی (تەبەری، ل ۱۱۱، یادداشتی ۷) بۆیەی وا کردووە کە وشەی «تار» لە عەرەبیدا مێیە. سەبارەت بە «کردار»ی ئاوەر، بڕواننە نیبێرگ لە کتێبێکا بە ناوی: Symbolis Philologicis O. A. Danielsson octogenario dicatis (Upsal. 1932).

۷۱ - زارە - هێرتسفێلد، نەخش و نیگارە هەلکەندراوەکان، ل ۱۳۱؛ زارە - هێرتسفێلد، گەشتی شوێنەوارناسیی لە نێوان دیجلە و فورات، ب ۲، ل ۳۳۲ هتد.

٧٢ - زاررە - هێرتسفێڵد، هەمان، مێژووی سنعاتەکانی پۆپ، IV، ١٤٨. دییوولافوا لە لاپەڕە ٤ و ٣٠دا بەرەودوا، کۆشکی سەروستان (سەوڵستان)ی بە شوێنەوارێکی هەخامەنشی داناوە.

٧٣ - مارکوارت وا دەڵێ، ئێرانشار، ل ٥٢.

٧٤ - تەبەری، ل ٨٦٥؛ نۆڵدکێ، ل ١٠٣؛ بەراورد بکرێ لەگەڵ مارکوارت - مێسینا، ئەلفێهرست (پێرست) ل ٤٣.

٧٥ - Analecta graeca بە شازادەیەکی عەرەبی دەزانێ، (لابوور، ل ١١٧)، بەڵام لە ڕووی ناوەکەیڕا وێدەچێ کە یان یەکێک لە ئێرانییەکانی خانەدانی ئەسپاهبود بووە یان تەنیا پلەی سپابودی بووە، ئەگەر ئەو قسەی ئاخریش وەبەرچاو بگرین دەزانین کە پلەیەکی ئەوتۆیان نەدەدایە عەرەبێک.

٧٦ - لابوور، ل ١١٩ - ١٢٥.

٧٧ - کورتەی مێژووی سیاسی ئەرمەنستان لە ساڵانی ٤٢٨ - ٥٧٢دا، ئەکینیان، ب ٢، ل ٧٨١ - ٨٠٦.

٧٨ - نۆڵدکێ، تەبەری، ل ١٠٣، یادداشتی ٣، سەعالبیش هەر ئەم مەبەستەی گێڕاوەتەوە، ل ٥٦٨.

٧٩ - بڕوانە: ئارتوور کریستێنسێن، لێکۆڵینەوەی ڕەخنەگرانە لەمەڕ چوارینەکانی عومەری خەییام، ل ٧٥، ژمارە ٤٤. وەهرام لە فارسی نوێدا بۆتە بەهرام. gur (گوور) ڕاوێژی فارسی تازەیە کە لە پەهلەوێدا gor (گۆڕ) بووە. [بڕوانە: خەییامی هەژارانە، لێکۆڵینەوەی سەلاحەددین ئاشتی، چاپی دووەم، ل ٣٤، سلێمانی، چاپخانەی شڤان، ساڵی ٢٠٠٤. وەرگێڕ.]

٨٠ - تەبەری، ل ٨٧١؛ نۆڵدکێ، ل ١١٣.

٨١ - هۆفمەن، ل ٥٠.

٨٢ - نۆڵدکێ، تەبەری، ل ١١٦، یادداشتی ٢.

٨٣ - هۆفمەن، ل ٥٠؛ لابوور، ل ١٢٦.

٨٤ - تەبەری، ل ٨٧١؛ نۆڵدکێ، ل ١١٣.

٨٥ - نۆڵدکێ، تەبەری، ل ١١٤، یادداشتی ١.

٨٦ - لانگلوا، ب ٢، ل ١٨٤.

٨٧ - هەمان، ل ١٨٧ بەرەودوا.

٨٨ - ئەکینیان، ب ١، ل ٣٧٥ - ٣٧٦.

٨٩ - لانگلوا، ب ٢، ل ٢٨١.

٩٠ - سەبارەت بە بلاوبوونەوەی ئایینی مەسیح لە نێو خەڵکی قەفقازدا بڕوانە: پیترز، سەرینچاوەکانی مەسیحایەتی لە گورجستان‌دا بەگوێرەی گێڕانەوەکانی ئایینی لە Analecta Bollandiana، ب ٥٠، ل ٥٥ - ٥٨.

٩١ - یەکی دیکە لە مێژوونووسانی ئەرمەنی بە ناوی ئێلیزە بە درێژی فەرمانەکەی مێهرنەرسەی گێڕاوەتەوە کە لەگەڵ ئەم دەقە جیاوازی هەیە. لەم فەرمانەدا پوختەیەک لە بنەماکانی ئایینی زەردەشتی و کۆمەڵێک ڕەخنە دەربارەی بیر و باوەڕەکانی مەسیحایەتی خراوەتەڕوو لە کۆتایی‌یەکەی‌دا ئاوا دەستوور دراوە کە یان دەس لەو بیر و باوەڕە هەڵگرن یان خۆیان بدەنە دەس دادگای بالا. هەروەها دیرۆک‌نووس دەقی حاشانامەیەکی دووردرێژ کە قەشەکانی ئەرمەنی نووسیویانە، گێڕاویەتەوە. میە (Meillet) لە وتارێکی کەم و پوخت و زۆر ڕوون، لە گۆڤاری ئاسیایی، ساڵی ١٩٠٩، ل ٥٤٨ بەرەودوادا ویستوویەتی سووری بکاتەوە کە نووسینەکانی کتێبی ئێلیزە و هەروەها کتێبی «ئێزنیک» کە ئەویش کەمتاکورتێک بنەما و خاڵە سەرەکییەکانی بیر و بڕوای گاورانی هەر بە ڕاوێژی ئێلیزە گێڕاوەتەوە، هەرتکیان کۆنە شیرۆقەیەکن کە سەبارەت بە ئایینی مەزدەیەسنی لە گۆڕێدا بووە (بەگوێرەی ڕێچکەی زوروانیە) و بابەتەکانی ئەو سەرچاوە کۆنە لە تەرجەمەی سەربوردەی شەهیدانی سۆریانی و لە دەستەواژەیەکی مەشهووری تێئۆدۆر مۆپسووستی، لە زمان «فۆتیووس»ەوەی تێدا بەدی دەکرێ و ئەمەش لە ژێدەرێکی زۆر باوەڕپێکراوەوە وەرگیراوە. ماریس بۆچوونەکەی «میە»ی لە کتێبێک‌دا کە سەبارەت بە ئێزنیک نووسیویەتی، پشتڕاست کردۆتەوە و بابەتەکەی لە بنج و بناوانەوە خستۆتە بەر لێکۆڵینەوە: Le) De Deo d,EZnik de koIb پاریس، ١٩٢٤). دواتر ئەکینیانیش هەر ئەم کارەی کردووە: ب ٢، ل ٧٩٧. من بە ئۆباڵ بۆ کێشانی گوتەی ئەم دوو زانایە لام وایە ئەو گێڕانەوەی کە لازار فارپ هێناویەتی، لە سەرچەم‌دا وایە و ڕاستە و پێشەوایانی ئایینی مەسیحی ئەرمەنستان ئەو نامەیان وەبەرچاو نەگرتووە کە هەڵگری لێکدانەوە و شیکردنەوەی بیر و باوەڕی زەردەشتییەکان بووە و تەنانەت نەشیانکردۆتەوە. ئەگەر ئاوا بێ دەبێ بگوترێ لەبەروەی کە لە سەردەمی ئێلیزەدا دەقی فەرمانەکەی مێهرنەرسە بە دەستەوە نەبووە، مێژوونووسی ناوبراو بە مەبەستی پڕ کردنەوەی ئەو نوقسانییە هەم شیکردنەوەی بنەما و خاڵە سەرەکییەکانی بیر و باوەڕی زەردەشتی و هەم

بەرپەرچدانەوەکەی ساز کردووە و وادیارە ئەم دووە هەر قەت نەبوون و بە مەبەستی سازدانی شیکردنەوەی بیر و باوەڕەکانی زەردەشتی چەند شتێکی لە نامیلکەیەک کە سەرچاوەی یادداشتەکانی ئێئۆدۆر مۆپسووستی و ئێزنیک و کەسانیتر بووە، وەرگرتووە (بە بڕوای شنایدێر، نامیلکەیەکی عیسایی؛ گۆڤاری ڕۆژهەلاتیی ئالمان، ب ۹۵، ل ۲۸). سەرەڕای تەواوی ئەمانە نامەی ساختەی مێهرنەرسە کە ئێلیزە ڕایگواستووە، گرینگە، ئەویش نەک تەنیا لەو گۆشەنیگایەوە، کە کۆمەڵێک زانیاری دەربارەی دینی زەردەشت لە چاخی ساسانییەکاندا دەخاتەڕوو، بەڵکوو چونکە دەریدەخا کە لە ڕوانگەی زەردەشتییەکانەوە کامە ڕێچکەی بیر و باوەڕی نەساری لە هەمووان ناخۆشەویستتر بووە. ئەم خاڵە جیاواز و ناکۆکانە هەر ئەوانەن کە لە مشتومڕ و شەڕەقەڵەمی نێوان زەردەشتییەکان و نەسارادا لە کردەوکانی شەهیدانی ئێرانا کە بە زمانی سۆریانییە، باسیان کراوە. بۆ وێنە بڕواننە ئەو بابەتانەی خوارەوە: ئەم باوەڕەی نەساری هەڵەیە کە دەڵێن خێر و شەڕی جیهان کاری بکەرێکە و خودا دەسڕژد و چاوچنۆکە و لەبەر دەنکە هەنجیرێکی کە لە داریێک بۆوە، مەرگی ئافراند و لە ئەستۆی تۆرەمەی ئادەمی پەستاوت. ئەم چەشنە ئێرەیی پێبردنە تەنانەت لە نێو مرۆڤیشدا نیە، چ بگا بە پەیوەندیی خودا و خەڵک. یەکێک لە هەڵەکانی دیکەی مەسیحییەکان ئەمەیە کە دەڵێن خودا، یانی ئافەرێنندەی ئاسمان و زەوی، هاتە سەر هەرد و لە کیژۆڵەیەک بە ناوی مریەم، کە دەسگیرانی یۆسف بوو، لە دایک بوو. کەچی لە ڕاستیدا مەسیح کوڕی فانتوور«Phantour» (پانتێرۆس «Panthéros» بووە، بەگوێرەی نەزیلەیەکی کۆنی یەهوود، لانگلوا، ب ۲، a ل ۱۹۱، یادداشتی ۲) کەوایە لە ڕێی ناشەرعیڕا گووراوە. یەکێک لەو دژوازییانەی مەسیحییەکان پێیەوە گرفتارن ئەمەیە کە پێشەواکانیان خواردنی گۆشت بە گوناھ نازانن، بەڵام خۆیان نایخۆن. دەڵێن ژنهێنان ڕەوایە، کەچی خۆیان خۆ لە نەزەر کردن سەبارەت بە ژنان دەپارێزن. دەڵێن کۆکەرەوەی ماڵ و سامان گوناهبارە و لە تاریفی هەژاریدا شووی لێهەڵدەکێشن. تفتی و تاڵییەکانی ڕۆژگاریان خۆش دەوێ و لە ئیرۆ و ئاسوودەیی ڕادەکەن. ڕقیان لە زەنگینی دەبێتەوە و ناوبانگ و شانازی بە هیچ و پووچ دەزانن. جلکی مسکێنان دەپۆشن و کەلوپەلی ئاسایی پتر لە شتومەکی گرانبایی دەکەوێتە بەر سەرنجیان. تاریفی مەرگ دەکەن و بە چاوی‌سووک لە ژیان دەڕوانن. کەوتنەوەی تۆرەمە (منالْ) بە عەیبدادەنێن و نەزۆکی و نێرەمووکی بە جێی داخ دەزانن و هتد (لانگلوا، ب ۲، ل ۱۹۱).

۹۲ - هۆفمەن، ل ۵۰، ۲۷۷ بەرەودوا؛ مارکوارت، ئێرانشار، ل ۵۶. لە نیوەی دووەمی سەدەی پێنجەمەوە «میری چۆل» لە «بەلخان»ی ڕۆژهەلاتی کراسنۆڤۆدێسک بنەی دانابوو، مارکوارت - مێسینا، پێرست، ل ۳۸ و هەتا دوایی و ل ۴۳.

۹۳ - هۆفمەن، ل ۵۰.

۹۴ - بە بۆنەی ناوی میرانی کیدارەوە ئاوا ناودێر کراون. بەراورد بکرێ لەگەڵ مارتین، سکەکانی کیدارە و کووشانییەکانی بچووک.

۹۵ - یەکێک لە پایەبەرزانی دەزگای دادوەری.

۹۶ - هۆفمەن، ل ۲۵۳ بەرەودوا.

۹۷ - هۆفمەن، ل ۴۳- ۶۸ ؛ لابوور، ل ۱۲۶ بەرەودوا.

۹۸ - ئەمەی کە لە هێندێک سەرچاوەی عەرەبیدا (بڕوانە تەبەری، ل ۸۷۲؛ نۆلدکێ، ل ۱۱۵، ۱۱۷ یادداشتی۳) هاتووە کە پیرووز داوای لەشکرێکی پشتیوانی لە میری هەفتالییەکان کرد و بۆی نارد، ئەفسانەیە و دەبێ سەرچاوەکەی لاسایی ئەو سەربوردەیەی کوادی کوڕی پیرووز بێ کە لەگەڵ پادشای هەفتالییان پەیمانی دۆستایەتی بەست. لە کاتی مردنی یەزدگردی دووەمدا هێشتا هەفتالییەکان نەگەیبوونە سنووورەکانی ئێران. مارکوارت، ئێرانشار، ل ۵۷.

۹۹ - وەک هێرتسفێلد دەڵێ، ئەم نازناوەی شاژن وا دەگەیەنێ کە لەم ماوەیەدا «دینەگ» جڵەوی دەسەلاتی حکوومەتی بە دەستەوە بووە.

۱۰۰ - مۆردتمان، گۆڤاری ڕۆژهەلاتیی ئالمان، ب ۲۸، ل ۲۰۱ هتد و ۳۱، ۵۸۲؛ هێرتسفێلد، پایکۆلی، ل ۷۵ و فەرهەنگۆک، وشەی ژمارە ۲۶۲، ۶۳۶.

۱۰۱ - تەبەری، ل ۸۷۲، ب ۲، ل ۱۱۸، یادداشتی ۴.

۱۰۲ - ئێلیزە، لانگلوا، ب ۲، ل ۲۴۸.

۱۰۳ - بەگوێرەی گێڕانەوەی میژوونووسانی عەرەب ۷ سالی درێژەکێشا.

۱۰۴ - تەبەری، ل ۸۷۳؛ نۆلدکێ، ل ۱۱۸ بەرەودوا.

۱۰۵ - بڕوانە دواتر.

۱۰۶ - لابوور، ل ۱۴۴ هتد.

۱۰۷ - نۆلدکێ، تەبەری، ل ۱۱۸، یادداشتی ۴؛ هەمزە؛ چاپی گۆتوالد، ل ۵۶، وەرگێڕدراوەکە، ل ۴۱.

۱۰۸ - لابوور، ل ۱۳۱ - ۱۴۴.

١٠٩ - سەبارەت بە پەیوەندییەکانی ئێران لەگەڵ نەتەوەکانی ڕۆژهەڵاتیی لە سەردەمی پادشایەتی پیرووزدا، بڕوانە تۆژینەوەکانی مارکوارت، ئێرانشار، ل ٥٥هتد.

١١٠ - ڕەنگە ئەم بابەتە ئەفسانە بێ. پیرووز لەبری خوشکی، کچێکی دیکەی بۆ کیدارە نارد و بەم شێوە هەڵیخەڵەتاند. ئەمە یەکێک لە حیکایەتە بڕەودارەکانی ئێرانە. بۆ نموونە بەراورد بکرێ لەگەڵ ئەو فرتوفێڵەی کە «ئاماسیس»ی فیرعەونی میسر، دەرهەق بە کەمبووجیە کردی (هێرۆدۆت، کتێبی ٣، بەندی ١). هەر ئەم حکایەتە سەبارەت بە خوسرەوی یەکەم لە پەیوەندییەکەیدا لەگەڵ خاقانی ترک گێڕدراوەتەوە. بڕوانە مارکوارت، ئێرانشار، ل ٥٧، یادداشتی ٤.

١١١ - هەفتالان لە بۆندەهێشنی ئێرانیدا (ئەنکلساریا، ل ٢١٥، دێڕی ٧ و ٩). بە ئەرمەنیHep't'al، بە فارسی هیتەل (Hetal)، بە عەرەبی هەیتەل؛ بەراورد بکرێ لەگەڵ بێیلی، بلاڤۆکی ڕۆژهەڵاتیی، ٤، ٦ (١٩٣٢)، ل ٩٤٦ هتد. چەند سکەیەک لە هەفتالییان بۆ ئێمە ناسراون کە بە خەت و پیتی کووشانی وەرگیراو لە ئەلفوبێی یۆنانی، نەخشێندراون. هێندێک سکەش بە خەتی هیندی ناسراو بە «براهمی»ن. بڕوانە: یونکێرH. F. J. Junker نووسراوەی سەر سکەکانی هەفتالی، ڕاپۆرتی ئاکادیمیای پرووس، ١٩٣٠، ل ٦٤١ بەرەودوا.

١١٢ - بە گوتەی مارکوارت (ئێرانشار، ل ٥٥؛ یادداشتی٨) خیوونییەکان سەرەتا پێیاندەگوترا «هوونی سپی» و دواتر هەفتالییەکان ئاوا ناودێر کران.

١١٣ - بەگوێرەی «ئێستیلیتسی بەدرۆ» پیرووز دووجار پاش شکان لە شەڕی هەفتالییەکان‌دا گیراوە، بەڵام وادیارە ئەم مەبەستە هەڵەیە.

١١٤ - لە سەرچاوەکانی عەرەبی‌دا کە دەچنەوە سەر خودای‌نامگ، ناوی ئەم پادشایە بە «ئەخشونقار»، ئەخشوقان و خۆشنۆقاز، هاتووە ناوەکەی لە ڕێنووسی عەرەبی‌دا گۆڕاوە. لە بۆندەهێشنی ئێرانی‌دا (ئەنکلساریا، ل ٢١٥) ئەم ناوە بە خەتی پەهلەوی وەبەرچاو دێ و پتر وەک خۆشنۆقاز دەچێ، بەڵام لەبەروەی ئەم وشەیە لەو بەشەی بۆندەهێشن‌دا هاتووە کە زۆربەی کاکڵەکەی لە نووسراوە جۆراوجۆرەکانی فارسی و عەرەبی خودای‌مانگ وەرگیراوە، (کریستێنسێن، کەیانییەکان، ل ٦١ - ٦٥) جێی متمانە نیە. وێدەچێ کە لە ژێر پەردەی ئەم گشتە سوان و پوان و گۆڕانەدا، وشەی «خشیۆن» کە لە سوغدی‌دا بە مانای «شا»یە، خۆی پەنا دابێ. ئەمە گریمانەی «موولێر»ە (دەقەکانی سوغدی، ب ١، ل ١٠٨، یادداشتەکان) بەراورد بکرێ لەگەڵ هێنینگ، کتێبی نزا و پێڵێنان، ل ٩٥.

١١٥ - سەبارەت بە شەڕی پیرووز لەگەڵ هەفتالییەکان گەلێک نەقڵ و نەزیلەی ڕەمەکی لە گۆڕێ دان. بۆ وێنە دەڵێن پیرووز سوێندی خواردبوو کە سنووری دوو وڵاتەکە نەبەزێنێ و بو ئەوەی سوێندەکەی لێ نەکەوێ، ئەو بەردەی کە نیشانەی سنوور بوو، وە پێش لەشکرەکەیان دابوو و دەیانبرد. یان بەگوێرەی گێڕانەوەیەکی دیکە بە پەنجا فیل و سێسەد پیاوی شەڕکەر ئەو قەڵاقووچەیەی کە وەهرامی پێنجەم بۆ هێمای کەوشەن سازی کرد بوو، لە پێش لەشکر ڕەکێشکرا.)

١١٦ - لانگلوا، ب ٢، ل ٣٥١.

١١٧ - بڕواننە مارکوارت، ئێرانشار، ل ٦٠ - ٦٣.

١١٨ - واوێدەچێ کە سۆخرا ناوی بنەماڵەیی لکێکی خانەدانی کارێن بووبێ، کە زەرمێهریشی پێوە دەناسرا، بڕواننە نۆڵدکێ، تەبەری، ل ١٢٠، یادداشتی ٣، ل ١٤٠، یادداشتی٢. مێژوونووسانی عەرەب و ئێرانی ئەم ناوەیان بە چەند جۆرێک هێناوە. (سۆخرا، سۆخران، سوئاخەر، سوفێرەی و هتد) بە ڕاوێژی پەهلەوی «سوخرەگ» یان ڕەنگە Sōkhrag Sokhrâi بێ. بڕواننە نۆڵدکێ، خوێندنەوەکانی ئێرانی، I، ڕاپۆرتی لقی ئەدەبیی ئاکادیمیای ئیمپراتۆرێتی زانستیی ڤییەن، ١٨٨٨، ل ٤١٣ بەرەودوا.

١١٩ - تەبەری، ل ٨٧٨؛ نۆڵدکێ، ل ١٢٧هتد؛ لازار، لانگلوا، ب ٢، ل ٣٢٦.

١٢٠ - لازار، لانگلوا، ب ٢، ل ٣٥٢؛ تەبەری، ل ٨٨٥؛ نۆڵدکێ، ل ١٣٩.

١٢١ - لازار، لانگلوا، ب ٢، ل ٣٤٣ هتد. پرۆکۆپیۆس، وەلاش و جاماسپی کوڕی پیرووزی لێتێکچووە و کواد (قوباد)ی بە جێنشینی پاش پیرووز داناوە. سەبارەت بە ڕووداوەکانی ئەرمەنستان لە ساڵانی ٤٨٤ - ٤٨٥دا و کەسایەتی «وەهەن»، بڕواننە پیترز سووسنیکی پیرۆز لە Analecta Bollandiana ١٩٣٥، ب ٥٣، ل ٢٨٨ بەرەودوادا.

١٢٢ - لازار، لانگلوا، ب ٢، ل ٣٥٧.

١٢٣ - نۆڵدکێ، تەبەری، ل ١٣٠، یادداشتی ٣. سەرچاوەکانی ئەو دەورانی هیچ باسی ئەو شەڕ و تۆڵەیان نەکردۆتەوە.

١٢٤ - تەبەری، ل ٨٨٣؛ نۆڵدکێ، ل ١٣٤

١٢٥ - بۆ نموونە بڕواننە میشێلی سۆریانی، تەرجەمەی شابۆ، ب ٢، ل ١٥١.

١٢٦ - لەو کتێبەدا کە بە ناوی «ئێستیلیتس»ەوە هاتووە چون وەلاش دراوی نەبوو کە بیدا بە لەشکر و جڵەودارانی ئایینی زەردەشتی، ئەوانی لە خۆی تووڕە کردبوو. «وەلاش هەوڵی شکاندن و وەبەرچاو نەگرتنی یاساکانی زەردەشتی دەدا و دەیهەویست لە

شارەکان گەرماو سازبکا. » لە کتێبی «پادشایەتی کوادی یەکەم»دا، ل ۹۳، یادداشتی ۲، دەربارەی ڕاستی و دروستی ئەم قسەیە کە سەبارەتە بە ساز کردنی گەرماوان، گومانمان کردووە. بەڵام دەبێ بزانین کە ئەو کێشەیە لەو چاخیدا کەوتۆتە سەر زار و زمانان. لە کتێبی پاڵدراو وەلای ئێستیلیتسدا هاتووە کە کوادی یەکەم پاش گرتنی ئامیدا (ئامێد) هەر کە چاوی بە گەرماوەکانی یۆنانی کەوت، فەرمووی لە تەواوی شارەکانی ئێرانیشدا ئی وا ساز بکەن. بە بڕوای زەردەشتییەکان خۆشۆردن لە ئاوی گەرمدا بە گوناە دادەندرا (ئێرادی ویرازنامگ)، کەچی وێدەچێ ئەڤێستای ساسانی خۆشۆردنی لە ئاوی گەرمدا ئیزن دابێ، بەو مەرجەی کە لە پاراستنی پاکی ئاورا تەواو پارێز بکرێ. (دینکەرد، کتێبی هەشتەم، بەشی ۲۷، کۆپلەی ۱، بەگوێرەی دوزد سەرنێزەد نەسک.)

۱۲۷ - بەپێی هێندێک سەرچاوە کە دەچنەوە سەر خودای‌نامگ، کواد لە وەختی دانیشتنە سەر تەختی پادشایەتی‌دا مناڵ بووە، بەڵام ئەو مەبەستە ناڕاستە. بەگوێرەی گێڕانەوەی مالالا و فیردەوسی، کواد لە تەمەنی ۸۰ یا ۸۲ ساڵی‌دا پاش ۴۰ تا ۴۳ ساڵ پادشایەتی مردووە. (نۆلدکێ، تەبەری، ل ۱۴۳، یادداشتی۱.)

۱۲۸ - دینەوەری (نیهایە)؛ فیردەوسی.

۱۲۹ - پرۆکۆپیۆس ماوەی دەسەلاتی هەفتالییەکان لە ئێرانا بە دوو ساڵ دادەنێ و بە بڕوای وی هێزی کواد ئەوەندەی پەرەگرت کە توانی سەر بۆ دانی باج نەوی نەکا. وەک دیتمان پرۆکۆپیۆس لە تەرکێن باسی چوار ساڵ حکوومەتی وەلاشی نەکردووە. لە ڕاستی‌دا وا وێدەچێ کە ئێران هەتا سەردەمی خوسرەوی یەکەم باجدەری هەفتالییان بووە. چونکە چەند سکەیەکی زێویان لە وەلاش و کواد و خوسرەوی یەکەم دۆزیوەتەوە کە بە خەتی کووشانی و هەفتالی لە سەریان نووسراوە و بەپێی بۆچوونی مارکوارت (ئێرانشار، ل ۶۲ - ۶۳) ئەم سکانە بە مەبەستی دانی باجی ساڵیانە بە هەفتالییەکان لێدراون. بەراورد بکرێ لەگەڵ کتێبی یونکێر سەبارەت بە سکەلێدراوەکانی هەفتالییان، ڕاپۆرتی ئاکادیمیای پرووس، ۱۹۳۰، ل ۶۵۷ هتد.

۱۳۰ - لابوور، ل ۱۴۳ - ۱۵۲.

۱۳۱ - سەبارەت بە باری یاسایی و مافی مەسیحییەکان لە دەوڵەتی ساسانی‌دا، بڕوانە ڕاپۆرتەکانی کۆبوونەوەکانی ساڵیانەی...، ب ۱۰، نامیلکەی ۲، ل ۷۲ بەرەودوا.

Von den rechtlichen Verhältnissen der Christen im Sassanidenreich, Mitteilungen des Seminars für Orientalische Sprachen .

۱۳۲ - سەبارەت بە ئاکاس، بڕوانە لابوور، ل ۸۹، ۹۳، ۱۰۱، ... .

۱۳۳ - زاخەو، ل ۸۰ بەرەودوا.

۱۳۴ - ئامیانووس مارسێلینووس، کتێبی ۲۳؛ بەندی ۶، کۆپلەی ۸۲ بەرەودوا.

دینکەرد، کتێبی هەشتەم، بەشی ۲۰، کۆپلەی ۷۴ بەگوێرەی گێڕانەوەی «نێکادومنەسک»یش شایانی پلەی دادوەری کەسێکە کە لە یاسا بزانێ. لە هووسپارەمنەسکدا باسێکی زیاتر دەربارەی ئەرکی دادەوانی دادوەر و واجبەکانی دینی ئەم بەرپرسایەتییە نووسراوە.

۱۳۵ - تاوادیا، «سوورسەخوەن» شەهردادوەرای دادوەران (ل ۴۴، ۶۵، دواتر، ۸۵ هتد) وادیارە لە تێکەڵبوونی دوو زاراوەی شەهردادوەر و دادوەرای دادوەران بە هەڵە سازکراوە.

۱۳۶ - بڕاون، گوڵبژێری کردەوەکانی شەهیدانی ئێران، ل ۲۱۳.

۱۳۷ - هۆفمەن، ل ۵۱. هۆفمەن زاراوەی «دەستوەر هەمداد»ی ئاوا مانا کردۆتەوە: «ئەو کەسەی کە دەسەڵاتی دادوەرێتی وی وەک دەستوەرە.» ئەگەر ئەم بۆچوونەی هۆفمەن قبوڵ بکەین، دەبێ بگوترێ کە دەستوەر کاروباری دادوەرێتی لە ئەستۆ بووە. نۆڵدکێ (تەبەری، ل ۴۳۸) ئەم واژەیەی بە دەست لەسەر دەست، واتە «کەسێکی کە دەستەکانی خستوونە سەریەک» مانا کردۆتەوە. بە بڕوای من بۆچوونەکەی هۆفمەن وێچووترە و دەبێ بە سەرتر وەربگیرێ.

۱۳۸ - یەعقووبی، بڕوانە سەرەتاکانی بەشی شەشەمی ئەم بەرهەمە.

۱۳۹ - دینکەرد، کتێبی هەشتەم، بەشی ۴۳، کۆپلەی ۹.

۱۴۰ - هۆبشمان، ڕێزمانی ئەرمەنی، ب ۱، ل ۱۳۶.

۱۴۱ - مەسعوودی مورووویج، ب ۲، ل ۱۵۶.

۱۴۲ - فۆستووسی بیزانسی، لانگلوا، ب ۱، ل ۲۶۸ - ۲۶۹؛ پرۆکۆپیۆس، شەڕی ئێران، کتێبی یەکەم، بەندی ۴، بڕوانە پاتکانیان؛ گۆڤاری ئاسیایی، ۱۸۶۶، ل ۱۱۳.

۱۴۳ - نیزامولمولک، سیاسەتنامە، چاپی شێفر، ل ۱۰، تەرجەمە، ل ۱۲، بەراورد بکرێ لەگەڵ بڕاون، گۆڤاری پادشایەتی، ۱۹۰۰، ل ۲۲.

۱۴۴ - بڕوانە سەرەتاکانی بەشی ۶.

۱۴۵ - دەستەواژەی «دزینی کفنی مردووەکان لە دارەتەرمانداً» دەگەڕێتەوە سەر بیر و باوەڕی ئیسلامی.

نگەی ژین
www.zheen.org

۱۴۶ - جاحێز، تاج، ل ۱۵۹ - ۱۶۳؛ شیکردنەوەیەکی کورتتر لە سیاسەتنامەی نیزامولمولکدا، چاپی شێفر، ل ۳۸ - ۳۹، وەرگێڕدراوەکەی، ل ۵۶ هتد.

۱۴۷ - هۆفمەن، ل ۵۰.

۱۴۸ - زەند.

۱۴۹ - دینکەرد، کتێبی هەشتەم، بەشی ۲۰، کۆپلەی ۶۹.

۱۵۰ - بارتۆلۆمە، ژن لە یاسای مافی ساسانیدا، ل ۶.

۱۵۱ - بارتۆلۆمە، مافی ساسانی، ب ۴، ل ۲۹ هتد.

۱۵۲ - دینکەرد، کتێبی هەشتەم، بەشی ۱۶ - ۲۰.

۱۵۳ - هەمان، بەشی ۲۱ - ۲۷.

۱۵۴ - هەمان، بەشی ۲۲، کۆپلەی ۱۲ - ۱۵.

۱۵۵ - هەمان، بەشی ۲۰، کۆپلەی ۲۷.

۱۵۶ - هە مان، بەشی ۲۲، کۆپلەی ۱۰.

۱۵۷ - هەمان، بەشی۴۲، کۆپلەی ۳ و هتد (بەگوێرەی دەقی سەکادومنەسک).

۱۵۸ - سەکادومنەسک، دینکەرد، کتێبی هەشتەم، بەشی ۲۸، کۆپلەی ۶۴.

۱۵۹ - دینکەرد، کتێبی هەشتەم، بەشی ۴۲، کۆپلەی ۶.

۱۶۰ - فیردەوسی، شانامە، چاپی وولرس، ل ۵۵۰ بەرەودوا، بەیتی ۵۰۲ هتد.

۱۶۱ - وەیس و ڕامین، چاپی لیس W. N. Less، ، ل ۱۳۶ بەرەودوا.

۱۶۲ - دینکەرد، کتێبی هەشتەم، بەشی ۲۰، کۆپلەی ۴۱.

۱۶۳ - ئەو بڕگە و بابەتە کوتولەتانەی پەهلەوی کە وێست چاپی کردوون، بۆ وێنە بەشی ۱۵، شایست نی شایست (۱۶/۱۵) دەقەکانی پەهلەوی، ب ۱، ل ۳۶۷؛ شکەندگومانیک ویزار ۷۰/۱۰ و وێست دەقەکانی پەهلەوی، ب۳، ل ۱۷۱؛ دینکەرد، کتێبی حەوتەم، بەشی ۵، کۆپلەی ۵؛ وێست، دەقەکانی پەهلەوی، ب ۵، ل ۷۴.

۱۶۴ - دینکەرد، کتێبی هەشتەم، بەشی ۱۹، کۆپلەی ۳۸ و بەشی ۲۰، کۆپلەی ۱۲.

۱۶۵ - بارتۆلۆمە، مافی ساسانی، ب ۲، ل ۷ بەرەودوا.

۱۶۶ - سەبارەت بە نرخ و بایەخی بەڵێن و پەیمان بە بێ سوێندخواردن و دەربارەی سزای پەیمانشکێنان، بڕوانە بارتۆلۆمە، زانستی شێوەزارەکانی ئێرانی نێوەڕاست، ب ۲، ل ۱۴ - ۱۵.

۱۶۷ - دارمێستێتێر، گۆڤاری ئاسیایی، ۱۸۹۴، ل ۲۱۹ بەرەودوا و ۵۲۳ هتد؛ مینەوی، ل ۱۶ - ۱۷.

۱۶۸ - دینکەرد، کتێبی هەشتەم، بەشی ۲۳، بەندی ۶، بڕگەی ۸۱.

۱۶۹ - هەمان، بەشی ۱۶ بەرەودوا.

۱۷۰ - هەمان، بەشی ۲۰، کۆپلەی ۱۲۳.

۱۷۱ - هەمان، بەشی ۲۱، کۆپلەی ۱ - ۵.

۱۷۲ - هەمان، بەشی ۱۹، کۆپلەی ۵۶.

۱۷۳ - بۆ وێنە، هۆفمەن، ل ۶۱.

۱۷۴ - دینکەرد، کتێبی هەشتەم، بەشی ۲۱، کۆپلەی ۱۰.

۱۷۵ - هەمان، بەشی ۲۱، کۆپلەی ۱۱.

۱۷۶ - هەمان، بەشی ۲۱، کۆپلەی ۸.

۱۷۷ - هەمان، بەشی ۱۹، کۆپلەی ۵۵.

۱۷۸ - هەمان، بەشی ۴۲، کۆپلەی ۱ - ۲.

۱۷۹ - هەمان، بەشی ۱۹؛ کۆپلەی ۴۴.

۱۸۰ - لابوور، ل ۱۱۰.

۱۸۱ - هۆبشمان وێکچوونی ئەم ناوەی کە لە ڕێی دەقەکانی ئەرمەنیڕا گەیشتوونە دەست ئێمە، ناوی کەونارای شاری دزفوول واتە «ئەندیمێشک»ی وەبیر خستووینەوە. ڕێزمانی ئەرمەنی، ب ۱، ل ۱۹.

۱۸۲ - هۆبشمان، هەر ئەوێ، نۆلدکێ، تەبەری، ب ۱۴۴، یادداشتی ۱. چەند کەس لە بنەماڵەی پادشایەتی کەوتبوونە ئەم زیندانە کە بۆ وێنە یەکیان ئەرشەکی سێهەمی پادشای ئەرمەنستانە. بە گوتەی پرۆکۆپیۆس، کواد پاش بێبەش کران لە تاج و تەختی پادشایەتی لەوێ بەند کرابوو و هەر لەوێشەوە ڕایکرد. گەلێ داوتر شیروویە تاقمێک لە زیندانییەکانی وێندەرێی ئازاد کرد و ئەوانیش یاریدەیان دا هەتا توانی خوسرەوی دووەمی باوکی خۆی لەسەر دەسەڵات هەڵقەنێ و بەرەو خواری کا (پاتکانیان، گۆڤاری ئاسیایی، ۱۸۶۶، ب ۱، ل ۲۰۸ - ۲۰۹).

۱۸۳ - لانگلوا، ب ۱، ل ۲۸۶ هتد.

۱۸۴ - سەبارەت بەم ناوە، بڕوانە هۆبشمان، ڕێزمانی ئەرمەنی، ب ۱، ل ۳۸.

۱۸۵ - پرۆکۆپیۆس، ۶/۱؛ فۆستووسی بیزانسی، لانگلوا، ب ۱، ل ۲۳۱.

۱۸۶ - ئامیانووس، کتێبی ۲۳، بەندی۶، کۆپلەی ۸۰.

۱۸۷ - شەڕی ئێران ۵/۱.

بنکەی ژین
www.zheen.org

۱۸۸ - لابوور، ل ۶۱.

۱۸۹ - هەمان، ل ۱۲۷.

۱۹۰ - هەمان، ل ۱۱۲.

۱۹۱ - هۆفمەن، ل ۵۳؛ تەبەری، ل ۱۰۱۲؛ نۆلدکێ، ل ۳۰۷.

۱۹۲ - دینکەرد، کتێبی هەشتەم، بەشی ۲۰، کۆپلەی ۴.

۱۹۳ - هۆفمەن، ل ۵۳.

۱۹۴ - هەمان، ل ۲۵.

۱۹۵ - هەمان، ل ۲۹.

۱۹۶ - لابوور، ل ۱۱۰.

۱۹۷ - لابوور، ل ۶۱.

۱۹۸ - هۆفمەن، ل ۵۵.

۱۹۹ - هەمان، ل ۵۶.

۲۰۰ - بڕوانە: Dandins Da c, akumâracaritam تەرجەمەی میر، لەیپزیگ، ل ۳۶ بەرەودوا.

۲۰۱ - هۆفمەن، هەر ئەوێ؛ لابوور، ل ۶۱.

۲۰۲ - لابوور، ل ۶۲.

۲۰۳ - هەمان، ل ۶۱ بەرەودوا.

۲۰۴ - لابوور، ل ۱۱۱. کابرای تاوانبار کە لە تیرەی وەجاخزادان بوو، مەحکووم کرا کە سەر وەبەر هەرە کەمترین غولامی خوی بێنێ و ژنەکەی خۆشی بداتێیە.

۲۰۵ - لابوور، ل ۱۱۴ - ۱۳۰.

۲۰۶ - هەمان، ل ۱۱۴ - ۱۱۶.

۲۰۷ - بۆ وێنە هۆفمەن، ل ۳۸، ۶۱ بەرەودوا.

۲۰۸ - هەمان، ل ۶۰.

۲۰۹ - هەمان، ل ۵۰ - ۵۱.

۲۱۰ - لازار فارپ، لانگلوا، ب ۲، ل ۳۰۷؛ بەراورد بکرێ لەگەڵ ئێلیزە، ل ۲۳۰ هتد.

۲۱۱ - هۆفمەن، ل ۶۵، سەبارەت بە ڕاست کردنەوەی «شەهردەبیر» (شاردەبیر) بۆ «شەهردادوەر»، بڕوانە نۆلدکێ لە گۆڤاری Gött. gel. Anz. سالّی ۱۸۸۰، ل ۸۷۸.

۲۱۲ - لابوور، ل ۱۱۴.

بنکەی ژین
www.zheen.org

٢١٣ - بەراورد بکرێ لەگەڵ لابوور، ل ٥٧.

٢١٤ - پیرگوشنەسپ کوڕی جاماسپ بوو. ئەم جاماسپە لەگەڵ «ئادورئەفروزگەرد» دوو باوکبرای شاپوور بوون و ئەم دوو برایەی پادشا حکوومەتی هێندێک لە ناوچەکانی ئەروەستان (بیس عەربایە)یان لە ئەستۆ بوو کە کەوتۆتە نێوان نوسەیبین و دیجلەوە. هۆفمەن، ب ٢٤؛ بەراورد بکرێ لەگەڵ مارکوارت، ئێرانشار، ل ١٦٣.

٢١٥ - لانگلوا، ب ٢، ل ٢٣. بەرەودوا.

٢١٦ - هۆفمەن، ل ٧٦.

٢١٧ - هەمان، ل ١٢٥.

٢١٨ - هەمان، ل ٧٦.

٢١٩ - هەمان، ل ١٢٢.

٢٢٠ - هەمان، ل ٧٦.

٢٢١ - پیس کردنی ماکەی ئاگر لە شەریعەتی مەزدەیەسناندا تاوانێکی گەورەیە، بۆیە ئەم نەزیلەیە جێی باوەڕ نیە.

٢٢٢ - هۆفمەن، ل ٦١ بەرەودوا.

بنکەی ژین
www.zheen.org

بەشی
٧

ڕاپەڕینی مەزدەکییان

www.zheen.org

حاڵوباڵی کۆمەڵایەتی ئێرانییەکان لە سەردەمی ساسانیدا - چینەکانی کۆمەڵ - خاوخێزان - مافی مەدەنی - خولی یەکەمی پادشایەتی کواد (قوباد)ی یەکەم - بیر و باوەڕی شۆڕشگێڕانەی مەزدەکییان - هاوپەیمانێتی کواد لەگەڵ مەزدەکییان - لە کار لادران و ڕاکردنی کواد - پادشایەتی جاماسپ - گەڕانەوەی کواد - خولی دووەمی پادشایەتی کواد - پرسی جێنشینێتی پادشا - قەڵاچۆکرانی مەزدەکییان - مردنی کواد

کۆمەڵی ئێرانی لەسەر دوو تەوەرە هەڵدەسووڕا: ملکایەتی و بنەچەکە. بەگوێرەی «نامەی تەنسەر» لەمپەرێکی زۆر سفت و قایم نەجیمان و وەجاغزادانی لە خەڵکی ئاسایی جوێ دەکردەوە. مەزنایەتی ئەوان «بە جلوبەرگ و قەسر و سەرسەرا و باغ و ژن و خزمەتکارەوە بوو.»[1] لە جێیەکی دیکەدا دەڵێ:[2] «مەزن و

ماقوولانیان به جلک و عەدالّ و سلّسلّە و پلّپلّــە و مەنگولّــەوە لــە پیشــەداران و ژێردەستان هەلّداوارد و ژنەکانیشان بە کــراس و دەرپێــی ئاوریشــمین و کــلّاو و کۆشکی بــەرز و چوونــە ڕاو[3] و هــەرچی دابــی نــەجیمزادانــە هــاوێر دەکــردن. جەنگاوەرانیش ئاسوودە و تێر و تەسەل و بێترس و دلّنیا لە پەنا ژن و منداڵــی خۆیان پالّیان دابۆوە. » لە شانامەی فیردەوسی دا زۆر باسی «کلّاوی شایانە» و «کەوشەزێڕینە» کراوە کە نیشانەی پایەبەرزێتی مەزنەوەجاخان بووە.

هەروەها چین و تویژەکان بە باری ڕیزبەندی کۆمەلّایەتیدا بــە ســەر چەنــد پلەیەکا دابەش دەکران. هەر کەسێک لە نێــو کۆمــەڵدا خــاوەنی پلەوپایەیــەکی نەگۆڕ بوو. یەکێک لە ڕێسا پتەوەکانی حکوومەتی ساسانی ئەم سیاسەتــە بــوو کە پەیڕەو دەکرا و کەس نەدەبوو خوازیاری پلەیەک بووایە کە لەگەڵ ڕەچــەلّاکی یەکتری نەگرتبایەوە. سەعدەددین وراوینی لە «مــەرزبانـنامــە»دا[4] حیکایــەتێک دەگێڕێتەوە کە هەرچەند لە سەر دیمــەنی ئێســتای ئەفسـاناوییە، بــەلّام لــەم بوارەدا کەلکی دەبێ:

«بەختەوەرێک هەبوو لە میرانی پارسی کە ڕۆژێک فەرمانی کۆڕەجەژنێکی دا و پۆلپۆلی خواروژووری حەشیمەتیان لە ئێوخو و ئەوسەرەوسەری ولّاتەوە، بە شارنشین و لەشکریی، زانا و نەزان، جەماوەری ڕەمەکی و تاقمی دەسبژێرەوە، هەموویان لە دەشتێک کۆ کردنەوە و هەر کەسەی جێوڕێیەکیان بۆ دیاری کــرد. ئەمجا تێکڕایان سەرەڕای جیاوازی چینایەتی لە پاڵ یەک خزانــدن و ڕیزاوڕیــز دایاننان و ئەوەندەی دڵ پێیخۆشە و ئەوپــەڕی تاســە دادەمرکێنــێ، خــواردنی ڕەنگاوڕەنگیان ساز کرد و کێ سەرەپەتێکی ولّات و دەولّەتی پێبوو بە مەبەســتی بیستنی سکالّای خەلّکانی چەوساوە لە خوارەوەی خوانی پاشــایەتی ڕۆنیشــت، هەتا هەر کەس بەگوێرەی گوناح و تاوانی و بەپێی ڕێسا شــەرعی بکــرێ و ســزا بدرێ. میر لە لای سەروو، لە سەر تەختی پادشایەتی دانیشــت و ئیزنــی دا کــە جارچی بێتە سوێی کۆڕەکە و هاوار بکا: ئەی میوانانی خزمەت میر، هەموو تیــژ چاو هەلّێنن و بە وردی لە مەزنی دەرک و دیوانان، لە لای داوێنی خۆتان بڕوانن و پلەی بەرەژێر ببینن و بۆ سەرێ مەڕوانن، هەتا هەر کەس ئــەویتر لــە خــوار پلەی خۆیەوە بەدی بکا و دلّی خۆش بێ بەوەی هەیەتی و شوکرانەبژێری خوابێ. تێکڕای جەماوەرەکە لێکخورد بوونەوە و لە حاڵوباڵی یــەکتریان ڕوانــی و بــە

چاوی باوەڕەوە بەرزی پلەی خۆیان و نزمی شوێن و پایەی خواردەستانیان وەرد دایەوە هەتا گەیشتە ئاخرین ڕیز کە جێی تاقمی زاڵمان و زۆرەملان بوو. ئەمجار لێرە ئەوەی کە دەکەوتە بەر شەپۆلی سەرکۆنە و تێڕاخوڕێن و تاقە هەڵەیەکی بە چاوی‌دا دەدرایەوە لە حاڵوباڵی ئەو کەسە خورد دەبۆوە کە گیرۆدەی سزای لووت و لێو بڕان و بێئابڕوویی ببۆوە و ئەویش کە گرفتاری وەها تەزاندنێک هاتبوو، باروهەوای ژیانی ئەوانەی دەبینی کە خودا هاوار بۆ گیانیان و چوارمێخەیان دەکێشان و سەریان دەپەڕاندن و چی تەمێیانەیە بە سەریان دێنان... جا ئەم ڕەسم و ڕێسایە لەو دەمی‌ڕا بۆتە داب و نەریتی میرانی پارس.»

یاساکانی وڵات پارێزەری خوێنی پاکی خانەدانەکان و ملکوماشی ئەوان بوو. سەبارەت بە خانەدانی پادشایەتی لە فارسنامەدا [5] ڕستەیەک هەیە کە وادیارە دەبێ لە ئایین‌نامگی چاخی ساسانییەکان وەرگیرابێ: «ئەمە دابی پادشایانی فورس (فارس) و خوسرەوان (میران) بوو کە کچیان لە هەموو فەرمانڕەوایانی (چین) و ڕۆم و ترک و هیند دەخواست و خزمایەتییان ساز دەکرد و قەتیش کیژی خۆیان نەدەدا بەوان. کچیان تەنیا دەبوو مێرد بە کەسوکاری خۆیان بکەن.»

ناوی مەزنەخانەدانەکانیان لە نێو دەفتەر و دیوانان‌دا تۆمار دەکرد.[6] دەوڵەت دەیپاراست و خەڵکی ئاسایی نەدەبوو مالی نەجیمزادەکانی کڕیبا. سەرەڕای ئەمەش بەناچاری هێندێک لە بنەماڵە گەورەکان بەپێی تێپەڕینی ڕۆژگار دەپووکانەوە و خاشەیان دەبڕایەوە. لە نامەی «تەنسەر»دا[7] هاتووە کە: «تەفروتونا بوونی گەورەماڵان و پلەوپایە دوو چەشنە، یان ماڵ و سامان بەفیڕۆ دەدن و بەرەو هەژاری گلۆر دەبنەوە و هیچیان لە ماقوولی بە بەرەوە نامێنێ یا کە هەر خودی ڕۆژگار بێ ئەوەی کەس شان بوەشێنێ، ئاوەژوویان دەکاتەوە و شان و شەوکەت و نرخ و بایەخیان لێدەستێنێ و پاشەواری ناجسن و ناڕەسەنیان لێدەکەوێتەوە. ئەمانە کرداری خوێڕیلان دەکەنە دروشم و سەرمەشق و ڕێبازی ڕێز وەلادەنێن و سووک دەبن و لای کەس سەنگیان نامێنێ. وەک خاوەن پیشەکان خەریکی کار و کاسپی دەبن و لە وەدەس هێنانی گەورەیەتی و زانایی تێدەمێنن و لەگەڵ چین و توێژی نزمی ناهاوشان تێدەکەون و زەماوەند دەکەن. ئەو ژنومێردایەتی و زاوزێیە ناکەسبەچەی لێدەکەوێتەوە کە پلەوپایەکانی کۆمەڵایەتی بەرەوڕووی گەندەڵی دەبەن.»

لە «نامەی کردەوەکانی شەهیدان»دا چەند ئاماژەیەکی لێرەولەوێ دەربارەی حاڵوباڵی نەجیمزادەکان نووسراوە: پاش مردنی «شەهرین» کە لە خانەدانی مێهران بوو، براکەی کەسێکی ڕاسپارد و داوای «گۆشەنیەزداد»ی کوڕی شەهرینی کرد کە بێ هەتا ڕێوڕەسمی قوربانی و شێوی پیرۆز کە بەگوێرەی داب و نەریت دەبوو سەرۆکی خێزان لە ملکی بنەماڵەدا ئەنجامی بدا، بەجێبێنێ، جا با ئەو سەرۆکە هەتیو و مێرمنداڵ بێ، هەروەک ئەم بابەتەیان وابوو. بەڵام ئەم «گوشەنیەزداد»ە باوەڕەی بە دینی عیسا هێنابوو، وەختایەک مامی بەو حەیسوبەیسەی زانی، بەپێی یاسا خۆی بە خاوەنی ماڵ و ملکی بنەماڵە دانا. کەوایە لێرەوە دەتوانین هەڵیسەنگێنین و بیهێنینە بەرچاو کە لە ڕۆژگارانێکی چاخی ساسانیدا هەڵگەڕانەوە لە دینی ڕەسمیی وڵات، بۆتە هۆی بەشبەراو بوون لە میرات و لە دین هەڵگەڕاوە مافی خاوەنێتی نەدەما و ماڵ و ملکی دەگەیشتە نیزیکترین خزمانی. بەڵام ئەو بابەتەی سەرەوە وا هەڵکەوت کە مامۆی گوشەنیەزداد پاش چەند ڕۆژان سەری نایەوە و برازا سەرلەنوێ ماڵ و سامانی خۆی وەدەس هێنایەوە و لە نێو هەژارانا دابەشیکرد. [8] لە هیچ سووچێکەوە دیار نیە کە سەبارەت بە ڕاستی و دروستی ئەم کارە ناڕەزامەندییەک ڕووی دابێ.

هەروەها لە نێو تێکڕای چین و توێژەکانی ئاساییشدا جیاوازییەکی بەرچاو بەدی دەکرا. هەر مرۆڤێک خاوەنی پلەیەکی چەقبەستە بوو و کەس نەیدەتوانی سەرقاڵی کارێک بێ مەگین ئەوەی کە لە لایەن خوداوە بۆو کارە خولقابێ. [9]

لە کتێبی «مینووگئی خیرەد»دا[10] کە نووسەرەکەی نەناسراوە، هاتووە کە خاوەن پیشەکان دەبێ «خۆ لەو کارانە نەدەن کە نایزانن. پێویستە ئەوەی سەر بە جەغزی کاری خۆیانە بە چاکی بیکەن و مزەی زیادە لە کەس وەرنەگرن، چونکە هەر کەس خەریکی کارێک بێ کە تێیناگا، ئەو ئیشەی خەسار و بێفایدە کردووە.»

ئەبولفەدا دەڵێ:[11] «پادشایانی ئێرانی هیچ کارێکی دیوانخانەیان نەدەدایە دەس خەڵکانی بێ بنەچەکەی ناماقوول.» فیردەوسی حیکایەتێکی گێڕاوەتەوە کە نیشاندەری ئەم قەدەغە و قۆرغەیە وا دەکەوتە بەردەم جەماوەری ئاسایی، لە ڕۆژگارێکا کە نۆشیروان لەشکری دەکردە سەر ڕۆم:

لە دینار و پووڵی سپای شەهریار
کەم و کورتی هێنا، بە سێسەدهەزار

کە شا بیستی، ڕەش هەڵگەڕا چەشنی قیر
گوتی کوانێ بووزەرجمێهری وەزیر؟

ئەگەر بێ و لە خەزنەم نەمابێ درەم
بە چی من ئەدی پادشاهی دەکەم؟

بڕۆ بانگ کە هەر ئێستەکە سارەوان
وەڕێی‌خا لە وشتر دەیان کارەوان

لە گەنجی دە مازەندەران سەد بە بار
بڕۆ بێنە دینار و درەم بێ ژمار

بە شای گوت ئەبووزەرجمێهری دلێر
کە ئەی شای دادەوانی جوانەمێر

هەتا گەنجی ئێران هەزاران کەلە
دەسەو خاڵییە و لەشکریش مەحتەلە

لە ئەم شارە نیزیکە هەس پیاوی وا
کە سەدیەک لە ماڵی بەسە بۆ سپا

لە بازاڕی و جووتیاران درەم
قەرز کەی ئەتۆ دەتدەنێ زۆروکەم

دڵی شا گەلێ شاد و خۆش بوو لەمە
کە ڕاوێژی زانای ئێران بوو، ئەمە

فرستادەیەکی پەیا کرد وەزیر
بەڕاوێژ و چازان و زیت و ژیر

گوتی پێی: «بە غار هەستە زوو ڕێ کەوە
لەوانەی هەیانە بڕۆ تێکەوە

لە دێقان و توججار و خەییاتەوە
ئەتۆ وەرگرە، شا دەیانداتەوە»

فرستادەکەی ئاقڵ و ژێرە بوو
ئەوەندەی بڵێی ئەو بە تەگبیرە بوو

لە عەقڵا گەلێ بیری باریکە بوو
چووە شاری چووکە کە تاریکە بوو

لەبۆ قەرزی شا پووڵی داوا دەکرد
لە دەوری وەخڕ بوون درشت تاکوو ورد

یەکێ پینەچی بوو بە بێ‌سێ‌ودوو
بە دڵ گوێی لە گوفتەی فرستادە بوو

گوتی: «چەندەتان پووڵ دەوێ چاوەکەم؟»
فرستادە پێی‌گوت بە بێ زیاد و کەم

گوتی پینەچی: «بە ئەو پیاوی نامدار
بە چل تووەکە هەر یەکەی سەدهەزار

ئەمن دەتدەمێ بۆ سوپاهی بەرە
لەبۆ شا چ پێویستی ماڵ و سەرە!»

کە هێنای بە کیسە و بە سەنگ و درەم
لەوی وەرنەگرت قەبز و بەڵگە و قەڵەم

فرستادە کاتێ لە کار بوو تەواو
گوتی پینەچی ئەرێ مەزنەپیاو:

دڵت نایەشێ ڕاسپێرم ئەتۆ
کە بووزەرجمێهری بە شان و شکۆ

لە کن شا تکام بۆ بکا با وەزیر
هەمە تاقە یەک کوڕ، گەلێ جوان و ژیر

هەمە تاقە یەک کوڕ لە دنیا ئەویش
زرینگە و بزانە لە کار و لە ئیش

ئەگەر شا لە گوفتەم گەێنێ وەزیر
کوڕم بێتە میرزا لە تیپی دەبیر

دەزانم دەزانێ و تەوانی هەیە
لە فەرهەنگی بووندا نیشانی هەیە.»

فرستادە پێی‌گوت بە چاوان، ئەتۆ
کە ئەو چاکەیەت کردووە بێ‌دەهۆ

لە لای شا و وەزیریش تکات بۆ دەکەم
بەدڵ ویستەکەی تۆ وەبەرچاو دەخەم

www.zheen.org

وەزیریش بە شادی و بە ڕووی خۆشەوە هەواڵی دەهێنا بە کڕنۆشەوە
بە دڵ پادشا کردی شوکری خودا لە ئەو سەرزەمینەی هەیە پیاوی وا
کە هێندەی لە پووڵ و درەم کۆ هەیە کەسێ نااڵێ ئەو سەروەتەت بۆ هەیە
بڵێ پێم چیە خواستی ئەو شەخسە تا بەجێبێنم و ئەو دەمەیشی کەوا
بۆت بردەوە قەرزەکەی سەر قەرار لەوەش زێدەتر بیدەوە سەدهەزار
نەڵێی پادشامان عەداڵەت نییە بڵێ تا بزانم مەڕامی چییە؟
بە شای گوت وەزیر، ئەی بەڕێزی بەبەخت لەسەر یەک تەمەننا گەڵێ هەیبوو جەخت
دڵم خۆشە گەر تۆ بە ئاواتەکەی بەگیان و بەدڵ گوێچکەتی پێبدەی
گوتی من هەمە تاقە یەک کوڕ ئەویش زرینگە، بەفەرهەنگ و زانا لە ئیش
ئەگەر شای ببێتە پەنا و دەستگیر کەوا ئەو کوڕەی ئەو ببێتە دەبیر
لە دنیایە بێجگە لە بۆ گیانی شا بە دڵ نیمە ئاوات و پەسن و دۆعا
گوتی: «ئەی وەزیری بەئەقڵ و بەنێو ئەرێ بۆچی کەللەت پڕی بوو لە دێو
بڕۆ هەر وەها وشتر و بارەکە بەرە و بیدەوە خاوەنی پارەکە
کە منداڵی بازاڕیی بێتە دەبیر کوڕی ئێمە کاتێ دەبێتە ئەمیر
نیازی بەوی بێتوو پەیدا بکا دەبێ کاری وا عەقڵی شەیدا بکا
کە کاری بەوی جێبەجێ بێ کوڕم پەشیمانییە و ئاهی سارد و سڕم
لەبەر چاوی خەڵکی کەمە و ناحەساب کە پرسیاری لێبکا و بدا ئەو جەواب
لە بۆ ئێمە سەرشۆڕییە و چا نییە کە ڕەسم و نەریتی ئەمە وا نییە
بڕۆ نامەوێ من خەزێنەی وەها لەوت قەت نەوێ با نەبینە بەڵا
وەگێڕە سەری وشتر و قەت نەچی قەرز کەی درەم بۆم لە دەس پینەچی
فرستادە جا وەرگەڕا سەر بە تەم دڵی پینەچیش هەروەها پڕ لە خەم*

ئەم چیرۆکە هەوڵ و خەمخۆریی پادشا بە مەبەستی پاراستنی سنووری چینەکان دردەخا و پێڵاودروو لە زۆربەی نەقڵ و نەزیلەکانی چاخی ساسانیدا نموونەی چینی نزمە و لە هەر جێیەک وێنەیەکیان هێناوەتەوە، باسی پێڵاودرووییان کردووە.

بەگشتی گەشە و هەڵکشان لە چینێکەوە بۆ چینێکی تر قەدەغە بوو، بەڵام جاری وابوو ڕێساکە دەگمەنی تێدەکەوت و ئەوەش وەختایەک دەقەوما کە یەکێک لە خەڵکانی ژێردەستە لێوەشاوەیی و هونەرێکی تایبەتی نیشان دەدا. بەگوێرەی

دەقی «نامەی تەنسەر» ئەگــەر شــتێکی وا بووبــا «بــە خزمــەت فەرمانــڕەوایان ڕادەگەیاند، پاشــان ئــەزموونی موبــەدان و هیربــەدان و ورد ڕوانــین دەســتی پێدەکرد، هەتا ئەگەر بزانن شیاوی پێهەڵاچوونە بۆ چینی سەرتر، ئۆبالّــی بــۆ بکێشن.»[12] ئەگەر ئەو کەسە لە پیاوچاکیدا گرەوی بردبایەوە، دەیانبردە چینی پیاوانی ئایینی و چما بەجەرگ و هێز بووایە، دەیانخستە ڕیزی جــەنگاوەران و بێتوو لە ئاقڵ و فــامدا گاڵــەی هاتبــا، لــە چینــی دەبــیران خــۆی دەدیتــەوە. هەرچۆنێک بێ بەر لە چوون بۆ چینی سەروتر، دەبــوو مەشــق و ڕاهێنــانێکی تۆکمە و پتەوی دیتبا.[13] کەوایە هەڵچوونی کەسێکی ئاسایی بۆ چینــی مــەزنان تەواو بەربەست نەکرابوو، شا خــاوەنی ئــەم دەســەڵاتە بــوو و بــەم شــێوەیە خوێنێکی تازەی لە دەماری نەجیمزادەکان دەگێڕا، بەڵام زۆر بەهەڵکەوت شتی وا ڕووی دەدا.

هەرچی و هەرچۆنێک بووبێ، دیسانیش خەڵکی شارنشین لــە بــارودۆخێکی بڕێک باشتردا دەژیان. ئەوانیش وەک گوندنشــینان ســەرانەیان دەدا،[14] بــەڵام گۆیا لە خزمەتی لەشکریی عافوو کرابــوون و لــە ڕێــی ســنعات و بازرگــانێتی دەبوونە خاوەن پلە و سامان. بەڵام جەماوەری ژێردەستە و مسکێنان لە بــارێکی زۆر نالەبارتردا دەژیان و سەرانسەری تەمەنیان ناچار بوون هــەر لــەو گونــدە بژین و خەریکی بێگاری[15] بن و بچنە ڕیزی سپای پیادە. بە قــەولی ئامیــانووس مارسێلینووس «پۆلپۆلی ئەم گوندییانە بە پێیان بە شوێن ســپادا دەڕۆیشــتن، دەتگوت بۆ هەتاهەتایە مەحکوومن بە عەبدایــەتی. بــە هــیچ چەشــنێک مــزە و دەسخۆشانەیەکیان نەدەدانێیە.»[16] بەگشتی یاساکانی وڵات ڕێ و شــوێنێکی وای بــە مەبەســتی پاراســتنی گوندنشــینان تێــدا وەبــەرچاو نــەگیرابوو و ئەگــەر پادشــایەکی بەندەنــەوازی وەک هــۆرمزدی چــوارەم، ئــازار و داپڵۆســینی گوندنشینانی بێ زەری بەرپەرچ دەدایەوە، ڕەنگە پتــر ئامــانجی دەرەبەگــەکان بووبێ هەتا ڕعێتەکان.»[17] سەبارەت بەو جەماوەرە گوندنشینانەی کە دەکەوتنە ژێردەستی ملکدارانی نەجیمزادەوە زانیاریــیەکی پترمان لا نیە. ئامیانووس دەڵێ: «ئەو وەجاخزادانە خۆیان بە ساحەب ئیختیاری سەر و مالّی غولامــان و ڕعێتــان دەزانی.»[18] ڕعێت و غولام لەبــەر چــاوی ملکــداران دەکەوتنــە ئاســتێک و هــیچ جیاوازییان نەبوو. ئێمە لەوەش ئاگادار نین کە داخوا حاکمــەکانی پادشــا هــیچ

دەستیان بە سەر ئەو زەوی‌وزارانەدا ڕۆیشتووە کە کەوتۆتە چوارچێوەی قەڵەمڕەویان یان نا و داخوا ئەم مووچە و مەزرایانە تەواو پاوان بوون یا هەر کەمتاکورتێک؟ بەڵام ڕوونە کە ڕعێتەکان جاری وابووە پیتاکیان داوە بە دەوڵەت یان بە ملکداران یان سەرجەم بە هەردووکیان و ناچار بوون کە لە ژیر بەیداخی ئاغای خۆیان‌دا بچنە شەڕ.

سەرەڕای ئەمەش لەبەر ئەم نرخ و بایەخەی کە شەریعەتی زەردەشتی بۆکشتوکاڵی داناوە، هەروەک کتێبە پیرۆزەکان لە تاریف و پەسنی ئەم کارەدا زۆریان پێ لێ هەڵێناوە، ئاشکرایە کە مافی یاسایی وەرزێڕان بەوپەڕی باشی دیاری‌کراو بووە. چەند نەسکێک لە نەسکەکانی «ئەڤێستا» نەخاسمە هووسپارەم و سەکادوم، هەڵگری یاسا و ڕێسا و ڕێوشوێنی تایبەتی ئەم بواڕە بوون. [19] پرسی ئاوەدێری کە بنەمای کشتوکاڵی وڵات بوو لە ڕابردوودا و ئێستاش هەروایە، بە وردی دیاری‌کرا بوو. سەبارەت بە چەند چەشنی جۆگە و جۆبار و کارێز و شێوازی بەند هەڵبەستن و جۆماڵ و چاوەدێری و هەڵومەرجی کەلک لێوەرگرتنیان، هێندێک ڕێگاوشوێنی دیار ڕەچاو کراوە. [20] سەبارەت بە ژمارەی کەرکە مەڕ و حاڵوباڵی شوانان و پێویستیی ڕاگرتنی سەگی‌مەڕیش ڕێسایەکی نەگۆڕیان دانابوو. وەک ئاشکرایە زەردەشتی زۆریان ڕێز بۆ سەگ داناوە و بەشێک لە نەسکی «دوزد سەر نێزەد» سەبارەت بووە بە یاسای پاراستنی سەگانی شوانی. [21]

ئەوەی کە باسی کرا سەبارەت بوو بە مرۆڤەکان لە باری جیاوازی چینایەتی ئەوانەوە، بەڵام ئێرانی و غەوارەبوونیش کۆمەڵێک جیاوازی و شانەبەرزەی بۆ ڕەچاو کراوە کە شوێنەواری لە کورتەی نەسکەکان‌دا تێداچووە. بۆ وێنە ئەگەر ئێرانییەکان لەگەڵ کافران دادەنیشتنە سەر کەوڵێکی نان‌خواردن، دەبوو چەند ڕێوشوێنێکی تایبەتی دەنییان وەبەرچاو گرتبا. [22] ئەو مانگانەیەی کە دەیاندا بە ڕکێفدارانی نائێرانی لە ڕووی کۆمەڵێک هەڵومەرجی دیاری‌کراوڕا، جودا بوو لەو مووچەیەی کە کەسێکی بڕواداری دینی مەزدایی وەریدەگرت. [23] لە هێندێک بابەتان‌دا زەماوەند[24] لەگەڵ بێگانان بەرگێڕەوەی بۆ نەبووە، بەڵام لەم بارەوە هیچ وردەکارییەکمان بە دەستەوە نیە.

بارودۆخی کۆمەڵایەتی چاخی ساسانییەکان لەسەر پاژنەی قانوونێکی مەدەنی تۆکمە هەڵسووڕاوە و بەگوێرەی فەرمانەکانی «زەند» و «ئەڤێستا»

ڕێگای داگرتووە. لە کورتە و پوختەیەکی کە لە کتێبی «دینکەرد»دا هاتووە، گەلێک حوکمی قانوونی مەدەنی بەدی دەکرێ، بەڵام بە لای زۆریدا خۆیان لە وردەکاری پاراستووە. زانیارییەکی بەربڵاوتر کە زۆر جاران فتوای جۆراوجۆری دادوەران و پسپۆڕانی ئایینیشی ڕەگەڵ خراوە، لە باس و بابەتەکانی کتێبی «مادەیانئی هەزار دادێستان»دا وەبەرچاو دێ. ئەم کتێبە یەکێک لە سەرچاوەکانی حقووقیی چاخی ساسانییە و بارتۆلۆمە هێندێک لە بەشەکانی خستۆتە بەر خوێندنەوە و لێکۆڵینەوە. ئەم کتێبە وەک کۆمەڵە یاساکانی ساسانی بە زمانی سۆریانییە و بە قەڵەمی «عیشۆبۆخت» (Ishō , bōkht) نووسراوەتەوە.

بنەمای پێکهاتنی بنەماڵە لە سەر تەوەرەی چەند ژنەکی دادەمەزرا. ژمارەی هاوسەرانی پیاو دەگەڕایەوە سەر دارایی و دەسڕۆیشتوویی کابرا. وادیارە بەگشتی پیاوانی بەلەنگاز ژنێکیان زیاتر نەبووە. سەرۆکی ماڵ (کەدگ خودای = کەیخودا) بەهەرەی لە مافی سەرۆکایەتی بنەماڵە (سەرداریەئی دووەگ) وەردەگرت. [۲۵] یەکێک لە ژنان بە خاتوون و سەرگوڵ داندراوە و خاوەنی هەموو مافێک بووە و پێیانگوتووە «زەنئی پادشاییها» (شاژن) یا (ژنی سەرتۆپ». خوارتر لەوی ژنێک وەبەرچاو دێ کە بە کارەکەر دەناسرا و پێیاندەگوت: «ژنەی قەرەواش» (زەنئی چگاریها). [۲۶] بەگوێرەی مافی یاسایی ئەم دوو ژنە جیاواز بوون. [۲۷] وادیارە کەنیزانی زێرخرید و ژنانی دیل کەوتوونە چینی ژنانی قەرەواش. دیار نیە کە داخوا ژمارەی ژنانی سەرتۆپی پیاوێک سنووری بۆ داندراوە یان نا، بەڵام لە زۆر بابەتی حقووقییدا باسی پیاوێک هاتۆتە گۆڕ کە خاوەنی دوو ژنی سەرتۆپ بووە. [۲۸] هەر ژنێک لەم چینە پێیگوتراوە «بانووی ماڵ» (کەوگبانووگ = کەیبانوو)[۲۹] و گۆیا هەرکامەیان ماڵ و خانووی سەربەخۆیان بووە. [۳۰] مێرد لە ئەستۆی بوو کە هەتاهەتایە ژنەی سەرتۆپی خۆی بەخێو بکا و ڕایبگرێ. هەر کورێک هەتا شەیتان پێکەنین و هەر کچێک هەتا مێرد کردن لەم مافە بەهرەوەر بوون.

بەڵام ئەو هاوسەرانەی کە ناوی ژنانی قەرەواشیان لە سەر بوو، تەنیا منالانی نێرینەیان لە بنەماڵەی باوکیدا وەرگیراوە. [۳۱] لە کتێبە تازەکانی پارسیدا باسی پێنج جۆرە ژنهێنان کراوە، [۳۲] بەڵام وادیارە لە یاساکانی

ساسانی‌دا بێجگه له‌و دووه‌ی که باسیان‌کرا، هیچ چه‌شنێکی دیکه نه‌بووه.[۳۳] نه‌ساریيه‌کان ڕه‌خنه‌یان له زه‌رده‌شتییه‌کان ده‌گرت که به هاسانی ژن دێنن و به هاسانیش ته‌ڵاق ده‌ده‌ن، به‌ڵام ئه‌م که‌موکووڕییه بنه‌مایه‌کی دروستی نیه.[۳۴]

به ته‌نگه‌وه بوونی پاکی ڕه‌چه‌ڵاک و خوێنی خاوخێزان به یه‌کێک له تایبه‌تمه‌ندییه به‌رچاوه‌کانی کۆمه‌ڵی ئێرانی داده‌ندرا، هه‌تا ئه‌و شوێنه که زه‌ماوه‌ند له‌گه‌ڵ ئه‌و که‌سانه‌شیان به ئازاد داده‌نا که وه‌چه‌ی نیزیک بوون و پێکتر نه‌ده‌شیان. به‌م چه‌شن زه‌ماوه‌نده‌یان ده‌گوت «خویدوده» (به زمانی ئه‌ڤێستایی خویتڤه‌ده‌سه).

ئه‌م دابه هه‌ر له کۆنه‌وه باو بوو، ته‌نانه‌ت له چاخی هه‌خامه‌نشییه‌کان‌دا،[۳۵] ئه‌گه‌رچی مانای واژه‌ی خویتڤه‌ده‌سه له ئه‌ڤێستای ئێستادا ڕوون نیه، به‌ڵام له نه‌سکه ونه‌کان‌دا بێ‌گومان مه‌به‌ست له خواستنی تۆره‌مه‌ی پێ‌نه‌شیاو بووه. له «بوغ نه‌سک»[۳۶] و «ڤه‌رشتمانسه‌رنه‌سک»دا[۳۷] باسی پاداشی ئه‌م کاره کراوه، بۆ نموونه زه‌ماوه‌ندی نێوان خوشک و برا له ڕێی شان و شه‌وکه‌تی ئیزده‌ی‌ڕا هه‌ڵده‌گیرسێ و دیوان ڕاده‌مالێ و ده‌یانتارێنێ. نه‌رسه‌ی بووزه‌ڕمێهری شیکار، بانگه‌شه‌ی کردووه که «خویدوده» گوناهانی گه‌وره ده‌شواته‌وه.[۳۸] له ڕۆژگاری ساسانییه‌کان‌دا نه‌ک ته‌نیا له کتێبی هاوچه‌رخانی وه‌ک ئاگاسیاس[۳۹] و ئه‌م به‌رهه‌مه‌دا که به ناوی ئیبنوو ده‌یسانه‌وه‌یه[۴۰] باسی ئه‌م دابه کراوه، به‌ڵکوو له ڕووداوه‌کانی ئه‌و سه‌رده‌میش‌دا چه‌ند وێنه‌مان وه‌به‌رچاو دێ.

یه‌کێک له پیاوچاکانی ئه‌و چاخی «ئێردای ویراز»ه که حه‌وت خوشکی خۆی خواستبوو؛[۴۱] ڕه‌نگه ئه‌م که‌سه هه‌ر قه‌ت نه‌شبووبێ، به‌ڵام وه‌هرامی چووبین «گوردیه‌ک» (گوردیه)ی خوشکی خۆی خواست و مێهران گوشنه‌سپیش پێش چوونه سه‌ر ئایینی نه‌سارا «به‌گوێره‌ی ئه‌م دابه نه‌شیاو و ناپاکه‌ی که ئه‌م چه‌واشانه به شتێکی یاسایی و به مافی خۆیانی ده‌زانن» خوشکی خۆی ماره کردبوو.[۴۲] پاتریکی ماره‌به‌های هاوچه‌رخی نۆشیروان له بابه‌تێکی کتێبی مافی سۆریانی‌دا که باسی زه‌ماوه‌ند ده‌کا ده‌ڵێ:[۴۳] «عه‌داڵه‌تی تایبه‌تی په‌رستنده‌کانی ئۆهرمه‌زد به چه‌شنێک باڵی ده‌نگێوێ که پیاو بۆی هه‌یه له‌گه‌ڵ دایک و خوشک و کیژی خۆی ژن‌ومێردایه‌تی بکا.» هه‌روه‌ها چه‌ند نموونه‌یه‌کی هێناوه‌ته‌وه که زه‌رده‌شتییه‌کان به مه‌به‌ستی په‌سند و به پیرۆزدانانی ئه‌م کرده‌وه‌یه گێڕاویانه‌ته‌وه.[۴۴]

سەرەڕای ئەم بەڵگە باوەڕپێکراوانەی کە لە سەرچاوەکانی زەردەشتی و کتێبەکانی غەوارانی سەردەمی ساسانیدا بەدی دەکرێن، ئەو حەوڵودەولەی کە ژمارەیەک لە فارسە تازەکان بە مەبەستی وەدرۆ خستنەوە و شاردنەوەی ئەم کرداڕە، واتە زەماوەند لەگەڵ کەسانی نیزیک دەیدەن، بێ بنەما و ناژیرانەیە. بۆ وێنە ئەم ڕیس‌وگوریسە دەبینی کە «بۆلسارا»[45] بۆ وشەی خوێدودە هێناوەتەوە و گوتوویەتی یانی «پەیدابوونی پەیوەندیی لە نێوان خودا و بەندەدا لە ڕێی پارێزگاری و دەس لە دنیا بەردانەوە.» هەر ئەو دەڵێ کە لە زەمانی نووسینەوەی کتێبەکانی پەهلەوی‌دا واتای زەماوەندی ناشەرعی بە بااڵی ئەم واژەیە بڕاوە و دەبێ «مەبەست لەو کردەوانە بووبێ کە تەنیا و تەنیا دەیاندایە پاڵ زانایانی مەزدەکی نەک زەردەشتی»؛ بەاڵم دەبێ ئەمە بزانین کە زەماوەند لەگەڵ کەس‌وکاری نیزیک بە هیچ چەشنێک بە زیناح دانەندراوە، بەڵکوو کردەوەیەکی خێر بووە کە بە باری ئایینی‌دا پاداشێکی گەورەی لێکەوتۆتەوە. ڕەنگە قسەی «هیوون تسیانگ»ی چینی کە لە سەرەتاکانی سەدەی حەوتەمی زایینی‌دا دەڵێ[46] زەماوەندی ئێرانییەکانی ڕۆژگاری وی زۆر ئاڵۆزبڵۆر بووە، هەر مەبەستی ئەم داب و نەریتە بووبێ.

وەختایەک منااڵ لە دایکی دەبوو، باوکی دەبووا خۆ بداتە شوکرانەبژێری خوا و ڕێوڕەسمی تایبەتی ئایینی بەجێ بێنێ و خێر ببەخشێتەوە؛ چاکە و سەدەقە بۆ کوڕان لە ئی کچان زیاتر بووە.[47] پاش ئەوە ڕێوڕەسمی ناونانی منااڵ دەهات. لە ناونان‌دا هەڵبژاردنی ناوی کافرانیان بە گوناح دەزانی.[48] زۆربەی زۆری ئەو ناوانەی کە لە سەر نەخش و نیگار و مۆرەکان دەیانبینین، هی چینی سەرتۆپن و زۆربەیان خاوەنی شێوازی دینین. بۆ وێنە هێندێکیان ناوی بوونەوەرانی یەزدانین وەک، هۆرمزد (ئۆهرمەزد، ئەهووارامەزدا، ئاهووارامەزدا، ئەهووەمەزداه) و وەهرام (ڤێرسرێغنه) و نەرسە (نیریووسەنگهه) یان خۆ ڕێکەوەندی ناوی دوو ئیزدەن وەک: مێهرنەرسە (مێهرنەرسه)، یان لێکدراوی دوو پاژ بوون کە لایەکیان ناوی یەزدانییە، چەشنی: مێهرەوەراز (مێهر+ وەراز «بەراز») و مێهربووزید (مێهر ڕزگاریدەرە) و زۆروان‌داد (ئافراوی زۆروان) و یەزدبەخت (یەزدان ڕزگارکردوو) و ئاناهید پەناه (ئەو کەسەی کە لە پەنای ئاناهیتا دایە) و هتد. ناوی تێکەڵ بە وشەی ئادور

(ئاگر) زۆر باو بووە. لە گوێن ئادوربووزی (ڕزگاریی لە ڕێی ئاگرەوە). هەروەها تێکەڵ بە ناوی ئاورگا گەورەکان وەک، ئادورگوشنەسپ، مێهران گوشنەسپ،[٤٩] گوشنەسپ فڕەن (خاوەنی خۆشفەڕی گوشنەسپ)، ئادورفەرەنبەغ، ئادوربەرزین، پەنابەرزین. ناوی واش وەبەرچاو دێ کە لە سێ پاژ پێکهاتووە وەکوو: ئادورخورشید ئادور. جاری وایە ناو نیشاندەری مەزنایەتی تۆرەمەی مناڵ بووە، چەشنی: شاپوور (کوڕی شا) یان بە لانی بەختەوەری لە ژیاندا ڕەنگی داوەتەوە، وەک: پیرووز (سەرکەوتوو) و نامویە (خۆشناو). چووکەڵە ناویان بە شێوەی جۆراوجۆر تێکەڵ دەکرد، پتر بەشی کۆتایی ناویان دەپەڕاند و لەبری وی «ویە»یان دادەنا، وەکوو: ماهویە، جووانویە (جەوان و ئازا). ناوی ژنان زیاتر بە وشەی دوخت (دۆت = دوختەر) بڕاوەتەوە، وەک: هۆرمزددوخت، یەزدان‌دوخت - کە ئەگەر هۆرمزد یان یەزدان ناوی باوکی کچە نەبووایە، بە واتای «کیژی خودا» یا «دۆتی ئیزەدان» دەهات - هەروەها ئازەرمیدوخت (کچی پاک). هەندێک ناو بە «مگ» بڕاونەوە، لە گوێن: دینەگ (لە دینەوە) و وەردەگ (لە وەرد بە مانای سوورەگوڵ). ئاوەڵناوی ڕێژەییشیان دەکردە، ناوی ژنان، وەکوو: شیرین.

لە نێوەڕاستەکانی سەدەی پێنجەمەوە ناوی مێرخاسانی مێژووی داستانیی کۆن، تەواو لە نێو جەماوەردا بڕەوی پەیدا کرد. کواد (قوباد)ی ساسانی ناوی «کواتە»ی پادشای داستانیی خواستەوە کە لە یەشتەکانی ئەڤێستادا باسێکی کراوە.

لە سەدەی پێنجەم و شەشەم و حەوتەمی زایینی‌دا کەسانێک ناوبانگیان دەرکردووە کە ناوی پێشینیانی وەک «سیاوەش» و «خوسرەو» و «ڕۆستەهم» (ڕۆستەم)یان وەرگرتووە، ئەم ناو خواستنەوەیە دەگەڕێتەوە سەر خۆشەویستی و ئۆگرییەکی نوێ کە خەڵکی سەردەمی ساسانی سەبارەت بە کۆمەڵێک چیرۆکی پڕشانازی کۆن لە دەروونیان‌دا چڕوێ کردبوو. هەر لەم سێ سەدەیەی دواییدا حیکایەتە کۆنەکان بە یەکجارەکی ئاوایان لێهات کە لە خودای‌نامگدا نووسراونەوە.[٥٠]

دەبوو زارۆک لە چاوی‌پیس بە دوور گیرابا و ئاگاداری لێکرابا، هەتا ژنی لە حەیز کەوتوو لێی نیزیک نەبێتەوە، چونکە چەپەڵیی شەیتانیی ئەو ژنەیان بە

هۆکاری چارەڕەشی منالّ دادەنا.[٥١] شەیتانیان لە ڕێگای ئاگر و ڕووناکییەوە دەتاراند، بەتایبەت لە سێ شەوەی یەکەمی لە دایک بوونی منالّ و شیلەی ڕووەکی «ئاڕمالّک»یان دەدایە و ڕۆنی بەهارەیان پێدەچێشت.[٥٢] بە دەوردا هاتن و شیرپێدان و مەلۆتکە کردنی دەبوو بەگوێرەی داب نەریتی ئایینی ئەنجام درابایە.[٥٣] ڕێوشوێنێکیش بۆ یەکەم سەرتاشینی منالّ داندرابوو.[٥٤]

پەروەراندنی منالّ لە ئەستۆی دایکی بوو و بێتوو پێویست بووایە باوک، خوشک یان کچەگەورەی بۆ خزمەت و ڕاهێنانی زارۆک دیاری دەکرد.[٥٥] ئەگەر کوڕێک بەو جۆرەی کە شایانی شانی باوکی بوو، حورمەتی نەگرتبا، بەشێک لە میراتی باوکی دەدرا بە دایکی، بە مەرجێک دایکە زیاتر لە فرزەندی شایان و لێوەشاوە بووایە.[٥٦] دایک فێرکردن و ڕاهێنانی ئایینی کچی وەئەستۆ دەگرت، بەڵام هەقی بە مێرددانی تایبەتی باوکی بوو.[٥٧] ئەگەر باوکی نەمابا، کەسێکیتر ئیزنی بە شوودانی کچەی هەبوو.[٥٨] ئەم مافە لە پێشدا دەدرایە دایکی و ئەگەر ئەویش مردبا، یەکێک لە مام یان خاڵەکانی ئەرکی دەکەوتە گەردنی. کچ بە تەنیایی و سەربەستی هەقی هەڵبژاردنی مێردی نەبوو.[٥٩] لە لایەکی دیکەوە باوک یان ئەو کەسەی کە بە سەرپەرستی کچە دادەندرا، لەسەر شانی بوو ئەگەر پێی نابایە هەڕەتی خۆناسین بە شووی بدا، چونکە ڕێگرتنی کێژ لە زاوزێ بە تاوانێکی گەورە دادەندرا.[٦٠]

زیاتر ڕێوڕەسمی دەسگیرانەتی لە تافی منالّیدا بەڕێوە دەچوو و لە جەنگەی لاوەتیدا زەماوەند ئەنجام دەدرا. کچ دەبوو لە پازدەسالّە مێردی کردبا.[٦١] زۆرتر دابەکە وا بوو کە کەسێک بەینیانی پێکدێنا و خزمایەتییەکە سەری دەگرت.[٦٢] مارەیی دیاری دەکرا و پاشان باوکی زاوا بڕێکی دراو دەدا بە باوکی بووک، بەڵام لە هێندێک جاراندا کابرا دەیتوانی داوای پارەکەی بکاتەوە، بۆ وێنە: «ئەگەر دوای زەماوەند دەرکەوتبا کە ژنە ئەوەندە پارەیە ناهێنێ کە بۆی دراوە.»[٦٣] وادیارە لێرەدا مەبەست لە نەزۆکبوونی ژنە. هەروەها باوک نەدەبوو بە زۆرداری کچی بدا بەو کەسەی کە خۆی بۆی دۆزیوەتەوە و ئەگەر کیژەکە ملی نەدابا، باوکە هەقی نەبوو لە میرات بێبەری بکا.[٦٤] پاش مارەبڕان پاداشی ئاکارە باشەکانی ژن بەرەوڕووی مێردەکەی دەبۆوە.[٦٥]

ئەگەر کچێکی هەرزەکار لە وەختی خۆیدا بە شوو نەدرابا و لە ژێرەوە دەستی لەگەڵ کەسێک تێکەڵ کردبا و دۆڕاندبای، نەفەقەی دەکەوتە سەر باوکی

و له میرات بێ بەش نەدەکرا، بەو مەرجە کە دەس لەو پەیوەندییەی هەڵبگرێ و تەنانەت بەخێوکرانی ئەو زارۆکانەش کە لەو پەیوەندییە ناشەرعییە پەیدا دەبوون، دەکەوتە ئەستۆی باپیرەیان بە لای دایکا. [٦٦]

مێرد دەیتوانی بەپێی نووسینی بەڵگەنامەیەکی یاسایی ژنەی بکاتە شەریکی خۆی. بێتوو وا بووایە ژن دەبوو بە شەریکەماڵ و وەک مێردەکەی دەیتوانی دەستی تێوەبەرێ و چۆنی پێخۆشە وای لێبکا. [٦٧] تەنیا لە بار و بوارێکی ئاوادا ژن دەیتوانی سەودایەکی دروست لەگەڵ کەسێکی تر ئەنجام بدا، چونکە لەم چەشنە کاروبارانەدا ژنیان بە سەربەست دادەنا، نەک بە ئەندامی بنەماڵەیەک و ئەنجام و درەکەوتەی یاسایی دەکەوتە ئەستۆی خۆی؛ دەنا بەگوێرەی یاسای زەماوەند تەنیا مێرد بە کەسایەتییەکی حقووقیی دادەندرا. لە بابەتی ئەوتۆدا سکاڵاکاری ژنە دەیتوانی بێ ئەوەی نیازی بە ڕەزامەندی شووەکەی بێ، بەری درگای مەحکەمەی لێبگرێ. لەو دەمیدا خاوەن قەرز دەیتوانی ماڵەکەی لە ژنە وەربگرێتەوە یان مێردەکەی. [٦٨]

شوو دەیتوانی لەگەڵ دوو ژنی سەرگوڵی خۆی «شەریکە قازانج» (هەمویێندێشنیە) بێ، کەوا بووایە قازانجی هەرکام لە ژنەکانی لەگەڵ مێردەکەی بەش دەکرا، بەڵام ژنەکان لە مابەینی خۆیاندا، هەرکامەیان خاوەنی خێر و قازانجی خۆی بوو. پیاوە هەروەختایەک مەیلی لێ بووبا دەیتوانی شەریکایەتییەکە تێکبداتەوە، کەچی ژنەکان ئەم مافەیان نەبوو. بەڵام کاتێک دوو پیاو لە مامەڵەیەکدا دەبوونە شەریک، هەرکامەیان بە دڵی خۆی دەیتوانی قەراروبڕییەکە هەڵوەشێنێتەوە. [٦٩] چەند بڕگەیەکی قانوونی هەبوو کە مافی ژنی سەرتۆپی سەبارەت بە دەسبردن بۆ ماڵ و سامانی مێردێکی کە شێت بووبا، دیاری دەکرد. [٧٠]

پتر وا باو بوو باوک کە بە گەورە و خاوەن دەسەڵاتی هەموو خێزان دادەندرا، دەستی دەبرد بۆ داهاتی تایبەتی هاوسەر و غوڵامانی؛ بەڵام ئەگەر پیاو ژنی تەڵاق دابا، دەبوو هەموو قازانجی تایبەتیی ژنەی بداتەوە، کەچی ئەگەر بەندەیەکی زێڕخڕیدی ئازاد کردبا، ئەو بەندەیە حەقی داوا کردنەوەی هیچ شتێکی لە ئاغای خۆی نەبوو. [٧١] ئەگەر ژنێک بە ڕەزامەندی خۆی لە شووەکەی جیا بووباوە، دەبوو تەواوی ئەو ماڵ و کەلوپەلەی کە لە کاتی زەماوەندا لە

مێردەکەی وەریگرتبوو بیداتەوە.[٧٢] پێچەوانەی مانای ئەم حوکمە ئەوەیە ئەگەر بێتوو ژن لە سەر تەڵاقدرانی ناڕەزامەند بووایە، دەیتوانی هەرچی باربووی کراوە یان بەشێکی بۆ خۆی گل بداتەوە.

هەرکات مێردێک بە ژنەکەی خۆی گوتبا: «لە ئێستاوە تۆ ئازاد و ساحێب ئیختیاری خۆتی» لە ماڵەوە دەرنەدەکرا و ئیزنی دەبوو وەک «ژنێکی قەرەواش» مێردێکی دیکە بکاتەوە.[٧٣] وادیارە لە نێکادومنەسکدا[٧٤] ئاماژە بەم داب و نەریتە کراوە کە گەلێکی دەغەڵبازی لێکەوتبووە. ئەگەر هاتبا و مێردێک ژنەکەی خۆی دەرکردبا بێ ئەوەی بە ڕوونی دەسەڵاتی دابایە دەس خۆی و ژنە مێردێکی دیکەی کردبایەوە، هەر چەند منداڵێکی لەو شووەی تازەی بووبای، بێتوو مێردی هەوەڵێی مابا، دەبوونە ئی وی، یانی ژنە هەر لە ژێر دەسەڵاتی مێردی یەکەمیدا دەمایەوە.[٧٥]

مێرد هەقی هەبوو تاقەژنی خۆی یان یەکێک لە هاوسەرانی - تەنانەت ئەوی سەرتۆپی - بدا بە کابرایەکی دیکە کە بتوانێ بیخاتە ژێر ڕکێفی و خێری لێببینێ. هەڵبەت مەرج ئەمە بوو کە ئەم پیاوە بێ سووچ و کەمتەرخەمی، نیازی بە ژن پەیدا کردبا. شەرت نەبوو ژنە ڕازی بێ. کە وا بووایە مێردەی دووەم حەقی دەسبردنە نێو ماڵ و سامانی ژنەی نەبوو و ئەو منالانەی کە لەم زەماوەندە دەکەوتنەوە دەبوونە هی بنەماڵەی مێردی یەکەم و وەک منالەکانی وی حیساب دەکران.[٧٦] ئەم قەرارووبڕییە کە نموونەیەکی دیکەی وێکچوونی دۆزی هاوسەر و کەنیزە بە باری دادوەریدا، بە بەستنی پەیمانی ڕەسمیی ئەنجام دەدرا و مێردی تازە هەموو چەشنە ئاگاداری و بەخێوکردنێکی ژنەی لە ماوەی ئەو زەماوەندەدا وەئەستۆ دەگرت.

ئەم کارەیان زۆر بە کارێکی خێر دەزانی و بە دەسگیرۆیی و یارمەتیدانی هاودینێکی دەستەنگیان دادەنا. بە زمانی پەهلەوی مێرد پێیدەگوترا «شووی» و هاوسەر «زەن» (ژن)؛ بەڵام بە گوتەی بارتۆلۆمە ژن و مێردێکی ئاوا بە زاراوەی دادوەریی پێیاندەگوترا «میرەگ» و «زیانەگ».[٧٧] بەڵام ویکاندر لای وایە کە ئەمانە زاراوەیەکی دیار و نەگۆڕ نەنین و میرەگ و زیانەگ هاومانای «شووی» و «ژن»ن.[٧٨]

ئەو دیمەنەی کە ئێمە لە ڕووی توێژینەوەکانی بارتۆلۆمە سەبارەت بە چۆنیەتی مافی ژنان لە چاخی ساسانیدا خستمانەڕوو، مەبەستی دژوازی زۆر

زەق دەکەنەوە و نیشانی دەدەن. هۆکاری ئەم دژاودژییە ئەوەیە کە حاڵوباڵی یاسایی ژن لە ماوەی سەردەمی ساسانییەکاندا گۆڕانێکی بەسەردا هاتووە. بەپێی بۆچوونی بارتۆلۆمە[٧٩] لە ڕوانگەی بیردۆزی و زانستییەوە ژن لەم سەردەمەدا مافەکانی نەدەکەوتنە سەرخۆی و یان بە واتایەکی دیکە خاوەنی کەسایەتییەکی سەربەستی حقووقیی نەبوو، بەڵام لە ڕاستیدا ژن ئەو سەردەمی کۆمەڵێک مافی بۆ سەلماوە. لە زەمانی ساسانییەکانا یاسا و ڕێسای کۆن لە پاش قانوونە تازەکاندا مابوونەوە و ئەو دژوازییە ڕواڵەتییەش لەوێڕایە. بەرلەوەی کە عەرەبە مسوڵمانەکان ئێران بگرن، بێشک ژنانی ئێران گەیبوونە ئەوەی کە ماف و سەربەستیی خۆیان وەربگرن.[٨٠]

یەکێک لە ڕێوشوێنە تایبەتەکانی شەریعەتی ساسانی «جێگۆڕکەی ژن و مێردایەتی»یە، کە نووسەری «نامەی تەنسەر» لێکیداوەتەوە. لە وەرگێڕدراوی فارسی ئەم نامەیەدا باسی ئەم دوو چەشن زەماوەندە بەکورتی بەدی دەکەین[٨١] و کتێبی «الهند»ی بیرووني بە دوورودرێژی لە سەری ڕۆیشتووە و ڕاستەوخۆ لە تەرجەمەی بزربووی ئیبنوو موقەففەع وەرگیراوە و وەرگێڕدراوەکەی ئاوایە: [٨٢] بێتوو پیاوێک بمرێ و کوڕی نەبێ، دەبێ ئەگەر ژنی هەبێ، بیدەن بە نزیکترین خزمەکانی میردەی مردوو، چما ژنی نەبێ، کچ یان نزیکترین کەسوکاری دەبێ لە خزمانی نیزیکی ماڕە بکرێن، بەڵام ئەگەر کابرا هیچ کەسی مێیینەی نەبێ، دەبێ لە میراتی پیاوەی مردوو ژنێک گیازی بۆ دابین بکرێ و لەگەڵ یەکێک لە خوێشانی مردوو زەماوەند بکا. ئەو کوڕەی کە لەم زەماوەندە دەکەوێتەوە، بە منالّی کابرای نەماو دادەندرێ. کەسێکی سەبارەت بەم ئەرکە کەمتەرخەمی بنوێنێ، زۆری خوێن دەکەوێتە ئەستۆی، چونکە تۆ و تۆرەمەی مردووی خاشەبڕ کردووە و ناوی کابرای هەتاهەتایە کووژاندۆتەوە.»

ڕێسای «منالّ هەڵگرتنەوە» (سەدەریە)ش یەکێک لەو دابانەیە کە لە کۆمەڵی زەردەشتییەکاندا زۆر باو بووە. کە پیاوێک مردبایە و کوڕێکی بالّغی لە پاش بەجێنەمابا کە بێتە جێنشینی و سەرۆکایەتی خێزان وەئەستۆ بگرێ، منالّانی مردوویان ئەسپاردەی سەرپەرستێک دەکرد و ئەگەر کابرای نەماو زەنگین بووایە، دەبوو کەسێک وەک «زرمنالّ»[٨٣] ببایە بریکاری و پاشەوارەکەی هەڵسووڕاندبا. یان ئەگەر کابرا «ژنێکی سەرگوڵی» بووبا، ئەو ژنە بە ناوی

«زۆمنالْ» مالْ و میراتی بەڕێوە دەبـرد. [٨٤] بـەڵام ئـەو هاوسـەرەی کـە «ژنـەی کارەکەر» (ژنقەرەواش) بوو، نەدەکرا ئەم ئەرکەی پێ بسپێردرێ و دەبوو ئەویش وەک منالّەکانی کابرا ئەسپاردەی سەرپەرست کرابا. بێتوو بارەکە ئـاوا کـەوتبا باوکی ئەو «ژنقەرەواش»ە دەکرا بە سەرپەرست و ئەگەر ئەم خەزووڕەش مردبا، برای «ژنقەرەواش» یان ئەو برایەی کە لە نێو منالّەکانـدا لە هەمووان گـەورەتر بوو، یان یەکێک لە خزمانی نیزیکی دەبوونە دەمڕاسـت. [٨٥] ئـەگـەر لـە مالّـی کابرای مردوودا ژنێکی «سەرتۆپ» یان تاقە کچێـک نەبووایـە، ئـەرکی «منالّـی بەناو کراو» دەکەوتە ئەستۆی برا و پاش وی خوشک و دواتر کچی بـرا و پاشـان کوڕی برا[٨٦] و دوای ئەم کەسوکارە بە ڕیز خزمانی نیزیکی دەگرتەوە. [٨٧]

یەکێک لە مەرجەکانی «زۆرکوڕێتی» ئەمە بوو کە هـەتیو نـەبێ، زەردەشـتی بێ، ئاقڵ بێ و لە بنەمالّەیەکی گەورە و بە ژن و مالّ و منداڵ بێ، یان ڕێی تێچێ و ئومێدی منالّ بوونی هەبێ و تووشی هیچ تـاوانێکی گـەورە نـەبووبێ. بـەپێی یاسا مەرجەکانی ژنێک کە دەیەوێست باڵ بە سەر خێزانێک بکێشێ، بریتی بوون لە: مێردی نەبێ و کەیفیشی لە مێرد کردن نەبێ، کـەنیـزی کـەس نـەبێ و بـە داوێنپیسی بەڕێنەچێ و لە خێزانێکی دیکەشدا ئەرکی فرزەندی بەنـاوکراوی لـە ئەستۆ نەبێ. چونکە ژنان تەنیا دەیانتوانی لە جێیەک بووبانە «زۆرەفرزەنـد». [٨٨] ئەو کەسەی ئەم کارەی دەکەوتە سەر شانی هـەر لـەڕێوە هـەموو ئیختیـارێکی نەدەدرایە دەستی، هەڵگری ئەم هێما و سـەرناوە پاراسـتن و نەکووژاندنـەوەی ئاگری پیرۆزی مالّ واتە کوێرنەبوونەوە وەجاخ بوو. [٨٩]

سەرپەرستێتی سێ چەشن بوو: «سەرپەرستێتی فرزەنـدێک کـە هەیـە» ئـەم ئەرکە دەسپێرایە ژنی سەرتۆپ یان تاقە کچێکی مێردنـەکردوو. دانـانی ژن یـان کیژێکی ئەوتۆ بۆ پلەی سەرپەرستێتی مەبەستێکی سرووشتییە و بۆی بـۆ نیـە و پێویست بە یاسایەکی تایبـەت ناکـا. «سەرپەرسـتێنی فرزەنـدی دانـدراو» بـۆ کەسێکە کە لایەن کابرای مردۆوە پێشتر بۆ ئەم کارە دیاری کرابـێ. کەسـێکی پاش مردنی خاوەنمالّ ئەو ئەرکـەی دەکەوێتـە ئەسـتۆ پلـەی «سەرپەرسـتێتی فرزەندی ساختەی» لە لایەن کەسوکارەوە پێدەدرێ. [٩٠]

«هاوسەری سەرگوڵ» کە بوو بە بێوەژن، دەبێ چاوەدێری کاروباری بنەمالّە بێ و ڕێوڕەسمی ئـایینی و خێـر و خێراتـی دیـاریکـراوی سەرشـانی خێـزان

ڕاپەڕێنێ. دەبێ کچانی مێردەکەی بە شوو بدا و بـاڵ بـە سـەر ئـەو دشانەشـی بکێشێ کە بە سەرپەرستیان داندراوە و ئەرکی تری لـەم چەشـنە بەڕێوەبـەرێ. ناوبراو حەقی ئەوەی هەیە کە بەشێکی زۆری دارایی مێردەکەی بۆ خـۆی خـەرج بکا. بەڵام هەر کە کچێک شووی کرد، دەسەڵاتی دایک دابەش دەبێ و کوتێکی لـە سەر زاوا تۆمار دەکرێ و ئەم دەسەڵاتەی زاوا وەختایەک زیاتر دەبێ کە کـوڕێکی لە ژنەکەی بێ و چاوەڕوانی ئەمە بکرێ کە ڕۆژایەک ببێتە سەرۆکی بنەماڵە. [۹۱]

جۆرێکی دیکەی فرزەند بە ناوکردنیش هەبوو کە ئێمە پتر پێـی‌دەڵـێن «منـاڵ هەڵگرتنەوە». بێتوو ژن و پیاوێک منـاڵێکیان کردبا بـە هـی خۆیـان، میراتیـان لێنەدەگرت. ئەگەر ئەم منـاڵە دایکی ژنێکی سەرتۆپ (شـاژن) بووایـە و بـەر لـە ڕەسیدەبوون مردبا، سامانەکەی دەگەیشتە زڕباوکی. [۹۲]

سەبارەت بە میرات وا داندرابوو کە ژنی سەرتۆپ (سەرگوڵ) و کوڕەکانی بـە قەدرایە یەکتر میرات بگرن، بەڵام کچـانی مێردنـەکردوو نیوەبەشـیان دەگـرت. ژنەی قەرەواش و منـاڵەکانی میراتیان نەدەگرت، بەڵام باوک دەیتوانی بـەر لـە مردنی بەشێک لە سامانی خۆیان پـێببەخشـێ یـان وەسـێت بکـا دوای مردنـی بیاندەنێ. [۹۳]

بە مەبەستی پاراستنی یاساکانی میرات، چاوەدێریان دیاری دەکردن. کاتێک کەسێک سەری دەنایەوە، دەبوو مووبەدەکان بەگوێرەی ڕێوشوێنی وەسێتنامە، ماڵەکەی دابـەش بکـەن و ئەگـەر مـردوو ڕووت و ڕەجـاڵ بووایـە، مووبـەدان خەرجوبەرجی مەیت و بەخێوکردنی منداڵەکانیان دابین دەکرد. وا دانـدرابوو کـە «سەرپەرستی شازادان هەموو شازادە بن و سەرپەرستی هەر چین و پلەیـەک لـە هاوشانی خۆیان نەترازێن.»[۹۴]

ئەگەر کەسێک لە سەرەمەرگدا بەشێک لـە مـاڵ و سـامانی خـۆی دابـا بـە کەسێکی بێگانە و میراتگرانی یاسایی بێبەری کردبا، ئەم کارەی بـە کردەیـەکی نایاسایی دادەندرا، مەگین بۆ بەجێهێنانی واجبەکانی ئایینی یان نەفەقەی ژن[۹۵] و چاوەدێری منـاڵ و باوک یان پیرەمێرێکی کە نیگاداشتی لە ئەستۆی ئەو بووبا. بێتوو کەسێک گیرۆدەی نەخۆشییەکی کەمەترسی بووبا، وەسـییەتی دەکـرد و ئەگەر چاک دەبۆوە، بە بابەتێکی یاسایی دادەندرا، بەو مەرجەی وەسییەتەکەی لە وەختایەکدا کردبا کە هـۆش و فـامی لەسـەرخۆ بووبـا و ئاقڵـی بـە سـەر

نوقسانی‌دا نەکەوتبا. ئەگەر یەکێک وەسیەتی دەکرد، دەبوو کە هەر کچێکی بێمێردی بەشێک و ژنەی سەرگوڵی دوو بەشی بۆ دیاری بکا. [۹۶]

دەکرێ گەلێک پرس و بابەتی سەبارەت بە مافی خاوەنێتی لە «مادەیانئی هەزار دادێستان» هەڵنجێندرێ. لەم کتێبەدا کۆمەڵێک بڕگە و بابەت نووسراوەتەوە دەربارەی پەیمانی زارەکی[۹۷] و قەراروبڕییەکانی سەبارەت بە «هبە»[۹۸] (بەخشین) و باربووی زەوی لەگەڵ مافی کەلک وەرگرتن لە کەڕێزان[۹۹] و بەخشینی کاتی[۱۰۰] و لە گرێونانی ملکوماش و وەقف کردنی ملک بەو مەرجەی کە سەرپەرستی وەقفەکە بپارێتەوە و دۆعا و نزا بکا بۆ ڕووحی کەسی مااڵتەرخانکردوو. سەرباسی ئەم بابەتە ئاوا بوو: «پەدرۆقان یەزێشن ڕای داشتەن.»[۱۰۱] هەروەها ئەم ژێدەرە بابەتی سوێندخواردن بە مەبەستی کۆتایی هێنانی کێشەی ملکایەتی[۱۰۲] و ڕێسای قەرزێکی کە درابێ بە چەند کەسان بە هاوبەشی[۱۰۳] و ئەو ڕێوشوێنانەی کە دەبێ سەبارەت بە دەستەبەرێتی[۱۰۴] و بەرعۆدەیی[۱۰۵] وەبەرچاو بگیرێن و چەند باسێکی تری لەم بوارەدا تێدایە. ئەگەر سەرپەرستی کورێکی هەتیو بەشێک لە سامانی بنەماڵەی بۆ کاری ئایینی خەرج کردبا، چما کورە گەورە بووبا و شەیتانی پێکەنیبا دەیتوانی نارەزامەندی دەربڕێ. [۱۰۶] ئەگەر پیاوێک یەکێک لە کەنیزانی زێڕخڕیدی خۆی بە بڕی یەکوودە ئازاد کردبا، منااڵێکی کە لەو کەنیزەش دەبوو، هەر بە ئەندازەی یەکوودەیەکە ئازاد بوو. ئەم یاسا سەیرە دەقاودەق لە کتێبی شەریعەتی سۆریانی بە قەڵەمی عیشۆبۆختدا نووسراوە.[۱۰۷]

هەروابێتەوە سەکادومنەسک، ڕێوشوێنێکی بەربااڵوی سەبارەت بە مافی خاوەنێتی، دەسقەرز و سووت[۱۰۸] و ڕاگیرکردنی یەکسمان و ئاژەڵی خۆماڵی وەک ئەسپ و چێوچی و ئەو بەرپرسایەتییەی کە دەکەوتە سەر شانی ئەو کەسەی دایدەکردن و گلی دەدانەوە، تێدابوو. هەروەها باسی گرتنی قەرزداران و دەس بە سەر داگرتنی جلوبەرگ و شتی لەم چەشنەی دەکرد و چەند بابەتێکیشی سەبارەت بە دۆزینەوەی خەزێنە و غەیری ئەمەی لە خۆی دەگرت. [۱۰۹]

ئەگەرچی ئەو ئاگاداری و زانیارییانەی کە سەبارەت بە کۆمەڵی ئێرانی دەتوانین لە سەرچاوە کۆنەکان دەریانکێشین پرشوبااڵو و نوقسانن، بەاڵم ئێمە لەگەڵ کۆمەڵێک ئاشنا دەکەن کە هێزی تۆکمەی دەروونی و خودبەخودی

دەگەڕایەوە سەر خۆشەویستی و ئۆگرییەکی قوڵ و کۆن دەربارەی پەیوەندی پتەوی بنەماڵە و خانەدان. یاسایان بۆ پاسەوانی خاوخێزان و ماڵ و دارایی دانابوو و بەم ئامرازە دەیانویست کە باڵادەستێتی چینەکان مەودای نێوانیان زۆر بپارێزن و هەر کەسێک لە پلەکانی کۆمەڵایەتیدا لە شوێنی دیاریکراو دابنێن. خوداوەراستان لە کلکەی سەدەی پێنجەمی زایینیدا بناغە و بنەمای ئەم پێکهاتە کۆمەڵایەتییە لەبەر ئاژاوەی مەزدەک کەوتە مەترسی. هەڵومەرج و دۆخی سیاسی سەردەمیش وای کرد کە ئەم ڕەوتە شۆڕشگێڕانە نامبارکە لە وڵاتی ئێراندا بتەنێتەوە و ئەم مەوتەنە لە کاتی ڕووداندا هەڵکەوتە تاڵەکاندا کە ئاکامی بەزینی پیرووز بوو، تووشی وێرانی بکا.[۱۱۰] لە ساڵانی سەرەتای حکوومەتی کوادا، زەرمێهر (سۆخرا) هەروا پلەوپایەی خۆی پاراست و لە نێو نەجیمزادانداً لەسەر سەرەوە بوو، بەڵام کواد یەکبین لە دڵیدا بوو کە خۆی لە چنگ دەست و دەسەڵاتی ئەم پیاوە قۆڕدەماغ و مەترسیدارە ڕزگار بکا. بۆیە کیسی لەو ڕقەبەرایەتییە هێنا کە کەوتبوو نێوان زەرمێهر و شاپوور مێهران. پەنامەکی لەگەڵ شاپوور کەوتە کەینەوبەینە کە ئەو دەمی خاوەنی پلەی ئێرانسپابود بوو (تەبەری) و لە هەمان کاتا سەرکردایەتی هێزەکانی ناوچەی سەوادیشی لە ئەستۆ بوو (نیهایە)[۱۱۱] و زەرمێهری متەقمردوو کرد.[۱۱۲] ئەم ڕووداوە لە سەرتاسەری وڵاتا زۆری دەنگ دایەوە و پەندێکی ئاوای لێکەوتەوە: «بای سۆخرا پشووی لێبڕا و بایەک لە لای مێهرانەوە هەڵیکرد.»[۱۱۳] یان وەک نیهایە نووسیویەتی: «ئاگری سۆخرا ڕۆمرکا و بای شاپوور هەڵیکرد.»[۱۱۴] بەڵام زۆر سەیرە کە لە مێژوودا هیچ باسی ئەم شاپوورمێهرانە نەکراوە و گۆیا پاش نەمانی ڕەقیبەکەی هێندە نەژیاوە.[۱۱۵]

کوژرانی زەرمێهر کۆمەڵێک دوژمنی مەترسیداری بۆ کواد داتاشی، بەڵام ئەمەی کە بوو بە هۆی دەرهەڵبوونی ئاگری تووڕیی گەورەپیاوان، ئەو نێوان و پەیوەندییە بوو کە کواد لەگەڵ تاقمی ڕێ لێ گومبووانی مەزدەکییە بووی و گەلێک ڕێسای تازەی پێچەوانەی دژی دابی کۆن و شۆڕشگێڕانەی لێکەوتەوە. پرۆکۆپیۆس دەڵێ کواد لە پادشایەتیدا ڕێگای زەبروزەنگی هەڵبژارد و چەند داب‌و نەریتێکی تازەی داهێنا. ئاگاسیاس دەڵێ ئەم فەرمانڕەوایە دەیهەویست داروپەردووی کۆمەڵایەتی هەڵگێڕێتەوە و شۆڕشێک لە بەڕێچوونی خەڵکا بەدی

بێنی و یاسا و ڕێسای کۆنی کەونارا لەبەریەک هەڵوەشێنێ. بەڵام ئەم دوو میژووونووسە بیزانسییە و هەروەها ئێستیلیسی بەدرۆش، کە شتیان لەم بابەتەدا نووسیوە، تەنیا باسی دابێکی لە ڕێسا بەدەری کوادیان کردووە و ئەویش شەریکایەتی بووە لە ژنان‌دا و لەم بارەشدا بێدەنگن کە داخوا ئەم کارە بەشێک بووە لە حوکمەکانی دینی نوێ یان نا. لە نێو ئەو سێ کتێبانەدا کە باسیان‌کراوە، تەنیا لە یەکیان‌دا کە گۆیا بە قەڵەمی «ئێستیلیتس»ە ناوی ڕێبازی گومڕای «زەردەشتەگان» هاتووە. سەبارەت بەم تاقمە و چوارچێوەی بیر و بۆچوونەکانیان دەبێ لە کتێبەکانی نووسەرانی عەرەب و ئێرانی چەند مەبەستێک وەدەس بێ. خاڵێکی کە لە پێش‌دا لێرە پێویستە وەبەرچاو بگیرێ، ناوی ئەو ڕێبازدارانەیە کە کتێبەکەی بە ناوی «ئێستیلیتس»دا خراونەڕوو. لە شوێنەوارەکانی نووسەرانی عەرەب و ئێرانی‌دا جگە لە ناوی مەزدەکییەکان هیچی دیکە نەنووسراوە و بێگومان لە «خودای‌نامگ»یش‌دا ئەو ڕێچکەیان هەر بەو ناوە ناوبردووە. سەرەڕای ئەمەش لە گەڵێک سەرچاوەی عەرەبی و ئێرانی‌دا میژووی (تەبەری و یەعقووبی و نهایە) باسی زەردەشتناوێک کراوە کە کوڕی «خووەڕەگان»ی خەڵکی پەسا (فەسای فارس) بووە و ئەویان بە دامەزرێنەری ڕێبازەکە ناسیوە. نووسەری نیهایە زەردەشت بە یەکێک لە نەجیمزادەکانی پارسی دادەنێ کە یاریدەری مەزدەک بووە. جگە لەمەش زۆربەی سەرچاوەکانی عەرەب و ئێرانی، ئەگەرچی باسی زەردەشتیان نەکردووە، بەڵام شاری «پەسا» کە زێدی وی بووە، بە زاگەی مەزدەکیان داناوە. [۱۱۶] کەوایە دەکرێ بگوترێ کە ناوی ئەم زەردەشتە تەنانەت لە «خودای‌نامگ»یش‌دا تۆمار کراوبووە. خولاسەی کەلام مەلاڵاس[۱۱۷] دەگێڕێتەوە کە لە ڕۆژگاری «دیۆکلێسین»دا کەسێکی مانەوی لە ڕۆم سەری هەڵدا بە ناوی «بووندۆس» کە بیر و باوەڕی تازەی دەردەبڕی و لەگەڵ ئایینی باوی مانەوی ڕێگایان یەکتری نەدەگرتەوە، ئەمە گوتەی ئەوە کە دەڵێ: «خودای خێر لەگەڵ خودای شەڕ پێکهەڵپڕژا و بەزاندی، جا لێرەڕایە کە پەرستنی خودای سەرکەوتوو واجبە.» ئەم بووندۆسە سەفەری کرد بۆ ئێران و دەستی کرد بە بانگهێشتنی خەڵک بۆ سەر بیر و باوەڕی خۆی. جەماوەری ئێرانی بە ڕێبازەکەیان گوتووە «تۆن داریسسنۆن» واتە دینی خودای خێر، کە لە زمانی پەهلەوی‌دا دەبێتە ئایینی «دێریست دینان» [۱۱۸]و مەلاڵاس[۱۱۹] لە جێیەکی دیکەدا

«کواد»ی به یۆنانی ئاوا خوێندۆتەوە: «کوازێس هودراسسنۆس» کە شێوە دروستەکەی دەبێتە «هوداریسسنۆس».[120] ئەم نازناوە کە نیشانەی پەیڕەوی کوادە لە ئایینی مەزدەکی، لە کتێبەکانی عەرەب و ئێرانیدا کە سەرچاوەکانیان «خودای‌نامگ» بووە، بە شکڵ و شێوازی هەڵە تۆمار کراوە.[121]

کەوایە دینی مەزدەک هەمان ئایینی «دروست دین»ە کە بووندۆس بڵاوی کردەوە. ئەگەر بووندۆسی مانەوی، پاش بڵاوکردنەوەی ئایینە تازەکەی لە ڕۆمەوە ڕووی کردە ئێران هەتا بیر و باوەڕی خۆی ڕایگەیەنێ، هەر زۆر وێدەچێ کە لە ڕاستیدا بە ڕەگەز ئێرانی بووبێ. وشەی بووندۆس هیچ وەک ناوی ئێرانی ناچێ، بەڵام ڕەنگە ئەمە نازناوی بووبێ.[122] نە تەنیا کتێبەکانی ئیسلامی کە لە خودای‌نامگ وەرگیراون، بەڵکوو «ئەلفێهرست»یش کە ژێدەرێکی دیکەی بووە، بناغەدانەری ئایینی مەزدەکییەی بە کەسێکی دیکەی بەر لە مەزدەک داناوە و لە خودای‌نامگدا بە زەردەشت ناویان تۆمار کردووە و لێرەوە ناوی ڕێبازی «زەردەشتەگان» پەیدا بووە کە لە کتێبەکەی بە ناوی «ئێستیلیتس»ی هاوچەرخی مەزدەکیش‌دا هەر ئەم ناوە دراوەتە پاڵ ئەم کۆمەڵە بڕوادارانە. کەوایە بێ ئەملا و ئەولا دەکرێ بگوترێ کە «بووندۆس» و «زەردەشت» ناوی یەک کەس بووە[123] و زەردەشت ناوی ڕاستەقینەی داهێنەری ئەم ئایینەیە و ئەم کابرایە لەگەڵ پێغەمبەری مەزدەیەسنان هاوناو بووە، کەوایە دەگەینە ئەم ئاکامە کە ڕێبازی بەرباسی ئێمە یەکێک بووە لە لقوپۆپەکانی ئاینی مانەوی و نیزیکەی دوو سەدە بەر لە مەزدەک لە وڵاتی ڕۆم دامەزراوە و بناغەدانەرەکەی کەسێکی ئێرانی بووە بە ناوی «زەردەشت»ی کوڕی «خووەڕەگان»ی خەڵکی پەسا (فەسا). جا بۆیە نووسەرانی بیزانسی کە سەبارەت بە کوفر و لادینی سەردەمی کواد[124] قەڵەمیان ڕاداوە، تەواو هەقیانە کە پەیڕەوانی مەزدەکیان بە مانەوی داناوە.[125]

لە ڕووی ئەم ئیما و ئاماژانەی کە لە سەرچاوەکانی عەرەبی‌دا وەبەرچاو دێن وا دەردەکەوێ کە زەردەشت پێشەوایەکی بیردۆز بووە و بانگەوازەکەی تەنیا لەسەر ئەم باروهەوایە ڕۆیشتووە، بەڵام مەزدەک کە پیاوی کار و کردار بووە و بە قەولی تەبەری «لە لای چینی زۆربەی جەماوەر بە خەلیفەی زەردەشت داندراوە» وردەورده ناوی بناغەدانەری سەرەکی خستۆتە ژێر کاریگەرێتی خۆی و هەر لەو ڕۆژگاری‌دا ئایینەکەی بە ناوی مەزدەکییە سەرناس کردووە. هەر بۆیە

لە ڕۆژگارانی دوایـیدا خەڵـک پێیـان وا بـووە کـە بناغەدانـەری ڕاسـتەقینەی ڕێبازەکەش ناوی مەزدەک بووە و لێرەوە کەوتوونە گومانەوە کە دەبێ مـەزدەک دوو کەس بووبن، یەکیان مەزدەکی کۆن، ئەویتر مەزدەکی تـازە (ئەلفێهرسـت). کەوایە گێڕانەوەی تەبەری و یەعقووبی و خاوەنی نیهایە، کە دەڵـێن زەردەشـت هاوچەرخی مەزدەک بووە، هەڵەیە.

وێنەی ٣٦ - سکەی کوادی یەکەم

(مووزەی نەتەوەیی کۆپێنهاگ)

بەڵام سەبارەت، بە خودی مەزدەک زانیاری ئێمە زۆر کەم و کورتە. هـەروەک دیتمان قسەی هێندێک لە مێژوونووسان کە «پەسا»یان بە زێدی وی زانیوە، لـە ڕاستییەوە نیزیک نیە و پەسا زاگەی زەردەشت بوو نەک مـەزدەک. بـە گوتـەی تەبەری مەزدەک لە «مەدەریا» (؟) پێی ناوەتە جەغزی ژیـان. ڕەنگـە مەبەسـتی شاری «مازەرایا» بێ کە لە قەراخ ڕۆژهەڵاتی ڕووباری دیجلە (شـوێنی ئێسـتای «قوط الاماره») هەڵکەوتبوو. تەنانەت لە سـەدەی نۆیـەمی زاییـنـیشدا مـەزن و ماقوولانی ئێرانی لەو شارە ژیـاون.[١٢٦] نـاوی «مـەزدەک» و «بامـداد»ی بـاوکی هەردک ئێرانین. بەپێی گێڕانەوەی دینەوەری مەزدەک خەڵکی ئیسـتەخر بـووە و نووسەری «تبصـرةالعوام» تەورێزی بە زاگەی داناوە،[١٢٧] بەڵام دەکـرێ بڵـێی کـە مێژوونووسان لەبری شاری زێدی مەزدەک، کە کەسنـەناس و گومنـاو بـووە، ئیستەخر یان تەورێزیان هەر بە مەزندە نووسیوە و ئەم کارەش نموونەی هەیە.

بـەگوێرەی ئـەو سـەرەتایەی گەڵاڵـە کـرا و سـەری قسـانی لێکرایـەوە، دروستدین، کە شەریعەتی بووندۆس - زەردەشت و مەزدەک بێ، لـە ڕاسـتیدا چاکسازییەک بووە لە ئایینی مانیدا.[١٢٨] ئەم ڕێبازەش هـەروەک ئـایینی مـانی سەرەتای قسانی بە باس دەربارەی پەیوەندیی دوو بابەتی سەرەکی و بنـەڕەتی واتە نوور و تاریکی داگیرساندووە. جیاوازی ئـەو لەگـەڵ بـاوەڕی مـانی لـەم خاڵەدا بوو کە دەیگوت، زیوان و بزووتنی تاریکی لـە ڕووی ویسـت و زانسـتی

پێشتر‌ەوە نەبوو، بەڵکوو کوێرکوێرانە و بەهەڵکەوت بە سەر جووڵانەوەدا کەوتووە؛ بەپێچەوانەی ماکەی نوور کە هەڵسووڕانی لە ڕووی ویست و زانینەوەیە. کەوایە لێکدران و تێکەڵاوێتی تاریکایی و ڕووناکایی کە جیهانی بەرهەستی ماددی لێوە بەدی هاتووە، بەپێچەوانەی ڕێنوێنی و ڕاهێنانەکانی مانی، ئاکام و ئەنجامی نەخشە و گەڵاڵەیەکی خاوەن پێشینە نەبووە و هەر بەهەڵکەوت بەدی هاتووە. کەوایە لە ئایینی مەزدەکدا سەرتر بوونی نوور زۆر زیاتر لە ڕێبازی مانی تەرکیزی لە سەرکراوە و ئەمە لەگەڵ گێڕانەوەی مەلاس یەکتر دەگرێتەوە کە دەڵێ بووندۆس بڕوای وابوو کە خوای خێر (ڕووناکی) بە سەر خوای شەڕ (تاریکی)دا زاڵ بووە و هەر بۆیە دەبێ لایەنی سەرکەوتوو بپەرسترێ. بەڵام ئەم سەرکەوتنە ناتەواوە، چون جیهانی ماددی کە بریتییە لە دوو ماکەی لەمێژین، هەر باقییە و ئاخرین قۆناخی ڕەسیدە بوون و پێگەیشتنی ئەم جیهانە، ڕزگاریی وردیلەکانی نوورە کە لەگەڵ وردیلەکانی تاریکی تێکەڵاون. ئەم بەشە لە بیر و باوەڕەکانی مەزدەکییان پەیڕەوی کردنی بۆچوونەکانی مانییە. مانی دەیگوت تیشکە لە پێنج توخم پێکهاتووە: بۆشایی ئاسمان، سروەی با، ڕووناکایی، ئاو و ئاگر، بەڵام مەزدەک تەنیا دانی بە سێ توخم دادێنا: ئاو و ئاگر و خاک. ئەگەرچی «شەهرستانی» لەم بەشەدا بێدەنگە، بەڵام لە ڕووی نیشانەکانڕا، دەکرێ بگوترێ، هەروەک لە بیر و باوەڕی مانیدا تاریکایی بریتی بووە لە پێنج توخم، مەزدەکییەکانیش بڕوایان بە سێ توخمی تاریکی بووە کە چارەسازی شەڕ لەم سێ توخمە سەری وەدەرناوە، هەروەک مشوورخۆری خێر لە توخمەکمانی نووڕانی هاتبووەدەر. مەبەست لە مشوورخۆری خێر خودای نووڕە کە لە زاراوەی ئاییینی مانیدا پێیانگوتووە پادشای نوور. مەزدەک خودای خۆی ئاوا دێنایە بەرچاوی و دەینەخشاند کە لەسەر تەختێک لە جیهانی بالادا ڕونیشتووە و چوار «هێز»[۱۲۹] لە خزمەتی دان: هێزی جیاکەرەوە (وریایی)، هێزی فام، هێزی بیرگە (زەین) و هێزی شادمانی، هەروەک پادشا لەم دنیایەدا دادەنیشێ و چوار کەسی لە لان، یانی موبەدانموبەد، هیربەدانهیربەد، سپابەد و ڕامیشگەر.[۱۳۰] ئەم چوار هێزە، کاروباری دنیا لە ڕێی حەوت وەزیری خۆیانەوە هەڵدەسووڕێنن کە بریتین لە: سالار (سەرۆک)، پێشکار (سەرپەرست)، بارەوەر (بارەبەر) (؟)،

پەروان (کارگێڕ)، کارزان (کارناس)، دەستوەر (ڕاوێژکار) و کوردەگ (غولام و خزمەتکار). ئەم حەوت کەسە لە نێو بازنەی دوازدە کەس پیاوی ئاییینیدا خول دەخۆن[131] بەم چەشنە: خوێنەرەوە یان ئەوەی بانگ دێڵێ)، دەهەندە (ئەو کەسەی شتێک دەدا)، ستاننده (ئەو کەسەی دەستێنێ)، بەرندە (ئەوەی شتێک دەبا) خورەندە (ئەوەی دەخوا)، دەوەندە (ئەوی غاردەدا)؛ ئاخێزەندە (ئەوەی لەسەر ڕابوونە)، کوشندە (ئەوەی دەکوژێ)، زەننده (ئەوەی لێدەدا)، کونەندە (ئەو کەسەی ئیشێک دەکا)، ئایەندە (ئەو کەسەی دێ)، شەوەندە (ئەو کەسەی دەچێ) و پایندە (ئەو کەسەی پایەدارە).[132]

هەموو ئادەمیزادێک ئەو چوار هێزەی تێدا کۆ بۆتەوە و ئەو حەوت و دوازدەیە لە جیهانی خواروودا زاڵن. شەهرستانی وتەکانی خۆی سەبارەت بە سەرینچاوەی ئافراندن بە باسێک لەسەر تایبەتمەندییەکانی «ئیسمی ئەعزەم» و پیتەکانی کۆتایی پێدێنێ.

بەڵام سەبارەت بە زانستی پەسڵان و چۆنیەتی ڕۆژی ڕابوونەوە لە ڕوانگەی مەزدەکییانەوە، شەهرستانی مەبەستەکەی نەدرپیوە. بۆ وێنە دەڵێ بەگوێرەی بۆچوونی مەزدەکییان دەربازبوونی نوور لە چنگ تاریکی خودبەخود و بێئانقەست و بەهەڵکەوت ڕوو دەدا، هەروەک سەرەتا تێکەڵ بوونیان خودبەخود و بەهەڵکەوت ڕووی داوە و ئەم باسە زۆر کەم و کورتە. لە هەر بارودۆخێکا ڕێگای ڕزگاری ئەمەیە کە مرۆڤ ڕێبازی دووڕەڕێزی و گۆشەنشینی پیاوچاکانە بگرێتەبەر. لە سەرچاوە بەردەستەکاندا زۆربەی بابەتەکان سەبارەتن بەم دووڕەڕێزی و گۆشەنشییەی مەزدەکییان. لای ئەم تیرەیە هەروەک لای مانەوییەکانیش وایە، مەرج ئەمەیە کە مرۆڤ هۆگریی و تامەزرۆیی خۆی سەبارەت بە دنیای ڕوون کەم بکاتەوە و خۆی لەو شتانە بپارێزێ کە ئەم نێوان و پەیوەندییە خۆشتر و پتەوتر دەکا. هەر بۆیە خواردنی گۆشتی ئاژەڵ لای مەزدەکییان قەدەغە بوو[133] و لە بابەت نان و خوانەوە هەمیشە پەیڕەوی ڕێسایەکی دیاریکراو بوون و دەکەوتنە خۆ بررسی کردن.[134] قەدەغە بوونی خواردنی گۆشتی ئاژەڵ هۆکارێکی دیکەشی هەبوو؛ بۆ خواردنی گۆشت دەبووا ئاژەڵ کوژرابا و ڕشتنی خوێن دەبوو بە ڕێگر و بەرگر لە سەر ڕێی وەدەسهێنانی ڕزگاریی ڕووحەکان.[135] شەهرستانی دەگێڕێتەوە کە مەزدەک

«فەرمانی کوشتنی نفووسی دەدا هەتا ڕزگاریان بکا و نەهێڵێ گیرۆدەی تاریکایی بن.» ڕەنگە مەبەست لەم کوشتنە، کوشتنی تاسە و ئاواتەکان بێ کە کۆسپی سەر ڕێی ڕزگارین. مەزدەک خەڵکی لە دژایەتی و قینەبەری و خوێنڕێژی بەرپەرچ دەدایەوە.

بە بڕوای وی چونکە هۆکاری سەرەکی ڕق و ناخۆشەویستی و نەسازان و نەحاوانەوە و نایەکسانی خەڵک بوو، کەوایە دەبوو بەناچار نابەرامبەری خاشەبڕ بێ، هەتا ڕق و قین و دووبەرەکایەتیش بارگە و بنەی لەم جیهانە تێکەوەپێچی. لە کۆمەڵی مانەوی‌دا «هەڵبژاردان» دەبوو بە ڕەبەنی بمێننەوە و پتر لە خواردنی ڕۆژێک و جلی ساڵێک هیچیان نەبێ. لەو سیلەنیگایەوە کە لای پەیڕەوانی مەزدەکیش ئەم مەیلی دەس لە دنیا بەردان و خواترسییە ڕەنگی داوەتەوە، وێدەچێ کە چینی باڵای مەزدەکییانیش پەیڕەوی ڕێسایەکی وەک هەڵبژاردانی مانەوی بووبن، بەڵام سەرجەللەکانی مەزدەکییە تێگەیشتن کە جەماوەری ئاسایی ناتوانن دەس لە مەیل و ئیشتیا و تامەزرۆیی و تێری و تەسەلی دنیایی وەکوو دەوڵەمەندی و هەبوونی ژنان یان ژنانی تایبەت، کە هەست بۆی دەبزوێ، هەڵبگرن، مەگین ئەمەی کە بێ کۆسپ و تەگەرە و ئازادی بتوانن مەیل و تاسەیان ڕۆمرکێنن. هەر بۆیە ئەم چەشن بیر و باوەڕیان کردە تەوەرەی سەرەکی و بنەمای بڕوا و بۆچوونەکانیان لە بواری کۆمەڵایەتی‌دا و گوتیان: «خوداوەندگار هەموو کەلوپەل و پێویستییەکی بەڕێچوونی لە ڕووی زەوی خستۆتە بەردەستی کۆمەڵانی خەڵک هەتا مرۆڤەکان بە شێوەی یەکسان لە بەینی خۆیان‌دا بەشی بکەن، بە جۆرێکی وا کە کەس لە کەس دەوڵەمەندتر نەبێ. نایەکسانی و نابەرامبەری لە دنیادا دەگەڕێتەوە سەر زۆرەملی و کەڵەزەڕی ئەو کەسانەی کە ویستوویانە تاسە و ئاواتەکانیان لەسەر حیسێبی خەڵکانی دیکە ڕۆمرکێنن و دەستیان بردووە بۆ کیسەی غەیری خۆیان، بەڵام لە ڕاستی‌دا هیچ بۆی نیە شووی لێهەڵکێشێ و زیاتر لە دیتران مالّ و داخواز و ژنی هەبێ. کەوایە دەبێ لە ساماندارانی وەرگیرێ و بدرێ بە هەژاران، هەتا لەم ڕێگایەوە دووبارە یەکسانی لەم جیهانەدا سەقامگیر بێتەوە.[۱۳۶] ژن و داخواز دەبێ وەک ئاو و ئاگر و لەوەڕگا بە هاوبەشی و یەکسانی بگاتە دەستی هەمووان.[۱۳۷] ئەمە کارێکی خێرە کە خواوەند فەرموویەتی و چاکەی گەورە و

هەرەباشی لەسەر دەداتەوە و جگە لە تێکڕای ئەمانەش، دەسگیرۆیی خەڵک ڕاسپاردەی لەسەرە و خودا کەیفی پێیساز دەبێ.»[۱۳۸]

کەوایە ئێستا بە جوانی بۆمان دەردەکەوێ کە بۆچی دوژمنانی پەیڕەوانی ئەم ڕێبازە تێکڕای کۆمۆنیستەکانی مەزدەکییان بە پەرەپێدەری داوێنپیسی و کاری ناڕەوا و شەریکەبەشی تۆمەتبار کرد، کەچی ئەم کارانە بەپێچەوانەی دووڕەڕێزی و لە خواترسین، کە بنەما و بنەڕەتی بیر و باوەڕەکانی مەزدەکییانی پێکدێنا. بەکورتی لەبەر کاردانەوە و شوێندانانی کۆمەڵێک بیر و باوەڕ و بۆچوونی ئاکارمەندانە و مرۆڤدۆستانە، زەردەشت و مەزدەک بەم ئاکامە گەیشتن کە خۆ بدەنە بەرەوپێدانی بیرۆکەی شۆڕشێکی کۆمەڵایەتی. زەردەشت و مەزدەک هەردەک جەختیان دەکرد کە ئادەمیزاد دەبێ کاری چاک بکا و لە جەوهەری شەریعەتی ئەواندا نەک تەنیا کوشتن، بەڵکوو خەسارمەند کردنی هەر کەسێک قەدەغە بوو. دەپانگوت مافی دەبێ میوانگر بێ و میوان لە هەر تیرە و تۆرمەیەک بێ، نابێ درێغی لێبکرێ.[۱۳۹] تەنانەت پێویستە لەگەڵ دوژمنانیش بە نەرمی و دلۆڤانی بجوولێنەوە.[۱۴۰]

سەبارەت بە داگیرسانی نێوان و پەیوەندەیی مەزدەک و کواد بەڵگەیەکی باوەڕپێکراومان، بە دەستەوە نیە. بەگوێرەی گێڕانەوەی فیردوسی و سەعالبی لە سالی قاتیوقڕیدا مەزدەک چووە لای کواد و بە قسەی فێڵاوی و فریوەردانە لە خشتەی برد و کوادی وا لێکرد کە ڕابگەیەنێ هەر کەس نان لە خەڵکانی برسی وەشارێتەوە، سزای مەرگە و پاشان جەماوەری لێقەوماو و ڕووت و ڕەجاڵی بۆ تاڵانی عەمباران تین دا و بوو بە هۆی سەربزێوی کۆمەڵانی خەڵک. بێگومان ئەم نەقڵە لە وردەکاریدا ئەفسانەیە؛ بەڵام دوور نیە کە ڕاستەقینەیەکی مێژوویی تێدا پەنا درابێ. «ئووتوکیووس»یش باسی سالی گرانێی کردووە.[۱۴۱] دەستەنگی و لێقەوماوی کە لەبەر شەپۆلی ئەم بەڵایە تەشەنەی کردبوو، دابەشبوونی ناعادڵانەی سامانی لە کۆمەڵی ئێرانیدا ئاشکرا کرد کە تێکڕای پلە و پایە بەزر و بااڵکان بە دەس چینی سەرتۆپەوە بوون و ڕەنگە ئەم بارودۆخە زیاتر وەرەی وەبەر جەماوەری نابێ و لە هەمان کاتا پادشای بۆ چاکسازییەکی ئازایانە هان دابێ. هەر چۆنێک بووبێ کواد بوو بە پەیڕەوی ڕێبازی مەزدەک و لەسەر ئەو پێوشوێنە ڕۆیی. جگە لە ئێستیلیتسی بەدرۆ، تەواوی نووسەرانی هاوچەرخی

کواد و هەروەها سەرچاوەکانی دواتریش لەسەر ئەم خاڵە هاوەنگن کە ئەو کۆمەڵێک یاسای دەربارەی شەریکایەتی ژنان دانا. بەڵام ئێستیلیتس دەڵێ مەزدەک سەرلەنوێ ڕێبازی زەردەشتییەکانی بووژاندەوە و ئەم ڕێبازە لایەنگری شەریکەژنی بوو لە بەینی هەموو کەسدا و ئەم قسەیە لەگەڵ گوتەی ئەوانی دی بڕێک جیاوازە. بەڵام ڕوون نیە کە یاسا تازەکانی کواد سەبارەت بە مارەبڕین چلۆن بووە. هیچکام لە سەرچاوەکان بانگەشەی ئەمە ناکەن کە کواد زەوجینی هەڵگرتبێ. جگە لەمەش بڕیارێکی وا هەر کاری پێناکرێ. ڕەنگە ئەو بە دانانی یاسای نوێ چەشنێک زەماوەندی ئازادتری بەدی هێنابێ. کارێکی ئەوتۆ زۆر سادەیە و بریتییە لە پەرەپێدان و پاساودانەوەی بەشێک لە بڕگە و بابەتەکانی شەریعەتی ساسانی دەربارەی ژنومێردایەتی و هەڵگرتنی هێندێک لە کۆت و بەندەکانی سەر ڕێگای و وەک دیتمان بەگوێرەی داب و نەریتی ئەو دەورانی، پیاو دەیتوانی ژن یان یەکێک لە ژنەکانی و تەنانەت ژنی سەرتۆپی خۆی بدا بە پیاوێکی تر کە بێتاوان نیازی پەیدا کردبێ، هەتا بتوانێ لە خزمەتەکانی بەهرەمەند بێ.

لە لایەکی دیکەوە ئەم مەبەستە زۆر جێی سەرنجە کە هیچکام لە سەرچاوەکانی سەردەمی کواد باسیکیان سەبارەت بە یاساکانی تازەی قەرمانڕەوا دەربارەی شەریکەمالّی نەکردووە. تەنیا لە «خودای‌نامگ»دا باسی ئەو کارانە کراوە و ڕەنگە تا ئەندازەیەکیش ڕاست بن، بەڵام ئەم ڕێسا تازانە ئەوەندە گرینگ نەبوون کە سەرنجی چاوەدێرانی بیزانسی و سۆریانی ڕابکێشن. واش وێدەچێ کە ئەم کار و هەنگاوانە بریتی بووبن لە دانانی پیتاکی زیادە لەسەر دەوڵەمەندان و سامانداران بە مەبەستی باش بوونی هەلومەرجی ژیانی هەژاران و نەداران و هەڵوێستی لەم چەشنە.

ئادەمیزاد لە خۆی دەپرسێ باشە چۆن پادشایەک بۆتە پەیڕەوی ئەم ڕێبازە کۆمۆنیستییە؟ هێندێک گوتوویانە لە ترسان خۆی داوەتە ژێر باڵی و بە فێڵ و دووڕوویی وای کردووە.

نۆڵدکێ[۱۴۲] بەتایبەت سەرنجی ڕاکێشاوەتە سەر ئەم خاڵە کە کواد (قوباد) پادشایەکی بەدەسەڵات و بەجەوهەر بووە و دوو کەرەت لە دژوارترین بارودۆخا تاج و تەختی لە دەستچووی خۆی وەرگرتۆتەوە و فەرمانڕەوایەتی ڕاگرتووە و

زۆر جاران وڵاتی ڕۆمی بە زەبـری شمشـێری هێناوەتـە لـەرزین. نۆڵـدکێ لـە داگیرساندنی ئەم سەرەتایەڕا وا دەگاتە ئەنجام کە قبوولّی ئـایینی مـەزدەکییان لە لایەن کوادەوە تەنیا بە مەبەستی تێکشکاندنی هێـزی مـیر و مـەزنان بـووە. لەگەڵ ئەمەشدا لە ڕووی هیچکام لە سەرچاوەکانی هاوچەرخ یان کەمتاکورتێک هاوسەردەمی کوادڕا ئادەمیزاد وای بۆ دەرناکەوێ کە ئـەم پادشـایە کابرایـەکی فێڵەباز و دووڕوو و خاوەنی تایبەتمەندێتی ماکیاولی بووبێ. نە پرۆکۆپیۆس کە بە کواد هەڵدەڵێ، نە ئاگاسیاس کە خۆشی ناوێ و نە ئێستیلیتسـی بـەدرۆ کـە دوژمنیەتی، هیچکامیان ئاماژەیان بە خەڵەتاندن و فرتوفێڵی نەکردووە. بێجگە لەمانەش لە سەرچاوە بەردەستەکاندا خاڵ و مەبەستێکی زۆر هەن کە نیشـانەی ئیمان و باوەڕی پاک و پاڵاوتە و پتەوی کوادن سەبارەت بە مەزدەکییە. هـەمزەی ئیسفەهانی دەڵێ: «هەر کە کواد سەرنجی کەوتـە سـەر ژیـان و دنیـای دیکـە، دەوڵەتەکەی هەرەسی برد.» بەپێی گوتەی تەبەری کواد بەرلـەوەی دڵبەسـتەی مەزدەک بێ، یەکێک لە باشترین فەرمانڕەوایان بـوو. لـە ڕووی نەقڵـێکڕا کـە فیردەوسـی و سـەعالبی سـەبارەت بـە وتووێـژی نێـوان کـواد و مـەزدەک گێڕاویانەتەوە و ئەفسانەویشە، وا دەردەکەوێ کە ئـەو کـار و چاکسـازییانەی پادشا بە پێشنیاری مەزدەک و بە مەبەستی بنەبـڕکردنی قـاتیوقـڕی کردنـی، هەمووی لە بەرژەوەندی هەژاران و بە تەنگەوەبوونی نەدارانەوە ئەنجام دراوە و ئەو ئاڵوگۆڕەی کە کواد سەبارەت بـە پیتـاک وەبـەرچاوی گـرت و سـەرەنجام جێنشینەکەی توانی وەکردەوەی بگێڕێ و بیخاتە گەڕ، تێکڕای لەسەر تـەوەرەی خێر و چاکە و ڕوحم و بەزەیی هەڵسووڕاوە. لە هەواڵەکانی کۆنی عـەرەبدا کـە هەڵبەت دژی کواد نووسراون هاتووە: «ئەم پادشایە لەبەروەی زندیک[۱۴۳] (کـافر) بوو، هەمیشە بە نەرمی دەجووڵایەوە و لە ڕشتنی خوێن دەترسـا، هـەر بۆیـە لەگەڵ خەنیمەکانی زۆر بە مێهرەبانی هەڵسوکەوتی دەکرد.» لەگـەڵ ئەمـەشدا نابێ ئەم خۆ پاراستنە لە خوێنڕێژی بە هەڵوێستێکی هەمیشەیی و یـەکجارەکی بزانین. پادشایەک کە بەشی زۆری ڕۆژگاری فەرمانڕەوایـەتی خـۆی لـە شـەڕا تێپەڕاندووە و بە مەبەستی تێکشکاندنی قۆڕدەماخی و بەرزەفـڕی و سـەربزێوی چینی نەجیمزادان، گەلێکی هـەوڵ داوە، بـێگومـان زۆر بـەو بابەتـەوە وەڕەز نـەبووە. کـواد لـەو شـەڕانەیدا کـە لەگـەڵ ڕۆم کـردی هەمیشـە ئـەم پەنـدە

ئەزمووا‌وەی لە گوێدا دەزرینگایەوە کە گوتوویانە هێرش باشترین دەسکردنەوەیە. (تۆ سەرکەوتووی ئەگەر سەرەتا دەس بوەشێنی). بەڵام نابێ لە حەق لادەین کە لە نێو ئەو بگرەوبەردە و زەبروزەنگ و ڕووداوە تاڵ و ناخۆشە باوانەی ئەو ڕۆژگاریدا، کواد گەلێک شوێنەواری جوان و مرۆڤانە و دادپەروەرانەی لە خۆی بە یادگار بەجێهێشتووە. لەو کتێبەدا کە بە ناوی «ئێستیلیتس»ەوە باسێکی ترسێنەر و سەرسوڕهێن سەبارەت بە قەڵتوبڕی شاری ئامیدا (ئامێدی) کە بە دەستی کواد گیرا، نووسراوە. بەڵام لە کاتی خوێندنەوەی ئەم کتێبەدا دەبێ دوو مەبەست وەبەرچاو بگیرێ، یەکیان نیاز و پێویستییەکانی سەردەمانی شەڕ، ئەویتر دەمارگرژی نووسەرانی مەسیحی کە هەمیشە دەیانویست بە هەر بیانوویەک، دوژمنانی خۆیان تۆمەتبار کەن. بەگوێرەی گێڕانەوەی پرۆکۆپیۆس، ئێرانییەکان کە پێیان نایە شاری ئامیدا، کوشتارێکی گەورەیان کرد. قەشەیەکی پیر هاتە لای کواد و گوتی: لە شانی پادشایەکی مەزن ناوەشێتەوە کە دیلان بکوژێ. کواد هێشتا هەر تووڕە بوو، وڵامی دایەوە: «بۆچی ئەوەندەتان خیرەسەری کرد و پەنجەتان لە پەنجەی من دا؟» پیرەپیاو گوتی: «خودا وای مەیل لێبوو کە ئامیدا بکەوێتە دەستی تۆ و ئەم سەرکەوتنە ئاکامی تەگبیر و ڕای ئێمە نەبوو، بەڵکوو سەرەنجامی ئازایەتی تۆ بوو.» بۆیە شا دەستووری دا بەس بێ و کوشتارەکە ڕابگرن. بەڵام هەرچی ماڵ و سامانە دەستی بە سەردا بگرن و خەڵکەکە بە دیل بێنن، هەتا لە نێویاندا هەر کەس نەجیبتر و ڕەسەنتر بیکاتە غولامی خۆی. پاش ئەوەی کە کواد بە قۆشەن و دیلانی شەڕەوە گەڕایەوە ئێران «جوامێری و بەزەیی کە شایانی شاهانە» نواندی و هێندەی پێنەچوو کە هەموو دیلەکانی ئیزن فەرموو هەتا بگەڕێنەوە مەوتەنی خۆیان.[۱۴۴] کواد سەرکردەیەکی خۆی بە ناوی «گلۆن»ی لەگەڵ پۆلە چەکدارێک لە ئامیدا بەجێهێشت و نە ئەم سەرداڕە و نە خودی پادشاش لەو شارەدا فەرمانی ڕووخاندنی ماڵی کەسیان نەدا و تەنانەت لە دەرەوەی باژێریش[۱۴۵] هیچ جێیەکیان خاپوور نەکرد. بەڕوالەت وادیارە کە کواد سەبارەت بە برا لێخڕاوەکەی خۆشی، واتە جاماسپ، بەوپەڕی دلۆڤانی و نەرمی جووڵاوەتەوە و ئەم شێوازە تەواو بەپێچەوانەی پادشایانی پێشووی خۆیەتی. بەگشتی دەکرێ بگوترێ کە ئەم فەرمانڕەوایە تەواو پەیڕەوی حیکمەتی کرداریانەی مەزدەکییان

نەبووە، هەروەک قوستەنتینی گەورەش بە تەواوی ملی بۆ ڕێوشوێنەکانی ئاکارمەندانەی دینی مەسیح ڕانەکێشا، بەڵام لە ئاکار و کرداری کوادڕا وا دەردەکەوێ کە هەتا ڕادەیەک مرۆڤدۆستی و خدەی مەزدەکییە کاری تێکردووە.

بێجگە لەمەش دەتوانین نوقڵانە لێبدەین کە ئەو فەرمانە کۆمەڵایەتییانەی وا کواد لە قۆناخی یەکەمی پادشایەتی خۆیدا دەریکرد، شوێنێکی نەرێنی ئەوتۆی لەسەر دۆزی خانەدانە وەجاخزادەکان دانەناوە، چونکە ئەگەر لە ئاکامی ئەم فەرمانانەدا گرێوگۆڵێک لە کاروباری کۆمەڵایەتی ئەو سەردەمیدا بەدی هاتبا، هەر ئەو کاتەی کە جاماسپ پاش لادرانی کواد دانیشتە سەر تەختی دەسەڵات، لەبەروەی کە حوکمڕانێکی نەرم و نیان بوو، بێگومان گرفتاری کۆمەڵێک تەنگەژە دەبۆوە و شوێنەواری ئەو کۆسپ و تەگەرانە لە سەرچاوەکانی مێژوویی ئیمەدا وەبەرچاو دەهاتن. بەڵام نە نووسەرانی ئەو ڕۆژگاری و نە دیرۆکنووسانی عەرەب و ئێرانی وشەیەکیان سەبارەت بە ئاڵۆزی و ئاژاوەی کۆمەڵایەتی ئەو قۆناخە نەنووسیوە و هیچ شوێنپێیەک دیار نیە کە دەوڵەت بە مەبەستی سەرکوتی ڕاپەڕینێک و کوژاندنەوەی ئاوری شۆڕشێک پێویستی بە پەلبزاوتن بووبێ.

ئەو هەڕەجمەڕەجەی کە لە زەمانی شکستی شەرمەزارانەی پیرووز و خولی پادشایەتی وەلاشەوە کە فەرمانڕەوایەکی بێدەماڕ بوو، دەستی پێکردبوو، لە سالانی بەرایی چاخی کوادیشدا نەپسایەوە. ئەو مەبەستەی لە کتێبە گۆرینەکەی ئێستیلیتسدا وەبەرچاو دێ کە دەڵێ کوادی کافر ئەرمەنییەکانی جەڕەبابە داوە و چۆڵەپێچی کردوون هەتا بەناچار بکەونە پەسن و پەرستنی ئاگر، وەک ڕاست ناچێ. بەڵام لەبەرەوی ئەو ڕێککەوتنەی کە گوشنەسپداد بە مەبەستی داکوژاندنی گێرە و کێشەی ئایینی و سیاسی لەگەڵ ئەرمەنییەکان کردی، ناتەواو بوو، دووبارە شەڕ هەڵگیرسایەوە و قۆشەنی کواد بە دەس ئەرمەنییان شکا. کادیشیەن و تەموورییان[۱۴۶] کە دوو هۆزی چیانشین بوون، ڕاپەڕین و خێڵاتی عەرەب لە خاکی ئێرانا کەوتنە تاڵانو بڕۆ. مەبەست لەم عەرەبانە، ئەو خێڵانەن کە میری حیرەی وەفادار بە شاهەنشای ئێران دەرۆستیان نەهات. کواد داوای هەقی خۆی لە «ئاناستاسیووس»ی ئیمپراتۆری ڕۆم کرد کە قەرار وابوو حکوومەتەکەی بەشێک لە خەرجوبەرجی پاراستنی ڕێ و ڕەوگەکانی چیاکانی

قەفقاز بدا بە ئێران لە بەرامبەر هەس‌دانەوەی پەلاماری هۆز و خێڵە کێویلەکان. هەڵبەت ئەم پرسە هەر لە کۆنەوە تا ئێستا ناکۆکی ئەم دوو دەوڵەتەی لەسەر بوو. ئیمپراتۆریش مەرجی سەلماندنی ئەم داوایەی، ڕادەس‌کردنی شاری قایمی «نوسەیبین» بە دەوڵەتی ڕۆم دانا. بەڵام کواد نەیدەتوانی ئەم مەرجە قبووڵ بکا.[۱۴۷]

گفتوگۆی دوو دەوڵەت لەم قۆناخەدا بوو، کە کواد لەبەر ڕاپەڕینی جەماوەری پایتەخت لەسەر کار لادرا. ڕێبەرانی قین لەزگی ئایینی ئەم ئاژاوەیان نایەوە، چونکە دژی هەر شتێک بوون کە بە حاڵودووبەڵا بۆنی ئایینی مانەوییەی دابا. تاقمێک لە نەجیمزادەکانی لایەنگری زەرمێهر یاریدەیان دان. دوژمنی قەستەسەری کواد، گوشنەسپداد بوو کە خاوەنی نازناوی «نەخویر» و پلەی «کوناڕەنگ» بوو و پێشتر لە کاتی وتوویژەکان لەگەڵ ئەرمەنییەکان‌دا ڕاوێژکار و باوەڕپێکراوی زەرمێهر بوو. گێڕانەوەی کتێبەکەی سەر بە ئێستیلیتس کە دەڵێ کواد زووتر بە کەینەوبەینە و پیلانی مەزنانی دەزانی و ڕایکردە هەرێمی هوونەکان (واتە هەفتالییان)، ڕاست نیە. تەواوی سەرچاوەکانی دیکە هاوڕان کە کواد لێخرا و گیرا.[۱۴۸] نووسەرانی ڕۆم لەم بارەدا گوتوویانە کە گرفتاری کواد دەگەڕێتەوە سەر بێزاری و تووڕەیی گەل بەگشتی کە لە چنگ ڕێوشوێنە تازەکانی وەتەنگ هاتبوون (پرۆکۆپیۆس) و سەرەنجام «هەموویان ڕاپەڕین» (ئاگاسیاس)؛ بەڵام ئەم ڕاپەڕینە جەماوەرییە دەبێ بە تایبەتمەندیی و بارودۆخی کۆمەڵایەتی وڵاتی ئێران لێکبدرێتەوە، یانی بەو چەشنەی کە دابی ئەو ڕۆژگاری بوو. دیارە سەرەتا مەزنان و پیاوانی ئایینی ئاورەکەیان هەڵگیرساند و زۆربەی گەل خۆیەکی وایان تێوەرنەدا، مەگین بەو ئەندازەی کە هەر کەس ڕەخنەی پیاوێکی گەورە یان مووبەدێک بوو، بە فەرمانی خاوەنەکەی خۆی ڕاپەڕی، چونکە خەڵکی ژێردەستە بە باری بەڕێچوون‌دا نیازمەندی میران و دەرەبەگان و بە لایەنی ئایینی‌دا پەیڕەو و فەرمانبەرداری مووبەدان بوون. کواد لە نێو ماقوڵ و نەجیمزادان لایەنگرێکی وەفادار و بەهێزی وەک «سیاوەش»ی هەبوو کە وادیارە ئەو دەمی لە هەڕەتی لاوی‌دا بووە. ڕاپەڕیوان «جاماسپ»ی برای کوادیان دانایە سەر حوکم[۱۴۹] و کۆمەڵی گەورەگەورانی ئەندامی شووڕای پادشایەتی، لە ژێر سەرۆکایەتی پادشای تازەدا کۆبوونەوە و سەبارەت بە چارەنووسی کواد کەوتنە

باس و ڕاوێژ. نەخوێر گوشنەسپداد کوناڕەنگ، کە حوکمڕانی لەشکریی سنووری هەفتالییان بوو، گوتی کە کاری ئاقڵانە ئەمەیە شای لێخراو بکووژین. بەڵام زۆربەی حازران ئەم پێشنیارەیان ڕەد کردەوە و ڕەوتێکی نەرمتریان هەڵبژارد[۱۵۰] و لەسەر زیندانی کرانی ڕێککەوتن. پرۆکۆپیۆس دەڵێ کوادیان بردە زیندانی ئەنووشبەرد (قەڵای فەرامۆشی) و هیچ بەڵگەیەکمان بۆ بردنەوە پاشی ئەم گوتەیە بە دەستەوە نیە، چونکە دەزانین ئەم قەڵایە بەندیخانەیەکی حکوومی بوو و ئەو تۆمەتبارە سیاسییانەیان تێدا ڕاگیردەکرد کە بە باری ڕەچەڵاک و پلەوپایەدا بە مەترسیداریان دادەنا.

کواد بۆ ماوەیەکی زۆر لە زیندانا نەمایەوە. سیاوەش بە هەر جۆرێکی بوو ڕزگاری کرد و لە دەربازبوونیدا شانبەشانی ڕۆیی.[۱۵۱] ڕاکردنی کواد خێرایەکی گەلێک نەزیلە و حیکایەت و ئەفسانەی لێکەوتەوە.[۱۵۲] بەکورتی کواد قوتار بوو و خۆی گەیاندە بارگای میری هەفتالییان و ئەویش وەک کۆنەدوستێک میوانداریی کرد و کچێکی خۆی دایە کە لە کچی پیرووزی ساسانی کەوتبۆوە و دەبوو بە خوشکەزای کواد[۱۵۳] و لەشکرێکی خستە ژێر فەرمانی و گفتی لێوەرگرت کە ئەگەر هاتوو بووبەوە خاوەنی تانج و تەخت، بڕە باجێک بدا. لە ساڵی ۴۹۸ یان ۴۹۹دا کواد کەمتاکورتێک بێ شەڕ چۆوە سەر دەسەڵات.[۱۵۴] لە هیچکام لە سەرچاوەکانی ئێمەدا باسی بارودۆخی ڕۆژگاری جاماسپ نەکراوە. سەرهەڵدانی ئەرمەنییان و ڕاپەڕینەکانی تر کە بەر لە جاماسپ هەڵگیرسابوون لە زەمانی ویشدا درێژەیان کێشا و سەرکوتی ڕاپەڕیوان پاش لادرانی جاماسپ مسۆگەر بوو. جاماسپ کە بە دادپەروەری و میهرەبانی مەنشوورە، هەڵسووڕان و چالاکی و هێزی خۆی نەخستە بەرچاوان و وەختایەک پشتیوانی ئازا و بەشەرەفی لە دەوروبەری خۆی نەدی، وای بە باش زانی کە دەس لە کار بکێشێتەوە و دەسەڵات بداتەوە براکەی.

چارەنووسی جاماسپ لە سەرچاوەکانی میژووییدا یەکجار جیاوازە. تەنیا یەکێک لە دیرۆکنووسان[۱۵۵] دەڵێ کواد جاماسپی کوشت. پرۆکۆپیۆس دەڵێ کوێریان کردووە و بە وەلاش ناوی دەبا و لێرەدا جاماسپی لەگەڵ وەلاش لێتێکچووە کە بەر لە کواد خاوەنی تانج و تەخت بوو و کوێریان کرد. بەگوێرەی گێڕانەوەی ئووتوکیووس و تەبەری جاماسپ دوورخرایەوە. دینەوەری

و سەعالبی و فیردەوسی دەڵێن کە کواد جاماسپی بەخشیوە و خۆی لە سزادانی بواردووە. ئاگاسیاسیش کە بە سەرچاوە پلەیەکەکانی ئەم چاخە دادەندرێ، هەر ئەم بابەتە دووپات دەکاتەوە. بە بڕوای من لە ڕووی ئەم جیاوازی و ناکۆکییەی نێوان مێژوونووسانڕا ئەم مەبەستە خۆی دەردەخا کە کواد بەپێچەوانەی شێوازی ئاسایی بارگای پادشایانی ساسانی، کە خوازیارانی دەسەڵاتیان دەکوشت یا کوێریان دەکردن، جووڵاوەتەوە و لە تاوانی براکەی بووریوە. کەوایە دەبێ گێڕانەوەی ئاگاسیاس بە ڕاستەقینەیەکی مێژوویی دابندرێ و کواد بەرەوڕووی برا ژێرکەوتووەکەی شانۆیەکی دلۆڤانی و مرۆڤایەتی گێڕاوە کە زۆر ئاسایی نەبووە. بەڵام ئەمەی کە هێندێک لە مێژوونووسانی عەرەب گوتوویانە کواد بەڕەسمیی شەرت و مەرجی کرد تا پشتیوانی لە مەزدەکییەکان نەکا، [۱۵۶] بە هیچ چەشنێک قووت ناچێ، کەچی ڕەنگە لای خۆی وای دانابێ کە لە داهاتوودا لە کاری مەزدەکییاندا لانی پارێز و وریایی وەبەرچاو بگرێ.

بەگوێرەی کتێبە گۆرینەکەی ئێستیلیتس، تەواوی ئەو مەزن و ماقوولانەی کەتبوونە کەتن و دەهۆ دژی کواد و لە دەسەڵات سەرەوژێریان کردبوو، بە فەرمانی فەرمانڕەوا هەموویان کوژران، بەڵام وێدەچێ زۆری فوو لێکرابێ، چونکە ئاشکرایە کە ئەم پادشایە هەرگیز نەیتوانیوە ئاوا بە ساکاری و کتوپڕ چینێکی بەهێزی وەک نەجیمزادەکانی ئێران تێدابەرێ. گێڕانەوەی دینەوەری و سەعالبی و فیردەوسی کە دەڵێن کواد بە چاوی بەخشینەوە لە تاوانەکانی ڕوانیون و لە سووچ و خەتایان خۆش بووە، بێگومان لە ڕاستی نیزیکە. هەڵبەت ئەم پادشایە بێجگە لەو کەسانەی کە بوغزاندن و دوژمنایەتییان مەترسیدار بووە، کەسی تەمێ نەکردووە. یەکی وەک گوشنەسپداد کە لە کۆڕی ڕاوێژکاریدا دەنگی بۆ کوشتنی کواد هەڵبڕیبوو، سزا درا و کوژرا و پلەی کونارەنگی وی درا بە «ئادورگۆنداد»ی هاوخانەدانی.[۱۵۷] سیاوەش بە پاداشی ئەو خزمەتانەی کردبووی گەیشتە پلەی «ئەرتیشتارانسالار» واتە سەرکردەی تەواوی هێزە چەکدارەکان و وەزیری بەرگریی. [۱۵۸]

ئەمجار کواد کەوتە پتەو کردنی دەسەڵاتی پادشایەتی. کادیشیەن و تەموورییانی پێمل کرد و هرووژم و تاڵانوبڕۆی خێڵە عەرەبەکانی بەرپەرچ دایەوە و عەرەبەکانی حیرە بە سەرکردایەتی «نوعمان»ی[۱۵۹] دووەم لە شەڕێکا کە

لەگەڵ بیزانس هەڵگێرسا، سپای ئێرانیان گەلێک یاریدە دا. ئەرمەنییەکان سەریان وەبەر هێنا و کواد ئازادیی ئایینی پێ عەتا فەرموون بەو شەرتەی لە بەرامبەر لەشکری ڕۆمییەکاندا یار و هاوکاری قۆشەنی ئێرانی بن و ئەوانیش ئەو مەرجەیان بە نابەدڵی قبووڵ کرد.[۱۶۰] وادیارە کە کواد کاری کردووە بۆ هەرەسپێهێنان و لاواز کردنی دەسەڵاتی گەورەگەوران. بەگوێرەی گێڕانەوەی «ئێشتاین»[۱۶۱] کواد هاوشانی وزورگفەرمادار پلەیەکی دیکەی دانا بە ناوی «ئێستەبەد» کە بۆ سەرۆکی تەشریفات داندرا و هەر ئەم پادشایە بوو کە چوار پادگووسپانی[۱۶۲] بۆ وڵات دیاری کرد.

کواد بۆ ئەوەی کە باجی بەڵێندراوی بدا بە میری هەفتالییان، داوای دەسقەرزی لە قەیسەری ڕۆم کرد و قەیسەر بە ئومێدی ئەوەی کە نەدانی باجەکە ببێتە هۆی نێوانناخۆشی خاقانی هەفتالییان و فەرمانڕەوای ئێران، داواکەی کوادی ڕەد کردەوە. ئەو کات کواد لە ساڵی ۵۰۲دا لەشکری بەرەو ڕۆم دەنگ دا و بەپێچەوانەی چاوەڕوانی و بۆچوونی سیاسەتمەدارانی بیزانس پۆلێک چەکداری هەفتالیش لە نێو قۆشەنی ئێرانا وەبەرچاو هاتن. ڕووداوی گرینگی ئەم هرووژمە گیرانی «ئامێد» بوو بە دەستی کواد. بەڵام شاڵاوی خێڵاتی هوون کە لە دەروازەکانی خەزر (ڕەوگەی داریال)ەوە داوەزین، پادشای لێبڕاو کرد تا پەیمانی سوڵحێک بۆ ماوەی حەوت ساڵان لەگەڵ خونکاری ڕۆم مۆر بکا (۵۰۵ یا ۵۰۶ی زایینی). ئەو کات کەوتە هەسدانەوەی هێرشکەران و بەزاندنی و ڕایماڵین، بەڵام دە ساڵ دواتر تیرەیەکی دیکەی هوون بە ناوی «سابیر» شاڵاویان بردە سەر ئەرمەنستان و ئاسیای بچووک. [۱۶۳] کواد شارێکی قەفقازی بە ناوی «پەرتەڤ» کردە قەڵایەکی قایم و ناوی نا «پیرووز کواد»و بەم چەشنە قەڵایەکی پتەوی سەرسنووریی لە بەرامبەر هرووژمی خێڵ و تیرە کێوێلەکاندا هەڵخست. [۱۶۴]

ئەو قۆناخەی پادشایەتی کواد بە سەر ئارامی و دڵفەریحیدا کەوت و هەڵبەت لەم ڕۆژگارەدا فەرمانڕەوای ئێران، وەک لە خودای‌نامگدا هاتووە، خۆی داوەتە کەڵتە و ئاوەدان کردنەوەی وڵات و کەڕێز و جۆگە و جۆبار و پردلێدان و بناغەی شارانی ڕۆنا، وەک «ئێران ئاسان کەردکواد» لە خووزستان[۱۶۵]و «وەرام کواد» لە سەر کەوشەنی فارس و خووزستان و «کواد خوەڕە» لە هەرێمی پارس.[۱۶۶]

لە دەوروبەری ساڵی ۵۱۹دا قسەی جێنشینایەتی پادشا هاتە گۆڕ. لەبەروەی کە کواد بناغەی پاتشایەتی و بنەمای دەوڵەتی خۆی پتەو کردبوو، هیچ گرێ و

کۆسپێکی نەدی بۆ ئەوەی کە دابی کۆنی ساسانییەکان بژێنێتەوە، یانی تەنیا خۆی جێنشینەکەی هەڵبژێرێ. کواد لەم کارەدا بە کاو گەیشت. فەرمانڕەوا سێ کوڕی هەبوو کە شانیان هەڵیدەگرت ببنە پادشا. کاووس کوڕە گەورەی بوو.[۱۶۷] پاش تەفروتونا بوونی خانەدانی گوشنەسپداد، کە لەکلکەی چاخی ئەشکانییەکانڕا دەسەڵاتداری ناوچەی «پێدێشخوارگەر» (ناوچە شاخستانی پێدێشخوار - تەبەرستان) بوون،[۱۶۸] کواد کاووسی لەوێ دانا و کردی بە حوکمڕان. بەو جۆرەی کە مارکوارت گوتوویەتی، ئەو کەسەی کە تیئۆفانس باسی کردووە و بە پێدێشخوارشای کوڕی کواد ناوی بردووە، هەر ئەم کاووسەیە.[۱۶۹] بە گوتەی تیئۆفانس ئەم کاووسەی کوڕی کواد لە زەماوەندی لەگەڵ کچێکی خۆی بە ناوی «سامبیکە» کەوتبۆوە و مارکوارت بێڕێزی ئەم نەزیلەیەی سوور کردۆتەوە و ئاوا دەڵێ: «بەگوێرەی گێڕانەوەی مێژوونووسانی عەرەب و ئێرانی لەبەروەی خوسرەوی کوڕە گچکەی کواد وەختایەک پێی نابوویە بازنەی ژیان کە باوکی خەریکی ڕاکردن بوو و هێشتا نەگەیشتبووە بارگای هەفتالییەکان؛[۱۷۰] ناکرێ و نابێ کە «کاووس»ی کوڕە گەورەی لە داوێنی خوشکەزای خودی کواد کە کچی خاقان بێ؛ بەربووبێتەوە. کەوایە لە دایک بوونی کاووس دەگەڕێتەوە بۆ بەر لە ڕاکرانی کواد و وادیارە دەبێ وەزگی ژنێک کەوتبێ کە زۆری هەوڵ دا بۆ ڕزگاری کردنی پاتشا لە زیندان کە هەم خوشک و هەم هاوسەری خودی کواد بوو.[۱۷۱] بەڵگەی دیکەش بۆ سەلماندنی بۆچوونەکەی مارکوارت بە دەستەوەن. تیئۆفانس دەڵێ کە کاووس ئیمانی بە مەزهەبی مانەوییە (واتە مەزدەکییە) هێنابوو و بەم باوەڕەوە ڕاهاتبوو، کەوایە ئەگەری ئەمە لە گۆڕێدا نیە کە کواد پاش چوونەوە سەر دەسەڵات بەپێچەوانەی چاوەڕوانیی چینی دەسەڵاتداری پێشەوایانی ئایین، پەرەوراندن و ڕاهێنانی کوڕە گەورەی خۆی دابێتە دەس ئەم ڕێچکەسازانە. کەوایە دەبێ بگوترێ فێرکردن و بارهێنانی کاووس لە لای مەزدەکییان پێش لادرانی باوکی لە سەر دەسەڵات ئەنجام دراوە.

«جەم»ی کوڕی دووەمی کواد چاوێکی نەیدەدی و پتر وا باو بوو کە ئەم چەشن نەقوستانییە دەبوو بە هۆی بێبەهرەیی لە فەرمانڕەوایەتی. بەڵام دەکرا ئەم دابە وەبەرچاو نەگیرابا و ڕەنگبوو کەسانێکی واش گەیشتبانە پادشایەتی؛ جا لەبەروەی کە کواد دەیهەویست خوسرەو لە جێی خۆی دابنێ، ترسا کە نەکا

پاش مەرگی وی جەم ڕاستەوەبێ و داوای فەرمانڕەوایەتی بکا؛ چونکە تاقمێک لەبەر جوامێری جەم بە لایەنگری دادەندران. بۆیە کواد چارەی کاری بەر لە مردنی پێشبینی کرد.[۱۷۲] بەڵام لێرەدا پێویستە ڕوونی بکەینەوە کە ئەم پادشایە دەیتوانی بە مەبەستی لابردنی ئەگەری گرێ و کۆسپی داهاتووی «جەم» بیکوژێ و سوڕی ون بکا، کەچی وای نەکرد و خاڵێکی پرشنگداری دیکەی خستە سەر بیر و هەستی مرۆڤایەتی و مێهرەبانیی خۆڕسکی خۆی.

سێهەم کوڕی ناوی خوسرەو بوو کە باوکی گەلێک تایبەتمەندی شاز و شایانی پادشایانەی تێدا بەدی دەکرد، جگە لە بەدگومانی، کە بە عەیبی وی دەندرا.[۱۷۳] تەواو ئاشکرایە ئەو حیکایەتەی خودای‌نامگ کە دەڵێ دایکی خوسرەو کچی قولەئاغایەکی کۆنەخانەدانان بوو، کە کواد لە ڕۆژگاری ڕاکردنیدا خواستبووی، تەنیا ئەفسانەیەکە. بەپێی نووسینی پرۆکۆپیۆس، دایکی خوسرەو کچی «ئەسپەبدێس بوویە» واتە سپابەد یان ئێران‌سپابەد «بوویە» بوو کە لە ساڵی ۵۰۵ یان ۵۰۶دا لەگەڵ «سلێر»ی نوێنەری ڕۆم پەیمانی شەڕبڕانەوەی مۆر کرد.[۱۷۴]

وەختایەک کواد خوسرەوی کوڕە چکۆلەی وەپێش کاووسی پێدێشخوارگەرشا دا کە بە ئاشکرا پەیڕەوی ئایینی مەزدەک بووە بە ڕوونی دەردەکەوێ کە ئەم پادشایە باوەڕی سەبارەت بەم ڕێبازە گۆڕاوە کە سەرەتا ئیمانی پێهێنابوو.

کواد بە مەبەستی تۆکمە کردنی بناغەی حکوومەتی خوسرەو، پێشنیاری ئاشتییەکی یەکجارەکی خستە بەردەم «ژووستێن»ی ئیمپراتۆری ڕۆم و تکای لێکرد کە خوسرەو بە کوڕی خۆی وەرگرێ. ئەم دابە بە باری ئەخلاقی‌دا ئیمپراتۆری ناچار دەکرد لە جەنگەی پێویستا کوڕەی بە ناوکراوی یاریدە بدا و لە بەرامبەر خوازیارانی پادشایەتی‌دا پشتی بگرێ. ئەمڕۆ ئەم پێشینارە بەلای ئێمەوە سەیرە، بەڵام هەروەک دەزانین لە ئاخروئۆخری سەدەی چوارەم‌دا ئیمپراتۆری ڕۆم «ئارکادیووس» بۆ ئەوەی کە لە پادشایەتی ئێئۆدۆسیووسی کەمتەمەنی جێنشینی دڵنیا بێ، یەزدگردی یەکەمی پادشای ئێرانی کردە پشتیوانی. جیاوازی مەسەلەکەی خوسرەو لێرەدایە کە باسی دابی زرکوڕێتی کراوە.

ژووستێن بە قسە و ڕاوێژی «پرۆکلۆس»ی ڕاوێژکاری، ئەم پێشنیارەی قبووڵ کرد بە مەرجێک کە دابی «زرکوڕێتی» بەپێی بەڵگەنامەی نووسراو نەبێ، بەڵکوو

لە ڕێی چەکەوە ئەنجام بدرێ، هەروەک لە نێو تیرە و تۆرەمە کێویلەکاندا باوە. وادیارە لێرەدا مەبەست لە شێوازی خێڵە ژێرمەنەکانی دانیشتووی ئوروواپایە کە گۆیا بە توندوتۆڵی نەگیراوە و ئەرکێکی وای نەخستۆتە سەرشانی ئەو کەسەی یەکێکی بە ناوی خۆی دەکرد. لەبەروەی کە کواد نەیدەتوانی ئەم مەرجە قبوڵ بکا، وتوویژەکانی ئاشتی ڕێیان دەرنەکرد، چون یەکێک لە شەرتەکان ئەمە بوو کە ناوچەی «لازیکە» (یان کۆڵخیز) بخرێتە سەر ئێران؛ جا بۆیە گفتوگۆی نێوان دوو دەوڵەتەکە ڕاوەستا. [۱۷۵]

ئەرتیشتارانسالار سیاوەش کە بە گەورەترین پیاوی سیاسی ئێران دادەندرا، وێڕای یەکێکی تر لە مەزنەپیاوانی خانەدانی سوورێن بە ناوی «ماهبود» ڕاسپراوی بە ئەنجامگەیاندنی وتوویژی ئاشتی بوون لەگەڵ ڕۆم. لەو کاتەدا کە وڵامەکە بە دڵی کواد نەهاتەوە، سیاوەش لەبەر چاوان کەوت و ڕقی لێهەڵگیرا.

کێشەکەش لێرەوە سەری هەڵدا کە ماهبودی هاورێی زۆری دڵ لە قۆڕدەماخی لە ڕادەبەدری ئێشابوو و ئێرەیی بە هێز و دەسەڵاتی بردبوو؛ بۆیە لە خزمەت پادشادا وای نواند کە سیاوەش پەیمانی ئاشتی تێکداوە. پرۆکۆپیۆس تاریفی ڕاستی و دروستی و پیاوەتی سیاوەشی کردووە. هەرچۆنێک بێ کێشەکەیان خستە بەردەم ئەنجومەنی مەزنان؛ واتە ئەو لێژنەیەی کە پێکهاتبوو لە نەجیمزادان و وادیارە موبەدانموبەد سەرۆکایەتی کردووە. وا دەردەکەوێ کە ئەو کۆڕە بەرپرسی پێداچوونەوەی تاوانە گەورەکان بووبێ. ئەندامانی ئەو دادگایە کە هەموویان ڕکەبەری سیاوەش بوون، تەمایان گرت تۆزی لێ بەبا کەن و تاوانی دیکەشیان خستە ئەستۆی؛ بۆ وێنە گوتیان: سیاوەش نەیویستووە بەپێی داب و نەریتی ڕۆژگار بژی و یاسا و ڕێساکانی ئێرانی بپارێزێ؛ خودای نوێی پەرستوون و ژنەکەی کە تازە مردووە، ناشتوویەتی؛ بەپێچەوانەی ئایینی زەردەشتی کە دایناوە مردوو لە ساردەموغاران ڕۆبندرێن هەتا باڵندەی گۆشتخۆر بیانخۆن. بۆیە سیاوەش حوکمی مەرگی بۆ برایەوە و کواد ئەگەرچی پێیناخۆش بوو، بەڵام لەبەروەی قانوون پێشێل نەکا، حوکمەکەی مۆر کرد. ئەم گێڕانەوەیەی پرۆکۆپیۆس زۆر جێی سەرنجە، چونکە وا دەردەکەوێ کێشەی سیاوەش زەبرێک بوو کە ئەو زەمانی لە گورچووی مەزدەکییانیان سڕەواند و ئەم تیرەیە لەم ڕۆژگارەدا چاکیان پەڕوبااڵ ئەنگاتبوو. پرۆکۆپیۆس تەنیا مێژوونووسێکە کە سەبارەت بە سەرەوڵێژ کردنی سیاوەش بە درێژی دواوە،

بەڵام نالێ کە ئەم سەرکردە مەزنە لەسەر دینی «مانەوی» بووە، چونکە پرۆکۆپیۆس بە هیچ چەشنێک مەیلی بۆ لای ڕێچکە و ڕێبازە دینییەکانی ئێران نەبزووتووە و خۆشی نەویستوون. لێمان ڕوون نیە کە داخوا لە شەریعەتی مەزدەکدا ناشتنی مردووان ئیزنی لە سەر بووە یان نا.[۱۷۶] هەر ئەوەندە دەزانین کە سیاوەش کوادی لە زیندان دەرهێنا چون لەبەر پەیڕەوی مەزدەک و داهێنانی یاسای پێچەوانەی ڕێسای ئایینی مەزدەیەسنی و پەرستنی خودایانی تازە، لەسەر دەسەڵات لادرابوو. کەوایە سروشتییە کە ئێمە خودی سیاوەشیش بە مەزدەکی دابنێین و ئەگەر ئەم بۆچوونە ڕاست بێ، ئەو کارەی کە کواد کردی، باوەکوو ئەوەی لەگەڵ جوامێری و پیاوەتی وی یەکتر ناگرێتەوە، بەڵام هەتا ڕادەیەک هۆکارەکەی ڕوون دەبێتەوە؛ چون دەردەکەوێ کە شوێنکەوتی تاڵی بانگەواز و ڕاگەیاندنی مەزدەکییان، شاهەنشای بۆ وڵاتی خۆی گرفتاری ترس و تۆقین کردبوو، بە چەشنێکی وا کە سیاڵگاران بە نەرمی لەگەڵ هاودینانی پێشووی خۆی دەجووڵایەوە و دەستێکی واشی وەبەر کار و چالاکییەکانی نەدێنان. بەڵام لەم قۆناخەدا دەبێ تەمای گرتبێ کە پێشی ڕێبەرانی ئایینی زەردەشتی بگرێ، چونکە کەتن و پیلانەکانی مەزدەکییان ڕۆژ بە ڕۆژ بێزارتری دەکرد. ماهبود بوو بە یەکێک لە ڕازداران و ڕاوێژکارانی تایبەتی پادشا و نازناوی «سەرنەخویرەگان»ی درایە.[۱۷۷]

وادیارە کە کواد ئەم هەلەی خواستۆتەوە و دمارگرژی و لایەنگری خۆی سەبارەت بە ئایینی ڕەسمیی وڵات ئاشکراکردووە. بۆیە گورجییەکان کە مەسیحی بوون، ناچاری کردن ئیمان بە ئایینی زەردەشتی بێنن. بەتایبەت قەدەغەی لەسەر دانان کە مردووەکانیان نەنێژن و فەرمانی دا لاشەکانیان بە دابی ئێرانی لە سەیزانان دابنێن هەتا قەل و داڵ بیانخۆن. وادیارە گوناهی ناشتنی مردووان کە لە محاکەمەی سیاوەشدا زۆری پێ لەسەر داگیرا و بە تاوانی گەورە دانەدرا، کارێکی هەڵکەوت و بێمەبەست نەبووە. «گۆرگین»ی پادشای گورجستان کە ژێرفەرمانی پادشای ئێران بوو، هاواری بردە بەر ئیمپراتۆری ڕۆم و ئەویش بە هانایەوە هات. لەم کاتەدا قڕەی نێوان ئێران و ڕۆم تەشەنا بۆوە و هەر کە ساڵی ۵۲۷ داهات، شەڕی بەئاشکرا هەڵگیرسا.[۱۷۸]

ئەگەر بێتوو بە وردی سەرچاوە بەردەستەکانی مێژوویی بخوێنینەوە و لە چۆنیەتی بانگهێشتن و بانگەوازی مەزدەکییە بکۆڵینەوە، کەموزۆر بۆمان ڕوون

دەبێتەوە کە پەلهاویشتنی ئەم ڕێبازە لە درێژەی ماوەی پادشایەتی کوادا چەندە زۆری تەنیوەتەوە. بێگومان لە سەرەتادا شەریعەتی مەزدەکی بە باری ئایینیدا کەوتووە و بناغەدانەرەکەی کەسێکی ئەویندداری گۆڕان و چاکسازیی ئیدەئالیستی و خوازیاری باش بوونی بارودۆخی ژیانی خەڵک بووە و بە هیچ چەشنێک بیر و بۆچوونەکانی غەرەزمەندانە نەبوون. لایەنی کۆمەڵایەتی ئەم دەنگ و ڕێبازە بە باری گرینگایەتیدا کەوتۆتە پلەی دووەم و ئەو فەرمانانەی کە کواد لە دەورەی یەکەمی پادشایەتی خۆیدا بە مەبەستی ڕاپەڕاندن و جێبەجێ کردنی ئامانجەکانی دنیایی مەزدەکییان دەریکردوون، هەرچەندە بە شۆڕشگێڕانە داندراون، بەڵام ئەوەندەی کە میژوونووسانی بێگانە کردوویانەتە هەرا، تەڕ و تازە نەبوون. لە ڕۆژگاری لادرانی کواد و چاخی حوکمڕانێتی جاماسپدا، وادیارە مەزدەکییە پێشکەوتێکی وایان نەکردووە و جەغزیان لە دەوری دراوە. کەچی دیسانیش بیر و باوەڕی کۆمۆنیستی ئەم ڕێبازە وردەوردە چۆتە نێو جەماوەر و لە سەرەتادا بە هێمنی و پاش ماوەیەک بە خێرایی بڵاوبۆوە. دوایە کۆمەڵێک سەردەستە و بڵاوکەرەوە ڕاپەڕێن کە نە ئیمانیان هەبوو، نە لە خودا دەترسان و نە وەک مەزدەک بێ غەرەز و چاکسازییخواز حیساب دەکران. لەبەروەی کۆمەڵانی خەڵک زۆر لێکگردبوونەوە ئازایەتییان گوڵی کرد و کەوتنە زۆرەملی و دەسدرێژی. جا ئەگەر بڵێین کە ئەم بڕگەیەی خوارەوە لە نامەی تەنسەردا ئاماژەیە بەم بارودۆخە، زۆرمان لە ڕێی ڕاست لانەداوە: «پەردەی خۆ پاراستن و شەرم و شکۆ لادرا، تیرەیەک پەیدا بوون، کە خاوەنی هیچ کار و هونەر و شەرف و میراتگری چ بستە زەوییەک نین. ئەمانە بە تەنگ بنە و بنەچەکەوە نانالێن و هیچ شوغڵ و سنعاتێک نازانن. تۆزە فکرێکیان لە میشکا نیە، چ پیشەیەک بەڵەد نین، حازر و ئامادەن بۆ شۆڤاری و شەڕەنگێزی و بڵاوکردنەوەی درۆ و بوختان و کیسەی بەڕێچوونیان لێ ئاخنیوە و پێی وەسەر کەیف کەوتوون و ئەنگڕاون.»[۱۷۹] پاشان لە هەر لاوە دەستی زوڵم و زۆری درێژ کرا؛ ڕاپەڕیوان لە سەرای نەجیمزادان وەژوور دەکەوتن و گەسکیان لە مااڵی دەدان و ئەتکیان بە سەر ژنانیان دێنا و لە گۆشە و کەناران زەوی‌وزاریان داگیر و وێران دەکردن، چونکە پێداکەوتووان هیچیان لە کاری کشتوکاڵ نەدەزانی.

جا بزانە ئاژاوە و هەڕەجمەڕەج گەیوەتە کوێ و لە ڕووی گێڕانەوەی میژوونووسانی عەرەب سەبارەت بە سازدانەوە و ئاوەدان کردنەوەی خاکی

ورد و وێران لە لایەن خوسرەوی یەکەمەوە دەردەکەوێ کە وڵات تا چ ئاستێک تووشی خاپووری بووە. لە بەشی داهاتوودا بابەتە پتر دەکەینەوە.

ئەگەرچی ئایینی مەزدەک پاش تێخزان و پەل هاویشتن لە نێو چین و توێژەکانی خواروو کۆمەڵ وردەورده کەوتە سەربارى ڕێبازێکی سیاسی شۆڕشگێڕانە، بەڵام بنەمای ئایینی وی هەر مابۆوە و پەیڕەوانی ئەم دینە، لە نێو چینەکانی بالاشدا خۆیان دەنواند.[180] سەرەنجام مەزدەکییەکان ئەوەندیان لە خۆیان ڕادی کە دەستیان کرد بە دانانی پلەوپایەی ڕێبەران و پیاوانی ئایینی و کەسێکیان بە پێشەوای دینی هەڵبژارد. بەگوێرەی گێڕانەوەی مەلالاس ناوی ئەو کەسە «ئیندەرەزەر» بووە[181] و نۆڵدکێ بە «ئەندەرزگەر»ی زانیوە کە بە واتای دەرسوێژ و ڕاوێژکارە.[182] ئەم وشەیە سەرناو بووە نەک ناوی ئاسایی و وادیارە سەرۆکی تێکڕای کۆمەڵی مەزدەکی پێی گوتراوە ئەندەرزگەر. هەرچۆنێک بێ مەلالاس و تیئۆفانس وایان گێڕاوەتەوە کە ئەم ئەندەرزگەرە لە قەڵاچۆکرانی مەزدەکییاندا کوژراوە و لە لایەکی ترەوە تەواوی سەرچاوەکانی مێژوویی ئێرانی و عەرەب کە ژێدەریان «خودای‌نامگ» بووە، نووسیویانە مەزدەک لەگەڵ تاقمێ لە یارانی لە ڕۆژی قەڵتوبڕەکەدا کوژراوە. کەوایە زۆر وێدەچێ ئەندەرزگەرێکی کە مەزدەکییەکان کردیانە سەرۆکی گشتیی، هەر خودی مەزدەک بێ.

ئەو کزی و بێدەسەلاتییەی کە لەبەر ئاژاوەی کۆمۆنیستی مەزدەکییەکان لە ئێراندا بالی کێشابوو، ئەگەرچی نەیتوانی ببێتە کۆسپ و لەمپەر لەبەردەم کواد تا پیاوانە بەرەنگاری ڕۆمییەکان ڕاوەستی، بەڵام هەر ئەم لاوازییەی نێوخۆیی وای کرد کە «حارث بن عمرو» لە خێڵی «کێندە» توانی «مونزێری سێهەم»ی میری حیرە ڕاوبنێ و خۆی لە جێگاکەی دابنیشێ.[183]

ڕووداوی قەڵتوبڕی مەزدەکییان لە کۆتایی ساڵی ٥٢٨ یان سەرەتای ٥٢٩دا قەوما.[184] هۆکارەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ سەر گەڵاڵەیەک کە مەزدەکییەکان سەبارەت بە جێنشینایەتی‌میریی کاووس پێدێشخوارشای کوڕی کواد دایانڕشتبوو و دەیانویست بەپێچەوانەی تەما و بڕیاری فەرمانڕەوا، لە ڕێی پیلان و تین دانەوە ئەم شازادە مەزدەکییە بەرنە سەر تەختی دەسەڵاتی ئێران و خوسرەو فت کەن. ئەمە ئاخرین تنۆک بوو کە کاسەی سەبری لێوان کرد. ئەگەرچی نابێ هەموو قسە و بۆچوونەکانی تیئۆفانس لەم بابەتەدا بە ڕاست

بگـرین، بـەڵام ئـەو سـەربوردەیەی کـە مـەلالاس و تیئۆفـانس (سـیئۆفانس) گێڕاویانەتەوە، بریتییە لە ڕاستەقینەیەکی مێژوویی. ئەم دوو دیرۆکنووسـە، بابەتەکانی خۆیان لە «بەسـتەگەر»ی ئێرانـی وەرگرتـووە،[185] کـە پـاش ئـەم ڕووداوانە چۆتە سەر دینی نەسارا و وسڵی بەدانستەی ئایینی مەسـیحی دراوە و بە «تیمۆتە» ناودێر کراوە.

دەوڵەتداران ڕەوت و شێوازێکیان گرتەبەر کە گەلێ جاران بـەتاقی کرابـۆوە. کۆمەڵێک ڕێبەری ئایینی بانگهێشتن کـران[186] و ئەندەرزگـەری مەزدەکییـەکان و سایری سـەرۆکانی تیرەکـەیان لـەوێ کـۆ کـردەوە و جـەماوەرێکی بـەربڵاوی پەیڕەوانی مەزدەکیشیان بانگ کرد هەتا لـە کۆبوونـەوەی بـاس و دەمەتەقـەی ڕەسمییدا ئامادە بن. خودی کواد کۆڕەکەی دەگێڕا،[187] بـەڵام خوسـرەو کـە بـۆ جێگرەوەی پادشا دیاری کرابوو و مـافی خـۆی لـە مەترسـی کـەتن و پـیلان و دەستەبەندی مەزدەکییان و کاووسدا دەبینی، هەموو هێز و توانـای خسـتەگەڕ هەتا کارەکە بە باریکدا بڕوا کە زەبرێکی کوشندە و یەکلاکەرەوە وە پەیـڕەوانی مەزدەکی بکەوێ.[188] بۆیە چەند کەس لە دەمەوەران و زمانپاراوانی کارکوشتەی لە نێو مووبەدان هەڵبژارد و وەپێشی دان. ئەو کەسـانە بریتـی بـوون لـە: کـوڕی «ماهـداد»، «ویەشـاپوور» و «دادهـۆرمز»، «ئادورفەرەنبـەغ»، «ئادوربـەد»، «ئـادورمێهر» و «بـەختئافریـد»[189]. «مووبـەدانموبـەد»، «گلۆنـازێس» و «بازانێس»ی[190] ئۆسقۆفی مەسیحییەکانی ئێران کە لەم پێشهاتەدا پاڵیان وەپاڵی زەردەشتییەکان دابوو، لەوێ ئامادە بوون. بازانێس زۆر کەوتبووە بەر سەرنجی کواد، چونکە شتێکی لە پزیشکی دەزانی. خـوایینـەخوایی پـارێزەرانی ئـایینی مەزدەکی قسەیان پێنەما و بەزین و لەم کاتەدا پۆلێـک چەکـدار کـە پاسـەوانی تایبەتی کۆزیلەی مەزدەکییەکان بوون، جیفڕکیان لـە خۆیـان دا و بـە شـیر و خەنجەری ڕووتەوە دایانگژانێ. ئەندەرزگەر (کە وادیارە دەبـێ خـودی مـەزدەک بووبێ) کوژرا.[191] ژمارەی ڕاستەقینەی ئەو مەزدەکییانەی لەو داوەدا تێـداچوون ڕوون نیە. ئەو ژمارانەی مێژوونووسانی ئێرانی و عەرەب هێناویانن بنەمایـەکی دروستیان نیە، بەڵام وادیارە تێکڕای ڕێبەران و سەرۆکان لەم شوێنەدا کـوژران. پاش ئەم کارەساتە حوکمی کوشتاری سەرجەم مەزدەکییەکان دەرکـرا،[192] بـەڵام چونکە پەیڕەوانی ئەم ئایینە خاوەنی سەرۆکێکی وا نەبوون کە بە گوێی بکـەن و

سەری وەبەر بێنن، پرشوبڵاو بوون و لە بەرامبەر دوژمنانی خۆیاندا هێزی ڕاوەستان و بەرەنگارییان بۆ کۆنەکرایەوە. هەموو دەستیان لێکبەردا و ماڵ و سامانیان دەستی بەسەردا گیرا و کتێبە دینییەکانیان سووتێندران.[١٩٣] وا وێدەچێ کە لە نێوان قەڵتوبڕ و خاشەکێشانی مەزدەکییەکان و نوێ کردنەوەی فەرمانڕەوایەتی مونزێر لە حیرەدا پەیوەندی و پێویستییەک لە گۆڕێدا بووبێ، کە ئێمە بە ورد بوونەوە بۆمان ڕوون نابێتەوە. لە ساڵی ٥٢٩دا مونزێزی لەخمی توانی کە «حارس»ی کێندەی داگیرکەری میرنشینی خۆی ببەزێنێ و وڵاتەکەی وەدەس بێنێتەوە.[١٩٤] ئەم میرە دلێرە کە لە فێڵ و فەندی شەڕا تەڕدەس و تەواو کارزان بوو، لە شەڕی ئێران و ڕۆمدا گەلێک خزمەتی گرانبایی پێشکێش بە ئێرانییەکان کرد. ئەمە کەسێکە کە پرۆکۆپیۆس بە زمانی یۆنانی ئاوای ناوناوە: «ئەلمۆندەرۆس هو سەکیکێس» واتە «المنذر بن‌الشقیقه».[١٩٥]

وا وێدەچێ کە پاش قەڵاچۆ کردنی مەزدەکییان، کواد دەستی دابێتە کەڵتە و ئاوەدان کردنەوەی وڵات. ئەمە کارێک بوو کە خوسرەوی یەکەمی جێنشینی بە چاکی هەتا سەر بردی و هەروەها لە درێژەی ئەم ساز و ئاوەدان کردنەوانەدا بوو کە کواد کەوتە بیری چاکسازیی لە وەرگرتنی پیتاکی داهاتا و بەروبووی شانازیی ئەم کارەش بە قسمەتی جێنشینەکەی بوو.[١٩٦]

لە ساڵی ٥٣١دا کواد نەخۆش کەوت و بەپێی پێشنیاری ماهبود، دوایین وەسیەتەکانی خۆی سەبارەت بە جێنشینایەتی خوسرەوی یەکەم نووسی. ماهبود وەسیەتنامەکەی ڕاستەوپاستە کرد و کواد مۆری لە سەر دا و دایە دەستی وی.[١٩٧] ماوەیەکی کورت دوای ئەم کارە، کواد کە بەڕاستی یەکێک لە گەورەترین پادشایانی ساسانی بوو، ماڵاوایی لە ژیان کرد. کاووسی شازادەی مەزدەکی کە لە چیاکانی پێدێشخوارگەر خاوەنی قەڵا و قایمەیەکی سەخت و ئەستەم بوو، بانگەشەی فەرمانڕەوایەتی دا، بەڵام ماهبود وەسیەتنامەی کوادی لە ئەنجومەنی مەزنان‌دا کە بەپێی یاسا دەبوو سەبارەت بە جێنشینایەتی پادشا دەنگ بدەن، هێنایەدەر و داوای کاووسی بردەوە پاش. هەموو ئامادەبووان لە سەر ئەم خاڵە بوونە هاوەنگی ماهبود کە ویستی پادشای کۆچکردوو حوکم و سەنگی یاسای هەیە،[١٩٨] چونکە تێکڕا دەیانزانی کە خوسرەو سیاسەت و هەڵوێستێکی قایم و پتەو لە بەرامبەر سەربزێوان و ئاژاوەگێڕان‌دا وەبەرچاو دەگرێ. موبەدان‌موبەد

لێرەدا تەنیا کاری ئەوەندە بوو کە وەسیەتنامەکە بکاتەوە و لە ڕووی خوسرەوەدا بیخوێنێتەوە.[١٩٩] وادیارە کە کاووس دژی براکەی ڕاپەڕیوە و دەستی بردووە بۆ شیر و تیران، بەڵام سەرنەکەوتووە. هەر چۆنێک بێ ماوەیەک دوای ئەوەی کە خوسرەو بوو بە پادشا، کاووس کوژرا،[٢٠٠] بەم شێوەیە ئاخرین مەترسییەک کە ڕەنگبوو لە لایەن مەزدەکییەکانەوە هەڕەشە بێ بۆ سەر وڵات، خاشەی بڕایەوە. لێرە بە دواوە، ئایینی مەزدەکییە کەوڵی خۆ حەشاردانی خستە سەر شانی و کەوتە پلە و شوێنی تاقمێکی نەهێنی و بەم چەشنە درێژەی بە ژیان و مانی خۆی دا و دوای نەمانی ساسانییانیش، لە سەردەمی ئیسلامدا گەلێ جاران سەری هەڵدا و خۆی نواند.

بنکەی ژین
www.zheen.org

پەڕاوێزەکان

١ - نامەی تەنسەر، دارمێستێتێر، ل ٢٢٢ و ٥٢٧؛ مینەوی ل ١٩.

٢ - هەمان، ل ٢٢٦ و ٥٣١؛ مینەوی، ل ٢٣.

٣ - بەڵگەیەکی کە دەیسەلمێنێ ژنانیش چوونە ڕاو، کۆمەڵەچیرۆکی بارامی گۆڕە.

٤ - مەرزبان‌نامە، چاپی قەزوێنی، ل ٢٢٧ بەرەودوا.

٥ - فارسنامە، ل ٩٧ - ٩٨.

٦ - نامەی تەنسەر، دارمێستێتێر، ل٢٢٣ و ٥٢٧؛ مینەوی، ل ٢٠.

٧ - هەمان، ل ٢٢٢ و ٥٢٦ - ٥٢٧؛ مینەوی، ل ١٨ - ١٩. بەڵام دەبێ ئەوەندەمان لەبەرچاوبێ کە نامەی تەنسەر پاش ئاژاوەی مەزدەک و ئالۆزبڵۆزییەکانی کۆمەڵی ئەو سەردەمی نووسراوە.

٨ - هۆفمەن، ل ٦٨ بەرەودوا.

٩ - نامەی تەنسەر، دارمێستێتێر، ل ٢١٥ و ٥٢٠؛ مینەوی، ل ١٤.

١٠ - مینوگئی خیرەد، بەشی ٣٢.

١١ - مێژووی بەر لە ئیسلام، چاپی فلیشێر، ل ١٥٠.

* لەبەروەی خۆم لە وەرگێڕانی شێعردا زۆر کول و کۆڵم، داوام لە شاعیری توانا کاک سەعید نەججارِی (ئاسۆ) کرد کە سەرجەمی ئەم هۆنراوانەی لەم کتێبەدا هاتوون، بیانکاتە کوردی. داستانی پینەچی لە خودی دەقی باوەڕپێکراوی «شانامە»دا ٥٠ بەیتە، بەڵام کریستێنسێن بۆ ٣٥ بەیتی دابەزاندووە، کاک ئاسۆ بردوویەتەوە سەر دۆخی خۆی. پڕ بە دڵ سپاسی دەکەم و خۆم بە ئەمەگداری دەزانم. «وەرگێڕ»

١٢ - نامەی تەنسەر، دارمێستێتێر، ل ٢١٤ و ٥١٩؛ مینەوی، ل ١٣.

١٣ - هەمان، ل ٢١٥ و ٥٢٠؛ مینەوی، ل١٤.

١٤ - تەنیا مەزن و ماقوولان و چەکداران و ڕووحانییان و دەبیران و ئەو کەسانەی وا لە خزمەت پادشادا بوون، سەرانەیان لێوەرنەدەگیرا. (تەبەری، ل ٩٦٢؛ نۆلدکێ، ل ٢٤٦) ئەم مەبەستە سەبارەتە بە دەستووراتی خوسرەوی یەکەم دەربارەی پیتاک، بەڵام وێدەچێ کە لەم بابەتەدا، بەر لە چاکسازییەکانی خوسرەویش، ڕەوتەکە هەروا بووبێ.

١٥ - تەبەری، ل ٨٧٥، دێڕی ١ - ٢؛ نۆلدکێ، ل ١٢٢، دێڕی ١٠ - ١١.

۱۶ - ئامیانووس، کتێبی ۲۳، بەندی ۶؛ کۆپلەی ۸۳.

۱۷ - تەبەری، ل ۹۸۹؛ نۆلدکێ، ل ۲۶۵.

۱۸ - ئامیانووس مارسێلینووس؛ کتێبی ۲۳، بەندی ۶؛ کۆپلەی ۸۰.

۱۹ - دینکەرد، کتێبی ۸، بەشی ۳۱؛ کۆپلەی ۳۱ - ۳۲ و ۳۴ - ۳۶ و کتێبی ۸، بەشی ۳۸، کۆپلەی ۳۵ و چەندی تر.

۲۰ - دینکەرد، کتێبی ۸، بەشی ۳۸، کۆپلەی ۵۱ - ۴۴ (سەکادومنەسک).

۲۱ - هەمان، بەشی ۲۳.

۲۲ - هەمان، بەشی ۳۸، کۆپلەی ۶۱ - ۶۲ (سەکادوم).

۲۳ - هەمان، بەشی ۴۲، کۆپلەی ۱ (سەکادوم).

۲۴ - هەمان، بەشی ۳۰، کۆپلەی ۱۱ (هووسپارەم).

۲۵ - بارتۆلۆمە، دادێستان، ل ۸؛ مافی ساسانی، ج ۱، ل ۳۱؛ ب ۲، ل ۲۱.

۲۶ - مافی ساسانی، ب ۱، ل ۳۱.

۲۷ - بارتۆلۆمە، ژن لە یاسا و مافی ساسانیدا، ل ۱۳.

۲۸ - ئامیانووس، کتێبی ۲۳؛ بەندی ۶، کۆپلەی ۷۶.

۲۹ - لەگەڵ وشەی «کەدبانوو»ی فارسی ئەمڕۆ، کە دەبێتە «materfamilias» پێکبگیرێ.

۳۰ - مافی ساسانی، ب ۱، ل ۳۶.

۳۱ - باتۆلۆمە، دادێستان، ل ۷.

۳۲ - وێست، دەقەکانی پەهلەوی، ب ۱، ل ۱۴۲ - ۱۴۳. بەگوێرەی گێڕانەوەکان بڕوانە: «پادشایەتی ساسانییەکان»، ل ۴۹.

۳۳ - مافی ساسانی، ب ۱، ل ۳۱ بەرەودوا.

۳۴ - هۆفمەن، ل ۹۶. لێرەدا ئەو مەبەستە وەک شتێکی لە ڕێسابەدەر و نابـاو دەچـوو: مێهرانگوشنەسپ ئیمانی بە دینی عیسا هێنا و ئەمەش وای لێکرد کە لە ژنەکەی خۆی کە خۆشکی بوو، جودا بێتەوە.

۳۵ - کەمبووجیە دوو خوشکی خۆی لە ژێر نیکاحیدا بوون کە یەکیان ناوی ئاتۆسا بوو. داریووشی دووەم «پەریساتیس»ی خوشکی خۆی هێنا و ئەردەشـێری دووەم لەگـەڵ دوو کچی خۆی بـە نـاوی ئاتۆسـا و ئامێسـتریس زەماوەنـدی کـرد و داریووشـی سـێهەم «ئێستاتئیرا»ی کیژی خۆی کردە ژنی.

۳۶ - دینکەرد، کتێبی۹، بەشی ۶۰، کۆپلەی ۲ - ۳.

۳۷ - هەمان، بەشی ۴۱، کۆپلەی ۲۷.

۳۸ - شایست نی شایست، ۱۸/۸.

۳۹ - ئاگاسیاس، ۲۴/۲.

۴۰ - لانگلوا، ب ۱، ل ۸۳؛ بەراورد بکرێ لەگەڵ یادداشتەکانی وەرگێڕی فەرانسەوی.

۴۱ - ئێردای ویرازنامگ، ۱/۱۲.

۴۲ - هۆفمەن، ل ۹۵.

۴۳ - زاخەو، کتێبی مافی سۆریانی، ب ۳، ل ۲۶۵.

۴۴ - بڕواننە وێست، دەقەکانی پەهلەوی، ب ۲، ل ۳۸۹ بەرەودوا؛ ئینۆسترانتزێف، خوێندنەوەکانی ساسانی، بۆگدانۆڤ کردوویەتە ئینگلیسی، گۆڤاری کاما، ژمارە ۷، ل ۶. هتد. دو مێناش، بلاڤۆکی ڕۆژهەلاتیی، خولی ۹، ل ۵۳۹ بەرەودوا.

۴۵ - ئائیرپەتەستان و نەیرەنگستان، ل ۱۰، یادداشتی ۵.

۴۶ - بیل، ئاسەوارەکانی بوودایی لە دنیای ڕۆژاوا، ب ۲، ل ۲۷۸.

۴۷ - دینکەرد، کتێبی ۸، بەشی ۳۱، کۆپلەی ۱۳ - ۱۴ (هووسپارەم)

۴۸ - هەمان، بەشی ۳۱، کۆپلەی ۱۵ (هووسپارەم).

۴۹ - بە ڕاوێژی جەماوەری ئاسایی بۆتە مەهرام گۆشنەسپ (کردەوەکانی شەهیدان).

۵۰ - بڕواننە کریستێنسێن، کەیانییەکان، ل ۴۰ هتد؛ ویکاندر، مەردان، ل ۹۷ - ۹۸.

۵۱ - دینکەرد، کتێبی ۸، بەشی ۳۱، کۆپلەی ۲۱ - ۲۲ (هووسپارەم).

۵۲ - هەمان، بەشی ۳۸، کۆپلەی ۶ - ۷ (سەکادوم).

۵۳ - هەمان، بەشی۳۵، کۆپلەی ۹ (سەکادوم).

۵۴ - هەمان، بەشی ۳۸، کۆپلەی ۱۹ (هووسپارەم).

۵۵ - هەمان، بەشی ۳۱، کۆپلەی ۹ - ۱۰ (هووسپارەم).

۵۶ - هەمان، بەشی ۴۳، کۆپلەی ۱۳ (سەکادوم).

۵۷ - هەمان، بەشی ۴۳، کۆپلەی ۱۰ (سەکادوم)

۵۸ - هەمان، بەشی ۲۰، کۆپلەی ۸۹ (نێکادوم).

۵۹ - هەمان، بەشی ۴۳، کۆپلەی ۱۱ (سەکادوم).

۶۰ - هەمان، بەشی ۴۳، کۆپلەی ۲۰ (سەکادوم).

۶۱ - هەمان، بەشی ۲۰، کۆپلەی ۹۵ (نێکادوم).

۶۲ - بارتۆلۆمە، لەهجەکانی ئێرانی نێوەڕاست، ب ۲، ل ۶.

۶۳ - دینکەرد، کتێبی ۸، بەشی ۲۰، کۆپلەی ۹۴ (نێکادوم).

۶۴ - مافی ساسانی، بەرگی ۵، ل ۱۰ بەرەودوا، ل ۲۷ هتد و ل ۳۸؛ ژن لە یاسا و مافی ساسانیدا، ب ۱۰ - ۱۱.

۶۵ - دادێستان، ل ۱۵، یادداشت؛ مافی ساسانی، ب ۵، ل ۷؛ ژن لە یاسا و مافی ساسانیدا، ل ۱۱.

۶۶ - مافی ساسانی، ب ۱، ل ۲۷.

۶۷ - هەمان، ل ۲۵ هتد.

۶۸ - هەمان، ل ۲۵ هتد.

۶۹ - هەمان، ب ۱، ل ۴۹ بەرەودوا.

۷۰ - دینکەرد، کتێبی ۸، بەشی ۳۱، کۆپلەی ۵ (هووسپارەم).

۷۱ - مافی ساسانی، ب ۱، ل ۴۶ بەرەودوا.

۷۲ - دادێستان، ل۱۳.

۷۳ - هەمان، ل ۵.

۷۴ - دینکەرد، کتێبی ۸، بەشی ۲۰، کۆپلەی ۱۲۶.

۷۵ - دادێستان، ل ۸ - ۹.

۷۶ - مافی ساسانی، ب ۱، ل۲۹ بەرەودوا، ژن، ل ۱۴هتد.

۷۷ - مافی ساسانی، ب ۱، ل ۳۶ - ۳۷. خوێندنەوەی ئەم زاراوەیە گومان لێکراوە.

۷۸ - مەردان، ل ۹ - ۲۱.

۷۹ - ژن لە یاسا و مافی ساسانیدا، ل۷.

۸۰ - هەمان، ل ۱۸.

۸۱ - نامەی تەنسەر، ل ۲۲۴و ۵۲۹، چاپی دارمێستێتێر، مینەوی، ل ۲۱ - ۲۲.

۸۲ - چاپی زاخەو، ل ۵۳، تەرجەمەکەی هەر لە لایەن ئەم کەسەوە، ب ۱، ل ۱۰۹-۱۱۰.

۸۳ - بڕوانە دادێستانئی دینیگ ۲/۵۶ و ۲/۵۹.

۸۴ - هەمان، ۸/۵۶.

۸۵ - هەمان، ۷/۵۶.

۸۶ - لە دەقەکەدا وا نووسراوە، بەڵام بەگوێرەی ڕێسا دەبێ کوڕی برازا لە پێش کچی برازاوە بێ.

۸۷ - دادێستانئی دینیگ، ۶/۵۶، بەراورد بکرێ لەگەڵ ۳/۵۸.

٨٨ - دادێستانئی دینیگ، بەشی ٥٧، کۆپلەی ٢ - ٤.

٨٩ - کورتەی مادەیان هەزار دادێستان، یونکێر، فەرهەنگئی پەهلەویگ (هیدلبێرگ، ١٩١٢)، ل ٩٠.

٩٠ - دادێستانئی دینیگ، بەشی ٥٨.

٩١ - هەمان، بەشی ٥٤، کۆپلەی ١٠ - ١٢. ڕێوشوێنی سەبارەت بە وەرگرتن و قبوول کردنی منال لە نەسکەکانی هووسپارەم و سەکادومدا بووە، دینکەرد، کتێبی ٨، بەشی ٣٦، کۆپلەی ١٣ و بەشی ٤٣، کۆپلەی ١٤.

٩٢ - مافی ساسانی، ب ٣، ل ٧.

٩٣ - هەمان، ب ٥، ل ١٤، یادداشتی ٤، ل ٣٥، یادداشتی ٣؛ ژن، ل ١٣ - ١٤.

٩٤ - نامەی تەنسەر، دارمێستێتێر، ل ٢٢٤ و ٥٢٨؛ مینەوی، ل ٢١.

٩٥ - لێرەدا مەبەست لە ژنی ئاسایییە، چونکە ژنی سەرتۆپ (سەرگول) بە ئەقرەبای نیزیک داندراوە.

٩٦ - دادێستانئی دینیگ، بەشی ٥٤، کۆپلەی ١ - ٩.

٩٧ - مافی ساسانی، ب ١، ل ٧ بەرەودوا.

٩٨ - هەمان، ب٣، ل٥ بەرەودوا.

٩٩ - هەمان، ب٣، ل ٢٩ هتد.

١٠٠ - هەمان، ب٣، ل ٥٠ هتد.

١٠١ - هەمان، ب٣، ل ١٩.

١٠٢ - هەمان، ب ٢، ل ٥.

١٠٣ - هەمان، ب ١، ل ٣٩ بەرەودوا، ب ٣، ل ٥٤، یادداشت.

١٠٤ - هەمان، ب٤، ل٥ بەرەودوا.

١٠٥ - پالیارۆ Pagliaro, L'anticresi nel diretto Sâsânidico (Rivista degli studi orientali, XV, p. 275 - 315.

١٠٦ - مافی ساسانی، ب ٢، ل ٢٣ بەرەودوا.

١٠٧ - هەمان، ب٣، ل ٤٧.

١٠٨ - دینکەرد، کتێبی٨، بەشی ٤١.

١٠٩ - هەمان، بەشی ٣٩. بارتۆلۆمە لە گۆڤاری ڕۆژهەلاتیی ڤییەنداء ل ٣٤٧ هتد. باس و بابەتێکی ورد و باریکی سەبارەت بە هەلسوکەوت لەگەل کۆیلان و قەدەغە بوونی

بنکەی ژین
www.zheen.org

فرۆشتنیان به کەسانی لادین و ڕێوشوێنی سەبارەت بە مەسیحی (کۆیلە)ی ڕاکردوو کە بچێتە سەر دینی زەردەشتی و هتد، لە کتێبی مادەیانئی هەزار دادێستان هەڵێنجاوە و بڵاوی کردۆتەوە.

١١٠ - مێژووی کواد و ڕێبازی مەزدەکییە کە لێرەدا هێناومانە، لە بنەڕەتەوە دەگەڕێتەوە سەر نێوەرۆکی لاپەڕە ٩۴ - ١٢٧ی نامیلکەیەک کە سەربەخۆ بە ناوی «پادشایەتی کوادی یەکەم و کۆمۆنیزمی مەزدەکی» نووسیومانە. سەبارەت بە وردەکاری دەربارەی سەرچاوە باسکراوەکان، وا باشە خوێنەران سەرێک لە بەشی یەکەمی ئەو بەرهەمە هەڵێنن کە تێکڕای ژێدەرەکان لەوێدا خراونەڕوو؛ چۆنیەتی پەیوەندیی سەرچاوەکانی لەگەڵ یەکتر و جێمتمانەبوونی مێژوویی هەرکام لە بەڵگەنامەکان لەوێدا باسی لێوەکراوە. سەرچاوە سەرەکییەکان بریتین لە:

یەکەم، یووشەع ئێستیلیتسی بەدرۆ، کە لە نووسەرانی سۆریانی ئەو چاخە بووە و سەبارەت بە ڕووداوەکانی سالانی ۴٩۴ - ۵٠۶ دەدوێ.

دووەم، پرۆکۆپیۆس بیزانسی، شەڕی ئێران، کتێبی یەکەم، بەندی ٣ - ٢١؛ ئاگاسیاس بیزانسی (٢٧/۴ - ٣٠.)

سێهەم: بابەت و وتاری پرشوبڵاو لە ئەدەبیاتی ئایینی پەهلەوی‌دا. (لە شیکردنەوەی وەندیداد، وەهمەنیەشت و دینکەرد، لە بۆندەهێشنی گەورەدا، چاپی ئەنکلساریا، ل ٢١۵) برگە و ڕستەیەک هەیە کە لە کتێبە پێشتر باسکراوەکەی منا هەر ناوی نەهاتووە و وادیارە سەرچاوەکەی یەکێک لە تەرجەمە عەرەبییەکانی خودای‌نامگ بووە.

چوارەم: بابەت و گێڕانەوەکانی عەرەبی و فارسی کە سەرچاوەی سەرەکییان خودای‌نامگە و لە نێویان‌دا چوار چەشن گێڕانەوەم هەست پێکردووە: ١ - یەعقووبی، ب ١، ل ١٨۵؛ تەبەری، ل ٨٨۵، دێڕی ٧ - ١٨ و ل ٨٨۶، دێڕی ٢٠ هەتا ل ٨٨٨ و ل ٨٩٣ - ٨٩۴ (نۆلدکێ، ل ١٣٩، دێڕی یەکەم هەتا ل ١۴١ و دێڕی ٢، ل ١۴۴، دێڕی ٢تا ل ١۴٧ و ل ١۵٣ - ١۵۵. ٢ - ئووتوکیووس، چاپی پۆکۆش، ل ١٢۶ - ١٣٣ و ١٧۴ - ١٨١، چاپی شیخۆ، ب ٢، ل ١٩١ هتد و ل ٢٠۶ بەرەودوا؛ ئیبنوو قوتەیبە، چاپی ووستێنفێلد، ل ٣٢٨؛ تەبەری، ل ٨٨٣ تا ٨٨۵، دێڕی ۵ و ٨٨۵، دێڕی ١٩ تا ل ٨٨۶، دێڕی ١٨ و ل ٨٩۶ - ٨٩٨ (نۆلدکێ، ١٣۵ تا ١٣٨، دێڕی ١٣ هەتا لاپەڕە ١۴٢ و ل ١۶٢ - ١۶۴)؛ موتەهەر بنی تاهیری موقەددەسی، چاپی هوارت، ب ٢، ل ١۶٧ هتد، تەرجەمە، ل ١٧٠ بەرەودوا؛ مەسعوودی، مورەوویج، ب ٢، ل ١٩۵ هتد، هەمزەی

ئیسفەهانی، ل ۱۰۶ - ۱۰۷، تەرجەمە، ل ۸۳. ۳ - دینەوەری، ل ۶۲، ۶۶ - ۶۹؛ نیهایە، ل ۲۲۶ هتد.۴ - کتاب الاغانی، چاپی بولاق، ب ۸، ل ۶۳ - ۶۴؛ هەمزە، ل ۵۶، تەرجەمە، ل ۴۱؛ سەعالبی، ل ۵۸۳؛ فیردەوسی، چاپی مول، ب ۶، ل ۱۰۳ بەرەودوا؛ بیروونی، ئاسارولباقیە، ل ۲۰۹، وەرگێڕدراو، ل ۱۹۲؛ موجمەلوتتەواریخ، مول؛ گۆڤاری ئاسیایی، خولی سێیەم، ب ۱۴، ل ۱۱۶ هتد و ۱۳۶ بەرەودوا؛ ئیبنوو ئەسیر، تۆرنبێرگ، ب ۱، ل ۲۶۹ بەرەودوا، ئەبولفەدا، چاپی فلیشێر، ل ۸۸. نووسەرانی دەستەی چوارەم کەلکیان لە ئەفسانەی مەزدەک (مەزدەکنامگ) وەرگرتوو... .

۱۱۱ - بڕواننە پاشکۆی دووەم.

۱۱۲ - لە سەرچاوەکانی عەربی و فارسیدا کە لە ڕووی دەقی خودایناملەوە نووسراونەتەوە، کوژرانی زەرمێهر و ئیعدامی یەکی دیکە لە گەورەپیاوان بە ناوی سیاوەش کە سی ساڵ دواتر ڕووی دا، بە هەڵە تێکەڵ کراون. بڕواننە پادشایەتی کوادی یەکەم، ل ۹۴، یادداشتی ۱.

۱۱۳ - تەبەری، ل ۸۸۵؛ نۆلدکێ، ل ۱۴۰.

۱۱۴ - نیهایە، ل ۲۲۶.

۱۱۵ - بەپێی گێڕانەوەی مارکوارت، گۆڤاری ڕۆژهەڵاتیی ئالمان، ب ۴۹، ل ۶۳۷. یادداشتی ۶، ئەم سپاهبود شاپوورە، هەمان «ئیسپیدیس»ە. کە لەگەڵ سلێری ڕۆمی پەیماننامەی شەڕبرانەوەی لە ساڵی ۵۰۵ یا ۵۰۶دا مۆر کرد و بەپێی گوتەی پرۆکۆپیۆس خەزووری کواد بووە. بەڵام ئێستیلیتس بە «بوویە» ناوی دەبا. بێشک ئەمە هەر ئەو «بوویە»یە کە بە وەهریز ناسرابوو (بڕواننە: هۆبشمان، ڕێزمانی ئەرمەنی، ب ۱، ل ۵۹، ۷۸). بە قەولی پرۆکۆپیۆس ئەم کەسە سپای ئێرانی بە دژی گۆرگینی پادشای گورجستان سەرکردایەتی دەکرد. کەوایە دەبێ وا دابندرێ کە بوویە جێنشین یان یەکێک لە جێنشینانی شاپوور بووە کە پلەی ئێرانسپاهبود یان ئەسپەهبەدی سەوادی وەرگرتووە.

۱۱۶ - لای دینەوەری؛ ئیستەخری، بڕواننە «پادشایەتی کوادی یەکەم»ل ۴۱، یادداشتی۱.

۱۱۷ - Migne, Pateologia, Series Graeca، ب ۹۷، ل ۴۶۵.

۱۱۸ - لە لاپەڕە ۸۱ی فارسنامەی ئیبنوو بەلخیدا هاتووە کە مەزدەکی زندیک (زەندیق) بەربەڕڵایی بەدی هێنا و ناوی نا ئایینی «دادەوان»ی.

١١٩ - مینەوی، هەمان کتێب، ل ٦٣٣.

١٢٠ - dərîst لەبری drust لە بڕگە و بابەتەکانی تۆرفانـدا وەبەرچاو دێM475V، بەیتی ٨، M74V، بەیتی ٨، بەراورد بکرێ لەگەڵ تێدێسکۆ لە «جیهانی ڕۆژهەڵات»دا، ب ١٥، ل ٢٠٩) نۆڵدکێ لە تێبینییەکی سەرسەرەکیدا (تەبەری، ل ٤٥٧، یادداشتی ١) بە گومانە لە مابەینی هەڵبژاردنی «دێروست دین» و «دەرەزد دین» بەڵام ئـەو شکڵـەی ئـاخری بـە دروستتر زانیوە... .

١٢١ - بڕوانـنە «پادشایەتی کوادی یەکەم»، ل ٩٧ بەرەودوا کە لەوێ تەواوی ئەو شکڵ و شـێوازانەمان خسـتۆتە بـەر لێکۆڵـینەوە و ئـەم وشـانە هـەموویان سـواو و پـواو و جێگۆڕکە پێکراوی وشەی «دێریز دین»ە و لەسەر زار و زمانی جەماوەری ئاسـایی بۆتـە دێریست دین.

١٢٢ - بەراورد بکرێ لەگەڵ وشەی پەهلەوی «بەوندەگ» (لە ئەرمەنیدا بۆڤـەندەک) بـە مانای «کامیل»؛ بڕوانـنە: زالمان، فێقهوللۆغە، ب ١، ل ٢٨٠، بەندی ٥٠، کۆپلـەی ١٤؛ نیبێرگ، نامیلکەی پەهلەوی، ب ٢، ل ٣٣.

١٢٣ - وادیارە ئەمە هەر ئەو زەردەشتەیە کە لە بەردەنووسـێکی یۆنـانیدا لـە Cyrène باسی کراوە و لەوێدا قسە لە شەریکەمالّی و شـەریکەژنی کـراوە. بـەپێی ڕاسـپاردەی زەردێس و فیساغۆرێس (بڕوانـنە شێرگوود فۆکس، بابەتەکانی ئـەدەبیاتی یۆنـانی و لاتین دەربارەی زەردەشت و ئایینی زەردەشتی، گۆڤاری کاما، ژمارە ١٤، ل ١١٨.)

١٢٤ - مەلاڵاس و تیئۆفانس«Theophans» و بە پەیـڕەوی ئـەوان سـیدرێن «Cedréne» و زۆناراس «Zonaras»، میشێلی سۆریانی، تەرجەمەی شابۆ، ب ٢، ل ١٩٠.

١٢٥ - بەگوێرەی گێڕانـەوەی تەبـەری و ئەبولفـەدا، خوسـرەوی یەکـەم زۆرێـک لـە پەیڕەوانی مەزدەک و چەند کەس لە پەیڕەوانی مانی کوشت. لە ڕاستیدا مەبەستی ئەوان لە پەیڕەوانی مانی، مەزدەکییان بوون.

١٢٦ - لۆسترانج، قەڵەمڕەوی خەلافەتی ڕۆژهەڵاتیی، ل ٣٨.

Le Stange, the Lands of the Eastern Caliphate.

١٢٧ - شێفر، دەقەکانی فارسی، ب ١، ل ١٥٨.

١٢٨ - سەرچاوەی سەرەکی دەربارەی بیر و باوەڕی مەزدەک کتێبی شەهرستانییە. چاپی کۆرتۆن، ل ١٩٢ بەرەودوا، تەرجەمەی هاربرووکێر، ب ١، ل ٢٩١ هتد.

١٢٩ - مەبەست لەم هێزانە «زۆروان»ە کە لە دەقەکانی مانـەوی‌دا هـاتووە. پێکـی‌بگـرن لەگەڵ چوار هێزی خودای نوور، موولێر، شوێنەوارە دەسنووسەکان، ب ٢، ل ٦٢.

۱۳۰ - بەراوردی بکەن لەگەڵ پێرستی کاربەدەستانی پایەبەرز و گەورەپیاوانی ئێران کە یەعقووبی و مەسعوودی لە کتێبی خۆیاندا خستوویانەڕوو. مەزدەک بە مەبەستی پێکگرتن و بەراوردی چینەکانی بوونەوەرانی ئاسمانی لەگەڵ چینەکانی بارگای ئێران، چوارکەس لە پایەبەرزترین کاربەدەستانی هەڵبژاردووە، بەڵام جێی سەرسوڕمانە کە ڕامێشگەریش لە ڕێزەی ئەم مەزنانەدا ناوی هاتووە. لەم بارەوە بڕوانە بەشی داهاتوو.

۱۳۱ - بەراورد بکرێ لەگەڵ دوازدە «شەهرداریفت» یا ئێئۆنی مانەوەییەکان ئەم حەوت کەسە لە نێوان ئەو دوازدە کەسەدا دەسووڕێن وەک حەوت هەسارە کە لە جەغزی کەلووەکانی دوازدەییدا دەخولێنەوە. لە دەقی شەهرستانیدا سێزدە ناو نووسراوە.

۱۳۲ - لەبری کونەندەگ (کونەندەوە لە کردنەوە)، کونەندەگ (کەنەندە لە هەڵکەندنەوە)ش دەکرێ بخوێندرێتەوە. بڕوانە «پادشایەتی کوادی یەکەم» ل ۸۱، یادداشتی ۲.

۱۳۳ - بیروونی، ئیبنوو ئەسیر. لە شەریعەتی مانیدا خواردنی گۆشت بۆ «هەڵبژاردان» قەدەغە بوو.

۱۳۴ - لە بڕگەیەکی دەقی ئەڤێستایی وەندیدادا، باسی ئەو کەسانەیە کە لەگەڵ ئێستۆڤزۆتوو (بە پەهلەوی ئێستڤیدات) شەڕ دەکەن، کە دێوزمەی مەرگە. یەکێک لەو کەسانە «ئادەمیزادێکە کە بەرەنگاری ئەو کافرە ناپاکانە دەبێتەوە وا خۆیان لە خواردنی گۆشت دەپارێزن.» لە لێکدانەوەی پەهلەوی‌دا ئەم پەڕاوێزەی لێ زیاد کراوە: «کەسێک کە لەگەڵ کافرانی ناپاک بە شەڕ دێ کە بە زۆرەملی ناهێڵێ خەڵک گۆشت بخۆن، وەک مەزدەکی بامدادان کە جەماوەری بەرەو برسییەتی و مردن هان دەدا، کەسێکی ئەوتۆ بەرەنگاری ئێستڤیدات دەبێتەوە». بەگوێرەی گێڕانەوەی ئیبنوو ئەسیر خواردنی هێلکە و شیر و ڕۆنەکەرە و پەنیر بۆ مەزدەکییان مەباح بووە.

۱۳۵ - گێڕانەوەی عەرەبی لای تەبەری، بڕوانە: پادشایەتی کوادی یەکەم، ل ۷۹.

۱۳۶ - ئووتوکیووس «Eutychius»؛ تەبەری، سەعالبی؛ فیردەوسی و کێ و کێ.

۱۳۷ - شەهرستانی.

۱۳۸ - تەبەری.

۱۳۹ - ئەلفێهرست.

۱۴۰ - تەبەری، گێڕانەوەی عەرەبی.

۱۴۱ -بەپێی قسەی ئووتوکیووس، قاتی لە دەیەم سالّی حوکمڕانێتی کوادا پەڕی هەڵدا، بەڵام خۆ وەختایەکی کوادیان لە پادشایەتی خست، پتر لە هەشت سالّی پادشایەتی نەکردبوو.

۱۴۲ - تەبەری، ل ۱۴۲ - ۱۴۳، یادداشتی ۳، ل ۴۶۱.

۱۴۳ - سەبارەت بە وشەی زەندیک (کە عەرەب کردوویانەتە زەندیق) بڕوانە شنایدێرIranische Beiträge، ب ۱، نووسراوەکانی کۆمەڵەی زانایانی کونیگسبێرگ، ل ۲۴۷ بەرەودوا.

۱۴۴ - پرۆکۆپیۆس، ۳۰/۷/۱ - ۳۴.

۱۴۵ - شەڕی ئێرانییەکان، ۱۹/۹/۱ نموونەیەکی دیکەی پیاوەتی و جوامێری کواد، هەر ئەوێ، ۸/۱۳/۲ - ۱۵.

۱۴۶ - وادیارە کادیش «Kadish» لە مەڵبەندی سەنجار و نوسەیبین، تیرەیەکی هەفتالییان بووە. (بڕوانە: نۆلدکێ، گۆڤاری ڕۆژهەڵاتیی ئاڵمان، ب ۳۳، ل ۱۵۷ هتد؛ مارکوارت، ئێرانشار، ل ۷۷ بەرەودوا.

۱۴۷ - ئێستیلیتسی بەدرۆ.

۱۴۸ - ئاگاسیاس ئەم ڕووداوەی بردۆتەوە سەر ساڵی یازدەهەمی فەرمانڕەوایەتی کواد، بەڵام دروست نیە. ئەم هەڵکەوتە لە ساڵی ۴۹۵دا ڕووی داوە. ڕووداوی یازدەمین ساڵی حکوومەتی کواد، سەرلەنوێ چوونەوە سەر تەختی پادشایەتی خۆی بوو. بڕوانە نۆلدکێ، تەبەری، ل ۴۲۷ بەرەودوا.

۱۴۹ - پرۆکۆپیۆس ناوی ناوە «بەلاسیس» (وەلاش) و لەگەڵ میری پێش وی لێی‌تێکچووە. ڕەنگە وێکچوونێک کە لە باری ڕەوشت و چارەنووس لە نێوان ئەم دووەدا بووە، ئەم هەڵەیەی لێکەوتبێتەوە.

۱۵۰ - پرۆکۆپیۆس.

۱۵۱ - پرۆکۆپیۆس، خودای‌نامگ.

۱۵۲ - پرۆکۆپیۆس ڕزگار بوونی پادشا بە ئاکامی هەوڵ و تێکۆشانی سیاوەشی دۆستی وەفاداری دادەنێ. زۆربەی مێژوونووسانی ئێران و عەرەبیش کە سەرچاوەکەیان خودای‌نامگە، ئەم مەبەستەیان ڕاگواستووە، بەڵام لەبری سیاوەش نووسیویانە زەرمێهر. هەروەها گێڕاویانەتەوە کە کواد بە فێڵوفرتی ژنێک کە جوانییەکەی نیگابانی قەڵای لە خشتە برد، دەرباز بوو. پرۆکۆپیۆس ئەم ژنە بە خێزانی کواد دەزانێ و قوتار بوونی بە جلگۆڕکە ئاوا گێڕاوەتەوە کە کواد جلوبەرگی خێزانی کردۆتەبەری و پێیەوە دەرباز بووە. بەڵام لە گێڕانەوەیەکی دیکەدا تەبەری و خاوەنی فارسنامە، ئەو ژنەیان بە خوشکی کواد داناوە، کە براکەی لە مافوورەیەکەوە پێچاوە و بە بیانووی ئەوەی لە

حەیز کەوتووە و ڕاخەرەکەی پیس بووە و پێویستی بە پاک کردنەوەیە، بردوویەتە دەرەوە و قوتاری کردووە. دەکرێ نوقڵانەی لێبدرێ کە لە بنەڕەتەوە ئەم ژنە هەم ژن و هەم خوشکی کواد بووبێ. دینەوەری و خاوەنی نیهایەش وەک پرۆکۆپیۆس ئەم دوو نەقڵەیان تێکەڵ کردووە و پاش ڕزگاریی کواد بە دەس ئەم ژنە، ئاوااڵەکەیان هێناوەتە نێو حیکایەتەکە. ئاگاسیاس تەنیا دەڵێ کە کواد لە زیندان ڕایکرد، بەاڵم وەک پرۆکۆپیۆس بە ڕوونی نااڵێ کە ژنێک دەربازی کردووە یان چلۆن دەرچووە. لێرە دەکرێ وای بۆ بچین کە چیرۆکی فێڵوفرتی ژنێ لە سااڵنامەکانی ئێرانیدا نەبووە کە سەرچاوەی کاری ئاگاسیاس بوون.

١٥٣ - ئێستیلیتسی بەدرۆ؛ پرۆکۆپیۆس؛ ئاگاسیاس. ئەمە داستانێکە لەو کتێبانەدا کە سەرچاوەکەیان خودای‌نامگ بووە، خراوەتەڕوو. دەاڵێن کاتی ڕاکردن کواد بە نەناسیاو چۆتە گوندێک، شوێنی جوغرافیایی ئەم گوندە لەو بەاڵگەنامە ناوبراوانەدا جۆراجۆرە. لەوێ کچێکی خواست و ئەو ژنە کوڕێکی لێ بە وەلەد بووە و ئەو کوڕە خوسرەو ئەنووشیرەوانە. وەختایەک کواد پێیزانی کە ژنەکەی لە ڕەچەاڵکی یەکێک لە خانەدانە مەزنەکانی پادشایەتییە، لەگەاڵ منداڵەکەی بردنیە الی خۆی. هێندێک لە میژوونووسانی عەرەب و ئێرانی، الیان وایە کواد ڕایکردۆتە والتی هەفتالییان (یان ترکان) لە سەردەمی وەالشدا. هەروەک دیتمان، وێکچوونی فەرمانڕەوایەتی وەالش و جاماسپ، بۆتە هۆی ئاڵۆزکاوی و لێڵ و تارماوی بوونی گێڕانەوەکەی «پرۆکۆپیۆس»یش و هەر ئەم وێکچوونەش لە نەقڵ و نەزیلەکانی ڕۆژهەاڵتییدا وای کردووە کە دیسانەوەش ڕاستی میژوویی سەراوبن بێ... .

١٥٤ - ئێستیلیتسی بەدرۆ؛ پرۆکۆپیۆس، ئاگاسیاس؛ خودای‌نامگ، سەبارەت بە زەمانی ڕووداوەکە، تەبەری، ل ٤٢٨.

١٥٥ - ئەلیاسی نوسەیبینی، بڕوانە نۆاڵدکێ، تەبەری، ب ١٤٥ - ١٤٦، یادداشتی ٥.

١٥٦ - دینەوەری، نیهایە.

١٥٧ - ئەو وردەکارییانەی کە پرۆکۆپیۆس گێڕاونییەوە نابێ بە ڕاستەقینەی میژوویی وەربگیرێن. بۆ وێنە ئەمەی کە دەاڵێ: «کواد ڕایگەیاند ئەو کەسەی کە پاش پەڕینەوەی لە سنوورەکانی ئێران تەواو دەستی ڕێزی لێ بنێ، دەیکاتە کونارەنگ.»

کواد لە بیری چووبۆوە (!) کە هەرکام لە پلەوپایەکانی باڵای والت تایبەتی یەکێک لە خانەدانە کۆنەکان بووە و نەشیاوە بیدەن بە کەسێکی تر کە لەوان نەبێ، بەاڵم وا چاک

کەوت کە ئادورگۆنداد، کە لە بنەماڵەی کۆنی گوشنەسپداد بـوو، یەکـەم کـەس بـوو دەستی ڕێزی لێنا. لە ڕاسـتیدا پلـەی کونارەنـگ وادیـارە دەبـێ یـەکێک لـە حـەوت پلەبەرزەکەی وڵات و تایبەتی حەوت بنەماڵەکە بووبێ. دواتر خوسرەوی یەکەم، پـاش کوژرانی ئادورگۆنداد، پلەی کونارەنگی دا بە وەهرامی کوڕی وی (پرۆکۆپیۆس، کتێبـی یەکەم، بەندی ۲۳، کۆپلەی ۲۲).

۱۵۸ - قسەکەی پرۆکۆپیۆس کە دەڵێ سیاوەش هەوەڵین و ئاخرین کەسـی خـاوەن ئـەم پلەیە بوو، وا نیە.

۱۵۹ - ڕۆتشتەین، ل ۷۴.

۱۶۰ - ئێستیلیتسی بەدرۆ، بەشی ۲۴.

۱۶۱ - بڕوانە پاشکۆی دووەم.

۱۶۲ - چوار پادگووس یان پایگووس (بـەم چەشـنە لـە پارچـەکانی تۆرفـانـدا هەیـە) بریتی بوون لە: ئەباختەر (باکوور)، خوەڕاسـان (خوراسـان = ڕۆژهـەڵات)، نیـوەڕۆژ (باشوور)، خوەروەران (خاوەران = ڕۆژاوا). بڕوانـە: تەبەری، ل ۸۹۲ - ۸۹۳؛ نۆڵدکێ، ۱۵۱ - ۱۵۲ - ۱۵۵ یادداشتی ۲.

۱۶۳ - مارکوارت، ئێرانشار، ل ۶۳ - ۶۴ و۱۰۷.

۱۶۴ - هەمان، ل ۱۱۸، لە شەڕی دووەمی کوادا لەگەڵ ڕۆمی ڕۆژهەڵاتیی، سـابیرانیش بەشێک بوون لە لەشکری ئێران (پرۆکۆپیۆس، ۱/۱۵/۲).

۱۶۵ - تەبەری ل ۸۸۷ - ۸۸۸؛ نۆڵدکێ، ل ۱۴۶.

۱۶۶ - سەعالبی، ل ۵۹۴؛ فارسنامە، ل ۸۴.

۱۶۷ - پرۆکۆپیۆس، شەڕی ئێران، ۳/۱۱/۱؛ ئیبنوو ئیسفەندیار، زەهیرەددین، بڕوانـە «پادشایەتی کوادی یەکەم» ب ۷۵ بەرەودوا.

۱۶۸ - نۆڵدکێ، کارنامگ، ل ۴۷، یادداشتی۲؛ مارکوارت؛ ئێرانشار، ل ۱۳۰.

۱۶۹ - تیئۆفانس بە هەڵە بە سێهەم کوڕی کوادی داناوە.

۱۷۰ - نابێ ئەم گێڕانەوە چیرۆکییانە زۆر قبووڵ بکرێن.

۱۷۱ - مارکوارت، ئێرانشار، ل ۱۳۰ - ۱۳۱، یادداشـتی ۶. ئەگـەرچی نەزیلـەی فـێڵ و خەڵەتاندنی ئەم ژنە مێژوویی نیە، بەڵام بەڵگەیەکمان بە دەستەوە نیە کـە گومـان لـە بوونی ئەم خوشک و خێزانەی کواد بکەین.

۱۷۲ - پرۆکۆپیۆس.

۱۷۳ - دینەوەری؛ نیهایه.

۱۷۴ - تەبەری ناوی دایکی خوسرەوی بە «نیوندوخت» هێناوە (ڕەشید یاسەمی).

۱۷۵ - پرۆکۆپیۆس.

۱۷۶ - وادیارە دانانی مەیتی مردووان لە سارەدەموغاراندا لای مانەوییەکانی چەند ناوچە یا هێندێک لە تاقمەکانی ئەم ئایینە باو بووە، بەڵام لە کتێبی «الاصلین»دا وا حوکم دراوە، کە لاشەی مردووەکان بە ڕووتی بنێژن. بڕوانە: شاڤان و پێلیۆ. گۆڤاری ئاسیایی، ۱، ۳۵۴ - ۳۵۶ و ل ۳۳۸.

۱۷۷ - واتە «سەرۆکی نەخویران».

۱۷۸ - پرۆکۆپیۆس.

۱۷۹ - دارمێستێتێر، ل ۲۱۵ و ۵۱۹؛ مینەوی، ل ۱۳.

۱۸۰ - ڕاوێژکارانی ئێرانی کە ملکەچی بیر و باوەری ئەوان بوون. » تیئۆفانس.

۱۸۱ - تیئۆفانس «ئیندەزەرۆس»ی نووسیوە و هەڵبەت دروست نیە.

۱۸۲ - نۆلدکێ، تەبەری، ل ۴۶۲، یادداشتی ۳.

۱۸۳ - ڕۆتشتەین، ل ۸۷ بەرەودوا. بەراورد بکرێ لەگەڵ ئۆلیندر (Olinder) میرانی کێندە، لۆند، ۱۹۲۷.

۱۸۴ - نۆلدکێ، تەبەری، ل ۴۶۵.

۱۸۵ - جگە لێرەدا کە باسی پلەی بەستەگەر کراوە، ئێمە هیچ زانیارییەکمان نیە.

۱۸۶ - بەپێی گوتەی تیئۆفانس کواد ئەنجومەنێکی بەرفرەوانی پێکهێنا و وای نواند کە دەیهەوێ بە دڵی مەزدەکییەکان کاووس بکاتە جێنشینی‌میری. ئەم نەقڵە وا نیە، چونکە دەبێ کە لەو قۆناخەشدا کواد مەیلی لەسەر مەزدەکییان مابێ. بەگوێرەی ئەو نووسراوانەی کە لە ڕووی دەقی «خودای‌نامگ»ەوەن و ئەو ژێدەرانەی کە لە ئەفسانەی مەزدەک وەرگیراون، لەو کۆڕ و کۆبوونەوەیەدا دەمەتەقەیەکی یەکجار زۆری ئایینی کراوە و «وەهمەن‌یەشت»ی پەهلەوی ئۆبالّی بۆ دەکێشێ ۸/۶/۱، وێست، دەقەکانی پەهلەوی، ب ۱، ل ۱۹۳ بەرەودوا؛ دەقی پەهلەوی ئەم دەستەواژەیە لە یادداشتێکی کتێبی دینکەردا خراوەتەڕوو. چاپی پشووتێن، ب ۱۴، ل ۳۴، یادداشتی ۱). نێوەرۆکی ئەم وەهمەن‌یەشتە لەم بارەیەدا وادیارە لە ڕووی لێکدانەوەیەکی ئەڤێستا وەرگیراوە کە لە ڕۆژگاری ساسانییەکاندا نووسیویانە... .

۱۸۷ - مەلالاس و تیئۆفانس؛ لێرەدا شاهیدی‌دانی تیمۆتەی ئێرانی یەکلاکەرەوەیە و ڕوون دەبێتەوە کە خودای‌نامگ بە هەڵە ڕێکەوتی خاشەبڕ کردنی مەزدەکییان دەباتەوە

سەردەمی دەسەڵاتی خوسرەوی یەکەم. لە ڕاستیدا ئەفسانەی مەزدەک لە ڕاستەقینە نیزیکتر هەتا مێژووی نیمچەڕەسمیی ئەو زەمان.

١٨٨ - مەلالاس و تیئۆفانس باسی هەڵسووڕانی خوسرەویان نەکردووە، بەڵام وهمەنیەشت ئەم بابەتەی تێدایە (١/٦ - ٨).

١٨٩ - وەهمەنیەشت، بەراورد بکرێ لەگەڵ شانامەی فیردەوسی؛ بڕوانە «پادشایەتی کوادی یەکەم» ، ل ٥٢. «ویەشاپوور، نەک نیووشاپوور»؛ بێیلی، بلاڤۆکی ڕۆژهەڵاتیی، ب ٩، ل ٢٣٢.

١٩٠ - چەشنی نووسین و خوێندنەوەی ئێرانییانەی «گلۆنازێس» و «بازانێس» بە دروستی ڕوون نیە.

١٩١ - مەلالاس؛ تیئۆفانس؛ خودای‌نامە و مەزدەک‌نامە کە نیزامولمولک لە سیاسەتنامەدا گێڕاویەتەوە. بەشی ٤٤، چاپی شێفر، بەشی ٤٥ی تەرجەمەکەی.

١٩٢ - مەلالاس؛ تیئۆفانس و ئەبولفەدا.

١٩٣ - مەلالاس؛ تیئۆفانس. شاهیدی دانی تیمۆتەی مەسیحی ئێرانی لە کتێبەکانی مەلالاس و تیئۆفانس‌دا ئاوایە کە شا پەرستگەی مەزدەکییانی دا بە عیسایی‌یەکان هەتا بیانکەنە کلیسا، ئەم قسەیە دەبێ بە پارێزەوە قبووڵ بکرێ.

١٩٤ - ڕۆتشتەین، ل ٨٩.

١٩٥ - ڕۆتشتەین، ل ٧٦.

١٩٦ - بڕوانە یەعقووبی، تەبەری، مەسعوودی، دینەوەری، نیهایە، سەعالبی، فیردەوسی و بەلعەمی.

١٩٧ - پرۆکۆپ؛ تەبەری.

١٩٨ - پرۆکۆپ؛ نیهایە.

١٩٩ - نیهایە، ل ٢٢٧. هەروەها بڕوانە بەشێک لە «تجارب الامم»ی ئیبنوو مۆسکوویە کە مینەوی لە پێشەکی نامەی تەنسەردا نووسیویەتی و وادیارە سەبارەتە بە سەردەمێک کە لەگەڵ پادشایەتی کوادی یەکەم دەس پێدەکا. ئەگەرچی لەوێدا ڕووداوەکەیان بردۆتە سەر چاخی ئەردەشێری یەکەم و بڕگەی سەردەمی ئەردەشێر کە لە «تەجاروبولئومەم»دا خراوەتەڕوو ئاوا بوو کە پادشا «دەبوو کەسێک بۆ جێنشینی پاش نەمانی خۆی دیاری بکا و ناوی لە چوار نامان‌دا بنووسێ و بیپێچێتەوە و سەربەمۆر لای چوارکەس لە پیاوماوقوولانی ولاتی دابنێ... جا کە شا مرد، ئەو نامانە لەگەڵ نووسراوێکیش کە لای

خودی شایه ، کۆیان بکەنەوە و مێوومۆری هەموان بشکێنن و ناوی ئەو کەسەی وا لە تێکڕایان‌دا نووسراوە ، بیدرکێنن. مینەوی ، ل ٥ ، یادداشتی ١. جیاوازی نێوان ئەم دابە و ئەوەی کە وا لە نامەی تەنسەردا نووسراوە و داب و نەریتی باوی بەر لە سەردەمی کواد بووە ، جێی هەڵوێستە و بیر لێکردنەوەیە.

٢٠٠ - بەپێی نووسینی «ئیبنوو ئیسفەندیار» و «زەهیرەددین» پاش مەرگی کاووس حکوومەتیان دایە دەس یەکێک لە کوڕانی «زەرمێهرسۆخرا» و وادیارە ئەمە تەنیا ئەفسانەیەکە کە بە مەبەستی بەرز کردنەوەی شان و شکۆی خانەدانی «کارێن» دایانهێناوە. بڕوانە: مارکوارت ، ئێرانشار ، ل ١٣٤.

بنکەی ژین
www.zheen.org

بنکەی ژین
www.zheen.org

بەشی
٨

خوسرەو ئەنووشەڕەوان

بنکەی ژین
www.zheen.org

تۆکمەکردنی حکوومەت - ژیاندنەوەی پلــە و چینــەکانی کۆمەڵایــەتی - چاکســازیی لــە بواری وەرگرتنی پیتاک و سەرانەدا - چاکسازیی لە بەستێنی لەشکریدا - تێکهەڵــچوون لەگەڵ دەوڵەتی بیزانس - هەفتالییان و ترکــان - گرتنــی یەمــەن- کەســایەتی کیســرا - ڕاپەڕینی ئەنووشەگــزاد - دیمــەنی پایتــەخت و کۆشکەکانی - وڵات و دامودەزگاکــانی - ڕێوڕەسمــی دیــداری پادشــا - تەشــریفاتەکانی بارگــا - زێدەپشــک - نازناوەکــان - سیاسەت - ڕۆژگاری پرشنگداری گەشەی ئەدەبی و فەلسـەفی - فێرکـردن و بارهێنــان - زانستەکان - پزیشکی - برزوویەی پزیشک و ئەدیب - دینداری و فەلسەفە - ڕەنگدانەوە و شوێن دانانی ئەدەبی هیند - کلیلگ ئەود دەمنێگ - ئــەدەبیاتی ئــەخلاقی - پووکانــەوەی ئایینی زەردەشتی - بارودۆخی ماددی و مەعنەوی ئێران لە سەردەمی کیسرادا

پەیــدا بــوونی خوســرەوی یەکــەم کــە لــە مێــژوودا بــە ئەنووشــەڕەوان (ئەنووشەگــڕەوان) واتە «هەمیشە زیندوو = ڕووحنەمرین» مەشهوورە،[1] ئاســۆی ئەنگووتنی پرشنگدارترین خولی چاخی ساسانییە، تاقمی مەترسیداری مەزدەکی

بەزیو و سەرکوت کرابوو. لە نێوخۆدا ئاشتی و هێوری باڵی ئەنگاوتبوو، بەڵام ئەمە ئاشتی و ئارامی خەمورووژێنی گەلێک بوو کە لەبەر ئاژاوەی دڕێژخایەن و کاردانەوەی لەسەر هەموو چینەکانی کۆمەڵ، هەژار و شەکەت و بێ هێز ببوو.

تەبەری[2] سەرەتای نامەیەکی کە پادشای نوێ بۆ نەخوێرەگ زادوویە(؟)ی پادگووسپانی بەشی باکووری[3] نووسیوە، گێڕاویەتەوە: «سڵاوت لێبێ! تۆ بزانە کە هیچ شتێک بە قەدرای ئەوە بۆ لێ ترسان نابێ کە نەمانی مرۆڤێک ببێتە هۆی تێداچوونی خێروبێر و سەرهەڵدانی کۆمەڵێک فیتنە و ئاژاوە. مرۆڤێکی ئەوتۆ کە لە نەبوونیدا پۆلی چاکەکاران و زانایانی زەمان گێرۆدە و گرفتاری گەلێک ناکامی و چارەڕەشی دەبنەوە و خودی خۆیان و کەسوکار و ماڵ و خێزانیان بە سەر چەرمەسەری ڕۆژگاردا دەکەون. جا بۆیە بە لای ئێمەوە هیچ ترس و خۆفێک و هیچ نەبوونێک بۆ سەرجەم جەماوەر تاڵتر لە نەبوونی پادشایەکی سالّح و لێوەشاوە نیە.» بێگومان لە ژێر پەردەی ئەم وشانەدا کیسرا بە ئانەست ڕەخنەی لە سیاسەت و ڕێبازی کواد گرتووە. دەبێ ئەوە بزانین ئەگەرچی سیاسەتی کواد هێز و توانستی فەرمانڕەوایەتی لە بەند و داوی مەزنان ئازاد کرد، بەڵام ئەم ئازادییە سەنگبایی وێران بوونی وڵاتی لێکەوتەوە. لە هەمان کاتا لە ڕاوێژی ئەم کوتە نامەیە و لایەنی ئەو متمانەیەڕا کە خۆی تێدا دەنوێنێ، وا دەردەکەوێ کە کیسرا تەمای بووە ئەو بارودۆخەی کە باوکی ڕەخساندبووی بە هەلی بزانێ و پایەی حکوومەت پتەو بکا و تەواوی هێز و توانای بیر و سامانی خۆی بە مەبەستی قەرەبووی دەرد و کوێرەوەری وڵات بخاتەگەڕ و لە دوژمنایەتی و ئینکەبەرایەتی هیچ کەس نەترسێ و سڵ نەکاتەوە.

لەم دەور و زەمانەدا دووبارە پادشا بۆوە ناوەندی تیکڕای هێزەکان و دەسەلاتی بە سەر پاک و ناپاکدا شکایەوە و تەنانەت ڕێبەرانی ئایینیشی خستە ژێر ڕکێفی خۆی. لەو نامەیەدا کە بە ناوی تەنسەرە و دۆزی سیاسی ڕۆژگاری کیسرای یەکەم نیشان دەدا، نووسراوە کە پادشا «نەزم و ڕێوشوێنی نێوان جەماوەر و قۆشەن و ڕازێنەوەی ڕۆژی جێژن و شادی و پەنا و پەسیوی زەمانی ترسە لە دوژمن.»[4] کیسرا تەمای وابوو کە بەگوێرەی مەیلی خۆی فەرمانڕەوایی بکا و بە هیچ شێوەیەک ڕێگە نەدا بە دەستێوەردانی مەزن و ماقووڵان لە کاروباری حکوومەت.

کیسرا دەستی دایە چاکسازیی و سەرەتا کەوتە چارەسەرکردنی ئەو بارە نابار و تێکەڵپێکەڵەی کە لە ئاکامی ئاژاوەی مەزدەکیدا خۆی نواندبوو. [5] فەرمانی دا تەواوی ئەو مالّ و سامانەی مەزدەکییان لە دەوڵەمەندانیان ئەستاندبوو، دایانناوە و ئەوانەش کە بێ خاوەن کەوتبوونەوە تایبەت دران بە چاک کردنەوەی وێرانییەکان. بەڵام دەربارەی ئەو ژنانەی کە مەزدەکی ڕفاندبوویانن، دەستووری فەرموو ئەگەر ژنێک بەر لەو ڕووداوە مێردی نەبووبێ یان لەو ماوەیەدا شووەکەی مردبێ، چما بێتوو ئەو کابرایەی ڕفاندوویەتی لە باری چینی کۆمەڵایەتیڕا هاوشانی بێ، پێویستە بە شەرعی مارەی بکا، دەنا دەبێ لێیجودا بێتەوە. [6] یان بەگوێرەی گێڕانەوەیەکی تر[7] ژن سەرپشک بوو کە لای کابرا بمێنێتەوە یان لێیتەوەللابێ. هەر چۆنێک بێ کابرای ژن ڕفێن لە سەر شانی بوو مارەیی[8] یان مارەییەکی دوو هێندە[9] بدا بە بنەماڵەی ژنە. ئەگەر مێردی قانوونیی لە گۆڕێدابا، ژنەکەی دەگەڕایەوە لای و دەبووا داگیرکەر بڕی ئەوەندە مارەییەی کە مێردەی یاسایی دابووی، بیدا بە ژنە. [10]هەر منالّێک گومانی لە تۆرمەی کرابا، دەبوو ئی ئەو خێزانە بێ کە تێیدا دەژیا و میراتیشی هەر دەکەوتە سەر ئەوان. [11] هەر کەس خەسارەتێکی لە کەسێک دابوو یان مالّ و شتێکی لێداگیر کردبوو، ناچار دەکرا قەرەبووی بکاتەوە و هاوسەنگی تاوانەکەی سزا دەدرا. کاربەدەستانی دەوڵەت کەوتنە سەرژمێری بنەماڵەی ئەو نەجیم و وەجاغزادانەی کە لەبەر کوژرانی گەورەی خانەدانی خۆیان بە سەر هەژاری و دەستەنگیدا کەوتبوون و بە وردی ژمارەی هەتیوان و بێوەژنانی ئەو مالّانەیان حیساب کرد و هەرکامەی شتێکی نەمرنەژییان دانێیە. پادشا هەتیوانی ئەم چینانەی بە «منداڵی خۆی» دانا. کچەکانی بە پیاوانی هاوشانی خۆیان بە مێرد دا و گیازی لە خەزێنەی حکوومەتی بۆ دابین کردن و ژنی لە خانەدانە نەجیمزادەکان بۆ کوڕەکان هێنا و مارەیی وە ئەستۆی خۆی گرتن و دەوڵەمەندی کردن و فەرمانی دا کە لە ئاستانەی میری وەمێنن. پاشان ڕایانهێنان و بۆ هەڵسووڕاندنی کاروباری گرینگی وڵات ئامادەیان کردن. بەم شێوەیە کیسرا چینێکی تازەی نەجیمزادەی دەرک و دیوانی پادشایەتی بەدی هێنا کە فەرمانبەردار و گیانفدای بوون. شانبەشانی ئەم کارانە دەستووری دا کە ئەو خانووبەرە و مالّ و ملّکانەی کە لەبەر دەس وێرانەگەیشتنی خاوەنەکانیان و تێکچوونی جۆگە و جۆبار و کەڕێزان بەیار کەوتبوونە، ئاوەدان بکرێنەوە.

یارمەتی ملکدارانیان دا و پاتاڵ و مالاتیان وێدان هەتا دووبارە سەرقاڵی کاری خۆیان ببنەوە. گوندە خاپوورەکانیان سەرلەنوێ ساز کردەوە، ئەو پردە بەردینە و دارینانەی کە ئاداریان لەسەر پاداری نەمابوو، چاکیان کردنەوە و لەو شوێنانەی کە جێگای مەترسی بوو، قەلا و قایمە و شووڕەیان سازکرد.

شێوە و شێوازێکی کە ئەو ڕۆژگاری بۆ وەرگرتنی ملکانە و سەرانە وەبەرچاو گیرابوو، نەک تەنیا قازانجی بە حکوومەت نەدەگەیاند، بەڵکوو دەرد و زەحمەت و خەسارەتیشی دەخستە سەر شانی باجدەران؛ هەروەک گێڕاویانەتەوە وەرزێڕان بەر لە دیاریکرانی ڕادەی پیتاک لە لایەن سەرکارانەوە[12] تەنانەت نەیاندەوێرا کە دەس بەرن بۆ میوەی گەیویش؛ بەڵام گۆیا وەختایەک کواد بەم کارەی زانی، تەمای گرت کە سەر لەبەری ئەو شێوازە بگۆڕێ و سەرەنجام ئەم چاکسازییە بە دەستی ئەنووشەڕەوان ئەنجام درا. تەواوی زەوی‌وزاری بەرەگاسنیان بە وردی پێوا و پێیان‌داچوونەوە و ملکانەی تازەیەیان بەپێی ئەو پێداچوونەوانە بە دەس «کەسانێکی بەویژدان و خێرخواز» دیاری کرد کە شا بۆ ئەم مەبەستە هەڵیبژاردبوون. ئەو نرخە نەگوڕانەی کە بەگوێرەی شێوازی نوێ دیاری کرا بەم چەشنە بوون: هەر گریب[13] (دۆنم) گەنم یان جۆ سالێ دەمێک، هەر گریب ڕەز هەشت درەم، هەر گریب وێنجە[14] حەوت درەم، هەر گریب بریچ ۶/۵ی درەم و سالانە بۆ هەر چوار دارخورمای پارسی، یان شەشی ئارامی، یان شەش دارەزەیتوون درەمێکیان وەردەگرت. سایری بەرهەم و حاسڵاتی دیکە پیتاکیان لێنەدەگیرا و دارخورمای پرشوبڵاویش کە وەک باغێکی سەربەخۆ حیساب نەدەکران، باجیان بۆنەبوو.[15] وادیارە ئەو نرخانە قورس نەبوون. بەڵام ئێمە بە دروستی نازانین کە بەگوێرەی ئەم ڕێوشوێنە تازەیە، سەدی چەندی تێکڕای پیتاکی وڵات وەرگیرا و ئەم وەرگیرانە بە شێوەی نائاسایی یان وردەوردە و بەگوێرەی ڕێسای دامودەزگای حکوومەتی کەوتە سەریەک. بەڵام بەگشتی و بێگومان ئەم شێوە تازەیە سوکنایی خستۆتە دڵی ڕەعیەت و لە هەمان کاتا داهاتی خەزێنەی ڕێکتر و چەند بەرامبەرتر کردووە و هەر بۆیە لە سەردەمی خەلافەتی ئیسلامیشدا بنەمای وەرگرتنی باج و پیتاک لە سەر ئەم شێوازە دامەزرا.

خوسرەوی یەکەم باجی سەرانەشی بەگوێرەی حیسێبوکتێبی تازە دەستێوەردا و چاکی کرد. ئەم سەرانەیە هەموو کەسێکی بیست تا پەنجا سالەی دەگرتەوە «بێجگە لە مەزن و ماقوولان و سەربازان و پیاوانی ئایینی و دەبیران و

تێکڕای کاربەدەستان و خزمەتکارانی دەوڵەت.» ئەوانەی باجی سەرانەیان دەدا لە چاو سەروەت و سامانیانەوە کرانە چەند تۆژ. دەوڵەمەندان دوازدە درەم، لەوان خوارتر هەشت درەم، پلەیەک کەمتر شەش و سایری ڕعێتان هەرکامەی چواردرەمیان دەدا. سەرانەیان بە قیستی سێ مانگە وەردەگرت. [16]

کیسرا سیایی ئەو نرخە تازانەی لە گەنجینەی پادشایەتی دانا و گەلێک ڕوونووسی دیکەی نارد بۆ هەموو سەرکاران و باج ئەستێنانی دەزگای وەرگرتنی پیتاک و دادوەرانی هەرێم و مەڵبەندەکان و ئەو دادوەرانەی ڕاسپارد کە چاوەدێر و وریا بن هەتا سەرانە و پیتاک دادپەروەرانە وەرگیرێن و ئەگەر زەرەدێکی هاوسەنگی پیتاک تووشی زەوی‌وزار و باغاتی خەڵک بێ، لێیان خۆش بن و هیچیان لێوەرمەگرن. دادوەرانی ناوچە و مەڵبەندەکان لیستەی بەخشراوەکانیان دەنارد بۆ حکوومەتی ناوەندیی و حکوومەتیش فەرمانی گونجاوی بۆ باج‌وەرگران دەناردەوە. مەبەستی خوسرەو لەم پشکنین و پێداچوونەوەیە ڕێگرتن بوو لەو تەخشان‌پەخشانانەی کە هەتا ئەو زەمانی لە وەرگرتنی پیتاک‌دا ببوونە باو. [17]

نۆشیروان هۆکاری سەرەکی ئەم چاکسازییەی پیتاک ئاوا دەخاتەڕوو: دەبێ دراو لە خەزێنەکانی پادشایەتی‌دا کۆ بکەنەوە هەتا لە کاتی شەڕا هەموو ئامراز و کەل‌وپەلێک تەیار و ئامادە بێ و پێویست بە داسەپاندنی پیتاکی زیادە و نائاسایی نەبێ. [18] دەمکوت و تاراندنی دوژمنانی دەرەکی و نێوخۆی وڵات لە ڕوانگەی کیسراوە دەکەوتنە ڕێزەی گرینگترین کارەکان، هەر بۆیە پاش چاکسازیی سیستمی پیتاک و سەرانە، چەند گۆڕانێکیشی لە ڕێسا و ڕێکخستنەکانی لەشکریی‌دا بەدی هێنا. هەتا ئەو زەمانی نەجیم‌زادە کەم‌دەستەکان، کە لە ڕاستی‌دا کاکڵ و نێوکی قۆشەنی ئێران بوون، دەبوو بەخۆڕایی خزمەت بکەن و چەک‌وچۆڵی شەڕ بە خەرجی خۆیان بکرن، بەڵام کیسرا «ئەسوارانی سەرژمێر کرد و هەرکامەیان کە سامانێکی نەبوو، یارمەتی دا و ئەسپ و چەکی باربوو کرد و مووچەیەکی دیاری‌کراوی بۆ بڕییەوە.» [19] قۆشەنی پیادە کە لە خەڵکانی گوندەکی و وەرزێران پێکهاتبوو، هەمیشە لە شەڕا بە ئامرازێکی لاواز دادەندرا. «بلیزاریوس» و «هێرمۆگنێس» سەردارانی بیزانس ئەو قۆشەنە پیادەیان ئاوا وێنا کردووە: «کۆمەڵێک جووتیاری هەژارن،

که به شوێن سپادا نایەن، مەگین بۆ ڕووخاندنی دیوار و شووران و ڕووت کردنەوەی کەلاکی کوژراوان و خزمەتی سەربازان. » (مەبەست لە سەربازان لێرەدا ئەسوارانن. »[٢٠]

لە ڕۆژگاری خوسرەواندا، چەکوچۆڵی تەیاری ئەسواران بریتی بوو لە چارۆکەزرێی ئەسپ، باڵاپۆشی گەوچن و سینەبەندێکی زرێ، ڕانپێچێک، شمشێرێک، نێزەیەک، مەتاڵێکی سێلەکی و گورزێک کە بە کەمەرەوە هەڵدەواسرا، تەرکبەندێک کە دوو کەوان و چەند ژێ و سی تیری تێدا بوو، هەروەها دوو کەمەندی هۆندراوە کە لە پشتەوەڕا بە کلاوخوودەوە شۆڕ دەکرانەوە.[٢١] چەکی هەرە بەرکار لە شەڕا نێزە و کەوان، واتە هەمان چەکوچۆڵی لەمێژین بوون کە ئێرانییەکان هەر لە دێرزەمانەوە بە تەڕدەستی دەکاریان دەکردن. پرۆکۆپیۆس[٢٢] ئۆبالێی کێشاوە کە زۆربەی هەرەزۆری ئێرانییەکان تیرهاوێژانی سێرەڕاست و لێوەشاوەن و لە خەڵکی دیکە وەستاتر و چالاکترن. بەڵام دەڵێ کە تیرەکەیان گورێکی وای نیە، چونکە ژێی کەوانیان بەپێی پێویست کێشی نایا.

بێجگە لەمەش لە سەردەمی خوسرەوی یەکەمەوە وشەی «ئەسواران» مانایەکی تازەی پەیدا کردووە. گێڕانەوەیەکی جاحێز و مەسعوودی[٢٣] کە لە سەرچاوەکانی ساسانی وەرگیراون وا دەگەیەنن کە لە بارگای خوسرەودا ئەسواران و شازادان[٢٤] چینی یەکەمیان پێکهێناوە. بەگوێرەی بڕگەیەکی دیکەی کتێبی «تاج»ی جاحێز، پادشا هاوڕکێفانی خۆی لە نێو ئەسواران و مەزنەنەجیمزادان هەڵدەبژارد. هەروابێتەوە چەند ژێدەرێک بە دەستەوەن[٢٥] کە دەریدەخەن تاقمێک لە ئەسواران بوونە پاسەوانی پاراستنی کوڕانی خوسرەوی دووەم. وشەی «ئەسوارانسەردار» لە کتێبی مادەیانئی چەترەنگ (شەترەنج)دا نووسراوە (جاماسپ ئاسانا، دەقەکانی پەهلەوی، ب ١، ل ١١٧، دێڕی یەکەم).

وەهریز کە پاش گیرانی یەمەن لە لایەن کیسراوە کرایە حوکمڕانی وێندەرێ، یەکێک بوو لە ئەسواران. «زین»یش کە جێی گرتەوە هەر لەو تاقمە بوو.[٢٦]

بەڵام خاڵێکی دیکەش لە ئاڵوگۆڕ و چاکسازیی دامودەزگای لەشکری خوسرەوی یەکەمدا هەیە کە «ئێشتاین» بەر لە هەموو کەس پێیزانیوە و ڕوونی کردۆتەوە.[٢٧] پاش ئەوەی کە کیسرا خێڵی چیایی بارز (Bariz)ی دانیشتووی

کرمانی هێنایە ژێر رکێفی خۆی، پاشماوەکانی کۆچ دانە چەند ناوچە و مەڵبەندێکی وڵات و ماڵ و خانووی بە باربوو وێدان و ناچاری کردن مل بۆ چوونە قۆشەن نەوی بکەن. تیرەیەکی دیکە بە ناوی «چۆل» کە وادیارە ڕاپەڕیبوون، کیسرا زەبری لێوەشاندن و تەنیا هەشتا کەسی پاشەوار لێبەجێهێشتن، کە باشترین جەنگاوەرانی ئەو تۆرەمەیە بوون و ڕایگواستن بۆ شاری «ڕامپیرووز». ئەوانیش ناچار کران خۆ بۆ چوونە لەشکر شل بکەن. پاشان میرانی هۆز و تیرەکانی ئەبخاز و خەزەر و ئالان کە هەڵیانکوتابوویە سەر ئێران و لە خاکی ئەرمەنستان ڕۆچووبوون، بەزاندنی و دەهەزار کەسی بە دیل گرتن و لە ئازەربایجان و ناوچەکانی دەوروبەری نیشتەجێی کردن.[28] لەم بارەوە چەند سەربووردەی دیکەش لە«بەلازوری» بە دەستەوەیە کە دەبێتە تەواوکەری ئەو زانیارییانەی سەرەوە کە لە تەبەری وەرگیراون. لە شاری «شابران» و «مەسقەت» کە بە فەرمانی کیسرا ساز کران و لە قەڵای سەرسنووریی دەربەند (الباب و الابواب) کە شووڕە و سەنگەرەکانی چاکتر دابەستران، کۆمەڵێک سەربازی ئازایان بنەگر کرد. ئەم چەکدارانە بە عەرەبی پێیانگوترا «الساسجین»(؟).[29] کیسرا سەربازگەی خاکی ئەرمەنستانی کە لە ڕۆمی گرتبوو، دایە دەس ئەم تاقمە و شارێکی قایمی بە ناوی «سوغدەبیل»[30] لە گورجستان بنیات نا و سوغدییەکان و ئێرانییەکانی لەوێ نیشتەجێ کرد.[31] هەر بەگوێرەی گێڕانەوەی هەمان نووسەر،[32] کیسرا چەند قوڵەمێرێکی لە قەفقاز دانا. کۆچپێدان و ڕاگواستنی هۆزە بەزیوەکان بە یەکێک لە نەریتە کۆنباوەکان دادەندرێ. پادشایانی ئاشۆر و جاروبارەش فەرمانڕەوایانی هەخامەنشی[33] ئەم کارەیان دەکرد و وەک دیتمان دەستەیەک لە پادشایانی ساسانی چەشنی شاپووری یەکەم و شاپوری دووەم دیلانی شەڕیان هەڵدەداشتن بۆ هەر ناوچەیەکی بە بەرژەوەندیان زانیبا و لەوێیان دادەمەزراندن. بەڵام شێوەی کۆچپێدانی خوسرەوی یەکەم لەگەڵ پێشینیانی خۆی جیاواز بوو. بەپێی توێژینەوەی ئێشتاین جیاوازی بەرچاو لەمەدا بوو کە خوسرەو پەیتاپەیتا بۆ مەبەستی لەشکریی تێوەیدەگلاند: تیرە و هۆزە کێوێلەکان کە توانست و قەڵافەتی سروشتی و خۆڕسکیان سەرتر بوو لە هێزی جەستەی وەرزێڕانی کەمتوانای ئێرانی، لە ناوچەکانی سنووریدا سەقامگیری دەکردن، هەتا بەر بە

هرووژم و پەلاماری دوژمنانی دەرەکی بگـرن و بـە بـاری لەشـکریی‌دا یارمـەتی دەولّەت بدەن. بەم شێوەیە قۆشەنی هەمیشەیی کە خوسرەو پێکیهێنابوو، بریتی بوو لە ئەسوارانی ئێرانی و کۆچـەرانی غەریبـەمالّ، کـە ئـەم تاقمـەی دوایـی خێرایەکی لەگەلّ جێگە و رێگەی تازەیان ڕاهاتن و کەوتنە نواندنی ئەو ئازایەتی و جوامێرییەی وا لە خوێنیان‌دا بوو. کیسرا پۆلە چەکدارەکانی دەیلەم و ولاّتانی دراوسێی ئەوێی نارده یەمەن هـەتا خەلّـکی خـۆوڵاتی وێنـدەرێ لـە بەرامبـەر حەبەشییەکان‌دا یارمەتی بدەن. [۳۴]

ڕێکخستنی تازەی ڕیزەکانی سپا چەند ئالّوگۆڕێکی لە شێوەی سەرکردایەتی گشتیی هێزە چەکدارەکان‌دا بەدی هێنا. کیسرا پلەی ئێران‌سپابودی لابرد و چـوار سپابودی بۆ سەرۆکایەتی هەمیشەیی هەلّبژارد و هەرکامەی لە چواریەکی ولاّتـی دانان. سپابود (سەرلەشکر = سەرکردەی سپا)ی ڕۆژهەلاّت هێزەکانی خوراسان و سەکێستان و کرمانی لە ژێر فەرمانی‌دا بوو، سپابودی باشوور هێزەکانی پـارس و خوزسـتانی سـەرکردایەتی دەکـرد؛ سـپابودی ڕۆژاوا هێزەکـانی عێـراق تـا سەرسنووری دەولّەتی هەلّدەسووڕاند و سپابودی باکوور هیزەکانی هەرێمەکانی مادی گەورە و ئازەربایجانی بەڕێوە دەبرد. [۳۵]

بەلاّم سەبارەت بە پلەوپایەی سپابودەکان لە نێو ڕیزەکـانی بەرپرسـیاران و پلەدارانی حکوومەتا، مەسعوودی نەقلێکی زۆر سەرنجڕاکێشـی گێڕاوەتـەوە[۳۶] و دەلّێ: ئەردەشێری یەکەم - کە تەواوی وردەکاری دامودەزگای ئیـدارییان دەدایـە پاڵ ئەو- پیاوانی دەولّەتی بۆ حـەوت دەسـتە دابەشـیبوو. [۳۷] لـە چـوار ڕیـزی پێشەوەدا، بالاّدەستانی دەولّەت و هەموو ئەو کەسانەی ڕۆنا کە دەستیان هەبوو لە دانان و بەڕێوەبردنی یاسادا:

۱- وەرزا ۲- موبەدی‌موبـەدان، دادوەری گشـتیی و سـەرۆکی هیربـەدان ۳- چوار سپاهبود (سپابود) کە بە کاربەدەستانی گرینگـی دەولّـەت دادەنـدران و هەرکام لە قەلّەمڕەوی خۆیان‌دا خاوەن ئیختیار و دەسەلاّت بوون و حکوومەتیان بە سەر چواریەکی ولاّتا دەکرد و هەر یەکەی بریکارێکیان لە ژێر دەستی‌دا بوو بە نـاوی«مـەرزبان» ۴ - مـەرزبان (سـنووربان = سـنووروان). پاشـان تێکـڕای گۆرانیبێژان و چاوەشان و ئەوانەی لە کاروباری موسیقادا بوون، [۳۸] لە چینێکی تایبەت دایانان. ئەو لیستەی کە مەسعوودی خستوویەتەڕوو، هەلّـگری گـەلێک

خاڵی ورد و بەکەلکیشە. پێهەڵاچوونی گۆرانیبێژان و چاوەشان بۆ نێو ڕیزەکانی پایەبەرزانی حکوومەت، سەلمێنەری ئەو لیستەی بوونەوەرانی ئاسمانییە کە مەزدەک بە پەیڕەوانی خۆی نیشان داوە و لە ڕووی ڕێکخستنی پلەوپایەکانی بارگای پادشایەتی ئێرانی ئەو چاخیڕا بووە.[39] چوار سنووروانە گەورەکە بەگوێرەی ئەم جەللەیە کەوتنە ژێر فەرمانی سپابودان، بەڵام دیسانیش هەر پلەیان زۆر باڵا بوو. لە نامەی تەنسەردا هاتووە: «هەر ئافەریدەیەک کە لە خانەدانی ئێمە نەبێ،[40] نابێ پێیبگوترێ شا، جگە لەوانەی کە پارێزوانانی سنووورەکانن لە هەرێمی ئالان و ڕۆژاوا و خارەزم و کابول.»[41] تەبەری و فیردەوسی[42] حیکایەتێکی سەیریان گێڕاوەتەوە و گوتوویانە: «پابەگ» نووسندەی تایبەتی پادشا کە لە لایەن وێڕا کرابوویە چاوەدێر و پشکێنەری موچە و مانگانەی قۆشەن، تێکڕای قۆشەنی لە سان دا و وەختایەک نۆرەی ناوی پادشا هات، ئەویشی بانگهێشت و چەند ڕەخنەیەکی لە بەرگ و چەکوچۆڵی گرت و سەرەنجام موچەیەکی بۆ بڕییەوە کە تەنیا درەمێک زیاتر بوو لە سایری چەکداران. لەم سەربووردەیەڕا دەردەکەوێ کە چاکسازیی خوسرەو لە ڕیزەکانی سپادا چ شوێنێکی کردۆتە سەر بیر و زەینی جەماوەر و چلۆن ڕێوشوێنی سەخت و دووچاوەکی نەکردنی ئەم پادشایە، قۆشەنی ئێرانی کردبوویە جێی ترس و دڵەڕاوکەی گشتیی و پارێزەری ڕێکوپێکی و هێوری وڵات.

لە ڕاستیدا ئەگەرچی ئەو مەترسییەی کە مەزدەکییەکان لە نێوخۆی وڵاتا بەرەوڕووی دەوڵەتیان کردبۆوە، بنەی بڕا، بەڵام بارودۆخی دەرەکی تەواو نیازی بە هەوڵ و تێکۆشانی کیسرا بوو لە بواری لەشکریدا، هەرچەند ساڵی ٥٣٢ واتە دووەمین ساڵی حکوومەتی کیسرا پەیمانی ئاشتییەک لە نێوان ئێران و بیزانسا بەسترا، کەچی هەمیشە چاوەڕوانی هەڵگیرسانەوەی شەڕ بوون. لە لایەکی دیکەوە ئێران هێشتاش لە بەرامبەر هەفتالییەکاندا هەستی بە سەرشۆڕی دەکرد، چونکە ناچار بوو ساڵانە باجێک بدا بە پادشای ئەو تۆرەمەیە. قڕەیەکی کە لە نێوان دەوڵەتی غەسسانییانی باجدەری ڕۆم و میری حیرەی فەرمانبەرداری پادشای ئێران سەری هەڵدا، بوو بە هۆی هەڵگیرسانی ئاگری شەڕی مابەینی دوو وڵاتی ئێران و ڕۆم.[43] لە ساڵی ٥٤٠دا کیسرا ئەنتاکییەی گرت و خاپووری کرد و پاش چەند شەڕێکی زۆر کە جاری وابوو ئێرانی

سەردەکەوتن و هەلی وابوو ڕۆمی، سەرەنجام لە ساڵی ٥٤٥دا بڕیاری شەڕبرانەوەیان مۆر کرد. پاشان لە قەفقاز تێکهەڵچوون و تێکۆشانی کیسرا بە مەبەستی بەزاندنی «لاز»ەکان کە تیرەیەکی عیسایی بوون، لەبەر دنەی ڕۆمییەکان، نەزۆک مایەوە. ئاشتییەکی یەکجارەکی کە لە ساڵی ٥٦١دا بۆ ماوەی پەنجا ساڵان مۆر کرا،[٤٤] هەرکام لە لایەنەکانی بە خاوەنی خاکی خۆیان ناسی. ئازادی بازرگانێتی نێوان ئێران و بیزانس دابین بوو. مەسیحییەکان لە ئایینی خۆیاندا بەریان بۆ ئاوەڵا کرا، بەڵام وایان دانا کە پەیڕەوانی هەردک دینەکە کەس ڕانەکێشن بۆ سەر ئایینی خۆیان.

پاش بڕانەوەی شەڕی ڕۆم (لە مابەینی سالانی ٥٥٨ - ٥٦١دا)[٤٥] کیسرا، دەوڵەتی هەفتالییانی ڕووخاند کە لەبەر هێرش و هروژمی خێڵێکی ترک بە سەرکردایەتی «سینجیبوو (سیلزیبوول)[٤٦] تووشی لاوازی و لەرزۆکی ببۆوە. ڕووباری جەیحوون بە سنووری نێوان ئێران و خاکی خاقانی ترک ناسرا. هێندێک تیرە و خێڵی ترک تەنانەت لە قەفقازیشدا زەق بوونەوە و کیسرا بە مەبەستی هەسدانەوەیان، قەڵا و قایمەی دەربەندی باشتر دابەست.[٤٧]

لە بەشی باشوور، کیسرا دەسەڵاتی خۆی بە سەر یەمەندا پەرە پێدا. ئەم وڵاتە ئەو سەردەمی بە دەس حەبەشییەکانەوە بوو. وەهریز یەکێک بوو لە سەردارانی کیسرا و لەگەڵ عەرەبان کلکی لێکهاڵاند و لە ساڵی ٥٧٠دا حەبەشییەکانی دەرپەڕاند و لە لایەن پادشاوە کرایە حوکمڕانی ئەو مەوتەنە.[٤٨]

لەو سەروبەندەدا سینجیبوو بە فیتی دەوڵەتی ڕۆم پەلاماری ئێرانی دا. ئەو قەڵا سەختانەی کە کیسرا بنیاتی نابوون، بە شێوەیەکی کاتی کۆتایی بەم هێرشانە هێنا، بەڵام ئەم ڕووداوە بوو بە هۆی نێوان‌ناخۆشی ئێران و بیزانس. ئەو ئاژاوانەی کە لە ئەرمەنستان ڕوویان دا، لە ساڵی ٥٧٢دا شەڕێکی تازەی لێکەوتەوە. دووبارە دووچۆمان تاڵان و وێران کرا. یووستینیانووس پاش ئەوەی کە لە «مێلیتێن» سەرکەوتنێکی گەورەی وەدەس هێنا، لە بەرامبەر خوسرەودا شکا. «مەوریکیۆس» لەبری وی بوو بە فەرماندەی سپای بیزانس و گەلێکی هروژم کردە سەرخاکی ئێران و شاری «سەنجار»ی گرت. ئەو کات چەند کۆبوونەوە و وتوویژ لە نێوان لایەنەکان‌دا بە مەبەستی بەستنی پەیمانی ئاشتی دەستی پێکرد، بەڵام کیسرا لە ساڵی ٥٧٩دا مرد و ئاکامی سوڵحەکەی نەدی.

لە نەقڵ و نەزیلەکانی ڕۆژهەڵاتیدا خوسرەوی یەکەم نموونەی دادەوانییە و نووسەرانی عەرەب و ئێرانی گەلێکیان حیکایەت لە تاریفاتی هەوڵ و تێکۆشانی ئەو پیاوە بە مەبەستی پاراستنی عەدالەت گێڕاوەتەوە. نیزامولمولک[۴۹] لەم بارەیەدا چیرۆکێکی هەیە کە وادیارە دەبێ لە سەرچاوەیەکی ساغی وەرگرتبێ و دەکرێ بە نموونەی ئەو چیرۆک و بەسەرهاتانە دابندرێ. خوسرەو لە کاتی بە دەستەوە گرتنی جڵەوی دەسەڵاتا، لە گەورە پایەبەرزانی ڕاسپاردبوو کە بەگوێرەی دادپەروەری و ڕاستی و دروستی لەگەڵ خەڵک بجوواڵێنەوە، بەڵام مەزنەبەرپرسان و کاربەدەستان تووشی کردەوەی نەشیاو دەبوون. کیسرا پاش سێ یان چوارساڵ هەمووی کۆ کردنەوە و قسەیەکی زۆری بۆ کردن. بۆ وێنە ئاوای گوت: «ئەوەندەی بزانن کە خوداوەندی میری‌مەزن ئەم پادشایەتییەی دا بە من، منیش وەپێش ئێوەم کرد و هەر کەسەی پلەیەکم دایە و هەر ئادەمیزادێک لەم دەوڵەتەدا هەقێکی لە ئەستۆی من بوو، خۆم لێنەبوارد و بێبەشم نەکرد. ئەو مەزن و ماقوواڵانەی کە باوکم کردبوونی بە حوکمدار و پایەبەرز، دەستم لێنەداون و لە پلەی خۆیان دامنەبەزاندوون و لەتە نانیانم کەم نەکردۆتەوە.» کەوایە جارێکی دیکە ڕایسپاردن و فەرمووی کە دەست لە ئازار و ئێشاندنی جەماوەر هەڵبگرن. دوای ئەوەی چەند ڕۆژێک تێپەڕی، هەموو سەرقاڵی کاری خۆیان بوونەوە و چوونەوە سەر پێوشوێنی قەدیم و گوێیان بە قسەکانی نۆشیروان نەبزووت و بە چاوی منااڵێک تەماشایان دەکرد. «هەر کەس لای وابوو خۆی نۆشیروانی داناوەتە سەر تەختی فەرمانڕەوایەتی و ئەگەر مەیلی لێبێ ئەو پادشایە و ئەگەر نا ئەوە هیچ.»

یەکێک لە زاڵمترینی پایەبەرزان، سپاسالارێک[۵۰] بوو کە کەس «لە دەوڵەمەندی و تێر و تەسەلیدا تای نەدەکرد و نۆشیروان بە حوکمڕانی ئازەربایجانی دانابوو و لە سەرانسەری وڵاتا هیچ حوکمدارێک لەوی گەورەتر و تێر و تەیار و پڕچەک و ساحێب ڕەوە و سپای سواڕە و خاوەن شان و شکۆتر نەبوو.

ڕۆژێکی ئارەزووی کرد تا باغێک و نشیمەنگایەک بۆ خۆی ساز بکا. زەوی و خانووچکەی پیرێژنێک ڕێگری کارەکەی بوون و لەبەروەی پیرە ملی نەدا بۆ فرۆشتن، سپاسالار بە کەڵەزەڕی دەرپەڕاند و زەوی و کولێتی لێداگیرا کرد.

پیرێژن تێما، خۆی به سەرکەوشەکانی کێشا و گوتی یان پارەی کڕینیم بدەیە یان لەبری وی لە جێی دیکە بۆم تێهەڵێنەوە. بەڵام خۆ ئەو زاڵمە هەر چاویشی لێنەکرد. هەرکات سەرکردە هەڵدەستا و دەڕۆیی بۆ گەشت و سەیران و ڕاو، پیرێژن لەسەر ڕێیەی هاواری دەکرد و پارەی مااڵکەی دەویست، ئەویش گوێی نەدەبزووت و ئەگەر بە کەسوکار و نیزیکانی دەگوت، دەیانگوت پێیدەڵێین و هەر فزەشیان نەدەکرد. دوو ساڵێکی پێچوو، پیرێژن وەڕەز بوو و دەستی لە ویژدانی سپاسالار شۆرد. پاشان هەستا و بە هەزار دەرد و مەرەد و چەرمەسەری لە ئازەربایجانەوە ڕووی کردە مەدایین. وەختایەک دەرگا و دەروازەی نۆشیروانی بینی، بە خۆی گوت ناهێڵن پێ لەو دیوی دەرانە بنێم. تەگبیر وا باشە لە دەشت و سەحرایەک چاوم پێبکەوێ و قسەی خۆمی پێ بڵێم. پیرێژن ئاگادار بۆوە کە نۆشیروان دەچێتە فاڵنە ڕاوگە. چووە ئەو شوێنە و شەو لەوێ خەوت. بۆ بەیانی نۆشیروان گەیشتێ. میر و ماقوواڵن لێکبااڵو بوون و ڕاویان دابەشی و نۆشیروان لەگەڵ چەکدارێک مایەوە. پیرێژن وەختایەک سوڵتانی بە تەنیا بینی، هاواری کرد ئەی فەرمانڕەوا دادی ئەو زەعیفەیە بستێنە. نۆشیروان هەستا و بەرەو پیرە بزووت و گوێی بۆ قسەکانی هەڵخست و مەبەستەکەی لێوەرگرت. گوتی دڵت غایلەی نەکا، مرادت حاسڵ دەکەم. ئەو کات فەرمانی دا تا پیرێژن ئەسپاردەی دەستی ئاغای گوند بکەن. وەختایەک نۆشیروان لە ڕاو گەڕایەوە پیرێژنی لە مااڵی فەڕاشێک دانا و لە فکری ئەوەدا بوو چ بکا هەتا ڕووی ڕاستی ئەو حەیسوبەیسەی بۆ ڕوون بێتەوە و مەزنان پێنەزانن. جا بۆیە پادشا غوالمێکی ڕەوانەی ئازەربایجان کرد هەتا بەڕواڵەت لە بارودۆخی شار و بەرهەم و زەوی‌وزار و میوەیان بڕوانێ و بزانێ چۆنە[51] و داخوا هیچ شوێنێک تووشی بەاڵ و فەتای ئاسمانی هاتووە یان نا و هەروەها لە چۆنیەتی باری لەوەڕگە و ڕاوگان بپرسێ، بەڵام بە دزی بە غوالمەی گوت لە ئازەربایجان حاڵوباڵی ئەو پیرێژنەم بۆ بپرسە و پێم بڵێوە. غوالمە ڕاسپاردەی ئەنجام دا و گەڕاوە بارگای نۆشیروان و حاڵ و ڕۆژەکەی بۆ گێڕایەوە و نۆشیروان لێی سوور بۆوە کە پیرێژن ڕاستی کردووە. بۆ سبەینێ دەرگای بۆ پیاوماقوواڵن خستە سەرپشت و وەختایەک هەموو هاتن، ڕووی لەو مەزن و گەورانە کرد و گوتی حوکمڕانی ئازەربایجان سامانی مااڵ و کەبکەبە و دەبدەی بایی چەندە؟ گوتیان

دوو جار هەزار دینار کە هیچ پێویستی پێیان نیە. گوتی کاڵا و سڵسڵە و پڵپڵە و خشڵی بایی چەندە؟ گوتیان سێسەد هەزار هەزار دیناری زێڕ و زێو. پرسی ئەدی جەواهیرات؟ گوتیان پێنسەد هەزارهەزاردینار. گوتی ملکومـاش و زەوی‌وزار؟[۵۲] ولامیان دایەوە، کە لە خوراسان و ئێراق و ئازەربایجان، هیچ ناوچە و شارێکمان پێ شک نایا هەژنۆ دە پارچە ملک و دە ئاش و کاروانسەرا و گەرماو و دوکانی بە ئیجارەی نەبێ. پرسی بەندەی زێڕخرید؟ گوتیان هەزار و حەوسەد غولامی ڕۆمی و حەبەشی و چوارسەد کەنیزی هەیە. [۵۳] گوتی جا باشە ئێستا کەسێکی ئاوا کە ئەو هەمووە نیعمەتەی هەیە و چی ڕۆژە بیست جۆرە تەعام و کەبابی بەرخ و هەڵوا و گۆشتی چەوری برژاو و شیرین بخوا، کەمدەستێکی دیکە کە بڕواداری خوای مەزن بووبێ و لە هەموو دنیادا دوو کوتەنانی شک بردبێ و ئەم کەسە دەسەڵاتدارە بە زۆری دوو نانەویشکەی لێئەستاندبێ و قوتبڕاوی کردبێ، دەبێ چی لێبکرێ؟ هەموو گوتیان ئەم کەسە بۆ وەی دەبێ بەڕەوڕووی هەر چەشنە سزایەک ببێتەوە و جێی خۆیەتی چی خراپە بە سەری بێنن. نۆشیروان گوتی جا کەوایە ئێستا دەمهەوێ بە مەشکەی دەربێنن و گۆشتەکەی بدەن بە سگان و کەوڵی پڕ بکەن لە کا و لەبەر دەروازەی کۆشک هەڵیواسن و حەوت ڕۆژان جارچی هاوار بکا کە هەر کەس لێرە بەولاوە پێی بە زوڵم هەڵبڕێ، ئاوای بە سەر دێنن کە دەیبینن.»

مەسعوودی حیکایەتێکی دیکەی دەربارەی نۆشیروان گێڕاوەتەوە[۵۴] کە لەگەڵ چیرۆکی فریدریشی دووەمی پادشای پرووس و ئاشەوان زۆر وێکدەچن و زۆربەی نووسەرانی پاشینی ڕۆژهەڵاتیی گێڕاویانەتەوە. [۵۵] مەسعوودی دەڵێ: «خوسرەو پاش گەڕانەوەی لە ئێراق بالۆێزان و نێردراوانی پادشایان و میرانی ڕێ دایە هەوێڵی؛ یەکێک لەو بالۆێزانە قەیسەری ڕۆم بوو کە چاوی بە هەیوانی کیسرادا گێڕا گەلێک تاریفی شەوکەت و شکۆی ئەو شوێنەی کرد. تەنیا لە مەیدانی بەر هەیوانەکە کەموکوڕییەکی چاو پێکەوت و بە میواندارانی گوت. ئەوانیش ئاوایان ولام دایەوە: «ئەو جێیە مالی پیرێژنێکی لێبوو کە نەیفرۆشت و لەبەروەی پادشا نەیویست زوڵمی لێبکا، دەستیان لەو خانووە نەدا و ئەم نوقسانییە لەوێڕایە.» کابرای بالۆێز گوتی: «وەڵاهی ئەم نوقسانییە باشترە لە هەر تەواوی و ڕێک بوونێک...»

نەقڵێکی دیکەمان لایە کە هەرچەند ئەفساناوییە، بەڵام چونکە ڕەنگدانەوەی نەزیلە کۆنەکانە سەبارەت بە دادپەروەریی خوسرەو ئەنۆشیروان، دەتوانێ نیشاندەری ڕاستەقینەیەک بێ.[56] لە «سیاسەتنامەی نیزامولمولک»دا[57] نووسراوە کە کیسرا زنجیری زەنگێکی بردبۆوە سەر کۆشکی خۆی، هەتا هەر کەسێک زوڵمی لێکرابێ، زنجیرەکە ڕاوەشێنێ و سەرنجی شا ڕابکێشێ. حەوت ساڵ و نیو تێپەڕی و کەس دەستی بۆ زنجیرەکە نەبرد پاش ئەو ماوەیە ڕۆژێکی جرینگەی زەنگ بەرز بۆوە، تەماشایان کرد ئەوە کەریێکی لەڕ و بێهێز خۆ ڕەزنجیرەکە دەخشێنێ. هەر ئەو دەم کیسرا ناردی بە شوێن خاوەنی گوێدرێژەکەدا و حوکمی لێکرد کە ئاگای لەو بەستەزمانە بێ. ئەم خاڵەی ئاخری لە مێژووی «ئەبولفەدا»دا نیە[58] و هەڵاوەسینی زەنگ دەداتە پاڵ هۆرمزدی چوارەم. بەڵام ئەم ئەفسانەیە چیرۆکێکی گەڕۆکە و وادیارە سەرچاوەکەی دابێکە کە لە هیندووستان و چین بەڕاستی باو بووە.[59]

ئەگەرچی لە ڕۆژگاری نۆشیروان (ئەنووشەڕەوان)دا یاساکانیان بە وردی و دادپەروەرانە بەڕێوە دەبرد، بەڵام هەتا ئاستێک سزادانەکانیان هێور کردەوە. پێشتر بڕگەیەکی نامەی تەنسەرمان گێڕایەوە[60] کە دەیگوت قەدیم کەسانی لە دین دەهری و ڕاپەڕیو و خائین و ڕاکردووی شەڕیان لەڕێوە بە مەرگ مەحکووم دەکرد. هەروەها تاوانبارانی دزی و ڕێگری و زوڵم و زیناح تووشی سزای قورسی جەستەیی یان ئیعدام دەبوونەوە. هەر ئەم نووسەرە دەڵێ «لەم چەند بابەتەدا پادشا،[61] نەریتێکی تازەی داهێنا زۆر باشتر لە هی پێشینیان، چونکە هەر کەس لە دەورانی پێشوودا وەرگەڕابا لە دین، هەر لەڕێوە دەیانکوشت و تەمێیان دەکرد.» بەڵام لە سەردەمی نووسینی نامەی تەنسەردا «شاهەنشا فەرمووی کە پێویستە کەسێکی وا بخەنە زیندانەوە و زانایان بۆ ماوەی ساڵێک نێوەنێوە بانگی بێڵن و ئامۆژگاری بکەن و بەڵگە و بۆنەی بۆ بێننەوە و گومانی بڕەوێننەوە، جا ئەگەر هاتوو تۆبەی کرد و پەشیمان بۆوە، ئازادی بکەن و ئەگەر لەسەر لاڕێیی خۆی سوور بوو، ئینجا بیکوژن.» لە ڕاستیدا ئەم قانوونە دەرهەق بە پەیڕەوانی ئایینی عیسایی و مووسایی بەڕێوە نەدەبرا، بەڵام تێکڕای کافرانی دەگرتەوە.[62] بەڵام ئەو کەسانەی کە تووشی تاوانی سیاسی دەبوون، وەک ڕاپەڕین یان ڕاکردن و جێهێشتنی ڕیزەکانی سپا، تاقمێکیان دەکوشتن هەتا

خەڵک تەمێگرتوو بن. تاوانبارانی ئاسایی بەرەوڕووی جەریمەی نەغدی و بڕین و پەڕاندنی ئەندامێکی جەستە دەبوونەوە و چوار بەرامبەری «دز» تاوانانەیان لە «چەتە» دەستاند. بەپێچەوانەی ڕابردوو، ئەندامی تاوانباریان وا دەبڕی کە لە کاری نەخا. بۆ وێنە داوێنپیس کەپۆی دەبڕا. ئەگەر تاوانبار پاش چێشتنی سزای نەغدی دووبارە چووباوە سەر تاوانی پێشووی، گوێ و لووتیان دەبڕی «بێ ئەوەی تاوانبار سەرلەنوێ مافی داوای لێخۆشبوونی هەبێ.»[٦٣]

بەڵام پێویست بە وەبیر هێنانەوە نیە کە ئەم سەنگوسووکییە لە یاسای سزادانا، ڕێی لەوە نەدەگرت کە پادشا لە بەڕێوەبردنی عەدالەتا گەلێک زەبروزەنگ بنوێنێ. لە بەرهەمەکانی پرۆکۆپیۆس‌دا[٦٤] هاتووە کە لە چەند بابەتێکا بە فەرمانی خوسرەو هێندێک لە تاوانبارانیان کەوڵ کرد و کایان لە کەوڵی ئاخنین. بەگوێرەی گێڕانەوەی ئاگاسیاس[٦٥] بە دەستووری خوسرەو «نەخوێرەگ»ێ کە لە وڵاتی «لاز»ەکان‌دا بەزیبوو و شکستی وی هەرەسی بە کاری ئێرانییەکان هێنابوو، بە زیندوویی چەرمیان کرد.

مێژوونووسانی ڕۆژهەڵاتیی نە تەنیا خوسرەویان بە یەکێک لە عادڵترین پادشاکان زانیوە، بەڵکوو ئەویان بە نموونەی جوامێری و بەزەیی داناوە. سەعالبی دەڵێ،[٦٦] خەبەریان دا بە خوسرەو کە یەکێک لە نوێنەرەکانی پتر لەوەی دارولەلەی بۆ داندراوە، شووی لێهەڵدەکێشێ و خەریکی زیرقە و بریقە و خۆشڕابواردنە. خوسرەو لە وڵامدا نووسی و فەرمووی: «ئێوە کەنگێ ڕووبارێکتان دیتووە پتر لەوەی ئاو بەرێ، بتوانێ زەوی پاراو بکا.» سەبارەت بە دڵاوایی خوسرەو لە لقێکی ئەدەبیاتی ئیسلامی‌دا کە ناوسراوە بە «ئەدەب» گەلێک حیکایەت وەبەرچاو دێن.[٦٧]

وێنا کردنی خوسرەو لە لایەن «پرۆکۆپیۆس»ەوە، لەگەڵ ئەوەی کە لە دەقی سەرچاوەکانی ڕۆژهەڵاتیی دایە، زۆر یەکتر ناگرێتەوە، هەڵبەت ئەو مێژوونووسێکی بێلایەن نەبووە و لە هەر لاپەڕەی مێژووەکەی‌دا شوێنەواری ڕق و دوژمنایەتی سەبارەت بەم خەنیمە گەورەی دەوڵەتی بیزانس بەدی دەکرێ. پرۆکۆپیۆس خوسرەوی بە پادشایەکی ئۆقرەنەگر و ئاژاوەگێڕ ناساندووە، کە ئەویندارای داهێنان و خوڵقاندنی داب و نەریتی لە ڕێسابەدەر بووە و هەمیشە لە دەوروبەری خۆی دڵەڕاوکە و بێئۆقرەیی بەرهەم دێنا و مەزن و ماقوولانی

جەڕەبابە دەدا و تەنگی پێهەڵدەچنین.[٦٨] ئەم دەستەواژانە کە لە قەڵەمی ئەو مێژوونووسە بەدخوازەوە هەڵوەریون، نیشانەی چاکسازیخوازیی خوسرەون، کەچی پرۆکۆپیۆس بە فێڵەباز و ساختەچی داناوە و دەڵێ: «خوسرەو لە نێو خەڵکدا بۆ ساختەکاری کەس دەسکی لە دوو نەدەکرد، چونکە ئەوەی نەبوو دەیگوت و ئەوەی هەبوو دەیشاردەوە و بەرپرسایەتی زوڵمەکانی خۆی لە ئەستۆی مەزلووماڕادەکرد. هەمیشە ئامادەی پێخوستی سوێند و چەپەڵاندنی ڕووحی خۆی بوو بە ئەنجامدانی کردەوەی دزێوی چنۆکانە. ملی بە پیاوچاکی و پاکی بەلاوە دەنا و دزێوی کردەوەکانی بە زمانلووسی و لەبلەبانی دیزە بە دەرخۆنە دەکرد.»[٦٩] پرۆکۆپیۆس بۆ ئەوەی نموونەیەک لە نزمی ڕەوشتی کیسرای دابێ بە دەستەوە، ڕووداوێک دەگێڕێتەوە کە لە کاتی گیرانی شاری سوورە(sura)دا بە چنگ ئێرانییەکان قەوما و ئەگەر دیرۆکنووس بێلایەن بووایە، ئەم ڕووداوەی بە چەشنێکی تر لێکدەدایەوە و دیمەنەکە ئاوایە: وەختایەک دەروازەی شار کەوتنە سەرگازەرای پشت، خوسرەو تەماشای کرد ئەوە پیاوێک، ژنێکی جوان بە سەر عەرزدا ڕادەکێشێ و منداڵەکەی لەو لا کەوتووە. شا هەناسەیەکی هەڵکێشا و نااڵاندی، کە بە بڕوای ئەو مێژوونووسە لە ڕووی ڕاستی و سەفاوە نەبووە؛ ئەو کات بە چاوی فرمێسکاوی خۆی بە ئاپۆڕاکە، بەتایبەت بە «ئاناستاسیووس»ی باڵوێزی ڕۆم نیشان دا و لە خودا پاڕایەوە هەر کەس ئەو کارەساتانەی خوڵقاندووە سزای بدا و بیتەزێنێ. مێژوونووس دەڵێ کە خوسرەو بە باشی دەیزانی ئەو تووک و نزایە خۆی دەگرێتەوە نەک «یووستینیانووس»ی ئیمپراتۆر، چونکە تاوانی خوسرەو لە قەیسەر گەورەتر بوو.

جگە لەمەش لە نەقڵ و نەزیلەکانی ڕۆژهەڵاتیشدا هێندێک دیمەن و ڕووداوی دەهۆکارانەمان وەبەرچاو دێ کە داویانەتە پاڵ نۆشیروان. بەلازوری دەڵێ،[٧٠] خوسرەو خوازیاری دۆستایەتی «سینجیبوو»ی خاقانی ترک بوو؛ وایان قەرار دانا کە ژنبەژنە بکەن و هەر کەس کچی خۆی بدا بە ئەویتر،[٧١] کەچی خوسرەو یەکێک لە کەنیزانی لەبری کیژی خۆی نارد بۆ خاقان.[٧٢] دوو پادشا پێکەوە دیداریان کرد و بە بۆنەی ئەو خزمایەتییە میوانییان دا، بەڵام خوسرەو لە ژێرەوە فەرمانی دا بە هێندێک لە پیاوەکانی کە جەنگەی شەو ئاور بەردەنە

خێوەتەکانی ترکان و وەختایەک خاقان وەجواب هات و سکاڵای کرد، خوسرەو گوتی ئاگا و خەبەردار نیم. شەوی داهاتوو دیسان ئەو کارەیان دووپات کردەوە و هەر ئەو ئاکامەی لێکەوتەوە. شەوی سێهەم خوسرەو ئاگری بەردایە تاوڵی خۆی و سکاڵای بردە لای خاقان، ئەننەهوو بە دەستووری وی ئەم کارە کرابێ، بەڵام وەختایەک خاقان (میر) سوێندی خوارد کە ئاگای لەو ڕووداوە نیە، خوسرەو ڕێیەکی پێ پێشنیار کرد هەتا بەر بەم هەڵکەوتانە بگیرێ، بەم جۆرە کە خاقان ئیزنی خوسرەو بدا تا شوورەیەک لە مابەینی ئەو دوو وڵاتە ڕاست بکاتەوە. خاقان ڕەزامەندی دەربڕی و گەڕایەوە وڵاتی خۆی. پاشان خوسرەو شوورەیەکی زۆر قایمی ساز کرد. وەختایەک خاقانی ترک پێزانی کە خوسرەو خەڵەتاندوویەتی و خێزانەکەی تەنیا کەنیزێکە، تازە چی بۆ نەکرا و تۆڵەی پێنەستێندرایەوە. [۷۳]

حیکایەتێکی دیکە لە کتێبی «التاج»ی جاحێز[۷۴] و کتێبی «المحاسن و المساوی»ی بە ناوی جاحێزدا[۷۵] بەم چەشنە گێڕدراوەتەوە: خوسرەو شکی کرد کە یەکێک لە خزمەتکارانی دەستی لەگەڵ یەکێک لە ژنانی حەرەمی تێکەڵ کردووە، بەڵام هیچ بەڵگەیەکی بۆ سەلماندنی ئەو کارە نەبوو. جا بۆیە ئەو پیاوەی بۆ سیخوڕێتی نارد دەرباری خونکاری ڕۆم و سەروبەری کارانی وا پێکهێنا کە خونکار سیخوڕەی ناسی و کوشتی. وادیارە سەرچاوەی ئەو دوو حیکایەتە خودای‌نامگ نەبووە و بێگومان لە وردەکاری‌دا ئەفسانەن، بەڵام ڕەنگە نیشاندەری هێندێک لە خوو و خدەی خوسرەو بێ کە بۆ هاوچەرخانی ڕوون و ئاشکرا بووە. بەڵام مێژوونووسان لەو باس و بابەتە تاریفاویانەی کە سەبارەت بەم پادشایە نووسیویانە، ئەم ڕەوشتەی ئەویان زۆر بە هەڵکەوت خستۆتەڕوو.

ڕا و بۆچوونی خەڵکانی شارەزا و کارزان لە ڕوانگەی خوسرەوڕا شتێکی وای نەدێنا و ئەو نەقڵەی کە تەبەری سەبارەت بە دەفتەرەکانی پیتاک و سەرانەی تازەی خوسرەو گێڕاویەتییەوە ئەو مەبەستە دەگەیەنێ. خوسرەو کۆڕێکی پێکهێنا بۆ ئەوەی هەر کەس ڕەخنەیەکی هەیە بیڵێ و بیخاتەڕوو. کەس وستەی نەکرد، بەڵام وەختایەک پادشا بۆ جاری سێهەم پرسیارەکەی دووپات کردەوە، پیاوێک لە جێی خۆی هەستا و بەوپەڕی ڕێزەوە گوتی، فەرمانڕەوا پیتاکی هەمیشەیی لەسەر شتومەک و بەرهەمی ناپایەدار داناوە و ئەم کارە لە درێژەی

ڕۆژگاردا بواری وەرگرتنی پیتاک بەرەو زوڵم و زۆرداری بادەدا. ئەو کات پادشا نەڕاندی: «هۆ کابرای مەلعوونی دەمهەراش! تۆ لە کامە چینی؟» کابرا وڵامی داوە: «لە چینی دەبیرانم.» پادشا فەرمووی: «ئادەی هەستن و بە قەڵەمدانان ئەوەندەی بکوتن هەتا دەمرێ!» هەر لەڕێوە تێکڕای نووسندەکان (دەبیران) ڕاستەوە بوون و ئەوەندیان بە قەڵەمدان لێدا هەتا مرد. جا ئەو جار تێکڕای حازران گوتیان: «ئەی پادشا! ئەو پیتاک و سەرانەیەی کە فەرموتە دابندرێ و داتناوە، هەمووی لەگەڵ دادپەروەری بە موو جیاوازی نیە.»[٧٦] کاووس کە یەکێک لە براکانی خوسرەو و کەڵکەڵەی تاج و تەختی لە مێشکیدا بوو، دیتمان کە چۆن کوژرا. «جەم»ی برا چکۆلەی لە نێو مەزن و ماقوولانی دژی دەسەڵاتی خوسرەو کۆمەڵێکی لایەنگر هەبوو، بەڵام خوسرەو دەستی خۆی ڕەپێش دا و «جەم»ی کوشت و بۆ ئەوەی لەم کەتن و پیلانانە خاترجەم بێ، لە جەنگەی خۆیدا هەموو برا و کوڕەکانیانی و «ئەسپەبەدێس»ی باوەگەورەشی کوشت. تەنیا «کواد»ی کوڕی «جەم» کە کونارەنگی «ئادورگۆنداد» شاردبوویەوە، لەم قەڵتوبڕە خەلەست. ئەم ڕازە ئاشکرا نەبوو، مەگین دوای چەند ساڵی دیکە. ئەو دەم بە فەرمانی خوسرەو، ئادورگۆندادیان کوشت کە یەکجار پیر ببوو و پلەی کونارەنگییان دایە «وەهرام»ی کوڕی. پرۆکۆپیۆس کە وردەکاری ئەم ڕووداوانەی گێڕاوەتەوە،[٧٧] لەم بابەتەشدا وەک تێکڕای باس و بابەتەکانی دیکە مەبەستی دەرخستن و نواندنی فێڵ و دەهۆی خوسرەوە. یەکێکی تر لە بااڵدەستان کە بە دەستووری باوکی خوسرەو پلەی وەرگرتبووە، واتە سەرنەخویرەگان «ماهبود» هەر بەو شێوەیە کوژراو. ئەم کابرایە کە پێشتر بە فرتوفێڵان ئەرتیشتارانسالار سیاوەشی لێخستبوو، خۆشی بە دەهۆی یەکێک لە مەزنان بە ناوی «زەبەرەگان» خیچا. پرۆکۆپیۆس دەڵێ پادشا فەرمانی بە زەبەرەگان دابوو هەتا وەپێوشوێنی ماهبود بکەوێ و بیهێنێتە خزمەتی. ماهبود سەرقاڵی ڕاپەڕاندنی کاروباری ئەو هێزانە بوو کە لە ژێر فەرمانیدا بوون. وڵامی داوە کە هەر کاری تەواو بێ یەکسەرە دەچێتە خزمەتی. زەبەرەگان ئەم وڵامەی بۆ شا هێنایەوە و عەرزی کرد ماهبود بە بیانووی ئەوەی کاری هەیە، خۆی دەگنخێنێ و نایا. خوسرەو زۆر سەیر غەزری و هەڵگڕا و فەرمانی دا کە ماهبود بچێتە سەر سێپێچکە دابنیشێ.[٧٨] ئەو چارەڕەشە چەند ڕۆژان لەوێ مایەوە و سەرەنجام بە

حوکمی شا کوژرا. ئەم حوکمە زۆری ناوبانگ دەرکرد. [۷۹] سەعالبی و فیردەوسیش ئەم بەسەرهاتەیان گێڕاوەتەوە، بەڵام بە چەشنێک کە زیاتر ئەفسانەوییە و ئاوایە: «زەروان»ی[۸۰] سەرۆکی خەڵوەتخانە کە دوژمنی قەستەسەری ماهبود بوو، تۆماتێکی پێوەبەست و جوولەکەیەکی بە پارە ڕازی کرد هەتا پادشا وا تێبگەیەنێ کە ماهبود ویستوویەتی ژارکوژی بکا. خوسرەو پاش کوشتنی خزمەتکاری وەفاداری خۆی، بە هەڵکەوت بەم دەهۆیەی زانی. سزای پیلانگێڕانی دا و لەوەی پەلەی کردووە لە کوشتنی ماهبودا، پەشیمان بۆوە.[۸۱] لە ڕۆژگاری خوسرەودا «ئەنووشەگزاد»ی کوڕی ڕاپەڕی و ئەوەش وەختایەک بوو کە خوسرەو زۆر نەخۆش بوو. خوسرەو ڕاپەڕینەکەی سەرکوت کرد، بەڵام ئەنووشەگزادی نەکوشت و قنیاتی هێنا بە چاو کۆڵینی، یان وەک پرۆکۆپیۆس گێڕاویەتییەوە، پێلووی چاویان بە شیشی ئاسنی سووڕەوەبوو سووتاند و ئەمە بوو بە هۆی ئەوەی کە ئەنووشەگزاد لە جێنشینایەتی بێبەش بێ یان بە واتای دیکە چوونە سەر دەسەڵات بۆی دژوار بێ.[۸۲]

✧✧✧

تیسفوونی پایتەختی دەوڵەتی پادشایەتی و ناوەندی دەسەڵاتی فەرمانڕەوا لە چاخی خوسرەوا، گەیشتە ئەوپەڕی بەربلاوی خۆی[۸۳] و تەواو گەورە بۆوە. تیسفوون ناوی گەورەترین شاری ئەو چەند ئاوەدانییە بوو کە پتر بە سەرجەمیان دەگوتن شارەکان (شەهرها) یان بە زمانی سۆریانی «ماحۆزە»[۸۴] یا «ماحۆزە مەلیکا» (واتە شارەکانی پادشا) و جاری واشە «مدیناثا» یا «مێزینە»[۸۵] (مذینه) و هەر ئەم وشەیە کە عەرەب بە «المدائن» وەریانگرتووە. دەکرێ وا نوقڵانە لێبدرێ کە ئەم ناوە سامییانە، وەرگێڕاوی ناوێکی پەهلەوی - وادیارە شارستانان - بووبن، کە لە سەرچاوەکانی ئێمەدا نەپارێزراون. لە سکەکانی ساسانییاندا ناوەندی دەسەڵاتی پادشا بە وشەی «دەر»[۸۶] دیاری کراوە. لە سەدەی کۆتایی دەوڵەتی ساسانییەکاندا مەداین بریتی بوو لە حەوت شار. مێژوونووسانی عەرەب و ئێرانی کە کتێبەکانی خۆیان لە ڕۆژگاری وێرانی یان تێداچوونی مەداینەدا نووسیوە، ژمارەکانیان بە جیاواز باس کردوون، بەڵام هەرچۆنێک بێ تیسفوون و شاری وێەئەردەشێر کە هەمان سلووکییەی کۆنە، بە گرینگترین شارەکانی مەداین داندراون (وێنەی ۳۷).



وێنەی ٣٧ - نەخشەی شاری سلووکیە و تیسفوون و دەوروبەریان

(شمیت، کۆلینەوەکانی تیسفوون لە ١٩٣١ - ١٩٣٢دا، سووریا، ١٩٣٤.)

ئامیانووس،[٨٧] دەڵێ پایتەختی ئێران وا هەڵکەوتبوو کە بە شەڕ و تێکهەڵچوون نەدەگیرا، چونکە شووڕە و حەساری بەرز و پتەویان بە دەوری شارەکانیدا کێشابوون و دەروازی قایمیان[٨٨] لەو حەوشانە گرتبوون. وێدەچێ کە لە پای زیاد بوونی ژمارەی ئەو شارانەی کە ماحۆزەیان پێکدێنا، چەند جارێک شووڕە و قەڵا و حەسارەکانیان نوێ کردبێتەوە. تیسفوون لە قۆڵی ڕۆژهەڵاتی دیجلە و وێەئەردەشێر لە دەستی ڕاستی هەڵکەوتبوون. پەیوەندیی ئەم دوو شارە سەرەتا تەنیا لە ڕێی پردێکەوە بووزی دەخوارد، بەڵام لەبەروەی لووزەوی

هاتوچۆ یەقی لەسەر دەکردەوە و جێ نەدەبۆوە، شاپووری دووەم لە تافی لاوی‌دا پردێکی دیکەی لە تەنیشت هەڵبەست هەتا ئەوانەی دێن و ئەوانەی دەچن هەر تاقمەی بە پردێکا بپەڕنەوە.

«تیسفوون» کە بە زمانی پەهلەوی پێیاندەگوت «تیسپۆن»[89]، کەوتبووە لای ڕۆژهەڵاتی دیجلە و حەسارێک بە شکلی نیوبازنە و گەلێک کلاوقووچە باوەشیان پێدا کردبوو. ڕووبەری ئەو زەوییەی کە کەوتبووە نێوان ڕووبار و حەسار، بە شێوەیەک کە شوێنەوارەکەی هێشتاش وەبەرچاو دێ، سەری دەگەیشتە ۵۸ هیکتارێک و ئەمە هەمانە کە پێی‌دەڵێن «مدینةالعتیقە» یان «کۆنەشار».[90] ئەو کەندوکۆژەی کە شاندی ئاڵمانی لە ساڵانی ۱۹۲۸ - ۱۹۲۹دا کردیان، دۆزرانەوەی کاول و هەرەسی کلیسایەکی چاخی ساسانی لێکەوتەوە. لە نێو ئەو هەرەسانەدا بەژنی پەیکەری یەکێک لە پیرۆزانی عیسایی دیترایەوە کە بە ساروجی ڕەنگین ساز کرابوو. گەڕەکی «ئەسپانبەر»[91] کەوتبووە لای ڕۆژهەڵاتی تیسفوون و ئەمە ئەو جێگایەیە کە ئەمڕۆ گومبەزی «سەلمانی پاک» - کە یەکێکە لە شوێنەوارەکانی ئیسلامی - لەوێ بەدی دەکرێ. هەر لەو گەڕانگەڕە گەلێک شوێنەواری کاول و هەرەسان هەن کە دەورەی تاقی کیسرایان داوە. دەبێ ئەو زەوی‌وزارانە باغی پادشایەتی بووبن. گۆشەی لا دیوارێک کە ئەمڕۆ پێی‌دەڵێن «بوستانی کیسرا»، لە ڕاستی‌دا پاشماوەی ئەو حەسارەیە کە دەوری «باغی بزنان»ی خوسرەوی داوە. زەوییەکانی گەڕەکی ئەسپانبەر لە لای باشوورەوە گەیونەوە سەر کۆنە بەستێنی ڕووباری دیجلە. لەو جێیە کۆما گردێک هەیە کە پێی‌دەڵێن «خەزێنەی کیسرا» و وادیارە بنچینە و بناغەی کۆشک و سەرایەکی مەزنی تێدا نوقمە.[92]

بە بڕوای «باخمان»ی هاوکاری «ڕۆیتێر»گۆیا بوستانی کیسرا یەکێک لە شارەکانی مەدایین بووە کە بە ئەنتاکییەی نوێ ناودێر کراوە. ناوی ڕەسمیی ئەم شارە «ویەئەنتیۆخ خوسرەو»[93] بوو کە بەڵام زیاتر پێی‌دەگوترا «ڕۆمەگان» (شاری ڕۆمییان).[94] ئەم شارە سازکراوی خوسرەوی یەکەمە. پاش گرتنی ئەنتاکیە ئەم پادشایە دانیشتووانی ئەو شارەی ڕاگوێزتە باژێرێکی تازەی کە لە نیزیک تیسفوون سازی کردبوو. هەر بۆ ئەم مەبەستە لە سەرزەوییەکانی سووریا و ڕۆدس، کوچک و کۆڵەکەی مەڕمەڕ و بەردەئاوێنە و کەڤری تاشراوی

گەورەی[95] هێنایە ئێران. مەسعوودی دەگێڕێتەوە[96] کە خوسرەو دوای بەستنی پەیمانی ئاشتی لەگەڵ ئیمپراتۆری ڕۆم، بەردی مەرمەڕ و نەخشین کراو و چەند جۆرە «فیسفە»ی لەگەڵ خۆی هێنا. فیسفە چەشنە موزاویکێکی سازکراوە لە شووشە و بەردەئاوێنە و تراوکەی ڕەنگین کە بە مەبەستی ڕازاندنەوەی تەرکی ژوور و سەرسەرایان دەکاری دەکەن. هێندێکیان ئەوەندە ڕوونن هەر دەڵێی پارچە بلوورن. خوسرەو پاش ئەوەی بەو دەسکەوتە گرانبایی و زۆروزەوەندەوە گەڕایەوە عێراق، لە نیزیک «مەدایین» شارێکی ساز کرد و ناوی نا «ڕۆمییە» و دەر و ژووری کۆشک و سەرسەرا و حەوشەی ڕاست وەک ئەوەی لە ئەنتاکیە و سایری هەرێمەکانی سووریا دیتبووی، بە موزاییک ڕازاندەوە. دیوارەکانی ڕۆمییە کە بە مۆرە داندراوە، ئەگەرچی ئەمڕۆ هەتا نێوقەد ڕووخاوە، بەڵام هێشتاش قایمە و بە پێوە ڕاوەستاوە و ئۆبااڵ بۆ ڕاستی و دروستی پێداهەڵدانەکەی ئێمە دەکێشێ.

لە ئەفسانانداا هاتووە کە ئەم شارەیان دەقاودەق بەگوێرەی نەخشەی ئەنتاکیە ساز کردبوو، بە چەشنێک کە هەرکام لە کۆچەران بە هاسانی ماڵ و مزڵی وەدەس کەوت.[97] کیسرا لەوێ چەندین گەرماو و مەیدانێکی ڕمبازێنی سازکرد و زۆری چاکە لەگەڵ کردن و قان و پشکی تایبەتی وێدان. بۆ وێنە ئازادی ئایینی دا بە مەسیحییەکان. خەڵکی ئەم شارە ڕاستەوخۆ کەوتنە ژێر چاوەدێری شا و هەرکات تاوانبارێک پەنای بۆ وێ دەبرد، کەس هەقی نەبوو دەستی بکاتێ و مەڕشەی پێبفرۆشێ.[98]

لە ڕۆژاوای دیجلە شوێنەواری حەسارێک وەبەرچاو دێ کە بەشی زۆریان بە خشتی بابل ساز کردووە و ڕووبەرێکی نیزیک ٢٨٦ی هیکتاری دەورە داوە. ئەم شارە سلووکیەیە کە بە کۆنترینی بەشەکانی پایتەخت دادەندرێ و ئەردەشێری یەکەم، دووبارە لایەکی ساغ و ساز کردەوە و ناوی نا «ویەئەردەشێر».[99] حەسارەکەی هەمان دیواری شاری سلووکییەی چاخی سلووکییانە.[100] شاری ماحۆزا (ماحۆزە)[101] تەنیشت بە تەنیشتی سلووکیە بوو. بێجگە لەوەش نووسەرانی یەهوودی و سۆریانی وشەی ماحۆزایان بە مانای تەواوی ناوچەی سلووکیە دەکار کردووە. ویەئەردەشێر شارێکی گەورە بوو کە کۆڵانەکانی سەنگچن کرابوون. لە پەنا ماڵەکانی ئەو شارە، حەوشەیەکی گەورە بۆ مەڕ و

مالات هەڵخرابوو، چـون خەڵـکی دەوڵـەمەندی ئـەو شـارە، ڕەوە و گـاڕان و کەرەکەمەڕێکی زۆریان هەبوو، کە ڕۆژانە بۆ لەوەڕ دەیانبردنـە دەرە و دۆڵـێکی نیزیک ماحۆزا و ناویان نابوو «گەڵی ماحۆزا». بازاڕی ئەم شارە زۆر گەورە بوو و بازرگانانی جوولەکەی شەراب‌فرۆش و هەموو چەشنە مامەڵەچی و دەستفرۆش لەو شارە نیشتەجێ ببوون و زۆر چاک هەڵدەسووڕان. بازرگانێتی زۆری گەشـە کرد و ئەم شارەی پێهەستا و بە سەر دەوڵەمەندی‌دا کەوت، بە جۆرێک کە زنجیر و قۆڵبەندی زێڕ لەوێ بایەخێکی ئەوتۆی نەبوو. ژنان بەشێکی زۆریان لەو زێـڕ و زەمبەرانە بەخێر دەدایە هەژاران و سەدقەخۆران ئەوانیان لەبری ویشـکەپوول وەردەگرت، بەڵام خەڵکی ئەو شارە زۆر بە تەنگ کاروبار و ڕێوشوێنی دینییەوە نەبوون و هەر بۆیە لەبەر پـێ‌لـێهەڵـێنان لـە شـەرابخۆری و داوێـن‌پیسـی‌دا دەکەوتنە بەر تانە و سەرکۆنە: «ژنانی وێندەرێ تەپلۆس و کارنەکـەر بـوون.» یەکێک لە دەسکرد و تایبەتمەندییەکانی شاری ماحۆزا (سـلووکیە) سـاز کردنـی کیسە و چەشنە حەسیرێک بوو کە خورمایان لەسەر هەڵدەخست.[۱۰۲]

شاری وێەئەردەشێر بە ناوەندی مەسیحییەکانی ئێران و نشیمەنگای جاسلیق دادەندرا. کلیسای گـەورەی سـلووکیە لـەوێ بـوو. لـە جەنگـەی هەڵـبڕدابڕ و پەیکەردەی نەساراکان لە زەمانی شاپووری دووەمدا ئەم کلیسـایە وێـران کـرا و دوای مەرگی ئەم پادشایە سەرلەنوێ سازیان کردەوە و پاش وی چەند جاران بـە یارمەتی و باربووی دەربـاری قوسـتەنتەنییە کەڵـتە کرایـەوە. چەنـد شـوێنی پـیرۆزی دیکـەی وەکـوو کلیسـای «سـەنت نـەرکۆس» (سـەن نەرسـێس؟) و قوتابخانەی ئایینی کە سەدەی شەشەم سـاز کرابـوو، لـەم شـارەدا دەبینـدرا. دەیری پێسیۆن لە جەرگـەی خـودی تیسـفوون‌دا هەڵـکەوتبوو. لـە ڕۆژگـارانی دواترا، دوو کلیسا بە ناوی «مریەمی پیرۆز» بە فەرمانی خوسرەوی دووەم سـاز کران.[۱۰۳]

لە وێەئەردەشـێر و تیسـفوونیش‌دا جوولەکـە زۆر بـوون. قۆتابخانەیـەکی بەرزی جوولەکان لە سەدەی سێهەمەوە لـەم شـارە هـەبوو. «ڕێـش گالووتـا» سەرۆکی کۆمەڵی جووەکانی بابل لە شاری ماحۆزا بنەی دانا.[۱۰۴]

لـە نیزیـک پێـنج کیلـۆمتری بـاکووری وێەئەردەشـێر شـاری بچـووکی «دەرەزیندان»[۱۰۵] قوت ببۆوە. شارێکی دیکە بـە نـاوی وەلاش‌ئـاوا (سـابات) کـە

شاوەلاش دروستی کردبوو، کەوتبووە سەر لێواری دەستەڕاستی ڕووبار و ڕۆژاوای ویەئەردەشێر.[١٠٦]

بەکورتی لە سەرجەم ئەو شارانەی کە پایتەختی ئێرانیان پێکدێنا، پێنجیان بۆ ئێمە ناسراون، بەم چەشنە: لە ڕۆخی ڕۆژهەڵاتی دیجلە، کۆنەشاری تیسفوون و شاری ڕۆمەگان؛ لە قۆڵی ڕۆژاوای ڕووبار شاری ویەئەردەشێر (سلووکیە) و دەرەزیندان و وەلاشئاوا. ئەگەر گەڕەکی ئەسپانبەری سەر لێواری چەپ و گەڕەکی ماحۆزای قەراخی ڕاست بە دوو شاری سەربەخۆ دابنێین، ژمارەی شارەکان دەبنە حەوتی تەواو.

ئەو کەندوکۆژەوانانەی کە لە سالانی ١٩٣١ - ١٩٣٢دا لە «ام‌السعاتیر» و «المعارید» - دوو تەپۆلکەی ڕۆژهەڵات و باکووری تاقی کیسرا - خەریکی گەڕان و کۆڵینەوەی زەوی بوون، بناغەی چەند کۆشکێکی ساسانییان دۆزیوەتەوە کە «واختسموت» (Wachtsmuth) توانیویەتی نەخشەکانیان بکێشێتەوە. گەلێک کوتولەتی گێچبڕی کە ئەو کات بۆ جوانکاری و ڕازاندنەوەی بیناکان کاریان لە سەرکراوە وەدەس هاتوون وەک نەخش و نیگاری گەلاخورمایی و گێچبڕی دار و گوڵ. ئەم چەشن دار و گوڵانە، پێشڕەوی دار و گوڵی سنعاتی ئیسلامین و گێچبڕی لە وێنەی جانەوەران و ڕازاوە بە دیمەنی ورچ و بەراز و ڕوخساری داری ژیان کە تاوس لە سەری هەڵنیشتوون و کۆمەڵێک خشتی سوور کە وێنەی باوکان و کچانی شازادانیان لەسەر کێشراوەتەوە، دۆزرانەوە و لە نێو ئەو لەتوکوتانەدا، چەند پەیکەرێکی بچووکیش وەچنگ هاتوون کە نیشاندەری ژنانی سەماکەر و عوودژەنان و ئەو مەستانەن کە لەسەر جێگا خەوتوون و هێندێکی تری[١٠٧] لەم چەشنەش (وێنەی ٣٨).

لە هەردک بەری دیجلە چەند کۆشکێکی پادشایەتی سەریان بەرز کردبۆوە. لە زەمانی شاپووری دووەمدا کۆشکێکی بچووکی جوانیان لە دەرەوەی سلووکیە ساز کرد کە دەیڕوانییە دەشتێکی پنچکاوی و بەدەوەن و ڕەز و سەوڵ. دیواری ژوورەکانی وەک دابی ئێرانییەکان نەخش و نیگاری پادشای لە جەنگەی ڕاو و شکاری بوونەوەرانی کێوی‌دا دەخستە بەرچاو. ئامیانووس مارسێلینووس دەڵێ: «وێنەگەری و نەخشەبەردینەکانی ئەم نەتەوەیە هیچ شتێک بێجگە لە شەڕ و لێکدان و کوشتار نیشان نادا.»[١٠٨]



بنکەی ژین
www.zheen.org

وێنەی ٣٨ - کوتوڵەتی نەخش و نیگارەکانی تیسفوون

(شمیت - کۆلێنەوەکانی تیسفوون لە ١٩٣١ - ١٩٣٢دا، سووریا، ١٩٣٤)

لێرە پادشا پتر لە کۆشکی فەرمانڕەوایەتی تیسفوونی تایبەت دادەنیشت و قەسرەکەی کەوتبووە نیزیک ڕووبار، بە چەشنێکی وا کە دەنگ و هەرا و زەنازەنای ڕێبوارانی خەوی دەزڕاند و هەر بۆیە بوو کە شاپووری دووەم دەستووری دا پردێکی دیکە لەسەر دیجلە هەڵبەستن. ڕەنگە ئەمە هەمان «کۆشکی سپی» بێ کە دوو سەدەونیو پاش بڕانەوەی زنجیرەی پادشایانی ساسانی خەلیفەکانی ئیسلامی واتە «المعتضد» و «المکتفی» ڕووخاندیان هەتا کەرەسەکەی ڕاگوێزن بۆ قەسرێکی کە لە بەغدا سازیان دەکرد.[١٠٩]

بەناوبانگترین کۆشک و سەرایەکی کە پادشایانی ساسانی سازیان کـردووە، ئەو قەسرەیە کە ئێرانییەکان پێیدەڵێن «تاقی کیسرا» یان «هەیوانی کیسرا» کـە هێشتاش هەرەسـەکانی لـە گـەڕەکی ئەسـپانبەر دەبێتـە هـۆی سەرسـوڕمانی گەشتیاران[110] (وێنەی ۳۹). لە چیرۆکانداسازکردنی ئەم کۆشکەیان داوەتە پـاڵ خوسرەوی یەکەم. بە بڕوای هێرتسفێڵد هەیوانی کیسرا لە ڕۆژگـاری شـاپووری یەکەمدا چێ کراوە، بەڵام ڕۆیتێر[111]، ئۆبالێی بۆ ئەو حیکاتە باوانـە کێشـاوە و دەڵێ تاقی کیسرا بارگایەکە کە خوسرەوی یەکەم بنیاتی نا. سـەرجەمی کـاول و هەرەسەکانی ئەم کۆشکە و حەوشە و سایری ژوورەکانی ڕووبـەرێکی ۳۰۰ - ۴۰۰ میتری دەبن و لەم جەغزەدا شوێنەواری چەند بینایەک وەبەرچاو دێ. بێجگە لـە تاقی کیسرا، عیمارەتێک کەوتۆتە سەت گەز ئەولاتری باڵی ڕۆژهەڵاتی تاقەکە و کۆمایەکی بە سەریەکدا جمیو لە قۆڵی باشووری تاقەوە خـۆی دەنوێنـێ و لـە دەستی بـاکوور چەنـد وێرانەیـەک هـەن کـە لـە ژێـر موغبەرسـتانی نـوێدا حەشاردراون. تاقی کیسرا تەنیا بـەشـێکی کۆشـکی میرانـە کـە شـوێنەوارێکی بەرسەرنجی لێبەجێماوە. ڕووکاری ئەم بینایە کە بەرەو ڕۆژهەڵات و ۲۹/۲۸ میتر بەرزە، دیوارێکی بێ پەنجەرەیـە، بـەڵام گـەلێک تـاقی بەکـەوان و کۆڵـەکەی داتاشراو و تاقچەی ڕێـکوپێـک لـە چـوار ڕیـزاندا دەسـتیان تێـکگرتـووە و جابەجابە دەنوێنن. دیارە دەبێ بۆ دۆزینەوەی تا و لینگـەی ئـەم دەسـکردە لـە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی کە فەرهەنگی یۆنانی شوێنی تێکردوون، بەتایبەت لە پالمیر گەڕ بدرێ. ڕووکاری عیمارەتەکە ڕەنگە بـە سـاروجی نەخشـێندار و یـا بـەردی مەڕمەڕ یان وەک هێندێک لە نووسەرانی تازە بانگەشەیان کردووە، بـە تـوێژ و تەڵشی مزینی ئاوەزێڕ و ئاوەزێوکراو ڕووکەش کرابێ.

بەڵام هێرتسفێڵد سەبارەت بەم بەشەی دوایی، کە من لە کتێبەکەی خۆمدا بـە ناوی «پادشـایەتی ساسـانییەکان»، لاپـەڕە ۱۰۲، ئامـاژەم پێـداوە، شـتێکی سەبارەت بەم مەبەستە لە هیچکام لە سەرچاوە کۆنەکاندا نەدۆزیوەتەوە. هـەتا ساڵی ۱۸۸۸ ڕووکار و تالاری هەرەگەورە بە پێوە بوون، بەڵام هەر لەو ساڵیدا، لای باکوور تێکچمی و ئێستا لای باشووریش بـەرەو ڕووخانـە. لـە نێوەڕاسـت دیواری کۆشکا، زارکی تاقی گەورەی لانکەیی وەبەرچاو دێ کە وەختی خۆی بـە قوولایی عیمارەتەکە نەپساوەتەوە و هەتا بنەبان ڕۆیشـتووە. ئـەم تـالارە کـە

٢٥/٦٣ میتر پان و نیزیک ٤٣/٧٢ میتر درێژە، بارگای شاهەنشا بووە. لە پشت هەردک سووچی ڕووکاری عیمارەتەکە، پێنج سەرسەرای نەویتر کە چەند تاقنمایەک لە سەریان بەدی دەکرێ، هەبوون و لە دەرەوەڕا بە دیوارێکی بڵیند گەڕ دراون. لە پشت دیوارێکی کە سەرهەدی ڕۆژاوای کۆشکە، وادیارە تالارێکی چوارگۆشە لە نێوەڕاستا هەڵخراوە، کە بە پاشکۆی تالاری سەرەکی داندراوە و دوو وەتاغی بچووک لەوبەرەوبەری هەبوون. تەواوی دیوار و میچەکان لە خشتی سوور و یەکجار زۆر ئەستوور بوون. [١١٢] لەو کۆڵینەوە تازانەی کە ئاڵمانی کردیان، چەند لەتوکوتێکی گێچبڕی جوانکاری و لەم چەشنەیان سەبارەت بە چاخی ساسانی وەدەس کەوتوون.



وێنەی ٣٩ - تاقی کیسرا، لە ساڵی ١٨٨٨ی زایینیدا

(دییوولافوا، دەسکرد و سنعاتەکانی ئێرانی کۆن)

هەیوانی کیسرا کە نشیمەنگای ئاسایی پادشا بوو، بە باری خانووبەرەدا هەتا ڕادەیەک ساکار بووە، بەڵام سەرسوڕمانی بینەران لە بەرامبەر ئەم

بینایەدا پتر دەگەڕێتەوە سەر بەرزی و شکۆ و ئەستوورایی دیوارەکانی، هەتا جوانی سەرجەم و وردەکارییەکانی. «ئیبنوو خوردادبە»[113] دەڵێ: «کۆشکی کیسرا لە مەداین چاکتر و جوانترە لە تەواوی ئەو عیمارەتانەی کە بە گێچ و خشت ساز کراون. » هەروەها چەند شێعرێکی لە قەسیدەی «البختری» (بەختەری) هێناوە کە بۆ تاریف و پێداهەڵدانی ئەم هەیوانە هۆندوویەتییەوە: ئەم هەیوانە ئەوەندە سەرسوڕهێن پەڕی هەڵداوە، دەڵێی موغارێکە لە کەلەکەی چیایەکی بەرز. کێوێکی بڵێندە کە پۆپەمشارەی سوارن بە سەر لووتکەی «قودس» و «ڕەزوی»دا. کەس نازانێ کە ئادەمیزاد ئەوێی بۆ موغبەرەی جنۆکان ساز کردووە یان جندۆکە بۆ ئادەمیزادی هەڵخستووە؟»*

بارگای شکۆداری شاهەنشا لەم قەسرەدا بوو. فەرمانڕەوا لێرەوە کاروبارەکانی وڵاتی ڕێکدەخست. هێندێک لەو بابەتانەی کە مێژوونووسانی عەرەب دەربارەی ڕێوشوێنی جیهانداریی خستوویانەتەڕوو، سەبارەتە بە دامودەزگا و ڕێکخستنەکانی چاخی خوسرەوی یەکەم و جێنشینەکەی. دەزگا ناوەندییەکان بریتی بوون لە چەند «دیوان»[114]، کە وشەیەکی پەهلەوییە بە مانای دامودەزگای حکوومی و لەم دەزگایانەدا نەزم و ڕێکخستنێکی تەواو باڵی کێشابوو. زانیارییەکی ڕاستەوخۆمان سەبارەت بە ژمارەی دیوانەکان و سنووری دەسەڵاتیان بە دەستەوە نیە. هەر ئەوەندە دەزانین کە پادشا خاوەنی چەند «مۆر»ێک بوو، یەکیان بۆ نووسینگەی نەهێنی، یەکێک بۆ دەبیرخانە (بەشی نووسین و تۆمار کردنی هاتن و چوونی نامەکان)، ئەویتر بۆ دادگای جینایی، دانەیەک تایبەتی دابەشینی پلەوپایە و نیشانەکان و ئاخر دەنکیان لە بواری کاروباری دارایی‌دا کاری پێدەکرا.[115] هەر بۆیە دەتوانین وای بۆ بچین کە هاوشانی ئەم ژمارەیەش دیوان هەبووبن. کەچی دیسانیش ئەو لیستە ناتەواوە و عەقڵ وای دەبڕێ کە بۆ ئەم کاروبارانەی خوارەوەش چەند دیوانێک بووبن: قۆشەن، پۆست، سکەخانە، بەشی کێشان و پێوان، دارایی‌یەکانی پادشایەتی و هتد.* هەروەها دژوار دێتە بەرچاوان کە گرینگترین لقەکانی ڕایەڵوپۆی حکوومەت، واتە بەشی دارایی، چەند دەزگایەکی جیاوازی نەبووبێ، هەروەک دواتر لە سەردەمی خەلیفەکانی ئەمەوی وعەببباسی‌دا داندرا.[116]

لە کتێبی بەلازوری‌دا[117] چەند خاڵ و بابەتێک سەبارەت بە شێوەی کاری دیوانەکان، بەتایبەت لە لقی دارایی‌دا، نووسراوە. بۆ وێنە بڕی دراوی کۆکراوەیان لە بەردەمی شا بە دەنگی بەرز دەخوێندەوە. واستریووشانسالار هەموو ساڵێک سیایی داهاتی سەرانە و پیتاکی هەمە چەشن و چۆنیەتی دۆزی خەزێنەی دەبردە خزمەت پادشا و ئەویش مۆری دەفەرموون. خوسرەوی دووەم کە بێزی لە بۆنی پێست هەڵدەستا، فەرمانی دا هەتا سیایی حیسابات لە سەر کاخەزی بۆنخۆشکراو بە زەعفەران و گوڵاو بنووسنەوە. وەختایەک فەرمانڕەوا فەرمانێکی دەردەکرد، دەبیر (نووسندە)ی میری لە خزمەتی‌دا دەینووسی و پاشان بە مەبەستی ڕاگرتنی کۆلکەی فەرمانەکە، فەرمانبەرێکی دیکە لە دەفتەرێکی ڕۆژانەدا تۆماری دەکرد. ئەم دەفتەرەی ڕۆژانەیان هەموو مانگێک ڕێکوپێک دەکرد و پاش ئەم ماوەیە مۆری پادشایان لەسەر دەدا و دەیاندا بە گەنجوەر (پاڕێزەی گەنج). دەقی سەرەکی فەرمانەکەیان دەدا بە «مۆردار»ی پادشا و ئەویش مۆری دەکرد و دەینارده لای کەسێکی کە بەرپرسی ڕاپەڕاندنی بوو. ئەم کەسە فەرمانەکەی دەخستە سەر شێوازی دڵخواز و باوی نووسندەکانی ئێرانی و دەقی سەرەکی دەنارد بۆ دەبیر و ئەویش دەیدایە خزمەت پادشا و پاشان لەگەڵ دەفتەری ڕۆژانەی خۆی بەراوردی دەکرد، ئەو کات ئەگەر نێوەرۆکی هەردکیان یەک بووبا، لە خزمەت خودی پادشا یان نزیکترین هاونشینانی ئەودا مۆری دەکرد و دەینارد بۆ جێبەجێ کران.

حوکمەکانی پادشایەتی و ڕێکەوتننامەکان و تەواوی بەڵگەنامەکانی دەوڵەتی مۆرێکی کلکەوانەیان لێدەدا کە وێنەی بەراز (وەراز)ی لەسەر شەقڵ کرابوو. ئەگەر پەیوەندی بووایە بە چەند بەڵێنییەک سەبارەت بە دەوڵەتێکی تر - چ سەربەخۆ و چ ناسەربەخۆ - تووڕەکەیەکی بچووکی پڕ لە خوێیان پێوەدەبەست و مۆرنەقیمی میریان لەسەر دەدا و ئەمە بە نیشانەی پتەوی و هەرگیز نەشکانی پەیمانەکە دادەندرا.[118] لە دەوروبەری شا کۆمەڵێک بەرپرس و کاربەدەستی پایەبەرزی خاوەن نازناو و پلەدار هەبوون، وەک: «دەربەد» یان کارگێڕی دەربار،[119] «تگەربەد» کە شوغڵەکەی وەک سەرۆکی دەربار وابوو،[120] «نەدیمانکاران سەردار» یان «سالار» واتە مەزنەپەردەدار و سەرۆکی تەشریفات[121] و بە پەردەداریان دەتگوت «خوڕڕەمباش». ئەو جار

سەرەی چاوەدێری کۆشکی پادشایەتی و پێشخزمەت و ساقی (مەی‌بەد)[۱۲۲](؟) و «چێژەر» (پێدێشخۆوەر)[۱۲۳](؟) و سەرۆکی گشتیی چێشتخانە (خوان‌سالار) [۱۲۴] و کارکەرانی خەڵوەتخانە (سێنکایان و سێنکەپت، شێوازی ئەرمەنییانەی ئەم ناو وشوغڵەی ئێرانین) [۱۲۵] و «بازەوان» (شاوان) [۱۲۶] (؟)، میرشکار (نەخجیربەد)؛[۱۲۷]، میرئاخور (ئاخورسالار)، سەرۆکی دەرکەوانان (دەربان‌سالار) [۱۲۹] و هەروەها وەک چۆن لە بۆندهێشنی ئێرانی‌دا وەبەرچاو دێ، شوغڵێکیش بووە بە ناوی «کۆستیگبان‌سەردار» کە ئەرک و دەسەڵاتی بە دروستی ڕوون نین[۱۳۰] و کۆمەڵێک لە ئێشکدێرانی پادشا کە پێانەدەگوترا «پۆشتیگبان» (پشتیوان) [۱۳۱] و دەکەوتنە ژێر دەسەڵاتی «پۆشتیگبان‌سالار» کە لە دەرباردا زۆر ماقوول و دەسڕۆیشتوو بوو.[۱۳۲] ئەم نیگابانانە پادشایان دەپاراست و بە بەشێک لە شەوکەتی کەژاوەی وی دادەندران. لە سەردەمی خوسرەوانیش دا پلەی هەزاربود (هەزاربەد) هەر بووە[۱۳۳] و ئەم سەرناوە وەک پێشوو بە یەکێک لە نازناوەکانی وەزیری گەورە (مەزنەوەزیر) دانەندراوە، بەڵکوو تەواو لە جێی خۆیان دەکار کردووە و بریتی بووە لە سەرۆکی کۆمەڵی هەزار کەسەی پارێزەرانی میری. یەکێک لە پیاوانی پایەبەرزی شاپووری یەکەم خاوەنی نازناوی «شەپشیرئاز» (خاوەنی شمشێری ڕووت) بووە.[۱۳۴]

لە ڕۆژگارانی دوایی چاخی ساسانی‌دا دەستەی قەرەوڵان لە نەجیمزادان پێکدەهات. [۱۳۵] وەختایەک پادشا پێی دەنایە ڕکێف، پارێزەرانی بە دوو ڕیز ڕادەوەستان و هەر کەسەی خاوەنی زرێیەک و کڵاوخوودێک و مەتاڵێک و شمشێرێک و ڕەمبێک بوو. وەختایەک شا بە پێشی‌دا تێدەپەڕی، مەتاڵەکەی خۆی دەبردە پێش و بەرەو پاشکۆی زینی ئەسپەکەی فەرمانڕەوای ڕادەداشت و سەری وا نەوی دەکرد کە نێوچاوانی دەگەیشتەوە مەتاڵەکەی. [۱۳۶]

چەند چین و تۆژێکی دیکەش هەبوون کە لەبەر کاریگەرییان لەسەر سرشت و تەبیاتی پادشا لە بارگای میری‌دا بەرەو ماقوولی چووبوون. بۆ وێنە ئەستێرەژماران (ئەختەرماران) کە سەرۆکیان بە «ئەختەرماران‌سەردار» دەناسرا و دەکەوتە ڕیزی دەبیران[۱۳۷] و غەیبزانان. ساسانییەکان بە لاسایی ئەشکانییەکان ئەو چەند تۆژەیان ڕادێنا و ڕاوێژیان پێدەکردن.

مێژوونووسانی ڕۆمی دەڵێن: «شاپووری دووەم لە ڕێی غەیبزانانەوە لەگەڵ تێکڕای ڕووحە چەپەڵ و هێزە جەهەندەمییەکان تێڕاچوو بوو و سەبارەت بە

داهـــاتوو کۆمەڵـــێک پرســـیاری لێـــدەکردن. »[۱۳۸] یـــەزدگردی یەکـــەم هـــەموو ئەستێرەناسانی بارگای کردە ڕاسپاردەی دۆزینەوەی ئەستێرەی بەختی کوڕەکەی خۆی.[۱۳۹] خوسرەوی دووەم بە مەبەستی هەڵبەستنی بەنداوێک لەسەر ڕووبـــاری دیجلە تێکڕای غەیبزانان و سێحربازان و ئەستێرەناسانی کە ۳۶۰ کەس بـــوون، کۆی کردنەوە و ڕاوێژی پێکردن کە چ کاتەژمێرێک دیاری دەکەن و لەبەروەی کـــە کارەکەی ئاکامی دڵخوازی لێنەکەوتەوە، زۆربەیانی کوشت.[۱۴۰] بـــێشـــک ئێمـــە دەمانەوێ کە سەبارەت بە نێوان و پەیوەنـــدیی ئەستێرەناســـان و ســـێحربازان و چینی پیاوانی ئایینی چەند زانیارییەک وەچنگ بێنین. هـــەروەک ئاگاسیاســـیش قۆڵی لەسەر ئەم مەبەستە کێشـــاوە،[۱۴۱] بـــێگومـــان خـــودی پیـــاوانی ئـــایینیش کەوتبوونە جەغزی فەندی پێشگۆیی و جێی کاهینانی بابلیان گرتبۆوە. تۆێژێکی خاوەن بڕستی دیکەی دەربار پزیشکان بوون کە پێیاندەگوتن «دروستبەد».[۱۴۲] لە ســـەردەمی خوســـرەواندا ئـــەم تاقمـــە پتریـــان مەســـیحی بـــوون.[۱۴۳] شـــاعیرانی دەرباریش دەکەوتنە چینی شانەبەرزان. بەڵام خواجەکان کـــە زۆریـــش دەســـتیان دەڕۆیی، گۆیا هیچ کات نەکەوتوونە چینی مـــەزن و مـــاقووڵان. وادیـــارە دەبـــێ سەرۆکی ئەوان پێیگوترابێ «مەردەبەد».[۱۴۴] شوێنی دیداری گشتیی سەرسەراکانی تاقی کیسرابوو. لە ڕۆژی دیاریکراودا جەماوەرێکی زۆر ڕوویان دەکردە دەرگـــای بارگا (ئەپەردانە) و لە ماوەیـــەکی کورتـــا سەرسـەرای گـــەورە جمـــەی دەهـــات. هۆڵەکان مافووڕەیان لێڕادەخرا و دیوارەکانیشیان بە قاڵـــی دادەپۆشـــی و هـــەر لادیوارێک کە قاڵی پێوەنەبا، بە کاشی نەخشین کـــە بـــە فـــەرمانی خوســـرەوی یەکەم ساز کرابوون، ڕازابـــۆوە. وادیـــارە وەســـتا و ســـنعاتکارانی یۆنـــانی کـــە یووستینیانووسی قەیسەری ڕۆم ناردبوونی بۆ دەرباری خوسرەوی یەکەم، ئـــەم وێنە و دیمەنانەیان ساز دەکرد.[۱۴۵] چەندێک لەم تابلۆیانە ئەم دیمەنانە بوون کە گەمارۆی ئەنتاکیە و شەڕەکانی دەوروبەری نیشان دەدان. وێنەی خوسرەویشیان کێشابۆوە کە بە سواری ئەسپێکی شێ لە بەرامبـــەر قۆشـــەنی ئێـــران و ڕۆمـــەوە تێدەپەڕی و جلوبەرگی سەوزی پۆشـــیبوو.[۱۴۶] تـــەختی پادشـــایان لـــە بنـــەبانی هۆڵەکە دادەنا و پەردەیان لە ڕووی دەگێڕا. مـــەزن و مـــاقووڵ و پایەبـــەرزان لـــە مەودایـــەکی دیـــاریکـــراوی پەردەکـــە ڕادەوەســـتان.[۱۴۷] بـــێگومـــان لەمپـــەر و بەرگێڕەوەیـــەکیان لـــەوێ چەقانـــدبوو کـــە شـــوێنی جـــەماوەری ئاســـایی و

گەورەگەوران لێک جودا بکاتەوە. لەپڕێک پەردە لادەدرا و شاهەنشا لە سەر تەخت خۆی دەنواند کە پاڵی وە باڵنجێکی زێڕچن دابوو و بەرگی ڕایەڵئاڵتوونی پۆشیبوو. تانجی جەواهێرنیشانی ڕازاوە بە زێڕ و زێو و مروواری و یاقووت و زمڕووت، بە زنجیرێکی تەڵا لە میچەوە هەڵاوەسرابوو. ئەم زنجیرە ئەوەندە ناسک بوو کە لە دوورەوە نەدەدیترا. ئەگەر کەسێک لە مەودایەکی باشەوە تەماشای دەکرد، پێیوابوو بە ڕاستی تانجەکە لەسەر سەری پادشایە، بەڵام ئەو تانجە هێندە قورس بوو کە هیچ سەرێک بۆی ڕانەدەگیرا و قسەی ٩١/٥ کیلۆی لێکراوە. لە میچی سەرسەراکەوە ١٥٠ ڕوچنەی نیوبستی و قولانجی چێ کرابوون کە باوشێک تیشکەی ورد و باریک لێیانەوە دەنگووتن و لە ژێر ڕەهێڵەی ڕووناکیی ئەم دیمەنە ڕەمزاوی و بەشان و شکۆ و ڕازاوەیەدا، ئەو کەسانەی کە بۆ یەکەم جار پێیان نابوویە ئێرە، وایان سەر سوڕدەما، کە خودبەخود بە چۆکدا دەهاتن. پاش تەواو بوونی دیدار وەختایەک پادشا هەڵدەستا و دەڕۆیی، تانجەکە هەروا بە هەڵواسراوی دەمایەوە و قوماشێکی زێڕچنیان لە دەورییەوە دەپێچا کە تۆز و غوماری لێنەنیشێ. «بەلعەمی» دەڵێ کە خوسرەوی یەکەم ئەم دابەی کردە باو و لە سەردەمی خۆی و جێنشینەکانیدا پەیڕەو کرا.[١٤٨] ئەو ئاڵقەیەی کە زنجیری تاجەکەی بە میچەوە دەبەستەوە، هەتا ساڵی ١٨١٢ هەر لە شوێنی خۆی مابوو،[١٤٩] بەڵام لەو ساڵیدا لێیان کردەوە.

جوانی و شەوکەتی پادشا گەورەیی و شکۆی لێدەباری. ژان کریزۆستۆم (Jean chrysostôme) بە خستنەڕووی دیم و دیمەنی یەکێک لە پادشایانی ئێران لە سەدەی چوارەمی زایینیدا بۆ سووکایەتی پێکردن دەڵێ: «ڕیشێکی زێڕکفتی هەیە و خۆی وەک بوونەوەرێکی سەیروسەمەرە لێکردووە.»[١٥٠] سێئۆفیلاکتووس ئاوای وێنای هۆرمزدی چوارەمی جێنشینی نۆشیروان کردووە کە بە جلوبەرگی گرانبایی لەسەر تەخت ڕۆنیشتبوو: «تانجێکی زێڕینی گەوهەربەندی لەسەر بوو، تروسکەی زبەرجەدەکانی کە گۆمرواری ئاڵقەیان لە دەوری دابوو، چاوی بە مۆلەق دەوەستاند و ئەو جەواهێراتەی بە قژیەوە خۆیان دەنواند، تیشکەی شەپۆلینی لەگەڵ پرشنگی سەرسوڕهێنی زمڕووتەکان وەها تێکبەزیبوون، کە چاوی تەماشاوان لەبەر دیتنی ئەو دیمەنە سەیرە بە شەواڕە دەکەوت و

هەتەرێکی وای نەدەکرد. پادشا پانتۆڵێکی زێڕچنی پۆشیبووە، کە گۆڵدۆزی زێڕ و زێوی دەسکار نەخشاندبووی و زۆر بەقیمەت بوو. بەگشتی جلەکانی هەتا ئــەو جێیەی کە شکۆی پادشایەتی و مەیلی خۆنواندن هەڵــیدەگرت، بــەنرخ و جــوان بوو.[151] باسی ئەو ڕوخسار و دیمەنەی هۆرمزد، ڕەنگــە ســەردەمی خوســرەوی یەکەمیش بگرێتەوە. هــەمزە لــە ڕووی کتێبێکــی کــە بریتــی بــووە لــە وێنــەی پادشایانی ساسانی، ئاوای نۆشــیروان خســتۆتە بــەرچاوان: [152] «بالاپۆشــێکی زێڕکفتی ڕەنگینی بە شانی داداوە و پانتۆڵێکی کەوەڕەنگی کردۆتە پێی و لەســەر تەخت دانیشتووە و لەنگەری داوەتە سەر شمشیرەکەی.»

وێنەی نۆشیروان هەروەک چۆن باسی کرا، ئاوا لە سەر دەفرێکی زۆر جــوان کە هی کتێبخانەی نەتەوەیی پاریسە، شەقڵ کراوە. ئەم وێنەیــە کەوتۆتــە نێــو بازنەیەکی موورووی بلووڕینی خۆڕەنگ. سێ ڕیز گوڵــی بلووربەنــدی ســوور و سپی کە هەموویان لە زێڕ گیراون دەوری ئەو بازنەیان داوە (وێنەی ۴۰). پادشــا لە ڕووبەڕووڕا دیارە کە هەردک دەستی خستوونە سەر باڵــچۆغەی شــیرەکەی و لەسەر تەختێک دانیشتووە کە ئەسپی باڵدار هەڵیانگرتووە.[153] شەقڵەبەردێکی تر کە لە کێوی شاپووری فارس[154] زبر و گــرەکی داتاشــراوە، بریتییــە لــە چەنــد وێنەیەک کە کەوتوونە دوو ڕیزان. لــە ڕیــزی ســەرووڕا پادشــا لــە نێوەڕاســت دانیشتووە و هەروەک ئەو دیمەنــەی دەفرەکــە دەچــێ کــە باســمــان کــرد، بــەم جیاوازییەوە کە تەنیا دەستی چەپی هاویشتۆتە سەر دەسکی خەنجەر و دەســتی ڕاستی گۆچان یا نێزەیەکی گرتووە. لە لای چەپی [بینەرەوە] مەزن و میری وڵات بە دابی کۆنباو ڕاوەستاون، واتە دەستی ڕاستیان هەتا حاندی ڕوخساریان بەرز کردۆتەوە. لە قۆڵی ڕاستەوە دیلەکان دێننە بەردەم پادشا و لە ڕیــزی بــەرەوەی لای چەپ، مێرخاسانی ئێرانی وەبەرچاو دێن کە ئەسپێکیان لە مەیدانی شەڕەوە هێناوە و لە دەستی ڕاستەوە پیاوێک دیارە کە سەرێکی بڕاوی بــە چنگــەوە. لــە نیزیک کەسێکی فیل سوارەوە، چەند ئەسیرێک بەدی دەکرێن، چەند کەســێکیش هەوڕوهاڵ و دەسکەوت و خەنیمەتەکانی تر دەبەنە پێش. [155]

وەک لە سکەکانیڕا دیارە، خوسرەو بە دابی زەمانی خــۆی سمێڵــی هەیــە و ڕیشی تەشوێتاشی بەرداوەتەوە و بەرمووریکی مرواری کردۆتــە ئەســتۆی. لــە سەر تانجە باڵدارەکەی تۆپەوانەیەک بە مانگیلەیەکدا ڕۆچووە. (وێنەی ۴۱).



٤٠ - وێنەی خوسرەوی یەکەم لەسەر دەفرێک

(زارە، سنعاتەکانی ئێرانی کۆن)

www.zheen.org

هەر کەسێک دەچووە خزمەت شا دەبوو بەگوێرەی دابی کۆن سوژدە بەرێ. تەبەری دەگێڕێتەوە کە ڕۆژێک «یووقانۆیە»ی نەجیمزادە، نامەیەک دەباتە خزمەت وەهرام بەڵام لەبەر شەوکەت و شکۆی وا دەتاسێ و سام دەیگرێ کە بە سوژدە داکەوتنی لە بیر دەچێتەوە، شا لە خەجلانی حاڵی دەبێ و چاوپۆشی لێدەکا.[١٥٦] وا باو بوو کە پۆشتیگبانسالار یان یەکێک لە مەزنە ئەفسەرانی ئاستانە، هەواڵیان دەدا بە شا کە فیسارە کەس هاتووە و دەیەوێ بە خزمەت بگا. پاش ئیزن دان، ئەو کابرایە دەچووە ژوور و دەسرۆکەیەکی پاک و سپی لە قۆڵی دەردەکێشا و وەبەر دمی دەگرت. بەم دەسرۆکەیان دەگوت «پەدام» (بە زمانی ئەڤێستایی پەئیتیدانە) و لە بەرامبەر شتومت یان توخم و ماکەی پیرۆزدا وەبەر دمیان دەگرت، هەتا پشوو ئەو شتە یان توخم و ماکەیە - لێرەدا مەبەست لە پرشنگ و شکۆی پادشایەتییە - چەپەڵ نەکا. بەکورتی پاش ئەم

کاره، کابرا نزیک دەبۆوە و لە بەرامبەر شادا بە چۆک دادەکەوت و چورتەی نەدەکرد هەتا پادشا ئیزنی هەستانەوەی دەدا. ئەو جار «بەوپەڕی ڕێزەوە بە دەس سلاوی دەکرد.» [۱۵۷] وەختایەک فەرمانڕەوا ئیزنی قسە کردنی پێعەتا دەفەرموو، ئەو کەسە ڕستەیەکی ئاسایی بە زمانیدا دەهات کە پاڕانەوە بوو بۆ بەختەوەری فەرمانڕەوا و باوترینی ئەو کەلامانە «ئەنووشەگ بووید» یانی «بژی بۆ هەمیشە» یان «ئەو کامگ ڕەسی» (بە کام بڕەسی = بگەی بە کاو) بوو. [۱۵۸] بە نازناوی «ئەشما بەغان» ڕووی قسەیان دەکردە پادشایانی ساسانی کە دەبێتە: «ئێوەن گیانلەبەرانی خودایی» یان «پلەی خوایەتی بۆ ئێوەیە». [۱۵۹] پادشا «مەردان پەهلۆم» (یەکەم مرۆڤ)ی پێدەگوترا. [۱۶۰] وەختایەک ڕوویان تێدەکرد و دەدوان ناویان نەدێنا. لە کتێبی «تاج»ی جاحێزدا[۱۶۱] هاتووە کە ڕعێت دەبوو هەرگیز ناو و نازناوی شا بە زمانیاندا نەهێنن، نە لە هۆنراوانداو، نە لە وتووێژی ڕەسمییدا و نە لە پێهەڵگوتندا. هەروەها قەدەغە بوو وەختایەک شا پشمی، کەس نزای بە خێر بکا یان کاتێک شا دۆعایەکی کرد یەکێک بڵێ «ئامین». «یەکێک لە ئەرک و تایبەتمەندییەکانی پادشای پیاوچاک ئەمە بوو کە دۆعا بکا بۆ ڕعێتە لە خواترسەکانی، چونکە نزای پادشا، گیراترینی نزاکانە.» [۱۶۲] هەروەها مەزنایەتی و شانەبەرزەی پاشا لە چاو ژێردەستەکانی بە چەشنێکی دیکەش دیاری کرابوو. ڕۆژایەک کە پادشا کەڵەشاخی لێدەگیرا یا دەرمانێکی دەخوارد، جارچی ئەم هەواڵەی بڵاو دەکردەوە. لەم ڕۆژەدا دەربارنشینان و دانیشتووانی پایتەخت نەدەبوو کارێکی هاوشێوەی میریان کردبایە، چونکە بە بڕوای ئەوان ئەو دەرمان و چارەسەرییە چاکی کار لە سرشتی میر نەدەکرد. [۱۶۳]

وێنەی ٤١ - سکەی خوسرەوی یەکەم

(مووزەی نەتەوەیی کۆپێنهاگ)

سەبارەت بە ڕێوشوێنی سەخت و هەڵسوکەوت و ڕەوشتی ورد و باریکی زاڵ لە بارگای میریدا، کتێبی «ئەتتاج»ی جاحێز زانیاری چڕوپڕی تێدایە. وادیارە نووسەر ئەوانی لە «گاهنامگ» یا «ئایینـنامگ» هەڵێنجاوە و هەڵگێڕەوەرگێڕی کردووە.[۱۶۴] جاحێز سەرەتا سەبارەت بە خستنەڕووی چینی سێیانەی دەربارنشینان دەدوێ کە دەڵێن ئەردەشێری یەکەم بناغەی داڕشتوون. چینی یەکەم ئەسواران و شازادەکان[۱۶۵] بوون کە دەکەوتنە مەودای پێنج باڵ ئەوڵاتری پەردەیەکی وا نێوان شا و حازرانی لێدەکەوتەوە. هاونشینان و مەحرەمانی پادشا و مامۆستایانی مووسیقا و گۆرانیبێژان دە باڵ دەکەوتنە دوای چینی یەکەم. قسەخۆشان و ئیشکەڕنان و شانۆگێڕان، لە مەودای پێنج باڵ ئەوڵاتری چینی دووەم دەچەقین. تەنانەت لەم چینەشدا کەسانی بە ڕەگەز هەژاریان ڕێ نەدەدا، نەخاسمە ئەگەر فرزەندی قوماشتەنانی لێزان و نەشتەرگەرانی زەبربەدەستیش بووایەن. هەروەها کەسانی نوقستان و نەخۆشیش بۆیان نەبوو لەوێ ئامادە بن.[۱۶۶] جاحێز دەڵێ[۱۶۷] ئەردەشێر مامۆستایانی مووسیقا و گۆرانیبێژانی دەخستە بەرەوڕووی ئەساوەرە (ئەسواران) و شازادەکان و ژەنیارانی دیکەی دەنارد ڕیزی دووەمی هاونشینانی دەرباری و بەرەوڕووی چینی سێهەم بلوێربێژ و چەقەوانەژەن و تارژەنانی ڕۆدەنا. ژەنیارانی هەر پلەیەک لەگەڵ گۆرانیبێژانی هاوشانی خۆیان لێیان دەدا و ئەگەر جاروبارێک پادشا بە مەستی دەستووری دابا بە شمشاڵژەنێک هەتا بۆ گۆرانیبێژێکی پلە خوارتری خۆی بژەنێ و ئەوەش زۆر دەگمەن بوو، ئەو شمشماڵژەنە فەرمانەکەی پادشای جێبەجێ نەدەکرد و ملی نەدەدا. لەم کاتەدا هەڵدەکەوت کە پێشخزمەتان ئەم بلوێروانەیان بە باوەشێن و مێشکوژان دەکوتا، بەڵام ئەو دڵخۆشی خۆی دەدایەوە کە: «چما بە ویستی شا ئەو زەبرانەم وێدەکەون تابشت دێنم، چونکە ئەگەر وەختایەک هەوای مەستی لە سەری بپەڕێ، لەبەروەی مافی پایەی خۆم پاراستوو، کەیفی ساز دەبێ و دڵی دەگەشێتەوە.» لێرەدا دەبێ ئەوەشمان لەبیر بێ کە دوو غوڵامی زیت و وریا لە کۆڕی پادشادا، ئەرکیان ئەمەبوو کە تەواوی ئەو شتانەی پادشا لە کاتی مەستیدا دەیفەرموو، موو بە موو یادداشتی بکەن، بەم شێوەیە کە یەکیان دەیگوت و ئەویتر پێت بە پێت دەینووسی. پاشان بۆ بەیانیڕا ئەم کەسە لە خزمەت پادشادا تەواوی ئەو فەرمانانەی کە بە مەستی دەریکردبوون، دەیخوێندنەوە و ئەو کات فەرمانڕەوا

بلوێژەنەی گۆرینی داوا دەفەرموو و خەڵاتی دەکرد و ئافەریمی لێدەکرد، چونکە سەری وەبەر فەرمانێکی بێئینسافانە نەهێنابوو. ئەمجار پادشا سزایەکی بۆ خۆی دیاری دەکرد، بۆ نموونە ئەو ڕۆژە جگە لە نانی جۆ و پەنیر هیچی نەدەخوارد. هەروەها جاحێز دەڵێ کە وەهرامی گۆڕ ئاڵوگۆڕێکی لە تاوپۆی دامودەزگای ئەردەشێرا بەدی هێنا کە کاردانەوەیەکی باشی لێنەکەوتەوە. ئەم پادشایە ئەگەرچی پلەی مەزن و ماقوولان و شازادان و هیربەدانی هەروەک خۆی هێشتەوە و دەستی لێنەدان «بەڵام دوو چینی هاونشینانی خۆی و گۆرانیبێژانی یەکسان کرد و شانۆگێڕان ئەگەرچی لە چینی خوارەوەبوون، ماقوولّی کردن و بەرەو چینی سەرەوەی بردن و ئەو کەسانەش کە بەپێچەوانەی مەیلی وی جووڵابوونەوە، بەرەژێری داگێڕان و بەم چەشنە داب و نەریتی ئەردەشێری تل پێدا، بەتایبەت دەربارەی ئەوەی کە سەبارەتە بە گۆرانیبێژان و شانۆگێڕان و چاوەشان.»[۱۶۸] ئەم باروهەوایە هەتا زەمانی خوسرەوی یەکەم پەیڕەو کرا و ئەم پادشایە شێوازی چنینی چینەکانی بردەوە سەر دۆزی دەورانی پێش وەهرامی پێنجەم. هەروەک باسمان کرد، لە کۆڕ و کۆبوونەوەکانی کۆشکی پادشایەتیدا، پەردەیەک پادشای لە ئاپۆراکە جۆی دەکردەوە. تەختی مێر و پەردەکە پێنج باڵیان نێوان بوو، ڕیزی یەکەمیش پێنج باڵ لە پەردەکە دوور ڕادەوەستان، بە چەشنێک کە جەللەی پێشەوەی حازران دە باڵ لە پادشاوە دوور بوو.

جاحێز[۱۶۹] و مەسعوودی[۱۷۰] لەسەر ئەم وێنا کردنە ڕێکن و جاری وایە دەستەواژەکانیشیان یەکە: پاراستنی پەردە هەمیشە لە ئەستۆی کۆڕی یەکێک لە ئەسواران بوو، کە پێیدەگوترا «خوڕڕەمباش». کاتێک پادشا ئیزنی هاونشینان و دەرباریەکانی دەدا بچنە خزمەتی، خوڕڕەمباش فەرمانیدەدا بە کەسێک کە بچێتە سەربانی کۆشک و بە دەنگی بەرز بە جۆرێک کە تێکڕای حەشیمەتەکە گوێی لێبێ، هاوار بکا: «ئەی زمان وریای خۆت بە ! چونکە ئەمڕۆ چوویە خزمەت پادشا!» ئەو کات هیچ کەس نەیدەوێرا وستە بکا یان لە شوێنی خۆی بجووڵێتەوە هەتا پەردەکە لادەدرا. خوڕڕەمباش فەرمانی دەدا بە یەکێک کە فلانە سروودە بڵێ و بە یەکێکی تر کە فیسارە هەوایە لێبدە. [۱۷۱]

جاحێز[۱۷۲] دابێکی دیکەش کە لە وەختی دیداری پادشادا باوە بووە باس دەکا و پێیوایە «ئەردەوانەسوور» دایهێناوە. [۱۷۳] ئەگەر کەسێک داوایەکی لە شا بووایە دەبوو لەسەر کوتە چەرمێک نووسیبای و بەر لە خۆشە خواردن[۱۷۴] دابایە

خزمەتی، هەتا شا بەرلەوەی کە مەست بێ بیخوێنێتەوە و تێی بگا. واش داندرابوو کە هەر کەس بێجگە لەو وەختەدا شتێکی بوێ و تکایەک بخاتەڕوو، سەری بپەڕێنن. وەهرامی گۆڕ ئەم شێوازەشی گۆڕی و فەرمووی کە داواکاران لە کاتی مەستیی شادا داواکارینامەکانیان بدەنە دەس خوڕڕەمباش. ئەو دەم خوڕڕەمباش تێکڕای دەبردنە خزمەت پادشا و ئەویش بێ ئەوەی چاوێکیان لێبکا، هەمووی چەپکچەپک فڕێ دەدان و فەرمانی دەدا کە تێکڕایان جێبەجێ بکرێن. بەڵام ئەم دڵاوابوونە بێ ئەندازەیە پاش حکوومەتی وەهرامی پێنجەم کوێر کرایەوە و لەوی بە دوا ئەو داخوازانەی کە زۆریان پێ لە بەڕەی خۆیان زیاتر ڕاکێشابوو، قبووڵ نەدەکران.

وەختایەک پادشا دەیهەویست بچێتە سەفەر، ئەسواران و مەزن و ماقووڵان کە لە خزمەت ڕکێفیدا بوون، ئەسپەکانی خۆیان بۆ پشکنین و تیمار دەبردنە لای بەیتاڵانی یەختەرمەخانی پادشایەتی. چونکە یەکسمی ئەو کەسەی کە شانازی هاوڕکێف بوونی پادشای هەبوو، دەبووا باش بێ، نە تەپ، نە خێرا بێ، نە سەرسم بدا، نە سەرکێشی بکا و نە کەڵکەڵەی ئەوەی هەبێ لە ڕکێفی شا نیزیک بێتەوە. هەروەها دەبوو لە ڕێ نەمیزێ و تەرس نەکا، جا بۆیە وا داندرابوو کە شەو یەکسم تفاقی نەدەنێیە.[۱۷۵]

کەوایە چوونە سەفەر لە خزمەت پادشادا کارێکی سەخت و شانازییەکی دژوار بوو کە مەزن و ماقووڵ زۆریان کەیف پێی‌نەدەهات. هەر بۆیە پادشایانی ئێران زوو زوو هاوڕکێفانی خۆیان دەگۆڕی.[۱۷۶]

وەختایەکی شا لە کۆڕ و دانیشتن نەدەبوو، سیخوڕانێکی تایبەت وریای گوفتە و کردە و هەڵسوکەوتی حازران و تەنانەت هەناسەکێشانیشیان بوون. بۆیە ئەگەر کەسێک پادشا لەوێ بووبا و نەبووبا هەر بەڕەنگێک خۆی دەرخستبا پێیاندەگوت «پیاوی یەکڕوو»، بەڵام چما یەکێک بەپێچەوانە خۆی نواندبا، بە «پیاوی دووڕوو» ناودێر دەکرا و شا کەسێکی وای بە ڕووبین و ساختەچی دەناسی.[۱۷۷]

ڕێوشوێنێکی تایبەت بۆ پاراستنی شا لە پەلامار و نیازی چەپەڵ وەبەرچاو دەگیرا. کەس بە جێخەوی پادشای نەدەزانی. دەگێڕنەوە کە چل جێوبانیان بۆ ئەردەشێری یەکەم و خوسرەوی یەکەم و خوسرەوی دووەم و زۆربەی

فەرمانڕەوایانی ساسانی لە چەند شوێنان ڕادەخست و جاری وابوو پادشا لە هیچیان‌دا نەدەنوست، بەڵکوو شەوی لە ژوورێکی بچووک ڕۆژ دەکردەوە و لەبری بالێنج باسکی وە ژێر سەری دەدا. [۱۷۸]

هیچ کەس هەقی نەبوو بچێتە هۆدەی تایبەتی پادشا. تەنانەت کوڕەکانیشی بێئیزن مافی چوونە ژوورەوەیان نەبوو. جاحێز ڕووداوێکی سەیر لەم بارەوە دەگێڕێتەوە.[۱۷۹] ڕۆژێکی یەزدگردی یەکەم، وەهرامی[۱۸۰] کوڕی کە ئەو کات سێزدە ساڵانە بوو، [۱۸۱] لە شوێنێک دیتی کە هەقی نەبوو بچێ. لێی پرسی داخوا پەردەدار دیویەتی کە هاتۆتە ئێرە یان نا؟ وەهرام گوتی بەڵێ دیتوومی. شا لەڕێوە پێیگوت: «جا کەوایە برۆ و سی قەمچی لێ بدە و دەریکە و «ئازادمەرد» لە جێی وی بکە بە پەردەدار.» وەهرام ئەوتۆی کرد. ماوەیەک دواتر گەڕایەوە و ویستی بچێتە ژوور، بەڵام ئازادمەرد مستێکی قورسی لە سینگی سرەواند و گوتی: «ئەگەر جارێکی دیکە لێرەت ببینم، شێست قەمچیت لێدەدەم. سی زەبر لەبەر ئەو زوڵمەی دوێنێ کابرای پەردەدارت پێ چزاند، سیش بۆ خاتری ئەوەی کە هەمان غەدرە تووشی منیش نەکەیەوە.» وەختایەک شا بەو قسانەی ئازادمەردی زانی، دیاری و خەڵاتی دایە.

شا دەبوو سەبارەت بە ژێردەستانی دڵاوا و دەسئاوەڵا خۆی نیشان دابا، بەتایبەت سەبارەت بەو کەسانەی کە لێی نیزیک بوون. بە دڵ و دەروونیی پادشا شکۆی حکوومەتەکەی پێهەڵادەبرد و ناوی ئەوی لە مێژوودا بەرز دەکردەوە. نیزامولمولک دەگێڕێتەوە کە وا باو بوو هەر وەختایەک پادشا لە گوفتە یان کرداری کەسێک شاد بووبا، بە گوتنی وشەی «زێهـ» (ژی = بژی) دڵخۆشی و ڕەزامەندی خۆی دەردەبڕی و دەبووا خەزێنەدار هەزار[۱۸۲] درەمی دابا بەو کەسە. لە کارنامگدا[۱۸۳] هاتووە کە مەزنی مووبەدان مژدەیەکی بۆ پادشا هێنا و ئەویش لە چاکەی ئەم مزگێنییە زاری پڕ کرد لە یاقووتی سوور و گەلەمرواری و گەوهەر. ئەم شێوازە سەیرە پتر تایبەتی ئەو خزمەتانە بوون کە خودی شایان دەگرتەوە و چەشنی ئەوەش لە سەردەمانی ئیسلامی‌دا دیتراوە. [۱۸۴]

شا بەگوێرەی خەرجوبەرجی هەرکام لە نیزیکان و بارگانشینانی، هەر یەکەی مووچەیەکی بۆ دەبڕینەوە. ئەگەر یەکێک لە پیاوانی بارگا خاوەنی زەوی‌وزارێک بووایە، داهاتی ئەم ملکەیان بە بەشێک لە مانگانەکەی دادەنا،

بەڵام بەرجی ئەوەش بەپێی مەزندە و هەڵسەنگاندنی شا بۆ وێنە مانگانە دەهەزار درەمیشیان دەدایە کە لە پێداویستییەکانی پلەوپایەی خۆی خەرج بکا و تێنەمێنێ و زارەخواڕە لەبەر خەزێنەی پادشا نەکا.[185]

وەختایەک شا[186] دەچوو بۆ ماڵی یەکێک لە وەزیرەکانی یان سەردانی نەجیمزادەیەکی دەکرد، ئێرانییەکان[187] «تاریخ‌نامە»ی خۆیان لەو ڕۆژەوە دەنووسی. ملکی ئەو کەسەی کە شا پێی موبارەکی تێنابوو، بۆ ماوەیەکی دیاری‌کراو لە دانی ملکانە دەبەخشرا و هەرچی لە یەختەرمەخانی‌دا هەبوو بە داغی شانازی دروشم دەکران. سەرکردەیەکی پایەبەرز هەموو ڕۆژێک بە سێسەد سوار و سێسەد پیادەوە هەتا تاوپەڕێ لەبەر دەرگای ئەو پیاوە دەمایەوە، کاتێک کابرای خانەخوێ پێی‌دەنایە ڕکێف، ئاپۆرەی پیادە دەکەوتنە پێشی و سوارەکان لە پشتەوەی دەڕۆیشتن. لە وەختی دابەزینی خاوەن‌شکۆدا، خانەخوێ گەلێک دیاری دەدایە خزمەتی و شا لە کاتی گەڕانەوەی‌دا، ئەسپێکی خۆشبەز بە ڕەخت و زینی زێڕکفتەوەی لەگەڵ خۆی دەبرد کە ئەو میواندارە پێشکێشی کردبوو. بێتوو کەژاوەی پادشایەتی لە جێیەک لەنگەری گرتبا و خاوەن‌شکۆ لای دابا، هەتاهەتایە دەبوو بە شانەبەرزەی خانەخوێ: نەیاندەتوانی هیچکام لە خزمە نیزیکەکانی بە تۆماتی تاوانێک بگرن یان خزمەتکارانی بە بێ ڕەزامەندی وی مەحکووم بکەن. ئەو دیارییانەی کە لە جێژنی نەورۆز و مێهرگان‌دا پێشکێشی دەکرد، لە پێش دیاری خەڵکی دیکەدا دەگەیشتە خزمەت پادشا. لە ڕۆژانی دیدار و چوونە خزمەتی فەرمانڕەوادا، سەرەتا ئەو پێی دەنایە ژوور و لە قۆڵی ڕاستی پادشا ڕادەوەستا و وەختایەکیش لەگەڵ کەژاوەی شا پێی دەنایە ڕکێف لە شانی ڕاستی ئەسپی دەئاژاوت.

لە دوو جێژنی گەورەی نەورۆز و مێهرگان‌دا، مەزن و ماقوولان دیارییان پێشکێشی پادشا دەکرد. هەر کەس ئەو شتەی خۆی زیاتری دڵ پێوەی بووبا، دەیکردە دیاری، وەک عەنبەر و عەتر و گوڵاو و جلوبەرگ و چێوچی. جەنگاوەران و سواران پتر ئەسپێک، شیرێک یان نێزەیەکیان پێشکێش دەکرد. دەوڵەمەندان زێڕ و زێوی‌ان دەبرد بۆ دیاری و حوکمڕانان - بێجگە لە پیتاک و سەرانەی وەرگیراو - بەشێک لە زێدەداهاتی ناوچەکانی خۆیان باربوو دەکرد. شاعیران و زمان‌پاراوان، هۆنراوە و وتارەکانی خۆیان لە جێی خۆی‌دا دەکردە

پایەندازی و هاودەمان و هاونشینانی گوڵ و گیای سەرەتای ساڵیان دێنایە خزمەتی. ئەگەر یەکێک لە ژنانی شا کەنیزێکی جوانی بە خشڵی زێو و زێڕەوە پێشکێش کردبا، دەیتوانی فیز و هەوا بە سەر ژنانی دیکەی حەرەمخانەدا لێبدا. لەو لاشەوە پادشا لەبری ئەو «نەورۆزانە» و «مێهرگانانە»یەی درابوونە خزمەتی، خەڵاتێکی زۆری دادەبەشی. هەر دیاریيەکی پێشکێشی فەرمانڕەوایان کردبا، بە ناوی ئەو کەسەوە لە دەفتەری حیسابات بارگادا تۆمار دەکرا و ئەگەر دیاریهێنەکە وەختایەک خەرجوبەرجێکی زۆری کەوتبایە سەرشانی و نیازی بە یارمەتی بووبا، بەگوێرەی پەڕاوی حیسابات، دوو هێندەی ئەوەی دابووی، ویشکەپوولیان دەدایە. بەڵام ئەگەر کەسێک هەر شتێکی ڕوالەتیی پێشکێش کردبووبا و نرخی نەبووبا، بە چەشنێکی دیکە دەجووڵانەوە: بۆ وێنە ئەگەر کەسێک تورنجێکی بە دیاری دابوو، لەجیاتیان پێستی تورنجەکەیان بۆ پڕ دەکرد لە سکەی زێڕ و دەیاندایە. خوڵاسەی کەڵام ئەو کەسەی دیاری دەدا نەک تەنیا هەقی بوو، بەڵکوو ئەرکی سەرشانی بوو، ئەگەر نیازی پەیدا کرد، داوای یارمەتی لە بارگا بکا. خۆ پاراستن لە داوای یارمەتی بە مانای بێباوەڕی سەبارەت بە پادشا دادەندرا و ڕەنگبوو شەش مانگ مووچەیان بڕیبا و دابایان بە یەکێک لە دوژمنانی. چەند کەس لە مەزنەمیرانی وەک ئەردەشێری یەکەم و وەهرامی پێنجەم و خوسرەوی یەکەم، لە جێژنی نەورۆز و مێهرگانەدا، خەزێنەکانیان بە سەر بەرەژێرانیاندا - بەگوێرەی پلەوپایە - دابەشی. لە نەورۆزدا، کە جێژنی بەهاری بوو، شا جلوبەرگی گەرمی زستانەی خۆی باربووی پیاوانی بارگا دەکرد و لە جێژنی مێهرگانەدا چونکە زستان نیزیک ببۆوە، جلەکانی هاوینەی دەبەخشییەوە.[188] خەڵات کردن یەکێک لە داب و نەریتەکانی کۆنباوی جێی شانازییە. خەلیفەکانی ئیسلامی ئەو باوەیان وەرگرت و بوو بە دابی میرانی زەمان. ئیبنوو خەلدوون دەڵێ خەڵاتەکان بەپێی باو، وێنەی میریان لەسەر دەنەخشاندن یان شکڵی وایان لەسەر دەچنین کە هێمای پادشایەتی بوو. شاپووری دووەم «مانۆئێل»ی سەرداری ئەرمەنی خەڵات کرد و جلوبەرگی شاهانە و کەوڵی خەز و سمۆرەی بە شانی دادا و خشڵی زێڕ و زێوی دایە کە کڵاوی پێبرازێنێتەوە و دەسرۆکەیەکی پێبەخشی کە لە سەری ببەستێ. سڵسڵە و پڵپڵەی سینەپۆشی وەک ئەوەی پادشایان خۆی

پێدەنەخشێنن و خێوەتێکی ئەرخەوانیڕەنگ و ئاڵایەک و چەند پارچە مافووڕەی شینی باربوو کرد کە لە زارکی خێوەتەکەی هەڵیواسێ و هەوڕوهاڵی زێڕی دایە کە لەسەر خوانی خۆی دایانبنێ.[۱۸۹] مێزەر (پێچ)ی زێڕچنی مرواریِنیشان بەگوێرەی گێڕانەوەی پرۆکۆپیۆس، [۱۹۰] پاش پلەی پادشایەتی باڵاترین نیشانەی شانازی بوو. هەروەها دەڵێ هیچ کەس هەقی نەبوو ئەنگوستیلەی زێڕ و پشتێندە و ئاڵقە و چێوچی لە خۆی بدا، مەگین لە شای وەرگرتبان. ئەگەر پیاوێک خزمەتێکی بە دەوڵەت یان شا کردبا و پێویست بووبا لە بیران نەچێ، ناویان لە بەردەنووسەکانی کۆشک و بیناکانی پادشایەتیدا دەنووسی.[۱۹۱]

یەکێکی تر لە نیشانەکانی شانەبەرزە نازناو یان ناوی شانازیی بوو. لە چاخی هەخامەنشییەکانەوە وا باو بوو کە خزمەتی بەرچاو و شیاویان بە بەخشینی نازناو چاکە دەدایەوە. هێرۆدۆت دەڵێ: [۱۹۲] «ئەو کەسانەی کە خزمەتەکەیان شایانی سەرنجی میر و پادشا بوو، بەرجی ملک‌وماشێکی هەراو، نازناوی چاکەکار (Orosangês)یان[۱۹۳] دەدانێیە.» لە سەردەمی ساسانییەکان‌دا نازناو و سەرناوی چەشناوچەشن باو بوون. وەک «مەهێست» (گەورەترین یان گەورەترین خزمەتکاری دەوڵەت)[۱۹۴]، «وەهریز»[۱۹۵] و «هەزارەفت» (هەزارئەبد) «خاوەنی هەزار سەیروسەمەرە (؟)».[۱۹۶] مێهرنەرسە خاوەنی نازناوی «هەزار بەندەگ» (خاوەنی هەزار بەندە)[۱۹۷] بوو. جاری وابوو هێندێک لە سەرکردەکان شانازی نازناوی «هەزارمەرد»یان[۱۹۸] پێدەبەخشرا. ژمارەیەک لەو نازناوە تایبەتانە ئەو وشانە بوون کە لەگەڵ ناوی «شا» تێکەڵ دەکران و ئەم سەرناوەیان دەدا بەو کەسانەی کە سەبارەت بە پادشا فیداکارییان کردبوو. ئەو نازناوانەی کە لەگەڵ وشەی «تەهم» (واتە بەهێز و بالابەرز و چوارشانە) لێکدرابوون، زۆر لە باو بوون، وەک: تەهمیەزدگرد، تەهمشاپوور، تەهمخوسرەو[۱۹۹] و تەهمهۆرمزد.[۲۰۰] نازناوی دیکەی ئاواش زۆرن، چەشنی: خوسرەوشنووم (شادی خوسرەو)[۲۰۱]، جاویدانخوسرەو (نەمر خوسرەو)[۲۰۲]؛ گۆمەندشاپوور[۲۰۳]، تەنشاپوور[۲۰۴]، ڕامئەبزوودیەزدگرد (پێهەڵابەری شادی یەزدگرد) [۲۰۵]، نۆخۆهۆرمزد[۲۰۶]، هۆرمزدوەراز، وەرازپیرووز، شاپووروەراز یان وەرازشاپوور[۲۰۷] و چەندی تر. بەڵام سەبارەت بە وشەی «کرتیر» یا «کردیر» کە ئێستاش شێوەی خوێندنەوە و ماناکەی دیار نیە، ناتوانم بڵێم داخوا

وەک هێرتسفێلد[۲۰۸] دەڵێ: ، بە نازناوێک داندراوە یان ناوی پلەدارێکی پایەبەرزە بووە. یەکێک لە سەرناوەکانی پیاوانی ئایینی «هەمەگدین» بوو، واتە زانای هەموو ڕێوشوێن و حوکمەکانی دین. ئێشتاین[۲۰۹] لای وایە کە نازناوی «ئەندەرزبەد» - بە واتای ڕاوێژکار یان بەڕێوەبەری بارگا - لە چاخی یەزدگردی دووەمدا سەرناوی وزورگفەرمادار بوو. کەوایە دەکرێ بگوترێ کە واژەی ئەندەرزبەد (ئەندەرزبود) نازناوێک بووە زۆر وەک «مشاورالدولە» یا «نظام‌الدولە» لە سەدەی تازەدا. [۲۱۰]

نازناو و خەڵاتی شانازی و پلەوپایەی نێو بارگا یان حکوومەت، باوترین هۆکاری پێزانین و پاداشدانەوە بوون و جاروباریش بۆ ڕاکێشان و دنەدان دەکار دەکران. بۆ وێنە ئەگەر دەیانویست ئەو ئێرانییانەی کە چوونە سەر دینی عیسا، [۲۱۱] بیانگێڕنەوە سەر ئایینی زەردەشتی، دەستیان بۆ ئەو هۆکارانە دەبرد. ئەگەر شا تانجێکی دەبەخشییە کەسێک، خاوەنی ئەو خەڵاتە دەیتوانی لەسەر خوانی شا ڕۆبنیشێ و بچێتە کۆری تەگبیر و ڕاوێژی ئەو.[۲۱۲] کوادی یەکەم تانجێکی زێڕی مرواری‌بەندی کە بە نیشانەی شانازی[۲۱۳] دابووی بە مێهران، لێی‌وەرگرتەوە. هۆرمزدی چوارەم تانجێکی دا بە نوعمانی میری عەرەب کە بایی شێست هەزار درەم بوو.[۲۱۴] ڕۆتشتەین دەڵێ:[۲۱۵] «ئەم خەڵاتە لە باربووی ئاسایی بالاتر بوو و وادیارە شتێک بووە وەک هێما و نیشانەکانی چەرخی خۆمان.»

نووسەری «فارسنامە» ئەم بەسەرهاتەی گێڕاوەتەوە[۲۱۶] کە ڕەنگە ژێدەرەکەی «ئایین‌نامگ» بووبێ و دەڵێ: «یەکێک لە ڕێوشوێنەکانی بارگای ئەنووشەڕەوان ئەوە بوو کە لە دەستی ڕاست و چەپ و پشتەسەری تەختی پادشا، سێ کورسی زێڕیان دانابوو. ئەو سێ کورسییە یەکیان جێی خونکاری چین و یەکیان شوێنی قەیسەری ڕۆم و ئەویتر بۆ میری خەزەر بوو. هەروەختایەک ئەو پادشایانە دەهاتن لەسەر ئەو سێ کورسییە دادەنیشتن و هەموو ساڵێک دایاندەنان و لایانەدەبردن و جگە لەم سێیە کەس لە سەریان ڕۆنەدەنیشت. لە پێش تەختی فەرمانڕەودا کورسییەکی زێڕ بۆ بووزەرجمێهر[۲۱۷] داندرابوو و لە خوار ئەویش کورسییەک بۆ مەزنی مووبەدان خۆی دەنواند و هەروا بە ڕیز و بەرەژێر چەند کورسییەک بۆ سنووروانان و مەزنان دیاری کرابوو و هەر کەس بێ قڕە لە شوێنی خۆی ڕۆدەنیشت و ئەگەر کیسرا لە یەکێک قەڵس بووبا، کورسییەکەیان لە هەیوان لادەبرد.»

کاتێک ئاگری شەڕ هەڵدەگیرسا، میوانی و میواندارییە گەورەکانی پادشایەتی دەبڕانەوە و فەرمانڕەوا بێجگە لە مووبەدانمووبەد و ئێراندەبیربەد و سەرۆکی ئەسواران کەسی بۆ سەر خوانی خۆی ڕێ نەدەدا. ئەو جار تەنیا نان و خوێ و سرکە و سەوزییان لەسەر خوان دەچنی. پاشان شێوێکیان دێنا بە ناوی «بەزمئاوەرد». [٢١٨] پاش ئەوەی پادشا کەمێکی دەخوارد، کەوڵەکەیان کۆ دەکردەوە و پاتشا سەرلەنوێ دەستی دەکردەوە بە کار. بەڵام کاتێک شەڕ بە خۆشی کۆتایی پێدەهات، باوی میوانییەکان دووبارە دەهاتەوە و بارگانشینان دووبارە لێک کۆ دەبوونەوە. مووبەدی مەزن وتارێکی دەدا و دوابەدوای وی وەزیرەکان هەرکام وتەیەکیان پێشکێش دەکرد. پاشان فەرماندە پایەبەرزەکان لە لای سەرووی سەرسەرا لە خزمەت پادشادا شێویان دەخوارد و لە داوێنێ ئاپۆرای ئاسایی لە دەوری نان و خوان دەوەروکان و سەرۆکی پارێزەرانی میر چاوەدێری بە سەردا دەکردن. [٢١٩] خەڵکەکە لە دەوری کەوڵی نان تەنیا سریوەیان دەهات. لەو دەمەدا کەس هەقی نەبوو قسە بکا و ئەگەر کەسێک شتێکی ویستبا، بە ئاماژە داوای دەکرد. [٢٢٠] پاش شێوخوران، گۆرانیبێژان و شانۆگێڕان بانگ دەکران.

ئەگەر کەسێک خەبەری پێدەگەیی کە شا لێی غەزیوە، نە هەقی هەبوو هەڵێ، نە پەنا بەرێتە بەر شوێنێکی پیرۆز، [٢٢١] بەڵکوو دەبوو لەسەر سێ‌پێچکەیەکی ئاسنی بەرەوڕووی کۆشک دابنیشێ هەتا فەرمانڕەوا حوکمێکی بۆ ببڕێتەوە، لەم ماوەیەدا کەس نەیدەوێرا پشتیوانی لێبکا. [٢٢٢] حوکمی کوشتنیان لە مەیدانێکی پانوبەرینی نێوەڕاستی کۆشک بەڕێوە دەبرد. لەوێ سەر و دەست و پێی تاوانباران، یان ئەو کەسانەی کەوتبوونە بەر شەپۆلی تووڕەیی فەرمانڕەوا، دەپەڕێندران. [٢٢٣]

پادشا لێی نەدەوەشاوە کە لە هەڵەی کەمبایەخ خورد بێتەوە. جاحێز [٢٢٤] لەم بابەتەدا دوو نموونە دەخاتەڕوو کە ڕاست یان درۆ سەرنجڕاکێشن. ڕۆژێکی وەهرامی گۆڕ لە جێڕاو بۆ مەبەستێک ڕکێفی بە تاڵ کرد و لغاوی ئەسپەکەی دایە دەستی شوانێک. وەختایەک شوانە چاوی بە زێڕ و جەواهیراتی هەوساری ئەسپەکە کەوت، لەو دەمەدا کە پێی‌وابوو شا خافڵاوە و ئاگای لێنیە، هەڵیکێشایە کێرد و بڕێکی هەڵبڕێن. شا دەیدیت، بەڵام لەبەروەی شوانە بە

خۆی‌دا نەشکێتەوە، هەمان‌هەمان سەری داخستەوە. وەختایەک پێی‌زانی کە بە ئەندازەی نیازی لێوەی کردووە، هاتەوە پێش. بەڵام هەروەک ئەوەی تۆز و غوماری چووبێتە چاوی هەڵیگڵۆفین و خۆی لە زلکوێری دا و لێی سواری یەکسم بووە و مااڵوایی لە شوانە کرد. سەبارەت بە چاوپۆشینی ئەنووشەڕەوان هەر جاحێز دەگێڕێتەوە کە ڕۆژێکی پادشا لە جێژنی نەورۆز یان مێهرگان‌دا، خوانێکی گەورەی ڕاخستبوو. یەکێک لە میوانەکان جامێکی زێڕی هەڵگرت، خوسرەو دیتی، بەڵام ڕووی وەرگێڕا. مەیگێڕ بە ون بوونی جامەکەی زانی و هەرای کرد کە کەس لە تااڵر وەدەرنەکەوێ، هەتا هەموان بپشکنین، بەڵام خوسرەو فەرمووی ڕێیان لێمەگرن: «ئەو کەسەی جامەکەی بردووە، نایداتەوە و ئەو کەسەش کە دیتوویەتی لێی ناکاتە هەرا.»

لە کتێبی کردەوەکانی شەهیدان‌دا بڕگەیەک هەیە کە ئێمە سەبارەت بە چۆنیەتی چوونی نەجیمزادەکان بۆ نێو بازنەی کار و خزمەتەکانی بارگا ڕوون دەکاتەوە. مێهران گوشنەسپ نەجیمزادەیەکی لاو بوو، کە بڕێکی لە ئەدەبیاتی ئێران و بنەماکانی تێئۆری و کردەیی ئایینی زەردەشت دەزانی و هەر بۆیە کەوتە بەر دڵی هۆرمزدی چوارەم. شا فەرمووی کە هێندێک لە بەشەکانی کتێبی پیرۆز لەبەر بخوێنێتەوە و وەختایەک مێهران بە ڕەوانی پێی‌داهات و چازانی نواند، بڕێکی دراو دایە و فەرمووی ئەتۆ ڕۆژێکی دەوڵەمەند دەبی. بنەماڵەی ئەو گەنجە لە مەزن و نەجیمزادە گەورەکان بوون[۲۲۵] و خودی ئەویش کەسێکی باڵابەرزەی زۆر وریا بوو. کردیانە پێشخزمەتی خوانی شا و گەیشتە پلەی «فەڕوخشاد»(؟) یان «پێدێخشۆوەر» (پێشخۆر).[۲۲۶]

لە بارگای پادشادا هەمیشە نێردراوان و باڵوێزانی هۆزە بێگانە و دوورەدەستەکان میوان بوون.[۲۲۷] ئەو باڵوێزانە بەوپەڕی ڕێزەوە قەدریان دەگیرا. کاتێک باڵوێزێک دەهات، لەڕێوە سنووردار بە شای ڕادەگەیاند و حاکمی ئەو ناوچانەی کە دەکەوتنە سەر ڕێی، وریا بوون کە شوێنێکی شیاوی پلەوپایەی بۆ میوانداری کردنی دابین کرابێ. وەختایەک کە حاکم ئامانجی سەفەرەکەی بۆ ڕوون دەبۆوە،[۲۲۸] مەبەستەکەی دەگەیاندە خزمەت پادشا و ئەویش پۆلێکی دەنارده پێشوازی کە بیهێننە کۆشکی فەرمانڕەوایەتی. ئەو دەم پادشا ڕێی دەدا بۆ بارگا و کۆڕ و کۆبوونەوەی ڕەسمیی و لە حاڵێکا دادەنیشتە سەر تەختەکەی و

پایەبەرزانی ولاّت لەملا و ئەولای ڕاوەستابوون، سەبارەت بە ناو و ڕووداوەکانی گەشتەکەی و پەیام و دۆزی ولاّت و لەشکر و حاڵوباڵی سۆلتانەکەی چەند پرسیارێکی لێدەکرد. پاشان پادشا بەو ڕێز و شەوکەتەی کە شایانی پلەی نێردراوەکە بوو، دەیبردە کۆشکی میری و لەسەر خوانی خۆی دایدەنا و دواتر دەینارددەوە و خەڵاتێکی لە بەشی تایبەت و پاوانی خۆی دەدایە.[۲۲۹]

پێویستە بزانین کە چوونی غەواران بۆ بارگای میری قەدەغە بوو. تەنانەت نەیاندەتوانی لە هاسانترین ڕێگاوە ڕوو بکەنە پایتەخت، بەڵکوو دەبوو لە یەکێک لەم پێنج شارەی خوارەوە لا بدەن. ئەوانەی لە سووریاوە دەهاتن لە «هیت» دادەبەزین؛ ئەو کەسانەی لە حیجازەوە ڕێیان دەبڕی لە «اَلعُذَیب» لایان دەدا؛ ئەو خەڵکانەی لە پارسەوە دادەوەرین لە «صَریفین» دەمانەوە؛ ئەو ڕێبوارانەی لە مەوتەنی ترکانەوە دەگەیشتنێیە لە حۆلوان لەنگەریان دەگرت و ئەو تاقمەی کە لە ولاّتی خەزەران و ئالانییانەوە پێیاندەنایە ژووڕەوە لە «الباب و الابواب» (دەربەند) وچانیان دەدا. هەرکام لەم شارانە ڕاپۆرتی خۆیان سەبارەت بەم تازەهاتووانە دەنارد خزمەت پادشا و تەنیا وەختایەک ڕێبواران و گەشتیاران دەیانتوانی درێژە بدەن بە سەفەرەکەی خۆیان کە شا بڕیارێکی بۆ دەرکردبان.[۲۳۰]

جا بەڵام سەبارەت بە سیاسەت و دیپلۆماسی ئێران پێویستە ئەمە بزانین کە پادشا لە هەڵبژاردنی بالۆێزەکانیدا زۆر بە پارێز هەنگاوی هەڵدێنایەوە. تەنیا وەختایەک کەسێکی دەرباری ڕادەسپێرا بۆ کارێکی سیاسی کە چەند جارێک لە کڵ دەرچووبا. سەرەتا شا ڕایدەسپارد کە چەند ڕاسپاردەیەک بگەیەنێتە یەکێک لە دانیشتووانی پایتەخت و هەر لەڕێوەش سیخوڕێکی بە شوێنیدا دەنارد کە گوێ لە گفتوگۆی دیدارەکان هەڵبخا و بۆی بگڕێتەوە. قسەکانی ئەو سیاسەتوانەی داهاتوویان لەگەڵ ڕاپۆرتی ئەو سیخوڕە بەراورد دەکرد. پادشا دوای ئەوەی بڕوای بە سەرڕاستی و وریایی کابرای ڕاسپاردە دێنا، لە ڕێگای ئەوڕا نامەی دەنووسی بۆ یەکێک لە دوژمنانی ولاّت و ئەمجارەش سیخوڕێکی دەخستە شوێنی و بە هەڵسوکەوتی نێردراوی خۆی دەزانی. ئەگەر لەم ئەزموونەش بە باشی دەرچووبا، شا بڕوا و متمانەی پێدەکرد.[۲۳۱]

✧✧✧

سەردەمی زێڕینی شارستانییەتی ئەدەبی و فەلسەفی ئێران بە داگیرسانی فەرمانڕەوایەتی خوسرەوی یەکەم دەس پێدەکا. بەر لەوەی بچینە سوێی خستنەڕووی ئەم قۆناخەی شارستانییەتی ئێران، بەگشتی چەند تێبینییەک سەبارەت بە چۆنیەتی خوێندن دەخەینە بەرچاو. بەداخەوە زانیاری ئێمە لەم بابەتەوە زۆر کەمە. هەر هیچ شتێک سەبارەت بە خوێندنەکانی سەردەتایی نازانین. بێگومان بەشی هەرە زۆری وەرزێڕان نەخوێندەوار بوون. گۆیا دێهگانان (دێهقانان = قولەئاغاکان) تۆزە خوێندەوارییەکیان بووە. چەند سەدەیەک پاش ڕووخانی دەولەتی پادشایەتی ساسانی ئەم تیرەیە کۆمەڵێک نەقڵ و نەزیلە و ئەفسانە و مێژووی نەتەوەییان ڕاگرتبوو.

زۆربەی جەماوەری بازرگانی شاران لانیکەم خوێندنەوە و نووسین و حیسابیان زانیوە و ئەگەر لەم تاقمە تێپەڕین، سەرجەمی خەڵک بە باری ئەدەبی و خوێندەواریدا هیچیان لە باراندا نەبووە. هیوون تسیانگ [۲۳۲]دەڵێ ئێرانی لە بیری زانستا نین و تەنیا بە کاری خۆیانەوە سەرقاڵن. بێگومان ئەو دەم ڕاهێنانی سەردەتایی و لانیکەم بەشێک لە خوێندنی بااڵ بە دەس ڕێبەرانی ئایینییەوە بووە و تەواو بە باری دینیدا شکاوەتەوە. [۲۳۳]

بەاڵم سەبارەت بە فێرکردنی منااڵن و لاوانی چینە باڵاکان، زانیاری وردترمان بە دەستەوەیە. تاقمێک لە نەجیمزادەکان وەک سەردەمی هەخامەنشی، لە بارگای میریدا لەگەڵ گەنجانی خانەدانی پادشایەتی فێری بەشێک لە ڕاهێنانەکان دەبوون و لە ژێر چاوەدێری «مامۆستای ئەسواران»دا ڕادەهاتن. [۲۳۴]

خوێندن و نووسین و حیساب و گۆیەن[۲۳۵] و شەترەنج[۲۳۶] و سواری و ڕاو[۲۳۷] لەوێ فێر دەبوون. پێویست بە گوتن ناکا کە نەجیمزادەکان بەر لە هەموو شتێک فێری چەک هەڵگرتن و دەکار کردنی دەکران. بەگوێرەی گێڕانەوەی تەبەری، شازادە وەهرام کە پاشان بە ناوی وەهرامی پێنجەم دانیشتە سەر تەختی دەسەاڵت، لە ژێر چاوەدێری مونزێردا ڕادەهات و مەشقی پێدەکرا. ڕۆژێکی بە مامۆستاکەی خۆی گوت: «مامۆستایانی بواری زانست و فەرهەنگم بۆ بێنە هەتا فێری زانست و فەرهەنگ و تیرهاوێژی و سواری و وتەی شەریعەتم بکەن.» مونزێر گوتی: «تۆ هێشتا منااڵی و لەم شتانە حاڵی نابی و خەریکی کاری منااڵنە بە هەتا گەورە دەبی، ئەو کات کەسی وات بۆ دێنم کە ئەوانەت فێر بکەن.»

وەهرام گوتی: «بەڵێ من بە تەمەن منداڵم، بەڵام ئاقڵم گەورەیە.» هەر بۆیە مونزیر مامۆستایان و زانایان و تیرهاوێژانی چالاک و هەر چەشنە فرەزان و چازانێکی ڕۆم و پارسی کۆ کردنەوە و هێنانی.»[۲۳۸] تەمەنی پازدەساڵە، کۆتایی ڕاهێنانی جەستەیی و ڕەوشتیی بوو. هەر وەک لە کتێبی پەهلەوی «پەندنامگ‌ئی زەردەشت»ەوە[۲۳۹] دەردەکەوێ، هەموو لاوێک دەبوو لەم تەمەنەدا بنەماکانی ئایینی لە ڕووی «ئەڤێستا» و «زەند» فێر بووبا و چارەنووس و ئەرکەکانی مرۆڤی ناسیبا. گەنج لە تەمەنی بیست ساڵیدا دەکەوتە بەر ئەزموونی زانایان و هیربەدان و دەستوەران.[۲۴۰] غولامێک لە خزمەتکارانی کۆشکی خوسرەوی یەکەم بە دوورودرێژی فێرکردن و بارهاتنی خۆی ئاوا دەگێڕێتەوە:[۲۴۱] «لە تەمەنێکی دیاریکراوا وەبەر خوێندن نرام و بەشە گرینگەکانی «ئەڤێستا» و «زەند»م لەوێ «وەک هیربەدێک» لەبەرکرد. پاشان لە خوێندنی ناوەندیدا فێر ئەدەبیات، مێژوو، زمانپاراوی، هونەری سوارچاکی، تیرهاوێژی، ڕمبڕمبێن و هەڵسووڕاندن و دەکار کردنی تەورزین، مووسیقی و سروود و ئەستێرەناسیی بووم و لە شەترەنج و کایەکانی دیکەدا گەیشتمە ئەوپەڕی خۆی.» ئەو کات غولام هەرچی زانیویەتی لە بواری چێشتلێنان، چلکپۆشین و چێوچی خستوویەتە بەردەم پادشا.

ئەو سەرچاوە دیرۆکییانەی کە بە دەستمانەوەن، هیچ زانیارییەک دەربارەی فێر کردن و ڕاهێنانی کچان بە دەستەوە نادەن، بارتۆلۆمە[۲۴۲] وای بۆ دەچێ کە ڕاهێنانی کچان پتر سەبارەت بووبێ بە کاروباری نێومااڵ. جگە لەمەش بوغزەسک[۲۴۳] بە ڕوونی باسی ڕاهێنانی ژنان دەکا لە بواری کابانەتی و ڕاگرتنی ماڵدا. بەڵام دیسانیش ژنانی گەورەماڵان جاری وابوو زۆر قوواڵ خەریکی خوێندن و سەرقاڵی زانست بوون و ئەم مەبەستە لە ڕووی برگەیەکی کتێبی «مادەیانئی هەزار دادێستان»ڕا[۲۴۴] دەردەکەوێ و ئەویش ئاوایە: «ڕۆژێکی کە دادوەرێک دەچوو بۆ دادگا، پێنج ژن دەوریان دا و یەکێکیان چەند پرسیارێکی سەبارەت بە بارمتە و بەرعۆدە بوون لێکرد. هەر کە گەیشتە دواین پرسیار، دادوەر چی پێنەما. ئەو دەم یەکێک لە ژنەکان پێیگوت: «ئەی مامۆستا، مێشکت ماندوو مەکە و دەقودۆغر بڵێ نازانم. چونکە ئێمە وڵامی پرسیارەکە لەو شیکردنەوەیەدا دەدۆزینەوە کە موغانی ئەندەرزبود نووسیویانە.»

ئێرانییەکان هەمیشە کەلکیان لە زانستی یۆنـان و ڕۆم وەرگرتـووە.[٢٤٥] لـەو زەمانیدا کەسانێک هەبوون کە زۆروکەم ژیانی خۆیان تەرخانی خوێندنەوەکانی زانستیی کردووە. لەبەروەی کە «ئەڤێستا»ی ساسـانی بـە سـەرچاوەی هـەموو زانستەکان دادەندرا، هیچ گومانێک نامێنێ کە تەواوی ئەو زانایانـە لـە چینـی پیاوانی ئاییئی بوون. لە کتێبی «بۆندەهێشن»دا کورتە جەللەیەک سەبارەت بـە زانستەکانی سروشتی و ئەستێرەناسیی بـەو جـۆرەی کـە لـە ڕووی ئەڤێسـتای ساسانی و شیکردنەوەکانیڕا نووسراوەتەوە، تۆمار کراوە. لە ڕووی ئەو نەقڵە سەیروسەمەرانەی کە لە «معجم البلدان»ی یاقووتدا[٢٤٦] هاتوون، وا دەردەکـەوێ کە لە سەردەمی ساسانییەکانا لە «ڕەی‌شار» (ڕیوو ئەردەشێر) کـە ناوچەیـەکی بچووکی مەڵبەندی «ئەڕڕەجان» بووە، تاقمێک لە نووسەران نیشتەجێ بوون کە بە یارمەتی ڕێنووسێکی «ڕەمزاوی»(؟) بە ناوی «گەشتەگ»(؟) زانستی پزیشـکی و ئەستیرەناسـیی و فەلسـەفەیان دەنووسـییەوە و بـەو دەسـتەیان دەگـوت «گەشتەگدەفتەران»(؟)، یانی ئەو کەسانەی کە بابەتەکان بە ڕێنووسی گەشتەگی دەنووسنەوە.(؟)

دەق و لێکدانەوەی کتێبێکی ئەڤێستایی بە ناوی «هووسپارەمنەسـک» چەنـد باس و بابەتێکی سەبارەت بە پزیشکی و پزیشکانی لە خۆی گرتووە. دەیـانگوت ئۆهرمەزد بۆ «خەواندن»ی هـەر نەخۆشـییەک لانیکـەم گیایـەکی ڕسـکاندووە. پزیشکان مزەیەکی دیاریکراویان وەردەگرت. دانەوێڵەی چـاک و جلـی جـوان و ئەسپی خۆشبەزیان دەدا بە پزیشـکان. هـەروەها ڕێوشـوێنێک دانـدرابوو بـۆ وەرگرتنی پارەی نەغد کە دەبووا گەورەی ماڵ یان کەللای گوند یا مەزنی ناوچـە یان سەرۆکی ولات بیدا و هەقدەستی پزیشک بۆ هەژارانیش ڕێـی خـۆی هـەبوو. ئەگـەر پزیشـک تـەواوی لـەش یـان تـەنیا ئەنـدامێکی چارەسـەر کردبـا، هەقدەستەکەی دەگۆڕا. پزیشک دەبوو بە پاکی و پـاریز و مشـوورەوە نەخۆشـی چارەسەر کردبا. چما بە سـاوەسـاو چووبایـە سـوێی دەردەداران و بـە شـوێن حەسانەوەدا گەڕابا، بە جینایەتکاریان دادەنا. بەشێکی دیکـەش لـەو نەسـکەدا تایبەت درابوو بە بەڵای گشتیی واتە پەتای لێـوەگر یـان سووکەڵـە نەخۆشـی. چەشنێک بڕوانامەیان دەدا بە پزیشکان، بەڵام بووزی نـەدەخوارد کـە کەسـێک هەمیشە دەستی بەو تاقمە خاوەن بڕوانامە و ئیزندراوانە ڕابگا. ئەگەر کەسـێک

به شوێن پزیشکی ئێرانیدا گەڕابا و نەیدۆزیبایەوە، هێندێک جاران ئیجازەی ئەوەی هەبوو کە خۆ بە نۆژدارێکی بێگانە نیشان بدا. بەڵام ئەگەر کەسێک دەستی بە پزیشکی ئێرانی ڕاگەیشتبا و چووبایە لای نۆژداری غەوارە، تووشی گوناهێکی گەورە ببوو؛[۲۴۷] کەچی پادشایانی ساسانی پتر نۆژدارانی عیسایی یۆنانی یان سۆریانییان پێ لە پزیشکی خۆمالّی باشتر بوو.

لەو نەسکەدا، لە نێو پزیشکانی پسپۆڕدا، باسی نۆژدارانی چاو کراوە[۲۴۸] و هەر لەوێدا سەبارەت بە شێوازی چارەسەریی ئاژەڵی خۆمالّی[۲۴۹] و سەگی هار[۲۵۰] و چەندی دیکەش قسە خراوەتەڕوو. لە «نێکادوم‌نەسک»یشدا باسێک سەبارەت بە پزیشکی و نەخۆشیی[۲۵۱] خراوەتەڕوو، بەتایبەت ئەو شێوازەی لە ئێران باو بوو کە تاوانباران و جینایەتکارانی مەحکووم بە مەرگیان[۲۵۲] بۆ ئەزموون و کەلکی پزیشکی ڕادەگرت و نەیاندەکوشتن. ئەم ڕەوتە لە سەردەمی «بطالسە»ش لە میسردا باو بوو.

لە سێهەمین کتێبی «دینکەرد»دا، کورتەباسێک سەبارەت بە پزیشکی خراوەتەڕوو کە بێگومان نێوک و نێوەڕۆکی لە سەرچاوەکانی چاخی ساسانی[۲۵۳] وەرگیراوە و کۆ کراوەتەوە سەرچاوەی دینکەرد سڵامەتیی بە دوو جۆر داناوە: لەشساغی و ڕووحساغی. هەروەها پزیشکی بە دوو چەشن داناوە: پزیشکی ڕووح و پزیشکی جەستە. زۆریش وێدەچێ کە لە پزیشکیی لەشساغیدا بەشێک تایبەت درابێ بە چارەسەری ڕووحی و دەروونی. بنەماکانی پزیشکیی ئێران بە تەواوی زەردەشتی بوون و گەڕاونەوە سەر ئامۆژگاری و باس و بابەتەکانی ئەڤێستایی، بەڵام شوێنپەنجەی پزیشکیی یۆنانی بە هەموو جێیەکییەوە دیارە. بەگوێرەی پزیشکیی بوقراتی چارەسەری لە سێ ڕێگاوە دەس دەدا: ئەوەی کە بە دەرمان چارەسەر ناکرێ دەبێ بە ئاسن (واتە بە کێرد) دەوا بکرێ. ئەوەی کە بە ئاسن چاک نابێتەوە دەبێ بە ئاگر چارەی بکرێ و نەخۆشییەک کە بە ئاور نەپەڕێ، دەبێ دەستی لێبشۆرێ. لە کتێبی «وەندیداد»یشدا[۲۵۴] سێ چەشن چارەسەری ئاماژەی بۆ کراوە. کێرد و گیاوگۆڵ و کەلامی پیرۆز و ئەمەی ئاخری لە هەمووان بە چاکتر داندراوە. چارەسەری بە ئاگر لە کتێبی دینکەردیشدا باسی کراوە.[۲۵۵] لەم کتێبەدا باسی پێنج ئامرازی چارەسەری کراوە بەم شێوەیە: ۱ - کەلامی پیرۆز ۲ - ئاگر ۳ - گیاوگۆڵ ۴ - کێرد

٥ - داغ. مەبەست لە داغ گۆیا دووکەڵدانی ئەندامی نەخۆش بووە بە هێندێک گیای بۆنخۆش. بەڵام چارەسەر بە کەلام یانی نزا و پارانەوەی دەرکێشراو لە کتێبە پیرۆزەکانیان لە هەمووان بە باشتر و کاریگەرتر دادەنا.

دوکتۆری زانا کەسێک بوو کە بتوانێ بە وردی نەخۆشییەکان بپشکنێ و کتێبی زۆر خوێندبێتەوە.[٢٥٦] دەبوو ئەندامەکانی لەش و جومگەکان بناسێ و زانیاریشی سەبارەت بە داو و درەمانان هەبێ و خۆشەویست و قسەخۆش بێ و لەگەڵ نەخۆشان بە نەرمی و مێهرەبانی بجوولێتەوە.[٢٥٧] لەم کتێبەدا نیشانە و تایبەتمەندییەکانی پزیشکانی ڕووح و پزیشکانی جەستە بە دوورودرێژی باسیان کراوە و لەبەر درێژدادڕی، بابەتەکە لێڵ و تاریک بووە. هەردک نۆژدار، واتە هەم نۆژداری ڕووح کە سەر بە تاقمی زانایانی ئایینییە و هەم نۆژداری لەش، دەبوو لە تاقیکاری تەڕدەستی و چازانیدا دەرچووبان، بەڵام نۆژداری لەش دەبوو لە چارەسەری یەکێک لە کافرانداً سەرکەوتوو بووبا هەتا بتوانێ خۆ بداتە خۆش کردنەوەی کەسێکی ئیماندار. بەرجی ئەمەش ئەگەر هاتبا و سێ کەسی نەشتەرگەیی کردبا و هەرسێکیان مردبان، تازە هەتاهەتایە ئیزنی نۆژداریان نەدەدا.[٢٥٨] پزیشک ناچار بوو کە لە کاتی پێویستا هەموو ڕۆژێک سەردانی نەخۆشەکەی خۆی کردبا. مالی نەخۆشیش دەبوو خواردنی چاکی بدەنێ و ئەسپێکی خۆشبەز بخەنە ژێرڕکێفی و مزلێکیان لە نێوەڕاستی شار بۆ دابین کردبا.[٢٥٩] بەڵام پزیشک دەبوو زۆر پارەپەرست نەبووایە. بە باری خووخدە و دینداریدا، چەند جۆرە پزیشکێک دەکەوتنە بەرچاو: «باشترین پزیشک ئەو کەسەیە کە ئەم شوغڵەی تەنیا لەبەر خودا و بۆ خێر و چاکە هەڵبژاردووە. پاش ئەو پزیشکێک بوو هەم مااڵخۆشەویست و هەم چاکە پێخۆش، بە مەرجێک کە چاکەی لە پوڵ کۆ کردنەوە لا پەسندتر بووبا. لەوی خوارتر پزیشکێک دیار بوو کە جگە لە مالی دنیا دڵبەستەی هیچ شتێک نەبوو.»[٢٦٠]

«دۆرۆستبەد» یان «ئێراندۆرۆستبەد»[٢٦١] وادیارە دەبێ سەرۆکی تەواوی نۆژدارانی جەستەیی وڵات بووبێ. بەڵام مەزنی هەموو نۆژدارانی ڕووح و لەش پێیدەگوترا «زەرەسووشترۆتووم» و بێگومان ئەمە نازناوی موبەدانموبەد بووە.[٢٦٢]

لەم کتێبەدا ئەو خاڵانەی کە سەبارەت بە دەردەداری خراونەڕوو، هەڵگری زانیاری قوڵ نین. تێکەڵاوی و پەیوندییەکیان لە نێوان نەخۆشیی جەستەیی و ڕەوشتی ناپەسند و دزێودا دۆزیوەتەوە، بۆ وێنە نەزانی، فێڵ و دەهۆ، تووڕەیی، غللوری، خۆ بەزل زانی، هەوسبازی و چەندی دیکەیان بە هۆکاری ناسازی و دەردەداری داناوە.[٢٦٣] هەروەک هۆکاری جەستەیی وەک ساردی و ویشکی و بۆگەنی و داڕزین و برسێتی و تووڕەیی و پیری و کوێرەوەریشیان بە وەدیهێنی نەخۆشیی داناوە. نووسەری ئەو دەقە ژمارەی نەخۆشییەکانی مرۆڤی بە ٤٣٣٣ داناوە و بۆ نموونە ناوی چەند ناسازیی هێناوە کە لە ئەڤێستادا باسیان کراوە؛ بەڵام گۆیا بۆ ئەویش ڕاستەقینەی ئەو نەخۆشییانە تەواو ئەوەندە لێڵ و نادیار بووە، کە ئەمڕۆ بۆ ئێمە ناڕوونە.

تێگەیشتنی ئەم بەشەی کتێب، واتە بەشی چارەسەری و دەرمانکردن، زۆر دژوارە. لێرەشدا بیری تاریک و نووسینی ناڕەوان و بە گرێوگۆڵی نووسەر بۆتە هۆی تارهەڵگەڕانی بڕگە و بابەتەکان، بێجگە لەمەش زانینی زۆرێک لە زاراوە تایبەتییەکانی پزیشکی، ئەمڕۆش کەمووزۆر بۆ ئێمە دژوارن. بەگوێرەی بنەماکانی پزیکشیی یۆنانی، توانست و تایبەتمەندی هەر لەشێک سەبارەت بە پلەکانی چوارینەی سەرما، گەرما، شێ و قەبزی (زگ کارنەکردن) دەگۆڕدرێ. بەڵام ئێرانییەکان ئەم ڕێسایەی یۆنانییان بە چەشنی جۆراوجۆر هەڵگێڕاوەتەوە و جێگۆڕکەیان پێکردووە، هەتا لەگەڵ بنەماکانی ئاییینی زەردەشتی یەکتر بگرێتەوە کە هەموو نوقسانی و نەخۆشییەکی دەباتەوە سەر کارتێکردنی ڕووحە چەپەڵەکان. ساردی و ویشکی کە لەم هۆکارەوە سەر هەڵدەدەن، بە لای ئەوانەوە دوو نەخۆشیی بوون کە دەبووا لەشیان لێ پارێزرابا. باری چۆنیەتی خوێنگەڕان بە لای ئەوانەوە بە ژیانەوە دەبەستراوەتەوە، ئەگەر خوێن خاوەنی وزەی ژین بووبا، دوکتۆری چازان دەیتوانی دەوا و دەرمانی بەکەڵک بدا و نەخۆش خۆش بێتەوە. لە ناسازیدا خوردوخۆراکیشیان تەواو وەبەرچاو دەگرت.

خۆراک دەبوو بە ڕادەی پێویست تەڕوبڕ بووبا هەتا شوێنەواری خەساربارییەکانی بپەڕێنێ و بە ئەندازەی تەواو گەرمای هەبێ تاکوو لەرز و سەرما دەرپەڕێنێ. بە لای ئەوانەوە ئەو کەشەی کە لە خواردن دایە لەگەڵ ئەو کەشەدا تێکەڵاوی سروشتی ئادەمیزادە لێکدەدرێ و ماکەی خاکینەی خۆراک لەگەڵ

توخمی خاک که له پێکهاتەی سروشتی مرۆڤ دایە تێکەڵ دەبێ. ساخی و سڵامەتی لەش بەستە بە خواردنی خۆراکێکە کە باش لێکداربێ، بەو مەرجەی پارێز ڕابگیرێ.[۲۶۴]

«کازار تێللی»[۲۶۵] هێندێک خاڵی وێکچووی ئەو کتێبەی لەگەڵ پزیشکیی هیندیی دۆزیوەتەوە و ڕوونی کردۆتەوە.

لەبەروەی نەستوورییەکان لە سەدەی پێنجەمدا لە وڵاتی ڕۆم دەرکران و پەنایان هێنایە دووچۆمان (بین‌النهرین) و ئێران، قوتابخانەی تایبەتی مەسیحییەکان دامەزران، کە خوێندنی پزیشکی تێیان‌دا لەباو بوو. مەنشوورترین قوتابخانەی پزیشکی گوندی‌شاپووە کە پاش تێکچوونی حکوومەتی ساسانییەکانیش مایەوە و لە سەدەکانی سەرەتای ئیسلامی‌دا بە ناوەندی گرینگی زانستی پزیشکی دادەندرا.

لە نێو خەڵکانی بلیمەتی چاخی خوسرەوی یەکەما، بە لای ئێمەوە کەسێکی هەڵکەوتە بۆ باس کردن دەشێ و ئەویش «برزوویە»ی سەربەدەرەوەی سەرۆکی پزیشکانی پادشایەتییە. یەکێک لە شوێنەوارەکانی ئەو پیاوە، سەربوردەیەتی بە قەڵەمی خۆی و ئیبنوو موقەففەع وەریگێڕاوە و لە پێشەکی دەقی عەرەبی «کەلیلە و دەمنە»دا کە شاکاری «برزوویە»یە هێناویەتی و ئێمە لێرە بەو لاوە سەبارەت بە «کەلیلگ ئەود دەمنگ» دەدوێین. وەرگێڕدراوی ژیاننامەی ئەم پزیشکە مەزنە ئاوا دەس پێدەکا:[۲۶۶]

«باوکم پیاوێکی لەشکرچی[۲۶۷] بوو، دایکم لە بنەماڵەی زانایانی ئایینی زەردەشت. یەکەم نیعمەتێکی کە خودای مەزن[۲۶۸] لێی تازە کردمەوە و بە سەری‌دا باراندم، خۆشەویستی و دڵسۆزی دایە و باوە بوو سەبارەت بە من، بە چەشنێک کە لە منداڵەکانی دیکەی خۆمان پتر چاویان بە سەرمەوە بوو. لەبەر ڕاهێنان و بە دەورەدا هاتن بوومە هەڵبژاردەیەکی تایبەت و کاتێک پێم نایە تەمەنی حەوت ساڵی، نایانمە بەر خوێندنی زانستی پزیشکی و پاش ئەوەی شتێکی لێ‌ڕاهاتم و بە گرینگی و گەورەیەتی ئەو بوارەم زانی، شانم لێ شل کرد و بەگەرمە و سەڕاستی خۆم دایە فێر بوونی هەتا لەو زانستەدا تەواو گەیشتمە ئاستی سەرناسیی و لە چارەسەریی نەخۆشان‌دا گرێم لەبەر نەما و ڕاهاتم. ئەو کات

هەڵدەگوت: «مرۆڤی نەمر لە نێو خودایاندا و خودایەکی زۆر توانا لە نێو مرۆڤاندا؛ خاوەنی ناوبانگی مەزن، فەرمانڕەوایەک کە لەگەڵ خۆر هەڵدێ و چاوانی شەو خەڵاتی ئەون.»[۲۶] ئەم شاهەنشایە چەند ساڵێک دەوڵەتی ئێرانی گەیاندە شان و شەوکەتێک کە هەتا ئەو دەمی چاخی ساسانی بە خۆیەوە نەدیتبوو. بڕگەیەک کە تەبەری بۆ تاریخی خوسرەو هێناویەتی تەواو تەرکیز لەسەر ئەم مەبەستە دەکاتەوە: [۲۷] «لە ئازایەتی و بڕشت و زەنگینیدا، لە سەرووی هەموو پادشایانەوە بوو. دەڵێن، لە تاقەت و بوێری و کامڕەوایی و جیهانگری و چنینەوەی ماڵ و سامان و بەختەوەری و بۆ ڕەخسانی ڕۆژگاردا گەیشتە پلەیەک کە هیچ پادشایەک پێی‌نەگەیبوو، هەر بۆیە پێی‌دەڵێن ئەبەرویز کە لە عەرەبی دا بە مانای زاڵە.»

لەگەڵ ئەمەشدا جێی گومانە کە داخوا خوسرەوی دووەم بە باری ئازایەتیدا شایانی تاریفاتێکی وا بووە یان نا؟ خوسرەو لە شەڕ و تێکهەڵچوونەکانی لەگەڵ وەهرامی چووبیندا نەیتوانی ئەم هونەرەی بسەلمێنێ و وەختایەک خۆی هاویشتە سەر زینی دەسەڵاتی پادشایەتی، لەو هەموو شەڕانەی وڵات، قەت خۆی نەخستە مەترسی و پێی نەنایە مەیدانەوە. بەڵام سەبارەت بە هەنگاوی بەپارێزانەی دەبێ ڕوونی بکەینەوە کە زیاتر بە شێوەی پیلانی فێڵەبازانە خۆی نواندووە و کوژرانی ئەو مەزنانەی لێکەوتۆتەوە کە گومانی مەترسی لە بوونی دەکردن. چونکە بە چاکی دەیزانی ئەگەرچی جەغزی بەرفرەوانی دەسەڵاتی وی دەگەڕێتەوە سەر ڕیز و ڕێکخستنەکانی لەشکریی کە ئەنووشەڕەوان دایمەزراندبوون، بەڵام هەر لەو دامودەزگایانەشدا کۆمەڵێک مەترسی خۆیان مەڵاس داوە کە هەڕەشە لە تەخت و بەختی پادشایەتی دەکەن. لە ڕابردوودا گەورەگەورەکانی خانەدانان هێندێک لە سوڵتانەکانی ساسانییان ئاوەژوو کردبۆوە و لە جێی ئەوان ئەو شازادانەی ساسانییان دانابوو کە لەگەڵیان لێک و ڕێک بوون؛ بەڵام لە سەردەمی هۆرمزدەوە بەرەودوا، ئەو سەرکردانەی هێزی چەکداری هەمیشەیی و یەکڕیزیان لە ژێر ڕکێفیدا بوو، داوای پادشایەتییان کرد کە سەرەتا وەهرامی چووبین لەم بوارەدا خۆی نواند و پاشان نۆرەی وێستەهم هات.

خۆلاسەی کەلام لە مێژووی تەبەریدا چەندین نەقڵ و نەزیلە و سەربوردەی ئێرانی دەبینین کە بەوپەڕی وردەکارییەوە تۆمار کراون و باسی هێندێک لە

تایبەتمەندییەکانی خوسرەو پەرویز دەکەن کە بۆ تۆکمە کردنی زانیارییەکانی ئێمە سەبارەت بەو پادشایە زۆر بەکەلکن. تەبەری دەڵێ: شانس و بەخت، بە فیز و دەمار و غلووری کرد و خۆبەزل زانی و زۆرەملی و چنۆکی شا، گەیشتە ئەوپەڕی خۆی و چاوی تەمای برێیە مااڵ و سامانی خەڵک. پیاوێکی بێگانەی کوڕی «سوومای» (؟) کە ناوی ئێرانی لە خۆی نابوو و پێیدەگوترا «فەڕڕوخزاد» یا «فەڕڕوخانزاد» ڕایسپارد کە پیتاکی دواکەوتە کۆ بکاتەوە. ئەو کابرایە زۆری زوڵم دەکرد و مااڵی جەماوەری ڕادەماڵی. ئەم شێوە کارانەی خوسرەو کە تەنگی بە ژیانی خەڵک هەڵدەچنی، وای کرد تا جەماوەر دڵیان لێی ڕەش بێ. [28] هەر تەبەری دەڵێ: «خوسرەو بە چاوێسووکەوە لە خەڵکی دەڕوانی و شتی وای بە نزم و نەوی دادەنا کە هیچ پادشایەکی ئاقڵ بە سووکی چاو لێناکا. بە خودای مەزن لە تاوان و سەرپێچیدا ئەوەندەی شوو لێهەڵکێشا کە فەرمانی دا بە «زادانفەڕڕوخ»ی سەرۆکی نیگابانانی تایبەتی خۆی کە تێکڕای ئەو ٣۶٠٠٠ زیندانییەی بەندیخانەکان بکوژێ. [29] زادانفەڕڕوخ کارەکەی گنخاند و هێندێک دەستاودەستی کرد و گەلێک بیانووی خستە بەردەم خوسرەو. » جگە لەمەش خوسرەو دەیویست ئەو هێزانەی کە لەبەرامبەر هێرقێلدا بەزیبوون قەڵتوبڕیان بکا. [30]

ئەگەر هۆزمردی چوارەم تووندی لە مەزنان دەکێشا و دڵنوایی جەماوەری ساکاری دەکرد، خوسرەو پەرویز بەپێچەوانە بە مەبەستی ئاخنینی خەزێنە، هەم ڕەعێت و خاوەن پیشەکانی ئازار دەدا و هەم دڵی گەورەگەورەکانی دەشکاند. لەبەر ئەوپەڕی دڕدۆنگی و قینەبەری، ئەم فەرمانڕەوایە هەمیشە لە هەلێک دەگەڕا هەتا خزمەتکارانی بەرگومان و مەزن قەڵاچۆ بکا. هەروەک پێشتر گوتمان سەرەتا لە «وێندوی» و «وێستەهم» بەدگومان بوو؛ «ئەو کەسەی ئاخریان دەرد و مەرەدێکی زۆری وەڕێی هێنا. ئەو جار سەرەی «مەردانشا»ی پادگووسپانی «نیمڕووز» (ناوچەی سیستان) هات کە یەکێک بوو لە خزمەتکارانی وەفاداری. بەگوێرەی نەزیلەیەک کە لە کتێبانداهاتووە، ئەستێرەناسان بە خوسرەویان گوتبوو کە مەرگی وی لە لای نیمڕووزەوە دێ، ئەم گوتەیە خوسرەوی سەبارەت بە مەردانشای حوکمڕانی خاوەن دەسەاڵت، دڕدۆنگ کرد. بۆیە لێبڕا کە بیکوژێ، بەاڵم وەختایەک خزمەتەکانی وەبیر خۆی هێنایەوە، تەمای گرت کە هەر بە برینی دەستی ڕاستی وازی لێ بێنێ هەتا پاش ئەم تەمێ کردنە نەتوانێ

بگاته پلەبەرزکانی وڵات. وەختایەک دەستیان پەڕاند، خوسرەو ویستی بە دانی ماڵ و سامانێکی زۆر بیلاوێنێتەوە و دڵی خۆش بکا، بەڵام مەردانشا گوتی لەبری ماڵ تکایەکم هەیە و ئەویش ئەمەیە کە سەرم ببڕن، چونکە لە باروهەوایەکی ئاوا شەرمەزارانەدا ژیانم پێ تاڵە. جا گریمان کە چۆنیەتی ئەو حیکایەتە وا نەبێ، بەڵام خۆ تەواو ئاشکرایە کە پەرۆیز مەردانشای کوشت و «مێهر هۆرمزد» یا «نیووهۆرمزد»ی کوڕی مەردانشای کردە دوژمنێکی شێلگیر و پتەوی خۆی.[٣١]

ئەوجارەیان نۆرەی یەکێکی دیکە لە مەزنان هات بە ناوی «یەزدین» کە لەسەر ئایینی نەسارا بوو. کورتەمێژووی ژیانی ئەم پیاوە بە باس و لێداونێکی باش و بەکەلک دەربارەی بارودۆخی کۆمەڵایەتی ئەو چاخە دادەندرێ. بنەماڵەی بە ڕەگەز سۆریانی یەزدین لە «کەرخای بیس سلۆخ» (کەرکووک) خاوەنی زەوی‌وزارێکی هەراو بوون. وادیارە ئەم یەزدینە لە دیوانی پیتاکدا پایەبەرز بووە. پلەی واستریووشان‌سالاریان دایە و وەرگرتنی دەویەکیان خستە ئەستۆی. لە وەختی لەشکرکێشی‌دا وێڕای قۆشەن دەبزووت هەتا لە دەسکەوتی شەڕ و پیتاکی ڕەعیتان هەمیشە خەزێنە دارماڵ بکا. دەڵێن هەموو بەیانییەک هەزار پارچە زێڕی دەنارده خەزێنە.[٣٢] یەزدین هەرۆەک چۆن هەوڵی دەدا بۆ پڕ کردنی خەزێنەکانی پادشا، ئاواش چاوی بە سەر هاودینانی خۆیەوە بوو.[٣٣] هەر بۆیە مێژوونووسانی مەسیحی لایەنگرییان لێکردووە و چاویان لەو تەخشان‌پەخشانانە پۆشیوە کە بە مەبەستی ئاخنینی هەمبانەی خۆی کردوونی و لە تاریفاتی خێر و چاکە و پتەوی ئیمانی‌دا هیچیان تێدا نەهێشتۆتەوە. یەزدین ئەو دێرەی کە «شیرین»ی خۆشەویستی خوسرەو بنیاتی نابوو، چی کەلوپەلی پێویست و گرانە بۆی دابین کرد[٣٤] و «لە هەموو دنیادا کۆمەڵێک کلیسا و دێری ساز کرد وەک «بەیتولموقەددەس»ی ئاسمانیی و هەروەک چۆن یۆسف لەبەر چاوی فیرعەونی میسر شیرن بوو، یەزدینیش ئاوا لە لای خوسرەو قەدری دەگیرا، بگرە لە یۆسفیش خۆشەویستتر بوو.[٣٥] لەو کاتەدا کە ئێرانییەکان دەستیان گەیشتە بەیتمولموقەددەس، یەزدین خەنیمەتێکی زۆری نارده تیسفوون، بۆ وێنە یەکێک لەو شتانەی کە زۆر لەبەر چاوی مەسیحییەکان بایەخدار بوو، کوتێک لە سێدارەی عیسا بوو کە خوسرەو لە ڕێوڕەسمێکی شکۆمەندا ناردی بۆ خەزێنە تازەیەی کە لە پایتەخت سازی کردبوو.

جوولەکەی بەیتولموقەددەس کە هەلیان بۆ تۆڵە کردنەوە لە عیسایی‌یەکان بە باش زانیبوو و کلیساکانیان ئاور تێبەردابوون، بە پێشنیاری یەزدین و فەرمانی پادشا لە دار دران و دەس بە سەر مالّ و ملّکیان‌دا گیرا. پاشان یەزدین هێندێک لە کلیساکانی سەرلەنوێ چاک کردەوە. [۳۶] پلەوپایەی ئەم واستریووشان‌سالارە هێندەی خۆ نەگرت؛ خوسرەو فەرمانی کوشتنی یەزدینی دا و ژنەکەیان خستە ژێر ئەشکەنجە بەڵکوو بیدرکێنێ کە شووەکەی گەنج و کۆما زێڕ و جەواهێراتەکەی لە کوێ حەشار داوە. [۳۷]

نوعمانی سێهەمی پادشای عەرەبەکانی حیرە کە چووبووە سەر دینی عیسایی، ئەویش بوو بە فیدای ڕەقەونی خوسرەو. دەڵێن وەختایەک خوسرەو لەبەر وەهرامی چووبین ڕایکردبوو، نوعمانی بانگهێشتە لای خۆی و داوای شەڕ و کچی لێدکرد و ئەویش جوابی نەدایەوە. لە مەودای سالانی ۵۹۵ و ۶۰۴دا خوسرەو نوعمانی خستە زیندان و حکوومەتی لە خانەدانی لەخمی ئەستاندەوە و دای بە «ئەیاسی تائی» (ایاس طائی) و چاوەدێرێکی ئێرانی لەسەر دانا کە لە مێژوودا بە «نەخویرەگان» ناودێرە. [۳۸]

دڵڕەقی خوسرەو جاری وابووە گاڵتەی سامناکیشی لێکەوتۆتەوە. سەعالبی[۳۹] دەڵێ: «لە فلانە حوکمڕانیان ڕاسپارد کە بێتە ئاستانەی میری، بەڵام خۆی گنخاند. پادشا لە ژێر ڕاپۆرتەکەدا نووسی: «ئەگەر بۆی دژوارە کە بە هەموو جەستەیەوە بێتە لامان، ئێمە کوتێکی لەشی ئەومان بەسە، جا بۆ ئەوەی سەفەرەکەی لەبەر هاسان بێ، بڵێن با سەریمان بۆ بنێرنە بن‌ڕێسمەی دەرگانەی بارگا.»

لە سەرچاوەکانی عەرەبی‌دا گەلێک باس و بابەت سەبارەت بە نیزیکایەتی «شەهروەراز»ی سەرکردەی قۆشەنی میری و خوسرەو کراوە. جاحێز دەڵێ[۴۰] کە «شەهروەراز» سەرکردەی گشتیی هێزەکانی سپای ئێران بوو لە بەرامبەر لەشکری ڕۆمدا و خوسرەو زۆر نامەی دژاودژی بۆ دەنووسی. ئەم سەرکردەیە وەختایەک لە فێڵ و دەهۆی خوسرەو تۆقی، پاڵی وە قەیسەر دا و ڕێگای بۆ کردەوە و ئەویش هەتا نەهرەوان پێشڕەوی کرد. لەو دەمەدا پەرۆێز یەکێک لە نەساراکانی بانگهێشت کە نۆشیروانی باپیری لە ڕۆژی کوشتنی مەزدەک‌دا[۴۱] لە مەرگی ڕزگار کردبوو و لەگەڵ خۆی تەواو بە سەرڕاستی دەزانی. نامەیەکی دایە کە لە گۆچانێک‌دا شاردبوویانەوە و گوتی ببیە بۆ شەهروەراز. لەم نامەیەدا

فەرمانی دابوو بە شەهروەراز کە کۆشکی خونکار بسووتێنێ و قۆشەنەکەی قڕ بکا. وەختایەک کابرای نەسرانی[٤٢] گەیشتە نەهروان و جرینگەی زەنگی کلیساکانی بیست[٤٣] لە کردەی خۆی پەشیمان بۆوە کە بۆچی خەیانەتی بە قەیسەری نەسرانی کردووە. بۆیە ڕێوڕاست ڕووی کردە بارگای ئیمپراتۆر و ڕازەکەی لە قاو دا و گۆچانەکەی دایە. قەیسەر تۆقی و گومانی ڕێنیشت و وەیزانی کە شەهروەراز فریوی داوە، بۆیە لەشکرەکەی کێشایەوە. خوسرەو کە ئەم ڕووداوەی چاوەڕوان کردبوو، بەم شێوەیە لە چنگ دوژمنێکی سەخت خەلەست.[٤٤]

یەکێک لەبەرچاوترین تایبەتمەندییەکانی خوسرەو گەنج خۆشەویستی و زریقەوبریقە پەرستی بوو. لە ٣٨ ساڵەی دەورانی فەرمانڕەوایەتی خۆیدا زۆری خەزێنە ئاخنین و زێڕ و جەواهێراتی خستە سەر یەک. لە هەژدەهەمین ساڵی حکوومەتیدا (٦٠٧ – ٦٠٨) ئەو ماڵ و سامانەی کە خوسرەو ڕایگوێزتە خەزێنەی* تازەی خۆی لە تیسفوون، شتێکی نێزیکی ٤٦٨ میلیۆن مسقاڵ زێڕ بوو.[٤٥] ئەگەر هەر درەمێکی ساسانی بە مسقاڵێک دابنێین، دوورونیزیک دەکاتە ٣٧٥ میلیۆن فرانکی زێڕ. جگە لەمەش بڕێکی زۆری جەواهێر و جلوبەرگی گرانبایی هەبوو کە زیاتر وەک سەیروسەمەرەکانی ڕۆژگار دەچوون.[٤٦] بەگوێرەی مەزندەیەکی کە خوسرەو پاش ڕووخانی حکوومەتەکەی دەربارەی گەنج و خەزێنەی خۆی کردوویەتی و دواتر باسی دەکەین، سامانەکەی زۆر زیاتر لەوە بووە کە لە سەرەوە باسی کرا. پاش سێزدەساڵ پادشایەتی، گەنجی خوسرەو ٨٠٠ میلیۆن مسقاڵ نەغدینەی تێدا کۆ کرابۆوە. کاتێک پێی نایە سیساڵەی فەرمانڕەوایەتی، سەرەڕای گەلێک شەڕی دوورودرێژ و پڕ خەرجوبەرجی کە کردنی، بڕی نەغدینەی سەری لە ١٦٠٠ میلیۆن مسقاڵ دا کە دەکاتە نیزیکەی ١٣٠٠ میلیۆن فرانکی زێڕ. هەڵبەت ئەمە بێجگە لە خەنیمەتەکانی شەڕ بوو. پێهەڵاچوونی سامانەکەی لە ساڵانی ئاخردا دەگەڕێتەوە سەر ئەستاندنی دواکەوتەی پیتاک کە بێڕوحم و دەست پاراستن خەڵکیان دادەڕووتاند. جگە لەمەش دراوێکی زۆری بە ناوی جەریمە و تاوانانەی ئەو ماڵەی کە لە خەزێنەی درزابوو یان بە شێوەی جۆراجۆر تێداچووبوو، لە خەڵکی ئەستاند.[٤٧]

سەرجەم ئەو نەقڵ و سەربوردانەی کە لە سەرچاوە هەمەچەشنەکاندا سەبارەت بە کار و کردە و جوواڵانەوەی خوسرەو پەرویز گێڕدراوەتەوە،

هیچکامیان هەست و سۆزی خۆشەویستی خوێنەرەوە بۆ لای ئەو ڕاناکێشن. لە نێو ئاکار و کرداری ئەم پادشا بەدگووز و قین لەزگ و خوێڕی و ترسەنۆکەدا هیچ شتێک وەبەرچاو نایا کە تەواو بتوانێ مرۆڤ بکاتە دڵبەستەی خۆی. ئەگەرچی چاونەزێر بوو، بەڵام ڕژدی نەدەنواند و لە کاتی پێویستا دەستی پێوەنەدەگرت و بە مەبەستی دەرخستنی شان و شکۆی حکوومەتەکەی و نیشاندانی مەزنایەتی خۆی، ئەوەندەی زریقەوبریقە و شتی ڕازاوە و سەیروسەمەرە کۆ کردەوە کە بینەرانی دەتاساند و چاوی بە شەواڕە دەخستن. ئەگەر بمانهەوێ بەڕاستی باری قورسی سەر شان و شەپیلکی جەماوەر هەڵسەنگێنین هەر ئەوەندە بەس نیە کە بڕوانینە خەرمانەکانی زێڕ و زێو و گەواهێراتی خوسرەو لە خەزێنەکانیدا، بەڵکوو دەبێ بڕی ئەو نەغدینە زۆرەش وەبەرچاو بگرین کە بۆ عەیش و نۆش و ڕابواردنی دەربارنشینانی خەرجی دەکرد. تەنیا شتێکی کە دەورانی خوسرەو پەروێزی هەڵاوارددووە و بردوویەتە بان، هەر ئەم شان و شکۆیەی بارگایە کە شوێنێکی سەیری کردۆتە سەر ڕووحی هاوچەرخانی. ئەوەندەی دیرۆکنووسانی ئێران و عەرەب سەبارەت بە گەورەیی و جوانی و پرشنگداریێتی دەرباری پادشایانی ساسانی لە سەرچاوەکانی بەر لە ئیسلام ڕایانگواستووە، زۆربەیان سەبارەتن بە بارگای خوسرەو پەروێز. بە خوێندنەوەی ئەم نەقڵ و نەزیلانە و خورد بوونە لەو شەقڵەبەردانەی کە خوسرەو لە کێوی تاقوستان هەڵیکەندوون، هەتا ئەندازەیەک دەتوانین لە چۆنیەتی باروهەوای ئەم ڕۆژگارە ئاگادار بین کە ئاخرین قۆناخی پرشنگداری شارستانییەتی ساسانییە.

لەبەروەی غەیبزانان بە خوسرەویان گوتبوو کە دانیشتنی لە تیسفوون پێوەنایا و بۆی نامبارکە، لە ساڵی ٦٠٤ڕا هەتا زەمانێکی کە هێراکلیووس پەلاماری دا (٦٢٧ - ٦٢٨)، نەچوو بۆ تیسفوون. نشیمەنگای دڵخوازی وی قەڵای دەستگێرد[٤٨] یان دەستگێردخوسرەو بوو کە نووسەرانی عەرەب پێی‌دەڵێن «الدسکره» یا «دسکرةالملک». ئەم شوێنە لە پەنا شارێی لەشکری بوو کە لە بەغداوە دەچوو بۆ هەمەدان و دەکەوتە ١٩ فرسەنگێک ئەولاتری پایتەخت بەرەو باکووری ڕۆژهەڵاتی، نیزیک کۆنەشاری «ئەرتەمیتە» (Artamita).[٤٩]

هێرتسفێڵد بۆچوونی هێندێک لە مێژوونووسانی عەرەبی[٥٠] ڕەد کردۆتەوە کە ساز کردنی ئەو شارەیان داوەتە پاڵ هۆرمزدی یەکەم. زۆر وێدەچێ کە شار و

کۆشکی دەستگێرد بەر لە خوسرەو پەرویزیش بووبێ، بەڵام بێگومان لە ڕۆژگاری نۆشیروانەوە بەرەودوا پادشایانی ساسانی مانەوە لە عێراقیان پێ لە شوێنەکانی دیکە باشتر بووە و بەتایبەت لە ناوچەکانی نێوان تیسفوون و حۆلوان بنەیان خستووە. [51] هێرتسفێڵد بابەتێکی دەربارەی هەرەسەکانی دەستگێرد نووسیوە کە ئەمڕۆ بە «زیندان» ناسراوە. [52] لە ڕۆژگاری جوغرافی‌نووسی عەرەبدا بە ناوی «ڕۆستە» - دەوروبەری سالّی ۹۳۰ی زایینی - شوورەی خشتی سووری دەستگێرد کەلێنی تێنەبووە، بەڵام ئەمرۆکە جگە لە کوتێکی بە درێژایی ۵۰۰ گەز هیچی بە پێوە نەماوە و تەخت بووە، ئەم کوتە ۱۲ قەڵاقووچکەی ساغ و ۴ی وێرانی لێ وەبەرچاو دێ. بەپێی بۆچوونی هێرتسفێڵد، حەساری دەستگێرد قایمترین شوورەی خشتی سووری کە لە دێرزەمانەوە لە ئاسیای ڕۆژاوایی ماوەتەوە، هەڵبەت بێجگە لەو دیوارەی کە «نەبووکۆدۆنۆسۆر» (بخت النصر) سازی کردووە. تەنانەت لە ڕۆژگاری «ئیبنوو ڕۆستە»شدا لە نێوخۆی ئەو حەسارەدا شوێنەواری وێرانە وەبەرچاو نەهاتووە، چونکە تێکڕای ماڵ و خانووبەرەکانی وێندرێ بە دەستی هێراکلیووس تەواو تەخت کراوە و ویستوویەتی ئاوا تۆڵەی ئەو ناوچانە بکاتەوە کە لەشکری ئێران لە وڵاتانی ڕۆمیدا خاپووری کردبوون.

هێندێک لە لای سەرووی ئەو ڕێگا لەشکرییە لە نێوان خانەقین و حۆلواندا، هەرەسەڕووخاوی کۆشکێک وەبەرچاو دێ کە وادیارە لە مێژووی خوسرەو پەرویزدا دەورێکی گێڕاوە و پێی‌دەڵێن «قەسری شیرین». بەگوێرەی چیرۆک و نەزیلە باوەکان کە ڕەنگە ڕاست بن، شیرینی گراویی پەرویز لەوێ نیشتەجێ بووە. لەوێ قەڵایەکی چوارسووچە بە ناوی «قەڵای خوسرەوی» بەدی دەکرێ کە خاوەنی چەندین کڵاوقووچەیە و خەندەکێک دەورەی‌داوە و پردێکی بە کەوانەیان لەسەر ئەو خەرەندە هەڵبەستووە. لە زەوییەکی تەخت و گۆڕدا کە قەڵای خوسرەوی بە سەردا زاڵە، باغێکی پانوبەرین کە دیوارەکانی بە ئاوبارە داندراون و کۆشکێکی شکۆدار کە ئەمڕۆ پێی‌دەڵێن «حاجی قەلعەسی» و بینایەکی گەورە بە ناوی «چوار قاپوو» (چوار دەروازە) کە وادیارە دەبێ ئاورگا بووبێ، هەبوون. [53]

توێژینەوەکانی زانستیی کە لەم سالانەی دوایی‌دا، لە قەڵەمڕەوی پادشایانی ساسانی ئەنجام دراوە، دۆزرانەوەی گەلێک سازکراوی ئەوان سەردەمانی

لێکەوتۆتەوە. لە دامغان شاندی هاوبەشی مووزەی «پوونیوێرسیتی» و مـووزەی «پێنسیلوانیا» کۆشـکی ساسـانییان دیوەتـەوە. [٥٤] لـە ناوچـەی بابـل شـاندی زانستیی «ئاکسفۆردفیلد» لـە ئاکـامی توێژینـەوە و خـورد بوونەوەیـەکی زۆر گرینگی زانستیانە بەم ئاکامە گەیشتووە کە خاک و سـەرزەوی نێـوان دیجلـە و فورات لە سەردەمی ساسانیدا، لە ڕێی بەنـد و شـەقەجۆگەی ڕێـکوپێکـەوە، تەواو بەراو کراوە و بەڕێژەو و ئاوەدان بووە و لە سەرانسەری ئـەم ناوچەیـەدا گەلێک شار هەبوون. ئەم توێژەرانە لـە شـوێنی کۆنەشـاری «کـیش» چەنـدین کۆشکی ساسانییان دۆزییەوە. بۆ وێنە کوشـکێکی گـەورەیان لـە پێدەشـتەکانی دەوروبەری ئەم شـارە دیتـەوە کـە چـوار فرسـەخێک کـەمتری هـەتا «کـیش» مەودایە. [٥٥]

ئەو وتارەی کە ئارتوور پۆپ لە ژێر سـەردێڕی «کۆشـکێکی ساسـانی»دا لـە گۆڤاری هونەری، ب ١٥، ژمـارە ١، شـیکاگۆ، سالـی ١٩٣٣دا[٥٦] نووسـیویەتی سەرنج ڕادەکێشێتە سەر دیمەنی زۆر جـوانی کۆشـکێکی هاوینـە کـە لـە سـەر کەشەفێکی بڕۆنزی (مزقەلایی) شەقڵیان کردووە. ئـەم کەشـەفە ئـی ڕۆژگـارانی سەدەی شەشەم هەتا سەرەتای سەدەی حەوتەمی زایینییە و ئێستا لـە مـووزەی بێرلینە. دیمەنی سەر ئەم کەشەفە نیشاندەری کۆشکێکی هاوینـەی سووکەڵـە و ژیکەڵە و پێنج گومبەزی لە سەرە کە سێیان وەبەرچاو دێن. چەند کۆڵـەکەیەکی بەرز و بێگرێ سەریان وەبـەرهێناوە کـە ئەسـتوونی بیناکـانی سـەفەوی لـە ئیسفەهان دەخەنەوە یاد. لای بەرەوەی ڕووکاری کۆشک بـە کۆمەڵـێک وێنـەی گوڵدان و دارەخورمای شانبەشان کە لە ڕێزیکدا کەوتوونە نێـو تـاقنماکـانی دەرزەقاوی وەک هەیوانی کیسرا، ڕازاوەتەوە. لە نێوەڕاستا میحرابێکی بەر لـە ئیسلام بەدی دەکرێ و ئاگردانێکیان بە وێنەی کۆڵەکە تێدا داناوە کە چەشنی وی لەسەر سـکەکانی ساسـانی شـەقڵ کـراوە. بێجگـە لەمـەش لـە سەرانسـەری قەڵەمڕەوی ساسانیدا، بەتایبەت لە عێـراق، کۆمەڵـێک مـزڵ و خانووبـەرە و کۆشکی بچووکتریش هەبوون، کە کۆڵەکەی دار شانیان وەژێر میچـی دابـوون، کەمتاکورتێک وەک کاخی چل ستوونی سەفەوییە لە ئیسفەهان، بەڵام لەبەرەوەی کەرەستەی ئەو جۆرە سازکراوانە بێپێز و خۆنەگر بووە، جارێ هـیچ شـتێکیان بە پێوە دیار نیە. [٥٧] لەگەڵ ئەمـەشدا ئەگـەر بمانـەوێ لـە شـێوە و شـێوازی

سازکرانی ئەوان ئاگادار بین دەبێ بە وردی لە نژیارڤانی تاقوەستان (تاقبوستان) خورد بینەوە. لە تەنشت ئەشکەوتێکی کە شاپووری سێهەم لە کێوی سەربەدەرەوی تاقوستاندا هەڵیکەندبوو، ئەشکەوتێکی زۆر گەورەتر هەیە کە بە فەرمانی خوسرەو پەرۆیز لە دڵی کۆ دایانبڕیوە (وێنەی ۴۴). [۵۸] ئەو تاقەی کە بە کەوانە لە زارکی موغارەکە لێیانداوە لە شێوەی دەرگای قەسرەکانی میرییە. پایەکانی تاقەکە شانیان وە سەر دوو کۆڵەکە داوە کە بە نەخشێکی یەکجار جوان و ناسک ڕازێندراونەوە. ئەم نەخش و نیگارە بریتییە لە دارێک کە لقوپۆپەکانی بە چەشنێکی ڕێکوپێک لە هەردک کۆڵەکەکان هاڵاوە و گەڵاکانی وەک گەڵا کەنگر دەچێ و لە سەرەوە بە گوڵێکی سەرسوڕهێن بڕاوەتەوە. بە بۆچوونی هێرتسفێڵد ڕەنگە ئەم دارە نموونەیەک بێ لە «داری ژیان» کە لە ئەفسانە کۆنەکانی ئێراندا باسی کراوە و لە نەقڵ و نەزیلەکانی مەزدەیەسنیدا وێنەی چەشناوچەشنی لێ سازکراوە و چەند ناوێکی خراوەتە سەر، وەک «داری گۆکەرن» و «وەنئی یوود بیش» کە بە دەوای هەر دەردێک داندراوە. لە سەرووی کۆڵەکەکان، لەو شوێنەوە کەوا پایەی تاق دەس پێدەکا، لە هەردەک لاوە سەری ڕیشۆڵ و قەیتانێکی چین بە چین وەبەرچاو دێ کە بەشێکە لە جلی ڕەسمیی پادشایانی ساسانی. لە سەرەوە، یانی دوو گۆشەکان کە کەوتوونە پەنا نیوکەوانەی تاقەوە، وێنەی دوو خواژنی سەرکەوتن (نیکە) بەدی دەکرێن کە بە شێوازی ڕەسەنی یۆنانی هەڵکەندراون و هەرکام تاجێکی شانازییان بە ڕیشۆڵەی شەکاوەی ڕاکشاو بەرەو لایەکی دیکە کردۆتە سەر. دروست لە نێوەڕاست تاقەکەدا وێنەی مانگیلەیەکیان دابڕیوە کە نووکی بەرەو سەر تێهەڵچوونەوە، ئەم مانگیلەیەش بە سڵسڵەی شاهانە ڕازاوەتەوە. [۵۹]

بنەبانی ئەشکەوتەکە چوارگۆشەیە و دوو نەخشی لەسەر دەرزەقاوە کە بە دوو چین داندراون و لە دوو لاوە نەخشی بنەوەی دوو کۆڵەکەیان لە بەرد دەرهێناوە و هەر دەڵێی کە چینی دووەم بەردەنووسی لەسەر داندراوە. لەم دوو کۆڵەکەدا چەند خشتەیەکی قوواڵیان دابڕیوە. سەرە کۆڵەکەکان کە بە لقەمێوێک پێکەوە گرێدراون، هەر ئەو نەخش و نیگارانەیان لەسەرە کە لە زارکی ئەشکەوتەکە هەڵکەندراون. [۶۰] توێژینەوەکانی زانایانەی هێرتسفێڵد پەیوەندیی مێژوویی ئەم کۆڵەکانەی - کە بە نموونەی تایبەت و پاوانی کۆڵەکەسازیی

سەردەمی ساسانی دادەندرێن - لەگەڵ ئەو کۆڵەکە دارانەی ناوچەکانی کوردستان کە پارێزەری دابی بیناسازیی کۆنی گوندەکین، تەواو ڕوون کردۆتەوە. [٦١]



وێنەی ٤٤ - ئەشکەوتی خوسرەوی دووەم لە تاقوستان

(هێرتسفێڵد، دەروازەی ئاسیا)

دیمەنی سەرەوە کۆڕ و کۆبوونەوەی تاج لە سەر نان نیشان دەدا. پادشا لە نێوەڕاست وێستاوە و بە دەستی ڕاستی تانجێک وەردەگرێ کە ئۆهرمەزد لە شانی چەپیڕا خەڵاتی دەکا. لە قۆڵێکی دیکەوە خواژنی ئەناهید (ئاناهیتا)ش تاجێکی دەداتێیە. ئەم ڕوخسارە لە بەرەوڕووڕا بەدی دەکرێن. پادشا هەر ئەو تاجەی لە سەرە کە لەسەر سکەکانی خوسرەو پەرویز پتر شەقڵیان کردوون،

یانی تاجێکی گەورە کە دوو لیزگـە مـرواری خراوەتـە ژێـر و مانگیلەیـەکی بـۆ کراوەتە ژێرگەردانە. ئەو شاخەی کە لە قووچەی تاجەکـەیان نـاوە، کەوتۆتـە نێـوان دوو بـاڵـی هەڵـۆ و مانگیلەیـەکی لەسـەرە کـە گـۆی هـەتاویان تێـدا کێشاوەتەوە. جلی پادشا کە بە شێوەی باو قەیتان و ڕیشووی شەکاوەی لێ قایم کراوە، بریتییە لە باڵاپۆشـێکی قۆڵـداری ئـاوادامێنی هـەتا بـەرەژێر ئـەژنۆ و پانتۆڵێکی فشی چین‌دار. باڵاپۆش و پاتۆڵـەکەی نـوقمی خشـڵ و گـەواهێراتن. کۆبەی باڵاپۆش و کالان و حەمایەڵە شێر و تەنانەت پانتۆڵـەکەی بـە لیزگـەی مرواری ڕازاونەوە. جگە لەمانە چەند لیزگـە مـرواری خـڕ لـە گـەردنی شـاوە هەڵواسراون و جوانکاریی جلوبەرگیش هـەموو وەک مـرواری کاریـان لەسـەر کراوە، یانی وەک دڵۆپێکی دابارێو کە هەرکام بە ئاڵقەیەکەوە شـۆڕ کرابنـەوە. خواوەند ئۆهرمەزدیش جلوبـەرگی ئـاوادامێنی لەبـەر دایـە، بـەڵام عەبایـەکی خستۆتە سەر شانی کە پەڕاوێزی مرواری‌بەندە. ملی ئەو چەکمانەی لە پێـی دان کەوتوونە ژێردەلینگـی پانتۆڵـەکەی. ڕیشـی درێـژی تەشـوێتاشـی و تـاجی بەلەرزانەی هەروەک نەخش و نیگارەکانی ڕۆژگارانی کۆنە. ئەو ژنـەی کـە لـە دەستە ڕاستی خوسرەو ڕاوەسـتاو، بـە بۆچـوونی هێرتسفێڵـد لـە ڕووی ئـەو گۆزەیەڕا کە لە ئامێزی گرتووە دەناسرێتەوە. هەر لە دێرزەمانەوە وێنەی گـۆزە بە نیشانەی ئاوەکانی ئاسمانی داندراوە کە سەرچاوەی خێر و بەرەکەتە بۆ سەر زەوی و خاک ئاوس دەکا. کەوایـە ئـەو ژنـە ئەناهیـدە کـە بـە خـواژنی ئـاو لەقەڵەمدراوە. کراسەکەی بە دابی یۆنانییە کە باڵاپۆشێکی ئەستیرەنیشـانی بـە سەردا بەرداوەتەوە. تاجەکەی لە تاجی ئۆهرمەزد دەچێ کە لە ژێرییـەوە چـوار لیسپی پرچی کەوتوونە سەر شان و سینەی و ئەمە دابی ئاسایی ژنانی ئێرانیـی سەردەمی ساسانییە. [٦٢]

لە تەواوی ئەو وێنانەدا شوێنەواری ویشکەهەڵاتن و نەبوونی نیشانەی ژیـان خۆی دەنوێنێ: «هەر دەڵێی مرۆڤ لە بەرامبەر چەند پەیکەرێکا وێسـتاوە» یـان دەڕوانێتە ئەو نەخش و نیگارانەی کە لاسای دیمەنی سـەر پـەردەی وێنەگـەریی کراونەوە و هەڵکەندراون. [٦٣] کورتەی خستنەڕووی ئەو دیمەنەی کـە هێرتسفێڵـد سـەبارەت بـە دەسـکردی بەردتاشـین لـە ئەشـکەوتی خوسـرەوی دووەم لـە تاقوستان‌دا کردوویەتی، ئەمەیە کە ئەم وێنانـە دەڵـێی لـە ڕووی تابلۆیـەکی قەڵەمکێشەوە لە بەرد هەڵکەندراون. [٦٤]



وێنەی ٤٥ - دوو وێنەی خوسرەوی دووەم لە تاقوستان

(هێرتسفێلد، دەروازەی ئاسیا)

بەداخەوە زۆر کەم شوێنەواری قەڵەمکێشیی ساسانییەکان بەجێماوە. لە شوێنێک بە ناوی «دوختەری نۆشیروان» (کیژۆڵەی نۆشیروان) لە دەوروبەری «خلووم»ی ڕۆژهەڵاتی بەلخ، لە تاقچەیەکدا کە لە کێو هەڵکەندراوە، پاشماوەی وێنەیەک وەبەرچاو دێ کە هەڵپرووکاوە و کوێر بۆتەوە. ئەمە دیمەنی یەکێک لە شازادەکانی ساسانییە کە حوکمڕانی هەرێمەکانی ڕۆژهەڵاتیی بووە. ئەو تەختەی کە لە سەری دانیشتووە، خستوویانەتە مابەینی دوو کۆڵەکان. ئەم قەڵەمکێشە وەک وێنە داتاشراوەکانی پادشایانی ساسانی دەچێ، بەڵام ئەو وردەکارییانەی کە لە سەری کراوە شێوەی دیمەنەکانی ئاسیای ناوەندیی پێوە دیارە.[٦٥] جا هەر چۆنێک بێ، لە دوایین زەوی‌کۆڵینەوەکانی تیسفوون، چەند شوێنەوارێکی وێنەگەریی سەر دیواری سەردەمی ساسانی

وەدەس هاتوون کە بریتی بووە لە وێنەی پیاوان و تەنیا کوتەسەری مرۆڤەکان ماون. شمیت دەڵێ: «ئەو ڕەنگانەی کە دە کاریان کردوون، زەرد و سوور و خورمایی بوون و جاری وایە سووراییەکی تۆخی «ڕۆنیاس»یشیان پێوە زیاد کردوون. شینێکی ڕەنگئاسمانی و ڕەشیشیان بەوپەڕی لێزانییەوە بە مەبەستی ڕازاندنەوەی گەڕانگەرەکان بە کار بردووە.»[۶۶]

چینی داوێنی بنەبانی ئەو ئەشکەوتەی باسکراو، خوسرەو پەروێز بە چەکەوە لە سەر خوانی زین نیشاندەدا. ئەم پەیکەرە کە لە بەردەکەوە دەرزەقیوە، بەداخەوە بە هۆی بیرتەسکی پەلاماردەرانی عەرەبەوە شکاوە. پادشا کڵاوخوودێکی ناوەتە سەر کە تانجی باڵدار بە داسوولەی مانگ و بازنەی خۆری لە سەرە (باڵەکانی تانجەکەیان وردوپرد کردووە و هیچی وەبەرچاو نایا). زرێیەکی گەوگەوی پۆشیوە کە گەیوەتە کڵاوخوودەکەی و بە سەر ڕوخساری هەڵکشاوە و لە داوێنەوە بەربۆتەوە سەر ڕانی. لە ژێر ئەم زرێ گەوچنەدا جلوبەرگی پادشا بەدی دەکرێ و چەند وێنەیەکی تێدا وەبەرچاو دێ وەک ئەو ماسییانەی کە بە «ئەسپی ئاوی» ناویان ڕۆیشتووە. شا نێزەیەکی بە دەستەوە گرتووە و خستوویەتە سەر شانی، بەڵام مسوڵمانانی بتشکێن ئەو دەستەیان وا شکاندووە کە هیچ شوێنەوارێکی لێ بەدیناکرێ. ئەم سوارە مەتاڵێکی سێڵەکی بە دەستی چەپی گرتووە. کەمەرەیەکی ڕازاوە و تیردانێکی پڕ لە تیر، چەکی ئەم سوارەیان کامڵ کردووە. ئەسپەکە لەوپەڕی هێمنیدا لەسەر چوارپای قایمی چەقیوە، سەر و سینەی بە ڕووپۆشێکی گوڵینگەداری زرێ داپۆشراوە. دوو لای کەفەڵی ئەسپەکە دروشمێکیان پێوەیە و گۆیا ئاڵقەیەکە کە قەیتانێکیان بە وێنەی کڕاوات (بۆینباغ) پێدا بەڕێ کردووە و یەکێکە لە هێماکانی پادشایەتی.[۶۷] لەسەر هەردک کەفەڵی دوو تۆپەوانەی گەورە کە گۆیا خورین و لە هەریرەوە پێچراون بە شکڵی هەرمێ شۆڕ بوونەوە و ئەم چەشن تۆپەوانەیە لە زۆربەی ڕەخت و زینەکانی میرانی ساسانیدا وەبەرچاو دێ.

ئەم پەیکەرە ئەسپسوارە کە بەگوێرەی سەرچاوەکانی ئیسلامی[۶۸] خوسرەو پەروێز و «شەودێز»ی ژیر ڕکێفی نیشان دەدا، بە باری وردەکاری و ڕێکی ئەندام و لێکوەشانەوە و باش تێکەڵ کردنی دیمەنەکە بە شاکاری شەقڵەبەردان دادەندرێ. بەپێی گێڕانەوەی ئیبنوو فەقیهی هەمەدانی، مامۆستایەک بە ناوی

«قەتتووس»ی کوڕی «سنیممار» (sinimmar) ئەم پەیکەرەی تاشیوە. هەڵبەت سنیممارى سەروەستاى کۆشکى خووەرنەقى حیرە، [۶۹] بوونى لە مێژوودا ڕوون نیە و خزمایەتى ئەو بەردتاشەش لەگەڵ ئەو وەستاکارە لە بارى ڕۆژگارەوە یەکتر ناگرنەوە، بەڵام زۆر وێدەچێ کە لە ژێر پەردەى ئەم واژە عەربێندراوەدا واتە «قطوس»، ناوێکى بیزانسى خۆى حەشاردابێ. وەک هێرتسفێڵد گوتوویەتى، ڕەنگە وەستاکارى ئەم شاکارە دەسکردە بنەمایەکى مێژوویى هەبێ. [۷۰]

زۆربەى مێژوونووسان و شاعیرانى ئێرانى و عەرەب ناوى «شەودێز»ى ئەسپى بەناوبانگى[۷۱] خوسرەو پەرۆێزیان هێناوە. دەڵێن خوسرەو پەروێز ئەم یەکسمەى ئەوەندە خۆش دەویست کە سوێندى خواردبوو هەر کەس هەواڵى سەکەت بوونى بۆ بێنێ، بیکوژێ. ڕۆژایەکى کە شەودێز پشووى ئاخرى کێشا، میرئاخوڕ تۆقى و پەناى بردە بەر «باربەد»ى ڕامێشگەر (گۆرانیبێژ)ى پادشا. باربەد تێىهەڵکردە گۆرانى و لە نێوبەندى قامەکەدا ڕووداوەکەى بە سەرى زمانان درکاند. شا نەڕاندى: «هۆى چارەڕەش بۆ چما شەودێز نەماوە؟» گۆرانیبێژ لە وڵامدا گوتى: «پادشا بۆ خۆى وا دەفەرموێ.» خوسرەو گوتى: «زۆر باشە، هەم خۆت ڕزگار کرد و هەم یەکى دى.» هەمەدانى[۷۲] و سەعالبى[۷۳] کە ئەم حیکایەتەیان گێڕاوەتەوە، بەر لەوان «خالدالفیاض»ى[۷۴] هۆنەرى عەرەب (کۆچکردووى دەوروبەرى ۷۱۸ى زایینى) ئەو ڕووداوەى هۆنیوەتەوە و لە ئوروپاى باکووریشدا بە شێوەى جۆراجۆر گێڕدراوەتەوە. مەشهوورترینیان چیرۆکى شاژن «تیرێ دانبۆد»ە کە هەر بەم چەشنە، «گۆرم»ى مێردى (پادشاى دانمارک)ى لە مەرگى «کنوود دانیست»ى کوڕى ئاگادار دەکاتەوە.

بەرەڕووى ئەشکەوتەکە، لە نیزیک کانیاوێکى گەورە، پەیکەرێکى خوسرەو پەروێزى لێبووە. لە سەدەى دەهەمى زایینىدا «مسعربن‌المهلهل» هەر لەو شوێنە دیتوویەتى. [۷۵] پاش ئەو سەردەمە پەیکەرەکە کەوتۆتە ئەو ئەستێرەى کە لە داوێنى چیاکەیە و لە سەدەى نۆزەدا بەژنیان دۆزییەوە و لە ئاو دەریانکێشاوە و لەسەر دیوارى بەندەوەکە دایانمەزراند. ئەگەرچى ئاو ئەو پەیکەرەى گڕوێ کردووە و دەس نەپاراستنى جەماوەرى گوندەکى زۆرى داڕووشاندووە، بەڵام هێشتاش بەژنى پادشا دیارە کە چەقیوە و دەستى لەسەر دەسکى شیرەکەى

داناوە. [٧٦] لە پەنا ئەم پەیکەرە جووتێک کۆترە (سەرەکۆڵەکە) وەبەرچاو دێ کە بەرێکیان وێنەی خوسرەوی دووەمی پێوەدیارە و لە ڕووی تانجەکەیڕا دەناسرێتەوە و لە بەرەکەی دیکەیان وێنەی خواژنێک هەڵکەندراوە کە ئاڵقە یان تاجە گوڵینەیەکی بە دەستی ڕاست و لقە مۆرتکێکی بە دەستی چەپی گرتووە. جووتێک کۆترە (سەرەکۆڵەکە)ی دیکە کە هەر بەم چەشنە شەقڵ کراون، لە گوندی بێستوون، لە پای بەردەنووسی داریووش کەوتوون و دووی تریش پێشتر لە ئیسفەهان بوون و «فلاندێن» نەخشی لێهەڵگرتوونەوە.[٧٧] وێنەی خواژنەکان لە ڕووی نەخشێندران و نیشانەکانی خودایی‌ڕا پێکەوە جیاوازن، بەڵام ڕوخساری پادشا لە هەموو ئەسپەرە بەردینەکاندا یەکە و خوسرەو پەرۆیز دەخەنە بەرچاو. بە بڕوای هێرتسفێڵد ئەم سێ جووت سەرەکۆڵەکەیە ئی بەر بێڵای خانووبەرەیەک بوون کە سێ ژووری بووە و ئەم کۆترانەیان بە چەشنێک دامەزراندبوو کە وێنەی پادشا دەکەوتە لای چەپ و ڕوخساری خواژن لای ڕاست. بەم شێوەیە بە جووتبوونی دوو دووی وێنەکان پێکەوە، سێ کۆڕی تەواو پێکهاتووە. [٧٨]

لە نەخشەبەردی چینی سەرەوەی دیواری بنەبانی ئەشکەوتی گەورەی تاقوستان‌دا، خوسرەو پەرۆیز لە جلوبەرگی ڕۆژی میوانداریی دیداری گشتیی‌دا دەبینین، یانی هەر ئەو بەرگانەی کە لە وەختی گرینگا دەیپۆشین و سەرتاپا نوقمی جەواهێراتی ڕەنگاڕەنگ بووە. ئەگەر ڕەنگی جلوبەرگ و گەواهێراتیان لە بەردەکەدا دیاری کردبا، وێنەیەکی بێ کەم و کورتی پادشامان بە دەستەوە بوو. لە ڕووی ئەو کۆمەڵە وێنانەی پادشایانی ساسانی‌ڕا کە خودی «هەمزە» دیتوونی ڕەنگی تایبەتیی بەرگەکانی خوسرەو ئاوا دەخاتە بەرچاو: «خوسرەو ئەبەرۆێز» کۆڕی هۆرمزد، کەوای گوڵڕەنگ و پانتۆڵی شینی ئاسمانیی دەپۆشی و تانجی سووری دەنایە سەر و نێزەی بە دەستەوە دەگرت.»[٧٩]

گەورە فەرماندەران و باڵوێزانی دەوڵەتانی غەوارە لە کۆشکی دەستگێردا کە نوێنگەی شکۆ و شەوکەتی پادشایەتی بوو، شاهەنشایان هەر لەم جلوبەرگەدا دەبینی. بەگوێرەی گێڕانەوەی ساکار و بێ سڵسڵە و پڵپڵەی تەبەری، خوسرەو لە حەرەمخانەی خۆی‌دا ٣٠٠٠ ژنی بووە، بێجگە لەو کچانەی کە کارەکەر یان گۆرانیبێژ و بەزمگێڕ بوون. ٣٠٠٠ پیاوی خزمەتکار و ٨٥٠٠ یەکسم و ٧٦٠ فیل و

١٢٠٠٠ یەستری بووە بۆ ڕاگواستنی بارگەوبنە. [٨٠] تەبەری دەڵێ ئەم پادشایە لە هەموو کەس زیاتر دڵی بە زێڕ و جەواهیرات و قاپوقاچاغی گرانبایی و ئەم جۆرە شتانەوە بووە.

بەکورتی سەیروسەمەراتی بارگای خوسرەو پەرویز بۆتە بنێشتەخۆشکەی زاری مێژوونووسانی عەرەب و ئێرانی. بەلعەمی[٨١] و سەعالبی[٨٢] دوازدە شتی سەیریان لە خوسرەو گێڕاوەتەوە، وەکوو: کۆشکی تیسفوون، درەفشی کاویان (ئاڵای کاویان = ئاڵای کاوە) [٨٣]، شیرنی خێزانی، گۆرانیبێژان و بەزمگێڕانی دەربار، واتە «سەرکەش» و «باربەد یان پەهلەبەد»؛ غولامێک بە ناوی «خوەش ئارەزووگ»[٨٤]، ئەسپی شەودێز و فیلی سپی. هێرتسفێڵد دەڵێ[٨٥] ئەم شێوە ژمارەیە لاساکردنەوەی هیندییەکانە، هەروەک چیرۆکی «حەوت گەوهەر»ی بووداییەکان زۆر لەگەڵ دوازدەوانەکانی سەمەرەی پەرویز، وەک یەکتر دەچن. فیردەوسی بە جوێ و بە زمانێکی شاعیرانە باسی ئەو دوازدە دەگمانە دەکا و حەوت «گەنج»ی خوسرەو[٨٦] بە وردی دەژمێرێ و تەنیا ناوی دوو لەو سەیرانە دێنێ کە سەعالبی باسی کردوون. بێشک ئەم بابەتەیان لە «خودای‌نامگ» وەرنەگرتووە، چونکە تەنیا لە شاهنامەی فیردەوسی و کتێبی سەعالبیدا دەبیندرێ و بەلعەمیش کەلکی لێوەرگرتووە. بێگومان سەرچاوەی ئەم گێڕانەوەیە ئەو بەشەی سەرچاوەکانی چاخی ساسانییە کە شوێنپەنجەی هیندی پێوە دیارە و کارتێکردنی ئەدەبیاتی هیند لە سەدەی دوایی پادشایەتی ساسانییەکان‌دا دۆزراوەتەوە. [٨٧] لەم نەزیلەیەدا ناوی چەند گەنجیان هێناوە، وەک: «گەنجی بادئاوەرد» و «گەنجی گا». دەڵێن وەختایەک ئێرانییەکان ئالقەیان لە دەوری ئەسکەندەریە دا، ڕۆمییەکان کەوتنە قوتار کردنی سامانی شار و هەموویان بردنە نێو چەند لۆتکەیەک، بەڵام «با» بەپێچەوانە هەڵیکرد و لۆتکەکانی بەرەو ئێرانییەکان پاڵ پێوەنا. ئەم مالە زۆرەیان نارەد تیسفوون و بە «گەنجی بادئاوەرد» (گەنجی باهێناو = گەنجی بادەوا)یان ناودێر کرد.[٨٨] سەعالبی حیکایەتی «گەنجی‌گا» ئاوا دەگێڕێتەوە: [٨٩] «وەرزێڕێک بە جووتێک گا خەریکی کێڵان دەبێ کە لەناکاو نووکی گاسنەکەی لە کووپەیەکی پڕ سکەی زێڕ هەڵدەچەقێ. کابرای جووتیار دەچێتە بارگا خزمەت پادشا و ڕووداوەکەی بۆ دەگێڕێتەوە. پادشا فەرمانی هەڵکۆڵینی ئەو زەوی‌وزارە دەدا و خەزێنەی شاراوە

دەدۆزرێتەوە. لەم کەندەوە و کۆژەوەیەدا سەد کووپەی پڕ لە زێڕ و زێو و گەوهەر وەچنگ دێ کە گەنجی سەربەمۆری «ئەسکەندەر» بوون. وەختایەک خوسرەو ئەم سامانەی بینی، سپاسی خودای مەزنی کرد و یەکێک لەو کووپانەی دا بە کابرای جووتیار و ئەوی دیکەشی لە شوێنێک دانا و بە گەنجی گا ناودێر کرا. فیردەوسی خەزێنەکانی خوسرەو ئاوا دەژمێرێ:

یەکەم گەنجی ناو نایە «گەنجی عەرووس» لە چین و زەبەرتاس و هیند تا بە ڕووس
ئەوی دی بە نێو گەنجی «باداوەر»ێ بژاردیان، لەوی سوڕ دەما هەر سەرێ
کە پێتخۆشە ناوی سێهەم بژنەوی ئەمن پێت دەڵێم «دیبە خوسرەوی»
ئەوی دیکە بوو «گەنجی ئەفراسیاو» کە کەس نەیبوو ئەوا لە وشکی و لە ئاو
ئەوی دی کە «سووتاو»ی نێو بوو بە ناو وڵاتێ بەوی ڕوون دەبوو چەشنی تاو
ئەوی دی بە مەودای پەرینی یە تیر بە ناوی «دوڕی خووشاب» بوو ئەی لاوی ژیر
کە «خەزرا»شیان پێدەگوت ئاقلان ئەوەی وا گەیشتوونە پۆپەی چلان
ئەوی دیکە بوو «شادوەردی» زەلام کە گۆرانیبێژان دەیانگوت بە قام

یەکێک لەو شتە سەیرانەی بارگای پەروێز شەترەنجێک بوو کە مۆرەکانیان لە یاقووت و زمڕووت ساز کردبوو؛ یەکی تر تەختەنەردێک بوو لە مەرجان و پیرۆزە؛ ئەو جار پارچە زێڕێکی دەستەوشاری ٢٠٠ مسقالی کە وەک مێو نەرم بوو و دەیانتوانی چۆنیان پێخۆشە ئاوای لێبکەن؛ [٩٠] هەروابێتەوە دەسرۆکەیەک بوو کە پادشا دەستی پێدەسترێ، «وەختایەک چڵکن دەبوو دەیانخستە ئاگرەوە، ئاگر چڵکەکەی دەبرد، بەڵام دەسرەکەی نەدەسووتاند.»[٩١] دەبێ ئەم دەسرۆکەیە لە پەمۆی کێوی تەنداربێ. تانجێکی خوسرەو لە ٦٠ مەن زێڕی خالیس ساز کرابوو، هەرکام لە مرواریيەکانی ئەو تاجە بە قەدرایە هێلکە چۆڵەکەیەک دەبوون و یاقووتە دەنک هەناریيەکانی «لە شەودا وەک چرا دەدرەوشانەوە و لە تاریکەشەواندا لەبری چرا کەلکیان لێوەردەگرتن». زمڕووتەکانی «چاوی شاماری کوێر دەکرد». زنجیرێکی زێڕیان بە درێژایی ٧٠ نیوباڵ لە میچەوە هەڵواسییوە، تاجەکەیان بە شێوەیەک لێ قایم کردبوو کە لەسەر سەری پادشا ڕادەوەستا و بە لەنگەر قورسایی نەدەدایە سەر و ملی. [٩٢] بێگومان ئەمە هەمان تانجە کە لە بارگای تیسفوون هەڵیانداوەسی و تەبەریش باسی کردووە.

بەڵام گەورەترین و بەرچاوەترینی سامانە هەرە دەگمەنەکانی خوسرەو پەرویز «تەختی تاقدیس» بوو، واتە «ئەو تەختەی لە وێنەی تاقە» و سەعالبی ئاوای خستۆتە بەرچاو: [93] «تەختێک بوو لە عاج و داری ساج کە نێودەڵانە و لاجامەکانی زێڕ و زێو بوو. ٩٠ باڵ درێژ و ٧٥ باڵ پان. پلیکانەکانیان بە داری ڕەش و ئابەنووسی زێڕئاژن داکوتابوو. میچی ئەم تەختە لە زێڕ و بەردی لاجوەرد تێکبەزێندرابوو و دیمەنی کۆئەستێران و کەلوەکانی ئاسمانیی و هەرێمەکانی حەوتەوانەی دنیا و ڕوخسار و قەڵافەتی پادشایەتی لە کۆڕی بەزم و ڕاو و ڕۆژانی شەڕی لێنەخشێندرابوو. ئامرازێکی بە مەبەستی نیشاندانی کات تێدا هەڵخرابوو. چوار مافوورەی ئاوریشمینی زێڕچینی یاقووت و مرواری تێوەدراویان لەسەر ڕاخستبووە، کە هەرکامەیان دیمەنی یەکێک لە وەرزەکانی ساڵی دەخستەڕوو.» بەڵام فیردەوسی زۆر بە دوورودرێژی سەبارەت بە تاقدیس دواوە و کردوویەتە شێعر[94] و دەڵێ: تاقدیس تەختێکی کۆن بوو کە لە سەردەمی خوسرەو پەرویزدا تازەیان کردەوە و باسێکیشی سەبارەت بە چۆنیەتی پەیکەردە و شوێنگێڕانی ڕۆژ و مانگ و ئەستێران لەسەر ئەم تەختە دەربڕیوە:

ژمارەی ستێرە لە دە و دوو و لە حەوت لەگەڵ مانگی تابان لە بۆرجێ دەکەوت
لەوەی وا چەقیوە و ئەوەی وا دەڕۆن بە چاو دەتدی جوانجوان کە چین و چڵۆن
دەشتزانی پێی شەو چەنی بوردووە وە ئاسمان لەسەر چەن خولی کردووە

هێرتسفێڵد[95] کە نامیلکەیەکی شازی دەربارەی تەختی تاقدیس نووسیوە، ئاماژەی کردووە بە گوتەی یەکێک لە دێرۆکنووسانی ڕۆمی بە ناوی «کێدرێنۆس» کە ئەویش نەقڵێکی لە کتێبی سیئۆفانس (نیوەی دووەمی سەدەی هەشتەمی زایینی) هێناوەتەوە. کێدرێنۆس دەڵێ: «هێرقێلی قەیسەر پاش ڕاکردنی پەرویز لە ساڵی ٦٢٤ی زایینیدا، پێی نایە کۆشکی گەنزەک. «بتی خوسرەوی بینی بە قەڵافەتێکی ترسێنەرەوە و وێنەی پەرویزیشی چاوپێکەوت کە لە سەرووی کۆشک لە سەر تەختێک دانرابوو. ئەم تەختە وەک گۆیەکی گەورە دەچوو کە ئاسمانی دێنایەوە یاد و خۆر و مانگ و ئەستێران تێیدا دەدرەوشانەوە کە کافران دەیانپەرستن. وێنەی نێردراوانی پادشاش لە گەڕانگەڕێدا بەدی دەکران کە هەرکامەیان گۆچانێکیان بە دەستەوە بوو. لەم گومبەزەدا بە فەرمانی

دوژمنی خودا (واتە خوسرەو) ئامرازێکیان ساز کردبوو کە وەک بارانە دەیپڕژاند و چەشنی هەورەبریسکە دەیگرماند. » سەیر ئەمەیە کە حیکایەتی تەختی تاقدیس لە کتێبێکا وەدەس هاتووە کە هیچ کەس باوەڕی نەدەکرد تێیدابێ، ئەویش «مێژووی گشتیی ساکسۆن»ە. هێرتسفێڵد لای وایە کە «تاقدیس» تەختێک نەبووە وەک تەختەکانی دیکە، بەڵکوو کاتژمێرێکی گەورە بووە لە گوێن کاتژمێری غەزە (Gaza)) کە «دیلس»[۹۶] توێژینەوەی لەسەر کردووە و بە باری شوێن و زەمانەدا تاقدیس و کاتژمێری غەزە جیاوازی و مەودایەکی ئەوتۆیان نەبووە. بەکورتی تاقدیس، وەک تەختەکانی میرانی ڕۆژهەڵات، بریتی بووە لە: سەکۆیەک کە سەیوانێکی چەشنی تەخت چەتری لەسەر ئەنگاوتووە و لەم میچەدا وێنەی پادشایان و خۆر و مانگ کێشراوەتەوە. هێرتسفێڵد نموونەیەکی ئەو بەشەی تەختی تاقدیسی لە یەکێک لە دەسکردەکانی ئەو سەردەمەدا دۆزیوەتەوە و ئەویش جامی زێوینی کلیموایە کە لە مووزەی ئەرمیتاژی لێنینگرادە. [۹۷] بەردتاشانی «گەندارە» و قەڵەمکێشانی ئەشکەوتەکانی ترکستانی چین تەواو لەگەڵ وێنەی عارەبانەی مانگ و خۆر ئاشنا بوون. هەروەها لە یەکێک لە مۆرەکانی چاخی ساسانی و هێندێک کوتولەتی تەندراودا کە لاسایی قوماشەکانی ساسانییە، وێنەی ئەم دیم و ڕۆخسارانە بەدی دەکرێن. دیمەنی تاقدیس لەو جامە باسکراوەدا شەقڵ کراوە بەم جیاوازییەوە کە سەکۆ تەختەکەیان وەک عارەبانەیەک سازاندووە کە چوار گا دەیکێشن. هەروەک لە بواری ئەستێرەناسییدا باوە، مانگیان بە داسوولکە نیشان داوە. لە داوێنی تەختەکەدا کەواندارێک چەقیوە کە بێگومان پەیکەرێکی دەسکرد بووە و لە لێدانی زەنگی کاتژمێرەکەدا دەورێکی گێڕاوە، هەروەک لە کاتژمێری غەزەدا پەیکەری هێرکوول کاری ئەمە بووە کە لە وەختی خۆیدا زەنگەکە وە جرینگە بێنێ. بەڵام لەو جامەدا کە باسی کرا هەموو بەشەکانی کاتژمێرە بەدیناکرێن. بەگوێرەی دەقی کتێبەکانی مێژوونووسانی ڕۆژهەڵات و ڕۆژاوا، کە بە کۆمەڵێک بەڵگەنامەی سەربەخۆ و جیاواز لە یەکترادەندرێن، دەکرێ وای بۆ بچی کە لەوێ دیمەنێکی تاج لە سەرنانی پادشاش کێشرابووبێتەوە و لە گەڕانگەڕیدا دیمەنی مەزن و ماقوولان خۆی نواندبێ کە چوونە سڵاوی میر. هەروەها سەیوانی تەختەکە بە پێچ و دەور سووڕاوە کە کۆئەستێرەکانی حەوتەوانە و دوازدە کەلوو و شکڵە جۆراجۆرەکانی مانگی پێوە نەخشابوو. ئەمجار ئامرازێکیان تێدا

سازکردبوو که له کاتی دیاریکراودا بارانەی دەباراند و گرمەی هەورەبریسکەی لێهەدەستا. ئەم کاتژمێرە سەیرە لە کۆشکی پادشایەتی گەنزەکی نیزیک ئاورگەی فەرمانڕەوای ئازەگوشنەسپ هەڵکەوتبوو. هێرقێل ئەم قەسر و کاتژمێر و ئاورگایەی تێکدا.[٩٨]

خەنیمەتێکی زۆروزەوەند ساڵی ٦٢٨ لە کاتی تاڵانی دەستگێردا وەچنگ هێرقێل کەوت. بەگوێرەی گێڕانەوەی سیئۆفانس، قەیسەر لەوێ کۆمەڵێک کەلوپەلی گرانبایی وەدەس هێنا کە بریتی بوون لە: سێسەد بەیداخی ڕۆمی کە ئێرانی لە شەڕاندا گرتبوویانن؛ هێندێک زێوی بە سکە لێنەدراو، کۆمەڵێک خوانچە کە لە ڕێوڕەسمی جێژنەکانی ئایینیدا کاریان پێدەکرا، گەلێک مافووری زێڕچن و پارچەی کیمخوا و جلوبەرگی هەریر و کراسی سپی بێ ژمار و شەکر و زەنجەفیل و بیبار و چەند کۆما داری عوود و شتی بۆنخۆش و چێوچی تر. لە باغێکی گەورەی سەر بە کۆشکی خوسرەو کە پێیدەگوترا فیردەوس، وشترمر و ئاسک و کەرەکێوی و تاوس و قەرقاوڵ (چورچۆڕ = کەڵەشێری کێوی) و شێر و پڵینگێکی زۆر وەبەرچاو دەهات.[٩٩]

وادیارە دەبێ ئەو پاوانە ڕاوگەی خوسرەو بووبێ کە نەخش و نیگاری لەسەر هەردک بەری تاقی گەورەی «تاقوستان» بەدی دەکرێ. بەپێی پێوانی ڕێزدار هێرتسفێڵد، ئەم دوو دیمەنە کە هەر توزێک لە بەردەکە هاتوونەدەر و بە حاڵ دەرزەقیون، ٣/٨ میتر بەرز و ٥/٧ میتر بەرینن.

لەسەر دیواری لای ڕاستی تاقەکە ڕاوی بزنە کێوییان نەخشاندووە (وێنەی ٤٦). بەشی نێوەڕاستی ئەم دیمەنەیان لە چوارچێوەی چەند هێڵێکدا دەورە داوە و وەک حەوشەیەکی لێهاتووە. ڕاوچی ئەم بزنانەیان هەڵبڕیون و ئەو کێوییانە بازرە و تۆقیو لە بازگەیەکی کە لە لای ڕاستی حەوشەکەوە کراوەتەوە، خۆ بە حەسارەکەدا دەکەن. پادشا کە سواری ئەسپە، لە سێ جێی ئەم حەسارەدا نەخشێندراوە. لە لای سەرەوە، فەرمانڕەوا بە سواری چەقیوە و یەکسمەکەی ئامادەی ڕەو بردنە و ژنێک چەترێکی لەسەر سەری هەڵداوە کە هێمایەکی کۆنی شان و شکۆی پادشایەتییە. دوابەدوای ئەو چەند ژنێک ڕیز بوون کە هێندێکیان بۆ بەجێ هێنانی ڕێزی میری ڕاوەستان و ژمارەیەکیان خەریکی گۆرانی گوتن و بەزم گێڕانن. دووبان زورنایان بە دەستەوە و یەکێک تەمووە لێدەدا. لەسەر داربەستێکی کە نەردیوانێکیان لەسەر داناوە، ژنانێک دانیشتوون

و تاقمێکیان خەریکی «چەنگ» و دەستەیەکیش سەرقاڵی چەپڵە لێدانن. لە داوێنی ئەو وێنانەدا، ڕوخساری پادشا بە سواری بەدی دەکرێ کە تیری ناوەتە ماڵی کەوان و بە شوێن ئاسکی ڕەویودا، غار دەدا. لە خواروی ئەو دیمەنەدا، وێنەیەکی دیکەی پادشا وەبەرچاو دێ کە بە چوارناڵە ئەسپی ئاژاوتووە و تیری بە دەستەوەیە و لە ڕاو دەگەڕێتەوە. لە قۆڵی چەپی حەوشەکەدا، چەند وشترێک دەبیندرێن کە بزنی کوژراویان لێبار کراوە.



وێنەی ٤٦ - ڕاوی بزنەکێوی خوسرەوی دووەم لە تاقوستان
(زاررە -سنعاتەکانی ئێرانی کۆن)

شەقڵەبەردی سەر دیواری قۆلی چەپ کە زۆری وردەکاری لە سەر کراوە، ڕاوی بەراز نیشاندەدا (وێنەی ٤٧). لێرە کەموزۆر هەموو نەخش و نیگارەکەیان خستۆتە نێوان چەند هێڵێکی وەک چوارچێوە و تەنیا لێوارێکی باریکیان لە لای ڕاست هێشتۆتەوە کە ئاپۆرایەکی بەرچاوی خەڵک و کێوییان کۆمەڵەیان لێبەستووە. جێ ڕاوەکە زۆنگاوێکی قامیشەڵانە کە ماسی و مراوییەکی زۆری تێدا بەدی دەکرێ. لە لای ڕاست، پێنج ڕیزە فیل دەبیندرێن کە هەرکامەی دوو

فیلەوان، یەک لە دوا و یەک لە نوا سواریان بـوون و سەرقاڵـی ڕاوی بـەرازن و ڕەوەی بەرازان بەپڕتاو خۆ بە قامیشەڵانەکەدا دەکەن. لە لای سەروو لۆتکەیـەک دەبینین کە ژنێکی زۆری تێدا دانیشتوون و گـەرمی گـۆرانی و چەپڵـەڕێزانن. لـە پـێش و پاشـی لۆتکەکـە ژنـان خـەریکی سـەوڵ لێـدانن. لـە نێوەڕاسـتی شەقڵەبەردەکەدا جووتێک بەلەم بەدی دەکرێن سەوڵدەرانی ئەوانیش هـەر ژنـن. ئەو جووتە بەلەمەیان دووجار پیشان داوە کـە نیشـاندەری دوو کـاتی ڕاو بـێ. ڕاست لە جەرگەی دیمەنەکەدا وێنەی پادشا بە قەڵافەتێکی گەورەتر لە ئەندازەی سروشتی هەڵـکەندراوە کـە لـە لۆتکـەی یەکـەما چـەقیوە و ژێـی لـە کـەوان کێشاوەتەوە. ژنێک لە قۆڵی چەپی ڕاوەستاوە و تیرێکی دەداتە خزمەتی، ژنێکی تر لە دەستی ڕاستی خەریکی لێدانی «چـەنگ»ە. ئـەو بەلەمـەی کـە کەوتۆتـە پشتەسەری، پڕە لە چەنگژەن. شا دوو بەرازی بە تـیر ئـەنگاتوون و پشـووی لێبڕیوون. دیسان هەر ئەم دوو بەلەمە لە لای ڕاستی دیمەنەکە وەبـەرچاو دێـن. لێرەدا شا کە خرمانەیـەک دەوری سـەری داوە، کـەوانێکی ژێ خـەوتووی بـە دەستەوەیە. وا دەردەکەوێ کە ڕاو بەتاڵ بووە. لە لای بـەرەوەی ئـەو نـەخش و نیگارە، فیلەکان خەریکی کۆکردنەوەی نێچیرانن و کـەلاکی بوونـەوەرانیان بـە قورتم گرتووە و دەیانخەنە سەر پشتی خۆیان.

ئەو دوو دیمەنە نەخشـێندراوە، بەتایبـەت شەقڵـەبەردی دووەم، ئەوەنـدە چڕوپڕە کە زۆروکەم جێیەکی بێ نەخشی تێدا وەبەرچاو نایا. نـەخش و نیگـاری جلـەکانیان زۆر بـە وردی کێشـاوەتەوە. قەڵافـەتی بوونـەوەران، بەتایبـەت فیلەکانیان وا بە ورد و خوردی هەڵکەندووە کە مرۆڤ سەری سوڕ دەمێنـێ و بـە باری زیندوویی‌دا بە یەکێک لە شاکارەکانی بەردتاشینی دادەنـێ. لـە ڕاسـتی‌دا گەڵاڵەی ئەم دیمەنە تازە و داهێنەرانەیە، لێرەشدا دەبێ بگوترێ کە وەسـتاکار تابلۆی قەڵەمکێشی لە بەرد داتاشیوە. بە بڕوای هێرتسفێڵد ئـەم شەقڵـەبەردانە ئێمـە سـەبارەت بـە شـێوەی وێنەگـەری و پـەردەی قەڵـەمکێشـی چـاخی ساسانی ئاگادار دەکەنەوە. ئەو تـابلۆ بەردینانـەیان لـەو سـەردەمی‌دا ڕەنـگ دەکـردن. «یـاقووت» دەڵـێ کـە شـوێنەواری ئـەم ڕەنگانـەی لـە تـاقوسـتان (تاقبوستان) دیتووە. ڕەنگە خودی یاقووت ئەم ڕەنگانەی نـەدیتبێ و لـە زمـان «احمد بن الفقیـە»ڕا گێڕابێتیەوە کـە یەکێکـە لـە ژێـدەرەکانی کتێبـی یـاقووت.

هێرتسفێڵد دەڵێ وەختایەک لە شەقڵەبەردەکانی تاقوستانـدا لە چەند شـوێنێک پادشایان لە کاتی ڕاودا نیشان داوە و تەنیا لە جێگەکی خرمانەی دەوری سـەری دیارە، لەبەر ئەوەیە کە لە سـایری وێنـەکانـدا خرمانـەی گەڕانگـەری سـەری پادشایان بە ڕەنگان نیشان دراون و ئەو ڕەنگانە هەڵپریواون و تێداچوون.[١٠٠]

وێنەی ٤٧ - ڕاوەبەرازی خوسرەوی دووەم لە تاقوەستان
(زارە - سنعاتەکانی ئێرانی کۆن)

ئەو کارناسکی و دەسڕەنگینییەی کە بەردتاشانی تاقوسـتان بـە مەبەسـتی دەرخستنی شێوەی تەندرانی قوماشی جلوبەرگان نواندوویانـە، بـۆ ئێمـە کـە خوازیـاری ناسـینی هـەموو پارچـەکانی سـەدەی پاشـینی ساسـانین، زۆر بایەخدارە. زارە و هێرتسفێڵد یەکەم کەسانێکن کە خۆیان داوەتە شیکردنەوە و خستنەڕووی ئەم لقـەی دەسـکردەکانی ساسـانی. فرەچەشـنی پارچـەی جلـی پادشایان و خودایان و بەرگی فیلەوانان لە نەخشەبەردینەکانـدا وەبەرچاو دێـن. جاری وایە تەختی قوماشی جلەکان بە پەڵەهەور ڕازاونـەوە کـە پێیانـدەگوترێ

«هەوری بەختەوەری» و لە ئاسەوارەکانی چینی وەرگیراون و کەڕەتی وایە گوڵی چوارپەڕی جۆراوجۆریان لە سەر نەخشێندراوە و لە شوێنێک وەک پەڕی شەترەنج و لە جێیەک بە شکڵی گەوهەر و مرواری کاریان لەسەر کراوە و ڕەنگە هێندێک جاریش لەسەر کووتاڵەکان مرواری ڕاستییان دروویێ. بڕێک لە جلەکانیان بە وێنەی بوونەوەرانی وەک مەڕەکێوی و ورچ و مراوی و شاوە نەخشاندووە کە جاری وایە ڕوویان لە لای ڕاستە و جاری وایە لە لای چەپ. هەروەها چەند قوماشێکی نەخشین وەبەرچاو دێن کە پۆلێک مراوی، زنجیرەی گەڵای بادامیی دەورەی داون و گەڕانگەڕیان نێوەنێوە بە ئەستێرە و گوڵ یا تانجی مرواریچن ڕازاونەوە کە ئاڵقەی داسوولکەی مانگیان داوە و لە مابەینیاندا لقەمۆرتک و پۆلە مەلێک بەدی دەکرێن. جاری واشە جەغزی گردیان نەخشاندوون کە لقەمۆرتک یان باڵندەیان تێدا کێشاونەوە. ئەو ژنانەی کە سەوڵدەری لۆتکە و بەلەمەکانی ڕاوەبەرازی تاقوستانن، جلەکانیان گۆڵگۆڵە و سەرە بەراز لەو گۆڵانەدا کێشراونەوە. کوتە پارچەیەکی چاخی ساسانی هەر بەم نەخشەوە لە مووزەی «دەسکردەکانی هونەریی» بێرلیندا پارێزراوە. ئەم قوماشەیان لە کلیسایەکی ئاڵمانیا بۆ بەستنی یەکێک لە شتە پیرۆزەکانی کلیسا بە کار بردووە. هەرچۆنێک بێ لەو شەقڵەبەردە بەرباسانەدا پادشا کە لە لۆتکەیەکدا ڕاوەستاوە، جلەکەی وێنەی هەژدیهای لە سەرە کە پێیدەڵێن هیپپۆکامپ (hippocampe). ئەمە بوونەوەرێکی خەیاڵییە کە لە شکڵی هەژدیهای دەسکردەکانی چینی وەرگیراوە.[۱۰۱] هەر ئەم وێنەیە لە بەرگی خوسرەو پەروێزدا دەبیندرێ کە سواری ئەسپە، هەروەها لە کوتە پارچەیەکی ساسانی کە لە مووزەی «سەوس کێنسینگتۆن»دا ڕاگیراوە، خۆیەک دەنوێنێ. چەند کوتە قوماشی دیکەی سەردەمی ساسانی، دیمەنی پادشایەک لە ڕاوگە نیشان دەدەن کە سواری ئەسپێکی باڵدار یان داعبایەکی سەیرە و لە دەوراندەوری وێنەی بوونەوەرانی هەمەچەشنیان بە ڕێکی کێشاوەتەوە.[۱۰۲] هێندێک لە نەخش و نیگارەکانی سەر قوماشی چاخی ساسانی لە دیواری ئەشکەوتەکانی ترکستانی چیندا بە ڕوونی وەبەرچاو دێن. شێوازی ئەم نەخش و نیگارانە لەسەر پارچەی ئاوریشمین، سەرەتا لە لای هەرێمی ڕۆژهەڵاتەوە هات و ڕووی کردە ڕۆژاوا و پیشەسازانی بیزانسی خواستیانەوە و لە سنعاتی قوماشتەنی سەدەکانی نێوەڕاستا لە ئوروپا شوێنێکی بەرچاویان دانا.

دەوڵەمەندان و پیاوانی پلەدار بۆ هەر وەرزێک خاوەنی جلوبەرگێکی تایبەت بوون. سەعالبی دەڵێ:[۱۰۳] «خوسرەو لە غولامی ئاقڵی خۆی پرسی،[۱۰۴] باشترین جلک کامەیە؟ غولام گوتی: لە بەهاردا «شاهجانی» (کری مەرەز) و «دەبیقی» (هەریری شاری دەبیق)؛ لە هاوینا «تووزی» (کەتانی شاری تووز) و «شەتەوی» (پارچەی‌ناسکی شاری شطا)؛ لە پاییزدا «مونەییەرڕازی (قوماشی دوو ڕایەڵی شاری ڕەی) و «مەرەزئاوریشم»؛ لە زستانا «خەز» و «حەواسیل» (بەستەکی کەوڵە شاوە) و لە جەنگەی تۆف و بەندا خەزی بەردار کە پڕ کرابێ لە ئاوریشمی خاو.»

هیوون تسیانگ[۱۰۵] دەڵێ؛ جلوبەرگی خەڵکانی ئێرانی لە کەوڵ یان خوری یا بەرگن یان ئاوریشمی نەخشێندراو ساز کراوە. مووی سەریان ڕێک دەکەن و بە سەری ڕووتی دێن و دەچن. ئەگەر ئەو قسەی ئاخری بسەلمێنین، دەبێ بڵێین کە ئەمە دابی جەماوەری گوندەکی بووە.[۱۰۶]

دیمەنی هەڵکەندراوی «ڕاوەبەراز» نموونەکیش لە شێوازی کر و نەخشی مافووری ساسانییەکان نیشان دەدا. ئاغای هێرتسفێڵد لە گوشەی مافوورەیەکی کە لە لێواری بەلەمی ژنانی چەنگژەنەوە شکاوەتەوە، خورد بۆتەوە. لە نێوان دوو لیزگە مرواری‌دا کە تەکوڵۆی تێکەوتووە و چوارگۆشەی باریک و تەسکەڵە جێیان گرتۆتەوە، لقی لاولاوەیەک بەدی دەکرێ کە پاش پێچ و گەوێکی زۆر بە خونچەیەک بڕاوەتەوە. سەرچاوەی ئەو وێنە و گەڵاڵەیە لە نەخش و نیگارەکانی یۆنانی ڕۆژاوایی‌دا دەدیترێ. بە بڕوای ڕێزدار هێرتسفێڵد گەڵاڵە و شێوازی دەسکردی ئەم سووچەی مافوورەکە، دەریدەخا کە کرێکی گرێچن بووە.[۱۰۷] ئەم چەشن تەون کردنەیان لە قۆناخەکانی ئیسلامی‌دا درێژە داوە و گەیشتوونە ئاکامی سەرسوڕهێن و نموونەی گەلێک جوان.

مەنشوورترین مافوورەکانی سەردەمی خوسرەو پەروێز کە لە کتێبە کۆنەکانی ڕۆژهەڵاتی‌دا باسیان کراوە، لە جسنی ئاوریشمی زێڕچن بوون. سەعالبی دەڵێ:[۱۰۸] «تاقدیس چوار مافوورەی زێڕچنی مرواری تێهەڵکێشراوی یاقووتنیشانی لەسەر ڕاخرابوو و هەرکامەیان وەرزێکی ساڵی دەخستە بەرچاوان.» مافوورەیەکی گەورە کە لە تالاری دیداری گشتیی یەکێک لە قەسرەکانی فەرمانڕەوایەتی تیسفوون بووە پێی‌گوتراوە «وەهارای خوسرەو»

(بەهاری خوسرەو یان بە قەولی بەلعەمی بە «فەڕشی زستانی» ناودێر کـراوە و هەر لەو جسنە زێڕچنە بووە. ئەم فەڕشە کە ٣٠ باڵ (نیزیک ٣٠ میتر) درێـژ و ٣٠ باڵ بەرین بـووە لـە وەرزی زسـتانا دیمـەنی بەهارانـەی خسـتۆتە بـەرچاوی فەرمانڕەوا. لە تەختی کری ئەو فەڕشـەدا چەنـد شـەقام و جۆگـە و جۆباریـان تەنیبوو کە بە نێو باغێکی خۆش و گەشدا تێدەپەڕین وموچە و مەزرای پڕ بەر و سەوزە ئاڵقەیان لە دەوری دابوون. لق و بڕ و گەڵای ئەم دارانە لە زێـڕ و زێـو و گەوهەری ڕەنگاڕەنگ تەندرابوون.[١٠٩]

لە دیمەنی ڕاوی تاقوەسـتاندا تـەنیا چەنـد کـەس لـە سـێ هـەزار ژنـەی حەرەمخانەی خوسرەو، وەبەرچاو دێـن. ئـەم فەرمانڕەوایـە قـەت چـاوی لـە ئافرەتان تێر نەدەبوو. هەر کیژ و بێـوەژن و ئـافرەتێکی خـاوەن منداڵـی بـۆی سۆراغ کرابا، لە حەرەمخانەی خۆی دەپەستاوت. هەروەختایەک مـەیلی بـۆ ژن تازە کردنەوە بزووتبا چەنـد نامەیـەکی بـۆ حوکمـڕانانی دەوروبـەر دەنـارد و نیشـانە و تایبەتمەندییـەکانی شـاژنێکی ڕێـک و تـەواوی تێـدا دەنووسـی. ڕاسپێراوانی دەگەڕان و لە هەر جێیەک یەکی وایان پێشک هاتبا کە ویسـتی شـا بیگرتبایەوە دەیانبردە خزمـەتی.[١١٠] گۆیـا ئـەو نیشـانە و تایبەتمەندییانـەی شـەنگەژنێکی هـەژدە عـەیار کـە لـە نامـە سـەیرەکانی خوسـرەو پـەرۆیزدا خرابوونەڕوو، زۆر وەک قسەکانی «ڕیدگ» دەچن؛ ئەو غولامەی کە گفتوگۆی وی لەگەڵ پادشا لە نامیلکەیەکی پەهلەوی‌دا نووسراوەتەوە و ئەمڕۆ بە دەسـتەوەیە و پێشتر چەند بڕگە و کۆپلەیەکمان خستە بەرچاو، غولامـە دەڵـێ: «باشـترین ئافرەت ئەو ژنەیە کە هەمیشە لە بیری ئەوین و خۆشەویستی پیاو دابـێ و قـەت بە ڕووهەڵماڵاوی نەدوێ؛ بەڵام لە باری ئەندام و قەڵافەتەوە، جـوانترینی ژنـان کەسێکی دەستەباڵا و سینەپان و سەر و گەردن و سمت و ساتان خۆشتراش و پێ وردیلە و نێوقەد باریک و بەری پێ بە قولاپە و قامک شووش و نەرمۆڵە و قیـت و پتەوە. دەبێ مەمکی وەک بێ خڕ و نینۆکی چەشنی بەفر سپی[١١١] و ڕەنگـی گـەش وەکوو دەنکی هەنار و چاوی بادامی و نەرم چەشـنی تووکـە بـەرخی سـاوازێ و برۆی کەوانی و ددان مرواری و پرچ درێژی ڕەشی سووربـاو بێ... »[١١٢]

گراویلەی خوسرەو ناوی شیرین بوو کە بە قـەولی سـەعالبی: «جارەگوڵـی جوانی بوو کە مانگی چاردە ئێرەیی پێدەبرد. »[١١٣] لەبـەرەی شـیرین ئەرمـەنی

بووە، هێندێک لە مێژوونووسانی ڕۆژاوایی و ڕۆژهەلاتیی[۱۱۴] بە یۆنانییان داناوە، بەڵام ناوەکەی ئێرانییە. بە بڕوای «سێبێئۆس»[۱۱۵] شیرین خەڵکی خووزستان بووە. خوسرەو لە سەرەتای فەرمانڕەوایەتی خۆیدا مارەی کرد و ئەگەرچی بە باری خانەدانیدا نەدەگەیشتە پلەی «مریەم»ی کچی قەیسەر کە پادشا لەبەر کۆمەڵێک هۆکاری سیاسی خواستبووی، [۱۱۶] بەڵام لە جێی خۆیدا زۆر لەسەر ڕووحی خوسرەو کاریگەر بوو. بەپێی ئەفسانەی وەهرامی چووبین، خوسرەو پەرۆیز «گۆردیەگ»ی خوشکی بەهرامی خواست کە ئافرەتێکی نێرانە بوو. وادیارە ئەو زەماوەندە دەگەڕێتەوە پاش ئەو ڕووداوەی کە گۆردیەگ وێستەهمی کوشت. [۱۱۷] ئەگەر بێتوو باوەڕ بە وردەکاری ئەم حیکایەتە نەکەین، بەڵام دەبێ زەوجینی خوسرەو و گۆردیەگ بەرینەوە سەر ڕووی ڕاستەقینەی ڕووداوەکانی مێژوویی. شیرین لە خوسرەوی ڕاسپارد کە خۆی لە فەرتەنەی ئەو ژنە دێوەزمەیە بپارێزی. [۱۱۸]

هەر لە زۆر کۆنەوە گەلێک ئەفسانەیان سەبارەت بە خۆشەویستی و ئەویندارێ نێوان خوسرەو و شیرین نووسیوە و وادیارە بەر لە ڕووخانی دەوڵەتی ساسانیش یەک یان چەند حیکایەتی خۆش سەبارەت بەم بابەتە لە گۆڕێدا بووە و چەند کوتوولەتێکی ئەو چیرۆکانەیان خستۆتە نێو دەقەکانی عەرەبی و «خودای‌نامگ»ی فارسی. سەعالبی[۱۱۹] و فیردەوسی[۱۲۰] بە وردی باسی ئەو تەگبیر و ڕێوشوێنانەیان کردووە کە شیرن بە مەبەستی ڕاکێشانی سەرنجی کوڕەحەیرانی بێوەفای خۆی ڕەچاوی کردوون و چۆنیەتی زەماوەندی ئەویان لەگەڵ خوسرەو گێڕاوەتەوە. هەروەها باسی ئەو مشوور و تەگبیرە هوشیارانەی پادشایان کردووە کە توانیویەتی مەزن و ماقوولان ڕۆمرکێنێ و پێملیان بکا هەتا بتوانێ کچێکی چینی خوارەوە بخوازێ. بەلعەمی[۱۲۱] چیرۆکی ئەویندارێ «شیرین» و «فەرهاد»ی هێناوە و ئاوا دەڵێ: «فەرهاد دڵی بەو ژنەوە نووسا و خوسرەو وەبەر هەڵکەندنی کێوی «بێستوون»ی نا. فەرهاد لەو کێوەدا دەستی کرد بە بەردبڕین و هەر گابەردێکی لە چیای دادەبڕی ئەوەندە گەورە بوو کە ئەمڕۆ بە سەت پیاوان نابزوێ.» حیکایەتی شیرین و فەرهاد و خوسرەو و شیرین بۆتە کاکڵە و بابەتی گەلێک چیرۆکەشێعری ئەویندارێ و حیماسی ئێرانییەکان.[۱۲۲] فیردەوسی نەقڵی کوژرانی ماریا (مریەم)ی بە دەس شیرین ئاوا هۆندۆتەوە.[۱۲۳]

له مریەم دڵی پڕ بوو شیرین بە دەرد — لە حەیفان هەمیشە دوکوڵمانی زەرد
هەتا مریەمی کردە درمانداراو — کچی قەیسەر ئەو مریەمی ناوبراو
لە ئەو کارە هیچکەس نەبوو ئاگەدار — جگە شیرن و زاتی پەروەردگار
لە پاش سااڵ مریەم کە جێیهێشت جیهان — بە شیرین بڕا ماڵ و جێگە و مەکان

پەرۆیز چی خۆشە مەیلی بۆی دەبزووت و باوەشی بۆ دەکردەوە. هەروەک پێشتر گێڕامانەوە، بەاڵزوری دەاڵێ خوسرەو کەیفی بە بۆنی ئەو پێستانە نەدەهات کە لە سەریان دەنووسین، بۆیە فەرمانی دا کە نامەکان لەسەر کاخەزی گواڵوپژێنکراو و زەعفەراناوی بنووسنەوە و بۆنخۆشیان بکەن و لێرەدا چێشکەی خوسرەومان سەبارەت بە بۆن و بەرامە و عەتران لا ڕوون دەبێتەوە. بێگومان لە کۆشک و قەسرەکانی خوسرەودا بۆنی عوود و عەمبەری بۆر و میسک و کافوور و سەنەڵ هەمیشە بەرامەیان تۆمار بە تۆمار گەڕاوە، هەروەک لە سەردەمی خەلیفەکانیشدا هەروا بوو. بەگوێرەی گێڕانەوەی سەعالبی،[۱۲۴] «خوەش ئارەزووگ»ی غوالمی خوسرەو کە پسپۆڕی بۆن و بەرامەی عەتر و گواڵوان بوو لە واڵمی خوسرەودا گوتی: «باشترین عەتر ڕەشەڕیحانەی تێکەڵ بە «نەد»ە[۱۲۵] کە گواڵوی لێپڕژابێ. یان وەنەوشە لەگەڵ تۆزی عەمبەری بۆر و لەیلەوپەڕ لەگەڵ تۆزی میسک و نۆکەپانەی بۆنخۆش لەگەڵ تۆزی کافوور. بۆنی گواڵی نێرگز وەک بۆنی الوەتییە و بۆنی سووڕەگواڵ چەشنی بەرامەی یاران. عەتری ڕەشەڕیحانە وەک بۆنی فرزەند وایە و بەرامەی شەوبۆ وەکوو بۆنی خۆشی ئاواڵانی ڕووڕاستە.» خوسرەو دیسان پرسیاری کرد باشە بۆنی بەهەشت چۆنە؟ غوالم واڵمی داوە: «ئەگەر بێتوو بۆنی شەرابی خوسرەوانی و گواڵی پارسی و ڕەشەڕیحانەی سەمەرقەندی و تورنجی تەبەری و نێرگسی مەسکی و وەنەوشەی ئیسفەهانی و زافەرانی قومی و بەوانی و لەیلەوپەڕی سیراوانی و عوودی هیندی و میسکی تەبتی و عەمبەری شەحری کۆ بکەیەوە، بۆنێکت لە بۆنی بەهەشتەوە بۆ دێ.»[۱۲۶]

لە کۆشکی پادشادا چێشتی بەتام و چێژ و بۆنخۆش زۆر دەکەوتە بەر سەرنج و دڵان. ئەو شێوە خۆشانەی کە بۆ «شاڤەاڵش» (شاوەاڵش)یان سازدەکردن بریتی بوون لە: «خۆرشتی شاهی» کە پێکهاتبوو لە گۆشتی گەرم و گۆشتی سارد و

پڵاوی ڕۆمرکاو و گەڵای بۆنخۆش و مەلانی چەور و هەڵوا و نـەبات؛ «خۆرشـتی خوراسانی» کە پێکـدەهات لـە کـەبابی بـژراو و گۆشـتی کـوڵاو و ڕۆنەکـەرە و شیراوگی ڕووەکان؛ «خۆرشتی ڕۆمی» کە جاری وابوو بە شیر و شـەکر و وەختـی وابوو بە هێلکە و هەنگوین و هێندێک جاریش بـە بـرینج و ڕۆنەکـەرە و شـیر و شەکر ئامادە دەکرا؛ «خۆرشتی دێهقانی» کە تێکەڵەیەک بوو لە گۆشتی مەڕی بـە خوێ خۆشکراو و گۆشتی لە خەستە هەنار گیراو و هێلکەی کوڵیو.[۱۲۷]

خوەش ئارەزووگی غولام، لە وڵامی پرسـیاری خوسـرەودا سـەبارەت، بـە تەعامان ئاوای گوتووە: گۆشتی بەرخی دوو مانگە کـە شـیری دایکـی و شـیری مانگای خواردبێ، بەتایبەت ئەگەر بە شیراوگی زەیتـوون لێـی بنـێن؛ گۆشـتی سەرسینگی گای قەڵەو کە بە ئەسـپەناغ و ئـارد و سـرکە دەسـتاو درابێتـەوە و تێیاندا کوڵابێ و پاشان لەگەڵ شەکری پاڵاوتە و نـەبات بخـوڕێ. [۱۲۸] لـە نێـو پەلەوەراندا خوەش ئارەزووگ باسی پەلەوەرێک دەکا کـە خـواردنی شـەدانە و ڕۆن زەیتوون بێ، ئەم پەلەوەرە دەبێ بـەر لـە سـەربڕان خـورێن بـێ و پـاش کوژرانەوە تووکی داماڵن و ڕۆژێک سەرەوژێر و ڕۆژێکیش سەرەوژوور هەڵیواسن و پاشان لە «سـوێراوک»دا[۱۲۹] لێـی بنـێن؛ پشـتی ئـەو مـامرە، بەتایبـەت لای قوونەجووڕەی لە هەموو جێیەکی خۆشترە. بەتامترین خۆراکی سارد ئەوانەن کە لە گۆشتی کەرەکێوی و دەیلاغی یـەک سالّـە و گـامێش و بـەراز سـاز کـرابن. خۆشترین شێوی خۆش و تامداری سارد، خۆراکێکە کە لـە گۆشـتی کـەرەکێوی دەستەمۆی وێنجە و جۆ خواردوو ساز دەکرێ؛ ئەو گۆشـتە لـە ماسـت دەگـرن و ئاڵاتی لێدەپڕژێنن. خۆراکێکی خۆشی دیکە قیمەیە کە لـە گۆشـتی کەرووێشـک و سەرسینگی ئەسـپ و سمـۆرە و سـەری کەڵەشـێری کێـوی دروسـتی دەکـەن و باشترینەکەی لە گۆشتی ئاسکی نەزۆکی قەڵەوە کە کرابێتە قاورمە.

خوەش ئارەزووگ (خۆشئیشتیا) لە درێژەدا گوتی: هاوینان شیرینی لەوزینە باشە کە لە گوێز و بادام و ئەو جۆرە شتانە سازی دەکەن. هەموو چەشنە شیرنی و کوللێرەشەکرەیەک زۆر دڵخوازە، بەتایبەت ئەوانەی کە بە پیوی ئاسـکی مـێ ساز دەکرێن و لە ڕۆنی گوێزدا سوور دەکرێنەوە. بەڵام لـە زسـتاندا دەبـێ ئـەو کوللێرانە بخورێن کە بە بادام و کۆخ هەڵشـێلدراون. باشـترین مرەبـا مرەبـای لیمۆی درکن و بێ و هەلیلە و گوێز و زەیتـوونی چینییـە. نارگیـل یەکێکـە لـە

چاکترین میوەکان کە بە قەندەوە دەیخۆن. پستەی گورگانی کە لـە سـوێراوکدا برژابێ و نیسکی نێو «ئاوی کامەگ»[۱۳۰] و خورمای «هیرت»[۱۳۱] کـە لەگـەڵ گـوێز لێکی‌بدەن و هوڵووی ئەرمەنی و بەڕوو و شابەڕوو کە بەشەکر بیشـکێننەوە زۆر بەتام و چێژ و قازانجن. شەدانە کە لە بەزی بزنە کێوی‌دا سوور کرابێتەوە، بـۆ هەڵتاوینی خواردن باشترین خۆراکە. چاکترین مـەی، مـەی کـەنگ و هـیرات و مەروڕوود و شەرابی «بۆست» و شەرابی سـێوی حۆلـوان، بەتایبـەت شـەرابی ئاسۆرییە.[۱۳۲]

زۆر ئاشکرایە کە دەفروئامـانیش تـەواو شـایانی ئـەو چێشـت و خواردنـە خۆشانە بوون کە لەسەر کەوڵی پادشا دادەندرا. لە ڕووسیا گەلێک قاپوقاچاخی زێـوینی ساسـانی وەدەس هـاتوون، بـەڵام لـە ئێرانـا شـتێکی بـەرچاو نەدۆزراوەتەوە. وادیارە دەبێ بۆیە بێ کە ئەم وڵاتە چەند جاران بۆتە پێخوسـتی تاڵان و ڕەشـەدزی هۆزەکـانی چـاوچنۆک. بـە بـڕوای «زارە»[۱۳۳] ئـەم جـۆرە هەوڕوهاڵە نەخشێندراوانە لە کارگای میری‌دا ساز کراون و بە دیاری داویانن بە ئاوالەڕاو یا میوانانی پادشا یان سەرکردە و سوڵتانەکانی بێگانە. بـە شـاهیدی «فلاویووس»ی هاوچـەرخی «دیۆکلێسـین»ی قەیسـەر، لـە سـەدەی چـوارەمی زایینیش‌دا ساسانییەکان لەم جۆرە دیاریانەیان ناردووە بۆ ئیمپراتۆری ڕۆم. لە سەدەی یەکەمی ئیسلامی‌دا چاویان لە شێوەی جامە زێوینەکانی ساسانی کردووە و وێنەیان لێهەڵگرتوونەوە.[۱۳۴]

نموونەیەکی زۆر جوانی دەفرەکانی چاخی خوسرەو پەرویز، جامێکی زێوینە کە لە کتێبخانەی نەتەوەیی پاریس ڕاگیراوە (وێنەی ۴۸) و خوسرەو لە جەنگەی ڕاوادا نیشان‌دەدا، هەروەک پێشتر لە تاقوستان‌دا دیتمان. خوسـرەو تـانجێکی باڵداری لە سەرە و جلوبەرگێکی زۆر گرانبایی پۆشیوە و ملوانەکەیەکی مـرواری لە مل دایە و ژێی لە کەوان کێشاوەتەوە و بە چوارناڵە کەوتۆتـە سـەر پۆلێـک نێچیری بازرە و چەپک و لیزگە لەرزانە و ڕیشووی پادشایەتی با دەیانشەکێنێ. چەند سەر بەراز و بزن و گایەکی کێوی بە تیری وی وەسەریەک گەڕاون.[۱۳۵]

جامێکی زێوینی زۆر سەیری دیکەش لە کتێبخانەی پاریسە (وێنەی ۴۹). لـەم دەفرەدا دیمەنی دوو داسووکەی مانگ لەگەڵ وێنەی چەند کەسان دەبینـدرێ کـە هەرکامەیان شتێکی وەک: مەل و کاسە و مەشخەڵ و سەتڵ و شـتی ئاوایـان بـە

دەستەوەیە. لە نێوەڕاستا ژنێکی ڕووت بەدی دەکەین کە وادیارە دەبێ خەریکی لاواندنەوەی بوونەوەرێکی ئەفسانەیی بێ کە وەک بەوری هیندی دەچێ. هەتا ئێستا کەس نەیتوانیوە سەری ئەو وێنانە کە هەڵبەت خاوەنی باری ئایینین بیاناسێتەوە. [١٣٦]

وێنەی ٤٨ - خوسرەوی دووەم لە ڕاو (جامی زێو)

(زارە - سنعاتەکانی ئێرانی کۆن)

نەخش و نیگاری باوی سەر دەفرەکانی ساسانی پتر بریتین لە وێنەی بوونەوەران و گوڵ و گیا، وەک دوو چەپکە گوڵ کە هەرکام لەو بەرەوبەری داریک شەقڵ کرابی یان شێرێک لە پەنا داریک خۆی نواندبێ و دیمەنی لەم چەشنە. [١٣٧] زۆر جاران لە تەنیشت وێنەکان پەلکەگوڵ و لاولاوەی بەپێچو دەوریان کێشاوەتەوە. کاسەیەکی زێو بە دەستەوەیە کە وێنەی ماسی و قرژاڵیان لەسەر هەڵقەندووە. [١٣٨] کۆمەڵێک تونگە و پیاڵەی زێوینی شەراب دۆزراونەوە کە هەموویان نەخشێندراون، چەشنی قەڵافەتی شێرێک (وێنەی ٥٠) یان ڕوخساری ژنێک کە قەرتاڵەیەکی پڕ لە میوەی ڕاداشتووە.[١٣٩] تونگەی مەفرەقی

دەسگرەداریش هەن کە وێنەی ئادەمیزاد و باڵندە یان لقوپۆپی لێهاڵاویان لەسەر نەخشاندوون. [١٤٠]

بنکەی ژین
www.zheen.org

وێنەی ٤٩ - جامی زێوین
(زارە - سنعاتەکانی ئێرانی کۆن)

لەم چاخەدا هەروەک چێشکەیان بە خۆراکی بەتام و شەرابی سووک و بۆنمژەیان بە بۆنی خۆش پەروەردە دەکرد، گوێشیان بە دەنگی دڵگری گۆرانی و سازان دەلاواندەوە کە بە تەرزەستی و وەستایەتی تێکەڵ کرابوون. [١٤١] زۆر جار ئاماژەمان بە پلەی بەرزی گۆرانیبێژان و چاوەشانی بارگای پادشایانی ساسانی کردووە. لە بەزم و ئاهەنگی تایبەتا سەرۆکی تەشریفات (خوررەمباش) دەستووری دەدا بە مامۆستایانی مووسیقی کە فڵانە هەوا و فیسارە مەقام لێبدەن.

مەسعوودی ئاوا ناوی ئامێرەکانی مووسیقی ئێرانییانی هێناوە: [١٤٢] عوود، بلوێر، تەموورە، زورنا و چەنگ؛ هەروەها دەڵێ کە خەڵکی خوراسان زیاتر ئامێرێکیان لە مووسیقیدا دەکار دێنا کە حەوت ژێی هەبوو و پێاندەگوت «ڕەنگ» (ڕەنج)، بەڵام خەڵکی ڕەی و تەبەرستان و دەیلەم تەموورەیان پتر خۆش

دەویست و ئەم ئامێرە لای هەموو فارسان لە پـێش تێکـڕای ئامێرانـەوە بـووە. ڕاوگەی خوسرەو لە تاقوستان وای دەردەخا کە ئەو زەمانی چەنگ ئامێری پلـە یەکی مووسیقای ساسانییەکان بووە. بەڵام کۆمەڵێک ئامێری تر کـە بـەگوێرەی شوێنەوارەکانی ئەو سەردەمی بێگومان لە چاخی پەرویزدا هەبوون، بریتین لە: زورنا و تەموورە و بلوێر. هێندێک لە دەفرە زێوینەکان وێنەی بلوێرژەنیان تێدا بەدی دەکرێ[۱۴۳] (وێنەی ۵۱).

نـاوی گـەلێک ئـامێری مووسـیقی لـە نامیلکـەی پەهلـەوی خوسـرەو و غولامەکەی‌دا[۱۴۴] نووسراون؛ بۆ وێنە عوودی هینـدی بـە نـاوی «وەن» و عـوودی ئاسایی کە ناودێرە بە«دار» و بەربود (بربط) و چەنگ و تـەمبوور و سـەنتووری مەشهوور بە «کەننار» و بلوێر و زورنای ناودێر بە «مار» و تەپڵێکی بچووک بـە ناوی «دۆمبەڵەگ» (دمبەگ).

سەرناسترین گۆرانیبێژان و ئاهـەنگ سـازانی دەربـاری خوسـرەو پـەرویز «سەرکەش» و «باربەد» بوون.[۱۴۵] ئەوەی کە سەبارەت بە سـەربوردەی ئـەم دوو مامۆستایە گەیوەتە لامان لە خودای‌نامگ وەرنەگیراون، بەڵـکوو لـە هێنـدێک کتێبی ئاسایی کلکەی چاخی ساسانی ڕاگوێزراون. ئەو باس و وردەکارییانەی کە لە کتێبی فیردەوسی[۱۴۶] و سەعالبی‌دا[۱۴۷] هاتوون، هـەتا ڕادەیـەک ئەفسـاناوی کراون. دەڵێن سەرکەش لە پێشدا خاوەنی پلـەی یەکـەم بـووە و بـە مەبەسـتی پاراستنی پێگەی خۆی هەمیشە باربەدی لە دیداری پادشـا دوور دەخسـتەوە کـە لاوێکی دەنگخۆشی خەڵکی مەرو بوو. بەڵام باربەد بە فێڵـێک چریکـەی گەیانـدە گوێی خوسرەو و لەوی بەو لاوە کەوتە پلەی پێشەوە.

سەرچاوەکانی بەردەست داهێنانی دەسگاکانی مووسیقی ئێران دەبەنەوە سەر باربەد.[۱۴۸] لە ڕاستیدا ئەم ئاهەنگ و مقامانە بەر لە باربەدیش هەبوون، بـەڵام گومانی تێدا نیە کە ئەم ئاهەنگسازە گەورە شوێنێکی شایانی لەسەر مووسیقای ساسانی داناوە و دەبێ ئەم مووسیقایە بە سەرچاوەی هەرەگەورەی مووسـیقای عەرەب و ئێرانی پاش ئیسلام دابندرێ و دەکرێ بگوترێ کە لە وڵاتانی مسوڵمانی ڕۆژهەڵاتا هێشتاش هەوای باربـەد مـاون، چونکـە ڕۆژهـەڵاتیی لـەم بـوارەی هونەری‌دا زۆر بەپاریزن. سەعالبی دەڵێ، باربەد لـە دیـداری یەکـەمدا هـەوای «یەزدانئافەرید»ی بۆ خوسرەو گوت و پاشان گۆرانی «پەرتەڤئی فەرخار»ی بـە گوێی‌دا چریکاند.[۱۴۹] ئـەم هەوایـە وای شـادی دەخسـتە دەروونـی مـرۆڤ وەک

هەژارێک بە سەر دەوڵەمەندیدا کەوتبێ. ئەو جار هەوای «سەبزئەندەر سەبز»ی لێدا و گوتی، بە چەشنێکی وا کە بیسەران لە سۆزی گرینی سازەکەی و چریکە و لۆرانەوەی واقیان وڕما. بە گوتەی فیردەوسی ئەو سێ هەوایەی کە باربەد لەم شوێنە لێیدا و تێیهەڵدەکرد، بریتی بوون لە: «دادئافەرید»، «پەیکاری گورد» و «سەبزئەندەر سەبز».

بەدەنگێکی خۆش یەک هەوای گوت جەدید — کە تۆ پێی دەڵێی ئێستا «دادئافەرید»
کە لێدەر ژەنی یەک نەوایەکی دی — لەپڕ کەوتە سەر یەک هەوایەکی دی
کە ناوی ئەوەش بوو بە «پەیکاری گورد» — وە هەر باسی بوو لای درشت و لە ورد
هەمیسان کە گۆڕی نەوای چەنگ و ڕوود — بە جۆرێکی دی سازی کرد یەک سروود
کەوا «سەوزەسەوزەی» دەڵێی پێ ئەتۆ — وەهای ساز دەکەن بە فێڵ و دەهۆ

وێنەی ٥٠ - تونگەی زێوین

(زارە - سنعاتەکانی ئێرانی کۆن)

لە «برهان قاطع»دا ناوی سی مێلۆدی کە باربەد بۆ بەزمی خوسرەو پەرۆێز سازی کردوون، هاتوون و بە تۆزێک جیاوازییەوە ناویان لە «خوسرەو و شیرین»ی «نیزامی»شدا تۆمار کراوە. سەعالبی داهێنانی کۆمەڵە هەوای «خوسرەوانی» بە کاری باربەد دەزانێ و دەڵێ: لەم ڕۆژگارەشدا چاوەشان لە بەزمی پادشایان و خەڵکانی دیکەشدا ئاهەنگ دەگێڕن. لە ڕاستیدا وشەی «خوسرەوانی» هەر بە هەوایەک نەگوتراوە. عەوفی[151] باسی «هەوای خوسرەوانی» کردووە و وادیارە دەبێ مەبەست هەمان حەوت «دەسگای شاهانە»بێ کە مەسعوودی بە «الطرق الملوکیە»ی ناودێر کردووە.[152]

وێنەی ٥١ - بلوێرژەن (جامی زێوین)

(زارە - سنعاتەکانی ئێرانی کۆن)

بەگوێرەی سەرچاوەیەکی تر، باربەد بۆ بەزم و ئاهەنگی خوسرەو ٣٦٠ هەوای ساز کردبوو. بە جۆرێک کە هەر ڕۆژەی هەوایەکی تازەی لێدەدا و بە قەولی ئەو «بۆ مامۆستایانی ئەم بواڕە بە یاسا و ڕێوشوێنێکی بێ ئەملا و ئەولا دادەندرا و کەسانی دیکە هەموو بەرهەمخۆری خرمانی چێشتکەی وی بوون.»

بەپێی ئەو باسەی خرایەڕوو، دەسگاکانی مووسیقی ئێران کە لە سەر ناوی باربەد تۆمار کراون، بریتی بوون لە حەوت «خوسرەوانی»[153] و سی «مێلۆدی»[154] و ٣٦٠ هەوا کە لەگەڵ ڕۆژانی هەفتە[155] و ٣٠ ڕۆژەی مانگ و ٣٦٠ ڕۆژەی ساڵی ساسانییان یەکتری گرتۆتەوە. پێنجینەی زیادەیان نەهێناوەتە ژمار. لە دیوانی «مەنووچێهری» و زۆرێک لە نووسەرانی ئێرانیدا ناوی گەلێک چریکەمان بەرگوێ دەکەوێ؛ بەڵام لە ڕووی هیچیانەوە ڕوون نابێتەوە کە داخوا مەبەستی یەکێک لەو ٣٠ مێلۆدییەی باربەد یان ٣٦٠ هەواکەیە. وادیارە دەبێ «یەزدان ئافەرید» سروودێکی ئایینی بووبێ. هێندێک لە هەواکان بەسەرهاتی مێژووی ئێرانی کۆنیان گێڕاوەتەوە کە لە سەدەی پێنجەمی زایینیڕا بەرەودوا، ساسانییەکان زۆریان کەیف بە گێڕانەوە و بیرخستنەوەیان هاتووە. هێندێک لەو سروودانە [چیرۆکەشێعر = بەیتی کوردی. وەرگێڕ] بریتی بوون لە حیماسەی «کین ئیرەج»[156] و «کین سیاووش»[157] و هتد. بەیتەکانی دیکە بۆ تاریفاتی دەسەڵات و سامانی خوسرەو پەرۆێز داندراون، وەک «باغی شیرین»، «باغی شەهریار»، «ئەورەنگیگ» (بەیتی تەختی پادشا)، «تەختی تاقدیس»، «حەوتگەنج»، «گەنجئی وادئاوەرد» (گەنجی باهێناو)، «گەنجئی گا» و «شەودێز». هەوا و بەیتەکانی دیکە بۆ پێداهەڵدان و وێناکردنی جێژنەکانی وەرزانی ساڵ، بەتایبەت بۆ پیرۆزبایی و بەخێرهێنانی بەهار و دیمەنەکانی سروشت و شادییەکانی ژیان بوون، وەک: «نەوروروزئی وزورگ» (نەورۆزی گەورە)، «سەرۆێستان» (سەوڵستان)، «ئارایشنئی خورشید» (ڕازانەوەی خۆر)، «ماهئەبەر کووهان» (مانگ لەسەر کێوان)، «نووش لەبینان» (شیرین لێوان) و هتد. لە زاراوەی مووسیقی ئەو ڕۆژگاریدا «ڕاست» ناوی یەکێک لە ئاوازەکان بووە و ئەمڕۆش لە ١٢ دەسگای مووسیقی ئێران و عەرەبدا، ئەم ناوە هەر ماوە.[158]

لەم سالانەی دواییدا زانایان توانیویانە کە چەند شوێنەوارێکی هۆنراوە لە ئەدەبیاتی پەهلەوی‌دا بدۆزنەوە.[159] لە نێو ئەم نموونانەدا بە بڕوای من جگە لەو کۆپلەی خوارەوە هیچیان غەزەلی بێگەرد نین. ئەم غەزەلە لە نێو دەقەکانی مانەوی‌دا بووە کە سەرەتا «موولێر» چاپی کرد و پاشان «زالمان»[160] بڵاوی کردەوە، بەڵام هیچ نیشانەیەک وەبەرچاو نایا کە بتوانین بیبەینەوە سەر

«مانەوی»یە، چونکە دروشمی ئایینی پێوە نیە. ئەم شێعرە دڵگرانە بە تەرجەمەی بێنوێنیست ئاوان:[161]

لە ئەم داروەوە نووریان دێ بەتاو　　چ مانگ و چ ئەستێرە یاکوو هەتاو
مەل و پۆلی جوانی لە یەک زێدەتر　　وەکو کۆتر و تاوس هەڵدەدەن چەتر

دەکرێ وای بۆ بچی کە تای ئەم هۆنراوەیە نێوەرۆکی هەوا و بەیتەکانی «ئارایشنئی خورشید» و «ماهئەبەر کووهان» بووبێ.

لە کۆتایی ئەم چاوخشاندنە بە سەر ڕابواردنەکانی چینی باڵای ساسانیدا، پێویستە کە چەند وشەیەکیش لە بابەت کایەکانی ئەو سەردەمەوە بدوێین: بێجگە لە شەترەنج (چەترەنگ) ناوی چەند کایەی دیکەی نێو کۆڕ و کۆمەڵان هاتووە، وەکوو: ئەشتەپەد (هەشتپێ)، نیووئەردەشێر یان نەرد (تاوڵەمە) کە چەشنێک نەردێنی ئێستا بووە بە ۱۵ مۆرەی سپی و ۱۵ مۆرەی ڕەش کایەی پێکراوە و هەروەها «زەمب» کە بە دوو جۆری جیاواز قومارەکەی کراوە.[162]

✧✧✧

بێگومان بۆچوونی ئووتوکیووس کە دەڵێ خوسرەو پەرویز چۆتە سەر دینی نەسارا، بنج و بناوانی بۆ نیە.[163] بەڵام نێوان و پەیوەندی ئەم فەرمانڕەوایە لەگەڵ قەیسەر مەوریکیۆس کە بۆ گرتنەوەی تاج و تەخت یاریدەی دا و هەروەها زەماوەندی لەگەڵ شازادە خانمێکی ڕۆمی بە ناوی ماریا و کارتێکردنی شیرینی خۆشەویستی کە عیسایی بوو، وای لێدەکرد تا لانیکەم بەڕواڵەت بە چاوێکی نەرم و نیان لە ڕعێتانی مەسیحی خۆی بڕوانێ. بەڵام ڕەنگە خودی خوسرەویش هێندێک لە خورافاتی عیسەوییەکانی لە خەیاڵاتی قەڵبی پێشووی زیاد کردبێ، چونکە بەگوێرەی دەقی سەرچاوەکان، باوەڕی ئەم پادشایە لەسەر خورافات دامەزراوە و ئاپۆرەی کۆمەڵێک غەیبزان و جادووباز و ئەستێرەناس کە هەمیشە لە دەوری بوون، ئەم بۆچوونە دەسەلمێنن.[164]

کەوایە مەسیحییەکان بە هاتنە سەر کاری خوسرەو پەرویز گەیشتنە ئازادی ئایین، بەڵام هەقیان نەبوو کە زەردەشتییەکان بانگهێشت بکەن بۆ سەر دینی

خۆیان، چونکه هەر کەسی زەردەشتی کە دەستی لە دینی باوی نەتەوەیی خـۆی هەڵگرتبا، بەپێی ڕێسا مەرگی بۆ دەبڕایەوە،[۱۶۵] بەڵام لە کـردەوەدا زۆر جـاران چاوپۆشییان دەکرد.[۱۶۶] خوسـرەو زۆری چاکـە لەگـەڵ کلیسـا دەکـرد و چەنـد پەرستگەیەکی بە ناوی «سەنت سێرجیووس» کە لە ڕۆژانی شەڕا یاریدەی دابوو، ساز کرد و خاچێکی زێڕینی بەخشییە کلیسای «سێرجیووپۆلیس» (سێرجیووس) لە سووریا.[۱۶۷]

ئۆسـقۆفەکانی نەسـارا، بـەپێی مـەیلی پادشـا لـە سالّـی ۵۹۶دا، «سەبریشووع»ی کۆنەشوانیان کردە جاسلیق (پێشەوای ئایینی) کـە لـە ئـازار و ئێشاندنی کافرانـدا زۆر بە زەبروزەنگ و بەرچاوتەنگ بـوو. ڕێچکـە و ڕێبـازی شیاوی پەیکەردە گەلێک بوون. بۆ وێنە «مێسالی»یەکان کە ڕێبەرانی گـەڕۆک و خوازەلۆکی ئایینی بوون و بە جۆرێک دەرووێشی مەسیحی دادەندران و «لـە ژێـر پەردەی ڕووکەشانەی دینداریدا، ڕەوشتی چەپەڵی خۆیان حەشار دابوو و لەبەر پلەوپایەی ئایینی دەچوونە مالّی مەسیحییان و ملیان دەنا لە ئاکـاداری دزێـو و داوێنپیسی.»[۱۶۸] هەروەها ڕێچکەی «حەننانییان» کە بە باوەڕەمەندی جـەبری و یەکگیان بوونەوە لەگەڵ پەروەردگار دادەندران. ڕێبازی «یەعقووبی»ش کە لـەم ڕۆژگارەدا پەلی ئەستوور ببوو، بەوپەڕی هێزەوە تۆماتی دەدایە پاڵ پەیڕەوانی ئایینی نەستووری. شەڕی نێوان یاقووبی و نەسـتووری هەڵگیرسـا و یـاقووبی سەرکەوتن. لایەنگر و پشتیوانی ئازای ئەم ڕێبـازە «گابرییـەل»ی سەرپزیشـکی خوسرەو بوو کە لە ئایینی نەستووریڕا لایدایە باوەڕی یەعقووبی. کێشەیەک لە مابەینی گابرییەل و سەبریشووعدا ڕەنگی دایەوە، چونکـە سەبریشـووع لەبـەر شێوازی ژیانی تایبەتیی گابرییەل ئەوی بە کافر لە قەڵەم دابوو. خوسرەو زۆری دەستی ڕێز لە گابرییەل نا. بەتایبەت دوای ئەوەی کـە «شـیرین» دلّـی منداڵـی دەویست و چارەسەریی ئەم دوکتۆرە و پارانەوەکانی «سەنت سێرجیووس» وایان کرد کە کوڕێکی ببێ و ناوی نا «مەردان شا»، پلەی گابرییەل زیـاتر پێهـەڵاچوو. وەختایەک شیرین بڕوای بە ڕێبازی یەعقووبی هێنـا، ئـەم دەسـتەیە چاکیـان جێپێ کردەوە و بای باڵی خۆیان دا. دوای مردنی سەبریشووع؛ شیرین داوای کرد کە «گرێگوار»ی مامۆستای خوێندنگەی سلووکیە بکاتە جاسلیق. ئەو لێژنەیـەی کە بەپێی ڕێسا بانگهێشتن کرا، بەوپەڕی ملکەچی، فەرمانی شای جێبەجێ کرد و گرێگواری هەڵبژارد. گرێگوار پسپۆڕێکی دینی و زانا، بـەڵام چنـۆک و زۆرخـۆر

بوو. دوای چوار ساڵ سەرۆکایەتی لە ساڵی ٦٠٨ یان ٦٠٩دا مرد و ماڵێکی زۆری لە پاش بەجێما کە خوسرەو دەستی بە سەر داگرت و لە خەزێنەی پەستاوت. پاشان چەند ساڵان پلەی پێشەوایەتی بۆش و بەتاڵ مایەوە، چونکە خوسرەو لەبەر کارتێکردنی گابرییەل و شیرین ڕێی نەدەدا کە کەس لە نەستووریيەکان بگاتە پلەی جاسلیقایەتی. ئەو دوو تاقمە ماوەیەک لە گژ یەکتر ڕاچوون. کێشەی پێشوو سەبارەت بەوەی کە داخوا عیسا خاوەنی یەک سرشتە یان دوو سرشت، دووبارە سەری هەڵدایەوە و دەمەتەقە و باسوخواسی لێکەوتەوە. نەستووریيەکان «مێهرانگوشنەسپ»یان کردبووە لایەنگری خۆیان. مێهران وەجاخزادەیەکی زۆر ماقوول بوو کە نەستووری بە ناوی «گیوەرگیس» وسڵی بەدانستەیان دابوو [جەمیان پێکردبوو] و ئەویش ئەوەندەی بۆی دەلوا پشتی دەگرتن.[١٦٩]

مێژووی ژیانی ئەم مرۆڤە، هەروەک لە کردەوەکانی شەهیدانی نەسرانیدا نووسراوە، ئێمە لەگەڵ شێوازی ژیانی چینی باڵای ئێرانییەکان - لە چاخی خوسرەو پەرویزدا - ئاشنا دەکا. ئەم سەرچاوەیە دەنووسێ: مێهران گوشنەسپ بە ڕەچەڵاک دەچۆوە سەر پادشایان. باوکی ئوستانداری نوسەیبین و باپیری حوکمڕانی ئەنتاکییەی نۆی بوو کە ئەنووشەڕەوان سازی کرد. ملکوماشی بنەماڵەکەی کەوتبووە گوندی «پاقۆریا» لە ناوچەی «نەنیشتار»لە مەڵبەندی بابل و بە دابی میران و گەورەپیاوان کۆشکێکی جوانی لە پایتەخت هەبوو. لە تافی لاوی‌دا، ئەم لاوژە نەجیمزادە ڕەوشت جوان و چاکەیان نارده دەربار هەتا ماوەک خەریکی خزمەت بێ و پاشان بگاتە پلە و شوغڵی دەرباری یان پایەکانی بەرزی ولات. وەختایەک چاوقوڵکە کەوتە ماحۆزە، مێهرانیش ڕایکرد، چونکە سەرەڕای ئەو دوودڵییەی کە تووشی هاتبوو، هێشتا دەستی لە دینی باب و کاڵانی هەڵنەگرتبوو. (نووسەری مەسیحی لێرەدا بە تۆکڵەوە دەڵێ کافران لەو کاتانەدا بازرە دەبن.) خۆلاسەی کەلام مێهران گوشنەسپ گەڕایەوە سەر پارچەیەک ملکوماشی خۆی و یەکێک لە مەسیحییەکانی کردە سەرپەرستی ملک و نۆکەران و بەندەکانی.[١٧٠] وەختایەک بڕوای بە دینی عیسایی هێنا، ڕووی کردە بیابان، هەتا لەوێ ڕاستییەکانی ئایینی نوێ لە پێشەوایان فێر بێ. ڕۆژێک لە خوشکی خۆی ڕاسپارد و پرسی کە دوای چوونی من بۆ سەر دینی نەسارا، لە بارگادا دەیانگوت چی؟ خوشکی ولامی‌دایەوە: «وەرە، هیچ

مەترسییەکت لەسەر نیە، شا کاتێک هەواڵی وە نەسرانیگەڕانی تۆی بیست؛ تەنیا فەرمووی: مێهران گوشنەسپ بەرەو دۆزەخ فڕی! تازە ڕێگای خۆت بەرمەدە، چونکە ڕەنگە پادشا دەستووری درانەوەی ملک و ماڵیشت بدا.» ماوەیەک دواتر مێهران گوشنەسپ چاوی بە خوشکی کەوت کە مێردی بە نەجیمزادەیەک کردبوو. بۆیە چەند هەنگاوێک چووە پێش و بەوپەڕی ڕێزەوە سوژدەی برد و سەری دانەواند. خوشکی لە جێی خۆی هەستا بەوپەڕی مێهرەبانی دەستی بەرەو لای براکەی درێژ کرد و «ئەمە ڕێوڕەسمی کەسانی فرەئیزەدە کە لە وەختی میواندارى و ڕێزگرتندا ئەنجامیدەدەن.» ئەو جار بە پێکەنینەوە پێیگوت: «مژدەت لێبێ منیش عیساییم...»[۱۷۱] لە ڕووی ئەو دیمەنەڕا دەردەکەوێ کە لە نێو نەجیمزادانداکۆمەڵێک داب و نەریتی جوان و ناسک و گران و سەنگین بە شێوەی سەدەی هەژدەی ئوروپا باو بووە.

بەڵام سەرپزیشک (دروستبەد) گابرییەل، کە یاقووبیمەزهەب بوو، پیلانێکی بۆ پڵیشاندنەوەی ئەم نەستوورییە دەمارگرە دارشت و تۆماتی وەدرۆ خستنەوەی دینی زەردەشتی بە ئەستۆ دابڕی و ئەوەندەی هەوڵ دا کە شا مەحکوومی کرد و چوارمێخەی کێشا.

نەستوورییەکانیش لە نێو خۆیاندا زۆر ناکۆک بوون. بابهائی مەزن کە یەکێک بوو لە پێشەوایانی ئاییینی ناوچەی «جەبەل ئیزلا» لە باکووری نوسەیبین و لە ڕێبازی نەستووریدا کەسێکی خۆڕاگر و فرە بەرچاوتەنگ بوو، بابهائی بچووکی بە کافر و لاڕێ لە دین ناساند. ئەم «بابهائی»یەش بە یەکێک لە قەشە ڕێزدارەکانی مەسیحی دادەندرا. لە کتێبی «گومنام گوێدی»دا[۱۷۲] ئەم ڕستەیە دەربارەی ئەوان نووسراوە: ئێمە لە کورتی دەبڕینەوە، چونکە کار و کردەی ئەوان پرشنگدارتر بووە لە خۆر و زۆرێک لە تایبەتمەندی و نووسینەکانیان شاهیدی دەدەن کە خاوەنی باوەڕێکی پاک بوون.»

دوای مردنی گابرییەل، «یەزدین»ی واستریووشانسالار کە چەند جارێک ناومان هێناوە، یەکێک لەو مەسیحییانە بوو کە پاش «شیرین» لە خزمەت پادشادا لە هەموو کەس خۆشەویستتر بوو. ئەو لەسەر ڕێبازی نەستووری دەڕۆیی و گەلێکی هەوڵ دەدا کە یارمەتی هاودینانی خۆی بدا و ئیزن وەربگرێ کە نەستوورییەکان جاسلیقێک هەڵبژێرن، بەڵام کار و تێکۆشانی وی لە لای پادشا نەگەیشتە ئەنجام و وادیارە دەبێ دژایەتی شیرنی گراوی شا، کۆسپ و تەگەرەی نابێتەوە.[۱۷۳]

سەرگەلەکانی زەردەشتی دەسەلاتێکی وایان نەبوو کە کیس لە ناکۆکی نێوان ئەم دوو ڕێبازەی مەسیحی بێنن. ڕاستە کە ئەم چینە بە نوێنەری ئایینی ڕەسمیی ئێران دادەندران و لەسەر دەمارگرژی خۆیان سوور بوون، بەڵام دەسەلاتیان وا لاواز ببوو کە لەبەر چاوی ئەوان بنەماڵەی یەزدینی نەسرانی گەیشتنە بااڵترین پلەکانی دارایی. لە ڕابردووشدا مەسیحییەکانیان لە کاروباری دیوانیدا ڕێ دابوو، بەڵام کارەکانیان هەمێتێکی ئەوتۆی نەبوو، وەکوو «کەڕووگبەد» واتە سەرکرێکاری دەزگای میری و هتد. [۱۷۴] هەروەها دیاریکرانی کابرایەکی بێگانە بە ناوی «فەڕوخزاد» لە لایەن خوسرەوڕا بۆ وەرگرتنی باج و پیتاکی حکوومەتی، زۆر لەگەڵ داب و نەریتی کۆنی وڵات یەکتری نەدەگرتەوە. داڕزانی چینی زانایانی ئایینی تەنانەت لە ڕەوشت و باوەڕ و پەرستنەکانی موغان و مووبەدانیشدا تەنیبوویەوە. بڕگەیەک کە لە بەشی ۵۹ی «مینووگئی خیرەد»دا سەبارەت بە لاریولوێری پیاوانی ئایینی بەرچاو دەکەوێ، زۆر جێی سەرنجە. ئەو عەیبانە بریتین لە: هەڵگەڕانەوە لە دین، چنۆکی، کەترەخەمی، خۆوەردان لە کاروباری بازرگانێتی، دانی بایەخی زۆر بە پرسی بچووک و بێهوودە[۱۷۵] و لەرزۆک بوونی باوەڕ لە بواری دینیدا.

لەم ڕۆژگاردا زانایانی دینی زەردەشتی هەوڵێکی باشیان دا هەتا سەرلەنوێ بنەماکانی بیر و باوەڕی ئایینی پتەو بکەنەوە. لە «دینکەرد»دا[۱۷۶] ئاماژە بەم مەبەستە کراوە کە خوسرەو پەروێز فەرمانی دا بە وریاترین مووبەدان، کە لێکدانەوەیەکی نوێ لەسەر «ئەڤێستا» بنووسن. مارکوارت[۱۷۷] لە شیکردنەوەی بەشی یەکەمی «وەندیداد»دا، چەند ئاماژەیەکی سەبارەت بە بارودۆخی سیاسیی ئێرانی پاش ساڵی ۵۹۱ دۆزیوەتەوە. واتە دوای ئەوەی کە خوسرەو و قەیسەر سنووری ئێران و ڕۆمیان دیاری کرد. لە تەرکێن ناکرێ بگوترێ کە خوسرەو پەرویز بۆخۆی تامەزرۆی باسوخواسی خواوەندگاری و پرس و بابەتی دینی بووبێ، بەڵام ڕەنگە بۆ ڕاپەڕاندنی ئامانجی سیاسی بە پێویستی زانیبێ کە لایەک لە دینی زەردەشتی بکاتەوە و درزدۆنگی ڕووحانییەکان سەبارەت بە بیر و باوەڕەکانی بڕەوێنێ. تەبەری دەڵێ[۱۷۸] خوسرەو کۆمەڵێک ئاورگەی ساز کردن و دوازدەهەزار هیربەدی بە مەبەستی ئەنجامدانی نزا و پاڕانەوە دامەزراندن، بەڵام ئەم جۆرە ژمارە تەواوانە کە مێژوونووسان هێناویانن، خاوەنی بنەمای مێژوویی نین.

هێرشی ڕۆمییەکان لە زەمانی هێرقێلدا بۆ خاکی ئێران شۆێنی دانایە سەر حاڵوباڵی مەسیحییەکان. بەگوێرەی دەقی کتێبی «گومنام گوێدی»[۱۷۹] خوسرەو سوێندی خوارد ئەگەر لەم شەڕەدا سەرکەوێ، تەواوی کلیساکان خاپوور دەکا و «زەنگی کلیسایەک» بە پێوە ناهێڵێ. هەر چۆنێک بێ، هەم نەستووریان و هەم یاقووبییان کەوتنە بەر پەلامار و پەیکەردە و تەوژم. لەم کاتەدا بوو کە بە فەرمانی خوسرەو «یەزدین»یان لە دار دا و ژنەکەیان خستە ژێر شەپۆلی ئازار و ئەشکەنجە و دەستیان بە سەر ماڵ و سامانی داگرت. یەکێک لە کوڕانی یەزدین بە ناوی «شمەتا»[۱۸۰] لەو سەرهەڵدان و ڕاپەڕینەدا کە لادران و کوژرانی پەروێزی لێکەوتەوە، یەک بوو لە پێشقەدەمان.

ئەو ڕووداوە سروشتییانەی کە لەم ڕۆژانە قەومان، ئەوەندەی دیکەیان خستە سەر بەڵا و نەهامەتی شەڕ. پێشتر لە دەورانی کوادی یەکەمدا، قەڵشتێکی گەورە کەوتە بەندی دیجلە لە «کەسکەر»ی خواروو، نزیک ناوچەی میشان و ئاوی ڕووبار زەوی‌وزارێکی زۆری وە ژێر خۆی دا. چەند ساڵ دواتر بە دەستووری ئەنووشەڕەوان ئەم بەندەیان هەڵبەستەوە و چاکیان کردەوە. بەڵام لە بنەبانی حکوومەتی خوسرەو پەروێزدا دیجلە و فوڕات تەقین و لافاوێکی گەورە هەستا (ساڵی ۶۲۷ - ۶۲۸) و چەند بەندێک ئاو بردنی. دەڵێن خوسرەو پەروێز کۆمایەک زێڕ و زێوی لەسەر فەڕشێک هەڵڕشت و کرێکارانی هان دا هەتا بە ڕۆژێک چل بەندیان هەڵبەست. بەڵام ئەم هەوڵە بێ فایدە بوو و کلکەی خەسارەت نەدەبڕایەوە. ماوەیەک دواتر هرووژمی عەرەبان کاری سازکرنەوەی بەندەکانی پەک خست و مووچە و مەزرای پانوبەرین بوونە زۆنگاو و قامیشەڵان.[۱۸۱] شکانی بەندی گەورەی «دیجلةالعوراء»، واتە بەستێنێکی ڕووبارەکە کە بە شۆێنی ئێستای شاری بەسرەدا تێدەپەڕی، بەری پێنەگیرا و هەوڵی بێئاکام و خەرجوبەرجی قورسی سەر شانی خوسرەو بە مەبەستی دابەستنەوەی بەندەوەکان، شوێنێکی قوواڵی دانایە سەر بیر و زەینی جەماوەر. هاوکات لەگەڵ ئەم ڕووداوانە لایەکی هەیوانی کیسرا تێکجمی. ماوەیەک دواتر مێژوونووسان ئەم ڕووداوانەیان بە نیشانەی ڕووخان و بڕانەوەی زنجیرەی فەرمانڕەوایانی ساسانی و سەرکەوتنی ئیسلام لە قەڵەم دا.[۱۸۲]

دوای سی و حەوت ساڵ پادشایەتی، خوسرەو پەروێز تووشی ئەو چارەنووسە بۆوە کە بە سەر باوکی هێنا. کاتێک لە دەستگێرد وەدرەکەوت و

پێشنیاری ئاشتی هێرقێلی بردەوە پاش، پێی نایە کۆشکی تیسفوون و لەنگەری لێنەگرت و لە ڕووبار پەڕییەوە و لەگەڵ شیرین لە ویەئەردەشێر (سلووکیە) بنەی داکوتا. سەردارانی ئێرانی کە لەبەر خیرەسەری خوسرەو بۆ درێژەی شەڕ وەگیان هاتبوون، کەوتنە نافەرمانی. شەهروەراز بیستی کە خوسرەو لێی‌دڕدۆنگ بووە و یەکێک لە ئەفسەرانی بەردەستی وی دنە داوە کە بیکوژێ؛ بۆیە بە پارێزەوە سەری لە ژێر پەیمانی یەکێتی لەگەڵ خوسرەو دەرکێشا.[۱۸۳] لەم کاتەدا خوسرەو تووشی زگچوون هاتبووە و فەرمانی دا کە بیگێڕنەوە تیسفوون هەتا ڕێوشوێنێک بۆ دانانی جێنشینی خۆی دابنێ. شیرین و دوو کوڕەکانی یانی «مەردانشا» و «شەهریار»یشی لەگەڵ بوون. خوسرەو دەیهەویست مەردانشا بکاتە جێنشینی. وەختایەک «کواد»ی ناسراو بە «شیروویە»ی کوڕەگەورەی خوسرەو کە لە داوێنی ماریای کچی قەیسەری ڕۆم بەربۆوە بە ڕووداوەکەی زانی، بڕیاری دا کە وەخۆ کەوێ و پارێزگاری لە مافی خۆی بکا. سەرکردەی گشتیی هیزە چەکدارەکانی ولات «گوشنەسپ ئەسپاد»[۱۸۴] کە بەگوێرەی گێڕانەوەی تیئۆفانس برای شیری شیروویە بوو، خۆی دا بەرەوە و پشتیوانی لێکرد و لەگەڵ هێرکوول (هێرقێل) کەوتە وتوویژ و ئەویش ئامادەیی خۆی بۆ پێکهاتن و تەسالّحە لەگەڵ ئێرانییەکان دەربڕی. ژمارەیەکی تر لە گەورەگەوران پالّیان وە شیروویە دا، بۆ وێنە شمەتا (شمطا) کوڕی یەزدین «نیووهۆرمزد»[۱۸۵] کوڕی پادگووسپان مەردانشا کە خوسرەو کوشتبووی. بۆیە بە فەرمانی شیروویە پەلاماری «قەڵای فەرامۆشی»یان دا و گرتیان. کۆمەڵێکی زۆر لە زیندانییانی سیاسی ڕزگار کران و بوونە لایەنگری شیروویە.

ئەو جار شیروویە خۆی بە شا دانا. هەر ئەو شەوە نیگابانانی میری سووکێکی لەو کۆشکە وەدەرکەوتن کە خوسرەو لەگەڵ شیرن لێی‌خەوتبوون و بڵاوەیان لێکرد و کازیوەی بەیانی لە هەموو لایەکەوە هاوار هەستا: «کواده شاهەنشا!» خوسرەو تۆقیو و ترساو دەرپەڕی و خۆی لە باغی کۆشکا شاردەوە، بەڵام دۆزییانەوە و گرتیان و بردیانە شوێنێک بە ناوی «کەدەگئی هیندووگ» (خانووی هیندوو) کە بە خەزێنە دادەندرا. «مێهرسێپەند»ناوێک لەو شوێنە دادەنیشت. دەڵێن پینەچییەک لە ڕێگا تووشی ئەو ئاپۆرایە بوو کە خوسرەویان دەبرد و شای لە ژێر ئەو سەرپۆشەدا ناسییەوە کە بە سەریان هەڵکێشابوو؛ ڕاسا و بەو قالبە کەوشەی بە دەستییەوە بوو، زەبرێکی لێڕاکێشا، بەڵام چەکدارێک

که لەگەڵ شای لێکەوتوو دەڕۆیی، ڕقی لەم کارە هەستا و هەڵیکێشایە شیر و سەری کابرای پینەچی پەڕاند. هەروەک پێشتر گوتوومانە، لە نەقڵ و نەزیلەکانی ساسانیدا پێڵاودروو بە نموونەی نزمترین کەسانی چینەکانی ئاسایی داندراوە. [۱۸۶]

بە قسەی «سێبێئۆس»ی ئەرمەنی، [۱۸۷] خوسرەو هەر بەیانەی ئەو ڕۆژە کوژرا. شیرۆیە فەرمووی کە دەسوپێی براکانی ببڕن و دەیهەویست هەر بەوەندە واز بێنێ و نەیانکوژێ، بەڵام پاش ماوەیەکی کورت ناچار بوو متەقمردوویان بکا. تیئۆفانس دەڵێ شیرۆیە لە پێشدا مەردانشای کوشت، پاشان بە براکانی دیکەی داهات و خوسرەوی لە عەمباری خەزێنەدا ڕاگرت تا لە برسان بمرێ، بەڵام کاتێک دیتیان دوای پێنج ڕۆژان هێشتا هەر ماوە تیرێکیان پێوەنا و پشوویان لێبڕی. بەگوێرەی دەقی کتێبی «گومنام گوێدی»[۱۸۸] شمەتا و نیووهۆرمزدی بۆ ئیزنی شیرۆیە خوسرەویان کوشت و براکانی شیرۆیەش بە دەس تاقمێک لە مەزنان کە بە سەرۆکایەتی شمەتا ڕاپەڕیبوون، تێداچوون. لە سەرچاوەکانی ئێرانی و عەرەبدا ڕووداوەکان بە دوورودرێژی لە سەریان نووسراوە. دەڵێن شیرۆیە بۆ کوشتنی باوکی دووشک بوو، بەڵام مەزن و ماقوولان کردیانە سەرپشک کە یان باوکی بکوژێ یان چش بکا لە تانج و تەخت و دەستی لێ بەردا. شیرۆیە کەوتە ساوەساو و خۆ گنخاندن و پرسیارنامەیەکی ڕێکخست و ناردی بۆ خوسرەو کە هەڵگری ئەم بابەتانە بوو:[۱۸۹]

چ بوو هۆکاری ئەم کارانە: کوژرانی هۆرمزدشا، توندکێشانی خوسرەو لە منالەکانی، جوولانەوەی ناحەز لەگەڵ زیندانییانی سیاسی، هەڵسوکەوتی زاڵمانە سەبارەت بەو ژنانەی کە بە زۆرەملی لە جێی خۆیان هەڵیکەندبوون و لە حەرەمخانەدا گلی دابوونەوە؟ بۆچی خۆیدایە دەسدرێژی و زوڵم لە مسکێنان و پیتاکی قورس و گرانی لەسەر شانی خەڵک دانا؟ کۆ کردنەوەی خەزێنە و ئاخنینیان لە مااڵی جەماوەر، درێژەی شەڕەکانی بێ بڕانەوە و بێ وەفایی سەبارەت بە قەیسەری ڕۆم، دەگەڕێنەوە سەر چ هۆیەک؟ دەقی ئەم هەڵپێچان و پرسیارنامەیە گوشنەسپ ئەسپاد بردی بۆ خوسرەو و ولامێکی دوورودرێژی لە لای ئەوڕا هێنایەوە بۆ شیرۆیە. ئەم وڵامەی شای لێکەوتوو، ئەگەرچی غللوورانە بوو، بەڵام زۆر بە لێزانی پێداچووبۆوە و بە سەر کوڕەکەی ڕۆیشتبوو کە خەیانەتی کردووە و لە مانای پرسیارەکانی خۆشی ناگا. بە بڕوای

نۆڵدکێ، [190] دەقی دووردرێژی ئەم هەڵپێچان و لێپرسینەوەیە - ئەگەر بشێ وا ناودێر بکرێ - بەو چەشنەی کە مێژوونووسانی ڕۆژهەڵاتی هێناویانە، زۆر وەبەر دڵان ناکەوێ و مرۆڤ قنیاتی پێنایا. وێدەچێ ئەم وتوونێژە ماوەیەک پاش کوژرانی خوسرەو شیروویە یەکێک لەو مەزنانە نووسیبێتی کە تەواو ئاگای لە ڕووداوەکان بووە و ویستوویەتی ئاوا داکۆکی لە خوسرەو بکا. بەڵام بە بڕوای من ئەم گێڕانەوەیە ڕاستە و مووی دە بەرەوە ناچێ و باوەڕ ناکرێ کە لە ڕووداوێکی ئاوا بێ وێنە وەکوو هەڵپێچان و لێپرسینەوەی پادشای لێکەوتوودا، یەکێک لە نووسەران هەر بە خەیاڵان قەڵەمی ڕادابێ.

هەرچۆنێک بێ بەگوێرەی مێژووەکانی عەرەبی، خوسرەو بە ئیزنی شیروویە و بە دەستی «مێهرهۆرمزد» کوژرا (ئەمە هەر ئەو کەسەیە کە لە کتێبی گومنام گوێدێدا بە ناوی نیووهۆرمزد ناوی هاتووە). شیروویە براکانی خۆی کە ١٧ کەس بوون بە فیتی شمەتا و تاقمێک لە مەزنان کوشتنی. بەڵام سەرەڕای ئەمەش، نووسەرانی ڕۆژهەڵاتی کە سەرچاوەکانیان کتێبی پەهلەوی بوون، لەم بارەوە لەگەڵ «گومنام گوێدی» هاودەنگن، کە شیروویە لە کوشتنی باوکی پەشیمان بۆوە و بە چۆکی خۆی دادا. ئەم ڕووداوانە لە ساڵی ٦٢٨ی زایینیدا قەومان.

بەسەرهاتێکی سەرنجڕاکێشمان لە دوو سەرچاوەی جیاوازدا وەبەرچاو دێ، یەکیان «تاریخی تەبەری»[191] و ئەویتر «گومنام گوێدی»[192]. هەردووک دەڵێن کە شیروویە تەرمی باوکی نارده موغبەرستانی پادشایەتی (گومنام گوێدی لای وایە هەر لەوێش ناشتوویانە.) کەوایە تەرمی خوسرەویان بە دابی زەردەشتییەکان لە ساردەموغاری تایبەتی بنەماڵەی پادشایەتی دانا یان لە نێژگەیەکی تایبەتا ڕۆیان نا. [193]

«شمەتا»ی فیزەون ماوەیەک پاش ئەم ڕووداوە تۆماتی بانگەشەی پادشایەتی پێوەبەسترا و بە فەرمانی شیروویە دەستی ڕاستی پەڕێندرا و خرایە سیاچاڵ.[194]

پەڕاوێزەکان

١ - وەرگێڕدراوی زۆتنبێرگ، ب ٢، ل ٢٤٦.

٢ - تەبەری، ل ٩٨٨؛ نۆلدکێ، ل ٢٦٤.

٣ - تەبەری ٩٩٠؛ نۆلدکێ، ل ٢٦٧.

* لە دەقی عەرەبیدا ١٣٦٠٠ کەس نووسراوە. (ڕەشید یاسەمی).

٤ - مێناندرۆس و سێئۆفیلاکتووس.

٥ - تەبەری، ل ٩٩١؛ نۆلدکێ، ل ٢٦٨.

٦ - لابوور، ل٢٠١.

٧ - مینۆرسکی، گۆڤاری پادشایەتی، ١٩٣٩، ل ١٠٨، لەگەڵ وشەی دەیلەمی ژۆپین، زۆپین، بە واتای زووبین (نێزەی قولە) بەراوردی دەکا.

٨ - بڕوانە مارکوارت، ئێرانشار، ل ٦٥ و٨٣.

٩ - فارس دەڵێن پەرویز.

١٠ - سەبارەت بە ڕووداوەکانی ساڵانی ٥٨٨ - ٥٩٠، بڕوانە هیگینس، شەڕەکانی قەیسەر مەوریکیۆس لەگەڵ ئێرانییەکان، بەشی ٢.

١١ - سەرچاوەیەکی بەرفراوانە کە سێئۆفیلاکتووس سەبارەت بەم ڕووداوە مێژوویی‌یە نووسیویەتی. گێڕانەوەی دیرۆکی سۆریانی بە ناوی گومنام گوێدی زۆر کورتە.

١٢ - نۆلدکێ یەکەم کەسە کە سەرنجی ڕاکێشاوەتە سەر ئەم ئەفسانایە. نۆلدکێ، تەبەری، ل٤٧٤ هتد. لە نامیلکەیەکدا کە بە دانمارکی نووسیومە (توێژینەوە دەربارەی زمان و مێژووی کۆن، ژمارە ٧٥) سەرلەنوێ خاڵە بەرچاوەکانی ئەم ئەفسانەیەم ڕێکخستوونەوە.

١٣ - بەراورد بکرێ لەگەڵ کۆتایی ئەم کتێبە.

١٤ - هیگینس، شەڕی قەیسەر مەوریکیۆس لەگەڵ ئێرانییەکان، بەشی ٣.

١٥ - مارکوارت، ئێرانشار، ل ٦٥، ٨٣ - ٨٤.

١٦ - بەگوێرەی ئەفسانەی وەهرامی چووبین، وێستەهم، بە دەستی ژنەکەی (گوردیەگ)ی خوشکی وەهرامی چووبین کوژرا. ئەم ژنە زۆر دواتر بوو بە هاوسەری خوسرەوی دووەم. سەبارەت بە مێژووی ڕاپەڕینی وێستەهم بڕوانە نۆلدکێ، تەبەری، ل ٤٧٨ بەرەودوا.

۱۷ - نۆلدکێ، تەبەری، ل ۴۷۸ بەرەودوا؛ لابوور، ل ۲۰۹ هتد.

۱۸ - پاوڵ پیترز لە دەزگای چاپەمەنی زاستگای «سەنت ژۆزێف»ی بەیرووت، ب۹، نامیلکەی یەکەم، ۱۹۲۳، دەقی عەرەبیدا، نەقڵێکی عیسایی سەبارەت بە داگیرکرانی «بیت‌المقدس» بە دەستی ئێرانییەکان لە ساڵی ۶۱۴دا، بڵاو کردۆتەوە.

۱۹ - ئەو پاپیرووسانەی پەهلەوی کە لە میسر دۆزیویانننەوە ئێستا لە کتێبخانەکانی بێرلین، ڤییەن، مەسکەو، ئێستراسبوورگ، گۆتینگێن و ئاکسفۆردا دەپارێزرێن هەموو ئی ڕۆژگاری زاڵبوونی ئێرانییەکانن بە سەر میسردا کە لە ساڵی ۶۱۹ تا ۶۲۹ درێژەی کێشاوە. بڕواننە هانسێن، پاپیرووسەکانی پارسی نێوەڕاست، مووزەکانی بێرلین، نامیلکەی ئاکادیمیای پرووس، ۱۹۳۷، بێرلین ۱۹۳۸.

۲۰ - مارکوارت، ئێرانشار، ل ۶۶ بەرەودوا.

۲۱ - مارکوارت، ئێرانشار، ل ۳۳.

۲۲ - گومنام گوێدی، وەرگێڕدراوی نۆلدکێ، ل ۲۴، یادداشتی ۴.

۲۳ - وادیارە ئەفسانەی عەرەبی عومەر نوعمان و کوڕانی کە لە «هەزار و یەکشەو»دا خراوەتەڕوو، دەگەڕێنەوە سەر ئەو کۆمەڵەچیرۆکانەی کە سەبارەت بە سەرکەوتنەکانی ئەم سەردارانە لەسەر زمانان بووە، بڕواننە گرێگوار، پاڵەوانانی گومناو، ساڵنامەی ئەنستیتۆی زمان و مێژووی ڕۆژهەڵات، ب ۲ (۱۹۳۳ - ۱۹۳۴)، بروکسێل، ۱۹۳۴.

۲۴ - یووستی، فقه‌اللغه، II، ل ۵۴۳.

۲۵ - مارکوارت، ئێرانشار، ل ۱۰۷.

۲۶ - سێئۆفیلاکتووس، کتێبی۴، بەندی ۸.

۲۷ - تەبەری، ل ۹۹۵؛ نۆلدکێ، ل ۲۷۵.

۲۸ - تەبەری، ل ۱۰۱۴؛ نۆلدکێ، ل ۳۵۲.

۲۹ - دیارە ئەم ژمارەیەش وەک پرانی ئەو مەزنانەی کە بە دەستی هۆرمزدی چوارەم کوژراون، زۆری لێزیاد کراوە. زادانفەڕوخ ڕەنگە هەمان فەڕوخزاد بێ.

۳۰ - تەبەری، ل ۱۹۴۳؛ نۆلدکێ، ل ۳۵۶.

۳۱ - تەبەری، ل ۱۰۵۸ بەرەودوا، نۆلدکێ، ل ۳۷۹ هتد؛ گومنام گوێدی، نۆلدکێ، ل ۲۹.

۳۲ - نۆلدکێ، تەبەری، ل ۳۸۴، یادداشت.

۳۳ - مێژووی گومنام گوێدی، نۆلدکێ، تەبەری، ل ۲۲.

۳۴ - ئاسمانی، ۱، ۳، ل ۴۷۱؛ نۆلدکێ، تەبەری، ل۲۲.

۳۵ - مێژووی گومنام گوێدی، ل۲۲.

۳۶ - هەمان، ل۲۴ هتد.

۳۷ - هەمان، ل۳۰.

۳۸ - مێژووی گومنام گوێدی، نۆڵدکێ، ل ۱۲ - ۱۵ و یادداشتی ۲، ل ۱۵؛ تەبەری؛ ل ۱۰۱۵ بەرەودوا؛ نۆڵدکێ، ل ۳۱۱ هتد؛ ڕۆتشتەین، ل ۱۰۷ بەرەودوا.

۳۹ - سەعالبی، ل ۶۸۹.

۴۰ - تاج (التاج)، ل ۱۸۰، مەسعوودی لە موڕەوویج، ل۲، ل ۲۲۷دا، ئاماژەی بەم چیرۆکە کردووە.

۴۱ - لە دەقی جاحێزدا بە هەڵە لەبری مەزدەک، نووسراوە مانی.

۴۲ - بەپێی گوتەی مەسعوودی ئەو ئۆسقۆفەی کە خەرج و پیتاکی داوە بە ئێران.

۴۳ - مەسیحییەکانی ڕۆژهەڵات لەجیاتی زەنگ بۆ بانگهێشتنی جەماوەر بۆ نوێژ و پارانەوە، Crécelle چێوێکیان دەکار دێنا (؟).

۴۴ - چەند ئەفسانەیەکی دیکە سەبارەت بە خوسرەو و شەهروەراز لە تەبەریدا، ل ۱۰۰۸ - ۱۰۰۹؛ نۆڵدکێ، ل ۳۰۱ - ۳۰۳؛ بەیهەقی (بیهقی)، ل ۱۳۶ هتد. ناکۆکی و نێوانناخۆشییەک کەوتبووە مابەینی پادشا و گەورەسەردارانی کە وردەکارییەکانی لە ئێمە ڕوون نین و سەرهەڵدانی شەهروەرازی لێکەوتەوە. خوسرەو لە ڕێی سیخوڕانەوە یەکێک لەو پێشەوایانەی ئایینی کە خەڵکی پایتەختی بۆ ڕاپەڕین هان دەدا، دۆزییەوە و ناردی بۆ لای حوکمڕانی شارێکی دیکە، هەتا پاش ڕۆمرکانی ڕاپەڕین و ئاژاوەی پایتەخت بیکوژێ، جاحێز، کتێبی تاج، ل ۹۸. لە کتێبەکانی عەرەبیدا کە پێیاندەڵێن «ئەدەب» کۆمەڵەچیرۆکێک سەبارەت بە خوسرەوی دووەم وەبەرچاو دێ، کە جێی گومانن، بۆ وێنە لە بەیهەقی، ل ۱۵۵ و ل ۴۹۰ و «المحاسن و...»ی بە ناوی جاحێزدا، چاپی ڤان ڤلۆتن، ل ۲۱.

* تەبەری دەڵێ بەم خەزێنەیە دەگوترا «بەهار حەفەرد خوسرەو» (ڕەشید یاسەمی).

۴۵ - کە بڕی ۴۸ میلیۆنی لە ۱۲۰۰۰ کیسەی ۴۰۰۰ مسقاڵیدا، سکەی زەمانی پیرووز و کواد بوون.

۴۶ - تەبەری، ل ۱۰۴۲؛ نۆڵدکێ، ل ۳۵۴ - ۳۵۶.

۴۷ - تەبەری، ل ۱۰۵۷؛ نۆڵدکێ، ل۳۷۷.

۴۸ - سەبارەت بە مانای دەستگێرد (مووچە و مەزرا) هاوتای وشەی فەرانسەوی tetre و واژەی ئاڵمانی Landgut؛ بڕوانە گیگێر، گۆڤاری ڕۆژهەڵاتیی ڤییەن، ب ۴۲، ل ۱۲۳ بەرەودوا.

۴۹ - زاررە - هێرتسفێڵد، سەفەری شوێنەوارناسیی، ب ۲، ل ۷۶ بەرەودوا.

۵۰ - هەمزە و ئیبنوو قوتەیبە.

۵۱ - سەفەری شوێنەوارناسیی، ب ۲، ل ۹۳.

۵۲ - نەخش و نیگارە هەڵکەندراوەکان، ل ۲۳۷؛ سەفەری شوێنەوارناسیی، ل ۸۹ هتد.

۵۳ - بڕوانە دو مۆرگان، ڕاسپێرواێتی زانستیی لە ئێرانا، ب۴، ۳۴۱ و بەرەودوا؛ هێرتسفێڵد، لە کتێبی زاررە - هێرتسفێڵددا، نەخش و نیگارە هەڵکەندراوەکان، ل ۲۳۷ بەرەودوا و وێنەی ۴۹؛ هێرتسفێڵد، مێژووی لەمێژین، ل ۸۸، ئێردمان، ئاورگە، ل ۵۰؛ مێژووی سنعاتەکانی پۆپ، ب ۱، ل ۵۵۲ و دواتر (ڕۆیتێر).

۵۴ - مێژووی سنعاتەکانی پۆپ، ب ۱، ل ۵۳۸ (ڕۆیتێر)، ۵۷۹ و دواتر (کیمبالّ)؛ ب۴، ۱۷۶B، ۱۷۷D.

۵۵ - مێژووی سنعاتەکانی پۆپ، ب ۱، ل۵۳۸ (ڕۆیتێر)، ل ۵۸۴ بەرەودوا (واتێلین)؛ ۶۰۱-۶۴۵ (پۆپ).

۵۶ - مێژووی سنعاتەکانی پۆپ، ب ۱، ل ۵۵۵ (ڕۆیتێر)؛ ۴و ۲۳۷.

۵۷ - هێرتسفێڵد، دەروازە، ل ۱۰۸.

۵۸ - هێرتسفێڵد، دەروازە، ل ۹۱ بەرەودوا و وێنەی ۳۳ - ۴۰، مێژووی سنعاتەکانی پۆپ، ب ۱، ل ۵۲۰ هتد (ڕۆیتێر)؛ ۴، ۱۵۳ - ۱۶۸. بەگوێرەی گێڕانەوەی سەرچاوەکانی ئێرانی کە مێژوونووسانی کۆنی عەرەب ڕایانگواستووە، ئەشکەوتی گەورەی تاقوستان لە سەردەمی پادشایەتی خوسرەو پەرویزا داتاشراوە... .

۵۹ - هێرتسفێڵد، دەروازەی ئاسیا، ل ۱۰۸، مێژووی سنعاتەکانی پۆپ، ۴، ۱۵۹B، ۱۶۷، ۱۶۸ A,G.

۶۰ - هێرتسفێڵد، دەروازەی ئاسیا، وێنەی ۴۲، ۵۴؛ بەراورد بکرێ لەگەڵ دو مۆرگان، ب ۴، ل ۳۳ بەرەودوا.

۶۱ - دەروازەی ئاسیا، ل ۱۰۴ هتد.

۶۲ - دەروازی ئاسیا، ل ۹۲ و وێنەی ۴۲، ۴۴؛ مێژووی سنعاتەکانی پۆپ، ب۴، لb ۱۶۰.

۶۳ - دەروازە، ل ۹۳.

۶۴ - بەراورد بکرێ لەگەڵ هێرتسفێڵد، خوراسان (ئیسلام، ب ۱۱)، ل ۱۵۴.

۶۵ - «گۆدار» و «هاکێن»ی خێزانی، شوێنەواری کەونارای بوودایی لە بامیان، ل ۶۵ بەرەودوا و وێنەی ۴۲، ۴۳.

٦٦ - شمیت، «سووریا»، ١٩٣٤، ل ١٨ - ١٩. مێژووی سنعاتەکانی پۆپ، ب ٢، ل ١٣٦٥ بەرەودوا (Laure Morgenstern). لە شاری دووڕا چەند تابلۆیەکی قەڵەمکێشی سەر دیواری مالانیان دۆزیوەتەوە. بڕوانینە کۆمۆن، کۆڵینەوەکانی دووڕا ئۆرۆپۆس، ب ٢، ئەتڵەس (نەخشەی جوغرافی)، پاریس، ١٩٢٦، تابلۆی ٩٨، ٩٩؛ ڕۆستۆفتزێف و لیتل، مالێکی ڕازاوە بە قەڵەمکێشی دیواری؛ ڕۆستۆفتزێف، شارە کاروانگرەکان، ل ١٩٤ - ١٩٥، ٢١١ و وێنەی ٣٥. لە تەختی جەمشیدیش لەم چەشنە نەخش و نیگارەیان دۆزیوەتەوە. (هێرتسفێڵد، مێژووی لەمێژین، ل ٨٠).

٦٧ - بەراورد بکرێ لەگەڵ هێرتسفێڵد، ڕاپۆرتی لەمێژین، ب٩، ل ١٠٧.

٦٨ - ئیبنوو حەوقەل (سەدەی دەهەمی زایینی) لە ڕووی کتێبی «عمرو بن‌البحر الجاحظ»؛ بڕوانینە هێرتسفێڵد، دەروازە، ل ٨٢.

٦٩ - تەبەری؛ ل ٨٥٠ هتد؛ نۆڵدکێ، ل ٧٩. بەراورد بکرێ لەگەڵ سەرتر.

٧٠ - دەروازە، ل ٨٢ بەرەودوا، وێنەی ٤٢، ٤٣. بەراورد بکرێ لەگەڵ زارە لە کتێبی زارە - هێرتسفێڵددا، نەخش و نیگارە هەڵکەندراوەکان، ل ١٩٩ بەرەودوا؛ مێژووی سنعاتەکانی پۆپ، ٤، A ١٦١.

٧١ - شەودێز = شەبدیز = شەوڕەنگ. تاریک لە ڕەنگی شەو.

٧٢ - هێرتسفێڵد، دەروازە، ل ٨٣.

٧٣ - ئەلهەمەدانی، ل ٧٠٣ - ٧٠٤.

٧٤ - بڕوانینە براون، گۆڤاری پادشایەتی، ١٨٩٩، ل ٥٨.

٧٥ - ئەمە قسەی یاقووتە کە هێرتسفێڵد لە لاپەڕە ٨٢ی دەروازەی ئاسیادا هێناویەتی.

٧٦ - دەروازە، وێنەی ٥٢ و ل١٠٠ بەرەودوا.

٧٧ - فلاندێن و کۆست، ب ١، وێنەی ٢٧ و 27bis.

٧٨ - دەروازە، ل١١٠ بەرەودوا، وێنەی ٥٥ - ٥٩؛ پێکبگیرێ لەگەڵ دو مۆرگان، ب٤، ل٣٠٥؛ مێژووی سنعاتەکان، ٤، A,B ١٥٣.

٧٩ - چاپی گۆتوالد، ل ٦٠، وەرگێڕدراو، ل ٤٥.

٨٠ - تەبەری، ل ١٠٤١؛ نۆڵدکێ، ل ٣٥٣؛ لە نیهایە (بڕاون، ل ٢٥٠)دا کەمووزۆر ئەم ژمارانە نوسراون و وا وێدەچی کە هەردوو ئەم بابەتەیان لە سەرچاوەیەک وەرگرتبێ. بەراورد بکرێ لەگەڵ بەلعەمی، چاپی زۆتنبێرگ، ب ٢، ٣٠٥.

٨١ - زۆتنبێرگ، ب ٢، ل ٣٠٤ - ٣٠٥.

بنکەی ژین
www.zheen.org

٨٢ - سەعالبی، ل ٦٩٨ هتد.

٨٣ - بڕوانە بەشی دەیەم.

٨٤ - دواتر باسی ئەو کەسانە دەکرێ.

٨٥ - تەختی خوسرەو، سالنامەی کۆمەڵە شوێنەوارەکانی هونەری پرووس، ب ٤١، ل ٢ - ٣، یادداشتی ٧.

٨٦ - چاپی مول، ب ٨، ل ٣٢٨.

٨٧ - نامیلکەی «ڕۆژی خوردادمانگی فەروەردین» (واتە شەشەمین ڕۆژی جێژنی نەورۆز لە مانگی خاکەلێوەدا) کە نووسراوەیەکی پەهلەوییە، ئاماژە بە هەژدە شتی سەیر دەکا کە ماوەی هەژدەسالْ پادشایەتی خوسرەوی دووەمدا کەوتوونە دەستی. بڕوانە مۆدی نامەکانی ئاسیایی، ب ٤، ل ١٩ بەرەودوا.

٨٨ - مێژووی گومنام گوێدی، نۆلْدکێ، ل ٢٥ بەرەودوا؛ بەراورد بکرێ لەگەڵ تەبەری، ل ١٠٥٧؛ نۆلْدکێ، ل ٣٧٨؛ سەعالبی، ل ٧٠١.

٨٩ - سەعالبی، ل ٧٠٢.

٩٠ - سەعالبی، ل ٧٠٠.

٩١ - بەلعەمی، زۆتنبێرگ، ب ٢، ل ٣٠٥.

٩٢ - سەعالبی، ل ٦٩٩ هتد.

٩٣ - سەعالبی، ل ٦٩٨ هتد. ناوی تەختەکەیان بە ڕێنووسی عەرەبی «طاقدیس» نووسیوە.

٩٤ - چاپی مول، ب٧، ل٣٠٦ بەرەودوا. ٩٥

٩٥ - نامیلکەی تەختی خوسرەو، ئەو سالنامەیەی کە لە سەرەوە باسی کرا، ب ٤١، تەواوکەری ئەم باسانە لە ڕاپۆرتی لەمێژینەدا، ب ٢، ل ١٢٨ هتد.

٩٦ - لە ژێر سەردێڕی «لێکۆڵینەوە دەربارەی کاتژمێری غەزە کە پرۆکۆپیۆس وێنای کردووە». ڕاپۆرتی ئاکادیمیای پرووس، ١٩١٧. ساکسی و کامپێرز گریمانەی هێرتسفێلْدیان بردۆتە ژێر پرسیار.

(بڕوانە Kampers Von Werdegang der abendländ Kaisermystik، لەیپزیگ و بێرلین، ١٩٢٤، ل ٤٠، یادداشتی١).

٩٧ - بڕوانە وێنەی ژمارە ٨.

٩٨ - سەبارەت بەو کەلوپەلە گران و بایەخدارانەی کە لە خەزێنەکانی خوسرەودا بوون، کۆمەڵێک زانیاری کەموزۆر دروست بە دەستەوەن. بۆ وێنە بڕوانە کتێبی

«المحاسن و...» که له سەر ناوی جاحێز تۆمار کراوە، ل ۳۶۹ - ۳۷۱؛ چاپی ڤان ڤلۆتن؛ هەروەها بەراورد بکرێ لەگەڵ ئینۆسترانتزێف، خوێندنەوەکانی ساسانی، ل ۷۵ هتد، بۆگدانۆڤ، گۆڤاری کاما؛ ژمارە۷، ل ۴۵ هتد.

۹۹ - زاررە - هێرتسفێڵد، شوێنەوارناسیی، ب ۲، ل۸۹.

۱۰۰ - بڕوانە: زاررە - هێرتسفێڵد، نەخش و نیگارە هەڵکەندراوەکان؛ ل ۲۰۶ - ۲۱۲ و بەتایبەت هێرتسفێڵد، دەروازە، ل ۹۴ بەرەودوا و وێنەکانی ۴۵ - ۵۱؛ مێژووی سنعاتەکانی پۆپ، ۴، A, B ۱۶۳.

۱۰۱ - لە مێژووی سنعاتەکاندا ئەم بوونەوەرەیان ناو ناوە Sênmurv کە بااڵندەیەکە لە چیرۆکە حیماسییەکانی ئێراندا ئەمڕۆ بە فارسی پێیدەڵێن «سیمورغ».

۱۰۲ - دو مۆرگان، ب ۴، ل ۳۲۳ هتد؛ هێرتسفێڵد، دەروازە، ل ۱۲۱ بەرەودوا و وێنەی ۶۱ -۶۵؛ زاررە، سنعاتەکانی... ، وێنەی ۹۸ - ۹۹؛ مێژووی سنعاتەکان، ل ۱۶۶.

۱۰۳ - سەعالبی، ل ۷۱۰.

۱۰۴ - سەعالبی، ئەم بەشەی قسەکانی غولام لە دەقی پەهلەوی‌دا نیە.

۱۰۵ - بیل، بەڵگەنامەکانی بوودایی سەبارەت بە دنیای ڕۆژاوا، ب ۲، ل ۲۷۸.

۱۰۶ - سەبارەت بە چەند جۆرە قوماش و هونەرەکانی سەبارەت بەم دەسکردە بڕوانە: مێژووی سنعاتەکان، ب ۱، ل ۶۹۱ - ۷۱۵، فیلیس ئەکێرمان، ۴، ۱۹۷ - ۲۰۴.

۱۰۷ - دەروازە، ل ۱۳۷ هتد.

۱۰۸ - سەعالبی، ل ۶۹۹.

۱۰۹ - تەبەری، ل ۲۴۵۲؛ بەلعەمی؛ زۆتنبێرگ، ب۳، ل ۴۱۷. بەراورد بکرێ لەگەڵ بلووشە، یادداشتی سەبارەت بە مافوورەیەکی عەرەبی سەر بە سەدەی هەشتەم، گۆڤاری پادشایەتی، ۱۹۲۳، ل ۶۱۳ - ۶۱۷، مێژووی سنعاتەکان، ب ۳، ل ۲۲۷۲ بەرەودوا (پۆپ).

۱۱۰ - تەبەری، ل ۱۰۲۵؛ نۆلدکێ، ل ۳۲۵؛ بەراورد بکرێ لەگەڵ چوارەمین تاوانێکی کە داویانەتە پاڵ خوسرەوی دووەم، تەبەری، ل ۱۰۴۷؛ نۆلدکێ، ل ۳۶۴.

۱۱۱ - بێیلی، بلاڤۆکی ڕۆژهەڵاتیی، ب۹، ل ۲۳۳.

۱۱۲ - شاخوسرەو و غولامەکەی، چاپی ئوونوالا، بەشی ۹۶، بەراورد بکرێ لەگەڵ گێڕانەوەی سەعالبی، ل ۷۱۰ بەرەودوا.

۱۱۳ - سەعالبی، ل ۷۰۲.

۱۱۴ - سێئۆفیلاکتووس، ۱۳/۵؛ بەلعەمی، ب ۲، ل ۳۰۴.

١١٥ - مێژووی هێرقێل (هێراکلیووس = هێروکوول = هێرکوول = هێرکوولیٚس) به قەڵەمی سێبئۆس، وەرگێڕدراوی ماکلێر، پاریس، ١٩٠٤، ل ٢٨. هێندێک لایان وایە کە لە میشان لە دایک بووە (لابوور، ل ٢٢٢).

١١٦ - بەپێی گوتەی تەبەری ماریا (مریەم) کچی قەیسەر مەوریکیۆس بوو. لە سەرچاوەکانی بیزانسیدا باسی ئەم زەماوەندە نەکراو. بڕوانە نۆڵدکێ، تەبەری، ل ٢٨٣، یادداشتی ٢.

١١٧ - نۆڵدکێ، تەبەری، ل ٤٨٢؛ مەحاسێن، جاحێز، ل ٢٥٢؛ وەرگێڕدراوی ڕێشتێر، ب ٢، ل ٦٣ بەرەودوا.

١١٨ - نیهایە، بڕاون، ل ٢٤٣.

١١٩ - سەعالبی، ل ٦٩١ هتد.

١٢٠ - چاپی مول، ب٧، ل ٢٩٤ و دواتر.

١٢١ - زۆتنبێرگ، ب ٢، ل ٣٠٤ بەرەودوا.

١٢٢ - دووڤا (Herd. W. Duda)، شیرن و فەرهاد، پڕاگ، ١٩٣٣ (بە زمانی ئاڵمانی).

١٢٣ - مول، ب٧، ل ٣٠٤ هتد.

١٢٤ - سەعالبی، ل ٧٠٨ بەرەودوا.

١٢٥ - تێکەڵەیەک لە میسک و عوود و عەمبەری بۆر.

١٢٦ - لە دەقی پەهلەوی‌دا یاسەمەن بەر لە هەموو عەترەکان هاتووە و بە عەتری پادشایەتییان داناوە. پاشان عەتەری گوڵی سوور (گۆڵی گوڵاو) و نێزگز و کافوور و وەنەوشە و ڕەشەڕیحانە و لەیلەوپەڕ (نیلووفەر) و ڕیحانەی داودی و گوڵە زەمەق و چەندی تر باسیان کراوە و لەگەڵ هەرکامەیان کۆپلەیەکی شاعیرانەیان نووسیوە و پێیاندا هەڵگوتوون. (شاخوسرەو و غولامەکەی، چاپی ئوونوالا، ل ٦٨ - ٩٤).

١٢٧ - سەعالبی، ل ٥٨٥.

١٢٨ - بەراورد بکرێ لەگەڵ ئێشتاکێلبێرگ (stackelberg)، گۆڤاری ڕۆژهەڵاتیی ڤییەن، ب ١٨، ل ٢٨٣.

١٢٩ - خوێواوک یان سوێراو کە بە فارسی دەبێتە «شورابە».

١٣٠ - بە فارسی «ئاب کامە» (گیگێر، گۆڤاری ڕۆژهەڵاتیی ڤییەن، ١٩٣٧، ل٦٤). چێشتێکە کە لە ئیسفەهان لە ماست و شیری تازە و ئەسپەناغ و هەویری وشک و سرکە سازی دەکەن.

١٣١ - هیرت ((Hert) هەمان پەهلەوی «حیرە»یە، مارکوارت - مێسینا، پێرست، ل ٦٧.

١٣٢ - شاخوسرەو، ئوونوالا، کۆپلەی ١٩ - ٥٩. هێندێک لە وردەکارییەکانی چاپی یەکەم لە ڕووی وتاری بێیلی، بڵاڤۆکی ڕۆژهەڵاتیی، ب ٩، ل ٢٢٣ لێرەدا ڕاست کراونەوە. بەراورد بکرێ لەگەڵ سەعالبی، ل ٧٠٥ - ٧٠٨، کە تۆزە جیاوازییەکی هەیە لەگەڵ دەقە پەهلەوییەکە.

١٣٣ - زارە، سنعاتەکانی ئێرانی کۆن، ل ٤٩.

١٣٤ - سەبارەت بە جامەکان (کاسەکان) بڕواننە ئێردمان، سالنامەی کۆمەڵە شوێنەوارەکانی هونەریی پرووس، ب ٥٧، ل ١٩٣ هتد. پێرستی جامەکانی ساسانی کە ئەمڕۆ بە دەستەوەن لە کتێبی هێرتسفێلدا، ڕاپۆرتی لەمێژین، ب ٩، ل ١٢٥ - ١٢٦، زێوگەری ساسانی بەگشتی؛ مێژووی سنعاتەکان، ب ١، ل ٧١٦ - ٧٦٣؛ کەلوپەلە برۆنزییەکان، ل ٧٦٣ - ٧٧٠، ئۆربیلی (j. Oerbeli)؛ ٤، ٢١٥ هتد.

١٣٥ - بابلۆن، ڕێنوێنی سندووقی میدالیاکان، وێنەی ١٢٣. هێرتسفێلد، دەروازە، وێنەی ٥٣؛ زارە، سنعاتەکانی ...، وێنەی ١٠٧؛ مێژووی سنعاتەکان، ب ٤، ٢١٤. بەپێچەوانەی ئێردمان (جامەکانی ساسانی کە کۆڕی ڕاویان لەسەر شەقڵ کراوە، سالنامەی کۆمەڵە شوێنەوارەکانی هونەریی پرووس، ب ٥٧، ل ٢١٢ بەرەودوا) کە ئەم جامانە وەک نەخش و نیگارەکانی تاقوستان بە ئی پیرووز دەزانێ، هێرتسفێلد سەرلەنوێ جەختی کردۆتەوە کە ئەم جامە خوسرەو پەرویز لە ڕاوگە نیشان دەدا.

١٣٦ - بابلۆن، ڕێنوێنی سندووقەکانی میدالیاکان؛ ژمارە ٢٨٨١، وێنەی ١١؛ زارە، سنعاتەکانی ئێرانی کۆن، ل١١٧؛ مێژووی سنعاتەکان، ب٩، ل ٢٣٣A.

١٣٧ - زارە، سنعاتەکانی...، وێنەی ١٢١، ١٢٢.

١٣٨ - هەمان، وێنەی ١٢٥.

١٣٩ - هەمان، وێنەی ١٢٨ و١٢٩.

١٤٠ - هەمان، وێنەی ١٣٢، ١٣٣ ، ١٣٥.

١٤١ - کریستێنسێن، مووسیقی لە شارستانییەتی ساسانیدا؛ بڵاڤۆکی ئەنجومەنی فەرانسەوی ڕۆژهەڵاتخۆشەویستان.

La vie musicale dans la civilisaeion des sassanides, Bull. de l'Association feançaise des Amis de l'Orient,nos. 20 - 21 - 1936.

مێژووی سنعاتەکان، ب٣، ل ٢٧٨٦ - ٢٧٨٩ (فارمێر = H. g. Farmer.

١٤٢ - موڕەوویج، ب٨، ل ٩٠ - ٩١.

١٤٣ - زارە، سنعاتەکانی...، وێنەی ١١٦، ١٣٣؛ مێژووی سنعاتەکان، ٤، ٢٢٥A.

۱۴۴ - شاخوسرەو و غولامەکەی، ئوونوالا، ل ۱۳، ۶۲ - ۶۳.

۱۴۵ - مێژوونووسانی عەرەب و ئێرانی ئەم ناوەیان بە «باربەد» یان «فەهلەبەد» نووسیوە و فەهلەبەد عەرەبێندراوی «پەهلەبەد»ی فارسییە. لە ڕێنووسی پەهلەوی‌دا باربەد بە «بەهلەبەد»یش دەکرێ بخوێندرێتەوە و لەبەروەی لە دەسنووسەکانی فارسی‌دا زۆر جاران جیاوازی لە مابەینی ب و پ دانانێن، ئەم وشەیە بە پەهلەبەدیش خوێندراوەتەوە و بە هەڵە بردوویانەتەوە سەر ڕیشەی «پەهلەو» (پارت، پەهلەوان = پاڵەوان) لە لایەکی دیکەوە چما هەر لە بنەڕەتەوە پەهلەبەد بووایە، قەت نەیاندەتوانی بە باربەدی بخوێننەوە. کەوایە بێگومان دروستترین شکلی ئەم ناوە «باربەد»ە.

۱۴۶ - چاپی مول، ب ۸، ل ۱۳۲۴ و دواتر.

۱۴۷ - سەعالبی، ب ۶۹۴.

۱۴۸ - «ڕەزازادەشەفەق» وتارێکی سەبارەت بە باربەد لە گۆڤاری ئێرانشار، چاپی بێرلین، سالی ۳، ل ۶۱ و دواتردا نووسیوە.

۱۴۹ - فەرخار شارێکە ئەفسانەیی لەبەر جوانچاکی دانیشتووان و بووني کۆمەڵێک بتخانەی بتپەرستان، لە نەقڵ و نەزیلە و چیرۆکان‌دا بەناوبانگە.

۱۵۰ - دەبێ ناوی دروستی «دادارئافەرید» بووبێ و ئەمە هەمانە کە سەعالبی بە «یەزدانئافەرید»ی نووسیوە.

۱۵۱ - براون، گۆڤاری پادشایەتی، ۱۸۹۹، ل ۵۴ و دواتر.

۱۵۲ - مورەوویج، ب۸، ل ۹۰.

۱۵۳ - داهێنانی خوسرەوانی دەبەنەوە سەر «نێکیسا - نەکیسا) کە یەکێکە لە ئاهەنگسازان و گۆرانیبێژان و چەنگژەنانی سەردەمی خوسرەو پەرویز و نیزامی گەنجەوی و خواجە سەلمان و ژمارەیەک لە نووسەرانی دیکەش باسیان کردووە و ئۆبالڵیان بۆ ئەو گوتەیە کێشاوە؛ بڕوانە بورهانی قاتع (برهان قاطع).

۱۵۴ - بەداخەوە نازانین بە پەهلەوی چییان‌پێگوتووە.

۱۵۵ - ئەمەش بەڵگەیەکی دیکەیە کە لە ڕۆژمێری زەردەشتیەکانی چاخی ساسانی‌دا حەوتەی بزر (حەوتەی زیادە) نەبووە.

۱۵۶ - ئیرەجی کوڕی فەرەیدوون دووبراکەی کوشتیان و یەکێک لە خوێنگرانی تۆڵەی کردەوە.

۱۵۷ - سیاووش کوڕی «کەی‌ئووس» (کەیکاووس) بە فەرمانی فەراسیاب (ئەفراسیاب)ی پادشای تووران کوژرا و کەیخوسرەوی کوڕی پاش چەند شەڕێکی درێژخایەن تۆڵەی ئەستاندەوە.

١٥٨ - بڕوانێنە نامیلکەیەکی من بە ناوی «چەند یادداشتێک سەبارەت بە ناوی هەواکانی ئێرانی لە چاخی ساسانییان‌دا» کە لە یادگارنامەی دەستوور هووشەنگ (بەمبەئی، ١٩٠٩)دا چاپ کراوە، ڕێزدار فارمێر هەر ئەم بابەتەی لە گۆڤاری پادشایەتی، ١٩٢٦، ل ٩٣ بەڕەودوا دڕێژتر خستۆتە بەرباس و لە نووسراوەکەی من بێ خەبەر بووە. بەراورد بکرێ لەگەڵ وتارەکانی من لە گۆڤاری کاوە، ساڵی دووەم، خولی تازە؛ ژمارە ٥دا و هەروەها لە ئێرانشار، ساڵی سێیەم، ل ٦١ و دواتردا.

١٥٩ - بەتایبەت بڕوانێنە بێنوێنیست، گۆڤاری ئاسیایی، ١٩٣٠، ل ١٩٣ بەڕەودوا و ١٩٣٢، ل ٢٤٥ هتد و گۆڤاری مێژووی ئایینەکان، ١٩٣٢، ل ٣٣٧ هتد، بەراورد بکرێ لەگەڵ وتارەکانی من لە گۆڤاری کاوە، ژمارەی ٤ - ٥، ل ٢٤ - ٢٦؛ لە بڵاڤۆکی ڕۆژهەڵاتیی، ١٩٣٤، ل ٤٨٣دا و هەروەها شاهان، ل ٤٦ - ٥٦.

١٦٠ - بڕگەی M. 554V

١٦١ - گۆڤاری ئاسیایی، ١٩٣٠، ل٢٢٢.

١٦٢ - مادەیانئی چەترەنگ، ٩؛ ئوونوالا، خوسرەو و غولامەکەی، ل ١٥ - ١٦، بارتۆلۆمە، تۆژینەوەکانی هیند و ژێرمەنی، ب ٣٨، ل ٤٠ بەڕەودوا، هێرتسفێڵد، ڕاپۆرتی لەمێژین، ب٣، ل ٢٨. داهێنانی نیووئەردەشێر لە ئەفسانان‌دا دەبەنەوە سەر بزورگمێهر کە وەزیری داستانیی خوسرەوی یەکەمە. بەڵام هەروەک هێرتسفێڵد بڕوای خۆی دەربڕیوە، لە ناوی ئەم «کایە»ڕا وا دردەکەوێ کە لەڕۆژگاری خوسرەوی یەکەم‌دا ساز نەکراوە، بەڵکوو لە دەورانی پادشایەک‌دا بە ناوی ئەردەشێر، کە ڕەنگە ئەردەشێری یەکەم بووبێ، ساز کراوە. ئەشتەپەد بە زمانی سەنسکریتی یانی «هەشت خشتەیی»، بێیلی، بڵاڤۆکی ڕۆژهەڵاتیی؛ ب ٩، ل ٢٢٣.

١٦٣ - نۆڵدکێ، تەبەری، ل ٢٨٧، یادداشتی ٢.

١٦٤ - بەپێی سەرچاوە بەردەستەکان ژمارەیان ڕێک لەگەڵ ڕۆژانی ساڵ (٣٦٠) هاتۆتەوە. تەبەری، ل١٠٠٩ - ١٠١٠، نۆڵدکێ، ل٣٠٤.

١٦٥ - دینکەرد، کتێبی ٩، بەشی ٥٤؛ برگەی ٤ (بوغ نەسک).

١٦٦ - هەمان، بەشی ٣١، برگەی ٢١ - ٢٣.

١٦٧ - لابوور، ل ٢٠٩.

١٦٨ - هەمان، ل ٢١٤.

١٦٩ - هەمان، ل ٢٠٨ - ٢٢٥.

١٧٠ - دەقێکی ڕوونووس‌کراوە: «هەموو ملک‌وماشەکەی خۆی»؛ بڕواننە گیگێر، گۆڤاری ڕۆژهەڵاتیی ڤییەن، ب ٤٢، ل ١٢٥.

١٧١ - هۆفمەن، ل ٩٤ - ١٠٠.

١٧٢ - گومنام گوێدی، وەرگێڕدراوی نۆڵدکێ، ل ٢٣.

١٧٣ - لابوور، ل ٢٢٨ - ٢٣٥.

١٧٤ - تەبەری، ل ٩٦٠، نۆڵدکێ، ل ٢٤٠ - ٥٠٢؛ لابوور، ل ٦٧. سەبارەت بە وشەی «کەڕوگبەد» بڕواننە: بێیلی، بلاڤۆکی ڕۆژهەڵاتیی، ١٩٣٤ ل ٥١٢ و دواتر.

١٧٥ - ئەم خاڵە جێی سەرنجە کە پابەندی و دڵەڕاوکەی زۆر لەسەر بەڕێوەچوونی یاسا و ڕێساکان تەنانەت بۆ مەزنەپیاوانی ئایینی پارسیش ئەوەندە قورس ببوو کە خۆی لەبەر ڕانەدەگیرا.

١٧٦ - هۆگ، لێکۆڵینەوە دەربارەی زمانی پەهلەوی، ل ١٤٧، کە لە«فقەاللغە»، ب ٢، لاپەڕە سی و چواریش‌دا هاتووە.

١٧٧ - ئێرانشار، ل ١٦٣.

١٧٨ - تەبەری، ل ١٠٤١ - ١٠٤٢؛ نۆڵدکێ، ل ٣٥٣.

١٧٩ - گومنام گوێدی، وەرگێڕدراوی نۆڵدکێ، ل ٢٨.

١٨٠ - بەراورد بکرێ لەگەڵ تۆماس مێرگایی، کێشبی حاکمان، وەرگێڕدراوی والیس بووج، لەندەن، ١٨٩٣، ل ٨١ بەرەودوا.

١٨١ - ئیبنوو خوردادبە، جوغرافی‌زانان، ب ٦، ل ٢٤٠، وەرگێردراو، ل ١٨١.

١٨٢ - تەبەری، ل ١٠٠٩ بەرەودوا؛ نۆڵدکێ، ل ٣٠٤ و دواتر. بەراورد بکرێ لەگەڵ ئەفسانەیەکی دیکە سەبارەت بەو نیشانانەی کە لە شەوی پێ نانە جەغزی ژیانی حەزرەتی پێغەمبەر لە چاخی خوسرەوان‌دا خۆی نواند، تەبەری، ل ٩٨١؛ نۆڵدکێ، ل ٢٥٣.

١٨٣ - تەبەری، ل ١٠٠٦ بەرەودوا، نۆڵدکێ، ل ٢٩٩ هتد و ل ٣٠١، یادداشتی ٤.

١٨٤ - تەبەری، «ئەسباد گوشنەسپ»ی نووسیوە.

١٨٥ - مێژووی گومنام گوێدی؛ بەگوێرەی دەقی تەبەری ئەو ناوی مێهرهۆرمزد بوو.

١٨٦ - تەبەری، ل ١٠٤٦، نۆڵدکێ، ل ٣٦١ هتد.

١٨٧ - سێبێئۆس، مێژووی هێراکلیووس، وەرگێڕدراوی ماکلێر، ل ٨٥.

١٨٨ - مێژووی گومنام گوێدی، ل ٢٩.

١٨٩ - تەبەری، ل ١٠٤٦ و دواتر؛ نۆڵدکێ، ل ٣٦٣ هتد. فیردەوسی، سەعالبی، دینەوەری، خاوەنی نیهایە و چەند سەرچاوەی دیکەی بە هێندێک جیاوازییەوە ئەم

بابەتەیان هێناوە. زۆر وێدەچێ ئەم بابەتە لە کتێبی تاجنامگ وەرگیرابێ، کە بە درێژی باسی ماوەی زیندانی کرانی خوسرەو پەرۆێز و پەیوندییەکانی لەگەڵ شیروویەی کوڕی تێدا بووە. بڕواننە گابرییەل، نامیلکەی ئیبنوو موقەففەع؛ گۆڤاری ئیتالیایی خوێندنەوەکانی ڕۆژهەڵاتیی، ب ۱۳، ل ۲۱۲، ۲۱۵ - ۲۱۶ و یادداشتی ۱، ل ۲۱۶.

۱۹۰ - تەبەری، ل ۳۶۳، یادداشتی ۱.

۱۹۱ - تەبەری، ل ۱۰۶۰؛ نۆلدکێ، ل ۳۸۲.

۱۹۲ - گومنام گوێدی، وەرگێڕدراوی نۆلدکێ، ل ۳۰.

۱۹۳ - بەراورد بکرێ لەگەڵ دەقی پەهلەوی ئەندەرزئی خوسرەوای کوادان، جاماسپ ئاسانا، لە دەقەکانی پەهلەوی، ب ۲، ل ۵۵، دێڕی ۳ - ۵دا دەڵێ، خوسرەو لە سەرەمەرگا ئاوای گوت: «وەختایەک گیانم دەرچوو، هەر بەم جێوبانەوە هەڵمگرن و بمبەنە ئیسفەهان و لەوێم دابنێن.» کرداری «دانان» بە «پەهلەوی» و «فارسی» کە فیردەوسیش لە وەختی گێڕانەوەی بەڕێوەبردنی ڕێوڕەسمی دوای مەرگی پالەوانان‌دا دەکاری کردووە، هەم مانای «دانان» دەدا و هەم «ناشتن»؛ بەراورد بکرێ لەگەڵ زۆتنبێرگ، ل ۹، بۆگدانۆڤ، گۆڤاری کاما، ژمارە ۳، ل ۳۸ - ۳۹؛ ئینۆستارانتزێف، وەرگێڕدراوی بۆگدانۆڤ، هەمان، ل ۱۱ - ۱۵. لە شانامەی فیردەوسی چاپی مول، ب ۶، ل ۵۴۰دا هاتووە کە خوسرەوی یەکەم لە کاتی جوانێ‌دا فەرمانی دا کە موغبەرەیەکی بۆ ساز بکەن. سەبارەت بە شێوەی جوولانەوە لەگەڵ مەیتی مردووان لە چاخی ساسانییەکان‌دا، هێشتا گرێپووچکە زۆرن و ڕەنگە ڕۆژایەک بکرێنەوە و ببنە هۆی سەرسوڕمان.

۱۹۴ - مێژووی گومنام گوێدی، وەرگێڕدراوی نۆلدکێ، ل ۳۰.

بەشی
١٠

ڕووخان و نەمانی دەوڵەتی ساسانی

بنگەی ژین
www.zheen.org

فەرمانڕەوایەتی کوادی دووەم شیروویە - پادشایەتی ئەردەشێری سێیەم - شەهرۆراز - خوسرەوی سێیەم - بووران - ئازەرمیدوخت - هۆرمزدی پێنجەم - خوسرەوی چوارەم - پیرووزی دووەم - فەرڕوخزاد خوسرەو - یەزدگردی سێیەم (دوا فەرمانڕەوای ساسانی) - لێکهەڵوەشانی دەوڵەت - قوڵەمیران - سپابود ڕۆستەهم - هێرشی عەرەبەکان - شەڕی قادسییە - درەفشی کاوگ (بەیداخی کاوە) - گیرانی تیسفوون - سەرکەوتنەکانی دیکەی عەرەبان - ڕاکردنی یەزدگردی سێیەم و مردنی لە مەرو - پاشەوارەکانی - ئێران لە سەردەمی حوکمڕانێتی عەرەبانداً

خوسرەو پەرویز، سەرەڕای عەیب و هەڵەکانی، پاشادیەکی بەجەوهەر و توانا بوو و لە ماوەی فەرمانڕەوایەتی درێژخایەنی خۆیدا توانی بەر بە چاوچنۆکی و دەسەڵاتخوازیی گەورەگەوران بگرێ. بەڵام دەسدرێژی و شەڕەکانی نیشتمانی تووشی هەژاری کرد و شکستەکانی ئەم سالانەی لە تێکهەڵچوونەکانی

نیوان ئێران و ڕۆما زەبرێکی کوشندەی لەم وڵاتە دا. مردنی خوسرەو بوو بە هۆی هەڵقوڵین و خۆنواندنی مەیل و تاسە و تەقینەوەی شەپۆلی چنۆکی و مالپەرستی و دەسەڵاتی بنەماڵەی پادشایەتی لەبەر حکوومەتی خۆنەگر و تیژتێپەڕی جێنشینەکانی خوسرەو بێهێز و پێز مایەوە.

کوادی دووەم شیرووێە پاش شەش مانگ حوکمدارێتی کۆچیدوایی کرد. هێندێک دەڵێن دەرماندویان کرد و تاقمێکیش پێیان وایە بەو چاوقوڵکەیە مردووە کە ڕووی کردۆتە ئێران و جەماوەرێکی زۆری خەڵک پێیچوون.[1]

ئەو جار کوڕی شیرووێە کە منالێکی کەم تەمەن بوو بە ناوی «ئەردەشێری سێهەم» کرایە پادشا و خوانسالار یان سەرۆکی گشتیی خواردنگەی میری « ماهـ ئادورگوشنەسپ» کرایە سەرپەرستی و لە ڕاستیدا پلەی جێنشینیمیری بە ئەستۆوە گرت. «فەڕوخان شەهروەراز»، سەرکردەی بەناوبانگی خوسرەو، نەیدەویست کە بچێتە ژێر باری یەکێک لە هاوشانانی خۆی، بۆیە لەگەڵ هێرقێل کاکەوبرالەی کرد و سپای خۆی بەرەو تیسفوون ئاژاوت. لەم شارەدا دوو کەس لە مەزنان بە ناوی «نیووخوسرەو» سەرۆکی پاسەوانانی پادشایەتی و «نامدار گوشنەسپ» سەرداری سپای نیمڕووز (سیستان) بوونە یار و هاریکاری. پاشان شەهروەراز قۆشەنی دەنگ دا بۆ نێو شاری تیسفوون و میری منالی کوشت کە سالێ و نیوێک پتر حکوومەتی نەکردبوو. شەهرەوراز ئەگەرچی لە تۆرەمەی پادشایەتی نەبوو، چاوی لە وەهرامی چووبین و وێستەهم کرد و ڕۆنیشتە سەرتەختی فەرمانڕەوایەتی. لەبەروەی کە «شمەتا»ی عیسایی لە ڕابردوودا سووکایەتی بە کچێکی شەهروەراز کردبوو،[2] هەر کە دەستی گەیشتە دەسەڵات، فەرمانی دا کە «شمەتا»یان لە زیندان دەرهێنا و لە بەرەوڕووی کلیسایەکی پەنا ملکوماشی بنەماڵەکەی چوارمێخەیان کێشا. بەڵام دژبەرانی شەهروەراز بە سەرۆکایەتی «ماهیار»، ئەندەرزبودی ئەسواران و «زادانفەڕوخ»ی مەزنەپیاو و «پۆسفەڕوخ»ی لاوی وەجاغزادەی ئیستەخری و دوو برای «پۆسفەڕوخ» کە لەگەڵ وی لە ڕیزی پاسدێرانی میریدا خزمەتیان دەکرد، ڕاپەڕین[3] و ئەم سێ برایە شەهروەرازی داگیرکەریان کوشت.

خوسرەوی سێهەم کە کوڕی کواد، برازای خوسرەو پەرۆێز بوو، لە بەشی ڕۆژهەڵاتیی وڵات پیرۆزبانی فەرمانڕەوایەتی لێکرا، بەڵام فەرمانفەرمای

خوراسان[٤] کوشتی. له تیسفوون تاجی پادشایەتییان نایه سەر «بووران»ی کچی خوسرەو پەرویز و ئەویش له چاکەی ئەو خزمەتە گەورەی کە پۆس فەڕوخ پێشکێشی خانەدانی فەرمانڕەوایەتی کردبوو، هەڵیبژارد بە وەزیر و پاش بەستنی پەیمانی ئاشتی یەکجارەکی لەگەڵ دەوڵەتی ڕۆم دەستی لە دنیا بەردا. ئەم خاتوونە نیزیکەی سالێک و چوارمانگ حوکمڕانێتی کرد.[٥] ئێرانییەکان بەرلەوەی کە وتوویژی ئەم پێکهاتنەی دوایی لەگەڵ دەوڵەتی ڕۆم بگاتە جێیەک، ئەو خاچە پیرۆزەی کە زەمانی خوسرەو پەرویز لە بەیتولموقەددەس هێنابوویان، گێڕایانەوە شوێنی خۆی. جێژنێکی گەورەی کە بەم بۆنەوە لە بەیتولموقەددەس بەرپا کرا،[٦] دەگەڕێتەوە سالی ٦٢٨ی زایینی.

گۆیا لێرەدایە کە دەبێ باسی سەردەمی فەرمانڕەوایەتی کەمخایەنی کەسێک بکەین کە بە ناوی پیرووزی دووەم کرایە شا. پاش ئەو «ئازەرمیدوخت»ی خوشکی «بووران»لە تیسفوون تاجی پادشایەتی نایە سەر و چەند مانگێک زیاتر حکوومەتی نەکرد. بە گوتەی تەبەری،[٧] یەکێک لە سەرکردەکان بە ناوی «فەڕوخهۆرمزد»[٨] بانگەشەی فەرمانڕەوایەتی دا و شاژنی خواست. لەبەروەی ئازەرمیدوخت بە ئاشکرا نەیدەتوانی هەستی پداتەوە، بە دزی گۆڕەهووی کرد. ئەو جار کوڕی فەڕوخهۆرمزد بە ناوی «ڕۆستەهم»[٩] پێی نایە ڕکێف و بە قۆشەنەوە ڕووی کردە پایتەخت و گرتی و ئازەرمیدوختی لێخست و کوێری کرد. کەس نازانێ ئەو شاژنە چۆن مردووە.

لەو قۆناخەدا، کە دەبێتە دەوروبەری سالانی ٦٣٠ و ٦٣٢، دوو کەس حکوومەتیان کردووە. «هۆرمزدی پێنجەم» و «خوسرەوی چوارەم» کە تەنیا ناویان هەیە و بەس. وادیارە ئەم دووە تەنیا لە چەند ناوچە و هەرێمێکی ولاّت بە پادشا ناسراون. «فەڕوخزاد خوسرەو»[١٠] کە یەکێک لە پاشەوارەکانی خوسرەو پەرویز بوو، دەسەلاّتی بە سەر تیسفوونی پایتەختی ئێراندا شکایەوە.

لە ماوەی چوار سالاندا، ولاّتی ئێران دە پادشایەکی بە خۆیەوە بینی. سەرەنجام لە ڕەزگەی خوسرەو پەرویز «یەزدگرد»ی کوڕی شازادە «شەهریار»یان دۆزییەوە. یەزدگرد لە ئیستەخری فارس بە ئاوارەیی و پەنامەکی دەژیا. گەورەپیاوانی ئیستەخر لەوێ بە پادشایان دانا و لە ئاورگەی ئەردەشێری ئەو شارە تاجیان نایە سەری.[١١] لایەنگرانی ڕوویان کردە تیسفوون و بە یارمەتی

ڕۆستەهم، سپاسالاری پێشتر باسکراو شارەکەیان گرت و فەڕوخزاد خوسرەویان تێدابرد. بەم شێوەیە سەرانسەری وڵاتی ئێران بۆ ئاخرین جار کەوتە ژێر فەرمانی «یەزدگردی سێهەم» و بووبەوە قەوارەیەکی یەکپارچە. لەم قۆناخەدا پیاوانی دەسەڵاتدار بریتی بوون لە: ڕۆستەهم و فەڕوخزادی[12] برای کە سەرۆکایەتی کاروباری دەرباری بە ئەستۆ بوو (دەریگبەد) [13] و زادوویە، سەرگەلەی خزمەتکاران؛ هەر ئەو کەسەی پێشتر فەڕوخزاد خوسرەوی گەیاندە سەر تەختی دەسەڵات.[14]

دەوڵەتی ساسانی کەتبووە بارودۆخێک کە لە بیابانەکانی عەربەستانەوە، پۆلپۆل قۆشەنی عەرەبەکانی دەشتەکی کێویلە و ناشارستانی کە بەرچاوتەنگی ئایینی و ڕووحی تاڵانچێتی دنەی دابوون، بە فەرمانی عومەری کوڕی خەتتاب کە بە یەکێک لە پیاوە مەزنە سیاسییەکان دادەندرێ، هرووژمیان کردە ئێران. هۆی ئەمەی کە نەتەوەیەکی کێویلەیی وەک عەرەبی دەشتەکی توانی لە ماوەی شەوێکا دەوڵەتێکی خاوەن داموددەزگای لەشکریی وەک ساسانییەکان تێکەوەپێچێ، تەنینەوەی گەندەڵی و ئاژاوەیەک بوو کە پاش خوسرەو پەرویز باڵی بە سەر هەموو کاروبارەکانی ئێران کێشا. ئەم دۆزە ئاکامی هەڵوێست و ڕێبازێکی نوێی لەشکریی بوو کە لە ڕۆژگاری ئەنووشەڕەوانەوە پەیڕەو دەکرا. ئەو ئاڵوگۆڕانەی کە لەو ماوەیەدا ڕوویان دا، وڵاتیان بەرەو پەرە و گەشەی دەسەڵاتی سەرداران پاڵ پێوەدەنا. هەر سپاسالار و حاکمی هەرێمێک وەک ڕۆژگارانی پێشوو خۆی بە خاوەنی زەوی‌وزاری «پاوانەرەبەگی» و مشەخۆری پادشایەتی بۆ پشتاوپشتی دەزانی و خۆی بە بنەچەکەی میرانی لەمێژین دادەنا، بەتایبەت دوای ئەوەی کە خانەدانی فەرمانڕەوایەتی کەوتە داڕزین و سەرەوڵێژی، ئەم بۆچوونە پتەوتر دەرکەوت. گەلێک لە سەرداران کە لە تۆرەمەی بنەماڵەی میری نەبوون، کەوتنە سەر هەوای وەدەس هێنانی تاج و تەخت. سپاهبود فەڕوخهۆرمزد دەیهەویست بە خواستنی ئازەرمیدوختی شاژن بگاتە پلەی پادشایەتی، کەچی ئەم ئاواتەی نەهاتە دی و سەری تێداچوو، بەڵام ڕۆستەهمی کوڕی تۆڵەی کردەوە. مێژوونووسانی ئەرمەنی ئەم باوک و کوڕەیان بە «ئیشخان»ی ئازەربایجان ناودێر کردووە[15] کە لە زمانی ئەرمەنی‌دا بە مانای «شازادەکان»ە.

زاڵبوونی سەرداران و حوکمڕانان ئاخرین خولی ئاڵوگۆڕە سیاسییەکانی چاخی ساسانییە، بەڵام ئەم پاشاگەردانییە تازەیە دەرفەتی بۆ نەڕەخسا کە تەواو پنجی دابکوتێ و سەقامگیر بێ و هێرشی عەرەبان خاشەی کێشا. لەگەڵ ئەمەشا سنووروانانی مەرو و مەروڕوود و سەرەخس و کوێستان، لەم کاتەدا کەمۆزۆر سەربەخۆ بوون.[16]

وێنەی ٥٢ - سکەی یەزدگردی سێیەم
(مووزەی نەتەوەیی کۆپێنهاگ)

تەنانەت لە زەمانی پیرووزی یەکەمیشەوە، ئەو وڵاتانەی کە کەوتبوونە ڕۆژهەڵاتی مەروڕوود (مروالڕود)، لە ژێر دەسەڵاتی دەوڵەتی ئێران دەرچووبوون. ئیتر هیراتیش بە بەشێک لە قەڵەمڕەوی ساسانی دانەدەندرا. هاوکات لەگەڵ هێرشی عەرەبان، ناوچە و مەڵبەندەکانی لێواری دەریای خەزەر لە ژێر حوکمڕانێتی سەرداڕێکی دەیلەمیدا بوو، کە پێیاندەگوت «مووتا» یان «موورتا»[17]. میرانی هەرێمەکانی شانبەشانی سنووری ڕۆژهەڵاتیی و باکووریی ئێران، زۆربەیان بە نازناوی تایبەتەوە ناسراون. لێرەدا ناوی چەند مەڵبەندێک و نازناوی میرەکانیان دەخەینەڕوو: [18]

نێسا «وەراز» - ئەبیوەرد «وەهمەنە» - خارەزم «خوسرەوخارەزم» - بوخارا «بوخاراخوداو» - وەردانە «وەردانشا» - سەمەرقەند «تەرخان» ئۆسرووشنە «ئەفشین» - سوغد «ئێخشید» - فەرغانە - «ئێخشید» - خۆتەل «خۆتەلانشا» یان «شێرخۆتەلان» تێرمێد «تێرمێدشا» - جوزجان «گوزگانخودای» ڕووب «ڕووبخان» - تاڵەقان «شەهرەگ» - هیرات «وەرازان» - غەرچێستان «وەرازبەندەگ» - سیستان «زۆنبیل»[19] - کابول «کاوول شا». [20]

لە تۆخارستانی ڕۆژهەڵاتی بەڵخ «یەبغوو»[٢١] حوکمڕانێتی دەکرد و میرێکی بە ناوی «شاد» لە ژێر فەرمانیدا بوو. [٢٢] «نیزەک تەرخان» کە لە «بادغێیس» بوو، بە فەرمانبەداری ئەم شادە لە قەڵەم دەدرا. [٢٣]

ڕۆستەهم کە لەم کاتەدا بە جێنشێنی ڕاستەقینەی میری دادەندرا، پیاوێکی بێئەندازە بەدەسەڵات و بەڕێوەبەرێکی بەتەگبیر و مشوور و ئازا بوو. ئەو پیاوە تەواو بەو مەترسییە گەورەیەی دەزانی کە لە ئاکامی هێرشی عەرەبان بۆ سەر وڵاتی ئێران لووزەوی بەستبوو، هەر بۆیە سەرکردایەتی گشتیی هێزە چەکدارەکانی لە ئەستۆ گرت و بە مەبەستی هەستدانەوەی دوژمنی تازە، بوێرانە هەوڵی دا. سپایەکی گەورە لە دەوروبەری پایتەخت کۆ بووە، بەڵام خەلیفە عومەر دەستی خۆی ڕەپێش دا. لە ساڵی ٦٣٦دا سپای ئێران لە «قادسییە»ی نیزیک «حیرە» بەرەوڕووی «سەعدی بنی وەقاس»ی سەرداری عەرەب بوون. شەڕ سێ ڕۆژی درێژە کێشا و بە شکستی ئێرانییەکان بڕایەوە. ڕۆستەهم کە خۆی بەرەنگاربوونەوەی هێزەکانی ئێرانی ڕێبەرایەتی دەکرد و لە ژێر خێوەتێکا پاڵی دابۆوە و «درەفشی کاویان»ی بەرەوڕووی هەڵواسیبوو، کوژرا و ئاڵای کاویان کە نیشانەی شکۆ و دەسەڵاتی ئێران بوو، کەوتە دەس عەرەبان.

ئێرانییەکان ئەم بەیداخەیان بە هی ڕۆژگارانی کەونارای مێژووی خۆیان دەزانی. وەختایەک هەزار ساڵ بە سەر چاخی زوڵم و زۆرداری «دەهاک» (ضحاک)ی داگیرکەرا تێپەڕی، ئاسنگەرێک بە ناوی «کاوگ»[٢٤] بەروانکەی چەرمینی خۆی بە سەری نێزەوە کرد و پێی نایە مەیدانی شۆڕش. ڕاپەڕیوان دەهاگیان سەرەونخوون کرد و «فەریدوون»یان لە جێی دانا کە شازادەیەکی تازەلاوی تۆرەمەی پادشایانی پێشوو بوو. لەو دەمەڕا بەروانکەی کاوگی ئاسنگەر بوو بە ئاڵای سوڵتانەکانی ئێران و ناویان نا «درەفشی کاویان» (ئاڵای‌کاوەیی). [٢٥] چەند کەس لە مێژوونووسانی ئێران و عەرەب باسی ئەم ئاڵایەیان کردووە بەو جۆرەی کە لە شەڕی قادسییەدا کەوتە چنگ عەرەبان. بەگوێرەی گێڕانەوەی تەبەری[٢٦] ئەم ئاڵا کەوڵە پلینگە، ٤ باڵ پان و ٦ باڵ درێژ بوو. بەلعەمی دەڵێ: [٢٧] ئێرانییەکان لە هەر شەڕێکا کە ئەم بەیداخەیان پێشڕەو بووایە سەردەکەوتن و پاش هەر سەرکەوتنێک چەند گەوهەرێکیان لە جەواهیراتی ئاڵاکە زیاد دەکرد، بە چەشنێک کە ئەم بەیداخە نوقمی زێڕ و زێو و گەوهەر و مرواری ببوو. [٢٨] وێناکردنی مەسعوودیش[٢٩] هەروەک تەبەری وایە،

تەنیا ئەوەندەی زیادە کە دەڵێ کەوڵەکەیان لەسەر لاتار و نێودەڵانەی دارینی تێکبەزیوو قایم کردبوو. لە ڕستەیەکی دیکەدا گوتوویەتی[30] ئەم ئالایە نوقمی یاقووت و مرواری و گەوهەری هەمەڕەنگ ببوو. بە گوتەی خارەزمی[31] ئەم بەیداخە لە کەوڵی ورچ یان شێر سازکرابوو کە پادشایان لە شەڕاندا بە خۆشەڕ و متفەڕکیان دادەنا و بە زێڕ و جەواهێراتی گرانبایی ڕازاندبوویانەوە. «سەعالبی»ش[32] دەگێڕێتەوە کە پاشادیان درەوشی کاویانیان بە مایەی کامڕەوایی خۆیان دادەنا و بۆ ڕازاندنەوەی بە گەواهێراتی بایەخدار ڕقەیان دەکرد و بەوپەڕی توانستەوە خشڵ و سڵسڵە و پڵپڵەیان وێدەخست، تا وای لێهات کە پاش ماوەیەک بوو بە گەوهەری تاقانەی جیهان و شاکاری سەدەکان و سەیری سەمەرەکانی ڕۆژگار. ئەم ئالایە لە ڕیزی پێشەنگی قۆشەن دەشەکایەوە و جگە لە سەرکردەی گشتیی سپا کەسیان بە شیاوی پاراستنی نەدەزانی. پاش ئەوە کە شەڕ بە سەرکەوتن دەبڕایەوە، پادشا ئالاکەی ئەسپاردەی خەزنەدارێک دەکرد کە کاری پاراستنی ئەوی لە ئەستۆ بوو. بەگوێرەی گێڕانەوەی «موتەهەری کوڕی تاهیری موقەددەسی» (مطهر بن طاهر المقدسی)[33] ئەم ئالایە سەرەتا لە کەوڵە گیسک یان چەرمی شێر بوو، پاشان ئێرانییەکان لە زێڕ و قوماشی زێڕچن بەرەیان پێدا. فیردەوسی لە بەرگی یەکەمی شانامە، لە چیرۆکی زەحاکدا، ئاوا دەڵێ: [34]

لە ئەو چەرمی بەروانی ئاسنگەران — لە پێشی دەبەستن نەسووتێ گیان
هەر ئەو کەوڵە بوو کاوە جا وەک شیعار — بە سەر نێزەوەی کرد و ڕووی کردە شار
کە بینی «کەی» ئەو چەرمە بەو نێزەوە — هەڵیدا هەساریک بە چا و ڕێزەوە
بە پارچەی هەریری لە ڕۆم سازکراو — لە زێڕ و لە زێوی تەواو قاڵکراو
هەڵیدا لەسەر چەرمی ئالاکراو — بە پیرۆزی زانی شەهەنشا تەواو
هەڵیواسی پێیدا لە سوور و بنەفش — وەکوو نێونرا کاویانی دەرەفش
لەوەدوا ئەوەی وا بە پادشا دەبوو — زەڕ و زێوی پڕ قیمەتی تێدەسوو
لەبەر زێڕ و پارچەی بە قیمەت گران — نرا ناوی جا «ئەختەری کاویان»

هەروەها لە باس و نێوەرۆکی «شانامە»ڕا وا دەردەکەوێ کە «درەفشی کاویان» و تانج یەکێک لە نیشانەکانی پادشایەتی بوون.[35] لە کاتی شەڕا

«ئەختەرکاویان»یان لە پێش تەختی شا دەچەقاند.[٣٦] بە فەرمانی شا پێنج مووبەد دەیانبردە نێو ڕیزی پێشەنگانی قۆشەن[٣٧] و لە مەیدانی شەڕا ئەسپاردەی شیاوترین پاڵەوانانیان دەکرد.[٣٨]

ئیبنوو خەلدوون دەڵێ[٣٩] کە دیمەنی تەلیسمێکیان لە کۆمەڵێک ژمارە و هێمای ئەستێرەوانی لەسەر ئاڵای کاویان نەخشاندبوو.

بە گوتەی مەسعوودی[٤٠]، لە شەڕی، قادسییەدا ئەم ئاڵا بەنرخە کەوتە دەس عەرەبێک بە ناوی «ضرار بن الخطاب» کە بە سی هەزار دینار فرۆشتی، بەڵام نرخی تەواوی ١٢٠٠/٠٠٠ دینار بوو، (هەر ئەم نووسەرە لە «التنبیه»دا دەڵێ کە ئاڵاکە بایی ٢/٠٠٠/٠٠٠ دینار بوو). [٤١] لە لایەکی دیکەوە سەعالبی[٤٢] دەڵێ کە «سەعدی بنی وەقاس» سەرکردەی عەرەب «ئەم بەیداخەی لەگەڵ سایری زێڕ و جەواهیرات و خەزێنەکانی یەزدگرد کە خوا بە نسیبی مسوڵمانانی کردبوو، بەتێکڕایی لەگەڵ ژمارەیەک تاج و کەمەرە و ملوانەی گەوهەرنیشان و هێندێک کەلوپەلی دیکە، کۆی کردنەوە و بردنی بۆ خزمەت ئەمیری مسوڵمانان، عومەری کوڕی خەتتاب. عومەر گوتی بێنن کوتەکوتی بکەن و لە نێو مسوڵمانان دابەشی بکەن.»

پاش ئەم سەرکەوتنە مەزنە، مسوڵمانان حیرەیان گرت و پاشان ڕوویان کردە تیسفوون. لە ساڵی ٦٣٧دا وەیەئەردەشێر پاش دوو مانگ گەمارۆ گیرا. دانیشتووانی وێ کە لە برسان هێزیان لەبەردا نەمابوو، خۆیان بە تیسفوون داکرد کە لە قۆڵی چەپی دیجلە هەڵکەوتبوو. خوسرەو بە خۆی و بارگا و حەرمسەرایەوە لە پایتەخت ڕایکرد. لەم ڕەوەدا «هەزار شێوکەر و هەزار گۆرانیبێژ و سەماکەر و چاوەش و هەزار پڵینگەوان و هەزار بازەوان و کۆمەڵێکی زۆری خزمەتکار لەگەڵ بوون، بەڵام پادشا هێشتا ئەم ژمارەیەی بە کەم دەزانی.»[٤٣] سەرەتا یەزدگرد ڕووی کردە حۆلوان و چونکە لەوێش شەپۆلی هرووژمی عەرەبان دەیگرتەوە، بە پرتاو ڕووی کردە ولاتی «ماد». جەماوەرێکی زۆری شاری تیسفوون هەموو ماڵ و دارایی خۆیان بەڕەڵا کرد بەڵکوو بتوانن بە سلامەتی بۆی قوتاربن.

بەهار بوو، دیجلە هەستابوو. ئێرانی پردەکانیان هەڵبڕیبوون و لۆتکەکانیان لە لێواری ڕۆژهەلاتیی ڕووبارەوە دوورخستبوونەوە. بەڵام

لەشکری عەرەب دەراوێکی دیتەوە و بێ هیچ گـرێ و خەسـارێک خـۆی گەیانـدە بەستێنی ڕۆژهەلاتیی. پۆلە پاسەوانەکانی ئێرانی درانە بـەر مـەودای شـیران و پاشماوەی چەکدارەکانی شاهەنشاهی بازرە بـوون. سـەعدی بنـی وەقـاس بـە سەرکەوتنەوە پێی نایە پایتەختی چۆلـەوە و لـە بەرامبـەر هـەیوانی کیسـرادا ئۆردووبەزی کرد و خۆی لە کۆشکی پادشایەتی وەژوور کەوت. لەوێ تەواوی ئەو گەنج و خەزێنانەی کە پادشا نەیتوانیبوو بیانبا، دۆزییانەوە، وەک سەوەتە و قەرتاڵەی سەر بەمۆری پڕ لە خشڵ و شـتومـەکی زێـڕ و زێـو، جـلوبـەرگ، جەواهیرات، چەکوچۆڵ، گیاوگۆڵ و ئاڵات و زەردەچێوە و تامەچێشت و عەتری بۆنخۆش. پۆلێک چەکداری عـەرەب کەوتنـە شـوێن ڕاکـردووان و هـەتا پـردی نەهرەوان کوتایان و کاروانێکیـان بـە خەنیمـەت گـرت کـە خەزێنـە و هێمـا و دروشمـەکانی زۆر گرانبـایی پادشـایەتییان ڕادەگوێسـت. لـە سـندووقێکی دابەستراوی سەر پشتی وشترێک، شتی زۆر شاز و هێژایان وەبـەرچاوی هـات، بۆ وێنە تانجی خوسرەو پەرویز و کەوای ئاودامێنی کـە لـە پارچـەی زێـڕچنی ڕازاوە بە گەوهەر و مرواری دروابوو. گەلێک پۆشەمەنی زێڕچنی دیکەشیان لـەو سندووقەدا وەبەر دەس هات. لـە چەنـد سـندووقێکی دیکـەدا زرێ، کـڵاوزرێ، ڕانپێچ، قۆڵپێچ و شمشێری خوسرەو پەرویزیان دیتەوە کە هەموویان لـە زێـڕ بوون. پاشان زرێ، کراسـی گـەوچنی زرێ و ئـەو شـیرانەی کـە لـە هێرقێلـی قەیسەری ڕۆم و خاقانی ترک و «داهیر»ی پادشای هیند[۴۴] و «وەهرامی چـووبین» گرتبوویانن، لەگەڵ چەکی «پیرووز» و «کوادی یەکەم» و «هۆرمزدی چـوارەم» و «سیاوەش» و «نوعمان» کەوتنـە دەسـتی عـەرەبان. شمشـێرەکانی خوسـرەو و نوعمانیان لەگەڵ تانجی خوسرەو نارەد لای خەلیفە عومەر، عومـەر تاجەکـەی لە کابە هەڵاوەسی.[۴۵] مافوورەی ناوبەدەرەوەی «بەهاری کیسرا»ش وێڕای ئـەو دەسکەوتانە بوو کە ناردیانە لای عومەر. عومەر فـەرمانی لـەتوکـوت کـردن و دابەشینی بە سەر یارانی پێغەمبەرا دەرکرد. «عەلی» بەشی خۆی بە بیست هەزار درەم فرۆشت. پاشان پێنجیەکی خەنیمەتان کە دەدرا بە خەلیفە، جوێ کرایەوە و ئەوی مابووشەوە لە نێو شێست هەزار کەس پیاوانی لەشکرچی سـەعدا دابـەش کرا. دەڵێن هەر کەسەی ١٢٠٠٠ درەمی وەبەر کەوتووە.[۴۶]

پادشـا دوایـین هەوڵـەکانی خـۆی دا و داوای کـرد لـە هـەموو هـەرێم و مەڵبەندەکانی وڵاتەوە لەشکری بۆ بێ. سپاسالارێکی پیری بە ناوی «پـیرووزان»

کرده سەرکردەی گشتیی هێزەکان کە لە ساڵی ٦٤٢دا لــە نەهاوەنــد بــەرەوڕووی عەرەبان بۆوە. شــەڕێکی ســەخت قــەوما، بــەڵام ئێرانــی شکســتیان تێکــەوت. پیرووزان بە دەس خەنیم گیرا و کوژرا. ئەو کات وڵاتی ماد لە بەرامبــەر هێرشــی مسوڵمانانـدا بێ لەمپەر و بەرگر مایەوە و لەشکری شاهەنشاهی پرزەی لێبــڕا و شۆێنەواری نەما. پاراستنی هەرێمەکانی ئێران کەوتــە ئەســتۆی ســنووورانان و تێکڕای حوکمڕانانی خوجێیی. هێندێک لە سەرکردەکانی وەک «هۆرمزدان»[٤٧] لــە خووزستان چاکیان دەس کردەوە، بەڵام تازە بــێفایــدە بــوو. هەمــەدان و ڕەی کەوتنە ژێر دەســەڵاتی قۆشــەنی عــەرەبان و ئــەوجار نــۆرەی ئازەربایجــان و ئەرمەنســتان هــات. یــەزدگرد خــۆی دە ئیســفەهان کێشــابوو و لــەوێ لەگــەڵ ئاپۆرایەکی واسپۆهران (مەزن و ماقووڵان) دەژیا. وادیارە ئەم شارە لــە کۆتــایی ســــەردەمی ساســــانیدا بــــە ناوەنــــدی واســــپۆهرانی ئێــــران دانــــدراوە و «واسپۆهرانئامارکار» یان «ژمێریاری پیتاکی واسپۆهران» لە ئیســفەهان بنــەگر بووە. یەزدگرد سێسەت کەس کە حــەفتایان پیاومــاقوولّ و نــەجیمزادە بــوون، ناردنی بۆ ئیستەخر و پاش ئەوەی ئیسفەهان کەوتە دەستی عــەرەبان، خۆشــی پەنای بردە ئیستەخر. ئــەوکات واســپۆهرانیان ناردنــە شــووش. لــەم شــارەدا واسپۆهرەکان خۆیــان ڕادەســتی «ئــەبوو موســا»ی ســەرداری عــەرەب کــرد و ئیمانیان هێنا. [٤٨] ئیستەخریش گیرا و تێکڕای هەرێمی فارس کە لانکی خانــەدانی پادشایەتی بوو، کەوتە چنگ مسوڵمانان.

یەزدگرد کە تەنیاوتەنیا ناوی پادشای بە سەرەوە مابوو، دیســانیش ڕەوی. سپاســالاری تەبەرســتان ڕایســپارد بــێ و لێــرە بگیرســێتەوە و ئەگــەر ئــەم بانگهێشتنەی قبووڵ کردبا ڕەنگە توانیبای لە پەنا چیا بەرزەکــانی تەبەرســتانا دەسەڵاتی خۆی ڕابگرێ، هەروەک ســپاهبودان توانییــان پتــر لــە ســەد ســاڵان سەربەستی خۆیان لە بەرامبەر هێرشەکانی مسوڵمانانـدا بپارێزن. بەڵام یەزدگرد سیستان و خوراسانی بە چاکتر زانی و هەوڵێکی بێهــوودەی دا بەڵــکوو بتوانــێ حوکمڕانانی ناوچەیی کە لەم کاتــەدا تــەواو ســەربەخۆ بــوون، بیــانبزێوێ و ڕایانپەڕێنێ و دەستیان پێ بداتە چەک و بیانکێشێتە بەربەرەکانی دژی دوژمــن، بەڵام هەوڵەکەی سەری نەگرت. یەزدگرد بەر لەمە لە ساڵی ٦٣٨دا داوای یارمەتی لە خاقانی چین کردبوو. پاش «نەیشــابوور» بــەرەو «تــووس» بــزووت، بــەڵام حاکمی ئەوێ کە پێیخۆش نەبوو پەنای بدا، گەلێک دیاری گرانبــایی بــەپیرەوە

برد و گوتی قەڵای تووس جێی ئــاپۆرا و حەشــامەتی خزمــەت ڕکێفــی پادشــای نابێتەوە. [۴۹] بۆیە یەزدگرد بە ناچاری ڕووی کردە مەرو. بــەگوێرەی گێڕانــەوەی بەلعەمی[۵۰] «وەختایەک پێی نایە مەرو، چوارهەزار ســواری لەگــەڵ بــوو، کــە هیچیان دەستیان بۆ نەدەکرایەوە و بریتی بــوون لــە دەبــیران و چێشــتکەران و هاوسەرانی و کۆمەڵێک ژنی دیکــە و پیرەپیــاوان و منــاڵانی خانــەدانی مــیری. کەسیش گوێی بە داواکانی نەدەبزووت و لــە هــیچ لایەکــەوە شــتێکی بــۆ ســاغ نەدەبۆوە.»

جا ئەو جار «ماهوی» (ماهویە) سنووروانی مەرو کە دەیهەویست لە چنگ ئەم میوانە نابەوەختە ڕزگاری بێ، لەگەڵ «نیزەک تەرخان» پەیمانی یەکێتی بەست. تەرخان (مەزن، سەرکردەی ۵۰۰۰ کەسان) یەکێک یان ژێردەســتەی یــەکێک لــە فەرمانبەردارانی یەبغووی تۆخارستان بوو. نیزەک پۆلە ســوارێکی گــاڵ دا بــۆ گرتنی یەزدگرد. پادشای بەختوەگــەڕاو بەهەشــتاو تێــیتەقانــد و ڕەوی و بــە تەنیایی لە تاریکی شەوا بە جلوبەرگی ڕەنگاوڕەنگ و زێڕچنی میرانــەوە بــازرە بوو. پاش ماوەیەک گەڕان و سووڕانەوە و سەرلێشێوان، شەکەت و مانــدوو لــە ئاشێک لای دا و داوای لە ئاشەوان کرد لێگەڕێ ئەمشەو لێــرە ســەر بنێتــەوە. ئاشەوان نەیدەناسی، بەڵام بە دیتنی جلوبەرگی جــوان و نەخشــین و گرانبــایی ئەو پیاوە غەریبە[۵۱] وە تەماع کەوت و کاتێک شا خەوی لێکــەوت کوشــتی؛ یــان بەگوێرەی گێڕانەوەیەکی تــر، ســوارەکانی مــاهوی کــە بــە شــوێن یــەزدگرددا دەگەڕان، بە خەوتوویی لە ئاشەکەدا دۆزیانەوە و مرتەقیان لێبڕی.[۵۲] سەعالبی دەڵێ،[۵۳] کەلاکی ئەم فەرمانڕەوا سیابەختەیان خســتە نێــو چــۆمی مــەرو. ئــاو وردەوردە بردی هەتا کلا بوو بــۆ «زەریــگ» و لــەوێ بــە پنچــکوپاڵــی داریــک گیرسایەوە و ئۆسقۆفی نەسارا مەیتەکــەی شــای ناســییەوە و لــە باڵاپۆشــێکی میسکاوییەوەی پێچا و ناشتی. ئەم ڕووداوە دەگەڕێتەوە ساڵــی ۶۵۱ یــان ۶۵۲ی زایینی.

سەبارەت بە چارەنووسی بەرەبابی یەزدگرد زانیارییەکی زۆر کەم و کورتمان بە دەستەوەیە. مەسعوودی منالــەکانی ئــاوا دەژمێــری:[۵۴] دوو کــوڕ بــە نــاوی «وەهــرام» و «پــیرووز» و ســێ کــچ بــە نــاوی «ئــادرەگ»، «شــەهربانوو»[۵۵] و «مەردئاوەند». پیرووز ڕووی کردە چین و هەوڵی دا کە بە یارمــەتی ســپای ئــەو ولاتە تــاج و تــەختی بــاب و بــاپیرانی وەدەس بێنێتــەوە و نــیری دەســەڵات و

پادشایەتی خاقانی چینی خستە سەر ئەستۆی خۆی، بەڵام هیچی بۆ نەکرا و کاری لەبەر نەڕۆیی و لە ساڵی ٦٧٢دا مرد.[٥٦]

بەپێی دەقی سەرچاوەکانی شیعان کە گۆیا جێی گومانیشە، «شەهربانوو» مێردی بە ئیمامی حوسێن کرد. بەم چەشنە شیعەکان منالانی حوسێنیان بە میراتگری «خوەرنە» یان پرشنگ و شکۆی خودادادی پادشایانی ئێران لە قەڵەم دا و بە بەروپشت ئەتڵەسیان ناسین. مەسعوودی دەڵێ: «زۆربەی پاشەوارانی یەزدگرد لە مەرو نیشتەجێ بوون، بەڵام زۆرینەی تۆرمەی سوڵتانەکان و پاشماوەی چوار چینەکانی[٥٧] ئێرانی هێشتاش لە سەواد (عێراق) دەژین و بنە و بنەچەکە و ڕەگەزنامەی خۆیان نووسیوە و دەیپارێزن، هەر بەو جۆرەی کە عەرەبەکانی «قحطانی» و «نزاری» سەر لە پاراستنی تۆرمەی خۆیان دێشێنن.»[٥٨] لە ساڵی ٧٢٨ - ٧٢٩دا خوسرەوناوێک لە نەوە و نەتیژەکانی یەزدگردی سێهەم، لەگەڵ ترکان یەکی گرت هەتا دەسەڵاتی فەرمانڕەوایەتی وەچنگ بێنێتەوە، بەڵام بە مراد نەگەیشت.[٥٩]

ئێرانی دابیان وابوو کە مێژوویان لە چوونە سەر دەسەڵاتی هەر پاشایەکەوە حیساب دەکرد. لەبەروەی دوای یەزدگرد ئێران پادشایەکی بە خۆیەوە نەبینی، زەردەشتییەکان هەر ساڵی بە دەستەوە گرتنی جڵەوی حکوومەتی یەزدگردی سێهەمیان بە سەرەتای مێژووی خۆیان دانا و هەتا ئێستاش هەر کەوتوونە شوێنی و پێی دەڵێن «تاریخی یەزدگردی».

پەڕاوێزەکان

١ - بەپێی نووسینی سیئۆفانس، شیرین، شیرووییەی دەرماندداو کرد؛ بە گوتەی ئووتوکیووس و ئیبنوو قوتەیبە بە چاوقوڵکە مرد. فیردەوسی و سەعالبی سەبارەت بە خۆکوژی شیرین و ژارکوژ کردنی شیرووییە حیکایەتێکی ئەفسانەوییان گێڕاوەتەوە.

٢ - گومنام گوێدی، نۆڵدکێ، ب ٣١.

٣ - تەبەری، ئاوای گێڕاوەتەوە و وێدەچێ لە هەموان ڕاستتر بێ، ل ١٠٦٣؛ نۆڵدکێ، ل ٣٨٩. ناوی بکوژی شەهرۆەراز لە سەرچاوە بەردەستەکاندا جیاوازن.

٤ - بڕواننە نۆڵدکێ، تەبەری، ل ٣٩٠، یادداشتی ١.

٥ - گومنام گوێدی - وەرگێڕدراوی نۆڵدکێ، ل ٣٣ - دەڵێ خنکاندیان.

٦ - نۆڵدکێ، تەبەری، ل ٣٩٢، یادداشتی ١.

٧ - تەبەری، ل ١٠٦٥؛ نۆڵدکێ، ل ٣٩٤.

٨ - بە گوتەی سێبێئۆس ئەو سپاسالاری ئازەربایجان بوو (مارکوارت، ئێرانشار، ل ١١٢)، بەڵام تەبەری بە سپاهبودی خوراسانی زانیوە.

٩ - هاوناوی پاڵەوانی داستانیی سیستان. لە سەرچاوەکانی سۆریانیشدا، وەک دەقەکانی فارسی و عەرەبی ئەم ناوە بە ڕۆستەم تۆمار کراوە (گومنام گوێدی، وەرگێڕدراوی نۆڵدکێ، ل٣٣، یادداشتی ٤.)

١٠ - یان «خووەرەزاد خوسرەو»؛ فەڕوخوو یان فەڕوخ ئاوەڵناوی «فەڕ»ە کە خۆی شکڵێکی «خووەر»ە بە مانای «گەورەیی و شکۆ».

١١ - تەبەری، ل ١٠٦٧؛ نۆڵدکێ، ل ٣٩٧.

١٢ - یان خۆرەزاد.

١٣ - مارکوارت، ئێرانشار، ل ١١٢.

١٤ - تەبەری، ل ١٠٦٦ و دواتر؛ نۆڵدکێ، ل ٣٩٦ بەرەودوا.

١٥ - سەبارەت بەم سەرناوە بڕواننە بێنوێنیست؛ گۆڤاری خوێندنەوەکانی ئەرمەنی، ب ٩، ل ٨.

١٦ - ڤان ڤلۆتن، تویژینەوە دەربارەی دەسەڵاتی عەرەب، ب ١٩.

١٧ - مینۆرسکی، زاڵبوونی دەیلەمییەکان، بڵاڤۆکی ئەنجومەنی خوێندنەوەکانی ئێرانی، ژمارە ٣، ل ٤.

۱۸ - سەرچاوەی سەرەکی: ئیبنوو خورداذبە، جوغرافیزانان، ب ۶، ل ۳۹ - ۴۰، وەرگێڕدراو، ل ۲۹.

۱۹ - بڕوانە مارکوارت، جێژنامەی زاخەو، ۱۹۱۵، ل ۲۸۱.

۲۰ - زۆرێک لەم نازناو و سەرناوانە لەگەڵ وشەی پەهلەوی شا (شاهـ) تێکەڵ کراون. «ئێخشید» هەر هەمان وشەی ئێرانییە کە لە ئەڤێستادا بە «خشەیتە» دەبیندرێ و پتر بە مانای پرشنگدار دە کار کراوە. واوێدەچی کە ئاندرەئاس ڕیشەی ئەم واژەیەی بە «خشای» زانیوە و بە «زاڵ» و «فەرمانڕەوا»ی مانا لێداوەتەوە.

(ئاندرەئاس - هێنینگ، دەقەکانی مانەوەی بە زمانی فارسیی نێوەڕاست، ل ۱۵، یادداشتی ۶) هێندێک لە سەرناوەکانی دیکە لەگەڵ وشەی پەهلەوی «خودای» یان واژەی سوغدی «خوداو» بە واتای «خاوەن و مەزن» لێکدراون. «شەهرەگ» و «شیر» لە ڕێشەی «خشای»ڕا هاتوون. بەراورد بکرێ لەگەڵ ئەم وشانەی ئەڤێستایی: خشەسرە (Xšaθra) (پادشایەتی)، خشەسریە (Xšaθrya) (سوڵتان، میر). وەراز (کە وەرازان و وەرازبەندەگی لێوەرگیراون) بە مانای بەرازە، بەراورد بکرێ لەگەڵ نازناوی شەهروەراز. هێندێک لەو سەرناوانە لە بنجەوە ترکین، بۆ وێنە ئەوانەی کە لەگەڵ نازناوی «خان» تێکەڵ کراون.

۲۱ - نازناوی کەونارای، «میرانی کووشانی».

۲۲ - وەرگیراوە لە «خشایەسیە» (Xšāyaθiya) (شا). ڕەنگە بکرێ بگوترێ کە «شاد» وێنەیەکی دیکەی واژەی «ئێخشید»ە.

۲۳ - مارکوارت، ئێرانشار، ل ۶۹.

۲۴ - بە فارسی نوێ: کاوە.

۲۵ - نامیلکەیەک بە زمانی دانمارکی لە ژێر سەردێڕی.

Smrden keväh og det gamle persiske Rigsbanner. D.Vid. Selsk. hist. fil. Medd. 11. 7

من ئەم چیرۆکەم بە دووروودرێژی خستۆتە بەر لێکۆڵینەوە و هەوڵم داوە سووری بکەمەوە کە لە ئەڤێستا و سایری کتێبە دینییەکانی زەردەشتیدا نیە، لە دەورانی ساسانییەکان‌دا بە بادانەوە سەر حیکایاتی کۆن بە مەبەستی لێکدانەوەی «درفش کاویان» (درەفشی کاویان) ساز کراوە. مانای ڕاستەقینەی درەفشی کاویان «ئالای پادشایەتی»یە. کاویان لە واژەی ئەڤێستایی «کەوی»ڕا هاتووە کە بە واتای «شازادە و شا»یە. من لەگەڵ بۆچوونەکانی «لێڤی» (Levy) و «یووستی» و «زارە» نیم کە ئالای داریووشی سێهەمیان لە شەڕی مەشهووری ئەسکەندەردا و بەیداخی شەقڵ کراو

لە سەرسکەکانی پارسی کۆنیان بە درەفشی کاویان زانیوە. سەبارەت بە ئالاکانی چاخی ساسانی بڕوانە، سنعاتەکانی پۆپ، ب۳، ل ۲۷۶۹ بەرەودوا (فیلیس ئاکرمان).

۲۶ - تەبەری، ل ۲۱۷۵.

۲۷ - زۆتنبێرگ، ل ۳، ل ۳۹۵.

۲۸ - هەمان، ب ۱، ل ۱۱۹.

۲۹ - مورەوویج، ب۴، ل ۲۲۰.

۳۰ - هەمان، ل ۲۲۴.

۳۱ - «مفاتیح العلووم» چاپی ڤان ڤلۆتن، ل ۱۱۵.

۳۲ - سەعالبی (ثعالبی)، ل ۳۸ و دواتر.

۳۳ - چاپی هوار، ل ۱۳۲؛ وەرگێڕدراو، ل ۱۴۸.

۳۴ - چاپی وولرس، ب ۱، ل ۴۸، بەیتی ۲۶۳ بەرەودوا.

۳۵ - هەمان، ب ۲، ل ۷۶۲، بەیتی ۱۴۱۵ و چاپی مول، ۷، ل ۳۸۸، بەیتی ۳۹۵ هتد.

۳۶ - وولرس، ب ۱، ل۴۷۹، بەیتی ۷۵۰.

۳۷ - هەمان، ب ۲، ۵۵۸، بەیتی ۶۵۵.

۳۸ - هەمان، ب ۲، ل ۷۶۲، بەیتی ۱۴۱۵ بەرەودوا. هەروەها بەرگی ۲، ل ۸۵۳، بەیتی ۱۴۲۴ هتد.

۳۹ - چاپی کاترمێر، ۱۸، ل ۱۳۵؛ تەرجەمەی دو سلان (de Slan) هەر لەو جێیە، ب ۲۱، ل ۱۸۵.

۴۰ - مورەوویج، ب۴، ل ۲۲۴.

۴۱ - جوغرافیزانان، ب۸، ل ۸۶، تەرجەمەی کاررا دو ڤۆ، ل ۱۲۵.

۴۲ - سەعالبی، ل ۳۹.

۴۳ - سەعالبی، ل ۷۴۲؛ بەراورد بکرێ لەگەڵ هەمزە، ل ۶۳، وەرگێڕدراو، ل ۴۷.

۴۴ - وادیارە خوسرەو پەرویز ئەم خەنیمەتانەی لە شەڕ و زاڵبوونێک بە سەر هیندا وەدەس هێناوە. مارکوارت، ئێرانشار، ل ۳۳. بەڵام مارکوارت سەبارەت بە ڕاستی و دروستی ناوی داهیر گومانی کردووە.

۴۵ - سەبارەت بە تانجی خوسرەو لە «مەککە» خاوەنی نیهایە دەڵی ئێستاش هەر لەوێیە (بڕاون، ل ۲۵۷).

۴۶ - تەبەری، ل ۲۴۲۶ - ۲۴۵۲؛ بەلعەمی، ب ۳، ل ۴۱۴ و بەرەودوا، بەراورد بکرێ لەگەڵ ئێشتریک، سلووکیە و تیسفوون، ل ۳۸ - ۴۱.

۴۷ - نووسەرانی ئێرانی و عەرەب بـە «هـۆرمزان»یـان نووسـیوە. لـە کتێبـی گومنـام گوێدێدا «هۆرمیزدان» هاتووە. بەلعەمی (زۆتنبێرگ، ب۳، ل ۴۴۷) بە «شای ئەهواز»ی دەزانی.

۴۸ - بەلازوری، ل ۳۷۳؛ تەبەری، ل ۲۵۶۱؛ بڕواننە مارکوارت، ئێرانشار، ل ۲۹.

۴۹ - سەعالبی، ل ۷۴۳.

۵۰ - بڕواننە بەلعەمی، ب۳، ل ۵۰۴.

۵۱ - لە کتێبێکدا کە بریتی بووە لە وێنەی نەخشینی پادشایانی ساسانی، یەزدگردیان ئاوا کێشابوویەوە: «پتری ڕەنگی وێنەکەی بە لای کەسکدا شکابۆوە. پانتۆلێکی شـینی کاڵی لە پێدا بوو و تانجی سـووری لەسـەر سـەری دەتروسـکایەوە. نێزەیـەکی بـە دەستەوە گرتبـوو و دەسـتەکەی دیکـەی وەسـەر شمشـیرەکەی دابـوو.» (مەسـعوودی تەنبیـە، جوغرافیزانان، ب ۸، ل ۱۰۶ هتد، تەرجەمەی کاررا دو ڤۆ، ل ۱۵۱. بەراورد بکرێ لەگەڵ هەمزە، ل ۶۲، وەرگێڕدراو، ل ۴۶.

۵۲ - بەلازوری، ل ۳۱۵ بەرەودوا و تەبەری، ل ۲۸۷۹ و دواتر، ئەم بابەتەیان بە چەنـد شێوە هێناوە.

۵۳ - سەعالبی، ل ۷۴۷ - ۷۴۸.

۵۴ - مورەوویج، ب ۲، ل ۲۴۱.

۵۵ - لە دەقە دەسنووسەکەدا ئەم ناوە هەڵپەیواوە و ناخوێندرێتەوە.

۵۶ - مارکوارت، ئێرانشار، ل ۶۸ و ل۱۳۳ بەرەودوا.

۵۷ - مەبەست چوار چینە مەزنەکەی کۆمەڵی ئێرانییە.

۵۸ - مورەوویج، ب ۲، ل۲۴۱.

۵۹ - مارکوارت، ئێرانشـار، ل ۶۹؛ بـەراورد بکـرێ لەگـەڵ شاڤـان، بەڵـگەنامەکانی سەبارەت بە تۆکیۆکانی (ترکانی) ڕۆژاوایی، لاپەڕە ۲۵۸ بەرەودوا.

E. Chavannes, Documents sur les Tou-Kiue (Turcs) Occidentaux (1903).

کۆتایی



دنیای ئێرانی بەو جۆرەی کە مێژوونووسانی ڕۆژاوا وەک ئامیانووس مارسێلینووس و پرۆکۆپیۆس ناسیویانە و بە ڕووکاری جوان و ناحەزەوە خستوویانەتەڕوو، لە ڕوانگەی ئێمەوە بە کۆمەڵێکی تەواو مەزنتەوەرە دێتە بەرچاو. تەنیا چینە بااڵکان بە ناسێنەری ئەم کۆمەڵە لە قەڵەم دراون و پرشنگ و توانستی تایبەتییان داوە بە گەلی ئێران

ئەو باسوخواس و تاریفاتەی کە مارسێلینووس سەبارەت بە ئێرانییەکان خستوویەتە بەرچاو و ئێمە لەم کتێبەدا بەپێی پێویست چەند بەشێکمان گێڕاوەتەوە، گەلێک پتەو و زیندووە و جگە لە چەند هەڵەیەکی بچووک جێیباوەڕ و شیاوی سەلماندنە.[1]

لە ڕاستیدا ئەم بابەتانە نیشاندەری تایبەتمەندی و باروهەوای چینی باڵان و دەڵێ: کەموزۆر هەموو ئێرانییەکان باڵابەرز و شەنگ و گەنمڕەنگ یا سەوزەی گەشن، چاویان زەق و تیژە وەک چاوی بزن، برۆیان پەیوەست و کەوانییە و ڕیشیان جوان و سەروپرچیان درێژ و ئاڵۆزە. لە ڕادەبەدەر درێژ و بەپارێزن، بە جۆرێک کە لە وڵاتی دوژمنیدا ئەگەر بە نێو باغ و ڕەزاندا تێدەپەڕن، لە ترسی ژار یان سێحر دەس بۆ هیچ میوەیەک درێژ ناکەن. زۆر بە لایانەوە گرینگە کە بەپێچەوانەی ئەدەب نەجوولێنەوە. زۆر کەم ئێرانی وەبەرچاو دێن کە بە پێوە

هەڵمیزن. بۆ چوونە پێشاو تاق دەبنەوە و ئەگەرچی شاقەلی کەوای ئاودامێنیان چوار قۆزاخەیە و بە شنەی باوە دەشەکێتەوە، تۆزقاڵێکی لەشیان بە ڕووتی وەدەرناکەوێ. قۆڵبەند و ملوانەکەی زێڕینی گەوهەر و مرواری‌نیشان تێدەکەن و هەمیشە شمشیریان لە خۆیان شەتەک داوە و لە کۆڕی بەزم و شادیش‌دا داینانێن. قسەی بێتام و بێهوودیان زۆرە و وەک نەفامان دەدوێن. خۆهەڵکێش و تووندوتیژ و تۆقێنەرن؛ چ لە بەختەوەری و چ لە سیابەختی‌دا ترس دەخەنە دڵی دوژمنەوە و فێڵەباز و غلووڕ و کەمبەزەیین. لە ڕێبازان ئازادن و بە ناز هەنگاو هەڵدێننەوە و بە لەنجە دەڕۆن، بە چەشنێکی وا کە مرۆڤ پێی‌وایە ئەمانە وەک ژنان بێهێز و دەسەڵاتن، کەچی بەڕاستی ئازاترینی نەتەوەکانی سەر ڕووی زەوین. گەرچی فێڵ و دەهۆیان سواڕە بە سەر مێرخاسی و دلێرییان‌دا، بەڵام لە ڕۆژی شەڕا، بەتایبەت لە تێکهەڵچوونی دوورەتیرا زۆر خۆفناکن. بەکورتی لە سەریەک خەڵکێکی ئازا و چالاکن و لەبەر هەموو تاڵی و سوێرییەکانی ڕۆژی شەڕدا بڕ دەکەن. خۆیان بە خاوەن دەسەڵاتی گیانی غولامان و ژێردەستانیان دەزانن و هیچکام لەو خزمەتکارانەی کە سەرقاڵی خزمەتن یان لە دەوری خوان ڕاوەستاون، ناوێرن لێو هەڵبچڕن نە بۆ قسەکردن نە بۆ تف فڕێدان. ئامیانووس باس و بابەتێکی سەبارەت بە مەیل و ئیشتیای ئێرانییەکان سەبارەت بە دەس تێکەڵ کردن لەگەڵ ژنان نووسیوە و دەڵێ زۆر جار ئەوان بە ژنان و کەنیزانی خۆیان هەدا نادەن و پەل بۆ ئێروئەوێ دەکوتن. لە جێیەکی دیکە دەڵێ: ئێرانییەکان ئاگایان لە نێربازی نیە،[٢] خۆڕاگری و قنیاتیان لە بەرامبەر تام و چێژی خواردەمەنی‌دا جێی ئافەریمە. بێجگە لە پادشا، هیچ کەسێکی ئێرانی جەمی دیاری‌کراوی نیە بۆ شێو خواردن. هەر کاتێک برسی بن ڕۆدەنیشنە سەر کەوڵی نان‌خواردن و ئەوەی بخورێ دەیخۆن و قەت گەدەیان نائاخنن و کەیفیان بە تێر بوون دێ. ئەگەرچی وێدەچێ ئەم قسەیە زۆری بەرەدرابێتێ، بەڵام لە چاو زگەڕۆیی ڕۆمییەکانی سەردەمی قەیسەران، جەماوەرێکی قانع و بەقنیاتن. کەچی نابێ ئەم بەشەی قسەکانی ئامیانووس تەواو قبووڵ بکرێن کە دەڵێ: ئێرانی لە کۆڕی بەزم و شادی و شکۆدار و خواردنەوەی شەراب وا خۆ دەشارنەوە و ڕادەکەن، هەر دەڵێی لە ترسی چاوقوڵکە بازرە بوون. بێگومان ئەم مێژوونووسە تا ڕادەیەک بە گوتەی ئەو ئێرانییانە هەڵخەڵەتاوە کە قسەکانیان بۆتە سەرچاوەی گێڕانەوەکەی. بەڵگەی

ئێمە نووسینەکانی ئەو دیرۆکنووسانەی ڕۆژهەڵاتی و ڕۆژاوایین کە لەم کتێبەدا گەلێ جار پشتمان پێبەستوون و لێرەدا ئەم حیکایەتەی خوارەوە کە هەروا بەهەڵکەوت هەڵبژێردراوە، دەیهێنین: یەکێک لە سنووروانان (حوکمڕانان) دەیهەویست بە جۆرێک مەسیحییەکان لە دینی خۆیان هەڵگێڕێتەوە و بە عەیشونۆش هەڵیانفریوێنێ، «بۆیە هەموو ڕۆژێک کۆڕی بەزمی خۆی زیاتر ڕازاندەوە و ماوەی کەیف و ڕابواردنی بەرەپێدا و شەوگارانی درێژی بە گۆرانی مەستانە و هەڵپەڕین و سەمای داوێنپیسانە تێپەڕ کرد و هەوڵی دا کە موسیقای کافران لە گوێی مەسیحییەکان خۆش بێ.»[3]

گەڕۆکی بووداییی «هیوون تسیانگ» داب و نەریتەکانی ئێرانییانی بە دڵ نەبووە و گوتوویەتی: «بە شێوەیەکی سروشتی توندوتیژ و تۆسن و لە ڕەوشتی خۆیاندا گرانی و سەنگینی و پارسەنگ وەبەرچاو ناگرن.»[4]

لە سەریەک مەزنەپیاوانی ئێران زۆر سەرقاڵ و ژینهاروواژاو ژیاون. کاتی خۆیان دابەشیبوو بە سەر مەشقی شەڕ و چۆنیەتی دەکار کردنی چەکوچۆڵ و چوونە ڕاو و خۆشی و ڕابواردنی ناسکدا. دینی زەردەشتی کە دژی دووڕەپەڕێزی و دەس لە دنیا بەردانە، هیچ کۆسپێکی بۆ نەدەنانەوە، بەڵام ژیانی بە بێنەوەبەر و سەرقاڵانەی ئێرانییەکان لە جێی سەرئاوەڵای بەرفەریحدا، هەتا ڕادەیەک شوێنەواری سستیهێنی عەیشونۆشی دەپەڕاندن. هەڵبەت ئەم گەلە لە عەیبان بێ بەری نەبوون، بەڵام چاکە و تایبەتمەندی وا گەورەشیان هەبوو کە زۆربەی نەتەوەکانی کۆنی جیهان کەمتر پێیەوە ناسراون و ئەویش مێهرەبانی و مەندی و ماقوولّی و جوامێرییە. ئاسەواری ئەم تایبەتمەندییە لە سەرەتای قۆناخەکانی مێژوویی ئێرانڕا بەدی دەکرێن. کۆرش (کووروش) پێشەنگی جوامێری و دڵفرەوانی و بەرزەهیممەتییە و گەلێک لە یۆنانییەکانی دەرکراو و سەرکردە دۆڕاوەکانی غەواڕە کەوتوونە ژێر سێبەری چاکە و لاوانەوە و ڕێزی ئێرانییەکان! لە مێژووی ساسانییەکانیشدا، گەلێک نموونەی ئەم تایبەتمەندییە وەبەرچاو دێ. ڕۆژێک وەهرامی پێنجەم لە خاکی ڕۆمدا یەکێک لە پایەبەرزانی ڕۆمی چاوپێکەوت کە بۆ وتوویژی ئاشتی بە پێیان و ملکەچانە بەرەوڕووی دێ و وەختایەک کە زانی ئەوە «ئاناتۆلیووس»ی سەرکردەی قۆشەنی دوژمنە، سەری ولاغی وەرسووڕاند و لەگەڵ هاوڕێیانی بەپەرتاو گەڕایەوە سەر زەوی خۆی و لەوێ ڕکێفی بەتاڵ کرد و بە پیرییەوە چوو و هەموو

مەرجەکانی ڕۆمییانی بـە مەبەسـتی بەسـتنی پـەیمانی ئاشـتی قبـوولْ کـرد.[5] خوسرەوی یەکەم زۆر بەگـەرمی فەیلەسـووفان و بلیمـەتانی ڕۆمـی وەرگـرت و ئەگەرچی بە دڵشکاوی ڕوویان لە دەرگانەی وەرگێڕا و گەڕانەوە ولاتی خۆیـان، بەڵام بۆ پاراستنی مافەکانیان زۆری پێداگرت و کردی بە یەکێک لـە مەرجـەکانی پێکهاتن لەگـەڵ دەولـەتی بیـزانس و گفتـی ئەسـتاند کـە بـەریانپێنـەگرن و تەنگەژەیان بۆ نەنێنەوە و لێیانگەڕێن بە ئـازادی بگەڕێنـەوە هـەڕێمی ژیـانی خۆیان. بەگوێرەی گێڕانەوەی پرۆکۆپیۆس، سیاوەش سەرتۆپی نەجیمزادەکانی ئێرانە و ئەگەرچی بەفیز و دەمار و زۆردار و زاڵم بوو، بەڵام ئادەمیزادێکی تەواو دادپەروەر و چاکەکار و داوێنپاک و میانـەڕەو بـوو. لـە ئەفسـانەی وەهرامـی چووبیندا[6] ئەم خاڵەی خـوارەوە خراوەتـەڕوو کـە خـوو و خـدەی ئـەم پیـاوە ئەوپەڕئاسایی‌یە بە چەشـنێک کـە لـە زەینـی هاونیشـتمانانیدا بـوو، ڕوون دەکاتەوە. وەهرام پاش ئەوەی کە دەولەتی تیژتێپـەڕی بـە سـەرچوو، ڕەوی و لـە ڕێیـە ڕووی کـردە دێیـەکی دوورەدەسـت و لەگـەڵ هاوڕێیـانی بـوو بـە میوانی پیرێژنێکی هەژار. پیرە لە بێژینگێکدا کوللێرەی جۆی کۆن و بەیاتی لـە پێشدانا و لەبەروەی پیاڵەی نەبوو، شەرابی لە قاپێلەکە کوولەکە کرد. پیرێژن میوانی نەدەناسی، بەڵام بیستبووی کە وەهرام ڕایکردووە. وەختایـەک وەهـرام لێپرسی ئەرێ تۆ پێتوایە وەهرام لەسەر هـەق بـووە یـان نـا، پـیرە وڵامـی داوە: «بەزاتی خودای وەهرام هەڵەی کرد، چونکە سـەری لـە ئاسـت فـەرمانی خواوەندگار و خواوەندگارزادی خۆی بادا و شمشێری لە ڕووی کێشان.» وەهرام گوتی: «کەوایە ڕاست سزای ئەمەیە کە لە کۆنە بێژینگدا کوللێرەی جۆ بخـوا و لە قاپێلکە کوولەکەیەکا خڵتە شەڕابێک بخواتـەوە.» پیرێـژن حاڵـی بـوو کـە میوانەکەی وەهرامە و تۆقی و لـەرزی، بـەڵام ئـەو سـەرداڕە دڵخۆشـی داوە و گوتی: «مەترسە، ئەوەی گوتت هەقە.» دوایە چەند سکەیەکی لـە بەرپشـتێندی دەرهێنا و دایە و هەستا و ڕۆیی و ملی ڕێیەی گرت.

دەولەتی ساسانی سەرەڕای کەموکووڕی و نوقسانییەکانی بنیایەکی مـەزن و قەسرێکی شکۆدار بوو. تێداچوونی نیشانەی بڕانەوەی ڕۆژگاری کۆن و دەسپێکی سەردەکانی نێوەڕاستی مێژووی ئێران و ئاسیای ڕۆژاوایی‌یە. نووسەرانی عەرەب، دەولەتی ساسانی کە ڕچەشکێنی سیاسـەتی دەولـەتانی ڕۆژهـەڵاتی بـوو، زۆر بەرزی هەڵدەسەنگێنن و تاریفی دەکەن و گەلی ئێران بە مەزن و ماقوولْ دادەنێن.

ئەبولفەدا دەڵێ: [٧] «هەموو نەتەوەکان لەسەر ئەو باوەڕەن کە پادشایانی ئێران گەورەترینی سوڵتانەکانی دنیا بوون و هەرز و بیر و تەگبیریان گەیشتۆتە چڵەپۆپە و بە باری جیهانداریدا هیچکام لە میرانی جیهان تای نەکردوون و شانی لە شانی نەداون. » لە «خلاصة العجایب»دا[٨] (؟) ئەم بڕگە تاریفاتە هاتووە: «هەموو نەتەوەکانی جیهان دانیان بە شانەبەرزەی ئێرانییەکاندا هێنا، بەتایبەت لە بێنوقسانی حوکمداریێتی و تەگبیری باش بۆ شەڕان و هونەری ڕەنگاندن و ساز کردنی خۆراک و لێکدانی دەوا و دەرمان و شێوەی پۆشینی جلوبەرگ و دانانی دامودەزگای هەرێمەکان و وریا بوون بۆ دانانی هەر شتێک لە شوێنی خۆی و هۆنینەوەی شێعر و نووسینی نامە و نامیلکە و گوتار و خوتبەدان و هەبوونی بڕشتی عەقڵ و ئەوپەڕی خاوێنی و دروستکاری و زەبر بە دەستی لە بواری پەسن و تاریفاتی پادشایانی خۆیاندا. لە تەواوی ئەو بوار و بەستێنانەدا سەرتر بوونی ئێرانییەکان بۆ نەتەوەکانی جیهان دەرکەوتبوو. مێژووی ئەم گەلە سەرمەشقی ئەو کەسانەیە کە پاش ئەوان خەریکی ڕێکوپێک کردنی وڵاتان دەبن.»

ئێرانییەکان لە مەودای سەدە و ڕۆژگارانی دوورودرێژا، پلەی پێشەوایەتی ڕووحیی خۆیان لە نێو نەتەوەکانی ئیسلامیدا ڕاگرت، بەڵام هێزی جەماوەری و سیاسی ئەوان پاش ڕووخانی دەوڵەتی ساسانی زۆری لە کزی دا. هۆکاری ئەو لاوازییە وەک هێندێک وایان داناوە، ئەمە نییە کە ئیسلام لە باری پتەوی بنەماکانی ئەخلاقی لە بەرامبەر دینی پارسیدا کورتی هێناوە، بەڵکوو یەکێک لە هۆیەکانی داڕووخانی گەلی ئێران، هاتنە سەر دەسەڵاتی حکوومەتی جەماوەری ئاسایییە کە ئیسلام دەرگای بۆ خستە سەرپشت و سەقامگیری کرد.[٩] چینەکانی مەزن و ماقوولان وردەورە لە نێو چینەکانی جەماوەری ئاساییدا توانەوە و ئەو تایبەتمەندییانەی کە ئەوانی بەرز و جیاواز دەنواند، سەرەوليژ بوون. باڵئەنگاوتنی هێز و دەسەڵاتی ئێرانییەکان بە سەر ئاسیای ڕۆژاواییدا دەگەڕایەوە سەر پێشینەیەکی سیاسی کە چەند سەدەیەکی بێنێوبڕ و درێژخایەن چینی مەزنان و پیاوانی ئایینی زەردەشتی بوویان و هەر ئەو پێشینە سیاسی و ڕووحە جوامێرانەیەی ئێرانیانی کۆن بوو کە کرایە بەردی بناغەی دەوڵەتی «بەنی عەببباس». گەشترین نموونەی ئەو تایبەتمەندییە جوانانە لە «بەرمەکی»یەکاندا خۆی نواند. یەکەم دەوڵەتانی کە پاش لاواز بوونی

عەبباسییەکان لە وڵاتی ئێرانا سەریان هەڵدا، هەموویان بناغەی دەسەڵاتیان لەسەر کوتوڵەتی پێشینەکانی کۆندانا و سەردەمی پرشنگداری سامانییان کە بە یەکەم درەوشانەوەی گزینگی ڕووحی و ئێرانیی پاش ئیسلام دادەندرێ، لە ڕاستیدا ڕەنگدانەوەی گەورەیەتی و شکۆی ساسانییە. لەم ڕۆژگارەدا ئەگەرچی بەشی هەرە زۆری چینی بالای نەجیمزادەکانی ئێران تێداچووبوون، بەڵام دێقانان (قوڵەئاغاکان) کە بە بەژنی داری کۆمەڵایەتی وڵات دادەندران، هێشتا هەر بەپێوە بوون. ئەم چین و توێژەی جەماوەری ئێران گەلێک یادگاری لەمێژین و پێشینەی پڕشانازی کۆنیان لە ناخ و دڵی خۆیاندا تازە و گەشاوە ڕادەگرت.

بنکەی ژین
www.zheen.org

پەڕاوێزەکان

١ - مارسێلینووس، کتێبی ٢٣، بەندی٦، کۆپلەی ٧٥ - ٨٤.

٢ - بابەتەکانی لاپەڕە ١٠٨ی کتێبی «پادشایەتی ساسانییەکان»، دێڕی ٨ - ٩، هەڵەیە و دەبێ ڕاست بکرێتەوە.

٣ - ئێلیزئۆس، لانگلوا، ب ٢، ل ٢٠٣.

٤ - بیل، بەڵگەنامەکانی بووداییی، ب ٢، ل ٢٧٨.

٥ - پرۆکۆپیۆس، ٢/١.

٦ - سەعالبی، ل ٦٧٢ و دواتر؛ بەراورد بکرێ لەگەڵ فیردەوسی، چاپی مول، ب ٧، ل ١٧٢ بەرەودوا.

٧ - مێژووی بەر لە ئیسلام، چاپی فلیشێر، ل ١٥٠.

٨ - وەرگێڕدراوی Carra de Vaux، ل ١٢٨ - ١٢٩.

٩ - هەڵبەت بەو جۆرەی کە بارتۆڵد لە گۆڤاری ئاشۆرناسیی، ب ٢٦، ل ٢٥٢ بەرەودوادا دەڵێ، گرینگایەتی وردەوردەی شارە گەورەکان تەنانەت لە چاخی ساسانیشدا بوو بە هۆی گلۆر بوونەوەی چینی نەجیمزادەکان. بەداخەوە زانیاری ئێمە سەبارەت بە ڕووداو و ئاڵوگۆڕەکانی ئابووری و کۆمەڵایەتی لە سەدەکانی پاشینی دەوڵەتی ساسانیدا زۆر کەمە. هەر بۆیە ئەم هەوڵەی کە بە مەبەستی دەرخستن و دەبڕینی چۆنیەتی ڕووخانی لەپڕی ئەو دەوڵەتە کردوومانە، زۆر نوقسانە. لێمان ڕوونە کە زۆر کەرستەی گرینگ و ماکەی سەرەکی ئەم ئاڵوگۆڕانە لەبەر چاومان بزر ماونەوە.

بنکەی ژین
www.zheen.org

پاشکۆی یەکەم

نووسینی ئەڤێستا

«ئابە فرانسوا نۆ» (L'abbé François Nau)لە وتارێکی خۆیدا کە «گۆڤاری مێژووی ئایینەکان، ژ ٩٥، ل ١٤٩ - ١٩٩، ساڵی ١٩٢٧» بڵاوی کردۆتەوە، هەوڵی داوە بە پشتبەستن بەو نووسراوانەی کە دەربارەی کۆمەڵێک دەمەتەقە و گفتوگۆی ئایینی نێوان مەسیحییەکان و زەردەشتییەکان، لە عیسایی‌یەکانی سۆریانی بەجێماوە، ئەم مەبەستە ساغ و ڕوون بکاتەوە کە دەقە پیرۆزەکانی مەزدەیەسنان هەتا نێوەڕاستەکانی سەدەی حەوتەمی زایینی دەبەدم پارێزراون و زەردەشتییەکان هەتا ساڵانی کۆتایی فەرمانڕەوایەتی ساسانییەکان خاوەنی کتێبێکی کۆکراوەی ئایینی نەبوون. بەڵام لەو قۆناخەدا چونکە پێشەوایانی ئایینی زەردەشتی ترسیان ڕێنیشتووە کە ڕەنگە گوتە و ڕاسپاردە و داب و نەریتە کۆنەکانیان لە بیران بچنەوە و بنەبڕ بن، خۆیان داوەتە کۆکردنەوە و نووسینی ئەڤێستای ساسانی. هەروەها مووبەدان ویستوویانە بەم کارە ئەو هەل و دەرفەتەی کە ئیسلام بۆ «ئەهلی کتێب» ڕەخساندوویەتی بیقۆزنەوە و لە کیسی نەدەن. پاشان «ئابە فرانسوا» بۆچوون و

گریمانەی خۆی ئاوا دەردەبڕێ و درێژەی دەدا: ڕاستە کە واژەی «ئەڤێستا» لە سەدەی پێنجەم و ڕەنگە سەدەی شەشەمی زایینیدا بووبێتە باو، بەڵام مانای ئەم وشەیە لەو ڕۆژگاریدا بە چەشنێکی ساکار بریتی بووە لە یاسایەک کە بە شێوەی کۆمەڵێک گێڕانەوەی زارەکی، دم بەدم بپارێزرێ. زۆر دواتر لە سەدەی هەشتەمی زایینیدا، ئەلفوبێی ئەڤێستایی داهات و ئەو دەقانەی کە دەوروبەری ساڵی ٦٣٤ی زایینی کۆ کرابوونەوە و بە خەتی پەهلەوی نووسرابوون، بردیانننە سەر ڕێنووسی ئەم ئەلفوبێ تازەیە.

بانگەشەی «ئابە نۆ» لە بنەڕەتەوە دەگەڕێتەوە سەر نێوەرۆکی ئەو کتێبە سۆریانییانەی کە هەڵگری کۆمەڵێک زانیارین سەبارەت بە نێوان و پەیوندەییەکانی زەردەشتییان و مەسیحییان لە چاخی ساسانیدا - چونکە لەو سەرچاوانەدا کە بابەتەکانیان دەمەتەقە و گفتوگۆی نێوان پەیڕەوانی ئەم دوو دینەن و مەسیحییەکان لەوانداء گەلێ جاران پشت بە کتێبە پیرۆزەکانیان دەبەستن - هەرگیز هیچ ئاماژەیەک بە کتێبگەل یا نووسینەکانی ئاییننی زەردەشتییەکان نەکراوە و تەنیا باسی «خوێندنەوە و نزا و پاڕانەوە» و «کۆمەڵێک حوکمی ئاییننی» لە گۆڕێ دایە و هەروەها زۆر جاران دابی مەزدەیەسنانیان بۆ لەبەرکردنی کۆمەڵە سەربوردە و وتەکانی ئاییننی خۆیان خستۆتەڕوو.

لەگەڵ ئەمەشدا بە هیچ چەشنێک ناکرێ لە ڕووی ئەو مەبەستانەوە کە بە سەردا تێپەڕین و خرانە بەرچاو، ئاکامێکی ئاوا گشتیی و بەرفرەوان وەربگیرێ. بێگومان ئەم بابەتە ڕاستە کە موغان ئەو بەشانەی «ئەڤێستا»یان لەبەردەکرد کە لە نزا و پاڕانەوە و ڕێوڕەسمی دینیدا بە کاریان دێنان، بەڵام هۆی ئەو ئیشە ئەمە بوو کە شوێندانانی ئاکار و کردار و ڕێوشوێنی ئاییننی دەگەڕایەوە سەر پاراستنی ورد و باریکی خوێندنەوەی دەقەکان. جگە لەمەش دەقەکانی «ئەڤێستایی» زۆر جیاوازن لەگەڵ کتێبە پیرۆزەکانی مەسیحییان. لە ڕووی ئەم شوێنپێ و نیشانانەڕا دەکرێ وا نوقڵانە لێبدرێ نووسەرانی مەسیحی کە لە گفتوگۆ و دەمەتەقەکانیاندا زۆر دەمارگرژ و بەرچاوتەنگ خۆیان دەرخستووە، بەئانقەست ئاماژەیان بە کتێبە پیرۆزەکانی مەزدەیەسنان نەکردووە هەتا خوێنەرانی مەسیحی بەو مەبەستە نەزانن کە دوژمنانی دینیی ئەوانیش خاوەنی کتێبی ئاییننی کۆکراوە بوون.

کەوایە بۆچوون و گریمانەی «فرانسوا» بـێبنـەڕەت و بنەمایـەکی ڕاسـت و دروستە و قبووڵ ناکرێ و قووت ناچـێ. ئەگـەر دەق و سـەرچاوەی نووسـراوی زەردەشتی بەر لە فەرمانڕەوایەتی یەزدگردی سێهەم، ئاخرین پادشای ساسـانی لە گۆڕێدا نەبووبن و مەبەست تەنیا ئەمە بووبێ کە بـە پەلەپـڕووزێ کتێبێکـی پیرۆز کۆ بکەنـەوە سـەر یـەک، هـەتا عـەرەب مەزدەیەسـنان بخەنـە ڕێـزی «ئەهلی کتێب» [باوەڕمەندانی خودای ئاسمـانیی]، مووبـەدان تـەنیا دەکەوتنـە کۆکردنەوە و نووسینەوەی کۆمەڵـێک نـزا و پاڕانـەوەی ڕێوشـوێنی ئـایینی و زەحمەت و کوێرەوەری نووسینی باس و بابەتی دوورودرێژی زانستی سروشتی و جوغرافیا و بواری ماف و شەریعەت و چەنـدی تریـان نەدەخسـتە سـەر شـانی خۆیان کە «ئەڤێسـتا»ی ساسـانی لـێبکەوێتـەوە. لـە لایـەکی دیکـەوە ئـاخر چۆن بـاوەڕ دەکـرێ لـە مـەودای ئـەو سالّـە تـاڵوتوونانـەدا کـە ئێـران بـە مەبەسـتی پاراسـتنی ژیـانی خـۆی دژی عـەرەبان خـەبات و بەربـەرەکانی دەکرد، مووبەدان توانیبێتیان ٢١ نەسکی ئەڤێستا کۆبکەنەوە و بـە ئـەلفوبێـی پەهلەوی بینووسنەوە، ئەو کتێبەی کە بەگوێرەی حیسبی «وێست» بریتی بـووە لە ٣٤٥٧٠٠ وشە. چونکە لەو ڕۆژگاریدا پێشـەوایانی ئـایینی زەردەشـتی هـەر ڕۆژەی بـۆ لایـەک ڕادراون و بڕشـت و دەسـەلاتیان ڕووی کردۆتـە لاوازی و پەیڕەوەکانیان دەستیان لە دینی کۆنی خۆیان هەڵدەگرت. چۆن باوەڕ دەکرێ کە ئەم مووبەدانە دەرفەتی داهێنانی ئەلفوبێی تازەیان بووبێ کە ئەمـڕۆ ناسـراوە بە ئەلفوبێی ئەڤێستایی و دەگەڕێتەوە سەر خوێندنەوە و قوواڵ بوونەوەی ورد و زانایانەی فۆنەتیک و دەنگـەکانی زمـانی پـیرۆز و جـا ئـەو جـار ٢١ نەسـکی ئەڤێستایان پێنووسیبێتەوە؟! هەروەها لەو بارودۆخەدا چۆن دەستی داوە کە لـە سەدەکانی دوایی‌دا بکەونە شی‌کردنەوە و لێکدانەوە و وەرگێڕانی وشە بە وشـەی نەسکەکان بە زمانی پەهلەوی کە بە قسەی «وێست» پتـر لـە دوو میلیـۆن وشـە بووە؟ ئەو جار چۆن چەند بەشێکی ئەم وەرگێڕدراوە لە سەدەی نۆهەمی زاییـنی‌دا وەختایەک نووسەرانی «دینکەرد» کورتەی ئەڤێستای ساسانییان لە کتێبـەکانی خۆیان‌دا دێنا، بزر ببوو؟!

لە نێو ئەو بابەتانەدا کە «ئابە نۆ» لە سەرچاوەکانی یۆنانی وەریگرتوون، تـەنیا لـە برگەیەک‌دا، ئەویش بەپێی لاپەڕەی ١٨٠ی تەرجەمەی خـودی خـۆی، ڕوون و ئاشـکرا

گوتراوە کە نزا و پاڕانەوەکانی زەردەشتییەکان بە نووسین تۆمار نەکراوە. ئەم بڕگەیە لە مێژووی شەهادەتی «یەشووع سەبران» وەرگیراوە کە دەوروبەری ساڵی ٦٣٠ی زایینی «یەشووع یەبە» نووسیویەتی و لەوێدا گوتوویەتی کەسێکی زەردەشتی لە توخمەی مووبەدان کە لە دینی خۆی هەڵگەڕابۆوە «عادەتی وابوو پەسن و نزا و پاڕانەوەکانی هەر بە شێوەی زارەکی فێر بێ، چونکە فێر کردن و ڕاهێنان و قسە خەساربارەکانی زەردەشت (بە سۆریانی زەردۆست Zaradost) بە پیت (یان نیشانە) نەنووسراونەوە.» بەڵام لە لایەکی دیکەڕا دەشێ ئەم ڕستەیە ئاوا بە چاکی تەرجەمە بکرێ: «چونکە ڕێوشوێن و ڕاهێنانە مەترسیدارەکانی زەردەشت بە نیشانەگەلی شیاوی تێگەیشتن نەنووسراونەوە.» جا ئەم ڕستەیە دەکرێ ئاوای بۆ بچی کە پەسن و نزا و پاڕانەوەکانیان بە ڕێنووسێک دەنووسی کە خەڵکی ئاسایی نەتوانن بیانخوێننەوە. (بڕوانە: دو مێناش (P. de Menasce)، بڵاڤۆکی ڕۆژهەڵاتی، ب ٩، ل ٥٨٧، یادداشتی ٢) هەر بۆیە تەواوی ئەو بەڵگانەی کە «ئابە نۆ» بە مەبەستی چەسپاندنی بۆچوونی خۆی هێناونی، هیچ سەنگ و بایەخیان نیە.

لە لایەکی دیکەوە، ڕەنگە «نیبێرگ» لەم بۆچوونەی خۆیدا زۆر بە هەڵە نەچووبێ کە دەڵێ ئەڤێستای کۆکراوەی ڕێکوپێک لە ژیانی کۆمەڵ و پڕانی جەماوەری ئاسایی‌دا بەکردەوە شوێنێکی بەرچاوی نەبووە و تەنیا دوو یان سێ دەقی دەسنووسی لە گۆڕێدا بووە و ئەویش لە ناوەندە گرینگ و بەرزەکانی دینی و سیاسی ولات دایاننابوون؛ (نیبێرگ، ئایین، ل ١٣ - ١٤.)

✧✧✧

وەختایەک خەریکی خوێندنەوە و پێداچوونەوەی نموونەکانی چاپخانە بووم، چاوم بە کتێبێکی تازەی «بێیلی» کەوت بە ناوی «پرسەکانی زەردەشتی لە کتێبەکانی سەدەی نۆیەمی زایینی دا». نووسەر لەم بەرهەمەدا باسی پرسی نووسینی ئەڤێستاش دەکا و بڕوای وایە کە ئەڤێستایان لە نێوەڕاستەکانی سەدەی شەشەمی زایینی‌دا کۆ کردۆتەوە و داهێنانی ئەلفوبێی ئەڤێستاییش هەر سەر بەو قۆناخەیە:

H. W. Bailey, Zoroastrian Problems in the Ninth Century Books (Oxford 1943).

پاشکۆی دووەم

پێرستی کاربەدەستانی پایەبەرزی وڵات

ڕێزدار «ئێرنێست ئێشتاین» لە «ساڵنامەکانی بیزانسی و یۆنانی نوێ»[1]، ساڵی ١٩٢٠، لاپەڕە ٥٠ و دواتردا، وتارێکی لە ژێر سەردێڕی «خوێندنەوەی بارودۆخی قۆناخێکی دەوڵەتی ئێران و دەوڵەتی بیزانس» بڵاو کردۆتەوە کە تێیدا پەیوەندییەکانی نێوان داڕشتنەوەی ڕایەڵۆپۆی دامودەزگای پادشایەتی ساسانییەکان لە سەدەی شەشەم و ڕێکخستنی دەزگا تازەکانی ئیمپراتۆرێتی بیزانسی لە سەدەی حەوتەمی زایینیدا، خستۆتە بەر خوێندنەوە و لێکۆڵینەوە. لەو بەشەدا کە سەبارەتە بە ئێران، نووسەر سێ جەللەی نازناوداران و کاربەدەستانی پایەبەرزی دەوڵەتی ساسانی، کە من پێشتر لە لاپەڕە ٣٠ - ٣١ی کتێبی «پادشایەتی ساسانییەکان» لە ساڵی ١٩٠٧ی زایینیدا خستوومەتەڕوو، کردوویەتە سەرچاوە و سەلماندوویەتی و ڕوونی کردۆتەوە کە ئەم سێ پێرستە سەر بە سێ قۆناخی جیاوازن. ئێمە لە ڕووی لێکۆڵینەوەکانی ئەوڕا خول و قۆناخە جیاوازەکانی چاکسازیی ئیداریمان بۆ دەردەکەوێ کە لە ماوەی سەدەی شەشەمی زایینیدا لە ئێران بەڕێوە چوون.

کاکڵ و بابەتی پاشکۆی دووەمی چاپی یەکەمی ئەم کتێبە، کردنەوەی دەرگای باس و لێدوان بوو سەبارەت بە ئاکامی توێژینەوەکانی بەڕێز ئێشتاین کە من بە چواربەندەی ڕازیم، بەڵام قبووڵ کردنی بیر و بۆچوونەکانی دەربارەی تاوپۆ و ڕایەڵەی پەیوەندی نێوان سنووورانان و سپاهبودان و پادگووسپانان لەگەڵ یەکتر، بۆ من دژوار بوو، بۆیە هەوڵم دا بە جۆرێک چارەسەرییەکی دیکە بۆ ئەم تەنگەژەیە بدۆزمەوە.

خۆلاسەی کەلام، ئاغای ئێشتاین لەو ڕەخنەدا کە لە سەر چاپی یەکەمی «ئێرانی سەردەمی ساسانییەکان»[٢] نووسیویەتی، لەبەر بارودۆخەکەی ئێستا، هێندێک بەر لە دەسپێکی چاپی دووەم گەیشتە دەستم. بەڕێزیان مەبەستەکەی سەرلەنوێ دایگرساندۆتەوە و باس و لێکۆڵینەوەیەکی وردتری سەبارەت بە پرس و بابەتەکانی پەیوەندیدار پێیەوە هێناوەتە گۆڕ. پاش خوردبوونەوە لە بەڵگە و بۆنە تازەکانی ئەم نووسەرە، منیش چوومە سەر دەنگ و بۆچوونەکانی ئەو.

پێرستی بەرباس بریتییە لە:

١ - یەعقووبی: وزورگ‌فەرمادار (مەزنەوەزیر)، هیربەدان‌هیربەد (پارێزەری ئاورگا)، دەبیربەد (سەرۆکی دەبیران)، سپاهبەد (سپاهبود = سپاسالار) کە «پادگووسپان»ێکی لە ژێر فەرمانیدا بووە، هەروەها فەرمانفەرما (حوکمڕان)ی هەرێمەکان کە پێیاندەگوتن «سنووروان».

٢ - مەسعوودی، «التنبیە»: موبەدان‌موبەد (کە «هیربەد»ی لە ژێر دەسەڵاتیدا بووە)، وزورگ‌فەرمادار، سپاهبود، دەبیربەد (دەبیردبود)، هووتۆخشبەد، کە «واستریووشبەد»یشیان پێگوتوون. ئەم کەسە سەرۆکی تەواوی کاسپکاران و ئەو جەماوەر بووە کە خزمەتێکیان ڕاپەڕاندووە، وەک غولامان، وەرزێڕان، چەرچییەکان، بازرگانان و هتد. دەستەیەک لە پایەبەرزانی وڵات «سنووروانان» بوون کە بە فەرماندەری سنووران دادندراون و چوار کەس بوون لە چوار قۆڵی سەرەکی.[٣]

٣ - مەسعوودی «مروج الذهب»: وەرزا، موبەدان‌موبەد (کە مەزنەدادوەر و سەرۆکی شەریعەت و پێشەنگی هیربەدان بووە)، چوار سپابود (کە کاربەدەستی

پلەیەکی دەوڵەت بوون و هەرکام بە سەر چواریەکی وڵاتا حوکمڕانییان کردووە و هەر یەکەی بریکارێکیان بووە بە ناوی سنووروان. »[۴]

بە بڕوای ئاغای ئێشتاین[۵] پێرستی یاقووبی (یەعقووبی) لە هەموان کۆنترە، چونکە یەکەم: شێوەی ڕێکخستن و ڕیزبەندی پلەوپایەکانی وەک پلەوپایەی ئەو مەزنانە وایە کە بەگوێرەی نامەی ناودێرکراو بە ناوی «تەنسەر» بەرپرسی هەڵبژاردنی پادشا بوون و ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ قۆناخی بەر لە چاکسازیی دەوڵەت لە زەمانی حوکمڕانێتی کوادی یەکەمدا. دووەم: لە نێو سێ پێرستەکەدا، تەنیا پێرستی یاقووبی، هیربەدانهیربەد دەخاتە ڕێزەی پایەبەرزانی وڵات کە دواتر پلە و ئیشەکانی ئەو خراونە سەر ئەرک و کارەکانی موبەدانموبەد. پاشان ئێشتاین ئاماژە بەم خاڵە دەکا کە تەنیا لە جەللەی یاقووبیدا باسی پادگووسپان کراوە کە لە ژێر دەسەڵاتی سپاهبود (سپالار)دا بووە و لێرەوە دەگاتە ئەم ئاکامە کە لە قۆناخی سەر بەم پێرستەدا، وڵات تەنیا پادگووسپانێکی تێدا بووە کە بە بریکاری سپاهبود داندراوە و سپاهبودیش هەتا ڕۆژگاری خوسرەوی یەکەم هەر یەک کەس بووە و ئەنووشەڕەوان بۆ چواری پێهەڵابردووە. ئاغای ئێشتاین بە مەبەستی قۆڵ کێشان بۆ ئەم خاڵە، بڕگەیەکی لە «دینەوەری» هێناوە.[۶] لەم بڕگەیەدا، ناوی مەزنەپیاوانی سەربەدەرەوە نووسراوە کە پاش کۆچیدوایی یەزدگردی یەکەم، بە مەبەستی بێبەش کردنی پاشەوارەکانی لە فەرمانڕەوایەتی، ڕێککەوتن و بریتی بوون لە: ۱ - وێستەهم سپالاری سەودا (عێراق و بابل) کە پێیدەگوترا «هەزارەفت». ۲ - یەزدگرد گوشنەسپ، پادگووسپان[۷]... ۳ - پیرەگ، کە پلەکەی هەمان پلەی مێهران بوو.[۸] ۴ - گوودەرز (گۆدەرز)، چاوەدێری سپا. ۵ - گوشنەسپ ئادۆرویش، نووسندەی داهاتی پیتاک. ۶ - پەناهخوسرەو، بەڕێوەبەری دەزگای خێر و خێراتی وڵات. بەگوێرەی دەقی تەبەری[۹] «سپاهبود وێستەهم» لە ڕێزەی موبەدانموبەد دادندراوە و پێیانگوتووە «هەزارەفت» کە دواتر پیاوێکی زۆر دەسەڵاتداری وەک «زەرمێهر سۆخرا» ئەم نازناوەی بە باڵای بڕاوە. بەڕێز ئێشتاین لە ڕووی ئەم باسەوە وای لێکدەداتەوە و دەگاتە ئەو ئاکامە کە تەنیا «وێستەهم»ی ناوبراو «سپاهبود» بووە و لەم پلە و شوغڵەدا کەسی شەریک نەبووە، واتە سپاسالاری ئێران (ئێرانسپاهبود) بووە. بەڵام نابێ چونکە

دینەوەری پێی‌گوتووە «سپاهبودی سەواد» وا بزانین کە چەند کەسێکی دیکەش سپاهبود بوون، بەڵکوو ئەم زێدەواژەیەی خراوتە پاڵی باسی گرینگترین پلەی لێپرسراوێتی[10] دەکا کە لە پێش‌پێشدا حوکمڕانی سەواد بووە.[11]

ئاغای ئێشتاین پێرستی کتێبی ئەتتەنبییەی مەسعوودی بە لایەنی پێشینەی مێژوویی‌دا بە پلەی دووەم دادەنێ[12] و بڕگەیەکی لە «ئیلیزئۆس» هێناوەتەوە کە تێیدا «موبەدان‌موبەد» و «دەرئەندەرزبەد» و «ئێران‌سپاهبەد» وەک مەزنترین پلەدارانی ڕۆژگاری یەزدگرد لە قەڵەم دراون. بە بڕوای وی دەرئەندەرزبەد کە لە بزاولەبز دەبێتە «مامۆستا» یان «ڕاوێژکار»ی دەربار، سەرناوێکی دیکەی وزورگفەرمادار بووە. بەگوێرەی ئەو توێژینەوەیە لیستەیەکی کە ئیلیزئۆس ڕایگواستووە، لەگەڵ پێرستی «ئەتتەنبیە» تەواو دەبن بە یەک و لە ئاکامدا دەبێ جەللەی ئەتتەنبییە بە هی سەردەمی یەزدگردی دووەم بزاندرێ. کەوایە ئەو چوار سنووروانەی کە پلەیان بە میرات نەگەڕاوە و خاوەنی نازناوی شایەتی بوون، لە چاخی یەزدگردی دووەم‌دا بە تەواوی شوێن و دەسەڵاتیان دیاری‌کراو بووە. سنووروانی دیکەش هەبوون کە بە حوکمڕانی لەشکریی داندراون و قەڵەمڕەویان بریتی بووە لەو ناوچە و مەڵبەندانەی کە هەرێمە چوارینەکانی وڵاتیان پێکهێناوە. بە بڕوای ڕێزدار ئێشتاین، لیستەی سێهەم کە لە «مروج الذهب»ی مەسعوودی دایە، لە هەمووان تازەترە، چونکە تەنیا لەم جەللەیەدا باسی چوار سپاهبود کراوە و دەزانین کە دانانی چوار سپاهبود کاری ئەنووشەڕەوانە.

لەم ڕیزەدا ناوی موبەدان‌موبەد کەوتۆتە دوای هەموو وەزیرەکان و ئەمە نیشانەی باروهەوای پلەی چینی پیاوانی ئایینییە کە کوادی یەکەم و خوسرەوی یەکەم دەسەڵاتیان تێکشکاندن.

لەم لیستەیەدا وەزیرەکان سەرجەم باسیان کراوە و ئاغای ئێشتاین لای وایە کە «ئێستەبەد»یش دەبێ لە ڕێزەی ئەوان دابندرێ. لە سەرچاوەکانی بیزانسی‌دا ناوی پلەی ئێستەبەد خراوەتەڕوو: یەکیان بۆ «ماهبود» کە یەکێک لە پایەبەرزانی بارگای کواد بووە[13] و ئەویتر «فەڕوخان»کە لە سەردەمی هۆرمزدی چوارەمدا ژیاوە.[14] پلەی ئێستەبەد لەو ڕۆژگاری‌دا بەپێی ئەو دوو پێرستەی باسیان کرا، لە گۆڕێدا نەبووە.

بەپێی بۆچوون و نوقڵانەی ئاغای ئێشتاین، [15] کـوادی یەکـەم و خوسـرەوی یەکەم بە مەبەستی کەم کردنەوەی بازوبرد و هێـزی وزورگـفـەرمادار، هێنـدێک شوغڵ و پلەی تازەیان داهێناوە و بەشێک لـە دەسـەڵاتەکانی ئـەویان داوە بـە بەرپرسانی ئەو کار و شوغڵە تازانە. سەرەتا کواد پلەی ئێستەبەد یان سـەرۆکی تەشریفاتی[16] داهێنا و بەرپرسایەتی کاروباری هەرێمەکانی لە وزورگـفـەرمادار ئەستاندەوە و وڵاتی دایە دەس چوار پادگووسـپان کـە لـە ژێـر سـەرکردایەتی ئێرانسپابودا بوون. پاش ئەو خوسرەوی یەکەم لە جێی ئەوان چوار سـپاهبودی لە چواریەکی وڵاتا کردە فەرمانفەرما.

خاڵی گرینگ و سـەرەکی لـە تۆژینـەوەکانی ئێشـتاینـدا ڕوون کردنـەوە و دەرخستنی هەبوونی شـێوەیەک هاوتـەریبی و وێکچـوونی نێـوان دامودەزگـای دەوڵەتی ئێران و بەڕێوەبەرایەتی و دامـەزراوەکانی ئێمپراتۆرییـەتی بیزانسـە. یانی کە داهێنان و ڕێکخستنە تازە ئیداریـیەکانی هەرکام لەم دوو وڵاتـە تێکتـردا ڕەنگیـان داوەتـەوە و لـە سـەر یـەک کاریگـەر بـوون. چاکسـازی ئیـداری ئیمپراتۆرییەتی بیزانس لە سەدەی حەوتەمی زایینیدا، لاسا کردنەوەیەکی ئـەو ئاڵوگۆڕانەیە کە سەدەی شەشەم لە دامودەزگای پادشایەتی ئێراندا بـەدیهـات (هەر چەندە ئەم چاکسازییە لە بیزانسا قوولتر و بنەڕەتیتر بوو.) ئـەو یاسـا و ڕێسا ئابووری و کۆمەڵایەتییەی کـە «خوسـرەوی یەکـەم» بـۆ سـپای ئێرانـی وەبەرچاوی گرت، هەمان ڕێوشوێنەی بنەڕەتییـە کـە هێراکلیـووس (هێرقێـل) پێکهاتەی تازەی قۆشەنی خستە سەری. بەم شێوەیە وێکچوونێکی سەیر لە نێوان هێزە چەکدارەکانی دوو دەوڵەتی ئێران و بیزانسدا بەدی دەکرێ. چـوار سـپابود (سپاسـالار)ی ئەنووشـەڕەوان وەک چـوار «ئێسـتراتگووس» دەچـن لـە چـوار بەستێنی بەرینی سەرەکی بیزانسدا و سنووروانە مەزنـەکـان واتـە بریکـارانی سپاهبودانی ئێران چەشنی جێنشینەکانی ئێستراتگووسەکان لە بەڕێوەبەرایەتی هێرقێلی بیزانسیدا دێنە بەرچاو. جگە لەمەش بەپێی تێبینـی و خوردبوونـەوەی نووسەر، ئەم وێکچوونە سـەیرە دەربـارەی پادگووسـپانانیش ڕاسـتە و چـوار پادگووسپانەکەی دامودەزگای ئێـران هاوشـێوەی گـەورە ڕاوێژکـارانی بـوار و بەستێنەکانی بەڕێوەبەرایەتی دەوڵەتی بیزانسن.[17]

✧✧✧

ئەگەرچی خودی ئەم خاڵە شایانی سەرنجە کە مەزدەک لە کاتی وێنواندنی هێزە چوارینەکانی دەسەڵاتی ئاسمانیی بە چوار کەسی پایەبەرزی وڵات ناوی وزورگفەرمانداری نەبردووە، بەڵام ئەم مەبەستە نابێ زۆری بایەخ پێبدرێ، چونکە مەزدەک ئەو کەسانەی هەڵبژاردووە کە وێکچوون و خاڵی هاوبەشی نێوانیان لەگەڵ هێزەکانی مەعنەوی پێشتر باسکراودا، زیاتر بووە.

بێجگە لەو بابەتانەی کە لە دەقی یەعقووبی و مەسعوودی وەرگیراون، دوو کتێبی دیکەش هەن کە یەکیان بە زمانی پەهلەوی نووسراوە و ئەویتر بە فارسی و هەڵگری کۆمەڵێک زانیارین سەبارەت بە رێزبەندی پلەکان و پایەبەرزانی حکوومەتی فەرمانڕەوایانی ساسانی. سەرچاوە پەهلەوییەکە ناوی «سوورسەخوەن»ە و کتێبە فارسییەکە «فارسنامە»ی ئیبنوو بەلخییە.

سوورسەخوەنی ساسانی[18] (۹ᵇ - ۱۴§) ڕیزە ناوێکی بە دەستەوە داوە کە بە خودی شاهەنشا دەس پێدەکا و ئاوایە:

شاهانشاه، پۆسئی واسپۆهر (جێنشینی میری)، وزورگفەرمادار، چوار سپاهبود (وادیارە سپاهبودی باکوور لەبەر کەمتەرخەمی نووسندەکە لە قەڵەم کەوتووە)، دادوەرای دادوەران (داوەریدادوەران = مەزنەدادوەر) و موغانئەندەرزبود = (موبەدانموبەد). لە بەندی یازدەدا نووسراوە کە وزروگفەرماندار: «گەورەیە لە گەورەیەتیدا، توانایە لە تواناییدا و چاک و مەزنە بۆ هەموو کۆمەڵانی خەڵک.»

ئێستا با بزانین ئەم پێرستە کە تێیدا «گەورەفەرمادار» پاش بنەماڵەی پادشایەتی بە پلەی یەکەم دێ و «موبەدانموبەدان» دەکەوێتە ئاخری، سەر بە چ ڕۆژگارێکە؟ هێنانی باسی پلەی چوار سپاهبودەکە نیشانەی ئەمەیە کە پێرستەکە لە سەردەمی خوسرەو وێوەتر ناچێ. بە بڕوای ئێشتاین ئەم جەللەیە لە جەللەی نێو «مروج الذهب»یش تازەترە. سەرەتا من دەمهەویست ڕێکەوتی ئەم پێرستە بەرمەوە ئەو قۆناخەی پادشایەتی ئەنووشەڕەوان کە دەکەوێتە نێوان دوو هەنگاوی چاکسازییانەی وی؛ واتە مەودای نێوان کاتوساتی دانانی چوار سپاهبودەکە و ئەو وەختەی کە ئەنووشەڕەوان بە مەبەستی کەم کردنەوەی دەسەڵاتەکانی «بزورگفەرمادار» ئەو کارانەی کە لە «فارسنامە»ی ئیبنوو بەلخیدا باسیان کراوە، کردوونی. بەڵام بەڕێز ئێشتاین لای وایە کە

«مەزنەفەرماندار» پلەی سەرۆکایەتی وەزیرانی لە دەس نەداوە و وا دێتە بەرچاو کە دابەزینی لە ڕادەبەدەری پلەی مووبەدانمووبەد لەو جەللەیەدا، بۆیە بێ کە ئەم دەقە سەر بە قۆناخی دوایی چاخی ساسانییە کە دامودەزگای دەوڵەت بەرەو تێداچوون گڵۆر ببۆوە و کەمدەسەڵاتی چینی پیاوانی ئاییینی لەوپەڕی خۆیدا بوو.

ڕاوێژ و تامی زاری گشتیی «سوورسەخوەن»یش دژی ئەم بۆچوونە نیە. بەڵام سەبارەت بە فارسنامەی ئیبنوو بەلخی دەبێ بڵێین کە بەداخەوە ئەو بڕگەیەی لێیوەرگیراوە و ئێستا بابەتی باسەکەی ئێمەیە، زۆر لێڵ و تاریکە. ئەم کۆپلەیەی فارسنامە دەچێتەوە سەر سەرچاوەیەکی پەهلەوی و من دەقاودەق دەیخەمە بەرچاو و شیکردنەوەکانی خۆمی لە چاپی یەکەمی ئەم بەرهەمەڕا دەخەمەپاڵ:

«... سەرەڕای گەورەیەتی و بلیمەتی بزورجمێهر کە وەزیری ئەو بوو، ئەنووشەڕەوان وەزارەتەکەی وا دامەزراند کە دەبیر بزورجمێهر و بریکار (نایب) دەیانتوانی ڕاستەوخۆ هاتوچۆی کیسرا بکەن و ئێمە بەم بریکارە دەڵێین «وەکیلدەر» و بە پەهلەوی پێیاندەگوت «ئێرانتمازغەر»و جێگری وەزیر. ئەمانە هەرسێکیان هەڵبژاردە و داندراوی ئەنووشەڕەوان بوون و لە خزمەت بزورجمێهردا کاریان دەکرد و خودی وەزیر نەیدەتوانی هیچکام لەم سێ کەسە هەڵبژێرێ و مەبەستی ئەنووشەڕەوان ئەوە بوو کە دەبیر (نووسندە = سەرۆکی نووسینگە) هەر نامەیەکی کە دەینووسێ بۆ کەسانی مەزن و دەوروبەران، خاڵە ورد و نەهێنییەکانی لە ئەنووشەڕەوان ئاشکرا بکا و وەکیل هەر شتێکی قەومابا لە چاک و خراپ، لە نووکوبەدەوە بۆی دەگێڕاوە و ڕێگای بەرژەوەندییەکانی بۆ دەکردەوە و بریکار بە سەر سامان و مامەڵەکان ڕادەگەیشت و ئەمانە هەرسێکیان کەسانێکی ڕەسەن و زانای فامیدە و زمانپاراو بوون.»

سەبارەت بەم بڕگەیەی فارسنامە سەرەتا دەڵێین کە واژەی «وەکیلدەر» ڕاستکردنەوەیەکە کە بڵاوکەرەوەکانی کتێبەکە لە ڕووی بۆچوون و نوقڵانەوە ئەنجامیان داوە. لە دەقە دەسنووسەکاندا سەبارەت بە بابەتی یەکەم نووسراوە «وەکلیدەر» و «وەکلید» و بۆ بابەتی دووەم «وەکیلدار» و «کلیدار» هاتووە و بەگوێرەی ڕاوێژی ڕستەکە ئەمانە بریتی بوون لە دوو پلە و پایەی جیاواز.

بەڵام دەربارەی لەبزی «ئێرانمازغەر»یش دەڵێین کە جێی باسوخواس و گومانە، چونکە لە دەقە دەسنووسەکانی «فارسنامە»دا «ئێبرانمازعەر» و «ئێرانمازعەر» نووسراوە.

ئاشکرایە کە لە نێوان سەرەتا و کۆتایی ئەم بڕگەیەی فارسنامەدا، دژوازییەک هەیە. لە پێشدا باسی «دەبیر» و «بریکار» و «بزورجمێهر» کراوە، لە کۆتاییدا قسە لە سێ کەسی بەردەست و هەڵبژاردەی ئەنووشەڕەوانە و بەرپرسایەتی هەرکامیان بەگوێرەی ئاڵوگۆڕەکانی کیسرا خراوەتەڕوو. ئەم سێ پلەبەرزە بریتی بوون لە «دەبیر» و «... دار» (کلیدار یان وەکلیدار) [19] و «بریکار».

بە بڕوای ئێمە تێکچوون و شێوازی ئەم بڕگە لێرەوە سەری هەڵداوە کە لە کاتی هێنانی پلەی سێ کەسەکەدا، واتە «دەبیر» و «وزورگمێهر = بزورگمێهر» و «بریکار»، نووسەری کتێبەکە وشەی «وزورگمێهر»ی کە لە فارسی ئێستادا کراوەتە «بزورجمێهر»، جارێکی دیکە لەم ڕستەیەی وەرداوە و بە هەڵە لەبری واژەیەکی دیکەی داناوە. ئێمە لامان وایە کە لەجیاتی «دەبیربزورجمێهر» و «بریکار» دەبێ «دەبیربزورگ» دابنێ و ئەم «دەبیربزورگ»ە هەمانە کە پێیاندەگوت «دەبیران مەهێست» و «ئێرانەدەبیربەد». کەوایە ئەم ڕستە بەرباسە پاش هەڵەبڕ کران ئاوای لێدێ: دەبیربزورگ، [نێگیریدار] و بریکار. بەڵام سەبارەت بە بریکار کە جێنشینی وەزیر بوو، لەو بڕگەی فارسنامەدا دەڵێ ئێمە بەم بریکارە دەڵێین وەکیلدەر (؟) و بە پەهلەوی ئێبرانمازعەر و ئێرانمازعەریان پێدەگوت. مەبەستی لە «ئێمە» هاوچەرخانی نووسەری «فارسنامە» یان هاوچەرخانی نووسەری کتێبێکی کۆنتری دیکەیە، کە نووسەری فارسنامە ئەم کۆپلەیەی لێوەرگرتووە. لە کتێبی یەعقووبیدا[20] دەستەواژەیەکی ئاوا هەیە «المرد مارعد» و لە «تجارب الامم»ی ئیبنوو مۆسکوویەدا[21] نووسراوە «نایبی بزورگفەرمادار، ئێرانمارعەر». بەپێی ئەو ئەرکانەی کە لەم بڕگەیەی «فارسنامە»دا بۆ بریکار داندراوە و گوتوویەتی: «بریکار بە سەر سامان و مامەڵەکان ڕادەگەیشت» ئێمە پێمان وایە کە لە پشت تەواوی ئەم ڕووکارە هەڵانەوە، وشەی ئێرانئامارکار» یانی «سەرۆکی دەزگای حیساباتی پادشایەتی» خۆی پەنا داوە. [22]

جا ئێستا پاش ئەو هەڵەبڕینەی کە بە درێژی لە سەری دواین، دەتوانین بڕگەی بەرباسی فارسنامە ئاوا بنووسینەوە:

«... سەرەڕای گەورەیەتی [مەعنەوی] و بلیمەتی بزورجمێهر کە وەزیری ئەو بوو، ئەنووشەڕەوان وەزارەتەکەی وا دامەزراند کە دەبیری گەورە و [نێگیریدار] و بریکار دەیانتوانی ڕاستەوخۆ هاتوچۆی کیسرا بکەن و ئێمە [لەم ڕۆژگارەدا] بەم بریکارە دەڵێین «وەکیلدەر» (؟) و بە پەهلەوی پێیاندەگوت «ئێرانئامارکار» و جێگری وەزیر. ئەمانە هەرسێکیان هەڵبژاردە و داندراوی کیسرا ئەنووشەڕەوان بوون و لە خزمەت بزورجمێهردا کاریان دەکرد و خودی وەزیر نەیدەتوانی هیچکام لەم سێ کەسە هەڵبژێرێ و مەبەستی ئەنووشەڕەوان ئەمە بوو کە «دەبیر»ی «گەورە» هەر نامەیەکی کە دەینووسێ بۆ کەسانی مەزن و دەوروبەران، خاڵە ورد و نەهێنییەکانی لە ئەنووشەڕەوان ئاشکرا بکا و نێگیریدار هەر شتێکی قەومابا لە چاک و خراپ، لە نووکوبەدەوە بۆی دەگێڕاوە و ڕێگای بەرژەوەندییەکانی بۆ دەکردەوە و بریکار[واتە ئێرانئامارکار] بە سەر سامان و مامەڵەکان ڕادەگەیشت و ئەمانە هەرسێکیان کەسانێکی ڕەسەن و زانای فامیدە و زمانپاراو بوون.»

سەرەڕای ئەو هەوڵەی کە بە مەبەستی ڕێکوپێکی و چاک کردنی ئەم بڕگەیەی «فارسنامە» دامان، ناتوانین بڵێین کە دەقاودەق وەک خودی سەرچاوە پەهلەوییەکەی فارسنامە وایە. من گومانم نیە کە لە دەقی سەرەکی پەهلەوی‌دا لەبری وزورگمێهر، وزورگفەرمادار بووە[۲۳] و لە ڕاستی‌دا ئەنووشەڕەوان دەسەڵاتەکانی وزورگ فەرمانداری دابەزاندووە و لە لایەن خۆیەوە سێ کەس لە پایەبەرزانی دەوڵەتی هەڵبژاردووە کە لە کارەکانی وزورگفەرمادارا هاوبەش بن.

ئاغای ئێشتاین لەم وتارەی ئاخری خۆی‌دا (موزیۆن، ل ۱۳۱ - ۱۳۲ - ۱۹۴۰) بۆ شی‌کردنەوەی ئەم بڕگەیەی «فارسنامە» بەڕاست هەقێتی کە دەڵێ: ئەم چەند ڕستەیەی فارسنامە بە هیچ چەشنێک نیشانەی ئەوە نین کە خوسرەو ئەنووشەڕەوان دەسەڵاتەکانی وزورگفەرمادارە بە قازانجی سێ وەزیرەکە[۲۴] کەم کردبێتەوە، بەڵکوو لەم بڕگەیەڕا وا دەردەکەوێ کە پادشا هەقی هەڵبژاردنی ئەم پلەدارانەی کە لە ژێر چاوەدێری وزورگفەرمادارا بوون، تایبەت داوە بە خۆی و

ئەم وەزیرانە بۆیان بووە ڕاپۆرتی کارەکانیان ڕاستەوخۆ بەرنە خزمەت پادشا، بەڵام پلە و ئەرکی پێشوویان هیچ گۆڕانێکی بە سەر نەهاتووە.

هەروەها بە بڕوای ئێشتاین، «بریکار» خاوەنی پلەیەک بووە وەک جێگری وەزیر و ئەویش «دەبیربزورگ» (مەزنەدەبیر) لەگەڵ ئێراندەبیربەد - کە کار و دەسەڵاتەکەی وادیارە وەک کارگێڕی کۆشکی پیرۆز و لە هەمان کاتا Primiceriue notaeiorum ئیمپراتۆرێتی خواروو بووە - بە یەک دانانێ، بەڵکوو مەزنەدەبیر بە خاوەنی کۆمەڵێک ئەرک و دەسەڵاتی وەک Magister memoriae یان epistolarum دەزانێ و لە درێژەدا دەڵێ کە لە ئێراندا ئەم کاروبارانە لە ئەستۆی ئێستەبەد، واتە سەرۆکی تەشریفات نەبووە، بەڵکوو وزورگفەرمادار چاوەدێری بە سەردا کردووە.

بەڵام هەرچونێک بێ ئاغای «ئێشتاین»یش خودی ئەو مەبەستە دەسەلمێنێ کە بڕگەی باسکراوی فارسنامە سیاسەتی کەم کردنەوەی دەسەڵاتی وزورگفەرمادارى پێوە دیارە، «یانی پاش دابەزینی دەسەڵاتەکانی لە چاخی کوادی یەکەما، ئەو ڕەوت و ڕێبازە لە ڕۆژگاری خوسرەو ئەنووشەڕەوانی کوڕیشی‌دا درێژەدراوە و ئەمجار دەسەڵاتەکانیان لە جەغزی دامودەزگاکانی بەردەستی خۆیا بەستۆتەوە.»

سەرەڕای ئەمەش دەبێ برانین کە بەپێچەوانەی بۆچوونی «بارتۆلد»[۲۵]، پلەی وزورگفەرمادار هەرگیز هەڵنەگیرا و هەتا کۆتایی سەردەمی ساسانی هەر مایەوە.

بنکەی ژین
www.zhin.org

پەڕاوێزەکان

1. Byzantinisch - neugriechische Jahrbücher Ein Kapitel vom persischen und vom byzantinischen ṭaate.

٢ - مووزیۆن، ب ٥٣ (١٩٤٠)، ل ١٢٣ - ١٣٣.

٣ - مەبەست «سنووران - شارەوان)ە.

٤ - ئەو باس‌وخواسەی کە لێرە بە دوا سەبارەت بە پلەی گۆرانیبێژان و چاوەشان و ئەوانە هاتووە، بۆ توێژینەوە دەربارەی مەبەستی بەرباس بێهوودەیە.

٥ - سەرچاوەی یەکەم، ل ٥٤ بەرەودوا، (سالنامەکانی بیزانسی و یۆنانی نوێ).

٦ - گیرگاس، ل ٥٧، نۆلدکێ، تەبەری، ل ٩٦، یادداشتی ٣.

٧ - ئەو واژەیەی کە دوای پادگووسپان لە دەقەکەدا هاتووە، وادیارە تووشی پیتگۆڕکە بووە و دروست ناخوێندرێتەوە. گیرگاس هەر بە بۆچوون و نوقلانە پادگووسپان «الزوابی» خوێندۆتەوە، بەڵام وێناچێ دروست بێ. (الزوابی ئوستانێکە لە ڕۆژاوا). هێرتسفێلد لە ڕاپۆرتی لەمێژینەدا، ب ٤، ل ٥٧، یادداشتی١ و ٢، خوێندنەوەی «الآذرپتی» یان «الآذرپایی» واتە ئازەربایجان پێشنیار دەکا. ئێشتاین ڕاست کردنەوەکەی هێرتسفێلدی بە کەیفێ نیە (مووزیۆن، ل ١٢٨ - ١٢٩) بەڵام بە بڕوای من زیاتر لە ڕاست کردنەوەکەی گیرگاس وەبەر دڵ دەکەوێ.

٨ - هەڵەیە، مێهران ناوبانگی بنەماڵەیە. لەبەرەوی کە پیرەگ تەنیا یەکێک لەو پایەبەرزە ناوبەدەرەوانەیە کە لێرەدا باسی کار و پلەی نەکراوە، وا وێدەچێ کە ناوبانگی بنەماڵەی زۆر مەنشووری مێهران، لەبری ناوی ئەو پلەیە داندرابێ کە لەو سەرچاوەیەدا تێی‌نەگەیون یان بۆیان نەخوێندراوەتەوە.

٩ - تەبەری، ل ٨٦١؛ نۆلدکێ، ل ٩٦.

١٠ - دەقی ڕستەکەی ئێشتاین ئاوایە: eine engere Immediatkompetenz.

١١ - بەگوێرەی گێڕانەوەی تەبەری (نۆلدکێ، ل ١٣٩)، شاپووری کوڕی وەهرام کە لە پێش فەرمانڕەوایەتی کوادی یەکەما، ئێران‌سپاهبود بوو، وەک وێستەهم لە هێندێک سەرچاوەدا پێی‌گوتراوە سپاهبودی سەواد (نیهایە، بڕاون، ل ٢٢٦). بە بڕوای ئێشتاین (مووزیۆن، ل ١٢٨) خاوەنی پلە و سەرناوی «ئێران‌سپاهبود» (سەرکردەی قۆشەن و

وەزیری بەرگری) ئەو ئەرکە پلە دوویانەی کە لە سەرانسەری ولات دەیاندایە دەس فەرماندەرانی سپای خۆیان، لە سەواد بە ئەستۆی خۆیانەوە بوو. ئەم کارە نموونەی زۆرە، بەلام ئێمە تەنیا باسی یەکیان دەکەین. ئێگسارخۆس (exarkhos) ڕاڤنا (Ravenna) (هەرێمی بیزانس، کە هەموو ئیتالیای دەگرتەوە) فەرماندەی تێکرای هێزەکانی ئێکسارخات (قەڵەمڕەوی حوکمڕانێتی ئێگسارخۆس) بوو، بەڵام لێپرسراوێتی پلە یەکەمی، سپاسالارێتی ئیتالیا بووە (Primus exetcitus Italiae).

۱۲ - وتاری سالنامە، ل ۵۳ (ژێدەری ژمارە ۱).

۱۳ - پرۆکۆپیۆس، شەڕی ئێران، ۲۵/۱۱/۱؛ مێنانـدرێس، چەنـد بڕگـە و کوتێـک لـە مێژوونووسانی یۆنان، ب ۴، ل ۲۵۷.

۱۴ - سێئۆفیلاکتووس، ۲/۲/۴.

۱۵ - وتاری سالنامە، ل ۶۵ بەرەودوا (ژێدەری ژمارە ۱).

16. Magister offciorum

۱۷ - موزیۆن، ۱۹۴۰، ل ۱۳۰ - ۱۳۱.

۱۸ - سوورسەخوەن، وەرگێڕان و چاپی تاوادیا، لە گۆڤاری ئەنستیتۆی ڕۆژهەلاتیی کاما، ۲۹دا.

۱۹ - ئاغای تاوادیا، لە نامەیەکا کە بۆی نووسیوم، ئەم وشەیەی بە «نێگیریدار» زانیوە. بە بڕوای من بۆچوونەکەی تەواو وایە. ڕێزدار تاوادیا دەڵێ: لە «پازەند»دا، لەبری پیتی «ی» کە لە دەقی سەرەکیدا هاتووە، نیشانەی «ژێر» دادەنێن، هەروەک لە فارسیشدا وایە... .

۲۰ - چاپی هۆتمسا، ب ۱، ل ۲۰۳.

۲۱ - تجارب‌الامم، چاپی لۆسترانج و هند (بلاوکراوەکانی گیپ)، خولی ۷) ب ۱، ل ۵۳، ڕێزدار موجتەبا مینەوی منی بۆ ئەم بابەتە ڕێنوێنی کردووە.

۲۲ - بەڕێز موجتەبا مینەویش سەربەستانە ناوی ئەم ئەرک و لێپرسراوێتییەی ئاوا خوێندۆتەوە (کۆمەلێک یادداشتی لای خۆی).

۲۳ - لە فارسنامەدا دوو بڕگەی دیکەش هەیە کە ئەم بۆچوون و گریمانەیە پشت ڕاست دەکاتەوە. یەکیان لە لاپەڕە ۹۷، دێڕی ۱۶ی، چاپی تاران‌دا کە باسی پلەوپایەی مەزن و ماقوولان دەکا لە خزمەت پادشادا (کە گوایا بەر لەو ڕاست کردنەوەیە وابووە (؟) دەڵێ، یەکێک لە ڕێوشوێنەکانی بارگای ئەنووشیروان ئەوەبوو کە کورسییەکی زێڕ لە پێش

تەختی فەرمانڕەوا دادەندرا و بزورجمێهر لە سەری دادەنیشت و لە خوار وی کورسی موویەدی‌موویەدان و لە بەرەژێرتری ئەوانیش چەند کورسی بۆ سنووروانان و مەزنان ڕیز دەکرا... ئەو جار سەبارەت بە ناوی بزورجمێهریش، کە خاوەنی کەسایەتییەکی مێژووی نیە، دەبێ بڵێین بە هەڵە جێی «بزورجفەرمادار» یان «بزورگفەرمای» (وزورگفەرمادار)ی گرتۆتەوە. بەڵام بڕگەی دووەمی فارسنامە، ل ۳۹، دێڕی ۲۱، چاپی تاران دروستترە. لە بابەتی سەربوردەی فەرمانڕەوایەتی ویشتاسپشای لایەنگری زەردەشتا، سەرەتا و بنچینەی دابەشینەکانی کۆمەڵایەتی ئاخروئۆخری چاخی ساسانییەکانی بردۆتەوە سەر ئەو قۆناخە پرشنگدارەی کۆن و دەڵێ: بە وەزیریان دەگوت بزورگفەرمای و ئەویش بریکارێکی باوەڕپێکراوی هەبوو کە بۆ هەر قسە و کارێکی گرینگ دەینارد لای پادشا و ئەم بریکارە پێی‌دەگوترا «ئێرانمازغەر» (لە نوسخەی لەبەر گیراوەدا، ئێرانمارعەر) نووسراوە.

۲۴ - بە بڕوای من ئەم وەزیرانەی کە لە پێڕستەکەی مەسعوودی‌دا باسیان کراوە، هەر ئەم سێ کەسەن.

۲۵ - گۆڤاری ئاشۆرناسیی (Zeitschrift für Assyriologie)، ب ۲۶، ل ۲۵۹ بەرەودوا.

بنکەی ژین
www.zheen.org

بنکەی ژین
www.zheen.org

لیزگەی ناوی کەسان، ئیزەدان، هۆزان و خانەدانان

ئۆردوەهێشت، ۱۹۹، ۲۱۲، ۲۱۳
ئۆردووی سوورا ئاناهیتا، ۳٦
ئۆزینە، ۲۸۸
ئۆسێت، ۳٤
ئۆگدن، ۲٦٥
ئۆلیندر، ۱۲۷، ٤٥۷
ئۆهرمـــەزد، ٤، ٤۱، ۱۱۷، ۱۱۸، ۱۱۹، ۱۸۷،
۱۸۹، ۱۹۳، ۱۹٤، ۱۹٥، ۱۹۷، ۱۹۸، ۱۹۹،
۲۰۰، ۲۱٥، ۲۲٥، ۲۳٥، ۳۳٦، ۲۳۸،
۲٦۲، ۲٦٤، ۲۹۰، ۲۹۱، ۳۱۹، ٤۱۰، ٤۱۱،
٥۰۹، ٥۲٤، ٥٤۷، ٥٦۸
ئۆهرمێزد، ۲۳۸
ئۆهرمزد، ۱۱۲
ئائۆرس، ۳٤
ئائۆرسس، ۳٤
ئائێشمە، ۳۹
ئابان، ۱۹۹، ۲۱۲
ئابە فرانسوا نۆ، ۱۰۷، ٥۳۳، ٦٤۱
ئاپۆلۆن، ٤۲، ۱۹۸
ئاپیرۆس، ۱۹۲، ۱۹۸
ئاتۆسا، ٤٤٦
ئاتێنە، ٤۲
ئادورئەفرووزگەرد، ۳٦۱، ٤۰۰
ئادورئەفرووزگرد، ۳٦۱
ئادورباد، ۷٥، ۱۸٤، ۳۷٤، ٥۲۳، ٥٤۸، ٥٤۹
ئادوربادئی مێهرسێپەندان، ۷٥، ۱۰۱، ۱٤٥
ئادوربەد، ٤٤۲
ئادوربووزید، ۷۳
ئادورفەرەنبەغ
نەرسە، ۷۳،۷٤،۲۰۸،۲۲۹
ئادورگۆنداد، ٤۳٤، ٤٥٦، ٤۷۸، ٥۳٤
ئادورمێهر، ٤٤۲
ئادورهۆرمزد، ۷۳
ئارتاگنێس، ٤۲
ئارتوور پۆپ، ۱٥، ٥٦٦
ئاریێس، ٤۲، ۱۹۸
ئارشی، ۳۳
ئارکادیووس، ٤۳۷
ئارمیتی، ۳۷
ئازادشاد، ۱٤٦
ئازادمەرد، ٤۹۹
ئازەربەرزین مێهر، ۲۰۷، ۲۰۹
ئازەرخۆرە، ۲۱۹
ئازەرخەوەڕا، ۲۲۹
ئازەرخوەروا، ۲۲۹
ئازەرخوەش، ۲۰۹
ئازەرفەرەنبەغ، ۲۰۷، ۲۱۹، ۲۲۸، ۳٤۷
ئازەرگوشنەســـپ، ۱۷۲، ۱۸٤، ۲۰۷، ۲۰۸،
۲۱۰، ۲۲۱، ۲۳۰، ٥٥۸
ئازەرمیدوخت، ٤۱۲، ٦۱۷، ٦۱۹
ئازەرنەرسە، ۲۹۷
ئازێس، ۳۳

بنکەی ژین www.zheen.org

ئازورجووی، ٢٠٨
ئاسۆلیک، ٩٥
ئاساک، ٢٠٧
ئاسریشتار، ٢٤٠، ٢٦٤
ئاسمانی، ٩، ١٠٩، ٦٠٥
ئاشۆکا، ٤٨
ئاکاس، ٣٦٣، ٣٦٤، ٣٦٨، ٣٦٩، ٣٩٦
ئاکرمان، ٦٣١
ئاگاس ئانجێلۆس، ٩٣، ١٦٧
ئاگاســـــیاس، ٦٠، ٩٢، ١٠١، ١٢٥، ١٥٧،
١٧٢، ١٨٨، ٢١٩، ٢٣٣، ٣٢٢، ٤٢٠،
٤٢٩، ٤٣٢، ٤٣٤، ٤٤٧، ٤٥٠، ٤٥٤،
٤٥٥، ٥١٧، ٥٣٤، ٥٣٩، ٥٤٨، ٥٥٠
ئاگووستین، ٢٥١
ئالۆت دو لافۆی، ١٢٤
ئالان، ٣٤، ٨٢، ١٦٢، ٤٦٧، ٤٦٩، ٥٣٢
ئالێن، ٩٩
ئالفاریک، ٦١، ٢٥٧، ٢٦٠، ٢٦٧، ٢٦٨، ٢٦٩
ئامۆرائیم، ٤٣
ئاماسیس، ٣٩٣
ئامیانووس، ٣، ٥٥، ٩١، ١٣٣، ١٦١، ١٧٢،
١٧٥، ٢٧١، ٢٧٤، ٣٠١، ٣٠٣، ٣٠٤،
٣٠٦، ٣١١، ٣١٢، ٣١٤، ٣٢١، ٣٢٢،
٣٢٣، ٣٢٤، ٣٢٨، ٣٢٩، ٣٣٠، ٣٧٥،
٣٧٨، ٣٩٦، ٣٩٩، ٤٠٧، ٤٤٦، ٤٨٠،
٤٨٤، ٥٣٥، ٥٣٦، ٥٣٩، ٥٤٣، ٦٣٣،
٦٣٤
ئامیـــانووس مارسـێلینووس، ٣، ٥٥، ٩٠،
١٧٢، ٣٠٣، ٣٢٨، ٣٧٥، ٣٩٦، ٤٠٧،
٤٤٦، ٤٨٤، ٥٤٣، ٦٣٣
ئامین مارسێلین، ١٥٣
ئاناتۆل، ١٧٤، ٣٥٤
ئاناتۆلیووس، ٦٣٥
ئاناستاسیووس، ٤٣١، ٤٧٦
ئاناهیتـــا، ٤٠، ٤٢، ١١٣، ١١٧، ١٩٨، ٢٢٩،
٣١٩، ٤١١، ٥٦٨
ئاناهید پەناه، ٤١١
ئانتۆنیووس، ٣٠٦
ئانتوان، ٥٤
ئانتیووخۆســـــی یەکـــــەم، ٤٢، ٢٠٠،
١٩٨,١٩٩,١٩١
ئانتیووخۆسی کۆماژانی، ٣١٩
ئانـــدرەئاس، ٥٠، ٥١، ٥٤، ٦٨، ١٠٠، ١٠٢،
١٢٤، ١٦٥، ٢٣١، ٢٥٩، ٢٦٢، ٢٦٣،
٢٦٤، ٢٦٥، ٢٦٦، ٢٦٧، ٢٦٨، ٢٦٩،
٣٢٦، ٥٣٩، ٥٤٧، ٦٣٠
ئاندرسێن، ٣٢٤
ئاهوورامەزدا، ٤١١
ئاویدووس کاسیووس، ١٢٢
ئەببلووس، ١٠٨
ئەبەرەگ، ٧٣
ئەبەرویز، ٣٥٠، ٥٥٤، ٥٥٩
ئەبێرســـــام، ١٣، ٨٧، ١٠٣، ١٤٢،
١٦٨، ١٧١
ئەبگیان، ٢٢٣

بنکەی ژین
www.zheen.org

ئەبلیان، ١٠٧
ئەبولفەرەج (ابوالفرج)، ٩٦
ئەبولفـــەدا، ٨٧، ٤٠٤، ٤٥١، ٤٥٢، ٤٥٨، ٤٧٤، ٦٣٧
ئەبولمەعالی، ٨٩، ٢٥٣
ئەبوو موسا، ٦٢٦
ئەحمەد زەکی پاشا، ١٠٥
ئەخشوڤان، ٣٩٣
ئەخشونڤار، ٣٩٣
ئەرتەبان، ٣١٤، ٣١٥
ئەرتەبانی پێنجەم، ١١٣
ئەرتەبیدێس، ١٣٧
ئەرتەخشتەر، ١١١، ١١٣
ئەردەستوو، ١٩١، ٥١٧، ٥٤٨
ئەردەشـــــێر، ٤٤، ٨٠، ٨١، ٨٢، ٩٢,٨٣، ١١١، ١١٣، ١١٤، ١١٥، ١١٦، ١١٧، ١١٨، ١١٩، ١٢٠، ١٢١، ١٢٢، ١٢٣، ١٢٥، ١٢٩، ١٣٠، ١٣٣، ١٣٤، ١٤٥، ١٥٩، ١٨٣، ٢٢٠، ٢٣٠، ٢٣٥، ٢٣٦، ٢٨٤، ٢٨٩، ٣٤١، ٣٤٦، ٣٥٥، ٣٨١، ٤٥٨، ٤٩٧,٤٩٦، ٥٠٩، ٥٣٥، ٥٩٥، ٦١٤
ئەردەشـــێرخۆرە، ١٢٠، ١٢٣، ١٤٥، ٣٥٢
ئەردەشـــێر، ١٣، ٦٩، ٧٢، ٨١، ٨٢، ١٠٣، ١٢٦، ١٣٤، ١٣٧، ١٣٩، ١٤٢، ١٤٦، ١٥٤، ١٦٤، ١٦٨، ١٧٣، ١٨٧، ٢٠١، ٢٠٢، ٢٠٣، ٢١٠، ٢٢٩، ٢٤٧، ٢٧١، ٢٨٣، ٢٩٢، ٢٩٨، ٣١٦، ٣١٨، ٣١٩، ٣٢٤، ٣٣٢، ٣٣٤، ٣٣٨، ٣٤٠، ٣٤٣، ٣٥٠، ٣٨١، ٣٨٥، ٤٤٦، ٤٥٨، ٤٦٨، ٤٨٢، ٤٩٦، ٤٩٨، ٥٠١، ٥٣١، ٥٣٣، ٥٣٨، ٥٤٢، ٦١٧، ٦١٨، ٦١٩
ئەردەشێری پابەگاندا، ٣٣٤
ئەردەشێری دووەم، ٨٢، ١٣٤، ٢٧١، ٣١٦، ٣١٨، ٣١٩، ٣٨١,٣٤٢، ٤٤٦
ئەردەشـــێری ســـێیەم، ٥٣٨، ٦١٧، ٦١٨
ئەردەشێری یەکـــەم، ٦٩، ٧٢، ١٠٣، ١١٥، ١٢٦، ١٥٤، ١٥٩، ١٦٤، ١٧٣، ١٨٣، ٢٠١، ٢٠٢، ٢٠٣، ٢١٠، ٢٢٩، ٢٧١، ٢٨٣، ٢٩٢، ٢٩٨، ٣٢٤، ٣٣٢، ٣٤٠، ٣٥٠، ٣٨٥، ٤٥٨، ٤٦٨، ٤٨٢، ٤٩٦، ٤٩٨، ٥٠١، ٥٣٣، ٥٤٢، ٦١٤
ئەردەشێس، ١٦٦
ئـــــەردەوان، ١١٣، ١١٤، ١١٥، ١١٦، ١١٩، ١٢٥، ١٢٦، ١٢٩، ٢٢٠، ٢٤٨، ٥٤١
ئەردەوانەسوور، ٤٩٧
ئەردەوانی سێیەم، ٣١
ئەرزەنێن، ٣٦١
ئەرسان، ٢٩٧

بنکەی ژین
www.zheen.org

ئەرشەک، ٢٧، ٥٤، ٥٧، ٢٠٧، ٣٠١، ٣٠٢، ٣١٤، ٣١٥، ٣٢٩، ٣٧٧
ئەرشەکی سێهەم، ٣٠١، ٣٩٨
ئەرگەبیدێس، ١٣٧
ئەسپاد، ٦٠١، ٦٠٢
ئەسپەبەد، ١٦٨، ٣٥٤
ئەسپەبەدێس، ٤٧٨
ئەسپەبدێس، ٤٣٧
ئەسپەهبەدان، ٣، ٥٥٤
ئەسپەهبەد، ٤٥١
ئەسپەهبودان، ٥٤٠
ئەسکەندەر، ٢١، ٢٤، ٣١، ٤٢، ٥٣، ٥٨، ١٧٠، ٢٥٨، ٢٧٢، ٥٧٥، ٦٣٠
ئەشتاد، ١٩٩
ئەشکانییان، ١١١، ١١٦، ١٣٥، ٣٣١
ئەشکانییەکان، ٢١، ٢٢، ٣٠، ٣٣، ٤٣، ٤٤، ٥٦، ١١١، ١١٩، ١٢٢، ١٣٠، ١٣٤، ١٣٥، ١٤١، ١٦٦، ٢١٠، ٢٧٢، ٢٧٣، ٢٧٧، ٢٩٨، ٣٣١، ٣٣٢، ٣٣٣، ٣٤٠، ٤٩٠
ئەشە، ٣٧، ٣٨، ٢٢٧
ئەشی، ٣٥، ٣٧
ئەفراسیاب، ٢٢٧، ٦١٣
ئەفراسیاو، ٥٧٥
ئەفرەعت، ٣٤١، ٣٦٩
ئەفرووغ، ٧٣
ئەفشین، ٦٢١
ئەکە مینیوو، ٣٦، ٣٩
ئەکینیان، ٥، ٩، ١٠٧، ٣٥٧، ٣٨٩
ئەگاتۆکل، ٤٨
ئەگاسانک، ١٠٦
ئەگووستووس، ٢٨٨
ئەلان، ٣٤
ئەلمۆندەرۆس هو سەکیکێس، ٤٤٣
ئەلیاسی نوسەیبینی، ٩٦، ١٠٨، ٤٥٥
ئەمێرتات، ٣٧، ٢٢٧
ئەمێشەسپێنتە، ٣٧
ئەمێهرسێپەندان، ٢١٢، ٢٣٢، ٣٨٥
ئەمشاسپەند، ٣٧، ٢٠٠
ئەمشاسپەندان، ٣٧، ٥٩، ٢١٢، ٢٤٠
ئەموردار، ٣٧، ١٩٩، ٢١٢
ئەنغەران، ١٩٩، ٢٠٠
ئەنکلساریا، ٥٥، ٧٤، ١٠٠، ١٧٢، ٢٢٨، ٢٣٠، ٣٩٣، ٤٥٠
ئەنگر، ١٦٩
ئەنگرە مینیوو، ٣٦، ٤١
ئەنووشەڕەوان، ٤٦١، ٤٦٤، ٤٧٤، ٥٠٣، ٥٠٥، ٥١٧، ٥١٩,٥١٨، ٥٢٣، ٥٢٥، ٥٢٧، ٥٢٨، ٥٥٢، ٥٥٣، ٥٥٩، ٥٩٧، ٦٠٠، ٦٤٧، ٦٤٩، ٦٥٠، ٦٥١، ٦٥٣، ٦٥٤
ئەنووشیروان، ١٨٠، ٣٥٠، ٤٥٥، ٦٥٦

ژینکەی ژین
www.zheen.org

ئەهریمـــــەن، ٣٩، ٤١، ١١٩، ١٨٩، ١٩٠، ١٩٣، ١٩٤، ١٩٥، ١٩٧، ٢٢٤، ٥٢٢، ٥٢٤
ئەهریمەنن، ٢٢٠
ئەهوورامـــــەزدا، ٣٦، ٤١، ٤٢، ٦٩، ١١٧، ١١٨، ١١٩، ١٨٨، ١٨٩، ٢٠٠، ٢١٢، ٢١٤، ٤١١
ئەهوورەمەزداھ، ١١٧، ١٨٨، ٤١١
ئەهوورمەزد، ١٩٤
ئەوگووستین، ٢٥١
ئەیاسی تائی، ٥٦٢
ئێخشید، ٦٢١، ٦٣٠
ئێرداویراز، ٢٢١
ئێرداویراف، ١٠٠، ١٤٨، ٥٢١، ٥٤٨، ٥٤٩
ئێردای ویراز، ٧٣، ٤١٠، ٤٤٧
ئێردمـــــــان، ٩، ١٢٧، ٢٢٨، ٢٢٩، ٢٣٠، ٦٠٧، ٦١٢
ئێرنێست، ٦٤٥
ئێریش شمیت، ٦٨
ئێزدمیسرە، ٢٣٩
ئێزنیـــــــک، ٩٤، ١٠٧، ١٩٢، ١٩٣، ٢٢٥، ٣٩٠
ئێزنیک کۆلبی، ٩٤، ١٠٧
ئێزیدۆر خاراکسی، ٥٥، ٢٢٩
ئێسپەندارمەد، ٢١٢، ٢١٩
ئێسپرێنگلینگ، ٦٨، ٧٠، ٢٢٨
ئێسترابوو، ٥٥، ١٢٤
ئێستراتگووس، ١٦٨، ٦٤٩
ئێستریمۆن، ٣٠٠
ئێستن کۆنۆ، ٥٨، ٦٥
ئێســـــــتیلیتس، ١٧٩، ٣٩٥، ٤٢١، ٤٢٢، ٤٢٨، ٤٣٠، ٤٣٢، ٤٣٤، ٤٥١
ئێستیلیتســـی بـــەدرۆ، ٩٥، ١٨٠، ٣٩٣، ٤٢٧، ٤٢٩، ٤٥٠، ٤٥٤، ٤٥٥، ٤٥٦
ئێشپیگێڵ، ١٧٥
ئێشتۆلتسە، ٣٢٦، ٥٣٩
ئێشتاکێلبێرگ، ٦١١
ئێشتاین، ٣، ٧، ٦١، ٦٢، ٦٣، ٩٩، ١٨١، ٢٦٠، ٤٣٥، ٤٦٦، ٥٣١، ٥٣٢، ٦٤٥، ٦٤٦، ٦٤٧، ٦٤٨، ٦٤٩، ٦٥٠، ٦٥٣، ٦٥٤، ٦٥٥
ئێشتریک، ٥٣٥، ٥٣٦، ٦٣١
ئێفریم ئەڕەهایی، ٢٥٧
ئێگزامپایۆس، ٢٧٩
ئێگسارخۆس، ٦٥٦
ئێلکزائیت، ٤٦
ئێلیزئۆس، ٩، ٥٤٣، ٦٣٩
ئێلیزە، ٩٤، ١٤٩، ١٧١، ١٧٣، ١٨٧، ٢٢١، ٢٢٢، ٢٢٤، ٢٢٦، ٣٢١، ٣٢٢، ٣٢٤، ٣٥٧، ٣٦٢، ٣٨٢، ٣٩٠، ٣٩٢، ٤٠٠
ئێلیزە وارداپێت، ٩٤
ئێهرلیش، ٢٣٢
ئووترۆپیووس، ٩١
ئووتوکیـــــووس، ٤٢٧، ٤٣٣، ٤٥٠، ٤٥٣، ٥٣٠، ٥٩٥، ٦٢٩
ئووتیدێمووس، ٣١، ١٩١
ئووڕانیۆس، ٥١٧
ئووڕێلین، ٢٧٦، ٢٨٨، ٣٢٢
ئووڵیووس قیکتۆر، ٩٠
ئوورمەزد، ٤٢، ٢٢٤
ئووقراتیدێس، ٣٢
ئوونا‌پیووس، ٥٤، ٩٠
ئوویغووری، ٥٠، ٢٥٣، ٢٥٩

بنکەی ژین
www.zheen.org

ئیبەس، ٣٦٣
ئیبشێر، ٢٦١
ئیبنوو ئەسیر، ٨٧، ٤٥١، ٤٥٣
ئیبنوو ئیسفەندیار، ٨٠، ٨٩، ٤٥٦، ٤٥٩
ئیبنـــوو بـــەلخی، ٨٧، ١٠٣، ٢٦٧، ٤٥١، ٦٥٠
ئیبنوو جەوزی، ٨٩، ٥٣٣
ئیبنوو حەوقەل، ٨٩، ١٣٨، ٦٠٨
ئیبنـــوو خەلـــدوون، ١٧٨، ٣٢٣، ٣٨٥، ٥٠١، ٥٣٧، ٦٢٤
ئیبنوو خوردادبە، ٨٩، ٢٣٠، ٤٨٨، ٥٣٤، ٥٤٤، ٦١٥، ٦٣٠
ئیبنـــوو دەیســـان، ٦٢، ٢٣٧، ٢٤٣، ٢٥٠، ٢٦٢، ٣٨٣، ٤١٠
ئیبنوو ڕۆستە، ٥٦٥
ئیبنوو عەبدووسسەلامی هـــاشمی، ٥٣٣
ئیبنـــوو فـــەقیهی هەمـــەدانی، ٥٧١، ٥٨٠
ئیبنـــوو قوتەیبـــە، ٧٩، ٨٦، ٨٧، ١٠٤، ٢٨١، ٣٨٨، ٤٥٠، ٦٠٧، ٦٢٩
ئیبنوو مۆسکوویە، ٨٧، ٤٥٨، ٦٥٢
ئیبنـــوو موقەففـــەع، ٧٦، ٧٧، ٧٩، ٨٠، ٨٣، ٨٥، ٨٧، ١٠٢، ٤١٦، ٥١٣، ٥١٩، ٥٣٧، ٥٤٦، ٥٥٠، ٦١٦
ئیبنوو نەدیم، ٨٣، ٢٣٦، ٢٥٨
ئیزات ئەدیابێنی، ٣١
ئیســـتەخری، ٨٥، ٨٩، ١٢١، ٢٠١، ٤٥١، ٦١٨، ٦١٩
ئیستیمی خاقان، ٥٣٤
ئیسحاق، ٣٤٥
ئیسفەندیار، ١٣٥، ١٦٨
ئیسیدۆرۆس، ٥١٨
ئیشتەر، ٤٢
ئیشخان، ٦٢٠
ئیفلاتوون، ٢٥٨، ٥٤٨
ئیلرێس، ١٢٤، ١٧٤
ئیمام حوسێن، ٦٢٨
ئینۆســـترانتزیف، ٩، ١١، ٦٠، ٨٥، ١٠٢، ٢٣٢، ٢٣٣، ٢٨١، ٢٨٢، ٤٤٧، ٥٣١، ٥٤٥، ٦١٠، ٦١٦
ئینایووس، ٢٥١، ٢٦١
ئیندەرەزەر، ٤٤١
ئیندرە، ٣٤
ئینگهۆڵت، ٣٢٦
بۆختۆننەسر، ٤٣
بۆدیسەتوە، ٤٩
بۆسووسک، ٢٥٥
بۆشات، ٣٢٩
بۆگـــدانۆف، ٦٠، ٣٢٤، ٤٤٧، ٥٣١، ٥٤٥، ٦١٠، ٦١٦
بۆلسارا، ٤١١
بابلۆن، ٣٢٧، ٦١٢
بابهائی، ٥٩٨
بابهائی بچووک، ٥٩٨
بابهائی مەزن، ٥٩٨
بابهای، ١٦٣
بابوائی، ٣٦٤
باخمان، ٤٨١
بارۆن ڕۆژێن، ٧٧
باربـــــەد، ٥٧٢، ٥٧٤، ٥٩١، ٥٩٣، ٥٩٤، ٦١٣
باربیه دو مینار، ١٤، ٥٤٥
بارتۆلد، ٦٣٩، ٦٥٤
بارتۆلۆمـــە، ٩، ١٠، ٧٤، ١٠٠، ١٠١، ١٦٨، ٢٢٥، ٣٧٤، ٣٩٧، ٣٩٨،

لێکەی ژین
www.zheen.org

٤٠٩، ٤١٥، ٤٤٦، ٤٤٧، ٤٤٩،
٥٣٨، ٥٤٥، ٦١٤
بارتووس، ٦٣
بازانێس، ٤٤٢، ٤٥٨
بازرەنگییان، ١١١
بازیلید، ٤٦
بافەڕەگ، ١٤٥، ١٧٢، ٢٣٠
باکشیدێس، ٥٣
باکشیدێس ئێراوێرییید، ٥٣
بالترۆشائیتس، ٥٣٦
بامداد، ٤٢٣
بانبێشێن، ١٦٥، ٣٦٢
بەختئافرید، ٤٤٢
بەختەری، ٤٨٨، ٥٣٧
بەردیا، ٢٠
بەرسووما، ٣٦٣، ٣٦٤، ٣٦٨
بەرسیموووس، ٢٤٤
بەرلام، ٥١٩
بەرمەکییەکان، ٦٣٧
بەستەگەر، ٤٤٢، ٤٥٧
بەعل، ٤٢
بەکوور، ٥٦
بـــەلازوری، ٨٩، ١٨١، ٤٦٧، ٤٧٦،
٥٣١، ٥٣٧، ٥٨٦، ٦٣٢
بەلاسیس، ٤٥٤
بەلاش، ٤٤
بەلعـــــەمی، ٧٨، ٨٧، ١٦٦، ١٦٨،
٣٢٤، ٤٥٨، ٤٩٢، ٥٣٢، ٥٣٩،
٥٥٢، ٥٨٤، ٦٠٨، ٦٠٩، ٦١٠،
٦٢٢، ٦٣١، ٦٣٢
بەندوی، ٥٥٤
بەنی ئۆمەییە، ٥٣٧
بەنی ئیسرائیل، ٣٦٣
بەنی عەبباس، ٦٣٧
بەهەگ، ١٤٥
بەهرام، ٣٥، ٧٧، ٢٣٠، ٣٨٩، ٥٨٥
بەهرامی کوڕی مەردانشا، ٧٧
بەور، ٢٧٦
بەیهەقی، ٥٣٣، ٥٣٤، ٦٠٦
بێتســـێن بێرگێـــر، ١٦، ١٧٦، ١٧٧،
١٧٨
بێجان، ١٠٨، ١٠٩
بێدۆخ، ١٩٨
بێرت، ١٠٩
بێل، ١٩٨، ١٩٩
بێنوێنیست، ٥٤، ٥٦، ٥٩، ٦٠، ٦٤،
١٠٩، ١٢٤، ١٦٤، ١٧٣، ٢٢٣،
٢٢٤، ٢٢٥، ٢٢٦، ٢٢٧، ٢٢٨،
٢٦٨، ٣٢١، ٣٢٤، ٣٢٦، ٥٩٥،
٦١٤، ٦٢٩
بێیلـــــــی، ٧، ٥٧، ٥٩، ٦٥، ١٦٦،
٣٩٣، ٤٥٨، ٥٣٥، ٥٣٨، ٦١٠،
٦١٢، ٦١٤، ٦١٥، ٦٤٤
بخت النصر، ٥٦٥
بدەخش، ٢٧
بدیشخ، ٢٦، ٥٦، ١٣٣

بنکەی ژین
www.zheen.org

بـــــڕاون، ١٦، ٥٦، ٦٣، ٨٦، ١٠٤، ١٠٥، ١٢٥، ١٧٧، ١٨١، ٣٢٤، ٣٩٦، ٣٩٧، ٥٤٢، ٦٠٨، ٦١١، ٦١٣، ٦٣١، ٦٥٥
برۆکلمان، ١٠٤
براند، ٦٢
برزوویـــــــه، ١٥، ٧٥، ٥١٣، ٥١٩، ٥٢٠، ٥٢٨، ٥٤٧، ٥٤٨، ٥٥٠
برلینر، ٥٣٦
بروووکس، ٩٦
بزورجمێهر، ١٧١، ٦٥١، ٦٥٢، ٦٥٣، ٦٥٧
بزورگمێهر، ١٧١، ٥٤٨، ٥٤٩، ٦١٤، ٦٥٢
بلۆشه، ٢٢٤
بلیزاریوس، ٤٦٥
بهاءالله، ٢٣٧
بوخارا، ٦٢١
بوخاراخوداو، ٦٢١
بـــــوودا، ٣٢، ٣٤، ٤٨، ٤٩، ٢٣٧، ٢٤٨
بـــــوودایی، ١٠، ٤٢، ٤٨، ٥٢، ٦٥، ١٧٥، ٢٤٥، ٥٤٤، ٦١٠، ٦٣٥، ٦٣٩
بووران، ٦١٧، ٦١٩
بووزەرجمێهر، ١٠، ٧٥
بووسه، ٦١، ٢٤٤
بووندۆس، ٤٢١، ٤٢٢، ٤٢٣
بیرکلەند، ٥٩
بیروونی، ٧٨، ٨٦، ٨٩، ٢١٣، ٢١٤، ٢١٩، ٢٣١، ٢٣٣، ٢٥٨، ٢٦٢، ٣٨٧، ٤١٦، ٤٥١، ٤٥٣، ٥٤٦
بیـــل، ١٠، ١٧، ٦٠، ٦٣، ١٠٩، ١٧٥، ٤٤٧، ٥٣٥، ٥٤٤، ٦١٠، ٦٣٩
بەیهـــەقی (بیهقـــی)، ١٠٥، ٥٣٢، ٥٣٤، ٦٠٤

پـــــۆپ، ١٠، ٩٩، ١٢٦، ١٢٧، ٢٣١، ٢٣٣، ٢٥٨، ٣٢٢، ٣٢٣، ٣٢٥، ٣٢٦، ٣٢٧، ٣٣٠، ٣٨٩، ٥٣٦، ٥٣٩، ٦٠٧، ٦٠٨، ٦١٠، ٦٣١
پۆکۆش، ٤٥٠
پۆکۆک، ١٠٤
پۆلۆتسکی، ٢٤١، ٢٦١، ٢٦٢، ٢٦٣، ٢٦٤، ٢٦٥، ٢٦٧، ٢٦٨، ٢٦٩
پۆلینیووس، ٥٥
پۆنیـــــــۆن، ٦٢، ١٠٩، ٢٢٤، ٢٢٥، ٢٢٦، ٢٢٧، ٢٥٩، ٢٦٨
پابـــــــەگ، ١١١، ١١٣، ١١٩، ١٤٥، ٣٣٥، ٤٦٩
پاپا بەرعەگایی، ٣٤٠
پاپووس، ٢٦٨
پاتریک مارەبەها، ١٩٢
پاتریکی مارەبەها، ٤١٠
پاتکانیـــــان، ٩٥، ١٠٦، ١٠٧، ١٧٥، ١٧٧، ١٨٠، ٣٢٢، ٣٢٣، ٣٢٨، ٣٩٦، ٣٩٩، ٥٣٧، ٥٣٨، ٥٤٣

بنکەی ژین
www.zheen.org

پاخۆمۆف، ١٧٤
پاریسۆ، ١٠٩
پاسکالّه، ٩٣
پاڤه دو کورتی، ١٤
پالیارۆ، ٧١، ٧٤، ١٠٠، ٣٨٦، ٤٤٩
پالیس، ٦٢
پانتێرۆس، ٣٩١
پاولّ پیترز، ٦٠٥
پاولۆس پێرسا، ٥١٦، ٥١٩
پـــایکۆلی، ١٠، ١٦، ٥٦، ٦٧، ٦٩، ٧٠، ٧١، ٩٩، ١٠٢، ١٠٩، ١٢٤، ١٢٥، ١٢٦، ١٦٥، ١٦٧، ١٦٨، ١٦٩، ١٧١، ١٧٢، ١٧٤، ١٧٧، ١٧٨، ١٧٩، ١٨٠، ٢٢٨، ٢٣٠، ٢٦٧، ٣٢١، ٣٢٥، ٣٢٦، ٣٢٧، ٣٣٠، ٣٩٢، ٥٣٨، ٥٤٠، ٥٤٢، ٥٤٣
پەپ، ٣٠٢، ٣١٥
پەرتەڤئی فەرخار، ٥٩١
پەریساتیس، ٤٤٦
پەناھ خوسرەو، ٣٤٩، ٦٤٧
پەهلیزەگ، ٢٨٣
پێتەزۆنی، ١٧٤
پێترسۆن، ٦٢
پێدێشخوارشای، ٤٣٦، ٤٤١
پێدێشخوارگەر، ٤٣٦، ٤٤٣
پێدرسن، ٦٣
پێردیکاس، ١٧٠
پێرسی گاردنێر، ٥٨
پێسیۆن، ٣٨١، ٣٨٤، ٤٨٣
پێلیۆ، ٦٣، ٢٦٠، ٢٦٦، ٤٥٧
پرۆکۆپ، ١٠، ١٦٨، ٤٥٨
پرۆکۆپیـــــۆس، ١٠، ١٢، ٩١، ٩٢، ١٥٧، ١٦٧، ١٦٨، ١٧٥، ١٧٧، ١٨٦، ٣٢١، ٣٢٣، ٣٢٤، ٣٤٣، ٣٦٥، ٣٨٧، ٣٩٤، ٣٩٥، ٣٩٦، ٣٩٨، ٣٩٩، ٤٢٠، ٤٢٩، ٤٣٢، ٤٣٣، ٤٣٧، ٤٣٨، ٤٤٣، ٤٥٠، ٤٥١، ٤٥٤، ٤٥٥، ٤٥٦، ٤٥٧، ٤٧٥، ٤٧٨، ٥٠٢، ٥٣٠، ٥٣٤، ٥٣٥، ٥٤٢، ٥٤٣، ٥٤٤، ٦٠٩، ٦٣٣، ٦٣٦، ٦٣٩، ٦٥٦
پرۆکلۆس، ٤٣٧
پرووۆم، ١٠٦
پریسەگ، ٢٢٧
پریسکۆس، ٩١
پشـــــووتێن، ١٣، ١٠٠، ١٠١، ١٧٣، ٣٨٥، ٤٥٧، ٥٣٨، ٥٤٦، ٥٤٨، ٥٤٩
پلۆتارخێس، ٢٩، ٥٤، ٥٧، ٢٢٥
پوسانێوەئی بورز ئادورفەرنبەغان، ٧٤
پوسانێوەئی، ئازادمەردان، ٧٤
پووسەگ، ٣١٣
پووسیگ، ٣١٣
پوولەر، ١٣٣

بنکەی ژین
www.zheen.org

پیترز، ۳۲۸، ۳۹۰، ۳۹٤
پیتزی، ۱۰٦
پیران گوشنەسپ، ۱۳۵، ۱۸۰
پیرەگ، ۳٤۸، ٦٤۷، ٦۵۵
پیرگوشنەسپ، ۳۸۲
پـــیرووز، ۹۱، ۹٤، ۹۵، ۱۳۳، ۱٦۵، ۱٦۷، ۲۱۹، ۲٤۷، ۲٤۸، ۲۹۱، ۳۳۱، ۳۳۷، ۳۵۵، ۳٦۲، ۳٦۳، ۳٦٤، ۳٦۵، ۳٦٦، ۳٦۷، ۳٦۸، ۳۹۲، ۳۹۳، ۳۹٤، ٤۱۲، ٤۲۰، ٤۳۱، ٤۳۳، ٤۳۵، ٦۰٦، ٦۱۲، ٦۲۵، ٦۲۷
پیروزی دووەم، ٦۱۷، ٦۱۹
پیروزی یەکەم، ٦۲۱
پیریکا، ٤۱

تۆخار، ۳۲
تۆرنبێرگ، ٤۵۱
تۆماس، ۳۳، ٤٤، ٦۸، ٦۱۵
تۆماس ئارتسروونی، ۹۵
تۆماس مارگا، ۹۷
تاسیتووس، ۵٤، ۵۷
تالّبۆت ڕایس، ۱۲
تاوادیـــا، ۱۰، ۱۲، ۹۹، ۱۰۱، ۱۷۳، ۲۲۲، ۲۲۸، ۳۹٦، ۵۳۱، ۵۳۸، ۵٤۰، ۵۵۰، ٦۵٦
تەبـــەری، ۱۱، ۱۵، ۷۸، ۸۲، ۸۳، ۸٦، ۸۷، ۱۰۱، ۱۰۳، ۱۰٤، ۱۰٦، ۱۱۳، ۱۱٦، ۱۲۵، ۱۲۷، ۱۳۵، ۱٤٦، ۱۵۷، ۱٦۰، ۱٦۵، ۱٦٦، ۱٦۷، ۱٦۸، ۱٦۹، ۱۷۰، ۱۷۱، ۱۷۲، ۱۷۳، ۱۷٤، ۱۷۵، ۱۷۷، ۱۷۸، ۱۸۰، ۱۸۱، ۲۲۹، ۲۹۸، ۳۲۱، ۳۲۲، ۳۲۵، ۳۲۷، ۳۲۸، ۳۳۰، ۳٤٤، ۳٤۸، ۳۵۲، ۳۷۳، ۳۸۵، ۳۸٦، ۳۸۷، ۳۸۸، ۳۸۹، ۳۹۲، ۳۹۳، ۳۹٤، ۳۹۵، ۳۹٦، ۳۹۸، ٤۲۰، ٤۲۱، ٤۲۲، ٤۲۳، ٤۲۹، ٤۳۳، ٤٤۵، ٤٤٦، ٤۵۰، ٤۵۱، ٤۵۲، ٤۵۳، ٤۵٤، ٤۵۵، ٤۵٦، ٤۵۷، ٤۵۸، ٤٦۷، ۵۰۷، ۵۳۰، ۵۳۱، ۵۳۲، ۵۳۳، ۵۳٤، ۵۳۵، ۵۳٦، ۵۳۷، ۵۳۸، ۵۳۹، ۵٤۰، ۵٤۲، ۵٤۳، ۵٤٤، ۵٤۵، ۵٤۷، ۵۵۲، ۵٦۰، ۵۷۳، ۵۸٦، ٦۰۳، ٦۰٤، ٦۰۵، ٦۰٦، ٦۰۸، ٦۰۹، ٦۱۰، ٦۱۱، ٦۱٤، ٦۱۵، ٦۱٦، ٦۱۹، ٦۲۲، ٦۲۹، ٦۳۱، ٦۳۲، ٦۵۵
تەخموورۆب، ۲۰۷
تەموورییان، ٤۳۱، ٤۳٤
تەن شاپوور، ۱۸٦، ۵٤۳
تەنســـــەر، ٤، ۱۳، ۷۹، ۸۰، ۸۲، ۸۳، ۸۷، ۱۰۳، ۱۳۳، ۱۳٤، ۱٦٤، ۱٦۵، ۱۷٦، ۱۷۷، ۱۸۳، ۱۸٤، ۲۰۹، ۳۳۷، ۳۳۸، ۳۷۵، ٤۰۳،

بنکەی ژین
www.zheen.org

٤١٦، ٤٤٥، ٤٤٨، ٤٤٩، ٥٢٣،
٥٣٠، ٥٣٣، ٥٣٨، ٦٤٧
تەهم شاپوور، ٣٠٤
تەهم یەزدگرد، ٣٦١
تەهمخوسرەو، ٥٠٢
تەهمشاپوور، ٥٠٢
تەهمهۆرمزد، ٥٠٢
تەهمووررس، ٢٠٧
تەهمیەزدگرد، ٥٠٢
تێئۆپمپۆس، ٢٢٥
تێئۆدۆر، ٩١، ٩٧، ١٩٢، ١٩٤، ١٩٧،
٢٢٥، ٢٢٧، ٢٥٢، ٢٥٨، ٢٦٣،
٢٦٤، ٣٩٠
تێئۆدۆر بارکۆنائی، ٩٧، ١٩٢،
١٩٤، ١٩٧، ٢٢٧، ٢٥٢، ٢٥٨،
٢٥٩، ٢٦٣
تێئۆدۆر مۆپسووستی، ٩١، ١٩٢،
٣٩٠
تێئۆدۆرە، ٩١، ٣٧٦
تێئۆدۆسیۆسی دووەم، ٣٤٤، ٣٥٥
تێئۆدۆسیووس، ١٥٤
تێئۆفیلاکتووس، ٩٣، ١٠١، ١٣٦،
١٣٧، ١٩٩، ٣٨٥
تێدێسکۆ، ٥١، ٦٥، ٤٥٢
تێرمێد، ٦٢١
تێرمێدشا، ٦٢١
تراژان، ٣١
ترێبێلیووس پۆللیۆ، ٩٠
تیامەت، ١٢٣، ٢٦٣
تیتووس بۆستراپی، ٢٥٨
تیرێ دانبۆد، ٥٧٢
تیردات، ٥٥، ٩٣، ٢٩٧، ٢٩٩
تیشتریە، ٤٠
تیمۆتە، ٤٤٢
جاحێز، ١٠، ١١، ٧٩، ٨٨، ١٠٢،
٢٣٢، ٣٨٨، ٣٩٧، ٤٦٦، ٤٩٦،
٤٩٩، ٥٠٥، ٥٣٤، ٥٤١، ٥٤٢،
٥٤٤، ٥٦٢، ٦٠٦، ٦١٠، ٦١١
جاماسپ، ١٠١، ٢٣٢، ٤٠٠، ٤٠١،
٤٣٠، ٤٣١، ٤٣٢، ٤٣٣، ٤٥٥،
٤٦٦، ٥٤٨، ٥٤٩، ٦١٦
جاماسپ ئاسانا، ١٠١، ٢٣٢، ٤٦٦،
٥٤٨، ٦١٦
جبلە بنسالم، ٨٦
جەکسۆن، ١٢٦، ٢٠٨، ٢٠٩، ٢٤٥،
٢٦٢، ٢٦٣، ٢٦٦
جەمشید، ٧١، ٢١٢، ٥٣٩، ٦٠٨
جەوهەری، ٣٠، ٤٧، ١٦٩، ٢٥٦،
٤٢٧
جوبرائیل، ٢٤٤
چێستربیتی، ٢٦١
حارث بن عمرو، ٤٤١
حەسەن بەسری، ١٢٧
حەشوو، ٣٤٦
حەمدوڵڵا مستەوفی قەزوێنی، ٨٧
خۆتەل، ٦٢١

بنکەی ژین
www.zheen.org

خۆتەلانشا، ٦٢١
خۆرەخوسرەو، ٥٣٢
خۆشنۆڤاز، ٣٩٣
خـــــارەزمی، ٨٩، ١٦٠، ١٧٨، ٢٣١، ٦٢٣
خالدالفیاض، ٥٧٢
خانارەنگێس، ١٦٨
خەشایارشا، ٤٠، ٢٧٥
خرۆنۆس ئاپیرۆس، ١٩٢
خشەسرە، ٣٧، ٦٣٠
خوەرێنە، ٣٥، ١٨٨، ٢٢٩
خوەرنە، ٦٢٨
خـــوەش ئـــارەزووگ، ٥٧٤، ٥٨٦، ٥٨٧
خوەشیزەگ، ١٩٥، ٢٢٤
خورڕەمباش، ٤٨٩، ٤٩٧، ٤٩٨، ٥٩٠
خورداد، ٣٧، ١٩٩، ٢١٢
خوســـــرەو، ٢٩، ٧٩، ١٤٢، ١٤٥، ١٧٦، ٢٣٠، ٢٣٣، ٣١٦، ٣٤٩، ٣٥٠، ٣٨٥، ٤١٢، ٤٣٦، ٤٣٧، ٤٤١، ٤٤٢، ٤٤٣، ٤٤٥، ٤٥٥، ٤٥٩، ٤٦١، ٤٦٥، ٤٦٧، ٤٦٩، ٤٧١، ٤٧٣، ٤٧٤، ٤٧٥، ٤٧٦، ٤٧٧، ٤٨١، ٤٩٣، ٥٠٢، ٥٠٥، ٥١٥، ٥١٦، ٥١٨، ٥٢١، ٥٢٧، ٥٢٨، ٥٣٢، ٥٣٤، ٥٣٧، ٥٣٩، ٥٤٠، ٥٤٢، ٥٤٣، ٥٤٥، ٥٤٧، ٥٤٨، ٥٥١، ٥٥٢، ٥٥٤، ٥٥٥، ٥٥٦، ٥٥٧، ٥٥٨، ٥٥٩، ٥٦٠، ٥٦١، ٥٦٢، ٥٦٣، ٥٦٥، ٥٦٧، ٥٦٨، ٥٧١، ٥٧٢، ٥٧٣، ٥٧٤، ٥٧٥، ٥٧٦، ٥٧٧، ٥٧٨، ٥٨٢، ٥٨٣، ٥٨٤، ٥٨٥، ٥٨٦، ٥٨٨، ٥٩١، ٥٩٣، ٥٩٤، ٥٩٥، ٥٩٦، ٥٩٧، ٥٩٩، ٦٠٠، ٦٠١، ٦٠٢، ٦٠٣، ٦٠٦، ٦٠٧، ٦٠٩، ٦١٢، ٦١٣، ٦١٤، ٦١٦، ٦١٧، ٦١٨، ٦١٩، ٦٢٠، ٦٢٤، ٦٢٥، ٦٢٩، ٦٣١، ٦٥٠، ٦٥٣، ٦٥٤
خوسرەو - یەزدگردی سێهەم، ٦١٧
خوســـرەو ئەنووشـــەڕەوان، ٦٥٣، ٦٥٤
خوسرەو ئەنووشیروان، ٥٤٢
خوسرەو پـــەرۆێز، ٧٩، ٢٣٠، ٥٣٧، ٥٤٠، ٥٥٥، ٥٦٠، ٥٦٣، ٥٦٤، ٥٦٥، ٥٦٧، ٥٦٨، ٥٧١، ٥٧٢، ٥٧٣، ٥٧٤، ٥٧٦، ٥٨٣، ٥٨٤، ٥٨٥، ٥٨٨، ٥٩١، ٥٩٣، ٥٩٤، ٥٩٥، ٥٩٧، ٥٨٢، ٥٩٩، ٦٠٠، ٦٠٧، ٦١٢، ٦١٣، ٦١٦، ٦١٧، ٦١٨، ٦١٩، ٦٢٠، ٦٢٥، ٦٣١
خوسرەو شنووم، ٥٠٢، ٥٤٣
خوسرەو شیروویە، ٦٠٣
خوسرەوخارەزم، ٦٢١
خوســـرەو، ٤٦٦، ٤٧٠، ٤٧٩، ٥١٧، ٥٨٦، ٥٨٧، ٦٠٩

بنکەی ژین
www.zheen.org

خوسرەوی یەکەم، ٢، ٥٦، ٧٥، ٨٠،
٨١، ٨٢، ٨٣، ٩٢، ٩٣، ٩٧،
١٣٨، ١٤٦، ١٤٩، ١٥١، ١٥٤،
١٥٥، ١٥٧، ١٦٤، ١٦٩، ١٧٧،
١٧٨، ١٨٠، ١٨١، ٢٠٨، ٢٢٩،
٢٧٣، ٣٢٨، ٣٣٤، ٣٣٥، ٣٥٨،
٣٨٥، ٣٩٣، ٣٩٥، ٣٩٨، ٤٥٢،
٤٥٦، ٤٥٧، ٤٥٨، ٤٦١، ٤٦٤،
٤٦٦، ٤٧٥، ٤٨٣، ٤٨٦، ٤٨٨،
٤٨٩، ٤٩١، ٤٩٢، ٤٩٤، ٤٩٥،
٤٩٧، ٤٩٨، ٥٠١، ٥٠٧، ٥٠٨،
٥١٣، ٥١٩، ٥٣٣، ٥٥٠، ٥٦٩،
٥٧٠، ٥٧٦، ٥٧٩، ٥٨١، ٥٨٩،
٦٠٤، ٦١٠، ٦٣٦، ٦٤٧، ٦٤٨، ٦٤٩
خوسرەوی چوارەم، ٦١٧
خوســـــرەوی دووەم، ٢، ٢٩، ٩٣،
٩٧، ١٤٦، ١٤٩، ١٥١، ١٦٩، ١٨١،
٢٠٨، ٣٢٨، ٣٣٤، ٤٦٦، ٤٨٣،
٤٨٩، ٤٩١، ٤٩٨، ٥٣٢، ٥٣٧،
٥٣٩، ٥٤٠، ٥٤٢، ٥٥١، ٥٥٤،
٥٥٧، ٥٥٨، ٥٥٩، ٥٦٨، ٥٦٩،
٥٧٠، ٥٧٩، ٥٨١، ٥٨٩، ٦٠٤،
٦٠٦، ٦٠٩، ٦١٠
خوسرەوی سێیەم، ٦١٧، ٦١٨
خوسرەوی کوڕی قوباد، ٧٥
خووەڕڕەگان، ٤٢١، ٤٢٢
د.ئۆلدێنبێرگ، ٦٣
دۆرن، ١٠٥
دادبۆنداد، ١٥٩
دادفەڕوخ، ٧٤
دادهۆرمز، ٤٤٢
دادهۆرمزد، ٥١٦
دادیشووع، ٣٥٤
داراب هۆرمزیار، ١٠٣
دارمێستێتێر، ٥، ١١، ٨٠، ٨١، ٨٢،
١٦٤، ١٦٥، ١٧٦، ٢٢٣، ٢٣٠،
٣٣٧، ٣٨٥، ٤٤٥، ٤٤٨، ٤٤٩،
٤٥٧، ٥٣٠، ٥٣٢، ٥٣٣، ٥٣٨،
٥٤٦
داریـــووش، ٢٠، ٢١، ٢٢، ٤٠، ١١١،
١٥٣، ٢٧٥، ٥٧٣، ٦٣٠
داریووشی دووەم، ٤٤٦
داریووشی سێیەم، ٤٤٦، ٦٣٠
داماسیۆس، ٢٢٤
داهە، ٢١
دەستوورجی ساحێب، ٢٢٣
دەماوەند، ١٧٣
دەمەسقیۆس، ٥١٨
دێمێتریووس، ٣١
دێنحا، ٩٧
دخوویە، ١١، ١٠٤، ١٠٥، ١٠٦، ١٢٥،
٢٢٩، ٥٣١، ٥٣٤
درەستەمەت، ٣٧٧
درێویز، ٦٢
دروونێن، ٥٨
دو بووسۆبر، ٢٥٨

بنکەی ژین
www.zheen.org

دو سلان، ٦٣١
دو شوالی، ٥٣٣، ٥٣٤
دو لاگارد، ١٠٦
دو مۆرگان، ٦٠٧، ٦٠٨، ٦١٠
دو مێناش، ١٩٢، ٢٢٤، ٤٤٧، ٦٤٤
دووال، ١٠٧
دووفید، ٢٤١
دیۆجانۆس، ٥١٨
دیۆدۆتۆس، ٣١
دیۆکلێسین، ٩٠، ١٥٣، ٤٢١، ٥٨٨
دیلس، ٥٧٧
دیمەشقی، ٢٣٣
دینەگ، ١١٣، ٣٦٢، ٣٩٢، ٤١٢
دینـــەوەری، ٨٦، ٨٨، ١٧٤، ١٧٥، ١٧٧، ٣٤٨، ٤٢٣، ٤٣٣، ٤٣٤، ٤٥١، ٤٥٥، ٤٥٧، ٤٥٨، ٦١٥، ٦٤٧
دیندۆرف، ٥٤
دیوون، ٩٠، ١٢٩
دیوون کاسیووس، ٩٠
دییوولافـــوا، ١١، ١١٨، ١٢٠، ١٢٥، ١٢٦، ١٢٧، ٢٩٤، ٣٢٥، ٣٢٦، ٣٢٧، ٣٣٠، ٣٥٢، ٣٨٩، ٤٨٧، ٥٣٦، ٥٣٩
ڕۆتشـــتەین، ١١، ١٢٧، ١٦٥، ١٦٩، ١٧٨، ٣٢٨، ٣٨٧، ٣٨٨، ٤٥٦، ٤٥٧، ٤٥٨، ٥٠٣، ٥٣٢، ٥٤٣، ٦٠٦
ڕۆزێن، ٧٧، ١٠٢
ڕۆزنبێرگ، ٦٤، ٢٣٣، ٥٤٨
ڕۆســـتەهم، ٤١٢، ٦١٧، ٦١٩، ٦٢٠، ٦٢٢
ڕۆشن، ٧٣، ٢٠٧، ٢٣٩
ڕۆیتێر، ٢٣١، ٤٨١، ٥٣٦، ٦٠٧
ڕاپسۆن، ٥٨
ڕادهۆرمز، ٧٤
ڕالڤس، ٢٦٢
ڕام ڕاتووخ، ٢٢٥، ٢٣٨
ڕاولینسۆن، ٦٨، ٢٩٤
ڕایت، ١٠٧، ١٧٧، ١٧٩، ١٨٠
ڕەزا سەفی‌نیا، ١٧٥
ڕەزازادەشەفەق، ٦١٣
ڕەزاشا، ٥٤٣
ڕەزاشا پەهلەوی، ٥٤٣
ڕەشن، ٣٧، ١٩٩
ڕەشنوو، ٣٥
ڕەشید یاســەمی، ٤٥٧، ٥٣٧، ٥٤٧، ٦٠٤، ٦٠٦
ڕەفائیل، ٢٤٤
ڕتە، ٣٧
ڕەهام، ٣٦٢
ڕێش گالووتا، ٤٣، ٣٤٦، ٤٨٣
ڕێشێر، ٨٨، ٨٩، ١٠٥، ٥٣١، ٥٣٣، ٥٣٤
ڕێنۆو، ٥٩، ٢٢٥، ٣٢١
ڕووب، ٦٢١
ڕووبخان، ٦٢١

ژینەی ژن
www.zheen.org

ڕوودەکی، ٥١٩
ڕوومیزان، ٥٥٨
ڕیتزن ئێشتاین، ٦١
ڕیشێڵت، ٦٤، ٦٥
ڕینەو، ١٧٥، ١٧٦
راس الجالوت، ١٦٩
زۆتنبێـــــرگ، ١٢، ٨٧، ١٠٢، ١٠٤، ١٦٦، ١٦٨، ٢٣٣، ٣٢٤، ٥٣٩، ٦٠٤، ٦٠٨، ٦٠٩، ٦١٠، ٦١١، ٦١٦، ٦٣١، ٦٣٢
زۆروان، ٤١، ١٩٢، ١٩٤، ٤١١، ٤٥٢، ٥٢٤، ٥٢٦
زۆسیمۆس، ٩١، ١٦٧، ٥٣٦
زۆناراس، ٩٣، ٤٥٢
زۆنبیل، ٦٢١
زاخـــەو، ٦١، ١٠١، ١٠٣، ١٠٥، ١٠٨، ٢٢٤، ٢٢٦، ٢٢٩، ٢٣١، ٣٦٩، ٣٩٦، ٤٤٧، ٤٤٨، ٥٤٦، ٦٣٠
زادانفەڕۆخ، ٥٦٠، ٦٠٥، ٦١٨
زادوویە، ٤٦٢، ٦٢٠
زادویە بن شاهویە الاصفهانی، ٧٧
زارادێس، ١٩٢
زارە، ٥، ١٢، ١١٧، ١١٨، ١٢٥، ١٢٦، ١٢٧، ٢٢٨، ٢٥٨، ٢٧٢، ٢٧٨، ٢٨٥، ٢٨٦، ٢٩٠، ٢٩١، ٢٩٣، ٢٩٤، ٢٩٥، ٢٩٦، ٣٢٢، ٣٢٣، ٣٢٤، ٣٢٥، ٣٢٦، ٣٢٧، ٣٣٠، ٣٦١، ٣٨٨، ٣٨٩، ٤٩٤، ٥٣٤، ٥٣٥، ٥٣٦، ٥٣٩، ٥٧٩، ٥٨١، ٥٨٨، ٥٨٩، ٥٩٠، ٥٩٢، ٥٩٣، ٦٠٧، ٦٠٨، ٦١٠، ٦١٢، ٦٣٠
زاروام، ١٩٢
زالمان، ٥١، ٢٥٩، ٤٥٢، ٥٩٤
زاماسپ، ٧٤
زامیاد، ١٩٩
زەبەرەگان، ٤٧٨، ٥٣٤
زەحاک، ٢١٩، ٢٧٧، ٦٢٣
زەرمێهـــر، ٣٦٦، ٣٦٧، ٤٢٠، ٤٣٢، ٤٥١، ٤٥٤، ٥٤٢، ٦٤٧
زەرەدێس، ٤٥٢
زەرەسووشترۆتووم، ٥١١
زەردەشـــت، ٧، ١٣، ٣٦، ٣٧، ٣٩، ٤٠، ٤٥، ٥٩، ٦٠، ٦٧، ٦٨، ٧٠، ٧٥، ١٠١، ١٠٦، ١٢٥، ١٤٤، ١٧٠، ١٧٣، ١٧٤، ١٩٠، ١٩١، ١٩٢، ٢٠١، ٢٠٣، ٢٠٤، ٢٠٧، ٢١٠، ٢٢٢، ٢٢٤، ٢٢٧، ٢٢٨، ٢٢٩، ٢٣٧، ٢٤٤، ٢٦٥، ٢٨١، ٢٨٨، ٢٨٩، ٣٢٥، ٣٣٨، ٣٤٠، ٣٦٠، ٣٩١، ٤٢١، ٤٢٢، ٤٢٣، ٤٢٧، ٤٥٢، ٥٠٥، ٥٠٨، ٥١٣، ٥٣٧، ٥٣٨، ٥٤٥، ٥٤٨، ٥٥٣، ٦٤٤
زەروان، ٤١، ٧٤، ١٩٢، ١٩٣، ٤٧٩، ٥٣٤
زەروانداد، ١٤٦، ١٧٢
زەروکار، ١٩٤، ١٩٥

ژینکەی ژین
www.zheen.org

زەهیرەددین، ٨٩، ٤٥٦، ٤٥٩
زێئووس، ٤٢، ١١٩، ١٩٨
زێئووس ماگیستۆس، ٤٢
زێنۆب، ٩٤، ٢٧٦، ٢٨٨
زێنۆن، ٣٦٤، ٣٦٨
زێنەب، ٢٨٨
زوروان، ٧٤، ١٩١، ١٩٢، ١٩٣، ١٩٤، ١٩٥، ١٩٦، ١٩٧، ١٩٨، ٢٠٠، ٢٢٥، ٢٣٧، ٢٦٢، ٣٥٢
زوروان‌داد، ١٧٢، ٣٥٣
زیگ، ٥٢، ٦٥، ٦٦، ١٣٥
زیگلینگ، ٥٢، ٦٥، ٦٦
ژۆڤینین، ٣٠٣، ٣٠٤
ژاک، ٣٨٠
ژان کریزۆستۆم، ٤٩٢
ژووستێن، ٤٣٧
ژی . کارۆل، ٦٣
ژی. ئوستروووپ، ٥
سۆتێر، ٤٧
سـۆخرا، ١٣٥، ٣٦٦، ٣٩٤، ٤٢٠، ٦٤٧
سۆزۆمێن، ٩١، ٢٢١، ٣٤٢
سۆشیانت، ٤١
سۆشیانس، ٧٣، ١٩٠
سۆفیا، ٤٧
سۆلئینویکتووس، ١٨٧
سابها، ١٩٨، ٣٨٣، ٣٨٤
سابیر، ٤٣٥
ساسان، ١١١، ١١٣، ٣٣٥
ساسانییان، ٤، ٧٣، ٧٥، ٨٦، ٩٥، ١٢١، ١٢٦، ١٣٥، ١٤٠، ١٦١، ٢٦٢، ٢٨١، ٤٧٩، ٤٨٤، ٥٢٦، ٥٤١، ٥٥٩، ٥٦٦، ٥٩٤، ٦١٤ ، ٦٤٣
ساسـانییەکان، ٣، ٧، ٩، ١٠، ١٩، ٢٢، ٥٠، ٥١، ٦٧، ٧٤، ٧٥، ٧٦، ٧٩، ٨٥، ٨٦، ٨٧، ٨٨، ٩٠، ٩٢، ٩٣، ٩٤، ٩٥، ٩٧، ٩٩، ١٠٦، ١٢٠، ١٢٥، ١٣٠، ١٣١، ١٣٢، ١٣٣، ١٣٤، ١٣٨، ١٤١، ١٤٢، ١٤٤، ١٥٩، ١٦٦، ١٧١، ١٧٣، ١٩٦، ١٩٩، ٢٠١، ٢٠٩، ٢١١، ٢٧٢، ٣٣١، ٣٣٥، ٣٥٠، ٣٧٣، ٤٠٣، ٤٠٨، ٤٣٦، ٤٤٦، ٤٨٦، ٤٩٠، ٥١٨، ٥٢٥، ٥٢٦، ٥٣٥، ٥٧٠، ٥٨٣، ٥٨٨، ٥٩١، ٥٩٤، ٦٢٠، ٦٣٩، ٦٤١، ٦٤٥، ٦٤٦
ساکسی، ٦٠٩
سامانییان، ٥٤١، ٦٣٨
سامبیکە، ٤٣٦
سپاهبەد، ١٦٦، ٦٤٦
سـپاهبود، ١٣٥، ٣٦٥، ٤٥١، ٤٦٨، ٥٤٢، ٦٢٠، ٦٤٦، ٦٤٧، ٦٤٨، ٦٥٠
سپێنتە مینیوو، ٣٦، ٣٧، ٣٩
ستاک، ٢٢٩
سەبریشووع، ٩٧، ٥٥٦، ٥٩٦
سەرمەت، ٣٤

بنکەی ژین
www.zheen.org

سەعالبی، ١٢، ٨٦، ٨٧، ٨٨، ١٠١، ١٠٣، ١٧٧، ٣٢٤، ٣٨٨، ٤٢٧، ٤٢٩، ٤٣٤، ٤٥١، ٤٥٣، ٤٥٦، ٤٥٨، ٤٧٥، ٤٧٩، ٥٣١، ٥٣٤، ٥٣٩، ٥٤٠، ٥٤٨، ٥٧٤، ٥٧٦، ٥٨٣، ٥٨٤، ٥٨٦، ٥٩١، ٥٩٣، ٦٠٦، ٦٠٩، ٦١٠، ٦١١، ٦١٢، ٦١٣، ٦١٥، ٦٢٣، ٦٢٧، ٦٢٩، ٦٣١، ٦٣٢، ٦٣٩
سەعدەددین وراوینی، ٤٠٢
سەعدی بنی وەقاس، ٦٢٢، ٦٢٤، ٦٢٥
سەعیدی کوڕی پاتریک، ٨٦
سەکا، ٣٣، ٣٤
سەکانشا، ١٣٤، ١٧٩، ٢٩٢، ٣٢٧
سەلمانی پاک، ٤٨١
سەن نەرسێس، ٤٨٣
سەنت ئووژێن، ٣١٣
سەنت سێرجیووس، ٥٩٦
سەنت نەرکۆس، ٤٨٣
سەنەتروک، ٥٦
سەنەسەر، ٢٧
سێئۆدۆسیووسی بچووک، ١٥٣
سێئۆفیلاکتووس، ٤٩٢، ٥٣٥، ٥٣٩، ٥٥٣، ٦٠٤، ٦٠٥، ٦١٠، ٦٥٦
سێبێئۆس، ٩٤، ٥٨٥، ٦١٥، ٦٢٩
سێبێئۆسی ئەرمەنی، ٦٠٢
سێپەندیاد، ١٣٥، ١٦٦، ١٦٧، ١٧٢، ٣٥١
سێرجیووس، ٩٢، ٥٩٦
سێرسیتێس، ٥١٧
سێنێکا، ٥٧
سێوێر، ٩٧
سێوێرووس، ٩١
سرائیل، ٢٤٤
سروشە، ٣٥
سلێر، ٤٣٧
سلووکییان، ١١١
سلووکییەکان، ٢١، ٢٠٢، ٢٠٣
سمبات باگراتوونی، ٥٤٣، ٥٥٧
سنیممار، ٥٧٢
سووریێن، ٢٣، ٢٤، ٢٩، ٣٠، ٥٥، ٥٨، ١٣٥، ١٣٧، ١٤٢، ١٥٦، ١٦٦، ١٦٧، ١٧٠، ١٨٠، ٣٠٢، ٣٦١، ٤٣٨
سوولپیسیووس سێوێرووس، ٩١
سووملی، ٥٦٠
سیاوەش، ٧٤، ١٥٦، ١٥٧، ٤١٢، ٤٣٢، ٤٣٣، ٤٣٤، ٤٣٨، ٤٥١، ٤٥٤، ٤٥٦، ٦٢٥، ٦٣٦
سیاووش، ٧٤، ٥٩٤، ٦١٣
سیسین، ٢٥١
سیسینۆس، ٢٥١
سیلزیبوول، ٤٧٠
سیمپلیقیۆس، ٥١٨
سینجیبوو، ٤٧٠، ٤٧٦، ٥٣٤

بنکەی ژین
www.zheen.org

سییۆنکلۆس، ۹۳

شـــــئایدێر، ۸، ۱۵، ٤۸، ۵۷، ۵۹، ٦۲، ٦٤، ٦٦، ۸۵، ۹۹، ۱۰۹، ۱۲۷، ۱۷۵، ۱۷٦، ۱۷۷، ۱۷۸، ۱۹۸، ۲۲۳، ۲٤۱، ۲۵۸، ۲٦۰، ۲٦۱، ۲٦۲، ۲٦۳، ۲٦٤، ۲٦۵، ۲٦٦، ۲٦۷، ۲٦۸، ۲٦۹، ۳۲۷، ۳۹۱، ۵۳٤، ۵٤۵

شۆشیندوخت، ۳٤٦

شابۆ، ۹٦، ۱۰۸، ۱٦۸، ٤۵۲

شـــــاپوور، ۸۵، ۱۱۳، ۱۱٤، ۱۱٦، ۱۱۷، ۱۳۲، ۱۳۳، ۱۷۷، ۱۸۰، ۲۸۸، ۳٤۳، ۳٤۷، ۳٤۸، ۳٤۹، ۳۵۳، ٤۰۰، ٤۱۲، ٤۲۰، ٤۵۱، ۵٤۳

شاپوورمێهران، ٤۲۰

شاپووروەراز، ۵۰۲

شاپووری دووەم، ۲، ۷۱، ۷۲، ۷۵، ۸۲، ۹٦، ۱۳٤، ۱٤۵، ۱۵۳، ۱۵٦، ۱٦۵، ۱۸٤، ۱۸٦، ۱۹۸، ۲۷۱، ۲۹۷، ۲۹۸، ۲۹۹، ۳۱۲، ۳۱۵، ۳۱٦، ۳۱۸، ۳۱۹، ۳۲۰، ۳۲۳، ۳۲۵، ۳۳٤، ۳٤۲، ۳۵۳، ۳٦۹، ۳۷٤، ۳۷۷، ۳۸۲، ۳۸۵، ٤۸۱، ٤۸۳، ٤۸٤، ٤۹۰، ۵۰۱، ۵۳۳، ۵٤۳

شاپووری سێیەم، ۷۱، ۸۳، ۱۳۹، ۲۷۱، ۳۱٦، ۳۱۸، ۳۱۹، ۳۲۰، ۳٤۳، ۵٦۷

شاپووری کوڕی وەهرام، ۱۷۷، ٦۵۵

شاپووری یەکـەم، ۷، ۱۲، ۱۳، ٤٤، ٤۹، ٦۹، ۷۰، ۸۲، ۹۰، ۱۳۳، ۱۵۳، ۱٦۵، ۱٦۷، ۱۸۳، ۲۰۳، ۲۰۵، ۲۱۰، ۲۲۸، ۲۳۵، ۲۳٦، ۲۵۰، ۲٦۱، ۲۷۱، ۲۸۳، ۲۸٤، ۲۸۵، ۲۸٦، ۲۸۷، ۲۸۸، ۲۸۹، ۲۹۱، ۲۹٤، ۲۹۸، ۳۰۱، ۳۲۲، ۳۲٤، ۳۵۷، ۳۸۵، ٤٦۷، ٤۸٦، ٤۹۰

شاڤان، ۲٦۰، ۲٦٦، ٤۵۷، ٦۳۲

شاڤەگ، ۵۵٦

شاڤەلاش، ۵۸٦

شاهین، ۵۵۷

شاهین وەهمەنزادەگان، ۵۵۷

شەرەشەن، ۲۷

شەمعۆن، ۱۸٦، ۳٤۲، ۳۸٦

شەمعۆن بەرسەبعی، ۱۸٦

شەهرەگ، ٦۲۱، ٦۳۰

شەهرســـــتانی، ۱۹٤، ۲۳۰، ۲٦۵، ٤۲٤، ٤۲۵، ٤۵۳

شەهروەراز، ۵۵۸، ۵٦۲، ٦۰۱، ٦۰٦، ٦۱۷، ٦۱۸، ٦۳۰

شەهریار، ٤۰۵، ۵۹٤، ٦۰۱، ٦۱۹

شەهریوەر، ۱۹۹، ۲۱۲، ۲۱۳

بنکەی ژین
www.zheen.org

شێروانی، ٥٣٤
شێفر، ١٠٣، ١٠٥، ١٠٦، ٣٩٧، ٤٥٢، ٤٥٨، ٥٣٣، ٥٤١، ٥٤٤
شمەتا، ٦٠٠، ٦٠١، ٦٠٢، ٦٠٣، ٦١٨
شمیـــــت، ٢٦١، ٢٦٢، ٢٦٣، ٢٦٤، ٢٦٥، ٢٦٧، ٢٦٨، ٤٨٠، ٤٨٥، ٥٣٥، ٥٣٦، ٥٧١، ٦٠٨
شمید، ١٠٧
شوارتز، ١٢٦، ٢٣٠، ٣٨٨
شوالی، ١٠٥
شوولّتس، ٦٢
شـــــیرن، ٥٧٤، ٥٨٥، ٥٨٦، ٥٩٨، ٦٠١، ٦١١
شـــیروویە، ٣٩٨، ٥٤٠، ٥٥١، ٦٠١، ٦٠٢، ٦٠٣، ٦١٧، ٦١٨، ٦٢٩
شـــــیرین، ٢١٠، ٣٧٦، ٤١٢، ٤٧٣، ٥٥١، ٥٥٦، ٥٦١، ٥٦٥، ٥٨٤، ٥٨٥، ٥٨٦، ٥٩٣، ٥٩٤، ٥٩٦، ٥٩٨، ٦٠١، ٦٢٩

عۆنسۆری، ٥٤٢
عەبباس ئیقبالّ، ٥٤٦
عەبدا، ٣٤٦
عەبدیشووع، ٣٨١
عەلی، ٦٢٥
عەمرۆ بنی عودەی، ٢٥٢
عمرو بن‌البحر الجاحظ، ٦٠٨
عومەر خەییام، ٣٥٥، ٥٢٣
عومەر نوعمان، ٦٠٥
عومەری کوڕی خەتتاب، ٦٢٠
عومەری خەییام، ٢٣٠، ٣٨٩
عیسا، ٤٧، ٥٦١، ٥٩٧
عیســـــایی، ٤٤، ٤٦، ٦٢، ٩٣، ٩٧، ١٧٤، ٣٣١، ٣٤٣، ٣٥٥، ٤٨١، ٥٩٧
عیشۆبۆخت، ٤٠٩
غەسسانییان، ١١١، ١٢٢، ١٢٧، ٤٦٩
ڤۆلاگاز، ٤٣، ٥٥
ڤۆلاگازی سێهەمە، ٤٣، ٤٤
ڤۆلاگازی یەکەم، ٤٣، ٥٥
ڤۆن سالّت، ٥٨
ڤۆن سێڵ، ٢٦١
ڤۆن گووتشمید، ٥٨
ڤۆن لو کۆک، ٦٣، ٢٥٩، ٢٦٨
ڤۆن وێزێن دۆنک، ٦٢
ڤالّنس، ٣٠٢
ڤان ڤـلۆتن، ١٠٥، ١٧٠، ١٧٢، ١٧٥، ٥٣٤، ٦٠٦، ٦١٠، ٦٢٩، ٦٣١
ڤەرەزدەت، ٣٠٢، ٣١٦
ڤەسەگ، ٣٦٠
ڤەسەگ سیوونیکی، ٣٦٠
ڤەهەن مەمیکۆن، ٣٦٦
ڤەهرام، ٣٥
ڤەیوو، ٢٢٦
ڤێرتێر، ٥٩، ٢٢٥، ٢٢٨، ٣٢١، ٣٢٦

بنکەی ژین
www.zheen.org

ڤێرسرێغن، ۱۹۸، ۲۲۵، ۲۲۸، ۳۲۱، ۳۲٦
ڤێرســـــرێغنه، ۳۵، ٤۰، ۵۹، ۱۹۸، ۲۲۸، ٤۱۱
ڤێرنین، ۳۰۵
ڤۆتیووس، ۹۱، ۱۹۲، ۲۲٤، ۳۹۰
ڤۆستووس، ۳۷۷
ڤۆستووســـی بیزانســـی، ۵٦، ۹٤، ۱۳٦، ۱۵٦، ۱٦۷، ۱۸۰، ۳۰۲، ۳۲۹، ۳۹٦، ۳۹۹، ۵۳۷، ۵۳۹، ۵٤۲، ۵٤۳
ڤۆکاس، ۵۵۷
ڤۆکس، ۹۳، ۲۲۱، ٤۵۲
فاتێک، ۲۳٦
فارقلیت (فارقلیط)، ۲۳۷، ۲٦۲
فارمێر، ٦۱۲، ٦۱٤
فانتوور، ۳۹۱
فەڕوخ، ۷۳، ۷٤، ۱٤۵
فەڕوخان، ۱۱۵، ۵۵۷، ٦٤۸
فەڕوخزاد، ۵٦۰، ۵۹۹، ٦۰۵، ٦۱۷، ٦۱۹، ٦۲۰
فــەڕوخزاد خوســرەو، ٦۱۷، ٦۱۹، ٦۲۰
فەڕوخهۆرمزد، ٦۱۹، ٦۲۰
فەڕووخان شەهرەراز، ٦۱۸
فەڕووخانزاد، ۵٦۰
فەرەندێزم، ۳۰۱
فەرەیدوون، ۲۱۲، ۲۱۷، ۲۱۹، ۲٤٤، ٦۱۳، ٦۲۲
فەرخار، ۵۹۱، ٦۱۳
فەرهاد، ۵۸۵، ٦۱۱
فەرهادی پێنجەم، ۱٦٦
فەرهادی چوارەم، ۱٦٦
فەروەردین، ۱۹۹، ۲۱۲، ٦۰۹
فەهلەبەد، ٦۱۳
فراسیاگ، ۲۲۷
فرانکە، ۵۸
فرەشووکار، ۱۹٤، ۱۹۵
فرێد لەندر، ٦۱
فردۆنجی، ۹۹
فریدریشی دووەم، ٤۷۳
فریمان، ۱۰۱، ۵٤۵، ۵٤۸، ۵٤۹
فلانـــــدێن، ۱۲، ۲۷۹، ۳۲۲، ۳۲۳، ۳۲٦، ۵۳۹، ۵۷۳، ٦۰۸
فلاویووس ڤۆپیسکووس، ۹۰
فلاویووس فیلۆستراتووس، ۵۷
فلووگێـــــل، ۱۳، ٦۲، ۱۰۳، ۲۵۸، ۲٦۲، ۲٦۵
فلیشێر، ٤٤۵، ٤۵۱، ۵۳۳، ٦۳۹
فووشە، ٦۳
فیردەوســـــی، ۷۷، ۸٦، ۸۸، ۱۰۱، ۱۷۷، ۱۷۸، ۲۱۵، ۲۱۹، ۲۲۷، ۲۵٤، ۲٦٤، ۲۷٦، ۳۳۵، ۳۵۵، ۳۸۸، ۳۹۵، ۳۹۷، ٤۰٤، ٤۲۹، ٤۳٤، ٤۵۱، ٤۵۳، ٤۵۸، ۵۳۰،

بنکەی ژین
www.zheen.org

٥٣٢، ٥٣٤، ٥٤٤، ٥٤٨، ٥٧٤،
٥٧٦، ٥٨٥، ٥٩٢، ٦١٥، ٦١٦،
٦٢٣، ٦٢٩
فیرووز، ١٥١
فیساغۆرێس، ٤٥٢
قابووس، ٨٣
قارێن، ٢٣، ٢٤، ٥٤
قەتتووس، ٥٧٢
قطوس، ٥٧٢
قوباد، ٣، ١٣، ٨٢، ٩٥، ١٠٣، ١٥٧،
١٦٤، ١٧٢، ٣٩٤، ٤٠١، ٤١٢،
٤٢٨، ٥٢٨
قوبادی یەکەم، ٣، ٨٢، ١٥٧، ٣١٦،
٣٦٧، ٤٠١
قوستەنتین، ٢٩٩
قوستەنتینی گەورە، ٢٩٨
کۆرتۆن، ٤٥٢
کۆردۆئێن، ٣٠٣
کۆرش، ٢٠، ١٢٣، ٦٣٥
کۆست، ١٢، ٦٠٨
کۆشم، ١٦٦
کۆم، ٢٢٧
کۆمێش، ١٦٦
کۆنۆن، ١٧٠
کۆنستانتین، ٢٩٨
کۆنستانس، ٣٠٠، ٣٠١
کۆنستانسی دووەم، ٢٩٩
کاترمێر، ٦٣١
کادیشیەن، ٤٣١، ٤٣٤
کارێن، ٢٣، ١٣٥، ١٦٦، ١٦٧، ١٧٢،
٣٦٦، ٣٩٤، ٤٥٩
کاردار، ١٥٧، ٣٥٢، ٣٥٣
کـارڕا دو ڤـۆ، ١٤، ١٠٢، ١٠٣، ١٠٤،
٢٢٩، ٣٨٦، ٦٣١، ٦٣٢
کارڵ شمیت، ٢٦١
کاروووس، ٢٩١
کازار تێللی، ٥١٣، ٥١٧، ٥٤٦
کامپێرز، ٦٠٩
کانایانس، ١٠٦
کانیشکا، ٣٤، ٤٨
کاوە، ٥٧٤، ٦١٤، ٦١٧، ٦٢٣، ٦٣٠
کـــــاووس، ٨٣، ٤٣٦، ٤٤١، ٤٤٤،
٤٥٧، ٤٥٩، ٤٧٨
کاووس پێدێشخوارگەرشا، ٤٣٧
کاووسەگان، ١٣٦
کاوول شا، ٦٢١
کایکاووس، ٦١٣
کەردیر، ٧٠
کەشکەر، ١٦٣، ٣٤٥
کەمبووجیە، ٣٩٣، ٤٤٦
کەوم، ١٩٧، ٢٢٧
کەیخوسرەو، ٦١٣
کەیکاووس، ٢٢٧، ٣٧٤، ٦١٦
کەیوومەرس، ١٨٩
کەی ئادوربووزید، ٧٣
کەی گوشتاسب، ١٤٤

بنکەی ژین
www.zheen.org

کەی‌ئەشکبەر، ١٦٦
کێدرێنۆس، ٩٣، ٥٧٦
کێرمۆن، ٢٢٦
کێسلێر، ٢٤٧، ٢٥٩
کرۆنووس، ١٩٨
کرۆنووس ئاپیرۆس، ١٩٨
کراچکۆڤێسکی، ١٠٤
کراسووس، ٢٣، ٢٩، ٥٣، ٥٤، ٥٧، ١٦٦
کرامێرس، ٥٣١
کراوس، ٥٤٧
کرەوگاسیووس، ٣١٤
کرێمێر، ١٧٦، ١٧٧، ٥٣٧
کریستێنسێن، ٥، ٨، ١٣، ٥٤، ٦١، ٩٩، ١٠٠، ١٠١، ١٠٣، ١٠٥، ١٠٦، ١٠٧، ١٢٥، ١٢٦، ١٢٧، ١٦٨، ١٧٠، ١٧١، ١٧٢، ١٧٣، ٢٢٣، ٢٢٤، ٢٢٥، ٢٢٦، ٢٢٨، ٢٣٠، ٢٣١، ٢٣٢، ٢٣٣، ٢٦٣، ٢٦٥، ٣٢٥، ٣٨٩، ٣٩٣، ٤٤٥، ٤٤٧، ٦١٢
کلێمەن، ٩٣، ٣٢٥
کلێمەن هوار، ٣٢٥
کنوود دانیست، ٥٧٢
کـواد، ٣، ١٣، ٨٢، ٨٥، ١٠٣، ١٠٧، ١٣٨، ١٥٧، ١٦٤، ٣١٦، ٣٦٧، ٣٨٥، ٣٩٤، ٣٩٥، ٣٩٨، ٤٠١، ٤١٢، ٤٢٠، ٤٢٧، ٤٢٨، ٤٣١، ٤٣٢، ٤٣٣، ٤٣٤، ٤٣٥، ٤٣٦، ٤٣٧، ٤٣٨، ٤٣٩، ٤٤٠، ٤٤١، ٤٤٢، ٤٤٣، ٤٥٠، ٤٥١، ٤٥٣، ٤٥٤، ٤٥٥، ٤٥٦، ٤٥٧، ٤٥٩، ٤٦٢، ٤٦٤، ٤٧٨، ٦٠١، ٦٠٦، ٦١٨، ٦٤٨، ٦٤٩
کوادی دووەم، ٥٥١، ٦١٧، ٦١٨
کـوادی یەکـەم، ٣، ٨٢، ٨٧، ٩٢، ٩٥، ١٠١، ١٥٧، ١٧٧، ٣٥٧، ٣٦٧، ٣٩٥، ٤٢٣، ٤٥٠، ٤٥١، ٤٥٢، ٤٥٣، ٤٥٦، ٤٥٨، ٥٠٣، ٥٤١، ٦٠٠، ٦٢٥، ٦٤٧، ٦٤٨، ٦٤٩، ٦٥٤، ٦٥٥
کوریادێس، ٢٨٤، ٢٨٥، ٢٨٦، ٢٨٧
کولاسێس، ٣١٤
کووجووڵە کادفیزێس، ٣٤
کووروش، ٦٣٥
کووشانییان، ٣٤، ٥٨
کووشـانییەکان، ١٦٢، ٣٠٢، ٣٥٩، ٣٧٧
کوومۆن، ٦٠، ٦١، ١٠٩
کوونگخاس، ٣٦٥
کووهن، ١٢
کیداڕە، ٣٦٥، ٣٩٢، ٣٩٣
کیدارییان، ٣٦٠
کیدارییەکان، ٣٦٠، ٣٦٢، ٣٦٥
کیسـرا، ٤٦١، ٤٦٢، ٤٦٣، ٤٦٥، ٤٦٦، ٤٦٨، ٤٦٩، ٤٧٠، ٤٧١،

بنکەی ژین
www.zheen.org

٤٧٤، ٤٨١، ٤٨٢، ٤٨٤، ٤٨٦،
٤٨٧، ٥٠٣، ٥٣٧، ٥٦٦، ٦٠٠،
٦٢٥، ٦٥١، ٦٥٢، ٦٥٣
کیووس، ٨٣
گۆتوالّـــد، ١٠١، ١٠٤، ٣٩٣، ٥٣٩،
٦٠٨
گۆتیۆ، ٥٢، ٢٦٦
گۆدەرز، ٥٤، ٥٥، ٣٤٩، ٦٤٧
گۆردیەگ، ٥٨٥
گۆرگین، ١٦٧، ٤٣٩، ٤٥١
گۆرم، ٥٧٢
گۆشەنیەزداد، ٤٠٤
گۆنرەپ، ١٩٧، ٢٢٧
گابرییـــەل، ٨٣، ١٠٢، ١٠٣، ١٠٥،
١٠٦، ٣٢٤، ٣٦٨، ٥٤٦، ٥٩٦،
٥٩٨، ٦١٦
گالێریووس، ٢٩٧
گالینووس، ٢٨٨
گەوگی، ١٩٧، ٢٢٧
گێئۆمات، ٢٠
گێبهاردت، ١٠٨، ١٠٩
گرۆزن، ١٧٥
گرێسمان، ٦١
گرێگوار، ٩٤، ٥٩٦، ٦٠٥
گرێگواری پیرۆز، ٩٣
گرشاسپ، ٢٢٧
گروومباتێس، ٣٠٤، ٣٠٧، ٣٠٨
گرووون ویدڵ، ٦٣
گریگۆریووس بارهبراوس، ٩٦
گرینفیلّد، ١٧٥
گلۆن، ٤٣٠
گلۆنازێس، ٤٤٢، ٤٥٨
گنۆمـــــۆن، ٦٤، ٢٥٨، ٢٦٢، ٢٦٤،
٢٦٥، ٢٦٧، ٢٦٨، ٢٦٩، ٣٢٧
گنوونی، ٢٨
گنیل، ٣٠١
گوردیەک، ٤١٠
گوردیه، ٤١٠
گوزگانخودای، ٦٢١
گوشتاسپ، ٢٢٩، ٣٣٨
گوشنەسپ ئادورویش، ٣٤٩، ٦٤٧
گوشنەســـپداد، ٤٣١، ٤٣٢، ٤٣٣،
٤٣٤، ٤٣٦، ٤٥٦
گوندۆفارێس، ٣٣، ٣٤
گوندۆفەر، ٣٣
گووتشـــمید، ٨٥، ١٠٦، ١٢٤، ١٢٥،
١٢٧
گووچێهر، ٢٦، ١١٣، ١٩٠
گوودەرز، ٣٤٩، ٦٤٧
گووش، ١٩٩
گیب، ١٠٤، ١٠٥
گیرشمـــــەن، ٧٠، ١٢٥، ١٧١، ٢١٠،
٢١١، ٢٢٨، ٢٨٧
گیگێـــر، ١٢، ٥٩، ٢٢٢، ٢٣١، ٣٢١،
٦٠٦، ٦١١، ٦١٥
گیلانشا، ١٣٤

بنکەی ژین
www.zheen.org

گیو، ٥٥
گیوەرگیس، ٥٢٤، ٥٩٧
گیوومەرد، ١٩٠
لۆسترانج، ٤٥٢، ٦٥٦
لۆممێل، ٣٧، ٥٩، ٦٠، ٢٢٣
لابـــوور، ١٤، ٦١، ١٦٨، ١٧١، ٢٢١، ٣٢٣، ٣٣٠، ٣٤٢، ٣٧٠، ٣٨١، ٣٨٦، ٣٨٧، ٣٨٩، ٣٩٢، ٣٩٣، ٣٩٥، ٣٩٦، ٣٩٨، ٣٩٩، ٤٠٠، ٥٣٩، ٥٤٧، ٦٠٤، ٦٠٥، ٦١١، ٦١٤، ٦١٥
لاحەققی، ٨٥
لازار، ٩٤، ١٧١، ٢٠٩، ٣٥١، ٣٥٨، ٣٦٦، ٣٩٠، ٣٩٤، ٤٠٠، ٥٤٣
لازار فـــارپ، ٩٤، ١٧١، ٢٠٩، ٣٥١، ٣٦٦، ٣٩٠، ٤٠٠، ٥٤٣
لاکتانتیووس، ٩٠، ٢٨٤
لاکتانتیووس فیرمیانووس، ٩٠
لانگلـــــوا، ١٤، ٥٥، ٥٦، ٥٧، ١٠٦، ١٠٧، ١٦٨، ١٧٠، ١٧١، ١٧٤، ١٧٧، ١٨٠، ٢٢١، ٢٢٢، ٢٢٤، ٢٢٦، ٢٣٠، ٣٢١، ٣٢٢، ٣٢٤، ٣٨٩، ٣٩٠، ٣٩١، ٣٩٢، ٣٩٤، ٣٩٦، ٣٩٩، ٤٠٠، ٤٤٧، ٥٣٧، ٥٣٩، ٥٤٢، ٥٤٣، ٦٣٩
لەند، ٣٨٦
لێڤۆند، ٩٥
لێڤی، ٦٦، ١٢٤، ١٢٥، ٦٣٠
لێگە، ٦٢
لێنـــتس، ٦٤، ٦٥، ٢٦٠، ٢٦٢، ٢٦٣، ٢٦٤، ٢٦٦، ٢٦٨
لێهمان، ١٢٦، ٣٢٩
لێهمان هەوپت، ١٢٦، ٣٢٩
لو کۆک، ٢٥٥، ٢٥٦، ٢٦٠، ٢٦٩
لوقۆلیان دو فلۆریڤاڵ، ١٠٧
لوهراسپ، ٣٣٨
لوودرێس، ٦٥
لوویمان، ٦٥
لویان، ٦٥
لویس گرێی، ١٧٥
لیبانیووس، ٩١
لیدسبارسکی، ٦٢
لیس، ٣٩٧
لییۆنس، ١٨٦
مـــۆدی، ١٧، ٧٤، ١٠٣، ٢٢٩، ٢٣٢، ٢٦٥
مۆردتمان، ١٢٤، ٣٩٢
مۆرگان، ١٥، ١٢٤، ٣٣٠
مـــــاد، ٢٠، ٤٠، ١١٦، ١٣٥، ١٤٣، ١٤٥، ١٦١، ٢٢٥، ٣٦٢، ٦٢٤، ٦٢٦
مارەبەها، ٥١٦، ٥١٧، ٥٤٧
مارەبەهای یەکەم، ٩٧
مارتین، ٣٩٢
مارسابها، ٣٨٢
مـــارکوارت، ١٤، ٥٥، ٥٦، ٨٣، ٩٥، ١٠١، ١٠٢، ١٠٧، ١٢٦، ١٦٦، ١٦٨، ١٧٣، ١٧٩، ٢٢١، ٢٣٠، ٢٣٢، ٣٢٢، ٣٢٥، ٣٢٨، ٣٢٩، ٣٣٠،

بنکەی ژین
www.zheen.org

٣٨٦، ٣٨٧، ٣٨٩، ٣٩٢، ٣٩٣،
٣٩٤، ٣٩٥، ٤٠٠، ٤٣٦، ٤٥١،
٤٥٤، ٤٥٦، ٤٥٩، ٥٣١، ٥٣٢،
٥٤٢، ٦٠٤، ٦٠٥، ٦١١، ٦٢٩،
٦٣٠، ٦٣١، ٦٣٢
ماروسا، ٣٤٤، ٣٤٥، ٣٦٩
ماریا، ٥٨٥، ٥٩٥، ٦٠١، ٦١١
ماریس، ٣٩٠
ماریه، ١٠٧
ماکلێر، ٥٦، ١٠٧، ٦١١، ٦١٥
مالالا، ٣٩٥
مالخاسیان، ١٠٧
مان، ٦٤
مانۆئێل، ٥٦، ٥٠١
مانۆئێل مەمیکۆنی، ٣٠٣
مانۆکجی لیمجی هۆشەنگ هاتریا، ٧٤
مـــانی، ٢١، ٦٢، ١٩٢، ٢٣٥، ٢٣٦، ٢٣٧، ٢٤٠، ٢٤٣، ٢٤٤، ٢٤٥، ٢٤٧، ٢٤٨، ٢٤٩، ٢٥٠، ٢٥١، ٢٥٣، ٢٥٤، ٢٥٧، ٢٥٨، ٢٦١، ٢٦٢، ٢٦٥، ٢٦٦، ٢٦٧، ٢٦٨، ٣٥٧، ٣٨٣، ٤٢٣، ٤٤٤، ٤٥٢، ٥٤٦، ٦٠٦
ماهـ، ٥٩٤
ماهـ ئادورگوشنەسپ، ٦١٨
مـــاهـ گوشنەســپ، ٧٣، ١٤٩، ١٦٩، ٣٥٢، ٣٥٣، ٥٣٨
ماهـ گوشنەسپان، ٣٥٢
ماهویه، ٤١٢، ٦٢٧
ماهوی، ٦٢٧
ماهیار، ٦١٨
ماوردی، ١٤٢
مەحموودی غەزنەوی، ٥٤٢
مەردئاوەند، ٦٢٧
مەردانشا، ٥٦٠، ٥٦١، ٦٠١
مەردووک، ١٢٣، ٢٦٣
مەزەن، ٢٤٠، ٢٦٤
مەزداهـ، ٣٥، ١١٩، ٣٣٤
مـــەزدەک، ٢، ٨٥، ٨٧، ٣٥٧، ٤٢٠، ٤٢١، ٤٢٢، ٤٢٣، ٤٢٥، ٤٢٧، ٤٢٩، ٤٣٧، ٤٣٩، ٤٤٠، ٤٤١، ٤٤٢، ٤٤٥، ٤٥١، ٤٥٢، ٤٥٣، ٤٥٧، ٤٥٨، ٤٦٩، ٦٠٦، ٦٥٠
مەسعوودی، ١١، ١٤، ٧٩، ٨٦، ٨٨، ١٠٢، ١٤٧، ١٧٠، ١٧٥، ٢٠١، ٢٠٨، ٢٠٩، ٢٣٣، ٣٢٤، ٣٣٩، ٣٨٨، ٣٩٦، ٤٥٠، ٤٥٣، ٤٥٨، ٤٦٨، ٤٧٣، ٤٨٢، ٥٣١، ٥٣٢، ٥٣٧، ٥٤٠، ٥٤١، ٥٩٠، ٥٩٣، ٦٠٦، ٦٢٧، ٦٢٨، ٦٣٢، ٦٤٦، ٦٤٨، ٦٥٠
مەسیح، ٤٤، ٤٧، ٢٣٧، ٢٤١، ٢٤٤، ٢٥٨، ٣٦٢، ٣٦٤، ٣٨٠، ٣٩٠، ٣٩١، ٤٣١
مەشیەگ، ١٩٠
مەشیانگ، ١٩٠
مەشی بەغی، ٢٣٩
مەکووران، ١١٦، ١٦١
مـــــەلاس، ٩٢، ٤٢١، ٤٢٤، ٤٤١، ٤٤٢، ٤٥٢، ٤٥٧، ٤٥٨
مەمیکۆن، ٢٨، ٣٠٣، ٣٦٦
مەنسوور، ٥٣٦
مەنووچێهر، ١٤٤
مەنووچێهری، ٢١٥، ٥٩٤
مەنووچیتر، ١١١
مەنووش چیسرە، ١٤٤
مـــــەوریکیۆس، ٢٣١، ٤٧٠، ٥٤٢، ٥٥٥، ٥٥٧، ٥٩٥، ٦٠٤، ٦١١
مێســـینا، ٦٦، ٩٦، ١٠١، ١٠٨، ٢٢١، ٢٣٠، ٣٢٢، ٣٢٥، ٣٣٠، ٣٨٦، ٣٨٩، ٣٩٢، ٦١١
مێنانەر، ٣٢
مێنانەرۆس، ٩٢، ٦٠٤
مێنانەرۆس پرۆتکتۆر، ٩٢
مێنانەریس، ١٦٧، ٣٨٥، ٦٥٦
مێهـــــر، ٣٥، ٣٦، ٣٧، ٤٢، ١٨٧، ١٩٩، ٢٠٠، ٢٠٧، ٢٠٩، ٢١٢، ٢١٣، ٢١٦، ٢٢٢، ٢٢٦، ٢٤٦، ٢٦٦، ٣١٩، ٤١١، ٥٦١
مێهراگاوید، ١٤٦

بنکەی ژین
www.zheen.org

مێهـــــران، ١٣٥، ١٣٧، ١٦٧، ١٦٩،
٣٠١، ٣٤٩، ٣٦٢، ٣٦٦، ٣٨٨،
٤٠٤، ٤١٠، ٤١٢، ٤٢٠، ٥٠٣،
٥٠٥، ٥٤٩، ٥٥٤، ٥٥٥، ٥٩٧،
٦٤٧، ٦٥٥
مێهربووزید، ٤١١
مێهرێن، ٢٣٣
مێهرداد، ٥٣، ٥٤، ١٦٧
مێهردادی دووەم، ٣٣
مێهردادی یەکەم، ٥٧
مێهرشا، ٢٤٧
مێهرشـــــاپوور، ١٤٦، ١٦٨، ٣٤٥،
٣٥٤، ٣٨٠
مێهرنەرسە، ١٣٥، ١٤١، ١٥٧، ١٦٦،
١٧٢، ٢٢٤، ٣٣١، ٣٥١، ٣٥٣،
٣٥٤، ٣٥٧، ٣٥٨، ٣٨٨، ٣٩٠،
٤١١، ٥٠٢
مێهرنەرسی، ١٦٩
مێهرهۆرمزد، ٦٠٣، ٦١٥
مێهروەزار، ٤١١
مێهریەزد، ٢٣٩
محەممەد نیزامەددین، ١٠٢
محمد بن الجهم البرمکی، ٧٧
محمد بن مطیار الاصفهانی، ٧٧
مریەم، ٢٣٦، ٣٩١، ٥٨٥، ٥٨٦، ٦١١
مسعربن‌المهلهل، ٥٧٢
مشاورالدولە، ٥٠٣
مطهر بن طاهر المقدسی، ٦٢٣
ملاکێر، ١٠٧
منوهمید، ٢٦٤
موئەس، ٣٣
موتەوەککێل، ٥٣٧
مورتـــەزای کـــوڕی داعـــی حەســـەنی
ڕازی، ٨٩
موسی بن عیسی الکسروی، ٧٧
موعین، ١٩٨
مـــول، ١٠٤، ١٧٠، ١٧٨، ٣٨٨، ٤٥١،
٥٣٢، ٥٣٤، ٥٤٤، ٥٤٨، ٦٠٩،
٦١١، ٦١٣، ٦١٦، ٦٣١، ٦٣٩
مونرێزی لەخمی، ٤٤٣
مـــــونزێر، ١٣٩، ٣٤٨، ٣٤٩، ٥٠٧،
٥٤١، ٥٤٢، ٥٤٣
مونزێری سێهەم، ٤٤١
موویەد بارام، ٧٨
موویەد کەردیر هۆرمزد، ٧٠
موورتا، ٦٢١
موورتا، ٦٢١
موسۆنیانووس، ٣٠٠
مووسا خـــۆرنی، ١٤، ٢٥، ٢٦، ٥٥،
٥٦، ٩٤، ١٦٦، ٣٨٨
مووسا کالانک واسی، ٩٥
مووشل، ٣٠٢، ٥٥٥
مـــــوولێر، ٥١، ٥٢، ٥٨، ٦٤، ٦٥،
٢٢٥، ٢٥٩، ٢٦٠، ٢٦٥، ٢٦٧،
٢٦٩، ٣٩٤، ٤٥٢، ٥٩٤
موونش هاوزن، ٣٥٠
میتراس، ٤٢
میدۆگماهـ ، ، ٧٣
میرخوند، ٨٧، ٢٥٤
میسرە، ٢٠٠
میشـــێل ســـۆریانی، ٩٥، ٩٦، ١٦٨،
٣٩٥، ٤٥٢
میکائیل، ١٠٧، ٢٤٤
میکائیل پرۆتۆگال، ١٠٧
میلاد، ١٦٧
میلیندا، ٣٢
مینۆرسکی، ٧، ٥٣١، ٦٠٤، ٦٢٩
مینـــــەوی، ٥، ١٥، ٨٠، ٨٢، ١٦٤،
١٦٥، ١٧٧، ٢٣٠، ٣٨٥، ٣٩٨،
٤٤٥، ٤٤٨، ٤٤٩، ٤٥٢، ٤٥٧،
٤٥٨، ٥٣٠، ٥٣٢، ٥٣٣، ٥٣٨،
٦٥٦
مینگانا، ١٠٨
میە، ٥٢، ٥٩، ٦٦، ١٢٤، ٣٩٠

بنکەی ژین
www.zheen.org

نۆشـــیروان، ۸۲، ۳۵۰، ۳۵۸، ٤۰٤، ٤۱۰، ٤٦٥، ٤۷۱، ٤۷۲، ٤۷۳، ٤۷٤، ٤۷٦، ٤۹۲، ٤۹۳، ٥۱۷، ٥۳۰، ٥۳۸، ٥۷۰
نۆڵـــــدکێ، ۱۱، ۱۳، ۱٥، ۷٦، ۷۸، ۸۷، ۹۸، ۱۰۱، ۱۰۳، ۱۰٤، ۱۰٦، ۱۰۸، ۱۰۹، ۱۱٦، ۱۲٥، ۱۲۷، ۱۳٥، ۱٦۰، ۱٦۳، ۱٦٥، ۱٦٦، ۱٦۷، ۱٦۸، ۱٦۹، ۱۷۰، ۱۷۱، ۱۷۲، ۱۷۳، ۱۷٤، ۱۷٥، ۱۷٦، ۱۷۷، ۱۷۸، ۱۸۰، ۱۸۱، ۲۲٤، ۲۲٥، ۲۲۹، ۳۲۱، ۳۲۲، ۳۲٥، ۳۲۷، ۳۲۸، ۳۳۰، ۳۸٥، ۳۸٦، ۳۸۷، ۳۸۸، ۳۸۹، ۳۹۲، ۳۹۳، ۳۹٤، ۳۹٥، ۳۹٦، ۳۹۸، ۳۹۹، ٤۰۰، ٤۲۹، ٤٤۱، ٤٤٥، ٤٤٦، ٤٥۰، ٤٥۱، ٤٥۲، ٤٥٤، ٤٥٥، ٤٥٦، ٤٥۷، ٥۳۰، ٥۳۱، ٥۳۲، ٥۳۳، ٥۳٤، ٥۳٥، ٥۳٦، ٥۳۷، ٥۳۸، ٥۳۹، ٥٤۰، ٥٤۱، ٥٤۲، ٥٤۳، ٥٤٤، ٥٤٥، ٥٤۷، ٥٤۸، ٥٥۰، ٦۰۳، ٦۰٤، ٦۰٥، ٦۰٦، ٦۰۸، ٦۰۹، ٦۱۰، ٦۱۱، ٦۱٤، ٦۱٥، ٦۱٦، ٦۲۹، ٦٥٥
ناسێن، ٤٦
نامدار گوشنەسپ، ٦۱۸
نەبەۆ، ۱۹۸، ۱۹۹
نەبووکۆدۆنۆسۆر، ٥٦٥
نەخوەدار، ٥٥، ۳۰٤
نەخویرەگ زادوویە، ٤٦۲
نەرسا، ۱۹۷
نەرسائی، ۳۸٤، ۳۸۷
نەرسێس، ۳٦۹
نەرسە، ٦۸، ۷۰، ۱۳٤، ۱٥۳، ۱٥۷، ۲٥۲، ۲۷۱، ۲۹٤، ۲۹٥، ۲۹٦، ۲۹۷، ۲۹۹، ۳۰۲، ۳۱٦، ۳۲٦، ۳٤۷، ۳٤۸، ۳٥۱، ۳٥۳
نەرسی، ٥٦، ٦۷
نەرسی پاک، ٥٦
نـــــەریمان، ۱٦، ۱۰۲، ۱۰۳، ۲۳۲، ۲٤٤، ٥٤٥
نەکیسا، ٦۱۳
نەنا، ۱۹۸
نەنائی، ۱۹۸، ۱۹۹
نێپۆس، ۱۷۰
نێرۆن، ٥٥
نێکیسا، ٦۱۳
نظام‌الدولە، ٥۰۳
نوعمان، ۳٤۹، ٥۰۳، ٦۲٥
نوعمانی دووەم، ٤۳٤
نوعمانی سێیەم، ٥٦۲
نوعمانی لەخمی، ۳٤۸
نیبێرگ، ۷، ۸، ۱٥، ۳٥، ۳۷، ۳۸، ٥۹، ٦۰، ۷۱، ۱۰۲، ۱۲٤، ۱۷٤، ۱۹۱، ۱۹۳، ۱۹٤، ۱۹٥، ۱۹٦، ۱۹۷، ۲۰۰، ۲۲۱، ۲۲۲، ۲۲۳، ۲۲٤، ۲۲٥، ۲۲٦، ۲۲۷، ۲۳۱، ۲۳۲، ۳۸۷، ۳۸۸، ٤٥۲، ٥۳۹، ٦٤٤
نیریۆسەنگ، ۲۲٦
نیزامولمولـــــک، ۸٦، ۸۹، ۳۹۷، ٤٥۸، ٤۷۱، ٤۷٤، ٤۹۹
نیزامی، ٥۹۳
نیزامی عەرووزی، ۱٥۸، ۱٥۹، ٥٤۲
نیزامی گەنجەوی، ٦۱۳
نیزەک تەرخان، ٦۲۲، ٦۲۷
نیکە، ۲۸٦، ۲۸۷، ٥٦۷
نیلسێن، ۲٦٥
نیووئەردەشێر، ٦۱٤
واختسموت، ٤۸٤
وارنێر، ۱۰٤
وارویک ڕۆس، ٥۸
واسمێر، ۳۲۷
والدشمیت، ۲٦۰، ۲٦۲، ۲٦۳، ۲٦٤، ۲٦٦، ۲٦۸
والانتین، ٤٦
والانتینی، ٤۷

بنکەی ژین
www.zheen.org

والریـــانووس، ٦٩، ٩٠، ٢٧١، ٢٨٤، ٢٨٥، ٢٨٦، ٣٢٥
والیس، ١٠٩، ٦١٥
والیس بووج، ٦١٥
وان ویک، ٥٨
وای یاوەر، ٧٤
وەراز، ١٨٠، ٤٨٩، ٥٤٣، ٦٢١، ٦٣٠
وەرازان، ٦٢١، ٦٣٠
وەرازبەندەگ، ٦٢١
وەرام شاپووە، ٣١٦
وەردانشا، ٦٢١
وەلاش، ٣٣١، ٣٦٦، ٣٦٧، ٣٦٨، ٣٩٤، ٣٩٥، ٤٣٣، ٤٥٤، ٤٥٥
وەلەخش، ٨٣، ١١٤
وەلەرشەک، ٢٥، ٢٦، ٢٧، ٥٥
وەهۆبرۆز، ١١٢
وەهرام شاپوور، ٣٣٠
وەهرام شاد، ٧٤
وەهرام گوشنەسپ، ٥٥٤
وەهرامی پێنجـــەم، ١٣٤، ١٤٩، ١٥١، ١٥٢، ٢٠٨، ٣٣٧، ٣٤٩، ٣٥٠، ٣٥٤، ٣٥٥، ٤٩٧، ٤٩٨، ٥٠١، ٥٠٧، ٥٣١، ٦٣٥
وەهرامی چوارەم، ١٣٤، ٢٧١، ٣١٦، ٣١٧، ٣٤٣
وەهرامی چووبین، ٤١٠، ٥٥١، ٥٥٥، ٥٥٦، ٥٥٩، ٥٦٢، ٥٨٥، ٦٠٤، ٦١٨، ٦٢٥
وەهرامـــی دووەم، ١٣٤، ١٦١، ٢٦١، ٢٧١، ٢٩١، ٢٩٢، ٢٩٣، ٢٩٤، ٢٩٨، ٣٢٧
وەهرامـــی گـــۆڕ، ٤٩٧، ٤٩٨، ٥٠٤، ٥٣٢
وەهرامـــی یەکـــەم، ٧٠، ١٣٤، ٢٤٩، ٢٨٨، ٢٩٠، ٢٩٢، ٣٢٧
وەهمەن، ١٩٩، ٢١٢، ٢١٩، ٢٦٤
وەهمەنە، ٦٢١
وەهوومەنە، ٣٧، ٣٩، ٢٢٧
وێســـــت، ١١، ١٦، ٦١، ٩٩، ١٠٠، ١٧١، ١٧٢، ٢٢١، ٢٢٣، ٢٢٤، ٢٢٨، ٣٩٧، ٤٤٦، ٤٤٧، ٤٥٧، ٥٤٩، ٦٤٣
وێســـتەهم، ١٧٧، ٣٤٨، ٥٤٢، ٥٥١، ٥٥٤ ،٥٥٥، ٥٥٦، ٥٥٨، ٥٥٩، ٥٦٠، ٦٠٤، ٦١٨، ٦٤٧، ٦٥٥
وێسترگارد، ٦٩، ١٠٠
وێنـــــدوی، ١٦٩، ٥٥٤، ٥٥٥، ٥٥٦، ٥٦٠
وێھ پەناھ، ٧٤، ١٧٣
وێھ ھۆرمزد، ٧٤
وزورگ مێهر، ٧٥، ١٠١، ٥٤٨، ٦٥٢، ٦٥٣
وھباللات، ٢٨٨
ووستێنفێلد، ١٠٤، ١٠٥، ٤٥٠
ووسوون، ٣٢
وولرس، ٣٢٢، ٣٢٣، ٣٩٧، ٦٣١
ووندستێل، ٩٩
ویەئەردەشـــــێر، ١٢١، ١٢٣، ٤٧٩، ٤٨٠، ٤٨٢، ٤٨٣، ٤٨٤، ٥٣٥، ٦٠١، ٦٢٤
ویەشاپوور، ٤٤٢، ٤٥٨
ویەمێهرشاپوور، ٣٥٥
ویکاندر، ١٤، ١٦، ١٢٤، ٢٢٦، ٤١٥، ٤٤٧
ویلیامز جەکسـۆن، ٦٩، ٩٣، ٢٦٠، ٥٤٩
ویمە کادفیزێس، ٣٤
ویە شەھریگ، ٣٨٣
ھۆبشـــمان، ١٦٧، ١٧١، ١٧٣، ١٧٤، ١٨١، ٣٢١، ٣٢٢، ٣٩٦، ٣٩٨، ٣٩٩، ٤٥١، ٥٣٧، ٥٣٨، ٥٣٩، ٥٤٢، ٥٤٣
ھۆتســـــما، ١٠٢، ١٠٤، ١٧٠، ١٧٣، ١٨١، ٢٦٧، ٣٨٦، ٥٤١
ھۆرمزدان، ١٦٨، ٦٢٦

بنکەی ژین
www.zheen.org

هۆرمزدشا، ٦٠٢
هۆرمزدی پێنجەم، ٦١٧، ٦١٩
هۆرمزدی چوارەم، ٨٢، ٤٧٤، ٥٠٣، ٥٠٥، ٥٣٢، ٥٣٤، ٥٥١، ٦٠٥، ٦٢٥، ٦٤٨
هـۆرمزدی دووەم، ٢٥٢، ٢٧١، ٢٩٦، ٢٩٧، ٢٩٨
هۆرمزدی سێهەم، ١٣٤
هـۆرمزدی یەکـەم، ٧٠، ١٣٤، ٢٤٩، ٢٧١، ٢٨٨، ٢٩١، ٣٥٧، ٥٦٤
هۆرمیزد، ٤
هۆرمیزدان، ٦٣٢
هۆرنلی، ٦٥، ٦٦
هۆشەنگ، ٧٤، ١٠٠، ١٧٠، ٢١٨
هۆڵگر پێدرسن، ٦٦
هۆفمەن، ١٦، ٦١، ١٠٩، ١٣٥، ١٦٥، ١٧٣، ١٧٧، ١٨٠، ١٨١، ٢٢٣، ٢٢٧، ٢٢٨، ٢٢٩، ٢٣٠، ٢٦٨، ٣٨٧، ٣٨٩، ٣٩٢، ٣٩٦، ٣٩٧، ٣٩٨، ٣٩٩، ٤٠٠، ٤٤٥، ٤٤٦، ٤٤٧، ٥٣٨، ٥٤٣، ٥٤٤، ٥٤٩، ٦١٥
هۆگ، ١٠٠، ٦١٥
هۆمێر، ٥١٨
هۆنۆریووس، ١٥٣
هاربرووشێر، ٢٢٥، ٢٣٠
هاربرووکێر، ١٠٥، ٤٥٢
هارتوونیان، ١٠٧
هارناک، ١٠٨، ١٠٩
هالۆن، ٥٧
هالیر، ١٠٨
هانزێن، ٦٤، ٧٠، ٧١
هانسێن، ٦٠٥
هەخامەنشییان، ١٩، ٢١، ١١٢
هەخامەنشـییەکـان، ٢٢، ٣١، ٥٢، ١٢٦، ١٦٢، ٢١٩، ٢٧٢
هەشوو، ١٨٨
هەفتانبۆخت، ١٢٣
هەمزە ئیسفەهانی، ٧٦
هەورتات، ٣٧، ٢٢٧
هێـــرۆدۆت، ٢٠، ١٧٥، ٢٧٩، ٣٩٣، ٥٠٢، ٥٣١، ٥٤٢
هێرۆدیان، ٥٧
هێرۆدیانووس، ٩٠، ١٢٩، ٣٢١
هێراکلێس، ٤٢، ١٩٨
هێراکلیـــووس، ٥٥٧، ٥٥٨، ٥٦٤، ٥٦٥، ٦١١، ٦١٥، ٦٤٩
هێرتسفێڵـــد، ١٠، ١١، ١٢، ١٥، ١٦، ١٧، ٥٤، ٥٥، ٥٦، ٥٨، ٦١، ٦٨، ٦٩، ٧٠، ٧١، ٩٨، ٩٩، ١٠٢، ١٠٣، ١٠٩، ١١٥، ١١٦، ١٢٤، ١٢٥، ١٢٦، ١٢٧، ١٥٠، ١٦٥، ١٦٧، ١٦٨، ١٦٩، ١٧١، ١٧٢، ١٧٤، ١٧٦، ١٧٧، ١٧٨، ١٧٩، ١٨٠، ٢١٨، ٢٢٢، ٢٢٨، ٢٣٠، ٢٣٣، ٢٥٨، ٢٦٧، ٢٩٢، ٣١٧، ٣١٨، ٣٢١، ٣٢٢، ٣٢٤، ٣٢٥، ٣٢٦، ٣٢٧، ٣٣٠، ٣٥٣، ٣٨٨، ٣٨٩، ٣٩٢، ٤٨٦، ٥٣٤، ٥٣٥، ٥٣٦، ٥٣٨، ٥٣٩، ٥٤٠، ٥٤٢، ٥٤٣، ٥٤٨، ٥٦٤، ٥٦٧، ٥٦٨، ٥٦٩، ٥٧٠، ٥٧٢، ٥٧٣، ٥٧٤، ٥٧٧، ٥٧٨، ٥٨٠، ٥٨١، ٥٨٣، ٦٠٧، ٦٠٨، ٦١٠، ٦١٢، ٦١٤، ٦٥٥
هێرقێل، ٩٤، ٩٧، ٥٧٦، ٥٧٨، ٦٠٠، ٦٠١، ٦١٨، ٦٢٥، ٦٤٩
هێرکوول، ٥٧٧، ٦٠١، ٦١١
هێرمۆگنێس، ٤٦٥
هێرمان، ٥٨
هێرمس، ٤٢
هێرمیاس، ٥١٨
هێرن، ٩٩
هێفایستیۆن، ١٧٠
هێلێن، ٤٣، ٥٣

بنکەی ژین
www.zheen.org

هێلیۆس، ٤٢، ١٩٨
هێنینـــگ، ٥٧، ٦٩، ٧٠، ١٦٥، ١٧٥، ١٨٠، ٢٣١، ٢٥٩، ٢٦٢، ٢٦٣، ٢٦٤، ٢٦٥، ٢٦٦، ٢٦٧، ٢٦٨، ٢٦٩، ٣٢٥، ٣٢٦، ٣٩٤، ٦٣٠
هوار، ١٠٤، ٦٣١
هوارت، ٤٥٠
هوشامی کوڕی عەبدولمەلیک، ٨٤
هوشامی کوڕی قاسمی ئیسفەهانی، ٧٧
هوشامی کوڕی محەممەد، ٥٥٢
هووەرە خشیتە، ١٨٦
هووشەنگ، ٦١٤
هوون، ٣٢، ٢٧٥، ٣٥٣، ٣٦٠، ٣٦٥، ٤٣٥
هیرکانی، ٥٥، ١٦١
هیلدکاردلیۆی، ٢٣١
هیگینس، ٢٣١، ٦٠٤
هیل، ١٢٤، ٢٠٢
هیوون تسیانگ، ١٧، ٤٩، ٦٠، ٩٨، ٤١١، ٥٠٧، ٥٣٥، ٦٣٥
یۆسف، ٣٩١، ٥٦١
یۆسفدا، ٥١٦
یۆڤینووس، ١٥٦
یۆوانیەم، ٧٤
یاقووب، ٢٤٤
یانتسێ، ٣٤
یەبغوو، ٦٢٢
یەربووع، ١٦٩
یەزدبەخت، ٤١١
یەزدگردی دووەم، ١٤١، ١٨٦، ٢٠٣، ٣٣١، ٣٣٧، ٣٣٩، ٣٥٦، ٣٥٧، ٣٧٣، ٣٧٨، ٣٨٢، ٣٩٢، ٥٠٣، ٦٤٨
یەزدگردی سێیەم، ٧٩، ٦١٧، ٦٢٠، ٦٢١، ٦٢٨، ٦٤٣
یەزدگردی یەکـەم، ١٣٩، ١٤٠، ١٦٩، ١٧٧، ١٧٨، ٣٣١، ٣٤٣، ٣٤٦، ٣٤٩، ٣٧٣، ٤٣٧، ٤٩١، ٤٩٩، ٦٤٧
یەزدگوشنەسپ، ١٦٢، ٣٤٨
یەزدین، ١٤٩، ٥٦١، ٥٩٨، ٦٠٠، ٦٠١
یەشووع بۆخت، ٧٤
یەشووع سەبران، ٦٤٤
یەشووع یەبە، ٦٤٤
یەعقووبییەکان، ٣٦٣
یـــــەعقووبی، ٧٩، ٨٦، ٨٨، ١٠٤، ١٤١، ١٧٣، ١٨١، ٢٤٨، ٢٤٩، ٣٣٩، ٣٦٤، ٣٩٦، ٤٢١، ٤٢٣، ٤٥٠، ٤٥٣، ٤٥٨، ٥١٦، ٥٤١، ٥٩٦، ٦٤٦، ٦٤٧، ٦٥٠
یەهابلاها، ٣٤٥
یەهابلاهای سێیەم، ٩٧
یەهبەللاها، ٣٤٥
یووەچی، ٣٢، ٣٤
یووحەننان، ١٩٢

بنکەی ژین
www.zheen.org

یووحەننان بەرپێنکایی، ١٩٢
یووحەنانی مەتران، ٣٦١
یووحەننای مەمیکۆنی، ٩٤، ١٧٠
یووستینووس، ٢٤، ٥٤، ٥٥
یووستینیانووس، ٩٢، ١٥١، ١٥٧، ٣٨٥، ٤٧٠، ٤٧٦
یووستی، ١٧، ١٢٤، ١٦٧، ١٦٨، ١٧٦، ٣٢٧، ٣٢٩، ٥٣٩، ٦٠٥، ٦٣٠
یووشەع ئێستیلیتی، ٩٥
یووڤانۆیە، ٤٩٤
یوولامیۆس، ٥١٨
یوولیانووس، ٢٧٥، ٢٩٩، ٣٠١
یوونکێر، ٩٩
یوویانووس، ٣٠١

بنکەی ژین
www.zheen.org

لیزگەی ناوی شوێنەکان

ئۆپسالا، ٢٢٦
ئۆتریش، ١٠٨
ئۆدێسا، ٥٣، ٩٦
ئۆردوەهێشت، ١٩٩، ٢١٢، ٢١٣
ئۆسلۆ، ٦٥
ئابان، ١٩٩، ٢١٢
ئاتێن، ٤٢، ٩٠، ٥١٨
ئادورفەرەنبەغ، ٧٣، ٧٤، ٤١٢، ٤٤٢
ئادیابێن، ١٣٤، ٢٤٨، ٣٨١
ئادیب، ٢٤٨
ئازەرئابادەگان، ١٦٢
ئازەربایجان، ٧١، ١١٦، ١٢٦، ١٤٥، ١٥٠، ١٨٠، ٢٠٨، ٢٢١، ٢٣٠، ٣٢٥، ٤٦٧، ٤٧٢، ٥٤٢، ٥٤٣، ٥٥٤، ٥٥٥، ٥٥٨، ٦٢٠، ٦٢٦، ٦٢٩، ٦٥٥
ئازەربەرزین میهر، ٢٠٧، ٢٠٩
ئازەرخۆرە، ٢١٩
ئازەرخوەش، ٢٠٩
ئازەرفەرەنبەغ، ٢٠٧، ٢١٩، ٢٢٨، ٣٤٧
ئازەرگوشنەسپ، ١٧٢، ١٨٤، ٢٠٧، ٢٠٨، ٢٢١، ٢٣٠، ٥٥٨
ئاسیا، ١٧، ٣٤، ٩١، ١٧٦، ٣١٧، ٣١٨، ٣٢٧، ٣٣٠، ٥٦٨، ٥٧٠، ٦٠٧
ئاسیای بەرایی، ٥٢، ١٥٥، ٢٢٢
ئاسیای بچووک، ٢٠، ٤٢، ٤٤، ٤٥، ٤٣٥، ٥٥٧، ٥٥٨
ئاسیای ناوەندی، ٣٢، ٣٤، ٤٨، ٥٢، ٥٨، ٩٩، ٢٥١، ٢٥٣
ئاشۆر، ٢٠، ١٦١، ٤٦٧
ئالبانی، ٢٧٥، ٣٠٢، ٣٥٨
ئالمان، ١٣، ٥٥، ٥٧، ٦٢، ٦٨، ٧٠، ١٢٤، ١٢٧، ١٦٦، ١٦٨، ٢٣١، ٣٩١، ٣٩٢، ٤٥١، ٤٥٤، ٥٣٦
ئاکسفۆرد، ٦٣، ٦٥، ١٢٥، ٢٢٣
ئاکسفۆردفیلد، ٥٦٦
ئالان، ٣٤، ٨٢، ١٦٢، ٤٦٧، ٤٦٩، ٥٣٢
ئامۆدۆن، ١٦١
ئامێد، ١٥٣، ٣٠١، ٣٠٣، ٣٠٤، ٣٩٥، ٤٣٥
ئامێدی، ٤٣٠
ئامستردام، ١٧٠
ئامیدا، ٣٠٤، ٣٠٥، ٣٠٦، ٣١٣، ٣٦٩، ٣٩٥، ٤٣٠
ئاورگەی ئازەرگوشەسپ، ٥٣٧
ئاورگەی ئەردەشێر، ٦١٩
ئەبەرشار، ١١٦، ١٦٢، ١٦٨، ٢٤٨، ٢٨٤
ئەبیوەرد، ٦٢١
ئەترەک، ١٨٠
ئەڕەها، ٢٥٠، ٣٢٥، ٣٤٠، ٣٦٣، ٣٦٨، ٥٥٧
ئەربێل، ٤٤، ٩٦، ١٠٨، ٢٨٣، ٣٤٥
ئەربیل، ٤٤، ٩٦
ئەرتەمیتە، ٥٦٤
ئەرتکزاتا، ١٥٤
ئەرجان، ٨٥
ئەردەشێرخۆرە، ١٢٠، ١٢٣، ١٤٥، ٣٥٢
ئەرزەن، ٢٧
ئەرزەنان، ٣٠٢، ٣٢٩، ٣٦١
ئەرزەنێن، ٣٦١
ئەرمەنستان، ٩، ١٤، ٢٥، ٢٦، ٢٧، ٢٩، ٥٥، ٥٦، ٩٣، ٩٤، ٩٥، ١١٦، ١٢٦، ١٣٣، ١٥٤، ١٥٦، ١٦٢، ١٧٩، ١٨٠، ٢٥٠، ٢٨٣، ٢٩١، ٢٩٧، ٢٩٩، ٣٠٠، ٣٠١، ٣٠٢، ٣٠٣، ٣٢٩، ٣٣١، ٣٤١، ٣٤٨، ٣٤٩، ٣٥٥، ٣٥٧، ٣٥٨، ٣٦٠، ٣٦٥، ٣٦٦، ٣٧٧، ٣٨٩، ٣٩٠، ٣٩٤، ٤٣٥، ٤٦٧، ٤٧٠، ٦٢٦
ئەرمەنییە، ٨٢، ٣٥٩
ئەروەستان، ٤٠٠
ئەسپانبەر، ٤٨١، ٤٨٦
ئەسکەندەریە، ٥٥٧، ٥٧٤
ئەفغانستان، ٣١، ٦٣، ١١٦
ئەلان، ٣٤
ئەلبورز، ١٧٩
ئەلحەزەر، ١١٦

بنکەی ژین
www.zheen.org

ئەمورداد، ٣٧، ١٩٩، ٢١٢
ئەنتاکیە، ٢، ٩٧، ٤٦٩، ٤٨١، ٤٨٢، ٤٩١، ٥٩٧
ئەندمێشن، ٣٧٧
ئەنووشبەرد، ٣٧٧، ٤٣٣
ئەهواز، ١١٤، ٦٣٢
ئێراق، ١١٦، ١٢٤، ١٨١، ٣١٦، ٤٧٣
ئێران، ٢، ١٠، ١٢، ١٤، ١٥، ١٦، ١٩، ٢٧، ٢٩، ٣١، ٣٣، ٤٥، ٤٨، ٤٩، ٥٠، ٥٣، ٥٥، ٥٨، ٥٩، ٦٤، ٦٥، ٧٠، ٧٤، ٧٥، ٧٦، ٨٤، ٨٦، ٨٩، ٩٠، ٩١، ٩٢، ٩٣، ٩٤، ٩٦، ٩٧، ٩٩، ١٠٣، ١٠٦، ١٠٩، ١١٥، ١١٩، ١٢١، ١٢٤، ١٢٥، ١٢٦، ١٢٩، ١٣١، ١٣٢، ١٣٧، ١٤١، ١٤٣، ١٤٤، ١٤٥، ١٥٠، ١٥٢، ١٥٤، ١٥٥، ١٥٧، ١٥٩، ١٦١، ١٦٥، ١٦٦، ١٦٧، ١٦٨، ١٧٠، ١٧٢، ١٧٥، ١٧٦، ١٧٧، ١٧٨، ١٨٠، ١٨٦، ٢٠٧، ٢٠٩، ٢١٠، ٢١٦، ٢٢٣، ٢٢٤، ٢٢٨، ٢٢٩، ٢٣٠، ٢٣١، ٢٣٦، ٢٤٣، ٢٤٨، ٢٤٩، ٢٥١، ٢٥٤، ٢٥٧، ٢٧٦، ٢٨٠، ٢٨١، ٢٨٣، ٢٨٦، ٢٨٨، ٢٩١، ٢٩٢، ٢٩٧، ٢٩٩، ٣٠٠، ٣٠١، ٣٠٢، ٣٠٣، ٣٠٤، ٣١٠، ٣١٣، ٣١٦، ٣٢١، ٣٢٤، ٣٢٩، ٣٣١، ٣٣٣، ٣٣٩، ٣٤٠، ٣٤١، ٣٤٣، ٣٤٥، ٣٤٦، ٣٤٨، ٣٤٩، ٣٥١، ٣٥٢، ٣٥٣، ٣٥٤، ٣٥٥، ٣٥٨، ٣٦٠، ٣٦١، ٣٦٣، ٣٦٥، ٣٦٦، ٣٦٧، ٣٦٨، ٣٦٩، ٣٧١، ٣٧٩، ٣٨٣، ٣٨٨، ٣٩٢، ٣٩٣، ٣٩٥، ٣٩٦، ٣٩٨، ٤٠٥، ٤١٦، ٤٢١، ٤٢٢، ٤٣٠، ٤٣١، ٤٣٢، ٤٣٤، ٤٣٥، ٤٣٨، ٤٣٩، ٤٤١، ٤٤٢، ٤٥٠، ٤٥٣، ٤٥٤، ٤٥٥، ٤٥٦، ٤٦١، ٤٦٥، ٤٦٧، ٤٦٩، ٤٧٠، ٤٨٠، ٤٨٢، ٤٨٣، ٤٩١، ٤٩٢، ٤٩٨، ٥٠٥، ٥٠٦، ٥٠٧، ٥١٠، ٥١٣، ٥١٦، ٥١٧، ٥١٨، ٥٢٧، ٥٢٨، ٥٣٠، ٥٣٢، ٥٣٣، ٥٣٤، ٥٣٥، ٥٣٧، ٥٤٢، ٥٤٣، ٥٤٤، ٥٤٥، ٥٥٠، ٥٥٢، ٥٥٣، ٥٥٤، ٥٥٧، ٥٥٨، ٥٦٢، ٥٦٤، ٥٦٥، ٥٩٠، ٥٩١، ٥٩٤، ٥٩٩، ٦٠٠، ٦٠٦، ٦١٧، ٦١٨، ٦١٩، ٦٢٠، ٦٢١، ٦٢٢، ٦٢٦، ٦٢٨، ٦٣٣، ٦٣٥، ٦٣٦، ٦٣٧، ٦٤٣، ٦٤٥، ٦٤٧، ٦٤٩، ٦٥٦
ئێستائۆئێن، ٢٠٧
ئێستراسبوورگ، ٥٤٧، ٦٠٥
ئێشتووتگارت، ١٠٥، ١٠٦، ٢٦١، ٥٣١، ٥٣٤
ئورستێد، ٥
ئوروپا، ٢٣، ٥٨٢، ٥٩٨
ئوقیانووسی هیند، ١١٦
ئوورشەلیم، ٥٥٧
ئیبێری، ٢٩٧، ٣٠٢، ٣٦٦
ئیتالیا، ١٠٢، ٦٥٦
ئیستەخر، ٨٤، ١١١، ١١٣، ١١٧، ١٢٠، ١٢٦، ٢٠١، ٢٢٩، ٢٨٥، ٢٨٨، ٤٢٣، ٦١٩، ٦٢٦
ئیسفەهان، ٥١، ٧٧، ١٧٩، ٢١٠، ٣٦٣، ٥٦٦، ٥٧٣، ٦١١، ٦١٦، ٦٢٦
ئیسلامبوول، ١٠٥
ئیشکەن، ٣٧٧
ئیلام، ٢٠
ئیموسسەعاتیر (ام‌السعاتیر)، ٤٨٤

بۆسفۆر، ٥٥٨
بابل، ٢٠، ٤٣، ٤٨، ٦١، ١١٦، ٢٣٦، ٢٤٧، ٢٤٩، ٢٥٠، ٢٥١، ٢٥٢، ٣٤٠، ٣٤٨، ٤٨٢، ٤٨٣، ٥٣٦، ٥٦٦، ٥٩٧، ٦٤٧
باختەر، ٣٣، ٤٨، ٥٨
بادغێیس، ٦٢٢
بادیەالشام، ١٢٢
باستیل، ٣٧٧
باکۆ، ٧١
بامیان، ٤٩، ٦٣، ٦٠٧
بەتنە، ١٥٣
بەحرەین، ١٦٢، ١٦٥، ٢٩٨
بەرسووما، ٣٦٣، ٣٦٤، ٣٦٨
بەسرە، ١٢٣
بەغدا، ١٢١، ٣١٦، ٤٨٥
بەلخ، ٣١، ٨٢، ١٦١، ٥٥٥، ٥٧٠، ٦٢٢
بەلخان، ٣٩٢
بەمبەئی، ١٣، ١٦، ٦١، ٦٩، ٩٩، ١٠٠، ١٠١، ١٠٢، ١٧٣، ٢٣٢، ٣٢٤، ٥٣٨، ٦١٤
بەندەر سیراف، ٢٠٧
بەندی قەیسەر، ٢٨٤
بەیتولموقەددەس، ٥٥٨، ٥٦١، ٦١٩
بەیروووت، ١٠٤، ١٠٨، ٦٠٥
بێرلین، ١٧، ٥٨، ٦٣، ٦٦، ٩٩، ١٠١، ١٠٤، ١٢٧، ١٧٥، ٢٦١، ٥١٦، ٥٣٤، ٦٠٥، ٦٠٩، ٦١٣
بێزەبدە، ٣١٣
بێستوون، ٥٧٣، ٥٨٥
بروووکسێل، ٦١، ٦٣، ٦٩، ١٠٨، ١٠٩، ٦٠٥
بریتانیا، ٦٤

لێکەی زێن
www.zheen.org

بلژیک، ۱۰۷، ۱۰۸، ۳۲۸
بلووچستان، ۱۱٦
بوخارا، ٦۲۱
بوستانی کیسرا، ٤۸۱
بولاق، ٤٥۱
بیت ئارمائی، ۱٦۲
بیت دەرائی، ۱۸۰
بیت لاپط، ۳٤٥
بیزانس، ۹۲، ۱٥٤، ۳٥۰، ۳٥۳، ۳٥٤، ۳٥٥، ۳٥٦، ۳٦۰، ۳٦٥، ۳۸٥، ٤۳٥، ٤٦۱، ٤٦٥، ٤۷۰، ٤۷٥، ٦۳٦، ٦٤٥، ٦٤۹، ٦٥٦
بیس عەربایە، ٤۰۰
بیس گەرمائی، ۳٦۱
بین‌النهرین، ٤۳، ۱۲۱، ٥۱۳

پارت، ۲۱، ۲٥، ۲۹، ٤٤، ٥۰، ٥٥، ٥۷، ٥۸، ۱۲٤، ۱٦۱، ۲٤۸، ۳۳۲، ٦۱۳
پارس، ٤۳، ٥۰، ۱۱۱، ۱۱۲، ۱۱۳، ۱۱٤، ۱۲۱، ۱۲۳، ۱۲٤، ۱۳٥، ۱۳۸، ۱٤۳، ۱٦۱، ۱٦۲، ۱۹۹، ۲۰۲، ۲۰۳، ۲۸۷، ٤۰۳، ٤۳٥، ٤٦۸
پارسە، ٤۲، ۱۲۰
پاریس، ۱۰، ۱۷، ٥٤، ٥٦، ٦۱، ٦۳، ٦٤، ۱۰۰، ۱۰۱، ۱۰٤، ۱۰٥، ۱۰٦، ۱۰۷، ۱۰۸، ۱۰۹، ۱۷٥، ۲۲٥، ۲۲۸، ۳۲۱، ۳۲۷، ۳۸۷، ۳۹۰، ٥۳۱، ٥٤٥، ٥٤۸، ٥۸۸، ٦۰۸، ٦۱۱
پاقۆریا، ٥۹۷
پالمیر، ۲۷۱، ۲۸۸، ٤۸٦
پامیر، ٥۲، ۱۸۰
پایکۆلی، ۱۰، ۱٦، ٥٦، ٦۷، ٦۹، ۷۰، ۷۱، ۹۸، ۹۹، ۱۰۲، ۱۰۹، ۱۲٤، ۱۲٥، ۱۲٦، ۱٦٥، ۱٦۷، ۱٦۸، ۱٦۹، ۱۷۱، ۱۷۲، ۱۷٤، ۱۷۷، ۱۷۸، ۱۷۹، ۱۸۰، ۲۲۸، ۲۳۰، ۲٦۷، ۳۲۱، ۳۲٥، ۳۲٦، ۳۲۷، ۳۳۰، ۳۹۲، ٥۳۸، ٥٤۰، ٥٤۲، ٥٤۳
پەرتەڤ، ٤۳٥
پەرستگەی ئاناهیتا (ناهید = ئاناهید)، ۱۱۷، ۲۲۹
پەرستگەی تووس، ۲۰۹
پەرستگەی نەیشابوور، ۲۱۰
پەسا، ٤۲۱، ٤۲۲، ٤۲۳
پەنجاب، ۳۱، ۳۳، ۳٤، ۱٦۲
پراگ، ٦۱۱
پراتێ، ۳٤٥
پرووس، ۱۱، ۱٥، ٥۸، ٦۱، ٦۳، ٦٤، ٦٥، ۷۱، ۱۰۲، ۱۰۳، ۱۰۸، ۲۱۸، ۲۲۲، ۲۳۱، ۲۳۳، ۲٥۹، ۲٦۰، ۲٦۱، ۳۹۳، ۳۹٥، ٤۷۳، ٥۳۹، ٥٤۷، ٦۰٥، ٦۰۹، ٦۱۲
پووم بادیسا، ٤۳
پیشاوەر، ۳۲

تۆخار، ۳۲
تۆخارستان، ۸۲، ٦۲۷
تۆرفان، ۲۲، ٥۰، ٥۲، ٦۳، ٦٤، ۲٥۰، ۲٥۲، ۲٥۳، ۲٥٤، ۲٥۹
تۆروس، ۲۷
تاران، ۸۰، ۱۰٤، ۱۷٥، ۲۳۲، ٦٥۷
تاریم، ۱٥۳
تاشکەند، ۹۹
تاڵەقان، ۳٦۰، ٦۲۱
تاقبۆستان، ۱۸۷، ۳۱۹، ٥٦۷، ٥۸۰
تاقوەستان، ٥٦۷، ٥۸۱
تاقوستان، ۷۱، ۳۱٦، ۳۱۸، ٥٦٤، ٥٦۸، ٥۷۰، ٥۷۸، ٥۷۹، ٥۸۰، ٥۸۱، ٥۹۱، ٦۰۷، ٦۱۲
تاقی کیسرا، ٤۸۱، ٤۸٤، ٤۸٦، ٤۸۷، ٤۹۱
تەبەرستان، ۸۰، ۸۹، ۱۰٥، ۱٦۲، ٤۳٦، ٥۹۰، ٦۲٦
تەجەند، ۱۸۰
تەختی تاقدیس، ٥۷٦، ٥۹٤
تەختی جەمشید، ۷۱، ۳۲۷، ٥۳۹، ٦۰۸
تەختی خوسرەو، ۲۳۳، ٥۳۹، ٦۰۹
تەختی سلێمان، ۲۰۸، ۲۱۰، ۲۳۰، ٥۳۷
تەرشیز، ۱۸۰
تەرومن، ۹٤
تەوریز، ٤۲۳
تێرمێد، ٦۲۱
ترکستان، ۱٥۳، ۲٥۷، ۲٥۹
ترکستانی چین، ٤۹، ٥۰، ٥۲، ٦۳، ۳۲۰، ٥۱٦، ٥۷۷، ٥۸۲
تفلیس، ۱۰۷
تووئن هووانگ، ۲٥۲
تووران، ۱۱٦، ٦۱۳
تووروشکا، ۳۱۹
تووس، ۱٦۲، ۲۱۰، ۳٤۷، ٦۲٦

www.zheen.org

تیسفوون، ۲، ۲۱، ۳۱، ۹۲، ۱۱٤، ۱۲۱، ۱۷۱، ۲۵۰، ۲۷٦، ۲۹۱، ۲۹۷، ۳۰۱، ۳٤۰، ۳٤۵، ۳٤٦، ۳٤۷، ۳٤۹، ۳٦۲، ۳٦٦، ٤۷۹، ٤۸۰، ٤۸۱، ٤۸٤، ٤۸۵، ۵۱۸، ۵۳۵، ۵۳٦، ۵۵٤، ۵۵۷، ۵۵۸، ۵٦۱، ۵٦۳، ۵٦٤، ۵٦۵، ۵۷۰، ۵۷٤، ۵۷۵، ۵۸۳، ٦۰۱، ٦۱۷، ٦۱۸، ٦۱۹، ٦۲٤، ٦۳۱

جەیحوون، ۳۲، ۱۱٦، ۱۸۰، ٤۷۰
جوزجان، ٦۲۱
جووبانان، ۱۱۳
جیرە، ۲۱۰

چل ستوون، ۵٦٦
چوار دەروازە، ۵٦۵
چوار قاپوو، ۵٦۵
چیای نمروود، ۱۹۸
چین، ۲۷، ۲۸، ۳۲، ۳٤، ۴۹، ۵۰، ۵۸، ٦۳، ۷۹، ۱۳۰، ۱۳۱، ۱٤۸، ۱۵۳، ۱۵۵، ۱٦۰، ۱٦٤، ۱۷٦، ۲٤۵، ۲۵٤، ۲۵۹، ۲٦۰، ٤۰۲، ٤۰۳، ٤۰٤، ٤۱۸، ٤٤۱، ٤۷٤، ٤۹۰، ۵۰۳، ۵۱٦، ۵۳۵، ۵٦۷، ۵۷۵، ۵۷٦، ۵۷۷، ٦۲٦، ٦۲۷، ٦۳۸
حۆلوان، ۱۵۳، ۳٤۱، ۵۰٦، ۵٦۵، ۵۸۸، ٦۲٤
حاجی قەلعەسی، ۵٦۵
حاجیئاباد، ۱۳۲
حاجیئاوا، ۳۰۱
حەبەشە، ۱۵٤
حەسار، ۳۱۲، ٤۸۱
حیجاز، ۱۵٤
حیرە، ۸۷، ۱۱۱، ۱۲۲، ۱۳۳، ۱٦۰، ۱٦۵، ۱٦۹، ۲۵۲، ۳٤۸، ۳٤۹، ٤۳٤، ٤٤۱، ۵٦۲، ۵۷۲، ٦۱۱، ٦۲۲

خۆتەل، ٦۲۱
خۆچۆ، ٦۳، ۲۵٤، ۲۵۵، ۲۵٦، ۲۵۹، ۲٦۹
خاراسێن، ۱۵٤
خارەزم، ۳٤، ۸۲، ۱۱٦، ۱٦۱، ۲۰۷، ٤٦۹، ٦۲۱
خانەقین، ۲۱۰، ۵٦۵
خەزەر، ۵۱، ۱۵۳، ۱٦۲، ۱۸۰، ۲۷۵، ۲۸۳، ۳۰۲، ٤٦۷، ۵۰۳، ٦۲۱
خوەرنەق، ۳٤۸
خوەنیرەس، ۲۰۷، ۲۲۹
خوراسان، ٦٤، ۱۱٦، ۱۳٤، ۱۵۳، ۱٦۱، ۲۰۹، ۲٤۸، ۲۸۳، ۲۸۹، ۲۹۱، ۳۵۳، ۳۵٤، ۴۵٦، ٤٦۸، ٤۷۳، ۵۵٦، ۵۹۰، ٦۰۷، ٦۱۹
خوسرەو شادهورمزد، ۱٤۵
خووزستان، ۱۵۳، ۲۳٦، ۲۵۰، ۳٤۱، ۳٤۲، ۳٤۵، ۳٤٦، ۳۷۷، ٤۳۵، ۵۸۵
خیوە، ۱۱٦

دارابجێرد، ۲۰۸
دارابگێرد، ۱۱۳، ۲۰۸، ۳۵۳
داریال، ۳۰۲، ۳۲۸، ٤۳۵
دانمارک، ۱۱، ٦٦، ۱۰۵، ۵۷۲
داهە، ۲۱
دەرالان، ۳۲۸
دەربەند، ۷۱، ۳۷۱، ٤٦۷، ۵۰٦
دەرگای ئالانییان، ۳۲۸
دەروازەکانی خەزەر، ۳۰۲
دەریای خەزەر، ۱۵۳، ۱۸۰، ۲۷۵، ۲۸۳، ٦۲۱
دەریای ڕەش، ۲۷۹، ۲۸۳
دەستگێرد، ۵۵۱، ۵۵۸، ۵٦٤، ۵٦۵، ٦۰۰، ٦۰٦
دەماوەند، ۱۷۳
دەشتی بارین، ۱۳۵
دزفوول، ۳۹۸
دوختەری نۆشیروان، ۵۷۰
دووچۆمان، ٤۳، ٤۵، ٤۸، ۱۲۱، ۱۳۳، ۱۷۷، ۲۰۲، ۲۳۸، ۲۵۷، ۲۹۱، ۲۹۹، ٤۷۰، ۵۱۳
دیجلە، ۱۲، ۲۱، ٤٤، ۱۱٤، ۱۲۲، ۱۵٤، ۲۳۷، ۲۸۳، ۳۰۵، ۳٤۱، ۳٦۲، ۳۸۸، ٤۲۳، ٤۸۰، ٤۸۱، ٤۸۲، ٤۸٤، ٤۸۵، ٤۹۱، ۵۳٤، ۵۵۸، ۵٦٦، ٦۰۰، ٦۲٤

ڕۆدس، ٤۸۱
ڕۆشن، ۷۳، ۲۰۷، ۲۳۹
ڕۆم، ۲، ۳۱، ٤٦، ٤۸، ٦٦، ٦۹، ۹۰، ۹۱، ۱۰۱، ۱۰۵، ۱۰۸، ۱۰۹، ۱۲۱، ۱۲۹، ۱۵۳، ۱۵٦، ۱۷۵، ۱۷٦، ۲۳۱، ۲۵۱، ۲۷۱، ۲۷۵، ۲۸۳، ۲۸٦، ۲۸۸، ۲۹۱، ۲۹۷، ۲۹۸، ۲۹۹، ۳۰۰، ۳۰۱، ۳۰۲، ۳۰۳، ۳۰٤، ۳۱۲، ۳۱٤، ۳۱٦، ۳۲۹، ۳٤۰، ۳٤۱، ۳٤۲، ۳٤۳، ۳٤٦، ۳۵۵، ۳٦۰، ۳٦۸، ٤۰۳، ٤۰٤، ٤۲۱، ٤۲۲، ٤۲۹، ٤۳۱، ٤۳۲، ٤۳۵، ٤۳۷، ٤۳۸، ٤۳۹، ٤٦۹، ٤۷۰، ٤۷۳، ٤۷٦، ٤۷۷، ٤۸۲، ٤۹۱، ۵۰۳، ۵۰۸،

٥٠٩، ٥١٣، ٥١٨، ٥٤٢، ٥٥١، ٥٥٣، ٥٥٤، ٥٥٥،
٥٥٧، ٥٥٨، ٥٨٨، ٦٠١، ٦٠٢، ٦١٩، ٦٢٣، ٦٢٥
ڕۆمەگان، ٤٨١، ٤٨٤، ٥١٥
ڕۆمییە، ٢٨٤، ٤٨٢
ڕۆمی ڕۆژهەڵاتیی، ١٧٦، ٤٥٦، ٥٥١
ڕاسک، ٥
ڕامئەردەشێر، ١٢٣
ڕامپیرووز، ٤٦٧
ڕەخج، ٣٣، ٤٨، ١٦١
ڕەی، ١٣٥، ١٥٣، ١٧٩، ٢١٠، ٣٦٢، ٣٦٦، ٥٥٤،
٥٨٣، ٥٩٠، ٦٢٦
ڕەیشار، ٥٠٩
ڕووب، ٦٢١
ڕووس، ٥٧٥
ڕووسیا، ٣٤، ٥٨٨
ڕیوەند، ٢٠٩
ڕیووئەردەشێر، ١٢٣، ٥٠٩

زەرەنگ، ٣٣، ٤٨، ١٦١، ١٦٢، ٢٧٥

ژاپۆن، ٦٣

سابات، ٤٨٣
ساراگوور، ٣٦٥
ساموزات، ٣٠٤
سپاهان، ١٦٢
ستۆکهۆڵم، ١٠٨
سەبزەوار، ٢٠٩
سەتدەروازە، ٢١
سەرەخس، ١٦٢، ٦٢١
سەرەندیب، ١٥٤
سەروستان، ٣٥٢، ٣٥٣، ٣٨٩
سەکێستان، ٣٣، ٥٨، ١١٦، ١٦٠، ١٦١، ٢٩٢، ٢٩٩،
٣٢٩، ٣٦٢، ٣٦٦، ٤٦٨
سەمەرقەند، ٥٢، ٦٢١
سەنپێترزبوورگ، ٩، ٦٤، ١٠٢، ١٠٤، ١٠٥، ١٠٧،
٢٣٣، ٢٥٩
سەنجار، ١٥٤، ٢٩٩، ٣٠٢، ٣٠٩، ٣١٤، ٤٥٤، ٤٧٠
سەند، ٢، ٢٣، ٣٢، ٤٦، ٥٢، ١٦١
سەولّستان، ٣٥٢، ٣٥٣، ٣٨٩، ٥٩٤
سەیحوون، ٣٦
سێریکا، ١٦١
سلێمانی، ٢٣٠، ٣٨٩
سلووکیە، ٢، ٤٤، ١٢١، ١٢٣، ٣٤٠، ٣٤٤، ٣٦٤،
٣٦٨، ٤٨٠، ٤٨٢، ٤٨٤، ٥٣٥، ٥٣٦، ٥٩٦، ٦٠١،
٦٣١
سوغد، ٣١، ١٦١، ٢٥٢، ٦٢١
سوغدەبیل، ٤٦٧
سووپین، ٥٣٥
سووریا، ٤٤، ٦٩، ٩٦، ١٥٥، ٢٤٣، ٢٨٨، ٣٠٣،
٣٤٠، ٤٨٠، ٤٨١، ٤٨٥، ٥٣٥، ٥٣٦، ٥٩٦، ٦٠٨
سوولی، ٥٣٥
سیراف، ٢٠٨
سیستان، ٣٣، ١٣٤، ١٣٥، ١٦٠، ٢١٠، ٢٣٠، ٥٦٠،
٦١٨، ٦٢١، ٦٢٦، ٦٢٩

شابران، ٤٦٧
شام، ٥٨، ١٥٥، ٢٨٨
شامات، ٥٥٨
شووش، ١١٤، ١٥٣، ١٦١، ٣٤١، ٥٨٤، ٦٢٦
شووشتەر، ١٥٣، ٢٨٤، ٣٢٥
شیران، ١٢٥، ٣٥٣
شیز، ٨٥، ١٨٤، ٢٠٨، ٢٣٠
شیکاگۆ، ٦٨، ٥٦٦

عەرەبستان، ١٢٤، ٢٠٢
عێراق، ٤٦٨، ٤٨٢، ٥٦٦، ٦٢٨، ٦٤٧
عومان، ٨٢، ١١٦
عیلام، ٢٠

غەرچێستان، ٦٢١
غەزنەین، ٢٥٤
غەزە، ٥٧٧

ڤاتیکان، ٩
ڤییەن، ١٣، ١٠١، ١٠٧، ١٠٨، ٢٢٨، ٣٢١، ٣٩٤،
٥٣٥، ٥٤٥، ٦٠٥، ٦٠٦، ٦١١، ٦١٥

فارانژیۆن، ١٥١

بنکەی ژین
www.zheen.org

فـــارس، ۱۲، ۸۲، ۸٤، ۸۵، ۱۱٤، ۱۵۳، ۲۱۰، ۲۹۳، ۲۹۸، ۳۵۲، ٤۰۳، ٤۲۱، ٤۳۵، ٤۹۳، ٦۰٤، ٦۱۹، ٦۲٦، ٦۵۲
فەرانسە، ٤، ۱٤، ۵۹، ۱۰۰، ۱۰۵، ۱۰٦، ۱۰۷، ۱۷۵
فەرغانە، ٦۲۱
فەرکین، ۳۲۹
فەسا، ٤۲۲
فێنێک، ۳٤۲
فورات، ۱۲، ۸۲، ۱۱٤، ۱۲۲، ۱۵۳، ۳۸۸، ۵٦٦، ٦۰۰
فیروزئاباد، ۱۱۱، ۱۲۰، ۱۲۷، ۱۷۰، ۱۷۱، ۲۱۰
فیووم، ۲٦۱

قادسییە، ۵٤۳، ٦۱۷، ٦۲۲، ٦۲٤
قـــاهیرە، ۱۱، ۱۰۲، ۱۰٤، ۱٦٤، ۱۷۷، ۲٦۱، ۳۲٤، ۳۸۸، ۵٤۰
قەزوێن، ۲۱۰
قەسری شیرین، ۲۱۰، ۵۵۱، ۵٦۵
قەفقاز، ۲۷۵، ۳۰۲، ۳۵٤، ٤۳۲، ٤٦۷، ٤۷۰، ۵۵۸
قەندەهار، ۳۳، ۳٤، ٤۸، ۲٦۲، ۳٦۵
قەڵای خوسرەوی، ۵٦۵
قەهێستان، ۱۸۰
قوستەنتەنییە، ۹۳، ۳٤۵، ۳٦۸، ٤۸۳، ۵٤۷، ۵۵۸
قوطالاماڕە، ٤۲۳

کۆئێلەسیری، ۲۷
کۆپێنـــهاگ، ٦۲، ۱۰۰، ۱۰۳، ۱۱۵، ۲۰۲، ۲٦۵، ۲۹۰، ۲۹۲، ۲۹۵، ۲۹۸، ۲۹۹، ۳۱۷، ۳۲٦، ۳۵٦، ۳٦۳، ٤۲۳، ٤۹۵، ٦۲۱
کۆخی، ۵۳٦
کۆردۆئێن، ۳۰۳
کۆڵخیز، ٤۳۸
کۆڵن، ۱۰۷
کۆماژان، ٤۲، ۱۹۸، ۱۹۹، ۳۰٤
کۆمێش، ۱٦٦
کۆناڕەگان، ۲۰۸
کۆنووس، ۱۱۳
کابە، ٦۲۵
کابـــەی زەردەشـــت، ۷، ۱۳، ٦۷، ٦۸، ۷۰، ۱۲۵، ۱۵۵، ۱٦۵، ۱۷۰، ۱۷۳، ۱۷٤، ۱۷۹، ۲۰۳، ۲۲۸، ۲۸۸، ۲۸۹، ۳۲۵، ۵۳۷، ۵۳۸، ۵٤۳
کـــابول، ۳۲، ٤۸، ٤۹، ۸۲، ۱۱٦، ۱٦۲، ٤٦۹، ۵۳۲، ٦۲۱
کابولستان، ۲۰۷
کاپادوکیە، ۱۹۹، ۲۸۸
کادیش، ٤۵٤
کاروون، ۲۸٤
کاسپییەن، ۱۸۰
کاسیاوار، ۱٦۱
کاشان، ۵۱
کالینیک، ۱۵٤
کانسۆ، ۳۲
کەچ، ۱٦۱
کەرخا، ٤٤، ۲۵۲
کەرخای بیت سلۆخ، ٤٤
کەرخای بیس سلۆخ، ۳٤۵، ۵٦۱
کەرخای لیدانی، ۳۱٦
کەرخای میشان، ۱۲۳
کەرکووک، ٤٤، ۳٤۱، ۳٤۵، ۵٦۱
کەسکەر، ٦۰۰
کەشکەر، ۱٦۳
کەمبریج، ٦۱، ٦۳، ۱۰۷
کەنداوی فارس، ۱۱٤، ۱۵۳، ۲۹۸
کەنگاوەر، ۱۵۳
کەوارەوەند، ۲۰۸
کێوی خواجە، ۲۳۰
کێوی شاپوور، ٤۹۳
کراسنۆڤۆدێسک، ۳۹۲
کرخای بیث سلوخ، ٤٤
کرماشان، ۲۱۰، ۳۱٦
کرمان، ۸۳، ۱۱٤، ۱۳۳، ۱٦۲، ۳۳۰
کلیسای سێرجیووپۆلیس، ۵۹٦
کواد خوەرِرە، ٤۳۵
کوردستان، ۳٤۱، ۵٦۸
کوردستانی ڕۆژهەڵات، ۲۳۰، ۵۳۷
کووەیتە، ۱۱٦
کووشـــــان، ۳٤، ۵۸، ۷۲، ۹۹، ۱۱٦، ۱۳۳، ۱۷۹، ۲٤۸، ۲۹۱، ۳۲۹، ۳۵۹
کووهێستان = کوێستان، ۱۸۰
کیدارە، ۳٦۵، ۳۹۲، ۳۹۳
کیرۆس، ۹۱

بنکەی ژین
www.zheen.org

کیندە، ١٢٧
گـۆتینگێن، ١٠٤، ١٠٦، ١٠٩، ١٧٦، ٢٦١، ٢٦٦، ٥٣٢، ٦٠٥
گالاتە، ١٠٥، ٥٣٣
گەروولەی داریال، ٣٠٢
گەروولەی بۆسفۆر، ٥٥٨
گەنجەک، ٢٠٨
گەندارە، ٤٨، ٤٩، ٦٣، ٥٧٧
گەنزەک، ٢٢١، ٥٤٢، ٥٥٨، ٥٧٦
گورجســـتان، ١٣٣، ٢٩٧، ٣٠٢، ٣٦٥، ٤٣٩، ٤٥١، ٤٦٧
گورزان، ١٨٠
گورگان، ١٣٥، ١٦١، ٢٨٣، ٣٤٧، ٣٦٠
گوندیشاپوور، ١٥٣، ٢٤٩، ٢٨٤، ٣٤١، ٣٤٥
گووپانان، ١١٣
گوور، ٣٨٩
گیرە، ١٣٥
گیل گەرد، ٣٧٧
گیلان، ١٥٣

لازیکە، ٤٣٨
لەنـــدەن، ١٠، ٥٨، ٦١، ٦٢، ٦٣، ١٠٠، ١٠٢، ١٠٤، ١٠٥، ١٠٩، ١٢٤، ٦١٥
لـــەیپزیگ، ١٣، ٦٢، ١٠٠، ١٠٤، ١٠٥، ١٠٦، ١٠٨، ١٠٩، ١٢٦، ١٧٤، ٢٢٣، ٢٢٤، ٣٢٥، ٣٩٩، ٦٠٩
لێنینگراد، ٢٧٨، ٣١٥، ٣٥٠
لوتفئاباد، ١٨٠
لوند، ١٢٧
لیدێن، ١٥، ١٠٤، ١٠٥، ١٠٦

ماحۆزا، ٤٨٢، ٤٨٣، ٥٣٤، ٥٣٦
ماحۆزە، ٤٣، ٤٧٩، ٤٨٢، ٥٩٧
ماحۆزە مەلیکا، ٤٧٩
مارتیرۆپۆلیس، ٣٢٩
مالوا، ١٦١
مایفرێقت، ٣٤٤، ٥٥٥
مەدایین، ٤٧٢، ٤٧٩، ٤٨١، ٤٨٨
مەدەریا، ٤٢٣
مـــــەرو، ٣١، ١١٦، ١٥٣، ١٦١، ١٦٢، ٣٥٣، ٥٩١، ٦١٧، ٦٢١، ٦٢٧، ٦٢٨
مەروڕوود، ٣٦٦، ٥٨٨، ٦٢١
مەسقەت، ٤٦٧
مەسکەو، ٥٦، ٦٠٥
مەقدوونیە، ٣٠٠
مەککە، ٦٣١
مێزینە، ٤٧٩
مێلیتێن، ٣١٢، ٤٧٠
مێهرنارسیان، ٣٥٢
مدیناثا، ٤٧٩
مدینەالعتیقە، ٤٨١، ٥٣٥
مذینە، ٤٧٩
موکران، ٨٢
مووتا، ٦٢١
مووڕتا، ٦٢١
مووزەی ئارمیتاژ، ٩٩، ٣١٥
مووزەی بێرلین، ١٨٧، ٥٦٦
مووزەی بریتانیا، ٦٤
مووزەی پێنسیلوانیا، ٥٦٦
مووزەی پوونیوێرسیتی، ٥٦٦
مووزەی دەسکردەکانی هونەریی، ٥٨٢
مووزەی سەوس کێنسینگتۆن، ٥٨٢
مووزەی سینکانتێنەر، ١٨٧
مووزەی گیمە، ١١
مووزەی نەتـــەوەیی کۆپێنـــهاگ، ٢٠٥، ٢٩٠، ٣٥٦، ٣٦٣
موونیخ، ١٠٩، ٢٢٧
میافارقین، ٣٢٩، ٣٤٤، ٣٦٩
میاندەشت، ٢٠٩
میســـــر، ١٥٥، ٢٥١، ٢٦٠، ٢٦٢، ٢٦٨، ٣٩٣، ٥٦١، ٦٠٥
میشـــــان، ١١٤، ١٢٣، ١٣٤، ١٤٥، ١٥٤، ١٦٣، ١٦٥، ٢٣٦، ٢٤٧، ٢٥٠، ٣٤٥، ٦٠٠، ٦١١

نۆرۆێژ، ٦٥
نەخشـــی ڕۆســـتەم، ١٣، ٢٠، ٦٧، ٦٩، ٧٠، ١١٥، ١١٧، ١١٨، ١٢٠، ٢٠١، ٢٠٣، ٢٧٢، ٢٧٦، ٢٨٥، ٢٨٦، ٢٩٢، ٢٩٤، ٢٩٥، ٢٩٦
نەخشی ڕەجەب، ٦٩، ٧٠، ١١٧، ١١٨، ٢٣٥
نەهاوەند، ١٣٥، ٦٢٦

بنکەی ژین
www.zheen.org

نەهرەوان، ٥٦٢، ٦٢٥
نەهردا، ٤٣
نەیشابوور، ١٣٥، ١٦٢، ٢٠٩، ٢١٠، ٦٢٦
نەیشاپوور، ١٦٢
نێسا، ١٢٥، ٦٢١
نوســـــەیبین، ١٠٨، ١٥٣، ١٦٣، ٢٩٩، ٣٠٢، ٣١٤، ٣٤٥، ٣٦٤، ٣٦٨، ٤٠٠، ٤٣٢، ٤٥٤، ٥١٧، ٥٤٤، ٥٩٧، ٥٩٨
نیۆیۆرک، ١٠٦، ٢٢٩، ٢٦٠، ٥٤٩
نیمڕووز، ٥٦٠، ٦١٨
نیووشاپوور، ١٦٢، ٢٨٣، ٤٥٨

وەرازبەندەگ، ٦٢١
وەردانە، ٦٢١
وەلاشئاوا، ٤٨٣، ٤٨٤
وەهێشتئابادی ئەردەشێر، ١٢٣
وێنیز، ١٠٦، ١٠٧
ورمێ، ٢٠٨
ویەئەردەشــێر، ١٢١، ١٢٣، ٤٧٩، ٤٨٠، ٤٨٢، ٤٨٣، ٤٨٤، ٥٣٥، ٦٠١، ٦٢٤
ویەئەنتیۆخ خوسرەو، ٤٨١
ویەدین شاپوور، ٣٦١
ویەشاپوور، ٤٤٢، ٤٥٨

هۆرمزدگان، ١١٤
هاترا، ١١٦، ٢٨٣، ٣٢٤
هامبوورگ، ٩٩، ٣٢٥
هەمـــــــەدان، ١١٦، ١٥٣، ١٧٩، ٢٣٦، ٣١٦، ٣٨٨، ٥٦٤، ٦٢٦
هەولێر، ٤٤، ٦١، ٩٦، ٢٨٣، ٣٤٥
هیدلبێرگ، ٩، ٦٤، ٩٩، ٤٤٩، ٥٤٥
هـــــیرات، ٣٣، ١٦١، ١٦٢، ١٨٠، ٣٦٦، ٣٦٨، ٥٨٨، ٦٢١
هیرت، ٥٨، ١٧٦، ٥٨٨، ٦١١
هیرکانی، ٥٥، ١٦١
هیندووســـــتان، ٣١، ٣٣، ٥٨، ٢٣٧، ٢٦٢، ٤٧٤، ٥١٥، ٥٥٧

یۆنان، ٢٩، ٤٣، ٤٥، ٥٠٩، ٥١٧، ٥١٨، ٥١٩، ٦٥٦
یەزد، ٢٠١
یەغنۆب، ٥٢
یەمەن، ٨٣، ١٨٠، ٤٦١، ٤٦٦، ٤٦٨، ٥٣٣

بنکەی ژین
www.zheen.org

بنکەی ژین
www.zheen.org